تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز

بەرگی بیست و نۆیەم

سوورەتەکانی

(الحديد) و (المجادلة) و (الحشر)

و (الممتحنة) و (الصف) و (الجمعة)

عەلی باپیر

تەفسیری سوورەتەکانی

الحدید و المجادلة و الحشر و الممتحنة و الصف و الجمعة

تەفسیری سوورەتەکانی

الحديد و المجادلة و الحشر و الممتحنة و الصف و الجمعة

نووسینی : عەلی باپیر
دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی
چاپی یەکەم ١٤٤٤ك - ٢٠٢٣ز
٨٤٩ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت : ئایینی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان
ژمارە سپاردنی (٧) ی ساڵی ٢٠١٢ پێدراوە

تەفسیری سوورەتەکانی

الْحَدِيدِ و الْمُجَادِلَةِ و الْحَشْرِ

الْمُمْتَحَنَةِ و الصَّفِّ و الْجُمُعَةِ

نووسینی: عەلی باپیر

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی

إنَّ الحَمْدَ للَّهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِينُهُ، وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا، وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِه اللَّهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِيَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَن لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٠٢﴾ ﴾ آل عمران.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴿١﴾ ﴾ النساء.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَقُولُوا۟ قَوْلًا سَدِيدًا ﴿٧٠﴾ يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَٰلَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧١﴾ ﴾ الأحزاب .

أَمَّا بَعْدُ: فإِنَّ أَصْدَقَ الحَدِيثِ كَلاَمُ اللَّهِ، وَخَيْرَ الْهَدِيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ ﷺ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُها، وَكُلُّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَة، وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، وَكُلُّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ[1].

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

هیچ گومانی تێدانییە - بۆ مرۆڤی بڕوادار - کە ئەو تەمەنەی لە خزمەت دوایین کتێبی خوا (قورئان)دا بەسەردەبرێ، جا بە هەر شێوەیەك لە شێوەکانی لە خزمەتدابووندا بێ؛ خوێندنەوە، تێفکرین و ڕامان، فێرکردن، کارپێکردن ... هتد، بە باشترین جێگرتن جێگا دەگرێ و، خاوەنەکەی لە دنیاو دوارۆژدا لێی بەهرەمەندە.

(١) ئەوە پێی دەگوترێ: (خطبة الحاجة) کە پێغەمبەر ﷺ هاوەڵانی بەڕێزی فێردەکرد، پێش هەر قسەیەکی گرنگ، بیڵێن، وەك وتاری جومعەو داخوازیکردن (خِطْبة)و... هتدو، ئەم وتارە، هەرکام لە: الترمذي: (١١٠٥)، النسائي: (١١٠٤)، ابن ماجە: (١٨٩٢) أحمد: (٣٧٢٠)، الطَبراني: (٢٤١٤) هێناویانەو (مسلم)یش بەشێکی هێناوە.

منیش - کە وەك باسکردنی چاکەی خوا (**التحدّث بنعمة اللّه**) دەیخەمەڕوو- لەوەتی فامم کردۆتەوە، خوای بەبەزەیی و بەخشەر چاکەی لەگەڵ کردووم و، بە فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خۆیەوە سەرگەرمی کردووم و، بەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە هیدایەتی داوم، قورئانی بەڕێزو پێز لەبەر بکەم و، سەرقاڵی خوێندنەوەی تەفسیرەکانی قورئان و، تێوەرامانی ئایەتە پڕ بەرەکەتەکانی و، لێوردبوونەوەیان بم.

هەر بۆیەش تێکڕای کتێب و نامیلکەو وتارو دەرسەکانم، کەم و زۆر لەبەر ڕۆشنایی قورئان دابوون، کە دیارە هەر ئەمەش شتێکی سرووشتییە؛ ئاخر ئایا ئیسلام، بێجگە لە قورئان پاشان سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کە ئەویش هەر ڕوونکردنەوەی قورئان و چۆنیەتی جێبەجێکردن و کارپێکردنیەتی، شتێکی دیکەیە؟! بێگومان نەخێر.

ئنجا لەمێژ ساڵیش بوو، کە براو خوشکانێکی دڵسۆزی نزیك و ئاشنام، داوایان لێدەکردم کە دەست بکەم بە دانانی تەفسیرو لێکدانەوەیەکی قورئان، هەتا لە ڕەمەزانی ساڵی (١٤٢٨)دا هاتە دڵمەوە، کە ناوی خوای لێبهێنم و دەست بەو کارە گەورەو گرنگە بکەم، بەڵکو وردە وردە بەپێی بوارو دەرفەت، هەرساڵە هەندێکی لێ ئەنجام بدەم، لەگەڵ سەرقاڵیی زۆرو جۆراو جۆریشدا، هەتا دەرفەتێکی وام بۆ دەرەخسێ کە بتوانم خێرایی تێدا بکەم و خۆمی بۆ یەکلایی (**متفرّغ**) بکەمەوەو، خوا پشتیوان بێ تەواوی بکەم، ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابێ.

سەرچاوەی دانانی ئەم تەفسیرو لێکدانەوەیەشم، وێڕای سەرنجدانی زۆربەی ئەو تەفسیرانەی کە باون و، دەستم پێیان گەیشتوە، بریتیە لە وردبوونەوەو تێوەرامانی خۆم لە خودی قورئان، چونکە بێگومان قورئان: هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە: (**القرآن يُفَسِّـر بَعضُهُ بَعْضَـاً**)، پاشان سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ چونکە پێغەمبەری خواش ڕوونکەرەوە (**مُبَيِّن**)ی قورئانە، وەك خوا ﷻ فەرموویەتی:

﴿...وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾﴾ النحل.

واتە: هەروەها زیکرمان بۆ لای تۆ ناردۆتە خوار، تاکو ئەوەی بۆ خەڵکی نێرراوەتە خوار، بۆیان ڕوون بکەیەوە، وە بەڵکو خۆشیان بیر بکەنەوە.

ئومێدیشم وایە - بە یارمەتی خوای بەخشەر ﷻ - شایستەیی ئەوەم هەبێ تەفسیرو لێکدانەوەیەکی وا بۆ قورئان پێشکەش بە مسوڵمانانی کوردستان بکەم، کە لە قورئان بوەشێتەوەو، مایەی بەهرەو سوودی خوێنەران بێ، بەتایبەتیش کە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە لەگەڵ قورئانی بەرزو مەزن و تەفسیرەکانی و کتێبەکانی سوننەتدا خەریکم و، دەیان کتێب و بەرهەمی جۆراوجۆرم لە زۆربەی بوارەکانی زانستەکانی شەریعەتدا پێشکەش کردوون.

شایانی باسیشە کە ئەو بیست و دوو مانگ زیندانیی کرانەم لەلایەن ئەمریکاوە - لە (٢٠٠٣/٧/١٠ تاکو: ٢٠٠٥/٤/٢٨) - دەرفەتێکی گەورەو گرنگ بوو، بۆ زیاتر پێدا قووڵبوونەوەی کتێبی خوا (تبارك و تعالى) و، بۆ پەیدابوونی تێگەیشتنی تایبەت لەبارەی زۆرێك لە ئایەتەکانییەوە، ئەم ڕاستییەش لە مەوسووعەی: **(الإسلام كما يتجلّى في كتاب اللّه تعالى)**دا زۆر چاك دەرەوشاوەتەوە[1]، بەڵام هەڵبەتە ناڵێم و هیچکەسیش بۆی نیە بڵێ: کە ئەم تەفسیرەی من تێروتەواوە، چونکە وێڕای سنووردار بوونی توانا و بڕستم، لە بەرانبەر کتێبی لە هەموو ڕوویێکەوە ڕەها (مطلق)و بێسنوور (لا محدود)ی خوادا، نەشمویستوە کە زۆر بەملاولادا بچم و بچمە نێو هەندێك وردەکارییەوە، کە یان من تێیدا پسپۆڕو

---

(١) ئەو مەوسووعەیە ئێستا چاپ کراوەو، کەوتۆتە بەردەستی خوێنەران و، سەرجەم هەشت بەرگ و دەوری سێ هەزارو پێنج سەد (٣٥٠٠) لاپەڕەیەو، هەوڵمداوە بەگشتی تێیدا باسی سەرجەم لایەنەکانی ئیسلام بکەم و، تاکە سەرچاوەشم قورئان بووە، وێڕای دەقەکانی سوننەت، کە لە هۆش (ذاكرة)دا بووون.

شایانی باسە ئەو مەوسووعەیە لە چاپی دووەمی دا، کراوە بە دوازدە (١٢) کتێبی سەربەخۆ، بە مەبەستی ئاسانتر سوود لێ بینراني .

شــارەزا نیم، یان خوێنــەر پێویســتی پێی نیــە، لە کاتێکدا دەیــەوێ لە قورئان تێبگات و، بزانێ خوا (تبارك وتعالــی) ڕاستەوخۆ چی پێ فــەرمووە؟!

ئنجا هــەر لێرەشەوە بە پێویستی دەزانم پڕ بە دڵ سوپاسی ئەو برا گەنجە ڕووح سووك و گورج و گۆڵ و دڵسۆزە بکەم (حەزی نەکرد ناوی بهێنم)، کە هەڵسا بە نووسینەوەو هێنانە سەر کاغەزو، پاشان تایپکردن و دوایی پێداچوونەوەو هەڵەگیریی، سەرجەم ئەم زنجیرە دەرسە، کە لە ئەسڵدا لە شێوەی وتار (محاضرة)دا پێشکەش کراون، هەروەها هەڵسا بە (تخریج)ی سەرجەم دەقەکانی سوننەت، لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکانەوەو، زەحمەت و ماندووبوونێکی زۆری بە سەرجەم بەرگەکانی ئەم تەفسیرەوە کێشاوە، خوا بە باشترین شێوە پاداشتی بداتەوەو، هەر صاڵح و ساغ و سەلامەت و سەربەرزبێ[1]، لە خوای بەرزو بێهاوتاش داواکارم ئەو جۆرە گەنج و لاوانە لە کوڕان و کچان، لەنێو گەلەکەماندا، زۆر بکات .

شایانی باسیشە کە ئێمە لەم تەفسیرەماندا، باسی بەش (جزء)ەکانی قورئان و دابەشکردنەکانی دیکەی وەك: - (حزب) - ناکەین، چونکە هەر سوورەتێك بۆخۆی شتێکی سەربەخۆیەو، سەرجەم ئایەتەکانی وەك ئاڵقەکانی زنجیرێك پێکەوە پەیوەستن و، ئاشکراشە کە دابەشکرانی سەرجەم قورئان بۆ سی (٣٠) بەش (جزء) و شەست (٦٠) (حزب)، شتێکە لەلایەن زانایانەوە کراوە، بۆ ئاسانکاریی خوێندنی قورئان، دیارە ئێمە لە دابەشکردنی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەشدا، دیسان حیساب بۆ بەشەکان (أجزاء)ی ناکەین و، بە گوێرەی سوورەتەکان، بەرگەکانی دیاریی دەکەین.

---

(١) ئەو برا دڵسۆزە ئێستاش پاش تەواوکردنی زۆربەی قورئان، لێبڕاوانە بەردەوامە و عەزمیشی جەزم کردوە، کە ئەگەر تەمەنمان بەردەوام بێ، هەتا کۆتایی ئەم تەفسیرە سەرگەرمی کارەکەی بێ .

دوا قسـەشـم ئەوەیـە کە:

ئـەم تەفسـیرە - وەك پێشـتـر گوتمـان - لـە ئەسـڵدا بەشـێوەی دەرس و وتـار پێشـکەش کـراوە، بـەڵام دواتـر خـۆم دووجـار بـە وردیـی پێیـدا چوومـەوەو، بەپێـی پێویسـت دەسـتکاریيم کـردوە، دیـارە هـەموو دەرسـێکیش بەنـاوی خـواو سـتایشی خـوا ﷻ دەسـتی پێکـردوە، بـەڵام ئێمـە لـە سـەرەتای دەرسـەکانەوە، ئەوانەمـان لابـردوە، بـۆ زۆر دووبـارە نەبوونـەوەو، ئـەو (خطبـة الحاجـة)یەی لـە سـەرەتای ئـەم پێشـەکەییەوە هاتـوە، لەجیاتی سـەرەتای سـەرجەم دەرسـەکانە.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ،

وَسَلامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ .

دووشەممە ٢٥ رجب ١٤٣٢

٢٠١١/٦/٢٧

هـەولـێر

بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە

خوێنەری بەڕێز !

هەرچەندە لە (پێشەکی گشتیی) ئەم تەفسیرەدا باسمان کردوە کە بۆ نووسینی ئەم تەفسیرە، لە هەموو ئەو تەفسیرە باوانەی دەستم پێیان گەیشتوە، بەهرەمەندبووم، هەروەها لە کۆتایی هەر بەرگێکی ئەم تەفسیرەدا، سەرجەم ئەو تەفسیرانەی کەم و زۆر لێیان سوودمەند بووم، ناوەکانیانمان بە ڕیز نووسیون[1]، بەڵام لێرەش وەك جەختکردنەوەی زیاترو بەرچاوڕوونیی باشتر بۆ ئێوەی بەڕێز دەڵێم :

مادام ناوی تەفسیرەکانمان نووسیوە، نە پێویست دەکات و نەدەشگونجێ، بۆ هەر تێگەیشتن و بیرۆکەیەك، کە زۆربەی تەفسیرەکان لەبارەی ئایەتێکەوە، یان ڕستەو برگەیەکی ئایەتێکەوە، دەیهێنین، ئێمە هەموو جارێ ناوی ئەو تەفسیرانە بێنین، بەڵام بێگومان هەر کات بیرۆکەو تێگەیشتنێکی تایبەتی یەکێك لە تەفسیرەکان هەبێ و بکەوێتە بەرچاوم، ئنجا چ پەسندی بکەم، چ ڕەفزی بکەم، هەر کات بە پێویستی بزانم، بە تایبەت ئاماژەی پێدەکەم، ئەگەرنا بە ئاماژەی گشتیی و بە نووسینی ناوی تەفسیرەکان لە کۆتایی هەر بەرگێك دا، ئیکتیفا دەکەم و، زۆریش لە ئەمانەتی زانستیی (الأمانة العلمیة) دەخەفتێم و مەبەستمە ڕەچاوی بکەم، چونکە ئەمینیی و ئەمانەت پارێزیی، ڕەوشتێکی گەورەو بەرزی مسوڵمانەتییە .

---

(١) دوایی وا بەباش زانرا ناوی تەفسیرەکان لابرێن و، لە کۆتایی کۆی بەرگەکانی [تەفسیری قورئانی بەرز و بەپێز]دا دەیاننووسین.

شایانی باسیشـە جاری وا هەیـە بیـرۆکەو تێگەیشـتنێکی تایبەتیـی خـۆمم، دەربارەی کۆمەڵـە ئایەتێـك یـان ئایەتێك یـان ڕسـتەو بڕگـەیەکی ئایەتێـك، بۆ دروسـت دەبێ، وەك تێگەیشـتن و بۆچـوونـی خـۆم دەینووسـم، کەچـی ڕەنگـە لـە تەفسـیـرەکانی دیکـەش - یەکێکیـان یـان زیـاتر - دا هەبـێ، ئەویـش بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە مـن ئەو تەفسـیـرەم نەکەوتـۆتـە بەر دیـدە، یان دیـتوومـەو لەیـادم نەمـاوە.

پێشەکی ئەم بەرگە

الحَمْدُللهِ وَحْدَهُ وَالصَّلاَةُ وَالسَّلاَمُ وَالبَرَكَاتُ عَلَى مَنْ لاَ نَبِيَّ بَعْدَهُ، وَآلِهِ السَّالِكِينَ دَرْبَهُ: صَحْباً وَأَزْوَاجاً وَقَرَابَةً،وَالتَّابعِينَ لَهُمْ بِإِحْسَانٍ إِلى يَوْمِ الدِّين.

خوێنەرە بەڕێزو خۆشەویستەکان!

ئەمە بەرگی بیست و نۆ (٢٩)یە لە تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێزو، شەش سوورەتی گرتوونە خۆی لە سوورەتە مەدەنییەکان کە ئەمانەن:

١- سوورەتی (الحدید).

٢- سوورەتی (المجادلة).

٣- سوورەتی (الحشر).

٤- سوورەتی (الممتحنة).

٥- سوورەتی (الصف).

٦- سوورەتی (الجمعة).

شایانی باسە:

ئەم بەرگەش وەک سەرجەم بەرگەکانی دیکەی ئەم تەفسیرە، وێڕای ڕوونکردنەوەی چەمک و واتای ئایەتەکانی ئەو شەش سوورەتە بە حەوت قۆناغ، ژمارەیەک باس و بابەتی تایبەتییشی لەخۆگرتوون، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

یەکەم: سوورەتی (الحدید):

لە تەفسیری ئەم سوورەتەدا ئەم حەوت باس و بابەتانە خراونە ڕوو:

١- کورتە باسێک لەبارەی بە پاکگرتنی دروستکراوەکانەوە بۆ خوا عزوجل.

٢- کورتە باسێک لەبارەی ئەو چوار سیفەتانەی خواوە: (الأول، الأخر، الظاهر، الباطن).

٣- كورتە باسێک لەبارەی ماڵ و سامان بەخشینی باش.

٤- كورتە تێوەڕامانێک لە پێنج قۆناغەكانی ژیانی مرۆڤ.

٥- كورتە باسێک لەبارەی ئایەتی (٢٥)ی سوورەتی (الحديد)ەوە.

٦- كورتە باسێک لەبارەی ئاسنەوە.

٧- كورتە باسێک لەبارەی ڕەهبانییەتەوە.

دووەم: سوورەتی (المجادلة):

لە تەفسیری ئەم سوورەتەشدا ئەم باس و بابەتانە هاتوون:

١- حەڤدە لەو حوكمانەی لە شەش ئایەتی پێشوو (١-٦) وەردەگرین.

٢- كورتە باسێک: چۆنیەتی مامەڵەكردن لە كۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ بە تایبەت و كۆڕو مەجلیسەكانی دیكەدا بە گشتی و .. .

٣- كورتە باسێک: پێناسەی كۆمەڵی خواو كۆمەڵی شەیتان و بنەڕەتترین تایبەتمەندییەكانیان.

سێیەم: سوورەتی (الحشر):

لە تەفسیری ئەم سوورەتەشدا ئەم چوار بابەتە هاتوون:

١- بەسەرهاتی هۆكارو چۆنیەتیی ئاوارەو دەربەدەربوونی هەردوو هۆزی (بنو قينقاع) و (بنو النضير)ی جوولەكە.

٢- كورتە باسێک: مەدح و ستایشی خوا بۆ هەر كام لە: كۆچكەران و پشتیوانان و مسوڵمانان دوای وان، بە باشترین خەسڵەتیان.

٣- كورتە باسێک: ڕاستكردنەوەی بیرۆكەیەكی هەڵەی بەشێک لە مسوڵمانان

چوارەم: سوورەتی (الممتحنة):

لە تەفسیری ئەم سوورەتەش دا ئەم چوار بەسەرهاتە هاتوون:

١- هەڵوەستەیەک لەبارەی سیخوڕییەوە بۆ دوژمنانی ئیسلام.

٢- کورتە باسێک: چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیخوڕی نامسوڵمان دا.

٣- کورتە باسێک: چوار دەقی سوننەت لەبارەی پەیمان لێوەرگرتنی پێغەمبەرەوە ﷺ لە ئافرەتی بڕوادار.

٤- کورتە باسێک: لەبارەی ترسناکیی خۆشویستن و دۆستایەتییکردنی کافرانی دژو زیانبەخشەوە.

پێنجەم: سووڕەتی (الصف):

لە تەفسیری ئەم سووڕەتەش دا ئەم باسانە هاتوون:

١- چۆنیەتیی ئازاردانی گەلەکەی مووسا (علیه السلام) بۆی.

٢- کورتە باسێک لەبارەی موژدەدانی عیساوە بە هاتنی موحەممەد (علیهما الصلاة والسلام).

٣- سێ کورتە هەڵوەستە.

شەشەم: سووڕەتی (الجمعة).

لە تەفسیری ئەم سووڕەتەش دا کورتە باسێک هاتوە:

کورتە باسێک لەبارەی نوێژەوە.

هیواداریشم خوێنەرانی بەڕێزو قورئاندۆستی شەیداو عەودالی زانست بە وردیی و قووڵیی و بە عەقڵی هۆشیارو دڵی بێدارەوە ئەم بەرگەو کۆی بەرگەکانی ئەم تەفسیرەش بخوێننەوەو بەهرەو سوودی شایستەو پێویستیان لێ وەربگرن.

والسلام علینا وعلی عبادالله الصالحین

٩/ ڕەمەزانی / ١٤٤٤ ک - ٣١/ ٣/ ٢٠٢٣ ز

هەولێر

تەفسیری سوورەتی

الحَدِيدِ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمڕۆ کە ڕۆژی (١٩)ی شـەعبانی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییە، بەرانبەر (١٢)ی نیسـانی (٢٠٢٠)ی زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر بـە پشـتیوانیی خـوای بەبەزەیـی و بەخشـەر، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الْحَدِيـدِ)، وەک عـادەتی خۆمـان سـەرەتا پێناسـەو ئێوەڕۆکـی سـوورەتی (الْحَدِيـدِ) دەخەینـە ڕوو، لـە حـەوت بڕگـەدا:

پێناسەی سوورەتی (الحدید) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە هـەر بـە نـاوی (سُـورَةُ الْحَدِيـدِ) نـاسراوە، چەنـد دەقێکیـش لـەو بـارەوە هـەن، بـۆ وێنـە: {أَخْـرَجَ الطَّـبَرَانِيُّ وَالْبَـزَّار أَنَّ عُمَـرَ بْـنِ الخَطَّـابِ ﷺ دَخَـلَ عَـلَى أُخْتِهِ قَبْـلَ أَنْ يُسْـلِمَ، فَـإِذَا صَحِيفَـةٌ فِيهَـا أَوَّلُ سُـورَةِ الحَدِيـدِ، فَقَـرَأَهُ حَتّـى بَلَـغَ: ﴿ ءَامِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ۝٧ ﴾، فَأَسْـلَمَ}[1]، واتـە: تەبەرانیـی و بـەززار لـە عومـەری کـوڕی خەتتابـەوە ﷺ، لـە بـارەی ئـەوەوە گێڕاویانەتـەوە، کـە کاتێ خـۆی چـووە بـۆ لای خوشـکەکەی، بـەر لـەوەی مسـوڵمان بـێ، کـە بەسـەریاندا چـووە، پەڕێکیـان بەدەسـتەوە بـووە، سـەرەتای سـوورەتی (الْحَدِيـدِ)ی تێـدا بـووە، ئەویـش خوێندوویەتـەوە تاکـو دەگاتـە ئـەو شـوێنەی: ﴿ ءَامِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ۝٧ ﴾، واتـە: بـڕوا بێنـن بـە خـواو پێغەمبەرەکـەی و، لـەوەی (خـوا) ئێـوەی تێـدا کردۆتـە جێنشـین، ببەخشـن.

---

(١) التحرير والتنوير: ج٢٧، ص٣٥٣.

ئەویش مسوڵمان بووە.

هەڵبەتە ڕیوایەتی دیکەش هاتوە، کە سەرەتای سوورەتی (**طه**)، لەو پەڕەیەدا هەبووە، کە خوشکەکەی و زاوایەکەی بەدەستیانەوە بووەو، لە سیرەی (**إبن هشام**)[1]دا، هاتوە، کە عومەری کوڕی خەتتاب ئەو پەڕەیەی پێ بینیون، لە زاوایەکەی داوە، دوایی خوشکەکەی کە ویستوویەتی بەرگریی لە مێردەکەی بکات، لەویشی داوە، تاکو بە خوێنی دا هێناون، دوایی خوشکەکەی گوتوویەتی: بەخوا هەرچی دەیکەی بیکە، ئێمە مسوڵمان بووین، ئەویش دەڵێ: بێنن ئەوە چی بوو دەتانخوێندەوە، دوای ئەوەی هێور دەبێتەوە، خوشکەکەشی پێی دەڵێ: تۆ پیسی و هاوبەشدانەری بۆت نیە دەستی لێ بدەی، تاکو خۆت نەشۆی، ئەویش دەچێ خۆی دەشوات و دێتەوە، پەڕەکەیان لێ وەردەگرێ و دەیخوێنێتەوە، کە دەیخوێنێتەوەو لێی ورد دەبێتەوە دەڵێ: ئەم قسەیە ناگونجێ مرۆڤ کردبێتی، پێم بڵێن: موحەممەد لە کوێیە؟ ئیدی دەچێ و مسوڵمان دەبێ، لەوێ دا ئەو وردەکارییە هاتوە.

مەبەست ئەوەیە کە بەپێی ئەم ڕوایەتەی تەبەڕانیی و بەززار بێ، کەواتە: بەر لە مسوڵمان بوونی عومەری کوڕی خەتاب ﷺ، سەرەتای سوورەتی (**الحَدِيدِ**) دابەزیوە، بە تایبەتی شەش ئایەتەکە.

هەروەها لە (**مَصاحِف**) و لە (**كتُب السُنَّة**)شدا، ئەم سوورەتە هەر بە (**سُورَةُ الحَدِيدِ**)، ناوی هاتوە، ئێمە لێرەدا ئەوەمان بەو مەبەستە هێنایەوە، کە ئەم سوورەتە بە (**سُورَةُ الحَدِيدِ**) ناوبراوە، ئەویش بەهۆی هەبوونی وشەی (**الحَدِيدِ**)، واتە: ئاسن، لەم سوورەتەدا.

هەرچەندە وشەی: ﴿ زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ﴿٩٦﴾ ﴾، لە سوورەتی (**الكهف**)یشدا هاتوەو (**الكهف**)یش پێش سوورەتی (**الحَدِيد**) دابەزیوە، بەڵام بۆیە بە ناوی ئاسنەوە

---

(١) السيرة النبوية لابن هشام، ج١ ص.....؟؟؟؟؟

ناونەنراوە، یان بە: ﴿ زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ﴾، پارچە ئاسنە گەورەکان، چونکە بەسەرهاتی هاوەڵانی ئەشکەوت زۆر شتێکی سەرسوڕهێنەر بووەو، ئەو ناوە سەرسوڕهێنەرەش لە سوورەتی (**الكهف**)دا هاتووەو ئەوە کراوە بەناوی سوورەتی (**الكهف**).

دووەم: کات و شوێنی دابەزینی:

لەو بارەوە ڕاجیاییەکی زۆر هەیە، وەک (**إبن عاشور**) دەڵێ: (**وَفِي كَوْنِ هَذِهِ السُّورَةِ مَدَنِيَّةً أَوْ مَكِّيَّةً اخْتِلَافٌ قَوِيٌّ، لَمْ يُخْتَلَفْ مِثْلُهُ فِي غَيْرِهَا**)، لەوەدا کە ئایا ئەو سوورەتە مەککەییە، یان مەدینەییە، ڕاجیاییەکی زۆر هەیە، کە لە هیچ سوورەتێکی دیکەدا ئەو ڕاجیاییە بەهێزە نیە.

ئەو وا دەڵێ، بەڵام زۆربەی زانایان بە مەدینەیی دایدەنێن، بگرە هەندێکیان گوتوویانە: یەکدەنگیی زانایانی لەسەرە، کە ئەم سوورەتە مەدینەییە.

منیش دوای زۆر سەرنجدانی ئەم سوورەتەو، ڕای زانایان، ئەو ڕایەم پێ پەسندە کە شەش ئایەتی سەرەتای ئەم سوورەتە، مەککەیی بن و، ئەوەی دیکە هەمووی مەدینەیی بێ، هەرچەندە بەپێی دەقێکی دیکە کە لە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ هاتوە، دەبێ دوو سێ ئایەتی دیکەش لە نێوە ڕاستی دا ئەوانیش مەککەیی بن، ئەویش ئەم دەقەیە: {**عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ** ﷺ، **أَنَّهُ قَالَ: «مَا كَانَ بَيْنَ إِسْلَامِنَا وَبَيْنَ أَنْ عَاتَبَنَا اللَّهُ بِهَذِهِ الْآيَةِ**: ﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ ﴾ **إِلاَّ أَرْبَعُ سِنِينَ**}، (**أخرجه مسلم: ٣٠٢٧، والنسائي في التفسير: ٥٨٨، والحاكم: ج٢، ص٤٧٩**)، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ دەڵێ: لە نێوان ئێمەو مسوڵمان بوونمان و سەرکۆنەکردنی خوادا ﷻ بۆمان، بەم ئایەتەی دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾ الحديد: ١٦، ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بۆ بڕواداران کە دڵیان نەرم بێ بۆ یادی خواو

بۆ ئەو هەقەی بۆیان دابەزیوەو، وەک ئەوانە نەبن کە پێشتر کتێبیان پێدرابوو (خاوەن کتێبەکان) کە ماوەیەک بەسەریاندا، ئنجا دڵییان ڕەق بوو. تەنیا چوار ساڵ هەبوون.

ئنجا بەو پێیە بێ، دەبێ وێڕای شەش ئایەتەکەی سەرەتا، ئەم ئایەتەش هەر مەککەیی بێ، چونکە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود لەوانەیە کە لە سەرەتاوە مسوڵمان بووە، کەواتە: دەبێ ئەو ئایەتەی (**عبدالله بن مسعود**) مەبەستیەتی لە ساڵانی پێنجەم وشەشەمی پێغەمبەرایەتییدا دابەزیبێ، ئەگەر عەبدوڵڵا ﷺ لە بیری نەچووبێ و لێ تێک نەچووبێ، یاخود ئەم ئایەتەی بەسەر واقیعی خۆیاندا نەچەسپاند بێ، بێ ئەوەی لەو کاتەدا دابەزیبێ، چونکە ئەو ئەگەرەش هەر هەیە، من پێم وایە جگە لەو دەقانەی سوننەت، هیچ ڕێگرییەکی دیکە نیە، کە بڵێین: سوورەتەکە هەمووی مەدینەییە، بە شەش ئایەتەکەی سەرەتاشەوەو، بەو ئایەتەشەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ، بە بەڵگەی هێناوەتەوە، لەسەر ئەوەی خوا ﷻ سەرکۆنەی کردوون، چونکە لەو بارەوە دەقێکی دیکە هەیە، ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو ئایەتەی (**إبن مسعود** ﷺ)یش باسی کردووە، دواتر سوورەتی (**الْحَدِيدِ**) هەمووی پێکەوە دابەزیبێ، {**رَوَاهُ ابْنُ مَرْدَوَيْهِ عَنْ أَنَسٍ وَابْنِ عَبَّاسٍ: أَنَّ نُزُولَ هَذِهِ الْآيَةِ بَعْدَ ثَلَاثَ عَشْرَةَ سَنَةً أَوْ أَرْبَعَ عَشْرَةَ سَنَةً مِنِ ابْتِدَاءِ نُزُولِ الْقُرْآنِ**}[1]، ئیبن موردەوەی لە ئەنەسیشەوە ﷺ و لە ئیبنو عەبباسیشەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ)، گێراویەتەوە کە ئەم ئایەتە: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟...﴾، سێزدە ساڵ یاخود چواردە ساڵ دوای دەستپێکی دابەزینی قورئان، هاتۆتە خوار.

بە هەر حاڵ گریمان چەند ئایەتێکیش و شەش ئایەتەکەی سەرەتاو، ئەو ئایەتەی ئیبنو مەسعوودیش و ئەنەسیش و ئیبنو عەبباسیش دەڵێن: سێزدە ساڵ یان چواردە ساڵ دوای دابەزینی قورئان، هاتبێ، کە بەپێی ئەوە دەبێ مەدینەیی

---

(١) التحرير والتنوير: ج١١، ص(٣٥٣).

بێ، بەڵام هیچ گومانی تێدا نیە، کە ئەم سوورەتە زۆربەی هەرە زۆری ئایەتەکانی مەدینەیین، بەڵکو لە دوای فەتحی مەککە، یاخود بەلای کەمەوە: دوای صوڵحی حودەیبییە هاتوونە خوارێ، بە دەقی ئایەت کە دوایی پێی دەگەین.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

هەر کام لە ژمارەی (٢٨)و (٢٩) لەلایەن زانایانەوە باسکراون، بۆ ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە موبارەکەو، زیاتر ژمارەی (٢٩) تەبەننیی کراوە، کە ئەوە بژاردەی زانایانی بەصراو کووفەیە، بەڵام زانایانی مەککەو مەدینەو هەندێ شوێنی دیکە، ژمارە (٢٨)یان داناوە، وەک زۆرجاریش گوتوومانە: کەمیی و زۆریی ژمارەی ئایەتەکان، دەگەڕێتەوە بۆ کورتیی و درێژیی ڕستەکان و، جیاوازیی وەستان، لەسەر چ بڕگەیەک دەوەستی لە ئایەتێک دا؟

چوارەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەف دا:

زانایان ژمارە (٩٥)یان داناوە بۆ ڕیزبەندیی دابەزینی ئەم سوورەتە موبارەکەو، لە موصحەفیشدا ژمارەکەی (٥٧)ە، واتە: ئەم سوورەتە موبارەکە کۆتایی نیوەی یەکەمی سوورەتەکانی قورئانە لە ڕووی ژمارەوە، چونکە سوورەتەکانی قورئان هەموویان (١١٤)ن و، ئەم سوورەتە (٥٧)مین سوورەتە، بەپێی ڕیزبەندیی کە لە موصحەفدا هاتوە، (٥٧) نیوەی (١١٤)یە، ئنجا لە سوورەتی (**المجادلة**) تاکو کۆتایی قورئان، هەمووی (٥٧) سوورەتەو، لە (**الفاتحة**)وە تاکو ئەم سوورەتەی (**الْحَدِيدِ**)یش (٥٧) سوورەتە، کەواتە: ئەم سوورەتە سوورەتی کۆتاییە لە نیوەی یەکەمی قورئان، لە ڕووی ژمارەی سوورەتەکانەوە، نەک لە ڕووی قەبارەوە، کە لە ڕووی قەبارەوە نیوە ڕاستیی قورئان لە سوورەتی (**الكهف**)دایە ئەو شوێنەی خوا دەفەرمووێ: ﴿وَلْيَتَلَطَّفْ وَلَا يُشْعِرَنَّ بِكُمْ أَحَدًا ﴿١٩﴾﴾، ئنجا ئەگەر شەش ئایەتەکەی

کە گوترا مەککەیین، مەککەیی بن، دەبێ لە سەرەتای ساڵانی پێغەمبەرایەتیی دا دابەزیبن، واتە: لە قورئانی ساڵانی سەرەتای قۆناغی مەککە بن، لە نێوان ساڵانی چوار تاکو شەش، (٤ - ٦)، ئەگەر ئەو گێردراوەیەی عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود ﷺ بکەینە پێوەر، بەڵام هیچ شتێکیش ئێمە ناچار ناکات بڵێین: ئەم سوورەتە هەندێکی لە مەککەو هەندێکی لە مەدینە دابەزیوە، ئەگەر تەماشای ڕیزبەندیی ئایەتەکان و ئاڵقە بەندیی و پێکەوە پەیوەست بوونیان بکەین، بەڵام گومانیشی تێدانیە، ئەگەر هەندێک لەم سوورەتە لە مەککە دابەزیبێ و، ئەوی دیکەشی لە دوای فەتحی مەککە یان دوای صوڵحی حودەیبییە، بەڵام دوایی خوا ﷻ فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کرد بێ و لە ڕێی جیبریلەوە ئایەتەکان بەم شێوەیە دانرابن، ئەوەش هەر شتێکی گونجاوەو هیچ گرێ و گرفتێکی تێدا نیە، بەڵکو ئەوە ئیعجازی تێرو تەواویی فەرمایشتی خوا زیاتر دەردەخات، کە ئایەتانێک لە ساڵانی چوارو پێنجی پێغەمبەرایەتییدا دابەزیبن و، ئایەتانێکی دیکە لە ساڵانی هەشت و نۆی کۆچیی دا واتە: لەوێ چوارو پێنجی پێغەمبەرایەتیی، کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە ساڵی سێزدەیەمی پێغەمبەرایەتییدا کۆچی کردوە بۆ مەدینە، لەوێش حەوت و هەشت ئەگەر مەبەست لە فەتح، صوڵحی حودەیبییە یان فەتحی مەککە بێ، مانای وایە هەشت نۆ ساڵ پێش کۆچ و،حەوت هەشت ساڵیش دوای کۆچ، دەکاتە دەوری (١٧ - ١٨) ساڵ کەوتۆتە بەینیان، بەڵام وەک ئێمە لە کتێبی: (با لە خزمەت قورئاندا بین)، و لە کتێبی: (قورئانی مەزن لە نۆزدە تەوەردا) دا زۆر بە وردیی باسمان کردوە، کە زانایان هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە ڕیزبەندیی ئایەتەکان لە نێو سوورەتەکاندا تەوقیفییە، واتە: بە وەستاندنی خوا ﷻ، خوا فەرموویەتی: ئەو ئایەتە دەبێ لە فڵان شوێن بێ، بەڵام ڕیزبەندیی سوورەتەکان لە موصحەف دا کە دانراون، زۆربەی زانایان ڕایان وایە کە دانانی زۆربەی سوورەتەکان، تەوفیقییە، واتە: هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ) کۆشش (**إجتهاد**)یان کردوە، ئەو سوورەتانەیان بەو شێوەیە ڕیزبەند کردوون، بەڵام هەندێکیان، لە هەندێک لە فەرمایشتەکاندا هاتوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ سوورەتی (**البقرة**)ی خوێندوە لە شەو نوێژدا، دوایی

(آل عمـران)ی خوێنـدوەو، دوایـی (النسـاء)ی خوێنـدوە، هەروەهـا لـە هەنـدێ دەقـی دیکـەدا، هەندێـک سـوورەت لـە پێـش هەندێکیانـەوە بـوون، بـەڵام ڕایەکـی دیکـەش هەیـە، کـە ڕیـز کـردنی سـوورەتەکانیش هـەر تەوقیفییـەو، هـەر بـە وەحیـی خـوای پـەروەردگار بـووە، بـەڵام بەوردسـەرنجدانی ئـەو هەوڵانـەی کـە لەلایـەن هاوەڵانـەوە دراون، بـۆ کۆکردنـەوەی سـوورەتەکان، لـە دوو توێـی موصحەفێکـدا، دەگەینـە ئـەو قەناعەتـە کـە هەندێـک لـە سـوورەتەکان نـا، بـەڵام زۆربەیـان هـاوەڵان خـوا لێیـان ڕازیبـێ بـە کۆشـش و بیرکردنـەوەی خۆیـان و هەڵهێنجانی خۆیـان بەو شـێوەیە دایاناون

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سوورەتە:

بێجگـە لـە شـەش ئایـەتی سـەرەتای و چەنـد ئایەتێکـی دیکـەی کـەم، هەمـوو ئایەتـەکانی دیکـەی ئـەم سـوورەتە باسـی جەنـگ و ماڵ و سـامان بەخشـین و، باسـی مونافیقـەکان لـە ڕۆژی دوایـی داو، باسـی خـاوەن کتێبـەکان و ... هتـد لـە قۆناغێکـی هەراشـی مەدینەییـدا دابەزیـون، واتـە: نـەک هـەر لـە سـەرەتای قۆناغـی مەدینـەش، بەڵکـو لـە قۆناغێکـی دواتـر دا، چونکـە خوا ﷻ باسـی مسـوڵمانانی کردوە کـە ئەوانەی پێـش فەتـح بـە سـامان و گیانیـان خەباتیـان کـردوە، واتـە: جەنگیـان کـردوەو مـاڵ و سـامانی خۆیانیـان بەخشـیوە، یەکسـان نیـن لەگـەڵ ئەوانـەدا کـە لـە دوای فەتـح، مسـوڵمان بـوون، کـە زیاتـر وا پێدەچـێ مەبەسـت لـە فەتـح ئازادکـردنی مەککـە بـێ، بـەڵام ئەگـەر مەبەسـت صوڵحـی حودەیبییـەش بـێ، کـە فەتحـی مەککـە لـە سـاڵی هەشـتەمی کۆچییـدا بـووەو، صوڵحـی حودەیبییـەش، کـە ئەویـش خـوا نـاوی لێنـاوە فەتـح: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ①﴾، وەک لـە تەفسـیری سـوورەتی (الفتـح)دا بـە درێژیـی باسـمان کـرد، ئنجـا ئەگـەر مەبەسـت لـە فەتـح سـوڵحی حودەیبییـەش بـێ، کـە لـە سـاڵی شەشـەمدا بـووە، کەواتـە: ئـەم ئایەتـە، دەقـە لەسـەر ئـەوەی ئـەو ئایەتانـە، بـەلای کەمـەوە لـە دوای سـاڵی شەشـەم و حەوتەمـی کۆچیـی دابەزیـون.

دەشتوانین بڵێین: ئەم یازدەیە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم سوورەتەن:

١- وەسفکرانی خوا لە سەرەتای سوورەتەکەوە، بە بیست لە سیفەتەکانی، بەوە کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، بە پاکی دەگرێ، ئەوە لە شەش ئایەتی سەرەتادا هاتوە.

٢- فەرمان کردن بە مسوڵمانان کە ئیمانی مەحکەمتر بێنن بەخواو بە پێغەمبەری خوا ﷺ.

٣- هاندانی مسوڵمانان بۆ ماڵ و سامان بەخشین.

٤- هاندانیان بۆ فیداکاریی و جەنگ.

٥- پەند وەرگرتن لە موونافیق و دڵنەخۆشەکان و، لێ وریا بوونیشیان و هەواڵدان کە ئەوان سەرەنجامێکی شوومیان دەبێ لە ڕۆژی دوایی دا.

٦- وریایی لە دڵرەق بوون لە ئاست یادی خوادا.

٧- دنیا بە کەمگرتن و فریو پێ نەخواردنی.

٨- پێشبڕکێ کردن بۆ لێبوردن و بەهەشتی خوا.

٩- خۆ ڕاگریی بۆ بەڵاو هات و نەهات.

١٠- زانینی ئەو ڕاستییە کە سەرجەم پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلاَم)، بۆ چەسپاندنی دادگەریی هاتوون.

١١- پەند وەرگرتن لە ڕەهبانییەتی نەصرانییەکان و، چاو لێ نەکردنیان لە گۆشەگیریی و دەست لە دنیا بەردان.

ئەمانە بابەتە سەرەکییەکانی ئەم سوورەتە موبارەکەن.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

ئێمە حەوت تایبەتمەندییمان بۆ ئەم سوورەتە موبارەکە، دەستنیشان کردوون:

١- تەنیا لەم سوورەتەدا، خوا عزوجل بە هەر چوار سیفەتی **(الأول والآخر والظاهر والباطن)**، لە ئایەتی ژمارە سێ (٣)دا وەسف کراوە، واتە: لە هەموو قورئاندا، ئەم ئایەتە تاکەو وێنەی نەهاتوە.

٢- تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی لە یەک جیاکرانەوەی بڕواداران و مونافیقەکان لە کاتی کۆکردنەوەی قیامەتدا کراوە، کە شوورەیەکیان دەخرێتە نێوان، دەرگایەکی هەیەو، دوو دیوی هەن، دیوی نێوەوەیان ڕەحمەتەو، دیوی دەرەوەی ئەو دەرگایە، سزاو ئازارو مەینەتییە، لە ئایەتەکانی: (١٢ - ١٥)دا.

٣- تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی ژیانی دنیا کراوەو بە پێنج (٥) وەسف پێناسە کراوە، **(لعب، لهو، زينة، تفاخر، تكاثر)**، لە ئایەتی ژمارە بیست (٢٠)دا.

٤- تەنیا لەم سوورەتەدا، ئامانج لە نێردرانی سەرجەم پێغەمبەران علیهم السلام دا، لە چەسپاندنی دادگەریی دا کورت هەڵاتوە، لە ئایەتی ژمارە (٢٥)دا، تەنیا لێرەدا خوا فەرموویەتی هەموو پێغەمبەرانم **(عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَامُ)** ناردوون بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوەو، کتێب و تەرازووشم لەگەڵدا دابەزاندوون، بۆ ئەوەی خەڵک بە دادگەریی بەڕێوە بچن.

٥- تەنیا لەم سوورەتەدا، باسی ئەوە کراوە کە شوێنکەوتووانی عیسای کوڕی مەریەم عليه السلام و خوا لە مەریەم ڕازیبێ، ڕەهبانییەتیان داهێناوەو، وەک شایستەش ڕەچاویان نەکردوەو ئاگاداری نەبوون، لە ئایەتی ژمارە (٢٧)دا.

٦- تەنیا لەم سوورەتەدا، لە جیاتی (زرّاع) وشەی **(كُفّار)** بەکارهێنراوە، لە جیاتی ئەوەی خوا بفەرموێ: کشتوکاڵەکە جوتیارەکان سەرسام دەکات، فەرموویەتی: **(كُفّار)**، ئنجا **(كُفّار)** کە کۆی **(كافر)**ە، دەگونجێ بە مانای جوتیار بێ، لەبەر ئەوەی جوتیار تۆوەکەی لە بن زەویدا، ون دەکات و دەشارێتەوە، **(كُفر)**ش لە **(كَفر)**وە هاتوە، واتە: داپۆشین،

دەشکونجێ هەر مەبەست پێی بێبڕوایان بێ، واتە: بێبڕوایان پێی سەرسام دەبن بە کشتوکاڵ، بەڵام بێگومان زیاتر مەبەست لە (كُفَّار)، (زرَّاع)ە، ئەویش لە ئایەتی ژمارە (٢٠)دا.

٧- چەند وشەو تەعبیرێک، تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوون:

یەکەم: یەکێک لەوانە لە ئایەتی ژمارە (٤)دا: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ۝٤﴾، خوا ﷻ لەگەڵتاندایە لە هەر جێیەک بن، تەنیا لەم سوورەتەدا ئەوە هاتوە، بە تەعبیری دیکە هاتوە، ﴿وَاللَّهُ مَعَكُمْ ۝٣٥﴾، محمد، خوا لەگەڵتانە، بەڵام: ﴿وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ۝٤﴾، لە هەر جێیەک بن، خوا لەگەڵتانە، تەنیا لێرەدا هاتوە.

دووەم: ﴿وَأَنفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ۝٧﴾، لەوە ببەخشن کە خوا ئێوە تێدا کردۆتە جێنشین، ئەویش تەنیا لێرەدا هاتوە.

سێیەم: ﴿انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ ۝١٣﴾، چاوەڕێمان بکەن یان مۆڵەتمان بدەن، با لە ڕووناکیی ئێوەوە وەربگرین، کە مونافیقەکان بە بڕواداران دەڵێن، ئەویش تەنیا لێرەدا هاتوە.

چوارەم: ﴿فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ ۝١٣﴾، ئەم تەعبیرەش تەنیا لێرەدا هاتوە، واتە: شوورەیەکیان لە نێوان دا دانرا (دیوارێک) دەرگایەکی هەیە، ئەو دەرگایە دیوی نێوەوەی بەزەییەو، دیوی دەرێی سزاو ئازارو مەینەتییە، واتە: دیوی لای بڕواداران کە دیوی بەهەشتێیە، ڕەحمەت و بەزەیی خوایەو، دیوی دەرەوەی کە مونافیق و دەغەڵەکانن و لە دەرێ چاوەڕێن و لە دۆزەخەوە نزیکترن، ئازارو مەینەتییە.

پێنجەم: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ ۝١٦﴾، ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە کە بڕواداران دڵیان نەرم بێ و بترسێ بۆ یادی خواو بۆ ئەو هەقەی دایبەزاندوە.

شەشەم: ئەم تەعبیرەش لە قورئاندا تەنیا لێرەدا هاتوە، لە ئایەتی ژمارە (٢٣)دا: ﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ ۗ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾ ﴾، واتە: خوا ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوونکردنەوە، تاکو زۆر خەفەتبار نەبن بە هۆی شتێکەوە کە لەدەستتان دەرچێ و، زۆریش دڵخۆش نەبن بەهۆی شتێکەوە کە پێتان دەدات، خواش هەر فیزکەرێکی شانازییکەری خۆشناوێ.

حەوتەم: کە لە ئایەتی ژمارە (٢٥)دا هاتوە: ﴿ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ ﴿٢٥﴾ ﴾، ئاسنمان دابەزاندوە، ئەویش تەنیا لێرەدا هاتوە.

هەشتەم: ﴿ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِ ﴿٢٨﴾ ﴾، دوو بەش لە بەزەیی خۆیتان پێ دەبەخشێ، (**كِفْلَيْنِ**): وشەی (**كِفل**) هاتوە، لە سوورەتی (**النساء**)دا، بەڵام (**كِفْلَيْنِ**) تەنیا لەم سوورەتە موبارەکە، لە ئایەتی ژمارە (٢٨)دا هاتوە.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:

ئێمە کۆی (٢٩) ئایەتەکەی ئەم سوورەتەمان بۆ چوار دەرس دابەش کردوون:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ١١)، واتە: یازدە ئایەتی سەرەتای سوورەتی (**الْحَدِيدِ**)مان کردوون بە دەرسێک، ئەو دەرسەش لە دوو کۆمەڵە ئایەت پێک دێ:

یەکەم: شەش ئایەتی سەرەتا، خوا ﷻ خۆی بە بیست (٢٠) وەسف و کردەوەی بێ وێنەی خۆی وەسفکردوەو، لەو شەش ئایەتەدا.

دووەم: لە پێنج ئایەتی دواییدا، خوا ﷻ فەرمانی کردوە، بە بڕواهێنان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی و، بەخشین لەو ماڵ و سامانەی خوا مرۆڤەکانی تێدا کردۆتە جێنشین و، باسی حیکمەت و ئامانجی دابەزاندنی قورئان و، یەکسان نەبوونی بەخشەران و جەنگاوەرانی پێش فەتح لەگەڵ ئەوانەی دوایی دا.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (١٢ - ١٩)، واتە: لە هەشت ئایەت پێک دێ، ئەمیش بە پێی نێوەڕۆکیان دەیانکەین بە دوو تەوەر:

یەکەم: چوار ئایەتی سەرەتا، ئایەتەکانی: (١٢ - ١٥) بۆ باسکردنی ئاکام خێریی بڕواداران و، ڕووناکیی پێ بەخشرانیان لە ڕۆژی دوایی دا، کە هەم لە پێشیانەوە دەڕواو، هەم بە دەستی ڕاستیانەوە هەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە: سەرەنجامی بەد و شوومی دەغەڵان و دڵنەخۆشان و، ئەو چوار ئایەتە باسی ئەوەش دەکەن، کە بڕوادارو دەغەڵەکان قسەو باسێکیان پێکەوە دەبێ لە کاتی کۆ کردنەوەو بەڕێ کرانیاندا بەرەو شوێنی خۆیان، هەڵبەتە لە ڕۆژی کۆکردنەوەو لێپرسینەوەدا.

دووەم: چوار ئایەتی دووەم، کە ئایەتەکانی: (١٦ - ١٩)، تەوەری سەرەکییان بریتیە لە هۆشداریی پێدانی بڕواداران کە وریای دڵڕەقیی بن، لە بەرانبەر یادی خواو لە بەرانبەر قورئانداو، هاندانیانە بۆ بەخشین و، پلەو پایەی بەرزی بڕوا هەبوون بە خواو بەپێغەمبەرانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)و، سەرەنجامی شوومی بێبڕوایانی بە درۆدانەری نیشانەکانی خوا، خراوەتە ڕوو.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (٢٠ - ٢٤)، واتە: پێنج ئایەت دەگرێتە خۆی، کە چوار بابەتی سەرەکییان تێدا خراونە ڕوو بۆ خستنە ڕووی چوار بابەتی گرنگ و سەرەکیی، تەرخانکراون:

١- وەسف و پێناسەی ژیانی دنیا، لە ڕووە مادییەکەیەوەو سەرەنجامەکەی، کە خوا ﷻ پێنج وشەی بەکارهێناون بۆ ژیانی دنیا، کە وەک دوایی زیاتر ڕوونی دەکەینەوە، ئەو پێنج وشەیە، هەر کامێکیان تەعبیر دەکات لە قۆناغێکی تەمەنی مرۆڤ و ژیانی دنیا، کە بریتین لە وشەکانی (**لعب، لهو، زينة، تفاخر، تكاثر في الأموال والأولاد**).

٢- فەرمانکردنی خوا ﷻ بە پێشبڕکێ و خێرایی بەرەو لای لێبوردن و بەهەشتی خوا.

٣- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە هیچ بەڵایەک تووشی هیچ کەس نابێ، چ لە خودی خۆیداو، چ لە دەوروبەری دا، مەگەر پێشتر لە زانیاریی خوادا بووەو خوا زانیویەتی و

حیکمەتی ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییەش خراوەتە ڕوو، کە بریتیە لەوەی مسوڵمانان بەخێرو بەرژەوەندیی و چاکەیەک کە لە دەستیان دەچێ، زۆر خەفەتبار نەبن و، بەشتێکیش کە دێتە دەستیان لە خێرو بەرژەوەندیی و چاکە، زۆر دڵخۆش نەبن، خەفەت دەخورێ لەسەر بەڵاو گرفتاریی، بەڵام با زۆر خەفەت نەخۆن، دڵخۆشییش هەر دەبێ بە چاکەو خۆشیی، بەڵام با زۆر دڵخۆش نەبن، چونکە ژیانی دنیا نە زەرەرەکەی و نە قازانجەکەی، شتێکی هێندە گەورە نین، کەواتە: با بە زەرەرەکەی زۆر خەفەتبار نەبن و، بە قازانجەکەشی زۆر دڵخۆش نەبن، بەڵکو دەبێ زۆر خەفەتباربوونیان پەیوەست بێتەوە بە ڕۆژی دوایی و، بەسەرەنجام و ئاکامێک کە بەرەو ڕووی دەچن، ژیانی هەتا هەتایی، هەروەها دڵخۆشییشیان دیسان هەر پەیوەست بێتەوە بەوێ، واتە: زۆر دڵخۆشبوونیان پەیوەست بکەنەوە بەوێ.

٤- دەرخستنی خۆشنەویستنی خوا بۆ لە خۆ باییانی خۆ بادەری چرووک و ڕژد، وەک خوا ﷻ فەرموویەتی: ﴿ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾ ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ وَيَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِۗ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿٢٤﴾ ﴾، واتە: بە دڵنیایی خوا هەر کەسێکی خۆ بادەری شانازییکەری خۆشناوێ... (**مُخْتَالٍ**) کەسێکە لە خودی خۆیدا خۆی پێ زۆربێ و، خۆی پێ شتێکی دیکەو جیا بێ لە خەڵک بە ناهەق، (**فَخُورٍ**)یش ئەوەیە شانازییان بەسەردا بکات، واتە: (**اختیال**) ئەوەیە کە لە دەروونی خۆیدا ئەو هەستە نارەوایەی هەبێ، بەڵام (**فخر**) ئەوەیە کە ئەو هەستە لە خۆیدا دەرببڕێ و پێشانی بدات، کە بێگومان هەر (**اختیال**)ە، دوایی (**فخر**)یشی پێ پەیدا دەبێ و هیچ فەخرێک کە لەسەر ڕواڵەتی مرۆڤ، دەردەکەوێ، بە بێ ڕەگ و ڕیشەی (**اختیال**) خەیاڵکردنی ناهەقی مرۆڤ، پەیدا نابێ.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (٢٥ - ٢٩)، واتە: لە پێنج ئایەتی کۆتایی ئەم سوورەتە موبارەکە پێک دێ، کە چوار بابەتی گرنگی تێدا خراونە ڕوو:

١- نێردرانی تێکڕای پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوەو بە بەرنامەو بە کتێب و بە تەرازووەوە، بۆ بەرپاکردنی دادگەریی لە نێو خەڵکی دا،

هەڵبەتە مەبەست لە تەرازوو، دادگەرییە، یاخود ئامرازەکانی چەسپاندنی دادگەریین، وەک باسمانکرد لەهەموو قورئاندا تەنیا لێرەدا خوا ﷻ ئامانجی ڕەوانەکرانی تێکڕای پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، بە بەڵگە ڕۆشنەکان و بە کتێب و تەرازووەوە، لە بەرپاکردنی دادگەرییدا کورت هەڵێناوە، لە سوورەتی (الأنبياء)دا، خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات هەموو پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) بۆ ئەوە ناردوون، کە تەنیا بەندایەتیی بۆ خوا بکرێ: ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾﴾، واتە: لە پێش تۆدا (ئەی موحەممەد ﷺ!) هیچ ڕەوانەکراوێکمان نەناردوە، مەگەر سروشمان بۆ کردوە کە بێجگە لە من هیچ پەرستراوێک نیە، تەنیا بەندایەتیی بۆ من بکەن.

ئەوەش وەک پەیوەندیی نێوان خۆیان و خوا، هەموو پێغەمبەران بۆ ئەوە هاتوون کە مرۆڤەکان وەک پەیوەندیی نێوان خۆیان و خوا خاوەنی خوا بەیەکگرتن و تەنیا خوا پەرستن بن، بەڵام وەک پەیوەندیی نێوان خۆیان و خۆیان، مرۆڤەکان لەنێو خۆیاندا هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) هاتوون بۆ ئەوەی خەڵک بە دادگەریی بەڕێوە بچن، کەواتە: هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) بۆ چەسپاندنی دوو ئامانجی سەرەکیی هاتوون:

یەکەم: خوا بە یەکگرتن (توحید).

دووەم: دادگەریی.

تەنیا خوا پەرستران و بەرپاکرانی دادگەریی، دوو ئامانجی سەرەکیی نێررانی پێغەمبەرانن، دادگەرییش، واتە: لە هەموو ڕوو و ڕەهەندەکانی ژیانی و گوزەرانەوە، لە ڕووی نەتەوەیی و، لە ڕووی ئابووریی و، لە ڕووی سیاسیی و، لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و ... هتدەوە.

٢- رەوانەکردنی نووح و ئیبراهیم (**عَلَيْهِما الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) و، بەردەوامکردنی پێغەمبەرایەتیی و کتێب لە وەچەکانیان دا، ئەمەش لە ئایەتی ژمارە (٢٦)دا خراوەتە ڕوو.

٣- پەیتا پەیتا ناردنی پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)و، ناردنی عیسای کوڕی مەریەم بەدوایاندا، وەک کۆتا پێغەمبەر، پێش پێغەمبەری کۆتایی و سەروەری پێغەمبەران موحەممەد ﷺ و، پێدانی ئینجیل بە عیساو، داهێنانی شوێنکەوتووانی عیسا عليه السلام بۆ ڕەهبانییەت، واتە: گۆشەگیریی و پشت لە دنیا کردن، کەچی چاک پێوە پابەند نەبوونی شوێنکەوتووانی عیسا بەو ڕەهبانییەتەوە، کە بە حیساب بۆ ئەوەی خوا لێیان ڕازی بێ دایانهێناوە، بەڵام وەک پێویستیش پێیەوە پابەند نەبوون.

٤- فەرمانکردن بە بڕواداران کە پارێز لە خوا بکەن و، بڕوایەکەیان بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ قایمترو مەحکەمتر بکەن، تاکو خوا دوو بەش لە بەزەیی خۆییان پێ بدات: ﴿يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ﴾و ڕووناکییان پێ ببەخشێ: ﴿وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ ﴿٢٨﴾﴾، ڕووناکییەک کە پێی بڕۆن و لێیان ببوورێ و، سەرەنجام خاوەن کتێبەکان وا نەزانن، کە مسوڵمانان ناتوانن هیچ شتێک لە بەخششی خوا بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان یازدە (١١) ئایەتی سەرەتای سوورەتی (الحَدِيد) دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (١ - ١١)، کە دوو بابەتی بنەڕەتیی باس دەکەن:

بابەتی یەکەم: لە شەش ئایەتی سەرەتادا (١ - ٦) ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە مەزنە کە تێکڕای بوون بەسەرو خواریەوە (ئاسمانەکان و زەوی)، پاکیی خواو دووریی خوا ﷻ لە لەکەو کەم و کوڕیی دەردەبڕێ، پاشان ناساندنی خوا لەمیانی بیست (٢٠) لە ناوو سیفەت و کردەوە بێ وێنەکانی دا، ئەگەر بە پاکگیرانەکەشی حیساب بکەین، سەرجەم لەو شەش (٦) ئایەتە موبارەکەدا، خوا بە بیست لە ناوو سیفەت و کردەوە بێ وێنەکانی وەسفکراوە.

بابەتی دووەم: لە پێنج ئایەتی دواییدا، واتە: ئایەتەکانی: (٧ - ١١)، کە بریتیە لە فەرمانکردنی خوا بە بڕواداران کە بڕوایەکی مەحکەمترو کامڵتر بە خوا ﷻ و بە پێغەمبەرەکەی ﷺ بێنن و، لەو ماڵ و سامانەی خوا تێیدا کردوونیە جێنشین، ببەخشن، دواییش خوا ﷻ بە سەرزەنشتکردنەوە پێیان دەفەرموێ: ئایا هۆی بڕوا نەهێنانیان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی چییە؟ لە حاڵێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ بانگیان دەکات بۆ ئیمان هێنان!

پاشان باسی ئامانجی دابەزاندنی ئایەتەکانی خوا بۆ سەر بەندەکەی موحەممەد ﷺ دەکات، کە بریتیە لە دەرباز کردن و قوتار کردنی مرۆڤەکان لە تاریکاییان بەرەو ڕۆشنایی و، لە کۆتاییش دا، خوا ئەو ڕاستییە ڕادەگەیەنێ کە بەخشەران و جەنگاوەرانی ڕێی خوا، بەر لە فەتح، واتە: بەر لە ئازاد کردنی مەککە، یاخود پێکهاتنی حودەیبییە، ئەوانەی لەوە پێش خەباتیان کردووەو فیداکارییان کردوە بەسەرو ماڵیان، لەگەڵ ئەوانەی دواییدا، یەکسان نین، هەرچەندە هەمووشیان خوا گفتی هەرە باشی پێداون، هەڵبەتە هەر کەسە بە پلەو پێگەی خۆی.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١) لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ يُحْيِي
وَيُمِيتُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٢) هُوَ الْأَوَّلُ وَالْآخِرُ وَالظَّاهِرُ وَالْبَاطِنُ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ
عَلِيمٌ (٣) هُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَىٰ عَلَى الْعَرْشِ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ
فِي الْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنْزِلُ مِنَ السَّمَاءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنْتُمْ وَاللَّهُ بِمَا
تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ (٤) لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ (٥) يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ
وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ وَهُوَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (٦) آمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَأَنْفِقُوا مِمَّا جَعَلَكُمْ
مُسْتَخْلَفِينَ فِيهِ فَالَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَأَنْفَقُوا لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ (٧) وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالرَّسُولُ
يَدْعُوكُمْ لِتُؤْمِنُوا بِرَبِّكُمْ وَقَدْ أَخَذَ مِيثَاقَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (٨) هُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبْدِهِ آيَاتٍ
بَيِّنَاتٍ لِيُخْرِجَكُمْ مِنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ وَإِنَّ اللَّهَ بِكُمْ لَرَءُوفٌ رَحِيمٌ (٩) وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنْفِقُوا فِي
سَبِيلِ اللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ لَا يَسْتَوِي مِنْكُمْ مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ أُولَٰئِكَ
أَعْظَمُ دَرَجَةً مِنَ الَّذِينَ أَنْفَقُوا مِنْ بَعْدُ وَقَاتَلُوا وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ (١٠)
مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَاعِفَهُ لَهُ وَلَهُ أَجْرٌ كَرِيمٌ (١١) ﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، (هەر کەس و) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە خوا بە پاک (و بێخەوش) دەگرێ و ئەو زاڵی کارزانە (١) حوکمڕانیی و بەڕێوەبردنی ئاسمانەکان و زەوی هی ویە، دەژیەنێ و دەمرێنێ و، لەسەر هەموو شتێک بە توانایە (٢) ئەو یەکەم و دوایەم و ئاشکراو پەنهانەو، ئەو بە هەموو شتێک زانایە (٣) ئەو کەسێکە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش

ڕۆژان دا (بــە شــەش قۆنــاغ) دروســتکردوون، دوایــی چــووە ســەر عــەڕش، هەرچــی دەچێتــە نێــو زەوییــەوەو، هەرچــی لێــی دێتــە دەرێ، دەیزانــێ، هەروەهــا هەرچــی لــە ئاســمانێ دێتــە خــوارێ و هەرچــی پێیــدا بــەرز دەبێتــەوەو، لــە هــەر جێیــەک بــن ئــەو لەگەڵتانــەو، خــوا بینــەری ئەوەیــە کــە دەیکــەن ﴿٤﴾ حوکمڕانیــی ئاســمانەکان و زەوی تەنیــا هــی ویــەو، کاروبارەکانیــش بــەس بــۆ لای خــوا دەگێڕدرێنــەوە ﴿٥﴾ شــەوێ دەخاتــە نێــو ڕۆژێ و، ڕۆژێ بەنێــو شــەوێدا دەکات و، ئــەو بــە (نهێنییــەکانی) خــاوەنی سینەکان زانایــە ﴿٦﴾ (خەڵکینــە!) بــڕوا بەخــواو پێغەمبەرەکــەی بێنــن و، لەوە ببەخشــن کــە تێیــدا گێــڕاوی بــە جێنشــین، چونکــە ئەوانەتــان کــە بڕوایــان هێنــاوەو بەخشــیویانە پاداشــتێکی گەورەیــان بــۆ هەیــە ﴿٧﴾ ئــەوە چیتانــە بــڕوا بە خــوا ناهێنن! (لــە حاڵێــک دا کــە) پێغەمبەریــش بانگتــان دەکات تاکــو بــڕوا بــە پەروەردگارتــان بێنــن و، بــە دڵنیایــی ئەگــەر بــڕوادار بــن (پێشــتر وەک زگــماک) پەیمانیشــتانی وەرگرتــوە ﴿٨﴾ (خــوا) ئــەو کەســەیە کــە ئایەتــە ڕۆشــنەکانی دادەبەزێنێتــە ســەر بەندەکــەی (موحەممــەد) تاکــو لــە تاریکاییــان بــەرەو ڕووناکیــی دەربازتــان بــکات و، مســۆگەریش خــوا بــە پــەرۆش و بــە بەزەییــە بەرانبەرتــان ﴿٩﴾ هەروەهــا ئــەوە چیتانــە کــە لــە ڕێــی خــوادا (ســامانتان) نەبەخشــن! لــە حاڵێــک دا کــە میــراتی ئاســمانەکان و زەوی هــی خوایــە، ئەوانەتــان یەکســان نیــن کــە بــەر لــە فەتــح بەخشــیویانەو جەنگیــون (لــە پێنــاوی خــوادا)، لەگــەڵ ئەوانــەدا کــە دوایــی بەخشــیویانەو جەنــگاون)، ئەوانــە پلەیــان مەزنــترە لەوانــەی دوایــی بەخشــیویانەو جەنــگاون و، خــواش گفتــی پاداشــتی هەرەبــاشی بــە هەموویــان داوەو، خــوا شــارەزای ئەوەیــە کــە دەیکــەن ﴿١٠﴾ کێیــە بــە قــەرز پێدانێکــی بــاش قــەرز بەخــوا بــدات، ئنجا (ئەویــش) بــۆی چەنــد قــات بکاتــەوە (چەنــد بەرانبــەر پاداشــتی بداتــەوە)و پاداشــتێکی نایــابی هەبــێ ﴿١١﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(سَبَّحَ لِلَّهِ): (السَّبْحُ: المَرُّ السَّرِيعِ فِي المَاءِ أو فِي الهَوَاء، وَالتَّسْبِيْحُ تَنْزِيهُ اللهِ تَعَالَى وَأَصْلُهُ: المَرُّ السَّرِيعُ فِي عِبَادَةِ اللهِ)، وشەی (تَسْبِيْح) لە (سَبْح) بریتیە لە ڕۆیشتنی خێرا بە نێو ئاودا یاخود بەنێو هەواداو، (تَسْبِيْح) واتە: بە پاککرتنی خوای بەرز، کە ڕیشەکەی بریتیە لە خێرایی کردن لە بەندایەتیی کردن بۆ خوادا.

(ٱلْأَوَّلُ): (الَّذِي يَتَرَتَّبُ عَلَيْهِ وجود غَيْرِه)، (أوَّل) واتە: یەکەم یان یەکەمین، ئەوەیە جگە لە خۆی لەسەر وی دەوەستێ، پەیدا بوونی جگە لە خۆی لەسەر ئەو وەستاوە، هەندێکیش وشەی (أوَّل) یان وا پێناسە کردوە: (المُتَقَدِّمُ بِالزَّمَانِ بِالنِسْبَة للهِ، الَّذِي لَمْ يَسْبِقْهُ فِي الوُجُودِ شَيئٌ، المُسْتَغْنِي بِنَفْسِه، الَّذِي لَا يحْتَاجُ إلى غَيْرِهِ)، (أوَّل) ئەوەیە کە لە ڕووی کاتەوە پێشکەوتبێ، بەڵام بەنسبەت خواوە، واتە: ئەو زاتەی لە بووندا هیچ شتێک پێشی نەکەوتووە، ئەو زاتەی پێویستیی بە جگە لەخۆی نیەو بێ نیازەو، ئەو زاتەی بۆ هیچ شتێکی پەکی لەسەر جگە لە خۆی نەکەوتوە.

(وَٱلْآخِرُ)، واتە: دوایەمین، (أوَّل) واتە: یەکەمی بێ سەرەتا، (آخِر) واتە: دوایەمینی بێ کۆتایی.

(وَٱلظَّاهِرُ)، واتە: ئاشکرا، بە مانای زاڵیش دێ، بەڵام لێرەدا بە مانای ئاشکرا دێ.

(وَٱلْبَاطِنُ)، واتە: پەنهان، خوا ﷻ ئەگەر بە چاوی عەقڵ و دڵ بۆی بگەڕێی، ئاشکرایە، بەڵام ئەگەر بەچاوی سەر بۆی بگەڕێی، پەنهانە، بەچاوی سەر نایبینی.

(يَلِجُ)، (الوُلُوْجُ: الدُّخُوْل فِي مَضِيْقٍ)، (وُلُوْج) بریتیە لە چونە نێو شوێنێکی تەنگەبەر.

(يَعْرُجُ)، (العُـرُوجُ ذَهَـابٌ فِي الصُّعُـودِ)، (عـروج) بريتيـە لـە بەرزبوونـەوەو ڕۆيشـتن بـەرەو بەرزيـی.

(يُولِجُ)، (يُولِـجُ: يُدْخِـلُ)، واتـە: دەيخاتـە نێـو، بـەڵام (إيـلاج) ئەوەيـە شـتێک بخەيە نێـو شـتێکەوە بـە ئەسـپايی، يـان شـتێک بخەيـە نێـو شـتێکی تەنگەبەر.

(بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ)، (ذَات: مُؤَنَّـث (ذُو) وَهُـوَ الصَّاحِـب)، (ذَات) مێينـەی (ذُو)يـە يـانی: (صَاحِـب) خـاوەن، ياخـود هـاوەڵ، کەواتـە: (بِـذَاتِ الصُّـدُورِ)، واتـە: ئـەو نهێنييانـەی هەميشـە لەگـەڵ سـينەکاندان، ياخـود وا لەنێـو سـينەکاندا ڕۆچـوون و هێنـدە پەنهانـن، بـوون بـە خـاوەنی سينەکان، چونکـە (صَاحِب)، هـەم بـە مانـای هـاوەڵ دێ و، هـەم بـە مانـای خاوەنيـش دێ.

(مِيثَقَكُمْ)، (المِيْثَـاق: العَهْـدُ وَالجَمْـع مَوَاثِيـق)، (مِيْثَـاق) بريتيـە لە پەيـمان، پەيمانێکی پتـەو، کـە بـە (مَوَاثِيـق) کـۆ دەکرێتەوە.

(مِيرَثُ)، (المِـيْرَاثُ وَالإِرْثُ وَالإِرَاثُ وَالـتُّرَاث)، هـەر چواريـان بـە يـەک واتـان، بـە کورديـی دەڵێيـن: ميـرات، شـتێک کـە لـە کەسـێک دەمێنێتـەوەو لـە دوای بەجـێ دەمێنـێ.

(ٱلْفَتْحِ)، (فَتْـح) بـە مانـای کردنـەوەو دەسـت بەسـەرداگرتنيش دێ، (الفَتْـح: مَابَـيْنَ الخَصْمَـيْنِ، يَفْتَـحُ فَتْحَـاً: قَـضَى)، واتـە: دادوەريـی کـردو کێشـەکەی لەنێوانـدا چارەسـەرکردن، (وَفَتَـحَ المُغْلَـقَ: أَزَالَ إِغْلَاقَـهُ)، شـتێک کـە داخـرا بـێ، داخراوييەکـەی لابـبرێ، ئەويـش (فَتْـح)ی پـێ دەگوتـرێ، (وَفَتَـحَ البَلَـدَ: غَلَـبَ عَلَيْـهِ وَتَمَلَّكَـهُ)، (فَتْـح) بـە مانـای زاڵبـوون بەسـەر شـتێک و، دەسـت بەسـەرداگرتنيشی دەگوتـرێ، ئـەوەش بەپێی سـياق دەگوتـرێ و دەزانـرێ، ئەگـەر بگوتـرێ: (فَتْـح البَـاب)، يـانی: داخراوييەکـەی لابـرد، ئەگـەر بگوتـرێ: (فَتْـح بَيْنَهُـمَا)، واتـە: دادوەريـی لەنێوانـدا کـردن، ئەگـەر بگوتـرێ: (فَتْـح البَلَـد)، واتـە: وڵاتەکـەی دەسـت بەسـەرداگرت و خسـتيە ژێـر ڕکێفـی خۆيـەوە.

(دَرَجَةً)، (نَحْـو المَنْزِلَـة وَيُعبِّرُ بِهَـا عَـنِ الدَّرَجَـةِ الرَّفِيْعَـة)، کـە دەفەرمـوێ: ﴿أُوْلَٰئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً ﴿١٠﴾﴾، ئەوانـە پلەیـان مەزنـترە (دَرَجَـةً)، بـە مانـای پێگـە دێ و، تەعبیـر بـە (دَرَجَـةً) دەکـرێ لـە پێگـەو پایـەی بـەرز، لەبـەر ئـەوەی شـوێنی بـەرز بـە پەیـژەدا بـۆی سـەردەکەوی (دَرَجَـةً)، یـانی: پەیـژەو قادرمـە، لـەوەوە ئـەو نـاوە هاتـوە.

(الْحُسْنَىٰ)، (الحُسْـنَى: مُؤَنَّـث الأحْسَـن، المَثُوبَـة الحُسْـنَى)، (حُسْـنَى) مؤنثـي (أحْسَـن)، یـانی: باشـتر، یاخـود هـەرە بـاش، (حُسْـنَى)، بـە بـاری مێینـەی مەجازیـی دا، واتـە: هـەرە بـاش، بـەڵام (حُسْـنَى) بـۆ خـۆی سـیفەتێ وەسـفکراوێکی قرتێـنراوە (صِفَـةُ مَوْصُـوْفٍ مَحْـذُوف)، (يَعْنِـي المَثُوبَـة الحُسْـنَى)، یان:(العاقبـة الحُسْـنَى)، واتـە: پاداشـتی هەربـاش، یاخـود سـەرەنجامی هـەرە بـاش.

(يُقْرِضُ ٱللَّهَ)، واتـە: قـەرز بـە خـوا دەدا (سُـمِّي مَـا يُدْفَـعُ إلى الإنْسَـانِ مِـنَ المَـالِ بِـشَرْطٍ رَدُّ بَدَلِـه، قَرْضَـاً)، ئـەو مـاڵ و سـامانەی دەدرێ بـە کەسـێک، بـەو مەرجـەی قەرەبووەکـەی بداتـەوە، پێـی دەگوترێ: (قَـرْض)، وشـەی (قَـرْض)، بـە مانـای (قَطْـع) دێ، یـانی: ئـەو کەسـە بەشـێک لـە ماڵـی خـۆی (قَطْـع) کـردووەو بڕیویـەتی و داویـەتی بـەو کەسـەی داوای لـێ کـردوە، قـەرزی پـێ بـدات، بـە کوردیـی بـە قـەرز دەڵێـن: **وام**، بـەڵام پێـم وایـە هـەر وشـەی قەرزەکـە باشـتر جێگیـر بـووەو، خەڵـک ئەوەنـدەی لـە قـەرز حاڵیـی دەبـێ: لێـی قـەرز کـردووەو، قـەرزدارەو، خـاوەن قـەرز، هێنـدە لـە (وام) حاڵیـی نابـێ کەوشـەیەکی فارسـییە.

(فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥ)، واتـە: بـۆی چەنـد بەرانبـەر بکاتـەوە، (ضَعَّفْتُـهُ وَضَاعَفْتُـهُ وَأَضْعَفْـتُ الـشَّيءَ: ضَمَمْـتُ إلَيْـهِ مِثْلَـهُ فصاعـدا)، (ضَعَّفْتُـهُ وَضَاعَفْتُـهُ وَأَضْعَفْتُـه) (وَأَضْعَفْـتُ الـشَّيءَ)، هەمـووی یـانی: وێنـەی خـۆی و زیاتریشـم خسـتە سـەری، یانـی: بـۆم دووقـات کـردەوە، یـان چەنـد قـات و چەنـد بەرانبـەرم کـردەوە.

(أَجْرٌ كَرِيمٌ)، (الأجْـرُ وَالأجْـرَة: مَـا يُعـود مِنْ ثَـوابِ العَمَـلِ دُنْيَوِيـاً أوكَانَ أخْرَوِيـاً) (أجْـر وأُجْـرة)، یانـی: ئـەوەی لـە پاداشـتی کـردەوە لـە ڕووی دنیایـی یـان دوارۆژیـی، بـۆ لای

مـرۆڤ بگەڕێتـەوە، پێـی دەگوتـرێ: (**أجْـر**)، (كَرِيـم: **كُلُّ شَيءٍ شَرُفَ فِي بَابِـه، فَإنَـه يُوصَـفُ بِالْكَرَمِ، النَفِيْسُ فِي نَوْعِـه**)، هـەر شـتێک لـە جـۆری خـۆی باشـترین بـێ و، نایـاب بـێ، پێـی دەگوتـرێ: (**كَرِيـم**) و بـە (**كَـرَم**) وەسـف دەكـرێ، واتـە: شـتێک كـە زۆر نایـاب و هەڵكەوتووبـێ لـە جـۆری خـۆی.

مانای گشتیی ئایەتەكان

بەڕێـــــزان!

خـوا ﷻ لـەم سـوورەتەدا كـە ئێمـە لـە مێـژەو، لـە دوای سـوورەتی (**محمـد و الفتـح والحجـرات**)ەوە، سـوورەتی مەدینەییـمان نەكەوتوونـەوە بەرچـاو، لـە كاتی تەفسـیركردنی قورئانـدا، ئەمـە یەكەمیـن سـوورەتی مەدینەییـەو، دوایيـش ئـەم سـوورەتە، نـۆ سـوورەتی دیكـەی مەدینەیـی بـە دوادا دێـن، لـە جوزئـی (**قـد سـمع اللـه**)، كەواتـە: هەموویـان دەبنـە دە سـوورەتی مەدینەیـی بـە دوایـی یـەک دا، ئـەم سـوورەتە وەک پێشـتریش باسـمان كـرد، سـوورەتی پەنجـاو حەوتـە مینـە لـە ڕیزبەندیـی موصحەفـدا، واتـە: سـوورەتی كۆتاییـە لـە بەشـی دووەمـی قورئـان، لـە ڕووی ژمـارەی سـوورەتەكانەوە، ژمـارەی سـوورەتەكانی قورئـان هەمـووی (١١٤)یـە، ئـەم سـوورەتی (**الحَدِيـد**)ە، لـە (**الفاتحـة**)ەوە تاكـو ئێـرە (٥٧)میـن سـوورەتەو، لـە (**قـد سـمع اللـه**) تاكـو كۆتایـی قورئـان، سـوورەتی (**النَّاس**)یـش هەمـووی (٥٧) سـوورەتە، كەواتـە: لـە ڕووی ژماردنـەوە، ئـەم سـوورەتە دەبێتـە كۆتـا سـوورەتی بەشـی دووەمـی سـوورەتەكان، بـەڵام لـە ڕووی قەبـارەوە، نـا، لـە ڕووی قەبـارەوە نیـوەی قورئـان لـە سـوورەتی (**الكهف**)دایـە، واتـە: (٢٧) جوزئـی قورئـان، بەپێـی دابەشـكردنی زانایـان، كـە هەمـوو قورئانیـان بـۆ سی (٣٠) بـەش دابـەش كـردووە، (٢٧) بەشـی قورئـان (٥٧) سـوورەت پێـک دێنـن و، (٣) بەشـی قورئانیـش (٥٧) سـوورەتەكەی دیكـە پێـک دێنن،

ئەو (٥٧) سوورەتەی بەم سوورەتی (الحَدِیْد)ە، کۆتاییان دێ، نیوەی سوورەتەکانی قورئان، لە ڕووی ژمارەوە پێک دێنن، لەبەر ئەوەی قەبارەیان زیاترەو سوورەتی وای تێدایە، وەک: (البقرة) کە دەوری دوو جوزئو نیوە، بەڵام ئەم سوورەتانەی دەکەونە ئەو سێ جوزئەی کۆتایی قورئانەوە، لە ڕووی قەبارەوە کورتن و، هەیانە تەنیا سێ ئایەتە، وەک سوورەتی (**العصر**)و سوورەتی (**کوثر**)و، سوورەتی (النصر) ئایەتەکانیشان و، بڕگەکانیشیان کورت کورتترن.

ناوی ئەم سوورەتە پێشتریش باسمانکرد: (**الحَدِیْد**)ە، واتە: ئاسن، لەبەر ئەوەی وشەی (**الحَدِیْد**) لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە: ﴿ وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ ﴿٢٥﴾ ﴾، ئاسنمان دابەزاندوە، کە دوایی پێی دەگەین مەبەست لە دابەزاندنی ئاسن چییە؟ بەڵام گرنگ ئەوەیە وشەی (**حدید**) لە هەموو قورئاندا، لە دوو شوێندا هاتوە، لێرەو لە سوورەتی (**الكهف**)یش، ئەوەی من لە یادم بێ، بەڵام لە سوورەتی (**الكهف**)دا دەفەرموێ: ﴿ ءَاتُونِى زُبَرَ ٱلْحَدِيدِ ﴿٩٦﴾ ﴾، واتە: پارچە ئاسنە گەورەکانم بۆ بێنن، بۆ ئەوەی ئەو بەربەستە دروست بکات لە نێوان (**یأجوج ومأجوج**)و، ئەو خەڵکەدا کە داوایان لە (**ذوا القرنين**) کردوە، هاوکاریان بێ، بۆ ئەوەی لە خراپەی (**یأجوج ومأجوج**) پارێزراوبن، بەڵام لێرەدا وشەی (**الحَدِیْد**) بە تەنیا هاتوە.

خوا ﷻ دەفەرموێ:

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، کە ئەوەش مەبەستی ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، پاکیی بۆ خوا دەردەبڕێ، وشەی (سَبَّحَ) بە کرداری ڕابردوو هاتوە، واتە: پاکیی دەربڕی بۆ خوا، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەڵبەتە ئێمە دوایی وەک چۆن لە سوورەتی (الإسراء)دا، باسێکی تایبەتمان لە بارەی تەسبیحکردنی دروستکراوەکانەوە بۆ خوا کردوە، لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئایەتە موبارەکەدا کە دەفەرمویٚ: ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ﴿٤٤﴾ ﴾، بەڵام دواییش لە نێو کورتە باسێکدا، سەرنجێکی دیکە، دەدەینەوە بە تایبەت لەو سوورەتانەی بە: (سَبَّحَ)و(يُسَبِّح) دەست پێ دەکەن، کە هەم ئەم سوورەتەیە، هەم سوورەتی (الحشر)و، هەم سوورەتی (الكهف)، هەر سێکیان بە (سَبَّحَ) دەست پێ دەکەن، بەڵام سوورەتی (الجمعة)و، سوورەتی (التغابن) بە (يُسَبِّح) دەست پێ دەکەن، دوایی لەو بارەوە کورتە باسێک دەکەین.

وشەی (سَبْح) لە ئەصڵ دا، بە مانای بە خێرایی ڕۆیشتن دێ، بە نێو ئاو، یاخود بەنێو هەواداو، وشەی (سَبَّحَ للهِ) واتە: خێرایی کرد بۆ خوا، لە بەندایەتیی دا، بەڵام لێرەدا زیاتر زانایان وایان لێکداوەتەوە کە پاکیی بۆ خوا دەربڕی، دووریی بۆ خوا دەربڕی، لەبەر ئەوەی کەسێک بە خێرایی بڕوا، بە خێرایی دوور دەکەوێتەوە، لێرەشدا مەبەست لە خێراییەکە، خێرایی کردنە لە بەندایەتیی بۆ خوادا ﷻ، ئنجا (ل)یشی کە خراوەتە سەر (سَبَّحَ للهِ)، زیاتر بۆ تۆخکردنەوەی واتایەکەیەتی، واتە: لەبەر خاتری خواو لە پێناوی خوادا، ئەو بەپاکگرتنەیان ئەنجامدا، ﴿ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، وشەی (ما) یان مەبەست پێی خاوەن عەقڵان و، ئەوانەشە کە خاوەنی هەست و هۆش نین، واتە: هەموو دروستکراوەکانی خوا، یاخود مەبەست پێی تەنیا ئەوانەیە کە خاوەنی هەست و هۆش نین، بەڵام لێرەدا ئەوان زاڵکراون بەسەر خاوەن هەست و هۆشەکاندا، لەبەر ئەوەی ئەوانەی هەست و هۆشیان نیە، ئەو هەموو کەهکەشانانەو ئەو

هەمــوو ئەســتێرەو خڕۆکانــە، زۆر زیاتــرن لەوانــەی هەســت و هۆشــیان هەیــە، لــە فریشــتەکان و لــە مــرۆڤ و لــە جنــد، گرنــگ ئەوەیــە: ﴿مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، هەرچی لـە ئاسـمانەکان و لـەزەوی دا هەیـە، هەمـووی دەگرێتـەوە، هەڵبەتـە لێرەدا: ﴿مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾ هاتـوە، بـەڵام لـە دوو شـوێنەکەی دیکـە: لـە سـوورەتی (**الحـشر**)و لــە ســوورەتی (**الصــف**)دا: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ١﴾، **الحـشر**، بـەڵام لێـرەدا (**الأرْضِ**)، (**مَـا فِي**)یەکـەی لەگەڵـدا نیـە، ﴿وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، خـوا زاڵـی کاربەجێیـە، بـەس ئـەو زاڵـی کاربەجێیـە، لـەم شـەش ئایەتـە موبارەکـەدا، خـوا ﷻ بیسـت لـە نـاوو سـیفەت و کـردەوە نـاوازەکانی خـۆی خسـتوونە ڕوو، کـە دواتـر لـە مەسـەلە گرنگـەکان دا سـەرژمێریان دەکەیـن.

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، هەرچـی لـە ئاسـمانەکان و زەوی دایـە خـوای بـە پاکگـرت.

﴿وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، خـوا خـاوەنی ئـەو پـەڕی بـاڵا دەسـتیی و زاڵییـە، (**عَزِيْـز**) (**الَّـذِي لَا يُغْلَـب، الممتنـع**)، ئـەو زاتـەی کـەس بەسـەریدا زاڵ نابـێ، ئـەو زاتـەی هیچکـەس پێـی ناوێـرێ، بـاڵا دەسـتە، (**الحَكِيْـم**) کاربەجـێ و کارزان، ئـەو زاتـەی خـاوەنی ئـەو پـەڕی حیکمەتـە، حیکمەتیـش واتـە: دانـانی شـتەکان لـە شـوێنی خۆیـان دا، (**حکیـم**) خـاوەنی دانایـی و لێزانیـی و کارامەیـی.

﴿لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، (**مُلْـكُ**) بــە مانــای حوکمڕانیــی و، بەڕێوەبــردن و بەســەر ڕاگەیشــتن و خســتنە ژێــر دەســتەڵاتی خــۆ، دێ، واتــە: ئاســمانەکان و زەوی هەموویـان لەژێـر ڕکێفـی خـوادان، هەموویـان لـە ژێـر حوکمڕانیـی خـوادان و، خـوا بـاڵا دەسـتە بەسـەر هەموویـان دا.

﴿يُحۡيِۦ وَيُمِيتُ﴾، دەژیەنـێ و دەمرێنـێ، واتـە: ژیـان دەبەخشـێ و ژیانیـش وەردەگرێتـەوە، چونکـە (**يُحْـيِي**)، واتـە: زینـدوو دەکات، واتـە: ژیـان دەبەخشـێ، (**وَيُمِيْـت**)، دەمرێنـێ واتـە: ژیـان لـە خـاوەن ژیـان دەسـتێنێتەوەو دەبێتـە مـردوو.

﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ۝٢ ﴾ ئـەو لەسـەر هەمـوو شـتێ بـە توانایـە، واتـە: نـەک خـوا تەنیـا دەتوانـێ بژیەنـێ و بمرێنـێ، بەڵکـو هـەر کارێکـی دیکـەی بیـەوێ، لـە سـەری بـە توانایـە.

ئـەوە حـەوت لـەو سـیفەت و کردەوانـەی لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، لـەم شـەش ئایەتـە موبارەکـەدا، خوایـان پـێ وەسـف کـراوە، ئنجـا دێتـە سـەر پێنجـی دیکـە:

﴿ هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْءَاخِرُ وَٱلظَّـٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ﴾، خـوا یەکەمـەو دوایەمـە، ئاشـکرایەو پەنهانە، ﴿ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾، هەروەهـا ئـەو بـە هەمـوو شـتێک زانایـە، ئـەم یەکـەم و دوایـەم و ئاشـکراو پەنهانـە، دوایـی ئێمـە لـە کورتـە باسـێکدا دەیانخەینـە ڕوو و دەیانکەینـە بابەتێکـی تایبـەت، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە (أوَّل) زانایان وایـان لێکداوەتەوە (أوَّل بِـلا بدايـة) و (آخـر) (آخِـر بِـلَا نِهَايـة)، خـوا یەکەمینـە بەبـێ سـەرەتاو، بـە بـێ دەسـتپێک و، دواهەمینـە بـە بـێ کۆتایـی و، خـوا ئاشـکرایە ﷻ بـێ ئـەوەی بکەوێتـە بـەر حوکمـە پێنـج هەسـتەکان و، پەنهانـە بـێ ئـەوەی عەقـڵ و دڵـەکان نەتوانـن بیناسـن و پێـی ئاشـنابن، هەڵبەتـە دوایـی فەرمایشـتی پێغەمبەریـش ﷺ لـەو بـارەوە دێنیـن و، تیشـکی زیاتـری دەخەینـە سـەر.

﴿ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾، ئەویـش بـە هەمـوو شـتێک زانایـە، کەواتـە: ئایـەتی یەکەم و دووەم، حـەوت سـیفەتیان گرتنـە خۆیـان، ئـەم ئایـەتی سـێیەمەش پێنـج (٥) ئـەوە دوازدە (١٢)، لـەو بیسـت (٢٠) سـیفەتەی گوتمـان، لـەم شـەش ئایەتـە موبارەکـەدا، بـۆ خـوای بـەرزی مـەزن خراونـە ڕوو.

﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ﴾، ئـەو کەسـێکە ئاسـمانەکان و زەوی لـە شـەش ڕۆژانـدا هێناونـە دی، (هُـوَ) ڕانـاوی نادیـارە، واتـە: (ئـەو) ئـەو خوایـەی باسـکرا ﷻ، (الَّـذِي): (إِسْمُ مَوْصُول) واتـە: ئـەو کەسـەی، یـان ئـەو زاتـەی، ﴿ خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ﴾، ئاسـمانەکان و زەوی هێناونـە دی و پەیـدای کـردوون، لە مـاوەی چەنـددا؟ ﴿ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ﴾ لـە مـاوەی شـەش ڕۆژانـدا، هیـچ گومـان لـەوەدا

نیە کە مەبەست لە: (أيَّام) ڕۆژەکانی هەفتە نین، وەک لە پەیمانی کۆندا هاتووە، گوایە خوا ﷻ لە ڕۆژانی (یەک شەمم و دوو شەمم و سێ شەمم و چوار شەمم و پێنج شەمم و هەینیی)دا، هەموو دروستکراوەکانی دروستکردوون، ئەوە شەش و، لە ڕۆژی شەممەشدا خوا پشووی داوە، ئەوە لە پەیمانی کۆندا هاتووە، بۆیە خوا ﷻ لە سوورەتی (ق)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ ﴾، وەک پێشتر تەفسیرمان کردوە، واتە: ئێمە ئاسمانەکان و زەوییمان بە شەش ڕۆژان هێناونە دی و، هیچ ماندوێتییمان تووش نەبوو.

چونکە دەستەڵاتی خوا بێ سنوورەو ڕەهایە، ئەوە نیە بگوترێ: ئەوەندەی پێ دەکرێ، بەڵام لەوە زیاتری پێ ناکرێ! هەر وەک زانیاریی خوا بێ سنوورە، ئەوە نیە بگوترێ: ئەوە دەزانێ، بەڵام لەوە زیاتر نازانێ! هەموو سیفەتەکانی خوا بێ سنوورو ڕەهان، بۆیە لەوێ خوا ﷻ بەرپەرچی ئەو بیرۆکەیەی داوەتەوە، کە هەم نەصرانییەکان و هەم جوولەکەکان، ئێستا پەیمانی کۆن بە کتێبی پیرۆزی خۆیان دەزانن و تەبەننییان کردوە، لە ڕاستیی دا خوا ﷻ ماندوێتیی تووش نابێ، لەبەر ئەوەی دەستەڵاتی خواو، توانای خواو، ویستی خواو، سیفەتەکانی خوا، هەموویان بێ سنوورو ڕەهان، کەواتە: مەبەست لە: (أيَّام)و (يَوْم)، ئەو ڕۆژەی بۆ ئێمە زانراو و باوە، بە دڵنیایی مەبەست ئەوە نیە، بە زۆر بەڵگان:

أ- یەکێک لە بەڵگەکان ئەوەیە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ ﴾، **الحج**، واتە: ڕۆژێک لەلای پەروەردگارت وەک هەزار ساڵە، لەوەی ئێوە دەیژمێرن، لەوێ هەزار (١٠٠٠) دەفەرموێ، لە سوورەتی (**معارج**)یشدا، دەفەرموێ: ﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾ ﴾، واتە: ڕووح و فریشتەکان لە ڕۆژێکدا بەرەو لای خوا بەرز دەبنەوە، کە ئەندازەکەی پەنجا هەزار (٥٠٠٠٠) ساڵە.

ب- وشەی (يَوْم) لە زمانی عەرەبییدا بە مانای کات دێ، یان ماوەیەک لە کات، چ زۆر و، چ کەم، بەڵام ئێمە خەڵکی سەر زەویین و بە پێی عورف و باوی خۆمان دەڵێین: ڕۆژ، ئەویش هەندێک جاران وشەی (يَوْم) تەنیا بۆ (نَهَار) بەکاردێنین، ئەو کاتەی ڕۆژ بەدەرەوەیەو، بۆ بەرانبەرەکەشی دەڵێین: (لَيْل)، (لَيْل وَنَهَار)، جاری واش هەیە (يَوْم) بۆ شەوو ڕۆژ بەکاردێنین، ئەگەرنا جاری وا هەیە دەگوترێ: (فِي يَوْم وَلَيْلة)، لە ڕۆژێک و لە شەوێک دا، بەڵام (يَوْم) لە بەکارهێنانی قورئاندا واتە: کاتی ڕەها، کەواتە: ﴿ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ﴾، بە شەش قۆناغ، شەش ماوەی کات، ئایا خوا ﷻ نەیدەتوانی گەردوون ئاسمانەکان و زەوی، بە (كُنْ فَيَكُون)ێک، بە چاوتروووکانێک بێنێتە دی؟ بێگومان با، ئەدی بۆچی وای خوڵقاندوون؟ خوا بۆ خۆی دەزانێ، سیستمەکەی وا داناوە، کە بەو شێوەیە خوا ﷻ ئەم گەردوونە بێنێتە دی.

﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾، دوایی خوا بەرز بۆوە، بۆ سەر عەرش و، چووە سەر عەرش و، نیشتەجێ بوو لەسەر عەرش، ئایا مەبەست لەوە چییە؟ دەبێ بڵێین: وەک بۆ خوا شایستەیە، یان وەک هەندێک لە زانایان گوتوویانە: تەئویل بکرێ، کە مەبەست لە: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾، واتە: خوا ﷻ هەرچی شتێک کە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، خستیە ژێر ڕکێفی خۆی و سەرپەرشتیی دەکات و، ئاگای لێیەتی، هەندێک لە زانایان وایان مانا کردوە، بەڵام پێم وایە، وا سەلامەتترە بڵێین: چوونە سەر عەرشی خوا، سیفەتی خوایە، هەروەک زانیاریی خواو، بەزەیی خواو، حیکمەتی خواو، دەستەڵاتی خواو، بینینی خواو، بیستنی خواو، فەرمایشتی خوا، ئەوانە هەموویان سیفەتی خوان، ئنجا چوونە سەر عەرشەکەشی یەکێکە لە سیفەتە کردەییەکانی خوا، وەک چۆن سیفەتەکانی دیکەی نازانین چۆنن؟ لەبەر ئەوەی هەمیشە (الصِّفَةُ فَرْعُ الذَّات)، سیفەت لقێکە لە زات، زاتەکە چۆن بێ، سیفەتەکەش وایە، ئنجا خوا ﷻ لە بارەی زاتی خۆیەوە دەفەرموێ: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴾ الشورى، واتە: هیچ شتێک وەک وی (خوا) نیە، بێگومانیش: ﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ﴾، یانی: هیچ شتێک وەک زات و سیفەتی خوا نیە، ئێمە نازانین زاتی خوا چۆنەو، سیفەتەکەشی هەر نازانین

چۆنـە، بۆیـە بەهیـچ شـێوەیەک نابـێ ئـەوە بێتـە زەینـی مرۆڤـەوە، کـە وەک چـۆن کەسـێک لەسـەر کورسـییەک دادەنیشـێ، ئـاوا خـوا چۆتـە سـەر عـەرش، چونکـە ئـەوە وێچواندنـە بـۆ خـوا، بـەڵام خـوا دەفەرمـوێ: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ﴾!

کـە بەداخـەوە - وەک جـاری دیکـەش باسـمانکردوە - هەندێـک لـە حەنبەلییەکان، ناڵێـم: (**أحمـد بـن حنبـل**) بـۆ خـۆی، بـەڵام هەندێـک لـە شـوێنکەوتووانی مەزهەبـی حەنبەلیـی، تووشـی جۆرێـک لـە وێچوانـدن و جەسـتاندنی خـوا بـوون و لـە کتێبەکانیانـدا هەیـە، لـە کاردانـەوەی ئەوەشـدا خەڵکێکـی دیکـە بـەولادا تێیـان پەڕانـدوەو، ویسـتوویانە هەمـوو سـیفەتەکان تەئویـل بکـەن، بـە جۆرێـک کـە دووریـان بخەنـەوە لـە وێچوانـدن و جەسـتاندن، کـە ئەگـەر ئـەوەی پێشـێ تێپەڕانـدن بـوو بـێ، ئەوەشـیان کورتهێنانـە، بۆیـە زانایـان بـۆ سـیفەتەکانی خـواو نـاوەکانی خـوا، بنچینەیەکیـان دانـاوە گوتوویانـە: (**إِثْبَاتٌ بِلَا تَشْبِيْه، وَتَنْزِيهٌ بِلَا تَعْطِيْل**)، چەسپاندنی سـیفەتەکانی خـوا بـە بـێ وێچوانـدن و، بـە پاکگرتنـی خـوا بـە بـێ لـێ داڕووتانـدن و پەکخسـتنی سـیفەتەکانی خـوا.

﴿يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِى ٱلْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا﴾، خـوا دەزانـێ ئـەوەی دەچێتـە نێـو زەوییـەوەو، ئـەوەی لێـی دەردەچـێ، ئـەوەی دەچێتـە نێـو زەوی، مـرۆڤ ئەگـەر بـە خەیاڵـی خـۆی بیهێنێتـە بـەر نیـگا، زۆر شـت دەچێتـە نێـو زەوی: ئـەو هەمـوو بـاران و بەفـرو تەزرەیـە، ئـەو هەمـوو دەنکـە دانەوێڵایـە، ئـەو هەمـوو ئێوکانـە، ئـەو هەمـوو تۆوانە، ئـەو هەموو پنجـە گیایانـە، ئـەو هەمـوو جەنازانـە، ئـەو هەمـوو شـتانە دەچنـە بـن و نێـو زەوی، ئـەو هەمـوو زیندەوەرانـە، ﴿وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا﴾ هەروەهـا ئـەوەی لـە زەوییـش دەردەچێ، دەیزانـێ: ئـەو هەمـوو کانیـی و سـەرچاوەو نـەوت و غـازو، ئـەو هەمـوو کانـزاو، ئـەو هەمـوو پنجـە گیـاو دارو درەخـت و زینـدەوەرو ... هتـدە، هەمـووی لـە زەویـدا دەردەچـێ. ﴿وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا﴾ هەروەهـا خـوا دەزانـێ هەرچـی لـە ئاسـمان و لەسـەرێ دادەبـەزێ، وەک جـۆرەکانی تیشـک و جـۆرەکانی ئـاو: بـاران و بەفـرو تـەرزەو، فریشـتەکان و، بەڵایـەکان کـە دادەبـەزن و، پارچـە ئەیزەکـەکان و بڵێسـەکان،

﴿ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ﴾ هەروەها خوا دەزانێ ئەوەی بە ئاسماندا بەرز دەبێتەوە، دیسان زۆر شت بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە: کردەوەی مرۆڤەکان، کردەوە چاکەکان و کردەوە خراپەکان، ڕووحی مرۆڤەکان کە بەرز دەبنەوە بەرەو ئاسمان، فریشتەکان کە دێنە سەر زەوی و بەرزدەبنەوە، ﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ﴾، ئەو (خوا) لەگەڵتانە لە هەر کوێیەک بن، لە هەر جێیەک بن، خوا لەگەڵتانە، واتە: بە دەسەڵات و بە زانیاریی خۆی لەگەڵتانە، هەڵبەتە هەندێک لە زانایانیش گوتوویانە: پێویست ناکات تەئویل بکرێ، بەدەسەڵات و زانیاریی، بەڵکو خوا لەگەڵمانە بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، کە دوایی زیاتر قسەی لێ دەکەین، بەڵام بێگومان خوا لە دەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، لەسەر عەرشی خۆیەتی، بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە، بۆیە لەگەڵدابوونی خوا، هەموو زانایان لەسەر ئەوەی یەکدەنگن کە دەبێ تەئویل بکرێ، واتە: بە زانیاریی و بە دەسەڵاتی لەگەڵتانە، نەک خوا ئێستا لێرەبێ.

﴿ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن، ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە دەبێ ئەوە تەئویل بکرێ، چونکە ئەگەر خوا لێرە بێ، پێویست ناکات، بفەرموێ: دەتانبینم، بەڵام خوا دەفەرموێ: دەتانبینم چی دەکەن! کەواتە: ئێستا لێرە نیە.

﴿ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ ﴾، جارێکی دیکەش دووبارەی دەکاتەوە، دەفەرموێ: حوکمڕانیی لە ئاسمانەکان و زەویدا تەنیا هی ئەوە، ﴿ وَإِلَى اللَّهِ تُرْجَعُ الْأُمُورُ ﴾، کاروبارەکانیش بەس بۆ لای خوا دەگێڕدرێنەوە.

﴿ يُولِجُ اللَّيْلَ فِي النَّهَارِ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ ﴾، شەوگار دەخاتە نێو ڕۆژگارەوە، واتە: لە شەوێ کەم دەکات و، لە ڕۆژێ زیاد دەکات و ڕۆژ درێژ دەبێ، ﴿ وَيُولِجُ النَّهَارَ فِي اللَّيْلِ ﴾، هەروەها ڕۆژگار دەخاتە نێو شەوگارەوە، لە ڕۆژێ وەردەگرێ و بە نێو شەوێدا دەکات و شەو درێژ دەبن، ﴿ وَهُوَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ ﴾، ئەو زانایە بە خاوەنی سینەکان، یاخود بە هاوەڵی سینەکان، مەبەست پێی ئەو نهێنیی و نیازو مەبەستانەن کە لە دڵەکاندا هەن، دڵەکانیش لەنێو سینەکاندان.

ئەمانە هەموویان بیست (٢٠) سیفەت بوون:

ئایەتەکانی: (١ - ٣)، **(١٢)**، سیفەت.

ئایەتی: چوارەم: (١٣ - ١٧):

١٣- خوا ئەو زاتەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژان دا و، بە شەش قۆناغ هێناونە دی.

١٤- دوایی چۆتە سەر عەرش.

١٥- دەزانێ چی دەچێتە نێو زەوی و، چی لێ دەردەچێ، چی لە ئاسمان دێتە خوارێ و، چی بەرەو لای بەرز دەبێتەوە.

١٦- خوا لەگەڵتانە لە هەر جێیەک بن.

١٧- خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن.

ئایەتی: پێنجەم: ١٨:

١٨- کاروبارەکان هەموویان بەرەو لای خوا دەچنەوە.

ئایەتی: شەشەم: (١٩و٢٠):

١٩- شەوێ بە نێو ڕۆژێدا دەکات و، ڕۆژێ بە نێو شەوێدا دەکات.

٢٠- ئەو زانایە بە هاوەڵانی، یان بە خاوەنانی سینەکان، کە نهێنییەکانن.

ئنجا لە تەوەری دووەمدا خوا فەرمان دەکات بە بڕواداران: ﴿ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ﴾، بڕوا بێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی و لەوەدا کە ئێوەی تێدا کردۆتە جێنشین، ببەخشن، ﴿ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَأَنفَقُواْ لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەتان کە بڕوایان هێناوەو، ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوە، پاداشتێکی گەورەیان هەیە.

﴿ وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ ﴾، چیتانە بڕوا بە خوا ناهێنن! ﴿ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ لِتُؤْمِنُوا بِرَبِّكُمْ ﴾، لە حاڵێکدا کە پێغەمبەر ﷺ بانگتان دەکات، تاکو بڕوا بە پەروەردگارتان بێنن، ﴿ وَقَدْ أَخَذَ مِيثَاقَكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، ئەگەر بڕوادارbن، پێشتریش پەیمانی لێوەرگرتوون، واتە: بەشێوەیەک خوڵقاندوونی کە پەروەردگاری خۆتان بناسن و پێی ئاشنا بن، کە مەبەست پێی ئەو حاڵەتە زگماکییەیە، خوا مرۆڤی لەسەر سروشتاندوە.

﴿ هُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبْدِهِ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ ﴾، خوا ئەو زاتەیە کە ئایەتە ڕۆشنەکان دادەبەزێنێتە سەر بەندەکەی خۆی (محمد)، ﴿ لِيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ﴾، تاکو ئێوە لە تاریکاییان دەرباز بکات بۆ ڕۆشنایی، ﴿ وَإِنَّ اللَّهَ بِكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خواش بەرانبەر بە ئێوە زۆر بە پەرۆشەو، زۆریش بە بەزەییە، بە پەرۆشە زیانتان لێ دووربخاتەوەو، بە بەزەییە قازانجتان بۆ بهێنێ، ﴿ وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ﴾، ئەوە چیتانە لە پێناوی خوادا، لە ڕێی خوادا نابەخشن! ﴿ وَلِلَّهِ مِيرَاثُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ﴾، میرات و پاشماوەی ئاسمانەکان و زەوی هی خوایە، سەرەنجام هەموو شتێک بەجێ دەمێنێ و دەچێتەوە بۆ لای خوا.

﴿ لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَلَ ﴾، یەکسان نین ئەوانەتان کە پێش فەتح، (پێش فەتحی مەککە یان صوڵحی حودەیبییە) ماڵی خۆیان بەخشیوەو، جەنگاون لەڕێی خوادا، یەکسان نین لەگەڵ ئەوانەی دوایی دا، ﴿ أُولَٰئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ الَّذِينَ أَنفَقُوا مِن بَعْدُ وَقَاتَلُوا ﴾، ئەوانە پلەیان مەزنترە لەوانەی دوایی ماڵی خۆیان لە ڕێی خوادا بەخشیوەو جەنگیان کردوە، ﴿ وَكُلًّا وَعَدَ اللَّهُ الْحُسْنَىٰ ﴾، بەڵام هەر کامێکیشیان خوا بەڵێنی پاداشتی هەرە باشی پێداوە، هەر کەسە بەپێی پلەو پێگەی خۆی، ﴿ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴾، خواش شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن.

لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿ مَّن ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ﴾، کێیە قەرزێکی باش بداتە خوا، ﴿ فَيُضَاعِفَهُ لَهُ وَلَهُ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴾، خواش بۆی چەند بەرانبەر بکاتەوە، (پاداشتەکەی)و پاداشتێکی پڕ ڕێزو حورمەت، یاخود پاداشتێکی زۆر نایاب و دانستەشی دەبێ!

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، خوا بە پاک دەگرێ، پاشان وەسفکردنی خوای بەرزو مەزن و بێ وێنە، بە بیست لە سیفەتە بەرزو پەسندو کردەوە بێ وێنەکانی:

خوا دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١﴾ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضِۖ يُحْيِۦ وَيُمِيتُۖ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢﴾ هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْءَاخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُۖ وَهُوَ
بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٣﴾ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِۚ يَعْلَمُ
مَا يَلِجُ فِي ٱلْأَرْضِ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَاۖ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْۚ وَٱللَّهُ
بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴿٤﴾ لَّهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۚ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ ﴿٥﴾ يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِي ٱلنَّهَارِ
وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيْلِۚ وَهُوَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ ﴿٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست بڕگەدا:

١)- ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، پاکیی بۆ خوا دەربڕی، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە، (تَسْبِيح) ئێمە دوایی لە کورتە باسێکدا باسی بە پاکگرتنی خوا لەلایەن دروستکراوەکانیەوە (تسْبِيحُ الله مِنْ قِبَلِ مَخْلُوقَاتِهِ) دەکەین، بەڵام لێرەدا هەر بە کورتیی دەڵێین: (التَّسْبِيح: التَّنْزِيْهُ، وَاللَّامُ للتَّبْيِين، وَفَائِدَتُهَا زِيَادَةُ بَيَانِ ارْتِبَاطِ الْمَعْمُولِ بِعَامِلِهِ، لِأَنَّ فِعْلَ التَّسْبِيحِ مُتَعَدٍّ بِنَفْسِهِ)، (تَسْبِيح): بریتیە لە بە پاکگرتن و بێ خەوشیی پێشاندان، لام (ل)ەکەی خراوەتە سەر (الله) (سَبَّحَ لله)، بۆ ڕوونکردنەوەیە، ڕوونکردنەوەی ئەوە کە بەرکارەکە زیاتر پەیوەستە بە بکەرەکەیەوە، چونکە وشەی (سَبَّحَ) بۆ خۆی بەرکار

دەخوازێ و پێویستیی بە پیتێک نیە، (سَبَّحَ الله) خوای بەپاککرت، بەڵام (سَبَّحَ لِلهِ) مانای بە پاکگرتنەکە لە لایەن دروستکراوەکانی خواوە، بەهێزتر دەکات و تۆختری دەکاتەوە، وەک: (شَكَرْتُه) واتە: سوپاسم کردو، (شَكَرْتُ لَهُ) سوپاسم بۆ کرد، ئەمە (ل)ە، هەم مانایەکەی بەهێزتر دەکات، هەم یانی: ئەو شتەم بە تایبەت بۆ ئەو کرد، هەروەها وەک: (نَصَحْتُهُ) واتە: دڵسۆزییم بۆ نواند، (نَصَحتُ لَهُ) دڵسۆزییم بۆ ئەو نواند.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، هەرچـی لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا هەیـە، بـە پاکگرتنـی بـۆ خـوا ڕاگەیانـد، وشـەی (مَـا): (مَـا: اسْـمُ مَوْصُـولٍ يَعُـمُّ الْعُقَـلَاءَ وَغَيْرَهُـمْ، أَوْ هُـوَ خَـاصٌّ بِغَـيْرِ الْعُقَـلَاءِ، فَجَـرَى هُنَـا عَـلَى التَّغْلِيـبِ)، (مَـا): نـاوی مەوصوولـە خـاوەن هـۆش و ئەوانـەش کـە هۆشـدار نیـن دەیانگرێتـەوە، (وەک مـاددەی بـێ ژیـان و ڕووەک و ... هتـد) یاخـود (مَـا) لێـرەدا هـەر مەبەسـت پێـی ئەوانەیـە کـە خـاوەن هـۆش و عەقـڵ نیـن، واتـە: دروسـتکراوەکان جگـە لـە فریشـتەو جنـدو مـرۆڤ، {کـە بـە پێـی زانیاریـی ئێمـە، بـەس ئـەو سـێ جـۆرە دروسـتکراوەی خـوا، خـاوەنی هـۆش و عەقـڵ و هەسـتن} بـەڵام لێـرەدا ئەوانـەی خـاوەن هـۆش و عەقـڵ نیـن، زاڵکـراون بەسـەر ئەوانـەدا کـە خـاوەن هـۆش و عەقڵـن، {لەبـەر ئـەوەی ژمـارەو ئەنـدازەو قەبـارەی ئـەو جـۆرە دروسـتکراوانە، دروسـتکراوە بـێ عەقـڵ و بـێ هەسـت و هۆشـەکان، زیاتـرە لەوانـی دیکـە} هـەردوو ڕێیەکـە گونجـاون.

٢- ﴿وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ ئەو (خوا) زاڵی کارزانە، باڵادەستی کاربەجێیە.

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، سیفەتی یەکەمـی خـوا، ئەوەیـە کـە هەرچـی لە ئاسـمانەکان و زەویـدا هەیـە، هەرچـی دروسـتکراوەکانی خـوان، بەسـەرو خـوارەوە، هەمـووی پاکیـی و بـێ خەوشـیی بـۆ خـوا ڕادەگەیەنـێ.

سـیفەتەکانی دووەم و سـێیەم: ﴿وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾، ئـەو زۆر باڵادەسـت و زاڵـەو زۆریـش خـاوەن حیکمەتـە، (الْحَكِيـمُ) ئـەو زاتـەی خـاوەن حیکمەتـە، حیکمەتیـش واتـە: کارامەیـی و دانایـی و کاربەجێیـی، هەندێـک حیکمەتیـان ئـاوا پێناسـە کـردوە: دانـانی هـەر شـتێک لـە شـوێنی خۆیـداو، هەندێکـی دیکـە وایـان پێناسـە کـردوە:

(الإِصَابة بِالْعِلْمِ وَالعَمَل)، هەم لە ڕووی زانیارییەوە مرۆڤ بپێکێ و، هەم لە ڕووی کردەوەوە، زانیارییەکەی ڕاست و دروست بێ و، ڕەفتارو کردەوەکەشی پڕ بە پێست و بەجێ بێ، ئەمە سێ سیفەت.

٣- ﴿ لَهُۥ مُلْكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، حوکمڕانیی و موڵکی ئاسمانەکان و زەوی هەمووی هی ئەوە، (مُلْك): لە زمانی عەرەبییدا بە مانای دەسەڵات و حوکمڕانیی و دەستکراوەیی لە هەڵسوکەوتدا دێ (المُلْك التَّصَرُّفُ فِي الشَّيء) (ملك) بریتیە لە کۆنترۆڵکردن و بەکارهێنانی هەر شتێک و دەستتێوەردانی هەر شتێک، (الطبري) ئاوای مانا کردوە: (لَهُ سُلْطَاتُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ ، وَلَا شَيْءَ فِيهِنَّ يَقْدِرُ عَلَى الإِمْتِنَاعِ مِنْهُ، وَهُوَ فِي جَمِيعِهِمْ نَافِذُ الأَمْرِ، مَاضِي الحُكْم)[1]، واتە: دەسەڵاتەکانی ئاسمان و زەوی و هەر شتێک کە تێیاندا هەیە، هی خوایە ﷻ، هیچ شتێکیان تێدانیە بتوانێ لێی لامل ببێ و، ئەو (خوا ﷻ) لە هەموویاندا فەرمان و بڕیاری جێبەجێ کراوە، ئەمەش سیفەتی چوارەم.

٤- سیفەتی پێنجەم و شەشەم: ﴿ يُحْيِۦ وَيُمِيتُ ﴾، دەژیەنێ و دەمرێنێ، یان ژیان بەبەردا دەکات و ژیانیش وەردەگرێتەوەو دەمرێنێ، (الإِحْيَاءُ وَالإِمَاتَة: إِعْطَاءُ الحَيَاة وَسَلْبُهَا)، بەخشینی ژیان و وەرگرتنەوەی ژیانە.

ئنجا ئایا ئەو ژیاندن و مراندنە، چۆنن؟ خوا ﷻ ئەو هەموو فریشتانەی ژیان پێداون، جندی ژیان پێداون لە پێش مرۆڤدا، دوایی مرۆڤیشی دروستکردووەو ژیانی پێداوە، پاشان ئەو هەموو ڕووەک و دارو درەختە، ئەو هەموو ژیاندارانەی دیکە، هەر لە ئەمیبایەکەوە بگرە هەتا فیل و کەرگەدەن و نەهەنگی شین، کە نەهەنگی شین گەورەترین ژیانداری دەریاییەو، فیل گەورەترین ژیانداری وشکانییە، هەموو ئەوانە بە وردو درشتەوە، خوا ژیانی پێداون و، هەمووشیان دەمرێنێ و ژیانیشیان لێ وەردەگرێتەوە.

٥- سیفەتی حەوتەم: ﴿ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴾ هەروەها لەسەر هەموو شتێکیش توانایە، یانی: تەنیا ئەوە نیە کە خوا ﷻ حوکمڕانیی ئاسمانەکان و زەوی بە دەست بێ

---

(١) جامع البيان: ج٢٧، ص(٢٢٣).

و، بژیەنێ و بمرێنێ، بەڵکو لەسەر هەموو شتێکیش بە توانایە کە بیەوێ، واتە: گشتییتر لە ژیاندن و مراندن و، گشتییتر لە حوکمڕانیی کردن و بەڕێوەبردن لە ئاسمانەکان و زەویدا، لە گەردیلەوە تاکو کاکێشان، فراوانتر لەوەو گشتییتر لەوەش، خوا ﷻ هەر شتێکی بیەوێ، تواناداره بەسەریدا، بەبێ سنوور و بە ڕەهایی.

(إِبْنُ عَجِيْبَة)، لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1] قسەیەک لە (الوَرْتَجِبِي)ەوە دێنێ، کە یەکێکە لە زانایان و لەوانەی بە خواناسییدا زیاتر قوڵ بوونەوە:

(قَالَ الوَرْتَجِبِي: ذَكَرَ اللهُ سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى مُلْكَهُ عَلَى قَدَرِ أَفْهَامِ الخَلِيقَة، وَإِلاَّ فَأَيْنَ السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ مِنْ مُلْكِه، وَالسَّمَوَاتُ وَالأَرَضُوْن فِي مَيَادِيْن مَمْلَكَتِه أَقَلُّ مِنْ خَرْدَلَةٍ! لِمَا عَلِمَ عَجْزَ خَلْقِهِ عَن إِدْرَاكِ مَا فَوْقَ رُؤْيَتِهِمْ، ذَكَر أَنَّ مُلْكَ السَّمَوَات وَالأَرْض مِلْكُ قُدْرَتِه الوَاسِعَة، الَّتِي إِذَا أَرَادَ اللهُ إِيْجَادَ شَيء، يَقُوْل: كُنْ فَيَكُون بِقُدْرَتِهِ، وَلَيْسَ لِقُدْرَتِه نِهَايَةٌ، وَلَا لِإِرَادَتِه مُنْتَهَى).

واتە: خوا پاکیی بۆ وی، موڵکی خۆی و حوکمڕانیی خۆی، بەپێی تێگەیشتنی دروستکراوەکانی باسکردوە، ئەگەرنا ئاسمانەکان و زەوی لە موڵکی خوادا چیین؟ ئاسمانەکان و زەوی لە مەیدانی موڵکی خوادا لە دەنکە خەرتەلەیەک گچکەترن، بەڵام لەبەر ئەوەی خوا ﷻ دەزانێ کە دروستکراوەکان لەوەی دەیبینن، زیاتر ناتوانن ئیستیعاب بکەن، بۆیە باسی ئەوەی کردوە کە موڵکی وی، حوکمڕانیی وی، ئاسمانەکان و زەوی گرتوونەوەو، ئاسمانەکان و زەوی لە ژێر ڕکێفی دەستەڵاتی ئەودان، ئەگەرنا دەستەڵاتی فراوانی خوا ﷻ، کە هەر کاتێ بیەوێ شتێک دروست بکات و پێی بفەرموێ: ببە یەکسەر دەبێ و، دەستەڵاتی خواو توانای خوا سنوورێکی نیە، هەروەها ویستی خوا کە بیەوێ هەر شتێک بێنێتە دی، کۆتاییەکی نیە.

دەڵێم: نەک هەر لەم مەسەلەیەدا، بەڵکو لە هەموو بوارەکانی دیکەدا، خوا ﷻ لە قەدەر عەقڵی ئێمەو بەپێی توانای ئێمە، دەماندوێنی، ئەگەرنا گومانی

---

(١) البحر المديد في تفسير القرآن المجيد، ج٧، ص: ٣٠٩.

تێدانیە کە زانیاریی و تواناو سیفەتەکانی دیکەی خوا ﷻ، زۆر لەوە فراوانترن کە بۆی خستووینە دوو توێی فەرمایشتەکەیەوە، چونکە زانیاریی و توانای خوا بێ سنوورن، سیفەتەکانی خواو، ناوە بەرزو پەسندەکانی خوا، بێ سنوورن، وەک لە فەرمایشتی پێغەمبەریشدا ﷺ هاتوە، کە دەفەرمویٚ:

{«أَللّهُم» أَسْأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ، أَوْ أَنْزَلْتَهُ فِي كِتَابِكَ، أَوْ عَلَّمْتَهُ أَحَدًا مَنْ خَلْقِكَ، أَوِ اسْتَأْثَرْتَ بِهِ فِي عِلْمِ الْغَيْبِ عِنْدَك، أَنْ تَجْعَلَ الْقُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي، وَنُورَ صَدْرِي، وَجِلاَءَ حُزْنِي، وَذَهَابَ هَمِّي}، (أخرجه أبو يعلى كما في مجمع الزوائد (١٨٦/١٠) قال الهيثمي: رجاله رجال الصحيح غير أبي سلمة الجهني، وقد وثقه ابن حبان، وابن حبان: ٩٧٢، قال شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح).

واتە: ئەی خوایە! لێت دەپاڕێمەوە بە هەر ناوێک کە هی تۆیە، خۆت پێ ناوناوە، یان لە کتێبێکەت دا دابەزاندوە، یان یەکێک لە دروستکراوەکانی خوتت فێر کردوە، یاخود لە زانیاریی پەنهانی خۆتدا هەڵتگرتوە، کە قورئانی مەزن بکەیە بەهاری دڵم و، ڕووناکیی سینەم و، مایەی لاچوونی خەم و خەفەتم.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی پێنج سیفەتی دیکە، دوای ئەو حەوت سیفەتەی ڕابردن:

٦- ﴿هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْآخِرُ﴾، ئەو یەکەمینەو دوامینە، سەرەتاو کۆتاییە، ئێمە دوایی وەک چۆن لە بارەی: بە پاککرتنی دروستکراوەکانەوە بۆ خوا، کورتە باسێک دەکەین ، لە بارەی ئەو چوار ناوو سیفەتەی خوا پەروەردگاریشەوە: ﴿ٱلْأَوَّلُ وَٱلْآخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ﴾، کورتە باسێک دەکەین و، تیشکی زیاتریان دەخەینە سەر، خوا ﷻ خۆی وا پێناسە دەکات دەفەرموێ: ئەو یەکەمەو کۆتاییە، (الأوَّل) بریتیە لە شتێک کە دەستپێکی نەبێ، بۆیە زانایان گوتوویانە: (أَوَّل بِلَا بِدَايَة)، خوا یەکەمە، بەڵام بەبێ دەستپێک، (وَآخِر بِلَا نِهَايَة)، خوا کۆتاییە بەڵام بەبێ ئەوەی تەواو ببێ.

٧- ﴿وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلۡبَاطِنُ﴾، (خوا) ئاشکرایەو پەنهانە، ئاشکرایە، ئەگەر بە عەقڵ و دڵ بۆی بڕوانی، بەڵام پەنهانە، ئەگەر بە پێنج هەستەکان بۆی بگەڕێی، خوا لەوە بەرزترە کە بکەوێتە بەر ڕکێفی شەداو و چراو تۆڕی پێنج هەستەکان، پێنج هەستەکان لە قەدەر خۆیان دەرکی شتەکان دەکەن، عەقڵیش لە قەدەر خۆی دەرکی شتەکان دەکات، دڵیش لە قەدەر خۆی و، وەحییش بە ئەندازەی خۆی، وەک هەم لە کتێبی: (خواناسیی، ئایین، ئیمان: درەوشاوەیی ئیسلام و پووچەڵی ڕێچکان)دا، هەم لە مەوسووعەی: (درەوشاوەیی ئیمان و پووچەڵیی ئیلحاد، لەبەر ڕۆشنایی زگماک و عەقڵ و زانست و وەحییدا)، باسمانکردوە، کە مرۆڤ چەند ڕێیەکی هەن بۆ دەرککردنی شتەکان، سادەترین ڕێگاو سەرەتاییترینی بریتیە لە ڕێگای پێنج هەستەکان: دیتن و، بیستن و، بۆنکردن و، تامکردن و، دەست لێدان، بەو پێنج هەستانە مرۆڤ دەتوانێ مامەڵە بکات لەگەڵ شتە ماددیی و بەرهەستەکاندا، دوای ئەوەش مرۆڤ عەقڵی هەیە، هەندێ شت هەیە بە پێنج هەستەکان دەرک ناکرێ، بۆ وێنە: من دەزانم ئەم موصحەفە لە دوو تووێی دا سەدو چواردە (١١٤) سوورەت هەن، کە زانایان دابەشیان کردوە بۆ سی (٣٠) بەش و پێی دەگوترێ: قورئان، بەڵام بە چاو بەس بەرگەکەی دەبینرێ و، بە هەستەکانی دیکەش ئەوە نازانرێ، بەڵام بە عەقڵ دەزانین کە لە نێو ئەو دوو بەرگەدا، ئەو کۆتا فەرمایشتەی خوا هەیە دایبەزاندوەو لە (١١٤) سوورەت و لە(٦٢٣٦) ئایەت و لە (٧٧٤٣٩) وشە و لە (٣٢١١٨٠) پیت پێک دێ، ئا ئەوە بە عەقڵ دەزانرێ، ئنجا لە سەرووی عەقڵیشەوە، وەحیی هەیە، ئیلهامیش کە خورپەو خرانە نێو دڵی پێدەگوترێ، هەر جۆرێکە لە وەحیی، کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)و مرۆڤەکانی دیکە تێیدا بەشدارن، بەڵام وەحیی تایبەتە بە پێغەمبەرانەوە، واتە: هەندێک شت هەیە بە عەقڵیش دەرک ناکرێ، خوا چەند ناوی هەن؟ چەند سیفەتی هەن؟ چۆن لەگەڵ خوادا مامەڵە بکەین؟ ئەم ژیانە کۆتاییەکەی چۆنە؟ قیامەت چۆنە؟ ئەوانە دەبێ وەحیی پێمان بڵێ.

ئێمــە ئەوەنــدە دەزانیــن: بــوونی خــوا ســەرەتای نیــە، هەروەهــا خــوا ﷻ بوونەکەی کۆتایی نیـە، ئنجا خـوا ﷻ ئەگـەر بـە چاوی عەقڵ و دڵ بـۆی بـڕوانی، زۆر ئاشـکرایە، (وَفِـي كُلِّ شَيءٍ لَـهُ آيَةٌ ... تَـدُلُّ عَلَى أَنَّـهُ وَاحِـدُ)، لـە هەمـوو شـتێکدا نیشـانەیەکی هەیـە، ئـەوە دەگەیەنـێ کـە خـوا تاکـە، بـەڵام ئەگـەر بـە چـاوی سـەر بـۆی بـڕوانی، پەنهانـەو نابینـرێ و هەسـتی پـێ ناکـرێ، هـەر بۆیـە هەمـوو ئەوانـەی سـەریان لـە ئیلحـادەوە دەرچـووە، ئەوانـە بـوون کـە ویسـتوویانە بـە چـاوی سـەر بـۆ خـوا بگەڕێـن، بـەڵام نـەک خـوا ﷻ بگـرە زۆرێـک لـە دروسـتکراوەکانی خـواش، ئەگـەر بـە چـاوی سـەر بۆیـان بگەڕێـی، نایەنـە بـەر دیـدەت و، نایەنـە بەرگوێـت و، نایەنـە بـەر تفنکـت بۆنیـان بکـەی و، نایەنـە بـەر زارت تامیـان بکـەی و، نایەنـە بـەر دەسـتت لەمسـیان بکـەی، بـۆ وێنـە:

أ -هێزی ڕاکێشان کە ئەم گەردوونەی هەموو پێکەوە بەستوە.

ب- ڕووح کە لەنێو دوو تەنیشتەکانی خۆماندا هەیە.

ج- هەروەها جند کە دروستکراوێکی تایبەتی خوان و لە ئاگر دروستی کردوون.

د- فریشتەکان، ئنجا ئەگەر کەسێ مولحید بێ و بڵێ: بڕوام بەو شتانەش هەر نیە، بەڵام بێگومان بڕوای بە هێزی ڕاکێشان هەیە، هێزی ڕاکێشان (قوة الجاذبية) تامی، بۆنی، ڕەنگی، قەبارەی، دەنگی، هیچیانی دیار نیە، ئەدی چۆن دەزانین هەیە؟! بەهۆی شوێنەوارەکانیەوە.

هەروەهــا هــەرکام لــە: تیشــکی گەردوونیــی و، تیشــکی ژێــر ســوورو، تیشــکی ســەرووی وەنەوشــەیی و، هــەر خــودی گەردیلــە، کــە یەکــەی دروســتبوونی ماددەیــەو، گەردیلـە چـۆن دەزانیـن هەیـە؟ تەنیـا لەڕێـی شـوێنەوارەکانیەوە، ئنجا ئایـا خـوا ﷻ شــوێنەواری زۆری دیــار نیــن؟ ئەگــەر بــە شــوێنەوارەکان بزانیــن گەردیلــە هەیــەو، هێــزی ڕاکێشــان هەیــەو، چــی هەیــەو چــی هەیــە، ئایــا خــواش شــوێنەواری زۆری نیــن؟ بێگومــان هەرچــی هەیــە، هەمــووی شــوێنەواری خوایــە ﷻ.

٨- ﴿ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴾، خوا بە هەموو شتێک زانایە، ئەمەش پێنج سیفەتی دیکە، لەگەڵ حەوتەکەی پێشێ، ئەوە دوازدە (٧ + ٥ =١٢) ئنجا دێتە سەرخستنەڕووی سیفەتی سێزدەیەمی خوا:

٩- ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ﴾ (خوا) ئەو کەسەیە (واتە: خوایەک کە باسکرا ﷻ ئەو زاتەیە) کە ئاسمانەکان و زەوی لە شەش ڕۆژاندا هێناونە دی، پێشتریش باسمانکرد، شەش ڕۆژ، واتە: شەش قۆناغ لە کات، شەش ماوە لە کات، چونکە (يَوْم) لە زمانی عەرەبییدا بە مانای ماوەیەک لە کات دێ، ئێستا کە ئێمە دەڵێین: (يَوْم) مانای بیست و چوار سەعات دەگەیەنێ، واتە: سووڕێکی زەوی بە دەوری خۆیدا لە بەرانبەر خۆردا، کە دیوێکی شەوەو دیوێکی ڕۆژەو، بەشێوەی هاوکۆ (**معدّل**) شەوو ڕۆژ یەکی بۆ (١٢) بە (١٢)ساعات دابەش دەبن و، بە هەردووکیان بیست و چوار (٢٤) سەعات، وێڕای ئەوە (یوم) چەند واتایەکی دیکەشی هەن، بۆ وێنە:

أ- ﴿ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ ﴾**الحج**، واتە: ڕۆژێک لەلای پەروەردگارت هێندەی هەزار (١٠٠٠) ساڵ لەوەیە کە ئێوە دەیژمێرن.

ب- بەڵکو ڕۆژی (٥٠،٠٠٠) ساڵییش هەیە لە لای خوا: ﴿ تَعْرُجُ ٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾ ﴾، **المعارج**، واتە: فریشتەکان و جبریل بۆ لای خوا بەرز دەبنەوە لە ڕۆژێکدا کە ئەندازەکەی (٥٠،٠٠٠) ساڵە.

ج- لە زمانی عەرەبییدا باوە: (**يَوْمٌ لَكَ وَيَوْمٌ عَلَيْكَ**) ڕۆژێک بۆ تۆ ڕۆژێک لە دژی تۆ، واتە: بە زیانی تۆ، ڕۆژێ لە قازانجتەو ڕۆژێ لە زیانتە، ڕۆژێک هاتتەو ڕ وژێک نەهاتتە، کە مەبەست ئەوە نیە یەک ڕۆژی دیارییکراو بێ، یانی: کاتێک.

د- هەروەها خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَيَّامُ نُدَاوِلُهَا بَيْنَ ٱلنَّاسِ ﴿١٤٠﴾ ﴾**آل عمران**، واتە: ئەو ڕۆژانە دەستاو دەستیان پێ دەکەین لە نێوان خەڵکیدا، ئەو ڕۆژانە مەرج نیە، ڕۆژانێکی دیارییکراوبن، واتە: ئەو کاتانە، کاتێک دەبێ فڵان دەوڵەتە سەردەکەوێ و، ئەوی دیکە لە بەرانبەریدا تێکدەشکێ، جارێکی دیکە ئەخێر تێکشکاوەکە هەڵدەستێتەوەو، ئەوەی دیکە تێکدەشکێ و هەروەها.

١٠- ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾، {ئەمەش سیفەتی چواردەیەمیەتی} دوایی خوا چووە سەر عەرش، عەرش ئەوەی ئێمە دەیزانین یانی: تەختێک کە حوکمڕانان لەسەری دانیشتوون، وەک لە سوورەتی (النمل)دا، خوای پەروەردگار لە باسی مەلیکەی (سبأ)دا، کە (هود هود) بۆ (سُلَيْمَان) ی باس دەکات ، فەرموویەتی :﴿ إِنِّي وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ ﴿٢٣﴾ ﴾، من ئافرەتێکم دۆزییەوە ﴿ تَمْلِكُهُمْ ﴾ پادشادیانەو شا ژنیانەو، لە هەموو شتێکی پێدراوە (کە بۆ حوکمڕانییکردن پێویست بێ) ﴿ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ ﴾، تەختێکی مەزنیشی هەیە (لەسەری دادەنیشێ بۆ حوکمڕانیی).

ئنجا ئایا کە خوا دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾، (اسْتَوَى) بە مانای: (إرْتَفَع،عَلَى، اسْتَقَرَّ)، زانایان بەو سێ وشەیە مانایان کردوە، واتە: بەرز بووەوە، چووە سەری، نیشتەجێ بوو.

أ- ئایا ئەمە تەعبیرێکی ڕەمزییە، وەک چۆن حوکمڕانێک کە دەچێتە سەر تەختی حوکم، مانای وایە ئەو وڵاتە دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، واتە: خوای بەرزیش گەردوونی خستە ژێر ڕکێف و چاودێریی و سەرپەرشتیی خۆیەوە، دوای ئەوەی بە شەش قۆناغ هێنایە دی، ئنجا دەستیکرد بە سەرپەرشتییکردن و مشوورخواردن و بەڕێوەبردنی، ئایا مەبەست پێی ئەوەیە؟ یانی: (تَمْثِيلٌ لِلمُلْكِ)، وەک بەشێک لە زانایان وایان لێکداوەتەوە، کە مەرجیش نیە ئەوە بەو مانایە بێ و ئەو تەئویلە بێ کە ڕەتکراو (مرفوض)ە، چونکە خوا ﷻ هەندێک تەعبیری لە قورئاندا بەکارهێناون بۆ تێگەیاندنی ئێمە، بۆ وێنە: لە باسی درەختی زەققووم دا دەفەرموێ: ﴿ طَلْعُهَا كَأَنَّهُۥ رُءُوسُ ٱلشَّيَٰطِينِ ﴿٦٥﴾ ﴾الصافات، واتە: میوەکەی وەک سەری شەیتانانە، بێگومان هیچ کەس سەری شەیتانانی نەبینیوە، بەڵام لێرەدا خوا ﷻ لەگەڵ خەیاڵ و ئەندێشەی ئێمەدا قسە دەکات و، دەزانێ لە خەیاڵ و ئەندێشەی هەموو مرۆڤەکاندا، سەری شەیتان شتێکی دزێوو ناقۆڵایە، لێرەشدا بۆ وێنە (إبن عاشور) کە زانایەکی بەرجەستەشە هەر ئەو ڕایەی هێناوەو دەڵێ: (تَمْثِيل للملك)، ئەوە وێناکردنە بۆ حوکمڕانیی خوا.

ب- یاخود چوونە سەر عەرش و بەرزبوونەوە بۆ سەر عەرش، سیفەتێکی خوای بەرزە کە ئێمە نازانین چۆنە! من تاکو ئێستا ئەو ڕایەم زیاتر تەبەننیی کردوە، هەم لەم تەفسیرەدا، هەم لە کتێبەکانی خۆمدا بۆ وێنە: لە مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا)، چونکە خوا ﷻ لە حەوت شوێن لە قورئاندا، ئەم چوونە سەر عەرش و بەرزبوونەوە بۆ سەر عەرشی خۆی، دووبارە دەکاتەوە، بەڵام تەنیا دەبێ ئاگامان لەوە بێ، چ گومان: ﴿ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ﴾ ١- بە مانای چووە سەرێ و، ٢- چ گومان: بە مانای بەرزبۆوەو، ٣- چ گومان: یانی سەقامگیر بوو، لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا دەبێ بڵێین: بەدڵنیایی ئەو چوونە سەر عەرش و بەرزبوونەوەو سەقامگیربوونەی خوا لەسەر عەرش، بەو واتایە نیە کە دێتە زەینی ئێمەوە، کە کەسێک لەسەر تەختێک دابنیشێ!! هیچ گومانی تێدا نیە، ئەوە نابێ بەهیچ شێوەیەک لە زەینماندا هەبێ، نەک هەر بۆ ئەمە، بۆ هەموو سیفەتەکانی دیکەی خواش ﷻ، چونکە خوا دەفەرموێ: (**لیس کمثله شیئ**) هیچ شتێک وەک خوا نیە، کەواتە: هەموو سیفەتەکانی خواش وەک خوان و، کردەوەکانی خواش تایبەتن بە خواوە ﷻ.

ئنجا خوا سیفەتی پازدەیەمی خۆی باس دەکات:

١١- ﴿ يَعْلَمُ مَا يَلِجُ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾ (خوا) دەزانێ چی دێتە نێو زەوی.

١٢- ﴿ وَمَا يَخْرُجُ مِنْهَا ﴾ هەروەها چیش لە زەوی دەردەچێ.

١٣- ﴿ وَمَا يَنزِلُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ ﴾ هەروەها چی لە ئاسمان و لەسەرێ دادەبەزێ.

١٤- ﴿ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ﴾ دیسان چیش بەرز دەبێتەوە بەرەو سەرێ، بەرەو ئاسمان.

بێگومان ئەم وەصفەی خوا بیرو خەیاڵی مرۆڤ زۆر فراوان دەکات و بە زۆر شوێنیدا دەبات، تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت: خوا هەموو ئەو شتانە دەزانێ کە دەچنە نێو زەوی، چی دەچێتە نێو زەوی ؟

١- هەر تنۆکە ئاوێک لە باران و بەفرو تەزرە، هەر دڵۆپەیەکی ئاوو، هەر دەنکێکی تەزرەو، هەر کەلوێکی بەفر، کە دەبارێ و دەچێتە نێو زەوی، خوا دەیزانێ.

٢- پاشان هەر دەنکە تۆوێک، ئنجا دەنکە تۆوەکە، گەنم بێ، جۆ بێ، هەرزن بێ، برنج بێ، نیسک بێ، نۆک بێ، ماش بێ، ماشی ڕەش و سپی، فاسۆلیا بێ، هەرچی دەنکە، هەمووی خوا دەیزانێ.

٣- هەرچی نێوکە، وەک نێوکە قەیسیی، نێوکە خورما، نێوکە بادەم، نێوکە خۆخ، هەموو ئەوانەی نێوکەکەیان دوایی دەبێتە نەمام و درەختەکەیان.

٤- هەرچی زیندەوەرە بە هەموو جۆرەکانیانەوە.

٥- پاشان هەرچی جەنازەی مرۆڤانە.

٦- هەرچی شتی دیکەیە کە دەچێتە نێو زەوی، خوا ﷻ هەمووی دەزانێ.

هەروەها هەرچی لە زەوی دێتە دەرێ:

١- هەر نەمامێک کە لە زەوی دێتە دەرێ.

٢- هەر چەقەرە گیاییەک کە دێتە دەرێ.

٣- هەر کانزایەک کە دێتە دەرێ.

٤- هەر بەرمیلە نەوتێک کە دەری دێنن.

٥- هەر بەرمیلە غازێک کە دەریدێنن.

٦- هەر خەڵوزێکی بەرد کە دێتە دەر.

هەرچی لە زەوی دێتە دەر، خوا ﷻ هەمووی دەیزانێ.

دیسان هەرچی لە ئاسمانیش دێتە خوار:

١- لە هەموو جۆرەکانی تیشک.

٢- ئاویش بە هەر سێ جۆری: باران و بەفرو تەزرەوە.

٣- فریشتەکان کە دێنەخوار.

٤- وەحیی کە دادەبەزێ.

٥- هەرچی بلێسەیەو لە شەیتانەکان دەگیرێن.

٦- هەرچی ئەیزەکە کە دێتەخوارو بەرەو بەرگە هەوای زەوی دێ و، بەرگە هەوا دەیسووتێنێ بۆ ئەوەی زیانمان پێ نەگەیەنێ، کە زانایان دەڵێن: بە شێوەی هاوکۆیی و گشتیی لە شەوو ڕۆژێکدا یەک ملیۆن پارچە بەرد بەرەو بەرگە هەوای زەوی دێ، بەڵام بەرگە هەوا دەیانسووتێنێ، بۆیەش خوا لە بارەی ئاسمانەوە دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا (٣٢) ﴾الأنبياء، واتە: ئاسمانمان کردوە بە بانێکی پارێزراو، ئاسمان خۆیشی پارێزراوەو کون نابێ و پارێزەریشە بۆ ئێمە.

هەرچی لە ئاسمان دادەبەزێ، خوا هەمووی دەزانێ.

﴿ وَمَا يَعْرُجُ فِيهَا ﴾ هەروەها هەرچی بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، خوا دەیزانێ:

١- فریشتەکان.

٢- ڕووحەکان کە دەکێشرێن.

٣- کردەوەکان: کردەوەی چاک و کردەوەی خراپ.

٤- هەرچی کە بەرز دەبێتەوە بەرەو سەرێ و بەرەو ئاسمان، خوا هەمووی دەزانێ.

١٥- سیفەتی شازدەیەم: ﴿ وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ ﴾، ئەو لەگەڵتانە لە هەر کوێیەک بن، زۆربەی هەرە زۆری زانایان، ئەگەر نەڵێم تێکڕایان ڕایان وایە ئەم ئایەتە دەبێ تەئویل بکرێ، واتە: نابێ ڕواڵەتەکەی وەربگیرێ، خوا لەگەڵتانە لە هەر کوێیەک هەن، ئایا ئێستا دەتوانین بڵێین: خوا لێرەیەو لەم ژوورەیە؟ نەخێر، چونکە:

یەکەم: خوا دەفەرموێ: خوا لە سەر عەرشی خۆیەتی، لە دەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، خوا لە دەرەوەی کات و شوێنەو، لە دەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی، وەک زانایان دەڵێن: (**مُسْتَوٍ عَلَى عَرْشِهِ بَائِنٌ عَن خَلْقِهِ**)، خوا لەسەر عەرشی خۆیەتی بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیەو، لە دەرەوەی دروستکراوەکانی خۆیەتی.

دووەم: مووسا عليه السلام داوای لە خوای پەروەردگار کرد، خۆی پێشان بدات و ببینێ، خوا فەرمووی: ناتوانی بمبینی، دوایی فەرمووی: تەماشای ئەو کێوە بکە، ئەگەر خۆی ڕاگرت، تۆش دەتوانی بمبینی، بەڵام کاتێک خوا بۆ کێوەکە دەرکەوت وردو خاش بوو و سووتا، مووساش لە هۆش خۆی چوو، وەک لە سوورەتی (**الأعراف**) -١٤٣-، دا هاتووەو لە تەفسیری ئەو سوورەتەدا بە تەفصیلی باسمانکردووە.

سێیەم: هەروەها لە سوورەتی (**الأنعام**)یشدا لە بارەی بینینی خوای پەروەردگارەوە، لە تەفسیری ئەو ئایەتەدا کە دەفەرموێ: ﴿ لَّا تُدْرِكُهُ ٱلْأَبْصَٰرُ وَهُوَ يُدْرِكُ ٱلْأَبْصَٰرَ ۖ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلْخَبِيرُ ﴿١٠٣﴾ ﴾الأنعام، باسێکی سەربەخۆمان کردووەو دوایی کراوە بەنامیلکەیەکی تایبەتییش، کەواتە: ناگونجێ بگوترێ :خوا لێرەیە بە زاتی خۆی.

چوارەم: فەرمایشتی پێغەمبەری خواش ﷺ هەیە دەربارەی وەسفی خوا، دەفەرموێ: {**حِجَابُهُ النُّورُ لَوْ كَشَفَهُ لَأَحْرَقَتْ سُبُحَاتُ وَجْهِهِ مَا انْتَهَى إِلَيْهِ بَصَرُهُ مِنْ خَلْقِهِ**} (**أخرجه مسلم: ١٧٩، وابن ماجه: ١٩٥، وأحمد: ١٩٦٤٩، وأبو عوانة: ٣٧٩، وابن حبان: ٢٦٦، والطبراني في الأوسط: ٦٠٢٥**).

واتە: پەردەکەی ڕووناکییە { پەردەیەک لە نێوان خواو ﷻ دروستکراوەکانیدا هەیە، ڕووناکییە} ئەگەر لای بەرێ، پرشنگەکانی ڕووی خوای پاک، هەرچی لە چەشمەندازیدایەو خوا دەیبینێ، هەمووی دەسووتێ.

کەواتە: گومان لەوەدانیە کە خوا ﷻ بەزاتی خۆی لە هەموو شوێنەکان نیە، ئەدی مەبەست پێی چییە؟ واتە: خوا بە زانیاریی و بە دەسەڵاتی لە هەموو شوێنەکان دا لەگەڵتانە، لە هەر جێیەک بن، بەڵام هەندێک لە ئەهلی تەصەووف گوتوویانە: پێویست بەو تەئویلەش ناکات، بۆ وێنە: (**الورتجبي**) دەڵێ: دوو پێگە

هەن: (مَقَامُ عَيْنِ الجَمْعِ، وَمَقَامُ إفْرادِ القَدِيْمِ مِنَ الحَادِثِ)، پێگەی کۆکردنەوەی هەموو شتێک لە خواداو، پێگەی لێک جیاکردنەوەی بۆ سەرەتاو پەیدابوو، مەبەستی ئەوەیە وەختێک باسی خوای بەرز دێتە پێشێ، دروستکراوەکان هەموویان دەبن بە خەون و خەیاڵ، وەک لە کوردەواریی خۆشماندا دەڵێ: هەر خوا خوایە، ئەوی دیکە هەمووی کاو بایە، پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: {إنَّ أَصْدَقَ بَيْتٍ قَالَهُ شاعرٌ: أَلَا كُلُّ شَيْءٍ مَا خَلَا اللهَ بَاطِلٌ وكلُّ نَعيمٍ لا مُحالة زائِلٌ} (أخرجه البخاري: ٣٨٤١ ، ومسلم: ٢٢٥٦)، واتە: ڕاسترین قسەی شاعیرێک گوتبێتی ئەو قسەیە: ئاگاداربن! هەرچی هەیە جگە لە خوا، هەمووی پووچە، واتە: هیچی بوونی لە خۆیەوە نیە و، هەموو نیعمەتێک هەرچۆن بێ، کۆتایی دێ و لە بەین دەچێ، واتە: نیعمەتەکانی دنیا.

ئنجا هەندێک لە ئەهلی تەزکیەو تەصەووف دەڵێن: وەختێک پایەو مەقامی بەرزی خوا عزوجل وەک: بوون پێویست (وَاجِبُ الوُجُود)، خاوەنی بوونی ڕاستەقینە، کە تەنیا هی ئەوە، دەهێنیە بەر چاو، شتەکانی دیکە هیچیان بوونیان نامێنێ، بۆیە هەرچی هەیە، وەک یەکێک لە خواناسان گوتوویەتی: هیچ شتێکم نەبینیوە کە خوای بەرزم لەگەڵ نەبینیبێ، یەکێکی دیکە گوتوویەتی: هیچ شتێکم نەبینیوە، خوام لە پێش ویدا نەبینیبێ، بەڵام بێگومان دوایی پێگەی دیکەش هەیەو ئەوەیە، کە بەدیهێنەرو بەدیهێنراو، لێک جیابکرێنەوە، کە لە ڕاستییدا ئەوە ڕاستەو لەگەڵ واقیعدا دەگونجێ و لەگەڵ دەقە شەرعییەکانیشدا دەگونجێ، بەڵام ئەو تەنیا خوا بینین و تەنیا حیساب بۆ خوا کردنە، ئەگەر لە شیرازەی دەقە شەرعییەکان و عەقڵ و واقیع بچێتە دەرێ، سەردەکێشێ بۆ یەکبوونیی (وحدة الوُجُود)، واتە: ئەوە کە بگوترێ: ئەم گەردوونە هیچی بوونی نیەو، هەرچی هەیە، بەس خوایە ﷻ کە ئەوە ڕاست نیە، چونکە خوا باسی دروستکراوەکانی خۆی کردوە، باسی ئەهلی کوفری کردوە، باسی ئەهلی ئیمانی کردوە، باسی چاکەی کردوە، باسی خراپەی کردوەو ناگونجێ هەموو شتێک

خوا بێ[١]، بەڵام بێگومان هەموو شتێک بە ویستی خوایەو، هەموو شتێک بە دەستەڵاتی خوایە، هەموو شتێک بەدیهێنراوی خوایە، مادام بەدیهێنراو بێ.

١٦- ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴾{ئەمەش سیفەتی حەڤدەیەم} خواش بینەری ئەوەیە کە دەیکەن، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ڕاستیی تەئویل کردنی ئەو ئایەتە، چونکە ئەگەر خوا لێرە بێ، پێویست ناکات، بفەرموێ: کردەوەکانتان دەبینێ بەڵام بەو شێوەیەی بۆ خوا شایستەیە ﷻ لەسەر عەرشی خۆیەتی و لە دەرەوەی دروستکراوەکانیەتی و، ئاگای لە هەموو شتێکەو کردەوەکانی بەندەکانیشی دەبینێ.

١٧- ﴿ لَّهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ ﴾، {ئەمە جەختکردنەوەی ئەوەی پێشێیە} تەنیا خوا حوکمڕان و خاوەن بڕیاری ڕەهایە لە ئاسمانەکان و زەویدا.

١٨- ﴿ وَإِلَى ٱللَّهِ تُرۡجَعُ ٱلۡأُمُورُ ﴾{ئەوەش سیفەتی هەژدەیەمی خوایە ﷻ} هەموو کاروبارەکانیش بەس بۆ لای خواش دەگێڕدرێنەوە، وشە (**أمُوْر**) کۆی (**أمْر**)ە، بە مانای حاڵ (**شَأن**)و، بە مانای پەیدابوو (**حَادِث**) دێ، واتە: هەرچی قسەو کردەوەو شتە، هەمووی بۆ لای خوا ﷻ دەگێڕدرێتەوە، (**إبْنُ عَطِيَة**) گوتوویەتی: (**الأُمُورُ هُنا: جَمِيعُ المَوْجُوداتِ، لِأنَّ الأمْرَ والشَّيْءَ والمَوْجُودَ أسْماءٌ شائِعَةٌ فِي جَمِيعِ المَوْجُوداتِ: أعْراضِها وجَواهِرِها**)، واتە: (**أمُوْر**) لێرەدا کۆی هەموو دروستکراوەکانە، چونکە وشەی (**الأمْر، الشيء، المُوْجُود**){ئەم سێیە (**أمْر**) واتە: کار، (**شَيء**) واتە: شت، (**موجود**) واتە: هەبوو} ئەوانە هەموویان ناوی باون بۆ تێکڕای دروستکراوەکان، بە جەوهەرو عەرەضیانەوە. [(**جَوْهَر**)، ئەوەیە کە لە زاتی خۆیدا هەبێ و، (**عَرَض**) ئەوەیە سیفەتی ئەو شتە بێ، بۆ وێنە: سێوێک بوونەکەی خۆی (جوهر)ە، بەڵام تام و بۆن و ڕەنگەکەی پێیان دەگوترێ: (**عَرض**)]، لە کتێبەکانی (**أصول الفقه**)دا هاتوە: (**الأمْرُ: مُشْتَرَكٌ بَيْنَ الفِعْلِ وَالقَوْلِ وَالشَّأنِ والشَّيء**)، کە وشەی (**أمْر**)، هاوبەشە لە نێوان کردارو قسەو حاڵ و شت دا.

---

(١) لە بەشی نۆیەمی کتیبی (ڕێگای صالح بوون و بەرەو خواچوون)دا، چاپی شەشەمی، بە درێژی باسی بیرۆکەی یەکبوونیی (وحدة الوجود)مان کردوە و بەربەرچێکی باشی (محي الدين بن عربي)مان دادەتەوە، کە بە ناهەق نازناوی (الشيخ الأكبر)ی دراوەتێ.

کەواتـە: کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَإِلَى ٱللَّهِ تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ﴾، واتـە: هەرچـی قسـەیەو هەرچـی کردەوەیـەو هەرچـی کاروبـارە، هەمـووی تەنیـا بـۆ لای خـوا دەگێڕرێتـەوە، ﴿تُرْجَعُ ٱلْأُمُورُ﴾، خوێنراوەتـەوەش: (وإلى اللـه تَرْجِـعُ الأُمُـور)، واتـە: کارەکان بـۆلای خـوا دەگەڕێنـەوە.

١٩- ﴿يُولِجُ ٱلَّيْلَ فِى ٱلنَّهَارِ وَيُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِى ٱلَّيْلِ﴾{ئەمیش سیفەتی نۆزدەیەمی خوای پەروەردگارە} واتە: شەوگار بە نێو ڕۆژگاردا دەکات و، ڕۆژگار بە نێو شەوگاردا دەکات، بەدڵنیایی مەبەست ئەوەیە کە شەوگار دەخاتە نێو ڕۆژگار، واتە: شەو کورت دەبێ و ڕۆژ درێژ دەبێ و، کە دەفەرموێ: ڕۆژگار بەنێو شەوگاردا دەکات، واتە: شەو درێژ دەبێ و ڕۆژ کورت دەبێ، خوای کارزان بەپێی کەشەکانی ساڵ و لەبەر بەرژەوەندیی ژیانی مرۆڤ، کورتەو درێژە بە شەوو ڕۆژان دەکات، هەتا هاوکۆی درێژبوونی هەر کامێکیان جاری وایە دەگاتە: شازدە سەعات ، ڕۆژ، دەگاتە: شازدە سەعات و، شەو دەمێنێتەوە: هەشت سەعات، یاخود بە پێچەوانەوە شەو دەبێتە: شازدە سەعات و ڕۆژ دەبێتەوە، هەشت سەعات، بەڵکو لە هەندێ شوێنی زەوی دا ئەندازەکە زۆر زیاتریشە، شەوو ڕۆژ دەگەنە: بیست سەعات، بەڵکو بیست و دوو سەعات، بەڵکو لە هەندێک شوێن، شەش مانگ هەر شەوەو، شەش مانگیش ڕۆژە.

٢٠- {سیفەتی بیستەم و کۆتایی} ﴿وَهُوَ عَلِيمٌۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، هەروەها ئەو زانایە بە خاوەنی سینەکان، (ذَات) (مُؤنَّث)ی (ذو)یە یانی: (صَاحِب)، (ذَات)، یانی: (صَاحِبَة)، ئنجا (صَاحِبَة) هەم بە مانای خاوەن دێ و، هەم بەمانای هاوەڵ دێ، هاوەڵی سینەکان، یان خاوەنی سینەکان، مەبەست پێی ئەو نهێنییانەن، ئەو نیازو مەبەستانەن کە لە سینەکاندا شێردراون، بۆیە فەرموویەتی: ﴿بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ﴾، لەبەر ئەوەی لە سینەکان جیانابنەوە، یان وا ڕۆچوون لە نێو سینەکاندا، وەک بووبنە خاوەنی سینەکان، ئنجا خوا ﷻ زانایە بە هەرچی هەست و نەست و خولیایەو لە عەقڵ و دڵدا دێ و دەچێ، هەرچەندە مرۆڤ بیەوێ پەنهانی بکات، بەڵام خوا ﷻ هیچی لێ پەنهان نابێ.

ئەمە بیست سیفەت کە لەم شەش ئایەتە موبارەکەدا، خوای بەرزی مەزن خۆی پێ وەسف کردوون، کە وەک دەبینین هەموو شتەکان دەگرنەوە ئەو بیست سیفەت و کردەوەیە، چونکە هەندێکیان کردەوەن و هەندێکیشیان سیفەتن.

کورتە باسێک لە بارەی
بە پاککرتنی دروستکراوەکانەوە بۆ خوا عزوجل

بەڕێـــــزان!

ئەم کورتە باسە لە پێنج بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

بڕگەی یەکەم: مانای (تَسْبِيْح):

(**راغب الأصفهاني**) لـە کتێبـە ناودارەکـەی خـۆی (**مفردات ألفاظ القرآن**)دا، دەڵـێ: (**السَّبْحُ: المَـرُّ السَّرِيْـعُ فِي المَـاءِ أو فِي الهَـوَاءِ، ثُـمَّ اسْـتُعِيْرَ لِلسُّرْعَـةِ فِي العِبَـادَةِ وَتَنْزِيـهِ اللـهِ تَعَالَى وَإِبْعَـادِهِ عَـنِ السُّوءِ وَالنَّقْـص**)، (سَبْح): بـە مانـای ڕۆیشـتنی خێرایە لە نێـو ئاودا، یاخـود بـە نێـو هـەوادا، دوایـی خوازراوەتـەوە بـۆ خێراییکـردن لـە بەندایەتییکـردن بـۆ خـواداو، بەپاککرتنـی خـواو بـە دوورگرتنـی، لـە هـەر خراپـەو کـەم و کوڕییـەک.

(**الشـوكاني**) لــە تەفسـیرەکەی خـۆی دا[1]، دەڵـێ: (**وَفِعْـلُ التَّسْـبِيحِ قَـدْ يَتَعَـدَّى بِنَفْسِـهِ تَـارَةً، كَـما فِي قَوْلِـهِ: ﴿ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ ﴾الأحـزاب، وبِالـلَّامِ أُخْـرى، كَـمَا فِي هَـذِهِ الآيَـةِ: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ﴿١﴾ ﴾الجمعـة، وأَصْلُـهُ أَنْ يَكُونَ مُتَعَدِّيًا بِنَفْسِـهِ، لِأَنَّ مَعْنـى سَبَّحْتُهُ: بَعَّدْتُـهُ عَـنِ السُّوءِ، فَـإِذَا اسْـتُعْمِلَ بِالـلَّامِ، فَهِـيَ إِمَّـا مَزِيـدَةٌ لِلتَّأْكِيـدِ كَـمَا فِـي شَـكَرْتُهُ وشَـكَرْتُ لَـهُ، أَوْ هِـي لِلتَّعْلِيـلِ: أي: افْعَـلِ التَّسْـبِيحَ لِأَجْـلِ اللّـهِ سُبْحانَهُ خالِصًـا لَـهُ**).

واتـە: وشـەی تەسـبیح جـاری وایـە بـۆ خـۆی بـەرکار دەخـوازێ، وەک قسـەی خـوای بـەرز: ﴿ وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴿٤٢﴾ ﴾الأحـزاب، بـە پاکـی بگـرن بەیانیـان و ئێـواران، جـاری واش هەیـە، بـە (ل) بـەرکار دەخـوازێ، وەک ئـەم ئایەتـە: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ

---

(١) فتح القدير: ج٥، ص٢٠٣.

مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ﴿١﴾ الجمعة، وشەی (تەسبیح)یش بنەڕەتەکەی وایە خۆی بەرکار بخوازێ، چونکە (سَبَّحْتُهُ) واتە: (بَعَّدْتُهُ عَنِ السُّوءِ)، دوورم خستەوە (بە پاکم گرت و بەبێ خەوشم دانا) بۆیە کاتێک لام (ل)ی لەگەڵ بەکاردێ، ئەو (ل)ە زیادکراوە، یان بۆ جەختکردنەوەی واتایەکەی وەک: (شَكَرْتُهُ وشَكَرْتُ لَهُ)، (نَصَحْتُهُ وَنَصَحْتُه لَهُ)، هەردووکیان بەیەک واتان، بەڵام: (وشَكَرْتُ لَهُ)، واتە: سوپاسگوزارییم بۆ کرد، ئەمە مانایەکەی بەهێزترە، یان: (نَصَحْتُه لَهُ)، دڵسۆزییم بۆ نواند، مانایەکەی بەهێزترە لە: (نَصَحْتُه)، یاخود ئەو (ل)ە بەکارهێنراوە بۆ هۆکار هێنانەوە (تعليل) یانی: ئەو بە پاککرتنە تایبەت کراوە بە خواوە ﷻ.

کەواتە: کە دەڵێین: (أُسَبِّحُ الله) یان (سُبْحَان الله)، یانی: من خوا بە پاک دەگرم و، بەبێ خەوشی دەزانم و، دووری دەخەمەوە لە هەرچی کەم و کووڕیی و لەکەو پەڵە، هەیە.

بڕگەی دووەم: گەورەیی و گرنگیی (تسبيح و تحميد):

٢- (تَسْبِيْح وتَحْميد)، واتە: بە پاکگرتنی خواو ستایشکردنی خوا، دوورخستنەوەی خوا لە هەر هەڵەو پەڵەو کەم و کوڕییەک و، بێ خەوشیی ڕاگەیاندنی، کە لە زاتی خۆیدا وایەو، ستایشکردن و مەدح و سەناکردنی بە سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی، ئەم دووە: (تَسْبِيْح وَتَحْميد)، ڕاسترین شتن لە بووندا، چونکە خوا ﷻ لەوپەڕی پاکیی و بێ هەڵەو پەڵەییدایەو، لەوپەڕی چاکیی و بەرزیی و مەزنیی و ستایشکراویی دایە، هەر بۆیەش هیچ شتێک نیە لە دروستکراوەکانی خوا، کە خوا بە پاک نەگرێ و ستاییشی نەکات، چونکە خوا ﷻ کە دروستکراوەکانی هێناونە دی، وای هێناونە دی، خاوەنی خۆیان بناسن، هیچ شتێک نیە لە گەردووندا، جگە لە مرۆڤ و جند، ئەوان خوا توانای پێداون، کە خوا بە پاک بگرن و ستاییشی بکەن، یان بە پێچەوانەوە، بەڵام تەنانەت جندو مرۆڤیش گەردیلەکانی جەستەیان، ئەوانیش هەموویان چونکە شت (شَيء)ن، هەر خوا بە پاک دەگرن و ستاییشی دەکەن، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (الإسراء)دا دەفەرموێ: ﴿وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ ﴿٤٤﴾﴾، واتە: هیچ شتێک نیە، مەگەر

بە ستایيشكردنەوە خوا بە پاک دەگرێ، بەڵام ئێوە لە بە پاككرتن و ستايیشكردنەكەيان تێناگەن، كە ئەمە دوايی زیاتر تیشکی دەخەینە سەر.

برگەی سێیەم: ئەو سوورەتانەی بە (تسبيح) دەست پێدەكەن:

بـە پێـی سـەرنجدانی مـن، حـەوت سـوورەتی قورئـان بـە (تَسْبِيْح) دەسـتیان پێكـردوە، كـە ئـەو حـەوت سـوورەتەن:

١- سوورەتی **الإسراء**: ﴿سُبْحَٰنَ ٱلَّذِىٓ أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِۦ لَيْلًا مِّنَ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ إِلَى ٱلْمَسْجِدِ ٱلْأَقْصَا ٱلَّذِى بَٰرَكْنَا حَوْلَهُۥ لِنُرِيَهُۥ مِنْ ءَايَٰتِنَآ ۚ إِنَّهُۥ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلْبَصِيرُ ﴿١﴾﴾ كاتی خۆی ئێمە سوورەتی (**الاسراء**)مان تەفسیر كردوەو، ئەمەش ئايەتی يەكەمی سوورەتی (**الإسراء**)ەو، من بەپێی ڕیزبەندیی موصحەف ئەو سوورەتانە دێنم.

٢- ئەم سوورەتی (**الحديد**)ە: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿١﴾﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەكان و زەويدا هەيە، خوای بە پاكگرت، يان بە پاكگرتنی بۆ خوا ڕاگەياند.

٣- سوورەتی (**الحشر**)، كە لە ئايەتی يەكەم دا، خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١﴾﴾، واتە: پاكيی بۆ خوا ڕاگەياند، هەرچی لە ئاسمانەكان و هەرچی لەزەويدا هەيەو، خوا زاڵی كاربەجێيە.

لـە سـوورەتی (**الحديـد**)دا دەفەرمـوێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿١﴾﴾، بـەڵام لە سـوورەتی (**الحـشر**)دا دەفەرمـوێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ﴿١﴾﴾، واتـە: لە سـوورەتی (**الحديـد**)دا (**ومـا فِي**)يەكەی لەگەڵدانيـە: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴿١﴾﴾، بـەڵام لە سـوورەتی (**الحـشر**)دا: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ﴿١﴾﴾.

٤- سوورەتی (**الصف**): لە ئايەتی يەكەميدا: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١﴾﴾، كە مانايان هەريەكە، بەڵام كە دەفەرموێ: ﴿وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾، هەروەها ئەوەی كە لەزەويدا هەيە، مانايەكەی بەهێزترو تۆختر دەكاتەوە.

٥- سوورەتی **(الجمعة)**: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ٱلْمَلِكِ ٱلْقُدُّوسِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١﴾ ﴾، خوا بە پاک دەگرێ، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، (خواش) حوکمڕانی پاکی زاڵی کارزانە.

٦- سوورەتی **(التغابن)** کە ئاوا دەست پێدەکات: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، پاکیی بۆ خوا ڕادەگەیەنێ، حوکمڕانیی بەس هی ئەوە، ستاییش تەنیا بۆ ئەوەو، ئەو لەسەر هەموو شتێک بە توانایە.

٧- سوورەتی **(الأعلى)**: ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ﴿١﴾ ﴾، ناوی پەروەردگاری هەرە بەرزت بە پاک بگرە.

ئنجا ئەگەر سەرنجی ئەو حەوت سوورەتە بدەین:

١- خوا ﷻ لە سوورەتی **(الإسراء)**دا، بە چاوگ هێناویەتی: ﴿ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِيٓ ﴾، چونکە ﴿ سُبْحَٰنَ ﴾، یانی: **(يُسَبِّحُ، سُبْحَان)** یان **(يُسَبِّحُ تَسْبِيْحاً)**.

٢- لە هەر سێ سوورەتی **(الحديد والحشر والصف)**دا بەڕابردوو هێناویەتی: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ ﴾.

٣- لە سوورەتی **(الجمعة والتغابن)**دا، بە **(مضارع)** هێناویەتی: ﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ ﴾.

٤- لە سوورەتی **(الأعلى)**شدا بە فەرمان هێناویەتی: ﴿ سَبِّحِ ٱسْمَ رَبِّكَ ٱلْأَعْلَى ﴿١﴾ ﴾.

کەواتە: لە ڕابردوودا هەرچی دروستکراوی خوایە، خوای بە پاکگرتووەو، لە داهاتووشدا هەرچی دروستکراوەکانی خوان، خوا بە پاک دەگرن و، فەرمانیشکراوە بە پاکگرتنی خواو، بە پاکگیرانی خواش ﷻ ڕاستییەکە لە هەموو گەردووندا دەرەوشاوەتەوە.

گشتیترین ئایەت دەربارەی بە پاکگرتنی خوا، لە سوورەتی **(الإسراء)**دایە، کە دەفەرموێ: ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبْعُ وَٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهِنَّ وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمْدِهِۦ وَلَٰكِن

﴿لَا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ إِنَّهُ كَانَ حَلِيمًا غَفُورًا ﴿٤٤﴾﴾، واتـە: حـەوت ئاسـمانەکان و زەوی و هـەر کەسێک کـە تێیانـدا هەیـە، بـە پاکگرتـن و، بـێ خەوشـیی دەربڕیـن بـۆ خـوا ڕادەگەیەنـێ و، هیـچ شـتێک نیـە مەگـەر بـە ستایشـکردنەوە خـوا بـە پـاک دەگـرێ، بـەڵام ئێـوە لـە بـە پاکگرتـن و ستایشـکردنەکەیان تێناگـەن، بێگومـان خـوا زۆر هێدیـی و مەنـدەو، زۆریـش لێبوردەیـە.

بڕگەی چوارەم: چۆنیەتیی (تَسْبِيح):

ئێمـە لـە تەفسـیری ئایـەتی ژمـارە (٤٤)ی سـوورەتی (الإسراء)دا، کاتی خـۆی کورتـە باسـێکمان لـەو بارەیـەوە کـردوە، بـەڵام لێـرەش لـە هەنـدێ گۆشـەو ڕەهەنـدی دیکـەوە، قسـەی لـێ دەکەیـن و، ڕای هەندێـک لـە زانایانیـش لـەو بـارەوە دێنیـن:

١- **(الشوكاني)** لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1] دەڵێ: **(المُرادُ بِالتَّسْبِيحِ المُسْنَدِ إلى ما فِي السَّماواتِ والأرْضِ مِنَ العُقَلاءِ وغَيْرِهِمْ والحَيَواناتِ والجَماداتِ، هو ما يَعُمُّ التَّسْبِيحَ بِلِسانِ المَقالِ كَتَسْبِيحِ المَلائِكَةِ والإنْسِ والجِنِّ، وبِلِسَانِ الحَالِ كَتَسْبِيحِ غَيْرِهِمْ، فَإنَّ كُلَّ مَوْجُودٍ يَدُلُّ عَلَى الصَّانِعِ)**.

واتـە: مەبەسـت لـە پاکگرتنێـک کـە پاڵدراوەتـە لای هەمـوو ئەوانـەی لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا هـەن، لـە خـاوەن عەقڵان و جگەلـە ئەوانیـش، لـە ژیانـداران و لـە ماددەی بـێ ژیـان، بریتیـە لـەوە کـە بـە زمـانی وتـار بـێ، وەک بـە پاکگرتنـی فریشـتەکان و مرۆڤـەکان و جنـد بـۆ خـوا، یاخـود بـە زمـانی حـاڵ بـێ، وەک بـە پاکگرتنـی دروسـتکراوەکانی، جگـە لـە فریشـتەو جنـدو مـرۆڤ، کـە بریتیـە لـەوەی ئەگـەر تێیانـەوە ڕابمێنـی بـە زمـانی حـاڵ پێـت دەڵێـن: بەدیهێنەرێکیـان هەیـەو دروسـتکەرو کارسـازێکیان هەیـە.

ئەمە ڕای **(الشوكاني)**ە.

---

(١) فتح القدير: ج٥، ص٢٠٣.

٢- بەڵام (الشوكاني) هەر خۆی ڕای (الزجّاج) دێنێ، كە زانایەكی بەرجەستەی ئیسلامە، دەڵێ: (قَالَ الزَّجَّاجُ: لَوْ كانَ هَذا التَّسْبِيحُ: الدَّلالَةَ وظُهُورَ آثارِ الصُّنْعَةِ، لَكانَتْ مَفْهُومَةً، فَلِمَ قالَ: ﴿وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ﴾؟ الإسراء، وإنَّما هو تَسْبِيحُ مَقالٍ، واسْتَدَلَّ بِقَوْلِهِ تعالى: ﴿وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿٧٩﴾﴾الأنبياء، فَلَوْ كانَ هَذا التَّسْبِيحُ مِنَ الجِبالِ تَسْبِيحَ دَلالَةٍ، لَمْ يَكُنْ لِتَخْصِيص دَاوُدَ عليه السلام فائِدَةٌ)[1]. [بە ڕاستیی زەججاج قسەیەكی زۆر جوان دەكات].

دەڵێ: ئەگەر مەبەست لەو بەپاككرتنە، ئەوە بووایە كە دەلالەت دەكەن لەسەر بوونی خواو، شوێنەواری دروستكرانیان لەلایەن خواوە، لەواندا دەردەكەوێ، ئەوە شتێكی زانراو بوو بۆ ئێمە، ئەدی بۆچی خوا فەرموویەتی: ﴿وَلَٰكِن لَّا تَفْقَهُونَ تَسْبِيحَهُمْ﴾، بەڵام ئێوە لە بە پاككرتنی ئەوان بۆ خوا تێناگەن؟ كەواتە: دروستكراوەكان هەموویان بە زمانی قسە (مقال)، [بە شێوەیەك كە ئێمە تێی ناگەین] خوا بە پاك دەگرن، بەڵگەش قسەی خوای بەرزە كە دەفەرموێ: ﴿وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَٱلطَّيْرَ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ ﴿٧٩﴾﴾الأنبياء، واتە: ((ئێمە چیایەكانمان لەگەڵ داوودا ڕام و دەستەمۆ و ملكەچ كرد بوون، هەروەها باڵندەكانیش لەگەڵیدا، خوایان بە پاك دەگرت)) ئنجا ئەگەر ئەو بە پاككرتنەی چیایەكان بۆ خوا تەنیا دەلالەتیان بووایەو، بەڵگە بوونیان بووایە، لەسەر بوونی خواو پەروەردگارێتیی خوا، ئەو كاتە هیچ سوودی نەبوو تایبەتی بكات بە داوودەوە.

یانی: هەركەس تەماشای چیایان بكات، دەزانێ خوا دروستی كردوون، ئەگەر عاقڵانەو بە ئینسافەوە تەماشا بكات، بەڵام خوا ﷻ دەفەرموێ: چیایەكانمان لەگەڵ داووددا دەستەمۆو ملكەچ كرد بوون، پاكیی خوایان لەگەڵ ڕادەگەیاند، كەواتە: ئەو پاكیی ڕاگەیاندنەی چیایەكان، ئەوە نیە بە بەڵگە بهێنرێنەوە سەر پەروەردگارێتیی خوا، چونكە هەموو كەس دەیزانێ، ئەدی بۆچی ئەو تەسبیحكردنە تایبەت كراوە بە داوودەوە؟ بە ڕاستیی قسەكەی زۆر بەجێیە.

---

(١) فتح القدير: ج٥، ص٢٠٣.

٣- تەماشای زۆربەی تەفسیرەکانم کرد، لەو بارەوەو ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، ئەوەیە کە فەخرەددین رازیی ڕەخنە دەگرێ لە (الزجاج)و دەڵێ: (**هَذَا الكَلَام ضَعِيْفٌ، أوْلَا: دَلَالَة الأجْسَام مِن أدَقِّ الوُجُوه فَالكُفَّار جهلوهَا، ثَانِياً: مِن المُحْتَمَل أنَّ الله خَلَقَ الحَيَاةَ فِـي الجَبَالِ مُعْجِزَة لِدَاود**)، دەیەوێ هەردووک بەڵگەکانی زەججاج هەڵبووەشێنێتەوە، دەڵێ:

١- ئەوە کە گوتوویەتی: بۆچی خوا دەفەرموێ: ﴿ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡ ﴾ بەڵام ئێوە لە بە پاککرتنی دروستکراوەکان بۆ خوا تێناگەن، دەڵێ: گەیاندنی جەستەکان لەسەر ئەوە کە خوا دروستی کردوون و بوونە بەڵگەیان، زۆر وردە، بۆیە خوا بێبڕوایەکان دەدوێنێ و دەفەرموێ: ئێوە تێیناگەن، واتە: ئێوە لەو دەلالەتە تێناگەن {لەو دەلالەتە وردە، لەو بەڵگە بوونە وردەی دروستکراوەکان لەسەر بەدیهێنەرایەتیی خوا ﷻ و سەر پەروەردگارێتیی و مشوورخۆریەتیی خوا بۆیان} .

٢- بە نسبەت بەڵگەی دووەمەوەش دەڵێ: دەگونجێ خوا لەو چیایانەدا ژیانی تێدا خوڵقاندبن {و، قسەیانکردبێ، بە زمانی وتار خوایان بەپاککرتبێ} وەک موعجیزەیەک بۆ داوود ﵇[1].

ئنجا فەخرەددینی رازیی دەڵێ: بە پاککرتن، دوو واتایان دەگەیەنێ:

یەکەم: ئەو دروستکراوانە هەموویان بەڵگەن لەسەر مەزنیی خواو پاک و بێ خەوشیی خوا، کەواتە: بە زمانی حاڵ دەڵێن: خوایە! تۆ مەزن و بەرزو پاک و بێ خەوشی و دووری لە هەر کەم و کورییەک.

دووەم: هەموو بوونە گونجاوەکان (**الممكنات**)، {ئەوانەی دەگونجا بێن و دەگونجا نەبن} ملکەچن بۆ خواو خوای پەروەردگار خستوونیە ژێر ڕکێفی خۆیەوەو، بەو شێوەیەی بیەوێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەوەش شێوەی بە پاککرتنیانە بۆ خوا ﷻ.

---

(١) ج٢٧، ص٢٠٠.

٤- ڕای بەندە: من لە تەفسیری سوورەتی (الإسراء)دا، لە کاتی شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی واتای ئایەتی ژمارە (٤٤)دا، کە پێشتر خوێندمەوە، کورتە باسێکم کردووەو، لەوێشدا هەر ئەو ڕایەم زیاتر تەبەننیی کردوە کە هەر دروستکراوێک لە دروستکراوەکانی خوا، جۆرێک بە پاککرتن و ستاییشکردنی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ خوا، کە بۆ ئێمە زانراو نیە، لەوێ بەڵگەکانیشم هێناون:

أ- یەکێک لە بەڵگەکان ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: بەردێک هەبوو لە پشت مەککەوە، پێش پێغەمبەرایەتیی سڵاوی لێ دەکردم، ئێستاش بەردەکە دەناسمەوە[1].

ب- هەروەها لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم دا هاتوە، کە هاوەڵان دەنکە بەردو چەویان لە دەستی پێغەمبەردا ﷺ بینیوە، تەسبیحاتی کردوە[2]!

ج- ئنجا پێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر کۆلکە دارێک وتاری دەدا، دوایی ئافرەتێک مینبەرێکی بۆ دروستکرد، کەچۆ سەر مینبەرەکە ئەو بنکە خورمایە، ئەو کۆتەرە دارخورمایە گریاو ناڵاندی، هاوەڵان هەموویان گوێیان لێ بوو، ئەوانەی لە مزگەوتدا هەبوون، وەک چۆن بەچکە حوشتر دەناڵێنێ و دەگریەت، ئاوا گریاوە، پێغەمبەری خواش ﷺ لە مینبەرەکەی دابەزیی و دەستی پێداهێنا بەو کۆتەرە دارخورمایەدا، تاکو بێ دەنگ بوو، فەرمووی: پێی ناخۆش بوو، کە من چیدیکە وتاری لەسەر نەدەم[3].

لەوێ لەو کورتە باسەدا کە لەوێ کردوومانە، بەڵگەی دیکەشم هێناونەوەو، لە ڕاستییدا کە خوا دەفەرموێ: بەڵام لە بە پاککرتنەکەیان تێناگەن، پێویستیی بەو هەموو تەئویل و لادانە ناکات و، ئێستاش کە زانیاریی زیاتر بەرەوپێشەوە

---

(١)- (عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ رضي الله عنه، قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ «إِنِّي لأَعْرِفُ حَجَرًا بِمَكَّةَ كَانَ يُسَلِّمُ عَلَيَّ قَبْلَ أَنْ أُبْعَثَ إِنِّي لأَعْرِفُهُ الآنَ») (أخرجه أحمد: ٢٠٩٣١، ومسلم: ٢٢٧٧، والترمذي: ٣٦٢٤، وابن حبان: ٦٤٨٢).

(٢) أخرجه البيهقي في الدلائل (٦/٦٤، ٦٥) .

(٣) رواه البخاري: ٣٥٨٥.

چووە، زیاتر ئەو نهێنییانە دەردەکەون، کە هەر کام لە دروستکراوەکانی خوا، وا پێدەچێ جۆرێک لە دەرککردن و هەستی هەبێ، کە ئێمە نەیزانین، ئایا ئەوەی مێرووله دەیکات لە شارەکەی خۆیدا، یان ئەوەی هەنگ دەیکات لە کوورەو خەڵێفەکەی خۆیدا، چ بلیمەتێک دەتوانێ ئەوە بکات، ئایا تاکو ئێستا بەشەر توانیویەتی بەو شێوەیەی هەنگ شاری خۆی بەڕێوە دەبات، ئەو وردەکارییە بکات، یان مێروولە، یان هەندێک لە دروستکراوەکانی دیکە، وەک جاڵجاڵۆکە؟ بەڵێ هەرکام لە ژیاندارو زیندەوەران بگرە هەتا ماددەی بێ ژیان، هەرکامیان شتێکی تایبەت و سەرسوڕهێنەرە، ئەو وردەکارییەی لە نێو گەردیلەدا هەیە، وردەکارییەکی یەکجار سەرسوڕهێنەری تێدا هەیە، جاران هەر وایانەدەزانی گەردیلە لە سێ بەش پێک دێ: ئەلیکترۆن و پرۆتۆن و نیوترۆن، ئێستا بۆیان دەرکەوتوە کە نەخێر، هەر لە نێو پرۆتۆندا کوارکەکان هەن و، لە نێو نیترۆندا کوارکەکان هەن و، وردەکاریی زۆر زیاتر هەیە لەنێو گەردیلەدا، کە سادەترین شێوەی ماددەیە.

بۆیە منیش پێم وایە: هەق و ڕاست هەر ئەوەیە کە هەرچی لە گەردووندا هەیە، هەرچی خوا دروستیکردوە، هەمووی خوا بە پاک دەگرێ و ستاییشی دەکات، بەڵام مەرج نیە ئەو بە پاکگرتن و ستاییشکردنە، بۆ ئێمە زانراوبێ، ئەگەرنا بێگومان بە زمانی حاڵ هەموویان بەڵگەن لەسەر بوونی خواو، هەموویان بەڵگەن لەسەر پاکیی و بێ خەوشیی و ستاییشکراویی خوا، ئەوە گومانی تێدانیە، ئەوەش بۆ هەر کەسێ کە عەقڵ و ویژدان بەکاربێنێ زانراوە، بەڵام وێڕای ئەوە ئایەتەکە لە پشت ئەوەشەوە، ئەو واتایەش دەگەیەنێ، کە هیچ شتێک نیە بە شێوەیەک لە شێوەکان، کە بۆ ئێمە زانراو نیە، خوا بە پاک نەگرێ و ستاییشی نەکات.

کورتە باسێک لە بارەی ئەو چوار سیفەتانەی خواوە:
(ٱلْأَوَّلُ، وَٱلْأٓخِرُ، وَٱلظَّٰهِرُ، وَٱلْبَاطِنُ)

بەڕێـــــــــزان!

ئەم کورتە باسە لە دوو بڕگەدا دەخەینەڕوو:

بڕگەی یەکەم: چەمک و واتای ئەو چوار سیفەتەی خوا:

(**أَوَّلُ**) واتـە: یەکەمیـن، (**آخِـرُ**) واتـە: دوایەمیـن، (**الظاهـر**) واتـە: ئاشـکرا، (**الباطـن**) واتـە: پەنهـان، واتایەکـی دیکـە: (**الظَّاهِـرُ**) واتـە: بـەرز، زاڵ، (**البَاطِـنُ**) واتـە: زۆر نیزیـک.

سـەرەتا دەڵێیـن: ئـەم چـوار سـیفەتە باشـترین پێناسـەن بـۆ خـوای بـەرزو بـێ وێنـە، لـە ڕاسـتییدا ئێمـە کـە تەماشـای زنجیـرەی دروسـتکراوەکان دەکەیـن، بـە دوای هـەر شـتێ بکـەوی، دەتباتـەوە سـەر سـەرەتای کـە لێیـەوە هاتـوەو، پەیـدا بـووە، بـۆ وێنـە:

ئـەم گەردوونـە، کـە کاتی خـۆی هەندێک لـە بیریـاو مولحیدەکان زۆر دڵخۆشـبوون بـەوەی دەیانگـوت: ئـەم گەردوونـە سـەرەتایەکی نیـە، لێیـەوە دەسـتی پێکردبـێ، هـەر بۆیـە کۆتاییەکیشـی نیـە، لێیـەوە تـەواو بـێ و کۆتایـی پـێ بـێ، بـەڵام ئـەوە لـەو کاتـەدا بـوو، کـە جارێ زانسـتی گەردوونناسـیی و فیزیـا زۆر بـەرەو پێشـەوە نەچـوو بـوون و، تـازە گڕوگاڵیـان دەکـرد، پێڕۆچکـە بـوون و دارە دارەیـان دەکـرد، بـەڵام دوای ئـەوە زانسـتی فیزیـاو گەردوونناسـیی زیاتـر بـەرەو پێشـەوە چـوون، بـە تایبـەت لەسـەر دەسـتی ئەنیشـتاین و، زانایـانی دیکـە وەک (جێمـس جێنـس) و (سـتیڤین هۆکینـگ) کـە ئـەم دواییانـە مـرد، [هەرچەنـدە لـە نێـوان ئیلحـادو خواناسـیی دا،

هـەر دەهـات و دەچـوو و زیاتـر حاڵـەتی ئیلحادیـی خـۆی پێشـان دەدا] حاڵەتەکـی زۆر گـۆڕا، زانسـتیی فیزیـا ئێسـتا گەیشـتۆتە ئـەو بیـردۆزەو قەناعەتـە و ئێسـتا وەک ڕاسـتییەکی زانسـتیی سـەلمێنراو، مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بیردۆزەیـەدا دەکـەن، کـە ئـەم گەردوونـە سـەرەتایەکی هەیـە، ئەویـش ئەوەیـە کـە لـە یەکەیەکـی زۆر بچووکـەوە هاتـوە، کـە بـە ئینگلیزیـی پێـی دەڵێـن: سـینگۆلاریتی (**singularity**) واتـە: یەکـەی گەردوونیـی (**الوحـدة الكونيـة**)، هێلکـەی گەردوونیـی (**البيضـة الكونيـة**)، تـۆوی گەردوونیـی (**البـذرة الكونيـة**)، ئـەو وشـانەی هەمـوو بـۆ بەکاردێـن، کـە بـۆ عەرەبیـی تەرجەمەیـان کـردوون، ئنجـا ئـەو سـینگۆلاریتییە دەڵێـن: ئەوەنـدە بچـووک بـووە، زۆر زۆر لـە ئەلیکترۆنیـش بچووکـتر، کـە نـەک ئەلیکـترۆن کـە زۆر بچووکـە، تەنانـەت گەردیلـەش کـە چەنـد هـەزار بەرانبـەری ئەلیکترۆنـە، بەمیکرۆسـکۆپی ئەلیکترۆنیـش هـەر نابیـنرێ، ئنجـا بـۆ ئـەوەی بچووکیـی ئەلیکـترۆن بزانیـن کـە سـینگولاریتیی زۆر لەویـش بچووکـترە، دەڵێیـن: زانایـان دەڵێـن: ئەگـەر گەردیلەیـەک بـە ئەنـدازەی گـۆی زەوی لـێ بکەیـن، ئەلیکترۆنەکـەی هێنـدەی تۆپێـک دەبـێ، تۆپـی پـێ کـە یاریـی پـێ دەکـرێ! ئنجـا لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەم سینگۆلاریتییە لـە ئیلیکترۆنیـش زۆر بچووکـترەو مـن لـە مەوسـووعەی: (ئیـمان و ئیلحـاد)دا، بـە تەفصیڵ باسـی ئـەوەم کـردوە، فیزیک زانانیـش دەڵێـن: ئـەو سـینگۆلاریتییە (سـێزدە ملیـارو هەشتسـەد ملیـۆن) سـاڵ لەمەو پێـش، لـە حاڵێـک دا کـە لـەو پـەڕی گەرمییـدا بـووەو، لـەو پـەڕی بچووکیـی دابـووە، لـە ماوەیەکـی ئـەو پـەڕی کـەم دا، کـە هیـچ کام لـەو گەرمیـی و قەبارەوکاتـە، وێنـا ناکرێـن، تەقیوەتـەوەو لـەو کاتـەوە ئـەوێ سـەرەتای دروسـتبوونی گەردوونـە، لـەو کاتـەوەش ئـەم گەردوونـە دەسـتی بـە لێککشـان کـردوەو، دەسـتی بـە دروسـتکران کـردوە، کەواتـە: گـەردوون سـەرەتایەکی هەیـەو، هەرچـی لێـی دەکۆڵیـەوە، هەمووی سـەرەتایەکی هەیـە، زنجیـرەی دروسـتکراوەکان هەموویـان لـە شـوێنێک دەوەسـتێ، بۆیـە خـوا یەکەمینـە، واتـە: خـوا سـەرەتاو دەسـتپێکی دروسـتکراوەکانە.

هەروەها خوا دوایەمینە واتە: خوا دروستکراوەکان ناهێڵێ و بەس خۆی دەمێنێ، ئەوەی بمێنێ، بەهێشتنەوەی خوا دەمێنێ، وەک خەڵکی بەهەشت و دۆزەخ کە دەمێنن، بەهێشتنەوەی خوا دەمێنن.

کە خوا دەفەرمویّ: ﴿ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ ﴾، ئاشکراو پەنهانە، خوا ﷻ ئەگەر بە چاوی عەقڵ و دڵ بۆی بڕوانی، هیچ شتێک لە خوا ئاشکراتر نیە، (عطاءُ الله الأسكندري) قسەیەکی زۆر جوانی هەیە دەڵێ: (مَتَى غِبْتَ حَتَى تَكُوْن الأكْوَانَ هِيَ الَّتِي تَدلُّ عَلَيْكَ)، خوایە! تۆ کەنگێ پەنهان بووی، تاکو دروستکراوەکان ببنە، بەڵگە لەسەر تۆ؟ لە ڕاستییدا هیچ شتێک لە خواو لە بوونی خوا ئاشکراترو ڕوونتر نیە، ئەگەر بە چاوی عەقڵ و دڵ بۆی بڕوانی، بگرە هەندێک لە زاناو عاریفەکان، بەڵکو هەندێک لە فەیلەسووفەکانیش دەڵێن: ئێمە بەڵگەمان لەسەر ئەوەی ئەم گەردوونە هەیەو، خەون و خەیاڵ نیە، بوونی خوایە، خوا دەفەرمویّ هەیە، ئەگەر خوا نەیفەرمووبایە من ئاسمانەکان و زەوییم دروستکردوون و ئێوەم دروستکردوەو هەن، دەمانگوت: ڕەنگە هەر خەون و خەیاڵ بێ!

بەڵام ئەگەر بە چاوی سەرو بە پێنج هەستەکان بە دوای خوادا بگەڕێی، بێگومان خوا پەنهانە، ونە، شێردراوەیە، بە چراو شەداوی هەستەکان ناگیرێ.

چونکە پێنج هەستەکانی ئێمە، تەنیا دەتوانن لەگەڵ دنیایەکی سنوورداری بەرهەستدا مامەڵە بکەن، تەنانەت ئەگەر بمانەوێ مامەڵە بکەین لەگەڵ دنیاشدا، دنیای نا بەرهەست دا، دەبێ پەنا بەرینە بەر عەقڵ، ئێمە بە عەقڵ زۆر لە شتەکان دەرک دەکەین، بۆ وێنە: دادگەریی، کێ دادگەریی بینیوە، ئێمە فلانکەسی دادگەرمان بینیوە، بەڵام دادگەریی بۆ خۆی بەهایەکە نابینرێ، ئەدی چۆن دەزانین هەیە؟ بە عەقڵ، هەروەها جوانیی، ئەمە گوڵێکی جوانە، ئافرەتێکی جوان، پیاوێکی جوان، منداڵێکی جوان، دیمەنێکی جوان، تاقگەیەکی جوان، ئەوە دەزانین، بەڵام جوانیی بۆ خۆی، وەک بەهایەک بە عەقڵ دەرک

دەکرێ، دادگەریی بە عەقڵ دەرک دەکرێ، چاکیی بە عەقڵ دەرک دەکرێ، هەروەها بەزەیی، ئاژەڵێکی بە بەزەیی، مرۆڤێکی بە بەزەیی، باڵندەیەکی بە بەزەیی هەیە، بەڵام بەزەیی لە خۆیدا، وەک بەهایەک بە عەقڵ دەرک دەکرێ.

ئنجا کەسێک تەماشای کۆشکێک دەکات، کەسیشی تێدا نیە، بەڵام تەماشا دەکات هەموو شتەکانی لە شوێنی خۆیاندان، ئەو کۆشکە هەموو پێداویستییەکانی تێدان، ئایا مرۆڤ پێویستیی بەوە دەکات بە چاو وەستاو کرێکارەکان ببینێ، کە دروستیان کردوە، ئەندازیارەکە ببینێ، کە نەخشەی بۆ کێشاوە، ئنجا بڵێ: کەسێک ئەم کۆشکەی دروستکردوە؟ نەخێر، ئەدی ئەم گەردوونە!! ئایا لەو کۆشکە کە لە بیابانێکدا ببینێ و، هەموو خاوەن عەقڵێک دەڵێ: ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەندازیارێک نەخشەی بۆ کێشاوەو، وەستاو کرێکارانێک ئەم کۆشکەیان دروستکردوە، بەڵگەیەکی ڕوونتر نیە لە سەر بوونی خوا؟ دەڵێم: نەک هەر ئەوە، بەڵکو شوێن پێیەک لە بیابانێکدا ببینرێ، هەموو خاوەن عەقڵێک بەپێی شوێن پێیەکە، دەیکاتە بەڵگە، ئەگەر هی مرۆڤ بێ و گچکە بێ دەڵێن: ئەوە منداڵ بووە، ئەگەر شوێن پێیەکەش گەورە بێ، بەگوێرەی خۆی مەزەنندەی بۆ دەکرێ، بەڵام ئەگەر شوێن پێی ئاژەڵێک بێ، بۆ وێنە: حوشتر بێ، یان گا بێ، یان گوێدرێژ بێ، یان ئەسپ بێ، یان پشیلە بێ، دەگوترێ: فڵان شتە بووە، شوێن پێیەک بەڵگەیە لەسەر ئەوەی پێڕۆیەک بەوێدا ڕۆیشتوە، ئەدی ئەو گەردوونە، کە هەموو پێداویستییەکانی مرۆڤایەتیی تێدان، نەک هی چەند مرۆڤێک، وەک کۆشکێک، بەڵکو هی هەموو مرۆڤایەتیی بە هەموو جیلەکانیەوەو؟! بێگومان خوای بێ وێنە ئەگەر بە چاوی عەقڵ و دڵ بۆی بڕوانی، زۆر ئاشکرایە، بەڵام بەچاوی سەر بۆی بگەڕێی پەنهانە، ئنجا نەک هەر خوا ﷻ بەڵکو زۆر لە دروستکراوەکانی خواش، بە چاوی سەر نابینرێن و، نایەنە بەر ڕکێفی پێنج هەستەکان، بەڵکو بە عەقڵ و لە دوای عەقڵ، بە دڵ و بەخورپەو ئیلهام و، پاشان بە وەحیی، کە ڕاسترین و بێ خەڵەترین زانستە، بەوە ئەو ڕاستییانە

دەرک دەکرێـن، کـە خـوا لەسـەر زمـانی پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ**) بـە ئێمـەی ڕاگەیانـدووە.

بڕگەی دووەم: شیکردنەوەیەکی ئەو چوار سیفەتەی خوا:

زانایـان تەعبیرێکـی جوانیـان هەیـە، بـۆ ئـەو چـوار سـیفەتەی خـوا ﷻ، یەکێکیـان دەڵـێ: (**هُـوَ الْأَوَّلُ بـلا اِبْتِـدَاء، وَالْآخِـرُ بـلا انْتِهـاء، وَالظَّاهِـرُ بـلا اقـتراب، وَالْبَاطِـنُ بـلا احْتِجَـاب**)، یـانی: خـوا یەکەمـە، بـەڵام بەبـێ دەسـتپێک، واتـە: یەکەمـە بـێ ئـەوەی دەسـتی پێکـرد بـێ و هـەر بـووە، بوونەکـەی درێـژەی هەیـە، بـە ئەزەلـدا چۆتـە خـوار، یـانی: خـوا ﷻ وەک دروسـتکراوەکان نیـە، ئێسـتا عەقڵـی ئێمـە ناتوانـێ دەرکـی هیـچ شـتێ بـکات، مەگـەر سـەرەتایەکی بـۆ دابنـێ، بـەڵام خـوا بـێ سـەرەتایە، بۆیـە دەفەرمـوێ: (**أَوَّلٌ بِـلَا ابْتِـدَاء**)، یەکەمـە بـەڵام بەبـێ دەسـتپێکردن.

(**وَآخِرٍ بِلَا انْتِهَاء**)، خوا کۆتاییە، بەڵام بێ ئەوەی ببڕێ و کۆتایی بێ.

(**وَظَاهِرٍ بِلَا اقتراب**)، خوا ئاشکرایە، بەڵام بێ ئەوەی نزیک بێتەوە.

(**وَبَاطِنٍ بِلَا احتجاب**)، خوا پەنهانە، بەڵام بێ ئەوەی پەنهان و شێردراوە بێ.

بەڕێـــــــزان!

لـە ڕاسـتییدا ئەگـەر مـرۆڤ بیـەوێ لـە مانـای ئـەزەل و ئەبـەدو، بـێ سـەرەتایی خـواو بـێ کۆتایـی خـوا عـز وجـل تێبـگات، شـتێک لـە عەقڵـی خـۆی بـار دەکات، کـە لـە توانـای دا نیـە، توانـاکانی مـرۆڤ سـنووردارن:

یەکەم: پێنج هەستەکان:

أ- هەستی دیتن، هەتا مەودایەک دەبینین و لەوە بەولاوە نابینین.

ب- هەستی بیستن، ئێمە لە بیست لەرینەوە (**ذبذبة**)وە دەبیستین و لە خوار بیستەوە نابیستین و، هەتا بیست هەزار (٢٠٠٠٠) لەرینەوە دەبیستین، لەسەرووی ئەو بیست هەزارەوە دەنگێ زۆر گەورە بێ نایبستین، بۆمان ئیستیعاب ناکرێ.

ج- هەروەها هەستی دەستلێکوتان (لمس)ی ئێمە بەهەڵەدا دەچێ، سێ ئاوان بێنە، ئاوێکی گەرم و، ئاوێکی ساردو، ئاوێکی شیلەوتێن، لە ئاوە گەرمەکە دەست دەرێنەو بیخە شیلەوتێنەکەوە، هەست دەکەی ساردە، لە ساردەکە دەست دەرێنەو، بیخە شیلەوتێنەکە، هەست دەکەی گەرمە، بەهەڵەدا دەچێ.

د- دیسان بۆنکردنمان بە هەڵەدا دەچێ.

هـ- تام کردنیش بەهەڵەدا دەچێ و، ئەوانەش کاریگەرییەکی زۆریان نیە لەسەر دەرککردنی شتەکان، واتە: دەست لێکوتان و تام و بۆن.

دووەم: خوا ﷻ عەقڵی داوە بە مرۆڤ، بەڵام بۆ ئەوەنا کە هەموو نهێنییەکانی گەردوونی پێ بزانێ، چونکە مرۆڤ پەکی لەسەر ئەوە نەکەوتوە، بۆ ئەوەی تاقیی بکرێتەوە هەموو نهێنییەکان بزانێ، بەڵکو لە قەدەر خۆی نهێنییەکان دەزانێ، کۆتایی ئەم کورتە باسەش بەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین:

{عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه قَالَ: جَاءَت فَاطِمَة رَضِي اللـه عَنْهَا، إلى رَسُوْل اللـه ﷺ، تَسْأَلُهُ خَادِمًا فَقَالَ: قُولِي: اللَّهُمَّ رَبَّ السَّمَوَاتِ السَّبْعِ، وَرَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ، رَبَّنَا وَرَبَّ كُلِّ شَيْءٍ، مُنْزِلَ التَّوْرَاةِ وَالإِنْجِيلِ وَالقُرْآنِ، فَالِقَ الْحَبِّ وَالنَّوَى، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ شَيْءٍ أَنْتَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهِ، أَنْتَ الأَوَّلُ، فَلَيْسَ قَبْلَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الآخِرُ، فَلَيْسَ بَعْدَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الظَّاهِرُ، فَلَيْسَ فَوْقَكَ شَيْءٌ، وَأَنْتَ الْبَاطِنُ، فَلَيْسَ دُونَكَ شَيْءٌ، اقْضِ عَنِّي الدَّيْنَ وَأَغْنِنِي مِنَ الْفَقْرِ} (أخرجه مسلم: ٢٧١٣، وابن أبي شيبه: ج١٠، ص٢٦٢، أبو داوود: ٥٥٠١، والبخاري في الأدب المفرد: ١٢١٢، وابن ماجة: ٣٨٧٣، وابن حبان: ٩٦٦).

واتە: ئەبوو هورەیرە رضي الله عنه، دەڵێ: فاتیمەی کچی پێغەمبەر ﷺ (خوا لێی ڕازی بێ) هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ داوای خزمەتکارێکی لێ دەکرد (کەسێک لە ماڵێ دا هاوکارییان بکات) پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو: بڵێ: ئەی خوایە! پەروەردگاری حەوت ئاسمانەکان و، پەروەردگاری تەخت و بارەگای مەزن و، پەروەردگاری ئێمەو پەروەردگاری هەموو شتێک، دابەزێنەری تەورات و ئینجیل

و فورقـان، قڵیشـێنەری هەمـوو دەنکـە تـۆوەکان و هەمـوو نێوکـەکان، پەنـا بـە تـۆ دەگـرم لـە خراپـەی هـەر شـتێک کـە نێوچەوانەکـەی بـە دەسـت تۆیـە {تـۆ نێوچەوانیـت گرتـووەو، جڵـەوی بەدەسـت تۆوەیـە} تـۆ یەکەمـی و لـە پێـش تـۆدا هیـچ شـتێک نەبـووە، تـۆ دوایەمینـی و لـە دوای تـۆ هیـچ شـتێک نیـەو، تـۆ (**ظَاهِـر**) ی و لەسـەرووی تـۆوە هیـچ شـتێک نیـەو، تـۆ (**بَاطِـن**)ی و نزیکتر لـە تـۆ هیـچ شـتێک نیـە، قەرزمـان لـە کـۆڵ بکـەوەو، لـە هەژاریـی بێنیازمـان بکـە.

لێـرەدا پێغەمبـەری خـوا ﷺ (**أوَّل**)ی بـەوە پێناسـە کـردوە کـە هیـچ شـتێکی لـە پێـش نیـەو، (**آخـر**)ی بـەوە پێناسـە کـردوە، کـە هیـچ شـتێکی لـەدوا نیـەو، (**ظَاهِـر**)ی بـەوە پێناسـە کـردوە، کـە هیـچ شـتێکی لەسـەرەوە نیـەو، (**بَاطِن**)یشـی بـەوە پێناسـە کـردوە، کـە هیـچ شـتێک لـەو نیزیکـتر نیـە، لـە دروسـتکراوەکانیەوە.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە بڕواداران کە بڕوایەکەیان بە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ مەحکەمتر بکەن و، لەوەی خوا پێیداون، ببەخشن و، سەرکۆنە کردنیان لەسەر بڕوانەهێنان بە خوا وەک پێویست، لە حاڵێکدا کە پێغەمبەری خوا موحەممەد ﷺ بانگیان دەکات و پێشتریش پەیمانی زگماکی لێیان وەرگرتووە، ئایەتە ڕۆشنەکانیش بۆ دەربازکردنیان لە تاریکاییان و، بەرەو ڕۆشنایی هێنانیان دادەبەزێنێ، دوایی سەرکۆنەکردنیان لەسەر نەبەخشین و، ڕاگەیاندنی یەکسان نەبوونی جەنگاوەران و، سامانی خۆبەخشەرانی پێش فەتح، لەگەڵ هی دوای فەتح داو، ڕاگەیاندنی ئەوە کە ماڵ و سامانی خۆبەخشەران لە ڕێی خوادا، قەرز دەدەنە خواو، بە چەند بەرانبەر بۆیان قەرەبوو دەکاتەوەو، پاداشتێکی هەرە باش و نایابیان دەداتەوە:

خوا دەفەرمووێ: ﴿ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَأَنفِقُوا۟ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ۖ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَأَنفَقُوا۟ لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴿٧﴾ وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ۙ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ لِتُؤْمِنُوا۟ بِرَبِّكُمْ وَقَدْ أَخَذَ مِيثَٰقَكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨﴾ هُوَ ٱلَّذِى يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبْدِهِۦٓ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ لِّيُخْرِجَكُم مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِ ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ بِكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿٩﴾ وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ لَا يَسْتَوِى مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ ٱلْفَتْحِ وَقَٰتَلَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُوا۟ مِنۢ بَعْدُ وَقَٰتَلُوا۟ ۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١٠﴾ مَّن ذَا ٱلَّذِى يُقْرِضُ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥ وَلَهُۥٓ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆزدە بڕگەدا:

١- ﴿ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴾، بڕوابێنن بە خواو بە ڕەوانەکراوەکەی، ئەمە وەک شارەزایانی ڕێزمانی عەرەبیی دەڵێن: (اسْتِئْنَافٌ وَقَعَ مَوْقِعَ النَّتِيجَةِ بَعْدَ الإِسْتِدْلَالِ)، ڕستەیەکی دەستپێکردنە، وەک ئەنجامگیریی لەوەی ڕابرد هێنراوە، ئەوەی ڕابرد لە شەش ئایەتی

سەرەتای سووڕەتی (الحَدِيد)دا، سەرەتا خوا ﷻ ئەو ڕاستییەی ڕاگەیاند، کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە، خوا بە پاک دەگرێ، بە چەمکی بەرفراوان و گشتگیری بە پاکگرتن، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، زاتی خوا بە پاک دەگرێ کە هاوێنەی هەبێ، سیفەتەکانی خوا بە پاک دەگرن، کە هاو وێنەیان هەبن، بۆ وێنە:

١- ناوەکانی خوا بە پاک دەگرن، کە کەسی دیکە ئەو ناوانەی هەبن، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿ هَلْ تَعْلَمُ لَهُۥ سَمِيًّا ﴿٦٥﴾ ﴾مريم.

ئایا هیچ هاوناوێک بۆوی دەزانی؟

٢- لە بارەی سیفەتەکانیشیەوە فەرموویەتی: ﴿ وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾ الروم: ٢٧، سیفەتی هەرە بەرز هی خوایە لە ئاسمانەکان و زەوی دا.

٣- هەروەها یاساو حوکمەکانی خوا بە پاک دەگرن، کە هەڵەو پەڵەیان تێدا هەبێ، یان کەسی دیکە بتوانێ یاساو حوکمی وا دەربکات، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَتَمَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ صِدْقًا وَعَدْلًا ﴿١١٥﴾ ﴾، الأنعام، واتە: وشەکانی پەروەردگارت لە ڕاستیی و دادگەریی دا، تەواویان کردوە، یان دەفەرموێ: ﴿ أَلَيْسَ ٱللَّهُ بِأَحْكَمِ ٱلْحَٰكِمِينَ ﴿٨﴾ ﴾التين، واتە: ئایا خوا کاربەجێترینی دادوەران، یاخود بەرنامە دانەران نیە؟!

٤- هەروەها کردەوەکانی خوا ﷻ بە پاک دەگرن، لەوەی کەم و کوڕیی و خەلەلیان تێدا هەبێ.

٥- دروستکراوەکانی خوا بە پاک دەگرن لەوەی ناڕێکییان تێدا هەبێ: ﴿ مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٍ ﴿٣﴾ ﴾الملک، بە کورتیی: هەموو کاروبارەکانی خوا، هەرچی پەیوەندیی بە خواوە هەیە: زات و سیفەت و ناوو کردارو یاساو فەرماییشت و بەرنامەو بڕیارەکانی و قەدەرو قەزای خوا، هەمووی بە پاک دەگرن، لەوە کە کەم و کوڕیی و ناڕێکیی و ناتەواویی تێدا هەبێ، ئنجا دوای ئەوەی خوا ﷻ بیست سیفەت و کردەوەی باس کردن، بۆ پێناسەکردنی خۆی کە پێشتر باسمانکردن، دەفەرموێ: ﴿ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴾، یانی:

ئەو خوایەی ﷻ کە لەوە پێش پێتان ناسێنراو، سیفەت و کردەوە ناوازەو بێ وێنەکانیتان بۆ باسکران، بڕوای پێ بێنن ﴿ وَرَسُولِهِۦ ﴾ هەروەها بە ڕەوانە کراوەکەشی، هەڵبەتە ئیمان ئەوە نیە تۆ بزانی خوا ﷻ هەیە، نا، ئەوە خاڵی هاوبەشی نێوان مسوڵمان و نامسوڵمان و، هاوبەش بۆ خوا دانەران و هەموو لایەکە، تەنانەت ئیبلیسیش زۆر چاک خوای ناسیوە، بەڵام پێویستە چوار شت هەبن، ئنجا پێی دەگوترێ ئیمان:

یەکەم: ئەو ڕاستییانەی نێوەڕۆکی ئیمان پێک دێنن، بە عەقڵ دەرک بکرێن، کە ئەوە بەڕاستدانان (تصديق)ی پێدەگوترێ.

دووەم: بە دڵ ئەو ڕاستییانە پەسند بکرێن و خۆشبویسترێن و ملکەچییان بۆ بکرێ.

سێیەم: بە زمان دانیان پێدا بهێنرێ و، ئیقراریان پێ بکرێ.

چوارەم: بە ئەندامەکانیش ڕەفتاریان پێ بکرێ.

کە خوا دەفەرموێ: بڕوا بە خواو بە پێغەمبەرەکەی بێنن، واتە: بەو چەمک و واتایە، هەموو ئەو ڕاستییانەی خوا پێتان دەفەرموێ، بیانزانن و پەسندیان بکەن و دانیان پێدابێنن و ملکەچیان بن و، خۆیشی هەم بە عەقڵ و دڵ بیناسن و، پەسندی بکەن، کە خوا تاکە بەدیهێنەرو پەروەردگارو پەرستراوتانەو، بەزمان دانی پێدابێنن و، بە کردەوەش بۆی ملکەچ بن، هەروەها بۆ پێغەمبەریش بە هەمان شێوە.

٢- ﴿ وَأَنفِقُوا۟ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ﴾، لەوەش ببەخشن کە خوا ئێوە تێدا کردۆتە جێنیشین، (مِمَّا)، یانی: (مِن الَّذِي) چونکە (ما) (**موصولة**)یە، واتە: هەر شتێک کە خوا ئێوەی تێدا کردۆتە جێنشین و خستوویەتە دەستی ئێوە، ئێوە لێی ببەخشن.

٣- ﴿ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَأَنفَقُوا۟ لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴾، ئەوانەی لە ئێوە بڕوایان هێناوەو ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوە، پاداشتێکی گەورەیان هەیە، وەک پێشتریش باسمان کرد هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئەم ئایەتەش لەگەڵ شەشەکەی ڕابردن، هەروەها ئایەتی

دواییش، بەڵکو هەندێکیان گوتوویانە: دوو سێ ئایەتی دواییش، هەموویان هەتا دەگاتە: ﴿لَا يَسْتَوِى مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ ٱلْفَتْحِ وَقَـٰتَلَ﴾، کە ئەوە بە دڵنیایی مەدینەییە، ئەوانی دیکە هەموویان مەککەیین، بەڵام من وای تێدەگەم: ئەم ئایەتەش مەدینەیی بێ، ئەگەر مەککەیی بووبن، هەر ئەو شەش ئایەتەی سەرەتان، ئەویش بەڵگەیەکی زۆر مسۆگەرکەرو دڵنیاکەرمان بەدەستەوە نیە، ئەو شەش ئایەتەش لە مەککە دابەزیین، لە ڕاستییدا ئەم ئایەتانە هەموویان وەک ئاڵقەکانی زنجیرێک یەکدی دەبەستنەوەو، هیچ شتێک ناچارمان ناکات بڵێین: ئەم شەش ئایەتەو هەندێک ئایەتی دیکەش کە پێشتر باسمان کردن، مەککەیین، عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ﷺ، ئەو ئایەتەی دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ﴾، وا لە قسەکەی وەردەگیرێ کە دەبێ لە مەککە دابەزیبێ، بەڵام ئەم ئایەتە موبارەکە، ئەگەر لە مەککە یان مەدینەش دابەزیبێ، هەندێک گوتوویانە: ئەو ئیشکالەی تێدا هەیە، خوا ﷻ چۆن بە کەسانێک کە بڕوایان هێناوە، دەفەرموێ: بڕوا بێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە کە ئەوە تەنیا لێرە نەهاتوە، لە سوورەتی (النساء)یشدا خوای پەروەردگار ئەو فەرمانەی دووبارە کردۆتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ئیمان هێنان یەک شت نیە، کە ئیمان بێنی و تەواو بێ، بەڵکو ئیمان پلە پلەیە، ئەوەتا لە سوورەتی (النساء)دا، لە ئایەتی ژمارە (١٣٦)، دا خوا دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَـٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَـٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَـٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَـٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بڕوا بێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی و، بەو کتێبەی دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەرەکەی و، بەو کتێبەی پێشتر دایبەزاندوە {واتە: هەموو کتێبەکان} هەر کەسێکیش بە خواو بە فریشتەکان و بە کتێبەکانی و بە پێغەمبەرانی و بە ڕۆژیی دوایی، بێبڕوا بێ، بەدڵنیایی گومڕا بوونێکی دوور گومڕا بووە.

هەروەها لە شوێنی دیکەشدا، خوا ﷻ ئەو ڕاستییەی کە فەرمان دەکات بە بڕواداران، بڕوا بێنن واتە: بڕوایەکی مەحکەمترو قووڵترو چاکتر بێنن، چونکە

ئیمان پلە پلەیەو، خوا ﷻ فەرمانی پێکردوون لە پلەیەکی ئیمانیی نزمەوە بڕۆن بۆ پلەیەکی ئیمانیی بەرزتر، هەروەک لە کۆتایی ئەم سوورەتەشدا هەر هەیە، دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَءَامِنُواْ بِرَسُولِهِۦ ﴿٢٨﴾ ﴾، لەوێشدا دیسان ئەوە دووبارە بۆتەوە.

ئنجا خوا ﷻ وەک پرسیارکردنی سەرزەنشت (توبيخ)و سەرسوڕماندن (تعجيب) دەفەرموێ: ﴿ وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ﴾، ئەوە چیتانە! بڕوا ناهێنن بە خوا؟ یانی: چ شتێک وای لێکردوون بڕوا نەهێنن.

٤- ﴿ وَٱلرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ لِتُؤْمِنُواْ بِرَبِّكُمْ ﴾، لە حاڵێکدا کە پێغەمبەر ﷺ بانگتان دەکات، تاکو بڕوا بە پەروەردگارتان بێنن.

٥- ﴿ وَقَدْ أَخَذَ مِيثَٰقَكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، بەدڵنیایی پەیمانیشی لێوەرگرتوون، ئەگەر ئێوە بڕوادارن، هەڵبەتە لە ڕستەی پێشێشدا کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَأَنفَقُواْ لَهُمْ أَجْرٌ كَبِيرٌ ﴾، ئەم ئایەتە ئەگەر مەدینەیی بێ، (مِن) بۆ بەشێک (**تبعيض**) نیەو (**بيانية**) یە، یانی: بۆ ڕوونکردنەوەیە، واتە: ئەوانەتان کە بڕوایان هێناوەو ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوە، پاداشتێکی گەورەیان هەیە، بەڵام ئەگەر ئایەتەکە مەککەیی بێ واتە: ئەی خەڵکی مەککە! ئەوانەتان کە بڕوایان هێناوەو ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوە، پاداشتێکی گەورەیان هەیە، بەڵام زیاتر وای تێدەگەم ئەم ئایەتە مەدینەیی بێ، بۆیە: ﴿ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ ﴾، لێرەدا (من) بۆ ڕوونکردنەوەیە، نەک بۆ بەشێک، ئنجا کە دەفەرموێ: چیتانە! بڕوا بە خوا ناهێنن لە حاڵێکدا پێغەمبەر ﷺ بانگتان دەکات، بڕوا بە پەروەردگارتان بێنن، یانی: (**أَيُّ شَيْءٍ يَمْنَعُكُمْ مِنَ الْإِيمَانِ وَقَدْ بَيَّنَ لَكُمُ الرَّسُولُ مِنَ الآيَاتِ مَا فِيهِ بَلَاغٌ وَحُجَّةٌ، وَعِلَاوَةً عَلَيْهِ: أَخَذَ اللهُ مِيثَاقَكُم الفِطْرِي**)، چ شتێک ڕێگرتانە کە بڕوابێنن بە خوا ﷻ، لە حاڵێکدا پێغەمبەر ﷺ ئەو ئایەتانەی بۆ ڕۆشنکردوونەوە، کە خوا پێیدا ناردوون، بەڵگەو ڕوونکردنەوەی ئەوەیان تێدا هەیە، هاندەرتان بێ بۆ بڕواهێنان و، سەربارەش خوا پەیمانی زگماکیشی لێوەرگرتوون؟!

﴿ وَقَدْ أَخَذَ مِيثَاقَكُمْ ﴾، هەم بە (أَخَذَ) هەم بە (أُخِذَ)ش، خوێندراوەتەوە، ئنجا ئەگەر بخوێنرێتەوە: (وَقَد أُخِذَ)، دەبێ بگوترێ: (مِيْثَاقُكُم)، ئەو کاتە دەبێتە (مَجْهُوْل الفاعل) بکەر نادیارو (مِيْثَاق) دەبێتە (نَائِب الفَاعِل)ەکە، واتە: ئێوە پەیمانتان لێ وەرگیراوە، ئایا ئەو پەیمانە مەبەست پێی چییە؟ وا پێدەچێ مەبەست پێی ئەو حاڵەتە زگماک و خوارسکە بێ، کە خوا مرۆڤی لەسەر خوڵقاندوە، کە خوای خۆی دەناسێ و، بە بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنی خۆی ئاشنایەو، ئایەتەی سوورەتی (الأعراف)یش: ﴿ وَإِذْ أَخَذَ رَبُّكَ مِنۢ بَنِىٓ ءَادَمَ مِن ظُهُورِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَأَشْهَدَهُمْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ ۖ قَالُوا۟ بَلَىٰ ۛ شَهِدْنَآ ۛ أَن تَقُولُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ إِنَّا كُنَّا عَنْ هَـٰذَا غَـٰفِلِينَ ﴿١٧٢﴾ ﴾، وەک کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (الأعراف)دا باسمان کردوە، بە ڕواڵەت هەر مەبەست پێی ئەو حاڵەتەیە، کە خوا مرۆڤی وا خوڵقاندوەو، خاوەن و خواو بەدیهێنەری خۆی بناسێ و، ئەوەی وەک پەیمان لێوەرگرتنێک وێنا کردوە.

هەڵبەتە هەندێک ڕیوایەت هەن، کە خوا ﷻ هەموو وەچەی مرۆڤانی، لە پشتی ئادەم دەریهێناون و دواتر، پەیمانی لێوەرگرتوون، ئایا من پەروەردگارتان نیم؟ گوتوویانە: با، بەڵام پێم وایە ئەوە هەمووی بۆ وێناکردنی ئەوەیە، کە خوا ﷻ مرۆڤی وا خوڵقاندوە، وەک پێشتر بەڵێن و پەیمانی لێوەرگیرابێ، کە هەر خواناس و خواپەرست بێ و، بەندایەتیی تەنیا بۆ خوا بکات، ئەوە لەو شێوەیەدا وێناکراوە، وەک کورتە باسێکمان لەو بارەوە کردوە، لە سوورەتی (الأعراف)دا!

چونکە کەس ئەو پەیمانەی لەبیر نیە، کەواتە: لەسەریان نابێتە بەڵگە، خواش ﷻ لە ئایەتی (١٦٥)ی سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿ رُّسُلًا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةٌۢ بَعْدَ ٱلرُّسُلِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾ ﴾، دوای ئەوەی خوا ناوی دوازدە لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) دێنێ دەفەرموێ: ئەوانە پێغەمبەرانێکی دڵخۆشکەرو ترسێنەرن، تاکو خەڵک لە دوای ناردنی پێغەمبەران، بەڵگەی نەبێ لەسەر خوا، ئنجا ئەگەر ئەوەی خوا ﷻ لێرەدا وەک بەڵێن و

پەیمان وەرگرتن باسی دەکات، ئەگەر ئەوە بووایە، دەیفەرموو: بەڵگەیان لەسەر خوا نیە، بێ هاتنی پێغەمبەرانیش (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) لەبەر ئەوەی کاتی خۆی پەیمانیان لێ وەرگیراوە! کەواتە: کە دەفەرموێ:

﴿ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، واتە: ئەگەر ئێوە لە داهاتوودا دەتانەوێ بڕوا بێنن، ئەوە ڕێتان لەبەردەمدا تەخت و ئاچووغە، ئەگەر ئیمان دێنن، ئەوە هەم پێغەمبەر ﷺ بانگتان دەکات تاکو بڕوا بە پەروەردگارتان بێنن، هەم پەیمانیشتان لێ وەرگیراوە (پەیمانی زگماکیی) یانی: بە شێوەیەک دروستکراون، کە خوای پەروەردگاری خۆتان بناسن، ئنجا باسی پاڵنەرێکی دیکەی سێیەمیش دەکات بۆ ئیمان هێنان:

٦- ﴿ هُوَ الَّذِي يُنَزِّلُ عَلَىٰ عَبْدِهِ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ ﴾، خوا ئەو زاتەیە کە ئایەتە ڕۆشنەکان دادەبەزێنێ بۆ سەر بەندەکەی خۆی {کە موحەممەدە ﷺ}.

بۆچی؟

٧- ﴿ لِّيُخْرِجَكُم مِّنَ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ ﴾، تاکو لە تاریکاییەکان دەربازتان بکات بەرەو ڕۆشنایی.

٨- ﴿ وَإِنَّ اللَّهَ بِكُمْ لَرَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خواش بەرانبەرتان زۆر بە پەرۆشەو زۆریش بە بەزەییە، (**الرَّأْفَةُ: هِيَ كَرَاهِيَّةُ إِصَابَةِ الْغَيْرِ بِضُرٍّ، والرَّحْمَةُ: هِيَ مَحَبَّةُ إِيصَالِ الْخَيْرِ إِلَى الْغَيْرِ**)، (**رَأْفَة**): ئەوەیە تۆ پێت ناخۆش بێ، ئەو کەسەی لە بەرانبەرتە تووشی زیان ببێ و پەرۆشت بێ، بۆیە (**رَأْفَة**)م بە پەرۆشیی لێکداوەتەوە، (**رَحْمَة**)یش بریتیە لەوەی تۆ حەز بکەی ئەوی دیکە سوودی پێ بگات، کەواتە: خوا هەم بەتەنگتانەوەیەو پەرۆشی ئێوەیەتی، تووشی زیان ببن، هەم بەزەییشی پێتان دا دێتەوە کە تووشی سوودو قازانج و چاکەتان بکات، کەواتە: ئەمەش پاڵنەرو هۆکارێکی دیکەی سێیەم بۆ بڕوا هێنانتان:

هۆکاری یەکەم: ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ بانگتان بکات.

هـۆکاری دووەم: ئەوەیـە کـە بەڵێـن و پەیـمانی پتەوتـان لـێ وەرگیـراوەو، بـە شـێوەیەک دروسـتکراون ئامـادەن خـواو خـاوەن و پـەروەردگاری خۆتـان بناسـن.

هـۆکاری سێیەم: ئەوەیـە کـە خـوا ئایەتـە ڕۆشـنەکانی بـۆ سـەر بەندەکـەی خـۆی دادەبەزێنـێ، تاکـو لـە تاریکاییـان دەربازتـان بـکات بـەرەو ڕۆشـنایی.

وشـەی: ﴿ لَرَءُوفٌ ﴾، وەک چـۆن بـە (رَءُوفٌ) خوێندراوەتـەوە، بەبـۆر (**ضمَّة**)ش خوێندراوەتـەوە: (**لَـرَءُفٌ رَحِيـم**)، بەبـێ (**و**).

لـە تەفسـیری ڕسـتەی پێشـێ دا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا لَكُمْ لَا تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ ﴾، (**الطـبري**) دەڵـێ: (**وَمَـا شَـأْنُكُمْ أَيُّهَـا النَّـاسُ! لَا تُقِـرُّونَ بِوَحْدَانِيَّـةِ اللَّـهِ تعـالى**)، چیتانـە خەڵکینـە! دان بـە یەکتایـی خـوای بـەرزدا ناهێنـن، هەروەهـا لـە تەفسـیری ئـەوەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، (الطـبري) دەڵـێ: (**إِنْ كُنْتُـمْ تُرِيـدُونَ أَنْ تُؤْمِنُـوا بِاللَّـهِ يَوْمًـا مِـنَ الْأَيَّـامِ، فَـالْآنَ أَحْـرَى الْأَوْقَـاتِ، أَنْ تُؤْمِنُـوا**)، واتـە: ﴿ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴾، واتـە: ئەگـەر ئێـوە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان دەتانـەوێ بڕوابێنـن، ئێسـتا باشـترین کاتـە کـە بڕوابێنـن، هەڵبەتـە ئـەو واتایـەش دەگەیەنـێ و، ئـەو واتایـەش دەگەیەنـێ: کـە ئێـوە ئەگـەر دەتانـەوێ بـڕوا بێنـن، ڕێتـان لەبەردەمـدا تەخـت و ئاچووغـە.

ئنجـا جارێکـی دیکـە خـوا ﷻ وەک سـەرکۆنەو سەرزەنشـت، کـە مەبەسـت پێـی هاندانـە دەفەرمـوێ:

٩- ﴿ وَمَا لَكُمْ أَلَّا تُنفِقُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، چیتانە، چ شتێک ڕێگرتانە {چ شتێک واتان لێ دەکات} کە لە ڕێی خوادا نەبەخشن؟ (**وَمَا لَكُمْ**)، یانی: (**مَا دَفَعَكُم أَلاَّ تُنْفِقُوا**)، چ شتێک پاڵتان پێوە دەنێ کە نەبەخشن لە پێناوی خوادا؟ (**ما**) بۆ پرسیارکردنەو مەبەست پێی سەرزەنشت و سەرکۆنەکردنە لەسەر ئەوەی نابەخشن، کە بێگومان لەو قۆناغەدا کۆمەڵگای ئیسلامیی کە لە مەدینە بووە، یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانیان بریتی بوو لە کێشەی ئابووریی، بە تایبەتی کۆچکەران خوا لێیان ڕازی بێ، کە ماڵ و حاڵ و نیشتیمان و بەرژەوەندیی و هەموو شتێکی خۆیان لە مەککە بەجێهێشتبوو، هەروەها لە شوێنەکانی

دیکەی جگەلە مەککە بەجێیان هێشتبوو و هاتبوون بۆ مەدینەو نیشتەجێ بوو بوون، بەبێ کارو کاسبیی و بەبێ هۆکارێکی دیاری ژیان و گوزەران پێ بردنە سەر، بۆیە خوا ﷻ لە قورئاندا زۆر باسی بەخشین دەکات، چونکە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی ئەو کات وا پێویست بووەو، بۆ سەرجەم کۆمەڵگایەکانی دیکەی مسوڵمانانیش، دیسان بەخشین و هاوکاریی کردن و دەستگیریی کردنی یەکدیی هەر پێویستە هەبێ.

لەم ڕۆژگارەی ئێستاش دا گەورەترین کێشەی بەشەر، ئەو حاڵەتی سەروەت و سامان پەزمەندەکردن و وەسەریەکنانە، لەسەر حیسابی ڕەش و ڕووتکردنی خەڵک، بە زەقترین شێوە، بە تایبەتی ئێستا لە سایەی شوومی سیستمی کاپیتالیزم و لیبرالیزمدا، ئەوە بە زەقترین شێوەی دیارە، شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن: لە وڵاتێکی وەک ویلاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا (١٪) دەوڵەمەندەکان خاوەنی (٩٩٪) واریداتی وڵاتن و، لە (٩٩٪)ی خەڵکەکەش خاوەنی (١٪) واریداتە، ئنجا ئەوە بەس لە ئەمریکا نیەو، لەسەر ئاستی دنیاش هەر وایە، لەسەر ئاستی دنیا شارەزایان دەڵێن: (٥٪)ی خەڵکی دنیا خاوەنی (٩٥٪) خاوەنی سەروەت و سامانی هەموو دنیایەو، (٩٥٪)ی خەڵکی هەموو دنیاش تەنیا خاوەنی (٥٪)ی سەروەت و سامانن!!

ئنجا ئەگەر هەرێمی کوردستانی عێراقی خۆشمان تەماشا بکەین هەر وایە، ملیاردێرەکان هەیانە باسی دە (١٠) ملیارو، بیست ملیارو، سیی ملیارو، زیاتر و کەمتریان دەکرێ و، چەند ملیاردێرێکیش هەنە لەم وڵاتەدا، ملیۆن لێریش زۆرن، واتە: ئەوانەی ملیۆنێک دۆلاریان هەیە، بەڵام ملیاردێریش کەم نین، ئنجا لە ئەنجامی بوونی ئەو ملیاردێرانەدا کە بە پارەی حەڕام و بە شێوازی ناشەرعیی و، بە گەندەڵیی سامانەکەیان کۆکردۆتەوە، هاوسەنگیی ئابووریی و گوزەرانی خەڵک تێکچووە، هەڵبەتە (گەندەڵیی) وشەیەکی بە ئەدەبە بۆ ئەو حاڵەتی سەروەت و سامان وەسەریەکنانی زۆرێک لە بەرپرسەکان و، شەریکە دزەکانیان کە لەگەڵ بەرپرسەکاندا شەریکن، چونکە ئەوە دەست بەسەرداگرتنی سەروەت و سامانی

وڵاتـە، گەندەڵیـی ئەوەیـە کەسێک لـە پەنـای پۆسـت و بەرپرسیارێتییەکەیدا شـتێک دەکات بـە واسـتەو واسـتەکاریی، بـەڵام وەختـێ کەسێک دێنـێ هەمـوو ئـەوێ ئـەم وڵاتـەو، هەمـوو سـەروەت و سـامانی ئـەم وڵاتـەو، هەمـوو بـاج و گومرگـی ئـەم وڵاتـە دەخاتـە ژێـر دەسـتی خـۆی و تەسـەڕروفی خـۆی وەک بنەماڵـە، وەک شـەخص، وەک حیـزب و، بـە کەیفـی خـۆی شـەپ و گووپـی پـێ لێـدەدا، لەسـەر حیسـابی ڕەش و ڕووتکـردنی خەڵـک و، لەسـەر حیسـابی نەبـوونی ژێرخـانی ئابووریـی و، لەسـەر حیسـابی جیلـەکانی داهاتـووی ئـەو میلەتـەش، لـە ڕاسـتییدا وشـەی گەندەڵیـی زۆر کەمـە بـۆ پێناسـەکردنی ئەوانـە، چونکـە کارەکەیـان هـەر بریتیـە لـە دزیـی و دەست بەسـەرداگرتن و مـاڵ زەوتکـردن!

بۆیـە خـوا ﷻ یەکەمیـن ئایـەت کـە دەسـتی پێکـرد فەرمـووی: ﴿ ءَامِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَأَنفِقُواْ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسۡتَخۡلَفِينَ فِيهِ ۝٧ ﴾، بـڕوا بـە خـواو بـە پێغەمبەرەکـەی بێنـن و، لـەوەدا کـە خـوا ئێـوەی تێـدا کردۆتـە جێنیشـین، ببەخشـن.

ئێـوەی تێـدا کردۆتـە جێنیشـین، واتـە: خـوا ئـەو مـاڵ و سـامانەی خسـتوویەتە دەسـتی ئێـوە، ئێـوە دەبـێ وەک خەلیفـەو جێنیشـینی خـوا مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەن، نـەک وەک خـاوەنی ڕاسـتەقینەی ئـەو سـەروەت و سـامانەو، دەبـێ بـە مۆڵـەتی شـەرعی خـوا مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو مـاڵ و سـامانەدا بکـەن، ئنجـا لێـرەش دووبـارەی دەکاتـەوەو دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا لَكُمۡ أَلَّا تُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، چیتانـە! لـە ڕێـی خـوادا نابەخشـن (مـاڵ و سـامانی خۆتـان نابەخشـن)؟!

١٠- ﴿ وَلِلَّهِ مِيرَٰثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾، لە حاڵێکدا میراتی (خەڵکی) ئاسمانەکان و زەوی هەمووی هی خوایە، ئەم (و)ە، (**وَاوُ لِلْحَالِ، وَهُوَ مِنْ ضَمِيرِ تُنْفِقُوا، لأنَّهُم وَمَالُهُم مِنْ مَا يَرِثُ اللهُ تَعَالَى**)، (و) بۆ حاڵە، [یانی: لە حاڵێکدا] و، بۆ ڕاناوی (**تُنْفِقُوا**)، چونکە مرۆڤەکان کە فەرمانیان پێ دەکرێ، ببەخشن، ئەوان خۆشیان و، ئەوەی هەشیانە هەر لەنێو ئەوەدایە کە خوای بەرز بە میراتی دەگرێ.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَلِلَّهِ مِيرَاثُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، یانی: (**ولله مِيْرَاثُ أَهْلِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ**)، خوا میراتگری هەموو ئەو کەسانەیە کە لە ئاسمانەکان و زەوییدان، ئەگەرنا بێگومان ئاسمانەکان زەوی هەر خوا خاوەنیانە، ئێستاش و کاتێکیش کەسی تێدا نامێنێ، بەڵام ئەو کاتە هیچ ئازایەتیی نابێ بۆ خەڵک کە ببەخشێ! خوا ﷻ مەبەستی پێ ئەوەیە کە لە حاڵێکدا خەڵکی نێو ئاسمانەکان و زەوی هەر کامێکیان بمرێ - مەبەست پێی جندو مرۆڤە - هەرچی هەیانە دەبێتە میرات و دەچێتە لای خوا ﷻ، کەواتە: بەر لەوەی ماڵ و سامانەکانتان ببنە میراتێک و بچێتەوە لای خوا ﷻ، هەوڵبدەن بە شێوەیەک تەصەڕوفی تێدا بکەن و بە جۆرێک مامەڵەی پێوە بکەن، کە جێی ڕەزامەندیی خواو، سەربەرزیی و بەرژەوەندیی هێنانە دی خۆتان و کۆمەڵگاکەتان بێ.

١١- ﴿لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ ٱلْفَتْحِ وَقَٰتَلَ﴾، ئەوانەتان یەکسان نین کە لە پێش فەتحدا ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوەو جەنگیان کردوە، {لەگەڵ ئەوانەدا کە دوایی ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوەو جەنگیان کردوە}.

١٢- ﴿أُوْلَٰٓئِكَ أَعْظَمُ دَرَجَةً مِّنَ ٱلَّذِينَ أَنفَقُواْ مِنۢ بَعْدُ وَقَٰتَلُواْ﴾، ئەوانە {کە لە پێش فەتحدا ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوەو جەنگیان کردوە لە پێناوی خوادا} پلەیان مەزنترە لەوانەی دوایی ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوەو، جەنگ و فیداکارییان کردوە.

زانایان لەو بارەوە ڕاجیان کە ئایا مەبەست لە (**الْفَتْح**)[1] چییە؟.

---

(١) فەتح لێرەدا یانی: دەست بەسەرداگرتن و ئازادکردنی شوێنێک و خستنیە ژێر کۆنترۆڵی خۆ، وشەی (فَتْح)یش بەچەند واتایەک هاتوە:

أ- بە مانای کردنەوە هاتوە.

ب- بە مانای دادوەریی هاتوە.

ج- هەروەها بە مانای ئازادکردنی شوێنێک و خستنە ژێر کۆنترۆڵیشی هاتوە، کە لێرەدا ئەو مانایەی مەبەستە.

١- هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست پێی سوڵحی حودەیبییەیە، کە خوا ئەویشی ناوناوە فەتح: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ۝١﴾ الفتح.

٢- زۆربەشیان گوتوویانە: مەبەست پێی فەتحی مەککەیە، واش پێدەچێ ڕای دووەم ڕاست بێ، ئەوەی زۆربە تەبەننییان کردوە، لەبەر ئەوەی لە فەتحی مەککەداو لەپێش فەتحی مەککەدا، زیاتر جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوە لەنێوان مسوڵمانان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکاندا، بووە لێرەش باسی ماڵ و سامان بەخشین و جەنگکردن دەکات.

(دَرَجَةٌ)، یانی: پلە، (الدَّرَجَةُ: مُسْتَعَارَةٌ لِلفَضْلِ لِأَنَّ الدَّرَجَةَ تَسْتَلْزِمُ الإِرْتِقَاءَ، فِي الدَّرجِ، فَالدَّرَجَةُ مِنْ أَسْمَاءِ الأَجْنَاسِ الَّتِي لُوحِظَتْ فِيهَا صِفَاتُ أَوْصَافٍ مِثْل اسْمِ الأَسَدِ)، (دَرَجَة): خوازراوەتەوە بۆ بەخشش و پێگە، چونکە پلەو پایە خوازیاری ئەوەیە مرۆڤ بەرزبێتەوە بە (دَرَجْ) قادرمەو پەیژەدا، وشەی دەرەجەش لە ناوەکانی جۆرەکانە کە سیفەتەکانی وەسفەکانیان تێدا ڕەچاو کراوە، وەک ناوی شێر (أَسَد) ئێستا کە دەگوترێ: (أَسَد) بێگومان بە دڕندەیەک دەگوترێ کە دەیزانین، بەڵام جاری وایە وەسفی ئازایەتیی لە شێردا، زاڵبووە بەسەر ناوەکەیدا، بۆ ئاژەڵێکی دڕندە، ئنجا دەرەجەش بەهەمان شێوە، بە مانای پێگەو پلە دێ، نەک بە مانای پەیژەیەک کە مرۆڤ پێیدا بەرزبێتەوە.

١٣- ﴿وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾، هەر کامێکیشیان خوا بەڵێنی باشترین پاداشتی پێداوە، واتە: هەر کامێکیان لەوانە کە لە پێش فەتحی مەککەدا جەنگیان کردوەو ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوە، یان ئەوانەی دوایی ماڵ و سامانی خۆیان بەخشیوەو جەنگاون، خوا بە هەرکامێکیان بەڵێنی باشترین پاداشتی پێداون، بەڵام هەر کەسەیان لە قەدەر خۆی و، ئەوەش مانای یەکسان کردنەوەیان نیە، چونکە خوا پێشتر فەرمووی: ﴿لَا يَسْتَوِي مِنكُم مَّنْ أَنفَقَ مِن قَبْلِ ٱلْفَتْحِ وَقَٰتَلَ﴾، کە بەرانبەرەکەی قرتێنراوە، چونکە بە سیاق و سەلیقە دەزانرێ، یانی: (لَا يَسْتَوِي مَنْ أَنْفَقَ مِنْ قَبْلِ الْفَتْحِ وَقَاتَل، وَمَنْ أَنْفَقَ مِنْ بَعد الْفَتْحِ وَقَاتَل)، ئەوکەسەی پێش فەتح بەخشیویەتی و جەنگاوە، یەکسان نیە لەگەڵ ئەوکەسەی دوای فەتح بەخشیویەتی و جەنگاوە. چونکە ڕستەی دوایی دەلالەتی لەسەر دەکات، (وَكُلًّا)،

خوێنراویشەتەوە: (**وَكُلٌّ وَعَدَ اللهُ الحُسْنَى**)، هەم بە (**وَكُلًّا**)، خوێندراوەتەوە بە (**مَنْصُوب**) هاتووە، هەم بە (**كُلٌّ**)، هاتوە بە (**مَرْفُوع**)، خوا بەڵێنی پاداشتی هەرە چاکی بە هەر کامێکیان داوە.

١٤- ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴾، خواش شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن، زۆرباش شارەزایەتی ئایا بە چ دڵ و هەناوێکەوە دەیکەن و، بە چ هاندەرێکەوەو، مەبەستیان پێی چییەو، چۆن دەیکەن؟!

لە کۆتاییدا دەفەرموێ:

١٥- ﴿ مَّن ذَا ٱلَّذِي يُقۡرِضُ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا فَيُضَٰعِفَهُۥ لَهُۥ وَلَهُۥٓ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ﴾، کێیە قەرزێکی باش بدات بە خوا، خواش بۆی چەند بەرانبەر بکاتەوەو، پاداشتێکی زۆر نایاب و چاکیشی هەبێ، (**الْقَرْضُ الْحَسَن**) یانی: قەرزی باش، وشەی (**قَرْض**) لە ئەصڵدا لە (**قَطْع**)ەوە هاتوە، چونکە قەرز کە بە کوردیی پێی دەگوترێ: وام، بەڵام پێم وایە وشەی قەرز خەڵک باشتر لێی تێدەگەن، قەرز ئەوەیە کەسێک ئەندازەیەک لە ماڵ و سامانی خۆی دادەبڕێ و دەیدات بەو کەسەی هاوکاریی دەکات، بەبێ بەرانبەرو بۆ کاتێکی دیارییکراو، کە دوایی بیگێڕێتەوە. بەڵام بەدڵنیایی بەبێ لێ زیادکردن و ئەگەر زیادەی تێدابێ: (**كُلُّ قَرْضٍ جَرَّ نَفْعًا فَهُوَ الرِّبَا**)، هەر قەرزێک قازانجی ڕاکێشا، سوود (ربا)ەو حەرامە، بەڵام ئایا لێرەدا کە خوا (**قَرْضاً حَسَناً**) (**قرض**) ئازناوی (**حسن**)ی خستۆتە سەر، مەبەستی پێ چییە؟ یەکێک لە زانایان دەڵێ: (**الْقَرْضُ الْحَسَنُ: هُوَ الْقَرْضُ الْمُسْتَكْمِلُ مَحَاسِنَ نَوْعِهِ مِنْ طِيبِ نَفْسٍ، وَبَشَاشَةٍ فِي وَجْهِ الْمُسْتَقْرِضِ، وَخُلُوٌّ عَنْ مَا يُعَرِّضُ بِالْمِنَّةِ، أَوْ بِتَضْيِيقِ أَجَلِ الْقَضَاءِ**)، یانی: قەرزی باش ئەوەیە سیفەتە چاکەکانی جۆری خۆی کۆکردبنەوە:

یەکەم: ئەو قەرزەی کە پێی دەدات، بە دڵخۆشیی و بە دڵێکی کراوەوە پێی بدات.

دووەم: ڕووگەشیی لە ڕووی بابای قەرزکەردا (لە دڵەوە پێی پێ ئاسوودەو موڕتاح بێ، کە کارێکی باش دەکات، خوا پێی خۆشە) هەروەها لە ڕواڵەتیش دا بە ڕوو خۆشیی بەقسەی خۆش، پێی بدات.

سێیەم: خۆی دوور بگرێ لە هەر شتێک کە بۆنی منەت کردنی لێ بێ.

چوارەم: خۆی دووربگرێ لەوەی تەنگی پێهەڵبچنێ، بۆ وێنە: بڵێ: دەبێ فڵان ڕۆژە، قەرزەکەم هەر بدەیەوە! لە سەرەتاوە قەرزدارەکە وا لێ بکات لە دڵە ڕاوکەدا بێت، وەک لە سووڕەتی (**البقرة**)دا خوا دەفەرموێ: کەسێک کە سەغڵەت بوو بە دەستیەوە نەبوو، با بابای کە قەرزی پێداوە لەگەڵی لەسەر خۆ بێ، وەک دەفەرموێ: ﴿ وَإِن كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ وَأَن تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٨٠﴾ ﴾البقرة، ئەگەر بابای قەرز وەرگر خاوەن سەغڵەتیی بوو، با چاوەڕوانیی بکرێ، تاکو بە ئاسانیی بۆی دەدرێتەوەو بۆی هەڵدەسووڕێ، ئەگەر خێریش بکەن {هەمووی یان بەشێک لەو قەرزە ببەخشن} بۆ ئێوە زۆر چاکترە.

لە کۆتایی ئەم مەسەلەی دووەمەدا کورتە باسێک لە بارەی مەرجەکانی خێرکردن و بەخشینی باشەوە، دەکەین: ئایا خێرکردن و ماڵ و سامان بەخشین بەشێوەیەکی باش، مەرجەکانی چین؟ کە من لە تەفسیری سوورەتی (**البقرة**)ش دا، لە ئایەتەکانی: (٢٦١ - ٢٧٤)، لە کاتی تەفسیرکردنی ئەو چواردە ئایەتەدا، کورتە باسێکمان لەو بارەوە کردوە، دوایی کراوە بە نامیلکەیەکیش، بە ڕاستیی لەو چواردە ئایەتەدا، خوا ﷻ هەموو ئەوەی پێویستە بۆ خێرکردن و ماڵ و سامان بەخشین بەشێوەیەکی چاک و ڕێک و پێک و پەسەند، خوا ﷻ خستوویەتە ڕوو، بۆیە ئێمە لەوێ لەو بارەوە کورتە باسێکمان کردوە، لە میانی تەفسیرکردنی ئەو چواردە ئایەتەدا، بەڵام لێرە بە کورتیی ئێمە یازدە سیفەت و مەرج، بۆ ماڵ و سامان بەخشینی باش دەخەینە ڕوو:

کورتە باسێک: مەرجەکانی ماڵ و سامان بەخشینی باش

بەڕێــــزان!

ماڵ و سامان بەخشینی چاك، بەلای کەمەوە ئەم دە (١٠) مەرجەی هەن:

١- دەبێ کەسێک ئەو ماڵ و سامانەی خۆی کە دەیبەخشێ، لەوە بیبەخشێ کە حەڵاڵ و پەسندە، یانی: ماڵ و سامانەکەی حەڵاڵ بێ و، باش و پەسندیش بێ، وەک لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٦٧)دا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبْتُمْ وَمِمَّآ أَخْرَجْنَا لَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ ۖ وَلَا تَيَمَّمُواْ ٱلْخَبِيثَ مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ إِلَّآ أَن تُغْمِضُواْ فِيهِ ﴿٢٦٧﴾ ﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! لەو ماڵ و سامانە حەڵاڵ و چاکەی بەدەستتان هێناوەو، لەوەی لە زەوی بۆمان دەرهێناون (لە بەروبوومی کشت و کاڵ و جگەلە کشت و کاڵیش) ببەخشن، نەچن ڕوو بکەنە ئەوەی خراپەو بەدڵتان نیە (لەوە ببەخشن) چونکە ئێوە لە شتی خراپ دەبەخشن، بەڵام ئامادە نین شتی خراپ وەربگرن. کەواتە: چیت بۆ خۆت پێخۆشە، ئەوەشت بۆ بەرانبەرەکەت پێ خۆش بێ.

٢- مرۆڤ لە کاتێکدا سامانێک پێویستییشی پێیەتی، بەڵام بیبەخشێت بە کەسێک کە ڕەنگە پێویستیی زیاتری هەبێ، یاخود بە قەدەر وی خۆڕاگر نەبێ لەسەر هەژاریی و نەداریی، یان لەسەر برسێتیی و ئاتاجیی، وەک خوا لە سوورەتی (الحشر) ئایەتی (٩) دا دەفەرموێ: ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ﴿٩﴾ ﴾، واتە: خەڵکی بەسەر خۆیاندا هەڵدەبژێرن، هەرچەندە خۆشیان زۆر پێویستییان پێیەتی، ئەوە لووتکەی سەخاوەت و بەخشین و، لووتکەی دڵفراوانییە لە مامەڵە لەگەڵ ماڵ و ساماندا، کە بۆ خۆشت پێویستییت پێ بێ، بەڵام هاوکاریی کەسێکی پێ بکەی، کە ڕەنگە لە تۆ پێویستتربێ، یاخود تۆ ڕەنگە لەو باشتر بتوانی خۆڕاگربی.

٣- ماڵ و سامانەکەی بە کەسی شایستە بدات، چاوبگێڕێ و چاو وردبکاتەوە، هەر لەخۆڕا ڕێژان و پێژان نەکات، بەڵکو چاو ورد بکاتەوەو شوێنی پێ بگرێ، وەک خوا لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٧٣)دا، دەفەرموێ: ﴿ لِلْفُقَرَآءِ ٱلَّذِينَ أُحْصِرُواْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ

لَا يَسْتَطِيعُونَ ضَرْبًا فِي ٱلْأَرْضِ يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ تَعْرِفُهُم بِسِيمَٰهُمْ لَا يَسْـَٔلُونَ ٱلنَّاسَ إِلْحَافًا ﴿٢٧٣﴾ ﴾، بۆ ئەو هەژارانەی لە ڕێی خوادا قەتیس بوون {واتە: بەهۆی جەنگ و جیهادەوە، یان بەهۆی خزمەتی ئایینی خوای پەروەردگارو بە هۆی بانگەوازەوە، بەهۆی بڵاوکردنەوەی زانستی شەرعییەوە} ناتوانن بە زەویدا بڕۆن {بۆ کارو کاسبیی} بابای نەزان بە دەوڵەمەندیان تێدەگات، بە هۆی نەفس بەرزیی و خۆ پاکڕاگرتنەوە، بەڵام بە سیماو نیشانەیان {ئەگەر لێیان وردبیەوە} دەیانناسیی.

٤- دەبێ چۆنیەتیی ماڵ و سامان بەخشینەکەی بەپێی حاڵ و مەقام، بێ، جاری وایە پێویست دەکات ئاشکرای بکات و، جاری واش هەیە پێویستە بە پەنهانیی بیکات، وەک لە سوورەتی (البقرة)، ئایەتی (٢٧١)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ إِن تُبْدُوا۟ ٱلصَّدَقَٰتِ فَنِعِمَّا هِىَ وَإِن تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا ٱلْفُقَرَآءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ ﴿٢٧١﴾ ﴾، واتە: ئەگەر خێرکردنەکانتان ئاشکرا بکەن، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڵام ئەگەر پەنهانی بکەن و، بیدەن بە هەژاران، ئەوە بۆ ئێوە باشترە.

ئایا ئەمە یانی چی؟ لەوێ دەفەرموێ: ئەوە هەرە باشە، لێرەش دەفەرموێ: ئەوە باشترە؟! ئێمە کاتی خۆی لە تەفسیری سوورەتی (البقرة)دا باسمان کردوە، کە زانایان مشت و مڕێکی زۆریان بووە: ئایا بەخشینی ماڵ و سامان، بە ئاشکرا باشترە یان بە پەنهانیی؟ لەوێشدا گوتوومانەو لێرەش دەیڵێین کە ئەوە بەپێی حاڵ و مەقام دەگۆڕێ:

أ- جاری وایە وا پێویست دەکات بە ئاشکرا بێ، ئەگەر تۆ ببیە سەرمەشق بۆ خەڵکێک، هەژارێک دێ، بۆ مەجلیسێک بۆ شوێنێک و، داوای شتێک دەکات، یان کەسێک لێقەوماوەو هاوکاریی بۆ کۆدەکەنەوە، ئەگەر بزانی بە هۆی دەستپێشخەرییتەوە، خەڵکێکیش تەماشای تۆ دەکات، وا باشە بە ئاشکرا بێ، ئەوە لەو حاڵەدا کە بزانی دەبیە سەرمەشق بۆ خەڵک.

ب- بەڵام لە حاڵێکی دیکەدا: کەسێک داوای هاوکاریی دەکات، تۆش دەزانی ئەگەر بێت و بە ئاشکرا بیدەیە، دڵی پێی دەشکێ و پێی نارەحەت دەبێ، بۆیە واباشە بە پەنهانیی بێ و کەس پێی نەزانێ، بەڵکو هەندێک کەسێک واخێر دەکات، بابای خێر پێکراویش نازانێ کێیە، بە ئەفەرێکدا بۆی ناردوەو گوتوویەتی: ناوم مەدە، بڵێ خێرخوازێک بۆی ناردووی! بۆ ئەوەی هەرکات بینی، هەست بە چاو بەرەو ژێریی و منەتباریی نەکات، بە ڕاستیی ئەوە بۆ خوایە، (الحمدلله) ئەو جۆرە کەسانە لەنێو مسوڵمانانندا کەم و زۆر هەر بوون و هەر دەشبن.

کەواتە: ئاشکرا کردنی خێرو چاکە، یان پەنهاکردنی، بە پێی حاڵ و کات و شوێن دەگۆڕێ، نەک یەک بنچینەمان هەبێ، هەمیشە بە ئاشکرا ببەخشین، یاخود هەمیشە هەر بە پەنهانیی ببەخشین، هەندێک لە زانایانیش گوتوویانە: ئەوەی واجب بێ وەک زەکات و ئەوانە، واباشە بەئاشکرا بێ و، ئەوەی دیکە وەک پەسندو خێری خۆبەخشانە، واباشە پەنهان بێ، بەڵام وەک گوتم، پێم وایە ئەوەی وەک بنچینەیەک دەگونجێ بیڵێین، ئەوەیە کە بەپێی حاڵ و مەقامەکان دەگۆڕێ.

٥- پێویستە بەخشین منەت لەسەرکردن و ئازاردانی دڵی بابای خێر پێکراوی تێدانەبێ، وەک لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٦٤)دا دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُبْطِلُوا۟ صَدَقَـٰتِكُم بِٱلْمَنِّ وَٱلْأَذَىٰ ﴿٢٦٤﴾ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! خێرو بەخشینەکانتان بەهۆی منەتکردن و ئازاردانەوە هەڵمەوەشێننەوە، منەتکردن ئەوەیە ڕووبەڕوو بێ و، ئازاردان ئەوەیە پاشملە بێ و دوایی باسی بکەیەوە، یاخود ئازاردان ئەوەیە ڕووبەڕوو بێ و، منەتکردن ئەوەیە دوایی باسی بکەی، دوایی بابای هاوکارییکراو پێی بکاتەوە و، دڵی پێ نارەحەت بێ، خواش ﷻ دەفەرموێ: بە هۆی ئەوەوە، خێرو چاکەکانتان هەڵدەوەشێنەوە، چ بە هۆی منەتکردن و، چ بە هۆی ئازاردانەوە.

٦- دەبێ ئەو ماڵ و سامان بەخشینە، تەنیا بۆ ڕازییکردنی خوا بێ ﷻ، وەک لە سوورەتی (البقرة) ئایەتی (٢٦٥)دا دەفەرموێ: ﴿ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمُ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ

ٱللَّهِ وَتَثْبِيتًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ ﴿٢٦٥﴾ ﴾، واتە: بۆ زیاتر دڵی خۆ چەسپاندن لەسەر ئیمان بۆ داواکردنی ڕەزامەندیی خوا ماڵ و سامانەکەیان دەبەخشن، نەک بۆ ڕوودەربایسیی و ڕووپامایی و، کە خەڵک مەدحیان بکات.

٧- پێویستە مرۆڤ لە ماڵ و سامانێک ببەخشێ، کە خۆشیدەوێ، پێشتریش ئاماژەمان پێدا، وەک خوا لە سوورەتی (آل عمران) ئایەتی (٩٢)دا دەفەرموێ: ﴿لَن تَنَالُوا۟ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا۟ مِمَّا تُحِبُّونَ ﴿٩٢﴾ ﴾، ئاگەنە پلەی چاکەکاریی تاکو ئەو ماڵ و سامانەی حەزی پێدەکەن و خۆشتاندەوێ، لێی نەبەخشن، نەک شتێ کە ناتانەوێ و بە کەڵک نایەت، یان نەویستراوە، نا، لەوەی چاکە، ببەخشن، بەڵام کەسێک، شتی باشیشی هەبێ و، شتی خراپیشی هەبێ، با لە باشەکە ببەخشێ و لە خراپەکەش ببەخشێ، بەڵام نەک هەربێنێ لەو شتەی نایەوێ، ببەخشێ! وەک خوای پەروەردگاریش فەرمووی: ﴿وَلَا تَيَمَّمُوا۟ ٱلْخَبِيثَ ﴾، (وَلَا تقصدوا الخَبِيْث)، واتە: ڕوو مەکەنە ئەوەی پیسە، یانی: بە کەڵک نەهاتووە، ﴿مِنْهُ تُنفِقُونَ وَلَسْتُم بِـَٔاخِذِيهِ ﴾، لێی دەبەخشن، بەڵام ئامادەنین وەریبگرن.

٨- خۆ بەجێنشینی خوا زانین، نەک ئەو ماڵ و سامانەی دەیبەخشی، بە موڵکی خۆتی بزانی، وەک لە سوورەتی (الحديد)دا دەفەرموێ: ﴿وَأَنفِقُوا۟ مِمَّا جَعَلَكُم مُّسْتَخْلَفِينَ فِيهِ ﴿٧﴾ ﴾، لەوەدا ببەخشن کە خوا ئێوەی تێدا کردۆتە جێنیشین، دەبێ بزانی کە تۆ جێنشینی خوای و ئەو ماڵ و سامانەکەتی لە دەستی تۆدا داناوە، نەک تۆ خاوەنی ڕاستەقینەی بی، وەک قارون گوتی: ﴿إِنَّمَآ أُوتِيتُهُۥ عَلَىٰ عِلْمٍ عِندِىٓ ﴿٧٨﴾ ﴾ القصص، واتە: ئەوە بە هۆی زانیاریی خۆمەوە پەیدام کردوە، نا، بەڵکو وەک سولەیمان عليه السلام بڵێی: ﴿هَٰذَا مِن فَضْلِ رَبِّى ﴿٤٠﴾ ﴾ النمل، واتە: ئەمە بەخششی پەروەردگارمە.

٩- بۆیە نەبەخشێ تاکو زیاتری دەست بکەوێ لە بەرانبەریدا، هی وا هەیە شتێک دەبەخشێ، بەڵام بۆیە شتێک دەبەخشێ، شتێکی کەم، تاکو شتێکی چاکتری دەست بکەوێ، سبحان الله هەندێک کەس هەیە لەنێو مسوڵمانانددا، دیارییەک بۆ کەسێک دێنێ، بەڵام چاوەڕوانیی لە بەرانبەردا دەکات، کە ئەو کەسە، دە بەرانبەر سەد بەرانبەر

چاکەی لەگەڵدا بکاتەوە! کە ئەوە هیچ نیە، خوای پەنهانزان دەفەرموێ: ﴿وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ۝٦﴾ المدثر، واتە: بۆیە چاکە مەکە، تاکو زیاترت دەست بکەوێ.

١٠- ئەوەی دەیبەخشێ پێی زۆر نەبێ، پێی وابێ شتێکی زۆر گەورەو عەجایبی کردوە، بەڵکو دەبێ هەمیشە مرۆڤی مسوڵمان هەموو کردەوەو تاعەتەکانی خۆی، پێ بچووک بن لە بەرانبەر خوادا، نەک پێی لە خۆبایی بێ و بڵێ: ئەوەندەم بەخشی و وام کردو وا چووم، وەک ئایەتەکەی سوورەتی (المدثر) ئەوەش دەگەیەنێ: ﴿وَلَا تَمْنُن تَسْتَكْثِرُ ۝٦﴾، واتە: کەسێک چاکەی لەگەڵدا دەکەی، منەت مەکە، کە چاکە لەگەڵ کردنەکەتت پێ زۆر بێ.

١١- دەبێ بەخشەر هیچ چاوەڕوانییەکی لە بابای پێبەخشراو نەبێ، وەک لە سووڕەتی (الإنسان) ئایەتی (٩)دا، خوا لەسەر زمانی ئەو بەندە چاکانە دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لَا نُرِيدُ مِنكُمْ جَزَاءً وَلَا شُكُورًا ۝٩﴾، ئێمە تەنیا لەبەر ڕووی خوا (و، لەبەر ڕەزامەندیی خوا) پێتان دەبەخشین، نە پاداشتمان لێتان دەوێ، نە سوپاسگوزارییش، واتە: نە پاداشتێکی ماددیی و نە سوپاسکردنێکی مەعنەوییشمان لێتان دەوێ، هیچ چاوەڕوانییەکمان لێتان نیە، چونکە لە بەرانبەر ئەو کردەوەیەدا پاداشتەکە لە خوا چاوەڕێ دەکەین و، لە خوای بەخشەری داوا دەکەین[1].

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

---

(١) ئەم یازدە مەرجە، (فخرالدین الرازي) لە (التفسیر الکبیر: ج١٥، ص٢١٤)، داهێناونی، بەڵام ئەو (١٠)ی هێناون و، من کردوومن بە (١١)، لەگەڵ دەستکاریی کردنی خۆشمداو، هێنانی چەند ئایەتێکیش.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە هەشـت (٨) ئایـەت پێکـدێ، ئایەتـەکانی: (١٢ - ١٩)و، دوو بابـەتی سـەرەکیی دەگرێتـە خـۆی:

بابـەتی یەکـەم: لـە ئایەتـەکانی: (١٢ - ١٥)، واتـە: چـوار ئایـەت دا، باسـی حاڵـەتی حەشرکـرانی بـڕواداراني پیـاوو ئافـرەت، بـە مـوژدە پێـدران و ڕووناکیـی پێبەخشرانـەوە، کـراوە، کـە لـە پێشـیانەوەو بـە دەسـتی ڕاسـتیانەوە ئـەو ڕووناکییـە هەیـە، بـەرەو بەهەشـت و، داوالێکـردنی مونافیقـەکان بـە پیـاوو ئافرەتەوە، کـە بـڕواداران چاوەڕێیان بکـەن، تاکـو ڕووناکییـان لێوەربگـرن، یـان لـە ڕووناکییەکەیـان بەهرەمەندبـن، بـەڵام دوای ئـەوە دیوارێکیـان دەکەوێتـە نێـوان و دەرگایەکـی تێدایـە، دیـوی ژوورێـی، دیوی لای بـڕواداراني ڕەحمەتـەو، دیـوی، دەرێـی ئـازارو مەینەتییـەو، بڕوادارانیـش وەڵامیـان دەدەنـەوە، کـە ئێـوە لەبـەر چـوار هـۆکار خۆتـان بـەو مـەرەدە بـردوە، ئێسـتاش هیـچ چارەو دەرەتانتـان نیـە، چـوار هۆکارەکـەش: ﴿ وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَارْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ ﴾، واتـە: ئێـوە خۆتـان تووشـی سـزاو مەینەتیـی کـردو، هەمیشـە لـە بۆسـەدا بـوون لـە دژی ئیسـلام و مسـوڵمانان و، لـە دوو دڵییـدا بـوون و، خۆزگـەو بریـا فریـوی دان و هەڵیخەڵەتانـدن.

بابـەتی دووەم: لـە چـوار ئایـەت پێـک دێ، ئایەتـەکانی: (١٦ - ١٩)، چەنـد ڕێنمایـی و ئامۆژگارییەکـی خـوای بـەرزو مەزنـن، بەسـەرکۆنە کـردن و گلەییـەوە بـۆ بـڕواداران و، فەرمـان پێکردنیـان بـە خـۆ دوورگرتـن لـەوەی بەمـەرەدی خـاوەن کتێبـە پێشـووەکان بچـن و، دڵیـان لەئاسـت یـادو فەرمایشـتی خـوادا ڕەق و سـەخت ببـێ و، فەرمـان پێکردنیـان بـە بەخشـین و، مـوژدە پێدانیـان کـە بـڕواداران بـە خـوا ﷻ و پێغەمبەرانیـان (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ)، بـە (صدیـق)، دادەنرێـن، واتـە: ڕاسـت و

ساغ و، شەهیدانیش لە لای خوای پەروەردگار پاداشت و ڕووناکییەکی تایبەتیان هەیەو، بێبڕوایانی بەدرۆ دانەری ئایەتەکانی خواش، جێگایان کڵپەی دۆزەخە.

﴿يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَىٰ نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن
تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ ذَٰلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ ﴿١٢﴾ يَوْمَ يَقُولُ الْمُنَافِقُونَ وَالْمُنَافِقَاتُ لِلَّذِينَ آمَنُوا
انظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ قِيلَ ارْجِعُوا وَرَاءَكُمْ فَالْتَمِسُوا نُورًا فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُ بَابٌ بَاطِنُهُ فِيهِ الرَّحْمَةُ
وَظَاهِرُهُ مِن قِبَلِهِ الْعَذَابُ ﴿١٣﴾ يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ ۖ قَالُوا بَلَىٰ وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ
وَارْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ الْأَمَانِيُّ حَتَّىٰ جَاءَ أَمْرُ اللَّهِ وَغَرَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ ﴿١٤﴾ فَالْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ
وَلَا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا ۚ مَأْوَاكُمُ النَّارُ ۖ هِيَ مَوْلَاكُمْ ۖ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿١٥﴾ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا أَن
تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا كَالَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ مِن قَبْلُ فَطَالَ
عَلَيْهِمُ الْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿١٦﴾ اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ قَدْ
بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٧﴾ إِنَّ الْمُصَّدِّقِينَ وَالْمُصَّدِّقَاتِ وَأَقْرَضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا
يُضَاعَفُ لَهُمْ وَلَهُمْ أَجْرٌ كَرِيمٌ ﴿١٨﴾ وَالَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ أُولَٰئِكَ هُمُ الصِّدِّيقُونَ ۖ
وَالشُّهَدَاءُ عِندَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ
الْجَحِيمِ ﴿١٩﴾﴾.

ماناى دەقا و دەقى ئایەتەکان

{ئەو ڕۆژە (یاد بکەوە!) کە پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوادار دەبینی، ڕووناکییەکەیان بە خێرایی دەڕوا لە پێش دەستیانەوەو بەدەستی ڕاستیانەوە (پێیان دەگوترێ:) ئەمڕۆ موژدەی باخگەلێکتان لێ بێ ڕووبار بە ژێر (درەختەکان) یان دادەڕۆن، تێیان دا هەمیشەیین، ئەوەیە بردنەوە (و بە مراد گەیشتن)ی مەزن
﴿١٢﴾ ئەو ڕۆژە پیاوانی دەغەڵ و ئافرەتانی دەغەڵ بەوانەی بڕوایان هێناوە دەڵێن:

چاوەڕێمان بکەن تیشکێک (بەهرەیەک) لە ڕووناکییەکەتان وەربگرین! (پێیان) گوترا: بۆ دواوەتان بگەڕێنەوە (لەوێ) خەفتانی وەدەستهێنانی ڕووناکییەک بکەن، ئنجا شوورەیەکیان لە نێواندا ڕۆنرا، دەرگایەکی هەیە (دیوی) نێوەوەی بەزەیی خوای تێدایەو (دیوی) پشتەوەی ئازاری لێوەدێ ﴿١٣﴾ بانگیان دەکەن: ئایا (لە دنیادا) ئێمەش لەگەڵتان نەبووین (پێکەوە نەدەژیاین)؟ گوتیان: با، بەڵام ئێوە خۆتان بەڵادارکردو، (بەردەوام) لە چاوەڕوانیی دابوون (مسوڵمانان سەریان بە فەتارەت بچێ)و کەوتنە دوو دڵییەوە (بەرانبەر ئیسلام)و، خۆزگەو هیوا (پووچەڵە) کان فریویان دان، تاکو فەرمانی خوا هات (بە مردنتان)و (شەیتانی) فریودەر بەرانبەر بە خوا فریوی دان ﴿١٤﴾ ئنجا ئێستا هیچ قەرەبوویەکتان لێوەرناگیرێ، هەروەها لەوانەی بێبڕواش بوون، شوێنی حەوانەوەتان ئاگر(ی دۆزەخ)ە، ئەوێ دۆست (و لە پێشتر)تانەو، خراپترین سەرەنجامیشە ﴿١٥﴾ ئایا بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە، کاتی ئەوە نەهاتوە، دڵیان بیمدارو ملکەچ بێ بەرانبەر یادی خواو ئەو هەقەی دابەزاندوەو، وەک ئەوانە نەبن کە پێشتر کتێبیان پێدرابوو، ئنجا ماوە (ی نەهاتنی پێغەمبەری کۆتایی) لەسەریان درێژ بۆوە، سەرەنجام دڵیان ڕەقبوو و، زۆریشیان (یەکجاریی) لارێ بوو بوون ﴿١٦﴾ بزانن کە خوا زەوی دوای مردنی زیندوو دەکاتەوە، بێگومان ئایەتەکانمان بۆ ڕوون کردوونەوە، بەڵکو بفامن (کە خوا دڵی ئێوەشی پێ دەژیەتەوە) ﴿١٧﴾ بە دڵنیایی پیاوانی بەخشەرو ئافرەتانی بەخشەرو قەرزی باش بە خوادەر (پاداشت) بۆیان چەند بەرانبەر دەکرێتەوەو، پاداشتێکی هەرە باش و نایابیان هەیە ﴿١٨﴾ ئەوانەش کە بڕوایان بە خواو پێغەمبەرەکانی هێناوە، ئا ئەوانە ڕاستان (ی ڕاستەقینە)ن و، شەهیدانیش لەلای پەروەردگاریانن، پاداشتی خۆیان و ڕووناکیی خۆیانیان هەیەو، ئەوانەی بێبڕواش بوون و ئایەتەکانمانیان بە درۆ دانا، ئەوانە هاوەڵانی کڵپە(ی ئاگری دۆزەخ)ن ﴿١٩﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَنظُرُونَا)، (النَّظَـرْ: الإنْتِظَـارُ، وَنَظَرْتُـهُ وَانْتَظَرْتُـهُ، وَأَنْظَرْتُـهُ: أَخَّرْتُـهُ)، (نَظَـر) بـە مانـای چـاوەڕێ کردنـە، دەگوتـرێ: (نَظَرْتُـهُ وَانْتَظَرْتُـهُ، وَأَنْظَرْتُـهُ)، هەرسـێکیان واتـە: دوام خسـت، یاخـود مۆڵەتـم دا، یـان چاوەڕوانییـم کـرد.

(نَقْتَبِسْ): (القَبَـسُ: المتَنَـاوَلُ مِـنَ الشُّـعْلَة، وَالقَبْـسُ وَالإقْتِبَـاسُ: طَلَـبُ ذَلِـكَ، وَأَقْبَسْـتُه نَـارَاً، أو عِلْـمَاً: أعْطَيْتُـهُ)، (قَبَـس)، ئـەو بلێسـەیە یـان ئـەو بزووتەیـە کـە وەردەگیـرێ لـە ئاگـر، (قَبْـس وَإقْتِبَـاس)، بریتیـە لـە حاڵـەتی وەرگرتنەکە، بـەڵام (قَبَـس)، وەرگیراوەکەیە، (وَأَقْبَسْـتُهُ نَـارَاً أو عِلْـمَاً)، واتـە: ئاگـرم پێـدا، یاخـود زانیارییـم پێـدا.

(فَٱلْتَمِسُواْ نُورًا): (اللَّمْـسُ: إدْرَاكٌ بِظَاهِـر البَـشْرَة، وَيُعَـبَّرُ به عَـنِ الطَّلَـبِ، وَالإلْتِـمَاسُ: الطَّلَـبُ الجـادُّ)، (لَمْـس): بریتیـە لـەوەی بـە پێسـت شـتێک بـزانی، بـەڵام دوایـی مەبەسـت پێی داواکردنـە، (إلتِمَاس)، کـە (إفْتِعَـال)ە، لـە (لَمـس)ەوە یـانی: داواکردنێکـی جیددیـی بـۆ شتێک .

(بِسُورٍ): (سُور المَدِيْنَة: حَائِطهُا)، دیوارو شوورەی شارەکە.

(فَتَنتُمْ): (الفِتْنَـةُ: البَلِيَّـةُ وَالمُصِيْبَـةُ وَالعَـذَابُ وَالهَـلَاك)، (فِتْنَـة): لـە بەکارهێنـانی قورئانـدا چەنـد واتایەکـی هـەن، بـە پێـی سیاقەکان دەزانـرێ، لێـرەدا دەگونجـێ بـەم مانایانەبێ:

١- بـــەلا.

٢- بەسەرهات، (شتێک کە بەسەر کەسێک دێ).

٣- ئـــازار.

٤- فەوتان، لێرەدا (فتنة) هەموو ئەم مانایانە دەگەیەنێ، لێرەدا: ﴿فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ﴾، (أوَقَعْتُمُوهَا فِي بَلِيَّةٍ وَعَذَاب)، واتە: خۆتان خستە نێو بەڵاو ئازارێکەوە.

(وَتَرَبَّصْتُمْ): (التَّرَبُّصُ: الإنْتِظَارُ بالشَّيء)، (تَرَبُّص): بریتیە لە چاوەڕوانکردنی شتێک، واتە: لە بۆسەدا بوون بۆ شتێک.

(ٱلْأَمَانِيُّ): (جَمْعُ أُمْنِيَة: وَالأُمْنِيَّة: الصُّوْرَةُ الحَاصِلَةُ فِي النَّفْسِ والتَّمَنِّي بالشَّيء)، (أَمَانِيّ) کۆی (أُمْنِيَة)یە، کە بریتیە لە وێنەی پەیدابووی شتێک لە ئەنجامی خۆزگە پێ خواستنی دا.

(وَغَرَّكُم): (غَرَرْتُ فُلَاناً: أَصَبْتُ غِرَّتَهُ، ونِلْتُ مَا أُرِيْدُ، وَالغِرَّةُ: غَفْلَةٌ فِي اليَقْظَةِ)، (غِرّ) یانی: بێئاگایی، بەڵام بێئاگایی لە کاتێکدا مرۆڤ بە ئاگایەو بێداریشە، ئنجا (غَرَرْتُ فُلَاناً)، واتە: من بێئاگاییەکەیم پێکاو، ئەوەی مەبەستم بوو لەو، دەستمکەوت، بە کوردیی دەگوترێ: فریویداو هەڵیخەڵەتاند.

(فِدْيَةٌ): (الفِدَى وَالفِدَاء: حِفْظُ الإنْسَانِ عَنِ النَّائِبَةِ بِمَا يَبْذُلُهُ عَنْهُ، الفِدْيَةُ: مَا يَقِي بِهِ الإِنْسَانُ نَفْسَه)، (فِدَى وَفِدَاء)، بریتیە لە خۆپاراستنی مرۆڤ بە هۆی ئەوەوە کە دەیبەخشێ، (فِدْيَة): بریتیە لەو ماڵ و سامانەی مرۆڤ خۆی پێ دەپارێزێ، دەتوانین بڵێین: قەرەبوو، بەلا گێڕەوە.

(يَأْنِ): ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾ (يَأْنِ)، (فِعْل المُضَارِع)ی (أَنَا)یە، (أَنَا وَآنَ)، واتە: ئەو شتە هات، کاتی هات، (آنَ الشَّيءُ، وَأَنَا الشَّيءُ: قَرُبَ إِنَاهُ)، واتە: کاتی گەیشتنی نزیک بۆتەوە.

(تَخْشَعَ): (الخُشُوعُ: الضَّرَاعَةُ، وَأَكْثَرُ مَا يُسْتَعْمَلُ الخُشُوعُ فِي مَا يُوجَدُ على الجَوَارِحِ، وَالضَّرَاعَةُ مَا فِي القَلْب)، (خُشُوع): بریتیە لە کڕووزانەوە، بە زۆریی وشەی (خُشُوع): بەکاردەهێنرێ بۆ ئەو شوێنەوارەی لە سەر ئەندامەکان دەردەکەوێ، بەڵام (ضَرَاعَة)، ئەو شوێنەوارەیە کە لە دڵدا پەیدادەبێ، بەپەنهانیی.

(ٱلْأَمَدُ): (مُدَّةٌ لَهَا حَدٌّ مَجْهُوْلٌ إذَا أُطْلِقَ، وَالفَرْقُ بَيْنَ الزَّمَانِ وَالأَمَدِ: أَنَّ الأَمَدَ يُقَالُ بِاعْتِبَارِ الغَايَةِ، وَالزَّمَان عَامٌ)، (أَمَد): بریتیە لە ماوەیەک کە سنوورێکی

نەزانـراوی هەبـێ، ئەگـەر بەڕەهایـی بگوتـرێ، جیاوازیـی لـە نێـوان (زَمَـان) و (أمَـد) دا کـە هەردووکیـان بـە مانـای کاتـن، ئەوەیـە کـە (أَمَـدْ) بەکاردەهێـنرێ بـۆ کاتێـک کۆتاییەکـی هەبـێ، بـەڵام (زمـن) بـە گشـتیی بـۆکات بەکاردەهێـنرێ، چ کۆتایـی و ئەجەلێکـی دیاریکـراوی هەبـێ، چ نەیبـێ.

(فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ): (القَسْوَةُ: غِلَظُ القَلْبِ، وَأَصْلُهُ مِن حَجَرٍ قَاسٍ)، (قَسْوَة): بـە مانـای دڵڕەقیـی و دڵ سـەختیی دێ، لـە ئەصڵـدا لـە بەردێکـی ڕەقـی پتـەو، لـەوەوە هاتـوە.

(ٱلصِّدِّيقُونَ): (الصِّدْقُ: مُطَابَقَةُ القَوْلِ الضَّمِيرَ وَمَا أُخْبِرَ عَنْهُ مَعَاً، وَالصِّدِّيقُ مَنْ كَثُرَ مِنْهُ الصِّدْقُ)، (الصِّدِّيقُونَ) کـۆی (صِدِّيق)ە، ئەویـش لـە (صِدْق)ەوە هاتـوە، (صِدْق): بریتیـە لـەوەی قسـەیەک کـە دەگوتـرێ، ئـەوەی لـە دڵـدا هەیـە، لەگـەڵ ئـەوەی هەواڵـی لـە بـارەوە دەدرێ، یـەک بـن {بـۆ وێنـە: کەسـێک بـە کەسـێک دەڵـێ: تـۆم خۆشـدەوێ، دەبـێ خۆشەویسـتییەکەی لـە دڵـدا هەبـێ و ئنجـا تەعبیـری لـێ بکـرێ بـە وشـەکان} (صِدِّيق)، بـە کەسـێک دەگوتـرێ زۆری ڕاسـتیی لـێ دەرکەوتبـێ.

ئەمــە واتایەکیــەتی و واتایەکــی دیکــەشی هەیــە: (الصِّدِّيقُ: الكَثِيرُ التَّصْدِيقِ)، کەسـێک کـە زۆر بەرانبەرەکـەی بـە ڕاسـت دابنـێ، (صِدِّيق)، نازنـاوی ئەبـوو بەکـری صیددیقـە رضي الله عنه، بـە هـەردوو واتایەکـەی هـەر ڕاسـتە، ئەبـوو بەکـر رضي الله عنه، هـەم زۆر ڕاسـت بـووەو، هـەم زۆریـش پێغەمبـەری خـوای ﷺ بـە ڕاسـت دانـاوە، لـە پێـش هەمـوو کـەس دا.

(وَٱلشُّهَدَآءُ): (الشُّهُودُ وَالشَّهَادَةُ: الحضورُ مَعَ المُشَاهَدَة، إمَّا بَالبَصَرِ، أوَبِالبَصِيرَة، وَالشَّهَادَةُ: قَوْلٌ صَادِرٌ عَنْ عِلْمٍ حَصَلَ بِمُشَاهَدِة بَصِيرَةٍ أو بَصَرٍ)، (شُهُودُ وَشَهَادَة): بریتیـە لـە ئامادەبـوون لەگـەڵ دیتنـدا، ئنجـا دیتنەکـە، یـان بـە چـاوی سـەر، یاخـود بـە دڵ (بـە چـاوی دڵ و دەروون) (شَهَادَة)ش: بریتیـە لـە قسـەیەک دەردەچـێ لـە زانیارییەکـەوە، کـە بـە هـۆی عەقـڵ و دڵ دیتنەوە، یاخـود بـە هـۆی چاودێرییکردنەوە، پەیدابـووە.

(ٱلۡجَحِيمِ): (الجُحْمَـةُ: شِـدَّةُ تَأَجُّـجِ النَّـار)، (جُحْمَـة): سـەخت بڵێسـەدار بـوونی ئاگـرە، ئاگـر کـە بڵێسـەکەی زۆر بەهێـز دەبـێ پێـی دەگوتـرێ: (جُحْمَـة)، (جَحِيْـم)، واتـە: ئاگرێـک کـە بڵێسـەکەی زۆر سـەخت و تونـدە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــــزان!

خـوا ﷻ وەک کاتی خـۆی لـە پێناسـەی ئـەم دەرسەشـدا گوتمـان - لـەم هەشـت ئایەتـە موبارەکـەدا، دوو بابەتـان دەخاتـەڕوو:

بابـەتی یەکـەم: دەربـارەی سـەرەنجامی بـڕواداران بـە پیـاوو ئافرەتـەوە، لـە کاتی ڕۆژی دواییـدا، بـە تایبـەت لـە کاتی بـە ڕێکەوتنیـان بـەرەو شـوێنی تێـدا سـەقامگیربوونیان، کـە بەهەشـتە ڕازاوەو نەبـڕاوەکانی خـوان، دواییـش بـاسی دەغـەڵ و دڵنەخۆشـەکان، دیسـان ئەوانیـش بـە پیـاوو ئافرەتـەوە، کـە چـۆن دەکەونـە نێـو تاریکایـی و، دەکەونـە حاڵەتێکـی بـێ چارەیـی و بـێ دەرەتانیـی و، داوا لـە بـڕواداران دەکـەن، کـە مۆڵەتیـان بـدەن و لـە ڕووناکییەکـەی خۆیـان بەشـیان بـدەن، یاخـود وابکـەن بەهـرە لـەو ڕووناکییەیـان وەربگـرن، ئەوانیـش بتوانـن بەرێـی خۆیـان ببینن، ئەوانیـش وەڵامیـان دەدەنـەوە کـە بگەڕێنـەوە دوایـەو لـەوێ لـە ڕووناکیـی بخەفتێـن، کاتێـک لێیـان دەپرسـن: ئایـا پێکـەوە نەبوویـن؟ دەڵێـن: بـا، بـەڵام ئێـوە واتـان لـە خۆتـان کـرد، ئنجـا دیوارێکیشـیان لەنێوانـدا دادەنـرێ، کـە دەرگایەکـی هەیـە، دیـوی لای بـڕوادارانی ڕەحمـەت و بەرەکـەت و پێـزو بەزەیـی خوایـە، بـەڵام دیـوی دەرێـی واتـە: دیـوی لای مونافیـق و دەغەڵەکانیـش، ئـازارو مەینەتییـە.

بابـەتی دووەم: ئەوەیـە کـە خـوا ﷻ ڕوو دەکاتـە بـڕواداران و، بـە جۆرێـک لـە سەرزەنشـت و سـەرکۆنەکردنەوە گلەییـان لـێ دەکات، کـە: ئایـا کاتی ئـەوە نەهاتـوە وەک پێویسـت دڵیـان دابچڵەکـێ و نـەرم بـێ بـۆ یـادی خـواو، بـۆ ئـەو هەقـەی

خـوا دایبەزانـدووەو، وەک خـاوەن کتێبـە پێشـووەکان نەبـن، کـە لـە ئەنجامـی کات بەسـەردا تێپەڕیـن دا، دڵیـان ڕەق بـوو، زۆریشـیان هـەر یەکجاریـش لـە بازنـەی ئیمان و ئیسـلام دەرچـوون؟! دوایـی خـوا ﷻ هۆشـدارییان پێـدەدات، کـە وەک چـۆن خـوا ﷻ زەوی مـردوو زینـدوو دەکاتـەوە، بـە ئاوێـک کـە دایدەبەزێنێتـە سـەری، دەتوانـێ ئێـوەش زینـدوو بکاتـەوە.

ئنجـا خـوا ﷻ ستاییشـی ئـەو پیـاوو ئافرەتانـە دەکات، کـە ماڵـی خۆیـان دەبەخشـن و قـەرزی چـاک بـە خـوا دەدەن، دواییـش ستاییشـی بڕواداران بـە خـواو بەپێغەمبـەرەکانی (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاةُ وَالسَّـلَامُ) بـە گشـتیی دەکات و بـە (صديق)یـان نـاوزەد دەکات و، باسـی پلـەو پایـەی بـەرزی شـەهیدانیش دەکات، کـە لـە خزمـەت پەروەردگاریانـدا، خـاوەن پاداشـت و ڕووناکیـی خۆیانـن.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ يَسْعَى نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم﴾، ئـەو ڕۆژە دەبینـی کـە بـڕوادارانی پیـاوو ئافـرەت، ڕووناکییەکەیـان بـە خێرایـی لـە پێـش دەسـتیانەوەو بـە دەسـتی ڕاسـتییانەوە، دەڕوات، یـانی: ڕووناکییەکـە لـە پێشـیانەوە دەڕواو بـە دەسـتی ڕاستیشـیانەوە، ئـەم دەبینـی (تَرَى)یـە، دەگونجـێ مەبەسـت پێـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بـێ، کـە هەمـوو قورئـان بـە پلـەی یەکـەم مەبەسـت پێـی ئـەوە، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی هـەر کەسـێک بـێ، ئـەی بینـەر! تـۆ ئـەو ڕۆژە ئاوا دەبینـی، ئنجـا بینینەکـە بێگومـان لێرەدا بینینـی چـاوە، چونکە ئـەوە بە چـاو دەبینرێ و، پێویسـت نـاکات بڵێیـن: بینینـی عەقـڵ و دڵـە، ﴿بُشْرَاكُمُ الْيَوْمَ جَنَّاتٌ﴾، واتـە: ئـەو بڕوادارانـە پێیـان دەگوترێ: ئەمـڕۆ موژدەتـان لـێ بـێ بـە چەنـد باخێـک، ﴿تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا﴾، ڕووباریـان بـە ژێـردا دەڕۆن، ڕووبـار بـە ژێـر درەختەکانیانـدا دەڕۆن، بـە هەمیشـەیی تێیانـدا دەمێننـەوە لـەو باخانـەدا، کـە کۆشـکیان تێـدان، بـەس ئـەوە نیـە مـرۆڤ بچێتـە نێـو باخەکـە، چوونـە نێـو بـاخ بـۆ سـەعاتێک و دوو سـەعاتان باشـە، بـەڵام بـاخ ژیانـی تێـدا بەسـەر نابـردرێ، بەڵکـو مەبەسـت ئەوەیـە: تـۆ لـە دوورەوە کـە تەماشـای جێـگاو ڕێـگای بـڕوادارە بەهەشـتییەکان دەکـەی، هـەر

لـە دوورەوە بـاخ و گـوڵ و گوڵـزار دەبینـی، بـەڵام بەدڵنیایـی لەنێـو ئـەو بـاخ و گـوڵ و گوڵزارانـەدا، کۆشـک هـەن و، شـوێنی پشـوودان و ئیسـراحەت و، کورسـیی و تەختـی لەسـەر دانیشـتن و ڕاکشـان، هـەن، کـە پێشـتر لـە تەفسـیری زۆر لـە سـوورەتەکاندا، کـە باسـی پاداشـتی بڕوادارانیـان کـردوە، باسـمان کـردوە، بـە تایبـەت لـە تەفسـیری سـوورەتەکانی: (**الواقعـة**)و، (**الصافـات**)و، (**الطـور**)و، (**الرحمـن**)دا.

ئنجـا دەفەرمـوێ: ﴿ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾، ئـا ئـەوە ئـەو سـەرەنجامە خێـرە، کـە بـڕواداران بـەو شـێوەیە لەبەر ڕۆشـنایی داو، بە موژدە پێـدران و دڵخۆشـکرانەوە، دەڕۆن بـەرەو بەهەشـتەکان، ئـا ئـەوە بـە ڕاسـتیی سـەرفرازیی و بەمـراد گەیشـتنی مەزنـە.

﴿ يَوْمَ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ ﴾، یـادی ئـەو ڕۆژە بکـەوە، کـە پیـاوانی دەغـەڵ و دوو ڕوو، لەگـەڵ ئافرەتـانی دەغـەڵ و دوو ڕوو، دەڵێـن: بـە کـێ دەڵێـن؟ ﴿ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، بەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، بـە پیـاوان و ئافرەتانـەوە، پێیـان دەڵێـن: ﴿ ٱنظُرُونَا ﴾، چاوەڕێـمان بکـەن ﴿ نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ ﴾، لـە ڕووناکییەکەتـان وەربگریـن، ئنجـا وەرگرتـن لـە ڕووناکییـان:

أ- بە کردەوە بیاندەنێ.

ب- یاخود لە پەنایانەوە بڕۆن، بۆ ئەوەی لە ڕووناکییەکەیان بەهرەمەند بن.

﴿ قِيلَ ٱرْجِعُوا۟ وَرَآءَكُمْ فَٱلْتَمِسُوا۟ نُورًا ﴾، پێیـان گوتـرا، ئـەم گوترانـە لەلایـەن فریشـتەکانەوەیەو وا دیـارە بـڕواداران ئەوەیـان نەگوتـوە، ئەگەرنـا دەیفەرمـوو: (**قَالُوا**)، وەک دوایـی خۆیـان ڕاسـتەوخۆ وەڵام دەدەنـەوە، بـەڵام ئـەم وەڵامـە لەلایـەن فریشـتەکانەوەیە، پێیـان گوتـرا: ﴿ ٱرْجِعُوا۟ وَرَآءَكُمْ ﴾، بگەڕێنـەوە بـۆ دواوەتـان، ﴿ فَٱلْتَمِسُوا۟ نُورًا ﴾، لـەوێ هەوڵـی پەیداکـردنی ڕووناکیـی بـدەن، لـەوێ خەفتـانی وەدەسـتهێنانی ڕووناکیـی بکـەن، ئایـا: ﴿ وَرَآءَكُمْ ﴾، مەبەسـت پێـی ژیـانی دنیایـە؟ یـانی: بگەڕێنـەوە بـۆ دنیـا، یـان مەبەسـت پێـی ئـەو شـوێنەیە کـە نامـەکانی کـردەوەکانی لـێ دابەشـکران؟ کـە ئێـوە بـە دەسـتی چـەپ وەرتانگرتنـەوە، بچنـەوە بـۆ ئـەوێ،

ئەگەر ڕووناکیی هەبێ، لەوێیە، ئەوێ چەق و مەڵبەندەکەیە، لەوێ ڕووناکییەکە دابەش دەکرێ، هەرچۆن بێ، ئەوە بە توانج و تەوسەوە قسە لەگەڵکردنیانەو، واپێدەچێ جۆرێک بێ لە گاڵتە پێکردنیان، وەک چۆن مونافیق و دەغەڵەکان گاڵتەیان بە بڕواداران دەکرد، لێرەش فریشتەکان گاڵتەیان پێدەکەن.

دەشگونجێ هەر بە ڕاستیی فریشتەکان پێیان بڵێن: ڕووناکیی لێرە دەست ناکەوێ، کە بەرەو شوێنی خۆتان دەچن، کە دۆزەخە، بەڵکو ڕووناکیی لەوێ بوو، لەو شوێنەی دواوە، ئەگەر دەستتان بڕوات بچن مەگەر لەوێ شتێکتان دەست بکەوێ! ئنجا هەرچۆن بێ، ئەمە چ مەبەست بە توانج و تەوسەوە بێ، چ بەجیددیی بێ، مەبەستیان ئەوەیە کە ئێوە ڕووناکییتان نیەو کارێکتان نەکردوە لە دنیادا، کە ئێستا بۆتان ببێتە ڕووناکیی، ﴿ فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُۥ بَابٌۢ ﴾، شوورەیەک، دیوارێک لەنێوانیاندا دانرا، ڕۆندرا، دەرگایەکی هەیە، ﴿ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحْمَةُ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلْعَذَابُ ﴾، ئەو دەرگایەی لەو شوورەو دیوارەدایە، دیوی نێوەوەی بەزەیی و ڕەحمەتی خوایەو، دیوی دەرێی سزاو ئازاری لێوەدێ.

﴿ يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ ﴾، بانگیان دەکەن: ئەدی ئێمەش لەگەڵ ئێوە نەبووین؟ واتە: لە دنیادا لەگەڵ ئێوەدا نەدەژیاین؟ یاخود: لەبەر ئەوەی زۆر لە مونافیق و دەغەڵەکان ڕەنگە هەر نوێژیشیان لەگەڵ مسوڵمانان دا کردبێ و، لەگەڵیاندا چووبن بۆ حەجیش و، ڕەنگە هەندێ جاران چووبن بۆ جەنگ و جیهادیش، ئەدی ئێمەش لەگەڵ ئێوە نەبووین، لە هەموو شتێکدا؟ ﴿ قَالُوا۟ بَلَىٰ ﴾، گوتیان: با، با لەگەڵ ئێمە بوون (بە ڕواڵەت) ﴿ وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ ﴾، بەڵام ئێوە خۆتانتان فەوتاند، بۆیە سەرتان بە ئێرە گەیوەو تووشی ئەو مەرەدە بوون، یان خۆتان تووشی ئازارو مەینەتیی کرد، بەهۆی ئەوەوە کە شتێکتان دەردەبڕی، پێچەوانەی ئەوەتان لە دڵدا هەبوو، کوفرتان لە دڵدا هەبوو، ڕق هەڵستان لە ئیسلام لە دڵدا هەبوو، بەڵام مسوڵمانەتییتان پێشان دەدا، واتە: دڵ و دەروونی خۆتان ساغ نەکردبۆوەو دەردو نەخۆشیی تێدا هەبوو، ﴿ وَتَرَبَّصْتُمْ ﴾،

هەمیشـە لـە بۆسـەدابوون، لـە چاوەڕوانیـی دابـوون، چ بەڵایەکـی خـراپ بەسـەر مسـوڵمانان بـێ، ﴿ وَٱرْتَبْتُمْ ﴾، کەوتنـە دوو دڵییـەوە، هەمیشـە لـە گومـان و دوو دڵییـدا دەخولانـەوە، ﴿ وَغَرَّتْكُمُ ٱلْأَمَانِيُّ ﴾، خۆزگـەکان فریویـان دان، خۆزگـەو بریـا هەڵیانخەڵەتانـدن، (أَمَـانِيُّ) کـۆی (أُمْنِيَّة)یـە، کـە ئەوەیـە مـرۆڤ شـتێک لـە دڵـی خۆیـدا بیـری لـێ بکاتـەوەو پەیـدای بـکات، واتـە: بـە خـەون و خەیـاڵ خۆتـان فریـودا، خۆزگـەکان فریویانـدان، یاخـود: دڵـی خـۆ خۆشـکردنی بـێ جـێ و، بـێ بناغـە، ئێـوەی فریـودا، ﴿ حَتَّىٰ جَآءَ أَمْرُ ٱللَّهِ ﴾، تاکـو فەرمـانی خـوا هـات، فەرمـانی خـوا هـات بە مـردنی هەرکامێکتـان، یـان: فەرمـانی خـوا هـات بـەوەی ئاخیـر زەمـان بـێ و، دوایـی قیامـەتی بـە دوادا بـێ، ﴿ وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ ﴾، فریودەریـش بەرانبـەر بەخـوا فریـوی دان، فریـودەری بنەڕەتیـی بێگومـان شـەیتانەو، ئەوانـەن کـە شـوێنکەوتووی ئـەون، هەروەهـا هـەر شـتێکی دیکـە مـرۆڤ فریـو بـدات، ئەگـەر مـاڵ و سـامانە، ئەگـەر توانـاو دەسـتەڵاتە، ئەگـەر عەقـڵ و زانیارییـە، ئەگـەر پلـەو پێگـەی کۆمەڵایەتییـە، هـەر شـتێ ببێتـە هـۆی فریـودانی مـرۆڤ بەرانبـەر بـە خـوا، فریـودەر (غَـرُور)ە.

﴿ فَٱلْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ ﴾، ئنجـا ئەمـڕۆ قەرەبوو و بەلاگێڕەوەتان لێ وەرناگیرێ، ﴿ وَلَا مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، نـەک هـەر لـە ئێـوە ئـەی مونافیقـەکان! بـە پیـاوو ئافرەتەوە، بەڵکـو لەوانـەی بێبـڕواش بـوون، ئەوانیـش هـەروەک ئێـوە، بـا ئەوانیـش، وانەزانـن ئـەوان بەلاگێڕەوەیـان لـێ وەردەگیـرێ، قەرەبوویـان لێوەردەگیـرێ، ئەوانیـش لێیـان وەرناگیـرێ، ﴿ مَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ ﴾، (مَـأْوَى)، واتـە: شـوێنی تێـدا حەوانـەوەو پشـوودان، شـوێنێک کـە بـۆ ئێـوە هەبـێ تێیـدا پشـوو بـدەن و بحەوێنـەوە، بـەس ئاگـرە، ﴿ هِىَ مَوْلَىٰكُمْ ﴾، ئەگـەر دۆسـت و نزیکێکتـان هەبـێ و مشـوورخۆرێکتان هەبـێ هـەر ئاگـرە، یاخـود ئاگـر لـە هەمـوو شـتێک لـە ئێـوە لەپێشـترە، ﴿ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴾، خراپتریـن شـوێن کـە مرۆڤـی بـۆ بچـێ، بریتیـە لـە ئاگـری دۆزەخ.

ئنجـا خـوا ﷻ ڕوو دەکاتـە بـڕواداران، بـەڵام بەشـێوەی نادیـار دەیاندوێنـێ، نـەک بەشـێوەی دوانـدنی ڕووبـەڕوو، ﴿ أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ﴾، ئایـا کاتی ئـەوە نەهاتـووە بـۆ

بـڕواداران، ﴿ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ ﴾، کـە دڵیـان بـۆ یـادی خـوا نـەرم بـێ و میهرەبـان بـێ و ڕابچڵەکـێ، ﴿ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ ﴾، هەروەهـا دڵیـان بـۆ ئـەو هەقـەی خـوا دایبەزانـدوە، ملکـەچ بـێ و لـە ئاسـتیدا نـەرم بـێ.

بێگومـان بـڕواداران دڵنەرمییـان لـە ئاسـتی یـادی خـواو، لـە ئاسـتی بەرنامـەی خـوادا ڕێژەییـە، هەیانـە زۆرەو هەیانـە کـەم، بـەڵام خـوا ﷻ هانـی داون کـە دڵیـان لـە ئاسـت یـادی خـوادا نەرمتربـێ و کارلێکـی زیاتـر بکـەن لەگـەڵ یـادی خـواو، بەرنامـەی خـوادا، بۆیـە بـە سەرزەنشـتکردنەوە دەفەرمـوێ: ئایـا کاتی ئـەوە نەهاتـوە کـە دڵنەرمیـی خۆیـان بەرانبـەر بـە یـادی خـواو بەرنامـەی خـوا زیـاد بکـەن و زیاتـر کارلێـک بکـەن، زیاتـر کارتێکـراو بـن بـە یـادی خـواو بـە فەرمایشـتی خـواو، بـەو هەقـەی خـوا دایبەزانـدوە، ﴿ وَلَا يَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلُ ﴾، وەک ئەوانەش نەبـن کـە پێشـتر کتێبیـان پێدرابـوو، ئـەوان چییانکـرد؟ ﴿ فَطَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْأَمَدُ ﴾، مـاوە بەسـەریاندا درێـژ بـووەوە، ئـەو ماوەیـە چەنـد ئەگەرێکـی هەیـە: دەگونجـێ مەبەسـت پێـی ژوانگـەی مووسـا بـێ لـە خزمـەت خـوادا بـۆ پێـدرانی تـەورات، کـە هـاڕوونی بـرای لەنێوگەلەکەیـدا بـوو، ئـەو ماوەیـە درێـژ بـووەوە.

٢- یاخود ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان عیسا ﷺ و هاتنی پێغەمبەری کۆتایی ئەو ماوەیە، کە پێنجسەد (٥٠٠) ساڵ زیاتر بوو، درێژ بۆوە.

٣- یاخود ماوەی هەر کام لە پێغەمبەرێک و پێغەمبەرێکی دیکە، کە ماوەیەک دەکەوتە بەین، بەسەریاندا درێژ دەبووەوە.

﴿ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ﴾، ئنجـا دڵیـان ڕەق و پتـەوو سـەخت بوو، لە ئاسـت یـادو بەرنامەی خـوادا، ﴿ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴾، زۆرێکیشـیان هـەر یەکجاریـی دەرچـوون، واتـە: هـەر لـە بازنـەی ئیـمان و ئیسـلامیش چوونـە دەرێ، نـەک هـەر دڵیـان ڕەق بـوو بەرانبـەر بـە یـادی خـوا، بـەڵام هـەر لـە بازنـەی ئیمانـدا مێننـەوە، چونکـە جـاری وایـە مـرۆڤ دڵـی سـەخت و ڕەقـە، بـەڵام هـەر لـە بازنـەی ئیـمان و ئیسـلامدایە، بـەڵام جـاری وایـە

یەکجاریی دەچێتەدەر، هەڵبەتە ئەمە لێشی وەردەگیرێ کە دڵڕەقیی لە بەرانبەر یادی خواو فەرمایشت و هیدایەتی خوادا، سەردەکێشێ بۆ ئەوەی مرۆڤ وردە وردە دڵەکەی لە ڕەقیی و سەختییش بەولاوەتر بچێ و، تووشی مردن ببێ و، یەکجاریی بۆی دەربچێ و، خاوەنەکەی لە بازنەی ئیمان و ئیسلام بچێتەدەر.

﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ يُحۡيِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ ﴾، ئنجا خوا ﷻ ئیمانداران هاندەداو دەفەرموێ: بزانن کە خوا زەوی لە دوای مردنی دەژێنێتەوەو، ئاو دادەبەزێنێتە سەری و، ئەو زەوییە کە قاقڕو دێمەکار بووەو، هیچ نیشانەیەکی ژیانی لەسەر نەماوە، دوای ئەو ئاوەی خوا دایدەبەزێنێتە سەری، زەوی وشک و دێمەکارو ڕەق هەڵاتوو، زیندوو دەبێتەوە، ﴿ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ﴾، بە ڕاستیی ئایەتەکانمان بۆتان ڕۆشن کردوونەوە، بەڵکو بفامن، واتە: بفامن کە ئەو خوایەی دەتوانێ زەوییەکی قاقڕی دێمەکاری وشک و ڕەق هەڵاتوو، بە هۆی ئاو دابەزاندنە سەری، زیندوو بکاتەوەو بژیەنێتەوەو پڕی بکات لە شیناوردو زیندەوەرو ژیاندار، دەشتوانێ دڵی ئێوەش دوای مردن و ڕەقبوونی، زیندوو بکاتەوە، کەواتە: دڵی خۆتان بدەنە بەر ڕێژنەی بارانی ڕەحمەتی خوا، ڕێژنەی هیدایەتی خوا، کە لە قورئاندا بەرجەستەیە، پاشان لە ڕێبازو ڕێ و شوێنی پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ.

﴿ إِنَّ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ ﴾، بەدڵنیایی ئەو پیاوانەی ماڵی خۆیان دەبەخشن و، ئەو ئافرەتانەی ماڵی خۆیان دەبەخشن، ﴿ وَأَقۡرَضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا ﴾، هەروەها ئەوانەی قەرزی چاک بە خوا دەدەن، ﴿ يُضَٰعَفُ لَهُمۡ ﴾، بۆیان چەند بەرانبەر دەکرێ، واتە: پاداشتیان بۆ چەند بەرانبەر دەکرێتەوە، ﴿ وَلَهُمۡ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ﴾، هەروەها پاداشتێکی هەرە چاک و نایابیان هەیە، ئەمە خوێنراویشەتەوە: (**إِنَّ الْمُصَدِّقِيْنَ وَالْمُصَدِّقَات**)، واتە: پیاوانی بەڕاست دانەرو ئافرەتانی بەڕاستدانەر، بەڵام: ﴿ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ ﴾، لە ئەسڵ دا (**مُتَصَدِّقِيْن**) و (**متصدِّقات**) بوون (**ت**) لە (**ص**)دا دەغم کراوە، واتە: پیاوانی ماڵ بەخشەرو ئافرەتانی ماڵ بەخشەر.

لـە کۆتاییـدا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ ﴾، ئەوانـەش کـە بڕوایـان هێنـاوە بـە خـواو پێغەمبـەرەکانی (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ)، ﴿ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ ﴾، ئـا ئەوانـەن ڕاسـتان، واتـە: کەسـانێک کـە بـڕوا بـە خـوا دێنـن، بـە پێغەمبـەرانی خـوا دێنـن، ڕاسـتانی ڕاستەقینە هـەر ئەوانـن، ڕاسـت جیایـە لـە ڕاسـتگۆ، ڕاسـت ئەوەیـە دڵـی ڕاسـت بـێ و، کـردەوەی ڕاسـت بـێ و، زمـانی ڕاسـت بـێ و، ناخـی ڕاسـت بـێ، دەروونی ڕاسـت بـێ، دەرەوەی ڕاسـت بـێ، لەگـەڵ خـۆی ڕاسـت بـێ، لەگـەڵ خەڵـک ڕاسـت بـێ و، لەگـەڵ خـوا ڕاسـت بـێ و، قسـەی ڕاسـت بـێ و، کـردەوەی ڕاسـت بـێ، هەمـووی دەگرێتـەوە، (صِدِّيـق) (مَـنْ كَثُرَ مِنْـهُ الصِّـدْقُ)، (صديـق) کەسـێکە ڕاسـتیی زۆر لێـوە هاتبـێ، هەندێکیـش گوتوویانـە: (صِدِّيـق) کەسـێکە لـە ژیانیـدا درۆی نەکردبـێ، هەندێکیـش دەڵێـن: (صِدِّيق: كَثِيرُ التَّصْدِيـق)، کەسـێک زۆر بـە ڕاسـتدانەر بـێ بـۆ پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، کـە وەک پێشـتریش گوتمـان: ئەبـوو بەکـری صیددیـق ﷺ بـە هـەردوو مانـای (صِدِّيق): هەم زۆر ڕاسـتگۆ بـووە، هـەم زۆریـش بەڕاسـتدانەر بـووە بـۆ پێغەمبـەر ﷺ.

﴿ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ﴾، شـەهیدەکانیش لە خزمەت پەروەردگاریاندا پاداشـتی خۆیانیـان هەیـەو ڕووناکیـی خۆیانیـان هەیە، ئـەم ئایەتە موبارەکە ئاواشـیان خوێندۆتــەوە: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمْ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ﴾، واتـە: ئەوانـەی بڕوایـان بـە خـواو بـە پێغەمبـەرانی خـوا هێنـاوە، ئـا ئەوانـە صیددیقـەکان و شـەهیدەکانن، لـە لای پەروەردگاریـان پاداشـت و ڕووناکیـی خۆیانیـان هەیـە، واتـە: کەسـێک بـە ڕاسـتیی بـڕوای هێنـاوە بـە خـوا و بەپێغەمبـەرانی خـوا، هـەم صیددیـق و هـەم شەهیدیشـە، هـەم پلـەی صیددیقیـی هەیـە، هـەم پلەی شەهیدییشـی هەیـە، بـەڵام زیاتـر واپێدەچـێ ئـەو شـێوە خوێندنەوەیـان ڕاسـتتربێ، کـە دەفەرمـوێ: ئەوانـەی بڕوایـان بـە خـواو بـە پێغەمبـەرانی خـوا هێنـاوە، ئەوانـە صیددیقانـن و، شـەهیدەکانیش لـە خزمـەت پەروەردیگاریانـدا، پاداشـتی خۆیانیـان و ڕووناکیـی خۆیانیـان هەیـە.

شەهیدیش دوو واتایان بۆ لێکداونەوە:

أ- کەسێک کە شایەتیی دەدا، بۆیە هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (**شُهَدَاء**)، لێرەدا مەبەست پێغەمبەرانە (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ ﴾**النساء**، واتە: چی دەبێ ئەگەر لە هەر کۆمەڵگایەک و ئوممەتێک شەهیدێکمان بەسەرەوە هێنان، کە مەبەست پێی پێغەمبەرەکەیانەو، تۆشمان (ئەی موحەممەد!) بە شایەد هێنا بۆ سەر ئەم ئوممەتە!

ب- هەندێکیش گوتوویانە: (**شُهَدَاء**)، مەرج نیە بەس پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) بن، بەڵێ هەر پێغەمبەرێک لەسەر ئوممەتەکەی خۆی شایەدیی دەدا، بەڵام هەر پێشەوایەکیش و هەر زانایەکیش، ئەو خەڵکەی کە بە هۆی ئەوەوە هیدایەت دراون و ڕێی ڕاستیان گرتوەو، بەهرەمەند بوون لە زانیارییەکەی و لە پێشەوایەتییەکەی، ئەویش دەبێتە شایەد بەسەر ئەو خەڵک و کۆمەڵەوە، وەک لە شوێنی دیکەدا، دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ نَدْعُوا۟ كُلَّ أُنَاسٍۭ بِإِمَـٰمِهِمْ ﴿٧١﴾ ﴾**الإسراء**، واتە: ئەو ڕۆژەی هەر کۆمەڵەو خەڵکە پێشەوایەکەی خۆیان لەگەڵدا دێنن، ئنجا ئەو پێشەوایە چ لە چاکەدا پێشیان کەوتبێ و، دوای کەوتبن، چ لە خراپەدا، هەردووکیان دەگرێتەوە.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَآ ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوا بوون و ئایەتەکانی ئێمەیان بە درۆ داناون، ئنجا ئایەتەکان دەگونجێ مەبەست پێیان ڕستەکانی فەرمایشتی خوابێ، دەشگونجێ مەبەست پێیان هەموو ئەو نیشانانەبێ کە خوا ناردوونی بۆ پشتگیریی کردنی پێغەمبەرەکانی (موعجیزەکان)، یاخود ئەو دیاردەو دیمەنانەی خوا دروستی کردوون لە بوونەوەرو دەوروبەردا، چونکە ئەوانەش خوا هەر بە ئایەتی ناوبردوون، ئەوانەی کە ئایەتەکانی ئێمە بە درۆ دادەنێن، ﴿ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴾، ئەوانە هاوەڵانی کڵپەی ئاگری دۆزەخن، (**أَصْحَاب**)، کۆی (**صَاحِب**)، کە بە مانای هاوەڵ

و خاوەنیش دێ، واتە: ئەوانە ئەگەر خاوەندارێتیی شتێک بکەن لە ڕۆژی دواییدا، هەر خاوەندارێتیی کڵپەی ئاگری دۆزەخ دەکەن، یاخود ئەگەر هاوەڵایەتیی و نیزیکایەتیی لە شتێک بکەن، هەر هاوەڵایەتیی و ڕەفیقایەتیی ئاگری دۆزەخ دەکەن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بە ڕێکەوتنی بڕواداران بەرەو بەهەشت لەبەر ڕووناکیی داو، مـوژدەی بەهەشت پێدرانیان و، داواکردنی دەغەڵەکان بە پیاوو ئافرەتەوە لە بڕواداران، کە چاوەڕێیان بکەن لە ڕووناکییەکەیان بەهرەمەند ببن و وەڵامدرانەوەیان کە: بگەڕێنەوە بۆ دوایە، ڕووناکیی پەیدا بکەن و، دوایی دانرانی شووره (دیوار) یێک لە نێوانیاندا کە دەرگایەکی تێدایە، دیوی لای بڕواداران ڕەحمەت و، دیوی دەرێی لای دەغەڵەکانی ئازارو مەینەتییە، ئنجا بانگکردنی دەغەڵەکان بۆ بڕواداران: ئایا ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟ وەڵامدانەوەی ئەوانیش کە، با، بەڵام ئێوە خۆتان فەوتاند، هەمیشە لە بۆسە دابوون لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان و، دوو دڵ و، خۆزگەی نارەوا خوازبوون، بۆیە ئێستاش ئێوەو بێبڕواکانیش قەرەبووتان لێ وەرناگیرێ و، شوێنی حەوانەوەشتان ئێو ئاگری دۆزەخە، کە خراپترین شوێنی تێدا سەقامگیربوونە:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَوْمَ تَرَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ يَسْعَىٰ نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَٰنِهِم بُشْرَىٰكُمُ
ٱلْيَوْمَ جَنَّٰتٌ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٢﴾ يَوْمَ يَقُولُ ٱلْمُنَٰفِقُونَ
وَٱلْمُنَٰفِقَٰتُ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱنظُرُونَا نَقْتَبِسْ مِن نُّورِكُمْ قِيلَ ٱرْجِعُوا۟ وَرَآءَكُمْ فَٱلْتَمِسُوا۟ نُورًا فَضُرِبَ بَيْنَهُم
بِسُورٍ لَّهُۥ بَابٌۢ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحْمَةُ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلْعَذَابُ ﴿١٣﴾ يُنَادُونَهُمْ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ قَالُوا۟ بَلَىٰ
وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ وَتَرَبَّصْتُمْ وَٱرْتَبْتُمْ وَغَرَّتْكُمُ ٱلْأَمَانِىُّ حَتَّىٰ جَآءَ أَمْرُ ٱللَّهِ وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ
﴿١٤﴾ فَٱلْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ وَلَا مِنَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مَأْوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ هِىَ مَوْلَىٰكُمْ وَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ
﴿١٥﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست و حەوت بڕگەدا:

١- ﴿يَوْمَ تَرَى الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ﴾، ئەو ڕۆژەی پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوادار دەبینی، وشەی (يَوْم)، (يَوْم: مَبْنِيٌّ عَلَى الفَتْحِ لأنَّهُ أُضِيف إلى جُمْلَة فِعْلِيَة)، (يوم) بیناکراوە لە سەر فەتحە لەبەر ئەوەی پاڵدراوەتە لای ڕستەیەکی کرداریی، کە بریتیە لە (تَرَى)، ﴿تَرَى الْمُؤْمِنِينَ﴾، بەڵام دەشگونجێ بڵێین: (مَنْصُوب)ە، بە هۆی کردارێکی مەزەنەکراوەو، واتە: (أذْكُرْ يَوْمَ)، یاد بکەوە ئەو ڕۆژە، کە چی تێدا ڕوو دەدات؟

٢- ﴿يَسْعَى نُورُهُم بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِم﴾ {پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوادار} دەبینی ڕۆشناییەکەیان بە خێرایی دەڕوا، هەم لە پێشیانەوە، هەم بە دەستی ڕاستیانەوە، هەڵبەتە لێرەدا ڕووی دواندن (خِطَاب)، دەگونجێ لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بێ، بە پلەی یەکەم، بەڵام دەشگونجێ لە هەر کەسێکی دیکەش بێ، کە بگونجێ ڕووی دواندنی تێبکرێ، بینینەکەش کە دەفەرموێ: (تَرَى)، بینینی چاوە، نەک بینینی عەقڵ و دڵ، یانی: ئەو ڕۆژە دەبینن، چونکە ڕۆژێکە، دیمەنەکانی تێدا بە چاوی سەر دەبینرێن، وشەی (يَسْعَى)، واتە: بە خێرایی دەڕوا، ﴿بَيْنَ أَيْدِيهِمْ﴾، واتە: لە پێشیانەوە، لە پێش دەستەکانیانەوە، (بِأَيْمَانِهِم)، واتە: بەدەستە ڕاستەکانیانەوە، هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئەو ڕووناکییەی بۆ بڕواداران، بۆ پیاوان و ئافرەتانی بڕوادار پەیدادەبێ، بریتیە لەوە کە نێو چاوانیان کە کڕنووشیان بۆ خوا پێ بردوە، ڕۆشنایی لێ پەیدادەبێ، هەروەها دەستیشیان کە شایەتمانیان پێهێناوە، ڕۆشنایی لێ پەیدادەبێ، هەڵبەتە ئەوە بۆ چوونی زانایانە، ئەگەرنا هەر خوا دەفەرموێ: ڕووناکیی لە پێشیانەوە دەڕواو بە دەستی ڕاستیانەوە، ئنجا لەبەر ئەوەی هەم لای پێشەوە، شوێنی ڕێزلێگرتنە، بە پێچەوانەی لای دواوە، هەروەک لای ڕاستیش، دەستە ڕاستیش شوێن و ئەندامی ڕێزلێگرتنە، بە پێچەوانەی لای چەپەوە، هەر بۆیە بێبڕوایەکان، یان لە پشتەوەڕا نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوە، یان بەدەستی چەپیان، بەڵام بڕواداران بەدەستی ڕاستیان نامەی کردەوەکانیان دەدرێتەوەو، لە پێشەوەو ڕووبەڕووش دەدوێنرێن.

٣- ﴿ بُشۡرَىٰكُمُ ٱلۡيَوۡمَ جَنَّٰتٌ ﴾، ئەمڕۆ موژدەپێدراوەکەتان باخگەلێکن، (**البُشْرَى: إِسْمُ مَصْدَرِ بَشَّرَ، وَهِيَ إِخْبَارٌ بِخَبَرٍ يَسُرُّ المُخْبَرَ**)، (**بُشْرَى**)، ناوی چاوگە لە (**بَشَرَ**)ەوە هاتوە، (**بَشَّرَ**) واتە: موژدەی پێدا، کە بریتیە لە هەواڵدان بەشتێکی خۆش، کە بابای هەواڵپێدراو دڵخۆش بکات، ئنجا (**بُشْرَى**)، کە ناوی چاوگە، لێرەدا (**أُطْلِقَ المَصْدَرُ عَلَى المَفْعُولِ، مِثْلُ الخَلْقِ بِمَعْنَى المَخْلُوقِ**)، چاوگ لە شوێنی بەرکار بەکارهاتوە، هەروەک وشەی (**خَلْق**)، لە قورئاندا بەکارهاتوە بە مانای (**مَخْلُوق**)، ﴿ مَّا تَرَىٰ فِي خَلۡقِ ٱلرَّحۡمَٰنِ مِن تَفَٰوُتٖ ﴿٣﴾ ﴾الملك، یانی: (**مَا تَرَى فِي مَخْلُوقِ الرَّحْمَن مِنْ تَفَاوُت**)، نارێکیی لە دروستکراوی خوای بە بەزەییدا نابینی، چاوگ جاری وایە لە شوێنی بەرکار بەکاردەهێنرێ بۆ زێدەڕۆیی تێداکردن، لێرەشدا (**بُشْرَى**)، یانی: موژدە پێدان، بەڵام ئەصڵی خۆی مەبەست پێی موژدە پێدراوەکەیە، واتە: ئەوەی ئێوە ئەمڕۆ موژدەتان پێ دەدرێ، ﴿ بُشۡرَىٰكُمُ ٱلۡيَوۡمَ ﴾، موژدە پێدراوتان ئەمڕۆ، یان موژدە پێدانی ئێوە ئەمڕۆ:

٤- ﴿ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾، باخگەلێکن ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، واتە: ڕووبار بە ژێر درەختەکانیاندا دەڕۆن، وەک جاری دیکەش باسمان کردوە، خوا ﷻ بە زۆریی باسی جێگاو ڕێگای ئیمانداران دەکات بە باخ، (**جَنَّة**) بە مانای: باخ، باخ و گوڵ و گوڵزارو سەوزایی، مانای وانیە کە بەس دەچنە نێو ئەو باخە، چونکە ئەگەر بۆ سەعاتێک و، بۆ دوو سەعات و، بۆ چەند سەعاتێک بچیە نێو باخێک، لەوێ پشوو بدەی لە سێبەری درەختەکان دا، بەڵێ ئەوە گونجاوە، بەڵام بەدڵنیایی نێو باخ بە تەنیا، شوێنی تێدا حەوانەوە نیە، بۆیە کە خوا ﷻ باسی باخ دەکات، واتە: شوێنەکە لە دوورەوە وەک باخ دیارە، بەڵام لە نێو باخەکەدا کۆشک و تەلارو، جێگاو ڕێگاو کەل و پەل و، هەموو ئەو شتانەی بە خەیاڵی مرۆڤ دادێن و بۆ ژیانێکی خۆشگوزەرانانە پێویستن، هەموویانی لێن، وەک لە شوێنەکانی دیکە خوا ﷻ باس دەکات.

٥- ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَا ﴾، لە نێو ئەو باخانەدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە، (**الطبري**) دەڵێ: (**مَاكِثِينَ فِي الجَنَّاتِ، لَا يَنْتَقِلُونَ عَنْهَا، وَلَا يَتَحَوَّلُونَ**)، لە نێو باخەکاندا (کە بێگومان کۆشک و تەلاریان تێدان) دەمێننەوە نە لێی دەگوازنەوە، کە لەوێ بگوازنەوەو بڕۆن، نە ئەوەشە

ئەویٚ بەجیٚ بهێلن و بچن بۆ شوێنێکی دیکە، واتە: نە ئەوەیە یەکجاریی بەجێی بهێلن، نە ئەوەشە بگوازنەوەو بچن بۆ شوێنێکی دیکە هەر لەوێدا، وەک لە سوورەتی **(الكهف)** دا، دەفەرمویٚ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ كَانَتۡ لَهُمۡ جَنَّٰتُ ٱلۡفِرۡدَوۡسِ نُزُلًا ١٠٧ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يَبۡغُونَ عَنۡهَا حِوَلٗا ١٠٨﴾، بێگومان ئەوانەی بڕوادارن و کردەوەی باشەکانیان هەن، جێگاو ڕێگایان باخەکانی فیردەوس، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە بە بێ کۆتایی، ﴿لَا يَبۡغُونَ عَنۡهَا حِوَلٗا﴾، ئاوات ناخوازن لەویٚ بچنە دەریٚ، چونکە هی وا هەیە دەڵیٚ: ئەگەر ئینسان هێندە لە شوێنێک بوو بێزار و وەڕەز دەبیٚ، پێی خۆشە بچێتە شوێنێکی دیکە! وا دەزانیٚ بە هەشت یەک شوێنی دیارییکراوە، بەڵام بەهەشت زیندان و گرتووخانە نیە، لە نێو چوار دیوارێکت بکەن! بە هەشت، خوا دەفەرمویٚ: پانایییەکەی هێندەی زەوی و ئاسمانە، فراوانییەکەی هێندەی گەردوونە، کە هەر خوا دەزانیٚ سنووری گەردوون و ئاسمانەکان و زەوی لە کوێیە، ئنجا لەو شوێنەی بۆ ئیمانداران دانراوە، چەندان شوێنی جۆراوجۆری تێدا هەن و، وا نیە هەر شوێنێک بیٚ و بەس لەوێدا بن، وەک هوتێلێک لێی دابەزن و تەواو!!

٦- ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾، ئا ئەوە سەرفرازیی مەزن و بە مراد گەیشتنی مەزنە، **(الفَوْزُ: نَيْلُ الخَيْرِ مَعَ حُصُولِ السَّلَامَة)**، **(فوز)** دەستەبەر کردنی خێرو چاکەیە لەگەڵ سەلامەتیی و بێمزەرەتیی دا.

کە دەفەرمویٚ: ﴿بُشۡرَىٰكُمُ ٱلۡيَوۡمَ جَنَّٰتٞ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، موژدە پێدرانتان ئەمڕۆ، یان موژدە پێدراوتان ئەمڕۆ، چەند باخێکن ڕووبارییان بە ژێردا دەڕۆن، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە، ئەم قسەیە ﴿بُشۡرَىٰكُمُ﴾، **(مَقُولُ قَوْلٍ مَحْذُوف)**، بێژراوی قسەیەکی باس نەکراوە: **(يُقَالُ لَهُم)**، یان **(نَقُوْل لَهُمْ)**، پێیان دەگوترێ، یان پێیان دەڵێین.

کە دەفەرمویٚ: ﴿ذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٢﴾، **(ذَلِك)** ناوی ئاماژەیە، واتە: ئا ئەو باخ و گوڵ و گوڵزارو، ئەو پاداشتە کە باسکرا، یان ئەو موژدە پێدران و،

ئەو ڕووناکیی پێ بەخشران و بە بەرچاو ڕۆشنییەوەو بە ڕووناکییەوە ڕۆیشتن بەرەو مەنزڵگاکانی بەهەشت، بردنەوەو سەرفرازیی و بە مراد گەیشتنی مەزن، ئەوەیە.

ئنجا خوا ﷻ دوای باسی پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوادار، دێتە سەر باسی پیاوانی دەغەڵ و ئافرەتانی دەغەڵ، لێرەدا جێی سەرنج ئەوەیە کە هەم لە باسی بڕواداران دا، باسی هەردوو ڕەگەزەکە کراوە: ﴿ يَوْمَ تَرَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ ﴾، هەم لە باسی دەغەلاندا، باسی هەردوو ڕەگەزەکە کراوە: ﴿ يَوْمَ يَقُولُ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ وَٱلْمُنَـٰفِقَـٰتُ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئایا حیکمەتی ئەوە چییە؟ دەڵێین: لەهەر شوێنێک کە خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، یان ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە، بە پێی بنچینەیەک لە ڕێزمانی عەرەبییدا کە پێی دەگوترێ: (**تَغْلِيبُ الذُّكُورِ عَلَى الإِنَاثِ**)[1]، کاتێک کۆمەڵە خەڵکێک کە پیاوو ئافرەت بن، ڕاناوی نێرینە بۆ هەموویان بەکاردێ، دەگوترێ: (**الَّذِيْن**)، هەڵبەتە لە کوردییداو لە زمانەکانی دیکەدا، ڕاناوی نێرینەو مێینە نیە، دەڵێین: (ئەوانە)، یەکسانە ئەوانە پیاون یان ئافرەتن، بەڵام لە زمانی عەرەبییدا ئەگەر گوتت: (**الَّذِيْن**)، واتە: کۆمەڵە پیاوێک (**اللَّاتِي**)، واتە: کۆمەڵە ئافرەتێک، ئنجا لە ڕووی ڕاناوەوە (**هِي**)، بۆ ئافرەت و (**هُو**)، بۆ پیاوەو (**هُم**)، بۆ کۆمەڵە پیاوێک و، (**هُنّ**)، بۆ کۆمەڵە ئافرەتێک، بەڵام لە زمانەکانی دیکەدا ئەوە نیە. ئنجا خوا ﷻ لەو شوێنانەی پێویست دەکات، هەردوو ڕەگەزەکە باس دەکات و، لەو شوێنانەی پێویست نەکات، ئەو ڕاناوەیان بۆ بەکارهاتوە، کە گشتگیرە بۆ هەردووکیان.

ئنجا دێتە سەر باسی دەغەڵەکان دەفەرموێ:

٧- ﴿ يَوْمَ يَقُولُ ٱلْمُنَـٰفِقُونَ وَٱلْمُنَـٰفِقَـٰتُ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئەو ڕۆژەی پیاوانی دەغەڵ و ئافرەتانی دەغەڵ، بەوانە دەڵێن کە بڕوایان هێناوە، ﴿ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾ لێرەدا بەپێی بنەمای: (**تَغْلِيبُ**

---

(١) زاڵکردنی نێرینان لە سەر مێینان.

الذُّكُوْرِ عَلَى الإِنَاث)، ئەوانەی بڕوایان هێناوە، ڕاناوەکەی هی نێرینەیە، بەڵام واتە: هەموو ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە نێرو مێ وە، چییان پێدەڵێن؟

٨- ﴿ ٱنظُرُونَا نَقۡتَبِسۡ مِن نُّورِكُمۡ ﴾، چاوەڕێمان بکەن لە ڕووناکییەکەتان وەربگرین، ئاوا دەخوێنرێتەوە: ﴿ يَوۡمَ يَقُولُ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ وَٱلۡمُنَٰفِقَٰتُ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱنظُرُونَا ﴾، واتە: هەمزە (أ) کە دەڕوا، چونکە هەمزەی ئەسڵیی نیەو، ئەگەر لە سەرەتاوە دەستی پێ بکەی، هەمزەکە دەردەخرێ، ﴿ ٱنظُرُونَا نَقۡتَبِسۡ مِن نُّورِكُمۡ ﴾، چاوەڕێمان بکەن و مۆڵەتمان بدەن، لە ڕووناکییەکەی ئێوە وەربگرین، ئەم (**أُنْظُرُوْنَا**)، خوێنراویشەتەوە: (**أَنْظِرُوْنَا**)، کە لێرەدا هەمزە (أ) کە دەردەخرێ لەم حاڵەتەدا، کە هەمان مانای هەیەو، لە حەوت قورئانخوێنە ناودارەکان تەنیا (**حمزة**) بە (**أَنْظِرُوْنَا**)ی خوێندۆتەوە، ئەوانەی دیکە خوێندوویانەتەوە: (**أُنْظُرُوْنَا**)، هەردووکیان بە مانای چاوەڕێمان بکەن و، مۆڵەتمان بدەن، لەسەرمان بوەستن، کە دەڵێن: ﴿ نَقۡتَبِسۡ مِن نُّورِكُمۡ ﴾، (**الإِقْتِبَاسُ: أَخْذُ القَبَس**)، (**قَبَس**): بریتیە لەو ئاگرەی کە وەردەگیرێ لە ئاگرێکی دیکەوە، لە کوردیی دا {بزووت} پێ دەگوترێ، یان پریشکە ئاگرێک، یان تۆزە ئاگرێکی پێ دەگوترێ، کە وەرگیرابێ، ئنجا ئایا مەبەستیان پێی ئەوەیە لەو ڕووناکییەی خۆتان هەندێکمان بدەنێ؟ یاخود: مەبەستیان ئەوەیە با ئێمەش لەو ڕووناکییەی ئێوە بەهرەمەند بین؟ من بە هەردووکیانم مانا کردوەو گوتوومە: بەهرەمەندمان بکەن لە ڕووناکییەکەی خۆتان، بەشمان بدەن، کە مانای هەردووکیان دەگرێتەوە، ئەوانە وایانزانیوە کە دەگونجێ ئەو ڕووناکییە بەش بکرێ، نەیانزانیوە ئەو ڕووناکییە ڕووناکییەکی زاتییەو تایبەتە بە هەرکام لە خۆیانەوەو، بەرهەمی ئەو ئیمان و کردەوە چاکەیانە کە لە دنیادا بوویانە، بۆیە ناگونجێ لەوان جیابێتەوە، بەڵام ڕەنگە زیاتر مەبەستیان ئەوە بێ: لێمان گەڕێن و چاوەڕێمان بکەن، با ئێمەش لەبەر ئەو ڕووناکییەی ئێوەداو بەو ڕۆشناییەی ئێوە بڕۆین.

٩- ﴿ قِيلَ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ ﴾، گوترا: بگەڕێنەوە دواوەتان، نەیفەرمووە: ئەوان گوتیان، چونکە بڕوادارەکان نەیانگوتوەو فریشتەکان گوتوویانە، لێرەدا کە بە بکەر نادیار (**مَجْهُول الفَاعِل**) هاتوە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەوە قسەی فریشتانە، ئەگەرنا ئەگەر هەر

خۆیان بان، وەک چۆن دوایی خۆیان قسەیان کردوە، کە دەڵێن: ﴿أَلَمۡ نَكُن مَّعَكُمۡۖ قَالُواْ بَلَىٰ﴾، ئایا لەگەڵ ئێوە نەبووین؟ گوتیان با، لێرەش ئەگەر قسەی خۆیان با، دەیفەرموو: (قَالُوْا ارْجِعُوا وَرَاءَكُمْ)، بەڵام نا، ﴿قِيلَ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ﴾، گوترا: بگەڕێنەوە بۆ دواوەتان.

١٠- ﴿فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا﴾، لەوێ ڕووناکییەک پەیدا بکەن، (الإلْتِمَاسُ: شِدَّةُ الطَّلَب)، (إلتِماس)، بریتیە لە زۆر بە دوای شتێکدا گەڕان و لێ خەفتانی، کە دەفەرموێ: ﴿قِيلَ ٱرۡجِعُواْ وَرَآءَكُمۡ﴾، (ارْجِعُوْا)، واتە: بەرەو دوایە بگەڕێنەوە، بەڵام وشەی (وَرَاءَكُمْ)، کە زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوەی مانای گەڕانەوەیە، چونکە هەموو گەڕانەوەیەک هەر بەرەو دواوەیە، ﴿فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا﴾، (لَمس)، بە مانای دەست لێدانی شتێکە (إلتِماس)، کە (إفْتِعَال)ە، لە (لَمْس)ەوە، واتە: لێ خەفتان و بە دواداگەڕان و پەیداکردن، لەوێ جۆرە ڕووناکییەک پەیدابکەن، ﴿فَٱلۡتَمِسُواْ نُورٗا﴾، هەر جۆرە ڕووناکییەک، کەم بێ، یان زۆر بێ، شتێک پەیدابکەن، ئنجا ئەو گەڕانەوە بۆ دوایە، ئایا مەبەست پێی ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنەی نامەکانی کردەوەکانی لێ دابەشکران، کە بڕواداران بە پیاوو نافرەتەوە بە دەستی ڕاستیان نامەکانی کردەوەکانیان وەرگرتوونەوە، بەڵام دەغەڵ و مونافیقەکان، لە پشتەوەڕا یان بە دەستی چەپ، ئایا مەبەست ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ، یاخود: مەبەست ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ ژیانی دنیا، واتە: هۆکاری ئەو ڕووناکییەی ئێمە ئەو ئیمان و کردەوە چاکەیە، کە لە دنیادا بوومانە، ئنجا ئێوەش بگەڕێنەوە بۆ دنیا؟ لە هەردوو حاڵاندا:

أ- دەگونجێ ئەمە بە توانج و تەوسەوە بێ و، جۆرێک بێ لەگاڵتە پێکردن، وەک چۆن مونافیقەکان کاتی خۆی گاڵتەیان بە بڕواداران کردوە لە دنیاداو گوتوویانە: بە دوای خەون و خەیاڵ کەوتوون، دەگونجێ ئەوەبێ، وەک نووح عليه السلام بە خەڵکە کافرەکەی خۆی دەڵێ: ﴿فَإِنَّا نَسۡخَرُ مِنكُمۡ كَمَا تَسۡخَرُونَ ٣٨﴾هود، ئێمەش گاڵتەتان پێدەکەین، وەک چۆن ئێوە گاڵتەمان پێ دەکەن، واتە: ئێوە لە دنیادا گاڵتەمان پێ دەکەن، ئێمەش لە ڕۆژی دواییدا گاڵتەتان پێ دەکەین، دەگونجێ ئەوەبێ.

ب- دەشگونجێ بە توانج و تەوسەوە نەبێ و هەر گوتوویانە: ئێمە ئەو ڕووناکییەمان لەو شوێنە پەیداکرد {چونکە لەوێوە ڕووناکییەکە لەگەڵیان بووە، لەو شوێنەی نامەکانی کردەوەکانی لێ دا بەشکراون} ئێوەش بچنەوە ئەوێ، مەگەر لەوێ شتێکتان دەست بکەوێ.

١١- ﴿ فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُۥ بَابٌۢ ﴾، یەکسەر شوورەیەکیان لە نێوان دا دانرا، دەرگایەکی هەیە، بە پیتی (ف) کە وا پێدەچێ لێرەدا (فَاء التَّعْقِيْب)بێ و بۆ بادانەوە (**عطف**) بێ، واتە: یەکسەر، دوای ئەو داواکردنەی پیاوو ئافرەتە دەغەڵەکان لە بڕواداران، کە لە ڕووناکییەکەی خۆیان بەهرەمەندیان بکەن، ئنجا چ ئەندازەیەکیان بدەنێ، چ لێیانگەڕێن لەبەر ڕۆشنایی ئەواندا بڕۆن، یەکسەر دیوارێکیان لە نێواندا ڕۆندرا، داندرا، (**سُور**)، بە مانای دیوارو شوورە دێ، ﴿ فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ لَّهُۥ بَابٌۢ ﴾، دیوارێکیان لە نێوان داندرا کە دەرگایەکی هەیە، ئەو دەرگایە چۆنە؟

١٢- ﴿ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحْمَةُ ﴾، دیوی نێوەوەی بەزەیی تێدایە.

١٣- ﴿ وَظَٰهِرُهُۥ مِن قِبَلِهِ ٱلْعَذَابُ ﴾، پشتەوەشی (دیوی دەرێی) ئازاری لەلاوە هەیە، کە دەفەرموێ: ﴿ فَضُرِبَ بَيْنَهُم ﴾، (**ضُرِبَ: ضُمِّنَ مَعْنَى الحَجْزِ فَعُدِّيَ بِالْبَاءِ: ضُرِبَ بَيْنَهُم سُورٌ**)، کە دەفەرموێ: ﴿ فَضُرِبَ بَيْنَهُم بِسُورٍ ﴾، وشەی (**ضُرِبَ**)، بە بێ پیتی (**ب**) بۆ خۆی بەرکار دەخوازێ و، (**سور**) دەبێتە جێگری بکەر (**نائب الفَاعِل**)، یانی: (**ضُرِبَ بَيْنَهُم سُورٌ**)، دیوارێکیان لە نێواندا داندرا، بەڵام کە (**ب**) خراوەتە سەر (**سُورٌ**)، مانای لێک جیاکردنەوە (**حَجْز**) خراوەتە نێو (**ضُرِبَ**)، یانی دیوارێکیان لە نێواندا داندراوەو لێک جیاکراونەوە، (**حَجْز**)، واتە: لێک جیاکردنەوەو لێک هەڵاواردن، (**ضُرِبَ بَيْنَهُم سُورٌ للحَجْز بَيْنَهُم**)، شورەیەکیان لە نێوان دا دانرا بۆ لێك جیاکردنەوەیان، هەمیشە بەرکارخواستنی کردەوەیەک کە بۆ خۆی بەرکار دەخوازێ بەبێ پیت، کە بەرکاری خواست بە پیتێکی دیکە، کە لە ئەصڵدا پێویستیی پێی نیە، بۆ ئەوەیە مانایەکی دیکەی جگە لە مانا ئەصڵییەکەی خۆشی بخرێتە نێو، (**ضُرِبَ**)، واتە: لە نێوانیاندا دانرا، ئنجا کە (**سُور**) کراوەتە: (**بِسُورٍ**) و، ئەم (**ب**)ی چۆتە سەرێ، وێڕای داندرانی دیوارەکە، لێک جیاکرانەوەش دەگەیەنێ، واتە:

دیوارێکیان لەنێواندا داندرا بۆ لێک جیاکردنەوەیان، دیارە پێشێ ئەندازەیەک تێکەڵییان هەبووە، بەڵام وا پێدەچێ بڕواداران بە پیاوو ئافرەتەوە، لەپێشەوە بووبن و، دەغەڵەکان لە دواوە بوون، نەک یەکجاریی تێکەڵ بن، بە بەڵگەی ئەوەی بانگیان دەکەن و دەڵێن: (**أَنْظُرُونَا نَقْتَبِس مِنْ نُورِكُم**)، چاوەڕێمان بکەن، با ئێمەش لە ڕووناکیی ئێوە بەهرەمەند بین، کەواتە: بڕواداران لێیان دوور بوون و، لە پشەوەیانڕا ڕۆیشتوون و دەغەڵەکانیش بانگیان کردوون، ئیدی ئەوان لەو حاڵەدا دەبن، کە دیوارێک دەکەوێتە نێوانیانەوە.

هەڵبەتـە ئـەو دیـوارە دەبـێ بزانیـن، مەبەسـت پێـی ئـەوە نیـە کـە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**الأعـراف**)دا بـاسی دەکات و دەفەرمـوێ: ﴿ وَبَيْنَهُمَا حِجَابٌ وَعَلَى ٱلْأَعْرَافِ رِجَالٌ يَعْرِفُونَ كُلًّا بِسِيمَـٰهُمْ ﴿٤٦﴾ ﴾، واتـە: لـە نێـوان بەهەشـتییان و دۆزەخییانـدا نێوانێـک هەیـەو، لەسـەر سـوێیەکانی (قەراغـەکانی) پیاوانێـک هـەن {کـە بەولاشـدا دەڕوانـن و بـەو لاشـدا دەڕوانـن} هەرکامێکیـان بەنیشـانەکەیان دەناسـنەوە، بێگومـان ئـەو پـەردەو دیـوارە جیایـە، چونکـە ئـەوە لـە نێـوان بەهشـتییان و دۆزەخییـان دایـە، بـەڵام ئـەوی دیکەیـان لـەو شـوێنەیە کـە هـەر کەسـەو بـەرەو مەنزڵـگای خـۆی دەچـێ و، جـارێ نەگەیشـتوونە بەهەشـت و دۆزەخ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ بَاطِنُهُۥ فِيهِ ٱلرَّحْمَةُ ﴾، نێـوەوەی بەزەیـی تێدایـە، (**البَاطِـن: دَاخِـل الـشَّيء**)، یـانی: نێـوەوەی، (**ظَاهِر**)یـش، واتـە: دەرەوەی شـتێک، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مِن قِبَلِهِ ٱلْعَذَابُ ﴿١٣﴾ ﴾، لێـرەدا (**مـن**) بـە مانـای (**فِي**) دێ، وەک ﴿ مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ ﴿٩﴾ ﴾ **الجمعة**، یـانی: (**فِي يَـوْمِ الجُمُعَـة**)، (**قِبَـل**)، بـە مانـای ئـەو شـتەی کەبـەرەو ڕووی دێ، واتـە: لـە لای ویـەوە، لـە دیـوی دەرێـی دەرگاکـەوە، ئـازارو سـزاو مەینەتیـی هەیـە.

١٤- ﴿ يُنَادُونَهُمْ ﴾، بانگیان دەکەن، واتە: دەغەڵەکان بانگی بڕواداران دەکەن.

١٥- ﴿ أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ ﴾، ئایا ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟ ئەمە پرسیارکردنێکی چەسپێنەرانە (**إسْتِفهَام تقريريٌ**)یە، یانی: بە دڵنیایی ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا بووین، بێگومان پرسیارکردنی نکووڵییلێکەرانە نیە، چونکە بڕواداران نکووڵیی ناکەن کە موونافیقەکانیش لە دنیادا لەگەڵیان دا بوون، بەڵکو پرسیارکردنێکی چەسپێنەرانەیەو، ئەم پرسیارکردنەش

بەکارهێنراوە، وەک داواکردنی ئەوە کە پێیان بکەن و ئەوانیش بکەنەوە لایان، ئایا لە دنیادا پێکەوە نەبووین؟ ئەدی ئێستا بۆچی لێک جیابینەوە؟ لێمانگەڕێن با بکەینە لاتان! ﴿أَلَمْ نَكُن مَّعَكُمْ﴾، واتە: ئایا ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا نەدەژیاین لە دنیادا؟ یان: ئایا ئێمەش لە کۆمەڵگایەکدا پێکەوە نەبووین، کە موونافیقەکان هەمیشە لەگەڵ بڕواداران دان، چونکە موونافیق کەسێکە خۆی بە مسوڵمان پێشان دەدا، بەڵام کوفر لە دڵ و دەروونیدا هەیە، یاخود: ئایا پێکەوە نەبووین، واتە: مەبەستیان ئەوەیە لە مزگەوتیش پێکەوە بووین، جار جار دەهاتین؟ بەڵکو لە بوارەکانی دیکەی دینداریی و مسوڵمانەتیی دا ئێمەش بەشدارتان دەبووین، وەک موونافیقەکانی هەموو چاخ و سەردەمێک، کە لەگەڵ مسوڵماناندا خۆیان هاوڕەنگ و هاو دەنگ دەکەن، هەرچەندە لەدڵ و دەروونیشیاندا کوفرو بێبڕوایی هەیە، بۆیە ئیمانداران وەڵام دەدەنەوە:

١٦- ﴿قَالُوا بَلَىٰ﴾، گوتیان با، با پێکەوە بووین، بەڵام ئەدی بۆچی وایان لێهات؟ ئنجا بۆیان ڕوون دەکەنەوە، چوار هۆکاریان بۆ دێننەوە، کە ئێوە بەهۆی ئەو چوار هۆکارەوە تووشی چۆڕتم[1] بوون، تووشی ئەو مەینەتییە بوون، کە ئێستا بەدەستیەوە گرفتارن و، هیچ چارەو دەرەتانتان نیە.

١٧- ﴿وَلَٰكِنَّكُمْ فَتَنتُمْ أَنفُسَكُمْ﴾، [دەڵێن با پێکەوە بووین] بەڵام ئێوە خۆتان فەوتاند، (فَتَنْتُم)، وەک پێشتریش باسمان کردوە (فِتْنَة)، لە قورئاندا بە زۆر واتایان دێ، یەکێک لە واتایەکانی بریتیە لە فەوتان و، یەکی دیکە لە واتاکانی بریتیە لە مەینەتیی و ئازار، واتە: خۆتان تووشی مەینەتیی و فەوتان و ئازارو کرد، بە دەستی خۆتان واتانکرد، ئەوە هۆکاری یەکەم.

١٨- ﴿وَتَرَبَّصْتُمْ﴾، هەروەها ئێوە چاوەڕێ بوون، واتە: هەمیشە لە بۆسە دابوون، (التَّرَبّص الإنْتِظَار بِالشَّيء)، (تَرَبّص) بریتیە لە چاوەڕوان کردنی شتێک، واتە: ئێوە هەمیشە لە چاوەڕوانییدا بوون کە ئێمەی مسوڵمانان تووشی شکست بین، تووشی ناڕەحەتیی بین، هەیە کاتێك کۆمەڵە مسوڵمانێک تووشی گرفت و ناڕەحەتییەک دێن، هەناسەیەکی

---

(١) چۆرتم: گرفت و کێشەیەکی بێڕەزا.

خۆش هەڵدەمژێ، دەست بە دڵی خۆیدا دێنێ، ئۆخەیەکی باش دەکات! ئەوەش نیشانەی نیفاقە، ئەگەرنا دەبێ لەگەڵ مسوڵماناندا هەست بە ئازاریان بکەی و، بە خۆشییان دڵخۆش بی و، بە ناخۆشییان دڵناخۆش بی، بەڵام مسوڵمانێک تووشی ناڕەحەتییەک ببێ، تۆ ئۆخەی بۆ بکەی و شادییت لە دڵ بکەڕێ، ئەوە نیشانەی نیفاقە، هەڵبەتە ئەگەر لەبەر خودی مسوڵمانەتییەکەی بێ، ئەگەرنا جاری وایە کەسێک لەگەڵ کەسێک دا ناکۆکییەکی هەیە، غەرەزێکی شەخصی هەیە، ئەوە جیایە، هەر گوناهبار دەبێ، بەڵام نیشانەی نیفاق نیە، بەڵام ئەگەر کەسێک تووشی بەڵایەک ببێ، ئنجا تاکێک بێ، کۆمەڵێک خەڵکێک بن، ئەویش پێی خۆشبێ لەبەر مسوڵمانەتییەکەیان پێی خۆشبێ، کە تووشی ئەو بەڵایە بوون، مانای وایە ئەو کەسە نیفاق و کوفری لە دڵدا هەیە، بۆیە بە زیانباربوونی ئەهلی ئیسلام دڵخۆشە، ﴿وَتَرَبَّصْتُمْ﴾، ئێوە هەمیشە لە بۆسە دابوون، کەی مسوڵمانان تووشی بەڵاو مەینەتیی و ناڕەحەتییەک دێن، ئنجا:

١٩- ﴿وَٱرْتَبْتُمْ﴾، ئێوە هەمیشە دوو دڵ بوون، (الإرْتِيابُ: الشَّكُّ وَالتَّرَدُّد)، بریتیە لە دوو دڵیی و دڵ لە دڵدان، ئەوەش هۆکاری سێیەم.

٢٠- هۆکاری چوارەم: ﴿وَغَرَّتْكُمُ ٱلْأَمَانِىُّ﴾، خۆزگە پووچەڵەکان هەڵیانخەڵەتاندن و فریویاندان، (الأَمَانِّي: جَمْعُ أُمْنِيَّة وَهِيَ إسْمُ التَّمَنِي مَا يُمَنِيُّ بِهِ الإنْسَانُ نفسه مِنَ البَاطِل)، (أَمَانِي) کۆی (أُمْنِيَة)یە، کە ناوی (تَمَنِّي)یە، واتە: خۆزگە خواستن، ئاوات خواستن، هیوا خواستن، کە ئەوەیە شتی پووچی بێ بنەما، مرۆڤ دڵی خۆی پێ خۆش بکات و خۆزگەی پێ بخوازێ، یان خەیاڵ پڵاو بکات، بۆ وێنە: کەسێک هەر لەبەر ئەوەی ناوی مسوڵمانە، بڵێ: ئێمە مسوڵمانین هەرچۆن بێ خوا لێمان خۆش دەبێ! هیچ کردەوەو ئیلتیزامێکیشی نیە، یان کەسێک خۆی بە ڕەچەڵەکیەوە هەڵدەکێشێ، ئەگەر سەیدو شێخە، ئەگەر مەلازادەیە، ئەگەر هەرچی هەیە، یەکێکی دیکە بەوە هەڵخەڵەتاوە دەڵێ: لە دنیادا ئەوە نیە خوا نازو نیعمەتی زۆری پێداوین، دەستەڵاتی پێداوین، لە قیامەتێش هەروامان مامەڵە لەگەڵدا دەکات، کە ڕەنگە دەستەڵاتەکەی و پارەو سامانەکەی، هەمووی لە ڕێی حەرامەوە پەیدا کردبێ، کە ئەگەر لەڕێی حەڵاڵیشەوە پەیدایی کردبێ، هەر نیشانەی ئەوە نیە کە خوا

خۆشی دەوێ، چونکە خوای ﷻ ماڵ و سامان دەدا بە کەسێک کە خۆشیدەوێ و بە کەسێک کە خۆشیشی ناوێ، بەڵام ئیمان و تەقوا تەنیا بە کەسێک دەدات کە خۆشیدەوێ، هەڵبەتە پێدانی خوای پەروەردگار بەو واتایە کە خوا بۆی ئاسان دەکات، ئەگەرنا مرۆڤ خۆی شتەکان وەدەست دێنێ، ئەگەر خێرن، ئەگەر شەڕن و، ئەگەر چاکن و، ئەگەر خراپن، کەواتە: ﴿وَغَرَّتْكُمُ ٱلْأَمَانِيُّ﴾، واتە: خۆزگەو هیواو ئاواتە پووچەڵ و بێ بنەمایەکان ئێوەیان فریودا، ئنجا لەسەر ئەوەش بەردەوام بوون.

٢١- ﴿حَتَّىٰ جَآءَ أَمْرُ ٱللَّهِ﴾، هەتا فەرمانی خوا هات، فەرمانی خوا هات بەمراندنی ئێوە، واتە: کاتی مەرگتان هات، یاخود فەرمانی خوا هات، بە تێکچوونی ژیانی دنیاو هاتنی ئاخیر زەمان.

٢٢- ﴿وَغَرَّكُم بِٱللَّهِ ٱلْغَرُورُ﴾، لە بەرانبەر خوادا فریودەر ئێوەی فریودا، (**وَالْغَرُورُ: مُبَالَغَةٌ فِي الْمُتَّصِفِ بِالتَّغْرِيرِ، وَالْمُرَادُ بِهِ الشَّيْطَانُ، وَالتَّغْرِيرُ: إِظْهَارُ الضَّارِّ فِي صُورَةِ النَّافِعِ بِتَمْوِيهٍ وَسَفْسَطَةٍ**)، (**غَرُور**): زێدەڕۆییە لە کەسێکدا کە زۆر خەڵکی هەڵدەخەڵەتێنێ و، فریویان دەدا، ئنجا ئەوەی لە هەموو کەس زیاتر خەڵکی فریو دەدات، شەیتانە، بۆیە وایان لێکداوەتەوە، ئەگەرنا لە ڕاستییدا هەر شتێکی دیکەی خەڵک فریوبدات، ئەوە وشەی فریودەر هەر دەیگرێتەوە، ئەگەر ماڵ و سامانە، ئەگەر دەستەڵاتە، ئەگەر قەڵەباڵغیی دەورە، ئەگەر لەشساغییە، بەڵکو جاری وایە زانستە، هەر شتێک ببێتە هۆی فریودانی ئینسان لە بەرانبەر خواداو، پێی لە خوا یاخیی ببێ و بێ بوغرابێ لە بەرانبەر خوادا، ئەوە وشەی (**غَرُوْر**)، دەیگرێتەوە.

(**تَغْرِير**)، هەڵخەڵەتاندن بریتییە لە دەرخستنی شتێکی زیانبەخش لە شێوەی شتێکی سوود بەخش دا، وەک چاو بەستکردن و هەڵخەڵەتاندن.

٢٣- ﴿فَٱلْيَوْمَ لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ﴾، ئا ئەمڕۆ فیدیەتان لێوەرناگیرێ، ﴿لَا يُؤْخَذُ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**لَا تُؤْخَذ**)، ئەگەر بە (**ت**) بێ (**لَا تُؤْخَذ**)، بێژەکەی سەرنج دراوە، ﴿لَا يُؤْخَذُ مِنكُمْ فِدْيَةٌ﴾، وشەی (**فِدْيَة**)، مانایەکەی (**فدى**)، یان (**جَزاء**)، لەبەرچاو گیراوە، (**الفدية: ما يَقِي بِهِ الإِنْسَانُ نَفْسَهُ**)، (**فِدْيَة**): هەر شتێکە مرۆڤ خۆی پێ دەپارێزێ، خۆی

پێ چەپاڵە دەداو دەیکاتە بەلاگێڕەوەی خۆی، واتە: ئەمڕۆ فەرەبوو و بەلاگێڕەوەتان لێ وەرناگیرێ، ئنجا کە قەرەبوو و بەلاگێڕەوەیان لێ وەرنەگیرا، مانای وایە سزا دەدرێن، هەڵبەتە لەوێ نە هیچکەس قەرەبووی هەیەو، نەهیچ کەس بەلا گێڕەوەی هەیە، بەلام خوا بەپێی عەقڵی خەڵک، خەڵک دەدوێنێ، لە دنیادا کەسێ تووشی گرفت و چۆرتم و بەلایەک دێ، ئەگەر پارەی هەبوو، دەتوانێ بە پارە خۆی دەرباز بکات و، ئەگەر خزم و کەسی هەبێ، دەتوانن تکای بۆ بکەن، یاخود بەرگریی لێ بکەن، بۆیەش خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَاتَّقُوا يَوْمًا لَّا تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلَا تَنفَعُهَا شَفَاعَةٌ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿١٢٣﴾ ﴾البقرة، واتە: خۆتان لە ڕۆژێک بپارێزن:

١- ﴿ لَّا تَجْزِي نَفْسٌ عَن نَّفْسٍ شَيْئًا ﴾ کە هیچ کەس هیچ شتێکی بۆ هیچ کەس پێ ناکرێ.

٢- ﴿ وَلَا يُقْبَلُ مِنْهَا عَدْلٌ ﴾. ئەو کەسە قەرەبووشی لێوەرناگیرێ.

٣- ﴿ وَلَا تَنفَعُهَا شَفَاعَةٌ ﴾، تکاکردنیش سوودی پێ ناگەیەنێ.

٤- ﴿ وَلَا هُمْ يُنصَرُونَ ﴿١٢٣﴾ ﴾، سەریش ناخرێ، واتە: کەسیش یارمەتیی نادات.

چونکە مرۆڤ کە تووشی بەلایەک دێ، یەکێک لەو چوار حاڵەتانەی بۆ هەیە:

١- یان کەسێک بێ ئەو بەلایەی لە کۆڵ بکاتەوە.

٢- یاخود خۆی قەرەبوو بدات.

٣- یاخود کەسێک تکای بۆ بکات.

٤- یاخود کەسێک ئەگەر بەلایەکەشی لە کۆڵ نەکاتەوە، لانی کەم هاوکاریی بکات و پشتی بگرێ.

بەلام لەو ڕۆژەدا هیچ کام لەوانە نین، لێرەش خوا ﷻ تەنیا لەوەدا خولاسەی کردۆتەوە، کە ئەمڕۆ هیچ قەرەبووتان لێ وەرناگیرێ.

٢٤- ﴿ وَلَا مِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا ﴾ {نەک هەر لە ئێوەی مونافیق و دەغەڵ بە پیاوو ئافرەتەوە} بەڵکو لەوانەی بێبڕواشن، ئەوانیش بە پیاوو ئافرەتەوە، دیسان قەرەبوویان لێوەرناگیرێ.

-٢٥ ﴿مَأۡوَىٰكُمُ ٱلنَّارُ﴾، جێگاو ڕێگاتان، شوێنی حەوانەوەتان ئاگرە، (**مَأْوَى**): ئەو شوێنەیە پەنای پێ دەبردرێ و مرۆڤ تێیدا دەحەوێتەوە، ئەو جێیەی خەڵک بۆ لای دەگەڕێتەوە، واتە: ئەمڕۆ شوێنێک کە ئێوەی تێدا نیشتەجێ دەبن و، شوێنی حەوانەوە ئەگەر هەبێ بۆ ئێوە، تەنیا ئاگرە، ئاگری دۆزەخ.

-٢٦ ﴿هِيَ مَوۡلَىٰكُمۡ﴾، ئەوێ سەرپەرشتیارتانە، ئەو ئاگری دۆزەخە، یاخود: دەگەڕێنەوە بۆ نێو ئەو ئاگرە، وەک چۆن کەسێک بیەوێ یارمەتیی بخوازێ لە دۆست و نیزیکێک، دەچێ بۆ لای، ئێوەش تەنها شوێنێک هەبێ یارمەتیی لێ بخوازن، بەس ئاگری دۆزەخە، یاخود: (**الْمَوْلَى اسْمَ مَكَانِ الْوَلِيِ، وَهُوَ الْقُرْبُ وَالدُّنُوُّ**)، (**مولى**) ناوی شوێنی (**وَلْي**)ە کە نیزیکییە، یانی: ئەو ئاگری دۆزەخە لێتانەوە نیزیکەو نیزیکترین شوێن، کە ئێوەی لێ بن، هەر ئەوێیە.

-٢٧ ﴿وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ﴾، خراپترین سەرەنجام و شوێنیش کە ئێوە بۆی دەچن، یان کەسێکی بۆ بچێ، ئەوێیە، دۆزەخە.

مەسەلەی دووەم:

سەرکۆنەی خوا بۆ بڕواداران کە ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە، دڵیان بۆ یادی خواو ئەو هەقەی دایبەزاندوە، نەرم بێ و ترس و بیمی تێبچێ و، بە مەرەدی خاوەن کتێبەکان نەچن، کە دوای تێپەڕینی ماوەیەک، دڵیان ڕەق و سەخت بوو و، زۆریان لە بازنەی ئیمانیش دەرچوون! ئنجا ئاگادارکردنەوەی بڕواداران کە زیندوو کرانەوەی زەوی مردوو، بەهۆی ئاوی دابەزێنراوەوە، بکەنە جێی پەند و دەرس و تێبگەن، کە ئەو خوایەی زەوی وشک هەڵاتوو زیندوو دەکاتەوە بەهۆی دابەزاندنی ئاوەوە، دەتوانێ دڵی ئەوانیش ببووژێنێتەوە، بەهۆی دابەزاندنی ئەو وەحیی و هەق و بەرەکەتەوە کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بۆیان دێنێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ وَلَا يَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلُ فَطَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿١٦﴾ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يُحْىِ ٱلْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ۚ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٧﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟﴾، ئایا بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە، کات نەهاتوە؟ کاتی ئەوە نەهاتوە:

٢)- ﴿أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ﴾، کە دڵیان ترس و بیمی تێبچێ، ترس و بیم دایبگرێ، بۆ یادی خواو ئەو هەقەی خوا دایبەزاندوە؟ **(الطبري)** ئەم ئایەتە موبارەکە بەم شێوەیە ڕوون دەکاتەوە: **(أَلَمْ يَحِنْ لِلَّذِينَ صَدَّقُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ أَنْ تَلِينَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ اللَّهِ، فَتَخْضَعَ قُلُوبُهُمْ لَهُ، وَلِمَا نَزَلَ مِنَ الْحَقِّ، وَهُوَ هَذَا الْقُرْآنُ الَّذِي نَزَّلَهُ عَلَى رَسُولِهِ ﷺ)**[1]، واتە: ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە بۆ کەسانێک کە خواو پێغەمبەرەکەیان بە ڕاست زانیوە، (لە پیاوان و ئافرەتان) کە

---

(١) جامع البيان: ج٢٧، ص٢٣٤.

دڵیان نەرم بێ بۆ یادی خواو، دڵیان ملکەچ بێ بۆی و، بۆ ئەو هەقەی دایبەزاندوە، کە بریتیە لەو قورئانەی دایبەزاندۆتە سەر پێغەمبەرەکەی ﷺ؟

بێگومـان کـە دەفەرمـوێ: (أَلَـمْ يَـأْنِ)، ئـەم هەمـزە (أ)یـە بـۆ پرسـیارکردنە پرسـیارکردنی، یـان: نکووڵیلێکردنـە، یاخـود چەسـپاندن (الإسْـتِفْهَامُ الإنْـكَارِيُّ أو التَّقْرِيْـرِيُّ)ە، ئنجـا ئەگـەر بـۆ هـەرکام لـە دوو جـۆرە پرسـیارکردنە بـێ، بـە مانـای لابـردن (نفـي)ە، یـانی: دەبووایـە کاتیـان بـێ و هـەر بـۆ ئـەوەش بۆیـان هاتـوە.

وشـەی (يَأْنِ)، داتـاشراوە لـە نـاوی (جَامِـد)ی (إنَى) و (أنَى)، هەردووکیـان بـە مانـای کات (وَقـت) دێـن، (أَلَمْ يَـأْنِ)، یـانی: ئایـا کاتی نەهاتـوە؟ کـە دەفەرمـوێ: ﴿لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، بـۆ ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، (ل)ەکـە (لام التعليـل)ە، یـانی: بـۆ ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، دەبـوو کاتـی بـێ، بـۆ ئـەوەی دڵیـان تـرس و بیمـی بچێتـێ و، نـەرم بـێ بـۆ یـادی خـواو ئـەو هەقـەی خـوا دایبەزانـدوە، وشـەی: ﴿وَمَا نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ﴾، خوێندراویشـەتەوە: (وَمَـا نُـزِّلَ مِـنَ الحَـقِّ)، ئـەو هەقـەی دابەزێـنراوە.

(الخُشُوع): بە مانای کڕووزانەوەو لالانەوەو نەرمیی و ترس و بیم دێ.

٣)- ﴿وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلُ﴾، وەک ئەوانەش نەبن کە پێشتر کتێبیان پێدرابوو، هەمیشە خوا ﷻ لەو سیاقانەدا کە خاوەن کتێبەکان لە حاڵەتی سەرزەنشتکردن و ڕەخنە لێگرتن دا باسیان دەکات، بە: ﴿أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ﴾، کتێب پێدراوان، ناویان دێنێ، بەڵام ئەگەر بۆ حاڵەتی دیکە بێ بە: ﴿أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ﴾، خاوەن کتێب ناویان دێنێ، ﴿وَلَا يَكُونُواْ﴾ خوێندراویشەتەوە: (وَلَا تَكُونُوا)، ئنجا ئەگەر: ﴿وَلَا يَكُونُواْ﴾ بێ، واتە: با بڕواداران وانەبن، وەک ئەوانەی پێشتر کتێبیان پێدراوە، بەڵام ئەگەر: (وَلَا تَكُونُوا)، بێ، ئەوە بۆ نەهێشتن (نَهي)ە، یانی: ئەی بڕوادارینە! وەک ئەوانە مەبن کە پێشتر کتێبیان پێدراوە! چییان لێ هات:

٤)- ﴿فَطَالَ عَلَيْهِمُ ٱلْأَمَدُ﴾، کاتیان بەسەردا درێژ بۆوە.

٥)- ﴿فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ﴾، سەرەنجام دڵیان ڕەق و سەخت بوو.

٦)- ﴿وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ﴾، زۆرێکیشان هەر یەکجاریی دەرچوون، واتە: لە بازنەی ئیمان و ئیسلامیش دەرچوون، (طَال) یانی: درێژ بۆوە، کات زۆر تێپەڕی، (أَمَد)، بە مانای کات دێ، بەڵام کاتێک کە سنووڕێکی هەبێ، ئنجا ئایا مەبەست لەو کاتەی سنووری هەبووە، چییە؟

١- هەندێک لە زانایان گوتوویانە: ئەو کاتە بووە کە خوا ﷻ تەوراتی بە مووسا عليه السلام داوە، ئنجا ماوەیەکی زۆری پێ چووە، تاکو پێغەمبەرانی دیکە هاتوون.

٢- هەندێکیان گوتوویانە: مەبەست پێی ئەوەیە، کە لە دوای عیسا عليه السلام کە ئینجیلی پێدراوە، تاکو پێغەمبەری کۆتایی ﷺ هاتوە، (٦١٠) شەشسەدوده ساڵی کەوتۆتە بەین، مەبەست پێی ئەو کاتە بووە.

٣- بەڵام دەگونجێ مەبەست پێی هەموو ئەو ماوانە بوو بن، کە دەکەونە نێوان دووان لە پێغەمبەرانەوە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام): لە نێوان مووساو عليه السلام تاکو پێغەمبەری دوای وی، کە هاتوە، ماوەی کەوتۆتە بەین، هەروەها ئەو پێغەمبەرەی دیکەو ئەوی دیکە، هەموویان ماوە ماوەیان کەوتۆتە بەین، کەواتە: مەبەست پێی ئەو کاتانەیە کە دەکەونە نێوان هاتنی دووان لە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، واتە: ئەی بڕواداڕینە! ئێوەش وەک وان مەبن، کە کاتێک پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە نێوتاندا هەیەو، بەردەوام ئایەتەکانی خوای پەروەردگار دادەبەزن، ئەچن خۆتان بە مەرەدی خاوەن کتێبەکان ببەن، ئەوانەی کتێبیان پێدراوە، کە هەر لەگەڵ ماوەیەک دابڕانێکی وەحیی خوا دەبوو، پێغەمبەرێکی خوا نەدەهات، دڵیان ڕەق دەبوو، دڵ ڕەق بوونیش پێچەوانەی دڵنەرم بوون و پێچەوانەی ملکەچبوونی دڵ (خُشُوعُ القَلب)ە، ئەوە کە دڵ خشووعی تێدابێ، ترس و لەرزو بیم و ملکەچیی تێدا هەبێ، بەڵام ڕەق بوون (قسوة)، ئەوەیە سەخت بێ و هیدایەتی خواو ڕووناکیی وەحیی خوای بەبەزەیی بە ئاسانیی کاری تێ نەکات، هەروەک چۆن بەردێکی ڕەق، یان زەوییەکی ڕەق بە زەحمەت هەڵدەقەنرێ، بەڵام زەوییەکی نەرم بە ئاسانیی ئاو پێیدا دەچێتە خوارو پاچی تێدەچێ و، دەگونجێ مامەڵەی جۆراوجۆری لەگەڵدا بکرێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴾، زۆرێکیشـیان دەرچووبـوون، ئەمـە ئـەوەی لێوەردەگیـرێ کـە لـە ئەنجامـی دڵـڕەق بـوون و دڵ سـەغڵەت بـوون لـە بەرانبـەر یـادی خـواو، وەحیـی خـوادا، ئەگـەر مـرۆڤ لەسـەر ئـەو حاڵەتـە بـەردەوام بـێ، سەردەکێشـێ بـۆ دەرچـوون لـە بازنـەی ئیـمان وئیسـلامیش، هەندێـک کـەس دەبینـی لـە خەڵکـی عەلمانیـی کـە خۆشـی بـە مسـوڵمان دەزانـێ لەوانـەی گـوێ نـادەن بـە پابەندیـی بـە شـەریعەتی خـوای پـەروەردگارەوە، هـەر لەسـەر گوناهـو تـاوان و خراپـە بـەردەوام دەبـن، دڵیـان ڕەق دەبـێ و، ڕەق دەبـێ، دوایـی وای لـێ دێ، کـە پێشـێ ڕەنگـە تـۆزە خواناسـییەکی بووبـێ، ئەوجـار ئەوەشـی نامێنـێ و، یەکجاریـی سەردەکێشـێ بـۆ ئیلحـادو زەندەقـەو بـڕوا نەمـان بەهیـچ شـتێک، لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە، فەرموویـەتی: {أَوَّلُ عِلْـمٍ يُرْفَـعُ مِـنْ النَّاسِ: الْخُشُـوعُ} **(أخرجـه الترمـذي: ٢٦٥٣، عـن شـداد بـن أوس رضي اللـه عنـه، قـال الألبـاني : صحيـح)**، واتـە: پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: یەکەمیـن زانیارییـەک کـە لـە نێـو خەڵکـدا بـەرز دەکرێتـەوە، بریتیـە لـە **(خشـوع)** واتـە: دڵنەرمیـی و تـرس و بیـم هەبـوون لـە دڵـدا، لـە بەرانبـەر خـوادا.

٧)- ﴿ اعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يُحْيِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا ﴾ {خوا ﷻ ڕوو دەکاتە بڕواداران بە پیاوو ئافرەتەوەو دەفەرموێ:} بزانن بە دڵنیایی خوا دوای مردنی زەوی، دەیژیەنێتەوە، واتە: زەوییەک کە مردووە، زیندووی دەکاتەوەو دەیژێنێتەوە.

٨)- ﴿ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئایەتەکانمان بۆ ڕۆشنکردوونەوە، بەڵکو بفامن.

دوای ئایـەتی پێشـوو کـە خـوا ﷻ بەسەرزەنشـتکردنەوە فەرمـووی: ئایـا کات نەهاتـوە بـۆ ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، دڵیـان تـرس و بیمـی تێدابـێ لـە بەرانبـەر یـادی خـواو لـە بەرانبـەر ئـەو هەقـەدا، کـە دایبەزانـدوەو وەک ئەوانـە نەبـن کـە پێشـتر کتێبیـان پێدرابـوو، ماوەیەکـی درێـژ بەسـەریاندا تێپـەڕی، دڵیـان ڕەق بـوو، زۆریشـیان لاڕێ بـوون، واتـە: زۆریشـیان دەرچـوو بـوون لـە بازنـەی ئیـمان و ئیسـلام،

دوای ئــەوە خــوا ﷻ هۆشــداریی دەدات بــە بــڕواداران و دەفەرمــوێ: (اعْلَمُــوٓا)، بزانــن! لــە هــەر شــوێنێ خـوا دەفەرمـوێ: بزانـن، کـە لـەم سـوورەتەدا لە دوو شـوێندا هاتــوە، لــە ئایەتێکــی دیکــەی دوای ئــەم ئایەتانــەش دا هاتــوە: ﴿ ٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ..... ﴾، بێگومــان ئــەوەش ئــەو پــەڕی ئاگادارکردنــەوەو هۆشــداریی پێدانــە: بزانــن! خـوا دوای مـردنی، زەوی دەژێنێتــەوە، هەڵبەتــە ئــەوەش کــە خـوا دوای مـردنی زەوی دەژێنێتــەوە، شــتێکی زانـراوەو پێویسـت نـاکات خـوا بفەرمـوێ: بزانــن! کەواتـە: مەبەسـت پێـی شـتێکی دیکەیـە، نـەک تەنیـا ئـەوە کـە تـۆ بـزانی خـوا زەوی زینــدوو دەکاتــەوە، زینــدوو کردنــەوەی خــوا بــۆ زەوی، شــتێکی زانــراوە، کەواتــە: مەبەستێکی دیکـەی لـە پشـتەوە هەیـە، کـە بریتیـە لـە هیدایەتـدانی مرۆڤـی گومـڕا، وەک (الطـبري) دەڵـێ: (**وَكَـمَا نُحْيِـي هَـذِهِ الْأَرْضَ الْمَيْتَـةَ بَعْـدَ دُرُوسِـهَا، كَذَلِـكَ نَهْـدِي الْإِنْسَـانَ الضَّـالَّ عَـنِ الْحَـقِّ إِلَى الْحَـقِّ، فَنُوَفِّقُـهُ وَنُسَـدِّدُهُ لِلْإِيمَـانِ حَتَّـى يَصِيرَ مُؤْمِنًـا مِـنْ بَعْـدِ كُفْـرِهِ، وَمُهْتَدِيًـا مِـنْ بَعْـدِ ضَلَالَـةِ**).

واتـە: وەک چـۆن ئەم زەوییە مردووە، دوای ئەوەی شـینایی لەسـەر نەماوەو وشـک و ڕەق و تـەق بۆتـەوە، زینـدووی دەکەینـەوە (دوای ئـەوەی ئاوی دادەبەزێنینە سـەر) بەهەمـان شـێوە مرۆڤـی گومـڕاش لـە هـەق، هیدایـەت دەدەینـەوەو سـەر ڕاسـتی دەکەیـن بـەرەولای ئیـمان، تاکـو لـە دوای ئـەوەی بێبـڕوا بـووە، بـڕوا بهێنێتـەوەو دوای ئـەوەی ڕێـی لـێ تێـک چـووە، ڕێـی ڕاسـت بگرێتـەوە، بۆیـەش دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلْـَٔايَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتــە: بــە دڵنیایــی ئایەتەکانمــان بــۆ ڕۆشــنکردوونەوە، بەڵکــو بفامــن، واتــە: وەک چــۆن خــوا ﷻ زەوییەکــی ڕەق و تــەق و ســەخت، کــە کشــتوکاڵی لەســەر نەمــاوەو گژوگیــای لەســەر نەمــاوەو، وشــک و برینــگ بۆتــەوە، دوای ئــەوەی ئــاوی دادەبەزێتــە ســەر، ئــەو زەوییــە، دەژیەتــەوە، بەهەمــان شــێوە، دڵــی ئێــوەش هەرچەنــدە ســەخت و ڕەق بووبــێ و، ملکەچیــی و نەرمیــی تێــدا نەمــا بــێ لــە بەرانبــەر یــادی خــوادا، بــە هــۆی ئــەو ئایەتانــەوە کــە خــوا دایاندەبەزێنــێ، زینــدووی دەکاتــەوە، بۆیــەش فەرمــووی: ئایەتەکانمــان بــۆ ڕۆشــنکردوونەوە، بەڵکــو بفامــن، یــانی: بەهــۆی ئــەو ئایەتانــەوە کــە دادەبــەزن، ئــەو

هیدایـەت و ڕووناکیـی و بەرەکەتـە، وەک چـۆن زەوی کـە خـۆی دەداتـە بـەر ئـەو ئـاوەی دادەبـەزێ، لـە شـێوەی بـاران و بەفـرو تـەزرەدا، زینـدوو دەبێتـەوە، بەهەمـان شـێوە دڵـەکانی ئێـوەش ئەگـەر بیدەنـە بـەر هیدایـەتی دابەزێـنراوی خـوا، فەرمایشـتی دابەزێنـدراوی خـوا، دڵـەکانی ئێـوەش زینـدوو دەبنـەوە، بۆیـەش دەفەرمـوێ: ﴿لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۝١٧﴾، ئایەتەکانمـان بـۆ ڕۆشـن کردوونـەوە، بەڵکـو بفامـن.

(إبـن عاشـور) لـە بـارەی ڕوونکردنـەوەی ئایەتەکانـەوە، دەڵـێ: (وَبَيَـانُ الْآيَـاتِ يَحْصُـلُ مِـنْ فَصَاحَـةِ الْـكَلَامِ، وَبَلَاغَتِـهِ، وَوَفْـرَةِ مَعَانِيـهِ وَتَوْضِيحِهـا، وَكُلُّ ذَلِـكَ حَاصِـلٌ فِي هَـذِهِ الْآيَـاتِ كَـمَا عَلِمْـتَ آنِفًـا، وَمِـنْ أَوْضَـحِ الْبَيَـانِ: التَّنْظِـيرُ بِأَحْـوَالِ الْمُشَـابِهِينَ فِي حَالَـةِ التَّحْذِيـرِ أَوِ التَّحْضِيـضِ).

واتـە: ڕوونکردنـەوەی ئایەتـەکان لـە ئەنجامـی پاراویـی و ڕەوانیـی قسـەو، لـە ئەنجامـی ڕەوانبێژیـی و زۆریـی مانـاکانی و ڕوونکردنەوەیانـەوە، دێتـەدی ئـەوەش هەمـووی هەیـە بەهـۆی ئـەم ئایەتانـەوە وەک پێـش ئێسـتا زانیـت، باشـترین ڕوونکردنـەوەش ئەوەیـە کـە شـتە وەک یەکـەکان، پێکـەوە بـەراورد بکرێـن، بـە تایبـەت لـە حاڵـەتی ترسـاندن و لـە حاڵـەتی هانـدان دا.

لێـرەش دا خـوا ﷻ باسـی دڵڕەقیـی خـاوەن کتێبـەکانی کـرد، خـوا ﷻ فەرمـووی: ئایـا بـۆ ئیمانـداران، کات نەهاتـوە وەک کتێـب پێـدراوانی پێشـوو نەبـن! دوایـی ئـەو وێنەیـەی هێنایـەوە: بزانـن خـوا زەوی دوای ئـەوەی مـردووە، زینـدووی دەکاتـەوەو، ئایەتەکانمـان بـۆ ڕۆشـنکردوونەوە، بەڵکـو بفامـن، کەواتـە: زەوی دڵـی ئێـوەش بەهـۆی هیدایـەتی خـواوە، ئەگـەر ڕەقیشـهەڵاتبێ و مـردووش بـێ، دەگونجـێ زینـدوو بێتـەوە، (الطـبري) وای لێکداوەتـەوە، دەڵـێ: ﴿قَدْ بَيَّنَّا لَكُمُ الْآيَـٰتِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ۝١٧﴾: (قَـدْ بَيَّنَّـا لَكُـمُ الْأَدِلَّـةَ وَالْحُجَـجَ لِتَعْقِلُـوا)، واتـە: بەڵگـەو دەلیلەکانمـان بـۆ ڕۆشـنکردوونەوە، بەڵکـو بفامـن.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

دەرخستنی پاداشتی بەرزو ناوازەی پیاوان و ئافرەتانی بەخشەرو قەرزی باش بە خوادەرو، بە صیددیق دانانی بڕواداران بە خواو پێغەمبەرانی و، ستایشی شەهیدان کە لەلای پەروەردگاریانن و، پاداشت و ڕووناکیی تایبەتیی خۆیانیان هەیە، بێبڕوایانی بە درۆ دانەری ئایەتەکانی خواش هاوەڵی کڵپەی دۆزەخن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ وَأَقۡرَضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا يُضَٰعَفُ لَهُمۡ وَلَهُمۡ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ﴿١٨﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَۖ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ وَنُورُهُمۡۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِنَآ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَحِيمِ ﴿١٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ ﴾، بە دڵنیایی پیاوانی بەخشەرو ئافرەتانی بەخشەر، وشەی: (**الْمُصَّدِّقِينَ وَالْمُصَّدِّقَاتِ**)، لە ئەصڵدا: (**الْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ**)ن، یانی: پیاوانی بەخشەرو، ئافرەتانی بەخشەر، بەڵام بە جۆرێکی دیکەش خوێنراوەتەوە: (**إِنَّ الْمُصَدِّقِيْنَ وَالْمُصدِّقَات**)، (**مُصَدِّقِيْن**)، واتە: بە ڕاستدانەران، پیاوانی بەڕاستدانەر (**مُصدِّقَات**)، ئافرەتانی بەڕاستدانەر، هەردووک خوێندنەوەکان هاتوون، لێرەش مەقامەکە وایخواستوە کە ئافرەتان لەگەڵ پیاواندا باس بکرێن، لەبەر ئەوەی چەندە گرنگە پیاو سەخیی و بەخشەر بێ بۆ ماڵ و سامانی خۆی، هێندەش گرنگە ئافرەتیش سەخیی و بەخشەر بێ، بەڵکو زۆر جار بەخشەریی و دڵفراوانیی ئافرەت، گرنگترە لە هی پیاو، لەبەر ئەوەی زۆر جاران کەسێ دێ بۆ ماڵ، پیاوەکە لەوێ نیەو ئافرەتەکە لەوێیە، زۆرجاریش ئافرەتان دەست پێوە گرتنیان زیاتر دەبێ لە پیاوان، لەبەر ئەوەی ئەوان زیاتر لە ماڵن و، ڕەنگە زیاتر دوور بینیی بکەن لە ماڵ و ساماندا، بۆیە خوا ﷻ وێڕای پیاوان، ئافرەتانیشی باسکردوون، ئەگەرنا لە کاتێکدا وشەیەک بە گشتیی دێ، ئافرەتانیش هەر دەگرێتەوە.

٢)- ﴿ وَأَقۡرَضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا ﴾، ئەوانەی قەرزی باشیشیان بە خوا داوە.

٣)- ﴿ يُضَٰعَفُ لَهُمۡ وَلَهُمۡ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ﴾، (پاداشت) بۆیان چەند بەرانبەر دەکرێتەوە و پاداستێکی نایابیشیان هەیە، واتە: (يُضَاعَفُ لَهُمْ الثَّوَاب)، پاداشت و قەرەبوویان بۆ چەند بەرانبەر دەکرێتەوە، ﴿ وَلَهُمۡ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ﴾، وێڕای ئەو پاداشتەش کە بۆیان چەند بەرانبەر دەکرێتەوە لە بەرانبەر ئەو بەخشین و، قەرزە چاکەی کە لەگەڵ خوادا کردوویانە، وێڕای ئەوەو سەرباری ئەوەش: پاداشتێکی پڕ ڕێزو حورمەتیشیان هەیە.

﴿ وَأَقۡرَضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا ﴾، قەرزێکی باشیان بە خوا داوە ﷻ، قەرزی باش (القرض الحسن) پێشتر باسمان کردوە، واتە: ئەو قەرزەی لە جۆری خۆی سیفەتە باشەکانی هەموو تێدابن، کە پێشتر باسمان کرد، قەرزی باش ئەوەیە کە:

١- بە دڵێکی خۆشەوە قەرزەکە بدرێ.

٢- بە ڕوویێکی خۆشەوە، بەڕووی خۆش لە ڕووی بابای قەرزوەرگردا.

٣- بە خۆپاراستنەوە لە هەر وشەو هەڵسوکەوتێک، کە مانای منەت لەسەرکردن بگەیەنێ.

٤- ئاسانکاریی لە ڕووی کاتی قەرزدانەوەکەدا.

ئەوانە چوار سیفەتن کە قەرزی چاک، هەر چواریان دەخوازێ و، دەبێ ئەو چوار مەرجەی تێدابن، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَأَقۡرَضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا ﴾، زانایان گوتوویانە: ئەوەی پێشێ بە ناوی بکەر (إسْم فَاعِل)ی هێناون: ﴿ إِنَّ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ ﴾، یان: (إنَّ المُصَدِّقِيْنَ وَالمُصَدِّقَات)، بەڵام ئەوەیانی بە کردار هێناوە: ﴿ وَأَقۡرَضُواْ ٱللَّهَ قَرۡضًا حَسَنٗا ﴾، قەرزی باشیان بە خوا داوە، (الزمخشري) دەڵێ: (أل)، لە: ﴿ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ ﴾، بە مانای (الَّذِينَ)یە.

کەواتە: ﴿ ٱلۡمُصَّدِّقِينَ وَٱلۡمُصَّدِّقَٰتِ ﴾، هەردووکیان دەبن بە (إسْمُ فَاعِل)ێک کە مانای کرداریان تێدا هەیە، وەک فەرموبێتی: (إنَّ الَّذِينَ تَصَدَّقُوا واللَّاتِي تَصَدَّقْنَ

﴿ وَأَقْرَضُواْ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا ﴾، (وَأَقْرَضُنَ اللّٰه قَرْضًا حَسَنًا) ناوای لێ دێتەوە، بە دڵنیایی ئەو پیاوانەی ماڵی خۆیان بەخشیوەو، ئەو ئافرەتانەی ماڵی خۆیان بەخشیوە، یاخود: ئەو پیاوانەی بە ڕاستیان داناوەو، ئەو ئافرەتانەی بە ڕاستیان داناوە، (واتە: خواو پێغەمبەری خوا ﷺ)، قەرزی باشیشیان بە خوا داوە، ئا ئەوانە ﴿ يُضَٰعَفُ لَهُمۡ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (يُضَعَّفُ لَهُم)، هەردووکیان یەک واتایان هەیە، واتە: بۆیان چەند بەرانبەر دەکرێتەوە، بۆیان دوو قات، یان چەند قات دەکرێتەوە، ﴿ وَلَهُمۡ أَجۡرٞ كَرِيمٞ ﴾، پاداشتێکی نایاب و ئەو پەڕی باشیشیان بۆ هەیە.

٤)- ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ ﴾، ئەوانەش کە بڕوایان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەرەکانی، ئا ئەوانە زۆر ڕاستانن، یاخود ئەوانەن زۆر بە ڕاستدانەران.

٥)- ﴿ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ وَنُورُهُمۡ ﴾، شەهیدەکانیش لە لای پەروەردگاریانن، پاداشتی خۆیان و ڕووناکیی خۆیانیان هەیە، لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ ﴾، ئەوانەی بڕوایان بە خوا بە پێغەمبەرەکانی هێناوە، ئەوانە صیددیقەکانن، (صِدِّيق) بە دوو واتایان هاتوە:

أ- (الكَثِيْر الصِّدق)، ئەو کەسەی زۆر ڕاستە.

ب- (الكَثِيْر التَصْدِيْق)، ئەو کەسەی زۆر بە ڕاست دادەنێ، ئەبوو بکری صیددیق رضي الله عنه، بۆیە ئەو نازناوەی وەرگرتوە، چونکە هەرچی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی، بە ڕاستی داناوە، بێ دوو دڵیی، بێ دڵ لە دڵدان، بێ ئاو لێ خواردنەوە، هەتا هەندێک لە مێژوو زانان گوتوویانە: لەوەوە ئەو نازناوەی وەرگرتوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ باسی شەوڕۆو بەرزبوونەوە (الإسراء والعروج)ی خۆی کرد، هەندێک لەوانەی تازە مسوڵمان بوو بوون، جۆرێک لە دڵەڕاوکێیان بۆ دروست بوو، دەگوترێ: هەندێکیان هەڵگەڕانەوەو، کافرەکان وەک نۆ هەنگیان لە دارێکدا دیتبنەوە، چوونە لای ئەبوو بەکر رضي الله عنه، گوتیان: دەزانی هاوەڵەکەت چی دەڵێ؟ گوتی: چی دەڵێ؟ گوتیان: دەڵێ: دوێنێ شەو، لێرەوە (لە

مەککەوە) چووم بۆ شام بە یەک شەوو گەڕاویشمەوە! - لەو دەقەدا باسی شەوڕۆیەکە نەکراوە - ئەبوو بەکر ﷺ، گوتی: (إنْ قَالَ فَقَدْ صَدَق)، ئەگەر وای گوتبێ ڕاستی کردوە، گوتیان: ئاخر چۆن؟ گوتی: من لە شتی لەوە گەورەتردا بڕوای پێ دەکەم، بڕوای پێدەکەم کە جیبریل لە هەر کاتێکی شەوو ڕۆژاندا لە سەرووی حەوت ئاسمانانەوە دابەزێ بۆ لای و، وەحیی بۆ بێنێ و بەرز بێتەوە! ئیدی لەوەوە نازناوی (صِدِّيق)ی پێدرا، واتە: زۆر بە ڕاستدانەر، هەڵبەتە ئەبوو بەکر ﷺ بە هەردوو پێناسەکە، هەم زۆر بەڕاستدانەر بووە و، هەم زۆریش ڕاستگۆ بووە.

ئنجا ئایا چـۆن ئەوانـەی بڕوایـان بـە خـواو بـە پێغەمبـەرەکانی هێنـاوە ئەوانـە (صِدِّيـق)ن؟ زانایـان دوو قسـەیان لـەو بـارەوە کـردووە:

یەکەم: موجاهید کە قوتابی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسە، دەڵێ: (**كُلُّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ، فَهُوَ صِدِّيقٌ**)، هەر کەسێک بڕوای بە خواو بە پێغەمبەرەکانی هێنا بێ، ئەوە صیددیقە، واتە: زۆر بە ڕاستدانەرە، یاخود زۆر ڕاستە.

دووەم: (مقاتل) دەڵێ: (**الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُولِهِ إِذْ أَتَوْهُمْ وَلَمْ يُكَذِّبُوا ساعَةً قَطٌّ**)، ئەوانەی بڕوایان بە خواو بە پێغەمبەرەکانی، هێناوە کاتێ پێغەمبەران هاتوون و، یەک تاویش بێبڕوا نەبوون و بە درۆیان دانەناون.

دوایـی کە دەفەرموێ: ﴿وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ وَنُورُهُمۡ﴾، شـەهیدەکانیش لـەلای پەروەردگاریانـن، پاداشـتی خۆیانیـان هەیـەو ڕووناکیی خۆیانیـان هەیە.

ئەمەش بە دوو شێوە، واتا کراوە:

یەکەم: هەندێکیان گوتوویانە: ئەمە گێڕدراوەیە بۆ سەر ﴿ٱلصِّدِّيقُونَ﴾، یانی: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمۡ لَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ وَنُورُهُمۡ﴾، ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەرەکانی، ئەوانە صیددیقەکانن و شەهیدەکانیشن، لەلای پەروەردگاریشیانن پاداشت و ڕووناکیی خۆیانیان هەیە.

دووەم: هەندێکیش گوتوویانە: کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦٓ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصِّدِّيقُونَ ﴾، لەوێ ڕستەکە تەواو دەبێ، دوایی دێتە سەر پێناسەی شەهیدەکان: ﴿ وَٱلشُّهَدَآءُ عِندَ رَبِّهِمْ ﴾، شەهیدەکانیش لە لای پەروەردگاریانن، ﴿ لَهُمْ أَجْرُهُمْ وَنُورُهُمْ ﴾، هەم پاداشتی خۆیانیان هەیە (پاداشتی تایبەتیی خۆیان) هەم ڕووناکیی تایبەتیی خۆیانیان هەیە، هەردوو واتایەکەش گونجاون، بەڵام ئەوەی دووەمیان زیاترم بە دڵە.

(**الصِّدِّيقُ: مُبالَغَةٌ فِي المُصَدِّقِ، مِثْل المِسِّيكِ لِلشحِيحِ**)، (**صِدِّيق**)، زێدەڕۆییە لە کەسێک دا کە بەڕاست دادەنێ، وەک وشەی (**مِسِّيكِ**) بۆ کەسێک زۆر دەست بە ماڵەوە دەگرێ و چرووکەو لە دەستی نایەتە دەرێ، یاخود (**الصِّدِّيقُ: مَنْ كَثُرَ مِنْهُ الصِّدْقُ**)، (**صِدِّيق**): کەسێکە زۆر ڕاستیی لێوە هاتبێ و، زۆر ڕاست بێ، قسەی ڕاست بێ و، دڵی ڕاست بێ، کردەوەی ڕاست بێ، لە خودی خۆیدا ڕاست بێ، لەگەڵ خواو لەگەڵ خەڵک دا ڕاست بێ، هەمووی دەگرێتەوە.

بە نسبەت (**الشُّهَداء**)ەوە، زانایان چەند واتایەکیان بۆ لێکداونەوە:

١- هەندێک گوتوویانە: مەبەست پێی پێغەمبەرانە (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) وەک خوا ﷻ لە سووڕەتی (**النساء**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍۭ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدًا ﴿٤١﴾ يَوْمَئِذٍ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَعَصَوُا۟ ٱلرَّسُولَ لَوْ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلْأَرْضُ وَلَا يَكْتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثًا ﴿٤٢﴾ ﴾، ئایا چۆن دەبێ ئەو ڕۆژەی لە هەر ئۆممەتێک شایەدێکیان بەسەرەوە دێنین، تۆشمان هێنا بە شایەد بەسەر ئەمانەوە (بەسەر ئۆممەتی خۆتەوە) لەو ڕۆژەدا ئەوانەی بێبڕوابوون و سەرپێچییان لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ کردوە، بە ئاوات دەخوازن لەگەڵ خاکدا یەکسان بن و، هیچ قسەیەکیش لە خوا ناشارنەوە.

کەواتە: (**الشُّهَداءُ**)، یانی: شاهیدەکان کە مەبەست پێی پێغەمبەرانە (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، هەر پێغەمبەرێک شایەدیی دەدات لەسەر ئۆممەتی خۆی، ئەمە لە سووڕەتی (**النحل**)یشدا هاتووەو، لە چەند شوێنی دیکەشدا خوا ﷻ باسی

شـەهیدانی کـردوە، کـە لـەو سـیاقانەدا ناگونجـێ مەبەسـت پێـی ئەوانـە بـێ کـە لـە ڕێـی خـوادا کـوژراون، بەڵکـو مەبەسـت شـایەدەکانە.

٢- بەڵام لەم سیاقەی ئێرەدا، دەگونجێ مەبەست پێی: (**المَقْتُولُونَ فِي سَبِيْلِ الله**)، کوژراوان لە ڕێی خوادا بن.

٣- هەروەها لێرەدا دەشگونجێ مەبەست پێی ئیماندارانی ئوممەتی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ بێ، کە شایەدیی دەدەن لەسەر ئوممەتەکانی دیکە، کە پێغەمبەرەکانیان بۆیان هاتوون و، پێغەمبەرەکانیان (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، لەگەڵیاندا ڕاستیان کردوەو، ئەوان پێغەمبەرانیان بە درۆ داناوە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ وَيَكُونَ ٱلرَّسُولُ عَلَيْكُمْ شَهِيدًا ﴿١٤٣﴾ ﴾**البقرة**، بەو جۆرە کردوومانن بەکۆمەڵێکی میانجی تاکو ئێوە شایەد بن بەسەر خەڵکەوەو، پێغەمبەریش شایەد بێ بەسەر ئێوەوە، یەکێک لە واتایەکانی کردنە شایەد بەسەر خەڵکەوەش، ئەوەیە کە لە قیامەتدا شایەدییان لەسەر دەدەن.

بـەڵام زیاتـر قەناعەتـم وایـە، مەبەسـت ئەوەیـە لـە دنیـادا شـایەدییان لەسـەر بـدەن، واتـە: دیندارییەکـی وا چـاک بکـەن، شـایەد بـن بەسـەر مرۆڤایەتییـەوە، کـە ئـەو بەرنامەیـەی خـوا بـە پێغەمبـەری خاتەمـدا ناردوویـەتی، ئـەو بەرنامـە ڕاسـت و ڕێـک و تێـرو تەواوەیـە، کـە شایسـتەی مرۆڤـە، بـەڵام ئـەودووەش ناکـۆک نیـن.

أ- کە: ئوممەتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە دنیادا بەڵگەو شایەد بن بەسەر ئوممەتەکانەوە.

ب- شـــایەدیش بن لە قـــیامەت دا بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**) بەسەر ئوممەتەکانیانەوە کە پەیامی خوایان پێگەیاندوون.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ:

٦)- ﴿ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَٰتِنَآ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَحِيمِ ﴾، ئەوانەش کە بێبڕوا بوون و ئایەتەکانمانیان بەدرۆ دانا ئەوانە هاوەڵانی کڵپەری ئاگری دۆزەخن. واتە: بێبڕوا

بوون بە خواو بە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)و بە ڕۆژی دوایی و، بە هەموو ئەو شتانەی دەبووایە ئیمانیان پێ بهێنن، بێبڕوابوون، ﴿وَكَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِنَآ﴾، ئایەتەکانی ئێمەشیان بە درۆ داناون و نکوولّییان لێکردوون، ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلْجَحِيمِ﴾، ئەوانە هاوەڵانی کڵپەی دۆزەخن، یاخود خاوەنانی کڵپەی دۆزەخن، خوا پەنامان بدات.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە پێنـج ئایەت پێـک دێ، ئایەتـەکانی: (٢٠ - ٢٤)، تەوەری سـەرەکییان باسـی کـەم بایەخیـی و زوو تێپەڕیـی ژیـانی دنیایـەو، پێناسـە کـردنی ژیـانی دنیـا بـە پێنـج وشـە: ﴿لَعِبٌ، وَلَهْوٌ، وَزِينَةٌ، وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ، وَتَكَاثُرٌ فِي ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ﴾، واتـە: یاریـی و، خافـڵان و، ڕازاوەیـی و جوانیـی و، شـانازیی بەسـەر یەکدیـی داکـردن و، پێشـبڕکێ کـردن لـە زۆرکـردنی مـاڵ و سـامان و منـداڵ و وەچـەدا، ئنجـا چوانـدنی ژیـانی دنیـا بـە کشـت و کاڵێکـەوە، کـە جوتیـاران پێـی سەرسـام دەبـن، بـەڵام هـەر زوو ئـەو کشـت و کاڵـە پـێ دەگات، دوایـی زەرد هەڵدەگـەڕێ و، دەبێتـە پـووش و پەڵاشـێکی تێـک شـکاوو، سـەرەنجامیش واتـە: سـەرەنجامی ژیـانی دنیـا، یـان سـزای سـەختە بـۆ بێبڕوایـان، یاخـود لێبـوردن و ڕەزامەندیـی خوایـە، بـۆ بـڕواداران.

ئنجـا فەرمانکـردنی خـوا ﷻ بـە خێراییکـردنی وەک پێشـبڕکە (مسـابقة) بـەرەو لێبـوردنی خـواو، بـە بەهەشـتێک کـە فراوانییەکـەی هێنـدەی ئاسـمان و زەوییـەو، بـۆ بـڕواداران ئامـادە کـراوە.

دوایـی خسـتنە ڕووی ئـەو ڕاسـتییە کـە هیـچ بەڵایـەک بەسـەر مـرۆڤ نایـەت، چ لـە خـودی خۆیـدا، چ لـە دەوروبەریـدا لـە مـاڵ و سـامانی، لـە خـزم و کەسـی، لـە بەرژەوەندییەکانیـدا، مەگـەر پێشـتر لـەلای خـوا زانـراوەو تۆمارکـراوەو، حیکمـەتی خسـتنە ڕووی ئـەو ڕاسـتییەش، کـە بریتیـە لـە زۆر نارەحـەت نەبـوونی مسـوڵمانان بـە لـە دەسـتدانی بەرژەوەندییـەک و سـوودێک و، زۆر خۆشـحاڵ نەبوونیشـیان بـە هاتنـە دەسـتی دەسـتکەوت و قازانـج و سـوودێک.

لـە کۆتاییشـدا ڕاگەیانـدنی ئـەو ڕاسـتییە کـە: خـوا بابـای لـە خۆبایـی و فیـزو کەشـخەکەری چرووکـی فەرمـان بـە چرووکیـی کـەری، خۆشـناوێ.

﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ
كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ
شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ (٢٠) سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ
مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أُعِدَّتۡ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۚ ذَٰلِكَ
فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ (٢١) مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا
فِيٓ أَنفُسِكُمۡ إِلَّا فِي كِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ (٢٢) لِّكَيۡلَا
تَأۡسَوۡاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمۡ وَلَا تَفۡرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخۡتَالٖ فَخُورٍ (٢٣)
ٱلَّذِينَ يَبۡخَلُونَ وَيَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبُخۡلِۗ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ (٢٤) ﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بزانن کە ژیانی دنیا (لە ڕووە مادییەکەیەوە) تەنیا یاریی و، خافڵان و، ڕازانەوەو، شانازیی بەسەریەکدا کردنی نێوانتان و، پێشبڕکە کردنە لە زۆر کردنی سامانەکان و منداڵان دا، وەک بارانێک کە ڕووەکەکەی جوتیاران سەرسام دەکات، دوایی پێدەگات (وەجۆش و خرۆش دەکەوێ)، ئنجا یەکسەر (دوای ماوەیەکی کەم) دەیبینی زەرد هەڵگەڕاوە، دوایی دەبێتە پووش و پەڵاشی تێکشکاوو، لە (مەنزڵگای) کۆتاییش دا سزای سەخت هەیە (بۆ بێبڕوایانی خراپەکار)و لێبوردن و ڕەزامەندیی لە خواوە (بۆ بڕوادارانی پارێزکار) و، ژیانی دنیاش جگە لە بەهرە وەرگرتنێکی فریودان هیچی دیکە نیە (٢٠) (ئەی بڕوادارینە!) پێشبڕکە بکەن بەرەو لای لێبوردنێک لە پەروەردگارتانەوەو، بەهەشتێک فراوانییەکەی هێندەی بەرینیی ئاسمان و زەوییە، بۆ ئەوانەی بڕوایان بە خواو پێغەمبەرانی هەیە، ساز کراوە، ئەوەش بەخششی خوایە بە هەر کەسێکی بیەوێ، پێی دەدات و خواش خاوەنی بەخششی مەزنە (٢١) (ئەی بڕوادارینە!) هیچ بەڵایەکتان تووش

نابێ (نە) لە زەویداو نە لە خودی خۆشتاندا، مەگەر لە نووسراوێک دایە، بەر لەوەی بیهێنینە دی، بە دڵنیایی ئەوە لەسەر خوا سێنایە ﴿٢٢﴾ (ئەو ڕاستییەمان پێگوتن) تاکو لەسەر ئەو (بەرژەوەندیی)ەی لە دەستتان دەچێ، زۆر خەفەتبار نەبن و، بە هۆی ئەو (سوود)ەشەوە کە (خوا) پێتان دەدات، زۆر دڵخۆش نەبن و، خواش هەر لە خۆباییەکی شانازییکەری خۆشناوێ ﴿٢٣﴾ ئەوانەی چرووکیی (و ڕژدیی) دەکەن و، فەرمانیش بە خەڵک دەکەن بە چرووکیی (و دەستگرتنەوە لە بەخشین) هەر کەسیش پشت هەڵبکات (و ڕوو لە خوا وەرگێڕێ) بە دڵنیایی بەس خوا خۆی بێنیازی ستایشکراوە ﴿٢٤﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لَعِبٌ): یاریی و گەمە، (أَصْلُ الكَلِمَةِ اللُّعَابُ وَهُوَ البُزَاقُ السَّائِلُ، لَعِبَ فُلَانٌ، إِذَا كَانَ فِعْلُه غَيْرَ قَاصِدٍ مَقْصِداً صَحِيْحَاً، وَاللُّعْبَةُ مَا يُلْعَبُ بِه، وَاللِّعْبَةُ الحَالَةُ الَّتِي عليها اللاَّعِبُ، وَالمَلْعَبُ مَكَانُ اللَّعِب)، وشەی (لَعِب) لە (لُعَاب)ەوە هاتوە، کە بریتیە لەو لیکە شلەی لە زار دێ، دەگوترێ: (لَعِبَ فُلَانٌ) ئەگەر کردەوەکەی مەبەست پێی ئامانجێکی ڕاست و دروست نەبێ، (لُعْبَة): هەر شتێک یاریی پێ بکرێ، (لِعْبَة): بریتیە لەو حاڵەتەی بابای یارییکەر لەسەریەتی، (مَلْعَب)یش بریتیە لە شوێنی یاریی تێداکردن، یاریگا.

(وَلَهْوٌ): (اللَّهْو: مَا يَشْغَلُ الإِنْسَانَ عَمَّا يَعْنِيْهِ وَيُهِمُّهُ، لَهَوْتُ بِكَذَا، وَلَهَيْتُ عَنْ كَذَا، وَأَلْهَاهُ كَذَا: شَغَلَهُ مِمَّا هُوَ أَهَمُّ إِلَيْهِ)، (لَهْو): بریتیە لە هەر شتێک کە ئینسان بخافڵێنێ و بێئاگای بکات لە شتێک کە مەبەستیەتی و لە شتێک کە بۆ ئەو گرنگترە.

(وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ): شانازییکردن بەسەریەک دا لە نێوانتان دا.

(وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ): (التَّكَاثُـرُ وَالمُكَاثَـرَةُ : التَّبَـارِي فِي كَـثْرَةِ المَـالِ وَالعِـزُّ)، (تَكَاثُـر، وَمُكَاثَـرة): هەردووكیـان بریتیـن لـە پێشـبڕكە كـردن لـە زۆریـی ماڵ و سـامان داو، لـە زۆریـی دەسـتەڵات دا، خـوا دەفەرمـوێ: (فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ)، لـە مـاڵ و سـامان و لـە منـداڵان دا.

(غَيْثٍ): یـانی: (مَطَـر): بـاران، یاخـود هـەر ئاوێـک کـە دێتـە خـوارێ و مرۆڤـەكان زۆر پێویسـتییان پێیـەتی.

(أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ): واتـە: ڕووەكەكـەی جوتیـارەكانی سەرسـام كـردوە، (أَعْجَبَنِـي كَـذَا: رَاقَنِـي)، واتـە: زۆرم پـێ چـاک بـوو و، پێـم جـوان بـوو، (العَجَـبُ وَالتَّعَجُّـبُ: حَالَـةٌ تَعْـرِضُ للإِنْسَـانِ عِنْـدَ الجَهْـلِ بِسَـبَبِ الـشَّيءِ)، (عَجَـب، وَتَعَجُّـب): حاڵەتێكـە بـۆ مـرۆڤ دێتـە پێـش بـە هـۆی ئـەوەوە كـە هـۆكاری شـتەكە نازانـێ، (الـشَّيءُ مُتَعَجَّـبٌ مِنْـهُ: عَجَـبٌ، وَمَـا لَـمْ يُعْهَـد مِثْلُـهُ: عَجِيْـب)، ئـەو شـتەی سەرسـوڕمانی بەرانبـەر دەكـرێ، پێـی دەگوتـرێ: (عَجَـبٌ) و، ئـەو شـتەی وێنـەی ئـەو نەزانـرا بـێ، پێـی دەگوتـرێ: (عَجِيْـب)، (عُجَاب)یـش وەک چـۆن (عَجِيْـب): (صِيْغَـة المُبَالَغَة)یـە لەسـەر كێشـی (فَعِيْـل)، (عُجَاب)یـش لەسـەر كێشـی (فُعَـال)، ئـەوەی زیاتـر جێـی سەرسـوڕمانە.

(أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ): واتـە: ڕووەكەكـەی كافـرەكانی سەرسـام كـردوون، یاخـود ڕووەكەكـەی جوتیـارەكانی سەرسـام كـردوون، چونكـە (كُفَّـار)، كـە كـۆی (كَافِـر)ە، دەگونجـێ بـە مانـای (زَارِع) بـێ، لەبـەر ئـەوەی بابـای جوتیـار تـۆو دەخاتـە ژێـر زەوی و دەیشـارێتەوە لـە بـن زەویـدا، دەشـگونجێ بەمانـای بێبڕوابـێ لەبـەر ئـەوەی (كافـر) ئـەو هەقـەی بـۆی دێ، دایدەپۆشـێ و ڕەفـزی دەكات، (الكُفْـرُ فِي اللُّغَـةِ: سَـتْرُ الـشَّيءِ، وَوُصِـفَ اللَّيْـلُ بِالْكَافِـر لِسَـتْرِه الأَشْـخَاصَ، وَالـزَّارِعَ لِسَـتْرِه البَـذْرَ فِي الأَرْض، وَلَيْـس ذَلِـكَ بِاسْـمٍ لَهُـمَا)، (كُفْـر): لـە زمانـدا بـە مانـای داپۆشـینی شـتێكە، بۆیـە بـە شـەو گوتـراوە: (كَافِـر) لەبـەر ئـەوەی شـەو ئـەو كەسـانە دادەپۆشـێ كـە لەسـەر ڕووی زەویـن، (زارع): بابـای جوتیاریـش لەبـەر ئـەوەی تۆیـەكان لـە ژێـر زەویـدا ون دەكات، (كافـر) نـە بـۆ شـەو و نـە بـۆ بابـای جوتیـار ناونیـە، بەڵكـو وەسـفە.

(يَهِيجُ): (هَاجَ البَقْلُ يَهِيجُ: إصْفَرَّ وَطَابَ، وَالهَيْجَاءُ: الحَرْبُ وَقَدْ يُقْصَرُ هَيْجَا)، (هَاجَ البَقْلُ يَهِيجُ)، واتە: ئەو ڕووەکە، یان ئەو دانەوێڵەیە، زەرد بووەو گەیشت، (هَيْجَاء)، بە جەنگ دەگوترێ کە بە هەمزە دێ، (هَيْجَاء)و، بە (هَيْجا)ش دێ.

(مُصْفَرًّا): (ذُوْ اللَّوْنِ الأَصْفَر)، واتە: زەرد هەڵگەڕاو، خاوەنی ڕەنگی زەرد.

(حُطَٰمًا): (الحُطَامُ: مَا يُتَكَسَّرُ مِنَ اليَبَسِ)، (حُطَام): واتە: تێکشکاو ئەو شتەی لەبەر وشکییان تێک دەشکێ، واتە: پووش و پەڵاشی تێکشکاوو وردو خاش بوو.

(ٱلْغُرُورِ): (غَرَرْتُ فُلَاناً: أَصَبْتُ غِرَّتَهُ، وَنِلْتُ مِنْهُ مَا أُرِيْدُ، وَالغِرَّةُ غَفْلَةٌ فِي اليَقَظَةِ)، (غُرور) واتە: فریودان و هەڵخەڵەتاندن، دەگوترێ: (غَرَرْتُ فُلَاناً)، واتە: زەفەرم بەبێ ئاگاییەکەی بردو، ئەوەی مەبەستمە لێیم وەچەنگ کەوت، (غِرَّة): بریتیە لە بێئاگایی لە کاتی بێداریی دا.

(عَرْضُهَا): (العَرْضُ: السَّعَةُ، وَالعُرْضُ: الجَانِبُ، وَالعُرْضُ خِلَافُ الطُّوْل)، وشەی (عَرْض)، بە سێ واتایان هاتوە:

أ- هەم بە مانای فراوانیی هاتوە.

ب- هەم بە مانای لاتەنیشت هاتوە.

ج- هەم بە مانای پانیی هاتوە، کە پێچەوانەی درێژییە، بەڵام لێرەدا واپێدەچێ بە مانای فراوانیی بێ، ﴿ عَرْضُهَا كَعَرْضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، فراوانییەکەی بە قەدەر ئاسمان و زەوییە، یان ئاسمانەکان و زەوی، وەک لە سوورەتی (آل عمران)دا هاتوە، لەبەر ئەوەی ئێمە لە ئاسمان و زەوی فراوانترمان پێ شک نایەت، هەڵبەتە ئێستا کە زانست بەرەو پێشەوە چووە، ئەوجار دەزانین ئاسمان چەندە فراوانە! کاتی خۆی وایانزانیوە ئاسمان گوومبەزێکەو بەسەر زەوی دا دراوە، بەڵام ئێستا بۆیان دەرکەوتوە کە ئاسمان وەک خوا ﷻ باسی کردوە: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيْنَٰهَا بِأَيْيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ﴿٤٧﴾ ﴾الذاريات، ئاسمانمان بە هێز دروستکردووەو ئێمە فراوانکەرین، یان فراوانمان کردوە، ﴿ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلْمِيزَانَ ﴿٧﴾ ﴾الرحمن،

(خوا) ئاسمانی بەرزکردۆتەوەو تەرازووی داناوە، ئێستا مرۆڤ باشتر تێدەگات ئاسمان چەندە فراوانە، کەواتە: خوا کە فراوانیی بە هەشت دەچوێنێ بە فراوانیی ئاسمانەوە، ئێستا باشتر حاڵیی دەبین کە بە هەشت یەکجار زۆر فراوانە.

(مِّن قَبۡلِ أَن نَّبۡرَأَهَآ): واتـە: بـەر لـەوەی دروسـتی بکەیـن، بیهێنینـە دی، (الـبَرْءُ: الخَلْـقُ، وَالبَـارِيء: صِفَـة اللـه تَعَـالَى)، (بَـرْء): بـە مانـای دروسـتکردن و هێنانـەدی، دێ. (بَـارِيء)، سـیفەتی خوایـە: ﴿ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُ ۝٢٤﴾الحـشر، واتـە: بەدیهێنـەری پەیداکـەری وێنەکێشـە، کەواتـە: (بَـرْء)، قۆناغێکـە لـە دوای (خَلْـق)ەوە، خـوا شـتەکە دێنێتـە دی، ئنجـا دوایـی دەیخاتـەڕوو.

(تَأۡسَوۡاْ): (الأسـى: الحُـزْنُ وَحَقِيْقَتُـهُ إِتِبَـاعُ الفَائِـتُ بَالْغَـمْ)، (أَسَى)، بـە مانـای دڵتەنگیـی دێ، چییەتەکـەی بریتیـە لـەوەی شـتێک لـە دەسـت چـووەو خەمـی لـێ بخـۆی، (وَأَسَـيْتُ عَلَيْـه وَأَسَـيْتُ لَـه)، هەردووکیـان دەگوترێـن، لەسـەری خەفەتبـار بـووم و بـۆی خەفەتبـار بـووم، بـەڵام وەک دوایـی بـاسی دەکەیـن، بەسـەرنجدان لـەو سـیاقانەی وشـەی (أَسَى)یـان، تێـدا هاتـوە لـە قورئانـدا، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە (أَسَى)، بـە مانـای دڵتەنگیـی نیـە بـە تەنیـا، بەڵکـو یـانی: ئـەو پـەڕی دڵتەنگیـی و ئـەو پـەڕی خەفـەت خـواردن.

(تَفۡرَحُواْ): (الفَـرَحُ: إنْشِرَاحُ الصَّـدْرِ بِاللَّـذَّةِ العَاجِلَـة): (فـرح) بریتیە لە سـینە گوشـاد بـوون بـە هـۆی چێژێکـی بەپەلـەوە، واتـە: دنیایـی، بـەڵام وەک دوایـی بـاس دەکەیـن و پێشـتریش باسـمانکردوە، (فَرَح)یـش تەنیـا سـینە گوشـاد بـوون نیـە بـە چێژێـک و سـوودێکی بـە پەلـەی دنیـا، بەڵکـو (فَرَح)یـش بـە مانـای ئـەو پـەڕی شـادمانیی و دڵخۆشـیی، دێ، وەک لـە ئایەتەکانـی قورئـان دا دەردەکـەوێ.

(مُخۡتَالٖ): (الخُيَـلَاءُ: التَكَبُّرُ عَـن تَخَيُّـلِ فَضِيْلَـة تَـرَاءَتْ للإنْسَـانِ مِـنْ نَفْسـه)، (خُيَلَاء): بریتیـە لـە خـۆ بەزلگرییـەک بەهـۆی خەیاڵکـردنی مرۆڤـەوە، کـە سـیفەتێکی باشـی تێـدا هەیـە، (الخَيَـالُ: الصُّـورَةُ المُجَـرَّدَةُ كالصُّـورَةِ المُتَصَـوَّرة فِي المَنَـام وَفِي المـرآة وَفِي القَلْـبِ، بُعَيْـدَ غَيْبُوبَـة المَـرْئِي، وَالتَّخييـل: تَصويـر الخَيَـالِ الـشَّيءَ فِي النَّفْـسِ، والتَّخَيُّـلُ: تَصَوّر ذَلِـك).

(خَيَـال): بریتیـە لـەو وێنـە ڕووتـەی، کـە وەک وێنەیـەک چـۆن لـە خـەودا دێتـە بەرچـاوی مـرۆڤ، یـان لـە ئاوێنـەدا، یاخـود لـە بیرکردنـەوەی خۆیـدا، مـرۆڤ دوای ئـەوەی شـتێک دەبینـێ، دوایـی چـاو دەنووقێنـێ یـان شـتەکە لادەچـێ، دەیهێنێتـەوە بەر خەیاڵـی خـۆی، ئاوێنـەی خەیـاڵ، (تَخْيِيـل)، بریتیـە لـە وێنەکـردنی ئـەو شـتە لـە خەیاڵـداو لـە ئەندێشـەداو لـە نەفـس دا، (تَخَيُّـل)، بریتیـە لـە هێنانـە بەرچـاوی ئـەو شـتە.

(يَبْخَلُونَ): (البُخْـلُ: إمْسَـاكُ المُقْتَنيَـات عَـمَّا لَا يَحِـقُّ حَبْسُـهَا عَنْـهُ، وَيَقَابِلُـهُ الجُـود)، (بُخْـل): بریتیـە لـە هێشـتنەوەی ئـەو شـتانەی دەبـێ خـەرج بکرێـن و ببەخشرێـن، لـە کەسـانێک کـە دەبـێ لێیـان نەگیرێتـەوە، بـەڵام ئـەو دەسـت بگرێتـەوە، (بُخْـل): بریتیـە لـە چرووکیـی و ڕژدیـی، بەرانبەرەکـەی (جـود)ە، واتـە: دڵفراوانیـی و بەخشـین و سـەخاوەت.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سـەرەتا دەڵێیـن: وەک هەمـوو جـارێ باسـمان کـردوە، فەرمایشـتی خـوا ﷻ لـە لووتکـەی پاراویـی و ڕەوانبێژیـی دایـە، پاراویـی پەیوەسـتە بەبێژەکانـەوەو، ڕەوانبێژیی پەیوەسـتە بـە واتاکانـەوە، بۆیـە دەبـێ زۆر وریابیـن لە کاتی تەفسـیرکردنی فەرمایشـتی خـواو، ڕوونکردنـەوەی واتـاکانی دا، هەمیشـە ئەوەمـان لەبەرچـاو بـێ، کە فەرمایشـتی خـوا وەک چـۆن ئاڵقـەکانی زنجیرێـک پێکەوە پەیوەسـتن، فەرمایشـتی خـواش هەمووی بـەو شـێوەیەو، گەلێـک جـار نهێنیـی گرنـگ، دەرس و پەنـدی گرنـگ لـە پێکـەوە پەیوەسـت بـوونی ئایەتەکانـەوە، دەردەکـەون، کـە ئەویـش هەمیشـە پێویسـتیی بـە تێوەڕامـان و سـەرنجدانی ورد دەکات، بـۆ ئـەوەی بـزانی ئـەو ئایەتـە بۆچـی لـە دوای ئـەو ئایەتـە هاتـوە؟ یـان ئـەو کۆمەڵـە ئایەتـە چ پەیوەسـتییەکیان هەیـە بـە کۆمەڵـە ئایـەتی دوای خـۆی، یـان پێـش خۆیـەوە؟

ئێمە لە دەرسی یەکەم و دووەمدا تاکو ئایەتی ژمارە (١٩) هاتین، کە دەرسی یەکەم یازدە ئایەتی سەرەتای سوورەتی (**الحديد**) بوو، دەرسی دووەمیش هەشت ئایەتەکانی دوای ئەوان بوو، ئنجا دەرسی یەکەم، واتە: یازدە ئایەتەکە، شەشیان لە بارەی بیست لە سیفەتە بەرزو ناوازەو بێ وێنەکانی خواوە بوون و، پێنجیشیان لە بارەی دواندنی بڕواداران، یاخود مرۆڤەکان و، فەرمان پێکردنیان بە بڕوا هێنان بە خواو بە پێغەمبەری خواو بە ماڵ و سامان بەخشین، ئنجا ڕوونکردنەوەی ئەو ڕاستییە کە ئەوانەی دەستپێشخەریی دەکەن و، لە پێناوی خوادا سەرو ماڵی خۆیان دەبەخشن، لەگەڵ ئەوانەدا کە دوا دەکەون و دواتر ئەو فیداکارییە دەکەن، یەکسان نین، هەرچەندە هەمووشیان بەڵێنی باشیان پێدراوە.

دەرسی دووەمیش هەمووی تەرخان کرابوو بۆ سەرەنجامی بڕوادارانی پیاوو ئافرەت، لە کاتی ڕۆیشتنیان دا بەرەو مەنزڵگای خۆیان، کە بەهەشتە ڕازاوەو نەبڕاوەکانی خوان، کە چۆن ڕۆشنایی لە پێشیانەوەو بە دەستی ڕاستیانەوە بە خێرایی دەڕواو، مـوژدەی بەهەشتیان پێ دەدرێ، ئنجا وێڕای ئەوان دوو ڕوو و دەغەڵەکانیش بە پیاوو ئافرەتەوە کە لە دوایانەوە دەڕۆن، بانگیان دەکەن کە چاوەڕێمان بن، لەسەرمان ڕاوەستن، بۆ ئەوەی لەو ڕووناکییەی ئێوە بەهرەمەند بین، یان بەشمان بدەن، یاخود ئێمەش لە ڕووناکیی ئێوە بەشێوەیەک بەهرەمەند بین! ئەوانیش پێیان دەڵێن: بگەڕێنەوە دوایە، لەوێ ڕووناکیی پەیدا بکەن، ئنجا شوورەیەک و دیوارێک دەکەوێتە بەینیان، دەرگایەکی هەیە، دوو دیوی هەن: دیوی لای بڕوادارانی ڕەحمەتەو، دیوی لای مونافیق و دەغەڵەکانی سەرئێشەو نەگبەت و زەحمەتییە، بانگیان دەکەن: ئایا لە دنیادا لەگەڵ ئێوەدا نەبووین؟ دەڵێن با، بەڵام ئێوە خۆتان ئەو چۆرمەتان بەسەر خۆتان هێنا، خۆتان تووشی ئەو مەرەدە کرد!

دوایی خوا ﷻ هەر لە درێژەی ئەوەدا، بەسەر زەنشتەوە بە بڕواداران دەفەرموێ: دەبێ دڵیان نەرم بێ بۆ یادی خواو، بۆ ئەو هەقەی دایبەزاندوە،

دوایی خوا ﷻ مەدح و ستایشی ئەوانە دەكات بە پیاوو ئافرەتەوە كە لە ڕێی خوادا دەبەخشن، پاشان مەدح و ستایشی كۆی بڕواداران بە پیاوو ئافرەتەوە دەكات، كە ئەوانە پلەی (صِدِّيقِيْن)یان هەیە، هەروەها شەهیدەكانیش لە خزمەت پەروەردگاریان دان و، خاوەنی پاداشت و ڕووناكیی خۆیانن.

ئنجا لەم پێنج ئایەتەدا، كە دەرسی سێیەم پێك دێنن، خوا ﷻ سەرەتا باسی ژیانی دنیا دەكات، كە لە ڕووە مادییەكەیەوە، زۆر شتێكی كەم بایەخ و بچووكە، چونكە ئایەتەكانی پێشێ هەموویان باسی ئەوە بوون: بڕواهێنان بە خواو، بە پێغەمبەری خواو، بە ڕۆژی دوایی و، بڕوا هێنان بە ئایەتەكانی خوا، ئنجا بەخشینی ژیان و سامان لە پێناوی خوادا، لێرەش دا خوا ﷻ بۆیان باسی ژیانی دنیا دەكات لە ڕووە مادییەكەیەوە، كە ئەوەی خەڵك وا لێ دەكات، ئاگای لە خواو خەڵك نەمێنێ و، وا لە مرۆڤ دەكات هەڵخەڵەتێ و شەیتان زەفەری پێ بەرێ، خۆشویستنی ژیانی دنیایە لە ڕووە ماددییەكەیەوە، بۆیە خوا ﷻ حەقیقەتی ژیانی دنیا لەم چەند ئایەتەدا دەخاتە ڕوو، دواییش فەرمانیان پێ دەكات كە پێشبڕكە بكەن بەرەو بەهەشت، دواییش بۆیان باسی ئەوە دەكات كە هەر بەڵایەكیان بەسەر بێ لە خودی خۆیان، یان لە دەوروبەریان دا، هەمووی پێشتر لەلای خوا تۆمار كراوەو، ڕوونیشی دەكاتەوە، كە حیكمەتی ڕاگەیاندنی ئەو هەقیقەتە ئەوەیە كە نە بە نەهات زۆر دڵناڕەحەت و خەفەتبار بن و، نە بە هاتیش زۆر دڵخۆش بن، ئنجا ڕوونی دەكاتەوە، كە خوا ئەوانەی خۆشناوێن كە چرووكیی دەكەن و، فەرمان بە چرووكیی و ڕژدیی دەكەن، هەر كەسێكیش پشت لە خوا بكات و چرووكیی بكات، بە بەخشینی سامان و گیانی، خوا بێ نیازی ستایشكراوەو یەكی لەسەر ئەو نەكەوتوە، كەواتە: ئەم ئایەتانە هەموویان وەك ئاڵقەكانی زنجیرێك یەكدی دەبەستنەوەو، هەر ئەوەش شایستەی فەرمایشتی بەرزو بێ وێنەی خوای پەروەردگارە.

خوا دەفەرمـوێ: ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ ﴾، بزانـن! مـادام خـوا ﷻ بفەرمـوێ: بزانـن! مانـای وایــە دەبــێ مــرۆڤ زۆر گــوێ قــوڵاغ بــێ و چــاو وردبکاتــەوە بزانــێ خــوا چــی دەفەرمـوێ؟ ﴿أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا ﴾، (أَنَّمَـا)، لـە زمـانی عەرەبییـدا پێـی دەڵێـن: (أُخْـت إِنَّمَـا)، (إنَّمَـا: أَدَاة الحَـصْر والإثبـات)، نامـرازە بـۆ کـورت هەڵێنـان و چەسـپاندن، (أَنَّمَـا) ش، بـە هەمـان شـێوەیە، بزانـن کـە ژیـانی دنیـا تەنیـا ئـەو شـتانەیە کـە دوایـی بـاس دەکرێـن، واتـە: لـە ڕووە ماددییەکەیـەوە ژیـانی دنیـا ئـەو پێنـج شـتەیە:

١- ﴿لَعِبٞ ﴾، یاریی و گەمەیە.

٢- (وَلَهْوٌ)، خافڵان و سەرگەرمییە.

٣- ﴿وَزِينَةٞ﴾، ڕازانەوەو جوانییە.

٤- ﴿وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ ﴾، خۆ بەسەریەکدا هەڵکێشانی نێوانتانە.

٥- ﴿وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِ ﴾، پێشبڕکە کردنە لەگەڵ یەکدیدا لە زۆرکردنی سامان و منداڵان.

کەواتـە: ژیـانی دنیـا ئـا ئەوەیـە، کـە باسـکراو بـا واتـان لـێ نـەکات دەسـت و پێتان ببەسـتێ و، ببێتـە پـەرچ و لەمپـەر لەبەردەمتانـدا، کـە لـە پێناوی خـواو، بـەرز ڕاگرتنی نـاوی خـواو، شـەکاوەیی بەیداغـی پەیامەکەیـدا، چرووکیـی بکـەن، بـە بەخشـینی سـامان و ژیانتـان، بـا ژیـانی دنیـا واتـان لـێ نـەکات، چونکـە ژیـانی دنیـا ئەوەیـە! دوایـی خـوای بـەرز وێنـە دێنێتـەوە بـۆ ژیـانی دنیـا کـە لـە زۆر شـوێنی قورئانـدا ئـەو وێنەیـە هێنراوەتـەوە، دەفەرمـوێ: ﴿كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ﴾، ژیـانی دنیـا وەک ئاوێکـە دابەزیبێتـە خـوار، ڕووەکەکـەی جوتیـارەکانی سەرسـام کردبـن، (كُفَّـار)، کـۆی (كَافِر)ە، بـە مانـای (سَـاتِر)، ئنجـا وەک چـۆن بابـای بێبـڕوا هەقێـک کـە بـۆی دێ، دەیپۆشـێ و ڕەفـزی دەکات، بابـای جوتیاریـش ئـەو تـۆوەی دەیوەشـێنێ، ئەویـش لـە ژێـر خـاک دا، پەنهـانی دەکات و دەیشـارێتەوە، ئەگـەر لێرەشـدا وشـەی (كُفَّـار)

بەکارهاتـوە، لـە کۆتایـی سـوورەتی (الفتـح)دا، وشـەی (زُرّاع) بەکارهاتـوە: ﴿يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ﴾، (زُرّاع)، کـۆی (زَارِع)ە، واتـە: جوتیـارەکان سەرسـام دەکات، بـەڵام لێـرەدا: ﴿كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ﴾، ڕووەکەکـەو کشـت و کاڵەکـەی جوتیـارەکان سەرسـام دەکات، بۆیـەش لێـرە وشـەی: (كُفَّـار) بەکارهاتـوە، واتـە: ئـەو جوتیارانـەی بێبـڕوان، بەڵـێ (كافـر) بـە مانـای جوتیـار دێ، چونکـە ئـەو کشـت و کاڵـەی دەڕوێ بـەو ئـاوە، بابـای جوتیـار سەرسـام دەکات، بـەڵام کـێ بـە دنیـا سەرسـام دەبـێ؟ کەسـی بێبـڕوا، بۆیـە (كُفّـار)، وێـڕای (زُرّاع)، بێبڕوایانیـش دەگرێتـەوە ﴿ثُمَّ يَهِيجُ﴾، دوایـی پێـدەگات و دەکەوێتـە گەشـەو نەشـە ئـەو ڕووەک و کشـت و کاڵـە، ﴿فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا﴾، دوایـی دەیبینـی زەرد هەڵگـەڕاوە، لـە کاتی کامـڵ بـوون و گەیشـتنی دا، یـان لـە کاتی بـەرەو وشـک بوونیـدا، ﴿ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗا﴾، دواییـش دەبێتـە پـووش و پەڵاشـێکی تێکشـکاو، (حُطَـام) و هەمـوو ئـەو وشـانەی لەسـەر ئـەو کێشـەن، وەک: (حُطَـام، جُـذَاذ، فُتَـات)، بـە مانـای شـتی تێکشـکاون، ئنجـا ئەگـەر شووشـەیە، ئەگـەر بـەردە، ئەگـەر پـووش و پەڵاشـە، دوایـی دەبێتـە پـووش و پەڵاشـێکی تێکشـکاو، ئەمـە ژیـانی دنیایـە، بـەو قۆناغانـەدا دەڕواو، سـەرەنجام بـەو شـێوەیەی لـێ دێ.

هەندێـک لـە زانایـان گوتوویانـە: لێـرەدا خـوا ﷻ کـە ئـەم پێنـج وشـەیەی ڕیـز کـردوون، تەعبیردەکـەن، لـە پێنـج قۆنـاغ لـە ژیـانی مـرۆڤ، تـاک تاکـی مرۆڤـەکان: مـرۆڤ پێشـێ منداڵـە، هەتـا منداڵـە هەمـوو هیـواو ئـارەزووی لەسـەر یاریـی و گەمەیـە، دوایـی وردە وردە کـە دەچێتـە قۆناغێکـی هەڵکشـاوتر، قۆناغـی گەنجێتیـی، ئنجـا لـە قۆناغـی یاریـی و گەمـە هەڵدەبـڕێ و، قۆناغـی خافـڵان و سـەرگەرمیی و بـۆ دێتـە پێـش، دوایـی دەچێتـە قۆناغێکـی دیکـەو لـە دوای گەنجێتیـی بـەرەو کامـڵ بـوون دەچـێ، ئنجـا قۆناغـی خـۆ هەڵکێشـان، ئەگـەر بـە زانستەوەیە، ئەگـەر بـە مـاڵ و سـامانەوەیە، ئەگـەر بـە قـەدو قیافەوەیـە، ئەگـەر بـە دەسـتەڵات و قەڵەباڵغیـی دەوروبەرەوەیـە، ئەگـەر بـە خانـوو بەرەوەیـە، خۆهەڵکێشـان بەسـەر یەکدییـدا، دوایـی لـە دوا قۆنـاغ دا: ﴿وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِ﴾، لـە قۆناغـی

کۆتایی تەمەن دا: زۆرکردنی سامان و منداڵان، ئەم پێنج وشانە تەعبیر دەکەن لە پێنج قۆناغە تەمەنی هەر کام لە مرۆڤەکان، هەروەک تەعبیریش دەکەن لە ژیانی کۆی مرۆڤایەتیی، مرۆڤایەتییش بەو قۆناغانەدا دەڕوا، ﴿ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمًا﴾، وەک چۆن دوایی کشتوکاڵەکە، دوای ئەوەی پێ دەگات و زەرد هەڵدەگەڕێ و کامڵ دەبێ، دەبێتە پووش و پەڵاش، مرۆڤیش لە قۆناغەکانی دوا دوای تەمەنیدا، دیسان وەک چۆن پووش و پەڵاشێک وشک دەبێ، ئەو مرۆڤەش کە دەکەوێتە قۆناغی پیریی و بە ساڵداچوونەوە، وردە وردە ئێسقانەکانی نەرم دەبن و، پێست و گۆشتی وردە وردە چرچ و لۆچی تێ دەکەوێ و، وردە وردە سەری سپی دەبێ و مووەکانی سپی دەبن، وەک چۆن ڕووەک و کشت وکاڵ دوای پێگەیشتنی دەبێتە پووش و پەڵاش، ئەو مرۆڤەش هەروایەو ژن و پیاوی تەمەندار دەبینی وەک قانگە لۆشک و پووش و پەڵاش سووک دەبێ و، هەستەوەرەکانی بێ هێز دەبن و... هتد.

ئنجا ئایا سەرەنجامی ژیانی دنیا چۆن دەبێ؟ ﴿وَفِي الْآخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾، لە ڕۆژو قۆناغی کۆتاییشدا: ئازارێکی سەخت هەیەو، سزایەکی سەخت، بۆ کەسانێک کە دنیا پەرست بوون، ﴿وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانٌ﴾، هەروەها لێبوردنێکی دانستەو ڕەزامەندییەک لە خواوە، هەیە بۆ کەسانێک کە زانیبیان چۆن ژیانی دنیا دەگوزەرێنن، کە شوێنی تێدا تاقیکرانەوەیە، ﴿وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾، ژیانی دنیاش تەنیا بەهرەیەکی فریودەرە، (مَتَاع): بریتیە لە ڕابواردن و گوزەرندن و بەهرە وەرگرتنێکی کاتیی فریو پێخواردن.

﴿سَابِقُوا إِلَىٰ مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ﴾، مادام ژیانی دنیا ئاوایە، کەواتە: ئێوە پێشبڕکە بکەن بەرەو لێبوردنێک لە پەروەردگارتانەوە، واتە: خێرایی بکەن، وەک خێرایی کەسێک کە لەگەڵ یەکێکی دیکەدا پێشبڕکە دەکات، یان کۆمەڵە خەڵکێک کە پێشبڕکە دەکەن، کامیان پێش کامیان دەکەوێتەوە؟ ئاوا خێرایی بکەن و دەست و برد بکەن، بەرەو لێبوردنێک لە پەروەردگارتانەوە، ﴿وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ﴾، هەروەها بەرەو بەهەشتێک و باخێک کە بەرینییەکەی و

فراوانییەکەی هێندەی فراوانیی و بەرینیی ئاسمان و زەوییە، چونکە (عَرْض) هەم بە مانای فراوانیی دێ بە گشتیی، هەم بە مانای پانایش، دێ. ﴿أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾، ئامادەکراوە بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە خوا ﷻ و بە پێغەمبەرەکانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾، ئەوەش بەخششی خوایە دەیدات بە هەر کەسێک، بیەوێ، واتە: ئەو بەهەشتەو، لە پێش ئەو بەهەشتەش دا، ئەو لێبوردنە، چونکە کەسێک خوا لێی نەبووریێ ناچێتە بەهەشتیش، بۆیە خوا لێبوردنی پێشخستوە، لێبوردنی خوای پەروەردگاریش، بەوە دەستگیر دەبێ کە مرۆڤ خۆی وا لێ بکات شایستەی ئەوە بێ، خوا بیبەخشێ و لێیببووریێ، ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ﴾، خواش خاوەنی بەخششی مەزنە، ئنجا بەخششێک خوا بە مەزنی دابنێ، دەبێ چی بێ و چۆن بێ؟

لێرەدا جێی سەرنج ئەوەیە، کە خوا ﷻ هەم لێرەدا، هەم لە ئایەتەکانی پێشتردا ئەم تەعبیرەی هێناوە: ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾، لێرەش هێناویەتی و پێشتریش هێناویەتی، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەم سوورەتە وەک پێشتریش گوتمان: ئەگەر سەرەتایەکەشی لە مەککە دابەزیبێ، بەڵام زۆربەی مەدینەییە، لە مەدینەش خاوەن کتێبەکانیش هەبوون، جگە لەوەش مسوڵمانان وێڕای پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ بڕوایان بە برایەکانی دیکەشی هەموویان هەیە، لە پێغەمبەران علیهم السلام ئنجا بۆ ئەوەی ئەو دواندن (خطاب)ە، هەم دڵخۆشکەر بێ بۆ خاوەن کتێبەکان کە لە مەدینە بوون، هەم بۆ ئەوەش کە ئاسۆی دڵ و بیری بڕواداران فراوان بکات، کە بەمەرەدی جوولەکەکان نەچن، کە تەنیا بڕوا بە پێغەمبەرەکانی خۆیان دێنن و، بە مەرەدی نەصرانییەکانیش نەچن کە چاویان تەنیا لەسەر عیسایە عليه السلام، بەڵکو دڵیان جێی خۆشەویستی هەموو پێغەمبەرانی تێدا ببێتەوەو، عەقڵیان جێی بڕوا پێبوونی هەموو پێغەمبەرانی علیهم السلام تێدا ببێتەوە.

ئنجا خوای کاربەجێ دوای ئەوەی باسی ژیانی دنیای کردو، باسی ئەو پاداشتەشی کرد، چاوەڕوانی بڕوادارانێک دەکات کە لە دنیادا، وا ژیاون شایستەی

ئەوە بن خوا لێیان ببوورێ و لێیان ڕازی بێ، دێتە سەر باسی ئەوە کە هەر بەڵایەک بەسەر مرۆڤ دێ، هەر نسکۆیەکی بەسەر دێ، بێگومان پێشتر خوا زانیویەتی و تۆماری کردوە: ﴿مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ﴾، هیچ بەڵایەکتان لە زەوییداو لە خودی خۆشتاندا تووش نایەت، مەگەر لە کتێبێک (لە نووسراوێک) دایە بەر لەوەی بیهێنینە دی، واتە: بەر لەوەی لە دنیای واقیعدا بیهێنینە دی و ئەو بەڵایە پەیدا بکەین، بە تۆمار کراویی هەیە، زانیارییەکەی هەیە، ئنجا چ خوا ﷻ لە دروستکراوێکی خۆیدا، زانیارییەکانی تۆمارکرد بن کە پێی دەگوترێ: (**لَوْح مَحْفُوْظ**)، یان (**كِتَاب مُبِيْن**)، یان (**إمَام مُبِيْن**) یان (**كتاب حفيظ**)، چ مەبەست پێی زانیاریی بێ سنووری خۆی بێ، کە من مانای دووەمم زیاتر دێتە عەقڵەوە، بەڵام خوا ﷻ بۆ تێگەیاندنی ئێمە، کە ئێمە زانیارییەک بمانەوێ لێمان تێک نەچێ، دەینووسینەوەو، زانیارییەک کە نووسرا کەم و زیاد ناکات، خوای زاناو شارەزا بۆیە ئەوە بە ئێمە دەفەرموێ، هەرچەندە ئەگەر شتێکیش هەبێ، خوا زانیارییەکانی خۆی تێدا تۆمارکردبن، لە بارەی دروستکراوەکانی خۆیەوە، ئەوەش هەر ئاساییە، وێڕای ئەوەی خوا هەموو شتێک هەر دەزانێ و پێویستی بەوە نیە، شت بنووسێ بۆ ئەوەی لەبیری نەچێتەوە، ﴿إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ﴾، بە دڵنیایی ئەوە لەسەر خوا ئاسانە، ئاسانە خوا ﷻ هەرچی بەڵایەک کە ڕووتان تێدەکات، لە خودی خۆتان یان لەدەوروبەرتان و لەزەویدا، پێشتر هەمووی زانیوە.

﴿لِّكَيْلَا تَأْسَوْاْ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ﴾، واتە: ئەم ڕاستییەمان بۆیە بۆ ڕوونکردنەوە، حیکمەتەکەی ئەوەیە کە زۆر خەفەتبار نەبن بە هۆی شتێکەوە کە لە دەستتان دەچێ، ﴿وَلَا تَفْرَحُواْ بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ﴾، زۆریش دڵخۆش نەبن بەهۆی ئەوەوە کە خوا شتێکتان پێ دەدات، نیعمەتێکتان بۆ فەراهەم دێنێ، وەک دوایی لە مەسەلە گرنگەکانیش زیاتر تیشکی دەخەینە سەر، زۆربەی توێژەرەوانی قورئان وشەی (**أَسَى**) هەر بە خەفەت و دڵتەنگیی و، وشەی (**فَرَح**)یشیان بە دڵخۆشیی و شادمانیی لێکداوەتەوە!

بەڵام بێگومان ئەمە ناگونجێ وابێ، چونکە خوا ﷻ لە چەند شوێنێک لە قورئاندا، ڕێگری کردوە لەوە کە مسوڵمان (فرح)ی هەبێ بە دنیا، ئنجا ئەگەر (فَرَح) بەمانای دڵخۆشی بێ، نابێ مسوڵمان بە ژیانی دنیا دڵخۆش بێ! بێگومان ناگونجێ ئەوە مەبەست بێ، هەروەها کە خوا دەفەرموێ: ﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ ﴾، ئەگەر مەبەست لە (أسى) تەنیا خەفەت خواردن بێ، مانای وایە نابێ خەفەت بخۆن لەسەر ئەوەی لە دەستتان دەچێ! بێگومان هیچکەسیش ئەوەی لە تواناڈا نیە، کەسێک کە شتێکی لە دەست دەچێ، خەفەتی هەر پێ دەخوات! بۆیە وشەی (أسَى)و وشەی (فَرَح)، مانایان تەنیا دڵتەنگیی و دڵخۆشیی نیە، بەڵکو (أسَى): ئەو پەڕی دڵتەنگییەو (فَرَح): ئەو پەڕی دڵخۆشییە، دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر ئەوە ڕوون دەکەمەوە لەبەرچی؟ ئەوەش تێبینیی و سەرنجێکی خۆمە بۆم دروست بووە، ئەگەرنا لە تەفسیرەکاندا (فَرَح) بە شادمانیی (سُرور) و، (أسَى)ش بەخەم و دڵتەنگیی (حُزن)، لێک دەدەنەوە، بەڵام ئەگەر ئاوا لێکیان بدەینەوە، ئیشکالمان بۆ دروست دەبێ، وەک دوایی باس دەکەین. ﴿ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴾، خواش هەر کەسێکی خۆ بەزلگری لە خۆڕازیی و بوغرای شانازییکەر بەسەر خەڵکدای خۆشناوێ، (مُخْتَال): ئەوکەسەیە کە لە خەیاڵی خۆیداو لە دەروونی خۆیدا، خۆی پێ گەورەبێ و، خۆی پێ پەسند بێ و بوغڕابێ، (فَخُور)یش ئەوەیە بەسەر خەڵکیدا شانازیی بکات.

﴿ الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ ﴾، ئەوانەی چرووکیی و ڕژدیی دەکەن و، فەرمانیش بە خەڵک دەکەن، بە چرووکیی و ڕژدیی، چ بە قسە پێیان بڵێن، چ بە زمانی حاڵ وادارِیان بکەن، ئەوانیش وەک ئەوان چرووک و ڕژد بن، ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ ﴾، هەر کەسێکیش پشت هەڵبکات و پشت بکاتە فەرمانەکانی خواو، پشت بکاتە بەرنامەی خواو پەیامی خواو، فیداکاریی لە پێناودا نەکات و، سەرو ماڵی لە پێناودا بەخت نەکات، بێگومان بەس خوا دەوڵەمەندو بێ نیازو، ستاییشکراوی موتڵەقە، واتە: خوا پەکی لەسەر وی

نەکەوتـوەو، خـۆی پێویسـتیی بـەوە هەیـە کـە لـە پێنـاوی خـوادا، فیداکاریـی بـکات و، بـە سـەخاوەتەوە سـامان و ژیـانی بخاتـە سـەر لەپـی دەسـت، لـە پێنـاوی خـواو بـەرز ڕاگرتنـی ئـاڵاو بەیداغـی دیـن و پەیامـی خـوادا.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

پێناسەی ژیانی ماددیی دنیا، وەک یاریی و خافڵان و ڕازانەوەو شانازیی بەسەریەکدا کردن و پێشبڕکە لە زۆریی سامان و ڕۆڵانداو، چواندنی ژیانی دنیا بە ڕووەکی ڕواو بە ئاوی باران، کە پاش پێگەیشتنی، ئەو کشتوکاڵ و ڕووەکە زەرد هەڵدەگەڕێ و، دوایی دەبێتە پووش و پەڵاشی ورد کراو و، سەرەنجامی دوارۆژیش یان سزای سەختە بۆ بێبڕوایان، یاخود لێبووردن و ڕازیبوونی خوایە، پاشان فەرمانکردنی خوا بە پێشبڕکە کردن بەرەو لێبووردنی خواو بەهەشتێکی فراوانی هێندەی ئاسمانەکان و زەوی، کە بۆ بڕواداران بە خواو بە پێغەمبەرانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) ئامادە کراوە، وەک بەخششێکی خوا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞ وَزِينَةٞ وَتَفَاخُرُۢ بَيۡنَكُمۡ وَتَكَاثُرٞ فِي ٱلۡأَمۡوَٰلِ وَٱلۡأَوۡلَٰدِۖ كَمَثَلِ غَيۡثٍ أَعۡجَبَ ٱلۡكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصۡفَرّٗا ثُمَّ يَكُونُ حُطَٰمٗاۖ وَفِي ٱلۡأٓخِرَةِ عَذَابٞ شَدِيدٞ وَمَغۡفِرَةٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٞۚ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ ٢٠ سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أُعِدَّتۡ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٢١ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەژدە بڕگەدا:

١)- ﴿ ٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا ﴾، بزانن! کە ژیانی دنیا، پێشتریش گوتمان: کاتێ خوا ﷻ دەفەرموێ: (**اعْلَمُوْا**) بزانن! مانای وایە دەبێ زۆر چاک گوێ قوڵاغ بی و، هەموو لاشەت ببێتە عەقڵ بۆ تێفکرین و، گوێ بۆ گوێگرتن و، چاو بۆ بینین، تاکو بزانی خوا چی دەفەرموێ؟ (**إِنَّمَا: أَدَاة الحصْر وَالإِثْبَات**)، واتە بە دڵنیایی ژیانی دنیا تەنیا ئەوەیە، واتە:

ژیانی دنیا لە ڕووە ماددییەکەیەوە تەنیا ئەوەیە، یاخود: حاڵی زۆربەی خەڵکی دنیا، ئەوەیەکە ژیانی دنیا ئاوا تەماشا دەکەن، کە بریتیە لە چی؟

٢)- ﴿ لَعِبٌ ﴾، (لَعِب): بە کوردیی یاریی و گەمەیە.

٣)- ﴿ وَلَهْوٌ ﴾، (لَهْو): یانی: خافڵان و سەرگەرمیی.

٤)- ﴿ وَزِينَةٌ ﴾، (زِيْنَة): واتە: جوانیی و ڕازاوەیی.

٥)- ﴿ وَتَفَاخُرٌ بَيْنَكُمْ ﴾، خۆ بەسەر یەکدیدا هەڵکێشان و، شانازیی بەسەر یەکدیدا کردن.

٦)- ﴿ وَتَكَاثُرٌ فِي ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ ﴾، پێشبڕکێ کردن لە زۆرکردنی سامان و منداڵان دا.

واتە: ژیانی دنیا کە لە ڕووە مادییەکەیەوە سەرنجی بدەی، ئاوا دێتە بەرچاو:

١- قۆناغی سەرەتای تەمەنی مرۆڤ، کە قۆناغی منداڵییە هەر سەرگەرمی یاریی و گەمەیە.

٢- دوایی وردە وردە کە تەمەنی هەڵدەکشێ، هەندێک شت کە منداڵی گچکە دەیکات، دەستبەرداری دەبێ و نایکات: خانووچکەیەک دروست دەکات و تێکی دەداتەوە، شت دەشکێنێ و خراپ دەکات، ئەو قۆناغە هەڵدەبوێرێ و دەچێتە قۆناغێکی بەرزترو ڕاقییترەوە، کە بریتیە لە قۆناغی خافڵان، (لَهْوْ) هەندێک شتی بۆ دەبێتە جێی سەرگەرمیی و خافڵان.

٣- ئنجا دوای ئەوە کە زیاتر هەڵدەکشێ، دوای قۆناغی گەنجێتیی و هاوسەرگیریی و ماڵ پێکەوەنان، ئنجا زیاتر سەرنجی دەچێتە سەر ڕازانەوەو جوانیی (زينة) لە ڕووی بەرگ و پۆشاک، جێگاو ڕێگا، ئەو ئامرازانەی پێویستیی پێیانە بۆ ژیان.

٤- ئنجا دوایی لە قۆناغێکی دیکەی هەڵکشاوتر، دەگوازێتەوە بۆ شانازیی بەسەر یەکدیی دا کردن (تفاخر)، من ئەوەم هەیەو تۆ ئەوەت نیە، ئەو وایە و ئەو واچوو، لە ڕووە مادییەکەوە.

٥- کۆتا قۆناغ بریتیه له پێشبڕکێ کردن لەگەڵ یەکدیدا، مونافەسە لەسەر ئەوەی کێ سامانی زیاترەو، کێ منداڵی زیاترەو، کێ قەڵەباڵغی زیاتری بە دەورەوەیەو، کێ دەستەڵاتی زیاترەو، کێ چی و چیی زیاترە! **(وتكاثر في الأموال والأولاد)**.

ئێستاش با سەرنجێکی وردتر لەو وشانە بدەین:

کورتە تێوەڕامانێک لە پێنج قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ

قۆناغی یەکەم: (إبن عاشور) دەڵێ: **(اللَّعِبُ: اسْمٌ لِقَوْلٍ أَوْ فِعْلٍ يُرادُ بِهِ المِزاحُ والهَزْلُ لِتَمْضِيَةِ الوَقْتِ، أَوْ إزالَةِ وحْشَةِ الوَحْدَةِ، أَوِ السُّكُونِ، أَوِ السُّكُوتِ، أَوْ لِجَلْبِ فَرَحٍ ومَسَرَّةٍ لِلنَّفْسِ، أَوْ للحَبِيبِ)**.

واتە: **(لَعِب)**: ناوە بۆ هەر قسەیەک و هەر کردەوەیەک کە مەبەست پێی گاڵتە بێ، نەک شتی جیددیی، بۆ کات بە ڕێکردن، یاخود بۆ لابردنی دڵتەنگیی، یان بۆ کۆتایی پێهێنانی نەجوولان، یاخود بێدەنگیی، یان بۆ هێنانی دڵخۆشیی بۆ خۆ، یاخود بۆ خۆشەویستێک.

هەوڵیداوە پێناسەیەکی گشتگیر بۆ وشەی **(لَعِبْ)** بکات.

قۆناغی دووەم: **(اللَّهْوُ: اسْمٌ لِفِعْلٍ أَوْ قَوْلٍ يُقْصَدُ مِنهُ التِذاذُ النَّفْسِ بِهِ وصَرْفُها عَنْ ألَمٍ حاصِلٍ مِن تَعَبِ الجَسَدِ أوِ الحُزْنِ، لَها عَنه: تَشاغَلَ عَنْهُ)**.

واتە: **(لَهْو)**: ناوە بۆ هەر قسەیەک و هەر کردەوەیەک، کە مەبەست پێی چێژ وەرگرتنی نەفسەو، لادانی نەفسە لە ئازارێک کە بە هۆی ماندوێتیی لاشەوە، یاخود بەهۆی دڵتەنگیی دڵەوە تووشی بووە، دەگوترێ: **(لَهَا عَنْهُ: تَشَاغَلَ عَنْهُ)**، واتە: ئاگای لێ نەماولێی خافڵا.

قۆناغی سێیەم: (الزِّيْنَةُ: تَحْسِينُ الذَّاتِ، أوِ المَكانِ، بِمَا يَجْعَلُ وقْعَهُ عِنْدَ ناظِرِهِ مُسِرًّا لَهُ)، (زِينَة): بریتییە لە خۆ جوانکردن، یان جوانکردنی شوێن {واتە: جوانکردنی جەستە، یان جل و بەرگ، یان جێگاو ڕێگا} بە شێوەیەک کەسێک کە تەماشای کرد، پێی دڵخۆش بێ {واتە: ببێتە هۆی پێ خۆشبوونی، کە شتێکی جوانەو بە ڕەونەقە}.

قۆناغی چوارەم: (التَّفاخُرُ: الكَلامُ الَّذِي يَفْخَرُ بِهِ، والفَخْرُ: حَدِيثُ المَرْءِ عَنْ مَحامِدِهِ والصِّفاتِ المَحْمُودَةِ مِنها فِيهِ بِالحَقِّ أوِ الباطِلِ).

(تَفَاخُر): ئەو قسەیە کە شانازیی پێوە بکرێ، شانازییش بریتییە لەوەی کەسێک لە بارەی چاکەکانی خۆی و سیفەتە باشەکانی خۆیەوە، ئنجا بە هەق یان بە ناهەق، بدوێ و قسە بکات، {واتە: ئەو سیفەتانەی بە هەق تێدا هەبن، یاخود تێیدا نەبن}.

قۆناغی پێنجەم: (التَّكاثُرُ: تَفَاعُلٌ مِنَ الكَثْرَةِ، وصِيغَةُ التَّفَاعُلِ هُنَا لِلْمُبالَغَةِ فِي الفِعْلِ، بِحَيْثُ يَنْزِلُ مَنزِلَةَ مَن يُغالِبُ غَيْرَهُ فِي كَثْرَةِ شَيْءٍ)، (تَكاثُر)، (تَفاعُل)ە، لەسەر کێشی (تَفاعُل) لە (كَثْرَة)وە هاتووە، واتە: زۆریی، ڕێژگەی (التَّفاعُل) لێرەدا بۆ زێدەڕۆییە لە کارەکەدا، بە شێوەیەک کەسێک هەوڵبدات ماڵ و سامانەکەی، یان منداڵەکانی زۆر بکات، وەک لەگەڵ یەکێکی دیکەدا پێشبڕکێ بکات، با لە ئەصڵدا پێشبڕکەش نەکات، یانی: زۆر سەرگەرمی سەروەت و سامان وەسەریەکنان و، ماڵ و منداڵ و ڕۆڵە زۆرکردن لە کوڕان و کچان، دەبێ.

لێرەدا خوا ﷻ شتێکی باسکردووە کە حاڵی خەڵک بە گشتیی وایە، لە ژیانی دنیادا، نەک تاک تاکی مرۆڤەکان وابن، هی وا هەیە خوا ﷻ لوتفی لەگەڵ دەکات هەر بە منداڵیی، بەڵێ منداڵەو یارییش دەکات، بەڵام هەستێکی بەرزی هەیە، وەک پیاوێکی کامڵ مامەڵە دەکات و، تەمەنی گەنجێتیی وەک خەڵکی دیکە ناباتە سەر، کە تەنیا هەست بە بوونی جەستەی بکات، یان هەست بە

تەنیا لـە پشـتێن بـەرەو ژێـری بـکات، کـە داوێـن و گـەدەو گیرفانـە، بەڵکـو وێـڕای ئـەوەی هەسـت بـە جەسـتەی دەکات، هەسـت بـە ڕووح و داخوازییـەکانی ڕووحیشـی دەکات، بـەڵام حاڵـی خەڵـک بـە گشـتیی وایـە.

ئنجـا قۆناغـی یەکەمـی: تەمـەنی مـرۆڤ، یاریـی و گەمـەی تێـدا زەقـترە: (**اللَّعِبُ طَوْرُ سِنُّ الطُّفُولَةِ والصِّبا**)، یاریـی زیاتـر لـە قۆناغـی منداڵیـی دایـە، وردە وردە کـە بـەرەو هەرزەکاریـی دەچـێ، پـتر سـەرگەرمی یاریـی و خافڵانـدن و گەمـە، دەبـێ.

(لَهْو)، خافڵان زیاتر پەیوەستە بە قۆناغی گەنجیەتییەوەو دوای گەنجییەتیش.

(زِيْنَـة)، قۆناغـی دواتـرە، خـۆ ڕازاندنـەوە بـە بـەرگ و پۆشـاک و جێـگاو ڕێـگاو ئـەو ئامڕازانـەی بەکاریـان دێنـێ بـۆ ژیـانی.

﴿ وَتَفَاخُرٌۢ بَيْنَكُمْ ﴾، خـۆ بەسـەر یەکدیـدا هەڵکێشـان، لـە قۆناغـی کامـڵ بـوون و قۆناغـەکانی دواتـری تەمـەن دا پـتر دەبـێ.

﴿ وَتَكَاثُرٌ فِى ٱلْأَمْوَٰلِ وَٱلْأَوْلَٰدِ ﴾، پێشـبڕکە کـردن و زۆر خەریـک بـوون بە زۆرکردنی سـامان و ڕۆڵـەکان، وەک پێشـبڕکە بـێ لەگـەڵ خەڵکـدا، ئـەوەش لـە قۆناغـی دواتـردا دەبێ.

ئـەوەی ئێسـتا دەیڵێـم، لـە تەفسـیرەکان دا نەمدیـوە: تەفسـیرەکان بـەس دەڵێـن: یاریـی هـی قۆناغـی منداڵییـە، خافـڵان (لَهْوَ)یـش هـی قۆناغـی گەنجیەتییـە، دوایـی خۆڕازاندنـەوەو جوانیـی هـی قۆناغـی دواتـرە، دوایـی شـانازیی بەسـەر یەکدیداکردن، پاشـان زۆرکـردنی سـامان و منـداڵ هـی قۆناغـی کۆتاییـە! بـەڵام مـن دەڵێـم: لـە ڕاسـتیی دا ئـەوەی وا لـە مـرۆڤ دەکات بـە شـێوەیەک ژیـان نەگوزەرێنـێ و دۆخـی وانەبـێ کـە خـوا ﷻ وەک حاڵـەتی زەمکـردن باسـیکردوە، بریتیـە لـە ئیـمان، ئەگەرنـا هەیـە لـە قۆناغـی کۆتایـی کەوتنـە تەمەنیشـەوەدا، هـەر خەریکـی یاریـی (لَعِبَ) ە، وەک ئەوانـە یاریـی و قومـار دەکـەن، یاخـود هـەر خەریکـی سـەرگەرمیی و

خافڵانـە، بـۆ وێنـە: کتێبـی وا دەخوێنێتـەوەو تەماشـای فلیمـی وادەکات و...هتـد، کـوڕو مەجلیسـیان هەمـووی بریتیـە لـە خافـڵان، یـان هـەر خەریکـی جوانیـی و دەسـت بەخـۆدا هێنانـە، ئەگـەر پیـاوە ئەگـەر ئافرەتـە، کابـرا گەیشـتۆتە قۆناغـی کۆتایـی تەمـەنی: (٧٠- ٨٠) سـاڵیی، کەچـی سـمێڵی وەک قەیتـانی ڕەشـە، دەیـەوێ وا خـۆی پێشـان بـدات کـە جارێ هـەر گەنجـە! دیسـان خـۆ بەسـەر یەکدا هەڵکێشـان دیسـان ئەویـش ئـەوە نیـە بـەس لـەو قۆناغـەی دواتـردا بـێ، لـە پێشـەوەش دەبـێ، دیسـان زۆر کـردنی سـامان و ڕۆڵان، ئەویـش مـەرج نیـە هـەر لـە قۆناغـی دواتـردا بـێ، لـە قۆناغـی پێشەوەشـدا دەبـێ، واتـە: مـەرج نیـە ڕیزبەندیـی کاتیـی (**الترتيب الزمني**) لەوانـەدا هەبـێ و، مەرجیـش نیـە کەسـێک قۆناغـی منداڵیـی هەڵبوێـرێ، ئنجـا خەریکـی خافـڵان و، دوایـی خەریکـی ڕازانـەوەو، ئنجـا خەریکـی شـانازیی بـێ، بەڵکـو هەیـە لـە قۆناغـەکانی دوایـی تەمەنیشـیدا، هـەروەک منـداڵان و هـەرزەکاران و گەنجـان، مامەڵـە دەکات و، ئـەوەی گەنـج و منـداڵ و هەرزەکارێـک پێـوەی سـەرگەرمە، ئەویـش هـەر خەریکـی ئەوەیـە.

عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس (خـوا لـە خـۆی و بـابی ڕازی بـێ)، قسـەیەکی جـوان دەکات، کـە بێگومـان مەبەسـتی پـێ هەندێـک لەوانـە بـووە، لـە ڕۆژگاری خۆیـدا بـوون، کـە حوکمڕانـانی بەنـو ئومەییـە بـوون، دەڵـێ: (**يَجْمَـع الْـمَالَ فِي سَـخَطِ اللّٰـه، وَيَتَبَاهَـى بِـهِ عَـلَى أَوْلِيَـاءِ اللّٰـه، وَيَصْرِفُـهُ فِي مَسَـاخِطِ اللّٰـه، فَهُـوَ ظُلُـمَاتٌ بَعْضُهَـا فَـوْقَ بَعْـضٍ**)[١].

واتـە: ئـەو کەسـە مـاڵ و سـامان لـە تووڕەیـی خـوادا کۆدەکاتـەوە، {واتـە: مـاڵ و سـامانی خەڵکـە یـان دەوڵەتـە ئـەو دەسـتی بەسـەردا دەگـرێ}و، خـۆی پـێ هەڵدەکێشـێ بەسـەر دۆسـتانی خـواداو، لـە تووڕەیـی خواشـدا سـەرفی دەکات {ئەوانە زۆر مەجلیسـی شـەڕاب و قومـارو خراپەیـان هەبـوو، یاخـود بـۆ کڕینـی وەلائی خەڵـک

---

(١) الجامع لأحكام القرآن، ج٢٧، ص ٢٢٥.

و بۆ کڕینی چەک و، ترساندنی خەڵک و بۆ بە کرێ گرتنی هەندێ خەڵک بە دەوری خۆیانەوەو قەڵەباڵغیی دروستکردن، لەوەدا بەکاریانهێناوە} ئەو کەسە هەڵسوکەوتەکانی تاریکیی لەسەر تاریکاییانن.

٧)- ﴿كَمَثَلِ غَيْثٍ﴾، وەک بارانێک وایە، (الحَيَاةُ الدُّنيَا كَمَثَلِ غَيْث)، ژیانی دنیا وەک بارانێک وایە.

٨)- ﴿أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ﴾، ڕووەکەکەی، کشتوکاڵەکەی جوتیارەکان سەرسام دەکات، دڵخۆشیان دەکات.

یاخود: (كَمَثَلِ غَيْثٍ: الكَافُ فِي مَوْضِعِ الحَالِ، وكَمَثَلِ مَعْنَاهُ كَحَالِ، أيْ: حَالِ الحَياةِ الدُّنْيا كَحالِ غَيْثٍ)، {ئەم ژیانی دنیایە، وەک بارانێکە دەبارێ، دوایی جوتیارەکان بە کشتوکاڵەکەی سەرسام دەبن} یاخود (ك)، لێرەدا لە شوێنی حاڵدایە، واتە: ژیانی دنیا وەک حاڵی بارانێکە کە دادەبارێ، ﴿أَعْجَبَ ٱلْكُفَّارَ نَبَاتُهُۥ﴾، (كُفَّار)، (الحُرَّاث الَّذِين يَسْتُرُونَ البَذْرَ تَحْت التُّرَاب)، واتە: جوتیاران ئەوانەی تۆوەکە لە ژێر گڵدا دەشارنەوە، چونکە وشەی: (كُفْر) لە (كَفْر)ەوە، هاتوە، (كَفْر)، یانی: داپۆشین، (كُفَّار)، کۆی (كَافِر)ە کە لە (كَفْر)ەوە هاتوە، لەبەر ئەوەی جوتیاریش ئەو تۆوە لە بن زەویدا دادەپۆشێ، واتە: جوتیارەکان بەو ڕووەک و کشتوکاڵە سەر سام و دڵخۆش دەبن.

٩)- ﴿ثُمَّ يَهِيجُ فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا﴾، دوایی هەڵدەچێ و بەزەردهەڵگەڕاویی دەیبینی، (يَهِيْجُ: الهِيَاجُ والثَّوَرَان، هَاجَ الثَّوْرُ، وَهَاجَ البُرْكَانُ، وَهَاجَت الرِّيْحُ)، (هِيَاج): بە مانای جووڵە جووڵ و هەڵچوون دێ، دەڵێ: (هَاجَ الثَّوْر)، گایەکە شێتگیر بوو، (وَهَاج البُرْكَان)، ئاگرپژێنەکە هەڵگیرسا، (هاجت الرِّيْح)، بایەکە بەهێز هەڵیکرد، کەواتە: (ثُمَّ يَهِيجُ)، یانی: ئەو ڕووەک و کشتوکاڵە دەگاتە توغیانی خۆی و زۆر گەشە دەکات و هەراش دەبێ، ﴿فَتَرَىٰهُ مُصْفَرًّا﴾، ئنجا کە زۆر گەشە دەکات و هەراش دەبێ، دەیبینی زەرد هەڵگەڕاوە، زەرد هەڵگەڕانەکەش بە دوو واتا دێ:

أ- یان بە مانای پێگەیشتوەو کامڵ بووە، بە تایبەت بۆ گەنم و جۆو نیسک و نۆک و مەرەزەو هەرزن و ...هتد، کە گەیشتن، زەرد هەڵدەگەڕێن.

ب- یاخود: زەرد هەڵگەڕا، یانی: بەرەو وشکیی چوو.

١٠)- ﴿ثُمَّ يَكُونُ حُطَـٰمًا﴾ {دوای ئەوەی وشک دەبێ} دەبێتە پووش و پەڵاشێکی ورد کراو، (الحُطَام: ما حُطِمَ، أيْ: كُسِرَ وَهُشِّمَ)، (حُطَام): شتێکە تێکشکابێ و، هاڕدرابێ و، وردو خاش کرابێ.

١١)- ﴿وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ عَذَابٌ شَدِيدٌ﴾، لە مەنزڵگای کۆتاییشدا: ئازارێکی سەخت، یانی: دوو حاڵ هەن و سێیەمیان نیە، یان سزاو ئازارێکی سەخت، بۆ هەر کەسێ بە ژیانی دنیاو بە ڕابواردنی دنیا هەڵخەڵەتابێ و باوەشی پێداکرد بێ.

١٢)- ﴿وَمَغْفِرَةٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنٌ﴾، لێبوردنێکی تایبەت و دانستە لە خواوەو ڕەزامەندییەکی تایبەت لە خواوە {بۆ کەسێک بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ ژیانی دنیادا کرد بێ، کە شەریعەت فەرموویەتی، بە جۆرێک کە بە قازانجی خۆی و خەڵکیش تەواو بێ و، بە قازانجی ڕووحیش و جەستەشی، بە قازانجی دنیاو دواڕۆژیشی، چونکە لە شەریعەتدا ڕێگریی نەکراوە لەوە کە مرۆڤ لە دنیا بەهرەمەند بێ، بەڵام ڕێگریی کراوە لەوە کە ئینسان ژیانی دنیا بکاتە ئامانج و، بیکاتە بەرزترین هیواو ئاواتی و، لەبەر ژیانی دنیا ئاگای لە خواو خەڵک نەمێنێ}.

١٣)- ﴿وَمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَآ إِلَّا مَتَـٰعُ ٱلْغُرُورِ﴾، ژیانی دنیاش تەنیا بەهرە وەرگرتنی فریودانە، (الغُرُورُ: الخَدِيعَةُ، أيْ: إظْهارُ الأمْرِ الضَّارِّ فِي صُورَةِ النَّافِعِ الَّذِي يُرْغَبُ فِيهِ)، (غُرُور): بە مانای هەڵخەڵەتاندن و فێڵە، ئەویش بریتیە لە خستنەڕووی شتێکی زیانبەخش لە شێوەی شتێکی سوود بەخشدا، کە ئارەزوو دەکرێ، (مَتَاعُ الغُرُور) یانی: ئەو بەهرە وەرگرتن و ڕابواردنەی سەر دەکێشێ بۆ هەڵخەڵەتان، یاخود ئەو بەهرە وەرگرتنەی هەڵخەڵەتانی بە دوا دادێ.

ئنجا خوا فەرمان بە بڕواداران دەکات:

١٤)- ﴿سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾، پێشبڕکە بکەن بەرەو لێبوردنێک لە پەروەردگارتانەوە. یانی: خێرایی بکەن وەک خێرایی کەسێک لەگەڵ کەسێکی دیکەدا پێشبڕکە دەکات، لە سوورەتی (آل عمران)دا دەفەرموێ: ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ ﴿١٣٣﴾﴾، بەڵام لێرە دەفەرموێ: ﴿سَابِقُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، کەواتە: (**سَارِعُوْا**)، واتە: خێرایی بکەن، (**سَابِقُوا**)، واتە: پێشبڕکە بکەن، ئەمەش زێدەڕۆیی زیاتری تێدایە، واتە: نەک هەر خێرایی بکەن، بەڵکو هێندە خێرایی بکەن، وەک کەسێک کە پێشبڕکە دەکات، بەرەو لێبوردنێکی تایبەت لە پەروەردگارتانەوە.

١٥)- ﴿وَجَنَّةٍ عَرۡضُهَا كَعَرۡضِ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ﴾، هەروەها بەرەو بەهەشتێک و باخێک کە فراوانییەکەی هێندەی ئاسمان و زەوییە، (**العَرْضُ: السَّعَة**)، (**عَرْض**)، بە مانای فراوانیی و بەرینیی، دێ (**وَالعَرْض: خِلَاف الطُّول**)، هەروەها (**عَرْض**) پێچەوانەی درێژییە، ئنجا ئەگەر پانییەکەی هێندەی ئاسمانەکان و زەوی، یان ئاسمان و زەوی بێ، دەبێ درێژییەکەی چەند بێ! بەڵام وا پێدەچێ (**عرض**) بە مانای فراوانیی بێ، واتە: فراوانییەکەی.

١٦)- ﴿أُعِدَّتۡ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ﴾، (ئەو باخ و بەهەشتە) ئامادە کراوە بۆ ئەوانەی بڕوایان هێناوە بە خواو بە پێغەمبەرانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێستا بەهەشت دروستکرابێ، هەروەها دۆزەخیش هەر دروستکراوەو، ئا ئەوە ڕای ڕاستری زانایانە.

١٧)- ﴿ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾، ئەوەش بەخششێکی خوایە دەیدات بە هەر کەسێ بیەوێ، بۆیە ناوی لێناوە بەخششی خوا، چونکە ئەو بە هەشتە هەرچەندە مرۆڤ بەهۆی ئیمان و کردەوەی باشەوە دەیچێتێ، بەڵام بەدڵنیایی ئەو ئیمان و کردەوە باشە، بارتەقای ئەو بەهەشتە نەبڕاوەو بێ کۆتایی و پڕنازو نیعمەتە نیە، بەڵکو بەس هۆکارە بۆ چوونە بەهەشت و نرخ و بارتەقای نیە، وەک لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {لَنْ يَدْخُلَ أَحَدٌ الْجَنَّةَ بِعَمَلِهِ} (**أخرجه: البخاري: ٦٤٦٧، ومسلم: ٧٨**)، واتە: هیچ

کەس بە کردەوەکەی ناچێتە بە هەشت، واتە: کردەوەکەی بارتەقاو نرخی بەهەشت نیە، بەڵکو هۆکاری چوونە بەهەشتە، نەک نرخ و بەهای بێ.

١٨)- ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ﴾، خواش خاوەنی بەخششی مەزنە، هەڵبەتە بەخششی خوا، لە قەدەر مەزنیی خوایە، ئنجا لەبەر ئەوەی بەرزیی و مەزنیی خوا ﷻ هیچ سنوورێکی نیە، کەواتە: بەخششەکەشی هیچ سنوورێکی نیە، بێگومان لە دنیادا بەخششی خوا بێ سنوورە، بەڵام بە ئەندازەی شایستەیی مەخلووقەکان، دەیبەخشێ، ئەگەر فریشتەن، ئەگەر مرۆڤن، ئەگەر جندن، بە ئەندازەی شایستەییان و لێ وەشاوەییان پێیان دەبەخشێ، ئەگەرنا بە نسبەت خواوە سنووری نیەو، لە دوا ڕۆژیشدا بێگومان هەر کەسە دیسان بە ئەندازەی خۆی، بەخششی خۆی پێ دەدات.

لە کۆتایی ئەم مەسەلەی یەکەمەدا، دوو شتان دەخەمە ڕوو:

یەکەم: یەکێک لە حەکیمەکان ژیانی دنیای چواندوە بە حەوت شتانەوە:

١- بە ئاوی سوێرەوە، کە مرۆڤ دەخنکێنێ، بەڵام تێر ئاوی ناکات و زیانی پێ دەگەیەنێ و سوودی پێ ناگەیەنێ، پیرەمێردی شاعیریش دەڵێ:

تەماع وەک ئاوی سوێری دەریایە ... هەر دەیخۆیتەوەو تەسەللات نایە.

٢- تەشبیهی کردوە بە هەورەوە، کە مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنێ، دواییش هیچی لێ هەڵناوەرێ، بەو واتایە: هەور دێ و سێبەرت لێ دەکات، بەڵام دوایی تێدەپەڕێ و دەرواو لەبەر سوورە تاوێ بەجێت دەهێڵێ.

٣- ژیانی دنیای چواندوە بە تیشکێکی خێراوە، کە زۆر بە خێرایی دێ و، زیانیش دەگەیەنێ، وەک هەورە تریشقە، زۆر بە خێرایی دێ و زیانیش دەگەیەنێ.

٤- ژیانی دنیای چواندوە بە هەوری هاوینانەوە، هاوینان کە هەور دێ باران دەبارێ، خەڵک مەگەر حاصەڵاتی هەڵگرتبێتەوە، ئەگەرنا هەوری هاوینان زیانی هەیەو قازانجی نیە.

٥- ژیانی دنیای چواندوە بە گوڵی بەهارانەوە، کە بە جوانییەکەی مرۆڤ هەڵدەخەڵەتێنێ، بەڵام دوایی هەر زوو زەرد هەڵدەگەڕێ و دەبێتە پووش و پەڵاش.

٦ـ ژیانی دنیای چواندوە بە خەونی بابای خەوتووەوە، کە شتێک لە خەونیدا دەبینێ و پێی دڵخۆش دەبێ، بەڵام کاتێک خەبەری دەبێتەوەو بێدار دەبێتەوە، هیچ نابینێ کە مایەی دڵخۆشیی بێ، بۆیە خەفەتی پێ دەخوات.

٧-ژیانی دنیای چواندوە بە هەنگوینێکەوە، ژەهری تێکرابێ، کە پێشێ کابرا هەڵدەخەڵەتێنێ و لێی دەخوات، بەڵام دوایی دەیکوژێ.

دووەم: لە بارەی ژیانی دنیاوە، **(إبن عجيبة)**، خاوەنی تەفسیری **(البحر المديد في تفسير كتاب الله المجيد)**[1]، قسەیەکی جوان دێنێ، دەڵێ:

(وَهَـذَا المَثَـل هُـوَ لِمَـن اشْـتَغَل بَالدُّنيَا وَالجَـرْيِ عَلَيْهَـا، وَأمَّـا مَـا كَانَ مِنْهَـا فِي طَاعَـة اللـه فِي الـضَّرُوْرَات الَّتِي تُقِيْـمُ حياة الأَوْلَاد وَتُعِيْن عَـلَى الطَّاعَـات، فَلَا يَدْخُـل فِي هَـذَا المَثَـل).

واتـە: ئـەم وێنـە هێنانەوەیـە کـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: وێنـەی ژیـانی دنیـا ئاوایـە، وەک بارانێـک دێتـە خـوارو کشـتوکاڵێکی پـێ دەڕوێ و بابـای جوتیـار پێـی دڵخـۆش دەبـێ و، دواییـش پێـدەگات و زەرد هەڵدەگـەڕێ و، دەبێتـە پـووش و پـەڵاش، ئـەوە بـۆ کەسـێکە سـەرقاڵی ژیـانی دنیـا بـێ و، بـە دوای بکـەوێ {واتـە: دنیـا لـە بـاوەش بگـرێ} بـەڵام ئەگـەر ئـەو ژیانـە دنیاییـەی بـۆ ئـەوە بـێ، فەرمانبەریـی خـوا بـکات و بـۆ پێداویسـتییەکان بـێ، بـۆ بەڕێوەبـردنی مـاڵ و منـداڵ و، بـۆ ئـەوە بـێ هاوکاریـی بـکات بـۆ فەرمانبەریـی خـوا، ئـەوە ناچێتـە نێـو ئـەو وێنـە هێنانەوەیـە (کـە خـوای میهرەبـان و کارزان، وەک حاڵـەتی زەمکـردن هێناویەتـەوە).

بـە کورتیـی: ژیـانی دنیایـەک کـە مـرۆڤ بیـکات بـە ئامـراز بـۆ بـە دەسـتهێنانی ڕەزامەندیـی خـوا، بـۆ ئـەوەی ژیانێکـی سـەربەرزانەی مسـوڵمانانەی بـێ ئیحتیاجانـە

---

(١) ج٧، ص٣٢٣.

بە خەڵکی پێ بگوزەرێنێ، بێگومان ئەو ژیانە دنیاییە ئەوە نیە کە خوا لێرەدا ﷺ سەرکۆنەی دەکات، وەک لە شوێنی دیکەدا هاتوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (**القصص**)دا کە قەومی قارِوون بە قارِوون دەڵێن: ﴿ وَٱبۡتَغِ فِيمَآ ءَاتَىٰكَ ٱللَّهُ ٱلدَّارَ ٱلۡأٓخِرَةَۖ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ ٱلدُّنۡيَاۖ ﴿٧٧﴾ ﴾، واتە: لەوەدا کە خوا پێیداوی، مەنزڵگای دوارِۆژ داوا بکە، بەڵام بەشی خۆشت لە دنیادا لە بیر نەچێ.

کەواتە: هەموو ئەو سەرکۆنەیەی دەکرێ لە ڕووە ماددییەکەی ژیانی دنیاوە، بۆ کەسانێکە کە پێی هەڵدەخەڵەتێن، بۆ کەسانێکە کە گوریسی لە بن ڕادەخەن و، لە باوەشی دەگرن و دەیکەنە ئامانجی گەورەیان، بەڵام ئەگەر ژیانی دنیا، وەک شوێنی تێدا تاقیکردنەوەو، وەک ئامرازێک دابنرێ، بەدڵنیاییی ئەوجۆرە، حاڵەتی زەم و سەرزەنشتی بەسەردا نایەت.

مەسەلەی دووەم:

ڕوونکردنـەوەی ئـەو ڕاسـتییە کـە هـەر بەڵایـەک بەسـەر مـرۆڤ بـێ لـە خـودی خـۆی دا، یـان لـە دەوروبـەری دا، پێشـتر لـە لای خـوا تۆمـار کـراو بـووە، دەرکـی ئـەو ڕاسـتییەش مایـەی زۆر خەفەتبـارو پەرێشـان نەبـوونی مرۆڤـە، لەسـەر لـە دەسـتچوونی سـوودو بەرژەوەندیـی و، زۆر دڵخـۆش نەبوونیـەتی بـە هـات و قازانـج و دەسـتکەوت، خـواش ﷻ خـۆ لێباییبـووانی شـانازییکەرو چرووکـی خـۆش ناوێـن و، هـەر کەسیش پشـت هەڵبکات و پشـت بکاتـە خـوا، خـوا بێنیـازی ستایشـکراوە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِى كِتَـٰبٍ
مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ۚ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴿٢٢﴾ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا۟ عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ وَلَا تَفْرَحُوا۟
بِمَآ ءَاتَىٰكُمْ ۗ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿٢٣﴾ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ
بِٱلْبُخْلِ ۗ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٢٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

دوای ئـەوەی لـە ئایـەتی پێشـوودا، خـوا ﷻ باسـی ژیـانی دنیـای کـرد، پاشـان هـانی بـڕوادارانی دا، کـە پێشـبڕکە بکـەن بـەرەو لێبوردنێـک لـە خـواوەو بـەرەو بەهەشـت لـە خـواوەو، دوای ئـەوەی هانـدەرو پاڵنـەری بـۆ دینداریـی و بـۆ فیداکاریـی لـە پێنـاوی خـواداو، بـۆ بەخشـینی سـەرو گیانیـان لـە پێنـاوی ئایینـی خـوادا، بـۆ خسـتنە ڕوو، ئنجـا ئـەو پـەرچ و کۆسـپەی دێتـە ڕێیـان، کـە بریتیـە لـە ترسـان لـەوەی بەڵایـان بەسـەر بـێ و، چ نارەحەتییەکیـان بێتـە ڕێ، وەک کـوژران و برینداربـوون و کەمئەندام بـوون و مـاڵ و سـامان لـە دەسـتچوون، یـان بەڵایەکیـان بەسـەر بـێ لـە زەویـداو لـە دەوروبەریانـدا، یاخـود: چاکـەو بەرژەوەندییەکیـان لـە دەسـت بچـێ، چونکـە بـەڵا دوو جـۆرە:

یەکەم: بەڵاو گرفتارییەکی ناخۆشت بەسەر بێ.

دووەم: شتێکی بەسوودو چاکت لە دەست بچێ.

ئنجا خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات و دەفەرموێ:

١)- ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ ﴾، هیچ بەڵایەک تووش نابێ، نە لە زەویدا نە لە خودی خۆتاندا.

٢)- ﴿ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ﴾، مەگەر لە نووسراوێک دایە، (**مَفْعُول أَصَابَ مَحْذُوْف**)، یانی: (**مَا أَصَابَ أَحَدًا**)، هیچ کەسێ هیچ بەڵایەکی تووش نابێ، یاخود (**مَا أَصَابَكُمْ**)، هیچ بەڵایەکتان تووش نابێ، خوا ﷻ لە قورئاندا هەمیشە ئەو شتانەی بە سیاق و سەلیقە دەزانرێن، کتێبی خۆی پێ قەڵەبالَغ نەکردوون، چونکە وشەی (**مَا**)، لابەرە (**نَافِيَةٌ**)یە، ﴿ مِن مُّصِيبَةٍ ﴾، (**مِنْ**) (**زائدة لِلدَّلَالَة عَلَى نَفِي الجِنْسِ، قَصْداً للعُمُوم**)، (**من**) زیادکراوە بۆ گەیاندنی لابردنی تێکڕا بەمەبەستی گشتیی، یانی: جینسی بەڵاو ناڕەحەتییتان بەسەر نایەت لە زەویداو لە خودی خۆتاندا، ﴿ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ﴾ مەگەر لە نووسراوێکدا هەیە، وەک زۆرجار گوتوومانە: (**کتاب**) دەگونجێ مەبەست پێی دروستکراوێکی خوا بێ، کە هەموو زانیارییەکانی خۆی تێدا تۆمار کردوون، کە بە: (**لوحُ مَحْفُوظ**) (**إمَامٍ مُبِيْن**)، (**وَكِتَابٍ مُبِيْن**)، (**کتاب حفیظ**)، تەعبیری لێکراوە، یان مەبەست پێی زانیاریی خوایە ﷻ، بەڵام خوا بۆیە بۆ ئێمەی دەخاتە چوارچێوەی تەعبیری: نووسراو (**كِتَاب**)، یان: تەخت (**لوح**)، یان: پێشەوا (**إمام**) چونکە ئێمە وا حاڵیی دەبین و، دەزانین کە ئەگەر شتێک بنووسرێ لە لەوحێکداو، لە نووسراوێکدا، ئەو زانیارییە پارێزراو دەبێ، مەبەست پێی ئەوەیە کە زانیاریی خوا ﷻ گۆڕانی بەسەردا نایەت و، لە کاتی خۆی دواناکەوێ و، لە بیر ناچێتەوەو فەرامۆش نابێ.

٣)- ﴿ مِّن قَبْلِ أَن نَّبْرَأَهَآ ﴾ {ئەو بەڵایەی کە بەسەرتان دێ لە زەوییدا یان لە خودی خۆتاندا، تۆمار کراوەو، لەلای خوا زانراوە} بەر لەوەی بیهێنینە دی، (**نَبْرَأَهَا: البَرْأُ: الخَلْقُ، وَمِنَ أَسْمَاءِ اللهِ تَعَالَى: الخَالِق البَارِيء المُصَوِّر**)، (**بَرْأ**): بە مانای (**خَلْق**)ە، هێنانە دی و

(باريء) لە ناوەکانی خوایە: ﴿ ٱلۡخَٰلِقُ ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُ ﴾ الحشر، (خَالِق) بەدیهێنەرە، (بَارِئ) پەیداکەرە، (مَصَوِّر) وێنە کێشە.

٤)- ﴿ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی ئەوە بۆ خوا ئاسانە.

ئەمەش بەر پەرچدانەوەی ئەوانەیە کە لە بارەی زانیاریی خوای پەروەردگارەوە، پێیان وابووە: ناگونجێ خوا شتی بچووک بزانێ، فەیلەسووفەکانی یۆنان، بە تایبەت ئەفلاتوون و ئەرەستۆ رایان وابووە، کە خوا لەوە بەرزترە شتی بچووک بزانێ! موعتەزیلەش وا پێدەچێ هەر لە ژێر کاریگەریی فەیلەسووفەکانی یۆنان داو، بەهۆی ئەوەوە کە زۆر جار زێدەڕەۆییان کردوە لە پشت پێ بەستنی عەقڵ دا، لەسەر حیسابی دەق، لەسەر حیسابی وەحیی، ئەوەش هەر بە کارتێکراوییان، بۆ فەیلەسووفەکانی یۆنان، ئنجا فەیلەسووفەکانی یۆنان کەوەحییەکی خواییان لەبەر دەست دانەبووە، ڕەنگە تاکو ڕادەییەک بیانوویان بووبێ، بەڵام بۆ موعتەزیلە کە ئەهلی ئیسلام بوون، قورئانیان لەبەر دەست دابوو، سوونەتیان لەبەر دەست دابوو، هیچ بیانوو و پاساویان نەبووە، موعتەزیلەش ڕایەکی وایان هەیە، کە خوا کردەوەکانی مرۆڤەکان نازانێ، گوتوویانە: ئەگەر بڵێین: خوا کردەوەکانی مرۆڤەکان دەزانێ، کەواتە: بەر لەوەی مرۆڤەکان کردەوەکان بکەن، ئەگەر چاک و، ئەگەر خراپ، خوا زانیوێی، ئنجا وایانزانیوە بەوە حاڵەتی جەبر ڕوو دەدات، چونکە خوا شتێک بزانێ، هەر دەبێ بێتە دی! بەڵام لە ڕاستییدا وەک لە باسی قەزاو قەدەردا باسمان کردوە، موعتەزیلەو جەبرییە لە یەک شت بێ ئاگابوون، کە بریتیە لەوەی خوا کە زانیویەتی مرۆڤ چی دەکات؟ ئەگەر چاکەو ئەگەر خراپە، زانیویەتی کە بە ویستی ئازادانەی خۆی دەیکات، مرۆڤی بڕوادار بە ویستی ئازادانەی خۆی ئیمان دێنێ و، بە ویستی ئازادانەی تاعەت و چاکە ئەنجام دەدات، کەسی بێبڕواش بە ویستی ئازادانەی خۆی کوفر دەکات، یان نیفاق هەڵدەبژێرێ، یان ڕوو لە ئیلحاد دەکات، ڕوو لە تاوان و لادان و خراپە دەکات، کەواتە: کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٌ ﴾، ئەوە

بۆ خوا ئاسانە، واتە: پێتان وا نەبێ بۆ خوا شتێکی قورس و بە زەحمەتە، هەموو شتێک بزانێ، وردو درشت لە بارەی دروستکراوەکانیەوە بزانێ، بەڵکو هەر ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە، کەسێک ئامێرێک دروست دەکات، هەموو شتێک لە بارەی ئامێرەکەی خۆیەوە دەزانێ، دەزانێ تاکو چەند دەوام دەکات و، چۆن کاری پێ دەکرێ و، ئەو کەتەلۆکەی لەگەڵی دایە، هەموو زانیارییەکانی تێدان، ئەدی خوا ﷻ کە ئێمەی خوڵقاندوە، چۆن نازانێ: چی دەکەین و چۆن دەکەین و سەرەنجاممان چی دەبێ؟ بەڵام خوا دەزانێ: ئێمە چی دەکەین و چۆن دەکەین؟ بە ویستی ئازادانەی خۆمان، بۆیە شایستەی پاداشت دەبین، ئەگەر چاکە بکەین و، شایستەی سزا دەبین، ئەگەر خراپە بکەین.

کە دەفەرموێ: ﴿ مَآ أَصَابَ مِن مُّصِيبَةٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا فِىٓ أَنفُسِكُمْ إِلَّا فِى كِتَٰبٍ ﴾، **(هَذَا مِن قَصْرِ المَوْصُوف عَلَى الصُّفَة، وَهُوَ قَصْرٌ إِضَافِيٌّ، أَيْ إِلَّا فِي حَالِ كَوْنِهَا فِي كِتَابٍ، رَدًّا عَلَى اعْتِقَادِ الْمُشْرِكِينَ وَالْمُنَافِقِينَ: [(لَوْ كَانُوا عِنْدَنَا مَا مَاتُوا وَمَا قُتِلُوا])**، ئەمە لە کورت هەڵێنانی مەوصووفە لەسەر سیفەتەکەی و پێی دەگوترێ: کورت هەڵێنانی **ئیضافیی** واتە: ئێوە تووشی هیچ بەڵایەک نابن، مەگەر لە حاڵێکدا کە تۆمار کراوە، ئەمەش بەرپەرچدانەوەی هاوبەش بۆ خوا دانەرو دەغەڵەکانە، کە پێیان وابوو خوا شتەکان نازانێ، کە لە سوورەتی **(آل عمران)**دا، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَقَالُوا۟ لِإِخْوَٰنِهِمْ إِذَا ضَرَبُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ أَوْ كَانُوا۟ غُزًّى لَّوْ كَانُوا۟ عِندَنَا مَا مَاتُوا۟ وَمَا قُتِلُوا۟ ﴿١٥٦﴾ ﴾، واتە: ئەی بڕواداریینە! ئێوە وەک بێبڕوایەکان مەبن، کە بە برایەکانی خۆیان، کاتێک کە بەرێ دا ڕۆیشتن بۆ بازرگانیی، یاخود بۆ جەنگ چوون، گوتیان: ئەگەر لەلای ئێمە بوونایە، نە دەمردن و نە دەکوژران {ئێوە وەک ئەوان بیرمەکەنەوە} دوایی خوا ﷻ حیکمەتی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، بۆچی ئەو زانیارییەمان پێدەدا، کە پێش ئەوەی هەر بەڵایەکتان بەسەر بێ و، پێش ئەوەی بەڵایەکە پەیدابێ و خوا دروستی بکات و بیهێنێتە دی، تۆمارکراوەو زانراوە؟

٥)- ﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ ﴾، بۆ ئەوەی زۆر خەفەتبار نەبن بۆ شتێک کە لە دەستتان دەچێ.

٦)- ﴿ وَلَا تَفْرَحُوا بِمَا آتَاكُمْ ﴾، زۆریش دڵخۆش نەبن بەشتێک کە (خوا) پێتان دەدات، (آتَاكُم)، خوێندراویشەتەوە: (أَتَاكُمْ)، واتە: بۆتان دێ، (آتَاكُم)، واتە: (أَعْطَاكُم)، واتە: پێی داون.

پێشـتریش ئامـاژەم پێـدا: مەگـەر چـۆن دەنـا تەفسـیرەکان هەموویـان وشـەی (تَأْسَـوْا)، هـەر بـە (تَحْزَنُـوْا)و، وشـەی (تَفْرَحُـوْا)ش هـەر بـە (تَـسُرُّوا)، یـان (تُـسَرُّوا)، لێـک دەدەنـەوە، بـەڵام ئەمـە ئیشـکالمان بـۆ دروسـت دەکات و، خـواش ﷻ وشـەی (حُـزْن)ی بەکارهێنـاوە لـە شـوێنی دیکـە، هـەروەک وشـەی (سُرُور)یشـی بەکارهێنـاوە لـە شـوێنی دیکـە، بـەڵام کـە لێـرە وشـەی (أَسَى) و (فَـرَح)، بەکاردێنـێ، ئەمـە بـێ حیکمـەت نیـە، حیکمەتەکـەش ئەوەیـە کـە: (الأَسَى: أَشَـدُّ الحُـزْن)، واتـە: سـەختترین خەفـەت و نارەحەتیـی ئەوپـەڕی دڵتەنگیـی و، (الفَـرَحُ: أَشَـدُّ الـسُّرُور)، ئـەو پـەڕی دڵخۆشـیی، چونکـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: حیکمـەتی ئـەوە کـە پێـم ڕاگەیانـدن: هـەر بەڵایەکتـان لـە زەویـدا، واتـە: لەدەوروبەرتانـدا یـان لـە خۆتانـدا بەسـەر بـێ، پێـش ئـەوەی دروسـتی بکەیـن لـە نووسراوێکـدا هەبـووە، حیکمەتەکـەی ئەوەیـە کـە لەسـەر ئـەوەی لـە دەسـتتان دەچـێ (أَسَى)تـان نەبـێ و، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە بۆتـان دێ (فَرَح)تـان نەبـێ، ئنجـا ئەگـەر (أَسَى) بـە مانـای خەفـەت خـواردن و دڵتەنگیـی بـێ، واتـە: کەسـێک کـە دڵتەنـگ دەبـێ بـەوەی خێرێکـی لـە دەسـت دەچـێ، قازانـج و بەرژەوەندییەکـی لـە دەسـت دەچـێ، ئـەوە پێچەوانـەی فەرمـانی خوایـە! کـە ئـەوەش لـە ڕاسـتییدا ئەرکدارکردنـە بـە شـتێک کـە لـە توانـادا نیـە، چونکـە هەمـوو کـەس تەنانـەت پێغەمبەرانیـش (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ) ئەگـەر خێـرو خۆشـیی و بەرژەوەندییەکیـان لـە دەسـت چـوو بـێ، پـێ دڵتەنـگ بـوون، هەروەهـا لـەولاش ڕا: ئەگـەر بەرژەوەندییەکیـان بـۆ دەسـتەبەر بـوو بـێ و هاتیـان بووبـێ و، خۆشـییان بووبـێ، پێـی دڵخـۆش بـوون، هـاوەڵان خـوا لێیـان ڕازی بـێ دەڵێـن: پێغەمبـەری

خوامـان ﷺ دەبینـی کـە لـە شـتێک تـوورە دەبـوو، خەفـەتی دەخـواردو دەم و چـاوی موبارەکـی تاریـک دادەهـات، کـە دڵخۆشـیش دەبـوو، دەم و چـاوی وەک پارچـە مانگێـک دەدرەوشـایەوە، پێغەمبەرانیـش (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) بـە نەهـات دڵتەنـگ بـوون و، بـە هاتیـش دڵخـۆش بـوون.

کەواتـە: خـوا دەفەرمـوێ: ئـەی بڕوادارینـە! ئـەوەم بۆیـە بـۆ ڕوونکردوونـەوە تاکـو بـە نەهـات و زیـان و ناخۆشـیی، زۆر خەفەتبـار نەبـن و ئەوپـەڕی خەفەتباریـی داتـان نەگـرێ، هەروەهـا بـە دەسـتەبەر کـرانی بەرژەوەندیـی و خێـرو چاکەیەکیـش، ئەوپـەڕی شـادمانیی و دڵخۆشـییتان بـۆ دروسـت نەبـێ، نـەک هیـچ دڵخـۆش مەبـن، دڵخۆشـبە بـە چاکـەی دنیـا، بـەڵام بـا ئەوپـەڕی دڵخۆشـییت بەهـۆی هاتـەوە نەبـێ، و ئەوپـەڕی دڵتەنگییشـت بەهـۆی نەهاتـەوە نەبـێ، لـەو بـارەوەش دوو بەڵـگان دێنمـەوە، چونکـە قورئـان هەندێکـی هەندێکـی تەفسـیر دەکات و بـۆ تێگەیشـتن لـە هـەر وشـەیەک، دەبـێ تەماشـای ئـەو وشـەیە بکەیـن لـە سـیاقەکانی دیکـەدا، ئـەوە زۆر یارمەتییدەرمـان دەبـێ، بزانیـن ئـەو وشـەیەی لـەو سـیاقە دا هاتـووەو، دەمانـەوێ مانایەکـەی بزانیـن، مانایەکـەی چییـە؟:

یەکەم: لە بارەی (**فَرَح**)ەوە، لە سوورەتی (**یونس**)دا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ قَدْ جَآءَتْكُم مَّوْعِظَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴿٥٧﴾ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ هُوَ خَيْرٌ مِّمَّا يَجْمَعُونَ ﴿٥٨﴾ ﴾، واتە: ئەی خەڵکینە! لە پەروەردگارتانەوە ئامۆژگارییتان بۆ هاتوە، ﴿ وَشِفَآءٌ لِّمَا فِى ٱلصُّدُورِ ﴾، هەروەها چارەسەر بۆ ئەوەی لە سینەکاندا هەیە، ﴿ وَهُدًى وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ ﴾، دیسان ڕێنمایی و بەزەیی بۆ بڕواداران، دوایی دەفەرموێ: ﴿ قُلْ بِفَضْلِ ٱللَّهِ وَبِرَحْمَتِهِۦ ﴾ [بە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:] پێیان بڵێ: با بە بەخششی خواو بەزەییەکەی ﴿ فَبِذَٰلِكَ فَلْيَفْرَحُواْ ﴾، با بەس بەوە زۆر دڵخۆش بن، بە شتی دیکە دڵخۆش دەبن، بەڵام با ئەوپەڕی دڵخۆشییان تەنیا بە بەخششی خواو بە بەزەیی خوابێ، کەواتە: (**سُرُور**)، واتە: دڵخۆشیی، دەگونجێ بەشتی دیکەش بێ، بەڵام ئەو پەڕی دڵخۆشیی، کە وشەی (**فَرَح**)، تەعبیری لێ دەکات،

دەبێ تەنیا بە بەخششی خواو بە بەزەیی خوا بێ، بەڵام دڵخۆشیی هاکەزایی و سادە، بە هەر شتێک بێ، ڕێی لێ نەگیراوە، بەڵام ئەوپەڕی دڵخۆشیی، دەبێ تەنیا بە شتە مەعنەوییەکان بێ، بەو شتانەی پەیوەندییان بە خواوە هەیە ﷻ.

دووەم: بە نسبەت (أسَى)وە، کە لێرەدا خوا دەفەرموێ: ﴿ لِّكَيْلَا تَأْسَوْا عَلَىٰ مَا فَاتَكُمْ ﴾، شتێکی ئاشکرایە: مرۆڤ وەختێ خێرو بەرژەوەندییەکی لە دەست دەچێ، بۆ وێنە: منداڵێکی دەمرێ، خزمێک و دۆست و خۆشەویستێکی دەمرێ، یان لە بازرگانییەکەیدا زیانێک دەکات، خانووەکەی لێ دەڕووخێ، ئاژەڵەکەی لێ دەمرێ، بەرژەوەندییەکی لێ تێکدەچێ، بەدڵنیایی پێی دڵتەنگ دەبێ، کەواتە: چۆن خوا دەفەرموێ: بەوە دڵتەنگ مەبن، هیچ دڵتەنگ مەبن! نا، یانی: با ئەوپەڕی دڵتەنگییتان بۆ دروست نەبێ، ئەگەر نا مانای وایە خوا شتێکی لە بەندەکانی داواکردبێ، لە توانایاندا نیە!

ئنجا ئایا بۆچی خوا ﷻ لێرە ئەوە ڕادەگەیەنێ؟ دەڵێین: چونکە ئایەتەکانی پێشێ فەرمانیان کرد بە فیداکاریی لە پێناو خواداو، ماڵ و سامان بەخشین لە پێناوی خوادا، ئنجا وەختێ مرۆڤ ڕێی فیداکاریی بگرێتەبەر، تووشی نارەحەتیی و بەڵاو گرفتارییش دەبێ، تووشی زیان لێ کەوتنی ماددیی و بەڵا بەسەرهاتن دەبێ، بۆیە دەفەرموێ: ئەگەر نەهاتتان بوو، زۆر دڵتەنگ و خەفەتبار مەبن و، ئەگەر هاتیشتان بوو، زۆر دڵخۆش و شادمان مەبن.

ئایەتەکانی پێشێش باسی ژیانی دنیایان کرد، چۆنە! ئنجا ژیانی دنیا وەک خوا پێناسەی کردوە، لە ڕووە مادییەکەوە، ئاوا تەماشای بکەی ئەو کاتە نە بە هاتی دنیا، زۆر دڵخۆش دەبی، نە بە نەهاتەکەشی، زۆر خەفەتبارو دڵتەنگ دەبی، وەک کوردەواریی خۆمان دەڵێن:

(فڵانکەس هێندە خەفەتبارە، دەڵێی لە ژێر درەختێکە یەک گەڵای پێوە نیە)، یان ئەگەر کەسێ بە شتێکی کەم خەفەتبار بێ، دەگوترێ: (فڵانکەس دڵی وەک شارە مێرووییە، بە دڵۆپە ئاوێک وێران دەبێ)، یان دەگوترێ: (فڵانکەس بەلەمی

نقـووم بـووە)، خـواش ﷻ مسـوڵمانان پـەروەردە دەکات و دەفەرمـوێ: نـە بەهـات زۆر دڵخـۆش بـن و، نـە بـە نەهـات زۆر دڵتەنـگ بـن.

٧)- ﴿ وَٱللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴾، خواش هەر بوغراو خۆ بەزلگرو لە خۆڕازییەکی شانازییکەری خۆشناوێ.

(**مُخْتَال: إفْتِعَالٌ مـن الخُيَلَاء**)، (**خُيَلَاء**)، ئەوەیـە ئینسـان لـە خەیاڵـی خۆیـدا خـۆی پـێ زۆر بـێ، خـۆی پـێ گـەورەو گرنـگ بـێ، (**إخْتِيَـال**)، (**إفْتِعَـال**)ە، لـە (**خُيَـلَاء**)ەوە (**مُخْتَال**)یـش ئـەو کەسـەیە کـە وایـە، (**فَخُور**)یـش (**صِيْغَـة المُبَالَغة**)یـە، لـە (**فَاخِـر**)ەوە، (**فَاخِـر**) واتـە: شـانازیی بەخۆوەکـەر، (**فَخُـور**)، واتـە: زۆر شـانازیی بەخۆوەکـەر، ئـەو کەسـەی شـانازیی زۆر بـە سـەر خەڵکـدا دەکات، خـوا هـەر کەسـێ وابـێ خۆشـیناوێ، هەڵبەتـە ئـەو خـۆ پەسـندیی و لـە خۆڕازیـی بوونـەی نێـو دڵیشـە، کـە دوایـی لـە شـێوەی شـانازیی بەسـەر خەڵکـدا کردنـدا بەرجەسـتە دەبـێ بـە کـردەوە، هەمیشـە کـردەوەو ڕەفتـارە خراپـەکان، یـان چاکـەکان، ڕیشـەو بنکەکەیـان پەیوەندیـی هەیـە بـە سـیفەتە دەروونییەکانـەوە، کەسـێک لـە دەروونی خۆیـدا زۆر لـە خۆڕازیـی و خـۆ پەسـەند نەبـێ، شـانازیی بەسـەر خەڵکـدا نـاکات.

٨)- ﴿ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبُخْلِ ﴾، ئەوانەی چرووکیی و ڕژدیی دەکەن و، فەرمانیش بە خەڵک دەکەن بە چرووکیی و بە ڕژدیی.

ئنجـا فەرمـان پێکردنەکـە، چ بـە قسـە پێیـان بڵێـن: بۆچـی ماڵـی خـۆت ئـاوا دەبەخشـی؟! چ بـە کـردەوە ببنـە سـەر مەشـقیان. کەسـێک کـە چـرووک و ڕژد بـوو، جـاری وایـە ئـەوەی تەماشاشـی دەکات لەویەوەفێـری چرووکیـی و ڕژدیـی دەبـێ.

٩)- ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِيُّ ٱلْحَمِيدُ ﴾، هەر کەسێ پشت هەڵبکا، بە دڵنیایی بەس خوای خۆی بێ نیازی ستاییشکراوە.

شـایانی باسـە: (نافـع و ابـن عامـر) ئـەم ئایەتـە موبارەکەیـان خوێندۆتـەوە، بـێ ئـەوەی ڕانـاوی جیاکردنـەوە (**ضَمِـيْرِ الفَصِـل**) کـە (**هُوَ**)یـە، بـەکاری بێنـن، واتـە:

گوتوویانـە: (وَمَـنْ يَتَـوَلَّ فـإنَّ اللـه الغَنِـيُّ الحَمِيْـد)، هـەر کەسـێک پشـت هەڵبـکات، بەدڵنیایـی خـوا بێنیـازی ستاییشـکراوە، بـەڵام ئـەوانی دیکـە هەموویـان (هُوَ)کەیـان لەگەڵـدا خوێندۆتـەوە، ماناکەشـی هـەروەک یەکـە، بـەڵام (هُـوَ) مانایەکـەی زیاتـر بەهێـز دەکات.

(الغَنِـيُّ: المَوْصُـوفُ بِالْغِنَـى: عـدَمُ الإحْتِيَـاج)، واتـە: وەسـفکراو بـە بـێ نیازیـی و دەوڵەمەندیـی واتـە: ئاتاجـی کـەس نیـە.

وشەی (حَمِيْد)، دوو واتای هەن:

یەکەم: (كَثِيْرُ الحَمْدِ للمُنْفِقِيْن)، خوا زۆر ستاییشی ئەوانە دەکات کە دەبەخشن، (حَمِيْد) بەم مانایەو لەم حاڵەدا لەسەر کێشی (فعِيل)ەو، بە مانای بکەر (فَاعِل)ە، واتە: (حَامِد)، ستاییشکار، خوا ستاییشکارە بۆ ئەوانەی ماڵ دەبەخشن.

دووەم: (حَمِيْد)، (فَعِيْل)ی بە مانای (مَفْعُول)ە، واتە: ستاییشکراو (مُحْمُود).

یەکێـک لـە زانایـان لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـە موبارەکانـەدا دەڵـێ: کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ لِّكَيۡلَا تَأۡسَوۡاْ ﴾، ئـەو (ل)ە، (لَامِ التَّعْلِيـل)ە، یـانی: ئەوەمـان بۆیـە بـۆ ڕوونکردنـەوە، تاکـو زۆر خەفەتبـار نەبـن، بـە شـتێک کـە لـە دەسـتتان دەچـێ و، زۆریـش دڵخـۆش نەبـن بـە شـتێک کـە دێتـە دەسـتتان، یاخـود پێتـان دەدات: (وَالْمَعْنَـى: أَخْبَرْتُكُـمْ بِذَلِـكَ لِتَكُونُـوا حُكَـمَاءَ بُـصَرَاءَ، فَتَعْلَمُـوا أَنَّ لِجَمِيـعِ ذَلِـكَ أَسْـبَابًا وَعِلَلًا، وَأَنَّ لِلْعَالَـمِ نِظَامًـا مُرْتَبِطًـا بَعْضُـهُ بِبَعْـضٍ، وَأَنَّ الْآثَـارَ حَاصِلَـةٌ عَقِـبَ مُؤَثِّرَاتِهَـا لَا مَحَالَـةَ).

واتـە: بۆیـە ئەوەمـان پـێ ڕاگەیانـدن، تاکـو کارزان و بینەربـن و، بزانـن کـە هەمـوو ئەوانـە، {بەڵاتـان کـە بەسـەر دێ، خۆشـیی و ناخۆشـیی کـە دێنـە ڕێتـان} هەمـووی هـۆکاری هەیـە، ئـەم دنیایـە سیسـتمێکی پێکـەوە پەیوەسـتی هەیـەو، شـوێنەوارەکان لـە دوای کارتێکـەرەکان هـەر پەیدادەبـن و هیـچ چـار نیـە {کەسـێ ژەهـر بخـوات، دوای ژەهرەکـە، شـوێنەواری لـە جەسـتەیدا پەیدادەبـێ، هـەروەک کەسـێ خواردنێکی بەسـوود بخـوات، شـوێنەواری لـە جەسـتەیدا پەیدادەبـێ}.

هەروەها ئامانجێکی دیکەی ئەو ڕاستییانەی خوا باسیکردوون، لەم ئایەتە موبارەکانەدا، ئەوەیە کە هەر کام لە خۆشییان و لە ناخۆشییان سەرەنجام بەرەو کۆتایین، واتە: زۆر دڵخۆش مەبن بە هات و، زۆریش دڵتەنگ مەبن بە نەهات، چونکە سەرەنجام ژیانی دنیا کەمەو کەمی بە بەرەوەیەو زوو دەبڕێ و، هەرچۆن بێ، خۆشیی و ناخۆشیی سەرەنجام کۆتاییان پێ دێ و دەبڕێن.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئــەم دەرســە پێنــج (٥) ئایــەتی کۆتایــی ســوورەتی (**الحدیــد**) دەگرێتــە خــۆی، ئایەتــەکانی: (٢٥ - ٢٩)و، ســێ بابــەتی ســەرەکییان گرتوونــە خۆیــان:

یەکەم: ڕاگەیاندنی ئەوە کە تێکڕای پێغەمبەرانی خوا (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) بە بەڵگە ڕۆشنەکان و بە کتێب و تەرازووەوە نێردراون، بۆ چەسپاندنی دادگەریی لە نێو خەڵک داو، خوای کارزانیش ئاسنی دابەزاندوە، کە وێڕای هێزی زۆر، سوودی زۆریشی تێدا هەن بۆ خەڵک، تاکو خوا لەسەر ئەرزی واقیع پشتیوانانی خۆی و، پێغەمبەرەکانی خۆی، بۆ دەربکەون.

دووەم: خوا هەر کام لە نووح و ئیبراهیم (**عَلَيْهِمَا الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)ی ناردوون و، کتێب و پێغەمبەرایەتییشی خستۆتە وەچەی ئەوانەوەو، لە دوای وان، کتێبەکانی خواو پێغەمبەرایەتیی لە وەچەی ئەواندا کورتهەڵاتوە، ئنجا هەم ڕێی ڕاستگرتوو، هەم لا دەریشیان تێدا بوون، واتە: وەچەی ئەم دوو پێغەمبەرە پایە بەرزە: نووح و ئیبراهیم.

لــە دوای وانیــش پێغەمبــەرانی دیکــەی نــاردوون و کۆتایــی هەمووشــیان عیســای کــوڕی مەریــەم بــووە، کــە ئینجیــلی دراوەتــێ و، شــوێنکەوتووانی عیســاش ﷺ بەزەیــی و پەرۆشــییان بەســەردا زاڵبــووەو، ســەرەنجامیش ڕەهبانییەتێکیــان داهێنــاوە بــە هیــوای ڕەزامەندیــی خــوا، بــەڵام کەمیــان ڕەچاویــان کــردوە، خــواش لەســەری پێویســت نەکردبــوون و، زۆرێکیشــیان لایانــداوەو لــە بازنــەی ئیــمان و ئیســلامیش چوونــە دەرێ.

سێیەم: فەرمانکردنی خوا ﷻ بە بڕواداران کە پارێز لە خوا بکەن و، بڕوا بە پێغەمبەرەکەی موحەممەد ﷺ بێنن، تاکو دوو بەش لە بەزەیی خۆیان پێبدات و، ڕۆشناییان پێبدات و پێی بڕۆن، تاکو خاوەن کتێبەکان پێیان وانەبێ، کە مسوڵمانان ناتوانن بەخششی خوا بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ
بِالْقِسْطِ ۖ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ
بِالْغَيْبِ ۚ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَاهِيمَ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا النُّبُوَّةَ
وَالْكِتَابَ ۖ فَمِنْهُم مُّهْتَدٍ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰ آثَارِهِم بِرُسُلِنَا
وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ وَآتَيْنَاهُ الْإِنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ رَأْفَةً
وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ابْتِغَاءَ رِضْوَانِ اللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ
رِعَايَتِهَا ۖ فَآتَيْنَا الَّذِينَ آمَنُوا مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ ۖ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ ﴿٢٧﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا
اتَّقُوا اللَّهَ وَآمِنُوا بِرَسُولِهِ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِ وَيَغْفِرْ
لَكُمْ ۚ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٨﴾ لِّئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ الْكِتَابِ أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّن فَضْلِ اللَّهِ ۙ
وَأَنَّ الْفَضْلَ بِيَدِ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ ﴿٢٩﴾﴾.

مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان

{بـه دڵنیایـی پێغەمبەرانمـان بـه بەڵگـه (ڕۆشـنه)کانەوه نـاردوون و، کتێـب و تەرازووشـمان لەگـەڵ دابەزانـدوون، تاکـو خەڵـک بـه دادگەریـی هەڵسـن (بەڕێـوه بچـن)و، ئاسنیشـمان دابەزانـدوه هێزێکـی تونـدو سـوود گەلێکـی تێدایـه بـۆ خەڵکـی، هەروەهـا بـۆ ئـەوەی خـوا بزانـێ (و لـه واقیـع دا بیخاتـه ڕوو)، کـێ خـۆی و پێغەمبـەرانی بـه نادیاریـی سـەر دەخـات، بێگومـان خـوا بەهێـزی زاڵـه ﴿٢٥﴾ بـه دڵنیایـی نـووح و ئیبراهیمیشـمان (بـۆ لای خەڵکـی) نـاردن و پێغەمبەرایەتیـی و کتێبیشـمان (لـه دوای وان) تایبەتکـرد بـه وەچەکەیانـەوه، ئنجـا هەیانبـوو (لەوەچـەی ئـەوان) ڕێـی ڕاسـتگرتوو بـوو و زۆرێکیـش لـەوان لاڕێ بـوون ﴿٢٦﴾ دوایـی پێغەمبەرانمـان بـه شـوێنەوارەکانیاندا نـاردن و، عیسـای کـوڕی مەریەمیشـمان وەدواخسـتن (و لـه کۆتاییـان دا ناردمـان)، ئینجیلیمان پێـداو، پـەرۆش و بەزەییشـمان

خستە دڵـی ئەوانـەوە، کـە شـوێنی کەوتـن و ڕەهبانییەتیکیشـیان داهێنـا، کـە لەسـەریانمان پێویسـت نەکردبـوو، مەبەستیان وەدەستهێنانی ڕەزامەندیـی خـوا بـوو، کەچـی وەک شایسـتە بـوو نەیانپاراسـت، سـەرەنجام ئەوانەیـان کـە بڕوایـان هێنـا بـوو، پاداشـتەکەیانمان دانـەوەو زۆریشـیان لاڕێ بـوون ﴿٢٧﴾ ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! پارێـز لـە خـوا بکـەن و بـڕوا بـە پێغەمبەرەکـەی بێنـن، خـوا دوو بـەش لـە (پاداشـت و) بەزەیـی خۆیتـان دەداتـێ و، ڕووناکییەکتـان بـۆ دەڕەخسـێنێ پێـی بـڕۆن و، لێتـان دەبـوورێ و، خـواش لێبـوردەو بـە بەزەییـە ﴿٢٨﴾ (بۆیـە ئـەو بەخششـەمان پێدان) تاکـو خـاوەن کتێبـەکان نەزانـن کـە توانایـان بەسـەر هیـچ شـتێک لـە بەخششـی خـوادا هەیـەو، بەخشـش هەمـووی بـە دەسـتی خوایـە، بـە هـەر کەسـێکی دەدا کـە بیـەوێ، خـوا خـاوەن بەخششـی مەزنـە ﴿٢٩﴾}

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(بِٱلۡبَيِّنَٰتِ): (جَمْـعُ بَيِّنَـة: وهـي الدِلاَلَـة الوَاضِحَـة، عَقْلِيَّـة كَانَـتْ أو مَحْسُوسَـة)، (بَيِّنَـات)، کـۆی (بَيِّنَة)ەیـە، (بَيِّنَـة)ش بـە مانـای گەیاندنێکـی ڕوونـە، چ گەیانـدنی عەقڵیـی بـێ {بەڵگـە هێنانـەوەی عەقڵیـی بـێ} یاخـود بەرهەسـت بـێ، واتـە: گەیانـدن و پێشـاندان بـە ڕوونیـی.

(ٱلۡكِتَٰبَ): (سُـمِّيَ كَلَامُ اللـهِ، (كتابـاً) وإنْ لَـمْ يُكْتَـب كِتَابَـاً)، فەرمایشـتی خـوا، ئەگـەر نەشـنووسرابێتەوە، هـەر بـە (كِتَـاب) ناوبـراوە، واتـە: کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ ﴾، کتێـب و تەرازوومـان، لەگەڵـدا ناردوونـە خـوار، قوڕئانیـش بـە ئیعتیبـاری کـە دوایـی دەنووسرێتـەوە بـە (كِتَاب) ناوبـراوە، یـان هـەر ئـەو نـاوەی لێـنراوە، بـا نەشـنووسرابێتەوە، (وَهُـوَ مَصْـدَرٌ بِمَعْنَـى المَكْتُـوْب، وَسُـمِّي المَكْتُـوب فِي الكتـاب كِتَابَـاً). (كِتَـاب) چاوگـە بـە مانـای نـووسراو، ئـەو شـتەش کـە دەنـووسرێ لـە نووسراوێکـدا، هـەر پێـی دەگوتـرێ: (كِتَـاب).

(وَٱلْمِيزَانَ): (مَا يُوزَنُ بِهِ، آلَةُ الوَزْنِ وَيُسْتَعَارُ للعَدْل)، (مِيزَان): ئەو شتەیە کە شتی پێ دەکێشرێ، ئامرازی کێشان و دەخوازرێتەوە بۆ دادگەریی.

(ٱلْحَدِيدَ): یانی: ئاسن، (المعجم الوسيط)[1] ئاوای پێناسە دەکات، دەڵێ: (عُنْصرٌ فِلِزيٌّ يَجْذِبُهُ المُغْنَاطِيْس يَصْدَأ، وَالجَمْعُ الحَدَائِد)، توخمێکی فیلزییە موگناتیس ڕایدەکێشێ و ژەنگیش دێنێ و، بە (حَدَائِد) کۆ دەکرێتەوە، یانی: ئاسنەکان.

(بَأْسٌ شَدِيدٌ): (البَأسُ الشَّدِيْد: الشِّدَّةُ فِي الحَرْبِ، وَالبَأْسُ: الحَرْبُ، وَالبَأْسُ: العَذَاب)، (بَأس): هەم بە سەختیی و ناڕەحەتیی کاتی جەنگ دەگوترێ، هەم بە خودی جەنگ و، هەم بە سزاو ئازاریش دەگوترێ.

(قَفَّيْنَا): بەدوایاندا ناردمان، (قَفَا الشَّيءَ، أو الأثَرَ: تَبِعَهُ)، بە دوای کەوت، بە دوای شوێنەوارەکە کەوت، (وَقَفَّا عَلَى الشَّيء: أَتْبَعهُ إِيَّاهُ)، شتەکەی بە دوای ئەو شتەدا نارد، (قَفَا الشَّيءَ أو الأثَرَ)، بە دوای شتەکە کەوت.

(رَأْفَةً): (الرَّأْفَةُ: الرَّحْمَة، وَالرَّأْفَةُ: أَشَدُّ الرَّحْمَة، وَالرَّأْفَةُ: دَفْعُ المضرَّة)، بەسێ جۆر مانای (رَأفَة)یان کردوە:

١- بەزەیی.

٢- هەندێک گوتوویانە: بەهێزترینی بەزەیی.

٣- هەندێکیش گوتوویانە: بە مانای لابردنی ئازار، من وشەی (رَأفَة)م، بە پەرۆش و وشەی (رَحمَة)یشم بە بەزەیی، داناوە، دەگوترێ: پەرۆشی فڵانکەسمە کە ناڕەحەتیی تووش بێ، بەزەییم پێیدا دێتەوە، کە چاکەی بۆ بێنم.

(وَرَهْبَانِيَّةً)، (الرَّهْبَة وَالرُّهْبُ وَالرَّهَبُ: مُخَافَةٌ مَعَ تَحَرُّزٍ وَاضْطِرَاب)، (رَهْبَة ورُهْبُ ورَهَبُ)، هەرسێکیان بە مانای ترسانێکە لەگەڵ خۆپاراستن و جۆرێک لە شڵەژاندا، (التَّرَهُّبُ: التَّعَبُّدُ وَهُوَ اسْتِعْمَالُ الرَّهْبَةِ، وَالرَّهْبَانِيَّة غُلُوٌّ فِي تَحَمُّلِ التَّعَبُّدِ

---

(١) ص١٦١.

مِـنْ فَـرْطِ الرَّهْبَـة)، (تَرَهُّـب): بـە مانـای خواپەرسـتیی دێ، کـە بریتیـە لـە بەکارهێنـانی تـرس و سـام بەرانبـەر بـە خـوا، (رَهْبَانِيَّة): بریتیـە لـە تێپەڕانـدن لـە خـوا پەرسـتییدا، لـە ئەنجامـی زۆر سـام و هەیبـەت هەبوونـدا بەرانبـەر بـە خـوا.

(ٱبْتَدَعُوهَا)، واتـە: دایانهێنـاو پەیدایـان کـرد، (البِدْعَـةُ فِي المَذْهَـبِ: إِيـرَادُ قَـوْلٍ لَـمْ يَسْـتَنَّ قَائِلـه وَفَاعِلُـهُ فِيْـهِ بِصَاحِـب الشَّرِيْعَـة وَأَمَاثِلِهَـا المُتَقَدِّمَـة وَأُصُولِهَـا المُتْقَنَـة)، بیدعـەت لـە دینـدا بریتیـە لـە داهێنـانی قسـەیەک کـە بێژەرەکـەی، یاخـود بکەرەکەی، چـاوی لـە خـاوەنی شـەریعەت نەکـردووە، چـاوی لـە وێنـە پێشـووەکانی و، بنەمـا بـە هێـزەکانی نەکـردووە.

(كِفْلَيْنِ): (مُثَنَّـى الكِفـل)ە، (الكِفْـلُ: النَّصِيْـب)، (كِفْـل)، بـە مانـای بـەش دێ، ئنجـا (كِفْلَيْن: ثِنْيْـن مِـنْ نِعْمَتِـه فِي الدُّنْيَـا وَالآخِـرَة، وَهُـمَا المَرْغُـوْب إِلى اللـه تَعَـالَى فِيْهِـمَا)، واتـە: دوو لـە چاکـەکانی خـوا لـە دنیـاو دواڕۆژدا، کـە بریتیـن لـەوەی ئارەزوویـان بـۆ بکـرێ و لـەلای خـوای بـەرز پەسـند بـن.

(رَعَوْهَا): واتـە: ڕەچاویـان کـرد (فَمَارَعَوْهَا)، واتـە: ڕەچاویـان نەکـردووە، ئاگایـان لێـی نەبـووە، (مُرَاعَـاة الإِنْسَـانِ لِلأَمْـرِ: مُرَاقَبَتـه إِلى مَـاذَا يَصِـيْر، وَمَـاذَا مِنْـهُ يَكُـون)، موراعـاتی مـرۆڤ بـۆ شـتێک ئەوەیـە کـە چاودێریـی بـکات چـی لـێ دێ و چـی لـێ بەسـەر دێ؟

مانای گشتیی ئایەتەکان

پێنج ئایەتی کۆتایی سوورەتی (الحَدِيد) ئایەتەکانی: (٢٥ - ٢٩)، وەک کاتی خۆی لە پێناسەی ئەم دەرسەدا، کە ئەو پێنج ئایەتە دەگرێتە خۆی، باسمان کرد، چەند ڕاستییەکی زۆر گەورەو گرنگ، وەک هەموو ئایەتەکانی قورئان، دەگرنە خۆیان، خوا دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ﴾، بە دڵنیایی ئێمە پێغەمبەرانی خۆمان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردوون، ﴿وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ﴾، کتێب و تەرازووشمان لەگەڵ دابەزاندوون، ﴿لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ﴾، تاکو خەڵک بە دادگەریی بەڕێوە بچن و بە دادگەریی هەڵسن، ﴿وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ﴾، ئاسنیشمان ناردۆتە خوارێ، هێزێکی سەختی تێدایە، هێزێکی توندی تێدایە، ﴿وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ﴾، هەروەها سوود گەلێکیشی بۆ خەڵکی تێدا هەن، ﴿وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ﴾، بۆیەش (ئاسنی دابەزاندوە) تاکو خوا بزانێ کێ سەری دەخات و پشتیوانیی لە خۆی و پێغەمبەرەکانی دەکات، بە پەنامەکیی، واتە: کە لە کاتێکدا کە خوا ﷻ نابینێ و پەنهانە، ﴿إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾، بە دڵنیاییەوە خوا بە هێزی زاڵ و باڵا دەستە.

لەبەر ئەوەی دوایی هەم کورتە باسێک لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە دەکەین لە حەوت بڕگەداو، هەم کورتە باسێکیش لە بارەی ئاسنەوە، ئێستا هەر ئەوەندە دەڵێین: لێرەدا خوا ﷻ زۆر بە جەختکردنەوەوە فەرموویەتی: پێغەمبەرانی خۆمان بەبەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردوون و، کتێب و تەرازووشمان لەگەڵ دابەزاندوون، تاکو خەڵک بەدادگەریی بەڕێوەبچن، چونکە (لَقَدْ)، کە لە (ل) و (قد) پێکهاتوە، زۆرێک لە زانایان دەڵێن: (ل)، لامی سوێند پێ خواردنە، هەندێکیش دەڵێن: لامی زەمینە خۆشکەرە بۆ سوێند، (قَدْ)یش بۆ

ساغکردنەوەیە، واتە: بە دڵنیاییەوەو بە ساغکراوەیی و هیچ مشتومڕی تێدانیە، پێغەمبەرانی خۆمانمان (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردوون، بەڵگە ڕۆشنەکانیش:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی موعجیزەکانی پێغەمبەران بێ (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**).

ب- یاخود بەڵگە ڕۆشنەکان، ئەو بەڵگانەن کە پێغەمبەران لە وتو وێژ لەگەڵ نەیارەکانیاندا خستوویاننە ڕوو.

ج- هەر خودی پێغەمبەرانیش (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) هەر کامێکیان لە خودی خۆیدا بەڵگە بووە لەسەر ڕاستیی و، لەسەر ئەوە کە ڕەوانە کراوی خوایە، ﴿وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ﴾، لەگەڵیاندا کتێب و تەرازووشمان دابەزاندوون، کتێب مەبەستی پێ ئەو بەرنامەو پەیامەیە کە خوا سروشی کردوە بە پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، تەرازوو (**الميزان**)ش مەبەست پێی تەرازووی ئامێریی (**الميزان الآلي**) نیە، خوا تەرازووی لە ئاسمانەوە دانەبەزاندوە، بەڵکو مەبەست پێی دادگەرییە، یاخود ئەو میتۆدو بەرنامەیە کە پەیام و بەرنامەی خوای پێ بەڕێوەدەچێ، واتە: شێوازی پیادەکردنی بەرنامەی خوا، یانی: (میزان) لێرەدا مانا ڕواڵەتییەکەی مەبەست نیە، بەڵکو مانایەکی دیکەی پێ مەبەستە کە بریتیە لە دادگەریی، یاخود هاوسەنگیی.

ئنجا ئایا بۆچی خوا ﷻ پێغەمبەرانی خۆی (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردوون و، کتێب و تەرازووشی لەگەڵ دابەزاندوون؟ تاکو خەڵک بە دادگەریی هەڵسن و بەڕێوە بچن، واتە: هەموو پێغەمبەران هاتوون دادگەریی لە نێوان خەڵک دا بچەسپێنن، ﴿وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ﴾، یەکسەر کە باسی چەسپاندنی دادگەریی دەکرێ، دادگەریی پێویستیی بەهێز هەیە لە پشتیەوە، چونکە ستەمکاران ناهێڵن دادگەریی بچەسپێ و لەبەر بەرژەوەندیی خۆیانیدا، نابینن، بۆیە یەکسەر خوا ﷻ دەفەرموێ: ئاسنیشمان دابەزاندوە، هێزێکی زۆری تێدایەو، سوود گەلێکی زۆریش بۆ خەڵک و، بۆ ئەوەش کە خوا

بزانێ کێ خۆی و پێغەمبەرەکانی سەر دەخات، بە پەنامەکیی و بە پەنهانیی، ئنجا بۆ ئەوەی وا نەزانرێ خوا ﷻ پێویستیی بە یارمەتییدان و سەرخستنی خەڵکە، دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾، بە دڵنیایی خوا زۆر بەهێزەو زۆریش باڵادەست و زاڵە، بەڵام خوا دەیەوێ خەڵک تاقی بکاتەوە، کە دەشفەرموێ: ﴿وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ﴾، بۆ ئەوەی خوا بزانێ، ئایا خوا نازانێ؟! با، واتە: بۆ ئەوەی لە واقیع دا دەرکەوێ و بەرجەستە ببێ، ئەوەی خوا دەیزانێ ﷻ، لە میانی ویستی مرۆڤەکان و کردەوەو هەڵسوکەوتیان دا بەرجەستە ببێ، لەسەر ئەرزی واقیع.

دوایی دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَٰهِيمَ وَجَعَلْنَا فِى ذُرِّيَّتِهِمَا ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ﴾، بە دڵنیایی ئێمە نووح و ئیبراهیممان (عَلَيْهِمَا الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، ناردن، کە دوو پێغەمبەری زۆر پایە بەرزی خوان، دوای ئەوەی باسی پێغەمبەرانی کرد بە گشتیی، ئنجا باسی دوو لەو پێغەمبەرە پایە بەرزانە دەکات، کە بریتین لە: نووح و ئیبراهیم، کە نووح وا پێدەچێ یەکەمین پێغەمبەری خوا بووبێ بۆ مرۆڤایەتیی، یەکەمین پێغەمبەری خاوەن بەرنامە، واتە: یەکەمین پێغەمبەرە کە بۆ ئوممەتێک نێردراوە، بۆ کۆمەڵە خەڵکێک، ئادەمیش عليه السلام پێغەمبەری خوا بووە، بەڵام بەس خۆی و هاوسەری بوون، دواییش منداڵەکانی پەیدابوون لە فەرمایشتێک دا کە لە صەحیحی بوخاریی و موسلیم دا[1] هاتوە، بە ڕاشکاویی ڕایدەگەیەنێ، کە نووح یەکەمین پێغەمبەر بووە خوا بۆ مرۆڤایەتیی ناردوە، کە دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ: یەکەمین پێغەمبەری خوا بووە بۆ کۆمەڵگایەکی فراوانی ناردوە، ئەگەرنا ئادەم پێغەمبەر بووەو، ئیدریسیش پێغەمبەر بووەو، واش پێدەچێ لە پێش نووحەوە بووبێ، هەروەها باسی (شیث)یش دەکرێ، بەڵام ئەو ناوی لە قورئاندا نەهاتوە.

---

(١) (.. يانوح! أنت أول الرسل إلى أهل الأرض...) صحيح البخاري: ٤٧١٢، ومسلم: ١٩٤.

﴿ وَجَعَلْنَا فِي ذُرِّيَّتِهِمَا ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ ﴾، پێغەمبەرایەتیی و کتێبمان خستە وەچەی ئەو دوو پێغەمبەرەوە، واتە: لە دوای نووح (عليه السلام) هیچ پێغەمبەرێک نەهاتوە، لەوەچەی ئەو نەبێ و، لە دوای ئیبراهیمیش (عليه السلام) (**خَلِيْل الله**)، هیچ پێغەمبەرێک نەهاتوە، لەوەچەی ئەو نەبێ، پێغەمبەرایەتیی و کتێب و بەرنامەی خوا پێکەوە تێکهەڵکێشن، هیچ پێغەمبەرێک نەبووە، کتێب و بەرنامەیەکی نەبێ، هەمیشە کتێب و بەرنامەکانی خواش بۆ پێغەمبەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، بۆ مرۆڤایەتیی نێردراون.

﴿ فَمِنْهُم مُّهْتَدٍ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴾، واتە: لەوەچەی ئەو دوو پێغەمبەرە، خەڵکێک هەبوو ڕێی ڕاستی گرتبوو، (**مُهْتَد**)، واتە: ڕێی ڕاست گرتوو، دەست بە هیدایەتیی خواوە گرتوو، ﴿ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴾، زۆرێکیش لەوان لادەرو لارێ بوون.

﴿ ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِرُسُلِنَا ﴾، ئنجا بە دوای ئەو دوو پێغەمبەرە پایە بەرزە: نووح و ئیبراهیم (**عَلَيْهِما الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)و پێغەمبەرانی دیکەدا، پێغەمبەرانی دیکەمان بە دوادا ناردن، (**التقفية: الإتْبَاع**)، (**تقفية**): بریتیە لە بەدوا خستنی شتێک بە دوای شتێک بخەی، کەسێ بە دوای کەسێک بخەی واتە: پێغەمبەرانمان پەیتا پەیتا لە دوای (نووح و ئیبراهیم) ناردن، ﴿ وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ﴾، عیسای کوڕی مەریەمیشمان بەدوای وان خست، بە دوایی واندا ناردمان، ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ ﴾، ئینجیلیشمان پێدا (بە عیسا (عليه السلام)) ﴿ وَجَعَلْنَا فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً ﴾، ئەوانەی شوێنیشی کەوتبوون، پەرۆش و بەزەییمان خستە دڵیانەوە، واتە: وابوون کە خاوەنی پەرۆش و بەزەیی بوون، پێشتریش باسمان کرد: (**رَأْفَةً**)، ئەوەیە تۆ بە تەنگ کەسێکەوە بی و، پەرۆشت بێ کە تووشی زیان و نارەحەتیی ببێ، (**رحمة**)یش ئەوەیە تۆ بە تەنگ کەسێکەوە بی، کە تووشی قازانجی بکەی، ئنجا شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەی عیسا (عليه السلام)، هەم پەرۆشییان لە دڵ دا هەبوو بەرانبەر بە خەڵک، هەم بەزەییشیان لە دڵ دا هەبوو، پەرۆشی خەڵکیان بوو کە زیانیان لێ دوور بخەنەوەو، بەزەییشیان بەرانبەر بە خەڵک هەبوو، کە تووشی خێرو قازانجیان بکەن.

بۆیەش خوا دەفەرموێ: خستمانە دڵیانەوە، چونکە هەموو شتێک بە ویستی خوایە، ئەگەرنا بێگومان سیفەتەکانی مرۆڤ خۆی وەدەستیان دێنێ، وەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {إِنَّمَا الْعِلْمُ بِالتَّعَلُّمِ وَإِنَّمَا وإِنَّمَا الْحِلْمُ بِالتَّحَلُّمِ}[1] واتە: بەدڵنیایی زانیاریی بە فێر بوونەو، هێدیی و مەندییش بە خۆ ڕاهێنانە.

﴿ وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا ﴾، ڕەهبانییەتێکیشیان داهێنا، ﴿ مَا كَتَبْنَٰهَا عَلَيْهِمْ ﴾، ئێمە لەسەرمان پێویست نەکردبوون (خۆیان دایانهێنا) ﴿ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ﴾، واتە: داشیان نەهێنا، مەگەر بە مەبەستی داواکردنی ڕازیبکردنی خوا، یاخود خۆیان دایانهێناو، ئێمە لە سەرەتاوە لەسەرمان پێویست نەکردن، بەڵام دوایی بۆیە لێگەڕاین، شوێنی بکەون، چونکە دەیانویست ڕەزامەندیی خوا لەو ڕێیەوە داوا بکەن، ﴿ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا ﴾، بەڵام وەک ڕەچاوکردن و چاودێریی کردنی ڕاستەقینە، چاودێرییان نەکردو نەیانپاراست، واتە: ئەو ڕەهبانییەتەی دایانهێنابوو بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی خوای پێ داوابکەن و، خوا لەسەری پێویست نەکردبوون، وەک هەقی خۆی نەیانپاراست و ئاگایان لێی نەبوو، ﴿ فَـَٔاتَيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ ﴾، ئێمەش ئەوانەی بڕوایان هێنابوو لەوان و پێیەوە پابەند بوون و، پاداشتی خۆیانمان پێدان، ﴿ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَـٰسِقُونَ ﴾، زۆرێکیشیان لادەرو لاڕێ بوون.

لە کۆتاییدا خوا ﷻ ڕوو لە مسوڵمانان دەکات: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَءَامِنُوا۟ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن و، بڕوا بە پێغەمبەرەکەی بێنن، ئنجا مادام بڕوادارن، دیارە بڕوایان بە پێغەمبەر ﷺ هێناوە، پارێزکارییشیان هەیە، بەڵام ئەمە یانی: لە پارێزکاریی و لە ئیمان بە پێغەمبەری خواش ﷺ زیاد بکەن، واتایەکی دیکەی: هەندێک

---

(١) أخرجه الخطيب في «تأريخه» (٩ / ١٢٧) أخبرنا علي بن أحمد الرزاز حدثنا، عبد الصمد بن علي الطستي حدثنا أحمد بن بشر بن سعد المرثدي حدثنا سعد بن زنبور، حدثنا إسماعيل بن مجالد عن عبد الملك بن عمير عن رجاء بن حيوة عن أبي هريرة مرفوعا به، قال الألباني: هذا إسناد حسن، أو قريب من الحسن.

لـە زانایـان گوتوویانـە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! لـە خـاوەن کتێبـەکان، ئەصرانییـەکان و جگەلـە ئەوانیـش، چونکـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ فَـَٔاتَيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنْهُمْ ﴾، بێگومـان خـاوەن کتێبەکانیـش پێـش هاتنـی پێغەمبـەری کۆتایـی، کەسـانێکیان تێـدا هەبـوون، بڕواداربـوون و پابەندبـوون بـە بەرنامـەو ئایینـی خۆیانـەوە، دەگونجـێ لێـرەدا ڕووی دوانـدن لـەوان بـێ، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بـڕوادارن و کاتێ خـۆی بڕواتـان هێنـاوە بـە عیسـاو بە مووسـا بـە پێغەمبەرانی دیکـە (عَلَيْهِمُ السَّلَامُ)! پارێـز لـە خـوا بکـەن و بـڕوا بـە پێغەمبەرەکـەی بێنـن، واتـە: پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ. ﴿ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ ﴾، (خـوا) دوو بـەش لـە بەزەیـی خۆیتـان پـێ دەدات، واتـە: دوو بـەش لـەو پاداشـتەی لـە بەزەیـی خـواوە هەڵدەقوڵـێ پێتـان دەدات، ئنجـا ئەگـەر مەبەسـت پێـی بـڕواداران و مسـوڵمانان بـێ، یـانی: پاداشـتی دوو قاتتـان پـێ دەدا، ئەگـەر مەبەسـتیش بـڕوادارانی خـاوەن کتێبـەکان بـێ، واتـە: دوو بـەش لـە پاداشـتی خۆیتـان پـێ دەدات، بەشـێکی لەسـەر ئـەوەی دوای پێغەمبـەری پێشـتر کەوتـوون و، بەشـێکیشی لەسـەر ئـەوەی شـوێن پێغەمبـەری کۆتایـی کەوتـوون، هەروەهـا ئەگـەر مەبەسـت پێـی مسـوڵمانانیش بێ، بۆیـە خوا ﷻ دوو پاداشـتیان دەداتـێ: یەکیـان لـە بەرانبـەر ئەوەدایـە کـە بڕوایـان بـە پێغەمبـەرانی پێـش موحەممـەد ﷺ هێنـاوەو بـە گشـتیی شـوێنیان دەکـەون، پاداشتێکیشـیان لـە بەرانبـەر ئەوەدایـە کـە بـڕوا بـە پێغەمبـەری کۆتایـی دێنـن و شـوێنی دەکـەون.

﴿ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِۦ ﴾، هەروەهـا ڕووناکییەکتـان بـۆ دەڕەخسـێنێ پێـی بـڕۆن، واتـە: بەرچاوتـان ڕۆشـن دەکاتـەوە، عەقـڵ و دڵتـان ڕۆشـن دەکاتـەوە: چـۆن بەڕێـوە بچـن و ژیـان بگوزەرێنـن! ﴿ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ﴾، لێشـتان دەبـوورێ ﴿ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، خـواش لێبـوردەی بـە بەزەییـە.

﴿ لِّئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ ﴾، بـۆ ئـەوەی خـاوەن کتێبـەکان نەزانـن، ﴿ أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ ﴾، کـە توانایـان بەسـەر هیـچ شـتێکدا نیـە، ﴿ مِّن فَضْلِ ٱللَّهِ ﴾، لـە بەخششـی خـوا ﴿ وَأَنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ ﴾، هەروەهـا کـە بەخشـش بـە دەسـتی خوایـە،

بەخششی خوا تەنیا بە دەستی خوایە، ﴿يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾، بە هەر کەسێکی دەدات بیەوێ، ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ﴾، خواش خاوەن بەخششی مەزنە.

ئەم ئایەتە زانایان زۆر مشت و مڕیان لە بارەیەوە بووە، کە دوایی لە مەسەلە گرنگەکاندا زیاتر شی دەکەینەوە، بەڵام لێرەدا ئەوەندە دەڵێین: کە دەفەرموێ: (لِئَلَّا):

أ- هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (لَا)ی (لِئَلَّا)، زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوە، یانی: (**ليعلم أهْل الكِتَاب أَلَّا يَقْدِروُن عَلَى شَيء مِن فَضل الله**)، بۆ ئەوەی خاوەن کتێبەکان بزانن، کە هیچ لە بەخششی خوا بە دەستی ئەوان نیە، دەیدەن بەکێ و نایدەن بە کێ؟ ﴿وَأَنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ﴾، بەڵکو بەخششی خوا بە دەست خواوەیەو، ﴿يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾، دەیدات بە هەر کەسێ کە بیەوێ.

ب- هەندێکیش گوتوویانە: (لا)ی (لِئَلَّا)، هەر لە جێگای خۆیەتی و زیاد نیە، ﴿لِّئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾، بۆ ئەوە خاوەن کتێبەکان نەزانن، ﴿أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّن فَضْلِ ٱللَّهِ﴾، کە توانایان بەسەر هیچ لە بەخششی خوادا نیە، ئنجا کە نەیانزانی توانایان نیە، مانای وایە دەمارگیردەبن بۆ ئایینە نەسخ کراوەکانی خۆیان و لەسەریان دەڕۆن و، بڕوا بە پێغەمبەری کۆتایی و، بە دوا پەیامی خوا ناهێنن.

ج- هەندێکیش ئاوایان لێکداوەتەوە: ﴿لِّئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ﴾، بۆ ئەوەی خاوەن کتێبەکان نەزانن، ﴿أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّن فَضْلِ ٱللَّهِ﴾، کە پێغەمبەر ﷺو مسوڵمانان توانایان بەسەر هیچ لە بەخششی خوادا نیە، بۆیە ئەگەر ئێوە ئەهلی تەقوا بن و بڕوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ بێنن، ئەی مسوڵمانینە! خوا دوو بەش لە پاداشتی کە لە بەزەیی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ، پێتان دەدات و، ڕووناکییتان بۆ دەڕەخسێنێ و لێشتان دەبووریّ.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

تێکڕای پێغەمبەران بە موعجیزەو بەڵگەی سەلمێنەرەوە نێرراون و، کتێب و تەرازووشیان لەگەڵ دابەزێنراون، تاکو خەڵک بە دادگەریی بەڕێوەبچن و، خوا ئاسنیشی دابەزاندوە کە هێزی زۆرو سوود گەلی تێدان بۆ خەڵک، تاکو خوا دەری بخات و بۆی دەرکەوێ، (لەسەر ئەرزی واقیع دەری بخات، لە واقیعدا) کێ خۆی و پێغەمبەرانی بە پەنامەکیی سەر دەخات؟

خوا دەفەرموێ: ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ٢٥﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ﴾، بە دڵنیایی (و بە جەختکردنەوە) پێغەمبەرانمان بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردوون.

٢)- ﴿وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِ﴾، کتێب و تەرازووشمان لەگەڵ دابەزاندوون، تاکو خەڵک بە دادگەریی بەڕێوە بچن.

(الطبري) دەڵێ: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْمُفَصَّلَاتِ مِنَ الْبَيَانِ وَالدَّلَائِلِ، وَأَنْزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْأَحْكَامِ وَالشَّرَائِعِ، وَالْمِيزَانَ بِالْعَدْلِ لِيَعْمَلَ النَّاسُ بَيْنَهُمْ بِالْعَدْلِ)، واتە: پێغەمبەرانی خۆمانمان (عَلَيْهِمُ الصَّلاةُ وَالسَّلَامُ) بە ڕوونکردنەوەی ڕۆشن و دوورو درێژەوە ناردوون، بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردوون، کتێبیشمان لەگەڵ دابەزاندوون، کە یاساو بەرنامەکانی خوای تێدان، تەرازووشمان بە دادگەریی

لەگەڵ دابەزانـدوون، تاکـو خەڵـک لـە نێـو خۆیانـدا بـە دادگەریـی بەڕێوەبچـن و ژیـان بگوزەرێنـن.

(الطـبري) لـە (قتـادة)وە هێناویـەتی: (الْمِيـزَانَ: العَـدْل) (أخرجـه الطـبري: ٣٣٧٦١، عـن قتـادة) واتـە: قەتـادە گوتوویـەتی: (مِيـزَان) لێـرەدا مەبەسـت پێـی دادگەرییـە.

هەروەهـا لـە (إبـن زيـد)ەوەهێناویـەتی: (الْمِيـزَانُ: مَـا يَعْمَـلُ النَّـاسُ، وَيَتَعَاطَـوْنَ عَلَيْـهِ فِي الدُّنْيَـا مِـنْ مَعَايِشِـهِمُ الَّتِـي يَأْخُـذُونَ وَيُعْطُـونَ: يُعْطُـونَ بِمِيـزَانٍ، يَأْخُـذُونَ بِمِيـزَانٍ) (أخرجه الطـبري: ٣٣٧٦٢، عـن ابـن زيـد) ئیبنـو زەید گوتوویـەتی: تـەرازوو ئەوەیە کـە خەڵک کاری پێـدەکات، لـە دنیـادا، لـە ژیـان و گـوزەرانی خۆیانـداو، ئـەو شـتانەی وەریـان دەگـرن و ئـەو شـتانەی دەیانـدەن، بـە تـەرازوو شـت دەدەن و، بـە تـەرازوو شـت وەردەگـرن.

یانی: ئەو وشەی تەرازووی هەر بە مانا ڕواڵەتییەکەی خۆی هێناوە.

بـەڵام بێگومـان بـە مانـا ڕواڵەتییەکـەی ناگونجـێ، چونکـە خـوا تـەرازووی دانەبەزانـدوە، بەڵکـو تـەرازوو ئامرازێکـە بـۆ چەسـپاندنی بەشـێک لـە دادگەریـی، ئـەو شـتانەی پێـی دەکێشرێـن و دەپێورێـن.

٤)- ﴿وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ﴾، ئاسنیشمان دابەزاندوە:

أ- هەندێک لە زانایان گوتوویانە: (**الإنزالُ مُسْتَعَارٌ لِخَلْقِ مَعْدِنِه**)، دابەزاندن خوازراوەتەوە بۆ ئەوە کە خوا کانزای ئاسنی دروستکردوە.

ب- هەندێک لە زانایانیش گوتوویانە: لێرەدا مەبەست لە: ﴿وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ﴾، پێکهێنان و دروستکردنی ئاسنە لە توێکڵی زەویی دا، لە بەرگە خاکیی زەویی دا، چونکە ئەو ئاسنە لە ئەصڵدا لەسەرێوە دابەزیوەو هاتۆتە نێو خڕۆکەی زەوی، شایانی باسیشە: توێکڵی خاکیی خڕۆکەی زەوی (**القشرة الأرضية**)، بە دەریاکان و بە چیایەکانیشەوە، یەک لەسەر سەد (١/١٠٠)ی قەبارەی زەوییە، واتە: چیایەکان بەو هەموو بەرزاییانەوە، بەچیای هیمالایەشەوەو بە لووتکەی ئیڤریستیشەوە کە (٨٨٦٤) مەتر بەرزە، واتە: نزیکەی نۆ

کیلۆمەترو، دەریایەکان کە بەو هەموو قووڵییەیانەوە، ئنجا بە هەردووکیان (١سم) لە (١٠٠سم)ی قەبارەی زەوی پێکدێنن، واتە: یەک لەسەر سەد (١٠٠/١)، توێکڵە خاکیی و ئاویی یەکی نیو سانتیمیان بەر دەکەوێ، دوایی لە کورتە باسێکدا باسی ئاسن دەکەین.

دوایی خوا دەفەرمووێ:

٥)- ﴿فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ﴾، (ئەو ئاسنە) هێزێکی زۆری تێدایە، هێزێکی سەخت و پتەوی تێدایە.

٦)- ﴿وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾، هەروەها سوود گەلێکی تێدایە بۆ خەڵک.

دەگونجێ مەبەست لە هێزی زۆر، هێزی چەک بێ و، مەبەست لە سوود گەلی دیکەش ئەو تەکنۆلۆژیایە بێ، کە بەشەر بەکاری دێنێ لە حاڵەتی تەبایی و ئاشتیی و دوور لە شەڕو ئاژاوەدا.

٧)- ﴿وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلْغَيْبِ﴾، بۆ ئەوەش خوا بزانێ کێ خۆی و پێغەمبەرەکانی بە پەنامەکیی سەردەخات. (ل)ی (ليعلم) (لَام التَّعْلِيل)ە، هۆکار هێنانەوە: بۆیە خوا ﷻ ئاسنی دابەزاند، تاکو بزانێ کێ خۆی و پێغەمبەرەکانی سەر دەخات، بە پەنامەکیی؟ واتە: بە نادیاریی و کاتێ خوا نابینن.

وشەی: (**بالغَيْب**)، دەگونجێ پەیوەست بێتەوە بە ڕاناوی (ه)ی (**ينصره**)و بە (**رسله**)یەوە، واتە: لە کاتێکدا خواو پێغەمبەرانی نابینێ و، دەشگونجێ پەیوەست بێ بە (**مَن**)ی، (**مَن يَنْصُره**)ەوە، واتە: لە کاتێکدا ئەوکەسە نادیار (غائب)ە، یانی: خۆی نادیارەو کەس نایبینێ، بەڵام پەیامی خواو ئایینی خوا سەر دەخات.

٨)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾، بە دڵنیایی خوا بە هێزی زاڵە، تواناداری باڵا دەستە، واتە: بەدڵنیایی خوا ﷻ پەکی لەسەر کەس نەکەوتوە، ئایین و بەرنامەی خۆی سەربخات، پێغەمبەرانی سەربخات و پەیامی خۆی بچەسپێنێ، بەڵام خوا ﷻ ویستوویەتی مرۆڤەکان تاقی بکاتەوە، ئایا کێ بێ ئەوەی خوا ببینێ ﷻ پەیامی خوا سەردەخات و پێغەمبەرانی خوا (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام**)، سەردەخات و پشتیان دەگرێ؟!

کورتە باسێک لە بارەی ئایەتی (٢٥)ی سوورەتی (الحدید)ەوە

بەڕێـــــزان!

ئەم کورتە باسە لە حەوت بڕگەدا دەخەینەڕوو:

بڕگەی یەکەم:

تێکـڕای پێغەمبـەرانی خـوا (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ**)، خـوای کارزانی میهرەبـان ڕاسـتەوخۆ نـاردوونی، بـێ ئـەوەی خۆیـان دەسـتیان تێیـدا بووبـێ، زانینـی ئـەوەش زۆر گرنگـە، پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ**) هیچیـان دەسـتیان لـەوەدا نەبـووە ببنـە پێغەمبـەر، وەک گوتـراوە: خەونیشـیان پێـوە نەبینیـوە، بـەڵام خـوا ﷻ دیاریـی کـردوون و، هەڵبـژاردوون، لێـرەدا مەبەسـتم بـەر پەرچدانـەوەی هەندێـک لـە ڕۆژهەڵاتناسـەکانە، کـە لەبـەر ئـەوەی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بـەر لـەوەی وەحیـی بـۆ بـێ، لـە ئەشـکەوتی (**حـراء**)دا، خواپەرسـتیی دەکـرد، دەڵێـن: ئـەوە مەشـق و ڕاهێنـانی کـردووە، خـۆی ئامـادە کـردوە بـۆ پێغەمبەرایەتیـی! بـەڵام خـوا ﷻ بـە درۆیـان دەخاتـەوە لـە ئایەتێکـی زۆر ڕوون و ڕاشـکاودا، لـە سـوورەتی (**القصص**)دا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا كُنتَ تَرْجُوٓاْ أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبُ إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ﴿٨٦﴾ ﴾، تـۆ بـە تەمـا نەبـووی و ئومێدەوار نەبـووی: کتێبـت لـە پەروەردگارتەوە بـۆ دابەزێنرێ، بەدڵنیایـی پێغەمبـەری خـوا موحەممـەد ﷺ بـە تەمـای ئـەوە نەبـووە خـوا ﷻ کتێبـی بـۆ دابەزێنـێ.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (**یونـس**)دا دەفەرمـوێ: ﴿ قُل لَّوْ شَآءَ ٱللَّهُ مَا تَلَوْتُهُۥ عَلَيْكُمْ وَلَآ أَدْرَىٰكُم بِهِۦ ۖ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِۦٓ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾، واتـە: بڵـێ: ئەگـەر خـوا ویسـتبای نـە بەسـەرمدا دەخوێندنـەوەو، نـە ئێوەشـم پـێ دەزانانـد، چونکـە تەمەنێکـم لـە پێـش وی {بەرلـەوەی قورئانـم بـۆ بـێ} لـە نێـو تان

دا گوزەرانـدوە، ئایـا نافامـن؟ واتـە: ئایـا نافامـن ئەگـەر پێغەمبەرایەتیـی لـە خۆمـەوە بووایـە، لـێ نەدەگـەڕام تاکـو تەمەنـم دەگاتـە چـل سـاڵیی، بەڵکـو پێشـتر دەسـت بەکار دەبـووم، بـەڵام پێغەمبەری خاتـەم و هەموو پێغەمبـەرانی دیکە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ)، بەهیـچ جۆرێـک کـەم و زۆر دەسـتیان لـەو وەحیـی و پێغەمبەرایەتییـەدا نەبـووە، کـە خـوا پێـی خـەڵاتی کـردوون، لـە سـوورەتی (القصص)دا، زۆر بـە ڕوون و ڕاشـکاویی خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا كُنتَ تَرْجُوٓاْ أَن يُلْقَىٰٓ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبُ إِلَّا رَحْمَةً مِّن رَّبِّكَ ﴿٨٦﴾ ﴾، واتـە: تـۆ بـە ئومێـد نەبـووی کـە کتێبـت بـۆ لا بنێـردرێ، تەنیـا بەزەیـی پـەروەردگارت بـوو، واتـە: ئـەوە بەزەیـی پـەروەردگارت بـووە هـۆی ئـەوە کـە ئـەو کتێبـەو ئـەو پەیـام و بەرنامەیـە بـۆ تـۆ بـێ و پلـەی پێغەمبەرایەتیـی کۆتایـی بـە تـۆ ببەخـشرێ.

بڕگەی دووەم:

هەمـوو پێغەمبـەران بـە بەڵگـەو موعجیـزەی ڕوونی سـەلمێنەرەوە هاتـوون و، هیـچ پێغەمبەرێـک نەهاتـوە، مەگـەر بەڵگـەو موعجیزەیەکـی ئیقناعکـەرو سـەلمێنەری پـێ بـووە بـۆ بەرانبـەرەکانی، ئـەم ئایەتـە (الحدیـد- ٢٥-) زۆر بـە ڕوونیـی ئـەوە دەگەیەنـێ: {پێغەمبـەرانی خۆمانمـان بـە بەڵگە ڕۆشـنەکانەوە ناردوون} لـە فەرمایشـتی پێغەمبەریش دا ﷺ هاتـوە: {مَا مِنَ الأَنْبِيَاءِ نَبِيٌّ إِلاَّ أُعْطِيَ مَا مِثْلُهُ آمَنَ عَلَيْهِ الْبَشَرُ} (أخرجه البخاري: ٤٦٩٦) واتـە: هیـچ پێغەمبەرێـک لـە پێغەمبـەران نەبـووە، مەگـەر شـتێکی پێـدراوە، لەسـەر وێنـەی ئـەوە خەڵـک بـڕوا بێنـن، واتـە: بەڵگەیـەک کـە سـەلمێنەری داوای پێغەمبەرایەتییـان بـێ، بـەڵام موعجیزەو بەڵگەی هـەر کام لە پێغەمبـەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) بـە گوێـرەی هەلومەرجـی کۆمەڵگایەکـەی بـووەو، لەگەڵ ئاسـتی ڕۆشـنبیریی و فکرییـان دا گونجـاو بـووەو، وەڵامـدەرەوەی پێداویسـتیی ئـەو چـاخ و سـەردەمە بـووە.

بڕگەی سێیەم:

سـەرجەم پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ) بـە بەرنامـەو ڕێبـازو شـێوازی پیادەکـردنی بەرنامەکەشـیانەوە، نێـردراون: ﴿ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ ﴾،

(میـزان) بـە مانـای تـەرازوو دێ، ئامێرێـک کـە شـتی پـێ هەڵدەسـەنگێنرێ (مَا يُوَزَن بِه الأشياء)، بـەڵام گومـانی تێدانیـە، لێـرەدا مەبەسـت پێـی ئـەو حاڵەتەیـە کـە بـە هـۆی کتێبـی خـواوە لـە ژیـانی بەشـەردا دێتـە دی، کـە بریتیـە لـە دادگەریـی و هاوسـەنگیی، هـەروەک لـە سـوورەتی (الشورى)شـدا، خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِیٓ أَنزَلَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ وَٱلۡمِيزَانَ ﴿١٧﴾ ﴾، واتـە: خـوا میزانیـشی دابەزانـدوە وێـڕای کتێـب، تەرازووەکـەش هـەر لـە نێـو کتێبەکـە دایـە، چونکـە بەهـۆی ئـەو کتێبـەوە خەڵـک ژیـانی هاوسـەنگ دەبـێ و، بـە دادگەریـی بەڕێـوە دەچـن، کەواتـە: ئەوانـەی پێیـان وابـووە خـوا تـەرازووی دابەزانـدوە، لەگـەڵ هـەر کام لـە پێغەمبـەران دا (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام)، نەیانپێـکاوەو ئـەو مانـا ڕواڵەتییـە لـە ئایەتەکـە نافامرێتـەوەو مەبەسـت نیـەو، وشـەی (میزان)یـش کـە لـە قورئانـدا بەکارهاتـوە، وەک لـە تەفسـیری سـوورەتی (الرحمـن)دا، بـە تەفصیـڵ باسـمان کـردوە، کـەم وایـە مەبەسـت پێـی تـەرازووی زانـراو بـێ: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ رَفَعَهَا وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ﴿٧﴾ ﴾، ئایـا ئەمـە چ پەیوەندییەکـی بـە تـەرازووەوە هەیـە؟ ﴿ وَوَضَعَ ٱلۡمِيزَانَ ﴾ یـانی: خـوا تـەرازووی دانـاوە لـە گەردوونـدا کـە بریتیـە لـە سیسـتم (نظـام)و هاوسـەنگیی و ڕێـک و پێکیـی، کـە لـە گەردوونـدا هەیـە، دیسـان: (الميـزان الكـوني) ﴿ أَلَّا تَطۡغَوۡاْ فِی ٱلۡمِيزَانِ ﴿٨﴾ ﴾، تاکـو ئێـوەش (وەک چـۆن گـەردوون هەمـووی تـەرازوو و هاوسـەنگە) لـە ژیـانی خۆتانـدا لـە تـەرازووی دادگەریـی لانـەدەن، کـە لـە شـەریعەتدا بەرجەسـتەیە، ئـەوەش تـەرازووی شـەرعیی (الميـزان الشرعـي)، بـەڵام ﴿ وَأَقِيمُواْ ٱلۡوَزۡنَ بِٱلۡقِسۡطِ وَلَا تُخۡسِرُواْ ٱلۡمِيزَانَ ﴿٩﴾ ﴾، کێشـان و پێـوان بـە دادگەرانـە بکـەن و، تـەرازوو کـەم مەکـەن، واتـە: کەسـێک شـتی بـۆ دەکێشـن، بـا ڕاسـت و دادگەرانەبـێ، ئەمەشـیان تـەرازووی ئامێرییـە (المِيْزَان الآلي)، کەواتـە: لـە قورئانـدا وشـەی (میـزان) هەتـا جارێک بـە مانـای ئـەو ئامێـرەو ئامـرازەی شـتی پـێ هەڵدەسـەنگێنرێ، بەکارهاتـوە چەنـدان جـار بـە مانـای هاوسـەنگیی و دادگەریـی و ڕێـک و پێکیـی هاتـوە.

برگەی چوارەم:

ئامانجـی بنەڕەتیـی هاتنـی پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ**) چەسـپاندنی دادگەریـی بـووە لـە نێـو خەڵکـدا ﴿ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِ ﴾، ئەمـە وەک پەیوەندیـی نێـوان خەڵکـە خۆیـان، ئەگەرنـا وەک پەیوەندیـی نێـوان مرۆڤـەکان و خـوا ﷻ، هەمـوو پێغەمبـەران هاتـوون: خـوا بـە یەکگرتـن و تەنیـا خواپەرستیی و، خۆ یەکلایـی کردنـەوە بـۆ بەندایەتیـی کـردن و پەرستنی خـواو، هاوبـەش بـۆ خـوا پەیـدا نەکـردن، بچەسـپێنن، وەک لـە سـوورەتی (**الأنبيـاء**)دا هاتـوە: ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾، لـە پێـش تـۆدا (ئـەی موحەممـەد ﷺ) هیـچ پێغەمبەرێکـمان نەنـاردوە، مەگـەر پێـمان ڕاگەیانـدوە کـە بـە خەڵـک ڕابگەیەنـێ: جگـە لـە مـن هیـچ پەرسـتراوێک نیـە، تەنیـا بەندایەتیـی بـۆ مـن بکـەن.

کەواتـە: پێغەمبـەران (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ**)، لـەم دوو ئایەتـە موبارەکـەدا، لـە سـوورەتی (**الأنبيـاء**)دا، دەفەرمـوێ: خـوا هەمـوو پێغەمبـەرانی نـاردوون بـۆ ئـەوەی تەنیـا خواپەرسـتن، خـوا بـە یەکگرتـن بـە خەڵـک ڕابگەیەنـن، لێرەش دەفەرمـوێ: خـوا هەمـوو پێغەمبـەرانی نـاردوون، کـە خەڵـک بـە دادگەریـی بەڕێـوە بچـن، کەواتـە: هەمـوو پێغەمبـەران هاتـوون بـۆ چەسـپاندنی ئـەو دوو پایـە گەورەیـە:

١- خوا بە یەکگرتن (**توحيد**)و تەنیا خواپەرستیی.

٢- دادگەریی، بە ڕێک و پێکیی و بە دادگەریی بەڕێوەچوون.

کەواتـە: بەبـێ هیدایـەت و بەرنامەیـەک کـە بـە پێغەمبـەران دا ناردوویـەتی، هیـچ کام لـەم دوو ئامانجـە گـەورەو گرنگـە ناچەسـپن، نـە خـوا بـە یەکگرتـن لـە ژیـانی بەشـەردا دەچەسـپێ، تەنیـا بەندایەتیـی کـردن بـۆ خـوا، نـە دادگەرییـش بـە مانـای وشـە دەچەسـپێ، ئـەو کاتـەش مرۆڤـەکان بیانوویـان دەبـێ، چونکـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿ رُّسُلٗا مُّبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ لِئَلَّا يَكُونَ لِلنَّاسِ عَلَى ٱللَّهِ حُجَّةُۢ بَعۡدَ ٱلرُّسُلِۚ

﴿ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٦٥﴾ ﴾، النساء، واتـە: پێغەمبەرانێکـی دڵخۆشـکەرو ترسـێنەرن، تاکـو خەڵـک لـە دوای پێغەمبـەران (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَام) بەڵگـەی نەبـێ لەسـەر خـوا ﷻ، کەواتـە: هەتـا پێغەمبـەران نەیـەن، خەڵـک بیانـوو و بەڵگـەی هـەر دەبـێ، کـە تەنیـا خـوا نـە پەرسـتێ و، بـە دادگەریـی بەڕێـوە نەچـێ، بـەڵام لـە دوای هاتنـی پێغەمبـەران و پەیامـی پـڕ لـە خـوا بـە یەکگرتـن و پـڕ لـە دادگەریـی خـوا، بەشـەر یـەک بیانـووی نامێنـێ.

بڕگەی پێنجەم:

دابەزێـنرانی ئاسـن ڕاسـتەوخۆ بـە دادگەرییـەوە پەیوەسـتە، خـوا دوای ئـەوەی باسـی: ﴿ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ ﴾، دەکات، یەکسـەر دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ ﴾، ئاسنیشـمان دابەزانـدوە کـە هێزێکـی زۆرو، سـوود گەلێکیشـی تێدایـە بـۆ خەڵـک، هێـزە زۆرەکـە بـۆ لـێ دروسـتکردنی جۆرەکانی چـەک، کاتی خـۆی شـیرو تیـرو قەڵغـان و گـورزو مەتـاڵ و ئـەو شـتانە بـوون، بـەڵام ئێسـتا تەکنۆلۆجیـای سـەربازیی زۆر بەهێـز بـووە، ﴿ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ ﴾، سـوود گەلیشـی تێدایـە بـۆ خەڵـک، زانایـان هـەر کەسـە بەپێـی ڕۆژگاری خـۆی، ئـەو شـتانەی لـە ئاسـن دروسـتکراون، ئاماژەیـان بـەو شـتانە کـردوەو گوتوویانـە: ئـەو حـەواج و کـەل و پەلانـەی لـە ئاسـن دروسـت دەکرێـن، ئەگـەر خەنجـەرو شمشـێرو چەقـۆو... هـەر شـتێکی دیکـە، لـە ژیـانی ئاسـایی دا وەك: قـاپ و قاچـاغ و دەفـرو تەشـت و مەنجـەڵ و ...هتـد، بـەڵام ئێسـتا ئێمـە دەزانیـن چەمکـی ئـەم ئایەتـەو، چەمکـی ئـەم وشـەیە: ﴿ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ ﴾، زۆر فراوانـەو ئاماژەیـە بـە تەکنۆلۆژیـای مەدەنیـی، کـە مەگـەر چـۆن دەنـا ئاسـن دەچێتـەوە نێـو زۆربـەی هـەرە زۆری پیشەسـازیی عەسـکەریی و مەدەنییـش.

برگەی شەشەم:

لە ئەنجامی سوودمەند بوونی مرۆڤەکاندا لە ئاسن، بۆ چەسپاندنی دادگەریی، پشتیوانانی خوا ﷻ و پێغەمبەرەکانی (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامَ) دەردەکەون لەسەر ئەرزی واقیع دا، ﴿ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلْغَيْبِ ﴾، بۆ ئەوەی خوا بۆی دەرکەوێ هەر کەسێ خۆی و پێغەمبەرەکانی سەر دەخات، بە نادیاریی واتە: لە ئەنجامی بەهرەمەندبوون لە ئاسن دا، جەنگ و جیهاد دێتە پێش، بۆ سەرخستنی ئایین و بەرنامەی خواو بۆ چەسپاندنی، هەڵبەتە ئایین و بەرنامەی خوا، پێویستیی بەهێز ناکات بۆ بڵاوکردنەوەی، بەڵام دوایی کە دەبێتە قەوارەیەک و ئەو قەوارەیە، ئەگەر بیەوێ دادگەریی بچەسپێنێ، دەبێ هێزی هەبێ، چونکە خەڵکێکی زۆر چاوی لە زوڵم و ستەمە، زوڵم و ستەمی نەتەوایەتیی و، چینایەتیی و، ئابووریی و، سیاسیی و، کۆمەڵایەتیی و، حەزیان لە خۆ فەرزکردن و خۆسەپاندنە، دەبێ ئاسنێک هەبێ بەرپەرچیان بداتەوە، کەواتە: کۆمەڵگای بەشەر پێویستیی بە دوو شتان هەیە: (كِتَابٌ يَهْدِي وَحَدِيدٌ يَحْمِي)، کتێبێک و بەرنامەیەک کە ڕێی پێشان بدات و، ئاسنێکیش کە بیپارێزێ، ئەو کتێبە بپارێزێ، ئەو کتێبەی فەرمان بە دادگەریی دەکات، چونکە لە باسی دادگەریی دا، خوا باسی ئاسن دەکات، ئەگەرنا ئەگەر مسوڵمانەتیی و دینداریی تەنیا ئیمان و عەقیدەو نوێژو ڕۆژوو و تاعەت بێ، پێویستیی بە ئاسن ناکات، بەڵام کە باسی دادگەریی دەکرێ، باسی ئاسن و هێزیش دێتە پێش، نەک لەبەر ئەوەی دینی خوا پەکی لەسەر هێز کەوتوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئایینی خوا دەیەوێ دادگەریی بچەسپێنێ و، ستەمکارانیش ناهێڵن دادگەریی بچەسپێ، چ ئەوانەی چاویان لەوەیە ستەمی نەتەوایەتیی بکەن و، نەتەوەکان بخەنە ژێر دەستی خۆیان، چ ئەوانەی چاویان لە ستەمی ئابوورییە، یان چاویان لە ستەمی سیاسییە، یان چاویان لە ستەمی کۆمەڵایەتییە، ئەوانە دەبێ ئاسنێک و هێزێک هەبێ بیانسڵەمێنێتەوەو بیانپرینگێنێتەوە، لەو ئامانج و مەبەستە ناشەرعییانە.

بڕگەی حەوتەم:

ئـەوەش هەمـووی بـۆ تاقیکردنـەوەی مرۆڤانـە، ئەگەرنـا خـوا خـاوەنی ئـەو پـەڕی هێـزو باڵادەسـتی بـێ سـنووره، ﴿إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾.

له کۆتایی ئەم کورته باسەمان دا دەڵێین:

ئـەم ئایەتـە موبارەکـە ئامـاژەی کـردوە بـە حـەوت پێکهێنەرەکـەی قەوارەیەکـی سیاسـیی و دەوڵەتێـک:

١- پێغەمبەر ﷺ نوێنەری خوایەو هیدایەت و بەرنامەی خوا بۆ خەڵک دێنێ.

٢- بەڵام ئەو پێغەمبەرە بۆ ئەوەی جیابێتەوە لەوانەی بە ناهەق و بە ناڕاست و بە درۆ ئەو ئیددیعایە دەکەن، بەڵگەو موعجیزە سەلمێنەرو دەستەوسانکەری پێیە.

٣- هەروەها کتێب و بەرنامەیەکی پێیە.

٤- دیسان شێوازو ڕێبازی پیادەکردنی ئەو بەرنامەیەی پێیە کە بە (میزان) تەعبیر کراوە.

٥- ئەو پێغەمبەرانە علیهم السلام و جێنشینانی ئەو پێغەمبەرانە، دەیانەوێ بە هۆی ئەو کتێبەوەو ئەو شێوازو ڕێبازەوەی کتێبەکەی پێ بەڕێوە دەبەن، دادگەریی لە نێو خەڵکدا بەرپا بکەن، بە مانای فراوانی: دادگەریی لە ڕووی نەتەوایەتیی و، لە ڕووی چینایەتیی و، لە ڕووی ئابووریی و، لە ڕووی سیاسیی، لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و هەتا دوایی.

٦- هەبوونی هێزی سەربازیی و هێزی مەدەنییش، پێویستە بۆ چەسپاندنی دادگەریی تاکو کۆمەڵگا بە دادگەریی بەڕێوە بچێ.

٧- فیداکاریی لە پێناو سەرخستنی بەرنامەی خوادا: ﴿وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ﴾، بەبێ ئەوەش، بێگومان قەوارەیەکی سیاسیی کە دەبێ دادگەریی بچەسپێنێ، بە پێی بەرنامـەی خـوا، ناتـوانێ لەسەر پێـی خۆی بوەسـتێ و، بەردەوام بـێ.

کەواتـە: ئـەم ئایەتـە موبارەکـە ئامـاژەی بـە هێڵـە گشـتییەکانی قەوارەییەکـی سیاسـیی دەوڵەتێـک، کـرد، کـە خـوا ﷻ پێغەمبـەرانی (عَلَيْهِـمُ الصَّـلَاةُ وَالسَّـلَامُ) ناردوون، بەرپـای بکـەن و بیهێننـە دی، ئنجـا ئایـا چەندیـان توانیویانـە کـە دەوڵـەت و قەوارەیـەک بێننـە دی و، شـەریعەتی خـواو ئـەو کتێـب و بەرنامەیـەی خـوا، پیـادە بـکات و، دادگەریـی لەنێـو خەڵکـدا بچەسـپێ و، چەندیـان نەیانتوانیـوە، ئـەوە مەسـەلەیەکی دیکەیـە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە خـوا ﷻ پێغەمبـەرانی بۆیـە ناردوون، بـەو شـێوەیە کتێـب و پەیامـی خـوا لـە ژیـانی خەڵکـدا پیـادە بکـەن و، دادگەریـی بەرپـا بکـەن.

کورتە باسێک لە بارەی ئاسنەوە

بەڕێـــزان!

کورتــە باسـێک لــە بــارەی ئاسـنەوە، دەکەیـن لەبــەر ڕۆشـنایی ئــەو ڕسـتە موبارەکـەدا کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾، واتـە: ئاسنیشـمان دابەزانـدوە، هێزێکـی سـەخت و زۆرو سـوود گەلێکـی تێدایـە بـۆ خەڵـک، ئەویـش لـە پێنـج بڕگـەدا:

١- پێناسەی ئاسن (الحدید):

بـۆ ئامادەکـردنی ئـەم باسـە پشـتم بـە چەنـد سـەرچاوەیەک بەسـتوە، سـەرەتا بـۆ پێناسـەی ئاسـن، پشـتم بـە (**الموسـوعة العربيـة**)[1] بەسـتوە، دەڵـێ: (**الحَدِيْـد: مَعْـدِنٌ صَلْـبٌ رَمْـزُهُ (Fe) مِـنْ اسْـمِهِ اللّاتِيْنِـي (Ferrum)، لَوْنُـهُ بَـيْنَ الفِضِيِّ وَالرَّصاصِي لَـمّاعٌ جَيِّـد القَابِلِيَّـة للتَّشْـكِيْل، رَقَمُـهُ الـذِرِّي: (٢٦) وَوَزْنُـهُ الـذرِّي (٥٥،٨٥)، أَمَّـا وَزْنُـهُ النَّوْعِـي فَهُـو (٧، ٨٦)، دَرَجَـة انصِهَـارِه: (١٥٤٠°م)، وَدَرَجَـة غَلَيَانِـه: (٣٢٥٠°م)، وَهُـوَ أَهَـمُّ المَعَادن عَـلَى الإِطْـلَاق، وَأَكْثَرُهَـا نَفْعَـاً للبَشَرِيَّـة**).

بـە چاکـم زانی لەبـەر ئـەوەی سـەرچاوەکە بـە عەرەبییـە، دەقـە عەرەبییەکـە بێنـم، دەڵـێ: ئاسـن کانزایەکـی ڕەق و پتـەوە، ڕەمزەکـەی (Fe)ە، کـە لـە نـاوی لاتینیـی (Ferrum) هاتـوە، ڕەنگەکـەی لـە نێـوان زیویـی و خۆڵەمێشـیی دایـە، درەوشـاوەیە، زۆر بـاش دەگونجـێ شـتی لـێ دروسـت بکـرێ {یـانی: لـە شـێوەی جـۆراو جـۆردا خـۆی ببینێتـەوە} ژمـارەی گەردیلەییەکـەی (٢٦)ەو، کێشـەکەی (٥٥،٨٥)، بـەڵام کێشـی جۆرییەکـەی (٧،٨٦)ە، لـە پلـەی (١٥٤٠)ی سـەدی {واتـە: سـەنتی گـراد}دا دەتوێتەوە،

---

(١) ج٨، ص(١١١ - ١١٢).

بەڵام لە پلەی (٣٢٥٠)ی سەدی دا دەکوڵێ و، گرنگترینی کانزاییەکانە بە ڕەهایی و، لە هەموویان سوودی زیاترە بۆ مرۆڤایەتیی.

٢- مێژووی دۆزرانەوەو دروستکردنی ئاسن:

ئەمیش لە سێ خاڵ دا باس دەکەین و، هەر لە سەرچاوەی پێشووەوە، دەیهێنین:

أ- (إنّ بِدَايَة تَصْنِيْع الحَدِيْد المُسْتَخْلَص مِنْ فِلْزَاتِهِ، وَاسْتِخْدامُهُ فِي بَعْضِ الأغْرَاضِ، لَا تَزَال مَجْهُوْلَة، وَيُعْتَقَدُ بِأنَّهَا تَعُوْد إلى عُصُورِ مَا قَبْلَ التَّارِيْخ.

إنَّ أقْدَمَ القِطَع الحَدِيْدِيَة المُكْتَشَفَةِ مِنْ تِلْكَ الحِقْبَة هِيَ التِي عُثِرَ عَلَيْهَا بَيْنَ حِجَارَةِ الهَرَمِ الأكْبَر فِي مِصر، وَبَعْض مَا خَلَّفَهُ الحِثِّيُون عَلَى الخَوَاتِم وَالحُلِيِّ المَصْنُوعَة مِنَ الحَدِيْد ...، إلاَّ أنَّ هَذَا لَا يَعْنِي أنَّ صِنَاعَة الحِدِيْد تَعُوْد فَقَط إلى نَحْو (٥٠٠٠) سَنَة قَبْلَ المِيْلَاد)،

واتە: سەرەتای دروستکردنی ئاسن کە لە کەرەستە خاوەکەی خۆی دەربهێنرێ و، بەکاربهێنرێ بۆ مەبەستەکان، تاکو ئێستا نەزانراوەو، وایێدەچێ بەهرەمەند بوون لە ئاسن و دۆزرانەوەی ئاسن بگەڕێتەوە بۆ پێش مێژوو (واتە: پێش مێژوویێک کە نووسراوەتەوە، مێژووی بەشەر) دێرینترین پارچە ئاسن کە دۆزراوەتەوە لەو ماوەیەدا، ئەوەیە کە لەنێو بەردەکانی هەرەمە گەورەکەی میصردا دۆزراوەتەوەو، هەندێک لەوەی کە حیثییەکان (کە لە شام بوون) لەو ئەنگوستیلەو لە خشڵانەی دروستیان کردوون لە ئاسن، لەوێ دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دروستکردنی ئاسن، تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ (٥٠٠٠) ساڵ پێش زایین.

واتە: (٧٠٠٠) ساڵ لەمەو پێش، بەڵکو دێرینتریشە.

ب- (بِدَايَةُ بِنَاء الأَفْرَان بِصَهْرِ الحَدِيْد، كَانَتْ مَعَ بِدَايَة مَا يُسَمَّى بِعَصْرِ الحَدِيْد الَّذِي تُعَدُّ بِدَايَتُهُ نَحْو عام: (١٢٠٠) قَبْلَ المِيْلَاد)، سەرەتای دروستکردنی فڕنەکان بۆ تواندنەوەی ئاسن، لە سەرەتای ئەو سەردەمەوە بووە، کە پێی دەگوترێ: چاخی ئاسن {چونکە پێشتر چاخی بەردیی (العصر الحجر) هەبووە، کە مرۆڤ کەل و پەلەکانی خۆی هەموو لە بەرد دروستکردوون، سەرەتای چاخی ئاسنیش دەگەڕێتەوە بۆ (١٢٠٠) ساڵ پێش زایین.

واتە: (٣٢٢٢) ساڵ لەمەو پێش.

ج- (بَدَأ التَّطَوُّرُ الكَبِيْرِ لِصَنَاعَة الحَدِيْد فِي مُنْتَصَفِ القَرْن التَّاسِع عَشَر، لِسَبَبَيْنِ: أَوَّلاً: هُوَ البَدء بِاسْتِخْدَامِ الهَوَاء المُسَخَّنُ بَدلاً مِنْ الهَوَاءِ الطَّبِيْعِي فِي النَّفْخ، وَثَانِياً: هُوَ تَطَوّر صِنَاعَة الفُولَاذ، وَهُنَاكَ فِي هَذا العَصْرِ أفْرَانٌ عَالِيَة يَصلُ إنْتَاجِهَا إلى (٦٠٠٠) طَن مِنَ الحَدِيْد الخَام فِي ٢٤ سَاعَة)، واتە: سەرەتای گەشەسەندنی گەورەی بەکارهێنانی ئاسن و دروستکردنی ئاسن، دەگەڕێتەوە بۆ نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، ئەویش لەبەر دوو هۆکار:

یەکەم: دەستکردن بە بەکارهێنانی هەوای گەرم بۆ مووشە دەمە، لە جیاتی هەوای، ئاسایی بۆ فوو کردن لە فڕنەکان {بۆ ئەوەی ئاگرەکە خۆشبێ و ئاسنەکە بتوێتەوە} لە جیاتی هەوای ئاسایی، هەوای گەرمکراویان بەکارهێنا.

دووەم: دەستیش کرا بە دروستکردنی پۆڵا لە ئاسن.

ئێستاش لەم ڕۆژگارەماندا فڕنی گەورەی بەرز هەن، کە (٦٠٠٠) تەن ئاسن لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا دروست دەکەن، ئەمە (**الموسوعة العربية**)[1] وا دەڵێ.

بەڵام (**الموسوعة العلمية الشاملة**)[2] دەڵێ: فڕنی وا هەیە (١٠،٠٠٠) تەن لە شەوو ڕۆژێک دا، لە بیست و چوار سەعاتدا دروست دەکات، (**دُونَ تَوَقُّفٍ عَامِلًا**

---

(١) ج٨، ص(١١١ - ١١٢).

(٢) ئامادەکردنی: (أحمد شفيق الخطيب و يوسف سليمان خيرالله)، چاپی (١٩٩٨)ز چاپی یەکەم، چاپی تازە (٢٠٠٢)ز لوبنان.

عَلَى مَدَى عَشْرِ سَنَوَاتٍ مُتَتَالِيَة)، ئەو فڕنە ماوەی دە ساڵی لە دوای یەک کار دەکات، هەمووو ڕۆژێکیش (١٠،٠٠٠) تەن بەرهەم دێنێ، ئێستا فڕنی ئاوا گەورە هەیە، بۆ بەرهەم هێنانی ئاسن.

٣- ئەندازەی ئاسن لە زەوی دا:

(الموسوعة العربية)[١] دەڵێ: (يُعَدُّ الحَدِيْدُ ثَانِي المَعَادِنِ بَعْدَ الألَمِنْيُوم فِي القِشْرَةِ الأرْضِيَة، وَيُؤَلِّفُ نَحْوَ(٥٪) مِنْ وَزْنِ القِشْرَةِ الأرْضِيَةِ، وَنَحْو ٣٧٪ مِنْ كُتْلَةِ الكُرَةِ الأرْضِية، وَمَعَ ذَلِكَ فَهُوَ لاَ يُوجَدُ بِالشَّكْلِ الحُرُ فِي الطُّبِيْعَة إلاَّ نَادِراً فِي بَعْض الرُّسُوبِيَات وَالصُّخُور البَازِلْتِية وَمُخَلَّفَاتِ النِيَازِك...).

واتە: ئاسن دووەمین کانزایە لە دوای ئەلەمنیۆم {ئەلەمنیۆم زیاتریشە لە ئاسن لە سەر زەوی} لە توێکڵی زەویداو، کێشی توێکڵی زەوی (٥٪)ی ئاسنەو، لە گۆی خڕۆکەی زەوی (٣٧٪)ی کێشی خڕۆکەی زەوی ئاسنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئاسن بە شێوەی ئازاد لە سروشتدا نیە، مەگەر بە دەگمەن، لە هەندێک نیشتووەکان و، لە هەندێک بەردی بازەڵتیی و، لە هەندێک پاشماوەی نەیزەکەکان {کە لە ئاسمانەوە دێنە خوار}.

٤- گرنگیی و بایەخیی ئاسن لە ژیانی مرۆڤدا:

(الموسوعة العلمية الشاملة) ئاوا باسی گرنگیی ئاسن دەکات و[٢]، دەڵێ:

(لَوْلَا الحَدِيْدُ وَالفُولَاذُ مَا كَانَ يَتَيَسَّرُ لَنَا تَصْنِيْعُ السَّيَّارَات، وَلَا تَشْيِيْد المَبَانِي الشَّاهِقَة، وَلاَ إنْتَاج المَكَنَات الَّتِي تَصْنَعُ لَنَا تَقْرِيبَاً كُلَّ شَيء، فَالْحَدِيْد أرْخَصُ الفَلْزَاتِ

---

(١)ج٨، ص(١١٢).

(٢) ئامادەکردنی: (أحمد شفيق الخطيب ويوسف سليمان خيرالله)، چاپی (١٩٩٨)ز چاپی یەکەم، چاپی تازە (٢٠٠٢)ز لوبنان.

الَّتِـي نَسْـتَعْمِلُهَا وَأهَمُّهَـا، وَهُـوَ يُسْـتَخْرَجُ مِـن خَامَاتِـه الصَّخْرِيَّـة المُخْتَلِفَـة، ثُـمَّ يُحَـوَّلُ مُعْظَمُـهُ إلى الفُـولَاذ ...).

واتـە: ئەگـەر ئاسـن و پـۆڵا نەبووایـە، ئێمـە دروسـتکردنی سـەیارەکان و بەرزکردنـەوەی بینـا زۆر بـەرزەکان، هەروەهـا دروسـتکردنی تێکـڕای ئامێـرەکان، کـە هەمـوو شـتێکمان بـۆ دروسـت دەکـەن، هیـچ کام لەوانەمـان بـۆ ئاسـان نەدەبـوو، (بۆمـان هەڵنـەدە سـووڕا)و، ئاسـن هەرزانتریـن کانزایـە کـە ئێمـە دەریدەهێنیـن و، لـە هەمووشـیان گرنگـترەو، لـە مـاددە خامـەکانی بـەردی جۆراوجـۆر دەردەهێـنرێ و، دوایـی زۆربـەی ئاسـن دەگـۆڕدرێ بـۆ پـۆڵا.

ئنجـا بـا بزانیـن (**د. زغلـول راغـب محمـد النجـار**)، لـە کتێبەکـەی خـۆی (**الأرض**) دا چـی دەڵـێ؟ ئـەو درێژتـر باسـی سـوودەکانی ئاسـن دەکات و، لـە چەنـد خاڵێکـدا، قسـەکانی ئـەو کـورت و پوخـت دەکەینـەوە،

دەڵـێ: کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ﴾، ئێمـە بـۆ ئـەوەی لـە فەرمایشـتی خـوا بـاش تـێ بگەیـن، ئاسـن هێـزە زۆرەکـەی چییـەو سـوودو کەڵکـەکانی چیـن بـۆ خەڵـک؟ باسـەرنج بدەیـن[1]:

١- یەکەمین سوودی ئاسن ئەوەیە: کە بەهۆی بوونی ئاسنەوە لە نێو خڕۆکەی زەویدا، وا کراوە زەوی بە کەڵکی لێ ژیان بێ، چونکە ئەو ئەندازە زۆرەی ئاسن کە لە نێو کرۆکی زەوی دا هەیە، لە نێو کرۆکە ڕەقەکەی و، لە نێو کرۆکە شلەکەیدا هەیە، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لەوەدا، کە خڕۆکەی زەوی ئێمە سەقامگیر بێ.

هەروەهـا ئاسـن لـە نێـو زەویـدا کاریگەرییەکـی زۆری هەیـە، لـەو بـارەوە کـە هێـزی ڕاکێشـانی زەوی و، مەجالـە موگناتیسـییەکەی پەیدابـێ، کـە بەهـۆی ئـەو هێـزی ڕاکێشـانی زەوییـەوەو، بەهـۆی ئـەو مـەودا موگناتیسـییەوەیە، کـە زەوی بەرگـە

---

(١) ئـەو باسـە زانسـتییانە دێنینـە پێـش، بـۆ ئـەوەی یارمەتیـی زیاترمـان بـدەن بـۆ لـێ تێگەیشـتنی فەرمایشـتەکانی خوا.

هـەوا بـە دەوری خۆیـەوە دەهێڵێتـەوەو، هەروەهـا بەرگـە ئاویـی کـە چـوار لەسـەر پێنجـی پانتایـی زەوی دەریاکانـن، بـە هـۆی هێـزی ڕاکێشـانی زەوییـەوە، بـەدەوری زەوییەوەیـەو، ئەویـش بەهـۆی ئـەو ئاسـنە زۆرەوە کـە (٣٧٪)ی هەمـوو خڕۆکـەی زەوییـە لەنێـو هەنـاوی زەویـدا هەیـەو، ئـەو هێـزی ڕاکێشـان و، هێـزی موگناتیسـیی پەیـدا دەکات.

ئنجـا ئـەو بەرگـە هەوایـەی کـە لـە دەوری زەوییـە، بەهـۆی ئاسـنەوەیەکە لـە زەوی دا هەیـە، (هێـزی ڕاکێشـانە کـە بەرگـە هـەوا دەهێڵێتـەوە) ئێمـە دەپارێـزێ لـەو هەمـوو تەنۆلکـە گەردوونییانـەی بـەرەو ڕووی زەوی دێـن، لـە شـێوەی بڵێسـەو نەیزەکـەکان دا، هەروەهـا ئـەو تیشـکە زیانبەخشـانەی زەوی و جگەلـە زەوییـش، بەرگـە هـەوا دەمانپارێـزێ لـە ملیۆنـان تـەن، لـە نەیزەکـەکان کـە بەشـێوەی بڵێسـە دەسـووتێن و لـە شـەواندا دیـارن، زۆربەیـان دەسـووتێن و، کەمێکیـان لـێ دەمێننەوە، کـە جـاری وایـە دەکەونـە سـەر هەندێـک شـوێنی زەوی، بەڵام لەبـەر ئـەوەی زۆربەی پانتایـی زەوی، ئـاوە، زیاتـر دەکەونـە نێـو دەریایـەکان، هەروەهـا ئـەو ئاسـنەی لـە نێـو زەوی دا هەیـە، یارمەتیـی بەرگـە هـەوای زەوی دەدات، کۆنترۆڵـی هەندێـک لـە پێکهاتـەکانی خـۆی بـکات، وەک: ئـاو، ئۆکسـجین، دووەم ئۆکسـیدی کاربـۆن و ئـۆزۆن، ئەوانـە هەموویـان بەهـۆی ئـەو مـاددەی ئاسـنەوەن، لەنێـو هەنـاوی زەویدایـەو، وەک گوتمـان: (٣٧٪)ی، هەمـوو گـۆی زەوی پێـک دێنـێ و، ئـەوەش وای کـردوە زەوی بـە کەڵکـی ژیـان بـێ.

٢- توخمی ئاسن لە خشتە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی خانەی زیندووە، چونکە پێکهاتەکانی ئاسن دەچنە نێو پێکهاتەی ئەو کلۆڕۆفیلەی لە ئەنجامی تیشکە پێکهاتن دا پێک دێ و لە ئەنجامی ئەوەش دا ئاسن لە نێو ڕووەک دا پەیدا دەبێ.

٣- ئاسن دەچێتە نێو پێکهاتەی پرۆتینەکانی نێوکی زیندووەکانەوە، هەڵبەتە نێوکی خانەکانیش کرۆمۆسۆمەکانیان تێدا هەن و، ئاسن پێکهێنەری ئەوانەشە.

٤- هەروەها ئاسن پێکهێنەرێکی گرنگی هیمۆگلۆبینە، هیمۆگلۆبین ئەو ماددە بنەڕەتییەیە لە خڕۆکە سوورەکانی خوێندا هەیە، خڕۆکە سوورەکانی خوێنیش، ئۆکسجین لە سییەکانەوە لە ڕێی خوێنەوە دەگوازنەوە بۆ هەموو خانەکانی جەستە.

٥- هەروەها ئاسن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە پڕۆسەی سووتاندنی نێو خانەکان دا، کە پێی دەگوترێ: میتاپۆلیزم واتە: حاڵەتی هەرسکردنی وزەی نێو خانەکان، ئەویش دیسان هەر ئاسن دەوری تێدا دەبینێ و، ئاسن ڕێژەیەکی زۆری لە نێو جەرگ و سپڵ و گورچیلەکان و ماسوولکەکان و مۆخی سووری ئێسقان دا هەیە، مرۆڤ پێویستیی بەو ڕێژە ئاسنە هەیە، کە لەنێو هەموو ئەوانەدا هەیە.

٦- هەروەها جگە لە جەستەی مرۆڤ، ئاسن شاڕەگی هەموو پیشەسازییە مەدەنیی و عەسکەرییەکانەو، ڕەنگە ئێمە جۆرێک لە پیشەسازییمان دەستنەکەوێ کە ئاسن تێیدا بەشدار نەبێ بە ڕێژەیەکی زۆر.

هەر لە بارەی سوودەکانی ئاسنەوە (**د. محمد الراتب النابلسي**)یش، هەندێ شت دێنێ، کە هەندێکیان جۆرێک لە دووبارەشیان تێدا هەیە لەگەڵ ئەوەدا کە (**د. زغلول راغب محمد نجار**)، هێنای، بەڵام بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر سوودەکانی ئاسن، قسەکانی ئەویش دێنین[1]:

١- (**النابلسي**) گوتوویەتی: هیچ پیشەیەک نیە لەسەر زەوی، مەگەر ئامڕازەکانی ئاسنن، هەر لەو کەسەوەی زەوی هەڵدەقەنێ، هەتا ئەو کەسەی عەمەلیاتێکی دڵ دەکات، هەروەها ئاسن لە (٩٦٪)ی کانزایەکان لە ئاسنەوە دێن، {واتە: سەرچاوەکەیان ئاسنە} پێشتر وا دەزانرا ڕێژەی کانزای ئاسن لە زەویدا کەمە، بەڵام دوایی بۆیان دەرکەوت کە (٥٪)ی توێکڵی زەوی و، کۆی زەوی ڕێژەی (٣٧٪)ی ئاسنە، بەڵام توێکڵی زەوی (٥٪)ی ئاسنە، کە ئەویش دەکاتە (٧٥) هەزار ملیۆن ملیۆن تەن، واتە: (٧٥) هەزار تریلیۆن تەن ئاسن لە توێکڵی زەوی دا هەیە.

---

(١) تفسير النابلسي: ج٩، ص(٢٢٤ – ٢٢٥).

٢- هەموو جەستەی مرۆڤ (٣) گرام لە ئاسنی تێدایە، واتە: پێنج لەسەر سەد هەزار (٥/١٠٠٠٠٠) گرام، ئەگەر مرۆڤێک بە (٧٥) کیلۆ دابنرێ، مانای وایە (٧٥،٠٠٠) گرام کێشەکەیەتی و (٣) گرام ئاسن لەو (٧٥،٠٠٠) گرامە، لەو (٧٥) کیلۆیە، لە جەستەی مرۆڤدا هەیە، ئنجا ئەگەر ئەو (٣) گرامە لە جەستەی مرۆڤدا نەبووایە، بە شێوەیەکی هاوکۆیی (**معدّل**) مرۆڤ دەمرد، چونکە هەر ئەو سێ گرامە ئاسنەو لە جەستەی مرۆڤدا هەیە، دەچنە نێو هیمۆگلۆبین لە خڕۆکە سوورەکان داو، خڕۆکە سوورەکانیش بەهۆی هیمۆگلۆبینەوە، ئۆکسجین هەڵدەگرن لە سییەکانەوە بۆ خانەکان، کارگەکانی دروستکردنی خڕۆکە سوورەکانیش لە جەستەی مرۆڤێکی مام ناوەندیی دا، لە هەر چرکەیەکدا دوو ملیۆن و نیو خڕۆکەی سوور دروست دەکەن، هەروەها لە هەر چرکەیەکیشدا دوو ملیۆن و نیو خڕۆکەی سوور لە جەستەی مرۆڤدا دەمرن، ئنجا ئەو خڕۆکە سوورانە، کە بە هۆی هیمۆگلۆبینەوە کە ماددەی ئاسنیان تێدا هەیەو ئۆکسجین دەبەن بۆ خانەکان، دوایی ئەو خانانەی ئیستیفادە دەکەن لەو هیمۆگلۆبینەی ئاسنی تێدایە، ئاسنەکە فڕێ نادەن، بەڵکو ئەو ئاسنە دەچێ بۆ گۆڕستانی سپڵ و، لەوێ شی دەکرێتەوەو ئاسنەکەی وەردەگیرێ، جارێکی دیکە ئاسنەکە دەنێردرێتەوە بۆ مۆخی ئێسقان کە لەوێدا کارگەی دروستکردنی خڕۆکە سوورەکان هەیە، هیمۆگلۆبینەکەش دەگوازرێتەوە بۆ جگەر، تاکو ئەویش زەرداوی لێ دروست بکات، کەواتە: زەرداوێک کە دروست دەبێ، هەمووی بریتیە لە لاشەی خڕۆکە مردووەکانی کە لە خوێندا هەن، هەر بۆیە کاتێک مرۆڤ ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ماددەی ئاسنی لە جەستەدا کەمە.

٣- ئاسن دەچێتە نێو پێکهاتەی هەموو جۆرەکانی خوێن، نەک تەنیا خوێنی مرۆڤ، بەڵکو خوێنی هەموو ژیانداران، هەروەها ئاسن دەچێتە نێو پێکهاتەی هەموو گەڵایەکان، هەموو ئەو ڕووەکانەی گەڵایان هەیە قەدو چڵ و پۆپیان هەیەو، ماددەیەکی پێکهێنەری گرنگیانە، بۆیە زۆربەی سەوزەو دانەوێڵەکان بۆ وێنە: نیسک دەوڵەمەندە بە ماددەی ئاسن، هەروەها میوەکان بۆ وێنە: سێو دەوڵەمەندە بە ماددەی ئاسن، هەر بۆیەش سێوێک کە پارچەیەکی لێ دەکەیەوەو لە وێی دادەنێی، دەبینی ڕەنگەکەی مەیلەو ژەنگاویی دیارە، چونکە ئەو ماددە ئاسنەی تێدایە لەگەڵ هەوادا، یەکیگرتوە.

٥- چۆنیەتیی دابەزینی ئاسن بۆ سەر زەوی:

بۆ ئەمیش جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە بۆ کتێبەکەی (**د. زغلول راغب محمد النجار**)، خوا پاداشتی بداتەوە، کە زۆر بە جوانیی تەفسیری ئەو ئایەتە موبارەکە دەکات و ڕوونی دەکاتەوە، چۆن ئاسن لەسەرێوە بۆ سەر زەوی دابەزیوە! هەر یەکسەر لە کتێبەکەیەوە[1]، خولاسەکەی دێنم و یەکسەریش بە کوردیی دەیهێنم، دەڵێ:

لە لێکۆڵینەوەیەک دا لە بارەی دابەش بوونی توخمەکان، لەو بەشەی گەردوون دا کە بۆ ئێمە زانراوە، بە تەلسکۆبەکان بینراوە، تێبینیی ئەوە کراوە کە گازی هایدرۆجین (٧٤٪)ی ماددەی گەردوونە، لە ڕووی زۆرییەوە لە دوای هایدرۆجین، هیلیۆم هەیە کە لە (٢٤٪)ی پێک دێنێ، ئنجا ئەم دوو توخمە: هایدرۆجین و هیلیۆم سادەترین و سووکترین توخمەکانی گەردوونن، کە بە هەردووکیان (٩٨٪)ی ماددەی زانراوو بینراوی گەردوون پێک دێنن، ئەوانی دیکە بە هەموویان ئەوەی تاکو ئێستا بۆ ئێمە زانراون، کە دەوری سەد (١٠٠) توخمن بە هەموویان (٢٪)ی ماددەی گەردوونی بینراو بۆ ئێمە پێک دێنن، {بۆیە دەڵێم: گەردوونی بینراو بۆ ئێمە، چونکە مەرج نیە گەردوون بەس ئەوەندە بێ کە ئێمە دەیبینین، وەک پێشتریش گوتوومانە: ئەوەی دەبینرێ وا پێدەچێ هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەکەم دابێ، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ﴾الملك:٥، ئاسمانی یەکەممان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، ئنجا هەرچی کەهکەشانەو ئەستێرەیە هەمووی وشەی (**مَصَابِيح**)ی بەسەردا دێ، (**السَّمَاء الدُّنْيَا**) ش، یانی: (**السَّمَاء الأقْرَب**)، دنیا (**مؤنث**)ی (**أدنى**)یە، ئاسمانی نیزیکتر لە ئێوەمان بە چرایان ڕازاندۆتەوە، چرایەکانیش مەبەست ئەستێرەکانن، کەواتە: هەرچی کەهکەشان و گەلە کەهکەشانە، هەمووی لە سنووری ئاسمانی یەکەمدایە}، ئنجا

---

(١) ص(١٢٣ - ١٢٧).

لە نێو ئەو ئەستێرانەدا، هەموویان ئەو پرۆسەیان لە نێودا ئەنجام دەدرێ کە یەکگرتنی نێوکیی (**الإنْدِمَاج النَّوَوِي**)، پێدەگوترێ، بەڵام هەندێکیان لە ئەستێرەکان کە گەورەترن، هێزێکی زۆر لە وزە، وزەیەکی زۆر بێڕەزا یان لێ دەردەچێ، کە پێی دەگوترێ: وزەی ئەستێرەکان، ئنجا لە ئەنجامی ئەو وزەیەدا، کە لەو ئەستێرەیە دەردەچێ، دوایی وردە وردە نێو جەرگەی ئەستێرەکە دەبێتە ماددەی ئاسن، دوای ئەوەی وزەکەی لێوە دەردەچێ، ئاسن دەمێنێتەوە، ئنجا ئەویش زۆر گەرم دادێ و، سەرەنجام ئەو ئەستێرەیە دەتەقێتەوەو، پارچەکانی بڵاودەبنەوە بە لاپەڕەی ئاسمان دا، تاکو دابەزن بۆ سەر ئەستێرەکانی دیکەو بۆ سەر خڕۆکەکان، ئنجا خۆری ئێمە کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لە هایدرۆجین پێک دێ، نێوکەکانی هایدرۆجین کە لەگەڵ یەک دا یەک دەگرن، بۆ ئەوەی غازی توخمی دووەم کە هیلیۆمە پێکبێنن، هێزێکی زۆر لە خۆر دەردەچێ کە گەرمییەکەی دەگاتە دە (١٠) ملیۆن پلەی سەدیی، ئەوەی وا دەکات ئەم خۆرەی ئێمە بمێنێتەوە، ئەوەیە کە غازی هێلیۆم وردە وردە لە هایدرۆجین دروست دەبێ، کە لە نێو خۆردا زۆرەو، خۆریش وردە وردە دەکشێ، هەتا نێوکەکەی گەرمتر دەبێ، ئەویش پتر دەکشێ و غازی هێلیۆمی لێ دەردەچێ، ئەستێرەیەکی ئاسایی وەک خۆرەکەی ئێمە دیوی دەرێی بە (٦٠٠٠) پلەی سەدیی مەزەندە دەکرێ، بەڵام هەتا بەرەو قووڵایی خۆر بچین، پلەی گەرمییەکەی بەرزترە، هەتا دەگاتە نێوکی خۆر (١٥) ملیۆن پلەی سەدیی گەرمە، زانایانی گەردووناس دەڵێن: ئەگەر بێت و نیوەی ئەو ئەندازە هایدرۆجینەی لە خۆر دایە، هەمووی بگۆڕێ بۆ هێلیۆم، پلەی گەرمیی لەنێو جەرگەی خۆردا، دەگاتە (١٠٠) ملیۆن پلەی سەدیی، هەروەها زانایان دەڵێن: مەزەندەیان کردوە کە دەگونجێ پلەی گەرمیی نێو جەرگەی خۆر، بگاتە (٦٠٠) ملیۆن پلەی سەدیی، لە ئەنجامی ئەوەدا بەشێکی کاربۆنەکەی دەگۆڕێ بۆ سۆدیۆم، دوایی بۆ مەگنسیۆم، دوایی بۆ نیۆن، ئنجا لە دوای هەموو ئەوانە، ئاسن دروست دەبێ.

ئنجا ئەو ئاسنەی سەر زەوی، بەرهەم و ئەنجامی تەقینەوەی ئەو ئەستێرانەیە کە نێو جەرگەکەیان بۆتە ئاسن و، دوایی تەقیونەوەو ئاسنەکە بڵاو بۆتەوە، ئەو ماددەی ئاسنەش لەو ئەستێرە گەورانەوە، کە بە گەردووندا بڵاوبۆتەوە، زەوی بەشی خۆی بۆ هاتووەو، ئێستا ڕێژەی ئاسن لە خۆری ئێمەدا ئەندازەکەی زۆر زۆر کەمە: (٣٧/١٠٠٠٠) قەبارەکەیەتی، کە ڕێژەی ئاسن تێیدا لە هی زوحەل و عەتتاردو زوهرە، هەموویان کەمترە.

ئنجا زەوی ئێمە کاتێک لە خۆر جیابۆتەوە، وەک تۆپەڵێک لە خۆڵەمێش و توخمی سووک بووە کە پێکەوە کۆبوونەتەوە، بەڵام ئەو تۆپەڵە کە وەک خۆڵەمێشێک بووەو لە مادده توخمی سووک بوون، بارانێک لە ئەیزەکەکانەوە کە ماددەی ئاسنیان تێدا بووە، هاتووە، لە دەرەوەی کۆمەڵەی خۆرەوە لە ئەنجامی ئەوەدا کە زۆر بە خێرایی هاتووەو، زۆریش قورس بووە، یەکسەر چۆتە نێو جەرگەی زەوییەوەو، لەوێدا نێو جەرگەی زەوییان پێکهێناوە.

هەموو زەوییش لە حەوت بەش پێک دێ:

یەکەم: کاکڵێکی زۆر ڕەق بەشێوەی تۆپێکی زۆر گەورە، کە هەمووی ماددەی ئاسن و نیکڵەو، ئەندازەی ڕێژەی ئاسن لەو تۆپەڵەی نێو جەرگەی زەویی دا دەگاتە: (٩٠٪)و، (٩٪)شی نیکڵەو، (١٪) دیکەش هەندێک توخمی دیکەی سووکن.

دووەم: ئنجا لە دوای ئەو تۆپەڵەی نێو جەرگەی زەوی کە زۆر ڕەقە، تۆپەڵێکی دیکەی شل دێ، ماددەیەکی شلە بە هەمان شێوەی پێکهاتە کیمایی، واتە: دیسان ئەویش (٩٠٪)ی ئاسنەو (٩٪)ی نیکلەو (١٪)یش هەندێک لە توخمەکانی دیکەن.

ئەم دوو پێکهاتەی زەوی، واتە: هەم نێوکەی ڕەقەکەی و هەم نێوکە شلەکەی کە بە دەوری نێوکە ڕەقەکەدا هەیە، بە هەردووکیان (٣١٪)ی کۆی زەوی پێکدێنن.

سێیەم و چوارەم و پێنجەم: ئنجا لە دوای ئەو دوو نێوکە ڕەق و نێوکە شلە، سێ چینی دیکەی زەوی دێن چینەکانی: سێیەم و چوارەم و پێنجەم، ئەوانە پێیان

دەگوترێ: پێوەپێچراوی زەوی **(وشاحُ الأرض)**، ئەو سێ چینەش: چینی بنەوەو، چینی نێوەڕاست و، چینی سەرێن.

شەشەم و حەوتەم: ئنجا دوای ئەو پێنج چینە، دوو چینی دیکە دێن کە پێیان دەگوترێ: بەرگی بەردیی **(الغلاف الصخري)**، ئەویش لە دوو توێژ پێک دێ: توێژی شەش و توێژی حەوت، یەکەمیان هی پێش توێکڵ، ئەوەی دیکەشیان توێکڵ، ئنجا هەتا بەرەو سەرێ دێی، ڕێژەی ئاسن کەم دەبێتەوە، پێشێ ڕێژەی ئاسن وەک گوتمان: (٩٠٪)ە، دوایی وردە وردە ڕێژەی ئاسن کەم دەبێتەوە، تاکو دەگاتە توێکڵی زەوی و ڕێژەی ئاسن دەبێتە (٥٪).

بۆیەش گەردوونناس و زانایانی زەویناسیی (جیۆلۆجیا) ئێستا زیاتر ئەو قەناعەتەیان بۆ دروست بووە، کە ئەو ئاسنەی لە زەویدا هەیە - کە **(د. زغلول النجار)**، بە (٩،٣٥٪)، مەزەندەی کردوەو، ئەوانەی دیکە گوتوویانە: (٣٧٪)ی هەموو گۆی زەوی پێک دێنێ - هەموو ئەو ماددەی ئاسنە لە ئەستێرە گەورەکانەوە هاتوە، کە پێیان دەگوترێ: **(النجوم المستعرة)**، ئەستێرە گڕگرتووەکان و تیشکی زۆر زۆریان هەیە، لە ئەنجامی ئەوەدا کە وزەی زۆریان سەرفکردوەو ئاسن ماوەتەوە لە نێو جەرگەی دا و دوایی تەقیوەتەوە، ئنجا ئەو پارچە ئاسنانەی نێو ئەو ئەستێرانە دابەزیون، بە شێوەی بارانێکی گەورەی ئاسن بۆ نێو زەوی، هەڵبەتە نەک تەنیا بۆ نێو زەوی، بەڵکو بۆ نێو خڕۆکەکانی دیکەی کۆمەڵەی خۆریش، ئەو ئاسنە لە ئەنجامی ئەوەدا هاتۆتە نێو زەوی، ئنجا ئایا بۆچی لە نێو جەرگەی زەویدا ئاسن زیاترە: (٩٠٪) و ئەوەی دیکەش نیکڵە؟ لەبەر ئەوەی ئاسن قورسترەو، لەو ئەستێرە بەرزانەوە کەوتۆتە نێو جەرگەی زەوی، ئەو کاتیش زەوی وەک ئێستا نەبووە ڕەق و پتەو سارد بێتەوە، بەڵکو وەک وەک تۆپەڵێک خۆڵەمێش وابووەو، یەکسەر ئەو ئاسنە باریوە قورسە هاتوەو لە نێو جەرگەی زەوی دا قەراری گرتوەو، کاکڵەی زەوی پێکهێناوە، هەم کاکڵە ڕەقەکەی و هەم کاکڵە شلەکەی، ئاگر پرژێنەکان (براکین)ییش کە پەیدادەبن، مانای وایە ئاسنە

شل و تواوەیە کە بە دەوری نێوکە ڕەقەکەوەیە، جار جار لە هەندێک شوێنی زەوی دێتە دەرێ، هەر بۆیەش کە دێتەدەر هەمووی ئاسن و نیکڵ و ئەو ماددە تواوانەن کە زۆر زۆر گەرمەو، جاری وایە زۆر بەرزدەبێتەوە، چونکە بە فشارێکی زۆر لە نێو جەرگەی زەوییەوە دەردەقوڵێ.

ئەمە کورتەیەک بوو لە بارەی پێناسەی ئاسن و، لە بارەی ئەوەوە کە خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ئاسنمان دابەزاندوە، ئایا دابەزاندنی ئاسن چ چەمک و واتایەکی هەیە؟ بە پێی ئەوەی زانیاریی گەردوونناسیی و زانیاریی زەویناسیی، ئەم ڕۆژگارەی ئێمە بۆی دەرکەوتوە.

لە کۆتایی ئەم دەرسەماندا دەڵێم: ئێمە لەسەرمان پێویستە بەپێی ئەوە کە زانیاریی لە ڕۆژگاری ئێمەدا پێیگەیشتوە، تەماشای ئایەتەکان بکەین، کە بێگومان سەرەتای وەحیی کۆتایی زانستە، زانست لە کوێ کۆتایی دێ، وەحیی لەوێوە دەست پێدەکات، چونکە زانست بریتیە لە باسی دروستکراوی خوا، بەڵام وەحیی فەرمایشتی خوایە، بۆیە پێویستە ئەو شتانەی قورئان باسیان دەکات، کە پەیوەستن بە گەردوونەوەو، بە دروستکراوەکانی خواوە، هەوڵبدەین: زانست چی بۆ دەرکەوتوە، لەو ڕووەوە ئێمە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی چەمکی ئایەتەکان، کە لەو بارەوە دەدوێن، لەو زانستە بەهرەمەند بین، بەڵام بێگومان دەبێ بڵێین: ئەمە بەپێی ئەوەی تاکو ئێستا مرۆڤ پێی گەیشتوە، گومانیشی تێدا نیە، هەتا زانست زیاتر بەرەو پێشەوە بچێ، چەمک و واتای ئەو ئایەتانەی لەو بارەوە قسە دەکەن، ڕوونتر دەبێتەوەو، زانیارییش بێگومان پلە پلەیەو، زانیاریی ڕەهاو بێ خەڵتە، تەنیا لە وەحیی خوای پەروەردگار دایە، بەڵام بەشەریش خوای زاناو توانا توانایەکی داوەتێ، دەتوانێ زۆر شت بزانێ و، بە ئەندازەی ئەوەش کە شت دەزانێ، زیاتر لە فەرمایشتی خوا تێدەگات.

مەسەلەی دووەم:

نێررانی نـووح و ئیبراهیـم (عَلَيْهما الصَّلَاةُ وَالسَّـلَامُ)و هێشـتنەوەی پێغەمبەرایەتیی و بەرنامـەی خـوا لـە وەچەکەیانـدا، دوایـی نێـررانی پێغەمبـەرانی دیکـەو، شـوێن خسـتنی عیسـای کـوڕی مەریـەم بـۆ هەموویـان، واتـە: لـە دوای هەموویانـەوە بـە ماوەیـەک کـە پێـی چووەو، پێـدانی ئینجیـل و پـەرۆش و بەزەیـی خسـتنە نێـو دڵـی شـوێنکەوتووەکانی و، داهێنـانی ڕەهبانییەتێـک لەلایـەن شـوێنکەوتووانیەوە، کـە خـوا لەسـەری دانەنابـوون و، خـوا جگـە لـە ڕازیکـردنی خـۆی لەسـەر پێویسـت نەکردبـوون، بڕوادارەکانیـان پاداشـتیان هەیـەو، لادەرانیشـیان سـزا:

خوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَٰهِيمَ وَجَعَلْنَا فِى ذُرِّيَّتِهِمَا ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ فَمِنْهُم مُّهْتَدٍ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٢٦﴾ ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ وَجَعَلْنَا فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَٰهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا فَـَٔاتَيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنْهُمْ أَجْرَهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿٢٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا وَإِبْرَٰهِيمَ ﴾، بەدڵنیاییش نووح و ئیبراهیممان (بە پێغەمبەر) ناردن، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕستەی پێشێ، وەک گێڕانەوەی تایبەت بۆ سەر گشتیی، ئایەتی پێشێ فەرمووی: ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِٱلْبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلْغَيْبِ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴾، ئنجا ئەمە وەک گێڕانەوەو یادانەوەی تایبەتە بۆ سەر گشتیی، دوای ئەوەی خوا ﷻ بە گشتیی باسی پێغەمبەرانی کردوە، کە بە بەڵگە ڕۆشنەکانەوە ناردوونی و کتێب و تەرازووشی لەگەڵ دابەزاندوون، واتە: بەرنامەیەک و هاوسەنگییەک و دادگەرییەک، کە ئەو بەرنامەیە گرتوویەتە نێو خۆی، بۆ ئەوەی

خەڵک بە دادگەریی بەڕێوە بچن، ئنجا بە تایبەت باسی دوو لە پێغەمبەرانی یەکجار پایە بەرزی خۆی دەکات، کە یەکێکیان بە (**أَبُو البَشَرِ الثَّانِي**)و، ئەوەی دیکەشیان بە (**أَبُو الأَنْبِيَاء**) ناودارە، نووح عليه السلام پێی دەگوترێ: دووەمین بابی مرۆڤایەتیی، لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە کەشتییەکەدا لەگەڵی سوار بوون، هەموویان لەوەچەی خۆی بوون، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُۥ هُمُ ٱلْبَاقِينَ ﴿٧٧﴾﴾، تەنیا ئەوانیش مانەوە لەسەر زەوی، کەواتە: بەشەر لە دوای نووحەوە، هەمووی لەوەچە نووح عليه السلام بوو، ئیبراهیمیش پێی دەگوترێ: (**أَبُو الأَنْبِيَاء**) بابی پێغەمبەران، لەبەر ئەوەی لە دوای ئیبراهیم، هیچ پێغەمبەرێک نەهاتوە، کە لە وەچەی ئیبراهیم نەبووبێ، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ:

٢)- ﴿وَجَعَلْنَا فِى ذُرِّيَّتِهِمَا ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ﴾، لەوەچەی ئەواندا، هەم پێغەمبەرایەتیی و هەم کتێب و بەرنامەی خۆمانمان دانا، هەر پێغەمبەرێک لە دوای نووح هاتبێ، لە وەچەی نوح بووەو، هەر پێغەمبەرێکیش لە دوای ئیبراهیم هاتبێ، لەوەچەی ئیبراهیم بووە، ئنجا ئایا ئەم دوو پێغەمبەرە (**عَلَيْهِما الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) بۆچی خوا بە تایبەت ناوی هێناون؟ چونکە هەردووکیان لەسەر ئاستی مرۆڤایەتیی ناسراون، هەم نووح، هەم ئیبراهیم، دوو پێغەمبەری نێو نەتەوەیی (**أممي**) بوون، تەنیا هی گەلێکی دیارییکراو و شوێنێکی دیارییکراو نەبوون، هەر بۆیەش باسی تۆفانەکەی نووح عليه السلام لە هەموو کتێبە مێژووییەکاندا هەیە، هەر لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە بگرە تاکو میصرو میزۆپۆتامیاو ڕۆم و شوێنەکانی دیکە، هەروەها ئیبراهیمیش عليه السلام تاکە پێغەمبەرێکە کە هەموو خاوەن بەرنامە ئاسمانییەکان ڕێزیان بۆی هەیەو، بە پێغەمبەری خۆیانی دەزانن: جوولەکەو نەصرانیی و مسوڵمان - بەپێی ڕیزبەندیی کاتییان باسمکردن - هەروەها صابیئەش بەهەمان شێوەو، زەردەشتییەکانیش بەهەمان شێوەو، هەموو ئەوانەش کە خۆیان بە خاوەنی کتێبکی ئاسمانیی دەزانن، ڕێزیان بۆ ئیبراهیم هەیە، بۆیە خوا ﷻ ناوی ئەو دووەی هێناوە کە دەفەرموێ: پێغەمبەرایەتیی و کتێبمان لەوەچەی ئەواندا دانا، ئنجا وەک پێشتریش باسمان کرد، کەواتە: هەم پێغەمبەرایەتیی کە وەک پلەو پێگەیەک خوا دەیبەخشێ، هەم ئەو کتێب و پەیامەی وەک وەحیی و سروشێک خوا دەینێرێ، سەرچاوەکەیان بەس خوای پەروەردگارەو میهرەبانە.

٣)- ﴿ فَمِنْهُم مُّهْتَدٍ ﴾، ئنجا لەوەچەی نووح و ئیبراهیم (عَلَيْهِما الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، کەسانێک هەبوون ڕێی ڕاستگرتوو بوون، (مُهْتَدٍ)، (السَّالِكُ صِرَاط اللهِ المُسْتَقِيْم المُوَصِّلِ إلى الغَايَة)، کەسێک کە ڕێی ڕاستی خوا دەگرێ، کە بە ئامانجی دەگەیەنێ، (مُهْتَدِي)، هەرچەندە لێرە (مُهْتَدٍ)، بە تەنوین هاتوە، کەسێکە ڕێی هیدایەتی گرتبێ، واتە: ڕاستە ڕێ بوو، ڕێی ڕاستگرتوو.

٤)- ﴿ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴾، زۆرێکیشیان لادەر بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کەمێکیان ڕێی ڕاستگرتوو بوون، لەوەچەی ئیبراهیم و نووح (عَلَيْهِما الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) و زۆربەیان لادەربوون، ئنجا کە دەفەرموێ: لادەربوون، ئەمە هەم دەگونجێ کەم و زۆر لایاندابێ، بەو واتایەی تووشی گوناهو لادان و سەرپێچیی بووبن و، دەشگونجێ یەکجاریی لایاندابێ، چونکە (فِسْق)، بە مانای لادان (خُرُوج)و، دەرچوونە، ئنجا دەرچوونی بەشیی هەیە، لە هەندێ شتدا، وەک هەر کەسێک لە بازنەی ئیسلام و ئیماندا بمێنێتەوە، بەڵام تووشی گوناح بووبێ و، دەرچوونی گشتییش هەیە، کە یەکجاریی لە بازنەی ئیمان و ئیسلام بچێتە دەر، لێرەش هەردوو واتایەکان هەڵدەگرێ.

٥)- ﴿ ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِرُسُلِنَا ﴾، دوایی بە شوێن ئەواندا پێغەمبەرانی دیکەمانمان ناردن، (تقفية الرسل: إِتْبَاعُ الرَّسُولِ بِرَسُولٍ آخَرَ، مُشْتَقَّةٌ مِنَ القَفَا، لِأَنَّهُ يَأْتِي بَعْدَهُ، وَالآثَارُ: جَمْعُ الأَثَرِ، وَهُوَ مَا يَتْرُكُهُ السَّائِرُ مِنْ مَوَاقِعِ رِجْلَيْهِ فِي الأَرْضِ)، (تَقْفِيَة)ی پێغەمبەران ئەوەیە پێغەمبەرێک بە دوای پێغەمبەرێکی دیکەدا بنێردرێ، لە (قَفَا)وە هاتوەو داتاشراوە، واتە: پشتە مل، چونکە هەر پێغەمبەرێک لە دوای ئەوی دیکە بڕوات، لە پشتیەوە دەچێ، (آثَارْ)یش کۆی (أَثَر)ە، واتە: شوێنپێ کەسێک کە بە شوێنێکدا دەڕوا، شوێن پێ بەجێ دێڵێ، واتە: پێغەمبەرانمان یەک بە دوای یەکدا ناردن، ئەم تەعبیرە ئەوەی لێ دەفامرێتەوە کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) ماوەی زۆریان نەکەوتۆتە بەینێ، هەر لە دوای پێغەمبەرێک، پێغەمبەرێکی دیکە هاتوە، لە سوورەتی (المؤمنون)دا خوای پەروەردگار زۆر بە ڕوونیی دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا تَتْرَا ﴾، واتە: دوایی پێغەمبەری خۆمانمان یەک لە دوای یەک، پەیتا پەیتاو بەبێ پچڕان، بە دوای یەکدا ناردن.

٦)- ﴿ وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ﴾، دوایی عیسای کوڕی مەریەمیشمان وەدواخستن، بۆیە خوا ﷻ تەعبیرەکەی وا هێناوە چونکە عیسا کۆتا پێغەمبەری بەنوو ئیسرائیل بووەو، ئەویش بە دوای زەکەریاو یەحیاو یونوسی کوڕی مەتتادا هاتوە، ئنجا کتێبە مێژووییەکان بۆمان باس دەکەن، کە (یونوسی کوڕی مەتتا) لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی پێش عیسادا ﵇ هاتوە، واتە: لە نێوان یونوسی کوڕی مەتتاو نێردرانی عیسادا ﵇ هەشت سەدە ماوە هەبووە! بەڵام ئەوە بەڕاست نازانم و گریمان واشبووبێ، ئەوە تەنیا بۆ پێغەمبەرانی بەنوو ئیسرائیل وابووەو، بێگومان لە شوێنەکانی دیکەش پێغەمبەرانی دیکە هەبوون، بۆیەش خوا ﷻ دەفەرموێ: بە دوای هەموویاندا عیسای کوڕی مەریەممان نارد، چونکە عیسا کۆتا پێغەمبەری خوا بووە ﵇، پێش موحەممەد پێغەمبەری کۆتایی ﷺ.

٧)- ﴿ وَءَاتَيْنَـٰهُ ٱلْإِنجِيلَ ﴾، ئینجیلیشمان پێدا (بە عیسا ﵇)، ئینجیل بە زمانی عیبری بە مانای موژدە (بُشْرَى) دێ، هەروەها بە مانای فێرکردنی تازە (التعْليم الجَدِيْد)یش دێ، خۆیان وایان ناوناوە، ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ﴾، پێشتر دەفەرموێ: ﴿ ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَـٰرِهِم ﴾، واتە: بە دوای شوێنەواری نووح و ئیبراهیم (عَلَيْهِما الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)و وەچەکەیان دا کە پێغەمبەرانیان تێدابوون، پێغەمبەرانمان ناردوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر کەوتۆتە نێوان عیسا ﵇و کۆتا پێغەمبەری پێش خۆیەوە، لەوانەی خاوەن بەرنامەی تایبەت و سەربەخۆن کە مووسا علیه السلام بووە، بۆیە تەعبیرەکەی گۆڕیوەو فەرموویەتی: ﴿ وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ ﴾، هەروەها عیسای کوڕی مەریەمیشمان نارد لە دواییدا.

٨)- ﴿ وَجَعَلْنَا فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً ﴾، پەرۆش و بەزەییمان خستە دڵی ئەوانەوە کە شوێنی کەوتبوون، واتە: وامان لێکردبوون: هەم پەرۆشییان هەبێ و، هەم بەزەیی، پێشتر گوتمان: (رَأْفَةٌ)، پەرۆش، ئەوەیە تۆ بە تەنگ کەسێکەوە بی، کە تووشی زیان نەبێ، دەگوترێ: پەرۆشی فڵانکەسمە، واتە: تووشی زیان بووەو تووشی ناڕەحەتیی

بووە، بەزەیی ئەوەیە تۆ بە تەنگیەوە بی، کە قازانجی تووش بکەی و سوودی بۆ بێنی، دەگوترێ: فڵانکەس بەزەیی بە فڵانکەسدا هاتەوە، واتە: چاکەی لەگەڵ کرد، بەڵام: پەرۆشی فڵانکەسیەتی، واتە: پێی ناخۆشە کە تووشی ناڕەحەتیی بووە، بۆیە خوا ﷻ ئەو دوو وشەیەی وەک دوو سیفەت بۆ خۆی بەکارهێناون: ﴿رَءُوفٌ رَّحِيمٌ﴾، واتە: خوا پەرۆشی بەندەکانیەتی تووشی زیان بن، بەزەییشیان لەگەڵ دەنوێنێ کە تووشی خێرو چاکەیان کات، ئنجا دەفەرموێ: ئێمە هەم پەرۆش و هەم بەزەییمان خستبووە دڵی ئەوانەوە کە شوێن عیسا ﷺ کەوتن، یانی: ئەوانەی بە ڕاستیی شوێنی کەوتبوون، هەم پەرۆشی خەڵکیان بوو، کە تووشی زیان نەبن و، هەم بەزەییشیان پێاندا دەهات، کە تووشی خێرو چاکەیان بکەن.

٩)- ﴿وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا﴾، ڕەهبانییەتێکیشیان داهێنا، واتە: خۆیان گۆشەگیریی و ڕەهبانییەتێکیان پەیدا کردو دایانهێنا.

١٠)- ﴿مَا كَتَبْنَٰهَا عَلَيْهِمْ﴾، ئێمە ئەو (ڕەهبانییەت)ەمان لەسەر ئەوان پێویست نەکرد بوو.

ئەمە ڕستەیەکی نێواخن (**جملة معترضة**)ە.

١١)- ﴿إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ٱللَّهِ﴾، {دایان نەهێنا} مەگەر بۆ داواکردنی ڕەزامەندیی خوا، (**ابْتَدَعُوهَا ابْتِغَاء رِضْوَان الله**)، ئەمە باشترین مانا لێکدانەوەیە بە بۆچوونی من، نەک مانای ئەوەبێ خوا ﷻ بفەرموێ: (**مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِم إلاَّ ابْتِغَاءَ رِضْوَان الله**)، لەسەرمان نەنووسیبوون، لەسەرمان پێویست نەکرد بوون، مەگەر بە مەبەستی ئەوەی ڕەزامەندیی خوا داوا بکەن، چونکە خوا لە بنەڕەت دا لەسەری نەنووسیبوون، ئەم (**مَا**)یەش بۆ لابردن (**نفي**)ە، ئنجا کەسانێک شتانێک دابهێنن، بەدڵنیایی خوا نایبنووسێ و پێویستی ناکات، بەڵکو پێشی پەسندو باش نیە، نەک هەر پێویستی ناکات، کەواتە: ﴿إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ٱللَّهِ﴾، یانی: (**مَا ابْتَدَعُوهَا إلاَّ ابْتِغَاء رِضْوَان الله**)، لێرەدا بۆ کورتکردنەوە، ڕستەیەک یان وشەیەک قرتێنراوە، واتە: دایاننەهێنا، مەگەر بۆ داواکردنی ڕەزامەندیی خوا، هەندێکیش

گوتوویانە: ئەوان خۆیان دایانهێناوەو خوای کاربەجێش لەسەری پێویست نەکردن، مەگەر بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی خوای پێ وەدەست بێنن، بەڵام وەک گوتمان، ئەو مانایەم پێ بەهێز نیە، چونکە مادام ئەوان ئەو شتەیان پەیدا کردووەو دایانهێناوە، کەواتە: جێگای ڕەزامەندیی خوا نەبووەو، جێی پەسەندیی خوا نەبووە.

(**الرَّهْبَانِيَّةُ: اسْمٌ لِلْحَالَةِ الَّتِي يَكُونُ عَلَيْها الرَّاهِبُ، وَهُوَ عَلَى غَيْرِ قِيَاسٍ، فَالْقِيَاسُ الرَّاهِبِيَّةُ، الرَّهْبَانِي: مِثْل لِحْيَانِيٌّ وشَعْرَانِيٌّ وَنَصْرَانِيٌّ**)، ڕەهبانییەت ئەو حاڵەتەیە، بابای ڕاهیب لەسەری دەبێ، ئەویش بەبێ قیاس ئەو وشەیە هاتوە، ئەگەر بەپێی قیاس با، ڕەهبانییەت کە لە (**رَهْبَة**)ەوە هاتوە، یان لە (**رَاهِب**)ەوە هاتوە، دەبووایە گوترابا: (**الرَّاهِبِيَّة**)، بەڵام ڕەهبانیی وەک (**لِحْيَانِيّ**)، کەسێک ڕیشێکی گەورەی هەبێ و، (**شَعْرَانِيّ**)، کەسێک قژێکی زۆری هەبێ و، (**نَصْرَانِيّ**) کەسێک شوێن عیسا کەوتبێ، لەسەر ئەو کێشانەیە.

١٢)- ﴿فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا﴾، بەڵام وەک مافی چاودێرییکردن و، پاراستنی بوو، نەیانپاراست و چاودێرییان نەکرد، چونکە (**الرَّعِيُ: الحِفْظُ، وَاسْتُعِيرَ اللَّفْظُ لاسْتِيفَاء مَا تَقْتَضِيهِ مَاهِيَّةُ الفِعْل**).

واتە: وشەی (**رَعِي**)، یانی: پاراستن، خوازراوەتەوە بۆ ئەوە کە دەبووایە وەک پێویست بپارێزرێ و چاودێریی بکرێ، (**رَاعِي**)، بۆیە پێی دەگوترێ: (**رَاعِي**)، چونکە چاودێریی ئاژەڵەکانی دەکات و، ئاگای لێیان دەبێ.

١٣)- ﴿فَـَٔاتَيۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنۡهُمۡ أَجۡرَهُمۡ﴾، ئنجا ئەوانەی بڕوایان هێنابوو، لەوان پاداشتی خۆیانمان دانێ، واتە: ئەوانەی پارێزگارییان کرد لەسەر ئیمان و پابەندییەک کە لە ئیمانەوە پەیدادەبێ، لە شوێنکەوتووانی عیسا، ئەوانەیان کە ئەهلی ئیمان بوون و پابەندیش بوون بە داخوازییەکانی ئیمانەوە، واتە: کردەوەی باشیشیان دەکرد، پاداشتی خۆیانمان پێدان.

١٤)- ﴿ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴾، زۆرێکیشیان لارێ و لادەر بوون، ئەمیش دیسان دەگونجێ مەبەست پێی دەرچوونی بەشیی بێ، واتە: تووشی گوناهو تاوان بوون، دەشگونجێ مەبەست دەرچوونی گشتیی بێ بە یەکجاریی، واتە: لە بازنەی ئیمان و ئیسلامیش دەرچوون.

دوو کورتە سەرنج:

یەکەم: خوا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا فِى ذُرِّيَّتِهِمَا ٱلنُّبُوَّةَ وَٱلْكِتَٰبَ ﴾، لەوەچەی (نووح و ئیبراهیم)دا، پێغەمبەرایەتیی و بەرنامەمان دانان، مێژوو نووسان گوتوویانە: لە وەچەی نووح عليه السلام لادەرو لارێیەکان بریتی بوون لە هاوبەش بۆ خوا بڕیار دەرەکان، لە گەلی عادو ثەموودو، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانی یەمەن و، گەلی لووط کە لەشام بوون، هەروەها هەردوو هۆزی (**أوس وخزرج**)یش، کە لە مەدینە (**یثرب**) بوون، بەڵام دوایی خوا ﷻ ئیمان و ئیسلامی بە قسمەت کردن، لەسەر دەستی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ.

هەروەها لە وەچەی ئیبراهیم عليه السلام گەلی مەدیەن بووەو، خەڵکی حیجاز بووە، خەڵکی تیهامە بووەو، ڕەنگی هی شوێنانی دیکەش بووبن.

دووەم: دوای ئەوەی خوا دەفەرموێ: ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ ﴾، ئنجا دەفەرموێ: ﴿ وَجَعَلْنَا فِى قُلُوبِ ٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُ رَأْفَةً وَرَحْمَةً ﴾، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو نەرمیی و هێمنیی و پەرۆشیی و بەزەییەی، خراوەتە دڵی شوێنکەوتووانی عیساوە عليه السلام، ئەنجام و بەرهەمی شوێنکەوتنیان بووە بۆ ئینجیل، کە ئێستاش ئینجیل لەگەڵ دەستکاریی کران و گۆڕانی زۆردا کە خوا ئینجیلێکی ناردووەو، ئێستا نەصرانییەکان چوار ئینجیلیان هەر بە ڕەسمیی هەن و، ئەوانیشیان لە نێو حەفتا (٧٠) ئینجیل دا هەڵبژاردوون و، ئینجیلێکی دیکەش هەیە کە ئەوان دانی پێدا ناهێنن، کە بریتیە لە ئینجیلی بەرنابا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستاش ئینجیل ئەوەی هەر تێدایە، زۆربەی ئامۆژگاریی ڕووحیی و ئەخلاقیی و هەڵس و کەوتی جوان و لێبوردن و نەرم و نیانیی و میهرەبانییە، خوای بەرزو

کارزانیش بۆیە ئینجیلی بەو شێوەیە نارد، چونکە جوولەکەکان زۆر تێیان پەڕاندبوو لە ملهوڕیی و ماددە پەرستیی و خۆشویستنی دنیادا، کە جێی سەرنجە: لە هەموو پەیمانی کۆندا، بەپێی تێفکرینی من کە بە لای کەمەوە، دووجارم هەمووی خوێندۆتەوە، باسی ڕۆژی دوایی و قیامەتی تێدانیەو، لە هەموو پەیمانی کۆندا یەکجار باسی ڕۆژی دوایی بە ڕوون و ڕاشکاویی نەکراوە، بۆیە ئێستاش لەگەڵدابێ گەلی جوولەکە زۆر متووی[1] دنیان و عەوداڵی دنیان و باوەشیان بە دنیادا کردوە، ئنجا خوا عیسای ﷺ ناردو ئینجیلی پێدا بۆ ڕاستکردنەوەی بە هەڵەدا چوونی جوولەکەکان، چونکە عیساش بۆ خۆی هەر جوولەکە بوو، هەر لە گەلی یەهوودو بەنوو ئیسرائیل بوو، ئەو ئینجیلەش کە بۆی نێردرا، تەنیا بۆ بەنوو ئیسرائیل بوو، بەڵام دوایی (**بولص الرسول**) جۆرێک لادانی کرد لە ئایینی عیسادا کردو، بردیە دەرەوەی جوغزی گەلی جوولەکە، ئەگەرنا وەک خوای پەروەردگار لە سوورەتی (**الصف**)داو لە شوێنی دیکەش دا ئاماژە دەکات، کە عیساش ﷺ وەک تێکرای پێغەمبەرانی بەنوو ئیسرائیل تەنیا بۆ گەلی جوولەکە نێرراوە، وەک خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ﴿٦﴾﴾، واتە: کاتێ عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی وەچەی ئیسرائیل! {ئەی «وەچەی یەعقووب»} من ڕەوانە کراوی خوام بۆ لای ئێوە، ئەو تەوراتەی لە پێش مندا بووە، بە ڕاستی دەزانم و موژدەشتان پێ دەدەم بە پێغەمبەرێک لە دوای من دێ، ناوی ئەحمەدە، یانی: موحەممەد ﷺ.

کەواتە: عیسا ﷺ تەنیا بۆ گەلی جوولەکە نێردرا بوو، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ئەوان، هەر بۆیەش ئینجیل کۆمەڵگاو دەوڵەتی پێ بەڕێوە ناچێ و، ئەگەر هەر وەک خۆی مابایەوەش، ژیانی خەڵکی ئێستای پێ بەڕێوە نەدەچوو، چونکە خوا ﷻ بۆ گەلێکی دیاریکراو و بۆ قۆناغێکی دیاریکراوی نارد بوو، بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەو لادانەکانی جوولەکەکانی نارد بوو، نەک بۆ ئەوەی ببێتە

---

(١) متووی دنیان: عەوداڵ و شەیداو هۆگری دنیان.

بەرنامە بـۆ ژیـانی مرۆڤایەتیـی، هـەر بۆیـەش نەصرانییـەکان لـە هـەر شـوێنێکی دنیابـن و لـە هـەر شـوێنێکی دنیـا بووبـن، ناچـار بـوون ئـەو بۆشـاییەی هەیـە، کـە نەبـوونی بەرنامەیەکـە، چونکـە خـوا ﷻ ئینجیلـی نەنـاردوە بـۆ ڕێکخسـتنی ژیانی خەڵـک، ناچارن ئـەو بۆشـاییە بـە سـیکۆلاریزم و لیبڕالیـزم و کاپیتالیـزم و سۆسـیالیزم ...هتـد پڕبکەنـەوە.

مەسەلەی سێیەم:

فەرمانکـردنی خـوا بـە بـڕواداران کە پارێز لـە خوا بکـەن و، بڕوا بـە پێغەمبەرەکەی موحەممـەد ﷺ بێنـن، ئەگـەر وابکـەن، دوو قـات پاداشـتیان دەداتـەوەو ڕووناکییـان پێـدەدات، بـۆ ئـەوەی خـاوەن کتێبـەکان وانەزانـن هیچیـان لـە بەخشـشی خـوا بەدەسـت نیـەو، پێیـان وابـێ بەدەسـتیانەو لـە نەزانیـی دا مێننـەوەو، دەمارگیرانـە لەسـەر ڕێبازەکـەی خۆیـان بـەردەوام بـن:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَءَامِنُواْ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِۦ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٢٨﴾ لِّئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّن فَضْلِ ٱللَّهِ ۙ وَأَنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٢٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

لە کۆتایی ئەم سوورەتەدا، خوا ﷻ ڕوو دەکاتە مسوڵمانان و دەفەرموێ:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن، هەڵبەتە ئەمە ڕای ڕاستترە کە لێرەدا ڕووی دواندن لە ئۆممەتی پێغەمبەرە ﷺ، ڕووی دواندن لە مسوڵمانانە، لە شوێنکەوتووانی موحەممەدە ﷺ.

بـەڵام ڕایەکـی دیکـەش هەیـە، کـە لێـرەدا ڕووی دوانـدن لـە هـەر کەسـێکە ئیـمانی بووبـێ، لـە نامسـوڵمانانیش، واتـە: لـە ئەوانـەی جگەلـە ئۆممـەتی موحەممـەد ﷺ هـەر کەسـێ خـاوەن ئیـمان بـوو بـێ، بـە تایبـەتی نەصرانییـەکان، کـە ئـەو ڕایـەش ڕێـی تێدەچـێ، چونکـە دوایـی دەفەرمـوێ:

٢)- ﴿ وَءَامِنُواْ بِرَسُولِهِۦ ﴾، بڕواش بێنن بە پێغەمبەرەکەی، واتە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێناوە، پێشتر بە کتێبە پێشووەکان و بە پێغەمبەرە پێشووەکان! پارێز لە خوا بکەن، بڕواش

بێنن بە پێغەمبەرەکەی واتە: پێغەمبەری کۆتایی کە موحەممەد ﷺ، وەک چۆن بڕواتان بە پێغەمبەرانی پێشێ هێناوە، ئەگەر ڕووی دواندنیش لە ئەهلی ئیسلام و لە ئوممەتی موحەممەد ﷺ بێ، ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن، واتە: تەقواو پارێزکردن لە خوا زیاد بکەن و لەسەری بەردەوام بن، ﴿ وَءَامِنُواْ بِرَسُولِهِۦ ﴾، بڕوای پتەوترو مەحکەمتریش بە پێغەمبەرەکەی بێنن.

٣)- ﴿ يُؤۡتِكُمۡ كِفۡلَيۡنِ مِن رَّحۡمَتِهِۦ ﴾، ئەو کات دوو بەش لە بەزەیی خۆیتان پێ دەبەخشێ، واتە: دوو بەش لە پاداشتێک کە لە بەزەیی خواوە هەڵدەقوڵێ، پێتان دەبەخشێ، (**الْكِفْلُ: النَّصِيبُ والحَظُّ وَأَصْلُهُ: الأَجْرُ المُضَاعَفُ، وَهُوَ مُعَرَّبٌ مِنَ الحَبَشِيَّةِ، أي: أَجْرَيْنِ عَظِيمَيْنِ، وَكُلُّ أَجْرٍ مِنْهُمَا هُوَ ضِعْفُ الآخَرِ**)، ئەوەش ڕایەکە لە ڕایەکان دەڵێ: (**كِفْل**)، واتە: پشک، بەش لە ئەصڵدا (**كِفْل**)، بە مانای پاداشتی دوو بەرانبەرەو وشەیەکی حەبەشییە، بەپێی ڕای هەندێک لە ڕوونکەرەوانی ماناکانی قورئان، کەواتە: (**كِفْلَيْن**)، مانای وایە دوو پاداشتی مەزن، کە هەر کامێکیان دوو هێندەی ئەوی دیکەیە.

٤)- ﴿ وَيَجۡعَل لَّكُمۡ نُورٗا تَمۡشُونَ بِهِۦ ﴾ هەروەها ڕووناکییەکتان بۆ دەڕەخسێنێ کە پێی بڕۆن، واتە: ڕووناکییەکی مەعنەوییتان پێ دەبەخشێ، ڕێی پێ دەربکەن.

٥)- ﴿ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴾، لێشتان دەبووڕێ و بە دڵنیایی خوا لێبووردەی بەبەزەییە.

٦)- ﴿ لِّئَلَّا يَعۡلَمَ أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ أَلَّا يَقۡدِرُونَ عَلَىٰ شَيۡءٖ مِّن فَضۡلِ ٱللَّهِ ﴾،

أ- بۆ ئەوەی خاوەن کتێبەکان نەزانن، کە توانایان بەسەر هیچ لە بەخششی خوادا نیە.

﴿ أَهۡلُ ٱلۡكِتَٰبِ ﴾، ناوە بۆ نامسوڵمانانێک کە کتێبی ئاسمانییان هەبووە.

ب- واتایەکی دیکە، کە زۆربەی توێژەرەوانی قورئان ڕایان وایە، دەڵێن: (**لِئَلَّا**)، ئەم (**لا**) یە، زیاد کراوە بۆ جەخت کردنەوە، واتە: ئەصڵی خۆی بەم شێوەیە: (**لِيَعْلَمَ أَهْلُ الكِتَاب أَلاَّ يَقْدِرونَ عَلَى شَيء مِنْ فضْل الله**)، بۆ ئەوەی خاوەن کتێبەکان بزانن، کە توانایان نیە بەسەر هیچ شتێك لە بەخششی خوای پەروەردگاردا.

ج - واتایەکی دیکەی: (لِئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ الكِتَابِ أَنَّ المُسْلِمِيْنَ لَا يَقْدِرُون عَلَى شَيء مِنْ فَضْلِ الله)، بۆ ئەوەی خاوەن کتێبەکان وانەزانن کە مسوڵمانان (پێغەمبەری کۆتایی و شوێنکەوتووانی) توانایان بەسەر هیچ شتێك لە بەخششی خوادا نیە.

٧)- ﴿وَأَنَّ ٱلْفَضْلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾، بەخشش بە دەستی خوایە، دەیداتە هەر کەسێک بیەوێ.

٨)- ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ﴾، خواش خاوەنی بەخششی مەزنە.

زانایـان زۆر لـە بـارەی ئـەم ئایەتـە موبارەکـەو ئـەم ڕسـتەیەوە قسـەیان کـردوە، زۆربەیـان دەڵێـن: ئـەم (لا)ی سـەر: ﴿لِّئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ أَلَّا يَقْدِرُونَ عَلَىٰ شَيْءٍ مِّن فَضْلِ ٱللَّهِ﴾، زیـاد کـراوە بـۆ جەختکردنـەوە، یـانی: (لأنْ يَعْلَـمَ أَهْـلُ الكِتَـاب)، بـۆ ئـەوەی خـاوەن کتێبـەکان بزانـن کـە توانایـان نیـە، بەسـەر هیـچ شـتێک لـە بەخششـی خـوادا، چونکـە خـاوەن کتێبـەکان پێیـان وابـووە پێغەمبـەری کۆتایـی دەبـێ لـەوان بـێ: جوولەکـە بۆیـە بڕوایـان پـێ نەهێنـا، چاوەڕێیـان دەکـرد لـەوان بـێ و، نەصرانییەکانیـش پێیـان وابـوو، (هەڵبەتـە دوای تێکـدرانی ئایینەکەیـان)، کـە عیسـا کۆتـا پێغەمبـەرە، بۆیـە دانیـان بـە موحەممـەد پێغەمبـەری کۆتاییـدا نەهێنـا، پێیـان وابـوو بەخشـش هـەر ئەوەنـدە بـووە خـوا بـە ئـەوانی دابـوو، چـی دیکـەی نەمـاوە! ئێـوە ئـەی مسـوڵمانینە! پارێـز لـە خـوا بکـەن و بـڕوا بـە پێغەمبەرەکـەی بێنـن، واتـە: بـڕوای مەحکەمـتر، تاکـو دوو بـەش لـە بەزەیـی خۆیتـان پـێ بـدات و ڕووناکییتـان پـێ بـدات، کـە پێـی بـڕۆن و، لێشـتان ببـوورێ، خـواش لێبـوردەی بـە بەزەییـە، تاکـو خـاوەن کتێبـەکان بزانـن توانایـان بەسـەر هیـچ شـتێك لـە بەخششـی خـوادا نیـە، بەخششـی خـوا بـە دەسـتی خوایـە، دەیـدات بـە هـەر کەسـێ کـە بیـەوێ، خـواش خـاوەن بەخششـی مەزنـە.

ئـەم مانایـە ڕێکـتر دێتـەوە، کـە ئیبنـو عەبـاس و عیکریمـەو، زۆر لـە زانایـان وایـان لێکداوەتـەوە، بـەڵام ئەگـەر بمانـەوێ بڵێیـن: (لَا) زیـاد نیـە، ئـەو کاتـە دەبـێ بڵێیـن: (لِئَلَّا يَعْلَـم أَهْـلُ الكِتَـاب أنَّهُـمْ لَا يَقْـدِرُوْن، يَعْنِـي لِئَـلَّا يَعْتَقِـد أَهْـلُ الكِتَـاب)، بـۆ ئـەوەی خـاوەن

کتێبـەکان قەناعەتیـان وانەبـێ و بڕوایـان وانـە بـێ، کـە هیـچ شـتێك لـە بەخشـشی خوایـان بەدەسـت نیـە، سـەرەنجام کـە قەناعەتیـان وانەبـوو، مانـای وایـە لـە نەزانیـی خۆیانـدا دەمێننـەوە، کـە قەناعەتیـان وانەبـوو هیـچ شـتێك لـە بەخششـی خوایـان بـە دەسـت نیـە، کەواتـە: قەناعەتیـان وادەبـێ کـە بەخششـی خوایـان بـە دەسـتە، ئـەو کاتە لـە نەزانیـی و دەمارگیریـی خۆیانـدا دەمێننـەوە.

واتایەکـی دیکـەش ئەوەیـە: بـۆ ئـەوەی خـاوەن کتێبـەکان نەزانـن کـە مسـوڵمانان هیـچ شـتێك لـە بەخششـی خوایـان بەدەسـت نیـە!

هەڵبەتـە خـوا ﷻ بۆیـە وای فەرمـووە، چونکـە لـە سـوورەتی (**القصص**)دا، باسـی خـاوەن کتێبـەکان دەکات، کـە دوو پاداشـتیان هـەن، دەفەرمـوێ: ﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ مِن قَبْلِهِۦ هُم بِهِۦ يُؤْمِنُونَ ﴿٥٢﴾ وَإِذَا يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا بِهِۦٓ إِنَّهُ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّنَآ إِنَّا كُنَّا مِن قَبْلِهِۦ مُسْلِمِينَ ﴿٥٣﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ يُؤْتَوْنَ أَجْرَهُم مَّرَّتَيْنِ بِمَا صَبَرُوا۟ وَيَدْرَءُونَ بِٱلْحَسَنَةِ ٱلسَّيِّئَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَٰهُمْ يُنفِقُونَ ﴿٥٤﴾ ﴾، واتـە: ئەوانـەی پێـش وان کتێبـمان پێـداون، بڕوایـان پێـی هەیـە، (واتـە: بڕوایـان بـە کتێبی کۆتایـی هەیـەو بـە پێغەمبـەری کۆتایـی ﷺ هەیـە)، کاتێـک کتێبـی خوایـان بەسـەردا دەخوێنرێتـەوە دەڵێـن: بڕوامـان پێـی هەیـە، کـە ئـەوە هەقـە لـە پەروەردگارمانـەوە، ئێمـە پێشـتریش ملکـەچ بوویـن بـۆ خـوا، ئەوانـە پاداشـتیان دوو قـات دەدرێتـەوە، چونکـە خۆڕاگـر بـوون {خۆڕاگـر بـوون هەم لەسـەر ئایینەکـەی خۆیـان و بـە ڕاسـتیی پێیـەوە پابەنـد بـوون، هـەم خۆڕاگریـش بـوون کـە بڕوایـان بـە کۆتـا نوسـخەی هیدایـەتی خـواش هێنـاوە کـە قورئانـە}و بـە چاکـەش خراپـە پاڵپێوەدەنێـن و، لـەوەش کـە پێـمان داون دەبەخشـن.

ئەگـەر ڕووی دواندنیـش لـە خـاوەن کتێبـەکان بـێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَءَامِنُوا۟ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ... ﴾، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! پارێـز لـە خـوا بکـەن و بـڕوا بـە پێغەمبـەری خوا بێنـن، (پێغەمبـەری کۆتایـی)، تاکو خـوا ﷻ دوو قات پاداشـتان بداتـەوە {هـەم پاداشـتی ئـەوەی شـوێن کتێـب و پێغەمبـەری خۆتـان کەوتـوون و، هـەم پاداشـتی ئـەوەش کـە دوای پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ کەوتـوون}.

کورتە باسێک لە بارەی ڕەهبانییەتەوە

بەڕێـــــــزان!

ئەم کورتە باسە لە سێ بڕگەدا دەکەین:

١ پێناسەی (رَهْبَانيّة):

(راغـب الأصفهـاني) لـە کتێبەکـەی خۆیـدا[1] دەڵـێ: (الرُهْبَـةُ وَالرُهْـبُ وَالرَهَـبُ: مَخَافَـةٌ مَـعَ تَحَـرُز وَاضْطِـرَابٍ کَـمَا قَـالَ تَعَـالَى: ﴿لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ اللَّهِ ﴿١٣﴾﴾ الحشر، والتَّرَهُّـبُ: التَّعَبُّـدُ، وَهُـوَ اسْـتِعْمَالُ الرَهْبَـة، وَ الرَهْبانِيَّـةُ: غُلُوٌّ فِي تَعَبُّـدٍ مِـنْ فَـرْطِ الرَهْبَـة، الرُهْبَـانُ يَكُـوْن وَاحِـدَاً وَجَمْعَـاً، فَمَـن جَعَلَـهُ وَاحِـدَاً جَمَعَـهُ عَـلَى رَهَابِيْن وَرَهَابِنَـة)، (رَهْبَـةٌ، رُهْـبٌ، رَهَـبٌ)، هـەر سـێکیان بـە مانـای ترسـانن لەگـەڵ خۆپاراسـتن و جۆرێـک لـە شـڵەژاندا، وەک خوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ اللَّهِ ﴿١٣﴾﴾ الحشر، واتـە: ئێـوە لـە دڵـی جوولەکەکانـدا زیاتـر جێـی مەترسـیین لـە خـوا، (تَرَهُّـب) بـە مانـای پەرسـتن (تَعَبُّـد) دێ، کـە بریتیـە لـە بەکارهێنـانی تـرس، ڕەهبانییەتیـش بریتیـە لـە ڕۆچـوون لـە پەرسـتش دا، لـە ئەنجامـی زۆر لـە خـوا ترسـان دا، (رُهْبان)یـش هـەم بـە تـاک دێ، هـەم بـە کـۆ دێ، ئەگـەر بـە تـاک بـێ، ئـەو کاتـە لەسـەر کێشـی (رَهَابِيْن) و (رَهَابِنـة)، کۆدەکرێتـەوە.

(المعجـم الوسـيط)، دەڵـێ: (الرَّاهِـبُ: المُتَعَبِّـدُ فِي صَوْمِعَـة النَّصَـارَى، يَتَخَـلَّى عَنْ أَشْـغَالِ الدُّنْيَـا وَمَلَاذِّهَـا زَاهِـدَاً فِيْهَـا مُعْتَـزِلاً أَهْلَهَـا، وَالجَمْـعُ رُهْبَـان وَقَـدْ يَكُـونُ الرُهْبَـانُ وَاحِـدَاً وَالجَمْـعُ: رَهَابِـيْن وَرَهَابِنَـة، والرَّاهِبَـةُ مُؤَنَّـثُ الرَّاهِـب)[2]، (رَاهِـب): کەسـێکە پەرسـتش بـکات لـە صەومیعـەی نەصرانییـان دا،(ئـەو شـوێنەیە نەصرانیـی دروسـت دەکـەن و،

---

(١) (مفردات ألفاظ القرآن): ص(٣٦٦ - ٣٦٧).

(٢) ص ٣٧٦.

بـە تەنیا خـوای تێـدا دەپەرسـتن} خـۆی لـە سـەرقاڵییەکانی دنیـاو لـە ززەتـەکانی دنیـا دوور دەگـرێ و بـە کەمیـان دەگـرێ و، واز لـە خەڵکـی دنیـا دێنـێ و، بـۆ خـۆی گۆشـە نشـین دەبـێ، (راهـب) بـە (رُهْبَـان) کۆدەکرێتـەوە، جـاری واش هەیـە (رُهبـان)، تاکـەو کۆیەکـەی (رَهَابِـیْن) و (رَهَابِنة)یـەو، ئافرەتێکیـش (رَاهِبـة)ی پـێ دەگوتـرێ.

٢)- مێژووی سەرهەڵدانی ڕەهبانییەت:

بێگومـان ڕەهبانییـەت حاڵەتێکـە لەگـەڵ مرۆڤـدا هەربـووە هـەر دەشـبێ، لـە ئەنجامـی کێشـەی نێـوان ڕووح و جەسـتەداو، نەتوانینـی ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی نێوانیـان، وەک لـە ئیسـلامدا هەیـە.

مرۆڤ دوو پێکهاتەی سەرەکییە:

ڕووح کـە جەوهـەرو چییەتەکەیـەتی و، جەسـتە کـە ڕواڵەتەکەیـەتی، بـەڵام بـە بێگومـان بەهەردووکیـان دەگوتـرێ: مـرۆڤ و مـرۆڤ لـە هەردووکیـان پێـک دێ، بەڵـێ چییـەت و جەوهـەری مـرۆڤ ڕووح و نـاخ و دیـوە پەنهانەکەیـەتی، بـەڵام بـە ڕووح جەستەشـەوە، پێکـەوە پێـی دەگوتـرێ: مـرۆڤ و، ئەوجـار ئـەو مرۆڤـە دەبـێ کـە بگونجـێ تاقـی بکرێتـەوە، ئنجـا لـە ئەنجامـی کێشـەی نێـوان ڕووح و جەسـتەدا، کـە ڕووح لـە خـواوە هاتـوەو، هەمیشـە مـرۆڤ پاڵدەنـێ بـەرەو خـوا بچـێ و بەرزبێتـەوەو، جەسـتەش لـە خاکـەوە هاتـوەو مـرۆڤ پەلکێشـی لای خـوارێ دەکات، یـانی: مـرۆڤ ئەگـەر گـوێ بـۆ داخوازییـە جەسـتەییەکانی بگـرێ، دەبـێ بـە ئـەرزەوە بنووسـێ و، هـەر چـاوی لەسـەر زەوی بـێ و سـەر هەڵنەبـڕێ، ئەگـەر هـەر بـە قسـەی ڕووحیـش بـکات، دەبـێ هـەر تەماشـای سـەرێ بـکات و بزانـێ ڕووحـی چـی لـێ دەخـوازێ و، هەقـی داخوازییـە جەسـتەییەکانی نەبـێ، ئـەو دوو ڕێـڕەوەش هەردووکیـان هەڵـەن و، ڕاسـت ئەوەیـە کـە مـرۆڤ هاوسـەنگیی لـە نێـوان ڕووح و جەسـتەی دا ڕابگـرێ، بـەڵام هیـچ کاتێـک مـرۆڤ نەیتوانیـوە هاوسـەنگیی ڕابگـرێ، لـە نێـوان تێرکـردنی داخوازییـە جەسـتەییەکانی و، تێرکـردنی داخوازییـە ڕووحییەکانیـدا،

مەگەر شوێن کەوتەی وەحیی خوا بووبێ، کە بە پێغەمبەراندا ناردوویەتی، هەر بۆیە بە درێژایی مێژوو ئەو تێپەڕاندن و کورتهێنانە، هەربووە.

بەڵێ تێپەڕاندن بە لای جەستەدا لەسەر حیسابی ڕووح، یان تێپەڕاندن بە لای ڕووح دا لەسەر حیسابی جەستە، هەر بووەو ئەوەندە مێژووەی زانراوە پێمان دەڵێ: خەڵکی لای ئەورووپاو ڕۆژئاوا، زیاتر تێپەڕاندنیان بووە لە خزمەتی جەستەدا، لەسەر حیسابی ڕووح و، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش زیاتر تێپەڕاندنیان بووە، بۆ تێرکردنی داخوازییە ڕووحییەکان و گرنگییدان بە ناخ، لەسەر حیسابی جەستە، هاوسەنگییەکیش ئەگەر لە مێژووی مرۆڤدا بووبێ، لە ئەنجامی شوێنکەوتنی وەحییدا بووە، دوا نوسخەی وەحیی خواش ئەوەیە کە بە پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ دا، ناردوویەتی، ئەوەش کە باشترین تەعبیر دەکات لەو هاوسەنگییە، ئەم فەرماییشتەی پێغەمبەرە ﷺ، کە دەفەرموێ:{إِنَّ لِرَبِّكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَلأَهْلِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، وَلِجَسَدِكَ عَلَيْكَ حَقًّا، أَعْطِ كُلَّ ذِي حَقٍّ حَقَّهُ} **(أخرجه ابن حبّان: ٣٢٠، قال شعيب الأرنؤوط : إسناده صحيح على شرط الشيخين).**

واتە: مافی پەروەردگارت لەسەرە، مافی ماڵ و خێزانت لەسەرە، مافی جەستەت لەسەرە، ئنجا هەرلایەنە مافی خۆی پێ بدە.

نەک هەموو مافەکان بە لایەنێک بدەی لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە!

بە گشتیی مەسەلەی ڕەهبانییەت و گۆشەگیریی، کە بریتی بوو لە دژ وەستانی داخوازییە جەستەییەکان بۆ خزمەتکردنی ڕووح، هەمیشە ئەو ڕێڕەوە بووە، هەر وەک چۆن بە پێچەوانەشەوە هەربووەو پێچەوانەکەی زۆر زیاتر بووە، خزمەتکردنی جەستە لەسەر حیسابی ڕووح، کە ڕۆمانییەکان و، گریکیی و یۆنانییەکان و، هاوبەش بۆ خوا دانەرو بتپەرستەکان، بە زۆری ئەوانە بوون کە جەستە پەرست بوون و بۆ خزمەتکردنی جەستە، داخوازییە ڕووحییەکانی خۆیانیان پشتگوێ خستوون، بەڵام ڕەهبانییەتی تەبەننیکراو لە لایەن نەصرانییەکانەوە،

بێگومـان ڕەهبانییەتێکـی تایبەتـە، ئـەوەی لێـرەدا خـوای زانـاو شـارەزا نـاوی دێنـێ، مەبەسـت پێـی ئەوەیـە کـە نەصرانییـەکان دایانهێنـاوە، ئنجـا ئێمـە لـەو بـارەوە ئـەم دەقـە دێنیـن، کـە تیشـکێکی باشـمان بـۆ دەخاتـە سـەر ئـەو مەسـەلەیە، ئـەو دەقەش (الإستيعاب فــي بيـان الأسـباب)[1] سـەنەدەکەی بـە بـاش (حسـن) دانـاوەو، یەکسـەر دەقەکـەی کـە بـە عەرەبیـی هاتـوە، دوای ئـەوەی دەیکەمـە کوردیـی، دەیهێنـم:

[لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـەوە خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ هاتـوە، گوتوویـەتی: پادشـایەکان لـە دوای عیسـای کـوڕی مەریـەم ﷺ تـەورات و ئینجیلیـان گۆڕیـن، بـەڵام بڕوادارانێکیـان لەنێـودا مابـوون لـە شـوێنکەوتووانی عیسـا کـە تەوراتیشـیان دەخوێنـدەوەو ئینجیلیشـیان دەخوێنـدەوە، (واتـە: بـە ڕاستیی پێیانـەوە پابەنـد بـوون)، خەڵکەکـە بـە پادشـایەکانیان گـوت: ئێمـە هیـچ جنێوێـک سـەختتر نابینیـن لـە جنێـوی ئەوانـە[2] کـە پێمان دەدەن، چونکە ئەوانـە دەخوێننـەوە: ﴿وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿٤٤﴾﴾، واتـە: ئـەوەی حوکـم نـەکات بـەوەی خـوا دایبەزانـدوە، ئـا ئەوانـە بێبڕوایانـن، (واتـە: ئـەم ئایەتـە کـە ئایـەتی: (٤٤)ە لـە سـوورەتی (المائـدە) دیـارە لـە کتێبـەکانی خـاوەن کتێبانیشـدا هەبـووە)، وێـڕای ئـەوەی ڕەخنەشـمان لـێ دەگـرن لـە کردەوەکانمـان، کاتێـک کـە کتێبەکەیـان دەخوێننـەوە، ئنجـا بانگیـان بکـەن، (واتـە: خەڵکەکـە بـە پادشـایەکانیان گوتـوە بانگیـان بکـەن) بـا ئەوانیـش وەک ئێمـە کتێبـەکان بخوێننـەوەو بـا بڕواشـیان وەک بـڕوای ئێمـە بـێ، پادشـا بانگـی کـردن کـۆی کردنـەوەو پێیگوتـن: یـان دەتانکـوژم، یان دەبـێ واز لـە خوێندنـەوەی تـەورات و ئینجیـل بێنـن، جگـە لـەوەی گـۆڕدراوە، {چـۆن گـۆڕدراوە ئـاوا بیخوێننـەوە، نـەک وەک ئەصڵەکەیـان} ئەوانیـش گوتیـان: مەبەسـتتان لـەوە چییـە؟ لێـمان گەڕێـن، ئنجـا ئەوانـە بوونـە چەنـد کۆمەڵێـک:

---

(١) ج٣، ص(٣٢٢ - ٣٢٣).

(٢) مەبەستیان شوێنکەوتووانی عیسا بووە، بەر لە لادانیان.

١- کۆمەڵێکیان گوتیان: پەرستگایەکمان بۆ دروست بکەن، لە شوێنێکی بەرزو ئێمە بەرنە ئەو پەرستگایەوە، دواییش شتێکمان بدەنێ کە خواردن و خواردنەوەی خۆمانی پێ بەرز بکەینەوەو بەلاتاندا نایەین.

٢- کۆمەڵێکیشیان گوتیان: لێمان گەڕێن بە زەوییدا دەڕۆین، سەری خۆمان هەڵدەگرین و دەخۆین و دەخۆینەوە، وەک چۆن دڕندەو ئاژەڵ دەخۆن و دەخۆنەوە، هەر کاتێک لەسەر زەمینی خۆتاندا زەفەرتان پێتان بردین، بمانکوژن {واتە: بەلاتاندا نایەین، دەڕۆین بۆ دەشت و چۆڵەوانیی}.

٣- کۆمەڵێکی دیکەش گوتیان: ئێوە پەرستگاو خانوومان بۆ دروست بکەن لە دەشت و چۆڵایی، ئێمە خۆمان بیر هەڵدەقەنین و دانەوێڵە دەچێنین {واتە: خۆمان دەغڵ و دان دەکەین}و بەلاتاندا نایەین و بەلاشتاندا تێناپەڕین.

ئنجا هەر کام لەم سێ کۆمەڵە، سەر بە هۆزو تیران بوون، خەڵک و خزمیان هەبوو لە نێو ئەو هۆزو تیرانەدا.

ئەو حوکمڕانەش وای کرد، ئیدی خوا ﷻ لەو بارەوە ئەوەی دابەزاند: ﴿ وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَٰهَا عَلَيْهِمْ إِلَّا ٱبْتِغَآءَ رِضْوَٰنِ ٱللَّهِ فَمَا رَعَوْهَا حَقَّ رِعَايَتِهَا ﴾، ڕەهبانییەتێکیان داهێنا ئێمە لەسەرمان پێویست نەکرد بوون، ئەوانیش تەنیا بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندیی خوا دایانهێنا، بەڵام وەک پێویست چاودێرییان نەکردو نەیانپاراست.

ئەوانی دیکەش[1] گوتیان: ئێمەش وەک چۆن فڵانکەس خواپەرستیی دەکات و، وەک چۆن فڵانکەس بە زەویدا ڕۆیشتوەو، وەک چۆن فڵانکەس صەومیعەیەکی دروستکردوە، ئێمەش وەک ئەوان دەکەین، بەڵام ئەوانە هەر لە سەر شیرک بوون و، زانیارییان نەبوو بە ئیمانی ئەوانەی بە حیساب چاویان لەوان کرد بوو، ئنجا کاتێک خوا ﷻ پێغەمبەری خاتەمی ﷺ نارد، کۆمەڵێکی کەم لەوانە

---

(١) یانی: جگەلە وانەی لە سەرەتاوەو بەڕاستیی گۆشەگیر بوون.

مابوونەوە {واتە: لە هەر کام لەو سێ جۆرانە} ئیدی پیاوێک لە صەومیعەکەیدا دادەبەزی و، یەکێکی دیکە لە دەشت و بیابان دەهاتەوەو، یەکێکی دیکە لە دێرەکەیەوە دەهات، {دێریش پەرستگای نەصرانییەکانە} ئەوانە بڕوایان پێ هێناو پێغەمبەری خاتەمیان بە ڕاست زانی، ئنجا خوا ﷻ بە وانی فەرمووو: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَءَامِنُوا۟ بِرَسُولِهِۦ يُؤْتِكُمْ كِفْلَيْنِ مِن رَّحْمَتِهِۦ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! {واتە: پێشتر بڕوادار بوون بە عیسا ﵇} پارێز لە خوا بکەن و، بڕوا بە پێغەمبەرەکەی بێنن {واتە: بە موحەممەد ﷺ} دوو بەش لە بەزەیی خۆیتان پێ دەدات، (أي: أَجْرَيْنِ بِإِيمَانِهِم بِعِيسَى ابْنِ مَرْيَم وَتَصْدِيْقاً بِالتَوْرَاة وَبالإنْجِيْل، وَبِالإِيمَان بِمُحَمَد ﷺ وَتَصْدِيْقِهِم لَه)، واتە: بەهۆی ئیمان هێنانیان بە عیسای کوڕی مەریەم و، بە ڕاست دانانیان بۆ تەوڕات و ئینجیل و، بە ئیمان هێنانیشیان بە موحەممەد ﷺ و بە ڕاست دانانی.

دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿ وَيَجْعَل لَّكُمْ نُورًا تَمْشُونَ بِهِۦ ﴾، (القُرآن وَاتِّباعِهِم النَّبِي ﷺ) واتە: ئەو ڕووناکییە بریتییە لە قورئان و شوێنکەوتنیان بۆ پێغەمبەر (موحەممەد) ﷺ، هەروەها فەرمووی: ﴿ لِّئَلَّا يَعْلَمَ أَهْلُ ٱلْكِتَـٰبِ ﴾، (الَّذِيْنَ يَتَشَبَّهُونَ بِكُم، لَا يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِنْ فَضْلِ اللَّه)[1].

ئەو خاوەن کتێبانەی وەک ئێوە دەکەن، ئەی ئیمانداریىنە! پێیان وانەبێ هیچ لە بەخششی خوایان بەدەستە، بەخششی خوا هەمووی بە دەستی خوایە، دەیدات بە هەر کەسێ بیەوێ.

---

(١) أخرجه النسائي في المجتبى: ج٨، ص٢٣١ -٢٣٣، وفي التفسير: ٥٨٧، والطبري في جامع البيان: ج٢٧، ص١٣٨، من طريق سفيان الثوري، عن عطاء بن السائب، عن سعيد بن جبير، عن ابن عباس به، قال مؤلفا الإستيعاب في بيان الأسباب: وهذا الإسناد حسن، رجاله ثقات وفي العطاء كلام، وقد اختلط لكن سماع الثوري منه قديم، وذكره السيوطي في الدر المنثور: ج٨، ص٦٥، وزاد نسبته للحكيم الترمذي في نوادر الأصول، وابن المنذر وابن مردويه).

ئـەم دەقـە تیشـکمان بـۆ دەخاتـە سـەر ئـەو ڕەهبانییەتـەی نەصڕانییـەکان دایانهێنـاوە، چـۆن بـووە؟

٣)- حوکمی ڕەهبانییەت لە ئیسلام دا:

ئەگـەر تەماشـای ئایەتـەکان بکەیـن، زۆر بـە ڕوونیـی بۆمـان دەر دەخـەن، کـە ڕەهبانییـەت و گۆشـەگیریی و وازهێنـان لـە دنیـا، لـە ئـسلام دا، شـتێکی ناڕەوایـە، بـۆ وێنـە: خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (الأعـراف) ئایەتـەکانی: (٣٠ و ٣١)دا، دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٖ وَكُلُواْ وَٱشْرَبُواْ وَلَا تُسْرِفُوٓاْۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿٣١﴾ قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِيٓ أَخْرَجَ لِعِبَادِهِۦ وَٱلطَّيِّبَٰتِ مِنَ ٱلرِّزْقِۚ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ ءَامَنُواْ فِي ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ﴿٣٢﴾ ﴾، واتـە: ئـەی وەچـەی ئـادەم! خۆتـان بڕازێننـەوە لـە لای هـەر پەرسـتگایەک و بخـۆن و بخۆنـەوە، بـەڵام زێدەڕۆیـی مەکـەن، خـوا زێدەڕۆییکـەرانی خۆشـناوێن، بڵـێ: ئـەو جوانییـەی خـوا ڕەخسـاندوویەتی بـۆ بەنـدەکانی و، ئـەو بژێـوە خۆشـانە، کـێ قەدەغـەی کـردوون؟ (لـە بەنـدەکانی، کـە خـوا بـۆ مرۆڤـەکانی دروسـتکردوون)...

لـە سـوورەتی (المائـدة) لـە ئایەتـەکانی: (٨٧ - ٨٨)دا، خـوا ﷻ ڕوونـتر ئـەوە بـاس دەکات، ڕوونـتر بـۆ جێـی مەبەسـتی ئێمـە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُحَرِّمُواْ طَيِّبَٰتِ مَآ أَحَلَّ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ ٱلْمُعْتَدِينَ ﴿٨٧﴾ وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُ حَلَٰلٗا طَيِّبٗاۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ ﴾، خـوا دەفەرمـوێ: ئـەی ئەوانـەی ئیمانتـان هێنـاوە! ئـەو بژێـوە بەسـوودو بـاش و خۆشـانەی خـوا بـۆی ڕەوا کـردوون، قەدەغەیان مەکـەن و سنوورشـکێنیی مەکـەن، خـوا سنوورشـکێنانی خۆشـناوێن و، لـەوە بخـۆن کـە خـوا پێیـداون و، پارێـز لـەو خوایـە بکـەن کـە بڕواتـان پێـی هەیـە، کەواتـە: خـوا بـە دەقـی ئایـەت، لـە مسـوڵمانانی قەدەغـە کـردوە کـە ئـەو شـتانەی سـوود بەخـش و چاکـن، لـە خۆیانیـان قەدەغـە بکـەن و، خۆیانیـان لـێ بگرنـەوە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە زێدەڕۆییـان تێـدا نەکـەن.

کەواتـە: حوکمـی ڕەهبانییـەت لـە ئیسـلامدا ئەوەیـە کـە ناڕەوایـەو، ئیسـلام ڕازی نیـە، مسـوڵمانان گۆشـەگیربن و واز لـە دنیـا بێنـن، چونکـە خـوا ﷻ ئێمـەی لـەم دنیایـەدا دانـاوەو لـەو ژیـانی سـەر زەوییـەدا دانـاوە، تاکـو تاقییـمان بکاتـەوە، ئنجـا ئەگـەر بێـت و ئەهلـی ئیـمان واز لـە دنیـاو نـازو نیعمەتـەکان بێنـن، مەیـدان چـۆڵ دەبـێ و، ئەهـلی کوفـر لـە دنیـادا تەراتێـن دەکـەن و سـتەم و خراپـە دەکـەن و، خۆیـان لـە خەڵـک دەکەنـە پەرسـتراوو پـەروەردگار، بۆیـە پێغەمبـەران (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**)، هەرگیـز نەهاتـوون، خەڵـک فێـری ڕەهبانییـەت و گۆشـەگیریی بکـەن، ئـەو عیسـایەی ﷺ نەصرانییـەکان خۆیـان بـە شـوێنکەوتووی دەزانـن، لـە نێـو خەڵکـدا بـووە، لەسـەر بانگەوازکـردن بـۆ لای خـواو، لەسـەر کارکـردن بـۆ تێگەیانـدنی خەڵـک و، بـۆ پەروەردەکـردنی خەڵـک بـەردەوام بـووە، تاکـو ڕۆمـەکان و جوولەکـەکان ویسـتوویانە لـە نێـوی بـەرن و، سـەرەنجام خـوای باڵادەسـت و پـەروەردگار بـە کڵاو ڕۆژنـەدا سـەری خسـتوەو بردوویـەتی بـۆ ئاسـمان، کەواتـە: ئـەو نەصرانییانـەی شـوێن عیسـا دەکـەون، پێغەمبەرەکەیـان خـوا بـەرزی کردۆتـەوە، بـۆ ئـەوەی لـە ڕۆم و جوولەکـەکانی نەجـات بـدات، نـەک بچـێ گۆشـەگیرو گۆشـە نشـین بـێ، بەڵکـو لـە نێـو جەرگـەی کۆمەڵگادا بـووە، بەدڵنیایـی هەمـوو پێغەمبـەران هاتـوون، ژیـانی دنیـای خەڵـک چـاک بکـەن و ڕێکیبخـەن و دادگەریـی تێـدا بچەسـپێنن، بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان بتوانـن ژیانێکـی تەندروسـتانەی مرۆڤانـەی بگوزەرێنـن و، لـەو تاقیکردنەوەیـەی خـوا ئـەوانی تێخسـتوە لـە ژیـانی دنیـادا، سـەربەرزانە دەربچـن.

لێرەش دا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی موبارەکی (الحدید) دێنین.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

المُجَادِلَة

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٢٦)ی شـەعبانی سـاڵی (١٤٤١) کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٤/١٩) زایینـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (المجادِلة) یـان (المجادَلـة)، ئێمـە وەک عـادەتی خۆمـان، پێشـەکی پێناسـەو تێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەخەینـەڕوو لـە حـەوت بڕگـەدا:

پێناسەی سوورەتی (المجادلة) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

باوتریـن نـاوی ئـەم سـوورەتە بریتیـە لـە (سُـورَةُ المجادِلـة)، ئەویـش بـە دوو شـێوە هاتـوە: (المجادِلـة، المجادَلـة)، (المجادِلـة) واتـە: ئـەو ئافرەتـەی مشـتومڕی کـردوە، ئافرەتێکـی مشـتومڕکەر، (المجادَلـة) واتـە: مشـتومڕ کـردن، بـەڵام وشـەی (المجادِلـة) باوتـرەو، ئاماژەشـە بـەو ئافرەتـەی ئایەتـەکانی سـەرەتای سـوورەتەکەی بـە بۆنـەوە هاتوونـە خـوار، کـە وەک دوایـی بـاسی دەکەیـن، نـاوی (خَوْلَـةُ بِنْـتُ ثَعْلَبـة)، خەولـەی کچـی سـەعلەبەیە، کـە خێـزانی: (أَوْسُ بْـنُ الصَّامِـت) بـووە، بـرای (عُبَـادة بـنُ الصَّامِـت) خـوا لێیـان ڕازی بـێ.

بـەڵام وێـڕای (المجادِلـة)، و (المجادَلـة) ئـەم سـوورەتە، دوو نـاوی دیکـەشی بـۆ بەکارهێـنراون:

أ)- سوورەتی: ﴿ قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ ﴾.

ب)- سوورەتی: (الظِهَار).

کەواتـە: سـەرجەم ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، چـوار نـاوی هـەن، بـەڵام سـوورەتی **(المجادِلـة)** لـە هەموویـان باوتـرە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان، ئەگـەر نەڵێیـن هەموویـان، یەکدەنگـن و **(إبـن عطیـة)** کـە یەکێکـە لـە ڕوونکـەرەوەکانی قورئـان دەڵـێ: یەکدەنگیـی زانایـان لەسـەرە کـە ئـەم سـوورەتە مەدینەییـەو، هەمـووشی لەگـەڵ سرووشـتی قورئـانی مەدینەییـدا دەگونجـێ، کەواتـە: شـوێنی دابەزینـی ئـەم سـوورەتە مەدینـە بـووەو، لـە قۆناغـی دووەمـی ژیـانی پێغەمبـەردا ﷺ، کـە قۆناغـی مەدینەیـە، هاتۆتـە خـوار.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

ژمـارەی ئایەتـەکانی ئەهـلی مەدینـەو مەککـە، بـە بیسـت و یـەک (٢١) ئایـەت دایاننـاوە، بـەڵام ئەهـلی شـام و کووفـەو بەصـرە، بـە بیسـت و دوو (٢٢)یـان دانـاوە، زیاتـر ژمـارە (٢٢) تەبەننیـی کـراوە لـەو موصحەفانـەدا کە لـەم دەڤەرانـەی ئێمە چاپ دەکرێـن، بەڵام ڕەنگـە لـە ناوچـەکانی وڵاتـانی دیکـەی ئەفریقیـا: جەزائیـرو مەغریـب و لیبیـاو ئەوانـە، ژمارەکـەی دیکـە تەبەننیـی کرابـێ، بۆیـە ئەگـەر لـە موصحەفێـک دا بینیتـان، ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی بـە بیسـت و یـەک ئایـەت دانـا بـوو، بزانـن کـە ئـەوەش سـەر ژمێرێکـە زانایـان هێناویانـەو، ژمـارەی ئایەتەکانیـش کـە جیاوازیـی دەبـێ، ئەنجامـی کورتیـی و درێژیـی ڕسـتەکانە، نـەک ئـەوە کـە زانایـەک بڵـێ: ئـەم ئایەتـەش هەیـە لـەم سـوورەتەداو، ئـەوی دیکـەش بڵـێ: نەخێـر نیـە! چونکـە زانایـان نـەک لەسـەر ئایـەت و وشـەکان، لەسـەر پیتـەکانی قورئانیـش یەکدەنگـن.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزینی دا:

ڕیزبەندیی لە موصحەف دا، ژمارە (٥٨)ەو، یەکەمین سوورەتی پەنجاو حەوت سوورەتەکەیە، کە دابەش دەبن بە سەر ئەو سێ جوزئەی کۆتایی قورئان دا، واتە: یەکەمین سوورەتی نیوەی دووەمی سوورەتەکانی قورئانە لە ڕووی ژمارەوە، لە ڕووی دابەزینەوەش ئەم سوورەتە موبارەکە ژمارە (١٠٣)یان بۆ داناوە، لە دوای سوورەتی **(المنافقون)** و پێش سوورەتی **(التحريم)**، واش پێدەچێ ئەم سوورەتە دوای سوورەتی **(الأحزاب)** دابەزیبێ، چونکە لەوێدا خوا ﷻ باسی نارەوایی **(ظهار)**ی کردوە: ﴿وَمَا جَعَلَ أَزْوَاجَكُمُ اللَّائِي تُظَاهِرُونَ مِنْهُنَّ أُمَّهَاتِكُمْ ۝٤﴾ **الأحزاب**.

کەواتە: پێشتر ئەو ڕەفتارە هەڵوەشێنراوەتەوە، بۆیە لە سوورەتی **(الأحزاب)** دا، بەس ئاماژەی پێ دەکات، مانای وایە سوورەتی **(المجادلة)** پێشتر دابەزیوەو، نەریتی هەڵەو پووچی **(ظِهَار)**ی هەڵوەشاندۆتەوەو، لەوێدا درێژەکەی هاتوە.

پێنجەم: نێوەرۆکی:

نێوەرۆکەکەی هەمان نێوەرۆکی قورئانی مەدینەییە، لە باسکرانی حوکمە شەرعییەکانی ڕێکخەری کۆمەڵگای مسوڵمان، لە بوارەکانی خێزانیی و کۆمەڵایەتیی و پەیوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان دا، لەم سوورەتەشدا ئەو دە حوکمە سەرەکییانە باسکراون، وێڕای چەند وردەکارییەک:

١)- باسی **(ظِهَار)** کراوە، **(ظِهَار)**یش ئەوە بووە، کە پیاوێک لە خێزانی تووڕە بووە لە کۆمەڵگای عەرەبییدا کاتی خۆی هەبووە، ڕەنگە لە کۆمەڵگاکانی دیکەشدا هەبوو بێ و ئێستاش هەبێ لە جیاتی تەڵاق دان، گوتوویەتی: **(أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي)**، تۆ وەک پشتی دایکم وای، ئەوەش بە تەڵاق لە قەڵەم دراوە، بەڵام ئیسلام ئەوەی هەڵوەشاندەوە، کە ئافرەت بەوە تەڵاقی بکەوێ، بەڵێ لە پیاوەکە قەدەغە دەبێ، بەڵام ئافرەتەکە بەوە تەڵاق نادرێ.

٢)- پابەندیی بە بەرنامەی خواوەو لانەدان لێی.

٣)- مەسەلەی چپەچپ پێکەوە کردن، کە بە شێوەیەکی ڕەوا بێ و بۆ مەبەستێکی ڕەوا بێ، دروستە، ئەگەرنا قەدەغەیە، ئەگەر بۆ نیگەرانکردنی خەڵک بێ.

٤)- چۆنیەتیی هاتنە لای پێغەمبەر ﷺو سڵاو لێکردنی هی مسوڵمانان، هی دەغەڵانەو دڵنەخۆشانەش دیارە.

٥)- چۆنیەتیی دانیشتن لە کۆڕو مەجلیس دا.

٦)- چۆنیەتیی دواندنی پێغەمبەری خوا ﷺو، خێر کردن و ماڵ بەخشین بەر لەوەی پێغەمبەر ﷺ بدوێنرێ.

٧)- خۆپاراستن لە دەغەڵ و دوو ڕووەکان و، لێ وریا بوونیان و خۆ لێ پاراستنیان کە دۆستایەتییان لەگەڵ دا بکرێ.

٨)- پێناسە کردنی کۆمەڵی شەیتان (**حزب الشيطان**) بە زەقترین تایبەتمەندییان.

٩)- وریا بوون لە دەمارگیریی بنەماڵەیی و تیرەو هۆز، مسوڵمان نابێ بۆ ئینتیما سرووشتییەکانی وەک نەتەوەیی، بنەماڵەیی، تیرەو هۆزو ناوچە، دەمارگیر بێ، دەمارگیر بەو واتایەی لەبەر دەمارگیریی چاوپۆشیی لە هەق بکات و، ناهەق قبووڵ بکات، بەڵکو دەبێ ڕێک و ڕاست بێ و، فەرق بە خزم و بێگانە نەکات، لە مەسەلەی هەق و ناهەق دا، لە چاک و خراپ دا، چاکیی هەموو کەسی پێ چاک بێ و، خراپیی هەموو کەسی پێ خراپ بێ.

١٠)- پێناسەی کۆمەڵی خوا (**حزب الله**)، ئەوانیش بە تایبەتمەندترین سیفەتیان، کە بریتیە لە خۆ یەکلاکردنەوە بۆ دۆستایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی و بڕواداران.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

ئێمە پێنج تایبەتمەندییمان لەم سوورەتە موبارەکەدا ڕەچاو کردووون:

١- تاکە سوورەتێکە تێیدا باسی هەڵوەشاندنەوەی (ظِهَار)و، کەفارەت بۆ دانانی کرابێ لە ئایەتەکانی: (١ - ٤)دا.

٢- تاکە سوورەتێکە ئاوا بە تێروتەسەلیی تێیدا باسی چپەچپی نارەواو ڕەوا کرابێ لە ئایەتەکانی (٥ - ٨)دا.

٣- تاکە سوورەتێکە بە ڕوونیی باسی ئەدەبی بەرەو مەجلیسی تێدا کرابێ، خەڵک چۆن دابنیشێ؟ چۆن سڵاو بکات؟ ڕیزبەندیی مسوڵمانان لە بەرو مەجلیسیاندا چۆن بێ؟ چ شتێک پێوەریان بێ؟ ئەمیش لە ئایەتی: (١١)دا.

٤- تەنیا لەم سوورەتەدا بۆ مسوڵمانان بە پەسندو باش دانراوە، کە بەر لە دواندنی پێغەمبەری خوا ﷺ خێرو چاکەیەک بکەن، ئەندازەیەک ماڵ ببەخشن، بەڵام ئەمە وەک فەرزێک و حوکمێکی پابەندکەر نەبووە، چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ ﴿٢٣٢﴾﴾البقرة، ئەمەتان پاکترو چاکترە بۆ ئێوە، دواییش خوا ﷻ لە سەری سووک کردن، کە ئەگەر کەسێک نەشیتوانی ماڵ و سامان ببەخشێ، بەر لە دواندنی پێغەمبەر ﷺ بە شێوەی تایبەت، گلەیی نایەتە سەر، لە ئایەتەکانی: (١٢ و ١٣)دا.

٥- تەنیا لەم سوورەتەدا، پێناسەی هەر کام لە کۆمەڵی خواو کۆمەڵی شەیتان (**حزب الله**)و (**حزب الشيطان**) کراوە، تەنیا لێرەشدا وشەی (**حزب الله، حزب الشيطان**)یش یەکی دووجار هاتوون.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێك:

کـۆی بیسـت و دوو (٢٢) ئایەتەکـەی ئـەم سـوورەتەمان، بـۆ چـوار دەرس دابەشـکردوون:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ٦)، واتە: شەش (٦) ئایەتی سەرەتا، باسی بیستنی خوا بۆ سکالای ژنێک کە مێردەکەی (ظِهَار)ی لێکردووە، هەڵوەشاندنەوەی (ظِهَار) کە حوکمی تەڵاقی هەبێ و، دانانی کەفارەت بۆ پیاوانێک کە (ظِهَار) لە ژنەکانیان دەکەن، تاکو بۆیان ڕەوا ببنەوە، پاشان هەڕەشەکردن لە کەسانێک کە دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، بە دژایەتییکردنی پەیام و بەرنامەکەی و، لادان لە شەریعەتەکەی.

دەرسی دووەم: ئایەتەکانی: (٧ - ١٠)، واتە: چوار (٤) ئایەت دەگرێتە خۆی، باسی زانیاریی گشتگیری خوا بە هەست و خوست و چپەی هەموو کەس، ئەو کەسانە زۆربن، یان کەم بن، ئەگەر سێ بن ئەو چوارەمیانە و، ئەگەر پێنج بن ئەو شەشەمیانەو، کەم بن یان زۆر بن، خوا هەر لەگەڵیانەو، سەرزەنشتکردنی ئەو دەغەڵ و جوولەکانەی چپەچپی ناڕەوایان دەکردو، بە شێوەی ناشایست سڵاویان لە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەکردو، ئامۆژگاریی کردنی مسوڵمانان لەوبارەوە کە وریابن.

دەرسی سێیەم: ئایەتەکانی: (١١ - ١٣)، واتە: سێ (٣) ئایەت، باسی ئەدەبەکانی بەرو مەجلیس و، ڕەچاو کردنی پێگەکانی نێو خەڵک و کۆمەڵگاو، چۆنیەتیی دواندنی پێغەمبەری خوا ﷺ، بە پەسند دانانی خێرو بەخشین بەر لە دواندنی پێغەمبەر ﷺ پاشان چاوپۆشیی لێکرانیان لەو ئەرکە کە ئەسڵیشدا پێویست نەکراوە.

دەرسی چوارەم: ئایەتەکانی: (١٤ - ٢٢)، واتە: نۆ (٩) ئایەتی کۆتایی سوورەتی (**المجادلة**) دەگرێتە خۆی، باسی دڵنەخۆش و دەغەڵەکان و، پەردە لەسەر هەڵماڵینیان و هەڕەشەی سەخت لێکردنیان لە قیامەت داو، ناوزەد کردنیان بە کۆمەڵی شەیتان و، هەواڵدان بە زەبوونیی و سەرشۆڕییان لە دنیاو دوارۆژدا، پاشان هەواڵدان بە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی خوا ﷻ، کە بریتیە لە

یەکلایی کردنەوەی دۆستایەتییان بۆ خوا ﷻو، بۆ پێغەمبەر ﷺو، بۆ بڕواداران و، پچڕاندنی ڕێسمانی دۆستایەتییان لەگەڵ بێبڕوایانی ناحەزی خواو پێغەمبەردا، ئەگەر نیزیکترین کەسیشیان بن: بابیان بن، یان کوڕیان بن، یان هاوسەریان بن، یاخود تیرەو هۆزیان بن.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە شـەش ئایـەتی سـەرەتای (المجادلـة) دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (١ - ٦)، لـەم شـەش ئایەتـەدا، خـوا ﷻ بـاسی چارەسـەری کێشـەی ژن و مێردێکـی کـردوە، کـە سـەرچاوە مێژووییـەکان پێمان دەڵێـن: ئافرەتەکـە: خەولـەی کچـی سـەعلەبەو، پیاوەکـەش ئـەوسی کـوڕی صامیتـە، خـوا لێیـان ڕازی بـێ، کـە مێردەکـە (ظِهَـار)ی لـە ژنەکـەی کـردووەو پێـی گوتـوە: (أَنتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي)، واتـە: تـۆ وەک پشـتی دایکـم وای، ئەویـش بەپێـی بـاوی کۆمەڵـگای ئـەو کاتـە، حوکمـی تەڵاقـی هەبـووە، ئنجـا خوا ﷻ ئـەو نەرێتـەی هەڵوەشـاندۆتەوە، کـە بـە (ظِهَـار) ژن لـە مێردەکـەی قەدەغـە بـێ و وەک تەڵاقـدران بـێ، بـەڵام کەفـارەتی بـۆ دانـاوە، تاکـو بـۆ یەکدیـی ڕەوا ببنـەوەو لێـک جیانەبنـەوە، ئـەو کەفارەتـەش یەکـێ لـە سـێ شـتان بـووە بـە ڕیـز:

أ- ئازادکردنی کۆیلەیەک.

ب- ئەگەر کەسێک چنگی نەکەوت، کۆیلە ئازاد بکات، یان توانای نەبوو، دوو مانگ لەسەریەک بە ڕۆژوو بێ، بەبێ پچڕاندن.

ج- ئەگەر ئەوەشی لە توانادا نەبوو، خواردنی شەست (٦٠) کەسی نەدار بدات، واتە: شەست کەسی نەدار، یەکی ڕۆژێک تێریان بکات.

لـە کۆتاییشـدا خـوا ﷻ فەرمـان بـە پابەندیـی بـە بەرنامـەی خـواوەو، لانـەدان لـە سـنوورەکانی کـردووە، هەڕەشـەی سـەختیشی لـە بێبڕوایـانی ناحـەزی خـواو پێغەمبەرەکـەی،لـە دنیـاو دواڕۆژدا کـردوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِي إِلَى اللَّهِ وَاللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَا إِنَّ
اللَّهَ سَمِيعٌ بَصِيرٌ ﴿١﴾ الَّذِينَ يُظَاهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَائِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَاتِهِمْ إِنْ أُمَّهَاتُهُمْ إِلَّا
اللَّائِي وَلَدْنَهُمْ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ الْقَوْلِ وَزُورًا وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴿٢﴾ وَالَّذِينَ
يُظَاهِرُونَ مِن نِّسَائِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِ
وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٣﴾ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَاسَّا فَمَن لَّمْ
يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ وَلِلْكَافِرِينَ
عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾ إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ وَقَدْ أَنزَلْنَا آيَاتٍ
بَيِّنَاتٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا أَحْصَاهُ
اللَّهُ وَنَسُوهُ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ ﴿٦﴾ ﴾

مانای دەقاودەقی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە. (ئەی موحەممەد ﷺ!) بە دڵنیایی خوا ﷻ قسە (و سکاڵا)ی ئەو ژنەی بیست (و بە دەنگیەوە هات) کە لە بارەی مێردەکەیەوە مشتومڕی لەگەڵ دەکردی و، سکاڵای بۆ لای خوا دەبرد، خوا وتووێژتانی دەبیست، بە ڕاستیی خوا بیسەری بینەرە ﴿١﴾ ئەو (پیاو)انەی لە ئێوە (**ظیهار**) لە ژنەکانیان دەکەن، (بە گوتنی: تۆ وەک پشتی دایکمی) ئەو (ژن)انە (ی **ظیهاریان** لێ دەکەن) دایکیان نین، دایکیان تەنیا ئەوانەن کە ئەوانیان بووەو، بێگومان ئەو (پیاو)انە قسەیەکی خراپ و درۆ دەکەن و، بە ڕاستییش خوا چاوپۆشییکاری لێبووردەیە ﴿٢﴾ ئەوانەش کە (**ظیهار**) لە ژنەکانیان دەکەن، دوایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی گوتوویانە (: لێمان قەدەغە بێ و، لە

قسـەكەیان ژیـوان دەبنـەوە)، دەبـێ ئازادكـردنی كۆیلەیـەک (ئەنجـام بـدەن) بـەر لـەوەی دەسـت تێكـەڵ بكـەن (پێكـەوە جـووت بـن)، ئـا ئەوەتانـە پێـی ئامۆژگاریـی دەكرێـن و، خـواش شـارەزای ئەوەیـە كـە دەیكـەن ﴿٣﴾ ئنجـا هـەر كەسـێک چنگـی نەكـەوت (كۆیلـە ئـازاد بـكات) بـە ڕۆژووبـوونی دوو مانگـی بـە دوای یەكـەوە (كەفارەتەكەیـەتی) بەرلـەوەی دەسـت بگەیەننـە یـەک (پێكـەوە جـووت بـن)، ئنجـا كەسـێكیش نەیتـوانی (دوو مانـگ لەسـەریەک بـەڕۆژوو بـێ) خـواردن پێـدانی شەسـت نـەدار (كەفارەتەكەیـەتی) ئـەوەش تاكـو (بەهـۆی ئەنجامـدانی ئەركـە شـەرعییەكانەوە) بـڕوا بـە خـواو پێغەمبەرەكـەی بێنـن و، ئەوانـەش سـنوورەكانی خـوان و، بێبڕواایانیـش ئازارێكـی بـە ژانیـان هەیـە ﴿٤﴾ بێگومـان ئەوانـەی بەربەرەكانێـی خـواو پێغەمبەرەكـەی دەكـەن، سـەر كـوت و زەبـوون دەكرێـن، وەک چـۆن ئەوانـەی لـە پێـش وانیـش دابـوون، سـەركوت و زەبـوون كـران و، مسـۆگەر ئایەتانێكی ڕۆشنیشـمان دابەزانـدوون و، بێبڕواایانیـش (لـە دواڕۆژدا) ئازارێكـی ڕیسـواكەریان هەیـە ﴿٥﴾ ئـەو ڕۆژە كـە خـوا تێكڕایـان هەڵدەسـتێنێتەوە، ئنجـا هەواڵـی ئەوەیـان پـێ دەدات كـە كردوویانـە، خـوا ﷻ سـەر ژمێـری كـردوەو، ئـەوان لـە بیریـان چـووە، خـواش بەسـەر هەمـوو شـتێكەوە چاودێـرو ئـاگادارە ﴿٦﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(تُجَٰدِلُكَ فِي زَوۡجِهَا): واتە: (ئەو ژنەی) لە بارەی مێردەکەیەوە مشتومڕی لەگەڵ تۆدا دەکرد، شەڕە قسەی لەگەڵ تۆ دەکرد، (**الجِدَالُ: المُفاوَضَةُ عَلَى سَبِيْلِ المُنازَعَةِ وَالمُغَالَبَةِ، وَأَصْلُهُ: مِنْ جَدَلْتُ الحَبْلَ: أي أَحْكَمْتُ فَتْلَهُ، وَقِيْلَ: مِنَ الجَدَالَةِ وَهِيَ الأَرْضُ**)، (**جِدَال**): بریتیە لە قسە پێکەوە کردن بەشێوەی ناکۆکیی و مشتومڕ، هەر کامێکیان بیەوێ قسەی خۆی سەربخات، ڕیشەکەی لە (**جَدَلْتُ الحَبْلَ**)ە، واتە: پەتەکەم چنیی، یان ڕستم و هۆنیمەوە، هاتوە، هەندێکیش گوتوویانە: لە (**جَدَالَة**)ەوە هاتوە، واتە: زەوی ڕەق، چونکە دوو کەس کە زۆران دەگرن، هەر کامێکیان دەیەوێ ئەوی دیکە بخاتە سەر زەوی، دوو کەسیش کە شەڕە قسە دەکەن، هەر کامێکیان دەیەوێ قسەی خۆی سەربخات.

(وَتَشۡتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ): سکاڵای بۆ لای خوا کرد، (**الشَّكْوُ وَالشِّكَايَةُ وَالشَّكَاةُ وَالشَّكْوَى: إِظْهَارُ البَثِّ**)، هەر چوار وشەکە (**شَكْو، شِكَايَة، شَكَاة، شَكْوَى**) بە مانای پێشاندانی دڵتەنگیی و نارەحەتیی و سکاڵاکردنن.

(تَحَاوُرَكُمَآ): (**الحِوَارُ وَالمُحَاوَرَةُ: المُرَادَّةُ فِي الكَلَامِ، وَمِنْهُ التَّحَاوُر**)، (**حِوَار ومُحَاوَرَة**) بریتیە لەوەی هەر کامێک لە دوو لایەن، یان زیاتر، قسەی یەکدی بەرپەرچ بدەنەوە، یان قسە بۆ یەکدی بگێڕنەوە، ئەو قسەیەک بکات و ئەویش قسەیەک بکات، (**تَحَاوُر**)یش لە (**حِوَار ومُحَاوَرَة**)وە هاتوە.

(يُظَٰهِرُونَ): (**الظِّهَارُ: أَنْ يَقُوْلَ الرَّجُلُ لامْرَأَتِهِ: أَنْتِ عَلَيَّ كظَهْرِ أُمِّي**)، (**يُظَاهِرُوْن**) واتە: (**ظِهَار**) دەکات ئەویش ئەوەیە پیاو بە ژنەکەی بڵێ: تۆ وەک پشتی دایکم وای، واتە: لێم قەدەغەی.

(رَقَبَةٍ): (الرَّقَبَةُ: إسْمٌ للعَضْو المَعْرُوفِ، ثُمَّ يُعَبَّرُ بِهِ عَنِ الجُمْلَة)، (رَقَبَة): بریتیە لە ناوی ئەو ئەندامەی زانراوە، واتە: گەردن، مل، دواییش بە کۆی مرۆڤ دەگوترێ، کە دەگوترێ: (تَحْرِيْرُ رَقَبَة) ئەوە نیە بەس ملی ئازاد بکرێ، چونکە ملەکە بە مرۆڤەکەوەیە، واتە: ئەو مرۆڤە ئازاد بکرێ.

(يَتَمَآسَّا): واتە: دەست بگەیەننە یەکدی، کە مەبەست پێی پێکەوە جووتبوونە، (المَسُّ: إدْرَاكٌ بحَاسَّةِ اللَّمْسِ، وَكُنِّيَ بِهِ عَنِ النِّكَاحِ: مَسَّهَا وَمَاسَّهَا)، (مَسّ) لە ئەسڵدا بریتیە لە زانینی شتێک بە هەستی دەست لێدان، دوایی بە کینایە بۆ نیکاح بەکارهێنراوە، کە دەگوترێ: (مَسَّهَا وَمَاسَّهَا) واتە: لەگەڵیدا جووتبوو.

(يُحَآدُّونَ): (يُمَانِعُونَ اعْتِبَاراً بِالْمُمَانِعَة، أو اسْتِعْمَالِ الحَدِيْد)، (يُحَادُّونَ) واتە: بەربەرەکانێ دەکەن، لاملیی دەکەن، بەو ئیعتیبارەی مل نادەن و لاملیی دەکەن (ئامادەنین ملکەچ بکەن) یاخود لە بەکارهێنانی ئاسنەوە هاتوە.

ئەوانەی بەهێز دژایەتیی ئایین و بەرنامەی خوا دەکەن.

(كُبِتُوا): (الكَبْتُ: الرَدُّ بِعُنْفٍ وَتَذْلِيْلٍ، كَبَتَهُ: أَهَانَهُ وَأَذَلَّهُ، وَكَبَّهُ وَكَبَتَهُ: صَرَعَهُ لِوَجْهِه)، (كُبِتُوا) لە (كَبْت)ەوە هاتوە، کە بریتیە لە بەرپەرچدانەوەی توندو، زەبوون کردن، دەگوترێ: (كَبَتَهُ)، یانی: سووکی کردو زەبوونی کرد، (كَبَتَهُ: كَبَّهُ)، لەسەر دەم و چاوی خستی.

(مُّهِينٌ): (أي: مُخْزِي وَمُذِلّ) سەرشۆڕکەرو زەبوونکەر.

(يَبۡعَثُهُمُ): (بَعَثَهُ: أرْسَلَهُ)، (بَعَثَهُ) ناردی، هەروەها (بَعَثَهُ) لە خەوێ هەڵیستاند، دیسان (بَعَثَهُ) لە گۆڕەکەی دەریهێنایەوەو زیندووی کردەوە.

(أَحۡصَىٰهُ ٱللَّهُ): خوا سەرژمێری کردوە، (أَحَاطَ بِأَعْمَالِهِم عَدَداً، وَأَحَاطَ بِهَا عِلْماً)، خوا دەزانێ ژمارەی کردەوەکانیان چەندەو، زانیاریی تەواوی لە بارەیەوە هەیە.

(شَهِيدٌ): (شَهِدَ عَلَى كَذَا: أَخْبَرَ بِهِ خَبَرًا قَاطِعًا) هەواڵی لە بارەوەدا، هەواڵێکی جێی دڵنیایی، (شَهِدَ: حَضَرَ) ئامادە بوو، (وَشَهِدَ) بە مانای (أَدَّى مَا عِنْدَهُ مِن الشَّهَادَة)، شایەدیی دا، کەواتە: (شَهِيد) هەم بە مانای هەواڵ پێدەرو، هەم بە مانای ئامادەبوو و، هەم بە مانای شایەدییدەر، دێ.

(حُدُودُ اللَّهِ): (حُدُود) کۆی (حَدّ)ە، (الحَدُّ: الحَاجِزُ بَيْنَ الشَّيْئَيْنِ، وَالحَدُّ مِنْ كُلِّ شَيءٍ: طَرَفُهُ الرَّقِيقُ الحَادُّ، وَالحَدّ: عُقُوبَةٌ مُقَدَّرَةٌ وَجَبَتْ عَلَى الجَانِي)، (حُدود) کۆی (حَدّ)ە، کە بە پەردەی نێوان دوو شتان دەگوترێ، هەروەها (حَدّ) بۆ هەر شتێک بریتیە لەو لایەی باریک و تەنک دەبێتەوە، قەراغ، دیسان (حَدّ) بە مانای سزادانێکی دیاریکراو، کە بۆ بابایەکی تاوانبار دانراوە، بەکاردێ.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

لەو بارەوە چەند گێڕدراوەیەک هەن:

١- (عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: تَبَارَكَ اللَّهُ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ كُلَّ شَيْءٍ! إِنِّي لَأَسْمَعُ كَلَامَ خَوْلَةَ بِنْتِ ثَعْلَبَةَ وَيَخْفَى عَلَيَّ بَعْضُهُ، وَهِيَ تَشْتَكِي زَوْجَهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، وَهِيَ تَقُولُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَكَلَ شَبَابِي وَنَثَرْتُ لَهُ بَطْنِي، حَتَّى إِذَا كَبِرَ سِنِّي وَانْقَطَعَ وَلَدِي، ظَاهَرَ مِنِّي، أَللَّهُمَّ إِنِّي أَشْكُو إِلَيْكَ! فَمَا بَرِحَتْ حَتَّى نَزَلَ جِبْرِيلُ بِهَذِهِ الآيَةِ: ﴿قَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّتِي تُجَادِلُكَ فِي زَوْجِهَا...﴿١﴾﴾ وَزَوْجُهَا أَوْسُ بْنُ الصَّامِتِ).

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) گوتوویەتی: بەرزو بە پێزە ئەو زاتەی بیستنی وی هەموو شتێکی گرتۆتەوە، من گوێم لە قسەی خەولەی کچی سەعلەبە بوو، هەندێکیشم لێ پەنهان بوو، کە سکاڵای بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەکرد لە چنگ مێردەکەی، دەیگوت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! تەمەنی

گەنجێتیی منی خواردووە، سکی خۆم بۆ ڕۆ[1] کردوە، (واتە: منداڵم لێی بوون) هەتا کاتێک تەمەنم گەورە بووەو منداڵم لێی نابێ، ئێستا (ظِهَار)ی لێکردووم، خوایە! سکاڵا بۆ لای تۆ دەکەم! هێندەی پێ نەچوو، جیبریل دابەزی ئەم ئایەتانەی هێنانە خوار: ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿١﴾﴾، تا کۆتایی، مێردەکەشی ئەوسی کوڕی صامیتە.

ئەمەش گێڕاوەیەکی دیکەی هەمان دەقە:

{عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا، قَالَتْ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ الْأَصْوَاتَ، إِنَّ خَوْلَةَ تَشْتَكِي زَوْجَهَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، فَيَخْفَى عَلَيَّ أَحْيَاناً بَعْضُ مَا تَقُولُ، قَالَتْ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ... ﴿١﴾﴾} (أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ فِي الصَّحِيحِ مُعَلَّقاً: ج١٣، ص٢٧٢، وأحمد: ج٦، ص٤٦، والنسائي في الكبرى: ٥٦٥٤، ١١٥٧٠، وابن ماجه: ١٨٨، وعبد بن حميد: ١٥١٢، وأبو يعلى: ٤٧٨٠، والدارمي: ص٤٦، والطبري في جامع البيان: ج٢٨، ص٥ و ٦}[2].

واتە: دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) گوتوویەتی: ستاییش بۆ ئەو خوایەی بیستنی هەموو دەنگەکانی گرتوونەوە، خەولە سکاڵای لە چنگ مێردەکەی کرد بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، هەندێک جار هەندێک لە قسەکانیم لێ پەنهان بوون، بەڵام خوا ﷻ لە سەرووی حەوت ئاسمانانەوە گوێی لە سکاڵایەکەی بوو، ئەم ئایەتانەی دابەزاندن: ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ... ﴿١﴾﴾.

٢- {عَن خُوَيْلَةَ بِنْتِ ثَعْلَبَةَ وَكَانَتْ تَحْتَ أَوْسِ بْنِ الصَّامِتِ أَخِي عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ قَالَتْ: دَخَلَ عَلَيَّ فَكَلَّمَنِي بِشَيْءٍ وَهُوَ فِيهِ كَالضَّجِرِ، فَرَادَدْتُهُ فَغَضِبَ، وَقَالَ: أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي،

---

(١) ڕۆکردن: هەڵڕشتن و بڵاوکردنەوە.

(٢) الإستيعاب في بيان الأسباب، ج٣ ص ٢٢٧،٢٢٨.

ثُمَّ خَرَجَ إِلَى نَادِي قَوْمِهِ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَيَّ فَرَاوَدَنِي عَلَى نَفْسِي، فَأَبَيْتُ فَشَادَّنِي فَشَادَدْتُهُ، فَغَلَبْتُهُ بِمَا تَغْلِبُ بِهِ الْمَرْأَةُ الرَّجُلَ الضَّعِيفَ، قَالَتْ فَقُلْتُ: وَالَّذِي نَفْسُ خُوَيْلَةَ بِيَدِهِ لاَ تَصِلُ إِلَيَّ حَتَّى يَحْكُمَ اللَّهُ فِيَّ وَفِيكَ، فَأَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ أَشْكُو إِلَيْهِ مَا لَقِيتُ، فَقَالَ: «زَوْجُكِ وَابْنُ عَمِّكِ اتَّقِي اللَّهَ وَأَحْسِنِي صُحْبَتَهُ»، قَالَتْ فَمَا بَرِحْتُ حَتَّى أَنْزَلَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ...﴾ حتَّى انتهى إِلَى الْكَفَّارَةِ، فَقَالَ النَّبِيُّ ﷺ: «مُرِيهِ فَلْيُعْتِقْ رَقَبَةً»، قُلْتُ: وَاللَّهِ مَا عِنْدَهُ رَقَبَةٌ يَمْلِكُهَا، قَالَ: «فَلْيَصُمْ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ»، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! شَيْخٌ كَبِيرٌ مَا بِهِ مِنْ صِيَامٍ، قَالَ: «فَلْيُطْعِمْ سِتِّينَ مِسْكِينًا»، قالت: يَا نَبِيَّ اللَّهِ مَا عِنْدَهُ مَا يُطْعِمُ، قَالَ: «سَنُعِينُهُ بِعَرَقٍ مِنْ تَمْرٍ» «وَالْعَرَقُ الْمِكْتَلُ يَسَعُ فِيهِ ثَلاَثِينَ صَاعًا» فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! وَأَنَا أُعِينُهُ بِعَرَقٍ آخَرَ، قَالَ: «قَدْ أَحْسَنْتِ مُرِيهِ فَلْيَتَصَدَّقْ به»} (أخرجه أحمد: ج٦، ص ٤١٠، ٤١١، وأبو داود: ٢٢١٤، ٢٢١٥، وابن حبان في صحيحه: ٤٢٧٩، وابن الجارود في المنتقى: ٧٤٦)، هەروەها کۆمەڵێک لە زانایانی دیکەی فەرمووده‌ناس[١].

ئەم ڕیوایەتە زیاتر تیشک دەخاتە سەر هۆی دابەزینی ئەو ئایەتانە.

واتە: (خُوَيْلَةُ بِنْتُ ثَعْلَبَةَ) [خویلة] و (خولة)شی پێگوتراوە] کە لە لای (أَوْسِ بْنِ الصَّامِتِ) بووە، برای (عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ) خوا لێیان ڕازیبێ، دەڵێ: ڕۆژێک ئەوسی کوڕی صامیت، هاتە لام، بەشێوەیەکی تووڕەیی قسەی لەگەڵدا کردم، منیش بەرپەرچم دایەوە، ئەویش تووڕە بوو و، پێیگوتم: تۆ وەک پشتی دایکم وای، دوایی چۆ دەرێ بۆ لای کۆڕی خزمەکانی (مەجلیسێک بووە)، دوایی گەڕایەوەو داوای دەست تێکەڵیی لێکردم (ویستی لەگەڵم جووتبێ) منیش ملم نەدا، ئەویش پڕ کێشیی بۆ کردم، منیش پڕکێشییم بۆ کردو، من بەسەریدا زاڵ بووم، وەک چۆن ئافرەتێک بە پیاوێکی بێ هێز دەوێرێ، پێمگوت: سوێند بەو کەسەی نەفسی خوەیلەی بە دەستە، دەستم ناگەیەنیە، تاکو خوا لە بارەی من و تۆوە حوکم نەکات، ئیدی چوومە لای پێغەمبەر ﷺ سکاڵام بۆ

(١) الإستيعاب في بيان الأسباب، ج٣ ص٣٢٩، گوتوویانە: (حسن لغيره).

لا کـرد {کـە لـە مێردەکەیـەوە چـی تـووش بـووە!} پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: مێردتـەو ئامۆزاتـە، پارێـز لـە خـوا بکـەو لەگەڵـی چـاک بـە، دەڵـێ: هێنـدەی پـێ نەچـوو قورئـان دابـەزی: ﴿ قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوْجِهَا وَتَشْتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ ﴾، تاکـو کۆتایـی، هەتـا بـاسی کەفـارەتی کـرد، دوایـی پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: پێـی بڵـێ: بـا کۆیلەیـەک ئـازاد بـکات، گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ﷺ هیـچ کۆیلـەی نیـن، ئازادیـان بـکات، فەرمـووی: پێـی بڵـێ: بـا دوو مانـگان لەسـەر یـەک بـە ڕۆژوو بـێ، گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ﷺ پیرێکـی بـە تەمەنـە هێـزی ڕۆژوو گرتنـی نیـە، فەرمـووی: دەبـا نـانی شەسـت نـەدار بـدات، گوتـم: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! ﷺ هێنـدە ئیمکانیەتـەشی نیـە نـان و خـواردنی شەسـت نـەدار بـدات، فەرمـووی: ئێمـە هاوکاریـی دەکەیـن بـە (**عَرَق**)ێـک، {(**عَـرَق**) یـش پێوەرێکـە سـی (٣٠) ڕبـە، ڕبـەش چـوار مسـتە، تێیـدا جێـی دەبێتـەوە} گوتـم: منیـش بـە عەرەقێـک هاوکاریـی دەکـەم، فەرمـووی ﷺ: شـتێکی باشـت کـرد، بـا ئـەوە بکاتـە خێـر {دەبێتـە کەفـارەتی **ظیهار**ەکـەی}.

مانای گشتیی ئایەتەکان

لە چوار ئایەتی سەرەتادا خوا ﷻ باسی بە دەنگەوە هاتنی خۆی دەکات، بۆ سکاڵا کردنی ئافرەتێک کە مێردەکەی **ظیهاری** لێکردوە، ئەو ئافرەتەش دەچێتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و سکاڵای حاڵی خۆی لە لا دەکات، پێغەمبەری خواش ﷺ یان بێ دەنگ دەبێ، یان دەفەرمووێ: لێی قەدەغە کراوی، سەرەنجام لە حاڵێکدا کە ئەو ئافرەتە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ خەریکی مشتومڕو وتووێژ دەبێ، خوا ﷻ لە سەرووی حەوت ئاسمانانەوە سکاڵای ئەو ئافرەتە داماوە دەبیستێ و، ئەو ئایەتە موبارەکانە دادەبەزێنێ و، چارەسەرێک دادەنێ بۆ کێشەو گرفتی ئەو ئافرەتەو، هەر ئافرەتێکی دیکەش و، هەر ژن و مێردێکی دیکەش، کە کێشەیەکی لەو جۆرەیان بۆ دێتە پێش.

دوو ئایەتەکەی دواییش، واتە: ئایەتەکانی: (٥ و ٦)، خوا ﷻ تێیان دا باسی ئەو ڕاستییە دەکات، کە ئەوانەی بەربەرەکانێ و، دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، زەبوون و ڕیسوا دەبن، وەک چۆن ئەوانەی پێشوویان کە دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکانییان کردوە، زەبوون و ڕیسواو سەرکوت بوون، چ زەبوونکرانی بەرهەست و بەرچاوو، چ زەبوونکرانی مەعنەویی و، لە ڕۆژێکیشدا کە زیندوویان دەکاتەوە، هەواڵیان پێدەدات بەوەی کردوویانە، کە خوا هەمووی سەر ژمێر کردوە، بەڵام ئەوان لە بیریان چووەو، خوا ئاگادارەو چاودێری هەموو شتێکە.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرمووێ:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، کە مەبەستی پێ ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی بەرنامەی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿ قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَـٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا ﴾، وشەی (قَدْ) بۆ ساغکردنەوەیە، ﴿ قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ ﴾، مانا ڕواڵەتییەکەی: بە دڵنیایی خوا بیستی قسەی ئەو ئافرەتەی لە بارەی مێردەکەیەوە، مشت و مڕی لەگەڵ تۆدا دەکرد، ئەی پێغەمبەر ﷺ! بەڵام لێرەدا مانای (قَدْ) جیایە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ دڵنیابووە لەوەی خوا هەموو شتێک دەبیستێ و، لە نێویشیان دا هەموو دەنگەکان دەبیستێ، بۆیە زانایان دەڵێن: (قَدْ) لێرەدا بۆ ساغکردنەوە (تَحْقِيق) نیە، بەڵکو مەبەست پێی ئەوەیە: شتێک خەڵکێک چاوەڕێی بکات و، خواش ﷻ ئەو شتە بهێنێتە دی، واتە: ئەوەی ئێوە چاوەڕێتان دەکرد، خوا ﷻ قسەی تێدا بکات، خوا ﷻ بە دڵنیاییەوە قسەی ئەو ئافرەتەی بیست، لێرەشدا بیستن تەنیا بە مانای خودی بیستن نیە، هەرچەندە (سَمِعَ) بە مانای بیستنە، بەڵام لێرەدا (سَمِعَ) وێڕای (بیستی) مانای بە دەنگەوە هاتنیش دەگەیەنێ، چونکە جاری وایە تۆ قسەی کەسێک دەبیستی، بەڵام گوێی پێ نادەی، جاری واش هەیە دەیبیستی و بە دەنگیشیەوە دەچی، ئنجا لێرەدا مەبەست پێی بە دەنگەوە هاتنە، واتە: خوا ﷻ گوێبیستی قسەی ئەو ئافرەتە بوو کە لە بارەی مێردەکەیەوە شەڕە قسەی لەگەڵ تۆدا دەکرد، ئەی پێغەمبەر! ﷺ و بە دەنگیشیەوە هات، ﴿ وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، ئەو ئافرەتە سکاڵای بۆ لای خوا دەکرد، (شَكْوَى واشتكاء) بریتیە لە سکاڵاکردن و شپرزەیی و بێ حاڵیی خۆ دەربڕین، داوای مافی خۆکردن لە لای کەسێک، ئەو ژنەش داوای مافی خۆی بۆ لای خوا بەرز کردەوەو سکاڵای بۆ لای خوا کرد، دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ چارەسەرێکی پێ نەبوو، بۆ گرفت و کێشەیەک کە ئەو ئافرەتە بۆی هاتۆتە پێش، چونکە وەک دوایی باسی

دەکەین لە مەسەلە گرنگەکاندا، پێغەمبەری خوا ﷺ لە زۆر شتدا هەر بەپێی عورفی کۆمەڵگایەکەی خۆی کاری کردوە، مەگەر شتێک ڕێک دژ وەستا بێ لەگەڵ ڕووحی شەریعەت دا، یان لەگەڵ دەقێکی قورئاندا، ئەگەرنا پێغەمبەر ﷺ ڕەچاوی عورف و باوی کۆمەڵگای خۆی کردوە، ئنجا یەکێک لەو شتانەی کە لە عورف و باوی کۆمەڵگای ئەو کاتەدا هەبووە، ئەوە بووە کە پیاوێک بە ئافرەتەکەی خۆی گوتبێ: (أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي)، تۆ وەک پشتی دایکم وای بۆ من، لێی قەدەغە بووەو لە جیاتی تەڵاق بووە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو ئافرەتە کە سکاڵای خۆی لەلا دەکات، کە مێردەکەی **ظیهاری** لێکردوە، دەفەرموێ: لێی قەدەغە بووی، وەک پێشتریش لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا، باسمان کرد، ﴿ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ﴾، خوا وتوویژی ئێوەی دەبیست، **(تحاور)** بریتیە لەوەی دوو کەس، دوو لایەن، یاخود زیاتر پێکەوە قسە بکەن، هەر کامێکیان قسە بکات و، بۆ ئەوی دیکەی فڕێ بدات، ئەوی دیکەش قسەی خۆی بۆ ئەو فڕێ بداتەوە، ئەو قسەی خۆی بکات و ئەوی دیکەش قسەی خۆی بکات، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بیسەری بینەرە، بیسەرە بۆ هەموو دەنگەکان و، بیسەرە بۆ هەموو ڕەنگەکان، بۆ هەموو هەڵسوکەوتەکان، بۆ هەموو کردەوەکان.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسی چارەسەرەکە: ﴿ ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم ﴾، ئەوانەی لە ئێوە **(ظهار)** دەکەن لە ئافرەتەکانیان، واتە: ئەو مێردانەی لە ئێوە **(ظهار)** دەکەن لە ژنەکانیان ﴿ مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمْ ﴾، ئەو ژنانەیان بە هۆی ئەو **(ظهار)**کردنەیانەوە نابنە دایکیان، چونکە **(ظهار)** ئەوەیە مێردێک بە ژنەکەی بڵێ: (أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي)، تۆ بۆ من وەک پشتی دایکمی، واتە: وەک چۆن دایکم لە من حەڕام و قەدەغەیە، تۆش ئاوا لە من قەدەغەی، کە ئەوە لەسەردەمی نەفامییدا حوکمی تەڵاقی هەبووەو، ئەو ژنە لەو پیاوە حەڕام بووە، خوا دەفەرموێ: ئەوانەی **(ظِهَار)** لە ژنەکانیان دەکەن، ژنەکانیان بەو قسەیە

نابنە دایکیان، ﴿ إِنْ أُمَّهَٰتُهُمْ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدْنَهُمْ ﴾، واتە: (مَا أُمَّهَاتُهم)، دایکانیان تەنیا ئەوانەن کە ئەوانیان بوون، نەک بە قسەیەکی پووچی گوناح، هاوسەرو ژنی مێردێک ببێتە دایکی، شتی وانیە، ئەوە قسەیەکی پووچە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ ٱلْقَوْلِ وَزُورًا ﴾، بە دڵنیایی ئەوان قسەیەکی خراپ دەکەن، (مُنْكَر) واتە: قسەیەکی نامۆ و نەناسراو، قسەیەکی خراپ و ناقۆڵا، (وزُورا): قسەیەکی درۆش دەکەن، ئەسڵی (زُور) لە (زَوْر)ەوە هاتوە، بە مانای لادان یانی: قسەیەک دەکەن لە ڕاستیی لایداوەو درۆیە، ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴾، بە دڵنیایی خواش زۆر چاوپۆشییکاری لێبوردەیە، (عفو: كثير العفو) (عفو) کەسێکە کەسێک هەڵەیەکی کرد بێ، هەڵەکەی نادیدەی بگرێ، بەڵام (غفور) کەسێکە هەڵەی هەڵەکار بپۆشێ.

دوای ئەوەی خوا ﷻ حوکمی (ظِهَار)ی باسکرد، کە ئەو ژنەی (ظِهَار)ی لێ دەکرێ، بەو قسە درۆو هەڵەیە، نابێتە دایکی مێردەکەی، ئنجا باسی حوکمەکەی و، باسی چۆنیەتیی چارەسەری ئەوە دەکات، کەسێک (ظِهَار) لە ژنەکەی بکات، چارەسەری چییە؟

دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا۟ ﴾، ئەوانەش کە (ظِهَار) لە ژنەکانیان دەکەن، ﴿ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا۟ ﴾، دوایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی گوتوویانە، ئەمە وەک دوایی باسی دەکەین، زانایان بە سێ چوار واتا لێکیان داوەتەوە، بەڵام واتایەک کە زیاتر دێتە زەینەوە، ئەوەیە: دوایی دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو ژنانەی قسەیان لە بارەوە گوتوون، واتە: دەیانەوێ دووبارە ژیانی هاوسەرێتییان لەگەڵدا دەست پێ بکەنەوە، کە بۆیان نیە ژیانی هاوسەرێتیی لەگەڵیاندا دەست پێ بکەنەوە، هەرچەند نەبوونە دایکیان، بەڵام بەو وشەیە لێیان قەدەغە بوون و، بە هۆی ئەو قسە هەڵەو گوناحەوەی کردوویانە، دەبێ کەفارەت بدەن و سڕینەوەیەک بکەن، بۆ ئەو هەڵەو پەڵەیە، ئەویش لە سێ شتان دا خۆی دەنوێنێ:

أ- ﴿ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ ﴾، ئەگەر ویستیان بگەڕێنەوەو پەشێمان ببنەوە لەو قسەیان و، ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە (ظِهَار)یان لێکردوون، دەست پێ بکەنەوە، ئەرکیان بریتیە لە ئازاد کردنی گەردنێک، لێرەدا (رقبة) بە مانای مل و گەردنە، بەڵام مەبەست پێی کۆی مرۆڤێکە، واتە: دەبێ مرۆڤێکی کۆیلە ئازاد بکەن، ﴿ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ﴾، پێش ئەوەی دەستیان بگاتەوە یەکدی، واتە: پێش ئەوەی پێکەوە جووت بن و بچنەوە لای یەک، وەک ژن و مێرد، دەبێ مێردەکە کۆیلەیەک ئازاد بکات، ﴿ ذَٰلِكُمْ تُوعَظُونَ بِهِۦ ﴾، ئا ئەمەتان ئەوەیە کە ئامۆژگاریی پێ دەکرێن، ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴾، خواش بەوەی دەیکەن شارەزایە، (فَمَن لَّمْ يَجِدْ) بەڵام کەسێک چنگی نەکەوت، ئەگەر کۆیلە نەبوون، وەک ئەم ڕۆژگارەی ئێستا کە کۆیلە هەر نین؟ بێگومان خوای بەرز ئەم ئایین و بەرنامەیەی خۆی، ئەم کتێب و فەرمایشتەی خۆی بۆ بەشەر ناردوە، بە درێژایی زەمان و بە پانایی زەمین:

﴿ فَمَن لَّمْ يَجِدْ ﴾، ئنجا ئەگەر کەسێک کۆیلەی چنگ نەکەوت و نەبوو، چ هەر نەبوو، وەک ئەم ڕۆژگارەی ئێستا کە کۆیلایەتیی هەر نەماوە، دوای ئەوەی ئیسلام بناغەی داناو ئەو ڕێیانەی خەڵکیان لێوە دەکرا کۆیلە، هەمووی بنبڕ کردن و، وشکی کردن، مرۆڤایەتییش گەیشتە حاڵەتی پێگەیشتنی زیاترو، کۆتاییان بە کۆیلایەتیی ڕواڵەتیی هێنا، بەڵام چەند جۆرێکی دیکە لە کۆیلایەتیی هەر هەن، ئەو زلهێزانەی دەست بەسەر خێرو بێری وڵاتاندا دەگرن و، گوێی بەرپرسەکانیان بە دەستەوەیەو، کەیفی خۆیان گوێیان با دەدەن، ئەو لادەدەن ئەو دێنن، بابەکەیان بە دڵ نیە، کوڕەکەی دێنن، کوڕەکە لادەبەن و نەوەکە دێنن! یاخود ئەو دیکتاتۆرە وەختی بەسەرچووە، دیکتاتۆرێکی دیکە دێنن، وەک لە میسر ڕوویدا، بێگومان ئەوەش هەر جۆرێکە لە کۆیلایەتیی، بەڵام بە هەر حاڵ کۆیلایەتیی تاک بە تاک نەماوە، ئەگەرنا کۆیلایەتیی زلهێزان بۆ گەلانی ژێر دەست، هەر بەردەوامە، خوا دەفەرموێ: کەسێک چنگی نەکەوت، چ کۆیلە هەر نەبێ، چ هەبوو، بەڵام ئەو بۆی نەدەکڕدرایەوەو دەستی نە دەکەوت:

ب- ﴿ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ ﴾، کەفارەتەکەی بریتیە لە بە ڕۆژوو بوونی دوو مانگی یەک لە دوای یەک، واتە: دوو مانگی بەردەوام و بەبێ پسانەوە، ﴿ مِن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّا ﴾، بەرلەوەی دەستیان بگاتە یەکدی، کەواتە: چ ئازادکردنی کۆیلەکە، چ بە ڕۆژوو بوونی دوو مانگەکە، دەبێ بکەونە پێش گەڕانەوەی پیاوەکە بۆ لای ژنەکەی، وەک ژن و مێردو دەست تێکەڵکردنیان.

ج- ﴿ فَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ ﴾، کەسێک نەیتوانی دوو مانگانیش بە ڕۆژوو بێ و، کۆیلەشی چنگ نەکەوت، ﴿ فَإِطۡعَامُ سِتِّينَ مِسۡكِينٗا ﴾، کەفارەتەکەی بریتیە لە خواردن پێدانی شەست نەدار، شەست کەس کە پێویستییان بەو خواردن پێدانە بێ، ﴿ ذَٰلِكَ لِتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴾، خوا ﷻ ئەو بڕیارەی بۆ داون، بۆ ئەوەی بڕوا بێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی.

لێرەدا نەیفەرموە: ﴿ مِن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّا ﴾، بۆیە زانایان گوتوویانە: ئەگەر هاتە سەر خواردن پێدان، بەرلەوەی خواردنەکەش بدات بە نەدارەکان، هەر بۆیان هەیە ژن و مێردەکە بچنە لای یەکدی، هەندێکیش گوتوویانە: سێیەمیشیان هەر حوکمی ئەو دووەکەی پێشێی هەیە، بەڵام خوا ﷻ لەبەر ئەوەی لە دووی پێشێ دا باسیکردوە، لەمەدا باسی نەکردوە، بەڵام مادام خوا لەوەی یەکەم دا فەرمووی: ﴿ مِن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّا ﴾و، لە دووەمیشدا هەر وایفەرموو، واپێدەچێ ئەمەیان بە مەرج نەگیرابێ خواردنی شەست نەدارەکە بدات، بەر لەوەی دەست بگەیەننە یەکدی، چونکە خواردن دان بەو شەست نەدارە، کاتی دەوێ، ئەمڕۆ خواردنی یەکێک دەدات و، سبەینێ هی یەکێکی دیکە، چونکە ئەوەندەی لە تواناداا نیە، لە یەکڕا نانی خواردنی شەست نەدارەکە بدات، خواردن پێدانەکەش زانایان دەڵێن: ئەوەیە هی ڕۆژێک بە تەواویی بێ و، ئەو مرۆڤە پێی تێر بێ، ئنجا لەبەر ئەوەی دەگونجێ، ئەوە وەخت بکێشێ، بۆیە خوا ﷻ بە مەرجی نەگرتوە، ﴿ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانەش سنوورەکانی خوان، واتە: ئەوانەی باسکران، سنوورەکانی خوان و مەیانبەزێنن، ﴿ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، بۆ بێبڕوایانیش ئازارێکی بە ئێش و ژان هەیە، واتە: ئەوانەی بڕوایان نەهێناوە بە

یاساکانی خواو بە سنوورەکانی خواو، دەیانبەزێنن، کەواتە: ئەی بڕوادارینە! ئاگاتان لە خۆتان بێ، ئێوەش لە بەزاندنی سنوورەکانی خواو پێشێڵ کردنی سنوورەکانی خوادا، وەک کافرەکان مەکەن، ئەگەرنا سزای سەخت چاوەڕێی ئێوەش دەکات.

شایانی باسە: کە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴾، ئەوەش بۆ ئەوەی بڕوا بێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی، واتە: خوا ئەو کەفارەتەی بۆ داناون لە بەرانبەر ئەو گوناهو هەڵەیەدا کە کردووتانە، بۆ ئەوەیە کە بڕوابێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی، کەواتە: کردەوە بەشێکە لە ئیمان و ئەو کردەوەیە، خوا ﷻ بە ئیمانی لە قەڵەم داوە، واتە: ئێوە ئەگەر پابەندبن بە شەریعەتەوە، مانای وایە ئەوە بەشێکە لە ئیمان، کەواتە: پابەندیی بە شەریعەتەوەو بە سنوورەکانی خواوە، پێکهێنەرێکی ئیمانە.

لە کۆتاییدا خوا دێتە سەر باسی ئەوانەی بەربەرەکانێی ئایین و بەرنامەی خوا دەکەن، هەڵبەتە هەر بە پەیوەست بەوەی پێشەوە، کە فەرمووی: ﴿ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، بۆ بێبڕوایان ئازارێکی بە ئێش هەیە، ئەمیش پەیوەستە بەوەی پێشەوە، کە فەرمووی: ئەوانە سنوورەکانی خوان، واتە: ئەی مسوڵمانینە! لە سنوورەکانی خوا لا مەدەن و سنوورەکانی خوا مەبەزێنن، چونکە بێبڕوایان ئازارێکی بە ئێش و ژانیان هەیە، چونکە سنوورەکانی خوا دەبەزێنن، ئنجا هەر پەیوەست بەوەوە دەفەرموێ:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی دژایەتیی و بەربەرکانێی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، چونکە (حادّ) واتە: (ضادّ) یان (خالَفَ)، واتە: دژایەتیی کردو، سەرپێچیی لێکردو، پێچەوانەی ئەوی کرد، ئنجا ئەوانەی وان: ﴿ كُبِتُوا كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾ {ئەوانەی دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن} زەبوون دەکرێن، وەک چۆن ئەوانەی پێش وان زەبوون کران، چونکە (كَبْت) بە مانای داپڵۆسین و، سەرکوتکردن و زەبوون کردن و سەرشۆڕکردن دێ، هەروەها (كَبْت) ئەوەیە بەهێز لەپەو ڕوو کەسێک بەزەویدا بخەی.

یەکێک بۆی هەیە، بڵێ: زۆر کەس لە ڕابردوودا دژایەتیی خواو پێغەمبەری خوای کردوە، کەچی نەشمانبینیوە تۆڵەی لێ بستێنرێ و، لە پەوڕوو بە زەویدا بخرێ و زەبوون بکرێ! لە وەڵام دا دەڵێین:

١- جارێ هەرگیز نابێ ژیانی کۆمەڵگاو میللەتان لە شەو ڕۆژێک داو، لە ساڵێک و دوو ساڵدا، تەماشا بکرێ و، دەبێ لە مەودای درێژدا تەماشا بکرێ.

٢- زەبوون کران و سەرکوتکران و لەپەو ڕوو خران، وەک چۆن مانای ڕواڵەتیی هەیە، مانای مەجازیی و، مەعنەوییشی هەیەو، لە ڕاستییدا ئەوانەی دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، هەر لە دنیادا لە ڕووی مەعنەوییەوە، زەبوون و سەرشۆڕن، ڕیسواو شەرمەزارن.

٣- دەشگونجێ مەبەستیشی پێ سەرشۆڕیی ڕۆژی دوایی بێ، واتە: لە ڕۆژی دواییدا هەموو ئەوانەی پێشتر دژایەتیی خواو پێغەمبەری خوایان کردوە، لە قۆناغی بەرزەخدا تووشی زەبوونیی و سەرشۆڕیی و لووت لە عەرزێ چەقین بوون و، ئەگەر ئەوانەی ئێستاش وابکەن، هەمان سەرەنجام چاوەڕێی ئەوانیشە.

﴿ وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئایەتانێکی ڕۆشنمان دابەزاندوون، واتە: کەس بیانووی نیە، بێبڕواو خراپەکارو لا دەربێ، چونکە ئایەتی ڕۆشنمان بۆ دابەزاندوون، ﴿ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾، بۆ ئەوانەی بێبڕواشن، ئازارێکی ڕیسواکەرو زەبوونکەر هەیە، پێشێ فەرمووی: ﴿ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، ئازارێکی بە ئێش، ئنجا فەرمووی: ئازارێکی ڕیسواکەرو زەبوونکەر، واتە: ئەو ئازارە وەک چۆن بۆ جەستە بە ئێشە، بۆ ڕووحیش زەبوونکەرو ڕیسواکەرە، واتە: ئەوەی پێشێ باسی شوێنەواری ئەو ئازارو سزایەی خوای کرد، لە ڕووی ماددیی و جەستەییەوە، ئەمەشیان لە ڕووی مەعنەویی و ڕووحییەوە.

﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا ﴾، ئایا لە چ ڕۆژێکدا، خوا ئەو سزاو ئازارەیان دەدات؟ لەو ڕۆژەدا خوا تێکڕایان زیندوو دەکاتەوەو هەڵدەستێنێتەوە، ﴿ فَيُنَبِّئُهُم

﴿بِمَا عَمِلُوٓاْ﴾، هەواڵیان پێدەدات بەوەی کردوویانە، ﴿أَحۡصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُ﴾، خوا هەمووی سەرژمێر کردوە، بەڵام ئەوان لە بیریان چووەو فەرامۆشیان کردوە، ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ شَهِيدٌ﴾، خواش بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرەو، ئاگاداری هەموو شتێکە، خوا شایەدە بەسەر هەموو کەسێک و هەموو شتێکەوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بیستنی خوای بیسەر بۆ سکاڵای ژنێک لە بارەی مێردەکەیەوەو، بە دەمەوە هاتنی، کە مێردەکەی (ظِهَار)ی لێ کرد بوو، خستنەڕووی ئەوە کە بە (ظِهَار) ژن نابێتە دایکی پیاوو، ئەوە قسەیەکی ناقۆڵاو درۆیە، پاشان دانانی کەفارەت بۆ کەسێک بە تەمایە ژیوان بێتەوەو بچێتەوە لای هاوسەرەکەی، کە بریتیە لە ئازادکردنی کۆیلەیەک، یان دوو مانگ ڕۆژووی لە دوای یەک، یان دابینکردنی خواردنی شەست نەدار:

خوا دەفەرموێ: ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ
يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴿١﴾ ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمْ ۖ
إِنْ أُمَّهَٰتُهُمْ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔى وَلَدْنَهُمْ ۚ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ ٱلْقَوْلِ وَزُورًا ۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ
﴿٢﴾ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا۟ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِّن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ۚ ذَٰلِكُمْ
تُوعَظُونَ بِهِۦ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿٣﴾ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ مِن قَبْلِ أَن
يَتَمَآسَّا ۖ فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ۚ ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۗ
وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە بیست و سێ (٢٣) بڕگەدا:

١)- ﴿قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوْلَ ٱلَّتِى تُجَٰدِلُكَ فِى زَوْجِهَا﴾، بەدڵنیایی خوا قسەی ئەو ژنەی بیست کە لە بارەی مێردەکەیەوە مشت و مڕی لەگەڵدا دەکردی، وەک لە مانا گشتییەکەشیدا ئاماژەمان پێیدا: (**قَدْ: حَرْفٌ لتَحْقِيْق الخَبَرِ وَتَوْكِيْدِه، وَلَكِن هُنَا بِمَعْنَى التَوَقّع، أي: الإشْعَار بِحُصُول مَا يَتَوَقّعُه السَّامِع**)، (قَدْ) لە ئەسڵدا بە مانای ساغکردنەوەو دڵنیاکردنەوەی ئەو

هەواڵەیە کە لە دوایەوە دێ، بەڵام لێرە بەمانای پێشبینییکردنە، یانی: ئاگادارکردن لە پەیدا بوونی ئەوەی بیسەر پێشبینیی دەکرد، ﴿ قَدْ سَمِعَ ٱللَّهُ ﴾، بە دڵنیایی خوا بیستی، ﴿ قَوْلَ ٱلَّتِي تُجَٰدِلُكَ فِي زَوْجِهَا ﴾، قسەی ئەو ژنەی لە بارەی مێردەکەیەوە مشت و مڕو شەڕە قسەی لەگەڵ تۆدا دەکرد، ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەمە ﷺ.

٢)- ﴿ وَتَشْتَكِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، سکاڵای خۆیشی بۆ لای خوا دەکرد.

٣)- ﴿ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ﴾، خواش ﷻ وتووێژی ئێوەی دەبیست، واتە: قسە لە بەرانبەر یەکدیی دا کردنی ئێوەی دەبیست.

٤)- ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌۢ بَصِيرٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بیسەری بینەرە، بیسەری هەموو دەنگەکانەو، بینەری هەموو وێنەکان و ڕەنگەکان و شتەکانە.

(الرازي) گوتوویەتی: (**قَدْ**) هەرچەندە لە ئەسڵدا بە مانای ساغکردنەوەی هەواڵێکەو لێ دڵنیاکردنەوەیەتی، بەڵام لێرەدا بە مانای هەست پێکردنی ئەوەیە کە بابای بیسەر دەیبیستێ، واتە: ئەوەی ئێوە چاوەڕێی بوون بیبیستێ، ئەوە بیستتان، ئەویش بە دەنگەوە هاتن و وەڵامدانەوەی خوایە ﷻ بۆ قسەی ئەو ژنەی لە بارەی مێردەکەیەوە مشتومڕی لەگەڵ تۆدا دەکرد، چونکە (**سَمِع**) هەرچەندە بە مانای (بیستی)، بەڵام لێرەدا مانا ڕواڵەتییەکەی مەبەست نیە، بەڵکو یانی: (**إسْتَجَابَ المَطْلُوب**) وەڵامی داواکراوەکەی دایەوە، بە بەڵگەی ئەوە کە (**قَد التوقّع**) لە پێشیەوە هاتوە، واتە: ئەوەی ئێوە چاوەڕوانییتان دەکردو، ئومێدەواربوون، ئەوە هاتە دی، خوا قسەی ئەو ژنەی وەڵامدایەوەو بە دەنگیەوە هات، کە لە بارەی مێردەکەیەوە مشتومڕی لەگەڵ تۆدا دەکرد، هەڵبەتە زۆر لە وشەکانی زمانی عەڕەبیی، وەک چۆن مانای ڕاستەقینەو ڕواڵەتییان هەیە، مانای مەجازیی و مەعنەوییشیان هەیە، بۆ وێنە: ئێمە ئێستا کە لێرە دانیشتووین، ئەگەر بڵێین: شێرەکە هات (**جَاءَ الأسَد**) هەموو کەس دەزانێ مەبەست پێی دڕندە نیە، بەڵکو یانی: پیاوێک هات کە لە ئازایەتییدا، وەک شێرە، هەروەها

ئەگەر گوتمان: ڕێویەکە هات (جَاءَ الثُّعْلَبُ) هەموو کەس دەزانێ مەبەستمان پێی ئەو ئاژەڵ و دڕندەیە نیە، کە ڕێوییە، بەڵکو مەبەست پێی مرۆڤێکی فێڵبازە، چونکە شێر وێنە پێ هێنراوە (فَـضَرِبَ المَثَـل)ی ئازایەتییەو، ڕێویش وێنە پێ هێنراوەی فێڵبازییە.

ئەو ئافرەتەش وەک لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا باسمان کرد: (**خولة بنت ثعلبة**) بووەو، مێردەکەشی (**أوس بن الصامت**) بووە، خوا لە هەردووکیان ڕازی بێ، هەندێکیش ناوی (**خولة**) یان بە (**خويلة**) هێناوە یانی: خەولۆکە، لە زمانی عەرەبییدا، عەبدوڵڵا دەبێتە عوبەیدیللا، کە لە ڕووی خۆشەویستییەوە ناو گچکە دەکرێتەوەو، هەندێکیش بە (**جَمِيْلة**)یان ناوهێناوە، ڕەنگە دوو ناوی بووبن، هەم (**خولة**)ەشی پێگوتراوەو هەم (**جَمِيْلة**)ش و، مێردەکەشی (**أوس بن الصامت**) برای (**عبادة بن الصامت**) بووە، کە یەکێکە لە هاوەڵە زۆر ناودارەکان و، کاتێ خۆی پێغەمبەری خوا ﷺ نامەی خۆی پێدا ناردوە بۆ لای پادشای میسر (موقەوقەس).

کە دەفەرموێ: ﴿ وَتَشْتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، سکاڵای بۆ لای خوا دەکرد، (**شَكْوَى وإشْتِكَاء**) بە مانای سکاڵا کردنە، (**الإشْتِكَاءُ: مُبَالَغَةٌ فِي الشَّكْوَى، وَهِيَ ذِكْرُ مَا آذَاهُ**)، (**إشْتِكَاء**) لەسەر کێشی (**إفْتِعَال**)ە، زێدەڕۆییکردنە لە (**شَكْوَى**)دا، واتە: سکاڵاکردن و بریتیە لە باسی ئەوەی ئازاری داوە، ﴿ وَٱللَّهُ يَسْمَعُ تَحَاوُرَكُمَآ ﴾، خواش وتووێژی ئێوەی دەبیست، (**يَسْمَعُ**) لێرەدا بە مانا ڕواڵەتییەکەو مانا ڕاستەقینەکەی (**يَسْمَعُ**) یە، نەک وەک (**سَمِع**)ی پێشەوە بە مانای وەڵامدانەوە بێ، هەروەک ئێمە لە نوێژیشدا کە لە ڕکووع هەڵدەستینەوە دەڵێین: (**سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدهُ**)، (**سَمِع**)، بە مانای بیستن نیە، لەوێش بە مانای (**إسْتَجَابَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ**)، خوا کەسێک ستاییشی بکات، وەڵامی دایەوەو پاداشتی دایەوە.

ئنجا خوا ﷻ دێتە سەر باسکردنی ئەو دیاردەیەی لە کۆمەڵگای عەرەبیی پێش ئیسلامدا هەبووەو، دەفەرموێ:

٥)- ﴿ ٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم ﴾، ئەوانەی لە ئێوە **ظیهار** لە ژنەکانیان دەکەن، خوێنراویشەتەوە: (**الَّذِيْن يَظَّهَّرُوْن**) کە هەر یەک واتایان هەیە، (**مِنْكُم**) لە ئێوە، ئەمە بۆ ڕوونکردنەوەیە، واتە: ئەوانەتان کە (**ظِهَار**) دەکەن، ﴿ مِّن نِّسَآئِهِم ﴾، لە ژنەکانیان، دەفەرموێ: ﴿ مِّن نِّسَآئِهِم ﴾، (**ظَاهَرَ مِنْهَا**) ئەم (**مِن**)ە، بۆیە چۆتە سەر (**ظَاهَر**)و بەرکاری پێ خواستوە، تاکو مانای دوور کەوتنەوەی بخرێتە نێو: (**يُظَاهِرُونَ مِنْكُمْ مُبْتَعِدِيْنَ مِنْ نِسَائِهِم**)، بۆ ئەوەی لە ژنەکانیان دووربکەونەوە، (**ظِهار**)یش ئەوەیە پیاوێک بە ژنەکەی خۆی بڵێ: (**أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي**)، تۆ بۆ من وەک پشتی دایکم وای، کە ئەمە لە سەردەمی نەفامییدا بە تەڵاق لە قەڵەم دراوە، واتە: شێوازێک بووە لە شێوازەکانی تەڵاق، هەر پیاوێک ئەوەی بە ژنەکەی خۆی گوتبێ، لێی حەرام بووە، وەک چۆن کە تەڵاقی داوە، لێی جیابۆتەوە، ئنجا خوا ﷻ ئەوەی هەڵوەشاندەوە کە ئەوە تەڵاقی پێ ناکەوێ، بەڵێ ئەو ئافرەتە لەو پیاوە قەدەغە دەبێ، بەڵام **ظیهار** بە تەڵاق لە قەڵەم نادرێ، تاکو پێویستیی بە گرێبەستێکی تازەو، مارەکردنەوەی تازە ببێت، بەڵکو بەس ئەوەندەیە ئەو ئافرەتەی لێ قەدەغە دەکرێ و دەبێ کەفارەت بدات، ئنجا کە کەفارەتی دا، مانای دایە ئەو گوناهەی لە کۆڵ بۆتەوەو، هەر ژن و مێردی جارانن.

خوا دەفەرموێ: ئەوانەی لە ئێوە (**ظِهَار**) لە ژنەکانیان دەکەن:

٦)- ﴿ مَّا هُنَّ أُمَّهَٰتِهِمْ ﴾، ئەو ئافرەتانە نابنە دایکیان.

ئەمـە ڕێخۆشـکردنە بـۆ حوکمەکـەی دوایـی کـە دێ، بـۆ قەدەغەکـردنی ئـەو قسـەیە، کـە نابـێ قسـەی وا بگوتـرێ.

٧)- ﴿ إِنْ أُمَّهَٰتُهُمْ إِلَّا ٱلَّٰٓـِٔي وَلَدْنَهُمْ ﴾، دایکانیان تەنیا ئەوانەن کە بوویانن، (**إنْ**) لێرەدا بە مانای (**مَا**)یەو (**إن النَّافِية**)یە، واتە: (**مَا أمَّهَاتُهُم**) دایکانیان تەنیا ئەوانەن کە ئەوانیان بووە، ئەوانیان هێناوەتە دنیا.

٨)- ﴿ وَإِنَّهُمْ لَيَقُولُونَ مُنكَرًا مِّنَ ٱلْقَوْلِ وَزُورًا ﴾، بە دڵنیایی ئەوان قسەیەکی ناقۆڵاو خراپ و نامۆ دەکەن و، قسەیەکی درۆش دەکەن، قسەیەکی لاڕێیانەو لادەرانە دەکەن،

لە سوورەتی (**الأحزاب**)دا، لەوبارەوە دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكُمْ قَوْلُكُم بِأَفْوَٰهِكُمْ ۖ وَٱللَّهُ يَقُولُ ٱلْحَقَّ وَهُوَ يَهْدِى ٱلسَّبِيلَ ﴿٤﴾ ﴾، ئەمەتان قسەیەکتانە بە زاری خۆتان دەیڵێن، واتە: قسەیەکە بەس بە زار دەگوترێ، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نیە، واتە: ئەو پیاوەی بە ژنەکەی دەڵێ: تۆ وەک پشتی دایکم وای بۆ من، ژنەکەی بەوەندە نابێتە دایکی، دایکی هەر ئەو ئافرەتەیە کە ئەوی بووە.

٩)- ﴿ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ ﴾، بە دڵنیایی خواش زۆر چاوپۆشییکاری زۆر لێبوردەیە، (**العَفُوُّ: الكَثِيرُ العَفْوِ، والعَفْوُ عَدَمُ المُؤاخَذَةِ بِالفِعْلِ**)، (**عفوّ**) زۆر خاوەن عەفوو، (**عَفُو**)ش ئەوەیە کەسێک شتێکی خراپی کرد بێ، چاوپۆشیی لێ بکرێ و، لەسەری سزا نەدرێ، (**غَفُور، أي: كَثِيرُ الغفران**) زۆر داپۆشەر، واتە: گوناحەکەی هەر لەبەرچاو دەگیرێ، بەڵام بۆی دەپۆشرێ، بەڵام (**عَفُو**) ئەوەیە کە هەر گوناهەکەشی نادیدەبگیرێ، واتە: خوا زۆر نادیدەگرە بۆ گوناهان و زۆریش پۆشەرە، ئەمە هاندانە بۆ گەڕانەوەو پەشێمان بوونەوە.

دوایی خوا ﷻ دوایی دێتە سەر باسی ئەوە کە چارەسەر چییە بۆ پیاوێک کە (**ظِهَار**)ی لە ژنەکەی کرد، بە چی چارەسەر دەکرێ؟

١٠)- ﴿ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمْ ﴾، ئەوانەش کە (**ظِهَار**) لە ژنەکانیان، دەکەن.

١١)- ﴿ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا۟ ﴾، دوایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی گوتوویانە.

زانایان و ڕوونکەرەوانی قورئان لەبارەی ئەم ڕستەیەوە، زۆر مشتومڕیان بووەو زۆر ڕایان گوتوون، (**الطبري**) چوار بۆچوونی هێناون:

أ)- (**يَعُودُوْنَ إلى مَا قَالُوْا**)، بۆ ئەوەی گوتوویانە، دووبارە بۆی دەگەڕێنەوەو دووبارەی دەکەنەوە.

ب)- (**يَعُوْدُوْن فِيْمَا قَالُوْا**) ئەوەی گوتوویانە، چاوی پێدادەگێڕنەوەو لێی پەشێمان دەبنەوە، واتە: تێیدا دەگەڕێنەوەو هەڵیدەوەشێننەوە.

ج)- (**يَرْجِعُونَ عَمَّا قَالُوْا**)، ئەوەی گوتوویانە، لێی پاشگەز دەبنەوە.

د)- (**يَعُوْدوْن إلى مَا قَالُوْا**)، ئەو ژنانەی (**ظِهار**)یان لێیان کردوەو چواندوویانن بە پشتی دایکیانەوە، بۆ لایان دەگەڕێنەوە.

(**الشوكاني**)یش لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] ئەو بۆچوونانەی هێناون:

١)- ﴿يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا﴾، مەبەست ئەوەیە عەزمیان جەزم کردوە بڕیاریان داوە لە دڵی خۆیاندا، بچنەوە لای هاوسەرەکانیان و لە گەڵیان دا جووت بن، ئەوە بۆچوونی ئەبوو حەنیفەو هاوەڵانیەتی.

٢)- حەسەنی بەصرایی گوتوویەتی: ﴿يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا﴾، واتە: نەک هەر عەزمیان جەزم کردوە، بەڵکو هەر بە کردەوە دەچن لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا جووت دەبنەوە.

٣)- شافیعیی گوتوویەتی: ﴿يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا﴾، واتە: ئافرەتەکە دوای ئەوەی مێردی (**ظِهار**)یش لێ کردوەو دەشتوانێ تەڵاقی بدات، لەلای خۆی دەیهێڵێتەوە.

٤)- (**ليث بن سعيد**) گوتوویەتی: ﴿يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا﴾، مەبەست ئەوەیە کەفارەت دەدەن.

٥)- (**أبو داود الظاهري**)و هاوەڵانی گوتوویانە: ﴿يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا﴾، (**تكرير الظهار**) واتە: ئەو (**ظهار**)ەی کردوویانە، دووبارەی دەکەنەوە.

٦)- (**إبن عاشور**)یش بۆچوونێکی دیکەی شەشەمی هێناوە، دەڵێ:

﴿يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا﴾، (**أي: يندمون عن الفِرَاق**) پەشێمان دەبنەوە لەسەر ئەوەی لەو ژنە جیادەبنەوە، بەهۆی (**ظِهَار**)ەوە.

بەڵام ئەوەی زیاتر ڕاست و ڕوون دێتە بەرچاو، ئەو مانایەیە: ﴿يَعُودُونَ لِمَا قَالُوا﴾، واتە: ئەو قسەیەی کردوویانە پێوەی پابەند نابن و، دەیانەوێ لێی پەشێمان ببنەوە.

---

(١) فتح القدير: ج: ٥، ص: ٢٢.

ئنجا بە هەر کام لەو مانایانەش:

١- چ ئافرەتەکە بهێڵنەوە.

٢- چ بچنە لای.

٣- چ عەزمیان جەزم کرد بێ و ئامادەبن ئەوە بکەن.

٤- چ پەشێمانییان دەربڕیبێ، ئەوانەی بەو شێوەیە بڕیار دەدەن و دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ لای ئەوەی گوتوویانە، بەو واتایە کە بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو ئافرەتەو لەو قسەیەی گوتوویانە، پەشێمان ببنەوە، دەبێ چی بکەن؟

١٢)- ﴿ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ ﴾، ئازاد کردنی کۆیلەیەک، (**أبو حنيفة**) گوتوویەتی: هەر کۆیلەیەک بێ، واتە: مسوڵمان بێ، یاخود نامسوڵمان، بەڵام (**مالِك و شافعي**) گوتوویانە: دەبێ کۆیلەیەکی بڕوادار بێ.

بەڵام قسەی (**أبو حنيفة**) زیاتر لە ڕاستییەوە نیزیکە، وەک دواییش لەم ئایەتە موبارەکانەوە حەقدە حوکم دێنین و دەیانخەینەڕوو.

١٣)- ﴿ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّا ﴾، بەر لەوەی دەست بگەیەننە یەکدی، (**كِنَاية عَن الجماع**)، ئەمە کینایەیە لە پێکەوە جووتبوون، واتە: بەر لەوەی بچنە لای یەکدی و پێکەوە جووت بن، دەبێ ئەو کۆیلەیە ئازاد بکرێ، پرسیار دەکرێ: ئایا ئەگەر ئەو پیاوە بەر لەوەی کەفارەتەکە بدات، بچێتە لای هاوسەرەکەی؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە گوناهبار دەبێ، بەڵام کە کەفارەتەکەی دا، بەسەو پێویست بەوە ناکات کەفارەتەکەی دووبارە بکاتەوە، ئەمە قسەی زۆربەی زانایانە.

بەڵام هەندێک لە زانایان دەڵێن: دەبێ کەفارەتەکە دووبارە بکاتەوە، یەکیان بۆ (ظِهَار)ەکەو، ئەوی دیکەش بۆ ئەوە کە بەرلەوەی کەفارەتەکە بدات، چۆتەوە لای هاوسەری، کە لێشی حەرام بووە.

١٤)- ﴿ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦ﴾، ئا ئەوەتان ئامۆژگاریی پێ دەكرێن، واته: ئەوەتان كه خوا دەفەرموێ: كۆیلەیەک ئازاد بكەن، ئەوە ئامۆژگاریی خوایه بۆ ئێوە، ئەگەر هەڵەتان كرد، بەو شێوەیه هەڵەكە قەرەبوو بكەنەوەو بیسڕنەوە.

١٥)- ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ﴾، خواش شارەزای ئەوەیه كه دەیكەن، خوا هەم به (علیم) خۆی وەسف كردوە، هەم به (خبیر) خوا زانایەو شارەزاشه، زانایه به شتەكان و، شارەزایه به كەسەكان، به كردەوەكان و نیەتەكان و هەڵسوكەوتەكانیان.

١٦)- ﴿فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ﴾، بەڵام كەسێک چنگی نەكەوت (كۆیلەی دەست نەكەوت و لێی هەڵنەكەوت) واته: (لَمْ يُحَصِّل الرَّقَبَة، أو لَمْ يَتَمَكَّن مِنْ قِيمَتِهَا) كۆیلەیەكی دەست نەكەوت وەک ئەم ڕۆژگارە، یاخود: بەهای كڕینی كۆیلەیەكی نەبوو، كه ئازادی بكات.

١٧)- ﴿فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ﴾، ڕۆژوو گرتنی دوو مانگی له دوای یەک بەبێ پسانەوەی لەسەرە، دوو مانگی لەسەریەک كه ڕۆژوویان تێدا ناشكێنێ لەو شەست ڕۆژە، یان لەو پەنجاو هەشت نۆ ڕۆژەدا، ئەگەر ڕۆژووی شكاند له نێویاندا، مەگەر پاساوێكی هەبێ، ئەگەرنا دەبێ دووباره له نووكەوە دەست پێ بكاتەوە، له یەكەوە دەست پێ بكاتەوە، بەڵام ئەگەر بیانووێكی هەبێ، بەو بیانووانەی كه ڕۆژووی ڕەمەزانیان پێ ناگیرێ، وەک نەخۆشیی، یان گەشت، ئەو كاته به پسان له قەڵەم نادرێ.

١٨)- ﴿مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ﴾، دوو مانگه ڕۆژووەكەش كه دەیانگرێ، بەرلەوەی دەستیان بگاتەوە یەكدی، واته: بەر له دەست تێكەڵكردن پێكەوە، هەمیشه له قورئاندا، خوا ﷻ كاری پێكەوە جووتبوونی پیاوو ئافرەتی به تەعبیرێک هێناوە، زۆر به ئەزاكەتە، بۆ وێنه:

أ- ﴿مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ﴾، بەرلەوەی دەستیان بگاتەوە یەكدی.

ب- یان له سوورەتی (النساء)دا: ﴿وَقَدۡ أَفۡضَىٰ بَعۡضُكُمۡ إِلَىٰ بَعۡضٖ ٢١﴾النساء، واته: هەندێكتان چوونه لای هەندێكتان.

ج- یان لە سوورەتی (**الأعراف**)دا: ﴿ فَلَمَّا تَغَشَّىٰهَا ﴿١٨٩﴾ ﴾**الأعراف**، دوای ئەوەی داپۆشی، کە مەبەست پێی ئەوەیە پیاو لەگەڵ هاوسەریدا جووت بێ، خوا ﷻ هەمیشە بە تەعبیرێکی شێرراوەو نەجیب، کە لەبەر ڕاهاوێشتن یان کنارەیە، بەکاردێنێ.

١٩)- ﴿ فَمَن لَّمْ يَسْتَطِعْ ﴾، ئەگەر کەسێک نەیتوانی (دوو مانگان لەسەریەک بە ڕۆژوو بێ) (**أي: لَمْ يَقْدر عَلَى الصِّيَام**) نەیتوانی، لەبەر باری تەندروستیی، یان سەفەر، یان ئیش و کارێکی قورس، کە ڕێی ڕۆژوو گرتنی لێ دەگرت.

٢٠)- ﴿ فَإِطْعَامُ سِتِّينَ مِسْكِينًا ﴾، لەسەری پێویستە خواردن بدات بە شەست نەدار، واتە: (**فَعَلَيْهِ إِطْعَامُ سِتِّيْن مِسْكِيْنًا**).

(**أبـو حنيفـة**) دەڵـێ: (**لاَ يُشْـتَرَطُ فِي الإطْعَـامِ أنْ يَتْقَـدَّم عَـدَمُ إمْسَـاس**)، لـە خـواردن پێدانەکـەدا، بــە مــەرج نەگیــراوە کــە دەبــێ خواردنەکــە بــدات، هــی شەســت نەدارەکـە، ئنجـا بچێتـە لای هاوسـەرەکەی، بـەڵام پێـم وایـە و واپێدەچـێ ئـەو ڕایـەی دیکـە بەهێزتـر بـێ!

زۆربـەی زانایانیـش ڕایـان وایـە کـە ئەویـش وەک دووەکـەی دیکـە، وەک کۆیلـە ئـازاد کـردن و، دوو مانـگ بـەڕۆژوو بوونەکە، چـۆن دەبێ پێش چوونـەوە لای ژنەکەی پیاوەکـە بکـەون، ئـەم خـواردن دان بـە شەسـت نـەدارەش، دەبـێ هـەر پێشـێ بیدات و دوایـی بـۆی هەیـە، چونکـە لـە دووی پێشـەوەدا خـوا ﷻ فەرموویـەتی: ﴿ مِن قَبْلِ أَن يَتَمَآسَّا ﴾، بۆیـە لـە هـی سـێیەمدا بەپێویسـت نەزانـراوە بگوتـرێ: ئـەو خـواردن پێدانـەش، (**أبـو حنيفـة**) دەڵـێ: دەبـێ بـۆ هـەر نەدارێـک دوو مسـت بـێ، لـە ئـەوەی دەبێتـە دەبێتـە توێشـوو و خـۆراک بـۆ مـرۆڤ، بـەڵام (**شـافعي**) دەڵـێ: یـەک مسـت، بەسـە، ئەسـڵیش ئەوەیـە دەبـێ هێنـدە بـدرێ بـە هـەر نەدارێـک کـە ئـەو ڕۆژە پێـی تێـر بخـوات، واتـە: ژەمێـک کـە بـەشی ئـەو ڕۆژەی بـکات، هەڵبەتـە ئـەو کاتـە ئـەوان بژێـوی ئـەو کاتەیـان بـاس کـردوە کـە گەنـم بـووە، هـەرزن بـووە جـۆ بـووە، بـەڵام ئێسـتا هیچکـەس بـە گەنـم و جـۆی بـە تەنـێ تێرنابـێ، بۆیـە دەبـێ تەماشـا بکـرێ:

ژەمێـک، یـان خواردنـی ڕۆژێـک و ژەمێکـی چـاک لـە ڕۆژێکـدا، چەنـدی دەچێتـێ، ئەوەنـدە بـدات.

ئنجـا (أبـو حنيفـة) ڕای وایـە بابـای کـە فارەتـدەر بـۆی هەیـە، ئـەو خواردنـە بـدات بـە یـەک نـەدار بـۆ شەسـت ڕۆژی، بـەڵام زانایـانی دیکـە دەڵێـن: نەخێـر هـەر دەبـێ بیـدات بـە شەسـت کـەس، بـەڵام مـن لەوەشـدا زیاتـر ڕای (أبـو حنيفـة)م بـە عەقڵـەوە دەنووسـێ، چونکـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: خـواردن دان بـە شەسـت نـەدار، ئنجـا خـواردنی شەسـت نـەدار، ئەگـەر بیـدات بـە نەدارێـک بـۆ شەسـت ڕۆژی، مانـای وایـە خـواردنی شەسـت نەدارەکـەی داوە، بـەڵام لـە جیـاتی بـڵاوی بکاتـەوە لـە نێـو شەسـت کەسـدا، داویـەتی بـە یـەک کـەس بـۆ شەسـت ڕۆژی، بـە هەرحـاڵ هـەردوو ڕایـەکان هـەن.

٢١)- ﴿ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ﴾، {بۆیە خوا بۆ ئێوەی ڕوونکردەوە} تاکو بڕوابێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی، واتە: (مَا ذُكِرَ مِنَ الأحْكَام أي ذَٰلِكَ المَذْكُور)، ئەوەی باسکرا، ئەوە باسکراوە بۆ چییە؟ (لِتُؤمِنُوا إِيمَاناً كَامِلًا بالله وَرَسُولِه)، تاکو بڕوایەکی تەواو بێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی، کەواتە: پابەند بوون بە شەریعەتەوە، بەشێکە لە ئیمان، کردەوە بەشێکە لە ئیمان و، ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایان وایە: (لإيمَان قَوْلٌ، وَعَمَلٌ، وَأَنَّهُ يَزِيدُ بِالطَّاعَةِ، وَيَنْقُصُ بِالْمَعْصِيَةِ)، ئیمان قسەیەو کردەوەیە، بە چاکەو فەرمانبەریی زیاد دەکات و، بە گوناهو سەرپێچیی کەم دەکات، ئنجا کە دەڵێن: قسەیەو کردەوەیە، دەڵێن: (قَوْلُ القَلْبِ وَاللِّسَان، وَعَمَلُ: القَلْب وَالجَوَارِح)، قسەی دڵ و زمانە، قسەی دڵ واتە: بە ڕاست دانانی عەقڵ و دڵ، قسەی زمانیش دان پێدا هێنانە، کردەوەی دڵ و ئەندامەکان، کردەوەی دڵ، بریتیە لە پەسندکردن و، بۆ ملکەچ بوون لە دڵەوەو، کردەوەی ئەندامەکانیش جێبەجێ کردنە.

٢٢)- ﴿وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ﴾، ئەوانەش سنوورەکانی خوان، ئەوانەی باسکران، سنوورەکانی خوان.

٢٣)- ﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، بۆ بێبڕوایانیش سزاو ئازارێکی بە ئێش و ژان هەیە، واتە: ئەو بێبڕوایانەی ئەو جۆرە شتانەیان داهێناون، هەر لە خۆوە (**ظِهَار**)یان کردوە بە تەڵاق و، ئەو ژنەیان لە خۆیان جیاکردۆتەوە بە وشەیەک، کە خوا ﷻ ئەو وشەیەی دانەناوە، بۆ لێک جیابوونەوەی ژن و مێردان بێ.

مەسەلەی دووەم:

بەربەرەکانێکەرانی خواو پێغەمبەرەکەی و دژایەتییکەرانیان، وەک پێشووەکانیان زەبوون و سەرکوت دەکرێن، بێبڕوایانیش بە ئایەتە ڕۆشنەکانی خوا، ئازارێکی ڕیسواکەریان هەیەو، کاتێک زیندوویان دەکاتەوە خوا هەواڵیان پێدەدات بە کردەوەکانیان، چونکە خوا سەرژمێری کردوون، بەڵام ئەوان کردەوەکانیان لە بیرچوون:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ كُبِتُوا۟ كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۚ وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَـٰتٍۭ بَيِّنَـٰتٍ ۚ وَلِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓا۟ ۚ أَحْصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾، بەدڵنیایی ئەوانەی دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، بەربەرەکانێیان دەکەن، (**وَالْمُحَادَّةُ: الْمَشَاقَّةُ وَالْمُعَادَاةُ، وَقَدْ أُوثِرَ هَذَا الْفِعْلُ هُنَا لِوُقُوعِ الْكَلَامِ عَقِبَ ذِكْرِ حُدُودِ اللَّهِ، فَكُلٌّ فِي حَدِّه!**)، (**مُحَادَّة**): بە مانای سەرپێچییکردن و دژایەتییکردن دێ، ئەم وشەیەش بۆیە هەڵبژێردراوە، چونکە پێشتر باسی (**حُدُود**) کراوە، واتە: ئەوانەی لە سنوورو نێوانێک دەبن، جیا لە نێوان و سنووری خواو پێغەمبەرەکەی.

٢)- ﴿ كُبِتُوا۟ كَمَا كُبِتَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، زەبوون دەکرێن، وەک چۆن ئەوانەی پێشێیان زەبوون کران، (**وَالْكَبْتُ: الْخِزْيُ وَالْإِذْلَالُ وَالرَّدُّ بِعُنْفٍ**)، (**كَبْتٌ**): بریتیە لە سەرشۆڕکردن و زەبوون کردن و دەمکوت کردن، بەتوندیی، مەبەست ئەوەیە لە داهاتوودا زەبوون و سەرشۆڕ دەکرێن، وەک چۆن گەلە پێشووەکانیان بەو شێوەیەیان لێکراوە، ئنجا ئەگەر یەکێک بڵێ: کوا زۆر لە گەلانی کافر هەبوون و، ئێستاش هەن ناشبینین زەبوون و سەرشۆڕکرابن؟ لە وەڵامدا دەڵێین:

١- دەبێ لە مەودای دووردا، تەماشای ژیانی گەلان و میللەتان بکرێ، نەک لە ماوەی ساڵێک و دوو ساڵدا.

٢- دەبێ بزانرێ کە زەبوون و سەرشۆڕبوونی مرۆڤ، مەرج نیە هەر بە ڕواڵەتیی بێ، بەڵکو دیوی مەعنەویشی هەیە.

٣- دەشگونجێ مەبەست پێی سزای ڕۆژی دوایی بێ.

٣)- ﴿وَقَدْ أَنزَلْنَآ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ﴾، بە دڵنیایی ئێمە ئایەتە ڕۆشنەکانمان دابەزاندوون، کەواتە: کەس بیانوو و پاساوی نیە بۆ دژایەتیی کردنی خوا ﷻ و پێغەمبەری خوا ﷺ و سەرپێچیی و لادان، چونکە خوا ئایەتە ڕۆشنەکانی دابەزاندوون.

٤)- ﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾، بۆ بێبڕوایانیش ئازارێکی ڕیسواکەر هەیە، (أل)ی سەر **(الكَافِرِيْن)** بۆ ناساندنەو بۆ جینسە، واتە: تێکڕای کافران سزایەکی ڕیسواکەریان هەیە، هەروەک ئەوەی پێشێش: تێکڕای کافران سزایەکی بە ئێشیان هەیە، سزای خوا بە ئێشە بۆ جەستەیان و، ڕیسواکەرو زەبوونکەرە بۆ ڕووحیان.

٥)- ﴿يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا﴾، ئەو ڕۆژەی خوا تێکڕایان هەڵدەستێنێتەوەو زیندوویان دەکاتەوە، **(يَوْم)** **(مَنْصُوب)**ە بە **(مُهِيْن)**، واتە: سزایەکی ڕیسواکەریان هەیە لە ڕۆژێکدا، یاخود **(يوم)** هەر زەرفە، واتە: ئەوە هەمووی ڕوودەدات لە ڕۆژێکدا، خوا تێکڕایان زیندوو دەکاتەوە.

٦)- ﴿فَيُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوٓا۟﴾، ئنجا هەواڵیان پێدەدات بەوەی کردوویانە، بێگومان ئەمەش هەڕەشە لێکردنیانە بەوەی خوا پەردە لەسەر نهێنییەکانیان هەڵدەماڵێ و، لە ڕۆژی دوایی دا ئابڕوویان دەچێ: ﴿يَوْمَ تُبْلَى ٱلسَّرَآئِرُ ﴿٩﴾﴾ **الطارق**، ئەو ڕۆژەی نهێنییەکان ئاشکرا دەبن.

٧)- ﴿أَحْصَىٰهُ ٱللَّهُ وَنَسُوهُ﴾، خوا ﷻ کردەوەکانی ئەوانی سەرژمێر کردوون، بەڵام خۆیان لە بیریان چوون، **(الإِحْصَاء: العِلْمُ بِمِقْدَار الشَّيء مِنْ حَيْثُ العَدَدُ)**، **(إحْصَاء)** بریتیە لە زانیاریی هەبوون بە ئەندازەی شتێک لە ڕووی ژمارەوە.

٨)- ﴿ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىۡءٍ شَهِيدٌ ﴾، خواش بەسەر هەموو شتێکەوە چاودێرە، واتە: بەسەر هەموو شتێکەوە ئاگادارو چاودێرەو، شایەدە، هەروەها بەسەر هەموو کەسێکەوەش، کەواتە: بزانن چۆن دەچنەوە بۆ خزمەت ئەو خوایەی، پەنهان و ئاشکرای ئێوەو هەموو دروستکراوەکانی ئاگا لێیە.

هەڤدە لەو حوکمانەی لە شەش ئایەتی پێشوو وەردەگیرێن

بـە کورتیـی و بـە پوختیـی ئـەو هەڤـدە حوکمانـە دەخەینـە ڕوو، کـە لـە ژمارەیەک لـە تەفسـیرەکان دا هەڵمهێنجـاون، بـە تایبـەت هـەردوو تەفسـیری (الجامـع لأحـكام القـرآن)[1] و (تيسـير الكريـم الرحمن فـي تفسـير كلام المنـان)[2]:

١)- یەکەمین شت کە لەم ئایەتانە وەردەگیرێ، ئەوەیە کە خوا ﷻ زۆر بە لوتف و میهرەبانە، زۆر بە بەزەیی و بە پەرۆشەو، زۆر بایەخ پێدەرە بۆ بەندەکانی، چی لەوە زیاتر کە لەسەرووی حەوت ئاسمانانەوە، ژنێک کە کەوتۆتە تەمەنەوەو مێردەکەی (ظِهَار)ی لێکردوە، دێت سکاڵای خۆی لەلای پێغەمبەر ﷺ دەکات، پێغەمبەری خواش کە بەپێی عورف و باوی کۆمەڵگایەکەی خۆی کاری کردوە، بەرلەوەی خوا ﷻ حوکمێکی شەرعیی دابەزێنێ، کە جیابێ لەو عورفە، پێغەمبەر ﷺ چارەسەری پێ نیە، بۆیە دەفەرموێ: لێی حەرام بووی، وەک لە هۆی هاتنە خوارەوەکانیدا باسمان کرد، بەڵام خوا ﷻ سکاڵایەکەی لە سەرووی حەوت ئاسمانەوە دەبیستێ، وەک دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ، دەڵێ: (**سُبْحَانَ الَّذِي وَسِعَ سَمْعُهُ الأَصْوَاتَ**)، پاکیی بۆ ئەو خوایەی بیستنی وی هەموو دەنگەکانی گرتوونەوە، دەڵێ: ئەو ئافرەتە لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ قسەی دەکرد، {دەبێ ئەو لە ژوورێک دابووبێ و، ئەمیش لە ژوورێکی دیکە، یاخود تۆزێک لێک دوور بووبن} هەندێک لە قسەکانیم لێ پەنهان بوو، بەڵام خوا لە سەرووی حەوت ئاسمانانەوە، قسەکانی بیستێ و وەڵامیشی دایەوەو گرفتەکەشی بۆ چارەسەر کرد.

٢)- (**ظِهَار**) تایبەتە بە حەڕامکردنی ژنەوە، واتە: ئەگەر کەسێک کاتێ خۆی کە کەنیزەک هەبوون، کەنیزەکێکی بووبێ، یان ئافرەتێک کە جارێ نەیهێنا بێ و نەیگوازتبێتەوە، ئەوانە (**ظِهَار**)یان لێ ناکرێ.

---

(١) ج٢٨، ص ٢٠٩ - ٢١٧.

(٢) ص: ٨٤٤ - ٨٤٥.

٣)- بەر لە هاوسەرگیریی، (ظِهَار) ناکرێ، چونکە ئەو ئافرەتە جارێ نەچۆتە نێو ئەو پێناسەیەوە، کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ﴿٣﴾ ﴾المجادلة، نەبۆتە ئافرەتێک حەڵاڵ بێ بۆ ئەو پیاوە.

٤)- (ظِهَار)کردن قەدەغەیەو، خوا ﷻ بە: ﴿ مُنكَرٗا مِّنَ ٱلۡقَوۡلِ وَزُورٗا ﴾، وەسفی کردوە (مُنْکَر) واتە: خراپ و ناقۆڵا، (زُور) واتە: درۆ و بێ بنەما.

٥)- خوا (ظِهَار) هەڵدەوەشێنێتەوە کە وەک تەڵاق مامەڵەی پێ بکرێ و، دەفەرموێ: حیکمەتەکەی ئەوەیە کە بەو قسەیە ئەو ئافرەتەی (ظِهَار)ی لێ دەکرێ، نابێتە دایکی ئەو پیاوە، لە قەدەغە بوون و حەرام بووونداو، دایکی ئەو پیاوە هەر ئەو ئافرەتەیە کە ئەوی لێ بووە.

٦)- زانایان دەڵێن: شتێکی پەسند نیەو خراپە، پیاو ژنی خۆی بە شێوەیەک بانگ بکات، وەک ناوی یەکێک لە مەحرەمەکانی بۆ وێنە: بڵێ: خوشکەکەم، یان دایکەکەم، یان کچەکەم، یان نەنکم، ئەوە حەرامە، یاخود بەلای کەمەوە شتێکی ناپەسندە، بەڵام ئەوە نابێتە تەڵاق و بە قەدەغەکردن لە قەڵەم نادرێ.

٧)- کەفارەت پێویست دەبێ بە مەرجێک پیاوەکە، بگەڕێتەوە بۆ لای هاوسەرەکەی، نەک هەر بە خودی (ظِهَار)ەکە، واتە: کە پیاوێک (ظِهَار) لە ژنەکەی دەکات، کەفارەتەکەی ناکەوێتە سەر، ئەگەر نەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ لای ژنەکەی، چونکە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ يُظَٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ ﴿٣﴾ ﴾المجادلة، ئەوانەی (ظِهَار) لە ژنەکانیان دەکەن و، دوایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی گوتوویانە، واتە: دەگەڕێنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو قسەیە، یان ژیوان دەبنەوە لەو قسەیان، لەو حاڵەتەدا: ئازادکردنی کۆیلەیەک، یاخود: دوو مانگ لەسەریەک بە ڕۆژوو بوون، یاخود: خواردن پێدانی شەست نەدار، وەک سڕینەوە (کفارة) دەکەوێتە سەری، بەڵام هەر بە خودی (ظِهَار)ەکە، ئەو کەفارەتە ناکەوێتە سەر کابرا، ئەگەر نەیەوێ لەگەڵ ژنەکەیدا ژیانی هاوسەریی دووبارە بکاتەوە، ئەو کاتە لێی حەرام دەبێ و تەواو، هەرچەندە تەڵاقیش نیە، بەڵام لە یەکدی قەدەغە دەبن.

٨)- کە دەفەرموێ: ﴿فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ﴾، زانایان لەوبارەوە کە ئایا هەر کۆیلەیەک ئازاد بکات، هەر دەبێ گەورە بێ، یان گچکە بێ، نێر بێ، یان مێ، مسوڵمان بێ، یان نامسوڵمان بێ؟

(**أبو حنيفة**) دەڵێ: مسوڵمان بێ، یان نامسوڵمان بێ، هەمووی دەگرێتەوە.

بەڵام زۆربەی زانایانی دیکە دەڵێن: دەبێ کۆیلەیەکی مسوڵمان بێ، ئەوان کار بەو ئایەتە موبارەکە دەکەن، کە لە سوورەتی (**النساء**)دا خوا دەفەرموێ: ﴿وَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ ٩٢﴾النساء، واتە: ئازادکردنی کۆیلەیەکی بڕوادار.

بەڵام من پێموایە ئەوە بۆ کوشتنی هەڵەیەو تایبەتە بەو ویەوەو، مەرج نیە بۆ هەموو شوێنەکانی دیکە هەروا بێ، واتە: ڕایەکەی (**أبو حنيفة**)و، ئەو زانایانەی ڕایان وایە هەر کۆیلەیەک بێ، مسوڵمان بێ، یان نامسوڵمان بێ، هەمووی دەگرێتەوە، ڕاسترە، بەڵام زانایانی دیکەش هەموویان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە ئەو کۆیلەیە گچکە بێ، یان گەورە بێ، مێ بێ، یان نێر بێ، هەموویان دەگرێتەوە.

٩)- بەپێی ئایەتەکە ئازادکردنی کۆیلەکەو، بە ڕۆژوو بوونی دوو مانگەکە: لەسەر یەک، دەبێ پێش چوونەوە لای یەکدی، ئەو ژن و مێردە بێ، پێش پێکەوە جووت بوونیان بێ، بەڵام خواردن پێدانەکە بە مەرج نەگیراوە، چونکە خوا ﷻ بۆ کۆیلە ئازاد کردنەکەو، بۆ دوو مانگ بە ڕۆژوو بوونەکە، دەفەرموێ: ﴿مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّا﴾، بەڵام بۆ خواردن پێدانی شەست نەدارەکە، ئەوە نافەرموێ، ئەو ڕایە ڕواڵەتی ئایەتەکە زیاتر دەیگەیەنێ.

١٠)- زۆربەی زانایان دەڵێن: دەبێ خواردنەکە بدات بە شەست نەدار، بەڵام (**أبو حنيفة**) خوا لێی ڕازیبێ و هاوەڵەکانی و هەندێک لە زانایانی دیکەش دەڵێن: بۆی هەیە ئەو خواردنە بدات بە نەدارێک بۆ شەست ڕۆژی.

١١)- ئەگەر پیاوەکە (**ظِهَار**)ی لە ژنەکەی کرد، بەرلەوەی کەفارەت بدات، ئایا دوو کەفارەتی دەکەونە سەر: یەکیان هی (**ظِهَار**)و، ئەوی دیکەش هی ئەوە کە چۆتە لای هاوسەری و لەگەڵی جووت بووە؟

زۆربەی هەرە زۆری زانایان دەڵێن: نەخێر، هەریەک کەفارەتی دەکەوێتە سەر.

ئنجا مادام ئەو دەقەی سوننەت هەیە، کە ئێستا دەیهێنین، دەبووایە هەموویان لەسەری یەکدەنگ بن، بەڵام ڕەنگە لە ڕووی سەنەدەوە، زانایان هەموویان دەقەکە بە ڕاست نەزانن، ئەگەرنا شتێک کە پێغەمبەر ﷺ قسەی تێدا کرد، بواری قسە تێداکردنی بۆ کەسی دیکە تێدانەماوە، ئەو دەقەش ئەوەیە:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﭬ: أَنَّ رَجُلًا ظَاهَرَ مِنِ امْرَأَتِهِ فَغَشِيَهَا قَبْلَ أَنْ يُكَفِّرَ فَأَتَى النَّبِيَّ ﷺ، فَذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ: مَا حَمَلَكَ عَلَى ذَلِكَ؟ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! رَأَيْتُ بَيَاضَ خَلْخَالِهَا فِي ضَوْءِ الْقَمَرِ، فَلَمْ أَمْلِكْ نَفْسِي أَنْ وَقَعْتُ عَلَيْهَا، فَضَحِكَ النَّبِيُّ ﷺ وَأَمَرَهُ أَلَّا يَقْرَبَهَا حَتَّى يُكَفِّرَ} (أخرجه أبو داود: ٢٢٢٣، والترمذي: ١١٩٩، والنسائي في الكبرى: ٥٦٥١، وابن ماجه: ٢٠٦٥، والحاكم: ٢٨١٧ـ سنده حسن).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﭬ دەڵێ: پیاوێک (ظِهَار)ی لە ژنەکەی کرد، دوایی بەرلەوەی کەفارەت بدات، چوو لەگەڵی جووت بوو، ئنجا هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و ئەوەی بۆ باسکرد، پێغەمبەریش فەرمووی ﷺ: چ شتێک وای لێ کردی بەرلەوەی کەفارەت بدەی لەگەڵ خێزانتدا جووتبیەوە؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ لەبەر شۆقی مانگە شەوێک، سپیایی خڕخاڵەکەیم بینی لە پێیدا، خۆم ڕانەگرت تاکو لەگەڵی جووت بووم، پێغەمبەریش ﷺ پێکەنیی و فەرمانی پێکرد لەمەودوا نزیکی نەکەوێ تاکو کەفارەتەکە دەدات.

١٢)- ئەو وشەو بێژانەی (ظِهَار)یان پێ دەکرێ، دوو جۆرن: هەندێکیان ڕاشکاون و، هەندێکیشیان کینایەن.

ئەوەی ڕاشکاوە: (**أَنْتِ عَلَيَّ كَظَهْرِ أُمِّي**) تۆ وەک پشتی دایکم وای، هەر وشەیەکی دیکەش ئەو واتایە بگەیەنێ، بەڵام ناوا ڕوون و ڕاشکاو نەبێ، کینایەیە.

ئنجا زانایان لەو بارەوە کە ئایا ئەوانەی کینایەشن، وەک ئەوانەی ڕاشکاون (**ظِهَار**)یان پێ دێتە دی یان نا؟ مشومڕیان هەیە.

١٣)- ئافرەت (ظِهَار)ی بۆ نیە، ئافرەت بۆی نیە بە پیاوەکەی بڵێ: تۆ وەک بابم وای، یان وەک پشتی بابم وای، سەد قسەی واش بڵێ، هیچ نیە، پیاوان ئەوەیان بۆ هەیە، هەڵبەتە کە پیاوانیش بۆیان هەیە، ئەوە لە کاتی خۆی و لە سەردەمی نەفامییدا بووەو، عورفێک و باوێک بووە هەبووە، بەڵام ئەو کاتە بە تەڵاق لە قەڵەم دراوەو، ئیسلام حوکمە تەڵاقەکەی لێ لابردوەو، بەڵام لەسەر قەدەغەبوونی خۆی هێشتوویەتەوە.

١٤)- ئەو سێ کەفارەتە ڕیزبەندییەکەیان بەو شێوەیە کە خوا فەرموویەتی، واتە: دەبێ کەسێک (ظِهَار) بکات کۆیلەیەک ئازاد بکات، ئەگەر کۆیلەکەی چنگ نەکەوت یان هەر نەبوو، ئنجا دەگوازێتەوە بۆ دوو مانگ بەڕۆژوو بوون، ئەگەر دوو مانگ بەڕۆژوو بوونەکەشی بە دوای یەکدا بۆ هەڵنەسوورا لەبەر نەخۆشیی، یان سەفەر، ئنجا دەگوازێتەوە بۆ خواردن پێدانی شەست نەدار، نەک هەر لە ڕێوە بچێ خواردنی شەست نەدار بدات، لە حاڵێکدا کە ئازادکردنی کۆیلەی لە تواناداا هەیەو کۆیلەش هەن، یاخود لە حاڵێکدا کە دوو مانگ بە ڕۆژوو بوونیشی لە توانادا هەیە.

١٥)- حوکمی (ظِهَار) هەڵوەشێنەرەوەیە بۆ ئەو حوکمە پێشووەی لەسەردەمی نەفامییدا کاری پێکراوە، ئەوەی کاری پێکراوە: کەسێک (ظِهَار) لە ژنەکەی کردبایە، لێی جیادەبۆوە، بەڵام ئەوەی خوا فەرموویەتی، ئەوەی هەڵوەشاندۆتەوە.

١٦)- کە دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ لِتُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۚ وَتِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ ۗ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾﴾ المجادلة، خوا ئەوەی بۆ دانان تاکو بڕوا بە خواو پێغەمبەرەکەی بێنن، ئەوە بەڵگەیە لەسەرئەوەی کردەوە دەچێتە نێو ئیمانەوەو، کردەوە بەشێکە لە ئیمان، واتە: کردەوەی ئەندامەکان.

١٧)- کە دەفەرموێ: ﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٤﴾﴾ المجادلة، هەروەها: ﴿وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٥﴾﴾ المجادلة، بۆ بێبڕوایان ئازارێکی بە ئێش و ژان هەیە، سزاو ئازارێکی ڕیسواکەر هەیە، واتە: هەر کەسێک بڕوا نەهێنێ بە یاساکانی خواو بە سنوورەکانی خوا ئەوە بێبڕوایەو، ئازارێکی بە ئێش و ڕیسواکەریشی بۆ هەیە.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان چوار ئایەت دەگرێتە خۆی، ئایەتەکانی: (٧ - ١٠)، لەو چوار ئایەتەدا خوا ﷻ باسی قەدەغە بوونی چپەچپ و قسەی پەنهان دەکات، لە حاڵێکدا ئەو چپە کردنە مایەی دڕدۆنگردنی کەسانێک بێ و، مایەی دڵتەنگ کردنیان بێ هەروەها باسی عادەتێکی خراپی هەندێک لە نامسوڵمانان و بێبڕوایان، دەکات، نامسوڵمانان، بەو واتایەی مونافیقانیش دەگرێتەوەو، بێبڕوایان یانی: ئەوانەی بە ئاشکرا بێبڕوا بوون، کە بریتیە لە سڵاوکردن لە پێغەمبەری خوا ﷺ بە شێوەیەکی ناشایست، بە شێوەیەک کە خوا ﷻ بەو شێوەیە بۆی بڕیارنەداون سڵاو بکەن، دواییش خوا ﷻ فەرمان بە بڕواداران دەکات، خۆیان لە چپەچپی مایەی گوناهو دەستدرێژیی و سەرپێچیی پێغەمبەری خوا ﷺ بپارێزن و خۆیانی لێ دووربگرن، ئەگەر هەر چپەو قسەی پەنهانیشیان کرد، قسەیەکی وابکەن مایەی چاکەکاریی و پارێزکاریی بێ، چونکە چپە چپی خراپ لە شەیتانەوەیە، بۆ دڵتەنگ کردنی بڕوادارانە.

﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ
رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ثُمَّ
يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (٧) أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَىٰ ثُمَّ
يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا
لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ
الْمَصِيرُ (٨) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَنَاجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَاجَوْا بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ
وَتَنَاجَوْا بِالْبِرِّ وَالتَّقْوَىٰ وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (٩) إِنَّمَا النَّجْوَىٰ مِنَ الشَّيْطَانِ لِيَحْزُنَ
الَّذِينَ آمَنُوا وَلَيْسَ بِضَارِّهِمْ شَيْئًا إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ (١٠)﴾.

مانای دەقاودەقی ئایەتەکان

{(ئەی پێغەمبەر!) ئایا نەتزانیوە کە خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە دەیزانێ! چپەی سێ کەسان نیە، کە ئەو (خوا) چوارەمیان نەبێ و، هی پێنج کەس نیە، کە ئەو شەشەمیان نەبێ، هەروەها لەوە کەمترو زیاتریش نابن، مەگەر ئەو (خوا) لەگەڵیانە لە هەر کوێیەک بن، دوایی لە ڕۆژی قیامەتدا هەواڵیان پێدەدات بەوەی کردوویانە، بێگومان خوا بە هەموو شتێک زانایە (٧) (ئەی پێغەمبەر!) ئایا سەرنجی ئەو کەسانەت نەداوە کە ڕێگریی چپەیان لێکراوە، دوایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لێیان قەدەغە کراوەو، بۆ گوناهو دەستدرێژیی و سەرپێچیی لە پێغەمبەر، پێکەوە چپە دەکەن، کاتێکیش هاتنە لات سڵاوت لێ دەکەن، بەو شێوەیەنا کە خوا سڵاوی پێ لێکردوویی و، لە دەروونی خۆشیاندا دەڵێن: دەبووایە خوا بەهۆی ئەوەوە کە دەیڵێین (سزاو) ئازارمان بدات، دۆزەخیان بەسە پێی دەبرژێندرێن، ئەوێش خراپترین سەرەنجامە (٨) ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کات چپەتان پێکەوە کرد بە گوناهو دەستدرێژیی و سەرپێچیی پێغەمبەرەوە سرتە مەکەن و، تەنیا بە چاکەکاریی و پارێزکارییەوە چپە پێکەوە بکەن، پارێزیش لەو خوایە بکەن کە بەرەو لای وی کۆ دەکرێنەوە (٩) بە دڵنیایی چپە (ی بێ جێ و خراپ) لە شەیتانەوەیە، تاکو ئەوانەی بڕوایان هێناوە دڵتەنگیان بکات و، بەبێ مۆڵەتی خواش هیچ ئەندازەیەک زیانیان لێ نادات، با بڕوادارانیش تەنیا پشت بە خوا ببەستن (١٠)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(نَجْوَىٰ): (نَاجَيْتُهُ: سَارَرْتُهُ وَأَصْلُهُ أَنْ تَخْلُوَ بِهِ فِي نَجْوَةٍ مِنَ الأَرْض)، (نَاجَيْتُهُ) واتە: بە چپەو سرتە، بە پەنهانیی قسەم لەگەڵدا کرد، ئەسڵی (نَجْوَى): ئەوەیە لەگەڵ کەسێک لە شوێنێکی بەرز، یان لە شوێنێکی چۆڵایی لە زەویدا پێکەوەبی.

(حَيَّوْكَ): واتە: سڵاویان لێکردی، (التَّحِيَّةُ: أَنْ يُقَالَ: حَيَّاكَ الله، أي: جَعَلَ لَكَ حَيَاةً وَذَلِكَ إِخْبَارٌ ثُمَّ يُجْعَلُ دُعَاءً)، (تَحِيَّة): ئەوەیە بە کەسێک بڵێی: (حَيَّاكَ الله) خوا بتژیەنێ، خوا ژیانت پێ بدات، کە ئەمە هەواڵ پێدانە، بەڵام دوایی کراوە بە پاڕانەوە.

(لِيَحْزُنَ): (الحَزَنُ وَالحُزُونَةُ: خُشُونَةٌ فِي الأَرْضِ وَخَشُونَةٌ فِي النَّفْسِ لِمَا يَحْصُلُ مِنَ الغَمُّ)، (حَزَن وَحُزُونَة): بریتیە لە زبرییەک لە زەویداو، زبرییەک و ناڕەحەتییەک لە دەروونندا، بەهۆی ئەو خەم و خەفەتەوەی لە دڵدا پەیدادەبێ، (لِيَحزُنَ) بە: (لِيُحزِن)ش خوێنراوەتەوە، (أَحْزَنَهُ يُحْزِنَهُ، وَحَزَنَه يَحْزُنُه) هەردووکیان چ بە سیانیی (ثُلَاثِي) چ بە چواریی (رُبَاعِي) یانی: دڵتەنگی کرد، دڵتەنگی دەکات.

(بِضَآرِّهِمْ): (الضُّرُّ: سُوءُ الحَالِ)، (ضُرّ) واتە: حاڵ خراپیی، کەواتە: ﴿وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾﴾، واتە: شەیتان هیچ زیانێکیان لێ نادات، هیچ ناڕەحەتییەکیان بۆ ناهێنێتە پێش، مەگەر بە مۆڵەتی خوا.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

یەکەم: ئایەتی ژمارە هەشت (٨) لە بارەی هاتنە خوارەوەکەیەوە، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٨﴾﴾، چەند گێردراوەیەک هاتوون، بەڵێ هەندێکیان لە ڕووی سەنەدەوە مشتومڕیان لەسەرەو بە بێهێز دانراون، بەڵام من سێم لێ هەڵبژاردوون، بۆ ئەوەی تیشکی زیاتر بخەنە سەر چەمک و واتای ئایەتەکە:

١)- {عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، قَالَتْ: كَانَ أُناسٌ يَأْتُونَ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ مِنَ اليَهُود فَيَقُوْلُون: السَّامُ عَلَيْكَ، فَيَقُوْل: وَعَلَيْكُم، فَفَطِنَتْ بِهِمْ عَائِشَةُ فَسَبَّتْهُمْ، وفي رواية: قَالَتْ عَائِشَةُ: قُلْتُ: بَلْ عَلَيْكُمُ السَّامُ وَالذَّامُ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: مَهْ يَا عَائِشَةُ! فَإِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْفُحْشَ وَالتَّفَحُّشَ، فَقَالَتْ: مَا سَمِعْتَ مَا قَالُوا! فَقَالَ: أَو لَيْسَ قَدْ رَدَدْتُ عَلَيْهِمُ الَّذِي قَالُوا، قُلْتُ: وَعَلَيْكُمْ، وزاد: فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: ﴿وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٨﴾﴾}، (أخرجه الترمذي، وأخرجه إسحاق بن راهويه في مسنده ج٤، ق ١٦٨، وعنه مسلم في صحيحه: ١٧٠٧، وأحمد: ج٦، ص٢٢٩، والنسائي في تفسيره: ٥٩١، وغيرهم عن طريق الأعمش عن مسلم عن مسروق عن عائشة به).

کەواتە: ئەمە دەقێکی ڕاستە لە ڕووی سەنەدەوە.

دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێ: خەڵکێک لە جوولەکەکان دەهاتنە لای پێغەمبەری خوا ﷺ دەیانگوت: (السَّامُ عَلَيْكَ) ئەویش دەیفەرموو: (وَعَلَيْكُم) {(سام) یان مەبەست پێی ماندوێتیی و ناڕەحەتیی و بێزارییە، یان مەبەست پێی مردنە} پێغەمبەریش ﷺ دەیفەرموو: لەسەر ئێوەش، عائیشە خوا لێی ڕازی

بۆ هەستی پێکردن، ئەویش قسەی پێکوتن، لە ڕیوایەتێک دا دەڵێ: عائیشەش گوتی: مردن، یاخود بێزاریی و زەم و سەرزەنشت لەسەر ئێوە بێ، پێغەمبەریش ﷺ گوتی: عائیشە بێ دەنگ بە، قسەی نارێک مەکە، چونکە خوا جنێوو قسەی نارێک کردنی پێخۆش نیە، عائیشە دەڵێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئەوان ئاواو ئاوا دەڵێن، فەرمووی: ئەدی ئەوە نیە منیش بەرپەرچم دانەوەو گوتم: (وَعَلَيْكُم)، {ئەگەر سەلامیان کردوە سەلامیان لێبێ و، ئەگەر گوتوویانە: مردنت لێ بێ، مردنیان لێ بێ} ئیدی لەو بارەوە خوا ﷻ ئەو ئایەتە موبارەکەی دابەزاند.

٢)- {عَن عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرو رضي الله عنه: أنَّ اليَهُوْد سَلَّمُوا عَلَى النَّبِي ﷺ، وَقَالُوْا فِي أَنْفُسِهِمْ: لَوْلَا يُعَذِّبُنَا الله، قَال: فَنَزَلَتْ: ﴿وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ وَيَقُولُونَ فِىٓ أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٨﴾﴾ (أخرجه أحمد: ج٢، ص٢٢١،١٧٠، وابن أبي شيبة: ٧٧٤٧، والبزار: ٢٢٧١، والطبراني: ج٧، ص١٢٢، والبيهقي: ٩١٠٠، وسنده ضعيف).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص رضي الله عنه، دەگێڕێتەوە: جوولەکەکان سەلامیان لە پێغەمبەر ﷺ کرد، بە شێوەیەکی خراپ و، لە دڵی خۆیاندا، گوتیان: بۆچی خوا سزامان نادات! ئیدی خوا لەوبارەوە ئەو ئایەتەی دابەزاند.

٣)- {عَنْ قَتَادَةَ، قَالَ: كَانَ الْمُسْلِمُونَ إِذَا رَأَوَا الْمُنَافِقِينَ خَلَوْا مُتَنَاجِينَ، شَقَّ عَلَيْهِمْ، فَنَزَلَتْ: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴿١٠﴾﴾} (أخرجه عبدالرزاق في تفسيره ج٢، ص١٧٩، وقال مُؤلِّفا الإستيعاب في بيان الأسباب: قلنا: وَهَذَا مُرْسَلٌ رجالُهُ ثقات، وذكره السيوطي في الدر المنثور ج٨، ص٨١، وزاد نسبته لعبد بن حميد، وابن المنذر، وابن أبي حاتم).

واتە: قەتادە دەڵێ: مسوڵمانان کاتێک مونافیقەکانیان دەبینی، پێکەوە کەناریان دەگرت و چپەیان پێکەوە دەکرد، لەسەر دڵیان قورس بوو، {چونکە گومانی خراپیان بەو مونافیقانە هەبوو، هەقی خۆشیان بوو، دەیانگوت: ڕەنگە

لـە دژی ئێمـە چپـەو قسـەی پەنهـان بکـەن} بۆیـە لەوبـارەوە خـوا ئـەم ڕسـتە موبارەکـەی دابەزانـد: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴿١٠﴾ ﴾.

دووەم: بە نسبەت ئایەتی ژمارە نۆ و دە (٩و١٠)ەوە کە دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا تَنَٰجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٠﴾ ﴾، لە بارەی هۆی دابەزینی ئەم دوو ئایەتە موبارەکەوەش، دوو گێڕدراوە دێنین:

١)- {عَنْ قَتَادَةَ، قَوْلُهُ: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، كَانَ الْمُنَافِقُونَ يَتَنَاجَوْنَ بَيْنَهُمْ، وَكَانَ ذَلِكَ يَغِيظُ الْمُؤْمِنِينَ، وَيَكْبُرُ عَلَيْهِمْ، فَأَنْزَلَ اللَّهُ فِي ذَلِكَ الْقُرْآنَ: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾} (أخرجه الطبري: ج٢٨، ص١٢، قال مؤلفا الإستيعاب في بيان الأسباب: قلنا: هذا مرسل صَحيح الإسناد، وأخرجه عبدالرزاق في تفسيره ج٢، ص٢٧٩، عن مَعْمَر عَنْ قَتَادَة بِهِ).

واتـە: لـە بـارەی قسـەی خـوای بـەرزەوە: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، مونافیـق و دەغەڵـەکان لـە بەینـی خۆیانـدا چپەیـان دەکـردو، ئـەوەش بـڕواداراني پەسـت دەکـرد، لەسـەریان دڵیـان گـەورەو قـورس بـوو، خـواش لـەو بـارەوە ئـەو ئایەتـە قورئانییـەی دابەزانـد.

٢)- {عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا بَعَثَ سَرِيَّةً وَأَغْزَاهَا، الْتَقَى الْمُنَافِقُونَ، فَأَنْغَضُوا رُؤُوسَهُمْ إِلَى الْمُسْلِمِينَ وَيَقُولُونَ: قُتِلَ الْقَوْمُ، وَإِذَا رَأَوْا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ، تَنَاجَوْا وَأَظْهَرُوا الْحُزْنَ، فَبَلَغَ ذَلِكَ مِنَ النَّبِيِّ ﷺ وَمِنَ الْمُسْلِمِينَ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا تَنَٰجَيْتُمْ فَلَا تَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْإِثْمِ وَٱلْعُدْوَٰنِ وَمَعْصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴿٩﴾ ﴾، (فتح القدير: ج٥، ص٢٦٥).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەببـاس ﷺ دەگێڕێتـەوە، دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ کـە بەشێک لـە سـوپایەک، سریەیەکی دەنـارد بـۆ جەنـگ، مونافیـق و دەغەڵـەکان، پێـک

دەگەیشتن، سەریان بۆ لای مسوڵمانان ڕادەکێشاو دەیانگوت: ئەو کۆمەڵە لە بەین دەچن، دەکوژرێن، کاتێک دەگەیشتنە پێغەمبەری خواش ﷺ لە بەینی خۆیاندا چپە چپیان دەکردو دڵەنگییان پێشان دەدات {وەک ئەوەی هەواڵێکیان پێگەیشتوە کە ئەو سوپایەی پێغەمبەر ﷺ ناردوویەتی سەریان بە فەتارەت چووە} ئنجا ئەوە پێغەمبەری خواو مسوڵمانان پێی دڵتەنگ بوون و، لەو بارەوە خوای بەرز ئەو ئایەتە موبارەکەی دابەزاند.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەو چوار ئایەتە موبارەکەدا، وەک گوتمان: باسی قسەی پەنهان و چپە چپ پێکەوە کردنی خراپ و چاک دەکات، ئەوەی خراپ و قەدەغەیە، ئەوەیە کە ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ و ترس و، ناڕەحەتیی لە نێوان مسوڵماناندا، چپەو سرتە سرتی چاکیش، ئەوەیە کە بۆ بەرژەوەندیی مسوڵمانان و دابینکردنی بەرژەوەندییەک و یارمەتییدان و هاوکاریی کەسێک بێ، یان بۆ صوڵح و ئاشتەواییەک بێ، خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾، ئایا نەتزانیوە خوا ﷻ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە، دەیزانێ، ئەمە دەگونجێ ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەم بێ، یاخود لە هەر کەسێک بێ، ئایا نازانی! لێرەدا دیتن بە مانای زانینە، چونکە ئەوە نابینرێ کە خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەوی دا هەیە، دەیزانێ، ئەوە شتێکی بینراو نیە، بەڵکو شتێکی زانراوە، ﴿مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ﴾، چپە چپی سێ کەسان نابێ، مەگەر خوا چوارەمیانە، ﴿وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ﴾، پێنج کەس پێکەوە چپە ناکەن، مەگەر خوا شەشەمیانە، ﴿وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا۟﴾، لەوە کەمترو لەوە زیاتریش نابن، مەگەر ئەو لەگەڵیانە لە هەر شوێنێک بن، ﴿ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا۟ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ﴾، دوایی لە ڕۆژی قیامەتدا

بەوەی کردوویانە هەواڵیان پێ دەدا، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا بە هەموو شتێک زانایە.

ئنجا دێتە سەر چپە چپکردنی کەسانێکی دیاریکراو: ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نُهُواْ عَنِ ٱلنَّجۡوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُواْ عَنۡهُ ﴾، ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە، کە ڕێگرییان لێکراوە لە چپە چپ [یانی: چپەچپی خراپ و لە شوێنێکدا جێی گومان بێ و، مایەی دڕدۆنگیی مسوڵمانان بێ] دوایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لێی قەدەغەکراون: ﴿ وَيَتَنَٰجَوۡنَ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ ﴾، پێکەوە قسەی پەنهان و پەنامەکیی و چپە دەکەن، بە شتێک کە مایەی گوناهەو، مایەی دەستدرێژییەو، مایەی سەرپێچیی پێغەمبەرە ﷺ، ﴿ وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوۡكَ بِمَا لَمۡ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ ﴾، کاتێک دێنەلاشت (ئەی پێغەمبەر ﷺ!) سڵاوت لێ دەکەن، بەشێوەیەک نا کە خوا سڵاوی لە تۆ کردوە، ﴿ وَيَقُولُونَ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ لَوۡلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ ﴾، لە دڵی خۆشیاندا دەڵێن: دەبوایە خوا سزامان بدات، لە سەر ئەوەی دەیڵێین، واتە: کە قسەی خراپ دەڵێین، لە کاتی سڵاو لێکردن لە پێغەمبەردا ﷺ کە دەیانگوت: (السَّأمُ عَلَيْكَ) یان (السَّامُ عَلَيْكَ) بێزاریی بۆ تۆ، یان مردن بۆ تۆ، دەیانگوت: بۆچی خوا سزامان نادات؟ خوا دەفەرموێ: ﴿ حَسۡبُهُمۡ جَهَنَّمُ ﴾، دۆزەخیان بەسە، ﴿ يَصۡلَوۡنَهَاۖ فَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ﴾، تێیدا دەبرژێنرێن و خراپترین سەرەنجامیش ئەوێیە، ئنجا خوا ﷻ ئامۆژگاریی ئیمانداران دەکات لە بارەی چپە چپکردن و قسەی پەنهان پێکەوە کردنەوە:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَٰجَيۡتُمۡ فَلَا تَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ئەگەر پێکەوە چپەچپ و سرتە سرتتان کرد، قسەی پەنهانتان کرد، بە شێوەیەک کە گوناح و، دەستدرێژیی و سەرپێچیی کردنی پێغەمبەر ﷺ بێ، چپە مەکەن، ﴿ وَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰ ﴾، چپە بکەن بە شتێک کە مایەی چاکەکاریی و پارێزکاریی بێ، بۆ خەڵک چاکەکاریی بێ و، بۆ بەینی

خۆتـان و خـواش پارێزکاریـی بـێ، ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴾، پارێزیـش لـەو خوایـە بکـەن، کـە بـۆ لای وی کۆدەکرێنـەوە.

﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، بێگومـان چپـە، [چپـەو سرتـە سرتی خـراپ] لـە شـەیتانەوەیە تاکـو ئەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، پێـی دڵتەنـگ بـکات، دڵیـانی پـێ نارەحـەت بـکات و خەفەتبـار بـن، ﴿ وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾، هیـچ ئەندازەیـەک زیانیشـیان لـێ نـادات، مەگـەر بـە مۆڵەتی خـوا، ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾، بـا بڕوادارانیـش تەنیـا پشـت بـە خـوا ببەسـتن، پشـتیان بـە خـوا قاییـم بـێ، بەدڵنیایـی ئـەو شـێوازە ڕەفتارکردنـەی جوولەکـەکان و موونافیـق و دەغەڵـەکان، کـە بریتیـە لـە چپـە چـپ و سـەر پێکـەوە نـان و، مقـۆ مقۆکـردن، بـا دڵیـان نارەحـەت نـەکات و، پشـتیان بـە خـوا قاییـم بـێ، ئـەوە هیـچ زیانێکیـان لـێ نـادات، بەبـێ مۆڵـەتی خـواو، خـواش سەرپەرشـتیی ئیمانـداران دەکات و مشـووریان دەخـوات و ئـاگای لێیانـە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

هۆشداریدانی خوا ﷻ کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە، دەیزانێ و ئەگەر سێ کەس چپە بکەن، ئەو چوارەمیانە، ئەگەر پێنج بن، ئەو شەشەمیانەو، کەمتر یان زیاتر بن، هەر پێیان ئاگادارەو، لە ڕۆژی قیامەتیشدا هەواڵیان پێدەدات بەوەی کردوویانەو، ئەوانەش کە سرکە سرکیان لێ قەدەغە کراوەو، دەستی لێ هەڵناگرن و چپەی خراپ پێکەوە دەکەن و، هەر کاتیش دێنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ بە جۆرێکی ناشایست سڵاوی لێ دەکەن و، دەشڵێن: بۆچی خوا سزامان نادات؟ ئەوانە نازانن کە سزای دۆزەخیان بەسە!:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ ۖ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَاثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ وَلَا أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَا أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا ۖ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَامَةِ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ ﴿٧﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَىٰ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ وَإِذَا جَاءُوكَ حَيَّوْكَ بِمَا لَمْ يُحَيِّكَ بِهِ اللَّهُ وَيَقُولُونَ فِي أَنفُسِهِمْ لَوْلَا يُعَذِّبُنَا اللَّهُ بِمَا نَقُولُ ۚ حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا ۖ فَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٨﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾ ئایا نەتبینی خوا هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەوی دا هەیە، دەیزانێ! بەڵام لەبەر ئەوەی زانینی خوا بۆ هەرچی لە ئاسمانەکان و لە زەویدا هەیە، بە چاوی سەر نابینرێ، بۆیە زانایان دەڵێن:

(الرُؤيَةُ هُنَا قَلْبِيَّة عَقْلِيَّةٌ، وَلَيْسَتْ بَصَرِيَّة)، مەبەست لە دیتن دیتنی چاو نیە، بەڵکو دیتنی عەقڵ و دڵە.

(الطبري) دەڵێ: (أَلَمْ تَنْظُرْ يَا مُحَمَّدُ ﷺ بِعَيْنِ قَلْبِكَ فَتَرَى)، ئەی موحەممەد! ﷺ ئایا بە چاوی دڵت سەرنجت نەداوە، تاکو بزانی، ببینی!

(فخرالدين الرازي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا، دەڵێ: (إبن عباس) لە تەفسیری (أَلَمْ تَرَ) لێرەدا گوتوویەتی: (أَلَمْ تَعْلَم) ئایا نازانی، ئایا نەتزانیوە! دوایی دەڵێ: (وَأَقُولُ هَذَا حَقٌّ، لِأَنَّ كَوْنَهُ تَعَالَى عَالِماً بِالْأَشْيَاءِ لَا يُرَى، وَلَكِنَّهُ مَعْلُومٌ بِوَاسِطَةِ الدَّلَائِلِ، وهَذَا الْعِلْمُ وَالإسْتِدْلَالُ إِلَى أَعْلَى دَرَجَاتِ الظُّهُورِ وَالْجَلَاءِ، فَصَارَ جَارِيًا مَجْرَى الْمَحْسُوسِ الْمُشَاهَدِ، فَلِذَلِكَ أَطْلَقَ لَفْظَ الرُّؤْيَةِ فَقَالَ: أَلَمْ تَرَ).

واتە: دەڵێم: ئیبنو عەبباس، کە لێرەدا ڕستەی (أَلَمْ تَرَ)ی بە (أَلَمْ تَعْلَم) لێکداوەتەوە، ئەوە ڕاستە، چونکە ئەوە کە خوای بەرز، زانایە بە هەموو شتەکان، نابینرێ، بەڵکو بەهۆی بەڵگەکانەوە، دەزانرێ، بەڵام ئەو زانیاریی و بەڵگەهێنانەوەیە گەیشتۆتە پلەیەکی هێندە بەرز، لە دەرەوشاوەیی و ئاشکرابووندا، وەک شتی بەر هەست و بینراوی لێهاتوە، بۆیە وشەی بینینی بۆ بەکارهاتوەو، خوا فەرموویەتی: (أَلَمْ تَرَ).

دوایی خوا ﷻ بەشێک لە زانراوەکانی خۆی کە بۆ وی زانراون و ئاشکران دەخاتەڕوو، دەفەرموێ:

٢)- ﴿مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ﴾، هەرچپەیەکی سێ کەسان ببێ، ئەو (خوا) چوارەمیانە، لێرەدا (مَا) بۆ لابردنە، (يَكُون) (فِعْلُ مُضَارِع كَانَ)، (كَانَ)ش (كَانَ التَامَة)یە، واتە: چپەی هیچ سێ کەسان نابێ ﴿مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ﴾، ﴿إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ﴾، مەگەر ئەو (خوا) چوارەمیانە، واتە: سێ کەس پێکەوە سرکە سرک و چپەچپ بکەن، قسەی پەنهان بکەن، خوا چوارەمیانە.

٣)- ﴿ وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ ﴾، هەروەها پێنج کەس پێکەوە چپە ناکەن، مەگەر ئەو (خوا ﷻ) شەشەمیانە.

هەڵبەتە دۆخ و جەوی ئەو کاتەی کۆمەڵگای ئیسلامیی، پڕبووە لە ترس و دڵە ڕاوکەو، شەڕ پێ فرۆشران و پیلان لە دژ گێران، لەلایەن ناحەزانیانەوە: هاوبەش بۆ خوادانەران و جوولەکەکان و دەغەڵ و مونافیقەکان و، دوورتریش لەلایەن ڕۆم و فارسەکانیشەوە، بۆیە مسوڵمانان قەڵس دەبوون، ئەگەر ناحەزەکانیان دیبایە چپەچپ پێکەوە دەکەن، دوو دوو، سێ سێ[1]، سەریان پێکەوە نابێ و بە پەنهانیی قسەیان کرد بێ، چونکە گومانی ئەوەیان کردوە، پیلانێکیان لە دژ دەگێڕن، بۆیە خوا ﷻ قەدەغەی کردوە لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامییدا، ئەو چپە چپ و سەرپێکەوە نان و مقۆ مقۆیە هەبێ، بۆ ئەوەی ئەو پێکهاتانەی کۆمەڵگا لێک دوو دڵ و دڕدۆنگ نەبن و، لێک بە گومان نەبن و، دڵیان بەرانبەر بە یەک خراپ نەبێ، دوایی خوا دەفەرمێ:

٤)- ﴿ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ ﴾، هەروەها کەمتر لەوە {کەمتر لە سێ کەسان، دوو کەس}و زیاتر لەوەش {حەوت کەس، یاخود زیاتر} نابن، مەگەر ئەو هەر لەگەڵیانە.

وشەی (وَلا أَكْثَرَ) خوێنراویشەتەوە: (وَلا أَكْثَرُ)، هەردوو خوێندنەوەکان مانایان هەریەکە، چ بە نەصب بێ و، چ بە ڕەفع بێ، واتە: کەمتر لەو ژمارەیە کە باس کراوەو، زیاتر لەو ژمارانەش کە باسکران، نابن، مەگەر خوا هەر لەگەڵیانە، بە زانیاریی و شارەزایی و ئاگا لێبوون، لەگەڵیانە.

٥)- ﴿ أَيْنَ مَا كَانُوا ﴾، لە هەر کوێیەک بن، وشەی (أَيْنَ مَا)، (أَيْن) واتە: لە کوێ، (مَا) زیاد کراوەو بە (أَيْنَ)ەوە لکێنراوە، واتە: لە هەر شوێنێک بین، زیادکردنی (ما) زیاتر بۆ جەختکردنەوەو تۆخکردنەوەی مانایەکەیەتی.

---

(١) (نجوی) بە کوردیی چپەی پێ دەڵێن، سرکە سرکی پێ دەڵێن، مقۆ مقۆشی پێ دەڵێن.

شایانی باسـە: وشـەی (نَجْـوَى: إسْـمُ مَصْـدَرِ نَاجَـاهُ إذَا سَـارَّهُ)، (نَجْـوَى): نـاوی چاوگـی (نَاجَاهُ)یـە، بـە مانـای قسـەی پەنهـانی لەگەڵـدا کرد.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَٰثَةٍ ﴾، (نَجْـوَى) پاڵدراوەتـە لای (ثَلَاثَـة) کـە دەبێتـە پاڵ بـۆ لادراو (مضـاف إليـه)، ﴿ وَلَا خَمْسَةٍ ﴾، (وَلاَ يَكُونُ مِنْ نَجْوَى خَمْسَـةٍ إلاَّ هُـوَ سَادِسُـهُمْ)، لێـرەدا دەپـرسرێ: بۆچـی خـوا ﷻ ژمـارەکانی بـە تـاک هێنـاون و فەرموویـەتی: سـێ کـەس بـن، خـوا چوارەمیانـەو، پێنـج بـن، خـوا شەشـەمیانە؟

أ- هەندێک دەڵێن: هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتانە، لەو کاتەدا ئەوە بووە کە سێ سێ و پێنج پێنج، پێکەوە قسەیان کردوە، هەڵبەتە نهێنییەکانی کتێبی خوا هەرگیز تەواو نابن.

ب- دەشگونجێ بگوترێ: خوا ﷻ ژمارەی تاکی بەکارهێناوە، لەبەر ئەوەی بۆ خۆی تاکە: [إِنَّ اللَّهَ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ][1]، (وتر) بە ژێری واوەکەو، بە فەتحی واوەکەش هاتوە، خوا تاکەو تاکی خۆش دەوێ، بۆیە لێرەدا خوا ﷻ ژمارەی سێ و پێنجی باسکردوون، دەفەرموێ: چپەی سێ کەسان نابێ، مەگەر خوا چوارەمیانەو، چپەی پێنجان نابێ، مەگەر خوا شەشەمیانە، واتە: ئەگەر سێ کەس پێکەوە سەر پێکەوە بنێن و قسەی پەنهان پێکەوە بکەن، خوا ئاگاداریانە وەک کەسێکی چوارەم، هەروەها ئەگەر پێنج بن، خوا ئاگادارو چاودێریانە، وەک کەسێکی شەشەم، کەواتە: با وانەزانن هەر خۆیان بە تەنیان و، کەس ئاگایان لێیان نیە!

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَيْنَ مَا كَانُوا ﴾، واتـە: لـە هـەر جێیـەک بـن، لـە هـەر حاڵێـک دابـن و، لـە نیـوە شـەو دابـن و، لـە پەنایـەک دابـن و، لـە نێـو ژوورێـک دا بـن و، لـە هـەر شـوێنێک بـن، بـۆ خـوا یەکسـانەو لێیـان ئـاگادارە.

٦)- ﴿ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُوا يَوْمَ الْقِيَٰمَةِ ﴾، دوایی لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا، هەواڵیان پێ دەدات بەوەی کردوویانە.

---

(١) رواه البخاري برقم ٦٤١٠.

وشـەی (ثُـمَّ) لێـرەدا بـۆ ڕیزبەندیـی پلـە پلەیـی و، بەکاوەخـۆ بەدواداهاتنـە، چونکـە هـەواڵ پێـدانی خـوا بـەوەی لـە دنیـادا گوتوویانـە، یاخـود کردوویانە لـە ڕۆژی دواییـدا، گەیاندنەکـەی بەهێزتـرە لـە فراوانیـی زانیاریـی خـواو، پلەیەکـی بەرزتـرە.

٧)- ﴿إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾، بە دڵنیایی خوا بە هەموو شتێک زانایە.

٨)- ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نُهُوا عَنِ النَّجْوَىٰ﴾، ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە لە چپەچەپ قەدەغەکراون! وشەی (تَرَ)، واتە: نەتبینیوە، لێرەدا بینیی چاو مەبەستە، چونکە ئەوانە کەسانێک بوون بە چاو بینراون و، حاڵەکەیان بەرهەرست بووە، ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە قەدەغەکراون لە چپە چپ!

٩)- ﴿ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ﴾، دواییش دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لێی قەدەغەکراون و لێیان قەدەغە کراوە، کە مەبەست پێی چپە چپی خراپە، چپە چپی بە گومان و لە کاتێکی گومان لێکراوداو، لە شوێنێکی گومان لێکراودا، ئەگەرنا خەڵک چپەو قسەی پەنهانی پێکەوە هەر دەبێ، ئەوانەش کە لێیان قەدەغە کراوە، جوولەکەکان بوون، موونافیق و دەغەڵەکان بوون، هاوبەش بۆ خوادانەرەکان بوون، بێگومان ئەوانەش مسوڵمانان لێیان بە گومانن و، لێیان دڕدۆنگن و، هیچی چاکەو خێریان لێ نەدیتوون و نەبیستوون، بۆیە ناهەقیان نەبووە، کاتێک ئەوانە سەریان پێکەوەناوەو چپەیان پێکەوە کردوە، مسوڵمانان تووشی دڵنارەحەتیی و سەغڵەتیی بێن، بۆیە خوا ﷻ فەرمانی کردوە: سەر پێکەوە مەنێن لە پێش چاوی مسوڵمانان و لە کۆڵان و کووچەو لەو شوێنانەدا کە مسوڵمانان سەرنجتان دەدەن، نە ئێوە سەر پێکەوە بنێن، نە با مسوڵمانانیش سەر پێکەوە بنێن، بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکە کۆمەڵگایەکی تەندروست بێ و، پێکهاتە جیاوازەکانی لێک بە گومان نەبن، کە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾، بە دڵنیایی خوا بە هەموو شتێک زانایە، ئەگەر دوێنراو (**مخاطب**)ەکە پێغەمبەری خوا بێ، دەڵێین: (إِنَّ) لێرەدا تەنیا بۆ گرنگیی و بایەخ پێدانە، نەک بۆ جەختکردنەوە، چونکە پێغەمبەری خوا گومانی نەبووەو دوو دڵ نەبووە، تاکو خوا ﷻ دڵنیای بکاتەوە! بەڵام ئەگەر دوێنراو

(**مخاطب**) جگەلە پێغەمبەری خوا ﷺ بێ، ئەگەر جەخت و داکۆکیی لەسەر بکرێ، هیچ ئیشکالێکی تێدانیە.

کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا نُهُوا عَنْهُ﴾، دوایی دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی لێی قەدەغە کراون، قەدەغەکراوەکە بریتی بووە لە قسەی پەنهان و چپە چپ و سەر پێکەوەنان.

١٠- ﴿وَيَتَنَاجَوْنَ بِالْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَمَعْصِيَتِ الرَّسُولِ﴾، پێکەوە چپە دەکەن، (مقۆ مقۆ دەکەن) بە گوناهو دەستدرێژیی و، بە سەرپێچیی پێغەمبەرەوە.

وشەی (**يَتَنَاجَوْنَ**) خوێنراویشەتەوە: (**وَيَنْتَجُوْن**)، (**إنْتِجَاء**)یش (**إفْتِعَال**)ەو لە (**نَجْوَى**) هاتووەو، هەردووکیان بە یەک واتان، بەڵام (**يَنْتَجُوْن**) (**يحيى وحمزة وأعمش**) وایان خوێندۆتەوە، ئەوانی دیکەش: (**يَتَنَاجَوْنَ**)یان خوێندۆتەوە، هەردووکیان یانی: پێکەوە چپە دەکەن و قسەی پەنهان دەکەن.

لێرەدا خوا ﷻ سێ وشەی باسکردوون و فەرموویەتی: ئەوان چپەکەیان بە (**إثْم**)و (**عُدْوَان**)و (**مَعْصِيَة الرَّسُوْل**)ە، ئایا ئەو سێ وشەیە فەرقیان چییە؟

أ- (**إثْم**) ئەوەیە ئەو مرۆڤە لە خودی خۆیدا پێی گوناهبار بێ.

ب- (**عُدْوَان**) ئەوەیە وێڕای گوناهبار بوونی خۆی، زیانیشی هەبێ و دەستدرێژیی بێ بۆ سەر ئەوانی دیکە.

ج- (**مَعْصِيَة الرَّسُوْل**)یش ئەوەیە سەرپێچیی بێ لە فەرمانی پێغەمبەر، کەواتە: ئەوانە بە سێ جۆر چپەیان بە یەکەوە کردوە، یاخود کە چپەیان کردوە، بە سێ جۆر بووە: یەک: هەم لە خودی خۆیدا گوناهباریی بووە، دوو: هەم زیانگەیاندن بووە بە خەڵکی دیکە، سێ: هەم سەرپێچیی بووە لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ، واتە: لە سێ ڕووەوە گوناح بووە، دەشگونجێ بگوترێ: چپەکەیان سێ جۆر بووە، هەروەها دەگونجێ بگوترێ: ئەوانە لە سێ ڕووەوە سەرپێچییان کردوە لە فەرمانی خوا ﷻ.

لەوبارەوە (مُقَاتِل) کە یەکێکە لە زانایانی شوێنکەوتووان وەک (الشوكاني)[1] لێی گواستۆتەوە، دەڵێ: (قَالَ مُقَاتِلٌ: كَانَ بَيْنَ النَّبِيِّ ﷺ وَبَيْنَ الْيَهُودِ مُوَادَعَةٌ، فَإِذَا مَرَّ بِهِمْ رَجُلٌ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ، تَنَاجَوْا بَيْنَهُمْ حَتَّى يَظُنَّ الْمُؤْمِنُ شَرًّا، فَنَهَاهُمْ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ فَلَمْ يَنْتَهُوا، فَنَزَلَتْ. وَقَالَ ابْنُ زَيْد بْنِ أَسْلَمَ: كَانَ الرَّجُلُ يَأْتِي النَّبِيَّ ﷺ فَيَسْأَلُهُ الْحَاجَةَ وَيُنَاجِيهِ، وَالأَرْضُ يَوْمَئِذٍ حَرْبٌ، فَيَتَوَهَّمُونَ أَنَّهُ يُنَاجِيهِ فِي حَرْبٍ أَوْ بَلِيَّةٍ أَوْ أَمْرٍ مُهِمٍّ، فَيَفْزَعُونَ لِذَلِكَ).

ئەم دوو زانایە (مُقَاتِل) و (ابْنُ زَيْد) هەردووکیان لە زانایانی جیلی دوای هاوەڵانن، واتە: شوێنکەوتووانی هاوەڵان (تابعین)، (مُقَاتِلٌ) دەڵێ: ئەم ئایەتە بەو بۆنەوە هاتۆتە خوارێ، کە لە نێوان پێغەمبەر ﷺو جوولەکەکان دا ڕێککەوتن هەبوو، ئنجا ئەگەر یەکێک لە پیاوە بڕوادارەکان بەلایاندا تێپەڕیبایە، لە بەینی خۆیاندا چپەیان دەکرد، تاکو ئەو بڕوادارە گومانی خراپیان پێ بەرێ و دڵی سەغڵەت بێ، پێغەمبەری خواش ﷺ قەدەغەی کردن [کە ئێوە وەک هاوپەیمانانی مسوڵمانان، نابێ مسوڵمانان ئەزیەت بدەن، بە چپە چپ و سەر پێکەوەنان و مقۆمقۆ] کەچی هەر بەردەوام بوون، بۆیە خوا ﷻ ئەو ئایەتەی نارده خوار.

(ابْنُ زَيْد) دەڵێ: پیاوێک [لەوان] دەهاتە لای پێغەمبەر ﷺ پێویستییەکی لێ داوا دەکردو، چپەیەکی لەگەڵدا دەکرد، لەوکاتەش دا سەر زەوی جەنگ بوو [ئنجا مسوڵمانان، کە ئەو جوولەکە، یان مونافیقە دەهاتە لای پێغەمبەر ﷺ چپەی لەگەڵدا دەکرد] پێیان وادەبوو ئەو کەسە لە بارەی جەنگەوە، یان لە بارەی بەڵایەکەوە، یان لە بارەی کارێکی گرنگەوە لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بە پەنهانیی قسە دەکات، بۆیە بەوە نارەحەت دەبوون.

ئنجا ئەو پیاوەی هاتۆتە لای پێغەمبەر ﷺ دەگونجێ لە مونافیق و جوولەکەکان بووبێ، دەشگونجێ هەر پیاوێکی دیکە بووبێ، با مسوڵمانیش بووبێ، واتە:

---

(١) فتح القدير: ج٥، ص ٢٢٧.

چپە کردنێک لە شوێنی گونجاوی خۆیدا نەبێ و، لە کاتی خۆیدا نەبێ، مەیکەن، ئەوە بۆ مسوڵمانانیش هەروا بووەو، بۆ نامسوڵمانانیش هەروا بووە، خواش ﷻ ئامۆژگاریی مسوڵمانان دەکات کە دەبێ قسەی پەنهان پێکەوە کردن و چپە پێکەوە کردنیان، چۆن بێ!

١١)- ﴿وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوۡكَ بِمَا لَمۡ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ﴾، ئەوانە {کە جوولەکەکانن و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان موونافیقەکانن} کاتێک دێن بۆ لات، بە جۆرێک سڵاوت لێ دەکەن، خوا سڵاوی پێ لە تۆ نەکردوە، واتە: ئەو سڵاوە بەکارناهێنن کە خوا سڵاوی پێ لە تۆ کردوە، سڵاوی خواش ﷻ: (السَّلَام عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِي)، ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ ئاشتیی و سلامەتیی و سڵاوت لێ بێ، بەڵام ئەوان بە جۆرێکی دیکە سڵاویان دەکرد.

١٢)- ﴿وَيَقُولُونَ فِيٓ أَنفُسِهِمۡ لَوۡلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ﴾، لە دڵی خۆشیاندا دەیانگوت: دەبووایە خوا ﷻ سزامان بدات، بەوەی دەیڵێین، واتە: ئەگەر ڕاستە خوا نهێنیی ئێمە دەزانێ، ئەوە ئێمە بە جۆرێکی خراپ سڵاومان کرد لە موحەممەد ﷺ، ئەدی بۆچی خوا سزامان نادات؟ خواش دەفەرموێ:

١٣)- ﴿حَسۡبُهُمۡ جَهَنَّمُ يَصۡلَوۡنَهَا﴾، دۆزەخیان بەسە، تێیدا دەبرژێنرێن.

١٤)- ﴿فَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ﴾، خراپترین شوێن (دۆزەخ)ە، (بۆی دەچن). (فَبِئْسَ الْمَكَانُ جَهَنَّم سَائِرُوْن إِلَيْهَا).

هەڵبەتە ئێمە هۆی هاتنە خوارەوەکەیمان باسمان کرد، بەڵام لێرەش بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر چەمک و واتای ئەم ئایەتە موبارەکە، ئەم دەقە دێنین:

{عَنِ ابْنِ عُمَر رضي الله عنه: إِنَّ يَهُوْدَ كَانُوا يَقُولُونَ لِرَسُولِ الله ﷺ: السَّامُ عَلَيْكَ، يُرِيدُونَ بِذَلِكَ شَتْمَهُ، ثُمَّ يَقُولُونَ فِي أَنْفُسِهِم: ﴿لَوۡلَا يُعَذِّبُنَا ٱللَّهُ بِمَا نَقُولُ﴾ فَنزلت هَذِه الآيَة: ﴿وَإِذَا جَآءُوكَ حَيَّوۡكَ بِمَا لَمۡ يُحَيِّكَ بِهِ ٱللَّهُ﴾} (أخرجه: أحمد: ج٢، ص١٧٠، والبزار: ٢٢٧١، وقال الهيثمي في المجمع: ١١٤٠٥، إسناده جيد، وجوّدَهُ السيوطي في الدر المنثور: ج٦، ص٢٦٩).

واتــە: عەبدوڵــڵای کــوڕی عومــەر ﷺ، دەڵــێ: جوولەکــەکان کــە دەهاتنــە لای پێغەمبــەر ﷺ ســەلامیان لــێ دەکــرد، دەیانگــوت: (**السَّـامُ عَلَيْـكَ**)، (**سـام**) مردنــە، یــان (**سـام**) هــەر لــە (**سَـأم**)ەوە هاتــوە، بــە مانــای بێزاریــی، یــانی: مــردن لــە ســەرتۆ، یــان: لــە دینەکــەت بێزاربــی و ناڕەحەتییــت بێتەســەر، مەبەســتیان قســە پێکوتــن و جنێــو پێــدان بــوو، دوایــی لــە دڵــی خۆیــان دا دەیانگــوت: بۆچــی خــوا ســزامان نــادات لــە ســەر ئــەوەی ئــەو قســە خراپەمــان بەرانبــەر بــە پێغەمبەرەکــەی کــرد، ئەگــەر ڕاســتە پێغەمبــەری خوایــە ﷺ؟! ئنجــا خــوا ﷻ ئــەوەی لــە نێــو دڵیــان دابــووەو پەنهانیــان کــردوە، دەریخســتوە، بۆیــە دەفەرمــوێ: ﴿حَسْبُهُمْ جَهَنَّمُ يَصْلَوْنَهَا فَبِئْسَ الْمَصِيرُ ﴿٨﴾﴾، یاســای خــوا ﷻ بــۆ مامەڵــە لەگــەڵ مرۆڤەکانــدا وایــە، کــە لەســەر خراپەکانیــان لــە دنیــادا ســزایان نــادات و هەڵیاندەگــرێ بــۆ ڕۆژی دوایــی، بەڵــێ جــاری وایــە خراپەکانیــان دەرهاویشــتەی خراپیــان دەبــن لــە دنیــادا بۆیــان، بــەڵام وەک ســزادانی خــوا ﷻ، ســزای تــەواو لەســەر گوناهــو تاوانەکانیــان، هەڵیدەگــرێ بــۆ ڕۆژی دوایــی، کەواتــە: بــا پێیــان وانەبــێ ســزا نادرێــن! ســزا دەدرێــن، بــەڵام نــەک لــە دنیــادا، بەڵکــو لــە ڕۆژی دواییــدا، چونکــە ئــەوێ شــوێنی ســزاو پاداشــتەو، دنیــای کەمبەرو بەرتەســک و کــەم خایــەن، جێــی ســزاو پاداشــتی پــڕ بەپێســتی تێدانابێتــەوە.

مەسەلەی دووەم:

ڕێگریی کردنی خوا ﷻ لە مسوڵمانان کە پێکەوە چپە چپ بکەن، بە شێوەیەکی ناڕەوا، کە مایەی گوناح و دەستدرێژیی و سەرپێچیی پێغەمبەر بێ و، فەرمانکردن بە سرتەیەک و چپەیەک کە مایەی چاکەکاریی و پارێزکاریی بێ، چونکە چپەی ناڕەوا لە شەیتانەوەیەو، بۆ دڵتەنگکردنی بڕوادارانەو، کە بەبێ مۆڵەتی خواش، ئەو چپەیەی بە خوتخوتەی شەیتانە، زیان لە بڕواداران نادات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَٰجَيۡتُمۡ فَلَا تَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ إِلَيۡهِ تُحۡشَرُونَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلنَّجۡوَىٰ مِنَ ٱلشَّيۡطَٰنِ لِيَحۡزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَلَيۡسَ بِضَآرِّهِمۡ شَيۡـًٔا إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلۡيَتَوَكَّلِ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ﴿١٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەشت بڕگەدا:

خوا ﷻ دوای ئەوەی چپە چپ و سەر پێکەوەنان و فسکە فسکی خراپەکاران و بێبڕوایان، لە دەغەڵەکان و جوولەکەکان باسکرد، ئنجا ڕوو لە ئیمانداران دەکات و دەفەرموێ:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَٰجَيۡتُمۡ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کاتێک پێکەوە قسەی پەنهانتان کرد، چپەتان پێکەوە کرد.

٢)- ﴿ فَلَا تَتَنَٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ ﴾، بەگوناهو دەستدرێژیی و سەرپێچیی پێغەمبەر، پێکەوە چپە مەکەن، (فَلاَ تَتَنَاجَوْا) خوێنراویشەتەوە: (**فَلَا تَنْتَجُوا**)، وشەی (**مَعْصِيَة**) وەک چۆن بە (**مَعْصِية**) بە تاک خوێنراوەتەوە، بە (**مَعْصِيَات**)یش خوێنراوەتەوە، (**ضحاك، مجاهد، حُمَيْد**) وایان خوێندۆتەوە، واتە: بە سەرپێچییەکانی پێغەمبەر، بێگومان لێرەدا ڕووی دواندن لە بڕوادارانە یانی: ئێوە وەک جوولەکەکان و مونافیقەکان مەکەن، کە چپە پێکەوە دەکەن، چپەکەتان گوناح بێ و، دەستدرێژیی بێ بۆ سەر مافی ئەوانی دیکەو، سەرپێچیی بێ لە پێغەمبەرو، لە شوێنی گونجاوو کاتی گونجاوی خۆیدا نەبێ.

بەڵام (إبن عاشور) کە پێم وایە لێرەدا نەیپێکاوە، دەڵێ: **(الخطَابُ للمُنَافِقِيْنَ الَّذِيْنَ يُظْهِرُونَ الإيْمَان، فَعَامَلَهُم الله بِمَا أَعْلَنُوهُ)**، واتە: لێرەدا ڕووی دواندن لە مونافیقەکانە، ئەوانەی ئیمانیان پێشانداوە، خواش ﷻ وەک ئەوەی خۆیان ڕایانگەیاندوە، بەوە دواندوونی، بەڵام بەدڵنیایی نەیپێکاوە، چونکە: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا تَنَـٰجَيۡتُمۡ ﴾، ئەم تەعبیرە خوا ﷻ هەرگیز بۆ جگەلە مسوڵمانانی بەکارنەهێناوەو، ئەمە نیشانەو دروشمی ئەوانەیە کە مسوڵمانن و بڕوایان بە خوا و بە پێغەمبەر هەیەو، بەوەش کە پێغەمبەر لە خواوە هێناویەتی، ئنجا ڕەنگە بۆیەش وایگوتبێ، لەبەر ئەوەی خوا دەفەرموێ: ﴿فَلَا تَتَنَـٰجَوۡاْ بِٱلۡإِثۡمِ وَٱلۡعُدۡوَٰنِ وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ وَتَنَـٰجَوۡاْ بِٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰۖ ﴾، چپە چپ پێکەوە مەکەن بە گوناهو دەستدرێژی و سەرپێچیی لە پێغەمبەرو، چپە پێکەوە بکەن بۆ چاکەکاریی و پارێزکاریی، بەڵام ئەوە یەکەمین جار نیەو، یەکەمین شوێن نیە، کە خوا لە مسوڵمانان قەدەغە بکات، شتی خراپ نەکەن، بەڵکو جاری وا هەیە خوا ﷻ بەو جۆرە پێغەمبەری خاتەمیشی دواندوە، کە بێگومان پێغەمبەری خاتەم لە هەموو خراپەیەک و، لە هەموو کەم و کوڕییەک دوور بووەو، خوا پاراستوویەتی، بەڵام خوا ﷻ جاری وایە پێغەمبەریشی ﷺ وا دواندوە، واتە: ئەی موحەممەد ﷺو، ئەی ئەوانەی شوێنکەتووی موحەممەدن! بۆ وێنە: لە سەرەتای سوورەتی **(الأحزاب)**دا خوا دەفەرموێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ ٱتَّقِ ٱللَّهَ وَلَا تُطِعِ ٱلۡكَـٰفِرِينَ وَٱلۡمُنَـٰفِقِينَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ۝١ وَٱتَّبِعۡ مَا يُوحَىٰٓ إِلَيۡكَ مِن رَّبِّكَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ۝٢ وَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلٗا ۝٣﴾ **الأحزاب**.

واتە: ئەی پێغەمبەر! ﷺ پارێز لە خوا بکەو، فەرمانبەریی کافرەکان و مونافیقەکان مەکە، بێگومان خوا زانای کارزانەو، شوێن ئەوە بکەوە کە لە پەروەردگارتەوە بۆت سرووشکراوە، بێگومان خوا بەوەی دەیکەن شارەزایەو، پشت بە خوا ببەستە، بەدڵنیایی خوا بەسە کە کارپێ سپێردراو بێ.

هەروەها هەر لە دواندنی پێغەمبەری خوادا ﷺ، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِنَّآ أَرْسَلْنَـٰكَ شَـٰهِدًا وَمُبَشِّرًا وَنَذِيرًا ﴿٤٥﴾ وَدَاعِيًا إِلَى ٱللَّهِ بِإِذْنِهِۦ وَسِرَاجًا مُّنِيرًا ﴿٤٦﴾ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ بِأَنَّ لَهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَضْلًا كَبِيرًا ﴿٤٧﴾ وَلَا تُطِعِ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَدَعْ أَذَىٰهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٤٨﴾ ﴾**الأحزاب**، وەک لە تەفسیری سوورەتی (**الأحزاب**)دا، بە تەفسیل باسمان کردوە، کەواتە: لەبەر ئەوەی خوا ﷻ مسوڵمانان ئاگادار دەکاتەوە، کە چپەی ناڕەوا نەکەن، چپەیەک کە گوناح و دەستدرێژیی و سەرپێچیی بێ لە پێغەمبەر ﷺ، ئەوە نابێتە پاساوی ئەوە کە لێرەدا ڕووی دواندن لە موونافیق و دەغەڵەکانە، دوایی خوا دەفەرموێ:

٣)- ﴿ وَتَنَـٰجَوْا۟ بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾، بە چاکەکاریی و پارێزکاریی، چپە بکەن، زانایانی بنچینەکانی فیقە (**أصُوْل الفِقه**) دەڵێن: هەر کاتێک فەرمانێک هاتبێ لە دوای شتێکەوە کە قەدەغە کراوە، ئەو فەرمانە بۆ ڕەواکردنی ئەو شتەیە، نەک بۆ پێویستکردنی، (**الأمْرُ بَعْدَ النَّهي لِلإبَاحَة**) لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿ وَتَنَـٰجَوْا۟ بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾، واتە: بۆتان هەیە چپە پێکەوە بکەن، بەڵام چپەیەکی ڕەوا، کە مایەی چاکەکاریی بێ بۆ خەڵک و، مایەی پارێزکاریی بێ بۆ لای خوا.

٤)- ﴿ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ ﴾، پارێزیش لەو خوایە بکەن، کە بۆ لای وی کۆ دەکرێنەوە، ئەمەش بیرخستنەوەیانە بۆ ڕۆژی کۆ کرانەوەو سزاو پاداشت.

٥)- ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَـٰنِ ﴾، بە دڵنیایی چپەکردن لە شەیتانەوەیە.

٦)- ﴿ لِيَحْزُنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، تاکو ئەوانەی بڕوایان هێناوە دڵتەنگیان بکات، (**لِيَحْزُن**)، (**حَزَنَهُ، يَحْزُنُهُ**) واتە: دڵتەنگی کرد، دڵتەنگی دەکات، ئەمە لە (**حَزَن**)ەوە هاتوە کە سیانیی (**ثُلَاثِي**)یە، هەروەها خوێنراوەتەوەش: (**لِيُحزِنَ الذِيْن آمَنُوا**)، (**أحْزَنَهُ، يُحْزِنه**) بە چواریی (**رُبَاعِي**) ئەویش هەر هەمان مانای هەیە، (**حَزَنَ**)، هەم حاڵەتی (لازم)ی هەیە، (**حَزِن فلانٌ**) فلانکەس دڵتەنگ بوو، هەم حاڵەتی تێپەڕکەر (**مُتَعَدّي**)شی هەیە، (**حَزَنَ فُلَانٌ فُلَانًا**)، فلانکەس فلانکەسی دڵتەنگ، خەفەتبار کرد، بەڵام (**أحْزَنَ**) بەس حاڵەتی تێپەڕکەر

(مُتَعَدِّي) هەیە، بەڵام تەنیا (نافع) گوتوویەتی: (لِيُحزِنَ الَّذِيْن آمَنُوْا) ئەوانی دیکە بەس بە (لِيَحزُنَ)یان خوێندەوە.

٧)- ﴿ وَلَيْسَ بِضَآرِّهِمْ شَيْـًٔا إِلَّا بِإِذْنِ ٱللَّهِ ﴾، هیچ جۆرە زیانێکیان پێ ناگەیەنێ، {ئەو چپە چپەی شەیتان، کە وەک خوتخوتەیەک فێری دەغەڵەکان و جووڵەکەکانی دەکات، هیچ زیانێک بە بڕواداران ناگەیەنێ} مەگەر بە مۆڵەتی خوا.

٨)- ﴿ وَعَلَى ٱللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ﴾، بڕوادارانیش با تەنیا پشت بە خوا ببەستن.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ﴾، بە دڵنیایی (أل)ی سەر (النَّجْوَى) کە بۆ ناساندنە، مەبەست پێی ناساندنی (عهد)ە، واتە: ئەو چپە چپە زانراوو خراپەی باسکرا، کە چپەکردنی دەغەڵەکان و جووڵەکەکانەو، چپە کردنە لەسەر بناغەی گوناح و دەستدرێژیی و سەرپێچیی لە پێغەمبەر، ئا ئەوە لە شەیتانەوەیە، نەک وابزانرێ کە (النَّجْوَى) (أل)ەکەی بۆ ناساندنەو بۆ جینسەو هەموو جۆرە چپەیەک، دەگرێتەوە، چونکە خوا فەرمانی کردوە بە چپەی باش: ﴿ وَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾، کە فەرمان پێکردنەکە بۆ ڕێپێدان و ڕەواییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە خوا ڕەوای کردوە، کەواتە: ناگونجێ لێرەدا (أل)ی سەر (النَّجْوَى) مەبەست پێی تێکڕا (جنس) بێ، واتە: هەموو جۆرە چپەیەک، بێگومانیش تێگەیشتنی قورئان پێویستیی بە شارەزاییەکی باش دەکات لە زمانی عەرەبیی، ئەگەرنا ئەگەر بە ڕواڵەت تەماشای بکەی: ﴿ إِنَّمَا ٱلنَّجْوَىٰ مِنَ ٱلشَّيْطَٰنِ ﴾، واتە: هەموو جۆرە چپەیەک لە شەیتانەوەیە، کەچی ئایەتی پێشێ دەفەرموێ: ﴿ وَتَنَٰجَوْا۟ بِٱلْبِرِّ وَٱلتَّقْوَىٰ ﴾، چپە بکەن، چپەیەک کە مایەی چاکەکاریی و پارێزکاریی بێ، ئنجا ئەگەر مرۆڤ شارەزای زمانی عەرەبیی نەبێ، دەڵێ: ئەو دووانە تێک دەگیرێن، لەوێ خوا فەرمانی پێ دەکات و، لێرەش دەفەرموێ: هەموو چپەیەک لە شەیتانەوەیە!! بەڵام (أل)ی سەر (النَّجْوَى)، لێرەدا ئەلیف و لامی عەهدە کە وەک زۆرجار گوتوومانە: (أل)ی (عهد) لە زمانی کوردییدا دەکەوێتە بەرانبەر (کە)

ئەگەر بڵێین: چپەکە لە شەیتانەوەیە، واتە: ئەو چپەیەی پێشتر باسمان کرد، بەڵام ئەگەر بڵێن: هەموو چپەیەک لە شەیتانەوەیە، ئەوە لەگەڵ ئایەتەکەی پێشێ دا تێک دەگیرێ، بەڵام خوا دەفەرموێ: چپەکە واتە: ئەو چپەیەی باسکرا، چپە خراپەکە، چپە ڕێلێگیراوەکە، لە شەیتانەوەیە.

خوا ﷻ هەم لێرەداو هەم لە ئایەتی پێشتردا، باسی سێ شتانی کرد، کە ناوێتەی چپەی خراپن: (**إثْم وعُدْوَان ومَعْصِيَة الرَّسول**):

(**إثْم**): بریتیە لە گوناهێک تایبەت بێ بە مرۆڤەکەوەو، تەنیا زیانی بۆ خۆی هەبێ.

(**عُدْوَان**): بریتیە لە گوناهێک کە وێڕای خۆی، زیانی بۆ بەرانبەرەکەشی.

(**مَعْصِيَة الرَّسول**): سەرپێچیی لە پێغەمبەر ﷺ، ئەوەیە کە بەربەرکانێی پێغەمبەر ﷺ بێ و، سەرپێچیلێکردنی بێ بە تایبەت، بێگومانیش هەموو سەرپێچیکردنێکی پێغەمبەریش ﷺ هەم گوناهەو، هەم دەستدرێژییەو، هەم سنوور شکێنییە.

لە کۆتایی ئەم دەرسەدا دوو فەرمایشتی پێغەمبەر ﷺ و قسەیەکی (فخرالدين الرازي) دێنین:

أ)- پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکی دا دەفەرموێ: {**إذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةٌ فَلَا يَتَنَاجَى اثْنَانِ دُونَ الثَّالِثِ، فَإِنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ**} (**أخرجه البخاري: ٦١٩٠، ومسلم: ٢١٨٤، وأبو داود: ٤١٥١، والترمذي: ٢٨٢٥، وابن ماجه: ٣٧٧٥، وابن حبان: ٧٣، عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ مَسْعُود**).

واتە: ئەگەر ئێوە سێ کەس بوون، با دووان پێکەوە چپە نەکەن، جیا لە سێیەمەکە، چونکە ئەوە دڵتەنگ و خەفەتباری دەکات.

ب)- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {**إذَا كُنْتُمْ ثَلَاثَةً، فَلَا يَتَنَاجَى رَجُلَانِ دُونَ الآخَرِ حَتَّى تَخْتَلِطُوا بِالنَّاسِ، فَإِنَّ ذَلِكَ يُحْزِنُهُ**} (**أخرجه البخاري: ٦١٩٠، ومسلم: ٢١٨٤**).

واتـە: ئەگـەر سێ کـەس بـوون، با دوو پیاو پێکـەوە چپـە نەکـەن، جیا لـە ئـەوی دیکـە، هەتا تێکـەڵ بـە خەڵکـی دەبنـەوە، چونکـە ئـەوە دڵتەنگـی دەکات، واتـە: ئەگـەر لـە نێو خەڵکدا بـوون و تێکـەڵ بـوون و زۆر بـوون، قەیناکات، دوو یـان سێ کـەس پێکـەوە چپـە بکـەن، مادام هەموویـان پێکـەوەن، کەسێک قسـەیەکی تایبـەتی لەگـەڵ کەسێک دا هەیـە، سـەری دەباتـە بـن گوێـی، بـەڵام سێ کـەس بـن و دوویـان پێکـەوە چپـە بکـەن، سێیەمەکە ناهەقـی نیـە دڵـی تەنـگ بـێ و نارەحـەت بـێ.

(**فخرالدیـن الـرازي**) بـۆ تیشـک خسـتنە سـەر چەمـک و واتـای ئـەم ئایەتانـە، دەڵـێ: (**قَـالَ الْمُفَـسِّرُونَ: إِنَّـهُ صَـحَّ أَنَّ أُولَئِـكَ الْأَقْـوَامَ كَانُـوا يَتَنَاجَـوْنَ فِيـمَا بَيْنَهُـمْ وَيُوهِمُـونَ الْمُؤْمِنِـينَ أَنَّهُـمْ يَتَنَاجَـوْنَ فِيـمَا يَسُـوءُهُمْ، فَيَحْزَنُـونَ لِذَلِـكَ، فَلَـمَّا أَكْـثَرُوا ذَلِـكَ شَـكَا الْمُسْـلِمُونَ ذَلِـكَ إِلَى رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ، فَأَمَرَهُـمْ أَنْ لَا يَتَنَاجَـوْا دُونَ الْمُسْـلِمِينَ، فَلَـمْ يَنْتَهُـوا عَـنْ ذَلِـكَ، وَعَـادُوا إِلَى مُنَاجَاتِهِـمْ، فَأَنْـزَلَ اللَّـهُ تَعَـالَى هَـذِهِ الْآيَـةَ**)[1].

واتـە: ڕوونکـەرەوانی قورئـان گوتوویانـە: لـە ڕێیەکـی ڕاسـتەوە گەیشـتوە، کـە ئـەو خەڵکانـە {کـە جوولەکـە بـوون و، دەغـەڵ بـوون و، موشریـک بـوون} لـە بەینـی خۆیانـدا چپەیـان کـردوە، وایـان مسـوڵمانان حاڵیـی کـردوون، کـە وابزانـن ئـەوە چپەیـەک دەکـەن بـۆ ئـەوان خراپـە، ئەوانیـش لەبـەر ئـەوە دڵتەنـگ بـوون و، کاتێـک ئـەوان زۆر لەسـەر ئـەوە بـەردەوام بـوون، مسـوڵمانان سـکاڵای خۆیـان بـۆ لای پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـرد، پێغەمبـەری خـواش ﷺ فەرمـانی پێکـردن بـەو شێوەیە چپـە چـپ نەکـەن، لـە پێش چـاوی مسـوڵمانان و جیـا لـەوان، ئەوانیـش هەر دەسـتیان هەڵنەگرتـوەو گەڕاونـەوە بـۆ چپەکـردنی خۆیـان، وەک خـوا دەفەرمـوێ، ئیـدی خـوا ﷻ لـەو بـارەوە ئـەو ئایەتـە موبارەکـەی دابەزانـدوە.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

---

(١) (مفاتيح الغيب) ج٢٨، ص٢٥٦.

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە سـێ ئایەتـان پێـک دێ، ئایەتـەکانی: (١١ - ١٣)، بابەتەکەشـیان بریتیە لـە چۆنیەتیـی دانیشـتن لـە کـۆڕو مەجلیس دا بـە گشـتیی، بـە تایبـەتی کـۆڕو مەجلیسی پێغەمبـەر ﷺ و، چۆنیەتیـی چپـەو قسـەی تایبـەت لـە خزمـەت پێغەمبەردا کـردن و، فەرمانکـردنی خـوا بـە مسـوڵمانان کـە وەک شـتێکی پەسـند، واباشـە بـەر لـە قسـەو دوانـدنی تایبـەتی پێغەمبـەر ﷺ، ئەندازەیـەک لـە سـامانی خۆیـان ببەخشـن، کـە بێگومـان ئەویـش مەبەسـت پێـی ڕێکخسـتنی چۆنیەتیـی دوانـدنی پێغەمبـەری خـوا بـووە.

بـەڵام دوایـی حوکمـی بـە پەسـند دانـانی مـاڵ بەخشـین، پێـش دوانـدنی پێغەمبـەر ﷺ سـووککراوە، دوای ئـەوەی خـوا لێـی حاڵیـی کـردوون، کـە نابـێ پێغەمبـەری خـوا بـە زۆر دوانـدن و چپـە لەگەڵـدا کـردنی و سـەر بردنـە بـن گوێـی، بێـزارو ناڕەحـەت بکەن.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمۡ تَفَسَّحُواْ فِي ٱلۡمَجَٰلِسِ فَٱفۡسَحُواْ يَفۡسَحِ ٱللَّهُ لَكُمۡۖ وَإِذَا
قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ
خَبِيرٞ ١١ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَةٗۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ
وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ١٢ ءَأَشۡفَقۡتُمۡ أَن تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَٰتٖۚ فَإِذۡ لَمۡ
تَفۡعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ
١٣ ﴾.

مانای دەقاودەقی ئایەتەکان

{ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کات پێتان گوترا: لە کۆڕو مەجلیساندا فراوانیی بکەن (و جێی کەسانی دیکە بکەنەوە)، فراوانیی بکەن، خوا فراوانییتان بۆ دەڕەخسێنێ، هەروەها هەر کات گوترا: هەڵسن (بۆ دانیشتنی کەسانێکی دیکە) هەڵسن، خوا ئەوانەتان کە بڕوایان هێناوە، بەرزیان دەکاتەوە، ئەوانەش کە زانیارییان پێدراوە چەندان پلە (بەرزیان دەکاتەوە)، خواش شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن (بۆیە وردو وریا بن لە هەڵسوکەوتتاندا) ﴿١١﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کات بە پەنهانیی و تایبەت پێغەمبەرتان دواند، چاکەو بەخشینێک پێش دواندنەکەتان بخەن، ئا ئەوە چاکترو پاکترە بۆتان، ئنجا ئەگەر نەتانبوو (ببەخشن)، بێگومان خوا لێبووردەی بە بەزەییە ﴿١٢﴾ (ئەی بڕوادارینە!) ئایا بیمتان هەبوو (پەرۆشی ماڵ و سامانەکانتان بوو) کە بەخشینەکان بخەنە پێش قسەی پەنهانکردنتان! (لەگەڵ پێغەمبەردا) ئنجا کە ئەوەتان نەکرد لە حاڵێکدا خواش بە بەزەیی خۆی گەڕایەوە سەرتان (و، لێتان بورد) دەجا نوێژ بەرپا بکەن و زەکات بدەن و، فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن، خواش شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن ﴿١٣﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(تَفَسَّحُواْ): (الفُسْحُ وَالفَسِيْحُ: الوَاسِعُ مِنَ المَكَانِ، وَالتَّفَسُّح: التَّوَسُّعُ يُقَالُ: فَسَّحْتُ مَجْلِسَهُ فَتَفَسَّحَ فِيْهِ)، وشەی (فُسْحُ وفَسِيْح) هەردووکیان بە واتای شوێنێکی فراوان دێن، (تَفَسُّح) واتە: (تَوَسُّع) فراوانکردن، دەگوترێ: (فَسَّحْتُ مَجْلِسَهُ) واتە: کۆڕەکەیم فراوان کرد، (فَتَفَسَّحَ فِيْهِ) بە فراوانیی دانیشت، یان کۆڕەکەی فراوان کرد.

(ٱلْمَجَٰلِسِ): (جَمْعُ مَجْلِس: كُلُّ مَوْقِعٍ يَقْعُدُ فِيْهِ الإِنْسَان)، (مَجَالِس) کۆی (مَجْلِس)ە، بە کوردیی دەڵێین: کۆڕ، یان دیوەخان، یان شوێنی دانیشتن، هەر شوێنێکە خەڵک بەکۆ تێیدا دابنیشن، پێی دەگوترێ: (مَجْلِس) واتە: (مَكَانُ الجُلُوْس)، شوێنی دانیشتن.

(ٱنشُزُواْ): (النَّشْزُ: المُرْتَفِعُ مِنَ الأَرْضِ)، (نَشْز): بە شوێنێکی بەرز دەگوترێ لە زەوی، (انْتَشَزَ فُلاَنٌ: قَصَدَ نَشْزًا)، (انْتَشَزَ) ڕووی کردە شوێنێکی بەرز، بەرزاییەک، (نَشَزَ فُلاَنٌ عَنْ مَقَرِّهِ: نَبَا)، فلانکەس لە شوێنەکەی هەڵسا.

(نَٰجَيْتُمُ): (نَاجَيْتُهُ: سَارَرْتُهُ، وَأَصْلُهُ أَنْ تَخْلُوَ بِهِ فِي نَجْوَةٍ مِنَ الأَرْض)، (نَاجَيْتُهُ): چپەم لەگەڵ کرد، ڕیشەی (نَاجَيْتُ)، هەروەها (نَجْوَى) لەوەوە هاتووە کەسێک لە شوێنێکی چۆڵی زەوی، لەگەڵ کەسێکدا پێکەوە بێ، (نَجْوَة) شوێنێکی چۆڵ، چۆڵایی، یان بەرزایی.

(صَدَقَةً): (الصَّدَقَةُ: مَا يُخْرِجُهُ الإِنْسَانُ مِنْ مَالِهِ عَلَى وَجْهِ القُرْبَةِ كَالزَّكَاة)، (صَدَقَة): بریتیە لەوەی مرۆڤ لە ماڵ و سامانی خۆی دەیبەخشێ، بە مەبەستی لە خوا نزیک بوونەوە وەک زەکات.

(ءَأَشْفَقْتُمْ): (الإِشْفَاقُ: عِنَايَةٌ مُخْتَلِطَةٌ بِخَوْفٍ، لِإنَّ المُشْفِقَ يُحِبُّ المُشْفَقَ عَلَيْهِ، وَيخَافُ مَا يَلْحَقُه)، (ءأَشْفَقْتُم) ئایا بیمتان هەبوو، ئایا پەرۆشییتان هەبوو، (إِشْفَاق) خەم

لێ خواردنێکی تێکەڵـە لەگـەڵ تـرس دا، چونکـە بابـای خـاوەن پـەرۆش (مُشْـفِق) پەرۆشـیی بـۆ دەربـڕاو (مُشْـفَق علیـه) خۆشـدەوێ و مەترسـییشی هەیـە کـە زیـانی تـووش بـێ، ئەمـەش بـە کوردیـی دەبێتـە پـەرۆش، (إشْـفَاق) دەبێتـە پـەرۆش بـوون، پـەرۆش ئەوەیـە پێـت ناخـۆش بـێ کەسـێک تـووشی زیـان ببـێ.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

دەربـارەی هـۆی هاتنـە خـواری هـەردووک ئایـەتی: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيْتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَةً ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ ۚ فَإِن لَّمْ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ءَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَٰتٍ ۚ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٣﴾ ﴾، چەنـد گێڕدراوەیـەک هاتـوون، ئێمـە یـەک دانەیـان هەڵدەبژێریـن کـە لـە ڕووی سـەنەدەوە بەپێـی قسـەی خاوەنـانی (الإسـتيعاب فـي بيـان الأسـباب) سـەنەدەکەی بـاش (حسـن)ە، ئەمـەش دەقەکەیەتـی:

[عَـنِ ابْـنِ عَبَّـاسٍ رضي الله عنه، قَوْلُـهُ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيْتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَةً ۚ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ ۚ فَإِن لَّمْ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾ وَذَاكَ أَنَّ الْمُسْلِمِينَ أَكْثَرُوا الْمَسَـائِلَ عَـلَى رَسُولِ اللَّـهِ ﷺ حَتَّـى شَـقُّوا عَلَيْـهِ، فَـأَرَادَ اللَّـهُ أَنْ يُخَفِّـفَ عَـنْ نَبِيِّـهِ؛ فَلَـمَّا قَـالَ ذَلِـكَ، صَـبَرَ كَثِـيرٌ مِـنَ النَّـاسِ، وَكَفُّـوا عَـنِ الْمَسْـأَلَةِ، فَأَنْـزَلَ اللَّـهُ بَعْـدُ هَـذَا: ﴿ ءَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَٰتٍ ۚ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۚ وَٱللَّهُ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٣﴾ ﴾، فَوَسَّـعَ اللَّـهُ عَلَيْهِـمْ، وَلَـمْ يُضَيِّـقْ]، ئەمـە هـەردوو نووسـەری (الإسـتيعاب فـي بيـان الأسـباب) گوتوویانـە: (أخرجـه الطـبري: ج٢٨، ص١٥، وابـن أبي حاتـم فـي تفسـيره كـما فـي «لبـاب النقـول فـي أسـباب النـزول» للسـيوطي ص٢٠٧، و«الـدر المنثـور» للسـيوطي ج٨، ص٨٣، وابـن مردويـه فـي تفسـيره، كـما فـي تخريـج الكشـاف ج٣، ص٤٣٠، وقلنـا: وهـذا سـند حسـن).

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباس ﵄، (کـە ئامـۆزای پێغەمبـەرە ﷺ) لـە بـارەی قسـەی خـوای بـەرزەوە کـە ئایـەتی ژمـارە (١٢)یـە دەڵـێ: مسـوڵمانان زۆریـان قسـە لەگـەڵ پێغەمبـەردا کـردو پرسـیاریان لێـی کـرد، هەتـا تـووشی ناڕەحەتییـان کـرد، خـواش ﷻ ویسـتی ئـەو حاڵـە لەسـەر پێغەمبەرەکـەی خۆی سـووک بـکات، {ئەوەندە سـەری نەخەنـە سـەرێ و سـەغڵەتی نەکـەن، پێغەمبـەر ﷺ سـەرتاپا ئـەدەب و شـەرم و حەیـاو ڕێـز بـووە، سەغڵەتیشـیان کـرد بـێ، نەیفەرمـووە: سـەغڵەتم مەکـەن! خـوا ﷻ بـۆ خـۆی مشـووری لـێ خـواردوە لەسـەرووی حـەوت ئاسـمانانەوە، هـەم لێـرەدا، هـەم لـە سـوورەتی (**الأحـزاب**)دا کـە پێشـتر باسـمانکرد لـە بـارەی چۆنیەتیـی چوونـە ماڵـی پێغەمبـەری خـواوە ﷺ ئامۆژگاریـی ئیمانـداران دەکات: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدۡخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤۡذَنَ لَكُمۡ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيۡرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ ﴿٥٣﴾ ﴾**الأحـزاب**، دوایـی لـە درێـژەی ڕەوتەکـەدا دەفەرمـوێ: ﴿ فَيَسۡتَحۡيِۦ مِنكُمۡۖ وَٱللَّهُ لَا يَسۡتَحۡيِۦ مِنَ ٱلۡحَقِّ ﴿٥٣﴾ ﴾**الأحـزاب**، واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ شـەرمتان لـێ دەکات و، خـوا ﷻ شـەرم لـە هـەق نـاکات، واتـە: خـوا ﷻ کـە خـاوەنی ئەوپـەڕی میهرەبانیـی و لوتـف و بەزەییـە و، لەگـەڵ پێغەمبـەردا ﷺ، لوتـف و کـەڕەم و بەزەیـی نوانـدوەو، ئامۆژگاریـی ئیمانـدارانی کـردوەو هەندێـک شـتی لـێ قەدەغـە کـردوون، کـە وا مەکـەن و بـەو شـێوەیە پێغەمبـەر ﷺ مەدوێنـن، بـەو شـێوەیە مەچنـە ماڵـی و تـووشی سـەغڵەتیی مەکـەن} ئنجا دەڵـێ: کاتێـک خـوا وایفەرمـوو {ئـەم ئایەتـەی نـاردە خـوار، کـە هـەر کاتـێ ویسـتتان پێغەمبـەری خـوا ﷺ بدوێنـن، بەخشـینێک بکـەن پێـش دوانـدنی پێغەمبـەر ﷺ، خێرێـک بکـەن، ئنجـا بچنـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ} خەڵکێکـی زۆر وازیـان هێنـاو، نەدەچوونـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ پرسـیاری لێبکـەن، یـان قسـەی تایبـەتی لەگـەڵ بکـەن، دوای ئـەوە خـوا ﷻ ئـەم ئایەتـەی دوایـی نـاردە خـوار: ﴿ ءَأَشۡفَقۡتُمۡ أَن تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَٰتٖۚ فَإِذۡ لَمۡ تَفۡعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٣﴾ ﴾**المجادلة**، واتـە: ئایـا تـرس و بیمتـان هەبـوو کـە لـە پێـش دوانـدن و چپەکـردنی تایبەتتـان لـە خزمـەت پێغەمبـەردا

ﷺ خێرو چاکە بکەن! ئنجا ئەگەر ئەوەتان نەکردو خواش گەڕایەوە سەرتان، کەواتە: نوێژ بەرپا بکەن و، زەکات بدەن و فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن، خواش شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن.

دوایی ئیبنو عەبباس (خوا لە خۆی و باپی ڕازی بێ)، دەڵێ: (**فَوَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ، وَلَمْ يُضَيِّقْ**) ئەو کاتە خوا حاڵەکەی بۆ فراوانکردن و لێی وەتەنگ نەهێنان، کە هەر دەبێ خێر بکەن، بەر لە دواندنی پێغەمبەرەکەی.

هەڵبەتە کەسێکیش دوای ئەو ئایەتەش، پێش دواندنی پێغەمبەر ﷺ چاکەیەکی کردبێ و بەخشینێکی کردبێ، ئنجا چووبێتە خزمەتی، شتێکی باشی کردوە، بەڵام خوا ﷻ لەسەری سووککردن کە ئەوە شتێکی خۆبەخشانەیە، کەواتە: وەک دوایی باسی دەکەین، کە باسی نەسخ کراوە بۆ ئەم ئایەتە موبارەکەو، گوایە ئایەتی سێزدەیەمیان هی دوازدەیەمی نەسخ کردۆتەوە، قسەیەکی بێ بەڵگەیە، بەڵکو هەر ئەوەندەیە وەک ئیبنو عەبباس (خوا لە خۆی و باپی ڕازی بێ)، دەڵێ: (**فَوَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ، وَلَمْ يُضَيِّقْ**)، خوا ﷻ حاڵەکەی بۆ فراوانکردن و لێی وەتەنگ نەهێنان، کە شتێکی حەتمیی بێ، هەردەبێ ماڵ ببەخشن، ئنجا لە خزمەت پێغەمبەردا قسەی تایبەت بکەن، هەروەک ئایەتەکەی پێشێش هەروای دەگەیاند، چونکە فەرموویەتی: ﴿ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ ﴿١٢﴾ ﴾المجادلة، ئا ئەوە بۆ ئێوە باشترو پاکترە، ئەمەش هەر لێی دەفامرێتەوە کە هەر لە ئەسڵدا بەخشینەکە ئەرکێک نەبووە، بەڵکو وەک لە گێڕدراوەکەی عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسدا هاتوە، بۆ ئەوە بووە مسوڵمانان پێغەمبەری خوا ﷺ سەغڵەت نەکەن، هێندە سەرو دڵی نەگرن، هەموو کەسیش عەقڵ و سەلیقەکەی هێندە تەواو نیە، کە حاڵی خەڵکی دیکەش لەبەرچاو بگرێ و، هی وایە بەس ئاگای لە پێویستییەکەی خۆیەتی، بۆیە خوا ﷻ بە پێویستی زانیوە مسوڵمانان ئاگادار بکاتەوەو، هۆشداریان پێ بدات، نەک ئەرکێکی لەسەر دانابن و، دوایی ئەو ئەرکەی لابردبێ، چونکە ئەگەر دوای ئەوەش کەسێک خۆبەخشانە ماڵێکی

بەخشـیبێ، ئنجـا چووبێتـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ هـەر شـتێکی بـاشی کـردوە، چونکـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ ۝١٢﴾ المجادلـة، ئـەوە چاکـترەو پاکـترە، بێگومـان شـتی چاکـترو پاکتریـش خـوا لاینابـات.

مانای گشتیی ئایەتەکان

هـەر لـە درێـژەی ئـەوەدا کـە خـوا ﷻ لـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، بـڕواداران دەدوێنـێ و، هەندێـک ئـەدەب و ڕەوشـت و ئـاکاری کۆمەڵایەتیـی و، بـەرو مەجلیس و، بـە تایبـەت لـە مامەڵـە لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ یـان فێـر دەکات، دەفەرمـوێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُواْ فِى ٱلْمَجَٰلِسِ فَٱفْسَحُواْ يَفْسَحِ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! {بڕواتـان هێنـاوە بـە هەمـوو ئـەو شـتانەی پێویسـتە بڕوایـان پـێ بهێـنرێ} هـەر کاتێـک پێتـان گوتـرا: لـە کـۆڕان دا، جـێ فـراوان بکـەن، جـێ فـراوان بکـەن، واتـە: جێـی خەڵکـی دیکـەش بکەنـەوەو پـاڵ وێـک بـدەن و بۆشـایی دروسـت بکـەن، بـۆ ئـەوەی خەڵکـی دیکـە دابنیشـێ، ﴿يَفْسَحِ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾، (ئەگـەر ئێـوە وابکـەن) خـواش فراوانییتـان بـۆ دەڕەخسـێنێ، واتـە: فراوانیـی لـە خێـرو چاکـەی دنیـاداو، لـە پاداشـتی دواڕۆژدا، فراوانیـی لـە دڵ و دەروون دا، فراوانیـی لـە ڕەوشـت و ئـاکاردا، فراوانیـی لـە ڕزق و بژیـودا، خـوا ﷻ دیاریـی نەکـردوە لـە چییـدا، یـانی: هەمـوو شـتێکی خێـرو چاکتـان بـۆ فـراوان و زۆر دەکات، ﴿وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ﴾، ئەگـەر پێشـتان گوتـرا: هەڵسـن، هەڵسـن، چونکـە جـاری وا هەیـە بەوەنـدە کارەکـە تـەواو نابـێ و، مـەدار سـاز نابـێ، خەڵکێـک کـە لـە کۆڕێکـدا دانیشـتوون، پاڵوێـک بـدەن و خەڵکێـک دێ، یـەک و دووان نیـن تاکـو بچنـە کەلێنەکانـەوە، بەڵکـو بـۆ وێنـە: پـازدە بیسـت (١٥-٢٠) کـەس دانیشـتوون لـە کـۆڕو مەجلیسـی پێغەمبـەردا ﷺ، بـەڵام سـی چـل (٣٠-٤٠) کـەسی دیکـە دێـن، دەبـێ ئەوانـەی پێشـێ هەڵسـن و جێـی ئـەوانی دیکـە بکەنـەوە، ئەگـەر بـە نـۆرەش

بێ، ئەوان نۆرەی خۆیان کردوە، ئنجا با خەڵکی دیکەبێ دابنیشێ، نابێ هیچ کەس نیزیکیی لە پێغەمبەرەوە ﷺو، کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەر ﷺ بۆ خۆی قۆرخ بکات و، لێی دابنیشێ و دایبکوتێ و هەڵنەستێ و، خەڵکی دیکەش بە پێوە ڕابوەستێ! چونکە هەموویان بەشیان بە پێغەمبەری خواوە هەیە، هەڵبەتە لێرەدا خوا ﷻ بە گشتیی فەرموویەتی، بەدڵنیایی بە پلەی یەکەم مەبەست پێی کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەرە، بەڵام بە گشتییش هەروایە، ئێستا خەڵک ئەو عەقڵ و سەلیقەیەی هەیە، بۆ وێنە: جەژنان خەڵک دەچێ بۆ پیرۆزبایی لە یەکدیی کردن و شوێنێکی دیاریکراوە، پەنجا کەس دانیشتوون، دوایی پەنجا کەسی دیکە دێن، ئەگەر ئەو پەنجایەی پێشێ هەڵنەستن و، شوێن بۆ ئەوانی دیکە چۆڵ نەکەن، کە جەژنانەیان کردوەو دەبێ هەڵسن، یان سەرەخۆشیی و تازیەیان کردوە، یان هەواڵ پرسینیان کردوەو دەبێ هەڵسن، خەڵکەکەی دیکە جێی نابێ دابنیشێ، دەبێ هەر بە پێوە بن، ئەوەش پێچەوانەی عەقڵ و سەلیقەیە، کەواتە: هەرچەندە ئەوە تایبەتە بە کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەرەوە ﷺ، بەڵام بۆ هەموو کۆڕو مەجلیسەکانی دیکەش هەروایە، دواییش لەوبارەوە کورتە باسێکی تایبەت دەکەین.

﴿ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ﴾، خوا ئەوانەتان کە بڕوایان هێناوە، بەرزیان دەکاتەوەو، ئەوانەی زانیارییان پێدراوە، چەندان پلە بەرزیان دەکاتەوە، واتە: ئێوە بە هۆی ئیمانەکەتانەوە لە لای خوا بەرزن و، بە هۆی زانیاریی و ئیمانەوە، چەندان پلەی بەرزتان هەن، کەواتە: بەپێی داخوازیی ئیمانەکەتان پێکەوە مامەڵە بکەن و، مادام لەلای خوا بەرزن، ئێوەش مامەڵەو ڕەوشت و ئاکاری بەرزتان هەبێ، یەکێک لە شێوەکانی ڕەوشت و ئاکاری بەرزیش، ئەوەیە کە کەسێک دێ، بۆ کۆڕو مەجلیس، جێگای بکەیەوە، ئەگەر جێی بۆوە، ئەگەرنا هەڵسی بۆ ئەوەی بێتە شوێنەکەی تۆ، هەروەها ئەمە ئاماژەشە بەوە، کە دەبێ لە نێو مسوڵماناندا، ڕەچاوی ئەوە بکرێ کەسێک کە

زانیاریی زیاتری پێدراوەو، یان هەیە تەمەنی زیاترە، یان پێگەکەی وا خوازیارە، یان باری تەندروستیی وا پێویست دەکات، پێویستە مسوڵمانان هاوکاری بن و، ڕێزی زیاتری لێ بگرن، لێرەدا تەنیا باسی ئەوانەیە کە زانیارییان پێدراوە، بەڵام لە فەرمایشتەکانی دیکەدا، وەک دوایی باسی دەکەین، پێغەمبەر ﷺ باسی هۆکارەکانی دیکەی ڕێزلێگرتنی تایبەتیشی کردوە، وەک ئەمەن: {لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَرْحَمْ صَغِيرَنَا، وَلَمْ يَعْرِفْ شَرَفَ كَبِيرَنَا} (أخرجه أحمد: ٧٠٧٣، والترمذي: ١٩٢٠، وقال: حسن صحيح، والحاكم: ٢٠٩، وقال: صحيح على شرط مسلم).

واتە: هەر کەسێک بەزەیی بە بچووکماندا نەیەتەوەو، ڕێزی بە تەمەنمان نەزانێ، لە ئێمە نیە، هەروەها ئەوەی کە عەقڵ و هۆشی زیاتری هەیە، دەگونجێ زیاتر لە پێغەمبەری خوا ﷺ بەهرەمەند بێ، فەرموویەتی: {لِيَلِيَنِي مِنْكُمْ أُولُو الْأَحْلَامِ وَالنُّهَى}، (أخرجه ابن أبي شيبة: ٣٥٢٧، وأحمد: ١٧١٤٣، ومسلم: ٤٣٢، وابن حبان: ٢١٧٢).

واتە: با ئەوانەتان لێم نیزیک بن، کە خاوەنی عەقڵ و هۆشی زیاترن.

چونکە ئەوانە ئەگەر لە پێغەمبەری خوا ﷺ نیزیکتربن، فەرمایشتەکەی باشتر لێوەردەگرن و زیاتری تێدەگەن، دوایی ئەو زانیارییەی لە پێغەمبەری خوا ﷺ وەریدەگرێ، بە مسوڵمانانی دەگەیەنن، ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ ﴾، بە دڵنیایی خواش شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن، واتە: بزانن چۆن ڕەفتار دەکەن! خوا زۆر شارەزایە، خوا زاناشەو شارەزاشە، زانایە بە شتەکان و کەسەکانیش و، شارەزاشە بە هەڵسوکەوتەکان و بە شتە پەنهانەکان.

ئنجا خوای کاربەجێ باسی چۆنیەتیی چپەکردن و قسەی پەنهان و تایبەت کردن لە خزمەت پێغەمبەری خوادا دەکات: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَةٗ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کاتێک پێغەمبەری خواتان دواند بە شێوەی پەنهان، چپەتان لەگەڵدا کرد، خێرو چاکەو، بەخشینێک پێش

دواندنـە تایبـەت و چپەکەتـان لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا، بخـەن، چاکەیـەک پێـش بخـەن، ﴿ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ ﴾، ئـەوە بـۆ ئێـوە چاکتریشـەو، پاکتریشـە، چاکترە بۆتـان بـۆ دنیـاو دوارۆژتـان و، پاکتریشـە مـاڵ و سـامانەکەتان پـاک دەکەنـەوەو، دڵ و دەروونی خۆشـتان پـاک دەکەنـەوە لـە سـیفەتی ڕەزیلیـی و چرووکیـی و، مـاڵ و سامانیشـتان لـە حەقـی مسـوڵمانان، کـە ئێـوە لەوانتـان زیاتـر هەیـەو، ئـەوان پێویسـتییان پێـی هەیـە، پـاک دەکەنـەوە، وشـەی زەکات بـە مانـای پاککردنـەوەو گەشـەپێدان دێ، چونکـە ئـەو ماڵـەی دەیـدەی بـە خاوەنـەکانی، کـە لـە سـوورەتی (**التوبة**)دا، خـوا ﷻ باسـیکردوون، ئـەو هەشـت جـۆرە کەسـە، تـۆ هـەم ماڵەکەشـت گەشـە پـێ دەدەی، هـەم پاکیـشی دەکەیـەوە، لـە هەقـی ئـەو هەشـت جـۆرە کەسـەی خـوا دیاریـی کـردوون، ﴿ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، ئنجا ئەگـەر نەتانبـوو (خێـرو چاکەیـەک بکـەن و بیکەنـە پێش دەسـتیی قسـەی تایبەتکردنتـان لـە خزمـەن پێغەمبـەری خـوادا ﷺ) بـە دڵنیاییـی خـوا لێبـوردەی میهرەبانـە، واتـە، ئەگـەر نەتانبـوو مـەرج نیـە، خێرێـک بکـەن، بـەڵام ئەگـەر هەتانبـوو، ئـەوە باشـترەو پاکـترە، کەواتـە: ئـەو بەخشـینە هـەر لـە ئەسـڵدا ئەرکێکـی شـەرعیی پێویسـت نەبـووە، کـە بـە نەکـردنی گوناهبـار بـبن.

دوایـی دەفەرمـوێ: ﴿ ءَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ ﴾، ئایـا پەرۆشـیی و ترسـتان هەبـوو، بیمتـان هەبـوو، کـە بـەر لـە چپەکردنەکەتانـدا چەنـد خێـرو چاکەیـەک بکـەن، چەنـد مـاڵ بەخشـینێک پێـش بخـەن، ﴿ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا ﴾، ئنجـا ئێسـتا ئەگـەر نەتانکـرد، ﴿ وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ ﴾، خـواش گەڕایـەوە سـەرتان بـە بەزەیـی و چاوپۆشـیی لێکـردن، ﴿ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ ﴾، نوێـژ بەرپابکـەن و زەکات بـدەن و، فەرمانبەریـی خـواو پێغەمبەرەکـەی بکـەن، ﴿ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾، خـواش شـارەزای ئەوەیـە کـە دەیکـەن، هـی پێشـێ فەرمـووی: ﴿ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴾، خـوا بـەوەی دەیکـەن شـارەزایە، لێـرە دەفەرمـوێ: ﴿ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾، خـوا شـارەزایە بـەوەی دەیکـەن، هـی پێشـێ کردەوەکـە زیاتـر جێـی سـەرنج بـووە، بـەڵام لێـرە شـارەزایی خـواو پەنهانزانیـی خـوا بـە کـردەوەکان، زیاتـر جێـی مەبەسـتە، بۆیـە ئـەو پێشـخراوە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا بە بڕواداران، کە لە دانیشتنیان دا لە کۆڕو مەجلیسان، بە تایبەت کۆڕی پێغەمبەردا ﷺ وریابن و، جێی یەکدی بکەنەوە، هەر کات یەکێکی لە بابای دانیشتوو پێویستتر بەوەی دابنیشێ، یان پایەدارتر لە ڕووی تەمەن، یان زاناتر لە ڕووی زانستەوە، یان لە ڕووی خزمەتەوە، هات، با ئەو کەسە هەڵسێ و شوێنەکەی بۆ چۆڵ بکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُواْ فِى ٱلْمَجَٰلِسِ فَٱفْسَحُواْ يَفْسَحِ ٱللَّهُ لَكُمْ ۖ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُواْ فِى ٱلْمَجَٰلِسِ فَٱفْسَحُواْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کاتێک پێتان گوترا: فراوانیی بکەن لە کۆڕاندا، لە شوێنی دانیشتناندا فراوانیی بکەن، وشەی (**تَفَسَّحُوا**) خوێنراویشەتەوە: (**تَفَاسَحُوا**)، لەسەر کێشی (**تَفَاعُل**)، واتە: هەمووتان پاڵوێک وێکبدەن و بۆشایی دروست بکەن، تاکو ئەوانی دیکە دابنیشن، (**فـي المَجَالِس**) خوێنراویشەتەوە: (**فـي المَجْلِس**)، (**مَجْلِس**) واتە: شوێنی دانیشتن، (**مَجَالِس**) واتە: شوێنەکانی دانیشتن، وشەی (**تَفَسَّحُوا**) واتە: (**تَوَسَّعُوا، وَفَسَحَ فُلاَنٌ لِأَخِيهِ فِي مَجْلِسِهِ يَفْسَحُ فَسْحَاً، أَيْ: وَسَّعَ لَهُ**)، فلانکەس جێی فراوانکرد بۆ فلانکەس، واتە: پاڵیان وێک داو بۆشاییان دروست کرد، بۆ ئەوەی ئەو کەسەی دیکە، یان ئەو چەند کەسەی دیکە، دابنیشن، ئنجا ئەگەر جێی هەبێ بەهۆی پاڵوێکدانی ئەوانەوەو، جێی دانیشتنیان هەبێ،

باشە، ئەگەرنا چارەسەری دووەم دێتە پێش، کە بریتیە لەوەی ئەوان هەڵسن و شوێن بۆ ئەوانی دیکە چۆڵبکەن.

٢)- ﴿يَفْسَحِ ٱللَّهُ لَكُمْ﴾، (فراوانیی بکەن) خوا فراوانییتان بۆ دەڕەخسێنێ. (فراوانیی بۆ ڕەخساندن) زانایان زۆریان قسە لێکردوە، بەڵام پێم وایە سێ واتایان هەڵدەگرێ:

١- خوا فراوانییتان بۆ دەڕەخسێنێ لە دنیاو دواڕۆژداو، لە دنیادا بژیوی فراوانتان بۆ دەڕەخسێنێ، ڕەوشتتان فراوان دەکات و، دڵتان فراوان دەکات، عەقڵتان فراوان دەکات.

٢- خوا فراوانییتان بۆ دەڕەخسێنێ لە بەهەشتداو، شوێنتان فراوان دەکات و پاداشتی فراوانتان دەداتەوە.

٣- خوا فراوانییتان بۆ دەڕەخسێنێ لە گۆڕەکانتان دا، واتە: ئەو شوێنەی کە لە دوای مردن دەیچنێ لە قۆناغی بەرزەخ دا، مەرج نیە خودی گۆڕەکە بێ.

هەموو واتایەکانیش لە یەک کاتدا مەبەست بن، هیچ تێکگیرانێک ڕوونادات.

٣)- ﴿وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ﴾، هەر کاتێک پێشتان گوترا: هەڵسن، هەڵسن، (نَشْز) یانی: شوێنێکی بڵندو بەرزایی کە هەڵدەتۆقێ لە زەوی، مرۆڤ کە لە شوێنی خۆی هەڵسێ، بەرز دەبێتەوە، ﴿وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ﴾، خوێنراویشەتەوە: **(إذَا قِيْلَ أُنْشِزوا فَأَنْشِزُوا)** هەردوو شێوە خوێندنەوەکانیش یەک واتایان هەیە، واتە: **(وإذَا قِيْلَ: قُوْمُوا فقُوْمُوا)** ئەگەر گوترا: هەڵسن، هەڵسن، بەرزبنەوە، بەرزبنەوە.

ئێمە دوایی کورتە باسێک لەوبارەوە دێنین، بەڵام لێرە ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ دێنین: **{لاَ يُقِمِ الرَّجُلُ الرَّجُلَ مِنْ مَجْلِسِهِ، ثُمَّ يَقْعُدُ فِيهِ فيه}** **(أخرجه البخاري: ٦٢٦٩، مسلم: ٢١٧٧، وأحمد: ٢٠٥٠٤، وَاللَّفْظُ لَهُ)**.

واتە: با پیاوێک، پیاوێک لە شوێنی خۆی هەڵنەستێنێ، دوایی لە شوێنەکەی دابنیشێ.

ئنجا ئایا ئەمە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: لەگەڵ ئەوەدا کە خوا دەیفەرموێ، تێکدەگیرێ؟ نەخێر، ئەگەر وەک فەرمانێک کرا، کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەرە، یان کۆڕو مەجلیسی هەر کەسێکی دیکەیە، هەرکات خاوەنی کۆڕو مەجلیسەکە گوتی: فڵانکەس! هەڵسە، با فڵانکەس دابنیشێ، یان ئەو کۆمەڵەی دانیشتوون، زەحمەت نەبێ ئێوە هەڵسن و ئەوانی دیکەی هاتوون، با ئەوان دابنیشن، ئەو دووانە تێکناگیرێن، چونکە هی ناڕەوا کاتێکە، پیاوێک بچێ پیاوێک هەڵسێنێ و، بڵێ تۆ هەڵسەو من دێمە شوێنت! ئەوەیان قەدەغەیە، بەڵام ئەگەر ئەو کەسەی مشوورخۆر و سەرپەرشتیاری کۆڕو مەجلیسەکەیە، فەرمان بکات، پێویستە بە قسەی بکرێ.

دوایی خوا دەفەرموێ:

٤)- ﴿ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ ﴾، بە دڵنیایی خوا ئەوانەتان کە بڕوایان هێناوە، بەرزیان دەکاتەوە.

٥)- ﴿ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ﴾، ئەوانەش کە زانیارییان پێدراوە، چەند پلە بەرزتریان دەکاتەوە (بەسەر ئەوانەدا کە تەنیا ئیمانیان هەیە) واتە: ئەوانەی ئیمان و عیلمیان هەیە، پلەیان بەرزترە لەوانەی تەنیا ئیمانیان هەیە، بەڵام بێگومان زانیارییەک کە بە ڕاستیی خاوەنەکەی پێی وەفادارو پێوەی پابەند بێ، ئەگەرنا زۆر کەس هەیە لەسەر زانستەکەی خۆی قەرزار بۆتەوەو، زۆر ئیمانداری سادە، لە زۆر کەسی دیکە کە خۆی بە زاناو شارەزا دەزانێ، حاڵی لە دنیاو قیامەت دا زۆر زۆر باشترە، بنچینە ئەوەیە ئینسان بۆ خوا سوڵحاو بێ و کاری چاک بکات، بەڵام ئەگەر دوو ئیماندار هەبوون، لە ئیماندا وەک یەک بوون و، یەکیان وێڕای ئیمانەکەی، زانیاریشی هەبوو، ئەو زانیارییە پلەو پێگەی زیاتری بۆ دەڕەخسێنێ.

(القرطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[١] دەڵێ: (أَيْ: ﴿يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ﴾ فِي الثَّوَابِ فِي الْآخِرَةِ، وَفِي الْكَرَامَةِ فِي الدُّنْيَا، فَيَرْفَعُ الْمُؤْمِنَ عَلَى مَنْ لَيْسَ بِمُؤْمِنٍ، وَالْعَالِمَ عَلَى مَنْ لَيْسَ بِعَالِمٍ)، واتە: خوا ﷻ ئیمانداران لە پاداشتی ڕۆژی دوایی و لە ڕێزو پێگەی دنیاییش دا، بەرز دەکاتەوە، کەسێک بڕوای هێنابێ بەرزی دەکاتەوە بەسەر کەسێک دا بڕوای نەهێنابێ، زاناش بەرز دەکاتەوە بەسەر کەسێکدا کە زانا نیە.

(الطبري) لە تەفسیری ئەوە ڕستە موبارەکە: ﴿وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُوا۟ فَٱنشُزُوا۟﴾، لە تەفسیری (فَانْشُزُوا)دا، دەڵێ: (فَارْتَفِعُوا عَنِ النَّبِيِّ ﷺ، فَإِنَّ لَهُ حَوَائِجَ، فَأَحَبَّ كُلُّ رَجُلٍ مِنْهُمْ أَنْ يَكُونَ آخِرُ عَهْدِهِ بِرَسُولِ اللَّهِ ﷺ)[٢]، واتە: ئەگەر پێتان گوترا: هەڵسن، هەڵسن لە لای پێغەمبەر، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ سەرقاڵیی دیکەی هەیە، هەر کامێکیان حەزی کرد خۆی دوایین کەس بێ کە کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەر بەجێ دەهێڵێ {بەڵام ئەوە دەبێتە مایەی سەغڵەت کردنی}.

(القُرْطبي) لە تەفسیرەکەی خۆیدا[٣]، لە تەفسیری ئەم ئایەتانەدا دەڵێ: (لَمَّا بَيَّنَ أَنَّ الْيَهُودَ يُحَيُّونَهُ بِمَا لَمْ يُحَيِّهِ بِهِ اللَّهُ، وَذَمَّهُمْ عَلَى ذَلِكَ، وَصَلَ بِهِ الْأَمْرَ بِتَحْسِينِ الْأَدَبِ فِي مُجَالَسَةِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، حَتَّى لَا يُضَيِّقُوا عَلَيْهِ الْمَجْلِسَ، وَأَمَرَ الْمُسْلِمِينَ بِالتَّعَاطُفِ وَالتَّآلُفِ حَتَّى يَفْسَحَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ، حَتَّى يَتَمَكَّنُوا مِنَ الِاسْتِمَاعِ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ وَالنَّظَرِ إِلَيْهِ. قَالَ قَتَادَةُ وَمُجَاهِدٌ: كَانُوا يَتَنَافَسُونَ فِي مَجْلِسِ النَّبِيِّ ﷺ، فَأُمِرُوا أَنْ يُفْسِحَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ).

زۆر جوان ئەم ئایەتانە پێکەوە پەیوەست دەکاتەوە!

---

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج٢٨، ص٢٢٦.

(٢) جامع البيان: ٣٣٨٧٧.

(٣) الجامع لأحكام القرآن: ج٢٨، ص٢٢٤.

واتە: دوای ئەوەی خوا ﷻ ڕوونی کردەوە جوولەکەکان کاتێک پێغەمبەر ﷺ دەدوێنن و سڵاوی لێدەکەن، بە جۆرێک سڵاوی لێدەکەن، پێچەوانەی ئەوەیە کە خوا سڵاوی پێ لێ کردوە، لەسەر ئەوە سەرزەنشتی کردن، ئنجا ئەوە پەیوەست دەکاتەوە بەوەوە کە دەبێ خەڵک جوان لە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ لە کۆڕو مەجلیسی دا دابنیشێ، تاکو کۆڕو مەجلیسەکەی لێ وەتەنگ نەهێنن (و سەغڵەتی نەکەن) فەرمانیشی بە مسوڵمانان کرد، لە بەینی خۆیان دا هاوسۆز و تەباو گونجاوبن، هەندێکیان جێی هەندێکیان بکەنەوە، تاکو هەموویان بتوانن، گوێ بۆ پێغەمبەری خوا بگرن و، تەماشای بکەن و لێی بەهرەمەند بن، قەتادەو موجاهید، گوتوویانە: هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ)، پێشبڕکەیان دەکرد لە کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەردا ﷺ، بۆیە فەرمانیان پێکرا، کە هەندێکیان شوێن بۆ هەندێکیان چۆڵ بکەن و جێگای یەکدی بکەنەوە.

٦)- ﴿وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ﴾، خواش شارەزایە بەوەی دەیکەن.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە بڕواداران کە بەخشین بکەنە پێشدەستیی، بە تایبەت دواندنی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئەوە باشترەو پاکترە، پاشان چاوپۆشیی لێکرانیان، لەو بارەوەو، فەرمان پێکردنیان بە نوێژو زەکات و فەرمانبەریی بۆ خواو پێغەمبەرەکەی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَةٗۚ
ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ءَأَشۡفَقۡتُمۡ أَن تُقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ
صَدَقَٰتٖۚ فَإِذۡ لَمۡ تَفۡعَلُواْ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥۚ وَٱللَّهُ
خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٣﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە دە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کاتێک پێغەمبەری خواتان بە پەنهانیی دواند، واتە: چپەتان لەگەڵ کردو بە تایبەتی دواندتان.

٢)- ﴿ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَةٗ ﴾، خێرو چاکەو بەخشینێک بکەنە پێشدەستیی چپەکردن و دواندنەکەتان، واتە: بەرلەوەی بیدوێنن، خێرو چاکەیەک بکەن، ئەمە وەک ئەو ئایەتە موبارەکەیە کە دەفەرموێ: (**إِذَا قُمْتُم إِلى الصَّلَاة**)، واتە: هەر کاتێک ویستتان بۆ نوێژ هەڵسن، لێرەش کە دەفەرموێ: ﴿ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ ﴾، نەک پێشی بیدوێنێ و دوایی خێرەکە بکات! واتە: خێرەکە بکەو ماڵەکە ببەخشە، ئنجا بچۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بدوێنە.

٣)- ﴿ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُ ﴾، ئەوە بۆ ئێوە باشترەو پاکتریشە، (**خَيْر**) یان (**إِسْم تَفْضِيل**)ە، بە مانای (**أَخْيَر**) چاکتر، کە پێچەوانەی (**أَشَرّ**)ە، خراپتر، واتە: (**أَشَدُّ خَيْرِيَّة**)، یاخود

(خَيْر) بەرانبەر (شَرّ)ە، واتە: ئەوە بۆ ئێوە باشەو، پێچەوانەکەی بۆ ئێوە خراپە، (أَطْهَر) یش، ناوی هەڵبژاردن (إسم تفضيل)ە، واتە: (أَشَدُّ طُهْراً)، ئەمە پاکترە، بێگومان پاکیی مەعنەویی.

٤)- ﴿ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا۟ ﴾، ئنجا ئەگەر نەتانبوو، خێرو، چاکە بکە، ماڵ ببەخشن، پێش ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە تایبەتی بدوێنن و چپەی لەگەڵدا بکەن.

٥)- ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا لێبوردەی بە بەزەییە، واتە: ئەگەر کەسێک نەیبوو، لێبوردراوەو چاوپۆشیی لێکراوەو، لەسەری بە مەرج ناگیرێ، کە هەر کاتێ قسەی تایبەتی لە خزمەت پێغەمبەردا بکات، خێرو چاکەیەک بکات، ئەوە تەنیا بۆ کەسانێکە هەیانبێ.

٦)- ﴿ ءَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا۟ بَيْنَ يَدَىْ نَجْوَىٰكُمْ صَدَقَـٰتٍ ﴾، ئایا ترس و پەرۆشییتان هەبوو کە خێرو بەخشینان پێش چپەکردنەکەتان بخەن! هەندێک لە مسوڵمانان وەک پێشتر گوتمان: سڵەمینەوەو پرینگانەوە لەوەی لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺ قسە بکەن، لەبەر ئەوەی فەرمانیان پێکرا، خۆبەخشانە ماڵ ببەخشن، پێش ئەوەی قسەی لە خزمەتدا بکەن، بۆیە خوا دەفەرموێ: ئایا ترس و بیمتان هەبوو، (لە تەواوبوونی ماڵەکەتان، یان کەمبوونەوەی ماڵ و سامانەکەتان) کە پێش دواندنی پێغەمبەر ﷺ و چپە لەگەڵ دا کردنی، خێرو چاکە بکەن، خێرو چاکەکان پێشبخەن!!

٧)- ﴿ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا۟ وَتَابَ ٱللَّهُ عَلَيْكُمْ ﴾[1]، ئێستا ئەگەر ئەوەتان نەکرد {لە حاڵێکدا کە ئەوەتان نەکرد} خواش گەڕایەوە سەرتان و چاوپۆشیی لێکردن.

٨)- ﴿ فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، کەواتە: نوێژەکەتان بەرپا بکەن، وەک جاران لە سەری بەردەوام بن.

٩)- ﴿ وَءَاتُوا۟ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، زەکات بدەن، لەسەر زەکاتدانتان بەردەوام بن.

---

(١) (إذْ ظرفيّة، أي حين لم تفعلوا) ئێستا لە حاڵێکدا نەتانکرد (خێرو بەخشینتان نەکرد).

١٠)- ﴿ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴾، فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەشی بکەن، خواش شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن، کەواتە: بزانن چۆن مامەڵە دەکەن! بە تایبەت لە خزمەت پێغەمبەردا ﷺو، چۆن دەیدوێنن، چۆن لە کۆڕو مەجلیسیدا دادەنیشن، چۆن سڵاوی لێ دەکەن! چونکە خوا شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن.

(إشْـفَاق) بـە مانـای تـرس و وریاییـە، لێـرەدا بـە مانـای ئەوەیـە: ئایـا ئێـوە پەرۆشـییتان بـوو و ترسـان مـاڵ و سـامانەکەتان ببەخشـن، (**هـل شَـقَّ عَلَيْكُـمْ تَقْدِيـمُ الصَّدَقَـةِ؟ فَقَـدْ وُضِعَـتْ عَنْكُـمْ، وَأُمِـرُوا بِمُنَاجَـاةِ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ بِغَـيْرِ صَدَقَـةٍ حِـينَ شَـقَّ عَلَيْهِـمْ ذَلِـكَ**) (**أخرجـه: الطـبري: ٣٣٨٩١، عـن مجاهـد**).

واتـە: ئایـا قـورس بـوو لەسـەرتان خێـرو چاکـە بکـەن، مـاڵ ببەخشـن، پێـش ئەوەی پێغەمبـەر ﷺ بدوێنـن، ئـەوە لەسـەرتان لاچـوو، فەرمانیـان پێکـرا پێغەمبـەری خـوا ﷺ بدوێنـن، بەبـێ خێـرو چاکـەو مـاڵ بەخشـین، واتـە: ئەوەشـیان بـۆ هەیـە، بـەڵام مـن وای تێدەگـەم - دواییـش زیاتـر تیشـکی دەخەینـە سـەر لـە کورتـە باسـێک دا - ڕاسـت نیـە کـە ئـەو حوکمـە یەکجاریـی لاچووبـێ، بـەڵام خـوای موتەعال ویسـتی مسـوڵمانان مەشـق پێبـکات و ڕایانبهێنـێ، چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ پێغەمبـەردا بکـەن، وانەبـێ هـەر کەسـێ چـوو، لـە خزمـەتی دابنیشـێ و سـەغڵەتی بـکات، بـەس مەسـەلە ڕاهێنانیـان و مەشـق پێکردنیـان بـووە، ئەگەرنـا ئـەو ئایەتـە و حوکمەکـەی هـەر لـە جێـی خۆیدایـەو، دواییـش کەسـێک خێـرو چاکەیەکـی کـرد بـێ، ئنجـا چووبێتـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ دابنیشـێ، هـەر چاکـی کـردوە، وەک خـوا فەرموویـەتی: ﴿ ذَلِكَ خَيْرٌ لَكُمْ وَأَطْهَرُ ﴾، ئـەوە بـۆ ئێـوە چاکـترەو پاکـترە، شـتێک کـە پاکـتر بـێ و چاکـتر بـێ، بێگومـان خـوا نەسـخی ناکاتـەوە.

کورتە باسێک: چۆنیەتیی مامەڵەکردن لە کۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ بە تایبەت و، کۆڕو مەجلیسەکانی دیکەدا بە گشتیی و، چۆنیەتیی دواندنی پێغەمبەری خوا ﷺ(١)

بەڕێـــزان!

لە هەشت بڕگەدا، ئەم کورتە باسە دەخەینە ڕوو:

١)- ئیسلام سەرتاپا ئەدەب و ڕەوشت و ئاکاری بەرزو جوان و ڕێک و پێکییە:

یەکێـک لـەو هەڵسـوکەوتانەی لـە کۆمەڵـگادا پێویسـتە وردەکاریـی تێـدا بکـرێ، بریتیـە لـە دانیشـتن لـە کـۆڕو مەجلیـس دا، هەڵسـوکەوتە کۆمەڵایەتییـەکان، زۆر گرنگـە ئـەدەب و ڕەوشـتە جوانەکانیـان تێدا ڕەچـاو بکرێـن، مـرۆڤ بـە سرووشـت، کائینێکـی کۆمەڵایەتییـەو ناتوانـێ بـە تەنیـا بـژی، مەگـەر ژیانێکـی زۆر نارەحـەت و بێزارکـەر، لەبـەر ئـەوە مـرۆڤ هیـچ چـاری نیـە، دەبـێ لەگـەڵ خەڵکـدا بـێ، چ ژیـانی هاوسـەریی پێکـەوە نابـێ و، خـاوەن هاوسـەرو ژن و منـداڵ بـێ، چ بـە تەنیـا بـێ، گرنـگ ئەوەیـە مـرۆڤ ناتوانـێ بـە تەنیـا ژیانێکـی تەندروسـتانەو بەختەوەرانـە بـژی، بۆیـە مرۆڤـەکان ناچـارن سـەرپێکەوە بنێـن و پێکەوەبـن، ئنجـا لـە ئەنجامـی پێکەوەبـوونی مرۆڤـەکان و پێکـەوە ژیانیانـدا، کۆمەڵێـک هەڵسـوکەوتیان پێکـەوە دەبـن، یەکێـک لەوانـە هەڵسـوکەوتی سـەردان و هاموشـۆو، پێکـەوە دانیشـتن و، یەکدیـی دوانـدن و قسـەکردن، بۆیـە ئـەو بـوارە زۆر پێویسـتیی بـە چـاو وردکردنـەوە دەکات، ئیسـلامیش گرنگییەکـی زۆری پێـداوە.

---

(١) بڕوانـە: (التفسـير الكبـير) ج: ١٥، ج: ٢٨، ص: ٢٦٠ إلى ٢٦٢، (محاسـن التأويـل) ج: ٩، ج: ٢٨، ص: ٨٠ و ٨١.

٢)- لەم ئایەتانەدا - ئێمەش ئەم کورتە باسە بۆ زیاتر تیشک خستنە سەر تێوەڕۆکی ئەو ئایەتە موبارەکانە دەکەین - کە ئایەتەکانی: (١١ و ٢١ و ٣١)، لە سوورەتی (المُجَادِلَة)ن، وەک پێشتر تەفسیرمان کردن، باسی چەند ئەدەبێکی گەورەو گرنگ کراوەو دەتوانین بڵێین: سەرەکییەکانیان ئەم چوارەن:

أ)- جێکردنەوەی یەکدیی لە کۆڕو مەجلیس دا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا قِيلَ لَكُمْ تَفَسَّحُواْ فِى ٱلْمَجَٰلِسِ فَٱفْسَحُواْ يَفْسَحِ ٱللَّهُ لَكُمْ ﴿١١﴾ ﴾المجادلة، کەسێک دێتە کۆڕ و مەجلیسێکەوە کە هەموویان دانیشتوون، ئەو کەسە، یان ئەو دوو کەسە، یان ئەو چەند کەسە چاوەڕێ دەکەن، ئەوانیش بێن و جێگایان بێتەوە، پێویستە دانیشتووەکانی ئەو کۆڕو مەجلیسە، فەرموویان لێ بکەن و جێگایان بکەنەوەو بیانحەوێننەوە، ئەمە بە ڕوونیی لە ئایەتە موبارەکەکاندا باسکراوە.

ب)- جێ چۆڵکردنی هەندێکیان بۆ هەندێکی دیکە، چ لەبەر ئەوەی جێ بۆ چۆڵکراوەکە پایەدارترە لە ڕووی زانیارییەوە، لە ڕووی تەمەنەوە، یان لە ڕووی پێگەی سیاسیی و کۆمەڵایەتییەوە، یان لە ڕووی پێگەی دینداریەوە، یاخود لەبەر ئەوەی ئەوانەی دانیشتوون، بەهرەیان وەرگرتوە لەو کۆڕو مەجلیسە، بە تایبەت کە کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئایەتەکاندا زیاتر ڕەچاو کراوە، ئەوانی دیکەش کە دێن، پێویستییان بە بەهرە وەرگرتن و گوێگرتن هەیە: ﴿ وَإِذَا قِيلَ ٱنشُزُواْ فَٱنشُزُواْ ﴾المجادلة، یان **(وَإِذَا قِيْلَ أُنْشِزوا فَأُنْشِزوا)**، هەم بە: **(فَانْشُزوا)** هەم بە: **(فَأُنْشِزوا)** هەردووکیان هاتوە، ئەگەر پێتان گوترا: هەڵسن و بەرزبنەوە، هەڵسن، واتە: جێی ئەوانی دیکە بکەنەوە.

ج)- زانایان و شارەزایان پێگەیەکی تایبەتیان هەیە لە نێو کۆمەڵگای مسوڵماندا، لە هەر ڕوویەکەوە زاناو شارەزا بن: ﴿ يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ﴾، خوا ئەوانەتان کە ئیمانیان هێناوە، بەرزیان دەکاتەوە، ئیمانداران بە گشتیی لەلای خوا پایە بەرزن، ﴿ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ﴾، ئەوانەش کە زانیارییان پێدراوە، بە چەندان پلە لای خوا ﷻ بەرزن، بە مەرجێک کار بە زانستەکەیان بکەن و، حاڵیبوونەکەیان لە خۆیاندا بکەنە حاڵ و، زانینەکەیان بگۆڕن بۆ توانین.

د)- هاوەڵان خوایان لێ ڕازی بێ، سوور بوون لەسەر نیزیکیی لە پێغەمبەری خوا ﷺ و دواندنی، بۆیە خوا ﷻ ئامۆژگارییان دەکات: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نَٰجَيۡتُمُ ٱلرَّسُولَ فَقَدِّمُواْ بَيۡنَ يَدَيۡ نَجۡوَىٰكُمۡ صَدَقَةٗۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ فَإِن لَّمۡ تَجِدُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾المجادلة، ئەوەش بۆ جۆرێک لە سنووردانان و مەشق پێکردن و ڕاهێنانی هاوەڵان بووە خوا لێیان ڕازی بێ، کە زیاتر ڕەچاوی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن و، زۆر سەرقاڵی نەکەن و، ئیسراحەت و پشوودانیی لێ تێک نەدەن، ئنجا کە هاوەڵان زۆر سوور بوون لەسەر ئەوەی زۆر بە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ بگەن، هۆکارەکەی ئەوەبووە خۆشەویستیی و دڵسۆزیی و ڕێزو حورمەتی زۆریان لە دڵدا هەبووە بەرانبەری، هەڵبەتە کەسێک کەسێکی خۆشنەوێ، حەز بە چارەی ناکات و حەز بە دیداری ناکات.

٣)- چەند ئەدەبێک لە بواری کۆڕو مەجلیس لە سوننەت دا:

بێگومـان سـوننەت واتـە: ڕێبـازی پێغەمبـەر ﷺ، هـەر بەرجەسـتە کـردنی قورئانـە لەسـەر ئـەرزی واقیـع و، ڕوونکردنـەوەی لایـەنی کردەیـی قورئانـە، واتـە: چۆنیەتیـی جێبەجـێ کـردنی قورئـان، ئەگەرنـا قورئـان بـۆ خـۆی خـوا نـاوی لێنـاوە: (قُرْآن مُبِيْن، كِتَـاب مُبِـيْن)، قورئانێکـی ڕۆشـن، کتێبێکـی ڕۆشـن، یـان قورئانێکـی ڕۆشـنکەرەوە، کتێبێکـی ڕۆشـنکەرەوە، بـەڵام چۆنیەتیـی کارپێکردنەکـەی و بەرجەسـتە کـردنی لەسـەر ئـەرزی واقیـع، ئـەوە ئەرکـی سـەرکیی پێغەمبـەری خاتەمـە، کـە خـوا لـە سـوورەتی (النحـل)دا دەفەرمـوێ: ﴿ وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٤٤﴾ ﴾، واتـە: زیکرمـان بـۆ لای تـۆ دابەزانـدوە، تاکـو ئـەوەی بۆیـان دابەزێـنراوە، بۆیـان ڕوونبکەیـەوە، {چۆنیـەتی کارپێکـردن و جێبەجـێ کردنەکـەی} بەڵکـو خۆشـیان بیربکەنـەوە، دەبـا بـا سـەرنجی ڕێبـازی پێغەمبەریـش بدەیـن و، بزانیـن لـە بـارەی کـۆڕو مەجلیـس و هەڵسـان و دانیشـتن پێکەوەکـردنی مسـوڵمانانەوە، لـەو چوارچێوەیـەدا چـی فەرمـووە؟ هەڵبەتـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمایشـتی زۆرن، بـەڵام ئێمـە پێنـج دەق لـە سـوننەت دێنینـەوە وەک نموونـە:

أ)- {عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ النَّبِيُّ ﷺ: لاَ يُقِيمُ الرَّجُلُ الرَّجُلَ مِنْ مَجْلِسِهِ، ثُمَّ يَجْلِسُ فِيهِ} (أخرجه الْبُخَارِيُّ: ٦٦٢٩، ومسلم: ٢١٧٧).

واتــە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عومـەر رضي الله عنه، دەڵـێ: پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: بـا پیاوێـک پیاوێـک لـە شـوێنی خـۆی هەڵنەسـتێنێ و، دوایـی لـەو شـوێنەی ئـەوی لـێ هەڵسـتاندوە، لێـی دابنیشـێ.

ب)- {نَهَى رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أَنْ يُقَامَ الرَّجُلُ مِنْ مَجْلِسِهِ، وَيَجْلِسَ فِيهِ آخَرُ، وَلَكِنْ تَفَسَّحُوا وَتَوَسَّعُوا} (أخرجه الْبُخَارِي: ٦٢١٨، ومسلم: ٢١٧٧، وأبو داود: ٤١٢٨، والترمذي: ٢٧٤٩).

واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ قەدەغـەی کـردوە کـە پیاوێـک لـە شـوێنی خـۆی هەڵبسـتێنرێ و، دوایـی یەکێکـی دیکـە لێـی دابنیشـێ، بەڵکـو فراوانیـی بکـەن و پاڵوێـک بـدەن و شـوێنی یەکدیـی بکەنـەوە.

ج)- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: {إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنْ مَجْلِسٍ، ثُمَّ رَجَعَ إِلَيْهِ، فَهُوَ أَحَقُّ بِهِ} (أخرجه مسلم: ٢١٧٩، وأبو داود: ٤١٥٣، وابن حبان: ٥٨٨، وابن خزيمة: ٧٨٢١).

واتـە: ئەگـەر یەکێکتـان لـە کۆڕێـک هەڵسـا، دوایـی گەڕایـەوە بـۆ شـوێنەکەی خـۆی، خـۆی شایسـتەترە بـە شـوێنەکەی.

مـادام نیشـانەیەک هەبـێ کـە ئـەو کەسـە یەکجاریـی هەڵنەسـتاوەو، شـوێنەکەی جـێ نەهێشـتوەو، کارێکـی هەبـووەو چۆتـە دەر، ئنجـا تاکـو دێتـەوە شـتێکی گونجـاو نیـە، شـوێنەکەی گیرابـێ و، دوایـی سـەری سـەتحیی بـێ و نەزانـێ لـە کوێ دابنیشـێ!

د)- {إِنَّ اللَّهَ يَرْفَعُ بِهَذَا الْكِتَابِ أَقْوَامًا وَيَضَعُ بِهِ آخَرِينَ} (أخرجه أحمد: ٢٣٢، والدارمي: ٣٣٦٥، ومسلم: ٨١٧، وابن ماجه: ٢١٨، وابن حبان: ٧٧٢).

واتــە: خـوا بـەم کتێبـە کەسـانێک بـەرز دەکاتـەوەو، کەسـانێکیشی پـێ نـزم دەکاتـەوە.

ئەوانـەی بـە قورئـان بەرزدەبنـەوە، ئەوانـەن کـە هەوڵـدەدەن، چاکـی بخوێنـن، لەبـەری بکـەن و، لێـی تێبگـەن و، کاری پـێ بکـەن، ئەوانـە پێـی بەرزدەبنـەوە، قورئـان بـەرزەو شـوێنکەوتووانی و پەیـڕەوانی بـەرز دەکاتـەوە، قورئـان بەڕێـزەو شـوێنکەوتووانی و پەیـڕەوانی بەڕێـز دەکات، قورئـان عەزیـزەو ئەوانـەی شـوێنی بکـەون و پەیڕەویـی لـێ بکـەن عیززەتیـان پـێ دەبەخشـێ و ... هتـد، هەروەهـا خـوا بـە قورئـان ئەوانـە نـزم دەکاتـەوە کـە دژایەتیـی قورئـان بکـەن و پشـتی تـێ بکـەن، کەواتـە: ئەهـلی قورئـان خـوا بەرزیـان دەکاتـەوەو، پێویسـتە لـە هەڵسـوکەوتی کۆمەڵایەتیـی دا ڕەچـاوی ئـەوە بکـرێ، ئەوانـەی زیاتـر ئەهـلی زانسـتی شـەرعیین و، زانسـتی شـەرعیی واتـە: قورئـان، بـە پلـەی یەکـەم ئنجـا دوایـی ڕێبـازی پێغەمبـەر، پێویسـتە لـە نێـو مسـوڵماناندا، ڕەچـاوی ئـەو ئیمتیـازەو، ئـەو پێگـەو پلەیـان بکـرێ.

هـ)- پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: {لِيَلِيَنِي مِنْكُمْ أُولُوا الأَحْلَامِ وَالنُّهَى} **(أخرجه مسلم: ٤٣٢)**، واتە: با ئەوانەتان کە خاوەنی هێدیی و مەندیی و خاوەنی تێگەیشتنی زیاترن، [واتە: ڕەوشتیان جوانترەو عاقڵتر و هۆشمەندترن]، زیاتر لێم نیزیک بن، چونکە ئەوانە زیاتر دەتوانن بەهرەمەند بن لە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمایشتەکانی، لە تێوەڕامان و سەرنجدانی هەڵسوکەوتەکانی، دوایی ئەوانەش سوود دەگەیەننەوە بە خەڵکی دیکە، ئەمانە چەند دەقێکی کەم بوون و، پێغەمبەری خوا ﷺ لەوبارەوە فەرموودەی زۆری لێ گێڕدراونەوە.

٤)- مەسەلەی لەبەر یەکدی هەڵسان:

کەسـێک دێـت بـۆ کـۆڕو مەجلیسـێک، یـان کەسـانێک کـە دانیشـتوون، ئنجـا ئایـا هەڵسـان بـۆ کەسـانی دانیشـتوو، یـان هەڵسـان بـۆ کەسـانی هاتـوو، وەک یەکـە، یـان جیـان؟!

لەوبـارەوە بـا سـەرنجی هەندێـک قسـەی **(ابـن كثـير)** بدەیـن، دوایـی سـەرنجی هەندێـک قسـەی **(ابـن تيميـة)** دەدەیـن، **(ابـن كثير)**یـش قوتـابی **(ابـن تيميـة)**ی بـووە،

(إبـن تيميـة) مامۆسـتای (إبـن كثير وإبـن القيـم والذهبـي)، ژمارەیەکـی دیکـەی زۆر لـە زانایـانی بەرجەسـتە بـووە، ئێمـە ئـەو قسـانە لـە (محاسـن التأويل)ەکـەی (جـمال الديـن القاسـمي)یەوە دێنیـن[1].

(إبـن كثير) گوتوویـەتی: (وَقَـدِ اخْتَلَـفَ الْفُقَهَـاءُ فِي جَـوَازِ الْقِيَـامِ لِلْـوَارِدِ إِذَا جَـاءَ، عَلَى أَقْـوَالٍ: فَمِنْهُـمْ مَـنْ رَخَّـصَ فِي ذَلِـكَ مُحْتَجًّـا بِحَدِيـثِ: «قُومُـوا إِلَى سَـيِّدِكُمْ» وَمِنْهُـمْ مَـنْ مَنَـعَ مِـنْ ذَلِـكَ مُحْتَجًّـا بِحَدِيـثِ: «مَـنْ أَحَـبَّ أَنْ يَتَمَثَّـلَ لَـهُ الرِّجَـالُ قِيَامًـا فَلْيَتَبوَّأْ مَقْعَـدَه مِـنَ النَّـارِ» وَمِنْهُـمْ مَـنْ فَصَّـلَ فَقَـالَ: يَجُـوزُ عِنْـدَ الْقُـدُومِ مِـنْ سَـفَرٍ، وَلِلْحَاكِـمِ فِي مَحَـلِّ وِلَايَتِـهِ، كَـمَا دَلَّ عَلَيْـهِ قِصَّـةُ سَـعْدِ بْـنِ مُعَـاذٍ، فَإِنَّـهُ لَـمَّا اسْـتَقْدَمَهُ النَّبِـيُّ ﷺ حاكـمًا فِي بَنِـي قُرَيْظَـةَ، فَـرَآهُ مُقْبِـلاً قَـالَ لِلْمُسْـلِمِينَ: «قُومُـوا إِلَى سَـيِّدِكُمْ»، وَمَـا ذَاكَ إِلَّا لِيَكُـونَ أَنْفَـذَ لِحُكْمِـهِ، وَاللَّـهُ أَعْلَـمُ، فَأَمَّـا اتِّخَـاذُهُ دَيْدَنًـا فَإِنَّـهُ مِـنْ شِـعَارِ الْعَجَـمِ. وَقَـدْ جَـاءَ فِي السُّـنَنِ أَنَّـهُ لَـمْ يَكُـنْ شَـخْصٌ أَحَـبَّ إِلَيْهِـمْ مِـنْ رَسُـولِ اللَّـهِ ﷺ، وَكَانَ إِذَا رَأَوْه لَـم يَقُومُـوا لَـهُ، لِـمَا يَعْلَمُـونَ مِـنْ كَرَاهَتِـهِ لِذَلِـكَ).

واتـە: شـەرعزانان لـەو بـارەوە ئایـا ڕەوایـە کەسـێک کـە دێتە کـۆڕو مەجلیسـێکەوە لەبـەری هەڵسـیی یـان نـا؟ ڕاجیایـان هەیـە لەسـەر چەنـد قسـەیەک: {ئـەو سـێ قسـان دێنـێ، سـێ ڕایـان دێنـێ:}

١)- هەندێکیان گوتوویانە: بەڵێ مۆڵەتە، بەڵگەشیان بەو فەرموودەیە هێناوەتەوە کە لە (صحيح البخاري: ١٤٤٤)دا، لە (أبي سعيد الخدري)یەوە، هاتوە کاتێک سەعدی کوڕی موعاز هات، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: {قُومُوا إِلَى سَيِّدِكُم}، هەڵسن بۆ گەورەکەتان، {لەبەر ئەوەی مسوڵمانان بە گشتیی لەوێ بوون و بە زۆریی ئەنصارییەکان بوون، بەڵام هەندێک دەڵێن: لەبەر ئەوەی سەعد بریندار بووەو پێویستیی بە هاوکاریی بووە، بۆیە پێغەمبەر ﷺ وایفەرمووە}.

---

(١) ج٩، ص:٨٠.

٢)- هەشیانە ڕێی لەوە گرتوە، لەبەر یەکدیی هەڵسن، بەڵگەشی بەو فەرمایشتەی پێغەمبەری خوا ﷺ هێناوەتەوە کە دەفەرموێ: هەر کەسێک حەز بکات پیاوان بە پێوە، بۆی ڕابوەستن، با شوێنی خۆی لە ئاگردا دابنێ، **(أبو داود: في كتاب الأدب: ٥٢٢٩)**.

٣)- هەشیانە ڕوونکردنەوەو وردەکاریی تێدا کردوە، گوتوویەتی: کەسێک لە سەفەر هاتبێتەوە،دروستە لە بەری هەڵسیی، هەروەها حوکمڕانێک، یان دادوەرێک لە شوێنی حوکمڕانیی و کارجێبەجێ کردنەکەی خۆیدا، پێویستە لەبەری هەڵسیی، هەروەک بەسەرهاتەکەی سەعدی کوڕی موعاز (خوا لێی ڕازی بێ)، دەیگەیەنێ، سەرۆک هۆزی ئەوس، چونکە کاتێ پێغەمبەری خوا داوای لێکرد، بێ وەک دادوەر لە بارەی **(بنو قريظة)** وە، کاتێک بینی بە مسوڵمانانی فەرموو: هەڵسن بۆ لای گەورەکەتان، بۆ ئەوەی ئەو حوکم و بڕیارەی دەیدات باشتر بڕشتی هەبێ، (خواش زاناترە ئایا لەبەر ئەوە بوو، یان لەبەرچی بووە؟!)، بەڵام ئەوە کە لەبەر یەکدی هەڵسان بکرێتە نەرێتێکی پابەندیی پێوەکراو، لە دروشمی عەجەمەکانە {واتە: لە دروشمی ئەوانەیە کە ئەو کاتە نا مسوڵمان بوون و، حوکمی نائیسلامییان جێبەجێ کردوە} لە **(سنن)**دا هاتوە کە هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ، هیچ کەسیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ خۆشتر نەدەویست، بەڵام کە دەهات، لەبەری هەڵنەدەستان، لەبەر ئەوەی دەیانزانی پێی ناخۆشە.

(إبن تيمية)یەش ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە یەکێک لە فەتواکانی دا کە **(جمال الدين القاسمي)** لە تەفسیرەکەی خۆی **(محاسن التأويل)**دا، لێی خواستۆتەوە، قسەیەکی ڕوون دەکات لەو بارەوە، کە من لەبەر درێژیی دەقە عەرەبییەکەی ناهێنم و ڕێک دەیکەمە کوردیی:

دەڵێ: لە نەرێتی پێشین لە ڕۆژگاری پێغەمبەر ﷺ و لە ڕۆژگاری جێنشینە سەر ڕاستەکانی دا، نەبووە، بیکەنە عادەت لەبەر یەکدیی هەڵسن، وەک ئێستا زۆر لە خەڵکی وادەکەن.

ئەنەسی کوڕی مالیک (خوا لێی ڕازی بێ) گوتوویەتی: {**لَمْ يَكُنْ شَخْصٌ أَحَبَّ إِلَيْهِمْ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، وَكَانَ إِذَا رَأَوْهُ لَمْ يَقُومُوا لَهُ، لِمَا يَعْلَمُونَ مِنْ كَرَاهَتِهِ**

لِذَلِكَ) (أخرجه البخاري في الأدب المفرد: ٩٤٦، وَصَحَّحَهُ الألباني)، واتە: هاوەڵان هیچ کەسیان لە پێغەمبەری خوا ﷺ لەلا خۆشەویستتر نەبوو، بەڵام کاتێک دەیانبینی لەبەری هەڵنەدەستان، لەبەر ئەوەی دەیانزانی پێی ناخۆشە.

بەڵام جاری وا هەبووە هاوەڵان کەسێک کە لە سەفەر گەڕاوەتەوە، لەبەری هەڵساون، وەک پێشوازیی لێ کردن، هەروەک لەوبارەوە لە پێغەمبەری خوا ﷺ گێڕدراوەتەوە کە لەبەر (**عكرمة بن أبي جهل**) هەڵساوە، کاتێک هاتوە مسوڵمان بێ، هەروەها بە پشتیوانەکان کاتێک سەعدی کوڕی موعاز هاتوە فەرموویەتی: هەڵسن بۆ لای گەورەکەتان، (سەرۆکەکەتان) سەعد نەخۆش بوو چارەسەر دەکرا، لە مەدینە، هات بۆ لای هۆزی (**بنو قريظة**) کە لە ڕۆژهەڵاتی مەدینە بوون.

ئەوەی بۆ خەڵکی پێویستە ئەوەیە، کە خۆیان ڕابهێنن بە شوێنکەوتنی پێشینی چاکەوە، بەو شێوەیەی لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا ﷺ ڕەچاو کراوە، چونکە بەدڵنیایی پێشین باشترینی سەدەکانی ئوممەتن و، باشترین فەرمایشت فەرمایشتی خوایەو، چاکترین ڕێ و شوێن، ڕێ و شوێنی موحەممەدە ﷺ، بۆیە پێویستە هیچ کەسێک لە ڕێ و شوێنی باشترینی مرۆڤان کە موحەممەدە ﷺ لانەداو، لە شوێنکەوتنی باشترینی سەدەکان لانەدات، بۆ شتێک کە لە خوار وانەوەیە، هەر کەسێک کە فەرمانبەریی بۆ دەکرێ، پێویستە ئەوە لە هاوەڵەکانیدا بچەسپێنێ و، ئەوە بکاتە پەیڕەوێک و پەیڕەویی لێ بکەن، بەشێوەیەک کە بینییان لەبەری هەڵنەستن و، ئەویش لەبەر ئەوان هەڵنەستێ، مەگەر لە پێکگەیشتنی ئاساییدا، بەڵام بۆ کەسێک کە لە سەفەر دەگەڕێتەوەو، وێنەی ئەوە تاکۆ پێشوازیی لێ بکەن، ئەوە شتێکی باشە، هەروەها ئەگەر خەڵک پێیان وابوو کەسێک کە دێ، دەبێ لە بەری هەڵسن و، ئەگەر لەبەری هەڵنەستن، ئەو کەسە پێی وابێ ماڤی خوراوەو ڕێزی لێ نەگیراوە، یاخود پێی وابوو وای لێ دەخوێنرایەوە، کە دەیانەوێ بە کەمی تەماشا بکەن، ئەو کەسەش ئەو نەریتەی نەدەزانی، وەک ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ کە بریتیە لەبەر یەکدی هەڵنەستان، لەو کاتەدا وا

باشترە لەبەری هەڵسن، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی تەبایی و، توندو تۆڵکردنی پەیوەندییەکان و، دەبێتە هۆی لابردنی کینەو بوغز لە نێوان دا، بەڵام ئەگەر زانرا کە عادەت و نەریتی ئەو کۆمەڵە خەڵکە، دەزانرێ و، عادەت و نەریتیان وایە، بە پێی ڕێبازی پێغەمبەری خوا لەبەر یەکدی هەڵناستن و، ئەگەر کەسێک لەبەر کەسێک هەڵنەستێ، بە ئازاردان بۆی لە قەڵەم نەدرێ، ئەو کاتە پێویست ناکات لەبەر یەکدی هەڵسن، بەڵام ئەو لەبەر یەکدی هەڵسانەش، وەک ئەوە نیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگریی لێکردوە، کە دەفەرموێ: {مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَتَمَثَّلَ لَهُ النَّاسُ قِيَامًا، فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ} (أخرجه الترمذي: ٢٧٥٥، قال: هذا حديث حسن).

واتە: هەر کەسێ حەز بکات پیاوان، بۆی ڕابوەستن (دەستەو نەزەر)، با شوێنی دانیشتنی خۆی لە ئاگری دۆزەخ دا دابنێ.

چونکە ئەوە لە حاڵێکدایە کە بابای حەز دەکات، خەڵک بۆی ڕابوەستێ، دانیشێ و ئەوانیش ڕاوەستا بن، نەک ئەو بێت و ئەوانیش لەبەری هەڵسن، واتە: هەڵسان بۆ دانیشتوو، قەدەغەیە، بەڵام بۆ هاتوو، حوکمێکی دیکەی هەیە.

{دەڵێم: بۆیەش زانایان جیاوازییان کردوە لە نێوان ئەو دوو قسەیەدا کە بگوترێ: (قُمْتُ إليه) یان (قُمْتُ لَهُ)، (قُمْتُ إليه) واتە: کەسێک کە دێ، تۆ لەبەری هەڵسی، بەڵام (قُمْتُ لَهُ) واتە: ئەو دانیشتووەو تۆش لەسەر سەری ڕابوەستی دەستەو نەزەر، بابای هاتوو (قادم) کە دێ، ئەوەی لەبەری هەڵدەستێ، وەک ئەوی لێ دێ و یەکسان دەبنەوە، بە پێچەوانەی ڕاوەستانەوە بۆ بابای دانیشتوو، بابای دانیشتوو لەگەڵ ڕاوەستاوە کە نایەکسانن، بەڵام ئەوەی بە پێوەیەو، ئەوەی لەبەریشی هەڵدەستێ و بۆ پێشوازیی دەچێ، هەردووکیان بە پێوەن یەکسان دەبنەوە}[1].

---

(١) نێوان دوو کەوانەکان قسەی منە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە.

لـە (صحیـح مسلم)یشـدا هاتـوە: {أَنَّ النَّبـيَّ ﷺ لَمَّـا صَـلَّى بِهِـم قَاعِـدَاً فِي مَرَضِـه، وَصَلَّـوْا قِيَامَـاً، أَمَرَهُـمْ بِالْقُعُـود، وَقَـال: لاَ تُعَظِّمُـونِي كَمَا يُعَظِّـمُ الأَعَاجِـمُ بَعْضَهَـا بَعْضَـاً} (أخرجـه أبـو داود: ٥٢٣٠). واتـە: پێغەمبـەر ﷺ لـە کاتێکـدا لـە نەخۆشـیی مەرگیـدا بـە دانیشـتنەوە، نوێـژی بـۆ مسـوڵمانان کـرد، بـەڵام ئـەوان بـە پێـوە بـوون، فەرمانی پێکـردن بـە ئامـاژە دابنیشـن و فەرمـووی: وەک عەجەمـەکان {واتـە: نا مسـوڵمانەکان} هەندێکیـان هەندێکیـان مـەزن دەکـەن، ئێـوە وا مامەڵـە لەگـەڵ منـدا مەکـەن، ڕێگریـی لـێ کـردن کـە لـە نوێـژدا ڕابوەسـتن، لـە حاڵێکـدا ئـەو دانیشـتوە، بـۆ ئـەوەی وەک عەجەمــەکان، {وەک نامســوڵمانەکان نەچــن} کــە حکومڕانەکانیــان و گــەورە گەورەکانیـان دانیشـتوون، ئەوانیـش دەسـتەو نـەزەڕ بـە پێـوە ڕاوەسـتاون.

ئـەوەی کۆکـەرەوەی ئـەو بابەتەیـەو، ئـەو بابەتـەی پـێ چـاک دەبـێ، بریتیـە لـە شـوێنکەوتنی پێشـینی چـاک و، ڕەچاوکـردنی ڕەوشـت و ئاکارەکانیـان و، هەوڵدانیـش بـۆ ئـەوە بەپێـی توانـا، بـەڵام کەسـێک بـەوەوە ڕانەهاتبـوو، یاخـود نەیـدەزانی ئـەوە عـادەت و نەریتـی پێشـینی چاکـەو، ئەگـەر بـەو شـێوەیەی خەڵـک پێـوە ڕاهاتـوە، مامەڵـەی لەگەڵـدا نەکـرا، پێـی وابـوو ڕێـزی لـێ نەگیـراوەو، خراپەیەکـی لـێ پەیدادەبـوو، لـەو حاڵەتـەدا، کام لـە دوو خراپـەکان مەزنـترە لادەبـردرێ و، پابەندیـی بەوەیانـەوە دەکـرێ کـە خراپەکـەی کەمـترە، هـەروەک کاتێـک کـە مـرۆڤ ناچـار دەبـێ لـە دوو بەرژەوەندییـان یەکێکیـان بفەوتێنێ، تەماشـا دەکات، کامیـان گچکەترە، ئەویـان دەفەوتێنـێ و، ئـەوەی گەورەتـرە دابینـی دەکات، بـەڵام لـە خراپـەکان بـە پێچەوانـەوە: تەماشـا دەکات، کامیـان گەورەتـرە، ئەویـان لادەبـات و گچکەکەیـان بـە ناچاریـی تەحەممـول دەکات، وەک گوتـراوە: (إحْتِـمالُ أَهْـوَنِ الشَّرَّيْـن وتفويـتُ أدْنَى المَصْلَحَتَـيْن).

کورتـەو پوختـەی قسـەی (إبـن تيميـة) ئەوەیـە: ئـەوەی لـە فەرمایشـتەکان دا قەدەغـە کـراوە، ئەوەیـە کـە کەسـێک دانیشـتبێ و خەڵکێـک بـە پێـوە بـۆی بوەسـتێ، کـە بـە داخـەوە هەندێک لـە شێخەکان، موریـدو مەنسـووبەکانی خۆیـان وا ڕاهێناون،

منیش هەرکات هەندێک لەو شێخانەم، لە کۆڕو مەجلیسی وادا بینیبن، صۆفیی و دەروێش و موریدەکانی ڕاوەستابن، پێمگوتوە: کاک شێخ پێیان بڵێ: با دابنیشن! ئنجا جاری وا هەبووە دوو سێ جار پێیگوتوون، هەر دانەنیشتوون، دوایی گوتوویەتی: ڕۆڵە، یان دابنیشن، یان بچنەدەر، ئیدی چوونەدەرێ، بەلام ئامادەنە بوون دابنیشن! ئەمەش بەڕاستیی نەزانییەکی گەورەیەو، لادانێکی گەورەشە لە ڕێبازی پێشینی چاک و ڕێبازی پێغەمبەر ﷺو، هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ، کە زانیویانە، پێغەمبەر ﷺ پێی ناخۆشە لەبەری هەڵسن، لەبەری هەڵنەستاون، لە هەموو کەسیشیان خۆشتر ویستوە، ئەوە بۆ کەسێک کە دانیشتوە و خەڵکی دیکەش ڕابوەستێ.

بەلام هەڵسان بۆ هاتوو (**القيام للقادم**) وەک (**إبن تيمية**)و (**إبن كثير**) گوتوویانەو، بەگشتیی زانایانیش گوتوویانە، حوکمەکەی جیایە، کەسێک کە دێ، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ خۆی پێشوازیی لە میوانی خۆی کردوە، پێشوازیی لە هاوەڵانی کردوە، لە (**صحيح البخاري**)دا هاتوە، کە پێشوازیی لە فاتیمەی کچی کردوە، هەڵسان بۆ بابای هاتوو (**القيام للقادم**) جیایە لە ڕاوەستان بۆ بابای دانیشتوو (**الوقوف للقاعد**) کەواتە: ڕاوەستان بۆ دانیشتوو، قەدەغە کراوە، بەلام هەڵسان بۆ بابای هاتوو، بە لای کەمەوە ڕەوایە، بەڵکو وەک (**إبن تيمية**) دەڵێ: ئەگەر عادەت و نەریتی خەڵکەکە وابێ، کە ئەگەر لەبەری هەڵنەستێ و بە پێشوازییەوە نەچێ، بە کەمڕێزیی بخوێندرێتەوە، ئەو کاتە ئەوە مەفسەدەیەکی گەورەیەو، پێویستە ئەو خراپە گەورەیە دەفع بکرێ، ئەگەر گریمان ئەوی دیکەش بە خراپە دابنرێ، بەلام خراپییەکەی کەمترە.

٥)- حیکمەتەکانی خێرکردن بەر لە دواندنی پێغەمبەری خوا ﷺ:

حیکمەتی چییە کە خوا فەرمانی کردوە، بەر لەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بدوێنرێ، واتە: بە شێوەی پەنامەکیی و تایبەت، یانی: چپەی لەگەڵدا بکرێ، خێرو بەخشینێک بکرێ؟ دەتوانین بڵێین: شەش سوودو حیکمەتی تێدا ڕەچاو کراون:

أ)- بە گەورەگرتنی دواندنی پێغەمبەری خوا ﷺو قەدر زانیی زیاتری، بەر لەوەی خوا ﷻ ئەو فەرمانە بکات، هەرکەسێ چووە کاتی پێغەمبەری گرتوە ﷺ، پێویست بووبێ، یان پێویست نەبووبێ، هەندێ کەس بە ئیمتیازیان زانیوە بچن لە خزمەتیدا دابنیشن و چپەیەکی لەگەڵدا بکەن، یان بە گوێیدا بچرپێنن، ڕەنگە نیەتەکەشیان تەواو نەبووبێ، بە هەرحاڵ ئەوانیش بەشەر بوون، کەواتە: یەکێک لە حیکمەتەکانی خێرکردن بەر لە دواندنی پێغەمبەر ﷺ ئەوە بووە، کە لەمەودوا زیاتر قەدری کاتی پێغەمبەرو ﷺ کەسایەتییەکەی و دواندنی بزانن.

ب)- با لە پەنای فەرمایشتکردن لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ و دواندنی بە شێوەی تایبەت، هەژاران و نەدارانیش سوودێک وەربگرن لە سەروەرت و سامانی دەوڵەمەندان.

ج)- وەک پێشتریش گوتمان، ئیبنو عەبباس (خوا لە خۆی و باوکی ڕازی بێ) دەڵێ: ﴿أَنَّ الْمُسْلِمِينَ أَكْثَرُوا الْمَسَائِلَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ حَتَّى شَقُّوا عَلَيْهِ، وَأَرَادَ اللَّهُ أَنْ يُخَفِّفَ عَنْ نَبِيِّهِ﴾ **(أخرجه الطبري: ج٢٤، ص٢٣٩)** واتە: مسوڵمانان زۆریان پرسیار لە پێغەمبەری خوا ﷺ کردن و قسەیان لەگەڵدا کرد، هەتا سەغڵەتیان کردو ئەزیەتیان دا، بۆیە خوا ﷻ ویستی ئەو حاڵەتە لەسەر پێغەمبەرەکەی خۆی ﷺ سووک بکات، خوای خاوەنی ئەوپەڕی لوتف و کەرەم و بەزەیی و، ئەوپەڕی پەنهانزانیی، زانیویەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ لە چ حاڵێکدایەو، ئەوەندەش بە شەرم و شکۆو ئەدەبە، هەرگیز بە کەسێکی نەگوتوە: نەء و، دەستی بە ڕووی کەسەوە نەناوە، بۆیە خوا ﷻ لەسەرووی حەوت ئاسمانانەوە، تەدەخولی کردوە، هەروەک پێشتریش باسمانکرد، بۆ هاموشۆکردنی ماڵی پێغەمبەریش

ﷺ خوا ﷻ لە سوورەتی (**الأحزاب**)دا مسوڵمانانی ئامۆژگاریی کردوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَدْخُلُواْ بُيُوتَ ٱلنَّبِيِّ إِلَّآ أَن يُؤْذَنَ لَكُمْ إِلَىٰ طَعَامٍ غَيْرَ نَٰظِرِينَ إِنَىٰهُ ﴿٥٣﴾ ﴾**الأحزاب**، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! مەچنە ماڵەکانی پێغەمبەرەوە مەگەر بۆ خواردنێک دەعوەت بکرێن، بەڵام چاوەڕێی پێگەیشتنی مەکەن (کاتی پێگەیشتن بچنە ماڵی ئەوان نان بخۆن و، دوایی هەڵسن)، ئەمەش هەم بۆ پێغەمبەر ﷺ هەم بۆ هەر کەسێکی دیکە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە دوای پێغەمبەر ﷺ کەوتوەو، ئەرکەکانی پێغەمبەر ﷺ جێبەجێ دەکات، ئەو حوکمە گشتگیرە بۆ هەموو لایەک.

د)- (مُقَاتِل بْن حَيَّانَ) گوتوویەتی: {إِنَّ الأَغْنِيَاءَ غَلَبُوا الْفُقَرَاءَ عَلَى مَجْلِسِ النَّبِيِّ ﷺ مِنْ مُنَاجَاتِهِ}[1]، واتە: دەوڵەمەندەکان زاڵبوون بەسەر نەدارو هەژارەکاندا، لە کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەردا ﷺ لە بواری بە تایبەت دواندنی دا، بۆیە خوا ﷻ فەرمانی بە دەوڵەمەندەکان کرد، بەرلەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بدوێنن، خێرو صەدقەیەک بکەن، بۆ ئەوەی ڕێیان لەبەردەم دا تەخت و ئاچووخ نەبێ، هەر کاتێ ویستیان پێغەمبەر ﷺ بدوێنن، لەبەر ئەوەی ئەوان ناسراوتر بوون و بە دەرەوەتر بوون، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەو، پێگەیان بەهێزتر بووە، بە حوکمی سەروەت و سامانیان و قەڕەباڵغیی دەوروبەریان، ئەوەش شتێکی ئاساییە لە هەموو کۆمەڵگاکان دا.

هـ)- سوککردن لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ لەو ڕووەوە کە کاتیان زۆر لێگرتوە، پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر کاروباری هەبووە، هەندێ کەسیش لێ نەزان بووەو سەلیقەی زۆر نەبووە، ڕەنگە کاتێکی زۆری لێ گرتبێ بە قسەی بەلاش، یان بە قسەیەک کە نەهێنێ، بۆیە خوا ﷻ سنوورێکی بۆ داناون.

و)- لێک هەڵاواردنی ئەوانەی دواڕۆژ هەڵدەبژێرن بەسەر دنیادا، کامیان ئامادەیە لەبەر ئەوەی ماوەیەک بچێتە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ و بە تایبەت بیدوێنێ، هەندێ لە ماڵ و سامانەکەی خۆی ببەخشێ؟!

---

(١) مفاتيح الغيب: ج٢٩، ص٤٩٧، دار النشر: دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٢١هـ - ٢٠٠٠ م، الطبعة: الأولى.

٦)- ئایا ئەو حوكمە ماوەی چەندی خایاندوە؟:

زانایـان لەوبـارەوە ڕاجیاییـان هەیـە، (مُقَاتِـلُ بْـنُ حَيَّـانُ) دەڵـێ: (بَقِـيَ ذَلِـكَ التَّكْلِيـفُ عَـشَرَةَ أَيَّامٍ ثُـمَّ نُسِـخَ)، ئـەو ئەركداركركردنـە {كـە پێـش ئـەوەی بـە تایبـەت پێغەمبـەر ﷺ بدوێنـن، ئەندازەیـەک لـە مـاڵ ببەخشـن} دە ڕۆژان بـەردەوام بـووە، دوایـی لابـراوە.

بـەڵام (الْكَلْبِـي) دەڵـێ: (مَـا بَقِـيَ ذَلِـكَ التَّكْلِيـفُ إِلَّا سَـاعَةً مِـنَ النَّهَـارِ، ثُـمَّ نُسِـخَ)، واتـە تەنیـا سـەعاتێک (ماوەیەکـی کـەم) لـە ڕۆژێـک مایـەوە، دوایـی لابـرا.

هەڵبەتـە هیچیـان ڕایەکەیـان پشـت ئەسـتوور نیـە، بـە بەڵگەیـەک و ئـەوە بۆچـوونی خۆیانـە، دەگونجـێ حەفتەیەكـی خایاندبـێ، دەگونجـێ مانگێكـی خایاندبێ، دەگونجـێ چەنـد ڕۆژو چەنـد سـەعاتێكی خایاندبـێ، بـەڵام ئـەو دوو زانایـە ئاوایـان گوتـوە، کەواتـە: ئـەوە یاسـایەكی زۆر كاتیـی بـووە، وەک دوایـی لـە خسـتنەڕووی بۆچوونێكـی خۆمـدا زیاتـر ئـەوە ڕوون دەكـەوە.

٧)- ئایا ڕاستە ئەو حوكمە نەسخ بۆتەوە؟

تاكـو ئەمـە بكرێتـە بەڵگـە لەسـەر ئـەوەی كـە لـە قوڕئانـدا ئایـەت هەیـە، نەسـخ كراوەتـەوەو كاری پـێ ناكـرێ؟! ئێمـە لـە سـووڕەتی (البقـرة) كـە پێـدا هاتـم، كورتـە باسێكم لـەوێ كـردو، ئـەو ڕایەمـان تەبەنیـی كـردوە كـە هیـچ ئایەتێـک لـە قوڕئانـدا نیـە، ئێسـتا بخوێندرێتـەوە، كاری پـێ نەكـرێ[1]، بـەڵام ئەگـەر گریـمان ئایەتێـک بـوو بـێ و نەسـخ بووبێتـەوە، ئێسـتا لـە قوڕئانـدا نەبـێ، ئـەوە جیایـە، وەک هەندێـک لـە زانایـان شـتێكی وایـان گوتـوە، بـەڵام ئـەوەش پێویسـتیی بـە بەڵگـەی سـەلمێنەر

(١) لـە كتێبـی: (قوڕئـانی مـەزن لـە نـۆزدە تـەوەردا) تێروتەسـەلتر بـاسی مەسـەلەی (نەسـخ)مان كـردوەو، سـەلماندوومانە هیـچ ئایەتێـک لـە قوڕئـان دا نیـە بگونجـێ بـە نەسـخكراوە (مەنسـوخ) دابنـرێ.

دەكات، چونكە من قەناعەتم وایە، خوا هیچ ئایەتێكی نەناردوە، فەرمایشتی خوا بێ و ئایەتی خوا بێ، دایبەزاند بێ و، دوایی كاری پێ نەكرێ، بەس حوكمەكەی، چ جای بشخوێنرێتەوەو كاریشی پێ نەكرێ! من پێموایە كە هیچ ئایەتێك بەوجۆرە هەر نەبووە.

ئنجا با سەرنج بدەین:

ئایا ئەم ئایەتە دەگونجێ بڵێین: حوكمێكی تێدایە نەسخ كراوەتەوە؟

پێم وایە نەخێر، با لەو بارەوە سەرەتا ڕای (**أبو مسلم الأصفهاني**)بێنم، كە یەكێكە لە زانایانی بەرجەستەی ڕوونكردنەوەی ماناكانی قورئان، كە من ڕایەكەیم لە (**فخرالدین الرازي**)ەوەو تەفسیری (**التفسیر الكبیر**)ەوە هێناوە.

(**أبو مسلم الأصفهاني**) دەڵێ: موونافیقەكان ئامادە نەبوون ماڵی خۆیان ببەخشن و، كۆمەڵێك لە موونافیقەكان هەبوون، كە وازیان لە نیفاق هێنابوو، بە ڕواڵەت و بە پەنهانییش ئیمانیان هێنابوو، ئیمانێكی ڕاستەقینە، ئنجا خوای بەرز ویستی ئەوانەی بەڕاستیی ئیمانیان هێناوە، لەو موونافیقانەی بە ڕواڵەت خۆیان بە مسوڵمان پێشان دەدەن، لێكیان هەڵاوێرێ و لێكیان جیابكاتەوە، بۆیە فەرمانی كرد، بەوە كە هەر كەسێ ویستی پێغەمبەری خوا ﷺ بە شێوەی تایبەت بدوێنێ، دەبێ خێرێك بكاتە پێشدەستیی، تاكو ئەوانەی ئیمانێكی ڕاستەقینەیان هێناوە، لەوانەی لەسەر حاڵەتی نیفاقە ئەسڵییەكەی خۆیان مابوونەوە، لێكیان جیابكاتەوە، ئنجا لە ئەنجامی ئەوەدا كە ئەو ئەركە بۆ ئەم بەرژەوەندییە دیارییكراوە بووە، ئەو بەرژەوەندییەش تایبەت بووە بەوەندە كاتەوە.

دوایی (**فخرالدین الرازي**) دەڵێ: كورتەی قسەی (**أبو مسلم الأصفهاني**) ئەوەیە كە ئەو ئەركە بەستراوەتەوە بە ئامانجێكی دیارییكراوەوە، هەر بۆیە دەبووایە كاتێك ئەو ئامانجە دیاریكراوە دێتە دی، ئەو حوكمەش نەمێنێ، ئەمەش پێی ناگوترێ: نەسخ، دوایی (**الرازي**) دەڵێ: ئەمە قسەیەكی باشەو هیچ عەیبی

نیـە، بـەڵام لـەلای زۆربـەی زانایـان وابـاوە، کـە ئـەم ئایەتـە نەسـخ کراوەتـەوە، بـەڵام ڕاجیاییـان هەیـە لـە سـەر لابـەر (ناسـخ)ەکەی:

أ- هەندێکیان گوتوویانە بە: ﴿ ءَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ ﴿١٣﴾ ﴾المجادلة،

ب- هەندێکیان گوتوویانە: نەسخ بۆتەوە، بە واجب بوونی زەکات، کە زەکات فەرز کراوە، ئەمە لابراوە!

٨)- ڕای بەندەش ئەوەیە کە ئەمە تەنیا ڕاهێنانی خوای پەروەردگار بوو بۆ مسوڵمانان، لەسەر چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ، پاشان لەگەڵ حوکمڕان و بەرپرسانی دیکەشیان دا، کە کەم و زۆر بە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەون، مەبەست لێی خستنە ڕووی ئەرکێکی شەرعیی پابەندیی پێوە کراو، نەبووە، تاکو بگوترێ: نەسخ بۆتەوە، ئنجا وەک پێشتریش گوتمان: هەر لە سەرەتاوە خوا فەرمووی: ﴿ ذَٰلِكَ خَيْرٌ لَّكُمْ وَأَطْهَرُ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾المجادلة، ئا ئەوە بۆ ئێوە باشترەو پاکترە، خوا ﷻ نەیفەرمووە: ئەوە ئەرکێکەو دەبێ بیکەن و، ئەگەر نەیکەن گوناهبارن! بەڵکو فەرموویەتی: ئەوە باشترەو پاکترە، ئنجا هەر ئەو کاتەش فەرمووی: ﴿ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾المجادلة، ئەگەر نەتانبوو، خوا لێبوردەی بە بەزەییە، کەواتە: هەر ئەو کاتەش بۆ کەسانێک کە نەیانبوە، مولزەم نەبوون و ئەرکێکی گشتیی نەبووە، ڕوو لە مسوڵمانان بکات، بەڵکو ئەرکێک بووە ڕووی لە مسوڵمانانێکی پارەدارو ساماندار کردوە، دوایی خوا ﷻ فەرمووی: ﴿ ءَأَشْفَقْتُمْ أَن تُقَدِّمُوا بَيْنَ يَدَيْ نَجْوَاكُمْ صَدَقَاتٍ فَإِذْ لَمْ تَفْعَلُوا وَتَابَ اللَّهُ عَلَيْكُمْ فَأَقِيمُوا الصَّلَاةَ وَآتُوا الزَّكَاةَ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَاللَّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿١٣﴾ ﴾المجادلة، واتە: ئایا ترس و بیمتان هەبوو، کە پێش دواندنی پێغەمبەر ﷺ بە تایبەت، هەندێ خێرو بەخشین و چاکە بکەن، ئەگەر ئەوەتان نەکرد، ئەوە خواش گەڕایەوە سەرتان، نوێژ بەرپابکەن و زەکات بدەن و فەرمانبەریی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن.

یـانی: ئەوانـە ئەرکـە ئەسـڵییە شـەرعییەکانن، بـەڵام ئـەوەی دیکـە شـتێکی کاتیـی بـوو، بـۆ ڕاهێنـانی مسـوڵمانان، لەبـەر ئـەو حیکمەتانـەی باسـمانکردن، کـە زیاتـر

قـەدری کاتی پێغەمبـەر ﷺ و، دوانـدنی تایبەتیـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بگـرن و، زۆر سـەری قـاڵ نەکـەن و، ڕایـان بهێنـێ کـە لـە مـەودوا هـەر کەسـێک، هـەر کاتێـک کەیفـی لێبـوو، نەچـێ بـۆ لای پێغەمبـەر ﷺو، کاتی بگـرێ و سـەرقاڵی بـکات و، بزانـێ کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـەلای خـوای مـەزن قـەدرو پایـەی زۆر بـەرزە، ئەوەتـا خـوا لـە سـەرووی حـەوت ئاسـمانانەوە، بـاسی چۆنیـەتی دوانـدنی پێغەمبـەر ﷺو چۆنیـەتی لەگـەڵ دانیشـتنی، دەکات.

ئنجـا خـوای پـەروەردگار باسـی نەسـخیشی نەکـردوە، واتـە: دوای ئـەوەش کـە خـوا ئـەو ئایەتـەی دابەزانـد، ئەگـەر کەسـێک خێرێکـی کردبایـە، ئنجـا چووبایـە قسـەی لەگـەڵ پێغەمبـەردا ﷺ کردبایـە، شـتێکی زۆر بـاشی کـردوە، چونکـە خـوا کـە دەفەرمـوێ: ﴿ذَٰلِكَ خَيۡرٞ لَّكُمۡ وَأَطۡهَرُۚ﴾، ئـەوە بـۆ ئێـوە باشـترەو پاکـترە، بێگومانیـش شـتێک کـە پاکـترو باشـتر بـێ، خـوا نەسـخی نـاکات و لاینابـات، واتـە: دوای ئـەوەش کـە ئـەو ئایەتـە دابەزیـوە، ئەگـەر کەسـانێک وەک جێبەجێکـردنی ئـەو فەرمانـە، وەک جێبەجـێ کـردنی ئـەو ڕێنماییـەی خـوا، خێرێکیـان کردبایـە، دوایـی چووبانـە خزمـەت پێغەمبـەرو ﷺ قسـەی تایبەتیـان لەگـەڵ کردبایـە، شـتێکیان کـردوە کـە بـۆ ئـەوان چاکـترو پاکـترە، شـتی ئـاواش نەسـخ و لابـردنی بەسـەردا نایـەت.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی چوارەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان نـۆ (٩) ئایـەتی کۆتایـی سـوورەتی (**المجادلـة**) دەگرێتـە خـۆی، ئایەتـەکانی: (١٤ - ٢٢)، تـەوەری سـەرەکیی ئـەو نـۆ ئایەتـەش، بـاسی دەغـەڵ و دوو ڕووەکانـەو، کەیـن و بەینیـان لەگـەڵ جولەکـەکان داو، ئـەو سـزا سـەختەی لـە ڕۆژی دوایـیدا لەسـەر ئـەوە چاوەڕێیانـەو، سـەرەنجام نـاوزەد کـردنی ئـەو دەغەڵانەیـە بـە کۆمەڵـی شـەیتان (**حـزب الشـیطان**).

دوایـی ڕاگەیانـدنی ئـەو ڕاسـتییە کـە بەربەرەکانێکـەران و دژایەتییکـەرانی خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ، لـە زەبوونترینـان و نزمترینـان دەبـن و، خـواو پێغەمبەرانیـشی (**عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**) زاڵ و باڵادەسـت دەبـن.

لـە کۆتاییشـدا ڕاگەیانـدنی ئـەو ڕاسـتییە، کـە هـەر کـەس بـڕوای بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی هەبـێ، هەرگیـز دۆسـتایەتیی و خۆشەویسـتیی، بەربەرەکانێکـەران و، دژایەتییکـەرانی خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ نـاکات، هەرچەنـدە ئەوانـە بـاب و ڕۆڵـەو بـراو خـزم و هۆزیشـیان بـن.

سـەرەنجامیش ئـەو جـۆرە کەسـانە بـە کۆمەڵـی خـوا (**حـزب اللـه**) نـاوزەد دەکرێن، کـە جێگایـان بەهەشـتەو، خـواش لێیان ڕازییـەو ڕازیشـیان دەکات.

﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوْاْ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى ٱلْكَذِبِ وَهُمْ
يَعْلَمُونَ ﴿١٤﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ۖ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً
فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٦﴾ لَّن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ
أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿١٧﴾ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ۖ
وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٨﴾ ٱسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ ۚ

أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱلشَّيۡطَٰنِ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ﴿١٩﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ
أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡأَذَلِّينَ ﴿٢٠﴾ كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ﴿٢١﴾ لَّا تَجِدُ
قَوۡمٗا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ يُوَآدُّونَ مَنۡ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوۡ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمۡ
أَوۡ أَبۡنَآءَهُمۡ أَوۡ إِخۡوَٰنَهُمۡ أَوۡ عَشِيرَتَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم
بِرُوحٖ مِّنۡهُۖ وَيُدۡخِلُهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَاۚ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ
وَرَضُواْ عَنۡهُۚ أُوْلَٰٓئِكَ حِزۡبُ ٱللَّهِۚ أَلَآ إِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{(ئەی موحەممەد!) ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە، دۆستایەتیی کۆمەڵێکیان کردوە، خوا لێیان تووڕە بووە (کە جوولەکەکانن)، ئەوانە نە لە ئێوەن و لەوانیشن و، لەسەر (قسەی) درۆ سوێند دەخۆن و دەشزانن (کە درۆزنن) ﴿١٤﴾ خوا ئازار (و سزا)یەکی سەختی بۆ ئامادە کردوون، بێگومان ئەوان (بەو ڕەفتارەیان) خراپترین کاردەکەن ﴿١٥﴾ سوێندەکانیان کردوونە سوپەر (بۆ خۆ پاراستن لە کەشف بوون) سەرەنجام ڕێگریی (خەڵک)یان کردوە لە ڕێی خوا، بۆیە ئازارو سزایەکی ڕیسواکەریان هەیە ﴿١٦﴾ سامان و ڕۆڵەکانیان لە بەرانبەر (سزای) خوادا، هیچ دادیان نادەن (سوودیان پێ ناگەیەنن)، ئەوانە هاوەڵانی ئاگر(ی دۆزەخ)ن، تێیدا هەرماو دەبن ﴿١٧﴾ ئەو ڕۆژە کە خوا تێکڕایان زیندوو دەکاتەوە، ئنجا سوێندی بۆ دەخۆن، وەک چۆن (ئێستا) سوێند بۆ ئێوە دەخۆن و، پێشیان وایە ئەوان لەسەر شتێکن (لە هەق)، ئەها (بزانن!) بە دڵنیایی ئەوان درۆزنن ﴿١٨﴾ شەیتان خستوونیە بن خۆی (بەسەریان دا زاڵبووە)و یادی خوای لەبیر بردوونەوە، ئەوانە کۆمەڵی شەیتانن، ئەها (وریا بن!) بە ڕاستیی کۆمەڵی شەیتان زیانبارن ﴿١٩﴾ بە دڵنیایی ئەوانەی دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی

دەکەن، ئەوانە لە نێو (ڕیزی) هەرە زەبوونان دان ﴿٢٠﴾ خوا نووسیویەتی کە بێگومان خۆم و پێغەمبەرانم زاڵ دەبین، (بەسەر ناحەزاندا) بە دڵنیایی خوا بەهێزی باڵادەستە ﴿٢١﴾ کۆمەڵێکت چنگ ناکەون، بڕوایان بە خواو ڕۆژی دوایی بێ، کەسێکیان خۆشبوێ کە دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکات، هەرچەندە بابیان، یان کوڕیان، یان برایان، یان هۆزیان بن، ئەوانە (خوا) بڕوای لە دڵییاندا نووسیوە (و چەسپاندوە)و، بە ڕووحێک لەلایەن خۆیەوە پشتگیریی کردوون و، دەیانخاتە باخانێکەوە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، تێیاندا هەرماون، خوا لێیان ڕازییەو (ئەوانیش) لێی ڕازیین، ئەوانە کۆمەڵی خوان، ئەها (بزانن!) بەس کۆمەڵی خوا سەرفراز (و بە مراد گەیشتوو)ن ﴿٢٢﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَيْمَنَهُمْ): (الأَيْمَان: جَمْعُ اليَمِينِ وَأَصْلُهُ الجَارِحَة، وَاليَمِينُ فِي الحَلِفِ مُسْتَعَارٌ مِنَ اليَدِ اعْتِبَاراً بِمَا يَفْعَلُهُ المُعَاهِدُ وَالمُحَالِفُ)، (أَيْمَان) کۆی (يَمِيْن)ە، لە ئەسڵدا بە مانای ئەو ئەندامەیە، واتە: دەست، بەڵام سوێند خواردن، کە وشەی (يَمِيْن) ی بۆ خوازراوەتەوە، لەو ڕووەوەیە کە بابای پەیمانەدەرو بابای بەڵێنەدەر بە کەسێک، دەست دەخاتە نێو دەستی.

(جُنَّةً): (المِجَنُّ وَالمِجَنَّةُ: التُّرْسُ الَّذِي يَجُنُّ صَاحِبَهُ، جَاءَ فِي الحَدِيْثِ: الصِّيَام جُنَّة)، (جُنَّة) بە مانای قەڵغان، سوپەر، (مِجَنّ و مجَنَّة) بەو قەڵغانە دەگوترێ: کە خاوەنەکەی دەپارێزێ و دەیپۆشێ {لە کاتی شەڕدا، بەکاریان هێناوە، مەتاڵ و سوپەری پێ دەڵێن، قەڵغانی پێ دەڵێن} لە فەرمایشتی پێغەمبەردا هاتوە ﷺ: {الصِّيَام جُنَّة}، واتە: ڕۆژوو گرتن قەڵغانە، سوپەرە {چونکە خاوەنەکەی دەپارێزێ لە شەیتان و، لە خوتخوتەو دنەدانەکانی، وەک تیر وان، کە بابای جەنگاوەر بۆ بەرانبەرەکەی دەیانهاوێ}.

(ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ): شـەیتان خستوونیە ژێـر ڕکێفـی خـۆی، یـان: وەبـن خـۆی داون و بەسـەریان دا زاڵبـووە، (**الحَـوْذُ: أَنْ يَتْبَـعَ السَّـائِقُ مَحَـاذِي البَعِـيْرِ، أي: أَدْبَـارَ فَخِذَيـهِ فَيُعَنِّـفَ فِي سَـوْقِهِ، اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِـمُ الشَّيْطَانُ: اسْتَاقَهُمْ مُسْتَولِياً عَلَيْهِـم**)، (**حَـوْذ**): بریتیـە لـەوەی کـە بابـای لێخـوڕ، کـە ئـاژەڵ لـێ دەخـوڕێ و حوشـتران لـێ دەخـوڕێ، بـە تایبـەت شـوێن سـمتەکانی حوشـتر بکـەوێ، {پشـتی ڕانـەکانی} و بـە توندیـی لێـی بخـوڕێ، ئنجـا ئەگـەر حوشـترە، هێسـترە، گوێدرێـژە، بـە ئەقیـزە تێـوەی بژەنـێ، یـان بـە قەمچیـی لێـی بـدات، تاکـو چاکـتر بـڕوا، (ٱسۡتَحۡوَذَ عَلَيۡهِمُ ٱلشَّيۡطَٰنُ) واتـە: شـەیتان لێخوڕیـون و بەسـەریاندا زاڵبـووەو خسـتوونیە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە.

(حِزۡبَ): (**الحِـزْبُ: جَمَاعَـةٌ فِيْهَـا غَلَـظٌ**)، (**حِـزْب**): بریتیـە لـە کۆمەڵێـک زبریـی و پتەویـی و قاییـم و قوڵییـان تێدابـێ.

(يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ): دژایەتیـی خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ دەکـەن، (**يُمَانِعُوْن**) واتە: سـەرپێچیی دەکـەن، (**الحَـدُّ: المَنْعُ**)، (**حَـدّ**) بـە مانـای نەهێشـتنە، (**المُحَـادَّةُ: المُخَالَفَـةُ، وَمَنْـعُ مَـا يَجِـبُ عَلَيْـه**)، (**مُحَـادَّة**) بـە مانـای سـەرپێچییکردن و، ئـەوەی لەسـەری پێویسـتە لاملیـی لـێ بـکات و، ئامـادە نەبـێ جێبەجێـی بـکات.

(يُوَآدُّونَ): خۆشـیاندەوێن، دۆسـتایەتییان دەکـەن، (**وَدِدْتُ الرَّجُـل وِدّاً: أَحْبَبْتُـهُ، وَالـوُدُّ: مَحَبَّـةُ الـشَّيءِ وَتَمَنِـيِّ كَوْنِـهِ، يُـوَادُّوْن: يُوَالُـوْن وَيُظَاهِـرُوْن**)، ئەگـەر کەسـێک بڵـێ: ئـەو پیـاوەم خۆشـدەوێ، دەڵـێ: (**وَدِدْتُ الرَّجُـل وِدّاً**)، بـە خۆشویسـتنێک ئـەو پیـاوەم خۆشویسـتوە، (**وُدّ**) بریتیـە لـە خۆشویسـتنی شـتێک و، ئـاوات پـێ خواسـتنی، (**يُـوَادُّوْن**) بـە مانـای دۆسـتایەتییان لەگـەڵ دەکـەن و پشـتگیرییان دەکـەن.

(كَتَبَ): نـووسراوە، تۆمـار کـراوە، چەسـپێنراوە، (**يَعَـبَّرُ بِالْكِتَابَـةِ عَـنِ الإِثْبَـاتِ وَالتَّقْدِيْـرِ وَالإِيْجَـابِ وَالفَـرْضِ وَالعَـزْمِ**)، نووسـین بەکاردەهێـنرێ بـۆ تەعبیـر کـردن لـە: چەسـپاندنی شـتێک و ئەندازەگیریـی کـردنی شـتێک و پێویسـتکردنی شـتێک، بڕینـی شـتێک و، بڕیـاردانی شـتێک.

(وَأَيَّدَهُم): (أَيَّدَ: فَعَّلَ مِنَ الأيْدِ، أي: القُوَّة الشَّدِيْدَة)، (أَيد): بە مانای هێز، ئنجا (أيَّدَ)، (فَعَّل)یە لەوە، واتە: پشتگیریی کردوە بە تەواویی، (يُؤَيِّدُ: يُكْثِرُ تَأييدهُ، أيَّدَهُ تَأييداً: قَوّاهُ، وَفَاعلهُ مُؤَيِّد)، (يُؤَيِّد) زۆر پشتگریی دەکات، (أيَّدَهُ تَأييداً) واتە: بەهێزی کرد، بکەری (أيَّد) بریتیە لە (مُؤَيِّد) پشتگیرییکەر، (مؤَيَّد) پشتگیرییکراو.

(بِرُوحٍ مِّنْهُ): بە ڕووحێک لەلایەن خۆیەوە، (الرُّوْحُ هُنَا: عِنَايَةُ اللهِ وَلُطْفُهُ)، ڕووح لێرەدا مەبەست پێی ئاگا لێبوونی خواو میهرەبانیی و سۆزو پەرۆشی خوایە، بۆ ئەو مرۆڤە، یان بۆ ئەو خەڵکە.

(ٱلْمُفْلِحُونَ): (الفَلْحُ: الشَّقُّ، الحَدِيْدُ بِالْحَدِيْد يُفْلَحُ: يُشَقُّ، الفَلاَحُ: الأكَّارُ الزَّارِعُ، لأنَّهُ يُفْلِحُ الأَرْضَ، وَالفَلاَحُ: إدْرَاكُ البُغْيَةِ وَالظَّفَرِ، فَالْفَلاَحُ الدنْيَوِي: الظَّفَرُ بِالْسَّعَادَات الَّتِي تَطِيبُ بِهَا حَيَاة الدُّنْيَا، وَهُوَ البَقَاءُ وَالغِنَى وَالعِزّ، وَالفلَاحُ الأُخْرَوِيُّ: بَقَاءٌ بِلَا فَنَاء، وَغِنَاءٌ بِلَا فَقْر، وَعِزٌّ بِلَاَ ذلٌّ، وَعِلْمٌ بِلَا جَهل)، (مُفْلِحُون) کۆی (مُفْلِح)ە، لەسەر کێشی (مُفْعِل)ەو ناوی بکەر (إسم فاعل)ە، واتە: بابای سەرفراز بە مراد گەیشتوو، ئایا لە چییەوە هاتوە؟ لە (فَلْح)ەوە هاتوە، واتە: لەتکردن، عەرەب گوتوویانە: (الحَدِيْدُ بِالْحَدِيْدِ يُفْلَحُ)، ئاسن بە ئاسن دەقڵیشێنرێ، لەت دەکرێ، (فَلاَح) جوتیار بۆچی پێی دەگوترێ: جوتیار؟ چونکە زەوییەکە دەکێڵێ و دەیقەڵێشێ تاکو نەمامی تێدا بنێژێ، یاخود تۆوی تێدا بچێنێ، (فَلَاح) واتە: بەبێ گیرە (شدّة) بریتیە: لە بە مراد گەیشتن و، بە ئامانج گەیشتن.

ئەویش دوو جۆرە (راغب الأصفهاني) دەڵێ: سەرفرازیی و بە مراد گەیشتنی دنیا، بریتیە لە وەدەست هێنانی ئەو بەختەوەرییانەی ژیانی دنیایان پێخۆشدەبێ، کە سێ شتن:

مانەوە، بێ نیازیی، باڵادەستیی.

بەڵام سەرفرازیی ڕۆژی دوایی، چوار شتە:

مانەوە بەبێ مردن، بێ نیازیی بەبێ هەژاریی، باڵادەستیی بەبێ زەبوونیی، زانیاریی بەبێ نەزانیی.

ئەوانەش تەنیا لە بەهەشتدا، بۆ مرۆڤ دەستەبەر دەبن.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

لە بارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە موبارەکەوەی دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ ﴿١٨﴾ ﴾، ئەم گێردراوەیە دێنین:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: «كَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ جَالِسًا فِي ظِلِّ حُجْرَةٍ مِنْ حُجَرِهِ، وَعِنْدَهُ نَفَرٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ، فَقَالَ: إِنَّهُ سَيَأْتِيكُمْ إِنْسَانٌ فَيَنْظُرُ إِلَيْكُمْ بِعَيْنِ شَيْطَانٍ، فَإِذَا جَاءَكُمْ فَلَا تُكَلِّمُوهُ، فَلَمْ يَلْبَثُوا أَنْ طَلَعَ عَلَيْهِمْ رَجُلٌ أَزْرَقُ، فَقَالَ حِينَ رَآهُ: عَلَامَ تَشْتُمُنِي أَنْتَ وَأَصْحَابُكَ؟ فَقَالَ: ذَرْنِي آتِيكَ بِهِمْ، فَحَلَفُوا وَاعْتَذَرُوا، فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ اللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ ﴿١٨﴾ ﴾} (أخرجه أحمد: ج١، ص٢٦٧،٢٤٠، ٣٥٠، والطبري في جامع البيان: ج٢٨، ص١٧، والطبراني: ١٢٣٠٧ والبزار: ٢٢١٢، انظر: الإستيعاب فـي بيان الأسباب: ج٣، ص٣٤٩، إسناده صحيح).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ لە سێبەری ژوورێک لە ژوورەکانی دانیشتبوو، خەریک بوو سێبەرەکە کورت بێتەوە، (واتە: بایی ئەوەندە نەبێ سێبەری لێبکات و، بکەوێتە بەرخۆر)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئێستا پیاوێک دێ بۆ لاتان، بە چاوی شەیتان تەماشاتان دەکات، ئەگەر هات بۆ لاتان مەیدوێنن، هێندەی پێ نەچوو پیاوێک هات، پێغەمبەر ﷺ بانگی کردو فەرمووی: بۆچی خۆت و هاوەڵەکانت جنێوو قسەی ناشیرینم پێ دەڵێن؟ گوتی: بانگیان دەکەم {واتە: دەچم ڕەفیقەکانم بانگ دەکەم، بۆ ئەوەی پاکانەت

بـۆ بکـەن} کـە بانگـی کـردن دەسـتیان کـرد بـە سـوێند بـە خـوا خـواردن و پـۆزش هێنانـەوە، کـە ئەوەیـان نەکـردوە، وایـان نەگوتـوە، هەتـا پێغەمبـەر ﷺ چاوپۆشـیی لێکـردن} لـەو بـارەوە خـوا (عزوجل) ئـەو ئایەتـە موبارەکـەی دابەزانـد، واتـە: ئـەو ڕۆژەش کـە خـوا زیندوویـان دەکاتـەوە، سـوێندی بـۆ دەخـۆن، وەک چـۆن سـوێند بـۆ ئێـوە دەخـۆن، پێشـیان وایـە لەسـەر شـتێکن لـە حـەق، ئـاگادار بـن! هـەر ئەوانـەن درۆزنی ڕاسـتەقینە، وەک جگـە لـەوان کـەس درۆی نەکـرد بـێ، هێنـدە درۆزنـن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـە کۆتایـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەی (المجادلـة)دا، وەک پێشـتریش لـە پێناسـەی ئـەم دەرسـەدا گوتمـان، سـەرەتا بـاسی دەغـەڵ و موونافیقـەکان دەکات، کـە کەیـن و بەینیـان لەگـەڵ جوولەکـەکان دایـە، ئـەوەش کـە هـۆکاری ئەوەیـە خۆیـان پەنهـان بکـەن و، مسـوڵمانان نەیانناسـن، بریتیـە لـە زۆر سـوێند خواردنیـان، سـوێندەکانیان کردوونـە مەتـاڵ و قەڵغـان و بـۆ سـەر سـەری خۆیانیـان بەکاردێنـن، هـەر لەگـەڵ کەسـێک تەنگـی پـێ هەڵچنیـن و سـەغڵەتی کـردن، بۆچـی واتانگـوت؟ بۆچـی واتانکـرد؟ سـوێند دەخـۆن و، خەڵکێکـی سـادەو دڵسـافیش هەیـە، بـڕوا بـە سـوێندە درۆیەکانیـان دەکات، ئنجا خـوا ﷻ ئەوانـە بـە کۆمەڵـی شـەیتان دەناسـێنێ، دواییـش خـوا ﷻ ئـەوە ڕادەگەیەنـێ کـە بـە دڵنیایـی خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ سـەرکەوتوون و، زاڵـن بەسـەر ئەوانـەدا، کـە دژایەتییـان دەکـەن.

دوایـی خـوا ﷻ ئـەوە بـە پێغەمبەرەکـەی و، هـەر خوێنەرێکـی دیکـەی قورئـان ڕادەگەیەنـێ، کـە تـۆ هەرگیـز کەسـانێکت دەسـت ناکـەوێ، بڕوایـان بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی بـێ، دۆسـتایەتیی و خۆشەویسـتیی و نیزیکییـان لەگـەڵ کەسـانێکدا هەبـێ، کـە دژی خـواو پێغەمبەرەکەیـی، هەرچەنـدە ئـەو کەسـانە بـاب و بـراو کـوڕو خـزم و عەشیرەتیشـیان بـن.

دوایی خوا ﷻ مەدحی ئەو جۆرە کەسانە دەکات، کە خوا ﷻ ئیمانی لە دڵدا چەسپاندوون و، بە ڕووح لە لایەن خۆیەوە بەهێزی کردوون و، ئەوانە شوێن و جێگاو ڕێگایان بەهەشتە، لەوێدا هەرماو دەبن و، بە کۆمەڵی خوا (**حِزْبُ الله**) ش دەیانناسێنێ.

سەرەتا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوْا۟ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم ﴾، ئایا سەرنجت نەداوەتە ئەو کەسانەی، دۆستایەتیی کۆمەڵێک دەکەن، خوا لێیان تووڕە بووە! ئەم (**أَلَمْ تَر**) دەگونجێ ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خاتەم بێ ﷺ کە ئەوە زیاتر پێدەچێ و، دەشگونجێ ڕووی دواندن لە هەر کەسێک بێ، بە بێ دیاریکردن، ئەی مرۆڤ! ئەی هەر کەسێک کە قورئان دەخوێنیەوەو هەر کەسێک لە کۆمەڵگادا دەژی! ئایا تۆ سەرنجی ئەوانەت نەداوە دۆستایەتیی کۆمەڵێک دەکەن، خوا لێیان تووڕە بووە! هەموو ڕوونکەرەوانی قورئان لەسەر ئەوە یەکدەنگن، کە مەبەست لەوانە جوولەکەکانن، چونکە خوا ﷻ لە چەند شوێنی قورئاندا، جوولەکەکانی بەوە ناوزەد کردوون، کە لێیان تووڕەیە، وەک لە سوورەتی (**المائدة**)دا دەفەرموێ: ﴿ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾ ﴾المائدة، واتە: بڵێ ئایا هەواڵتان بدەمێ بەسزای خراپتر لەوە لەلای خوا؟ کەسانێکن خوا لێیان تووڕەبووەو مەیموون و بەراز گەلی تێدا ڕەخساندوون و، **طاغووتیان** پەرستوە، ئەوانە پێگەیان خراپترەو، گومراترن لە ڕاستەڕێ.

بێگومان ئەوانەش کە خوا هەندێکیانی مەسخ کردوون بە شێوەی مەیموون و بەراز، جوولەکەکان بوون، کە بە (**أصحاب السبت**) ناسراون و بەسەرهاتەکەیان لە سوورەتی (**الأعراف**)دا هاتوە[1]، کەواتە: میصداقی یەکەم (یەکەمین کۆمەڵێک کە ئەم پێناسەی «تووڕەیی خوایان لەسەر چەسپیوە» بەسەریاندا بچەسپێ) جوولەکەکان بوون، بەڵام هەر کەسێکی دیکەش، وەک جوولەکەکان بکات، دیارە

---

(١) الأعراف - ١٦٣ - ١٦٦.

خـوا هـەر لێـی توورەیـە، خـوا تەنیـا لـە جوولەکـەکان تـوورە نەبـووە، خـوای دادگـەر بۆیـە لـە جولەکـەکان تـوورە بـووە، چونکـە هەقیـان ناسـیبوو و شـوێنی نەکەوتـن، هـەر بۆیـە لـە سـوورەتی (**الفاتحـة**)دا، کـە خـوا لەسـەر زمـانی بەنـدە چاکـەکانی دەفەرمـوێ: ﴿ ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ۞ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ۞ ﴾**الفاتحـة**، واتـە: ئێمانخـە سـەر ڕێـی ڕاسـت یـان: لەسـەر ڕێـی ڕاسـت بەردەوامـمان بکـە، ڕێـی ئەوانـەی چاکـەت لەگـەڵ دا کـردوون، نـەک ڕێـی لێتـوورە بـووان و، نـەک ڕێـی گومڕابـووان.

لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا هاتـوە: [**إنَّ المَغْضُـوبَ عَلَيْهِـم: اليَهُـود، وَإنَّ الضَّالِّـيْنَ: النَّصَارَى**][1]، واتـە: لێتـوورە بـووان، غـەزەب لێگیـراوان، جوولەکەکانـن، لەبـەر ئـەوەی حەقیـان ناسـیی و شـوێنی نەکەوتـن و، گومـڕا بـووان و سـەرگەردانان نەصرانییـەکان بـوون، لەبـەر ئـەوەی بـە ڕێیـان نەزانـی و، سـەریان لـە خۆیـان شـێواند، چونکـە هەندێکیـان بـە دوای حوکمڕانـەکان کەوتـن و، هەندێکیشـیان لەبـەر دەمارگیریـی و خۆشویسـتنیان بـۆ عیسـای کـوڕی مەریـەم (**عَلَيْـهِ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم**) و خۆشویسـتنیان بـۆ نەصرانییـەت، ڕێـی لێگرتـن، چـاوو عەقـڵ و دڵـی خۆیـان بکەنـەوە، بـە ڕووی دوا پەیامـی خـوای پـەروەردگاردا، لـە حاڵێکـدا عیسـاش مـوژدەی پێدابـوون، کـە لـە دوای مـن پێغەمبەرێـک دێ بـە نـاوی ئەحمـەد ﷺ: ﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ۞ ﴾**الصـف**.

﴿ مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ ﴾، ئەوانـەی دۆسـتایەتیی ئەوانـە دەکـەن، کـە خـوا لێیـان تـوورە بـووە، واتە: دۆسـتایەتیی و کەیـن و بەینیان لەگەڵ جوولەکەکان دا هەیە، شـتی ژێـر بـە ژێریـان هەیـە: لـە ئێـوە نیـن کـە مەبەسـت پێیـان موونافیـق و دەغەڵەکانـن، مسـوڵمان و بڕوادارنیـن، بـا خۆشـیان بـە مسـوڵمان پێشـان بـدەن، ﴿ وَلَا مِنْهُمْ ﴾، لـە جوولەکەکانیـش نیـن، چونکـە بێبـڕوان، بڕوایـان بـە هیـچ کتێبـان نیـە، ﴿ وَيَحْلِفُونَ عَلَى

(١) المصباح المُنير في تهذيب تفسير ابن كثير، ص٢٧، رواه أحمد والترمذي.

ٱلۡكَذِبِ وَهُمۡ يَعۡلَمُونَ ﴾، سوێندیش لەسەر درۆ دەخۆن و دەشزانن (کە درۆ دەکەن)، ئنجا کەسێک سوێند بخوات و بشزانێ سوێندەکەشی درۆیە، ئەوە پێی دەگوترێ: **(الیمین الغموس)** سوێندی نقوومکەر، چونکە خاوەنەکەی لە گوناح دا نقووم دەکات، جاری وا هەیە کەسێک کە سوێند دەخوات، گومانێکی هەیە، یان هەر بە ڕاستیی پێی وایە، شتەکە وایە، ئەوە لەو ڕووەوە کەمتەرخەمیی کردوە، کە سوێندی خواردوەو گوناحبارە، دەبووایە، چاکتر شتەکە ساغ بکاتەوە، بەرلەوەی سوێندی لەسەر بخوات، بەڵام جاری وا هەیە گوناهباریش نیە، ئەگەر قەناعەتی تەواوی وابووبێ و، هەوڵی خۆیشی دابێ بۆ ساغکردنەوەی شتەکەو، مەبەستی لە سوێندەکەش ئەوەنەبێ، حەقی کەسێکی دیکە بخوات، یان ناهەقییەکی خۆی بکاتە هەق، بەڵام سوێندی بە درۆ: **(الیمین الغموس)**ی ناونراوەو، پێشی دەگوترێ: **(قول الزور، وشهادة الزور)** قسەی درۆو شایەدیی بە درۆ، کەسێک بزانێ درۆشەو بیڵێ، ئەوە گوناهەکەی زۆر گەورەیە.

﴿ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمۡ عَذَابٗا شَدِيدًا ﴾، خوا ئازارو سزایەکی سەخت و توندی بۆ ئامادە کردوون، ﴿ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ﴾، بە دڵنیاییی ئەوەی دەیکەن خراپترین کردەوەیە، خراپترین شتە کە ئەوانە ئەنجامی دەدەن.

﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ ﴾، سوێندەکانی خۆیانیان کردوونە سوپەر، کردوونە مەتاڵ و قەڵغان و بەلاگێڕەوەو پارێزەر، ﴿ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، لە ئەنجامی ئەوەدا، خەڵکیان لە ڕێی خوا لاداوە، ئەگەر (صَدَّ) بە تێپەکەر بۆ بەرکار **(متعدِّي)** بەکارهاتبێ، بەڵام ئەگەر بە **(لازم)** واتە: بە کورتهەڵاتوو لەسەر بکەر، بەکارهاتبێ، ﴿ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، واتە: خۆیان لە ڕێی خوا لایاندا، چونکە (صَدّ) بە مانای **(انصرف)** لایداو، بە مانای **(صرف)**، خەڵکی لادا، واتە: بۆ خۆی لایدا، یان خەڵکی لادا، بە هەردوو واتایەکە بەکارهاتوە، ﴿ فَلَهُمۡ عَذَابٞ مُّهِينٞ ﴾، بۆیە ئەوانە ئازارو سزایەکی ڕیسواکەرو زەبوونکەریان بۆ هەیە.

﴿ لَّن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾، سامانەکانیان و ڕۆڵەکانیان لە بەرانبەر خوادا هیچ سوودیان پێ ناگەیەنن، هیچ ئەندازەیەک لە سوود، واتە: لە بەرانبەر سزاو تۆڵەو جەزرەبەی خوادا، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمْ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾، ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن، یاخود خاوەنانی ئاگرن و، لە نێو ئاگری دۆزەخدا هەرماو دەبن.

﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ﴾، ئەو ڕۆژەی خوا زیندوویان دەکاتەوە، سوێندی بۆ دەخۆن، وەک چۆن ئێستا سوێندی بە درۆ، بۆ ئێوە دەخۆن، لەو ڕۆژەشدا کە خوا زیندوویان دەکاتەوە، کە ڕۆژی قیامەتە، لەوێش سوێندی بە درۆی بۆ دەخۆن، ﴿ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ ﴾، پێشیان وایە لەسەر شتێکن، واتە: لەسەر شتێکن لە هەق، ﴿ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴾، ئاگاداربن! هەر ئەوانەن درۆزن، واتە: درۆکەری بە ڕاستیی ئەوانەن.

کە دەفەرموێ: ﴿ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ ﴾، پێیان وایە لەسەر شتێکن، واتە: ئەو کوفرو نیفاقە، وا لە دڵیاندا جێگیر بووە، لەوێش هەڵناکەنرێ، وەک چۆن لێرە بە هەندێک خەیاڵ و ئەندێشەو، خۆزگەی پووچ، خۆیان هەڵخەڵەتاندوە، ئەو حاڵەتە لەگەڵیاندا بەردەوام دەبێ و، لەوێش پێیان وایە لەسەر ڕێیەکی ڕاستن، یان پێیان وایە شتێکیان بە دەستەوەیە.

یاخود: مەبەست ئەوەیە کە لەوێ ئەو حاڵەتەیان بۆ دروست دەبێ و، پێیان وایە، ئەوانیش لەسەر شتێکن، بەڵام خوا دەفەرموێ: ئاگاداربن! ئەوانەن درۆزن.

﴿ ٱسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ ٱلشَّيْطَٰنُ فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ ﴾، شەیتان خستوونیە ژێر ڕکێفی خۆی و، وەبن خۆی داون و، دەستی بەسەردا گرتوون، بەسەریاندا زاڵبووە، یادی خوای لە بیر بردوونەوە، ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱلشَّيْطَٰنِ ﴾، ئەوانە کۆمەڵی شەیتانن، دەستەو تاقمی شەیتانن، ﴿ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱلشَّيْطَٰنِ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ ﴾، ئاگادار بن! کۆمەڵی شەیتان هەر ئەوان، زیانباری ڕاستەقینەن.

ئنجا خـوا ﷻ دوای بـاسی ئـەو دەغـەڵ و مونافیـق و دڵ نەخۆشـانەو، کەیـن و بەینیـان بـە تایبـەت لەگـەڵ جوولەکەکانـدا، بـاسی بابەتێکـی دیکـە دەکات: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ٱلۡأَذَلِّينَ ﴾، بـە دڵنیایـی ئەوانـەی بەربەرەکانـێ و دژایەتیـی خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ دەکـەن، ئـا ئەوانـە لـە ڕیـزی هـەرە زەبوونانـن، لـە ڕیـزی هـەرە چاوبەرەژێـرو ڕیسـوایانن، یاخـود: لەڕیـزی هـەرە بـێ دەسـەڵاتان و ملکەچانـن، ﴿ كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغۡلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِيٓۚ ﴾، خـوا نووسـیویەتی و تۆمـاری کـردوە: مـن و پێغەمبەرانـم (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم) زاڵ دەبیـن، سـەرکەوتوو و زاڵیـن بەسـەر ناحەزانـدا، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا بەهێـزی باڵادەسـت و زاڵـە، هەڵبەتـە خـوا هـەر زاڵـە، بـەڵام مەبەسـت لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: (لأغلِـبَنَّ) واتـە: پێغەمبەرانێـک کـە خـوا ناردوونی، زاڵ دەبـن بەسـەر نەیـارو ناحەزەکانیانـدا، بـەڵام خـوا ﷻ خـۆی پێغەمبـەرانی (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم) لـە خزمـەت خۆیـدا باسـکردوون، واتـە: کەسـێک کـە دژایەتیـی پێغەمبـەرانی خـوا (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم) دەکات، دژایەتیـی خوا دەکات و، پێغەمبەرانـی خـواش (عَلَيْهِـمُ الصَّـلاَةُ وَالسَّـلاَم) کـە زاڵدەبـن و سـەردەکەون بەسـەر نەیارانیـان دا، ئـەوە سەرخسـتنی خـوای پـەروەردگارو سـەرکەوتنی خوایـە ﷻ لە سـەرکەوتنی پێغەمبـەران دا بەرجەسـتە بـووە، ئـەوەش شـتێکە کۆتایـی پێهاتـوە، چونکـە خـوا خـاوەنی ئەوپـەڕی هێـزو دەسـەڵات و زاڵییـە.

کـە دەفەرمـوێ: بـە دڵنیایـی ئەوانـەی دژایەتیـی خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ دەکەن، ئەوانـە لـە هـەرە زەبوونانـن، بەدڵنیایـی مەبەسـت پێـی بـە پلـەی یەکـەم ڕۆژی دواییـە، کـە تێیـدا زۆر زەبـوون و ڕیسـوا دەبـن، چونکـە کەسـانێک هـەن، دژایەتیـی خـواو پێغەمبەرەکـەشی ﷺ دەکـەن، بـەڵام لـە دنیـادا زەبوونیـی و ڕیسـواییان پێـوە دیـار نابـێ و، بـە بـاڵا دەسـتیی و زاڵیـی و فیرعەونایەتیـی دەمێننـەوە.

بـەڵام ئـەو واتایـەشی هەیـە کـە هـەر کاتێـک ئەهـلی ئیمان هەبـن و، شـوێنی پێغەمبـەری خـوا بکـەون، لەگـەڵ ئەهـلی کوفـردا ڕووبـەڕوو ببنـەوە، لـە دنیاشـدا دوژمنـانی خـواو پێغەمبـەری خـوا، زەبـوون و ڕیسـواو شـەرمەزار دەبـن.

هەروەها کە دەشفەرموێ: خوا تۆماری کردوە: من و پێغەمبەرانم (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) سەرکەوتوو و زاڵین، ئەمەش دوو واتای هەن: یەکەم ڕۆژی دوایی، دووەم: سەرکەوتنی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لە ڕووی مەعنەوییەوە، وەک بەڵگەداریی و، هەق پێبوون و سەربەرزیی، کە ئەمەش بۆ هەموو پێغەمبەرانی پایەبەرزی خوا مسۆگەرو دەستەبەر کراوە.

واتایەکی دیکەشی ئەوەیە: زاڵبوونی پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) لە مەیدان دا، بەسەر ناحەزانیاندا، لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا، دەبێ و، هیچ پێغەمبەرێکمان نەبینیوە لەگەڵ دوژمنەکانی دا ڕووبەڕوو بوو بێتەوەو خوای موتەعال سەری نەخستبێ و دوژمنەکانی زەبوون و ڕیسوا نەکردبن، بەڵام پێغەمبەرانێک ﷺ (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) کە ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە، لەگەڵ دوژمنەکانیان دا، بە هێز ڕووبەڕوو ببنەوە، وەک زەکەریاو یەحیا علیهما السلام و هەندێک لە پێغەمبەرانی دیکەی خوا، وەک پێغەمبەرانێک کە خوا دەربازی کردوون و، گەلە کافرەکانیانی لە بەین بردوون، ئەوانە لە ڕۆژی دواییدا زاڵ و سەرکەوتوو دەبن، بەسەر نەیارەکانیاندا کە لە ڕاستیی دا سەرکەوتن ئەوەیە، کە لە وێدا دێتەدی، بەڵام لە ڕووی مەعنەوییەوە، لە ڕووی بەڵگەو دەلیل و، ڕووی هەق پێبوونەوەو، لە ڕووی سەربەرزیی و پاکیی و چاکییەوە، بێگومان بۆ هەموو پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم) ئەو سەرکەوتن و سەربەرزییە، دەستەبەر کراوە.

لە کۆتایی دا، خوا ﷻ باسی کۆمەڵی خۆی دەکات و دەفەرموێ: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾، هیچ کۆمەڵێکت دەست ناکەوێ، بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی بێ، دەستت ناکەون و، هەرگیز نابن، ﴿يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾، کە خۆشەویستیی و دۆستایەتییان هەبێ لەگەڵ کەسێکدا، کە دژی خواو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺو، دژایەتیی و بەربەرەکانێی خواو پێغەمبەری کردوە، هەرگیز کۆمەڵێکت دەست ناکەون، بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی

هەبێ، دۆستایەتیی و خۆشەویستیی لەگەڵ کەسێک دا بکەن، کە دژی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، واتە: هەر کەسێک دۆستایەتیی و نزیکیی لەگەڵ کەسێک دا بکات، کە دژی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، ئەوە دیارە بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی نیە.

﴿وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ﴾، هەرچەندە باوکیشیان بن، کوڕیشیان بن، براشیان بن، هۆزو عەشیرەتیشیان بن، واتە: هەرچەندە نیزیکترین کەسیشیان بن، مادام دژایەتیی خواو پێغەمبەری خوا بکەن ﷺ، هەر کەسێک بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی بێ، دۆستایەتیی و خۆشەویستیی لەگەڵ کەسی وادا نابێ، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ﴾، ئا ئەوانە خوا ئیمانی لە دڵدا چەسپاندوون، ﴿وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ﴾، لەلایەن خۆشیەوە بە ڕووحێک بەهێزی کردوون، پشتگیریی و توندو تۆڵ و قاییمی کردوون، ﴿وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ﴾، دەشیانخاتە چەند باخێکەوە کە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، واتە: ڕووبار بە ژێر درەختەکانیان دەڕۆن، ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە.

کە دەفەرموێ: دەیانخاتە نێو چەند باخێکەوە، ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن، واتە: تۆ کە لە دوور ڕا تەماشای شوێنی بڕواداران دەکەی، هەر باخ و گوڵ و گوڵزارو سەوزایی دێتە بەرچاوت، ئەگەرنا بەس باخی ڕووت نیە، بەڵکو کۆشک و تەلاریان تێدایەو، هەموو ئەو شتانەیان تێدا هەن، کە بۆ ژیانێکی هەمیشەیی بەردەوام پێویستن، ﴿خَٰلِدِينَ فِيهَا﴾، واتە: هەرماو دەبن لەوێدا، هەمیشەیی و دەبن، ﴿رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ﴾، خوا لەوان ڕازییەو، ئەوانیش لە خوا ڕازیین، ﴿أُوْلَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ﴾، ئا ئەوانە کۆمەڵی خوان، ﴿أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾، ئاگاداربن! بە دڵنیایی کۆمەڵی خوا سەرفرازن، بە مراد گەیشتوون، تەنیا ئەوانە ئامانج دەپێکن.

لە کۆتایی تەفسیرو مانای گشتیی ئەم ئایەتە موبارەکانەدا دەڵێین:

لێرە خوا ﷻ هەم پێناسەی کۆمەڵی شەیتانی کردوەو، هەم پێناسەی کۆمەڵی خۆی کردوە، پێناسەی کۆمەڵی شەیتانی کردوە بە چەند سیفەتێک، بەڵام تایبەتمەندترین سیفەتیان ئەوەیە، کە کەین و بەینیان هەیە، لەگەڵ جوولەکەکاندا، لەگەڵ کەسانێکدا کە خوا لێیان تووڕەیە، ئنجا ئەگەر جوولەکەکانن، ئەگەر هەر کەسێکی دیکەیە، خوا لە بێبڕوایان تووڕەیە، خوا لەو کەسانە تووڕەیە کە دژینی، دژی پێغەمبەرەکەینی و دژی پەیامەکەینی، ئنجا تایبەتمەندترین سیفەت و خەسڵەتی تاقم و پێڕی شەیتان - کە لێرەدا باسی مونافیق و دەغەڵەکانە - ئەوەیە کە کەین و بەین و دۆستایەتیی و نیزیکییان هەیە، لەگەڵ کەسانێکدا کە خوا لێیان تووڕەیەو غەزەبی لێگرتوون، بە تایبەت جوولەکەکان.

تایبەتمەندترین سیفەتی کۆمەڵی خواش، ئەوەیە کە هەموو پەیوەندییەکان دەپچڕێنن لەگەڵ نزیکترین کەسانیان دا، مادام ئەو نزیکترین کەسانەیان دژی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ بن، هەموو پەیوەندییەکیان لەگەڵ دا دەپچڕێنن و خۆشیان ناوێن و کەیفیان پێیان نایەت، بە پێچەوانەی مونافیق و دەغەڵەکانەوە، بە پێچەوانەی کۆمەڵی شەیتانەوە، ئەوان لەگەڵ ئەوانەدا دۆستایەتییان هەیە، کە خوا لێیان تووڕەیە، کەچی ئیمانداران هەر کەسێک بەربەرەکانێی خواو پێغەمبەرەکەی بکات ﷺ، هەر کەسێ دژی خواو پێغەمبەری خوا بێ ﷺ، با نزیکترین کەسیان بن، نەک هەر جوولەکە، بەڵکو ئەگەر باب و براو کوڕو عەشیرەت و خزمیشیان بن، دۆستایەتییان ناکەن و، پەیوەندییەکانیان لەگەڵدا دەپچڕێنن، ئنجا کەسانێکی ئاوا شایستەن پێیان بگوترێ: کۆمەڵی خوا.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سەرنجڕاکێشـانی خـوا ﷻ بـەرەو لای کەسـانێک کـە دۆسـتایەتیی و کەیـن و بەینیـان لەگـەڵ کۆمەڵێکـی لێتـووڕەی خـوا گرتـوودا هەیـەو، درۆ دەکـەن و، سـوێندە درۆیەکانیـان، کـردوون بـە سـوپەرو قەڵغـان، خۆیانیـان پـێ پەنـا بـدەن، لـە قیامەتیشـدا دیسـان سـوێندی درۆ بـۆ خـوا دەخـۆن و، پێیـان وایـە شـتێکیان بەدەستەوەیە لـە هـەق و، شـەیتان خستوونیە ژێـر ڕکێفـی خـۆی و، کـردوونی بـە کۆمـەڵ و شـوێنکەوتووی خـۆی:

خوا دەفەرموێ: ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوْا۟ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ وَيَحْلِفُونَ عَلَى ٱلْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿١٤﴾ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ۖ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٥﴾ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَـٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٦﴾ لَّن تُغْنِىَ عَنْهُمْ أَمْوَٰلُهُمْ وَلَآ أَوْلَـٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ أَصْحَـٰبُ ٱلنَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَـٰلِدُونَ ﴿١٧﴾ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ۖ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَـٰذِبُونَ ﴿١٨﴾ ٱسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ ٱلشَّيْطَـٰنُ فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ حِزْبُ ٱلشَّيْطَـٰنِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱلشَّيْطَـٰنِ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ ﴿١٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەقدە بڕگەدا:

خـوا ﷻ - وەک لـە مانـای گشـتییەکەیدا باسـمانکرد - لـەم ئایەتانـەدا بـاسی موونافیـق و دەغەڵـەکان دەکات، کـە کەیـن و بەینیـان هەبـوو لەگـەڵ جوولەکەکانـداو، قسـەی پەنهـان و چپەیـان پێکـەوە هەبـوو، پیلانیـان پێکـەوە دەگێـڕا:

١)- ﴿ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ تَوَلَّوْا۟ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم ﴾، ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە، کە دۆستایەتیان دەکەن لەگەڵ کۆمەڵێک دا، خوا لێیان تووڕە بووە! بێگومان لێرەدا

كە دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ﴾، ئەم پرسیارکردنە بۆ سەرسوڕماندنە، (**الإسْتِفهَامُ للتَّعْجِيْب**)، ئایا نەتڕوانیوەتە ئەوانە، لێرەدا ڕووی دواندن، دەگونجێ لە پێغەمبەری خاتەم بێ ﷺ، یان لە هەر کەسێک بێ بە کەڵکی دوێنران بێ (**لِكُلِّ مَنْ يَصْلُح للخِطَاب**)، مەبەست لە تەماشا کردنیش، دەگونجێ تەماشاکردنی چاو بێ، دەشگونجێ مەبەست تەماشاکردنی عەقڵ و دڵ بێت، ئایا ئەوانەت نەزانیوە، سەرنجت نەداون بە عەقڵ و بیر، کە چ کارێکی خراپ دەکەن! ﴿تَوَلَّوْا﴾ بە مانای دۆستایەتیی و نزیکییان هەیە، لەگەڵ کێ دا؟ ﴿قَوْمًا غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم﴾، کۆمەڵێک خوا لێیان تووڕە بووە، ئەم: ﴿غَضِبَ اللَّهُ عَلَيْهِم﴾و (**المَغْضُوبِ عَلَيْهِم**)، وەک پێشتریش گوتمان: لە عورف و باوی قورئاندا، وەک زاراوەیەکی لێهاتوە بۆ جوولەکەکان، چونکە خوا ﷻ لە چەند شوێنێک دا کە باسی جوولەکەکان دەکات، باسی تووڕەیی خۆی دەکات، لەسەریان، بۆ وێنە: لە سوورەتی (**المائدة**) ئایەتی ژمارە (٦٠)دا دەفەرموێ: ﴿قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللَّهِ مَن لَّعَنَهُ اللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ أُولَٰئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَاءِ السَّبِيلِ ۝٦٠﴾المائدة، واتە: بڵێ: ئایا هەواڵتان پێ بدەم، کەسێک پاداشتی لەوە خراپتر بێ، {واتە: سزای لەوە خراپتر بێ} لە لای خوا، کەسێک کە خوا نەفرینی لێکردووەو لێی تووڕە بووەو، مەیموون و بەرازی لێ پەیدا کردوون و...

بێگومـان ئەوانـەش کـە مەسـخکراون و هەڵگێردرانـەوە بـە بـەرازو مەیموونیـش، هـەر لـە جوولەکـەکان بـوون، وەک خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**الأعـراف**)دا، بـە نـاوی (**أصْحَـاب السَّـبْت**) بەسـەرهاتێک دێنـێ، کـە کۆمەڵێـک لـە جوولەکـەکان لـە شـارێک، لـە کەنـار دەریایـەک بـوون، ئنجـا جوولەکـە ڕۆژی شـەممە، ڕۆژی پشـوودانیانەو نابـێ هیـچ کەسـابەتێکی تێدابکـەن، ئەوانـەش کاریـان بریتـی بـووە لـە ڕاوە ماسـیی، شـەممان ڕاوە ماسـییان نەکـردوە، بـەڵام شـەممان ماسـییەکانیان لـە تەنـکاوان کردوون و، ڕۆژانی دیکـە چـوون بـە کاوە خۆگرتوویانـن، واتـە: فێڵیـان کـردوە، ئیـدی خـوا ﷻ بـە تەمەنەکانیـانی کردنـە بـەرازو، گەنجەکانیـشی کردنـە مەیمـوون، ئنجـا هەندێـک لـە زانایـان دەڵێـن: سرووشـت و ئاکاریـان بـوو، بـە هـی بـەرازو مەیمـوون، بـەڵام

وەک ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (**الأعراف**)دا باسمانکردووە، خوا ﷻ بە ڕوونیی ئەوەی فەرمووە کە کراون بە مەیموون، لێرەش دا[1] باسی بەرازیش دەکات، کەواتە: پێویست ناکات، تەئویل بکرێ و بگوترێ: لە ڕووی مەعنەوییەوە بووە، هەرچەندە ئەگەر واشبگوترێ: ئەویش هەر مانایەکی دروستە.

ئنجا خوا دەفەرموێ:

٢)- ﴿مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ﴾، ئەوانە لە ئێوە نین و لەوانیش نین، ئەوانەی کەین و بەینیان هەیە، لەگەڵ غەزەب لێگیراوەکاندا، لەگەڵ کۆمەڵی لێ تووڕە بووان دا، ﴿مَّا هُم مِّنكُمْ وَلَا مِنْهُمْ﴾، نە لە ئێوەن و، نە لەوانیشن، (**لَيْسُوا مُؤْمِنِيْن وَلاَ مِنَ اليَهُود**) نەبڕوادارن و، نە جوولەکەشن، بەڵکو دەغەڵ و دوو ڕوو، موخەننەتن، لە لای ئێوە خۆیان بە مسوڵمان پێشان دەدەن و، لەلای ئەوانیش دەڵێن: ئێمە لەگەڵ ئێوەین و ئێمەش بڕوامان بە ئیسلام نیەو، بڕوامان بە موحەممەد ﷺو ئەو قورئانەی دەڵێ: پەیامی خوایەو دابەزیوە، نیە.

٣)- ﴿وَيَحْلِفُونَ عَلَى الْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾، سوێندیش لەسەر درۆ دەخۆن و ئەوان دەشزانن، واتە: قسەیەک کە دەیکەن، درۆشەو کەچی سوێندی لەسەر دەخۆن، ﴿وَهُمْ يَعْلَمُونَ﴾، ئەمە حاڵە، واتە: لە حاڵێکدا کە دەشزانن قسەکەیان درۆیە، کەچی هەر سوێندیشی لەسەر دەخۆن، سوێندەکەشیان بۆ ئەوەیە کە لایەنی بەرانبەر بڕوا و متمانەیان پێ بکات، (**قَال السُّدِّيُّ وَمُقَاتِلٌ: نَزَلَتْ فِي عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أُبَيٍّ بن سَلُوْل وَعَبْدِ اللَّهِ بْنِ نَبْتَلٍ، وَكَانَ يُجَالس النَّبِيَّ ﷺ، وَيَرْفَعُ أَخْبَارَهُ إِلَى اليَهُودِ ويسبّ النَّبِيّ ﷺ، فَإِذَا بُلِّغَ خَبَرُهُ، أَوْ أَطْلَعَهُ اللَّهُ عَلَيْهِ، جَاءَ فَاعْتَذَرَ وَأَقْسَمَ أَنَّهُ مَا فَعَلَ**)، واتە: سوددیی و موقاتیل (کە دوو لە زانایانی جیلی دوای هاوەڵانن) گوتوویانە: ئەم ئایەتانە لە بارەی عەبدوڵلای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلوول و، عەبدوڵلای کوڕی نەبتەلەوە هاتوونە خوار، کە عەبدوڵلای کوڕی نەبتەل لە کۆڕو مەجلیسی پێغەمبەردا ﷺ دادەنیشت، هەواڵەکانی بۆ جوولەکەکان باس

---

(١) واتە: ئایەتی ژمارە (٦٠)ی (المائدة).

دەکردنەوەو، لە لای وان قسەی بە پێغەمبەر ﷺ دەگوت (جنێوی پێدەگوتن) بەڵام کاتێک هەواڵەکە دەگەیشتەوە لای پێغەمبەر، یان خوا ئاگاداری دەکردەوە، دەهاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و پۆزشی دەهێنایەوەو، سوێندیشی دەخوارد کە وای نەکردووەو نەگوتوە {پاکانەی بۆ خۆی دەکرد}.

هەر لەوبارەوە ئەم دەقەش هەیە، کە پێشتریش هێنامان و لێرەش دووبارەی دەکەینەوە: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: «يَدْخُلُ عَلَيْكُمْ رَجُلٌ يَنْظُرُ بِعَيْنِ شَيْطَانٍ، أَوْ بِعَيْنَيِ شَيْطَانٍ» قَالَ: فَدَخَلَ رَجُلٌ أَزْرَقُ، فَقَالَ لَهُ: «عَلَامَ تَسُبُّنِي أَوْ تَشْتُمُنِي؟» قَالَ: فَجَعَلَ يَحْلِفُ، قَالَ: فَنَزَلَتْ هَذِهِ الْآيَةُ الَّتِي فِي الْمُجَادَلَةِ: ﴿ وَيَحْلِفُونَ عَلَى ٱلْكَذِبِ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ وَالْآيَةُ الْأُخْرَى} (أخرجه أحمد: ٢١٤٨، وابن كثير: ج٤، ٣٢٨).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ (وەک پێشتر لە هۆی هاتنەخوارەوەکەشدا بەسەرهاتەکەیمان هێنا[1]) فەرمووی: ئێستا پیاوێک دێ، بە چاوی شەیتان یان بە هەردوو چاوی شەیتان تەماشاتان دەکات، پیاوێک هات ڕەنگی شین بوو، {یان چاوی شین بوون} پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموو: بۆچی قسەم پێ دەڵێی و جنێوم پێ دەڵێی؟ ئەویش دەستیکرد بە سوێند خواردن {کە قسەی پێ نەگوتووە} ئیدی لەوبارەوە ئەو ئایەتە هاتەخوارەوە، هەروەها ئایەتەکەی دواییش.

ئایا خوا ﷻ بۆ ئەوانە چ سزایەکی دیاریی کردوە؟

٤)- ﴿ أَعَدَّ ٱللَّهُ لَهُمْ عَذَابًا شَدِيدًا ﴾، خوا سزاو ئازارێکی سەختی بۆ ئامادە کردوون، ئایا مەبەست لە شوێنی ئەو ئازارە سەختە کوێیە؟ بێگومان یان مەبەست پێی قۆناغی بەرزەخە، دوای مردن، یان مەبەست پێی ڕۆژی قیامەتە، یان مەبەست هەردووکیانە.

٥)- ﴿ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴾، بە دڵنیایی ئەوەی دەیکەن، خراپترین شتە، کە ناپاکیی

---

(١) الإستيعاب في بيان الأسباب: ج٣، ص٦٤٩.

و موخەننەتیی لەگەڵ ئەهلی ئیسلامدا دەکەن و، کەین و بەینیان لەگەڵ جوولەکەکاندا هەیە، ئەوە خراپترین کردەوەیە دەیکەن و، دوو ڕوون، لەوێ بە ڕوویەک خۆیان پێشان دەدەن و، لەولاش بە ڕوویەکی دیکە خۆیان پێشان دەدەن.

٦)- ﴿ اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً ﴾، سوێندەکانی خۆیان کردوون بە قەڵغان، (**الجُنَّةُ: الوِقَايَةُ وَالسُّتْرَةُ مِن جَنَّ، أي اسْتَتَر، جَنَّهُ أي: سَتَرَه**)، (**جُنَّة**): بریتیە لە پارێزو پەردەیەک، شتێک کە مرۆڤ پەنا بدات و بیشارێتەوە، لە (**جَنَّ**) یانی: خۆی شاردەوە، (**جَنَّهُ**) یانی: شاردیەوەو پەنهانی کرد، ﴿ اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً ﴾، هەموویان وایان خوێندۆتەوە واتە: سوێندەکانیان کردوونە قەڵغان، (**أَيْمَان**) کۆی (**يَمِيْن**)ە، بەڵام حەسەنی بەصرایی و (**أبو العالية**) خوێندوویانەتەوە: (**اتَّخَذُوا إِيْمَانَهُم جُنَّة**) واتە: بڕوایەکەیانیان کردۆتە مەتاڵ و سوپەر، یانی: ئەو حاڵەتەی وایان پێشانی مسوڵمانان داوە، کە بڕوایان هەیە، واتە: ئەو مسوڵمانەتییە ڕواڵەتییەیان کردوە بە قەڵغانێک.

٧)- ﴿ فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ ﴾، ئنجا لە ڕێی خوا خەڵکیان لاداوە، یان خۆیان لایانداوە، لە ڕێی خوا، چونکە (**صَدَّ**)، هەم بە حاڵەتی (**لازم**) هاتوە، واتە: (**إنْصرف**) لایدا، هەم بە (**متعدِّي**)یش هاتوە یانی: (**صَرَفَ**) خەڵکی لادا، ئەوانیش هەم خۆشیان لایانداوەو، هەم خەڵکیشیان لاداوە.

٨)- ﴿ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴾، ئنجا ئەوان سزاو ئازارێکی ڕیسواکەریان بۆ هەیە، (**مُهِيْن: مُذِلّ وَمُخْزِي**) واتە: زەبوونکەرو ڕیسواکەرو شەرمەزارکەر.

٩)- ﴿ لَّن تُغْنِيَ عَنْهُمْ أَمْوَالُهُمْ وَلَا أَوْلَادُهُم مِّنَ اللَّهِ شَيْئًا ﴾، سامانەکانیان و ڕۆڵەکانیان لە بەرانبەر خوادا هیچ سوودیان پێ ناگەیەنن، لە بەرانبەر خوادا (**من الله**) دەگونجێ لێرەدا وشەیەک قرتێنرا بێ، واتە: (**مِنْ عَذَابِ الله**) لە بەرانبەر سزاو ئازاری خوادا، یاخود لە بەرانبەر تۆڵەی خوادا (**من عقاب الله**)، واتە: سامان و ڕۆڵەکانیان لە بەرانبەر سزای خوادا، ئەگەر بیەوێ سزایان بدات، هیچ دادیان نادەن و سوودیان پێ ناگەیەنن.

١٠)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴾، ئەوانە هاوەڵانی ئاگر (ی دۆزەخ)ن و بە هەمیشەیی تێیدا، دەمێننەوە.

بۆیە خوا ﷻ دەفەرموێ: سامانەکانیان و ڕۆڵەکانیان سوودیان پێ ناگەیەنن، چونکە هەر بەرژەوەندییە ناشەرعییەکانیان پەرچ و لەمپەربوون، لە بەردەمیاندا، کە ڕێی خوا بگرن، بەرژەوەندییە ناشەرعییەکانیان کە ماڵ و سامانیان بوو و، خزمەتکردنی منداڵەکانیان بوو، ئەوە بوو لە بەردەمیاندا پەرچ و لەمپەر بووە کە ئیمان بێنن و ڕێی خوا بگرن، ئەوەی هاندەریان بوو، بە حیساب بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن، کە کەین و بەینیان لەگەڵ جوولەکەکاندا هەبێ، بۆیە خوا دەفەرموێ: ئەو ماڵ و سامانەی بە حەرامی یان بە حەڵاڵی سەرگەرمی کۆکردنەوە و زۆرکردنی بوون، هەروەها خزمەتکردنی ڕۆڵەو کوڕو کچەکانیان کە وای لێکردبوون موخەننەتیی و ناپاکییان دەکرد، دژی پێغەمبەرو ﷺ مسوڵمانان، ئا ئەو ماڵ و سامانەو، ئەو منداڵانەیخۆیان بۆ لە خوا دەکردن، سوودیان پێ ناگەیەنن لە بەرانبەر سزای خواداو، ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن یاخود: خاوەنانی ئاگری دۆزەخن و، بە هەمیشەیی تێیدا دەمێننەوە.

١١)- ﴿ يَوۡمَ يَبۡعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعٗا فَيَحۡلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحۡلِفُونَ لَكُمۡ ﴾، ئەو ڕۆژەی خوا تێکڕایان هەڵدەستێنێتەوەو زیندوو دەکاتەوە، ئنجا سوێندی بۆ دەخۆن، وەک چۆن سوێند بۆ ئێوە دەخۆن، واتە: وەک چۆن لێرە سوێندی درۆ بۆ ئێوە دەخۆن، لەوێش بەوجۆرە سوێند بۆ خوا دەخۆن.

١٢)- ﴿ وَيَحۡسَبُونَ أَنَّهُمۡ عَلَىٰ شَيۡءٍ ﴾، پێشیان وادەبێ لە ڕۆژی دواییدا، کە لەسەر شتێکن، لەسەر شتێکی بە سوودن، یان لەسەر ئەندازەیەک، لە هەقن، شتێک هەقیان بەدەستەوەیە.

١٣)- ﴿ أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلۡكَٰذِبُونَ ﴾، بەڵام ئاگادارىن! هەر ئەوانەن درۆزن، یانی: درۆکردن لەوان دا کورت هەڵاتوە، هێندە درۆزنێکی بێرەزان.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ ﴾، ئەمـە وەک فەرمایشـتی خوایـە، کـە لـە شـوێنی دیکـەدا دەفەرمـوێ: ﴿ لَسْتُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ ﴿٦٨﴾ ﴾المائـدة، ئێـوە لەسـەر هیـچ شـتێک نیـن، واتە: لەسـەر هیـچ شـتێک نیـن لـە هـەق، یـان لەسـەر هیـچ شـتێک نیـن کـە سـوودی هەبـێ.

دوایی دەفەرموێ:

١٤)- ﴿ ٱسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ ٱلشَّيْطَٰنُ ﴾، شەیتان خستوونیە ژێر ڕکێفی خۆی و، دەسەڵاتی بەسەردا ڕاناون، بەسەریاندا زاڵبووە، (اسْتِحْوَاذُ: إسْتِفْعَالٌ مِنْ حَاذَ يَحُوذُ حَوْذًا، وَالإسْتِحْوَاذُ: الإسْتِيلَاءُ وَالْغَلَبُ، وَالأَحْوَذِيُّ: الْقَاهِرُ لِلأُمُورِ الصَّعْبَةِ. وَقَالَتْ عَائِشَةُ: كَانَ عُمَرُ أَحْوَذِيًّا نَسِيجَ وَحْدِهِ)، وشەی (اسْتِحْوَاذ: إسْتِفْعَال)ە لە (حَوْذ)ەوە هاتوە، (حَاذ، يَحُوذ، حَوْذاً)، (حَوْذ) چاوگە، ئنجا (اسْتِحْوَاذ) بە مانای بەسەردا زاڵبوون و دەسەڵات بەسەردا ڕانان و خستنە ژێر ڕکێفی خۆیە، ئەمە لە قورئان دا لە شوێنی دیکەش دا هاتوە، بۆ وێنە: لە سوورەتی (النساء)دا هاتوە: ﴿ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤١﴾ ﴾النساء، موونافیق و دڵنەخۆشەکان بە جوولەکەکان دەڵێن: ئایا ئێمە بەسەر ئێوەدا زاڵ نەبووین، بەڵام ئێوەمان پاراست لە بڕواداران؟ منەتیان لەسەر دەکەن، وشەی (أَحْوَذِي) لە زمانی عەرەبییدا بۆ کەسێکە، کە کارە سەختەکان دەخاتە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی خۆیەوە، دەتوانێ کارە سەختەکان ئەنجام بدات، دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) لە بارەی عومەری کوڕی خەتتابەوە گوتوویەتی: (كَانَ عُمَرُ أَحْوَذِيًّا نَسِيجَ وَحْدِهِ)، عومەر (أَحْوَذِي) بوو، واتە: کاری سەخت کە ڕووی تێدەکرد، بەسەریدا زاڵ دەبوو، کارەکانی چاک ڕادەپەڕاندن، (نَسِيجَ) بە مانای چندراوە، بەڵام ئەوە تەعبیرێکی باوە لە زمانی عەرەبیی دا بۆ مەدحکردنی کەسێک کە زۆر تایبەتە، واتە: شتێکی تایبەت بوو، کەسایەتییەکی تایبەتی خۆی هەبوو،

١٥)- ﴿ فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ ﴾، یادی خوای لە بیر بردوونەوە، بەدڵنیایی کەسێک بکەوێتە ژێر ڕکێفی شەیتان، لە خوای دووردەخاتەوە، ئنجا کە دەفەرموێ: یادی خوای لە بیر بردوونەوە، ئەمە هەموو شتێک دەگرێتەوە، نەک تەنیا ئەوەندە کە لەبیریان بچێ دابنیشن، زیکری خوا بکەن! واتە: فەرمانبەریی بۆ خوا، خزمەتکردنی پەیامی خوا،

گوێڕایەڵیی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ هەروەها باسکردنی ئایین و بەرنامەو شەریعەتی خوا، هەموو ئەوانەی لە بیر بردوونەوە، ﴿فَأَنسَىٰهُمْ ذِكْرَ ٱللَّهِ﴾، مانایەکەی گشتگیرە بۆ هەموو ئەوانە و جگە لەوانەش.

١٦)- ﴿أُوْلَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾، ئەوانە کۆمەڵی شەیتانن، ناوی ئاماژە (**أولئك**) بۆ زێدە جیاکردنەوەیانەو، بۆ ئەوەیە ئەو نازناوەیان پێوە بچەسپێنێ، ئا ئەوانەی باسکران، ئەوانە کۆمەڵی شەیتانن.

١٧)- ﴿أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱلشَّيْطَٰنِ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾، ئاگاداربن! کۆمەڵی شەیتان هەر ئەوانن، زیانباران، (**حزب**) پێشتریش باسمانکردوە: کۆمەڵە خەڵکێکن زبریی و هێزو پێزێکیان پێوە بێ، کە دەگوترێ: ﴿إِنَّ حِزْبَ ٱلشَّيْطَٰنِ﴾، واتە: کۆمەڵ و دەستەو دایەرەو هاوکاران و پشتیوانانی شەیتان.

﴿هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ﴾، واتـە: (**هـم الكاملـون فـي الخـسْرَان**)، ئەوانـن کـە بـە ڕاسـتیی زیانبـارن، وەک جگـە لـەوان هیـچ کـەسی دیکـە، زیانبـار نەبـێ.

مەسەلەی دووەم:

ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە دژایەتییکەرانی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ، لە ڕیزی هەرە زەبوونانەدا دەبن و، خوا بەڵێنی داوە کە خۆی و پێغەمبەرانی بەسەر ناحەزانیاندا، زاڵ دەبن، چونکە خوا خاوەنی ئەوپەڕی هێزو باڵادەستییە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ فِى ٱلْأَذَلِّينَ ﴿٢٠﴾ كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِىٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٢١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ﴾، بە دڵنیایی ئەوانەی بەربەرەکانێ و دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن.

٢)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ فِى ٱلْأَذَلِّينَ ﴾، ئەوانە لە هەرە زەبوونانن، (**المُحَادَّة: المُشَاقَّة وَالمُعَادَاة وَالمُخَالَفَة، مِنَ الحَدِيْد أو مِنَ الحَدّ**) (**مُحَادَّة**): بە مانای سەرپێچیی و لاملیی و، دژایەتیی و، بەربەرەکانێ دێ، لە وشەی ئاسن (**حَدِيْد**)ەوە هاتوە، واتە: هەر کامێکیان بە زمانی ئاسن، ئەویدیکە دەدوێنێ، یاخود لە وشەی (**حَدّ**)ەوە هاتوە، واتە: ئەو لە سنوورێکەو خواو پێغەمبەری خواش ﷺ، لە سنوورێکی دیکەو، لەلایەکی دیکەن، کە دەفەرموێ: ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ فِى ٱلْأَذَلِّينَ ﴾، (**أذَلِّيْن**) کۆی (**أذَلّ**)ە، کە ڕێژگەی هەڵبژاردنە لە (**ذَلِيْل**)، واتە: زەبوون، (**أذَلّ**)یش یانی: هەرە زەبوون، واتە: هیچکەس لەوان زەبوونترو سەرشۆڕتر نیە، هەڵبەتە لێرەدا مەبەست پێی ڕۆژی دواییە.

٣)- ﴿ كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِىٓ ﴾، خوا نووسیویەتی کە من و ڕەوانە کراوانم، زاڵ دەبین.

نووسیویەتی یانی: بڕیاری داوە، یاخود لە (**لوح محفوظ**)دا نووسیویەتی، یان لە زانیاریی خوای بەرزدا ئەوە چەسپێنراوە.

٤)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ﴾، بە دڵنیایی خوا زۆر بەهێزەو، زۆریش زاڵ و باڵادەستە.

لێرەدا زانایان لەوبارەوە زۆریان قسە کردوە، کە ئایا مەبەست لەوەی خوا دەفەرموێ: ئەوانەی بەربەرەکانێی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکەن، لە زەبوونانن و، خواش تۆماری کردوە کە خۆی و پێغەمبەرەکانی (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) زاڵ دەبن بەسەر ناحەزان دا، مەبەست پێی دنیایە، یان مەبەست پێی دوارۆژە؟

لەو بارەوە زانایان زۆریان قسە کردوە، هەندێکیان دەڵێن: مەبەست پێی دنیایە، هەندێک دەڵێن: نەخێر مەبەست پێی دوارۆژە، منیش وای تێدەگەم ئەو ڕاستییەی خوا ﷻ لە چەند شوێنێکی دیکەش دا باسی کردوە، بۆ وێنە:

أ- لە سوورەتی (**الصافات**)دا ئایەتەکانی: (١٧١و ١٧٢و ١٧٣)، وەک زۆرجار گوتوومانە: قورئان هەندێکی هەندێکی ڕوون دەکاتەوە، لەوێ خوا دەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ سَبَقَتْ كَلِمَتُنَا لِعِبَادِنَا ٱلْمُرْسَلِينَ ﴿١٧١﴾ إِنَّهُمْ لَهُمُ ٱلْمَنصُورُونَ ﴿١٧٢﴾ وَإِنَّ جُندَنَا لَهُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿١٧٣﴾﴾**الصافات**، واتە: وشەمان تێپەڕیوە بۆ بەندە ڕەوانەکراوەکانمان، کە بە دڵنیایی ئەوان سەرخراو دەبن و، سەربازەکانی ئێمە زاڵ دەبن.

ب- لە سوورەتی (**غافر**)دا دەفەرموێ: ﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ فِى ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ ٱلْأَشْهَٰدُ ﴿٥١﴾ يَوْمَ لَا يَنفَعُ ٱلظَّٰلِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ ۖ وَلَهُمُ ٱللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوٓءُ ٱلدَّارِ ﴿٥٢﴾﴾**غافر**، واتە: بە دڵنیایی ئێمە پێغەمبەرەکانی خۆمان و ئەوانەش کە بڕوایان هێناوە لە ژیانی دنیاداو، لەو ڕۆژەشدا کە شایەدەکان ڕاست دەبنەوە (شایەدیی دەدەن) سەریان دەخەین، ئەو ڕۆژەی ستەمکاران پۆزش هێنانەوەکەیان سوودیان پێ ناگەیەنێ و، نەفرینیان لێیەو خراپترین مەنزڵگایان جێیە.

کەواتە: کە خوا لێرە دەفەرموێ: ﴿كَتَبَ ٱللَّهُ لَأَغْلِبَنَّ أَنَا۠ وَرُسُلِىٓ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِىٌّ عَزِيزٌ ﴿٢١﴾﴾**المجادلة**، پێش ئەوەش دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يُحَآدُّونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ٱلْأَذَلِّينَ ﴿٢٠﴾﴾**المجادلة**، ئەمە هەم دنیا دەگرێتەوەو، هەم دوارۆژیش، دنیا دەگرێتەوە بە مەرجێک ئەهلی ئیمان لەگەڵ ئەهلی کوفردا ڕووبەڕوو ببنەوە،

ئەهلی ئیمان بە ڕاستیی ئەهلی ئیمان بن، چ بە قیادەی پێغەمبەران و، چ بە قیادەی جێنشینانی پێغەمبەران، ئەوە بە مسۆگەریی ئەهلی ئیمان سەردەکەون، لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا، بە مەرجێک بە ڕاستیی ئەهلی ئیمان بن و، بەپێی شەریعەتی خواو یاسا گەردوونییەکانی خوا مامەڵەیان کرد بێ، لە دوارۆژیشدا بێگومان سەرکەوتنی پێغەمبەران و بڕواداران شتێکی مسۆگەرەو جێی دڵنیاییە.

هەروەها ئەگەر ڕووبەڕوو بوونەوەش نەبێ لە نێوانی ئەهلی ئیمان و ئەهلی کوفردا، ئەهلی ئیمان لە ڕووی مەعنەوییەوەو لە ڕووی بەڵگەوە، زاڵ و باڵادەستن، کەواتە: زاڵیی و باڵا دەستیی پێغەمبەران و بڕواداران لە دنیادا، لە بەرامبەر کافران و ناحەزانی خواو پێغەمبەرانی خوادا، شتێکی مسۆگەرە، چ زاڵبوونی بەرهەست و ڕواڵەتیی و لەسەر ئەرزی واقیع، یاخود زاڵبوونی مەعنەویی، لە ڕووی بەڵگەو دەلیل و فکرو قەناعەت و ڕەوشت و ئاکارو، لە ڕووی پاکیی و چاکییەوە.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

هەواڵـدانی خـوای پـەروەردگار بـەوە، کـە هەرگیـز بـڕواداران بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی خۆشەویسـتیی و دۆسـتایەتییان بـۆ کەسـانێک نابـێ، کـە دژایەتیـی خواو پێغەمبەرەکـەی دەکـەن، ئەگـەر ئـەو جـۆرە کەسانە بابیـان، یـان برایـان، یـان کوڕانیـان، یاخـود خـزم و هۆزیشـیان بـن، چونکـە خـوا ئیـمانی لـە دڵـدا سـەقامگیر کـردوون و، بـە ڕووحێکـی تایبـەت لەلایـەن خۆیـەوە بەهێـزی کـردوون، ئەوانـە سـەرەنجامیان بەهەشـتەو خـوا لێیـان ڕازییـە، ئەوانیـش لـە خـوا ڕازی دەبـن، ئەوانـە کۆمەڵـی خـوان و، کۆمەڵـی خـواش هەمیشـە سـەرفرازو براوەیـە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ۖ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ۚ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ۚ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٢٢﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ﴾، هەرگیز چنگت ناکەوێ، لێت هەڵناکەوێ، کۆمەڵێک بڕوابێنن بە خواو بە ڕۆژی دوایی و، دۆستایەتیی و خۆشەویستییان هەبێ بۆ کەسێک، کە دژی خواو پێغەمبەرەکەیەتی، واتە: (**مَنْ عَادَى الله وَرَسُوْلَه، مَنْ خَالَف وَشَاقَّ الله وَرَسُولَه**)، تۆ هەرگیز کۆمەڵێک کە دژی خواو پێغەمبەرەکەینی ﷺ و بەربەرەکانێیان بکەن و سەرپێچییان لێ بکەن، هەرگیز کۆمەڵێکت وات چنگت ناکەون، دۆستایەتیی ئەو جۆرە کەسانە بکەن، مادام بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێ.

٢)- ﴿ وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ﴾، هەرچەندە ئەو جۆرە کەسانە (کە دژایەتیی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن) بابیان بن، یان کوڕیان بن، یان برایان بن، یاخود هۆزو عەشیرەتیان بن.

٣)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ ﴾، ئەوانە خوا ئیمانی لە دڵدا چەسپاندوون، شتێک بنووسرێ، لەو نووسراوو لاپەڕەیەدا، دەچەسپێ واتە: ئیمانی لە دڵدا سەقامگیر کردوون، (الطبري) دەڵێ: (قَضَى فـي قُلُوبِهِمْ الإِيمَان وَ(فـي) بِمَعْنَى اللاَّم)، واتە: ئیمانی لە دڵدا بڕیارداون، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿ فِى قُلُوبِهِمُ ﴾، (فِي) بە مانای (ل) یە (لِقُلُوبِهِمْ)، بۆ دڵیان ئیمانی بڕیارداوە، دەشگونجێ بگوترێ: ئیمانی لە دڵیاندا چەسپاندوە.

٤)- ﴿ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ﴾، لەلایەن خۆیەوە بە ڕووحێکی تایبەت، بەهێزی کردوون.

وشـەی (روح) لـە قورئانـدا بـە مانـای ڕووح هاتـوەو، بـە مانـای جیبریـل هاتـوە و، بـە مانـای وەحیـی خـوای پـەروەردگار هاتـوەو، بـە مانـای قورئـان هاتـوە، دەگونجـێ لێـرەش دا ڕووح بـە مانـای بەڵگـەو زێـدە ڕێنمایـی یـان زێـدە دڵنیایـی بـێ، یـان بـە مانـای یارمەتییـدانی مەعنەویـی خـوا ﷻ بـێ.

٥)- ﴿ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ ﴾، دەیانخاتە نێو چەند باخێکەوە کە ڕووباریان بە ژێردا دەڕۆن.

٦)- ﴿ خَٰلِدِينَ فِيهَا ﴾، لەوێ دا هەرماو دەبن.

٧)- ﴿ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ﴾، خوا لێیان ڕازییەو، ئەوانیش لەو (خوا) ڕازیین.

٨)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانە کۆمەڵی خوان، واتە: ئەوانەی ئەوە سیفەتیانە، ئەوانە سەربازانی خواو دۆستانی خوان.

٩)- ﴿ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾، ئاگاداربن! تەنیا کۆمەڵی خوا سەرفرازن، (الطبري) دەڵێ: (هُم الْمُنْجَحُونَ بِإِدْرَاكِهِمْ مَا طَلَبُوا، وَالْتَمَسُوا) هەر ئەوانەن کە بە ئامانج دەگەن و بە مراد دەگەن، ئەوەی داوایان کردوە و خواستوویانە، وە دەستیان هێناوە.

لـە دنیـادا سـەربەرزیی و سـەرفرازیی و، لـە دوارۆژیـش دا ڕووسـووریی و بـە مـراد گەیشـتنی ڕاسـتەقینە.

ئـەم ئایەتـە موبارەکـە ئـەوەی لێـی وەردەگیـرێ، کـە هـەر کەسـێک بـە ڕاسـتیی بـڕوای بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی بـێ، هەرگیـز لـە دڵـەوە کەسـانێکی خۆشـناوێن کـە دژی خـواو پێغەمبـەری ﷺ خـوان، بـا نیزیکتریـن کەسیشـیان بـن، وەک بـاب و بـراو کـوڕو خـزم و عەشـیرەت.

کورتە باسێک: پێناسەی کۆمەڵی خواو کۆمەڵی شەیتان و، بنەڕەتییترین تایبەتمەندییەکانیان:

ئەم کورتە باسە تیشکی زیاتر دەخاتە سەر چەمک و واتای ئەم ئایەتە موبارەکانەی (**المجادلة**)، هەروەها ئەو ئایەتانەی سوورەتی (**المائدة**) ئایەتەکانی: (٥١ - ٥٦)، کە خوا ﷻ لە ئایەتەکانی: (٥١ - ٥٣)ی سوورەتی (**المائدة**)دا، باسی کۆمەڵی شەیتان دەکات و، لە ئایەتەکانی: (٥٤ - ٥٦)دا، پێناسەی کۆمەڵی خوا دەکات، لێرەش لە سوورەتی (**المجادلة**)دا، ئایەتەکانی: (١٥ - ٢٠) بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵی شەیتان دیاریکراون و، ئایەتەکانی: (٢١ - ٢٢)ش بۆ پێناسەکردنی کۆمەڵی خوا ﷻ.

ئەگەر تەماشای ئەو دوو کۆمەڵە ئایەتە بکەین، لە سوورەتی (**المائدة**)دا، ئایەتەکانی: (٥١ - ٥٦)، کە ئێمە کاتی خۆی تەفسیرمان کردوون، بەڵام لێرە وەک پێناسەکردنی کۆمەڵی شەیتان و کۆمەڵی خواو، گرنگترین خەسڵەت و تایبەتمەندیی کۆمەڵی شەیتان و کۆمەڵی خوا، هەروەها ئایەتەکانی (١٥-٢٢)ی (**المجادلة**)ش، کە لە دوو بڕگەدا دەیانتوێژینەوە:

بڕگەی یەکەم: خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵی شەیتان:

ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە ئەو دوو کۆمەڵە ئایەتە، ئایەتەکانی: (٥١ - ٥٦) لە سوورەتی (**المائدة**)داو، ئایەتەکانی: (١٥ - ٢٢) لە سوورەتی (**المجادلة**)دا، خوا ﷻ هەم بۆ کۆمەڵی شەیتان، ژمارەیەک خەسڵەت و تایبەتمەندیی خستوونەڕوو، هەم بۆ کۆمەڵی خوا ﷻو، سەرەتاش دێینە سەر خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵی شەیتان:

١)- دۆستایەتی گرتن لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکاندا: وەک لە ئایەتی ژمارە (٥١)ی سوورەتی (المائدة)دا هاتوە، کە خوا دەفەرمویٚ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ ﴾المائدة، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! جوولەکەو نەصرانییەکان بە دۆست مەگرن {و بە پشتیوانی خۆتانیان مەزانن و خۆشتان نەوێن} هەندێکیان دۆست و پشتیوانی هەندێکیانن، هەر کەسێک لە ئێوە دۆستایەتییان لەگەڵ بگرێ، لەوانە، بە دڵنیایی خوا کۆمەڵی ستەمکاران ڕاستە ڕێ ناکات.

کەواتـە: یەکەمیـن تایبەتمەندیـی کۆمەڵـی شـەیتان، ئەوەیە کـە دۆسـتایەتیی و کەین و بەینیـان دەبـێ لەگـەڵ جوولەکـەو نەصرانییـەکان دا، کـە بێگومـان مەبەسـت ئـەو جوولەکـەو نەصرانییـەن کـە دژایەتیـی ئیسـلام دەکـەن، بـەڵام جوولەکەیـەک لـە ماڵـی خۆیـدا دانیشـتوەو، نەصرانییـەک لـە ماڵـی خـۆی دانیشـتوە، بـێ زیـان و سـەلامەتە، یان لـە قـەوارەو دەوڵـەتی خـۆی دا دانیشـتوەو، دژایەتیی ئیسـلام و مسـوڵمانان نـاکات، ئەوە ئەگـەر جۆرێـک لـە پەیوەندیـی و تەبایـی و، جۆرێـک لـە بەرژەوەندیـی هاوبەشـیش پێکـەوە دابیـن بکـەن، هیـچ گـرێ و ئیشـکالێکی شـەرعیی تێدانیـە.

٢)- نەخۆشیی لە دڵ دا هەبوون: وەک خوا لە ئایەتی ژمارە (٥٢)ی سوورەتی (المائدة) دا دەفەرموێ: ﴿ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ ﴿٥٢﴾ ﴾المائدة، ئەوانەی دڵیان نەخۆشیی تێدایە، دەیانبینی خێرایی دەکەن لە دۆستایەتیی گرتن لەگەڵیان دا {و ماستاو بۆ کردنیان و خزمەتکردنیان}.

کەواتـە: ئەمـە خەسـڵەت و سـیفەتی دووەمـی کۆمەڵـی شـەیتانە، کـە دڵیـان نەخۆشـیی تێدایـەو، نەخۆشـییەکەش بریتیـە لـە دوو دڵیـی و گومـان و موخەننەتیـی و، ڕق هەڵسـان لـە ئیسـلام و ... هتـد.

٣)- هەمیشە دەستیان لەسەر دڵیانە، لەبەر بەڵای ڕۆژگار: وەک لە هەمان ئایەت دا دەفەرموێ: ﴿ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ﴿٥٢﴾ ﴾المائدة، دەڵێن: دەترسین بەڵایەکمان

تووش ببێ، بەڵایەک کە دەورەمان بدات، خوا دەفەرموێ: ﴿ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِيَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ فَيُصْبِحُوا۟ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ ﴾، نیزیکە خوا لەلایەن خۆیەوە فەتحێک بێنێ، سەرکەوتنێک برەخسێنێ بۆ مسوڵمانان، یاخود کارێک لەلایەن خۆیەوە بێنێ و، ئەو دڵنەخۆشانە {ئەو مونافیق و دەغەڵانەی کەین و بەینیان لەگەڵ جوولەکەو نەصرانییەکان دا دەکەن} لەسەر ئەوەی لە دەروونیاندا پەنهانیان کردوە، پەشێمان ببنەوە.

٤)- هەمیشە سوێندی بە درۆ دەکەنە قەڵغانی سەر سەری خۆیان: زۆر سوێندان دەخۆن و، سوێندەکانیش دەکەنە قەڵغان و سوپەرێک لەسەر سەری خۆیانی هەڵدەدەن، وەک لە سوورەتی (**المجادلة**) ئایەتی (١٦)دا دەفەرموێ: ﴿ ٱتَّخَذُوٓا۟ أَيْمَٰنَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٦﴾ ﴾**المجادلة**، واتە: سوێندەکانی خۆیان {واتە: سوێندە درۆیەکانیان} کردوونە قەڵغان لەسەر سەری خۆیان، لە سوورەتی (**المائدة**)شدا دیسان ئەم ڕاستییە هەر هاتوە، دەفەرموێ: ﴿ وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقْسَمُوا۟ بِٱللَّهِ جَهْدَ أَيْمَٰنِهِمْ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ حَبِطَتْ أَعْمَٰلُهُمْ فَأَصْبَحُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿٥٣﴾ ﴾**المائدة**، واتە: لە ڕۆژی دواییدا ئەوانەی بڕوایان هێناوە، دەڵێن: ئا ئەوانە بوون کە لە دنیادا زۆر بە خۆ ئەزیەتدانەوە، سوێندیان دەخوارد، زۆر بە جەختکردنەوە سوێندیان دەخوارد، کە ئەوان لەگەڵ ئێوەن، {کەچی ڕاستیشیان نەدەکردو سوێندەکانیان بە درۆ بوون} ئێستاش کردەوەکانیان هەڵوەشاونەوەو لە زیانبارانن!!

٥)- خۆشیان و خەڵکیش لە ڕێ لادەدەن: ﴿ فَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ فَلَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿١٦﴾ ﴾**المجادلة**، خەڵک لە ڕێی خوا لادەدەن و، خۆشیان لادەدەن، ئنجا ئازارێکی ڕیسواکەریان هەیە.

٦)- سوێندی زۆر خواردن بۆ خوای پەروەردگاریش، لە ڕۆژی دواییداو، گومانکردن کە لەسەر هەقێکن و شتێکیان بە دەستەوەیە:

وەک لە سوورەتی (**المجادلة**) ئایەتی (١٨)دا دەفەرموێ: ﴿ يَوْمَ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ جَمِيعًا فَيَحْلِفُونَ لَهُۥ كَمَا يَحْلِفُونَ لَكُمْ ۖ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَىْءٍ ۚ أَلَآ إِنَّهُمْ هُمُ ٱلْكَٰذِبُونَ ﴿١٨﴾ ﴾، واتە: ئەو

ڕۆژەی خـوا زیندوویـان دەکاتـەوە، سـوێندی بـۆ دەخـۆن {سـوێندی بـە درۆ} وەک چـۆن سـوێند بـۆ ئێـوە دەخـۆن. ﴿ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ عَلَىٰ شَيْءٍ ۚ أَلَا إِنَّهُمْ هُمُ الْكَاذِبُونَ ﴾، خەیاڵپڵاویـش دەکـەن و، پێیـان وایـە لەسـەر شـتێکن، شـتێکیان لـە هـەق بـە دەسـتەوەیە.

٧)- زاڵبوونی شەیتان بە سەریاندا: وەک لە سوورەتی (**المجادلة**)، لە ئایەتی (١٩)دا دەفەرموێ: ﴿ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ ﴿١٩﴾ ﴾، (**إستحواذ**) هەر ئەوە نیە بەسەریاندا زاڵبووە، بەڵکو وەک چۆن کەسێک حوشترێک دەداتە پێش خۆی و ئێوەی دەژەنێ و لە پشتیەوە دەڕواو لێی دەخوڕێ، ئاوا شەیتان لێیان دەخوڕێ بەرەو ئەو ئامانجانەی دەیەوێن.

٨)- یادی خوا لە بیرچوونەوە: ﴿ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَأَنسَاهُمْ ذِكْرَ اللَّهِ ﴿١٩﴾ ﴾**المجادلة**، واتە: شەیتان خستوونیە ژێر ڕکێفی خۆی و یادی خوای لە بیربردوونەوە.

٩)- بوونە کۆمەڵ و تاقمی شەتیان: وەک خوا فەرموویەتی: ﴿ أُولَٰئِكَ حِزْبُ الشَّيْطَانِ ۚ أَلَا إِنَّ حِزْبَ الشَّيْطَانِ هُمُ الْخَاسِرُونَ ﴾، ئەوانە کۆمەڵی شەیتانن، ئاگاداربن! هەر کۆمەڵی شەیتان زیانبارن، واتە: زیانباری تەواو عەیار، بەس ئەوانن.

١٠)- دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی کردن و چوونە ڕیزی هەرەزبوونانەوە: وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ فِي الْأَذَلِّينَ ﴿٢٠﴾ ﴾**المجادلة**، بەدڵنیایی ئەوانەی دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، ئەوانە لە هەرەزەبوونانن.

وێڕای دوژمنـان و ناحـەزانی دیکـەی ئیسـلام، کـە ئەوپـەڕی زەبوونیـی و ڕیسـوایی و شـەرمەزارییان بـۆ دەبـێ لـە دنیـاو لـە دوارۆژدا.

ئەم دە سیفەتە، دە نیشانەو خەسڵەتی بنەڕەتیی و سەرەکیی کۆمەڵی شەیتانن.

بڕگەی دووەم: خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵی خوا:

ئەوان خوای بەرزی مەزن شازدە (١٦) سیفەتی لێ هەڵداون:

لـە ئایـەتی ژمـارە (٥٤)ی سـوورەتی (المائـدة)دا، خـوا ﷻ شـەش سـیفەتی لـێ باسـکردوون، دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ ﴿٥٤﴾ ﴾المائـدة، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کەسـێک لـە ئێـوە لـە ئایینەکـەی پاشـگەزبێتەوە، خـوا کۆمەڵێـک دێنـێ، ئایـا ئـەو کۆمەڵـە چۆنـن؟ هەڵبەتـە بەڕواڵـەت مسـوڵمانان، بـە هـۆی کەیـن و بەیـن هەبوونـەوە لەگـەڵ جوولەکـەو نەصرانییـەکان داو، بـە هـۆی دڵنەخۆشـیی و، بەهـۆی ئـەوەوە کـە موخەننـەت و ناپاکـن لەگـەڵ ئەهـلی ئیسـلام دا، لـە ئیسـلام هەڵدەگەڕێنـەوەو لـە بازنـەی ئیسـلام دەچنـەدەر، بۆیـە خـوا دوای ئـەوە دەفەرمـوێ: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کامێـک لـە ئێـوە لـە ئایینەکـەی هەڵگەڕێتـەوە، پاشـگەزبێتەوە، لـە بازنـەی ئیسـلام و ئیمـان بچێتـەدەر، خـوا ﷻ پەکی پێ ناکـەوێ: ﴿ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ ﴾، خـوا کۆمەڵێک دێنـێ، سـیفەتەکانیان بـاس دەکات و، دوایـی لـە کۆتایـی دا دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾المائـدة، بـە دڵنیایـی بـەس کۆمەڵـی خـوا زاڵ و سـەرکەوتوون، کەواتـە: ئـەم شـەش سـیفەتە: ﴿ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖ ﴾، ئەمانـە شـەش سـیفەتن، لـەو کۆمەڵـەدا کـە خـوا دەیانهێنـێ بـۆ بووژاندنـەوەی بەرنامـەی خـۆی و، بـۆ هەڵسـاندنەوەی ئـاڵاو بەیداغـی پەیامەکـەی و، ئـەو شـەش سـیفەتەش ئەمانـەن:

١- خوا خۆشیدەوێن:

یەکەمیـن: سـیفەتیان ئەوەیـە کـە خـوا خۆشـیدەوێن: ﴿ يُحِبُّهُمۡ ﴾، خـوا کێـی خـۆش دەوێ؟ بێگومـان خـوا لـە گۆتـرە کـەسی خۆشـناوێ و، لـە گۆتـرە ڕقیـشی لـە کـەس هەڵناسـتێ، خـوا ئەوانـەی خۆشـدەوێن کـە چاکـەکاران، پشـت بـە خـوا بەسـتووان، خۆڕاگـران، گـەڕاوان بـۆ لای خـوا، خـۆ پاککـەرەوان، خـوا ئەوانـەی خۆشـدەوێن.

٢- خوایان خۆشدەوێ:

سـیفەتی دووەمیـان: ﴿ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴾، خوایـان خۆشـدەوێ، بەڵگـەو نیشـانەی خۆشویسـتنی خـواش، شـوێنکەوتنی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ، دەبـێ خوشەویسـتی خـوات خـۆش بـوێ، ئنجا بەڵگـەت هەیـە کـە تـۆ خـوات خۆشـدەوێ: ﴿ قُلۡ إِن كُنتُمۡ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحۡبِبۡكُمُ ٱللَّهُ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣١ ﴾آل عمـران، واتـە: بڵـێ: ئەگـەر ئێـوە خواتـان خۆشـدەوێ، شـوێنم بکـەون، خـواش خۆشـیدەوێن.

٣- میهرەبانیی لەسەر بڕواداران:

﴿ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، لەسـەر بـڕواداران میهرەبانـن، (ذَلِيـل) لێـرەدا مـادام بـە (عَلَى) تەعـەددای کـردووەو بـەرکاری خواسـتوە (ذَلَّ عَلَيْـه) واتـە: (عَطَـف عَلَيْـه) سـۆزو پـەرۆشی بـۆی بـوو، یـانی: سـۆزو پـەرۆش لەگـەڵ بـڕواداران دا بەکاردەهێنـن.

٤- لەسەر بێبڕوایان زبروزاڵن:

﴿ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴾، وەک چـۆن (أذِلَّـة) کـۆی (ذَلِيـل)ە، (أعِـزَّة)ش کـۆی (عَزِيـز)ە واتـە: باڵادەسـت و زاڵـن بەسـەر بێبڕوایانـدا، لـە مەیـدانی ڕووبـەڕوو بوونـەوەدا.

٥- ئەوپەڕی تێکۆشان لە ڕێی خوادا:

﴿ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴾، بەوپەڕی تواناوە لە پێناوی خوادا تێدەکۆشن.

٦- بێباکیی لە لۆمەی لۆمەکاران:

﴿ وَلَا يَخَافُونَ لَوۡمَةَ لَآئِمٖ ﴾، لە لۆمەی لۆمەکارانیش ناترسێن.

بەڵـێ کۆمەڵـی خـوا ئەوانـەن کـە هەمـوو توانـای خۆیـان سـەرف دەکـەن لـە پێنـاوی خـوادا، بـە دڵ و بـە زمـان و بـە دەسـت و بـە مـاڵ و بـە هەمـوو شـێوەیەک، لـە ڕێـی خـوادا تێدەکۆشـن، هەروەهـا لـە لۆمـەی لۆمەکارانیـش ناترسـێن، لـە

سەرکۆنەو ڕەخنەی هیچ ڕەخنەگرێک و، هیچ سەرکۆنە کەرێک ناترسێن، ﴿ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ ﴾، ئەوەش بەخششی خوایە دەیدات بە هەر کەسێک بیەوێ و، خوا فراوانی زانایە، واتە: خاوەن بەخششی فراوانەو بەزەیی فراوانەو حیکمەتی فراوانەو، زاناشە دەزانێ ئەو بەزەیی و حیکمەت و بەخششە فراوانەی خۆی، دەدات بە کێ و لە کوێ دایدەنێ!

هەر لە سووڕەتی (المائدة) لە ئایەتی ژمارە (٥٥)دا، سیفەتەکانی: (٧ و ٨ و ٩) ی کۆمەڵی خواش باسکراون، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمْ رَٰكِعُونَ ﴿٥٥﴾ ﴾المائدة، بە دڵنیایی دۆست و پشتیوانی ئێوە (ئەی بڕوادارینە! ئەی ئەوانەی دەبن بە کۆمەڵی خوا!) تەنیا خوایەو پێغەمبەری خوایە ﷺ، کەواتە: خەسڵەتێکی سەرەکیی کۆمەڵی خوا، ئەوەیە خواو پێغەمبەری ﷺ خوایان لە هەموو کەس خۆشتر دەوێن، خوا ﷻ لە قەدەر خۆی و، پێغەمبەرەکەشی لە قەدەر خۆی، نەک وەک یەک.

ئەم دوو سیفەتەمان لێرە نەژماردن، چونکە دواییش دێن.

٧- دۆستایەتییکردنی بڕواداران:

﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، [هەروەها لە دوای خواو پێغەمبەری خوا ﷺ] بڕوادارانیان لە هەموو کەس خۆشتر دەوێن، دۆستیانن، تەنیا دۆست و پشتیوانیان دوای خوا، ئەهلی ئیمانە.

٨- نوێژ بەرپاکردن:

﴿ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ ﴾، نوێژ بەرپا دەکەن، نوێژ نەک هەر دەیکەن، بەڵکو بەرپای دەکەن، یانی: بەو شێوەیە ئەنجامی دەدەن، کە خوا فەرموویەتی و پێغەمبەرەکەی ﷺ کردوویەتی.

٩- زەكات دان:

﴿ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾، زەكاتیش دەدەن، واتە: هەم مافی خوا جێبەجێ دەكەن، هەم مافی خەڵک، یان هەم ئەركی مەعنەویی لە ئیسلام دا جێبەجێ دەكەن، هەم ئەركی ماددیی، لە كاتێكدا كە زەكاتیش دەدەن، هەمیشە بە ڕكووع بردوویی دەیانبینی.

١٠- دۆستایەتیی گرتن لەگەڵ خواو پێغەمبەرەكەیداو، زاڵبوون بەسەر ناحەزان دا:

﴿ وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْغَٰلِبُونَ ﴿٥٦﴾ ﴾المائدة، بە دڵنیایی هەر كەسێک دۆستایەتیی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺو، ئەوانەی بڕوایان هێناوە، بكات، كۆمەڵی خوایەو، كۆمەڵی خواش زاڵن، كۆمەڵی خوا دۆستی خواو پێغەمبەرەكەینی و بەسەر نەیارەكانیاندا، زاڵ دەبن، ئەگەر لە مەیدانێكدا لەگەڵیان دا ڕووبەڕوو ببنەوە، بەسەر نەیارەكانیاندا زاڵ دەبن و، لە ڕووی ئاكاری بەرزەوەو، لە ڕووی ڕووحیی و مەعنەوییەوەو، لە ڕووی بەڵگەی عەقڵییەوەش، هەمیشە بەسەریاندا زاڵ دەبن، ئەگەر مەرجەكانی ڕووبەڕوو بوونەوەش لە خۆیاندا بێننە دی، لە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوەی ماددییش دا، بەسەریان دا زاڵ دەبن.

هەروەها لە سووڕەتی (**المجادلة**) لە ئایەتی (٢٢)دا سیفەتەكانی: (١١و ١٢و ١٣و ١٤و ١٥و١٦)ش خراونەڕوو، بەم شێوەیە هەرچەندە پێشتریش ئایەتەكەمان تەفسیر كردوە، بەڵام لێرەدا سیفەتەكانی لێ هەڵدەهێنجین:

١١- دۆستایەتیی نەگرتن لەگەڵ دوژمنانی خواو پێغەمبەرەكەیدا:

﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴿٢٢﴾ ﴾، بەڵێ: ئەوانەی بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە، هەرگیز دۆستایەتیی و خۆشەویستیی لەگەڵ ئەوانەدا ناكەن، دۆستایەتییان لەگەڵ دا ناگرن و خۆشیان

ناوێـن، کـە دژی خـواو پێغەمبـەری خـوان ﷺ، ناحـەزی خـواو پێغەمبـەری خـوان ﷺ ئەگـەر بـاب و بـراو کـوڕو هۆزیشـیان بـن.

١٢- ئیمان لە دڵ دا چەسپێنرانیان:

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ كَتَبَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْإِيمَٰنَ ﴾، ئەوانــە کەســانێکن خــوا ئیــمانی لــە دڵـدا چەسـپاندوون، کەواتـە: یەکێکـی دیکـە لـە سـیفەتە بنەڕەتیـی و سـەرەکییەکانی کۆمەڵـی خـوا، ئەوەیـە کـە ئیـمان لـە دڵیـان دا سـەقامگیرو چەسـپاوە، ئیمانێکـی بـە لەقەلەقیـان نیـە، لەگـەڵ هـەر پشـووە بـای شـوبهەیەک و شـەهوەتێک دا بلەقـێ! ئیـمان لـە دڵیانـدا وەک کێـوی چەسـپاو وایـە، ڕەشـەباو گەردەلـوولی دنیـاو، تەمـاع و تـرس و چەواشـەکاریی نایجووڵێنـێ.

١٣- بەهێزکرانیان بەڕووحێکی خوایی:

﴿ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ ﴾، خــوا بــە ڕووحێکــی تایبــەت لــە لایــەن خۆیــەوە پشــتگیرییان دەکات، بەهێزیــان دەکات، ڕووحــی تایبــەت لەلایــەن خــواوە:

أ- دەگونجێ مەبەست پێی ئەو یارمەتییدانە مەعنەوییە بێ کە هەموو مرۆڤێک و، هەموو ئیماندارێک لە دڵی خۆیدا هەستی پێ دەکات، دڵەکەی نۆقرە گرتوویەو، داسەکناوەو، پڕ لە ئۆخژن و هێمنیی و ئارامییە.

ب- دەگونجێ مەبەست پێی لە ڕووی فیکرییەوە بێ، کە خوا ﷻ بەڵگەیان فێر دەکات، عەقڵیان ڕۆشن دەکاتەوە.

ج- دەگونجێ مەبەست پێی ئەو دامەزراوییە بێ، لە ڕووی ڕەوشت و ئاکارەوە، خاوەنی ئارامگریین و، پشت بە خوا بەستوون و دامەزراون، بە ئیستیقامەت و نەلەخشاون.

١٤- شادبوونیان بە بەهەشتەکانی خوا:

﴿ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا ﴾، سیفەتێکی دیکەیان ئەوەیە کە خوا ئەوانە وەک چۆن دەغەڵ و دڵ نەخۆشەکانی کۆمەڵی شەیتان، دەخاتە دۆزەخەوەو ئەوان زیانباری ڕاستەقینەن، ئەوانەش کە دۆستەکانی خواو کۆمەڵی خوان، خوا ﷻ دەیانخاتە نێو ئەو باخانەوە کە ڕووبار بە ژێر درەختەکانیاندا دەڕۆن و، بە هەمیشەیی تێیاندا دەمێننەوە.

١٥- ڕازیبوونی خوا لێیان و لە خوا ڕازیبوونیان:

خەسڵەتێکی دیکەیان ئەوەیە: ﴿ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا۟ عَنْهُ ﴾، خوا لێیان ڕازییەو ئەوانیش لە خوا ڕازیین، خوا لە خۆوە لە کەس ڕازیی نابێ، خوا بەهۆی سیفەتە باشەکانەوە لە ئینسان ڕازی دەبێ، هەروەها لە خۆوەش کەس ڕازیی ناکات لە خۆی، کەسانێک لە خۆی ڕازیی دەکات، کارێکیان کرد بێ، خوایان لە خۆیان ڕازیی کردبێ، ئنجا ڕازیبوون لە خوای پەروەردگار لە دنیاشدا هەیەو، لە دوارۆژیشدا هەیە، لە دنیادا: مرۆڤ ڕازییە لە هەرچی خوا ﷻ ناردوویەتی بە پێغەمبەردا ﷺ، وەک بەرنامەی ژیانی خۆی قبووڵیەتی و پەسەندی کردووەو پێی ڕازییە، بەڵکو ئەوپەڕی قەناعەتی پێی هەیە، پاشان هەر قەدەرێک بەسەری بێ، هەر بەڵایەک و ناڕەحەتییەک بێتە ڕێی، لەو ڕووەوە کە لەلایەن خواوەیە، پێی ڕازییەو تووڕە نابێ بەرانبەر بە خوا، گلەیی لە خوا ناکات، لە دڵیشیدا گومانی خراپ بەرانبەر بە خوا پەیدانابێ، هەروەها لە هەموو کاروبارەکانی خوا ﷻ ڕازییە، دیسان لە دوارۆژیشدا، لە خوا ڕازییە، لە بەرانبەر ئەو پاداشت و بەهەشتەدا کە پێی دەدات: ﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ حِزْبُ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانە کۆمەڵی خوان.

١٦- سەرفرازیی تەواویان هەیە:

﴿ أَلَآ إِنَّ حِزْبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾، ئەمەش سیفەتی شازدەیەم و کۆتاییانە: ئاگاداربن! کۆمەڵی خوا سەرفرازن، هەم لە دنیادا خۆشبەخت و بە مراد گەیشتوو و بە ئاوات گەیشتوون، هەم لە ڕۆژی دوایيش دا سەرفرازو بەختەوەرن، سەربەرزو ڕوو سوورن.

خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی ئەو خەسڵەت و سیفەتە بنەڕەتییانەمان تێدا بێنێتە دی، کە کۆمەڵی خۆی پێ وەسفکردوون و، خوا بمانپارێزێ و پاکمان بکاتەوەو بژارمان بکات و بە دوورمان بگرێ، لەو خەسڵەت و سیفەتانەی کۆمەڵی شەیتانی پێ پێناسە کردوون.

سُبحَانَكَ اللّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الحشر

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە یەکـی ڕەمەزانـی سـاڵی (١٤٤١)ی کۆچییـە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٤/٢٤) زاینیـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (الْحَـشْر)، وەک عـادەتی خۆمـان، پێشـەکی پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە دەخەینـەڕوو، لـە حـەوت بڕگـەدا:

پێناسەی سوورەتی (الحشر)و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئەم سوورەتە دوو ناوی هەن:

أ- (سورَة الْحَشْرِ) وەک لەم دەقەدا هاتوە: {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ، قَالَ: نَزَلَتْ سُورَةُ الْحَشْرِ بِالْمَدِينَةِ} (فتح القدير: ج٥، ص٢٣٧) واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ، گوتوویەتی: سوورەتی (الْحَشْر)، لە مەدینە دابەزی، کەواتە: یەکێک لە ناوەکانی: سوورەتی (الحَشر)ە.

ب- (سُورَةُ النَّضِير) دەقی دووەم لەوبارەوە دێنین، کە ئەم سوورەتە ناوێکی دیکەشی هەیە بە ناوی سوورەتی (النَّضير)، وەک لەم دەقەدا هاتوە: {عَنْ سَعِيدِ بْنِ جُبَيْرٍ قَالَ: قُلْتُ لِابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ: سُورَةُ الْحَشْرِ، قَالَ: سُورَةُ النَّضِيرِ، يَعْنِي أَنَّهَا نَزَلَتْ فِي بَنِي النَّضِيرِ، كَمَا صُرِّحَ بِذَلِكَ فِي بَعْضِ الرِّوَايَاتِ}، (أخرجه البخاري ٣٨٠٥ ، وغيره).

واتـە: سـەعیدی کـوڕی جوبەیـر (ڕەحمـەتی خـوا لـێ بـێ، کـە یەکێکـە لـە زانایانـی شـوێنکەوتووان)، دەڵـێ: بـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـم ﷺ گـوت: سـوورەتی

(**الْحَشْر**)، گوتی: سـووڕەتی (**النَّضِير**)، واتـە: لـە بـارەی بەنـوو نەزیـڕەوە هاتۆتـە خـوار، وەک لـە هەندێـک ڕیوایەتـی دیکـەدا، ئـەوە بـە ڕاشـکاویی گوتـراوە.

(**إبـن الحجـر العسـقلاني**) خاوەنـی (**فَتحُ البـاري**)، وا لـە قسـەکەی ئیبنـو عەببـاس حاڵیـی بـووە، بۆیـە پێـی ناخـۆش بـووە بـە سـووڕەتی (**الْحَشْر**) ناوبـبرێ، نـەوەک وا بزانـرێ، مەبەسـت لـە (**الْحَشْر**) ڕۆژی دواییـە، بـەڵام دەشـگونجێ عەبدوڵڵای کـوڕی عەببـاس (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، مەبەسـتی ئـەوە بـوو بـێ، ئـەو سـووڕەتە وێـڕای سـووڕەتی (**الْحَشْرِ**)، پێشـی دەگوتـرێ: سـووڕەتی (**النَّضِيرِ**).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

تێکـڕای زانایـان یەکدەنگـن، لەسـەر مەدینەیـی بوونـی ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە، بـە ئاشـکراش دیـارە، بـە تایبـەت حەڤـدە ئایەتی سـەرەتای، پەیوەسـتن بە بەسـەرهاتی ئـاوەرە کرانـی هـۆزی بەنـوو نەزیـڕەوە، بـە ڕای زۆربـەی ڕوونکەرەوانـی قورئـان، بـە ڕای بەنـدەش: ئاوەرەبـوونی (**بنـو قَيْنُقَـاع و وبَنُـو النَّضِـير**)ی جوولەکـە هەردووکیـان پێکـەوە، (**بنـو قَيْنُقَـاع**) پێشـترو (**بَنُـو النَّضِير**)یـش، لـە سـاڵی چوارەمـی کۆچییـدا، وەک دوایـی ئـەو بەسـەرهاتە دێنیـن.

سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنەخواردا:

لـە موصحەفـدا ڕیزبەندییەکـەی (٥٩)یەمینـە، لـە دابەزینیشـدا ڕیزبەندییەکـەی (٩٨)مینـە، بـە پێـی ژماردنـی (**جابـر بـن زيـد**)، هەڵبەتـە زانایانـی دیکـەش هەبـوون، کـە کەمـترو زیاتریـان گوتـوە، کـە ڕەنگـە ڕیزبەندیـی دابەزینـی لـە سـەد (١٠٠) زیاتریـش هەڵکشـێ.

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:

سەرجەم ژمێرەرانی ئایەتەکانی قورئان، یەکدەنگن کە ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە (٢٤)ە، کەس نە کەمتری گوتوەو نە زیاتر.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئەم سوورەتە ئەم بابەتانەی گرتوونە خۆی:

١- ڕاگەیاندنی بە پاکگیرانی خوا، لەلایەن ئاسمانەکان و زەوییەوەو، هەرچییەک کە تێیاندایە، لە ئایەتی ژمارە (١)دا هاتوە.

٢- باسی وەدەرنران و ئاوەرەکرانی هۆزی (**بَنُو النَّضِير**)ی جوولەکە، کە بە ڕای من هۆزی (**بنو قَيْنُقَاع**)یش دەگرێتەوە، چونکە خوا ناوی هۆزەکانی نەهێناوە، بەڵکو دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ ﴿٢﴾ ﴾، ئنجا هەر کام لە هۆزی (**بَنو قَيْنُقَاع وبَنُو النَّضِير**)، هەم بێبڕوا بوون لە خاوەن کتێبەکان، هەم دەریشکراون، ئەویش بەهۆی غەدرو پەیمان شکێنیی و، دژایەتییانەوە بۆ خواو، بۆ پێغەمبەری خواو بۆ مسوڵمانان، کە لە ئایەتەکانی: (٢ - ٥)دا، ئەوە باسکراوە.

٣- باسی چۆنیەتیی مامەڵە کردن، لەگەڵ دەسکەوتی جەنگیی دا، کە لە (**بنو قَيْنُقَاع وبَنُو النَّضِير**)، ئاوەدانییەکانی دیکەش بەجێماوەو، بەجێ دەمێنێ، کە لە ئایەتەکانی: (٦ - ١٠) دا باسکراوە، دواییش پێناسە کردنی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی ئۆممەتی پێغەمبەر ﷺ لە کۆچکەران و پشتیوانان و شوێنکەوتووانیان، ئەوانەی لە دوای وان دێن، هەروەها خستنەڕووی سەرەکییترینی خەسڵەتە بەرزەکانیان، هی هەر کام لەو سێ کۆمەڵە.

٤- باسی هەڵوێستی خائینانەی دەغەڵەکان (مونافیقەکان) و کەین و بەینیان لەگەڵ جوولەکەکاندا، دوایی بە گورگان خواردوودانی جوولەکەکان، کە لە ئایەتەکانی: (١١ - ١٧)دا، خراوەتە ڕوو.

٥- فەرمانکردن بە بڕواداران، بە پارێزکردن و، خۆ ئامادە کردن بۆ قیامەت و، سەرەنجامی مرۆڤەکان و، پێناسەو وەسفی قورئانی بەپێز و، وەسفکردنی خوای بەرزو بێ وێنە، بە بیست و یەک لە ناوو سیفەتەکانی، ئەمانەش لە ئایەتەکانی: (١٨ - ٢٤)دا، خراونەڕوو.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

حەوت تایبەتمەندییمان بۆ ئەم سوورەتە باسکردوون:

١- باسی وەدەرنرانی هۆزە پەیمان شکێنەکانی جوولەکە، کە بە ڕای من وێڕای (بَنُو النَّضِير)، باسی (بنو قَيْنُقَاع)یشە، لە مەدینە، بە هۆی پەیمان شکێنیی و غەدرو، لادانیان لەو بەڵێن و پەیمانەی لە بەیندا هەبووە.

٢- باسی حوکمی (فَيْء)، کە ئەمە لە ئایەتی (٦ - ٧)، خراوەتەڕوو، (فَيْء)یش ئەو ماڵ و سامانەیە، کە بە بێ شەڕو کوشتار، دەکەوێتە دەست مسوڵمانان.

٣- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە، کە نابێ ماڵ و سامان، لە دەستی دەوڵەمەندەکاندا کورت هەڵبێ، لە ئایەتی ژمارە (٧)دا، کە بەو تەعبیرە تەنیا لەم سوورەتە موبارەکەدا هاتوە.

٤- پۆلێنکردنی مسوڵمانان، بە کۆچکەران و پشتیوانان و ئەوانەی لە دوای وان دێن و، وەسفکردنی هەر کامیان بە گرنگترین خەسڵەتی، لە ئایەتی ژمارە: (٩ و ١٠)دا، کە بەو شێوەیەش تەنیا لەم سوورەتەدا هاتوە.

٥- ناوهێنانی قیامەت بە بەیانی، سبەینێ: ﴿وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ ﴿١٨﴾﴾، کە تەنیا لێرەدا قیامەت بە (غَد) بەیانی، سبەینێ هاتوە، واتە: ئەو کاتەی دوای ئەو ڕۆژەی تۆ ئێستا تێیدای، دێ.

٦- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە، کە ئەگەر قورئان بۆ سەر چیایەک دابەزیبایە، لە ترس و سام و هەیبەتی خوا، ملکەچ و شەق و پەق دەبوو، لە ئایەتی ژمارە (٢١)دا.

٧- ناساندنی خوای بەرزو مەزن، لە دوو توێی سێ ئایەت دا، بە (٢١) لە ناوو سیفەتە بەرزەکانی، ئایەتەکانی: (٢٢ - ٢٤).

حەوتەم: دابەشکردنی ئەم سوورەتە بۆ چەند دەرسێك:

کـۆی (٢٤) ئایەتەکانــی ئـەم ســوورەتە موبارەکـە، بـۆ ســێ دەرســان دابــەش دەکەیــن:

دەرســی یەکــەم: کــە لــە ئایەتــەکانی: (١ - ١٠) پێکهاتــوە، باســی بەســەرهاتی وەدەرنــران و ئاوارەکرانــی هــۆزی (**بَنُـو النَّضِـير**) لەســەر ڕای هەمــوو توێژەرەوانــی قورئــان و، بــە ڕای مــن (**بنـو قَيْنُقَاع**)یشــە، لەگــەڵ ئــەوان دا، چونکــە خــوا ﷻ بــە: ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ﴿٢﴾ ﴾، باســی کــردوون، نــەک بفەرمــوێ: (**بَنُـو النَّضِـير**)، ئنجـا ئەوانــەی بێبــڕوا بــوون، لــە خــاوەن کتێبــان، ئەوکاتــە هــەر ســێک هــۆزی (**بنـو قَيْنُقَـاع وبَنُـو النَّضِـير وبنـو قُرَيظـة**) بــوون، بــەڵام (**بنـو قُرَيظـة**) لــە ســاڵی پێنــج (٥)ی کۆچییــدا، لــە گەرمــەی جەنگــی خەندەقــدا ســزادراون و دەربــەدەر کــراون، بەڵکــو دەســت بەســەر موڵــک و مــاڵ و کەسەکانیشــیاندا گیــرا.

بــەڵام هــەر کام لــە هــۆزی (**بنـو قَيْنُقَـاع وبَنُـو النَّضِـير**) دەرکــران، بۆیــە ئــەوەی خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ ﴿٢﴾ ﴾، هەردووکیــان دەگرێتــەوە، بەسەرهاتەکانیشــیان زۆر لێــک نیزیکــن، لــە ڕووی کاتییشــەوە و، لــە ڕووی باسکرانیشــەوە، هەڵبەتــە ئەویــش لــە ئەنجامــی خیانەتیانــدا و بــە هــۆی پەیــمان شــکێنییانەوە، ئنجــا بــاسی چۆنیەتیــی دابەشــکرانی مــاڵ و ســامانی بەجێماویــان و، پێناســەی هــەر کام لــە ســێ پێکهاتەکــەی ئۆممــەت، ئۆممەتــی پێغەمبــەر ﷺ بــە گرنگتریــن خەســڵەتیان.

دەرســی دووەم: کــە لــە ئایەتــەکانی: (١١ - ١٧)، پێکهاتــوە، ئــەو حــەوت ئایەتــە، باســی هەڵوێســتی ژێــر بــە ژێــرو خائینانــەی مونافیقەکانــی مەدینــە دەکــەن،

بەسـەرکردایەتیی (**عبداللـه بـن أُبَيِّ بـن سَـلول**)و، کەیـن و بەیـن و گفـت و بەڵێـن دانیـان بـە جوولەکـەکان، هـەم لەگـەڵ (**بنو قَيْنُقَاع**)یـش، هـەم لەگـەڵ (**بَنُـو النَّضِـيِر**) یـش و، پشـت بەردانیـان لـە کاتـی تەنگانـەدا و، دوو وێنـە هێنرانـەوە، بـۆ پێناسـەی هەڵوێســتەکانیان.

دەرسـی سـێیەم: کـە لـە ئایەتـەکانی: (١٨ - ٢٤) پێکهاتـوە، خسـتنە ڕووی چـوار بابەتـی گرنـگ:

١- فەرمانکردن بە بڕواداران، بە پارێزکاریی و خۆ سازکردن، بۆ دیداری خوا.

٢- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە هاوەڵانی ئاگری دۆزەخ و، هاوەڵانی بەهەشت، یەکسان نین.

٣- خستنە ڕووی پێگەو پایەی بەرزو ناوازەی قورئان، لە وێنەیەکی ویژدان هەژێندا.

٤- وەسفکردنی خوا بە بیست و یەک (٢١) لە ناوو سیفەتە بەرزو ناوەزەکانی.

شـایانی باسـە: ئێمـە، بـەر لـە تەفسـیرکردنی ئایەتەکانـی ئـەم سـووڕەتە بـە پێـزە، پوختەیـەک لـە بەسـەرهاتی هـۆکارو چۆنیەتیـی، دەرکرانـی هـەردوو هـۆزی (**بنـو قَيْنُقَـاع وبَنُـو النَّضِـيِر**) جوولەکـە، دەکەیـن، بـە تایبـەت لەبـەر ڕۆشـنایی کتێبـە ناودارەکـەی (**إبـنُ هشـام**)، (**السـيرة النَّبَوِيَّـة لابـن هشـام**)دا، بـە گشـتیی و بـە سـوود وەرگرتـن لـە هەندێـک سـەرچاوەی دیکـە، ئـەوەش مایـەی بەرچـاو ڕوونیـی زیاترمـان دەبـێ، بـۆ لێتێگەیشـتنی مانـای ئایەتـەکان.

بەسەرهاتی هۆکارو چۆنیەتی دەربەدەر بوونی هەردوو هۆزی (بنو قَيْنُقَاع وبَنُو النَّضِير)ی جوولەکە

بەرێزان! ئەو بەسەرهاتە لە پێنج تەوەردا دەخەینەڕوو:

تەوەری یەکەم: هەر سێ هۆزەکەی جوولەکە لە مەدینەدا (**بنو قَيْنُقَاع، بَنُو النَّضِير، بنو قُرَيظة**) و نووسینی پەیماننامەیەک لە نێوان مسوڵمانان و ئەواندا.

تەوەری دووەم: دەرکرانی هۆزی (**بنو قَيْنُقَاع**) و هۆکارەکەی.

تەوەری سێیەم: پێناسەو ڕەچەڵەکی (**بَنُو النَّضِير**).

تەوەری چوارەم: هۆکاری دەرکرانی (**بَنُو النَّضِير**).

تەوەری پێنجەم: چۆنیەتیی دەرکرانی (**بَنُو النَّضِير**).

تەوەری یەکەم: هەر سێك هۆزەکەی جوولەکە لە مەدینە (بنو قَيْنُقَاع، بَنُو النَّضِير، بنو قُرَيظة) و نووسینی پەیماننامەیەك لە نێوان مسوڵمانان و ئەواندا:

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، بە تایبەت (**السيرة النَّبَوية لابنِ هِشَام**)، دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەشریفی برد بۆ مەدینە، چەند کارێکی گەورەو گرنگی کردن، بۆ ئەوە ئەو کۆمەڵگایە، ئەو قەوارە سیاسییە تازە دروست بوو و سەرهەڵداو و پێگرتوە، سەقامگیرو تۆکمەو توندو تۆڵ بێ، یەکێک لە کارەکان ئەوە بوو، کە پەیماننامەیەکی ئیمزا کرد، لە نێوان مسوڵمانان بە سەرکردایەتیی پێغەمبەر ﷺ لە لایەک، کە لە دوو پێکهاتەی بنەڕەتیی پێکهاتبوون:

أ- کۆچبەران کە لە مەککەوە هاتبوون و کۆچیان کرد بوو.

ب- پشتیوانان کە خەڵکی شاری (**يَثرِب**) بوون، کە دوایی ناوی لێنرا (**المَدِينة**).

لای بەرانبەریشیان هۆزەکانی جوولەکە، سێ هۆزی سەرەکیی بوون: (**بنو قَيْنُقَاع، بَنُو النَّضِير، بنو قُرَيظة**)، هەروەها ئەو هاوبەش بۆ خوا دانەرانەی، تاکو ئەو کاتە لە مەدینەدا مابوونەوەو، هەر هاوبەش بۆ خوا دانەر بوون، پێغەمبەری خوا ﷺ پەیماننامەیەکی دانا، لە نێوان ئەو پێکهاتانەی مەدینەدا، کە لە کتێبە مێژووییەکان دا، بە (کتاب) و بە (**الصَّحِيْفَة**)و بە (**الوَثِيقة**) ناوی هاتوە، (**محمد حميد الله**) لە کتێبە ناودارەکەی خۆی: (**الوَثَائِقُ السياسية للعَهدِ النَّبوي والخِلافة الرَّاشِدة**)دا، لە بارەیەوە گوتوویەتی: (**أَقْدَمُ وَثِيقةٍ تأريخيَّةٍ مَكتوبة**)، دێرینترین دۆکیومێنتی مێژوویی نووسراوە، کە لە جێی دەستووری ئێستا بووە.

(**إبنُ هشام**) لە (**السيرة النَّبوية**)کەی خۆیدا[1]، هەموو ئەو دۆکیومێنتەی هێناوە، لە ژێر ناونیشانی: (**الرَّسولُ ﷺ يُوَادِعُ اليَهودَ**)، پێغەمبەر ﷺ پەیمان لەگەڵ جوولەکەکان دا دەبەستێ، (**موادَعة**)، یانی: دوو لایەن یان پتر پێکەوە هاوکار بن، یان شەڕی یەکدیی نەکەن، ناوەکەی وا هاتوە، ئەگەرنا ئەگەر لەو پەیماننامەیەوە ڕامێنین: هەمووی بریتیە لە هاوکاریی پێکەوە کردن و پێکەوە ئیدارەدانی ئەو دەوڵەتە تازەیەی، پێغەمبەری خوا ﷺ بنیاتی ناوە.

با سەرنجی قسەیەکی (**إبن إسحاق**) بدەین کە پێناسەیەکی پوختی ئەو (**کتاب**)ە دەکات:

(**قَالَ ابْنُ إِسْحَاقَ: وَكَتَبَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ كِتَابًا بَيْنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ، وَادَعَ فِيهِ يَهُودَ وَعَاهَدَهُمْ، وَأَقَرَّهُمْ عَلَى دِينِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ، وَشَرَطَ لَهُمْ، وَاشْتَرَطَ عَلَيْهِمْ**).

---

(١) ج٢، ص: ٢٦٢ -٢٦٤.

واتـە: پێغەمبـەری خـوا ﷺ نووسراوێکـی نووسـیی، لـە نێـوان کۆچکـەران و پشـتیواناندا[1]، لـەو نـووسراوەدا پەیمانـی لەگـەڵ جوولەکـەکان بەسـت، ئەوانـی لەسـەر ئایینەکـەی خۆیـان و، لەسـەر مـاڵ و سـامانی خۆیـان و، لەسـەر جێگـەو رێگـەی خۆیـان هێشـتنەوە، (بـۆی سـەلماندن لـە سـەری بمێننـەوەو ئایینـی خۆیـان جێبەجـێ بکـەن و وڵاتـی خۆیـان بەرێوەبـەرن)، مەرجیشـی بـۆ گرتـن و، مەرجیشـی لەسـەر گرتـن. واتـە: هەندێـک مەرجـی بـۆ گرتـن، ئـەوە هـەق و مافتانـە، بـەڵام هەنـدێ مەرجیشـی لەسـەر دانـان، ئـەوەش کارو ئەرکتانـە.

ئاماژە بە چەند برگەیەکی ئەو پەیماننامەیە:

١- سەرەتای (کتاب) بەمجۆرەیە: (**بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ، هَذَا كِتَابٌ مِنْ مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ ﷺ، بَيْنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ مِنْ قُرَيْشٍ وَيَثْرِبَ، وَمَنْ تَبِعَهُمْ، فَلَحِقَ بِهِمْ، وَجَاهَدَ مَعَهُمْ، إِنَّهُمْ أُمَّةٌ وَاحِدَةٌ مِنْ دُونِ النَّاسِ**)، بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، ئەمە نووسراوێکە لە موحەممەد پێغەمبەری خواوە ﷺ، لە نێوان بڕواداران و مسوڵمانان دا، لە قورەیش و لە (**يَثْرِبَ**)، (واتە: خەڵکی مەدینە)و هەر کەسێک شوێنیان دەکەوێ و، پێیانەوە پەیوەست دەبێ، لەگەڵیان دا تێدەکۆشێ، کە ئەوانە کۆمەڵێکن جیا لە خەڵک، واتە: کۆمەڵگا و قەوارە سیاسییەکەی (یثرب): کۆمەڵگایەکی تازە سەرهەڵداون.

٢- مامەڵەی یەکسان لەگەڵ جوولەکەکان دا: (**وَإِنَّهُ مَنْ تَبِعَنَا مِنْ يَهُودَ، فَإِنَّ لَهُ النَّصْرَ وَالْأُسْوَةَ، غَيْرَ مَظْلُومِينَ وَلَا مُتَنَاصَرِينَ عَلَيْهِمْ**)، هەر کەسێک لە جوولەکەکان لەگەڵمان بێ (لەگەڵمان تەبا بێ)، ئەویش پێویستە سەربخرێ و، مامەڵەی یەکسانی لەگەڵدا بکرێ [(**أُسْوَةَ**) واتە: مامەڵەی یەکسان]، نە ستەمیان لێ بکرێ و، نە لە دژی ئەوانیش یارمەتیی هیچ کەس بدرێ.

٣- نابێ هیچکەس هیچ کەتنکەرێک پەنا بدات: (**وَإِنَّهُ لَا يَحِلُّ لِمُؤْمِنٍ أَقَرَّ بِمَا فِي هَذِهِ الصَّحِيفَةِ، وَآمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ، أَنْ يَنْصُرَ مُحْدِثًا وَلَا يُؤْوِيهِ، وَأَنَّهُ مَنْ نَصَرَهُ أَوْ آوَاهُ، فَإِنَّ عَلَيْهِ لَعْنَةَ اللَّهِ وَغَضَبَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ**)، واتە: هەر کەسێک بڕوادار بێ و، دان بەوەدا بێنێ کە لەم (**صَحِيفَةِ**)

---

(١) واتە: کۆچکەران و پشتیوانان لەلایەک و، جوولەکەکان و ئەوانی دیکەش لە لایەکی دیکەوە.

دایە و، بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی بێ، (کە ئەوە خاڵی هاوبەشی نێوان مسوڵمانان و خاوەن کتێبەکانیش بووە)، بۆی ڕەوا نیە، هیچ کەتنکەرێک سەربخات و بیحەوێنێتەوە، هەر کەسێک پشتی بگرێ، یان بیحەوێنێتەوە، نەفرین و تووڕەیی خوا لێ بێ لە ڕۆژی قیامەتدا.

٤- مەسرەف کێشانی جوولەکە لەگەڵ مسوڵمانان دا: (**وَإِنَّ الْيَهُودَ يُنْفِقُونَ مَعَ الْمُؤْمِنِينَ مَا دَامُوا مُحَارَبِينَ**)، واتە: هەروەها دەبێ جوولەکەکان لەگەڵ بڕواداران دا، خەرجیی و مەسرەف بکەن (بۆ بەرگریی لێکردن لە وڵات)، مادام پێکەوە دژی دوژمنێک شەڕ بکەن و جەنگیان لە دژ بکرێ.

٥- هەر کام لە جوولەکەو مسوڵمانان، ئایینی خۆیان بەڕێوەدەبەن: (**لِلْيَهُودِ دِينُهُمْ، وَلِلْمُسْلِمَيْنِ دِينُهُمْ، مَوَالِيهِمْ وَأَنْفُسُهُمْ**) جوولەکان دینی خۆیان بەڕێوە دەبەن و، مسوڵمانانیش دینی خۆیان بەڕێوە دەبەن، خۆشیان و ئەوانەش کە سەر بەوانن.

٦- چوونەدەر لە سنووری وڵات بەبێ مۆڵەت نابێ: (**وَإِنَّهُ لَا يَخْرَجُ مِنْهُمْ أَحَدٌ إِلَّا بِإِذْنِ مُحَمَّدٍ ﷺ**) نابێ هیچ کەسێک لە شار، لەو وڵاتە بچێتە دەرێ، مەگەر بە مۆڵەتی موحەممەد ﷺ.

وەک چۆن ئێستا دەبێ مرۆڤ ڤیزەی هەبێ و پاسپۆرتی هەبێ.

٧- پێویستە ئاسایشی نێو شارو وڵات پارێزراو بێ: (**وَإِنَّ يَثْرِبَ حَرَامٌ جَوْفُهَا لِأَهْلِ هَذِهِ الصَّحِيفَةِ**)، ئاسایشی نێو (**يَثْرِبَ**) قەدەغەیە، بۆ ئیمزاکەرانی ئەو (**صَحِيفَةِ**)یە.

نابێ هیچ شەڕو ئاشووب و، ئاژاوەیەکی تێدا بکەن.

٨- هەبوونی بەرگریی هاوبەش لە نێوان پێکهاتەکان دا: (**وَإِنَّ بَيْنَهُمْ النَّصْرَ عَلَى مَنْ دَهَمَ يَثْرِبَ**)، پێویستە هاووڵاتییان پشتی یەکدی بگرن، لە بەرانبەر هەر کەسێکدا، دژی خەڵکی (**يَثْرِبَ**) بێ.

٩- نامسوڵمانانیش جگە لە دوژمنان، بۆیان هەیە پێکهاتن لەگەڵ هەر لایەنێک دا بکەن: (**وَإِذَا دُعُوا إِلَى صُلْحٍ يُصَالِحُونَهُ وَيَلْبَسُونَهُ، فَإِنَّهُمْ يُصَالِحُونَهُ وَيَلْبَسُونَهُ، وَإِنَّهُمْ إِذَا دُعُوا إِلَى مِثْلِ ذَلِكَ، فَإِنَّهُ لَهُمْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ، إِلَّا مَنْ حَارَبَ فِي الدِّينِ**)، واتە: هەر کات مسوڵمانان

صوڵح و ئاشتەواییان لەگەڵ لایەنێک دا کرد، جوولەکەش صوڵح و ئاشتەوایی لەگەڵ ئەو لایەنەدا دەکەن، هەروەها جوولەکەکانیش ئەگەر بۆ شتێکی وا، مسوڵمانانیان بانگ کرد، ئەوانیش ئەو مافەیان هەیە، بەسەر مسوڵمانانەوە.

{واتــە: مســوڵمانان دەبــێ تەبــا بــن، لەگــەڵ هاوپەیمانانــی جوولەکــەکان دا، جوولەکــەش دەبــێ تەبابــن، لەگــەڵ هاوپەیمانانــی مســوڵمانانەکان دا}، مەگــەر کەســێک دژی دیــن بــێ.

١٠- هەر کۆمەڵ و لایەنە پشک و بەش خەرجیی خۆیانیان لەسەرە: (**عَلَى كُلِّ أُنَاسٍ حِصَّتُهُمْ مِنْ جَانِبِهِمْ الَّذِي قِبَلَهُمْ**)، هەر کۆمەڵە خەڵکە، ئەو پشکەی دەکەوێتە سەریان، لە مەسرەف و خەرجیی کێشان لەسەریانە، لەولایەوەی دەکەوێتە لای ئەوان.

ئەمــە یەکەمیــن کارێــک بــوو، کــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ لــە مەدینــە کــردی، کــە بریتــی بــوو لــە نووســینی ئــەو (**صَحِيفَةِ**)یــەی، وەک دەســتوورێک بــووە، هــەم بــۆ چۆنیەتیــی مامەڵــە پێکەوەکردنــی مســوڵمانان، لــە نێــوان خۆیــان دا، کۆچکــەران و پشــتیوانان و، هــەم جوولەکەکانیــش، ئــەوانی دیکــەش کــە بەرانبەرەکانیانــن و، نــاوی هەمــوو هــۆزە جوولەکەکانیــش، لەنێــو بەندەکانــی (**صَحِيفَةِ**)کــەدا هاتــوە، وێــڕای هاوبەشــدانەرەکانیش.

تەوەری دووەم: دەرکرانی هۆزی (بنو قینقاع) و هۆکارەکەی:

یەکەمیــن هــۆزی جوولەکــە، کــە لــە مەدینــە دەرکــران، لەســەر ناپاکیــی و، پابەنــد نەبــوون بــەو بەڵێــن و پەیمانــەوە، کــە لەگــەڵ مســوڵمانان دا پێکــەوە داویانــە، بریتــی بــوو لــە هــۆزی (**بنـو قَيْنُقَـاع**)، کــە (**إبـنُ هشـام**) لــە کتێبەکــەی خــۆی (**السـيرة النَّبَوِيَّـة لِإبـنِ هشـام**)دا[1]، باســی چۆنیەتیــی دەرکرانــی هــۆزی (**بنـو قَيْنُقَـاع**)ی کــردوە، هۆکاری دەرکرانیشــیانی کــردوەو، تۆزێکــی دیکــە پوختەیەکــی دێنیــن.

---

(١) ج٣، ص: ٤ -٦.

پێشتر ئاماژەم پێداو، دواییش لە درێژەی تەفسیرکردنی سوورەتەکەدا باسی دەکەین: نەمبینیوە لە تەفسیرەکاندا - ڕەنگە هەشبێ و نەمدیبێ - باسی (بنو قَيْنُقَاع) بکرێ، لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتی (الحَشر)دا، کە ئەم سوورەتە موبارەکە، ئاماژە دەکات بەوانیش، ئەوان بەس گوتوویانە لە بارەی (بَنُو النَّضِير) ەوەیە، بەڵام وەک ئێستا باسی (بنو قَيْنُقَاع) و دواییش باسی (بَنُو النَّضِير) دەکەین، دەبینین ئایەتەکان بەسەر هەردووکیاندا دەچەسپێن.

(إبنُ هشام) لە بارەی (بنو قَيْنُقَاع)ەوە لە ژێر ناوونیشانی: (أَمْرُ بنو قَيْنُقَاع)، {حاڵ و بەسەرهاتی (بنو قَيْنُقَاع)}دا، باس دەکات: (بنو قَيْنُقَاع) چۆن دەرکران؟ ئێمە یەکسەر بە کوردیی پوختەی مانای ئەوە، کە (إبنُ هشام) هێناویەتی، دەیهێنین، دەڵێ: بازاڕی (بنو قَيْنُقَاع)، بازاڕێکی ناودار بووەو، هۆزی (بنو قَيْنُقَاع)، زیاتر زێڕنگەرو سەنعەتکار بوون، بۆیەش کە دەرکراون، زەوی و زارێکی وایان لێ بەجێ نەماوە، چونکە زیاتر دووکانیان هەبوون و پیشەساز بوون، ئنجا ڕۆژێک پێغەمبەری خوا ﷺ لە بازاڕەکەیان (بنو قَيْنُقَاع) کۆی کردنەوەو، پێی فەرموون: (**يَا مَعْشَرَ يَهُودَ! احْذَرُوا مِنْ اللهِ مِثْلَ مَا نَزَلَ بِقُرَيْشٍ مِنْ النِّقْمَةِ وَأَسْلِمُوا، فَإِنَّكُمْ قَدْ عَرَفْتُمْ أَنِّي نَبِيّ مُرْسَلٌ، تَجِدُونَ ذَلِكَ فِي كِتَابِكُمْ وَعَهْدِ اللهِ إلَيْكُمْ» قَالُوا: يَا مُحَمَّدُ، إنَّك تَرَى أَنَّا قَوْمُك، لَا يَغُرَّنَّكَ أَنَّك لَقِيت قَوْمًا لَا عِلْمَ لَهُمْ بِالْحَرْبِ، فَأَصَبْتَ مِنْهُمْ فُرْصَةً، إنَّا وَاَللهِ لَئِنْ حَارَبْنَاك، لَتَعْلَمَنَّ أَنَّا نَحْنُ النَّاسَ**).

واتە: ئەی کۆمەڵی جوولەکە! وریابن لە خوا، ئەو بەڵایەی بەسەر قورەیش هات، هەمان بەڵاش بەسەر ئێوە نەیەت، {دەرکرانی (بنو قَيْنُقَاع)یش دوای جەنگی بەدر بووە}، مسوڵمان بن، چونکە دەزانن من پێغەمبەرێکی ڕەوانە کراوم، ئەوە لە کتێبەکەتان دا دەبینن و، لە پەیمانی خواش دا، کە بۆ ئێوەی ناردوە، ئامۆژگاریی خوا دەزانن، ئەوانیش گوتیان: ئەی موحەممەد ﷺ! پێت وایە، ئێمە هەر کۆمەڵەکەی خۆتین، {خەڵکی قورەیشین}، با ئەوە فریوت نەدات، کە بە کۆمەڵێک گەیشتووی شارەزای جەنگ نەبوون، تۆش دەرفەتێکت

لێ بینیون و زەفەرت پێ بردوون، بە خوا ئەگەر لە دژی ئێمە بجەنگی، ئنجا دەزانی ئێمە خەڵکین! واتە: ئێمە خەڵکی جەنگاوەرین.

هەرچەندە جوابەکەیان زۆر ڕەق بووە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ هیچی نەفەرمووە، گرنگ ئەوەیە، وەک ئامۆژگارییەک و دڵسۆزییەک فەرموویەتی: بڕوا بێنن و، دەزانن من پێغەمبەری خوام و ناوونیشانەکانم لە کتێبەکانتان دا هەن، چیدیکە خراپەکاریی مەکەن، با ئەو بەڵایەی بەسەر قورەیش دا هات، بەسەر ئێوەش نەیەت.

(**إبنُ إسحاق**) دەڵێ: لە (**سعید بن جُبیر**)ەوە، یان لە (**عِكرمة**)ەوە، لە (**عبد الله بن عباس**)ەوە (خوا لێیان ڕازی بێ)، پێم گەیشتوە، کە ئەم ئایەتانە لە بارەی ئەوانەوە هاتوونە خوار: ﴿ قُل لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ سَتُغْلَبُونَ وَتُحْشَرُونَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ ۚ وَبِئْسَ ٱلْمِهَادُ ﴿١٢﴾ قَدْ كَانَ لَكُمْ ءَايَةٌ فِى فِئَتَيْنِ ٱلْتَقَتَا ۖ فِئَةٌ تُقَٰتِلُ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَأُخْرَىٰ كَافِرَةٌ يَرَوْنَهُم مِّثْلَيْهِمْ رَأْىَ ٱلْعَيْنِ ۚ وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصْرِهِۦ مَن يَشَآءُ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَعِبْرَةً لِّأُو۟لِى ٱلْأَبْصَٰرِ ﴿١٣﴾ ﴾آل عِمران، واتە: (ئەی موحەممەد! ﷺ) بە ئەوانەی بێبڕوان، بفەرموو: (ئەگەر جەنگ بکەن)، تێدەشکێن و دوایی بەرەو دۆزەخ بە ڕێ دەکرێن، خراپترین شوێنی پشوودانیش ئەوێیە، بۆ ئێوە نیشانەو بەڵگە هەیە، (لەسەر ئەوەی خوا ﷻ پشتی مسوڵمانان دەگرێ)، لە دوو کۆمەڵەکەدا کە پێکگەیشتن، (کۆمەڵی هاوەڵانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەگەڵ هۆزی قورەیش دا، بە فەرماندەیەتیی ئەبوو جەهل)، کۆمەڵێکیان لە ڕێی خوادا جەنگیان دەکرد، کۆمەڵێکیش بێبڕوا بوون، دوو هێندەی خۆیانیان دەبینین بە چاو، (بێبڕوایەکان کە تەماشای مسوڵمانەکانیان دەکرد، بۆ ئەوەی سام بچێتە دڵیانەوە، دوو هێندەی خۆیانیان دەدیتن)، خواش بە یارمەتیی خۆی، هەر کەسێ بیەوێ پشتگیریی دەکات و بەهێزی دەکات، بە ڕاستیی لەوەدا پەند هەیە بۆ خاوەن عەقڵان.

ئنجا دەربارەی چۆنیەتیی و هۆکاری ئەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هۆزی (بنو قَیْنُقَاع)ی دەرکرد، (إبنُ هشام) دەڵێ: ئافرەتێک لە عەرەبان، کەلوپەلێکی پێ دەبێ، بیفرۆشێ، دەچێتە بازاڕی (قَیْنُقَاع) لە لای زێڕنگەرێک دادەنیشێ، جوولەکەکانیش، کە ئافرەتەکە دەم و چاوی خۆی داپۆشیوە، (پێچەی گرتۆتەوە)، داوای لێ دەکەن، دەم و چاوی دەربخات، ئەویش ئامادە نابێ پێچەکەی لابدات و، بابای زێڕنگەریش دامێنی کراسەکەی، لە لای پشتی گرێدا، (ئەو کاتەی ئەو دانیشتوە، دامێنی کراسەکەی لە لای پشتیەوە گرێ دەدات)، کاتێک هەڵدەستێتە پێ، ڕان و لاق و لەتەری دەردەکەون و، ئەوانیش پێی پێدەکەنن، (یانی: ئامادەنەبووی دەم و چاوت دەربخەی، بەڵام ئێستا ڕان و لاقیشت دەرکەوتن)، ئافرەتەکەش هاوار دەکات و، پیاوێک لە مسوڵمانان لەوێ دەبێ، پەلاماری زێڕنگەرەکە دەدات و دەیکوژێ، جوولەکەکانیش کۆدەبنەوەو مسوڵمانەکە دەکوژن، ئنجا کەس و کاری مسوڵمانە کوژراوەکە، هاوار دەکەنە مسوڵمانان، کە لە دژی جوولەکەکان بێن و هاوکاریان بن، مسوڵمانانیش تووڕە دەبن و، کێشە دەکەوێتە نێوان مسوڵمانان و هۆزی (بنو قَیْنُقَاع)ەوە، کەواتە: هۆکاری دەرکرانی (بنو قَیْنُقَاع)، ئەو غەدرو خیانەتەی جوولەکەکان بووە.

پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەوە دەبیستێ، دەوری شوێنەکەیان دەگرێ و پێیان دەفەرموێ: بڕۆن، ئێرە بەجێ بهێڵن، مادام پەیمانتان شکاندوەو دیارە ئەهلی خیانەتن، مسوڵمانێکتان بە ناهەق کوشت و سووکایەتییتان بەو ئافرەتە کردوە، ئەوانیش ئامادە نابن، بڕۆن، پێغەمبەریش ﷺ بە سوپایەکەوە دەوریان دەگرێ، مێژوونووسان لەو بارەوە، کە ئایا چەند ماونەوەو ئابلۆوقە دانەکە چەند بووە؟ ڕا جیان، (إبنُ هشام) دەڵێ: پازدە شەوی خایاندوە، هەندێک گوتوویانە: کەمترو هەندێک گوتوویانە: زیاتر، ئنجا لە ماوەی ئابلۆوقەدانەکەدا، جوولەکەکان قەناعەت دێنن، بڕۆن، بێگومان شەڕە تیریان پێکەوە بووە، بەڵام باس نەکراوە کەس کوژرا بێ و، ئنجا کاتێک جوولەکەکان دڵنیا دەبن، بەرهەڵستییان پێ

ناکرێ، دەڵێن: باشە بە بڕیاری تۆ ڕازیین و با لێرە کۆتایی بێ، چونکە دڵنیا دەبن ئەگەر شەڕەکە بەردەوام بێ، دەدۆڕێن و هەموویان دەکوژرێن، یان بە دیل دەگیرێن.

ئنجا (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، دوای ئەوەی هۆزی (**بَنو قَيْنُقَاع**) بە بڕیاری پێغەمبەر ﷺ ڕازی دەبن، کە ئەو چ بڕیارێکیان بۆ بدات، پێی ڕازیین، دێ بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و دەڵێ: (**یا محمد!** ﷺ **أَحْسِنْ فِي مَوَالِيَّ**)، ئەی موحەممەد! ﷺ لەگەڵ هاوپەیمانەکان و دۆستەکانی مندا چاکەکار بە! چونکە هۆزی (**بَنو قَيْنُقَاع**)، هاوپەیمانی هۆزی خەزرەج بوون، هۆزی خەزرەجیش سەرۆکەکیان (**سَعْدُ بن عُبادة**)یە، بەڵام (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، یەکێک بووە لە ڕیش سپییان، پێغەمبەریش ﷺ وەڵامی ناداتەوە، (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، دووبارەی دەکاتەوە، دەڵێ: لەگەڵ هاوپەیمانەکانم چاکە بکە! دوایی (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، دەست دەخاتە گیرفانی زرێیەکەیەوە، زرێی پێغەمبەر ﷺ زرێیەکەشی پێی گوتراوە: (**ذاتُ الفضول**)، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: بەرم بدەو تووڕە دەبێ و دەم و چاوی موبارەکی سێبەری دەکەونێ، تاریک دادێ و دەڵێ: بێ قەزابی بەرمبدە، ئەویش دەڵێ: بە خوا بەرت نادەم، هەتا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی مندا چاکە نەکەی، چوار سەد (٤٠٠) کەس کە بێ زرێن و، سێ سەد (٣٠٠)ی زرێدار منیان پاراستوە لە سوورو لە ڕەش، (واتە: لە هەموو جۆرە دوژمنێک)، هاوپەیمانم بوون، ئێستاش تۆ بە یەک ڕۆژ، هەموویان قەلاچۆ بکەی! بە خوا من کەسێکم لە بەڵایان دەترسێم، ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ بە ناچاریی دەفەرموێ: باشە ئەوە دامن بە تۆ.

شایانی باسە: لەو ماوەیەدا، کە پێغەمبەر ﷺ ئابڵووقەی هۆزی (**بَنو قَيْنُقَاع**) دەدا، کەسێک لە شوێنی خۆی دادەنێ، وەک سەرپەرشتیاری مەدینە.

وێڕای ئەوە کە (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، هاوپەیمان بووە، لەگەڵ جوولەکەکانی (**بَنو قَيْنُقَاع**)دا، (**عُبادة بن الصَّامِت**)یش خوا لێی ڕازی بێ،

هەر هاوپەیمان بووەو ئەویش سەرۆک تیرەیەک بووە، لە خەزرەجییەکان، بەڵام دەچێ بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ و دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! من دۆستایەتیی تۆو خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی و بڕواداران دەکەم و، بەریيم لەو هاوپەیمانێتییەی لەگەڵ ئەواندا.

ئنجا زانایان گوتوویانە: ئەو ئایەتانەی سووڕەتی (المائدة)، لە بارەی هەڵوێستەکەی (**عبدالله بن أبي بن سلول**) و، هەڵوێستەکەی (**عبادة بن الصامت**) خوا لێی ڕازی بێ، دابەزیون، کە پێچەوانەی یەکدی بوونە، خوا دەفەرموێ:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ
مِنۡهُمۡۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٥١) فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمۡ يَقُولُونَ
نَخۡشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٞۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأۡتِيَ بِٱلۡفَتۡحِ أَوۡ أَمۡرٖ مِّنۡ عِندِهِۦ فَيُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِيٓ
أَنفُسِهِمۡ نَٰدِمِينَ (٥٢) وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَهَٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ أَقۡسَمُواْ بِٱللَّهِ جَهۡدَ أَيۡمَٰنِهِمۡ إِنَّهُمۡ لَمَعَكُمۡۚ
حَبِطَتۡ أَعۡمَٰلُهُمۡ فَأَصۡبَحُواْ خَٰسِرِينَ (٥٣) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَن يَرۡتَدَّ مِنكُمۡ عَن دِينِهِۦ فَسَوۡفَ يَأۡتِي
ٱللَّهُ بِقَوۡمٖ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ أَذِلَّةٍ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ يُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَلَا يَخَافُونَ
لَوۡمَةَ لَآئِمٖۚ ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٌ (٥٤) إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ ٱلَّذِينَ يُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَهُمۡ رَٰكِعُونَ (٥٥) وَمَن يَتَوَلَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ
فَإِنَّ حِزۡبَ ٱللَّهِ هُمُ ٱلۡغَٰلِبُونَ (٥٦) ﴾ المائـدة.

هەڵوێستە دڵنەخۆشانەکەی (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، چەند دزێوو بەد بووە! کە دەچێ داوا لە پێغەمبەر ﷺ دەکات، (**بنو قينقاع**) ببەخشێ، لە حاڵێکدا ئەوانە پەیمان شکێن و خائین بوون، دوایی پێغەمبەر ﷺ ناچار دەکات، بەویان ببەخشێ، بەڵام هەڵوێستەکەی (**عُبادة بن الصامت**)، چەند جوان و مەردانە بووە! کە ئەویش وەک (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، هاوپەیمان بووە لەگەڵیان، بەڵام دەچێ دەڵێ: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ من دۆستی خواو پێغەمبەرەکەی و بڕوادارانم و، بەریيم و حاشا دەکەم لەو خائینانە.

ئەمە کورتەیەک بوو لە بەسەرهاتی (**بَنو قَيْنُقَاع**) کە چۆن پەیمانیان شکاند

و، پابەند نەبوون بەو (**الصحيفة**) و (**الوَثيقة**)یەوە کە نووسرا بوو و، سەرەنجام پێغەمبەر ﷺ ئابڵووقەی دان و سزای دان و، ئەگەر (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، تکای بۆ نەکردبان، بە سەلامەتیی دەرنەدەچوون.

شایانی باسە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**الأحزاب**)دا، باسی (**بنو قُرَيظة**) شمان کرد، کە لە گەرمەی جەنگی خەندەقدا، دوای تەواو بوونی ئابڵووقەی بێبڕوایەکان بە دەوری شاری مەدینەدا، جیبریل بە پێغەمبەری خوای ﷺ فەرموو: یەکسەر بڕوا بەرەو (**بنو قُرَيظة**)، کە لە پشتەوە خەنجەری غەدریان وەشاند بوو، هەڕەشەیان کرد بوو لە مسوڵمانان و، هاوکاریی کافرەکانیان کرد، ئیدی ئەوانیش ئابڵووقەی قەڵایەکانیان دراو، دوای ماوەیەک بەرهەڵستیی، سەرەنجام ناچار بوون تەسلیم بن و، پێغەمبەری خواش ﷺ سزای دان.

تەوەری سێیەم: پێناسەو ڕەچەڵەکی هۆزی (بَنُو النَّضِير):

هۆزی (**بَنُو النَّضِير**) و هۆزی (**بَنو قَيْنُقَاع**) کە باسمان کردن، هەروەها هۆزی (**بنو قُرَيظة**)ش، هەر سێکیان لە نیمچە دوورگەی عەرەبیی دا بوون و، چۆنیەتیی هاتنی ئەو سێ هۆزە جوولەکە، بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبیی و، نیشتەجێ بوونیان، بەو شێوەیە بووە:

(**إبن عاشور**) لە تەفسیرەکەی خۆی دا[1]، گوتوویەتی: هۆزەکانی (**بَنُو النَّضِير**) و (**بنو قُرَيظة**) و (**بَنو قَيْنُقَاع**)، هەر سێکیان و، جوولەکەکانی خەیبەریش، هەموویان لە وەچەی هارووننن، هارونی برای مووسا، (**بَنُو النَّضِير**) و (**بنو قُرَيظة**)، پێیان گوتراوە: دوو کاهینەکان (**الكاهنان**)، چونکە کاهینی جوولەکەکان لە نێو وان دابوون، (**كَهانة**)ش بریتی بووە لە پاراستنی کاروباری ئایینیی و، سەرپەرشتییکردنی خەڵک لە ڕووی دینداریی و، دروشمەکانیەوە.

---

(١) التحرير والتنوير: ج١١، ص ٦٦ و ٦٧.

کەواتـە: هـەر سێ تیـرەی (بنـو قُرَيظـة)و (بَنـو قَيْنُقَـاع)و (بَنُـو النَّضِـير)، هەروەهـا جوولەکەکانـی خەیبـەر، هەموویـان ڕەچەڵەکیـان دەچێتـەوە سـەر هـاڕوون ﷺی بـرای مووسـا ﷺ، ئایـا چـۆن لـە نیمچـە دورگـەی عەرەبیـی دا نیشـتەجێ بـوون؟

چۆنیەتیی نیشـتەجێ بوونیـان لـە وڵاتـی عەرەبـان دا، ئـەوە بـوو کـە مووسـا ﷺ کاتـی خـۆی کۆمەڵێکـی لـە پێشـووانی ئـەو تیرانـە، ناردن بـۆ جەنـگ کـردن لـە دژی عەمالیقـە، کـە دراوسـێیان بـوون لـە شـام و عەمالیقـە لـە فەڵەسـتین بـوون، کـە هـەم بـۆ وڵاتـی عەرەبـان دراوسـێیان بـوون، هـەم لـە بەنـوو ئیسـرائیلیش، کـە لـە دەشـتی سـینا بـوون، لێیـان نیزیـک بـوون، بـەڵام ئەوانـە کەمتەرخەمییـان کـرد لـە جەنگـی دژی عەمالیقـەو، مووسـاش ﷺ لـەو کاتـەدا وەفاتـی کـرد، ئنجـا کاتێـک ئەوانـە دەبیسـتن مووسـا کۆچـی دوایـی کـردوە، ئـەو تیرانـە کـە مووسـا ﷺ ناردوونـی، بجەنگـن، یەکسـەر ئەوانیـش دەچنـەوە، بـۆ جێـگاو ڕێـگای خۆیـان، هـی بەنـی ئیسـرائیل، کـە لـە ئەریحـا بـوون، خەڵکەکـەش (واتـە: خەڵکـە جوولەکەکـە)، ئەوانـەی دەگەڕێنـەوە بـۆ شـارەکە، دەگەڕێنـەوە بـۆ ئەریحـا، پێیـان دەڵێـن: ئێـوە فەرمانـی مووسـاتان شـکاندوەو نابـێ بێنـەوە بـۆ ئێـرە، دەبـێ بـڕۆن و شـار بەدەریـان دەکـەن.

ئیـدی لـەوێ دەڕۆن و، دێـن بـۆ نیمچـە دورگـەی عەرەبیـی و، لـەوێ لـە چەنـد شـوێنێک دا نیشـتەجێ دەبـن، لـە دەوری (يَـثرِب)، واتـە: مەدینـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـەوێ قەڵایـان دروسـت دەکـەن و شـارێکیش بنیـات دەنێـن، بـە نـاوی: گـوڵ (الزَهـرة)، ئنجـا ئەوانـە دەسـت دەکـەن بـە کشـت و کاڵ و، مـاڵ و سـامانیان دەبـێ، هەندێکیـان زێڕنگەریـی و سـەنعەت دەکەنـە پیشـە، لـە پیـاوە ناودارەکانیـان: سـەموئەل کـوڕی عادیـاو، کەعبـی کـوڕی ئەشـرەف و، ئیبنـو ئەبـی حوقەیـق بـوون و، ئەوانـە پەیـمان دەبەسـتن لـە نێـوان خۆیـان و، هـەردووک هـۆزی ئـەوس و خـەزرەج دا، هەندێکیـان پەیمانیـان دەبـێ لەگـەڵ هـۆزی ئـەوس دا، کـە لـە سـەردەمی پێغەمبـەردا ﷺ سـەرۆک هۆزەکەیـان سـەعدی کـوڕی مەعـاز بـووەو، هەندێکیشـیان دەبنـە هاوپەیـمان لەگـەڵ هـۆزی خـەزرەج دا، کـە سـەرۆک هۆزەکەیـان سـەعدی

کوڕی عوبادە بووە، (**عبدالله بن أبي بن سلول**)، لە خەزرەج بووە، هەر کات ئەوس و خەزرەج پێکەوە ناکۆک بوونایەو، پێکەوە شەڕیان کردبایە، ئەو دوو هۆزە جوولەکەی سەر بە ئەوس بوون و، ئەوی دیکەش سەر بە خەزرەج بووە، ئەوانیش شەڕیان دەکرد، لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان دا، دژی بەرانبەرەکەیان.

بۆیە پێموایە، ئەوە کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمۡ لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِۚ ﴿٢﴾ ﴾الحشر، خوا ﷻ ئەو کەسەیە، ئەوانەی بێبڕوا بوون لە خاوەن کتێبەکان، لە شوێنی خۆیان دەریکردن، لە یەکەمین کۆ کردنەوەیان دا، پێم وایە بەر لە (**بَنُو النَّضِير**)، مەبەست پێی (**بَنو قَيْنُقَاع**)ە، چونکە پێشی (**بَنو قَيْنُقَاع**) دەرکران، بەپێی ئەو ڕیوایەتانەی (**إبنُ هشام**) هێناونی لە سەرچاوە مێژوویەکان، کە دەڵێ: دەرکرانی (**بَنو قَيْنُقَاع**) دوای جەنگی بەدر بووە، ڕاستەوخۆ، جەنگی بەدریش لە ساڵی دووەم دا بووە، واتە: (**بَنو قَيْنُقَاع**) دوو ساڵ پێش (**بَنو النَّضير**)، کە لە ساڵی چوارەمدا دەرکراون، واتە: دوای جەنگی ئوحود، وە دەرنراون، بۆیە کە خوا دەفەرموێ: خوا ئەو زاتەیە، ئەوانەی بێبڕوا بوون لە خاوەن کتێبەکان دەریکردن، هەم (**بَنُو النَّضِير**) دەگرێتەوەو هەم (**بَنو قَيْنُقَاع**)یش، بەڵێ دوایی کە باسی دارخورمایەکان دەکات، تایبەتە بە (**بَنُو النَّضِير**)ەوە، کە کشتوکاڵدار بوون، دارخورمایان هەبوون، بەڵام (**بَنو قَيْنُقَاع**) زیاتر زێڕنگەرو سەنعەتکار بوون، بەڵام گرنگ ئەوەیە، (**بَنو قَيْنُقَاع**) پێش (**بَنُو النَّضِير**) دەرکراون.

پێشتر باسمان کرد پێغەمبەری خوا ﷺ کاتێک چووە مەدینە، یەکێک لە کارە گرنگەکانی کە کردنی، ئەوە بوو نووسراوێکی نووسیی لە نێوان مسوڵمانان و جوولەکەکان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکاندا، ئەو نووسراوەش هەم (**كِتاب**)ی پێکوتراوە، هەم (**صَحيفة**)ی پێکوتراوەو، لە جێی دەستووری ئێستا بووە، لەم ڕۆژگارەداو، شێوەی مامەڵە پێکەوەکردنی پێکهاتەکانی مەدینەو دەوروبەری مەدینەی تێدا دیاریکراوە، پێشتر ئاماژەمان، بە هەندێک لە بڕگەکانی کرد.

بـەڵام بەداخـەوە هیـچ کام لـەو سـێ هـۆزەی جوولەکـە: (**بنـو قینقـاع**) و (**بنـو النضـیر**) و (**بنـو قریظـة**) بـەو بەڵێـن و پەیمانـەوە پابەنـد نەبـوون و شـکاندیان و، پێشـتر بـاسی هـۆزی (**بنـو قینقاع**)مـان کـردو، لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الأحزاب**)یـش دا بـاسی (**بنـو قریظة**)مـان کـردو، ئێسـتاش بـاسی (**بنـو النضـیر**) دەکەیـن:

مێژووزانان دوو هۆکاری سەرەکییان بۆ دەرکرانـی (بنو النضير) باسکردوون:

هـۆکاری یەکـەم: ئـەم هـۆکاری یەکەمـە وێـڕای (**السـيرة النبويـة لابـن هشـام**) کۆمەڵێـک سـەرچاوەی دیکـەش هێناویانـە[1]:

ئەمـە دەقـی ئەوەیـە کـە بـووە هـۆی ئـەوەی پێغەمبـەر ﷺ و هاوەڵانـی بەڕێـزی، خـوا لێیـان ڕازی بـێ، بڕیـاری دەرکردنـی هـۆزی جوولەکـەی (**بَنُو النَّضِير**) بـدەن، کـە ئێمـە ڕێـک دەقەکـەی وەردەگێڕینـە سـەر کوردیـی و لـە (**السيرة النبويـة لابـن هشـام**) ەوە دەیهێنیـن[2]:

---

(١) بـۆ وێنـە: لـە (سُـنن أبـو داود)دا هاتـوە، (إبـنُ كثير)یـش لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا، لـە خوڵاصـەی تەفسـیرەکەی (المِصباحُ المُنير فـي تَهذيـب تفسـير ابـن كثـير)، لـە لاپـەڕە (١٣٨١)دا هێناویەتـی، هەروەهـا هـەردووک نووسـەری کتێبـی: (الإسـتيعاب فـي بيـان الأسـباب)، بەرگـی: (٣)، لاپـەڕە: (٣٦٢ - ٣٦٤)، ئەوانیـش ئـەو هۆکارەیـان هێنـاوە. هەروەهـا (عبدالـرزاق فـي المُصَنَّف)یـش، بـە ژمـارە: (٩٧٣٣) هێناویەتـی و، (أبـو داود)یـش بـە ژمـارە (٣٠٠٤) لـە (سـنن) ی خۆیـداو، (البَيهقـي) لـە (دلائـلُ النُّبـوة)دا بەرگـی: (٣)، لاپـەڕە: (١٧٨ و ١٧٩)، هێناویانـە، ئنجـا هـەردوو خاوەنـی: (الإسـتيعاب فـي بيـان الأسـباب)، لـە بەرگـی: (٣)، لاپـەڕە: (٣٦٤)دا دەڵێـن: (وَقُلنَـا: هَـذَا سَـنَدٌ صَحيـح، رِجالُـهُ ثِقـات)، ئەمـە سـەنەدێکی ڕاسـتەو، پیاوەکانیشـی جێـی متمانـەن، هەروەهـا گوتوویانـە: (وَصَحَّحَـهُ شـيخنا الألبـاني، فـي صحيح أبي داود)، دیسـان (السـيوطي)ش لـە (الـدُّرُّ المَنثـور)دا هێناویەتـی، بەرگـی: (٨)، لاپـەڕە: (٩٣)، پاڵپشـتیداوەتە لای (عبـدُ بـن حُمَيـد) و (إبـنُ المُنـذِر).

(٢)ج٣ ص ٨٩ - ٩٥.

عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبدوڕڕەحمانـی کـوڕی کەعبـی کـوڕی مالیـک -- کەعبـی کـوڕی مالیـک یەکێکـە لـەو هاوەڵانـەی، لـە جەنگـی بـەدردا بەشـدار بـوون، (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)، هەروەهـا یەکێکـە لـەو سـێ هاوەڵانـەی، پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەبـەر ئـەوەی لـە جەنگـی تەبـووک دواکەوتـوون، پەنجـا ڕۆژ نەیدوانـدوون، دواییـش خـوا ﷻ ئایەتـی لەسـەر ناردنـە خـوار: ﴿وَعَلَى ٱلثَّلَٰثَةِ ٱلَّذِينَ خُلِّفُواْ ﴿١١٨﴾﴾التوبة -- عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبدوڕڕەحمانـی کـوڕی کەعبـی کـوڕی مالیـک، واتـە: ئـەوەی کەعبـی کـوڕی مالیـک، لـە پیاوێـک لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر ﷺ دەگێڕێتـەوە، دەڵێ: کافرەکانـی قوڕەیـش، نامەیـان نووسـی بـۆ (**عبداللـه بـن أُبي بـن سـلول**)، کـە دواتـر سـەرۆکی مونافیقەکانـی مەدینـە بـوو، ئەگەرنـا جـارێ هـەر لەسـەر بتپەرسـتیی بـەردەوام بـوون و خۆشـیان بـە مسـوڵمان پێشـان نەدابـوو، وەک مونافیـق، بەڵکـو هـەر بـە ئاشـکرا بتیـان دەپەرسـت، لـە هـەردوو هـۆزی ئـەوس و خـەزرەج، پێـش جەنگـی بـەدر، کافـرەکان نامەیـان نـاردوە بـۆ: (**عبدللـه بـن أُبي بن سـلول**) نووسـیویانە: ئێـوە هاوەڵەکـەی ئێمەتـان پەنـا داوە، (واتـە: موحەممـەد ﷺ) ئێـوە لـە هەمـوو خەڵکـی مەدینـە ژمارەتـان زیاتـرە، وەک خەزرەجییـەکان، ئێمـەش سـوێند بـە خـوا دەخۆیـن، یـان دەبـێ بیکـوژن، یـان دەبـێ دەری بکـەن، یـان ئێمـە بانـگ ڕادەدێریـن، هەرچـی عـەرەب هەیـە، بـە دەنگمانـەوە بـێ، دێیـن پیاوەکانتـان و شـەڕکەرەکانتان دەکوژیـن، ئافرەتەکانیشـتان دەکەینـە کەنیـزەک، کاتێـک عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی و بتپەرسـتەکان، ئـەو نامەیـان پێـدەگات، نامەیـان بـۆ دەنێرنـەوەو، کافـرەکانی قوڕەیشـیش خەڵکێـک دەنێـرن و، سـەرەنجام بتپەرستەکانی هـەردووک لایـان پێکـەوە کۆدەبنـەوەو، نامـە بـۆ یەکـدی دەنێـرن و بڕیـار دەدەن لـە دژی پێغەمبـەر ﷺ و هاوەڵانـی بجەنگـن، کاتێـک ئـەو هەواڵـە بـە پێغەمبـەر دەگات، لەگـەڵ کۆمەڵێـک دا، لـە هـاوەڵان دەچـێ بـۆ لایـان، پێیـان دەفەرمـوێ: {**لَقَـدْ بَلَـغَ وَعِيـدُ قُرَيْـشٍ مِنْكُـمُ الْمَبَالِـغَ، مَـا كَانَـتْ تَكِيدُكُـمْ بِأَكْـثَرَ مِـمَّا تُرِيـدُونَ أَنْ تَكِيـدُوا بِـهِ أَنْفُسَـكُمْ، تُرِيـدُونَ أَنْ تُقَاتِلُـوا أَبْنَاءَكُـمْ، وَإِخْوَانَكُـمْ**}، پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەفەرمـوێ: وا دیـارە هەڕەشـەی

قورەیشـییەکان، لێتـان گەیشـتۆتە ڕاددەیەکـی زۆر، (زۆری پـێ ترسـاون)، قورەیـش هیـچ زیانێکـی لـە ئێـوە نـەدەدا، زیاتـر لـەوەی ئێـوە خەریکـن، بـۆ خۆتـان زیـان لـە خۆتـان دەدەن، (واتـە: لـە نێـو خـۆدا جەنگـی نێوخۆیـی بەرپـا بکـەن)، ئێـوە دەتانـەوێ کوڕەکانـی خۆتـان و برایەکانـی خۆتـان بکـوژن!

کاتێـک گوێبیسـتی ئـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەر ﷺ دەبـن، کـە قسـەیەکی زۆر ئیقناعکـەرە، بـڵاوەی لـێ دەکـەن، تەماشـا بکـەن! پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ڕووی دینییـەوە نایاندوێنـێ، دەزانـێ موونافیقـن، یاخـود هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرن، بەڵکـو لـە ڕووی بەرژەوەندیـی دنیاییـەوە دەیاندوێنـێ، پێغەمبـەری خـوا ﷺ هـەر کەسـە بەپێـی عەقڵـی خـۆی و ئاسـتی خـۆی دواندوویەتـی، ئەگـەر بـۆی باسـی قیامـەت و، سـزای خـوای بکردانایـە، بـە کەڵـک نەدەهـات، دەبـێ بـەوەی خۆیـان تێیدەگـەن و بڕوایـان پێیـەتی، بـەوە بیاندوێنـێ، بەڵـێ کاتێـک ئـەو قسـەیەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەبیسـتن، لێـی بـڵاو دەبـن و، ئـەوەش بـە کافرەکانـی قورەیـش دەگاتـەوە، دوایـی جەنگـی بـەدر دێتـە پێـش.

ئنجا کافرەکانـی قورەیـش، لـە دوای جەنگـی بـەدر، جارێکـی دیکـە نامـە دەنێـرن، بـۆ جوولەکـەکان، (وا پێدەچـێ هـەم بـۆ (**بَنـو قَيْنُقَـاع**)، هـەم بـۆ (**بَنُـو النَّضِـير**))، پێیـان دەڵێـن: ئێـوە هـەم خـاوەن چەکـن، هـەم خـاوەن قـەڵان، یـان دەبـێ دژی ئـەو هاوەڵـەی ئێمـە بجەنگـن، یـان ئـاواو ئـاوا دەکەیـن و، هیـچ شـتێکیش ڕێگـری ئـەوە نابـێ، خرخاڵـی پێیەکانـی ژنەکانتـان بکەونـە دەسـتی ئێمـە، (ئـەوەش تەعبیرێکـی نێـو خۆیـان بـووە، واتـە: ئافرەتەکانتـان دەبـن بـە کۆیلـەو کەنیزەکـی ئێمـە)، کاتێـک ئـەو نـووسراوەی ئـەوان بـە (**بنـو النضـیر**) دەگات، (**بَنُـو النَّضِـير**) یەکلادەبنـەوە، کـە پەیـمان بشـکێنن، لەگـەڵ پێغەمبـەری خـواداو، وەڵام بـۆ پێغەمبـەری خـوا دەنێـرن، دەڵێـن: خـۆت لەگـەڵ سـیی (٣٠) کـەس لـە هاوەڵانـت وەرە بـۆ لامـان، عەزمیشـیان جـەزم کـردوە، هـەر کات پێغەمبـەری خـوا ﷺ هـات، پەنهانکـوژی بکـەن، دەڵێـن: ئێمـەش سـیی (٣٠) لـە زانایەکانـی خۆمانـدا دێینـە دەرێ، تاکـو لـە فـڵان شـوێنە دابنیشـین، تاکـو بزانیـن داخـۆ دەگەینـە چـی؟!

بـا زانایەکانـی ئێمـە، گـوێ لـە تـۆ بگـرن، ئەگـەر ئـەوان تۆیـان بـە ڕاسـت زانیـی و بڕوایـان بـە تـۆ هێنـا، ئێمـەش هەموومـان بـڕوا بـە تـۆ دێنیـن، {پێغەمبەریـش ﷺ ئـەوەی خـوا ئـاگاداری نەکردبێتـەوە، نەیزانیـوەو پەنهـان بـەس خـوا دەیزانـێ: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ الْغَيْبَ إِلَّا اللَّهُ ﴿٦٥﴾﴾ النمـل، بلـێ: جگـە لـە خـوا هیـچ کـەس، لـە ئاسـمانەکان و زەوی دا پەنهـان نازانـێ، بـە دڵنیایـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دڵیشـی خۆشـبووە، کـە ئەوانـە هەموویـان بـڕوا بێنـن}، ئیـدی لەگـەڵ سـیی (٣٠) لـە هاوەڵانـی دا دەچـێ بـۆ ئـەو شـوێنەی بۆیـان دیاریکـردوە، بـۆ ژوان، سـیی (٣٠) لـە زانایانـی جوولەکـەش دێـن، هەتـا دەگەنـە چۆڵاییـەک لـە زەوی، ئنجـا جوولەکـەکان لـە نێـو خۆیانـدا، هەندێکیـان بـە هەندێکیـان دەڵێـن: چـۆن زەفـەری پـێ دەبـەن، بیکـوژن، لـە کاتێـک دا سـیی (٣٠) لـە هاوەڵانـی لەگەڵـدان و هـەر کامێکیـان حـەز دەکات، پێـش وی بمـرێ؟ جوابـی بـۆ بنێـرن، بڵێـن: چـۆن تـۆ تێدەگـەی و ئێمـە تێدەگەیـن، ئێمـە هەمووسـان شەسـت (٦٠) پیـاو بیـن، سـیی (٣٠) لـە ئێـوەو سـیی (٣٠) لـە ئێمـە؟، تـۆ لەگـەڵ سـێ کەسـان وەرەو، سـێ لـە زانایانـی ئێمـەش دێـن، ئەگـەر ئـەوان بڕوایـان بەتـۆ هێنـا، ئێمـەش بـڕوا دێنیـن و بەڕاسـتت دادەنێیـن.

پێغەمبەریـش ﷺ ئـەو پێشنیارەشـیان قبـووڵ دەکات و، لەگەڵ سـێ لـە هاوەڵانیدا دەچـێ، جوولەکەکانیـش کـە بـە حیسـاب سـێ لـە زانایانیانـن، خەنجەریـان بـە پەنهانیـی هەڵگرتـوەو، دەیانـەوێ پێغەمبـەری خـوا ﷺ پەنهانکوژ[1] بکـەن، ئافرەتێکی دڵسـۆزیش لـە (**بَنُـو النَّضِـير**)، وەڵام دەنێـرێ بـۆ برازایەکانـی، (ئـەو ئافرەتە دڵسـۆزە، وا دیـارە مسـوڵمان بـووە، بـەڵام مسـوڵمانەتییەکەی پەنهـان کـردوە، بـراو برازایەکانیشـی مسـوڵمان بوونـە)، ئاگاداریـان دەکاتـەوەو، هەواڵیـان پێـدەدا، کـە (**بَنُـو النَّضِـير**)، چ بڕیارێکـی غەدریـان داوە، (واتـە: پەیـمان شـکاندن لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ)، برایەکـەی بـە خێرایـی دێ و دەگاتـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەواڵەکـەی بـە گوێـدا

---

(١) پەنهانکوژیی (إغتيال) و (فَتْک)یشی پێدەگوترێ لە زمانی عەرەبیدا.

دەچپێنێ، بەر لەوەی پێغەمبەر ﷺ بگاتە لای ئەو سێ زانایەی کە بە حیساب سێ زانای جوولەکەن، بەڵام لە ئەسڵدا خەنجەریان هەڵگرتوە بۆ کوشتنی.

پێغەمبەری خوا ﷺ کە ئەوە دەبیستێ و، ئەو زانیارییەی پێدەگات، دەگەڕێتەوەو، بۆ بەیانی سوپایەک ساز دەکات و، دەچێ دەوریان دەگرێ و ئابلووقەیان دەدا، پێیان دەفەرموێ: (**إِنَّكُمْ وَاللَّهِ لَا تَأْمَنُونَ عِنْدِي، إِلَّا بِعَهْدٍ تُعَاهِدُونِي عَلَيْهِ**)، واتە: من ئێوە بە ئەمیندار دانانێم، مەگەر بەڵێن و پەیمانێکمان لە نێواندا هەبێ.

کەچی ئەوان ڕازیی نابن، بەڵێن و پەیمانی پێ بدەن، ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی، جەنگیان لە دژ دەکەن، دوایی وا پێدەچێ پێغەمبەری خوا ﷺ بیستبێتی[1]، کە (**بنو قُرَيظة**)ش بەتەمان بۆ هاوکارییان بێن، بۆیە ئەوان بەجێ دەهێڵێ و بە سوپاکەیەوە، هێرش دەکاتە سەر (**بنو قُرَيظة**)، ئەوانیش هۆزێکی جوولەکەکان بوون و هەر لە دەوروبەری مەدینە بوون، داوایان لێ دەکات، کە بەڵێن و پەیمانێکی پێ بدەن، غەدر نەکەن و پەیمان نەشکێنن چونکە پەیمانیان هەر هەبووە، بەڵام بۆ زیاتر جەختکردنەوە، ئەوانیش بەڵێنی پێ دەدەن، ئیدی پێغەمبەر ﷺ ئەوان بەجێ دەهێڵێ و دووبارە ئەو سوپایەی لەگەڵیەتی، ئەو هێزە دەباتەوە بۆ ئابلووقەدانی هۆزی (**بَنُو النَّضِير**)، لەگەڵیاندا بەشەڕ دێن، واپێدەچێ جەنگەکە بە تیرو کەوان بوو بێ و لە دوور ڕا بووبێ، هەتا دوایی (**بَنُو النَّضِير**) ڕازی دەبن، بەجێی بهێڵن، بەو مەرجەی هەر کەسێک باری حوشترێک ببات، جگە لە چەک، نابێ چەک لەگەڵ خۆیان بەرن.

ئنجا (**بَنُو النَّضِير**) هەر کەسە باری حوشترێک دەبات، بەپێی ڕێککەوتنەکە بۆیان هەبووە، کەلوپەلی خۆیان ببەن، بەڵکو جاری وا هەبووە دەرگای ماڵەکانیشیان و چوارچێوەو شیپانەی ماڵەکانیشیان دەبردن و، بە دەستی خۆیان ماڵەکانی خۆیان

---

(١) ئەمە لە (السيرة النبوية لابن هشام)دا نەهاتوەو، لەسەرچاوەکانی دیکەدا هاتوە.

کاول دەکردن، ئەوەی بۆیان چووبایەو بە کەڵکیان هاتبایە، لە دارو تەختەو کەلوپەل، لەگەڵ خۆیانیان دەبرد، ئەم دەربەدەر بوونەی (**بَنُو النَّضِير**)یش، یەکەمین ڕەویان بوو، یەکەمین کۆکردنەوەو دەرکرانیان بوو بەرەو شام.

(**بَنُو النَّضِير**) یەکێک لە نەوەکانی بەنی ئیسرائیل بوون، کە ئەوان دوازدە (**سِبط**) بوون، کە بە (**أسباط**) کۆدەکرێتەوە، دەچنەوە سەر دوازدە کوڕەکەی یەعقووب عليه السلام، واتە: یوسوف عليه السلام و بنیامین و دە (١٠) برایەکەی دیکەیان، ئنجا ئەو (**سِبط**)ە لە نەوەکانی ئیسرائیل، تاکو ئەو کاتە دەربەدەر نەبوون، تاکو ئەو کاتەی مسوڵمانان دەریانکردن، لەسەر ئەو خیانەتەی کردیان.

ئنجا لەو بارەوە خوا سەرەتای سوورەتی (**الحشر**)ی دابەزاند: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا
فِي السَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١) هُوَ الَّذِيٓ أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ
الْكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمْ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا وَظَنُّوٓا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ
اللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي
الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَٰٓأُولِي الْأَبْصَٰرِ (٢) وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمْ فِي
الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابُ النَّارِ (٣) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَمَن يُشَآقِّ اللَّهَ فَإِنَّ
اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٤) مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ
وَلِيُخْزِيَ الْفَٰسِقِينَ (٥) وَمَآ أَفَآءَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ
وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦) ﴾ الحشر.

شایانی باسە: دارخورمایەکانی هۆزی (**بَنُو النَّضِير**) و، باغ و بێستانەکەیان، بە تایبەت بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، خوای پەروەردگار بە تایبەت دای بەو، وەک سەرۆکی دەوڵەت و، دابەش نەکرا بەسەر جەنگاوەرەکان دا، لەو بارەوەش خوا فەرمووی: ﴿ وَمَآ أَفَآءَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ
وَلَٰكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ وَاللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦) ﴾ الحشر، ئەوەی

خـوا ﷻ لەوانـەوە گێڕایـەوە بـۆ پێغەمبەرەکـەی ﷺ، ئێـوە نـە ئەسـپتان بـۆ تـاودان، کـە بـە خێرایـی لێیـان بخـوڕن، نـە حوشـتریش.

واتـە: هێزتـان بـۆ بەکارنەهێنـا، دیـارە شـەڕێکی زۆر جیددیـی نەبـووەو، ئـەوان کـە زانیویانـە تێـک دەشـکێن، گوتوویانـە: باشـە ئێـرە بەجـێ دەهێڵیـن.

پێغەمبـەری خـواش ﷺ ئـەو دەسـتکەوتەی لـە (**بَنُـو النَّضِـیر**)ی گـرت، بـە زۆریـی دای بـە کۆچکـەرەکان و لـە نێوانیـان دا دابەشـیکرد، تەنیـا دای بـە دوو کـەس لـە پشـتیوانەکان، ئەوانیـش زۆر پێویسـتیان بـوو.

کەواتـە: ئەمـە هـۆکاری یەکەمـی دەرکرانی هـۆزی (**بنـو النضیر**) بـوو، کـە کەیـن و بەینیـان بـووە، لەگـەڵ قورەیشـییەکاندا و، بڕیاریشـیان داوە پێغەمبـەر ﷺ پەنهانکـوژ بکەن.

هـۆکاری دووەمیـش کـە (**إبـنُ هشـام**) لـە سـیرەکەی خـۆی دا باسـی کـردووەو، ئێسـتا بـە کورتیـی دەیهێنیـن، چونکـە دوایـی کـە دێینـە سـەر، بڕگـەی پێنجـەم و کۆتایـی و باسـی چۆنیەتیـی دەرکرانـی (**بَنُـو النَّضِـیر**) لـە سـاڵی چـوارەم دا دەکەیـن، ئـەو هـۆکارەش بـاس دەکەینـەوە، ئـەو هـۆکارەش پوختەکـەی ئـاوا بـووە:

یەکێـک لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر ﷺ بـە نـاوی (**عَمْـرو بـن أُمَیَّـة**)، لەگـەڵ ئـەو چـل (٤٠) کەسـەدا، کـە پێغەمبـەر ﷺ دەیانێـرێ، بـۆ لای (**بَنُـو عَامِـر**)، لـە شـوێنێک بـە نـاوی (**بِئرُ المَعونـة**)، بەسـەر ئـەو چـل کەسـەدا دەدەن و، هەموانیـان شـەهید دەکـەن، بـەڵام (**عَمْـرو بـنُ أُمَیَّـة**) لەگـەڵ یەکێکـی دیکـە، لـە لای وڵاخـەکان دەبـن، بـەڵام دوایـی کـە کافـرەکان پێیـان دەزانـن، ئـەوی دیکەشـیان دەکـوژن، (عمرو)یـش بـە دیـل دەگـرن، بـەڵام دوایـی بـەری دەدەن، لەبـەر هۆکارێـک، ئنجـا (**عَمْـرو بـن أُمَیَّـة**)، کـە یەکێـک بـووە لـە هـاوەڵان، لـە گەڕانەوەیـدا دوو پیـاو لـە (**بنـو عامِـر**) دەبینـێ، واتـە: ئـەو هـۆزەی سـەرۆکەکەیان، ئـەو پەلامـارەی هـاوەڵان دەدات و دەیانکـوژێ، ئەویـش نازانـێ کـە ئـەو دووەی لـە هـۆزی (**بنـو عامِـر**)ن، پەیمانیـان

لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ هەیە، غافڵگیریان دەکات تاکو دەخەون، لە ژێر سێبەری درەختێک دا، ئەویش هەڵدەکوتێتە سەریان و هەردووکیان دەکوژێ، کە دەگەڕێتەوەش هەواڵ بە پێغەمبەر دەدات، دەڵێ: دوو کەسم لە (**بنو عامر**) کوشتوون، {پێی وابووە تۆڵەی کردۆتەوە!}، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: {**لَقَدْ قَتَلْتَ قَتِلَيْنِ لأَدِيَنَّهُمَا**}، دوو کەست کوشتوون، کە دەبێ خوێنەکەیان بدەم، (چونکە ئەوانە لەگەڵ مسوڵمانان دا پەیمان و بەڵێنیان هەبووە).

ئنجا پێغەمبەر ﷺ بینا لەسەر ئەو ڕێککەوتنەی لە (**صَحِيفَة**)دا، لە سەرەتاوە لەگەڵ جوولەکەکاندا کردوویەتی، کە یەکێک لە بەندەکانی ئەوە بووە، پێکەوە خوێن بدەن و، پێکەوە خەرجیی و مەسرەف بکێشن، دەچێ داوا لە (**بنو النضير**) دەکات، هاوکاریی بکەن، بۆ دانی خوێنی ئەو دوو کەسە، ئەوانیش لە شوێنێکدا دایدەنێن و، دەیانەوێ لەسەرەوە بەردێکی گەورە، یاخود بەرداشێکی گەورەی بەسەردا بخەنە خوار، بەڵام (جبریل) هەواڵی پێدەداو، پێغەمبەریش ﷺ بە خێرایی دێتەوە بۆ مەدینە، دوایی هاوەڵانیش بەدوایدا دەگەڕێنەوە، ئەوانەی لە خزمەتی دا دەبن، دوایی هەواڵیان پێدەدا چی بووە؟! ئیدی پێغەمبەری خوا ﷺ دەوریان دەداو، سەرەنجام ڕازیی دەبن بڕۆن و دەربەدەر دەبن، کەواتە: هەم ئەوەش بووەو، هەم ئەوەی دیکەش بووەو، ئەمانە ئەو دوو هۆکارەن، کە پاڵنەرو هاندەری پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی بەڕێزی بوون، کە ئەو هۆزە خیانەتکارو پەیمانشکێنە، لە مەدینە دەربکەن، لەبەر ئەوەی پەیمانیان هەڵوەشاندۆتەوە.

تەوەری پێنجەم: چۆنیەتیی دەرکرانی هۆزی جوولەکەی (بَنُو النَّضِـیر) لە مەدینە[1]:

لـە بـاسی چۆنیەتیـی دەرکرانەکەشـیاندا، هـۆکاری دووەم، کـە پێشـتریش باسـمان کـرد، دەیهێنینـەوە پێـش و، لـە نـۆ بڕگـەدا ئـەو باسـە دەخەینـە ڕوو:

یەکەم: (**إبنُ إسحاق**) دەڵێ: مانگەکانی: (**شوّال و ذو القعدة و ذو الحِجّة**)، پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینە بوو، ئنجا چوار مانگ لە دوای جەنگی ئوحود، چل (٤٠) لە هاوەڵانی (خوا لێیان ڕازی بێ) ناردن بۆ بانگەوازکردنی خەڵک و بانگکردنیان بۆ ئیسلام، ئەویش هۆکارەکەی ئەوە بوو، کە (**أبو براء عامِر بن مالك بن جعفر ملاعِبُ الأسِنَّة**) دێ بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مەدینەو، ئەویش بانگی دەکات بۆ ئیسلام، ئیسلامی بۆ دەخاتە ڕوو، ئەویش مسوڵمان نابێ، بەڵام دووریش نابێ لە ئیسلامەوەو دەڵێ: ئەی موحەممەد! ئەگەر کۆمەڵێک لە هاوەڵانت بنێری، بۆ لای خەڵکی نەجد، بانگیان بکەن بۆ ئەو ئایینەی خۆت، پێم وایە وەڵام بدەنەوە.

پێغەمبەریـش ﷺ دەفەرمـوێ: {**إِنِّي أَخْشَى عَلَيْهِـمْ أَهْـلَ نَجْـدٍ**}، من مەترسیی خەڵکی نەجـدم لێیـان هەیـە، واتـە: دەترسـێم غەدریـان لـێ بکـەن و شـەڕیان پـێ بفرۆشـن، (**أبـو بَـرَاء**)، {واتـە: (**عامِـرُ بـن مالك**)}یـش، دەڵـێ: مـن پەنایـان دەدەم، بیانێـرە بـا خەڵـک بانـگ بکـەن بـۆ لای ئایینەکـەت، پێغەمبـەری خـواش ﷺ (**المُنـذِر بـن عَمْـرو**)، کـە لـە هـۆزی (**بنـي ساعِدة**) بـووەو نازناوەکـەی: (**المُعنِقُ لِيَمـوت**)، واتـە: ملـی بـەرز کردۆتـەوە، بـۆ ئـەوەی بمـرێ، (عەوداڵـی شـەهیدییە لـە ڕێـی خـوادا)، لەگـەڵ چـل پیـاو لـە هاوەڵانـی خـۆی، لـە مسـوڵمانە هەڵبـژاردەکان، دەنێـرێ، لـە نێویانـدا: (**الْحَارِثُ بْنُ الصِّمَّةِ، وَحَرَامُ بْنُ مِلْحَانَ أَخُو بَنِي عَدِيِّ بْنِ النَّجَّارِ، وَعُرْوَةُ بْنُ أَسْمَاءَ بْـنِ الصَّلْـتِ السَّـلَمِيّ، وَنَافِـعُ بْـنُ بُدَيْـلِ بْـنِ وَرْقَـاءَ الْخُزَاعِـيّ، وَعَامِـرُ بْـنُ فُهَيْرَةَ مَـوْلَى أَبِي بَكْـرٍ الصِّدِّيـقِ**)، لەگـەڵ کۆمەڵێکـی دیکـە لـە پیـاوان، بـە فەرماندەیەتیـی (**المُنـذِر**

---

(١) السيرة النبوية لابن هشام، ج٣ ص٨٦ - ٩٦

بن عَمرو) دەچن، دەڕۆن تاکو دەگەنە لای (**بِئر المَعونة**)، کە سەر زەمینێکە لە نێوان (**بني عامر و حَرَّة بني سُلَيم**)دا، کاتێک لەوێ دادەبەزن، (**حَرَامُ بْنُ مِلْحَانَ**)، یەکێک بووە لە هاوەڵان، بە نامەی پێغەمبەرەوە ﷺ دەنێرن بۆ لای (**عامِر بن طُفَيل**) دوژمنی خوا.

(**عامِر بن طُفيل**) کە نوێنەرەکەی پێغەمبەر ﷺ بە نامەی پێغەمبەرەوە دەچێت، تەماشای نامەکە ناکات و یەکسەر نامەبەرەکە دەکوژێ، دوایی هاوار دەکاتە هۆزەکەی خۆی کە هاوکاری بن و بەسەریان وەربکات، بۆ ئەوەی ئەو هاوەڵانەی چاوەڕێ دەکەن، بیانکوژن، بەڵام ئەوان وەڵامی نادەنەوەو، دەڵێن: ئێمە پەنادانی (**أبو براء**)، ناشکێنین، بەڵێنەکەی ناشکێنین، ئەویش هۆزەکانی (**بنو سُلَيم**)، لە (**عُصَيَّة و ورَعل و ذَكوان**)، بانگ دەکات، ئەوان هەموویان دێن و دەوریان دەدەن، کاتێک دەوریان دەدەن، ئەوانیش دەست بۆ شمشێرەکانیان دەبەن، بەڵام تیروکەوان و ئامرازی دیکەی جەنگیان پێ نابێ، چونکە بۆ جەنگ نەچوون، بەڵام بەرگریی دەکەن، تاکو هەموویان دەکوژرێن، بێگومان ئەوان هەر لە دوورا، بە بەردو تیرو ژمارەشیان زۆر بووە، هەموویان دەکوژن، جگە لە (**كعب بن مالك**)، لەو دەگەڕێن، کە ڕووحی لەبەردا ماوە، بەڵام ئەوان نازانن، ئەو دەمێنێ و دوایی دەربازی دەبێ، تاکو دوایی لە شەڕی خەندەقدا شەهید دەکرێ.

هەروەها (**عَمْرو بن أُمَيَّة الضَّمْرِي**)، لەگەڵ پیاوێکی دیکەش لە پشتیوانەکان، لە لای ئاژەڵەکانیان دەبن، ئەوانیش بەوە دەزانن، چی بەسەر هاوەڵەکانیان هاتوە، کە باڵندە دەبینن بەسەر سەربازگەکەدا دەسووڕێنەوە، خەرتەل و داڵ و لاشخۆر، دەڵێن: ئەو باڵندانە هۆکارێک بۆ گەڕانیان هەیە! کە تەماشا دەکەن ئەوە هاوەڵەکانیان لە خوێنی خۆیان دان و، تەماشاش دەکەن ئەو ئەسپ سوارانەش لەوێ ڕاوەستاون، (**عَمْرو بن أُمَيَّة**) دەڵێ: پێم وایە، بچینەوە بۆ لای پێغەمبەرو هەواڵی پێ بدەین، پیاوە پشتیوانییەکەش دەڵێ: حاڵێک کە بەسەر

(المُنذِر بن عَمرو) هاتوە، خۆم پێ لەو زیاتر نیەو، نابێ وابم، هەواڵیان بۆ بەرمەوەو زیندووبم، دەبێ خەڵک هەواڵی من بۆ ئەوان بەرێتەوە، ئیدی ئەویش دەچێ لەگەڵیاندا دەجەنگێ، تاکو دەکوژرێ.

بەڵام (عمرو بن أُمَيَّة) بە دیل دەگرن، دوایی کە هەواڵیان پێدەدا، کێیە، (عامِر بن طُفَيل) پێشە سەری دەتاشێ و ئازادی دەکات، بە حیساب دایکی (عامر) کۆیلەیەک قەرزدار بووە، (عمرو بن أُمَيَّة)ش دەچێ تاکو دەگاتە (قِرقِرة)، لەوێ دوو پیاو لە (بني عامِر) دێن، (واتە: ئەو هۆزەی (عامِر بن طُفَيل) سەرۆکیانە)، ئنجا ئەو دوو پیاوە دێن، لە سێبەرێک پشوو دەدەن، (عمرو بن أُمَيَّة الضَّمْرِي)ش، نازانێ کە ئەو دوو پیاوە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەردا هەیە، بەڵکو لێیان دەپرسێ: ئێوە کێن؟ دەڵێن: ئێمە لە (بني عامِر)ین، ئەویش لێیان دەگەڕێ تاکو دەخەون لە سێبەرێکدا، دوایی پەلاماریان دەداو هەردووکیان دەکوژێ، (پێی وایە جۆرێک لە تۆڵەی لە (بني عامِر) کردۆتەوە، لەسەر ئەوەی ئاوایان بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا کردوە)، بەڵام کە دەگەڕێتەوە، پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (لَقَدْ قَتَلْتَ قَتِيلَيْنَ لَأَدِيَنَّهُمَا)، دوو کەست کوشتوون، دەبێ خوێنەکەیان بدەم.

دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ دەچێ بۆ لای (بَنُو النَّضِير) و داوایان لێ دەکات ئەو دوو کوژراوەی، کە (عمرو بن أُمَيَّة) لە هۆزی (بنو عامِر) کوشتوونی، هاوکاریی بکەن بۆ دانی خوێنەکەیان، بەپێی ئەو پەیمانەی لە نێوانیاندا نووسراوە، کە پێشتر ئاماژەمان بە هەندێک لە بڕگەکانی کرد، ئەوانیش دەڵێن: ئەی (أبو القاسم)! ئەوەی تۆ بۆی هاتووی باشە، هاوکارییت دەکەین، چاوەڕێمان بکە.

سێیەم: ئنجا (بَنُو النَّضِير) هەندێکیان لە نێوان خۆیاندا ڕاوێژ دەکەن و دەڵێن: ئەو پیاوە هەرگیز ئاواتان لێ هەڵناکەوێتەوە، ئەوە بۆ خۆی دانیشتوە لە سێبەری دیوارێک، چ پیاوێکمان هەیە بچێتە سەربان، لەوێوە بەردێکی گەورە (لە هەندێک ڕیوایەتاندا دەڵێ: بەرداشێک، یان دەستاڕێکی گەورە)ی لەسەر ڕا بەسەردا بخات، بە یەکجاریی لە دەستی

دەربازمان بێ، پیاوێکیان بە ناوی (**عمرو بن جِحاش بنِ كعب**)، دەڵێ: من ئامادەم، ئیدی دەچێتە سەر بانەکە، بۆ ئەوەی بەردە گەورە، یان دەستاڕ یان بەرداشەکەی بەسەردا بخات، پێغەمبەریش ﷺ خۆی و کۆمەڵێک لە هاوەڵانی، کە ئەبووبەکرو عومەرو عەلیی بوون (خوا لێیان ڕازی بێ)، دانیشتوون لە سێبەری ئەو دیوارەدا کە کابرا چۆتە سەربانەکەی، بۆ ئەوەی بەردەکە بەسەر پێغەمبەردا ﷺ بخات.

چوارەم: لەو حاڵەتەدا بەر لەوەی کابرا بەردەکەی بەسەردا بخات، پێغەمبەر ﷺ هەواڵی ئاسمانی بۆ دێ، کە (**بَنُو النَّضِير**) بە تەمای چین؟! ئیدی یەکسەر هەڵدەستێ و هیچ قسە ناکات، بەپێی ئەو ڕیوایەتە، یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ مەدینە، هاوەڵان وا حاڵیی دەبن، پێغەمبەر ﷺ ئیشێکی هەبێ، (سەراوێکی هەبێ، کارێکی تایبەتی خۆی هەبێ)، لەوێ هیچ نالێ، بۆ ئەوەی نەبێتە مشەووەشیی و ئاڵۆزیی، دەچێتەوە بۆ مەدینە، هاوەڵانیش کە لە خزمەتی دا دەبن، چاوەڕێ دەکەن و دیار نابێ، ئەوانیش هەندێکیان بە دوای دەکەون، بەرەو مەدینە کە دەچنەوە، تووشی پیاوێک دێن، کە لە مەدینە ڕا دێ، لێی دەپرسن: پێغەمبەری خوات نەبینی؟ دەڵێ: بینیم دەچووە نێو شار، نێو مەدینە.

ئیدی هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ)، دەچنەوە بۆ شار، بۆ خزمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەویش هەواڵیان پێدەدا، کە جوولەکەکان بە تەمای چی بوون! بە تەمابوون، بەو شێوەیە پەنهانکوژی بکەن، بۆیە پێغەمبەر ﷺ بڕیار دەدات، سزایان بدات لەسەر ئەو خیانەتە، کە بەڵێن و پەیمانیان شکاندوە.

پێنجەم: پێغەمبەری خوا ﷺ کە بەرەو لای (**بنو النضير**) دەچێ، عەبدوڵڵای کوڕی مەکتووم، لە شوێنی خۆی دادەنێ وەک سەرپەرشتیاری مەدینە، ئنجا سوپاو هێز لەگەڵ خۆیدا دەبات و دەچێتە دەوریان و، ئەوە لە مانگی ڕەبیعی یەکەم دا دەبێ، ماوەی شەش شەوان ئابلووقەیان دەدا، ڕیوایەتێکی دیکەش دەڵێ: پازدە شەو، یەکێکیش دەڵێ: کەمتر، {گرنگ ئەوەیە چەند ڕۆژێک، چەند شەوێک ئابلووقەیان دەدات}.

شەشـەم: کاتێـک (بنـو النضیر) دەچنـە نێـو قەڵایەکانیانـەوەو خۆیـان مەحکـەم و قایـم دەکـەن، بـۆ ئـەوەی لـە قەڵایەکانـەوە، بەرگریـی لـە خۆیـان بکـەن، بـە تیـرو بـەردو ئـەو ئامرازانـەی کاتـی خـۆی شـەڕیان پێکـراوە، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـان دەکات، کـە دارخورماکانیـان ببـڕن و بیانسـووتێنن، تاکـو نائومێدیـان بـکات و بـە تەمـای ئـەو ڕەزو باخانـە نەبـن، کـە لـە دەوری قەڵایەکانیانـن و چاویـان لـەو مـاڵ و سامانەیان نەبـێ بۆیـان سـەلامەت بـێ، ئەوانیـش بانگـی دەکـەن، ئـەی موحەممـەد! تـۆ تێکـدان و خراپەکارییـت قەدەغـە دەکـرد، ئەگـەر خەڵـک خراپەکاریـی بـکات، لێی بـە عەیـب دەگـری، چـۆن ئـەو دارخورمایانـە دەبـڕی و دەیانسـووتێنی؟ پێغەمبەریـش ﷺ وەڵامیـان ناداتـەوە.

بـەڵام خـوای بـەرز ئـەو ئایەتـە موبارەکـە دادەبەزێنـێ، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيُخْزِيَ ٱلْفَٰسِقِينَ ۝٥ ﴾الحشر، واتـە: هـەر دارخورمایەکتـان بڕیـوە، یاخـود لێـی گـەڕاون و لەسـەر بنکەکـەی خـۆی ماوەتـەوە، بـە مۆڵەتـی خـوا بـووە، تاکـو لادەران و لاڕێیـان، زەبـوون و ڕیسـوا بـکات.

حەوتەم: کۆمەڵێک لە (بني عوف) لە خەزرەجییەکان، لە نێویاندا:

١- دوژمنی خوا (عبدالله بن أُبي بن سلول).

٢- (وَديعة).

٣- (مالك بن قَوقَل).

٤- (داعس).

٥- (سوَيل).

ئەوانـە هەموویـان وەڵام دەنێـرن بـۆ (بَنُـو النَّضِـير) و ئاگاداریـان دەکەنـەوە، کـە چەسـپاوبن و بەرگریـی لـە خۆتـان بکـەن، ئێمـە هەرگیـز ئێـوە تەسـلیم ناکەیـن و،

ئەگەر لە دژتان جەنگ بکرێ، ئێمە لە سەنگەری ئێوەدا دەبین، ئەگەر دەریش بکرێن لە وڵاتی خۆتان، ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا دەردەچین! ئەوانیش چاوەڕێ دەبن، کە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی و هاوەڵەکانی، ئەو مونافیق و دەغەڵانە بێن هاوکاریان بن، چونکە کاتی خۆی پێکەوە هاوپەیمان بوون، بەڵام واناکەن، چونکە خوا ﷻ ترس دەخاتە دڵی مونافیقەکان و، دڵی جوولەکەکانەوەش، سەرەنجام داوا لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن، لەگەڵیان ڕێک بکەوێ، بەوە کە بڕۆن و ئەو شارو قەڵاو زەویی و زارەی خۆیان بەجێبێڵن، بەڵام سەلامەت بن، هەر کامێکیان باری حوشترێک لە کەل و پەل لەگەڵ خۆی بەرێ، جگە لە چەک، پێغەمبەریش ﷺ بەوە ڕازی دەبێ.

گوتراوە: پیاوی وا هەبووە، چوارچێوەو دەرگای خانووەکەی خۆشی دەردەهێناو دەیخستە سەر پشتی حوشترەکەی، بە زۆریی بەرەو شام دەچن، بەڵام هەندێک لە گەورە گەورەکانیان، وەک (**كِنانة بن ربيع بن أبي الحقيق**) و (**حُيي بن أخطب**)، دەچن بۆ خەیبەر، ئنجا کاتێک دەچن بۆ ئەوێ، خەڵکەکەش لەبەر ئەوەی ئەوانە ناسراو و و گەورە دەبن، بە قسەیان دەکەن و دەیانکەنە دەمڕاست و سەرپەرشتیاریان.

ماڵ و سامانەکەشیان کە بەجێ دەهێڵن، خوای کاربەجێ دەیخاتە ژێر ڕکێف و دەستی پێغەمبەرەکەیەوە ﷺ، کە وەک سەرۆکی دەوڵەت مامەڵەی لەگەڵدا بکات، نەک دابەشی بکات بەسەر جەنگاوەرەکاندا، چونکە جەنگێکی وا نەکراوە، پێغەمبەریش ﷺ بەسەر کۆچکەرە یەکەمەکاندا دابەشی دەکات و لێی نادات بە پشتیوانەکان، جگە لە دوو لە پشتیوانان، (**سهل بن حنيف**) و (**أبو دُجانة سماك بن خرشة**)، کە ئەو دووانە هەژار دەبن، لە ڕیوایەتێکی دیکەدا هاتووە، کە یەکێکی دیکەش بووە، واتە: سێ کەس کە هەژارو نەدار بوون، هاوکارییان دەکات لەو دەستکەوتەو، ئەوی دیکە دەدا بە کۆچکەران و هاوکاریی کۆچکەرانی پێدەکات (خوا لێیان ڕازی بێ).

لە ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە، کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: حەز دەکەن ئەم دەستکەوتە لە نێو کۆچکەران و پشتیوانانیدا، بە یەکسانیی دابەش دەکەین، بەڵام ئەو هاوکارییەی ئێوە کردووتانە هی کۆچکەران، خانووتان داونێ، زەوییتان داونێ، ڕەز و باختان داونێ، هەر بەدەستیانەوە بێ، حەزیش دەکەن با من ئەو دەستکەوتی جەنگە بدەم بەوان، بەڵام ئەو شتانەی کە لە ئێوەیان وەرگرتوون، بۆ ئێوەیان ڕەتبکەنەوە، پشتیوانەکان دەڵێن: بەڵکو با شتەکانمان بۆ ڕەت نەکەنەوەو، ئەمەش هەر بدە بەوان، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: نەخێر، ئەگەر ئەوەیان بدەینێ، دەبێ شتەکانی دیکەتان بۆ ڕەتبکەنەوە.

هەشتەم: لە (**بَنُو النَّضِير**) دوو پیاو مسوڵمان دەبن، یەکەمیان: (**يامين بن عُمَير**)، ئەوی دیکەشیان: (**أبو سعد بن وهب**)، ئەوانە مسوڵمان دەبن، ماڵ و سامانەکەشیان هی خۆیان دەبێ، ئەو کاتەش کەسێک مسوڵمان بووبێ، مانای وایە لەگەڵ ئەو موخەننەتیی و ناپاکییەی خەڵکەکەیدا نەبووە، بۆیە وەک چۆن سەری سەلامەت بووە، ماڵ و سامانەکەشی سەلامەت دەبێ.

نۆیەم: (**إبنُ إسحاق**) دەڵێ: هەندێک لە (**آلِ يامين**)، بۆیان باسکردووم، کە پێغەمبەر ﷺ بە (یامین) - کە مسوڵمان بووە - دەفەرموێ: (**أَلَمْ تَرَ مَا لقيتُ مِنَ ابْنِ عَمِّكَ، وَمَا هَمَّ بِهِ مِنْ شَأْنِي؟!**)، دەفەرموێ: یامین تۆ نەتبینی لە ئامۆزایەکەی تۆوە، چیم بەسەرهات و، ویستی لە بارەی منەوە چی بکات؟! یامینی کوڕی عومەیریش، خەڵات و دیارییەک دەداتە پیاوێک، کە (**عَمْرو بن جِحاش**)ی بۆ بکوژێ، کە ئامۆزای یامین بووە)، لە تۆڵەی ئەو غەدرو خیانەتەدا، کە بەتەما بووە لە دژی پێغەمبەری خوا ﷺ ئەنجامی بدات.

ئەمە پوختەی ئەوە بوو کە (**إبنُ هشام**) باسی کردوە، لە کتێبەکەی خۆیدا[1]، دەربارەی چۆنیەتیی دەرکرانی (**بَنُو النَّضِير**).

---

(١) ج٣، ص ٨٦ -٩١.

لـە کۆتایـی دا داواکاریـن لـە خـوای پـەروەردگار دڵ و دەروونمـان سـاغ و صـاف بـکات، دەرس و پەنـد وەربگریـن، لـە هەمـوو ئەوانـەی بـە درێژایـی مێـژوو، غـەدرو خیانەتیـان کـردوە، ناپاکیـی و نارێکییـان کـردوەو، دوایی تووشـی سـزای خۆیـان بوون، لێـرەش دووبـارەی دەکەمـەوە، کـە پێغەمبـەر ﷺ بێگومـان، لـە لووتکـەی ڕەوشـت بەرزیـی و ڕەحمـەت و لێبوردەیـی و چاوپۆشـیی دا بـووە، بـەڵام ئـەو جوولەکانـە، کـە وەک گوتـم سـێ تیرەیـان لـە دەوروبـەری مەدینـە بـوون، (**بنـو قَيْنُقَـاع و بَنُـو النَّضِـير و بنـو قُرَيظـة**)، هـەر سـێکیان لەوانـە بـوون، کـە پەیمانیـان لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ هەبـووەو، لـە پێغەمبـەری خـواوە ﷺ جگـە لـە وەفـاو چاکەکاریـی نەیانبینیـوە، کەچـی ئەوانـە هـەر سـێکیان خیانـەت و پەیمانشـکێنییان کـردوە، هـی (**بنـو قَيْنُقَـاع وبَنُـو النَّضِير**)مـان بـاس کـرد، لـە تەفسـیری ئـەم سـوورەتی (**الحَـشر**)داو، هـی (**بنـو قُرَيظة**)شـمان کاتـی خـۆی بـاس کـرد، کـە لـە سـاڵی پێنجەمـی کۆچییـدا بـووە، لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الأحـزاب**)دا.

جوولەکەکانیـش چ ئەوانـەی خەیبـەر، چ ئەوانـەی دواتـر لـە خەیبـەر کۆبووبوونـەوەو، هـەر لـەوێ مابـوون، هەتـا لـە ڕۆژگاری حوکمڕانیـی جێنشـینی دووەمـی پێغەمبـەر ﷺ (**عمـر بـن الخطـاب**)دا خـوا لێـی ڕازی بـێ، لـەوێ یەکجاریـی ئەوانیشـی دەرکـردو نیمچـە دورگـەی عەرەبیـی، یەکجاریـی لـە جوولەکـەکان پـاک بـۆوە، لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە هەتـا لـەوێ مابـوون، هـەر خەریکـی غـەدرو خیانـەت و پیلانگێڕیـی و کاری ژێـر بـە ژێـر بـوون.

ئنجا هەندێـک لەوانـەی دڵیـان نەخۆشـە، یـان لـە چـاوی دوژمنانـەوە، تەماشـای سـیرەو ژیانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەکـەن، ئـەوە لـە پێغەمبـەری خـوا بـە ڕەخنـە دەگـرن و دەڵێـن: چـۆن ئـەو خەڵکـەی دەرکـردوە، بـە تایبـەت (**بنـو قُرَيظـة**) کـە پیاوەکانـی کوشـتوون، کـە هەندێـک ڕیوایـەت دەڵێـن: پێنجسـەدو، هەندێـک دەڵێـن: حەوتسـەدو، هەندێـک دەڵێـن: نـۆ سـەد بـوون، بـەڵام وەختێـک سیرەی پێغەمبـەری خوا ﷺ وەک خۆی، لە سـەرچاوە ئەسـڵییەکانەوە دەخوێنیەوەو، تەماشـای هەڵوێسـتی

ئـەو جوولەکانـە دەکـەی، کـە سـەرتاپایان غـەدرو خیانـەت و ژێـر بـە ژێریـی و پیلانگێڕیـی و، لـە پشـتەوە خەنجـەری غـەدر وەشـاندن بـووە، دەزانـی ئـەوە هیـچ گرفتێکـی تێـدا نیـە و پێغەمبەریـش ﷺ هـەر دەبـوو ئـاوا مامەڵەیـان لەگەڵـدا بـکات و، ئەگـەر وای نەکردبایـە، بێگومـان ئەوانـە دوایـی دەبوونـە دەستکێشـی دوژمنـان، چ قورەیشـییەکان کاتـی خـۆی، چ دوایـی ڕۆم و، چ دواتـر فـارس، دەستکێشـیان دەبـوون و، ئـەو قـەوارە سـاواو تـازە پێگرتـووەی ئیسـلامیان لـە بەیـن دەبـرد، بۆیـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ لەگـەڵ هـەر خەڵکـەدا، پـڕ بەپێسـتی خـۆی مامەڵـەی کـردوە، ئەگەرنـا بێگومـان ئـەو لـە لووتکـەی هـەرە بـەرزی لێبوردەیـی و ڕەحم و شـەفەقەت و بەخشـندەیی دابـووە، بـەڵام بەخشـندەیی و لێبوردەییـش لـە شـوێنی خۆیـدا، ئەگەرنـا کاتێـک بەزەیـی لـە شـوێنی خـۆی دا نەبـێ، بێگومـان لێبوردەیـی و نواندنـی ڕەحـم و بەزەیـی، خـراپ دەبـێ، چونکـە هـەر خـوا ﷻ بـە پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەفەرمـوێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡ ٧٣﴾ التوبـة، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر! ﷺ تێبکۆشـەو زبـرو پتـەو بـە لەسـەریان، چونکە لـە ڕووبەڕوو بوونـەوەدا، زمانـی زبـر دەیخـوات، بـەڵام لـە بـواری بانگـەوازو تێگەیاندنـی خەڵـک و فێرکردنـی خەڵـک دا، زمانـی نـەرم و نیـان و هێدیـی و مەندیـی، بـە کەڵـک دێ، لـە ڕووبەڕووبوونـەوەو بەرەنگاربوونـەوەدا، دەبـێ بەرانبەرەکـەت لێـت بترسـێ، ئەگەرنـا لێـت ناسـڵەمێتەوە، وەک عـەرەب دەڵێـن: (**لا يَفُـلُّ الحَديـدَ إلاَّ الحَدِيـدُ**)، واتـە: هـەر ئاسـن ئاسـن دەپووچێنێتـەوەو دەپاچێنێتـەوە.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــزان!

ئـەم دەرسـە ئایەتەکانـی: (١ - ١٠)، دە (١٠) ئایەتـی سـەرەتای سـوورەتی (**الحَشر**) دەگرێتـە خـۆی، کـە تێیـان دا پـاش ڕاگەیاندنـی بـە پاکگرتنی خـوا لەلایـەن هەرچییەک کـە لـە ئاسـمانەکان و زەویدایـە، باسـی دەرکرانـی هـۆزی (**بَنُـو النَّضِیر**) و بـە ڕای مـن (**بنـو قَیْنُقَـاع**)ی جوولەکـەش کـراوە، لەلایـەن مسـوڵمانانەوە، لـە ئەنجامـی پەیـمان شـکێنیی و موخەننەتییانـەوە.

هەروەهـا باسـی چۆنیەتیـی مامەڵەکـردن، لەگـەڵ مـاڵ و سـامانی بـە جێـماوی ئەو هـۆزە جوولەکانـەدا کـراوە، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ وەک سـەرۆکی دەوڵـەت، بـە دەسـتکراوەیی مامەڵـەی لەگەڵـدا بـکات و، ببەخشـێ بـە خزمـان و هەتیـوو، نـەدارو ڕێبـوارو ئەوانـەی پێویسـتیانە، هەروەهـا ئـەوەی دواتریـش دێتـەوە دەسـتی دەوڵـەتی ئیسـلام، لـە مـاڵ و سـامانی بێبڕوایـان، بـۆ کۆچکـەران و پشـتیوانان و ئەوانەشـە کـە لـە دوای ئەوانیشـەوە دێـن، هەموویـان بەشـیان پێـوە هەیـە، لـە میانـی ئەوەشـدا خـوای زانـاو شـارەزا گرنگتریـن خەسـڵەتەکانی کۆچکـەران و پشـتیوانان و، ئەوانـەی لـە دوای وانـەوە دێـن، دەخاتـەڕوو.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ
كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمْ لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ ۚ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا۟ ۖ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ
حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا۟ ۖ وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ ۚ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم
بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِى ٱلْمُؤْمِنِينَ فَٱعْتَبِرُوا۟ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٢﴾ وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمُ ٱلْجَلَآءَ

لَعَذَّبَهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِي ٱلْآخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ (٣) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ۖ وَمَن يُشَآقِّ
ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ (٤) مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ
ٱللَّهِ وَلِيُخْزِيَ ٱلْفَٰسِقِينَ (٥) وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا
رِكَابٍ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦) مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ
رَسُولِهِۦ مِنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ
دُولَةًۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ ۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ
شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ (٧) لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا
مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ (٨) وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ
مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ
عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ
(٩) وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا
بِٱلْإِيمَٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ (١٠) ﴾

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

{هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە، خوای بە پاکگرتووەو ئەو زاڵی کاربەجێیە (١) (خوا) ئەو کەسەیە ئەوانەی بێبڕوابوون لە خاوەن کتێبان، لە یەکەمین بە کۆمەڵ دەرکرانیان دا، لە ماڵەکانیانی دەرکردن، (ئێوە) پێتان وانەبوو دەربچن، ئەوانیش پێیان وابوو قەڵایەکانیان بەرگرییکارو پارێزەریانن لە (سزای) خوا، خواش لە لایەکەوەو بە جۆرێک بۆیان هات کە بە خەیاڵیان دا نەدەهات، ترس و سامی خستە دڵیانەوە، خانووەکانیانیان بە دەستی خۆیان و، بە دەستی بڕوادارن دەڕووخاندن، ئنجا پەند وەربگرن ئەی خاوەن دیتنەکان (عەقڵەکان)!

(٢) ئەگەر لەبەر ئەوەش نەبووایە، کە خوا ئاوارەیی لەسەر نووسیون، لە دنیادا ئازاری دەدان، لە دواڕۆژیشدا ئازاری ئاگریان هەیە (٣) ئەوەش لە سۆنگەی ئەوەوە، کە دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەییان کردو، هەر کەسیش دژایەتیی خوا بکات، بە دڵنیایی خواش سزای توندە (٤) هەر دارخورمایەکتان بڕیبێ، یان بە پێوە لەسەر بنکەکانیان هێشتبتانەوە، بە مۆڵەتی خوا بووەو، بۆ ئەوە بووە لە ڕێ دەرچووان ڕیسوا بکات (٥) ئەو (ماڵ و سامان)ەش کە خوا لەوانەوە بۆ لای پێغەمبەرەکەی گێڕاویەتەوە، نە بە سواری ئەسپان بە خێرایی بۆی چوون و، نە بە سواری حوشتران، بەڵکو خوا پێغەمبەرانی خۆی بەسەر هەر کەسێکدا بیەوێ سەردەخات، خواش لەسەر هەموو شتێک توانایە (٦) (ئەو ماڵ و سامان)ەی خەڵکی ئاوەدانییەکان (کە بەهۆی پەیمان شکێنیی و دژایەتییکردنیانەوە سزا دەدرێن)، خوا بۆ پێغەمبەرەکەی دەیگێڕێتەوە، (بەمجۆرە دابەش دەکرێ)، بۆ خوایەو، بۆ پێغەمبەرەو، بۆ خاوەن نزیکییان (خزمان)و، هەتیوان و، نەداران و، ڕێبواران، (بۆیەش بەو جۆرە دابەشی کرد)، تاکو (ماڵ و سامان) لە نێو دەوڵەمەندەکانتان دا کورت هەڵنەیەت، ئەوەی پێغەمبەریش پێتان دەدات، وەری بگرن و، ئەوەی لێشتان قەدەغە دەکات، وازی لێبێنن و، پارێزیش لە خوا بکەن، بە دڵنیایی خوا سزای توندە (٧) هەروەها (ئەو ماڵ و سامانەی دێتەوە دەستی پێغەمبەر)، بۆ ئەو کۆچکەرە هەژارانەشە، کە (لە نێو) ماڵ و سامانەکانیان دەرکراون، بەخشش و ڕەزامەندیی لە خواوە دەخوازن، خواو پێغەمبەرەکەی سەردەخەن، ئا ئەوانەن ڕاستان (٨) هەروەها بۆ ئەوانەشە، کە پێش ئەوان (کۆچکەران) لە نشینگە (لە مەدینە)دا، سەقامگیر بوون و، ئیمانیشیان تێدا چەسپاندوە، ئەوانەیان خۆشدەوێ کە کۆچیان بۆ لا دەکەن و، لە بەرانبەر ئەوەدا کە پێیان دراوە، (لە ماڵ و سامان و پێداویستیی)، لە سینەکانیاندا هەست بە هیچ پێویستیی (و ئیرە)ییەک ناکەن، هەرچەندە خۆشیان ئاتاجییان زۆر بێ، هەر کەسیش لە (خراپەی) چرووکیی دەروونی پارێزراو بێ، ئا ئەوانەن سەرفرازو

بـە مـراد گەیشـتووان ﴿٩﴾ هەروەهـا (مـاڵ و سـامانی گشـتیی)، بـۆ ئەوانەشـە کـە دوای ئـەوان (کۆچکـەرو پشـتیوانان) دێـن، دەڵێـن: پەروەردگارمـان! لـە ئێمـەو لـەو برایانەمـان ببـوورە، کـە لـە ئیـمان دا پێشـمان کەوتـوون و، کینـە مەخـە دڵمانـەوە بەرانبـەر بەوانـەی بڕوایـان هێنـاوە، پەروەردگارمـان! بـە ڕاسـتیی تـۆ بـە پەرۆشـی و بـە بەزەیـی ﴿١٠﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ): واتـە: بـۆ یەکەمیـن کۆبوونـەوە، **(الحَـشْر)** بـە مانـای کۆبوونـەوەو خڕبوونـەوە دێ، بـە مانـای دەرکرانـی کۆمەڵێـک دێ، لـە شـوێنی نیشـتەجێ بوونیـان بـەرەو جەنـگ، یاخـود ئاوارەیـی، **(الحَـشْرُ: إخـرَاجُ الجَمَاعَـةِ عَـن مَقَرِّهِـم، وَإِزْعَاجِهِـمْ عَنْهُ إلى الحَـرْبِ، ونَحْوِهَـا وَرُوِيَ: ((النِّسـاءُ لا يُحْشَرْنَ)))**، **(حَشْر)**: بریتیـە لـە دەرکـردنی کۆمەڵێـک لـە شـوێنی نیشـتەجێ بوونیـان و هەڵێنچانیـان بـەرەو جەنـگ و، وێنـەی جەنـگ، لـە پێغەمبـەرەوە ﷺ گێڕدراوەتـەوە فەرموویەتـی: {النِّسَـاءُ لَا يُحْـشَرْنَ}، ئافرەتـان کۆناکرێنـەوە، خـڕ ناکرێنـەوە، واتـە: بـۆ جەنـگ.

(حُصُونُهُم): **(حصـون)** کـۆی **(حِصْـن)**ە، واتـە: قـەڵا، **(مُحَصَّنَـة أي: مَجْعُولَـةً بِالإحْـكَامِ كَالحُصْـن)**، واتـە: زۆر قایمکـراوە، قـەڵا، چەنـد قایمـە ئـاوا قایـم و تونـدو تۆڵـە.

(ٱلرُّعْبَ): **(الإنْقِطـاعُ مِـن امتـلَاءِ الخَـوْفِ)**، **(رُعْـب)**: بریتیـە لـە هەناسـە بـڕان لـە ئەنجامـی ترسـی زۆردا، کەسـێک ترسـێکی زۆری بچێتـە دڵ، هەناسـەی دەبـڕێ، هەناسـەی ڕادەگیـرێ.

(فَٱعْتَبِرُوا۟ يَٰٓأُو۟لِى ٱلْأَبْصَٰرِ): ئـەی خـاوەن دیتنـەکان! پەنـد وەربگـرن، لێـرەدا مەبەسـت لـە دیـتن، دیتنـی عەقـڵ و دڵـە، واتـە: ئـەی خـاوەن عەقڵـەکان پەنـد وەربگـرن، **(الإعْتِبـارُ والعِبْرَةُ: الحَالَـةِ الَّتِـي يُتَوَصَّـل بِهَـا مِـنْ مَعْرِفَـةِ المُشَـاهَدِ إلى مَـا لَيْـسَ**

مُشَاهَدٍ)، (إعْتِبَار وعِبْرَة): مەبەست ئەو حاڵەتەیە، کە مرۆڤ بە هۆی شتێکەوە کە دەبینرێ، پێی دەگات بە شتێک کە نابینرێ، ئنجا ئەوەی بینرا، بەپێی ڕەوتی ئایەتەکان دەرکردنی هۆزە جوولەکەکان بوو دوای خیانەتیان، یانی: خەڵکینە! ئێوە پەند لەوان وەربگرن، لەوەی دیتووتانەو ئێوە شتێک مەکەن وەک وانتان بەسەر بێ.

(ٱلْجَلَآءَ): (أَصْلُ الجَلْوِ: الكَشْفُ الظَّاهِرُ، أَجْلَيْتُ القَوْمَ عَنْ مَنَازِلِهِمْ، فَجَلَوا عَنْهَا، أي: أَبْرَزْتُهُم عَنْهَا، أَجَلاهُ وَجَلاهُ: طَرَدَهُ، أَبْعَدَهُ)، وشەی (جَلْو) لە ئەسڵدا بە مانای دەرخستنی ئاشکرا دێ، دەگوترێ: (أَجْلَيْتُ القَوْمَ عَن مَنَازِلِهِمْ، فَجَلَوا عَنْهَا)، کۆمەڵەکەم، لە جێگاو خانووبەرەکانی خۆیان دەرکردن، ئەوان بەجێیان هێشت و ئاوارە بوون، (أي: أَبْرَزْتُهُم عَنْهَا)، واتە: لەوێ هێنامنە دەرێ (أَجْلَاهُ وَجَلَاهُ)، واتە: هەم بە سیانیی (ثُلَاثِي) هاتوە، هەم بە چواریی (رُبَاعِي)، هەردووکیان بە مانای: دەری کردو ئاوارەی کرد (أي: طَرَدَهُ وأبعَدَهُ).

(شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ): سەرپێچیی خواو پێغەمبەرەکەییان کردوە، (شَاقَّهُ وَشَاقَقَهُ: صَارَ فِي شِقٍّ غَيْرِ شِقِّ أَوْلِيَائِهِ)، (شَاقَّهُ) و (شَاقَقَهُ) مانای چووە لایەکەوە، جگە لە لای دۆستەکانی خوای پەروەردگار، واتە: دژایەتییان کرد، بەربەرەکانییان کرد، سەرپێچییان کرد، پەیمان شکێنییان کرد، هەموویان دەگرێتەوە.

(لِّينَةٍ): (نَخْلَةٌ نَاعِمَة)، دارخورمایەکی بەروبووم نەرم، کە بەرو خورمایەکەی نەرم بێ، (وَمَخْرَجُهُ مَخْرَجُ فِعْلَة، نَحْو حِنْطَة، وَلَا يُخْتَصُّ بِنَوْعٍ دُونَ نَوْع)، هەندێک گوتوویانە: (لِيْنَة) جۆرە دارخورمایەکە، بەرەکەی ئاوایە، هەندێک گوتوویانە: جگە لە (عَجْوَة) ئەوانی دیکە دەگرێتەوە، هەندێک گوتوویانە: تەنیا (عَجْوَة)و (بَرْنِي) ناگرێتەوە، (راغِب الأصفَهاني) دەڵێ: (لِيْنَة) وەک وشەی (فِعْلَة) وایە، وەک (حِنْطَة)، تایبەت نیە بە جۆرێک لە خورماوە، جیا لە جۆرێک، واتە: (لِيْنَة) واتە: دارخورما بە گشتیی، هەر جۆرێک بێ.

(أَفَآءَ ٱللَّهُ): واتـە: خـوا گێڕاویەتـەوە، (الفَـيءُ وَالفَيْئَـةُ: الرُّجُـوعُ إلى حَالَـةٍ مَحْمُـودَة)، (فَيْئَـة) گەڕانەوەیـە بـۆ حاڵێکـی ستایشـکراوو بـاش، ئەمـە لـە ئەسـڵی زمانـدا، ئنجـا دوایـی وەک بەکارهێنانـی قورئـان، وەک زاراوەیەکـی شـەرعیی، یـانی: (الغَنِيْمَـةُ الَّتِـي لَا يَلْحَـقُ فِيْهَـا مَشَـقَّةٌ)، (فَيء): بریتیـە لـەو دەسـتکەوتەی زەحمـەت و قورسـییەک، تووشـی ئـەو کەسـە نابـێ، کـە ئـەو دەسـتکەوتەی دێتـە دەسـت.

(أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ): (الوَجِيْفُ: سُرْعَةُ السَّيْرِ)، (وجيف) بـە مانـای بـە خێرایی ڕۆیشتن، دێ، دەگوتـرێ: (أَوْجَفْـتُ البَعِـيْرَ أي: أَسْرَعْتُـهُ)، واتـە: حوشـترەکەم خێـرا لێخوڕیـی، ئنجـا لـە عەرەبیـی دا هاتـوە: (أَوْجَـفَ فَأَعْجَـفَ)، واتـە: و/شـخەکەی خێـرا لێخوڕیـی، سـەرەنجام لـەڕ و لاوازی کـرد.

(خَيْلٍ): (الخَيْـلُ: اسْـمٌ لِلأَفْـرَاسِ، وَالفُرْسَـانِ جَمِيْعَـاً، وَلِـكُلٍّ وَاحِـدٍ مِنْهُـمَا)، (خَيْـل): هـەم نـاوە بـۆ کۆمەڵـی ئەسـپان، کۆمەڵـە ئەسـپێک پێیـان دەگوتـرێ: (خَيْل)، تاکیـش پێـی دەگوتـرێ: (فَرَس)، نـث بـە (الأَفْرَاس)یـش کـۆ دەکرێتـەوە، هەروەهـا بـە ئەسـپ سـوارانیش دەگوتـرێ: (خَيْـل)، واتـە: بـە هـەر کامێکیـان دەگوتـرێ: (خَيْـل)، کەسـانێک کـە سـواری ئەسـپەکان بـوون وو بـە ئەسـپەکانیش بـە تەنیـا.

(رِكَابٍ): (الإِبْـلُ الَّتِـي تُرْكَـبُ)، (رِكَاب) ئـەو وشـترانەن کـە بـە کەڵکـی سـواربوونێ دێـن، بـۆ بـارو سـوار بەکاردێـن.

(دُولَةً): (الدُّولَـةُ وَالدَّوْلَـةُ وَاحِـدَةٌ)، هەندێـک گوتوویانـە: (دُولَة و دَوْلَـة) هەردووکیان بـە مانـای کورتهەڵێنـانی مـاڵ و سـامانن، هەندێکیـش گوتوویانـە: (الدُّولَـةُ فِي المَـالِ، وَالدَّوْلَـةُ فِي الحَـرْبِ وَالجَـاهِ)، (دُولَـة) بـە مـاڵ و سـامان دەگوتـرێ، مـاڵ و سـامانێک لـە دەسـتی کەسـانێک دا کورتهەڵبـێ و کۆبکرێتـەوە، بـەڵام (دَوْلَـة) بـۆ جەنـگ و بـۆ دەسـەڵات و پێگـەی کۆمەڵایەتیـی بـەکاردێ.

(تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ): (أَصْـلُ البَـوَاءِ: مُسَـاوَاةُ الأَجْـزَاءِ فِي المَـكَانِ، خِـلَافُ النُّبـوِّ، بَـوَّءْتُ الرُّمْـحَ: هَيَّـأْتُ لَـهُ مَكَانَـاً)، وشـەی (بَـوَاء) بـە مانـای یەکسـان بوونـی بەشـەکانی شـتێکە لـە

شوێنێکدا، هەموو بەشەکانی وەک یەک بن، واتە: بەرزیی و نزمیی نەبێ، ئنجا (بَوَاء) پێچەوانەی (نُبُوّ)ە ، واتە: بەرزیی و نزمیی، (بَوَاء) تەخت، یەکسان، بێ گرێ، دەگوترێ: (بَوَّءتُ الرُّمحَ: هَيَّأتُ لَهُ مَكَانَاً)، شوێنی ڕمەکەم دیاریکرد، نیشانەم بۆ دیاریکرد، کەواتە: (تَبَوَّءُو الدَّارَ) واتە: مەنزڵگای ئیسلامیان کردۆتە نشینگە، کە مەبەست پێی مەدینەیە.

(حَاجَةً): (الحَاجَةُ إلى الشَّيءِ: الفَقْرُ إلَيْهِ مَعَ مَحبَّتِهِ)، (حَاجة): بریتیە لە پێویست هەبوون بە شتێک، لەگەڵ خۆشویستنی ئەو شتەدا، (حَاجَةً) بە (حواج، حَاجَات، حَوَائِج) کۆدەکرێتەوە.

(وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ): واتە: بەسەر خۆیاندا هەڵدەبژێرن، (الإيْثَارُ: تَفْضِيْلُ الغَيْرِ عَلَى النَّفْس، وَضِدُّهُ الأَثَرَةَ)، (الإيْثَارُ) ئەوەیە تۆ جگە لە خۆت بەسەر خۆتدا هەڵبژێری، بەڵام (أثَرة) ئەوەیە بەشی ئەویش بۆ خۆت بێنی، وەک گوتراوە: (هی خۆم بۆ خۆم، هی تۆش دەخۆم)، ئەمە (أثَرَة)یە، بەڵام (إيْثَارُ) ئەوەیە هی خۆشت بدەی بە خەڵک، (إيْثَار) لووتکەی ڕەوشت بەرزییە لە ڕووی ماڵ بەخشینەوە، (الأثَرَة)ش ئاستی هەرە نزمە، لە مەسەلەی ماڵ و ساماندا، کە نەک هی خۆی نەدا بە خەڵک، بەڵکو هی خۆشیانیان نەداتێ.

(خَصَاصَةٌ): (خَصَاصُ البَيْتِ: فَرْجَةٌ وَعُبِّرَ بِه عَنِ الفَقْرِ الَّذِي لَمْ يُسَدْ بِالْخَصَاصَة)، (خَصَاص) بە مانای درزو تیک و کەلێن و کونی ماڵە، ئنجا وشەی (خَصَاصَة) بەکارهێنراوە بۆ هەژارییەک کە چارەسەر ناکرێ و کەلێنی ناگیرێ.

(شُحَّ نَفْسِهِۦ): هەندێک گوتوویانە: (الشحُّ البُخْلُ الشَّدِيْد)، (شُحّ): بریتیە لە چرووکییەکی بەهێز، بەڵام (راغب الأصفهاني) دەڵێ: (الشُّحُ: البُخْلُ مَعَ حِرْصٍ)، (الشُّحّ)، بریتیە لە چرووکیی لەگەڵ سوور بوون دا لەسەر ماڵ و سامان، کە لە دەستی نەچێتە دەر.

(غِلًّا): (الغِلُّ: العَدَاوة، الغِلُّ: الحِقْدُ الدَّفِيْنُ، الغِلُّ: الضِّغْنُ)، (غِل): هەم بە مانای دوژمنایەتیی دێ، هەم بە مانای کینەی شێردراوە دێ، هەم بە مانای بوغزێک دێ کە لە دڵدا جێگیر بووە، بە کوردیی دەڵێن: قین، یان کۆنەقین.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

١- لە بارەی هاتنە خواری ئایەتەکانی: (١ - ٤) لە سەرەتای سوورەتی (الحشر)دا، چەند گێڕراوەیەک هاتوون، یەکێکیان ئەم گێڕدراوەیە:

{عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا قَالَتْ: كَانَتْ غَزْوَةُ بَنُو النَّضِيرِ، وَهُمْ طَائِفَةٌ مِنَ الْيَهُودِ، عَلَى رَأْسِ سِتَّةِ أَشْهُرٍ مِنْ وَقْعَةِ بَدْرٍ، وَكَانَ مَنْزِلُهُمْ وَنَخْلُهُمْ بِنَاحِيَةٍ مِنَ الْمَدِينَةِ، فَحَاصَرَهُمْ رَسُولُ اللهِ ﷺ حَتَّى نَزَلُوا عَلَى الْجَلَاءِ، وَأَنَّ لَهُمْ مَا أَقَلَّتِ الْإِبِلُ مِنَ الْأَمْوَالِ وَالْأَمْتِعَةِ إِلَّا الْحَلْقَةَ، وَهِيَ السِّلَاحُ، فَأَنْزَلَ اللهُ فِيهِمْ: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (١) هُوَ الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِن دِيَارِهِمْ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا وَظَنُّوا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ (٢) وَلَوْلَا أَن كَتَبَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْجَلَاءَ لَعَذَّبَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابُ النَّارِ (٣) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَن يُشَاقِّ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٤) ﴾، فَقَاتَلَهُمُ النَّبِيُّ ﷺ حَتَّى صَالَحَهُمْ عَلَى الْإِجْلَاءِ وَجَلَاهُمْ إِلَى الشَّامِ، وَكَانُوا مِنْ سِبْطٍ لَمْ يُصِبْهُمْ جَلَاءٌ فِيمَا خَلَا، وَكَانَ اللَّهُ قَدْ كَتَبَ عَلَيْهِمْ ذَلِكَ، وَلَوْلَا ذَلِكَ لَعَذَّبَهُمْ فِي الدُّنْيَا بِالْقَتْلِ وَالسَّبْيِ، وَأَمَّا قَوْلُهُ: لِأَوَّلِ الْحَشْرِ، فَكَانَ إِجْلَاؤُهُمْ ذَلِكَ أَوَّلَ حَشْرٍ فِي الدُّنْيَا إِلَى الشَّامِ} (الإستيعاب في بيانِ الأسباب: ج٣، ص٣٥٤، وأخرَجَهُ الحاكِم في المُستَدرك: ج٢، ص: ٤٨٣، والبَيهقي في دلائل النبوّة: ج٣، ص: ١٧٨، عَنْ عَائِشَةَ، قُلنا: هذا سندٌ صحيحٌ رِجالُهُ ثِقات).

واتـە: دایکـمان خاتـوو عائیشـە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: جەنگـی (بَنُـو النَّضِـير) کـە کۆمەڵێـک بـوون لـە جوولەکـەکان، شـەش مانـگ دوای جەنگـی بـەدر بـووە، (ئـەو ڕیوایەتـە وا هاتـوە، بـەڵام ڕای ڕاسـتتر ئەوەیـە کـە پێشـتر گوتمـان، کـە لـە دوای جەنگـی ئوحـوود بـووە، ئـەوەی دوای جەنگـی بـەدر بـووە، دەرکرانـی بەنـوو قەینوقـاع بـووە)، جێـگاو ڕێگایەکانیـان و دارخورمایەکانیـان لـە لایەکـی مەدینـە بـوون، پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئابڵووقەیـدان، هەتـا ڕازیـی بـوون، ئاوارەبـن و بـڕۆن، بـەو مەرجـەی ئەوەنـدەی حوشـتر دەیتوانـێ، لـە کـەل و پەلیـان و مـاڵ و سـامانیان، هەریەکـەی بـارە حوشـترێک بـەرن، جگـە لـە چـەک، لـەو بـارەوە خـوا ﷻ ئـەو ئایەتانـەی ناردنـە خـوارێ: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١﴾ هُوَ الَّذِي أَخْرَجَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ مِنْ دِيَارِهِمْ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ مَا ظَنَنْتُمْ أَنْ يَخْرُجُوا وَظَنُّوا أَنَّهُمْ مَانِعَتُهُمْ حُصُونُهُمْ مِنَ اللَّهِ فَأَتَاهُمُ اللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُوا وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُمْ بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ فَاعْتَبِرُوا يَا أُولِي الْأَبْصَارِ ﴿٢﴾ وَلَوْلَا أَنْ كَتَبَ اللَّهُ عَلَيْهِمُ الْجَلَاءَ لَعَذَّبَهُمْ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الْآخِرَةِ عَذَابُ النَّارِ ﴿٣﴾ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ شَاقُّوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَمَنْ يُشَاقِّ اللَّهَ فَإِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٤﴾ ﴾، پێغەمبـەر ﷺ لـە دژیـان جەنـگا، دوایـی صوڵحـی لەگەڵـدا کـردن کـە بـڕۆن و دەریکـردن بـۆ شـام، ئەوانـە نەوەیەکـی یەعقـووب ﷺ بـوون، کـە پێشـتر تووشـی ئاوارەیـی نەبـوو بـوون، خواش ﷻ ئـەوەی لەسـەر نووسـین و، ئەگـەر ئـەو ئاوارەبوونـە نەبووایـە، لـە دنیـادا سـزای دەدان، بـە کـوژران و بـە بەدیلگیـران، کـە دەشـفەرموێ: ﴿ لِأَوَّلِ الْحَشْرِ ﴾، مەبەسـت ئەوەیـە، کـە دەرکرانەکەیـان، یەکەمیـن کۆکردنەوەیـان بـوو لـە دنیـادا، بـەرەو شـام، چونکـە دوایـی هەمـوو تیرەکانـی دیکـەی جوولەکـەش، کـە مابوونـەوە، سـەرەنجام لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبیـی دەرکـران بـەرەو شـام.

٢- لە بارەی هاتنە خوارەوەی ئەو ئایەتە موبارەکەوە کە دەفەرموێ: ﴿ مَا قَطَعْتُمْ مِنْ لِينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَى أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَاسِقِينَ ﴿٥﴾ ﴾، دوو گێڕراوە دێنین:

أ- {عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنه: أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ ﷺ حَرَّقَ نَخْلَ بَنِي النَّضِيرِ، وَقَطَعَ وَهِيَ الْبُوَيْرَةُ، فَأَنْزَلَ اللّٰهُ تَعَالَى: ﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾ ﴾}(أخرجه البخاري: ٤٠٣١، ٤٩٨٨، مسلم ٤٧٣٨).

واتە: ئیبنو عومەر رضي الله عنه دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ هەندێک لە دارخورمایەکانی (بَنُو النَّضِير)ی سووتاندن و، هەندێکیشی فەرمانی پێکردن بیانبڕن، کە پێی گوتراوە: بوەیرە، (یانی: لە شوێنێک بووە بە ناوی بوەیرە)، خوای بەرز لەو بارەوە ئەم ئایەتەی دابەزاندوە، چونکە جوولەکەکان گوتیان: ئەی موحەممەد! تۆ قەدەغەت دەکرد، خەڵک تێکدان و خراپەکاریی بکات، لە خەڵکیت بە عەیب دەگرت، ئێستا چۆن ئەو دارخورمایانە دەسووتێنی و دەبڕی؟ خوا ﷻ لە جیاتی پێغەمبەرەکەی ﷺ وەڵامی دایەوەو فەرمووی: هیچ دارخورمایەکتان نەبڕیوە، یاخود وازتان لێ نەهێناوە لەسەر بنکەکەی خۆی بمێنێتەوە، مەگەر بە مۆڵەتی خوا بووە، بۆ ئەوە بووە، لە ڕێ دەرچووەکان و لادەرەکان زەبوون و شەرمەزار بکات!

چونکە جوولەکەکان هەتا باخ و دارخورماو ڕەزەکانیان مابانایە، ڕەنگە زیاتر بەرهەڵستییان بکردایە، ئنجا بۆ ئەوەی هەم هاوەڵان زیاتر ئەزیەت نەکێشن، هەم ئەوانیش سەلامەتتر بڕۆن، خوا فەرمووی: دارخورمایەکانیان ببڕن، بۆیە ژمارەیەکیان لێبڕین و بەشێکیشیان هێشتنەوە.

هەر لەو بارەوە ئەم گێڕدراوەیەش دێنین:

ب- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ رضي الله عنه فِي الآيَةِ: ﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ وَلِيُخْزِيَ الْفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾ ﴾، قَالَ: اللِّينَةُ النَّخْلَةُ، وَلِيُخْزِيَ الفَاسِقِينَ، قَالَ: اسْتَنْزَلُوهُمْ مِنْ حُصُونِهِمْ، وَأُمِرُوا بِقَطْعِ النَّخْلِ، فَحَكَّ فِي صُدُورِهِمْ، فَقَالَ الْمُسْلِمُونَ: قَدْ قَطَعْنَا بَعْضًا وَتَرَكْنَا بَعْضًا، فَلَنَسْأَلَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ ﷺ هَلْ لَنَا فِيمَا قَطَعْنَا مِنْ أَجْرٍ؟ وَهَلْ عَلَيْنَا فِيمَا تَرَكْنَا مِنْ وِزْرٍ؟ فَأَنْزَلَ اللّٰهُ: ﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَائِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ اللَّهِ

وَلِيُخْزِيَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾) (أخرجَه الترمذي: ٣٣٠٣، والنّسائي في تَفسيره: ١٩٤، قال مؤلّفا الإستيعاب: سَنَدهُ صَحيحٌ، وَقال الترمذي حديثٌ حسنٌ غريبٌ، وَصَحّحَهُ الألباني في صحيح الترمذي: ٢٦٣١).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ، لە بارەی قسەی خوای بەرزەوە کە دەفەرموێ: ﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيُخْزِيَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾ ﴾، (اللِّينَةُ) واتە: دارخورما، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلِيُخْزِيَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴾، واتە: لە قەڵایەکانیان هێنانیە خوار، بۆیەش فەرمانکرا بە بڕینی دارخورمایەکان، ئنجا کاتێک فەرمان بەوە کرا بە هاوەڵان، شتێک لە دڵی هاوەڵاندا پەیدابوو، گوتیان: هەندێک لە دارخورمایەکانمان بڕین و هەندێکیشمان واز لێهێنان، لە پێغەمبەری خوا ﷺ دەپرسین: ئایا ئەو دارخورمایانەی بڕیومانن، یان سووتاندوومانن، پاداشتمان هەیەو، لەسەر ئەو دارخورمانەش کە بەجێمان هێشتوون و نەمانبڕیون، ئایا گوناهمان دەگات؟ خواش ﷻ ئەو ئایەتەی ناردە خوار، کە ئەوەی بڕیوتانە، یان ئەوەی لێی گەڕاون، هەمووی بە مۆڵەتی خوا بووە، واتە: گوێ مەدەنە پڕوپاگەندەو، ڕەخنەی بێ جێی جوولەکەکان.

٣- لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوەش کە دەفەرموێ: ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ﴾، ئەم گێڕدراوەیە یەکسەر مانایەکەی بە کوردیی دێنین[1]:

ئەبوو هوڕەیرە (خوا لێی ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە دەڵێ: پیاوێک هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و پێی گوت: ئەی پێغەمبەری خوا! نەدارییم تووش بووە، (واتە: برسییم) هیچیشم نیە، پێغەمبەریش ﷺ بۆ لای هەندێک لە هاوسەرەکانی نارد، کە ئایا خواردنێکیان لەلا هەیە؟، هیچیان لەلا نەبوو.

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا دەڵێ: بۆ لای یەکێک لە هاوسەرەکانی نارد، ئەویش گوتی: سوێند بەو کەسەی تۆی بە هەق ناردوە، تەنیا ئاومان هەیە، بۆ لای

(١) أخرجه البخاري: ٣٧٩٨، ٤٨٨٩، ومسلم: ٢٠٥٤.

یەکێکی دیکەی نارد، ئەویش بە هەمان شێوەی گوت، هەتا هەموویان هەر وایان گوت، (وادیارە لەو کاتە نەداریی و هەژاریی بووە، خواردنیان نەبووە، خواردنێکیان نەبووە میوانی پێ بەڕێ بکەن، دەبێ وابووبێ، یان ڕەنگە هیچیان نەبووبێ، یان ڕەنگە شتێکی وایان نەبووبێ، کە پێیان وابێ لێی دەوەشێتەوە بۆ میوانەکەی دابنێن)، پێغەمبەری خوا ﷺ کە لە ماڵی خۆیان هیچی شک نەبرد، ئنجا فەرمووی: (**ألا رَجُلٌ يُضَيِّفُهُ اللَّيلَةَ يَرحَمُه الله**)، پیاوێک نیە ئەم پیاوە ئەمشەو بکاتە میوان، خوا بەزەیی پێدابێ، پیاوێک لە پشتیوانەکان هەڵسا، ناوی ئەبوو تەڵحە بوو، گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! ﷺ من ئامادەم، ئیدی لەگەڵ خۆی بردیەوە بۆ ماڵێ، (لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ: بۆ لای بارگەو بنەکەی)، بە ژنەکەی خۆی گوت: ئایا هیچت لەلایە، ئەمە میوانی پێغەمبەری خوایە ﷺ هەرچی لەلاتە مەیشارەوە، ئافرەتەکەش گوتی: بە خوا تەنیا بژیوی منداڵەکانم لە لایە، ئەبوو تەڵحەش پێی گوت: ئەگەر منداڵەکان داوای خواردنی ئێوارەیان کرد، بیانخەوێنە، وەرە چرایەکە بکوژێنەوە، ئێمە ئەمشەو هیچ ناخۆین، منداڵەکانیش با هیچ نەخۆن، بەڵام با ئەو میوانە بەڕێزەوە بەڕێ بکەین، چونکە میوانی پێغەمبەرە ﷺ، ئافرەتەکەش وایکرد.

لە ڕیوایەتێکدا دەڵێ: منداڵەکان بە جۆرێک بخافڵێنە، ئەگەر میوانەکەمان هات چرایەکە بکوژێنەوەو، واپێشان بدە، کە ئێمەش لەگەڵی دەخۆین، واتە: کاتێک ئەو دەست دەبات بۆ خواردنەکە، وا پێشان بدە، ئێمەش شتێکمان لە پێشەو دەیخۆین!

لە ڕیوایەتێکی دیکەدا دەڵێ: خواردنەکەی خۆت ساز بکەو چرایەکە بکوژێنەوە، منداڵەکانیش بنوێنە، ئەگەر داوای خواردنیان کرد، ئەویش بەو شێوەیەی کرد، منداڵەکانی خەواندن و چرایەکەشی کوژاندەوەو، وای پێشاندا کە دەیەوێ چرایەکە چاک بکات و، لە دەستی دا کوژاوەتەوە، ئیدی وایان پێشاندا کە خواردن دەخۆن، بەڵام ئەوان ئەو شەوە بە برسیەتیی مانەوە، ئنجا کاتێک ڕۆژ بۆوە، پیاوەکە چووە خزمەت پێغەمبەری خوا ﷺ، (پیاوەکەش ئەبوو تەڵحە

بـوو خـوا لێـی ڕازی بـێ)، پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: خـوا (عزوجـل) زۆر شـادمان بـوو، یـان فەرمـووی: پێکەنیـی بـە فڵانکـەس و فڵانکـەس، (واتـە: لێیـان ڕازی بـوو)، (لـە ئەبـوو تەڵحـەو لـە هاوسـەرەکەی)، یـان فەرمـووی: خـوا دوێنـێ شـەوێ سـەری سوڕما، یـان پێیخـۆش بـوو، یـان شـادمان بـوو، بـەوەی دوێنـێ شـەوێ کردتـان لەگـەڵ میوانەکەتـان دا، لـەو بـارەوە ئـەم ئایەتـە هاتـە خـوار: ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُولَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾ ﴾، خەڵـک بەسـەرخۆیاندا هەڵدەبژێـرن، هەرچەنـدە خۆشـیان ئاتـاج بـن، هـەر کەسـێکیش لـە چرووکیـی نەفسـی خـۆی پارێـزراو بـێ، ئـا ئەوانـەن سـەرفرازان.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سـوورەتی (الحَـشر) واپێدەچـێ هەمـووی هـەر بیسـت و چـوار ئایەتەکـە، بـە بۆنـەی دەرکرانـی ئـەو دوو هـۆزەی جوولەکـە، کـە لـە دەوروبـەری مەدینـە بـوون و، لـە چوارچێـوەی مەدینـەدا حیسـاب دەکـران: (بَنـو قَيْنُقَـاع وبَنُـو النَّضِـير)، دابەزیـبن، هەمـوو ڕوونکەرەوانـی قورئـان، ڕەحمەتـی خوایـان لـێ بێ و خـوا پاداشـتیان بداتەوە، بەبێ هـەڵاواردن دەڵێـن: دابەزینـی سـوورەتی (الحـشر) تەنیـا لـە بـارەی (بَنُـو النَّضِير) ەوە بـووە، هەڵبەتـە خـوا ﷻ باسـی (بَنُـو النَّضِـير)ی نەکـردووەو دەفەرمـوێ: ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ ﴾، ئـەو (خـوا) کەسـێکە ئەوانـەی وەدەرنـان کـە بێبـڕوا بـوون لـە خـاوەن کتێبـان، بـەڵام وەک ئێمـە بەسـەرهاتەکەمان بـاس کـرد، لـە ڕاسـتییدا ئـەم ئایەتانـە چەمـک و واتایەکەیـان، هـەم (بنـو قَيْنُقَـاع) دەگرنـەوە، هـەم (بَنُـو النَّضِير)یـش دەگرنـەوە، بۆیـە پێـم وایـە ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە، باسـی دەرکـرانی (بنـو قَيْنُقَاع)یـش دەکـەن و، باسـی دەرکـرانی (بَنُـو النَّضِير)یـش دەکـەن، بەڵـێ زانایـان دەڵێـن: (بنـو قَيْنُقَـاع) زیاتـر زێڕنگـەرو سـەنعەتکار بـوون و کشـتوکاڵیان نەبـووە، باخـی دارخورمـاو ڕەزو، زەوی و زاریـی کشـتوکاڵ و ئەوانەیـان نەبـووە،

بـەڵام بێگومـان خانووبەرەیـان هـەر هەبـووەو، زەوییـان هـەر هەبـووەو، دووکانیـان هەبـوون، ئەوانیـش شـتێکیان هـەر بەجێهێشـتوە، لـە بەسـەرهاتی دەرکرانـی (**بنـو قَيْنُقَاع**)یـش باسـمان کـرد، کـە ئایەتـەکان چەمـک و واتایەکەیـان، هـەم (**بنـو قَيْنُقَاع**) دەگرنـەوە، هـەم (**بَنُـو النَّضِير**)یـش، بۆیـە ئێمـە ناچـار نیـن بڵێیـن: تەنیـا مەبەسـت پێیـان هـۆزی (**بَنُـو النَّضِـير**)ە.

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ:

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، مەبەست لەو ڕستە موبارەکەش ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢- ئەم کارە بە پێی بەرنامەی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، خـوا ﷻ ڕایدەگەیەنـێ: هەرچـی لـە ئاسـمانەکان و هەرچـی لـە زەویـدا هەیـە، هەمـووی خـوای بـە پـاک گـرت، بـێ خەوشـیی خـوای ڕاگەیانـد.

دەربـارەی بـە پاکگرتنـی خـواو بـێ خەوشـیی ڕاگەیەنرانـی خـوا، ئێمـە لـە سـەرەتای تەفسـیری سـوورەتی (**الحدیـد**)دا، کورتـە باسـێکمان کـردوەو، کاتـی خـۆی لـە تەفسـیری سـوورەتی (**الإسراء**)یشـدا، باسـێکمان لـەو بـارەوە کـردوە، بـە پاکگرتنـی خـواش یانـی: بـە پاکگرتنـی زاتـی خـوا، سـیفەتەکانی، ناوەکانی، حوکـم و یاسـایەکانی، کردەوەکانـی خـوا، دروسـتکراوەکانی خـوا، هیچـی کـەم و کوڕیـی و ناکۆکیـی تێدانیـە، ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئـەو (خـوا) زاڵـی کاربەجێیـە.

﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَخۡرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمۡ لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِ ﴾، ئـەو (خـوا) کەسێکە ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون لـە خـاوەن کتێبـەکان، لـە مـاڵ و حاڵـی خۆیـان دەریکـردن، لەگـەڵ یەکەمیـن خـڕ کردنـەوەو کـۆ کردنـەوەو دەرکردنیانـدا، واتـە: یەکەمیـن دەرکردنیـان بـەرەو شـام.

یەکێـک لـەو هۆکارانـەش کـە پاڵـی پێوەنـام، بڵێـم: مەبەسـت لـە (أَخۡرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ) تەنیـا (**بَنُـو النَّضِـير**) نیـە، ئەوەیـە کـە (**بنـو قَيْنُقَاع**)یـش دوو سـاڵ پێـش ئـەوان یـان شـتێک کەمـتر، یـان شـتێک زیاتـر دەرکـراون، کەواتـە: یەکەمیـن دەرکرانـی کافرەکانـی خـاوەن کتێـب (**بنـو قَيْنُقَـاع**) بـووە، ئنجـا (**بَنُـو النَّضِير**)یـش بـە دوای ئـەوان دا دەرکـراون.

﴿ لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِ ﴾یش، واتە: یەکەمین کۆکرانەوەو یەکەمین دەرکردنیان لە مەدینە.

﴿ مَا ظَنَنتُمۡ أَن يَخۡرُجُواْ ﴾، پێتـان وانەبـوو دەربچـن، مسـوڵمانان چاوەڕوان نەبوون، وا بــە ئاســانیی دەربچــن، ﴿ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمۡ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، ئەوانیـش پێیـان وابـوو، قەڵایەکانیـان دەبنـە بەرگرییکاریـان لـە بەرانبـەر (سـزاو جەزرەبـەی) خـوادا، کـە بەدەسـتی مسـوڵمانان دەیانـدا.

﴿ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْ ﴾، کەچـی خـوا لـە شـوێنێکەوە بۆیـان هـات، ئەگەریـان بـۆ دانەنابـوو، بــە خەیاڵیــان دا نەدەهــات، ﴿ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَ ﴾، تــرس و ســامێکی زۆریشــی خســتە نێــو دڵیانــەوە، ﴿ يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، بـە دەسـتی خۆیـان و بـە دەسـتی بـڕواداران، ماڵەکانـی خۆیـان کاول دەکــردن و دەڕووخانــدن، خۆیــان دەیانڕووخانــدن، بــۆ ئــەوەی مســوڵمانان لێیــان بەهرەمەنـد نەبـن، مسـوڵمانانیش دەیانڕووخاندن، بـۆ ئـەوەی زەفەریـان پـێ بـەرن، یــان دوای ئــەوەی بەجێیــان هێشــتن، مســوڵمانانیش دەیانڕووخانــدن و کەلوپەلــی پێویســتیان لــێ دەردەهێنــان، ﴿ فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴾، ئنجـا ئـەی خـاوەن دیتنـەکان، خـاوەن عەقڵـەکان! پەنـد وەربگـرن.

﴿ وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمُ ٱلْجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا ۖ وَلَهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ﴾، ئەگەر ئەوەش نەبووایە، خوا ﷻ دەربەدەربوون و ئاوارە بوونی لەسەر نووسیبوون، لە دنیادا سزای دەدان، (بە کوژران و بە بەدیلگیران)، لە دواڕۆژیشدا ئازاری ئاگریان بۆ هەیە.

﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾، بۆچی خوا ﷻ وای لێکردن؟ بەهۆی ئەوەوە بوو، کە دژایەتیی خواو پێغەمبەرەکەییان کرد، ﴿ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾، هەر کەسێکیش دژایەتیی و دووبەرەکێی خوا ﷻ بکات، خوا تۆڵەو سزای توندە.

﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيُخْزِىَ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴾، هیچ دارخورمایەکتان نەبڕیوە، یان لێی نەگەڕاون، لەسەر قەدو بنکەکەی خۆی بە پێوە بمێنێتەوە، ئەگەر هەمووی بە مۆڵەتی خوا بووە، بۆ ئەوەی لە ڕێدەرچووان و لاڕێبووان ڕیسواو شەرمەزار بکات.

کە لێرەدا ئەو هۆزە جوولەکانەی پەیمان شکێن و ئەهلی غەدرو خیانەت بوون، مەبەستن.

﴿ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ ﴾، ئەوەش کە لەوانەوە، خوا ﷻ گێڕایەوە بۆ لای پێغەمبەرەکەی، (واتە: بە بێ شەڕو کوشتارێکی ئەوتۆ)، ئێوە نە بە خێرایی ئەسپتان بۆ لێخوڕین، نە بە سواری حوشترانیش بە خێرایی بۆی چوون، واتە: ئێوە هۆکارەکانی هاتووچۆتان بەکارنەهێنان بۆ ئەو جەنگە، ﴿ وَلَـٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ﴾، بەڵام خوا پێغەمبەرانی سەردەخات، بەسەر هەر کەسێک دا کە بیەوێ، ﴿ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾، خواش لەسەر هەموو شتێک بە توانایە.

﴿ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَـٰمَىٰ وَٱلْمَسَـٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ﴾، ئەوەی خوا ﷻ لە ئاوەدانییەکان دەیگێڕێتەوە بۆ پێغەمبەرەکەی، {واتە:

هەم هی هەردوو هۆزی (بنو قَيْنُقَاع وبَنُو النَّضِير)، هەم هی ئاوەدانییەکانی دیکە کە لەمەودوا دێن، هەرچی خوا دەیگێڕێتەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی، وەک دەستکەوتی جەنگیی، بە هەر شێوەیەک لە شێوەکان بێ}، هی خوایە ﷻ و، هی پێغەمبەرە ﷺ و، هی خزمانەو، هی هەتیوانەو، هی نەدارانەو، هی ڕێبوارانە، دەبێ بۆ ئەوانە بەهەرەی لێوەربگیرێ بە پلەی یەکەم، ﴿كَىْ لَا يَكُونَ دُولَةًۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ﴾، بۆ ئەوەی ماڵ و سامان لە دەستی دەوڵەمەندەکانتاندا کورتهەڵنەیەت، ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ﴾، هەرچی پێغەمبەریش پێتان دەدات، چ وەک دەستکەوتی جەنگیی، چ هەر فەرمانێک کە پێتان دەدا، لێی وەربگرن، ﴿وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟﴾، هەرچی ئەویش لێتان قەدەغە دەکات، چ لە ماڵ و سامان، چ لە هەر کارو کردەوەیەک، خۆتانی لێ دوور بگرن، ﴿وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾، پارێزیش لە خوا بکەن، بە دڵنیایی خوا سزای توندە.

ئنجا خوا ﷻ باسی ئەوە دەکات، کە ئەو دەستکەوتە جەنگییانەی وەک ماڵی گشتیی و، ماڵی دەوڵەت دێنەوە دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژگاری خۆیداو، دوایی خەلیفە سەر ڕاستەکانی و دوایی حوکمڕانانی مسوڵمانان، تێکڕای مسوڵمانانی تێدا بەشدارن:

﴿لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَـٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَـٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ﴾، هەروەها ئەو ماڵ و سامانە، بۆ هەژارە کۆچکەرەکانە، کە لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەرنراون، لە خانووبەرەکانیان و ماڵ و سامانەکانیان وەدەرنراون، ﴿يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا﴾، بەخششی خواو ڕەزامەندیی خوا دەخوازن، ﴿وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ﴾، پشتیوانیی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، ﴿أُو۟لَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّـٰدِقُونَ﴾، ئا ئەوانە ڕاستانن، ئەوانەش بەشیان هەیە لەو دەستکەوتانەدا، لەو ماڵ و سامانە گشتییەی دێتەوە دەستی مسوڵمانان.

﴿وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَـٰنَ مِن قَبْلِهِمْ﴾، هەروەها وێڕای کۆچکەران بۆ پشتیوانانیشە، ئەوانەی لە پێش کۆچکەراندا، مەنزڵگاو ئیمانیان سەقامگیر

کـرد، واتــە: نیشــتەجێ بــوون لــە مەنزڵــگای ئیســلامدا لــە مەدینــەداو، ئیمانێکــی باشیشــیان هێنــا، ئیمانیشــیان لــەو شــارەدا ســەقامگیر کــرد، پێــش کۆچکــەران، ئەوانیــش بەشــیان تێیــدا هەیــە، ﴿ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ ﴾، هــەر کەســێک کۆچیــان بـۆ لا بـکات، خۆشیاندەوێ، ﴿ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ ﴾، هەست بــە پێویســتیی و ســەغڵەتییش ناکــەن لــە ســینەیاندا، بەرانبــەر بــەوەی بــەوان دراوە، واتــە: کــە کۆچکــەران شــتێکیان پــێ دەدرێ لــە دەســتکەوتی جەنــگ لەبــەر هەژاریــی، کــە کۆچیــان کــردوەو هەمــوو شــتیان بــە جێهێشــتوە، پشــتیوانان هەســت بــە ئیرەیــی و ســەغڵەتیی ناکــەن، ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ﴾، خەڵــک بەســەر خۆیانــدا هەڵدەبژێــرن، هەرچەنــدە خۆشــیان زۆر پێویســتیان پێــی هەبــێ، ﴿ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾، هــەر کەســێکیش لــە چرووکیــی نەفســی پارێــزراو بــێ، (خــۆی بــژار کردبــێ لــە چرووکیــی و ڕژدیــی)، ئــا ئەوانــەن ســەرفرازان، ﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ ﴾، هەروەهــا ئــەو ماڵــی گشــتیی و، دەســتکەوتی جەنگییــە، کــە دێتــەوە دەســتی مســوڵمانان، بــۆ ئەوانەشــە کــە لــە دوای وان دێــن، ﴿ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ ﴾، دەڵێــن: پەروەردگارمــان! لــە ئێمــەو لــەو برایانەمــان، ببــوورە کــە بــە ئیمانــەوە پێشــمان کەوتــوون، ﴿ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، کینــەش مەخــە دڵمانــەوە، بەرانبــەر بەوانــەی بڕوایــان هێنــاوە، بــا کینــەو بوغزمــان بەرانبەریــان لــە دڵــدا نەبــێ، ﴿ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾، پەروەردگارمــان! بــە دڵنیایــی تــۆ زۆر بــە پەرۆشــی، بــە بەزەیــی و میهرەبانیــی.

ئێمــە وەک عــادەتی خۆمــان بــە خێرایی، بەســەر مانای گشــتیی ئایەتەکاندا ڕۆیشــتین، لەبــەر ئــەوەی جارێکــی دیکــە لــە مەســەلە گرنگەکانــدا، تیشــکی زیاتــر دەخەینــە ســەر ئــەو ئایەتــە موبارەکانــەو، هەڵوەســتەی پێویســتیان لــە بەرانبــەردا دەکەین.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بە پاک و بێخەوش گیرانی خوا ﷻ، لە ئاسمانەکان و زەویداو، ناسێنرانی بە باڵادەستیی و کارزانیی و، باسی وەدەرنرانی خاوەن کتێبە بێبڕوایەکان لە زێدی خۆیان، لە حاڵێکدا کە نە مسوڵمانان پێیان وابوو، نەخۆشیان پێیان وابوو: دەردەکرێن، پێیان وابوو قەڵایەکانیان پارێزەریانن، بەڵام خوا ترسی خستە دڵیان و چۆڵیان کردو، ئەگەر ئاوارەش نەبوونایە، دووچاری سزاو ئازاری دیکە دەبوون، (وەک کوشتن و بەدیلگرتن)، ئەویش لە سۆنگەی پەیمان شکێنیی و دژایەتییانەوە بۆ خواو پێغەمبەرەکەی:

خوا دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١﴾ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمْ لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُواْ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ ٱللَّهِ فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنْ حَيْثُ لَمْ يَحْتَسِبُواْ وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي ٱلْمُؤْمِنِينَ فَٱعْتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلْأَبْصَٰرِ ﴿٢﴾ وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمُ ٱلْجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمْ فِي ٱلدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ﴿٣﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴿٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، پاکیی و بێخەوشیی بۆ خوا ڕاگەیاند.

پێشتریش گوتوومانە: (تَسْبِيح) لە (سَبْح)ەوە هاتوە، (**السَّبْحُ والسِّبَاحَةُ: الطَّيَرانُ، الذَّهَابُ بَعِيْداً**)، (سَبْح) لە (سِبَاحَة) وەرگیراوەو، (سَبْح) وەک چۆن مەلەکردن لە ئاودا دەگەیەنێ،

فڕینیش لە هەوادا دەگەیەنێ، ئنجا (سَبْح وسِبَاحَة) مەبەست پێیان ڕۆیشتنی دوورە، کە دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، واتە: هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، لەوانەی خاوەن عەقڵ و شعوورن و جگە لە ئەوانیش، هەمووی خوا بە دوور دەگرێ، لە لەکەو کەم و کوڕیی و هەڵەو پەڵەو، بە پاکی دەگرن.

(سَبحَ) واتە: بە پاکی گرت، بە کرداری ڕابردوو هێناویەتی، ئێمە هەم لە سوورەتی (**الإسراء**)دا، کورتە باسێکمان کرد لە بارەی بە پاکگیران و ستایشکرانی پەروەردگارەوە، لەلایەن سەرجەم دروستکراوەکانیەوەو، هەم لە سەرەتای سوورەتی (**الحديد**)یشدا کورتە باسێکمان کرد، بۆیە ئەوەی لەو دوو شوێنە گوتوومانە، ئیکتیفای پێ دەکەین و، لێرە دووبارەی ناکەینەوە.

٢)- ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾، ئەو (خوا ﷻ) باڵا دەستی کارزانە، زاڵی کاربەجێیە.

لێرەدا پرسیارێک دەکرێ: بۆچی لە سەرەتای سوورەتی (**الحديد**)دا خوا فەرموویەتی: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، هەم لێرە، هەم لە سوورەتی (**الصَّف**)دا، (**سَبَّح لله**) بە کرداری ڕابردوو هاتوە، وەک سوورەتی (**الحديد**)، بەڵام لەم سوورەتەداو، لە سەرەتای سوورەتی (**الصَّف**)دا، (**وَمَا فِي**)یشی تێدایە بۆ زەوی، بەڵام لەوێ بەس دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾؟!

ئایا حیکمەتی ئەو جیاوازییە چییە؟!

شارەزایانی قورئان و، شارەزایانی ڕەوانبێژیی دەڵێن: لە سوورەتی (**الحديد**) دا، خوا ﷻ باسی مەزنیی خۆی دەکات، وەک لەوێ باسمان کرد، خوا ﷻ باسی بیست لە سیفەت و کردەوە بێ وێنەکانی خۆی دەکات و، باسی پایە بەرزیی خۆی دەکات، بۆیە لەوێ ئاسمانەکان و زەوی بەیەک نیشانە دانراون: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، بەڵام لە (**الحشر**)دا خوا ﷻ باسی بەرجەستە بوون و، درەوشانەوەی دەستەڵات و باڵادەستیی خۆی دەکات، لە خەڵکی سەر زەویدا،

ئەویش ئەوەیە کە بێبڕوایەکان لە خاوەن کتێبەکانی، لە زێدو وڵاتی خۆیان دەرکردن، لە ئەنجامی ئەوەدا کە خیانەت و پەیمان شکێنییان کرد، واتە: لە (**الحديد**)دا ئاسمانەکان و زەوی بە یەک نیشانە دانراون، بۆیە پێویستی نەکردوە بفەرمویّ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾ و فەرموویەتی: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، بەڵام لێرە لەبەر ئەوەی باسی ڕووداوێکە لەسەر زەوی ڕوویداوە، بۆیە خوا ﷻ زەویشی وەک ئاسمان (مَا فِي) خستۆتە سەریّ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، پاکیی بۆ خوا ڕاگەیاند.

هەروەها بە نسبەت سوورەتی (**الصف**)یشەوە، دیسان باس باسی سەرزەنشت و لۆمەکردنی مسوڵمانانێکە، کە تەواو ئیمانەکەیان ساغ نەبۆتەوە، بە بەڵگەی قسەی بێ کرداریان و، باسی هەڵوێستی ناڕێکی جوولەکەو نەصرانییەکانە لەگەڵ مووساو عیسادا (**عليهما السلام**)، بۆیە پێویست بووە پاکیی و بێ خەوشیی خوا لەلایەن پێکهاتەکانی ئاسمان و زەوییشەوە، پێکەوەو وێکڕا ڕابگەیەنریّ.

وشەی (مَا)ش زیاتر بۆ ئەو دروستکراوانە بەکاردیّ، کە خاوەنی ویست و شعوورو هۆش نین، بەڵام جاری واش هەیە، بۆ خاوەن هۆش و ویستانیش بەکاردیّ، ئەویش بە زاڵکردنی ئەوانەی خاوەن هۆش و ویست نین، بەسەر ئەوانەدا کە خاوەن هۆش و ویستن، لەبەر ئەوەی ئەوان ژمارەیان زۆر زیاترە.

ئنجا خوا ﷻ دوای ئەوەی خۆی بە عیززەت و حیکمەت، یان بە عەزیزیی و بە حەکیمیی وەسف دەکات، دەفەرمویّ:

٣)- ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَٰبِ مِن دِيَٰرِهِمْ﴾، ئەو (خوا) کەسێکە ئەوانەی بێبڕوابوون لە خاوەن کتێبەکانی، لە خانووبەرەکانی خۆیان، یاخود لە ماڵ و حاڵەکانی خۆیان، وەدەرنان.

٤)- ﴿لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ﴾، لە کاتی یەکەم کۆبوونەوەدا، (ل)ی (الأول): (لامُ التّوقيت)ی پێدەڵێن، واتە: لە کاتی یەکەم کۆکردنەوەو خڕکردنەوەدا، لێرەدا خوا ﷻ کە دەفەرموێ: خوا ﷻ ئەو کەسەیە، ئەوانەی بێبڕوان لە خاوەن کتێبەکان، لە ماڵ و حاڵەکانی خۆیانی وەدەرنان، ئەوانەی بێبڕوا بوون لە خاوەن کتێبان، واتە: بێبڕوا بوون بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، بەو پەیامەی خوا بە پێغەمبەری کۆتایی دا ناردوویەتی، ئەگەرنا ئەوانیش بڕوایان بە خواو بە ڕۆژی دوایی و بە فریشتەکان و بە پێغەمبەران و بە کتێبەکان هەبووە، بەڵام بێگومان هەر کەسێک بە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ بێبڕوابێ و، بە دوا کتێبی خوا بێبڕوابێ، وەک بە هەموو پێغەمبەران و، بە هەموو کتێبەکان بێبڕوابێ وایە، چونکە ئەگەر لەبەر ئەوە بڕوای بە پێغەمبەرانی دیکە هێناوە، موعجیزەیان هەبووە، موحەممەدیش ﷺ موعجیزەی هەبووەو، ئەگەر لەبەر ئەوە بڕوای بە کتێبەکانی دیکە هێناوە، فەرمایشتی خوا بووە، قورئانیش فەرمایشتی خوایە.

ئنجا قورئانیش بە ڕاستدانەری هەموو کتێبەکانی پێش خۆیەتی، هەروەک چۆن موحەممەدیش ﷺ بە ڕاستدانەری هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆیەتی، بێگومان لێرەدا خوا ﷻ چاکەی خۆی دەخاتەوە بیر مسوڵمانان، کە هەردوو هۆزی (بنو قينقاع و بَنُو النَّضِير)ی لە زێدو وڵاتی خۆیان وەدەرنان، کە پێشتر بەسەرهاتەکەیانمان بە تەفصیل باسکرد، لە ئەنجامی پەیمان شکێنیی و خیانەت و کەین و بەین و ژێر بە ژێریی، لەگەڵ ئەهلی کوفردا، کە ئەو کاتە لە هۆزی قورەیشی کافردا بەرجەستە دەبوو.

کە دەفەرموێ: ﴿لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ﴾، پێشتریش گوتمان: ئەم (ل)ە، لە زمانی عەرەبییدا پێی دەگوترێ: لامی کات دیاریکردن (لَامُ التَّوْقِيْت)، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰلَيْتَنِى قَدَّمْتُ لِحَيَاتِى ﴿٢٤﴾﴾الفَجر، واتە: (لِوَقْتِ حَيَاتِي)، بریا لە کاتی ژیانمدا، کردەوەی باشم پێشخستبایە، یان دەگوترێ: (جَاءَ فُلَانٌ لِسِتٍ خَلَوْنَ مِن شَوَّال)، فڵانکەس هات، شەش شەو تێپەڕیبوون لە مانگی شەووال، (ل)ەکە بە مانای کات دێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ﴾، وشـەی (حَـشْر) بـە مانـای کۆکردنـەوەی خەڵکـە لـە شـوێنێک، لێـرەدا مەبەسـت کۆکردنـەوەی جوولەکەکانـی نیمچـە دورگـەی عەرەبییـە، بـۆ شـوێنێکی دیکـە، دەرکردنیـان و بـە ڕێکردنیـان بـۆ شـوێنێکی دیکـە، کـە بریتـی بـوو لـە شـام.

هەڵبەتـە سـەرەتا هەندێکیـان لـە (بنـو قینوقـاع وبَنُـو النَّضِـير) چـوون بـۆ خەیبـەر، بـەڵام زۆربەیـان چـوون بـۆ شـام.

کەواتـە: ﴿لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ﴾، لـە کاتی یەکەمیـن خڕکردنەوەیـان دا لـە نیمچـە دورگـەی عەرەبییـداو، بـە ڕێکردنیـان بـەرەو شـام، ئـەوە جـاری یەکەمینیـان بـووە، بۆیـەش مـن تێبینییـم هەیـە کـە زانایـان هەموویـان دەڵێـن: ئـەم سـوورەتە لـە بـارەی (بَنُـو النَّضِـير)ەوە هاتـوە، کـە بێگومـان لـە بـارەی ئەوانـەوە هاتـوە، واتـە: دەرکرانـی هـۆزی (بَنُـو النَّضِـير)ی جوولەکـە، بـەڵام پێـم وایـە (بنـو قینقاع)یـش دەگرێتـەوە، چونکـە (بنـو قینقـاع) و (بَنُـو النَّضِـير) و (بنـو قُرَيظـة)، هەموویـان خزمـی یەکدیـن، ئەوانـە وەچـەی ئـەو جوولەکانـە بـوون -وەک پێشـتر باسـمان کـرد- کـە کاتـی خـۆی مووسـا ﷺ ناردبوونـی شـەڕ بکـەن، لەگـەڵ عەمالیقـدا، کـە خەڵکێکـی کافـر بـوون لـە فەڵەسـتین، بـەڵام ئـەوان ئامـادە نەبـوون، بەرەنگاریـان ببنـەوەو، گەڕانـەوە بـۆ ئەریحـا، کـە شـوێنی نیشـتەجێ بوونـی جوولەکـەکان بـوو، خەڵکەکـەش گوتیـان: مـادام فەرمانـی مووسـاتان شـکاندوە -- مووسـاش لـەو ماوەیـەدا وەفاتـی کـرد بـوو -- قبـووڵ ناکەیـن بێنـەوە نێـو شـارەکەمان و دەریانکـردن و هاتـن بـۆ جەزیـرەی عەرەبیـی و لـە دەوروبـەری شـاری (يَـثْرِب) نیشـتەجێ بـوون.

ئنجـا ئـەو سـێ تیرەیـەش هـەر سـێ تیـرەی (بنـو قینقـاع وبَنُـو النَّضِـير وبنـو قُرَيظـة)، خـزم و نیزیکـی یەکـدی بـوون، لێـرەش خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَخْرَجَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ مِن دِيَـٰرِهِمْ﴾، ئـەو (خـوا ﷻ) کەسێکە ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون لـە خـاوەن کتێبـان لـە ماڵ و حاڵەکانیـان وەدەرینـان، بـە گشـتیی فەرمووبەتـی

و، یەکەمین هۆزی جوولەکەش کە دەرکران (**بنو قینقاع**) بوون، لە دوای جەنگی بەدر بە ماوەیەکی کەم، ڕۆژێک پێغەمبەری خوا ﷺ ئامۆژگاریی کردن، ئەوانیش خراپ وەڵامیان دایەوە، دواییش سووکایەتییان کرد بە ئافرەتێکی مسوڵمان، پیاوێکی مسوڵمانیش لەسەری وەدەنگ هات و جوولەکەکەی کوشت، چونکە سووکایەتیی بە ئافرەتەکە کردبوو، دواییش جوولەکەکان مسوڵمانەکەیان کوشت و، سەرەنجام پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: مادام ئێوە پابەند نابن، بڕۆن ئێرە بەجێ بهێڵن، کەچی ئامادە نەبوون و دەوری بیست شەو ئابلووقەی دان، دوایی بە ناچاریی گوتیان: باشە ئامادەین، ئێرە بەجێ بهێڵین و، هەر کامێکمان باری حوشترێک لەگەڵ خۆی بەرێ، جگە لە چەک و چۆڵ.

کەواتە: یەکەمین کۆکرانەوەی جوولەکەکان و، دەرکرانیان لە نیمچە دورگەی عەرەبیی، هی (**بنو قینقاع**) بوو، بۆیە کە دەفەرمووێ: ﴿لِأَوَّلِ الْحَشْرِ﴾، ئەم تەعبیرە زیاتر بەسەر (**بنو قینقاع**)دا دەچەسپێ، چونکە دوای ئەوان بە ماوەی دوو ساڵ، ئنجا (**بَنُو النَّضِير**) لە دوای جەنگی ئوحود دەرکران، چونکە ئەوانیش پەیمانیان شکاند، کە وەک پێشتر باسمان کرد، دوو هۆکار هەبوو بۆ دەرکرانیان و، پێغەمبەری خوا ﷺ، دوای ماوەیەک ئابلووقەدانیان، ڕازی بوونیان بە حوکمی پێغەمبەری خوا، دەریکردن.

٥)- ﴿مَا ظَنَنتُمْ أَن يَخْرُجُوا﴾، (مسوڵمانینە!) گومانتان وانەبوو دەربچن، پێتان وانەبوو بتوانن دەریان بکەن، پێتان وابوو هەروا دەمێننەوە، وەک خەنجەرێک لە کەلەکەی مسوڵماناندا، بەردەوام غەدرو خیانەت و، کەین و بەینیان ببێ لەگەڵ قورەیش و، لەگەڵ ئەم و ئەودا، لە دژی مسوڵمانان و، مسوڵمانانیش دەسەڵاتیان بەسەردا ناشکێ دەریان بکەن!!

٦)- ﴿وَظَنُّوا أَنَّهُم مَّانِعَتُهُمْ حُصُونُهُم مِّنَ اللَّهِ﴾، ئەوانیش پێیان وابوو، قەڵایەکانیان دەبنە ڕێگر لە بەرانبەر خوادا، واتە: دەبنە پەرچ و پارێزەریان و، ئێوە بەهۆی قەڵایەکانیانەوە، کە ژمارەیەک قەڵای مەحکەمیان هەبوون، زەفەریان پێ نابەن.

شایانی باسە: بۆ قەڵایەکانیان، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، باسی شەش قەڵایان کراوە، هی (بَنُو النَّضِير) بە تایبەت، ئەمەش ناوی قەڵایەکانیانە:

١- (الكُتَيْبَة).

٢- (الوَطِيح).

٣- (السُلاليم).

٤- (النَّطاط).

٥- (الوَخدة).

٦- (شَق).

ئەم شەش قەڵایە هی (بَنُو النَّضِير) بوون، ئەوانە خاوەنی باخی دارخورماو زەوی کشتوکاڵی بوون، بە پێچەوانەی هۆزی (بنو قينقاع)ەوە، کە ئەوانە زێڕنگەرو سەنعەتکار بوون، بۆیە زەوی و زاری کشتوکاڵییان زۆر نەبووە.

٧)- ﴿فَأَتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِنۡ حَيۡثُ لَمۡ يَحۡتَسِبُواْ﴾، بەڵام خوا ﷻ لە شوێنێکەوە بۆیان هات، بە جۆرێک بۆیان هات، پێیان وانەبوو، حیسابیان بۆ نەکرد بوو، (لَمْ يَحْتَسِبوا: مُبَالَغَة فِي الحُسْبَان: أي الظَّنّ)، واتە: لە شوێنێکەوەو بە جۆرێک خوا ﷻ بۆیان هات (هەڵبەتە خوا بۆ خۆی نەهات، یانی: مسوڵمانانی بۆ ناردن، چونکە مسوڵمانان بە فەرمانی خوا چوون ئابڵووقەیان دان)، کە ئەوان هەر بە خەیاڵیاندا نەدەهات و بیریان لێ نەکرد بۆوە، حیسابیان بۆ نەکرد بوو، ئەگەریان بۆ دانەنابوو.

٨)- ﴿وَقَذَفَ فِي قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعۡبَ﴾، ترسیشی فڕێدایە نێو دڵیانەوە، وشەی (رُعْب) مانایەکەی بەهێزترە، لە هی وشەی (خَوْف)، (الرُّعْب) بریتیە لە ترسێک، کە دڵی ئینسان پڕ بکات، واتە: ترس و لەرزو بیمێکی زۆری خستە نێو دڵیان، مرۆڤیش ئەگەر لە ڕووی مەعنەوییەوە تێکشکا، لە ڕووی ڕواڵەتیی و جەستەییەوە خۆی ڕاناگرێ، جەوهەری مرۆڤ لە ڕووحەکەی و هەناوی و دیوی مەعنەویی دا پەنهان و شێردراوەیە، ئنجا

مرۆڤ کە لە دیوی نێوەوەی خۆی دا بێهێز بوو، لە بەرانبەر شتێک دا، جەستەکەشی خۆی ڕاناگرێ، بەپێچەوانەشەوە: ئەگەر لە دڵ و دەروونداا خۆڕاگر بێ، جەستەکەشی لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشێ، بۆیە من پەندێکم داناوە بە عەرەبیی دەڵێم: (**لَا يَضْعُفُ جِسمٌ، عَمَّا قَوِيَتْ عَلَيْهِ الرُّوح**)، جەستە بێهێز نابێ لە بەرانبەر شتێک دا، کە ڕووح لە بەرانبەریدا بەهێزە.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَقَذَفَ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلرُّعْبَ ﴾، (**قَـذْف**) بریتیـە لـەوەی شـتێکت بـە دەسـتەوە بـێ و فڕێیدەیـە سـەر عـەرزێ، لێـرە وشـەی (**قَـذَفَ**) خوازراوەتـەوە، بـۆ پەیدابوونـی تـرس و بیمێکـی زۆر لـە دڵیـان دا، بـە کتوپڕیـی، واتـە: ئـەو ترسـەی پەیدابـووە، وەک لـە نـاکاو خرابێتـە نێـو دڵ و دەروونیانـەوە.

بەرپەرچدانەوەی قسەیەکی پاڵدراو بۆ لای حەسەنی بەصری:

شـایانی باسـە: حەسـەنی بەصرایـی ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ، گوتوویەتـی: وشـەی ﴿ لِأَوَّلِ ٱلْحَشْرِ ﴾، مەبەسـت پێـی سـەرەتای کۆکرانـەوەی خەڵکـە لـە دنیـادا، ئنجـا گوتوویەتـی: مـادام خـوا نـاوی لـە کـۆ کردنـەوەی جوولەکـەکان نـاوە (**الحَـشْر**)، لەبـەر ئـەوەی بـۆ شـام بـە ڕێ دەکرێـن، کەواتـە: شـام زەوی مەحشـەرەو خەڵـک لـە قیامـەت دا لـە شـام کـۆ دەکرێتـەوە.

بـەڵام بـە دڵنیایـی ئـەو قسـەیە حەسـەنی بەصرایـی گوتبێتـی، یـان پاڵدرابێتـە لای، ڕاسـت نیـەو، خەڵـک لـە قیامـەت دا نـە لـە شـام و نـە لـەم سـەر زەوییـەی ئێسـتای ئێمـەش کـۆ ناکرێتـەوە، بەپێـی ئایەتـی خـوای پـەروەردگار کە لـە سـوورەتی (**إبراهيم**) دا دەفەرمـوێ: ﴿ يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾ ﴾، واتـە: ئـەو ڕۆژەی زەوی جگـە لـە ئـەم زەوییـە دەبـێ و، ئاسـمانەکانیش جگـە لـەم ئاسـمانانە دەبـن و، هەموویـان بـۆ خـوای تاکـی ملپێکەچکـەر دێنـە گـۆڕێ، پێغەمبەریـش ﷺ دەفەرمـوێ: خەڵـک لەسـەر زەوییـەک کـۆ دەکرێنـەوە،

وەک ئانێکی سپی وایە، گوناهێکی لەسەر نەکراوە، وەک لە تەفسیری سوورەتی (إبراهيم)دا بە درێژیی لەو بارەوە دواوین[1].

کەواتە: کۆکرانەوەو لێپرسرانەوەی خەڵک، لەم سەر زەوییەی ئێمە نابێ، چ جای لە شام کە لە ڕووی پانتایی جوگرافییەوە هەر هەڵیناگرێ، بەڵکو ڕەنگە تێکڕای ئەو مرۆڤانەی خوا خوڵقاندوونی لە ئادەمەوە، تاکو دوایین بەشەر لەسەر زەوی، لەسەر تێکڕای پانتایی زەوییش جێیان نەبێتەوە.

ئنجا ئەو ئایەتەی سوورەتی (إبراهيم)، ئاماژەیەکی گرنگە لەو بارەوە، جار جار خوای پەروەردگار هەندێ ئاماژەی پەنهان دەکات، بۆ ئەو کەسانەی زۆر ورد دەبنەوەو ڕادەمێنن، خوا زانیویەتی خەڵکی وا هەیە، قەناعەتی وابێ، کە لە قیامەت دا خەڵک لە شام کۆ دەکرێتەوە!، بەڵام بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە ئەگەر ئەم هەموو خەڵکە لە شام کۆ بکرێتەوە، یەکی ڕووبەری سانتیمەتر دووجایەکیشیان بەر ناکەوێ، ئەو هەموو ملیاران خەڵکە کوا جێیان دەبێتەوە؟ بەس خوا بۆ خۆی دەزانێ، لە ئادەمەوە تاکو دوا بەشەر، ژمارەیان چەندە، بۆیە ئەو ئایەتەی سوورەتی (إبراهيم)، ئاماژە بەوە دەکات و پێمان دەفەرموێ: نەخێر ئەو زەوییەی، لە قیامەت دا مرۆڤایەتیی لەسەر کۆ دەکرێتەوە بۆ لێپرسرانەوە، جگە لە ئەم زەوییەی ئێستایە.

٩)- ﴿يُخْرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيْدِيهِمْ وَأَيْدِي الْمُؤْمِنِينَ﴾، [بە کرداری ئێستاو داهاتوو **(فعل المُضارِع)** دەیهێنێ، تاکو وێنەکەمان بخاتە بەرچاو]، ماڵەکانی خۆیان بە دەستی خۆیان و، بە دەستی بڕوادارن کاول دەکردن و تێک دەدان، **(يُخْرِبُونَ)** خوێندراویشەتەوە: **(يُخَرِّبُونَ)**، هەر یەک واتایان هەیە، بەڵام **(يُخَرِّبُونَ)**، مانایەکەی بەهێزترە وەک **(كَسَرَ وكَسَّر)** و **(قَتَلَ وقَتَّل)**.

---

(١) هەروەها لە تەفسیری (النازعات)یش لە کاتی ڕوونکردنەوەی چەمک و واتای (الساهرة) دا، دیسان قسەمان لەوبارەوە کردوە.

١٠)- ﴿فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ﴾، عیبرەت وەربگرن، پەند وەربگرن، ئەی خاوەن دیتنان! ئەی خاوەن عەقڵەکان! کە بە عەقڵەکانتان شت دەبینن و دەزانن.

شـایانی باسـە: جوولەکـەکان دوو جـاران لـە فەڵەسـتین دەربـەدەر کـراون، جارێکیـان لـە ڕۆژگاری بوختەنەسـەر، حوکمڕانـی بابلییەکانـدا، جارێکیشـیان لـە ڕۆژگاری حوکمڕانـی (طیطـز)، سـوڵتانی ڕۆم دا، بـەڵام ئـەو سـێ هـۆزە: (بنـو قَيْنُقَـاع وبَنُـو النَّضِيرِ وبنـو قُرَيظـة)، دەربەدەرییـان بەسـەر نەهاتـوە، چونکـە ئـەوان لـە شـام نەبـوون و، هـەر لـە سـەرەتاوە هاتـوون لـە جەزیـرەی عەرەبیـی دا، نیشـتەجێ بـوون، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە سـەرپێچییان کـردوە لـە فەرمانـی مووسـا ﵇ و لـە دژی عەمالیـق نەجەنـگاون، بۆیـە خەڵکـە جوولەکەکـەی لـە ئەریحـا نیشـتەجێ بـوون، کاتێـک ئەوانـە گەڕاونـەوە واتـە: بـاب و باپیرانـی ئـەو سـێ هـۆزە، قبووڵیـان نەکـردوە بێنـەوە شـارەکەو گوتوویانـە: ئێـوە فەرمانـی مووسـاتان شـکاندوە، کـە ئـەوەش دوای کۆچـی دوایـی مووسـا بـووە، گوتوویانـە: دەبـێ بـڕۆن و سـەری خۆتـان هەڵبگـرن، ئەوانیـش هاتـوون بـۆ نیمچـە دورگـەی عەرەبیـی.

بۆیـە کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿لِأَوَّلِ ٱلۡحَشۡرِ﴾، بۆ یەکەمیـن دەرکران، ئەمـە ئاماژەیە بـۆ ئـەوە کـە ئـەوان یەکەمجـار بـووە دەربکرێـن، ئەگەرنـا ئـەو جوولەکانـەی لـە فەڵەسـتین ماونـەوە، دوو جـاران دەرکـراون، جارێکیـان لـە سـەردەمی بوختەنەسـردا، کـە هێناونـی بـۆ عێـراق بـە دیلیـی، جارێکیشـیان لـە سـەردەمی (طیطـز) حوکمڕانـی ڕۆمـدا، دەریکـردوون لـە فەڵەسـتین و، پەڕاگەنـدە بـوون بـە دنیـادا.

بـەڵام ئـەو سـێ هـۆزەی جوولەکـە، یەکەمیـن جـار بـووە دەربکرێـن و ئـاوارە بـبن، کـە سـەرەتا (بنـو قینقـاع وبَنُـو النَّضِـيرِ) دەرکـران، دواتـر (بنـو قُرَيظـة)ش سـزایەکی سـەختتر دران، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا کـە لـە گەرمـەی جەنگـی خەندەقـدا، وەک لـە تەفسـیری سـوورەتی (الأحـزاب)دا باسـمان کـرد، لـە پشـتەوە خەنجـەری غەدریـان لـە مسـوڵمانان دا، پێغەمبـەری خـوا ﷺ و مسـوڵمانان ئابڵووقەیـان دان و، دوای جەنگێکـی سـەخت بـە ناچاریـی تەسـلیم بـوون و ڕازی بـوون بـە دادوەریـی (سـعد

بن معاذ) ئەویش دادوەرییەکەی وابوو بڕیاریدا ئەوەی مسوڵمان نەبێ، بەسزای مەرگ بگەیەنرێ، کاتی خۆی قسەمان لە بارەی هۆزی (**بنو قُرَيظة**)وە کردوە، لە تەفسیری سوورەتی (**الأحزاب**)دا.

کە دەفەرموێ: ﴿ فَٱعۡتَبِرُواْ يَٰٓأُوْلِي ٱلۡأَبۡصَٰرِ ﴾، ئنجا پەند وەربگرن ئەی خاوەن دیتنەکان! واتە: ئەی ئەوانەی عەقڵانێکتان هەن و دڵانێکتان هەن، پێیان دەبینن! **(الطبري)** ئاوا لێکی داوەتەوەو دەڵێ: **(فَاعْتَبِرُوا يَا مَعْشَرَ ذَوِي الأَفْهَام! بِمَا أَحَلَّ الله بِهَؤُلَاءِ اليَهُود)**، ئەی خاوەن تێگەیشتنەکان! پەند وەربگرن، بەوەی خوا بەسەر ئەو جوولەکانەی هێناوە، واتە: ئێوەش شتێکی وا مەکەن، هەمان شتتان بەسەر بێت.

کە دەفەرموێ: ﴿ يُخۡرِبُونَ بُيُوتَهُم بِأَيۡدِيهِمۡ وَأَيۡدِي ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾،ماڵەکانی خۆیان، خانووەکانی خۆیان وێران دەکردن، بە دەستی خۆیان و بە دەستی بڕواداران، واتە: وەک ئەوەی ئەوان دەستی بڕوادارانیان بەکارهێنابێ، بۆ تێکدانی خانووەکانیان، چونکە ئەوان بوونە هۆی ئەوەی بڕواداران ئابڵووقەیان بدەن و جەنگیان لە دژ بکەن، وەک پێشینانی خۆمان دەڵێن: ((فڵانکەس بۆ خۆی دار دەداتە دەست خەڵکی لێی بدەن))، دەگوترێ: ((بۆ خۆی کوتەکی داوەتە دەست))، واتە: بۆ خۆی هۆکار بووە بەرانبەرەکەی بکات و بووەو لێی بدات.

کەواتە: خانووەکانی خۆیان وێران دەکردن، بە دەستی خۆیان و بە دەستی بڕواداران.

أ- (بە دەستی خۆیان) ئەوە دیارە، خانووەکانیان تێکدەدا، شیپانەو دەرگاو پەنجەرەکانیان دەردەهێنان، بۆ ئەوەی لە شوێنی دیکە کە خانوویان لێ دروستکردەوە، سوودیان لێ ببینن، یان بۆ ئەوەی مسوڵمانان لێیان بەهرەمەند نەبن.

ب- (بە دەستی بڕواداران)، یانی: دوایی ئەوانیش تێکیان دەدا، بۆ ئەوەی ماڵەکانیان شوێنەواریان نەمێنێ، یان بۆ ئەوەی هەر کەلوپەلێکی تێدا هەبێ:

دەرگاو چوارچێوەیە، بەردە، خشتە، دارە، سوودی لێ ببینن، بۆ دروستکردنی بینا، بۆیەش دەفەرموێ: ئەوان خانووەکانی خۆیان، بە دەستی خۆیان و بە دەستی بڕواداران کاول دەکردن، چونکە خۆیان بوون وایانکرد، بڕواداران ئاوا لێیان بە ڕقدا بچن و، تۆڵەیان لێ بستێنن.

١١)- ﴿ وَلَوْلَآ أَن كَتَبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمُ ٱلْجَلَآءَ لَعَذَّبَهُمْ فِى ٱلدُّنْيَا ﴾، ئەگەر ئەوەش نەبووایە، خوا ﷻ دەربەدەریی لەسەر نووسیون، لە دنیادا سزای دەدان.

یانی: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبووایە، خوا بۆی بڕیار دابوون کە وڵاتی خۆیان بەجێ بهێڵن و لێی بچنە دەر، لە دنیادا سزای دەدان.

ئنجا خوا بە چی سزای دەدان؟ بە کوشتن و بە بەدیلگرتن و ... هتد، لایەنێک کە تێکدەشکێ، لە بەرانبەر لایەنێکی دیکەدا، لایەنە براوەکە سزای دەدا، لێرەدا (لَوْلا: حَرْفُ امْتِنَاعٍ لِوُجُود)، (لَوْلا): لێرەدا بەکارهێنراوە، بە مانای پیتێک کە: شتێک نابێ، لەبەر ئەوەی شتێک هەیە، واتە: خوا ﷻ سزای نەدان لە دنیادا، لەبەر ئەوەی دەربەدەریی لەسەر نووسیبوون، ئنجا حیکمەتی ئەوەش ئەوە بوو، کە بۆ مسوڵمانان باشتر بوو، ئەگەرنا لەبەر ئەوە نەبووە، خوا ﷻ بەزەیی پێیان دابێ، کەسانێک کە دژی خواو پێغەمبەری خوا بن، خوا بەزەییان لەگەڵدا بەکارناهێنێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو حاڵەتە، کە بەو شێوەیە بڕۆن بەبێ کوشتار، بۆ مسوڵمانان وا باشتر بوو، هەم مسوڵمانان تووشی زەرەر نابن، لێیان ناکوژرێ و بریندار نابن، هەم ماڵ و موڵکەکەشیان دەبێتە دەستکەوت و بۆ مسوڵمانان بە جێ دەمێنێ.

١٢)- ﴿ وَلَهُمْ فِى ٱلْءَاخِرَةِ عَذَابُ ٱلنَّارِ ﴾، لە مەنزڵگای دواڕۆژیشدا ئازاری ئاگریان بۆ هەیە، واتە: دۆزەخیش چاوەڕێیان دەکات، وێڕای سزای دنیا، بێگومان بۆ ئەوانەی مسوڵمان نابن و ناگەڕێنەوە بۆ لای خوا، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد، دوو کەس یان سێ کەس لە جوولەکەکان مسوڵمان بوون، ئەوانە هەم موڵک و ماڵی خۆیانیان پاراست، هەم سەرو خوێنی خۆشیانیان پاراست.

١٣)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾، (خوا ﷻ حیکمەتەکەی باس دەکات و دەفەرموێ:) ئەوەش بەهۆی ئەوەوە کە دژایەتیی و ناکۆکییان کرد، لەگەڵ خواو پێغەمبەرەکەی دا، (شَاقُّوا أي: خَالفوا وعَادوا)، سەرپێچییان کردو دژایەتییان کرد، سەرپێچیی و دژایەتییەکەشی لە شکاندنی ئەو پەیمانەی، لە نێوان ئەوان و پێغەمبەری خوا ﷺ و مسوڵمانان دا هەبوو، خۆی نواند، کە لە (الكِتَاب، الوَثِيْقَة)دا، بەرجەستە بوو و پێشتر باسمان کرد.

١٤)- ﴿ وَمَن يُشَآقِّ ٱللَّهَ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾، هەر کەسێکیش بەربەرەکانێی خوا بکات، بێگومان خوا تۆڵەی توندە، (شَاقُّوا، يُشَاقِّ الله، مُشاقَّة)، ئەوەیە دوو لایەن هەر کامێکیان لە لایەک بێ، ئەو لەلایەک ئەو لە لایەکی دیکە بێ، بۆ بەربەرەکانێ و دووبەرەکیی کردن.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا تۆڵـەی تونـدە، ئامـرازی تۆڵـەی خـوا ﷻ لـە دنیـادا، بـە نسـبەت (بنـو قينقـاع) و (بَنُـو النَّضِـير)ەوە، بریتـی بـووە لـە مسـوڵمانان، مسـوڵمانان ئامـرازو ئامێـری تۆڵـە، سـزادانی خـوای دادگـەرن بـۆ ئەهلـی کوفـر، بۆیـە مسـوڵمانان دەبـێ هەمیشـە هەوڵبـدەن وابـن، کـە بتوانـن ئامێـرو ئامـرازی دەسـتی خـوای دادگەربـن، بـۆ تۆڵەکردنـەوە لـە بێبڕوایانێـک، کـە دژایەتیـی خـواو پێغەمبـەری خـوا دەکـەن، ئەگەرنـا بێبڕوایانێـک کـە لـە ماڵـی خۆیـان دابنیشـن، مسـوڵمانان لـە دەسـتیان بـێ مزەڕەت و سـەلامەت بـن، بەدڵنیایـی ئیسـلام لـە خەڵکـی هەڵناپێچـێ و، شـەڕ بـە خەڵـک نافرۆشـێ، لـە خـۆوە سـەنگەر لـە خەڵـک ناگـرێ، با نامسـوڵمانیش بن وەک ئایـەتی: ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ ﴾المتحنـة، بەڕۆشـنیی دەیگەیەنـێ، بۆیـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ شَآقُّوا۟ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ ﴾، ئـەو سـزادانە بەهـۆی ئـەوەوە بـوو، کـە دژایەتیـی خـواو پێغەمبەرەکەیـان کـرد.

مەسەلەی دووەم:

بڕینی دارخورمایەکان، یان هێشتنەوەیان بە پێوە، بە مۆڵەتی خواو بۆ زەبوون کردنی لادەران بوو، ئەوەش کە خوا لە ماڵ و سامانی جوولەکەکان بۆ پێغەمبەرەکەی گێڕایەوە، مسوڵمانان ئەرکیان پێوە نەکێشا، کە ئەسپان و حوشترانی بە خێرایی بۆ لێخوڕن، بەڵکو خوا هێنایە پێش، خواش ﷻ پێغەمبەرانی خۆی، بەسەر هەر کەسێکدا کە بیەوێ زاڵ دەکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيُخْزِيَ ٱلْفَٰسِقِينَ ۝٥ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ ۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ۝٦ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ ﴾، هیچ دارخورمایەکتان نەبڕیوە.

هۆزی (**بَنُو النَّضِير**) خاوەن کشت و کاڵ بوون، بە تایبەت باخی دارخورمایان زۆر بوون، ئنجا لە گەرمەی ئابڵووقەدانی مسوڵماناندا، بۆ هۆزی (**بَنُو النَّضِير**)، کە بەتەما بوون هەڵنەقەڵێن، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد، هەندێک لە دارخورمایەکانیان بسووتێنن، یان بیانبڕن، ئەوانیش ئەو باخ و بێستان و کشتوکاڵەی خۆیان زۆر خۆشدەویست و دڵیان پێوەی بوو، ڕەنگە هاندەرێکی بەهێزیان کە بەرگریی بکەن و بمێننەوە لە قەڵایەکان و شوێنەکانی خۆیان دا، ئەوە بووبێ کە چاویان لە باخی دارخورماو کشتوکاڵەکەیان بووە، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەندێک لە دارخورمایەکانیان بسووتێنن یان بیانبڕن، بۆ ئەوەی ئاسانتر دەستیان لە وڵاتەکەیان و لە قەڵاو خانووەکانیان بەربێ و، کەمتر بەرەنگاریی بکەن.

هەڵبەتە دارخورمایەکان کە بڕدراون، دوایی دارخورمایەکان بوون بە دەستکەوتی مسوڵمانان و خۆیان زەرەریان کردوە، لەولاشەوە جوولەکەکان قازانجیان لێکرد، کە لە جیاتی ئەوەی خۆیان بکوژرێن، دارخورماکانیان ببڕدرێن، بەڵام گرنگ ئەوەیە، لەو کاتەدا بەرژەوەندیی جەنگیی وای دەخواست، ئەو دارخورمایانە ببڕدرێن، بۆ ئەوەی جوولەکەکان هێزی دڵیان، بەو شێوەیە نەمێنێ بەرگریی بکەن و، خوێن کەمتر برژێ لە هەردوولاو، بە سەلامەتتر بڕۆن و وڵاتەکە بەجێ بهێڵن، چونکە ئەوەی گرنگ بووە ئەوە بووە، ئەوانە چیدیکە لەوێ نەمێننەوە، وەک کانگایەکی میکرۆب، وەک خەنجەرێکی غەدر، کە لە پشتەوە لە پشتی مسوڵمانان دەدرێ، حیکمەتەکەو ئامانجەکە ئەوە بوو، واتە: ئامانج ئەوە نەبوو، ئەوانە بنبڕ بکرێن و بکوژرێن، ئامانج ئەوە بوو، ئەو کانگای غەدرە لەوێ نەمێنێ.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿ مَا قَطَعْتُم مِّن لِّينَةٍ ﴾، هیچ دارخورمایەکتان نەبڕیوە، (**اللِّينَةُ: النَّخلَةُ ذَاتُ الثَّمَر**):

أ- (**لينة**) دارخورمایەک بەری پێوە بێ

ب- هەندێکیش گوتوویانە: (**اللِّيْنَة: النَّوعُ المُمتازُ مِنَ النَّخْل**)، جۆری هەرە چاک لە دارخورما.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: (**لِيْنَة**) هەموو جۆرەکانی دارخورمایە، جگە لە (**عَجْوة وبُرني**)، ئەوانەش دوو جۆرە دارخورمان.

د- بەڵام (**راغب الأصفهاني**) ڕەحمەتی خوای لێ بێ و، زۆرێک لە زانایان دەڵێن: (**لِيْنَة**) هەموو جۆرەکانی دارخورما دەگرێتەوە، خوا دەفەرموێ: هیچ دارخورمایەکتان نەبڕیوە.

٢)- ﴿ أَوْ تَرَكْتُمُوهَا قَآئِمَةً عَلَىٰٓ أُصُولِهَا ﴾، هەروەها هیچ دارخورمایەکتان، واز لێنەهێناوە بمێننەوە، لەسەر بنکەکانی خۆیان.

هەر کامێکتان وا لێکرد بێ: بڕیبتان یاخود هێشتبتانەوە بە پێوە:

٣)- ﴿ فَبِإِذْنِ ٱللَّهِ وَلِيُخْزِيَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴾، ئەوە بە مۆڵەتی خوا بووەو، بۆ ئەوەش بووە ئەو لەڕێ لادەرو لا ڕێ بووانە، زەبوون بکات، یانی: لە ڕووی مەعنەوییەوە تێک بشکێن و، چیدیکە دڵیان بەو شوێنەوە نەمێنێ، بە تەماعی ئەوەی دوایی دەچنەوە سەر باغ و کشتوکاڵی خۆیان، بەرگرییەکی سەخت و خۆمرێنەر (**دفاع مُسْتَميت**) بکەن.

کەواتە: هەردوو کارەکان، چ بڕینی دارخورمایەکان، چ هێشتنەوەیان، بە فەرمانی خوا بوون، کە بە پێغەمبەری خۆی ڕاگەیاندوە، ئەمەش وەڵامی ئەو قسانەی جوولەکەکانە، کە بانگیان دەکرد (**یا مُحَمَّد! كُنْتَ تَنْهى عَنِ الفَسادِ، تَعيبُ النَّاسَ عَليه، والآنَ تَفعَلُهُ!**)، ئەی موحەممەد! ﷺ تۆ جاران ڕێگریت دەکرد لە تێکدان و لە خەڵکت بە ڕەخنە دەگرت، ئەگەر تێکدانیان کردبایە، کەچی ئێستا بۆ خۆت دەیکەی، (هاوەڵەکانت دارخورمایەکان دەبڕن، یان دەیانسووتێنن)، خواش ﷻ لە جیاتی پێغەمبەرەکەی ﷺ وەڵامی دایەوە، کە هەر دارخورمایەکتان بڕیبێ، یان هێشتبتانەوە لەسەر بنکەکەی بە پێوە، بە مۆڵەتی خوا بووەو، بۆ ئەوەش بووە ئەو لە ڕێ دەرچووانە، زەبوون بکات و لە ڕووی دەروونییەوە تێکیان بشکێنێ.

٤)- ﴿ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْهُمْ ﴾، ئەوەش کە خوا ﷻ لەوانەوە، (لە لای ئەوانەوە) گێڕایەوە بۆ پێغەمبەرەکەی ﷺ، (**فَاءَ: رَجَعَ**) گەڕایەوە، (**أفاء، أرْجَعَ**)، گێڕایەوە، لێرەش دا: (**أَفَاءَ أي: أَعْطَى الفَيءَ**)، دەستکەوتی (بێ شەڕ)ی پێدا، ئەوەی خوا لە لای ئەو هۆزانەوە، چ (**بَنُو النَّضِير**)، چ (**بنو قَيْنُقَاع**)، گێڕایەوە بۆ لای پێغەمبەرەکەی ﷺ.

٥)- ﴿ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ ﴾، ئێوە (بە مەبەستی دەستخستنی) هیچ ئەسپانتان بە خێرایی بۆ لێنەخوڕین و، حوشترانیشتان بە خێرایی بۆ لێنەخوڕین، (**الإيجَافُ: نَوعٌ مِنَ السَّيْرِ، وَهُوَ السَّير السَّرِيْع، وَأُرِيْدَ بِهِ الرَّكض**)، (إیجاف): بریتیە لە جۆرێک لە ڕۆیشتنی ئەسپان، کە ڕۆیشتنێکی خێرایە، کە لێرەدا مەبەست پێی، پێغاردانی ئەسپەکانە، (**خَيْل**) ناوی کۆیە بۆ ئەسپ، جگە لە بێژەی خۆی، (**فَرَس**) بە

(**خَيْل**) کۆدەکرێتەوەو، جاری واش هەیە بە (**أفْرَاس**) کۆ دەکرێتەوە، ئەسپەکان، (**رِكَاب**) یش ناوی کۆیە، بۆ ئەو حوشترانەی بە کەڵکی بارو سوار دێن، چونکە هەموو حوشترێک بە کەڵکی بارو سوار نایەت.

کەواتـە: ئـەو دەسـتکەوتە بـە سـێنایی وەدەسـت هاتـووەو، ئێـوە پێـوەی ماندوونەبـوون، تاکـو وەک دەسـتکەوتی جەنگیـی (**الغنیمـة الحربیـة**) بەسـەر جەنگاوەرانـدا دابـەش بکـرێ.

٦)- ﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ﴾، بەڵام خوا پێغەمبەرانی خۆی، بەسەر هەر کەسێکدا بیەوێ زاڵ دەکات، موحەممەدیش ﷺ یەکێکە لە پێغەمبەرانی خوا، بۆیە زاڵی کرد بەسەر ئەو هۆزە جوولەکە پەیمان شکێن و موخەننەتانەدا.

کەواتـە: ئـەی مسـوڵمانینە! چاوتـان لـەوە نەبـێ، ئـەم دەسـتکەوتەش ئێوە بەشـتان تێیـدا هەبـێ، وەک جەنـگاوەر، چونکـە خـوا ﷻ بەبـێ کوشـتارێکی ئەوتـۆ -نەزانـراوە هیـچ کام لـە هـاوەڵان شـەهید کرابـن- بەڵکـو بـە ئاسـانیی هاتـە دەسـت، خـوا ترسـی خسـتە دڵـی جوولەکەکانـەوەو، بـە جۆرێـک بۆیـان هـات، بیریـان لـێ نەکردبـۆوەو، خـوا ﷻ وەحیـی بـۆ پێغەمبـەر نـارد، یـان ئیلهامـی کـرد بـۆ کـرد، کـە دارخورمایـەکان بسـووتێنێ، ئابڵووقەیـان بـدات، ترسیشـی خسـتە دڵیانـەوە، کەواتـە: کارەکـە زیاتـر خـوا کـردی.

هەڵبەتـە کـە مرۆڤەکانیـش بیکـەن، هـەر خـوا کردوویەتـی، بـەڵام مرۆڤـەکان جـاری وا هەیـە دەبنـە ئامـراز، بـەڵام ئەوجـارە بـێ ئـەوەی ئامرازایەتیـی مرۆڤـەکان بەرجەسـتە ببـێ، خـوا ئـەو کارەی تێپەڕانـد، بۆیـە ئـەو دەسـتکەوتەی لـەوان بەجێمـا، شـتێک بـوو خـوا گێڕایـەوە بـۆ لای پێغەمبەرەکـەی.

٧)- ﴿وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾، خواش لەسەر هەموو شتێک بە توانایە، (**الطبري**) ئاوا تەعبیر لە مانای ئەو ئایەتە دەکات، دەڵێ: (**أَنْ مَا رَدَّ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَمْوَالِ بَنِي النَّضِيرِ، لَمْ تَرْكَبُوا لِتَحْصِيلِهِ خَيْلًا وَلَا إِبِلًا، وَلَا تَجَشَّمْتُمْ لَهَا شُقَّةً، وَلَا لَقِيتُمْ بِهَا حَرْبًا وَلَا مَشَقَّةً،**

وَإِنَّمَا كَانَتْ مِنَ الْمَدِينَةِ عَلَى مِيلَيْنِ، فَجَعَلَ اللَّهُ سُبْحَانَهُ أَمْوَالَ بَنِي النَّضِيرِ لِرَسُولِهِ ﷺ خَاصَّةً لِهَذَا السَّبَبِ).

واتــە: ئــەوەی خــوا ﷻ لــە مــاڵ و ســامانی خــاوەن کتێبــان، گێڕایــەوە بــۆ لای پێغەمبەرەکـەی ﷺ و کردیـە دەسـتکەوتی، ئێـوە بـۆ پەیداکردنـی، نـە سـواری ئەسـپان بـوون، نـە سـواری حوشـترانیش بـوون و، هیـچ زەحمەتتـان پێـوە نەکێشـاو، لەسـەری تووشـی جەنـگ و نارەحەتیـی نەبـوون، بەڵکـو ئـەو شـوێنە [جێـی (بَنُـو النَّضِـير)، (بنـو قينقـاع)]، مـاوەی دوو میلـە ڕێ بـوو، (واتـە: سـێ کیلۆمەتـرو شـتێک لـە مەدینـە دوور بـوو)، بۆیـە خـوا ﷻ ئـەوەی تایبـەت کـرد بـە پێغەمبەرەکەیـەوە.

لـەو بـارەوەش ئـەم دەقـە دێنیـن: (عَـن عُمـرَ بـن الخَطَّـاب ﷺ قَـالَ: كَانَـتْ أَمْوَالُ بَنِـي النَّضِـيرِ مِـمَّا أَفَـاءَ اللَّـهُ عَـلَى رَسُـولِهِ، مِـمَّا لَـمْ يُوجِـفْ عَلَيْـهِ الْمُسْـلِمُونَ بِخَيْـلٍ وَلَا رِكَابٍ، وَكَانَـتْ لِلنَّبِـيِّ ﷺ خَاصَّـةً، فَـكَانَ يُنْفِـقُ عَـلَى أَهْلِـهِ نَفَقَـةَ سَـنَةٍ، وَمَـا بَقِـيَ يَجْعَلُـهُ فِي الْكُـرَاعِ وَالسِّـلَاحِ عُـدَّةً فِي سَـبِيلِ اللَّـهِ تَعَـالَى) (أخرجـه البُخـاري: ٤٨٨٥، ومُسـلم: ١٧٥٧).

واتــە: عومــەری کــوڕی خەتتــاب ﷺ گوتوویــەتی: مــاڵ و ســامانەکانی هــۆزی (بَنُـو النَّضِـير) لــەوە بــوو کــە خــوا گێڕایــەوە بــۆ پێغەمبەرەکــەی ﷺ [(فَيْء)، بریتیــە لــەو دەسـتکەوتەی بـێ جەنـگ و کوشـتار لـە کافـران دەگیـرێ]، کـە مسـوڵمانان، نـە بـۆی سـواری ئەسـپ بـوون، نـە بۆشـی سـواری حوشـتر بـوون، بـە خێرایـی بـۆی بچـن، بۆیە خـوا ﷻ بـە تایبـەت دایـە پێغەمبـەر ﷺ، ئەویـش لـەو دەسـتکەوتە بژیـوی سـاڵێکی مـاڵ و خێزانـی خـۆی لـێ دادەنـا، ئـەوی دیکەشـی بـە وڵاخ دەدا، (بـە ئەسـپ و حوشـترو ئێسـتر)و بـە پێداویسـتییەکانی جەنـگ، لـە پێنـاوی خـوای بـەرزدا.

(الفَـيءُ: فِي الحُـروبِ وَالغـاراتِ: مـا يَظفَـرُ الجَيـشُ بـه مـن مَتـاعِ عَـدوِّه، وَهُـوَ أَعَـمُّ مِـنَ الغَنِيْمَـةِ، فَيَكُـونُ بِالقِتَـالِ وَغـيرِه، لَكِـنَّ الغَنِيمـةَ هِـيَ مَـا أُخِـذَ بِالقِتَـالِ).

زانایـان لـە بـارەی پێناسـە کردنـی (الفَـيء، الغَنِيْمَـة، الأَنْفَـال)ەوە، زۆر قسـەیان کـردوە، ئێمـەش دواتـر قسـەیەکی لـێ دەکەیـن، بـەڵام زۆربەیـان ڕایـان وایـە دەڵێـن: (الفَـيء)، لـە جەنگـەکان و هەڵکوتانـە سـەرەکاندا، ئەوەیـە کـە سـوپا لـە کـەل و پەلی دوژمنەکـەی زەفـەری پـێ دەبـات و، (الفَـيء) چەمکەکـەی گشـتییترە لـە (غنیمـة)، چونکـە (الفَـيء) دەگونجـێ بـە شـەڕو کوشـتار بگیـرێ و، دەشـگونجێ بەبـێ کوشـتارو جەنـگ بگیـرێ، بـەڵام غەنیمـەت کـە بـە مانـای دەسـتکەوتی جەنـگ دێ، هـەر دەبێ لـە دوای جەنـگ و، بەهـۆی جەنگـەوە دەسـت بکـەوێ.

(إیجـاف): جۆرێکـە لـە ڕۆیشـتنی خێـرای ئەسـپان، یاخـود حوشـتران، لـە زمانـی عەرەبییـدا دەگوتـرێ: (وَجَـفَ الْفَـرَسُ وَالْبَعِيرُ يَجِـفُ وَجْفًـا، وَهُـوَ سُرْعَـةُ السَّيْرِ، وَأَوْجَفَـهُ صَاحِبُـهُ إِذَا حَمَلَـهُ عَلَى السَّـيْرِ السَّرِيْـع)، واتـە: ئەسـپەکە، یـان حوشـترەکە بـە خێرایـی ڕۆیـی، بـەڵام ئەگـەر بگوتـرێ: بەخێرایـی ڕۆیشـتێنرا، دەگوتـرێ: (أَوْجَفَـهُ صَاحِبُـهُ)، خاوەنەکـەی بـە خێرایـی لێیخـوڕی، ئەگـەر حوشـتر سـوارە، ئەگـەر ئەسـپ سـوارە، بـە خێرایـی لێـی بخـوڕێ، دەگوتـرێ: (أَوْجَـفَ)، لێـرەش دەفەرمـوێ: ﴿ فَمَآ أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ ﴾، ئێـوە نـە ئەسـپەکانتان بـە خێرایـی بـۆ لێخوڕیـن، نـە حوشـترەکانیش، بـە کورتیـی: پێـوەی مانـدوو نەبـوون.

پێناسەی سێ وشەی: (الفَيء، الغَنِيْمَة، الأَنْفَال):

١- (الفَيء): (الخَرَاجُ، وَالفَيءُ: الغَنِيْمَةُ تُنَالُ بِلَا قِتَالٍ، وَالجَمْعُ أَفْيَاء وَفِيُوْء)[1]، واتە: (الفَيء: الخَرَاج)، ئەو ئەندازە ماڵەی دادەنرێ لەسەر زەوییەک، کە بەدەست نامسوڵمانانەوەیە، بەڵام لە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی مسوڵمانان دایە، هەروەها (فَيء)یش بە مانای دەستکەوتێک دێ، بەبێ جەنگ بگیرێ، وشەی (فَيء) بە (أَفْيَاء وفِيُوْء) کۆ دەکرێتەوە.

---

(١) (المُعجَم الوسيط) ص: ٧٠٩.

هەڵبەتە ڕای دیکەش لە بارەی (**الفَـيء**)ەوە هەیە، کە ئەوەیە چ بە جەنگ و کوشتار کۆ بکرێتەوە، چ بێ جەنگ و کوشتار، ئەو ڕایەش وا پێدەچێ ڕاستتر بێ، بەڵام (**المُعجم الوسيط**) بەو جۆرەی هێناوە کە گوتمان.

٢- (**الغَنِيْمَة**): (**مَا يُؤخَذُ مِنَ المُحَارِبِيْنَ قَهْراً، وَالجَمْعُ غَنَائِم**)[1]، (**غنيمة**): ئەوەیە کە لە دوژمنێکی جەنگاوەر لە جەنگدا دەگیرێ، بە زەبری هێزو چەک و بە کوشتار، وشەی (**غَنِيْمَة**) بە (**غَنَائِم**) کۆدەکرێتەوە.

٣- (**الأَنْفَال**): (**النَّفْلُ: الغَنِيْمَةُ، وَالنَّفْلُ العَطِيَّة، وَالجَمْعُ الأَنْفَال**)[2]، واتە: (**أنْفَال**) هەم بە مانای دەستکەوتی جەنگیی دێ، هەم بە مانای بەخشینیش دێ، {خەڵاتێک، دیاریەک، کە فەرماندەی سوپایەک دەیدات بە کەسێک}، کۆی (**نَفْل**) بریتیە لە (**أنْفَال**).

---

(١) هەمان سەرچاوە ص: ٦٦٤.

(٢) هەمان سەرچاوە ص: ٩٤٢.

مەسەلەی سێیەم:

دابەشکردنی ئەو ماڵ و سامانەی خوا، لە ئاوەدانییەکانی بێبڕوایانی شەڕ فرۆشەوە، دوای تێکشکانیان دەیگێڕێتەوە بۆ پێغەمبەرەکەی، دەبێتە هی خواو پێغەمبەرو خزمان و هەتیوان و نەداران و ڕێبوار، بۆ ئەوەی لە دەستی دەوڵەمەندان دا کورت هەڵنەیەت، پێویستیشە بڕواداران وەرگری هەر شتێک بن، کە پێغەمبەر ﷺ پێیان دەدات و، هەرچی لێشیان قەدەغە دەکات، وازی لێ بهێنن، هەروەها ئەو دەستکەوتە، وێڕای ئەوانەی باسکران، هی کۆچکەرانیشە، کە لە پێناوی خوادا دەستبەرداری ماڵ و حاڵی خۆیان بوون و، بە جێیان هێشتووە، لە ڕێی خوادا تێکۆشاون و خواو پێغەمبەری خوایان سەرخستوە، ئەوانەن ڕاستی ڕاستەقینە، دیسان ئەو ماڵ و سامانە هی پشتیوانانیشە، کە بەر لە کۆچکردنی کۆچکەران، مەنزڵگای ئیسلامیان بنیات ناوەو، ئیمانیان تێدا سەقامگیر کردوە، خەڵک بەسەر خۆیان دا هەڵدەبژێرن و، ئەوەی بە کۆچکەران دەدرێ لە ماڵ و سامان، ئیرەییان پێ نابەن و، هەست بە ئاتاجیی ناکەن لە دڵیان دا بۆی، ئەوانەش سەرفرازن، لەبەر ئەوەی لە چرووکیی و ڕژدییەک، کە لە دڵدا هەیە، پارێزراون، وێڕای ئەوانیش، هی سەرجەم ئەو مسوڵمانانەشە، کە دوای کۆچکەران و پشتیوانان دێن و، بۆیان دەپاڕێنەوەو، داوای بە کوڵ لە خوا دەکەن، کە کینەیان بەرانبەر بە بڕوادارن، نەخاتە نێو دڵ و دەروونەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ
وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ
فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٧﴾ لِلۡفُقَرَآءِ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ
ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأَمۡوَٰلِهِمۡ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ
أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا
يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ

﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾﴾

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆزدە بڕگەدا:

خوا لە ئایەتەکانی پێشوودا باسی ئەوەی کرد، بە شێوەیەک کە شایستەی خۆیەتی، کە نە مسوڵمانان، گومانیان وابوو، نە جوولەکەکانیش، پێیان وابوو، بگونجێ لە قەڵایەکانیان و لە ماڵ و حاڵ و نیشتیمانی خۆیان، دەربکرێن، خوا ﷻ بە شێوەیەک بارودۆخێکی ڕەخساندو هەندێ هۆکاری ڕەخساندن، کە ئەوان ناچار بن، ئەو زێدو نیشتیمان و ماڵ و حاڵەی خۆیان بەجێبهێڵن، لە ئەنجامی ئەوەدا کە پەیمان شکێنیی و غەدرو خیانەتیان کردوە، دوا ئەوە دێتە سەر باسی ئەوە، کە ئەو ماڵ و سامانەی لێیان بەجێماوەو خوا گێڕاویەتەوە بۆ دەستی پێغەمبەرو مسوڵمانان، دەبێ چۆن هەڵس و کەوتی تێدا بکرێ و چی لێ بکرێ؟!

١)- ﴿مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنْ أَهْلِ ٱلْقُرَىٰ﴾، ئەوەی خوا گێڕاویەتەوە بۆ سەر پێغەمبەرەکەی خۆی، لە ماڵ و سامانی خەڵکی ئاوەدانییەکان، **(القُرى)** کۆی **(القَرية)** یە، واتە: شاری قەڕەباڵغ و ئاوەدانیی گەورە، کە هەم جێگاو ڕێگاو شاری **(بنو قینقاع)** دەگرێتەوە، هەم هی **(بَنُو النَّضِير)** و، هەم هی جگە لەوانیش دەگرێتەوە، کە دوایی **(بنو قُرَيظة)**ش دەرکران، هەروەها دواتر خەلیفەی دووەم عومەر (خوا لێی ڕازی بێ)، لە ئەنجامی لێ پشکوتنەوەو دەرکەوتنی غەدرو خیانەتی جوولەکانی خەیبەردا، ئەوانیشی دەرکردو، یەکجاریی نیمچە دورگەی عەڕەبیی لە جوولەکەکان پاککرایەوەو، هەموویان چوون بۆ شام و بۆ شوێنانی دیکە.

خوا دەفەرموێ: ئەوەی خوا گێڕاویەتەوە بۆ لای پێغەمبەرەکەی خۆی، لە ماڵ و سامانی خەڵکی ئاوەدانییەکان:

٢)- ﴿ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ ﴾، (ئەو دەستکەوتە) بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی و خزمان و هەتیوان و نەداران و ڕێبوارە.

بێگومان هەموو شتێک هەر هی خوایە، بەڵام لێرەدا خوا ناوی خۆی لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ دێنێ، وەک تەشریف بۆ پێغەمبەرو زیاتر پێشاندانی پێگەو ڕێزو حورمەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ یانی: لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی ئەودا دەبێ، ئەو ماڵ و سامانەی لە خەڵکی ئاوەدانییەکانەوە بەبێ جەنگ دێتەوە دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ و، ئەو تەسەرڕوفی تێدا دەکات، ئەویش بۆ خزمان، خزمانی خۆی، ئەوانەی خەرجییان لەسەر پێغەمبەری خوا پێویست بووە، یان ئەوانەی زەکاتیان پێ نەدراوە و لەوە بەشیان دراوە، وەک قەرەبوو کردنەوەیەک، هەروەها بۆ هەتیوان و نەداران و ڕێبواران.

ڕێبـواران، ڕێبـوار کەسـێکە پەکـی دەکـەوێ، نـەک هەمـوو ڕێبوارێـک، بەڵکـو ئـەو ڕێبـوارەی پەکـی دەکـەوێ و، لـە مـاڵ و حاڵـی خـۆی دوورەو، ناتوانـێ بگاتـەوە شـوێنی خـۆی، بایـی ئەوەنـدەی پێـی دەگاتـەوە شـوێنی خـۆی، ئەویـش لـەو مـاڵ و سـامانە، پێـی دەدرێ، هـەر وەک لـە زەکاتیشـدا پشـک و بەشـی بـۆ دانـراوە.

ئنجـا خـوا ﷻ حیکمەتـی ئەوەمـان بـۆ دەخاتـە ڕوو، بۆچـی خـوا ﷻ ئـاوای دابـەش دەکات؟

٣)- ﴿ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةًۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ ﴾، بۆ ئەوەی ئەو ماڵ و سامانە قەتیس نەبێ و کورت هەڵنەیەت لە دەستی دەوڵەمەندەکان لە نێوەدا، وشەی (دُولَة) خوێندراویشەتەوە: (دَولَة)، بەڵام (الطبري) دەڵێ: تەنیا وشەی (دُولَة) ڕاستە، چونکە (دَولَة) بۆ حوکم و دەسەڵاتە، بەڵام (دُولَة) بۆ ماڵ و سامانە، هەندێکیش دەڵێن: نەخێر (دُولَة و دَولَة) هەردووکیان بە مانای کورتهەڵێنانی ماڵ و سامان، یاخود دەسەڵاتن، لە دەستی چەند کەسێکدا، واتە: هەردووکیان بۆ هەردووک واتایەکان بەکاردێن.

ئـەم ڕسـتە موبارەکـە: ﴿ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةًۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ ﴾، بـۆ ئـەوەی مـاڵ و سـامان، لـە دەسـتی دەوڵەمەندەکانتانـدا کـورت هەڵنەیـەت و قەتیس نەبـێ، ئابڵووقە

نـەدرێ و قـۆرخ نەکـرێ، ئەمـە بناغـەی ئابووریـی ئیسـلامییە، ئابووریـی ئیسـلامیی دەڵـێ: مـاڵ و سـامانێک کـە خـوا دایـنـاوە لەسـەر زەوی، بـۆ هەمـوو مرۆڤەکانـی داناوە، هیـچ کەسـێک بـە هیـچ ناوونیشـانێک، بـۆی نیـە قۆرخـی بـکات بـۆ خـۆی و تاپـۆی بـکات، دەسـتی بەسـەردا بگـرێ وەک ئێسـتا هەیـە، لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هەیـە، لـە عێراقـدا هەیـە، لـە وڵاتانـی مسوڵمانشـین دا هەیـەو، لـە هەمـوو دنیـادا هەیـە، ئـەوەش پێچەوانـەی ئەوەیـە کـە خـوا دایـنـاوە.

ئێسـتا لـە وڵاتێکـی وەک ئەمریـکا، لـە سـەدا پێنجـی (٥٪) خەڵکـی ئەمریـکا، خاوەنـی لـە سـەدا نـەوەدو پێنجـی (٩٥٪)ی واریـدات و موڵـک و سـامانە، کـە لـە ئەمریـکا هەیـە، لـە سـەدا نـەوەدو پێنـج (٩٥٪)یـشی خاوەنـی سـەدا پێنـج (٥٪)ە، ئـەو حاڵەتـەش لـە هەمـوو وڵاتـانی دنیـادا هەیـەو بـاوە، ئنجـا ئـەوە هەمووشـی پێچەوانـەی ئەوەیـە کـە خـوا فەرموویەتـی، خـوا دەفەرمـوێ: مـاڵ و سـامان و دارایـی، نابـێ تەنیـا لـە دەسـتی دەوڵەمەندەکانـدا قـۆرخ بکـرێ، بەڵکـو دەبـێ هـی هەمـوو لایـەک بـێ، هـەر کەسـە بـە ئەنـدازەی پێویسـتیی خـۆی، پشـک و بەشـی تێیـدا هەبـێ.

٤)- ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟﴾، هەرچی پێغەمبەریش ﷺ پێتان دەدا لێی وەربگرن و، هەرچی ئەو لێتان قەدەغە دەکات، دەستی لێ هەڵبگرن، ئەم ڕستە موبارەکە: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟﴾، هەرچەندە لە سیاقێکدا هاتوە، باسی پێدانی دەستکەوتی جەنگییە، یاخود پێدانی موڵک و سامانی گشتییە، کە لە دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ دایە، واتە: لە دەستی سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامیی دایە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە ناوونیشانی سەرۆکی دەوڵەت ئەو ماڵ و سامانە دێتە دەستی، واتە: دەبێتە هی دەوڵەت و موڵکی گشتییە، بۆ ئەوەی لە دەستی چینێکدا کورت هەڵنەیەت، کە دەوڵەمەندەکان و دەسەڵاتدارەکانن، بەڵکو دەبێ موڵکی گشتیی بێ، لە دەستی پێغەمبەر دایەو دوای ئەو بە دەستی جێنشینەکانیەوە دەبێ و، دوایی بە دەست حوکمڕانانی دیکەوە دەبێ، بۆ بەرژەوەندیی گشتیی و، هەموو ئەو توێژانەی

ئاتاجن و پێویستییان پێی هەیە، بەکاربهێنرێ، لەو سیاقەدا خوا دەفەرموێ: هەرچی پێغەمبەر ﷺ پێتان دەدا لێی وەربگرن و، هەرچی ئەو ڕێتان لێدەگرێ و لێتان قەدەغە دەكات، دەستی لێ هەڵبگرن، بەڵام چەمكەكەی گشتییەو بەس ماڵ و سامان ناگرێتەوە، بەڵكو یانی: هەرچی پێغەمبەر ﷺ پێتان دەدا، لە ئەمرو نەهی لێی وەربگرن و، هەرچی لێتان قەدەغە دەكات، دەستی لێهەڵبگرن.

با لەو بارەوە ئەم دەقەی سوننەت بێنین:

{عَـنِ ابْـنِ مَسْـعُودٍ رَضِيَ اللـهُ عَنْـهُ، قَـالَ: لَعَـنَ اللَّـهُ الْوَاشِـمَاتِ وَالْمُسْتَوْشِـمَاتِ، وَالْمُتَنَمِّصَـاتِ، وَالْمُتَفَلِّجَـاتِ لِلْحُسْـنِ، الْمُغَـيِّرَاتِ خَلْـقَ اللَّـهِ، فَبَلَـغَ ذَلِـكَ امْـرَأَةً مِـنْ بَنِـي أَسَـدٍ يُقَـالُ لَهَـا: أُمُّ يعقـوب، فجـاءت فقالـت: إنـه بلغنـي أنـك لَعَنْـتَ كَيْـتَ وَكَيْـتَ! فَقَـالَ: وَمَـا لِي لَا أَلْعَـنُ مَـنْ لَعَـنَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ وَهُـوَ فِي كِتَـابِ اللَّـهِ تَعَـالَى؟ فَقَالَـتْ: لَقَـدْ قَـرَأْتُ مَـا بَـيْنَ اللَّوْحَـيْنِ، فَـمَا وَجَـدْتُ فِيـهِ مَـا تَقُـولُ، قَـالَ: لَـئِنْ كُنْـتِ قَرَأْتِيـهِ لَقَـدْ وَجَدْتِيـهِ، أَمَـا قَـرَأْتِ: ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾، قَالَـتْ: بَـلَى، قَـالَ: فَإِنَّـهُ قَـدْ نَهَـى عَنْـهُ} (أخرجـه البخـاري: ٤٨٨٦، مسـلم: ١٦٧٨).

واتـە: ڕۆژێ عەبـدوڵای كـوڕی مەسـعوود خـوا لێـی ڕازی بـێ گوتوویەتـی: خـوا نەفرینـی كـردوە لـەو ئافرەتانـەی خـاڵ لـە خەڵـك دەكوتـن و، ئـەو ئافرەتانـەی داوا دەكـەن خاڵیـان بـۆ بكوتـرێ، {بۆیـە بـاسی ئافرەتانێـك كە خـاڵ دەكوتـن و، ئافرەتانێك كـە داوا دەكـەن خاڵیـان بـۆ بكوتـرێ، كـراوە، چونكـە ئافرەتـان زیاتـر وادەكـەن، هەرچەنـدە ئێسـتا ئـەو دەردە پەڕیوەتـەوە بـۆ هەندێـك لـە گەنجانیـش (كـوڕان)، كـە لاسـایی ئافرەتـان دەكەنـەوە!}، هەروەهـا ئـەو ئافرەتانـەی برۆیـان دەكـەن و، ئەو ئافرەتانـەی ددانیـان تەنـك و باریـك دەكەنـەوە بـۆ جوانیـی، ئەوانـەی دروسـتكراوی خـوا دەگـۆڕن، ئنجـا ئەمـە بـە ئافرەتێـك گەیشـتەوە لـە هـۆزی بەنـی ئەسـەد، كـە پێـی دەگوتـرا: دایكـی یەعقـووب، (بـە نـاوی كوڕەكەیـەوە هەڵـدەدرا، یاخـود

کونیەکەی وابوو)، هات بۆ لای عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود گوتی: بیستوومە نەفرەتت لە ئەو شتەو ئەو شتە کردوە! ئەویش گوتی: ئنجا بۆچی نەفرین لە کەسێک نەکەم، کە پێغەمبەری خوا ﷺ نەفرینی لێکردووەو، لە کتێبی خواشدا هەیە، ئافرەتەکەش گوتی: من تەماشای نێوان و دوو بەرگەکەی موصحەفم کردوە، هیچ شتێکم لەوبارەوە تێدا نەبینیوە! عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودیش پێی گوت: ئەگەر قورئانت خوێند بێتەوە، لەوێتدا بینیوە، ئایا نەتخوێندۆتەوە: ﴿ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمْ عَنْهُ فَٱنتَهُوا۟ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ ﴾، واتە: ئەوەی پێغەمبەر پێتان دەدا لێی وەربگرن و، ئەوەی ئەو لێتان قەدەغە دەکات، دەستی لێ هەڵبگرن؟ گوتی: با، گوتی: بەدڵنیایی پێغەمبەر ﷺ نەهی کردوە لەوە، خواش دەفەرموێ: هەرچی پێغەمبەر ﷺ لێی قەدەغەکردن، دەستی لێ هەڵبگرن و، هەرچی ئەویش فەرمانی پێکردن، لێی وەربگرن.

(الطبري) لە مانا کردنی ئەم ڕستە موبارەکەدا کە دەفەرموێ: ﴿ كَىْ لَا يَكُونَ دُولَةًۢ بَيْنَ ٱلْأَغْنِيَآءِ مِنكُمْ ﴾، تەعبیرێکی ئاوا بەکاردێنێ و دەڵێ: (كيلا يكون ذَلِكَ الْفَيْءُ دُولَةً، يَتَدَاوَلُهُ الْأَغْنِيَاءُ مِنْكُمْ بَيْنَهُمْ، يَصْرِفُهُ هَذَا مَرَّةً فِي حَاجَاتِ نَفْسِهِ، وَهَذَا مَرَّةً فِي أَبْوَابِ الْبِرِّ وَسُبُلِ الْخَيْرِ، فَيَجْعَلُونَ ذَلِكَ حَيْثُ شَاءُوا).

واتە: بۆ ئەوەی ئەو ماڵ و سامان و دەستکەوتە، قۆرخ نەبێ لە دەستی دەوڵەمەندەکانتاندا، لە نێوان خۆیاندا بە ویستی خۆیان، یەکێکیان بۆ پێداویستییەکانی خۆی بەکاری دێنێ و، ئەوی دیکەشیان لە خێرو چاکەکان دا بەکاری دێنێ، بەو شێوەیەی خۆیان پێیان خۆشە.

لە بارەی (فَيْءُ)ەوە ئەم دەقە دێنین:

{عَنْ مَالِكِ بْنِ أَوْسِ بْنِ الْحَدَثَانِ قَالَ: قَرَأَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ: ﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلْفُقَرَآءِ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْعَٰمِلِينَ عَلَيْهَا ... ﴿٦٠﴾ ﴾التوبة، حَتَّى بَلَغَ: ﴿ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٦٠﴾ ﴾التوبة، ثُمَّ قَالَ: هَذِهِ لِهَؤُلَاءِ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَىْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ

خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِٱللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِۗ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴿٤١﴾ ﴾الأنفال، ثُمَّ قَالَ: هَذِهِ لِهَؤُلَاءِ، ثُمَّ قَرَأَ: ﴿ مَّآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡ أَهۡلِ ٱلۡقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ كَيۡ لَا يَكُونَ دُولَةَۢ بَيۡنَ ٱلۡأَغۡنِيَآءِ مِنكُمۡۚ وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَىٰكُمۡ عَنۡهُ فَٱنتَهُواْۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ إِنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴿٧﴾ لِلۡفُقَرَآءِ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخۡرِجُواْ مِن دِيَٰرِهِمۡ وَأَمۡوَٰلِهِمۡ يَبۡتَغُونَ فَضۡلٗا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضۡوَٰنٗا وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلۡإِيمَٰنَ مِن قَبۡلِهِمۡ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفۡسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ﴿٩﴾ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾ ﴾الحشر، ثُمَّ قَالَ: اسْتَوعبت هَذِهِ الْمُسْلِمِينَ عَامَّةً، وَلَيْسَ أَحَدٌ إِلَّا لَهُ فِيهَا حَقٌّ، ثُمَّ قَالَ: لَئِنْ عِشْتُ لَيَأْتِيَنَّ الرَّاعِيَ وَهُوَ بِسَرْوِ حِمْيَرَ نَصِيبُهُ فِيهَا، لَمْ يَعْرَقْ فيها جبينُه} (أخرجه الطبري: ٣٣٩٥٣).

واتــە: مالیکــی کــوڕی ئەوســی کــوڕی حەدەســان دەڵــێ: ڕۆژێــک عومــەری کــوڕی خەتتــاب (خــوا لێــی ڕازی بــێ)، ئایەتــی ژمــارە: (٦٠)ی ســوورەتی (التوبــة) ی خوێنــدەوە، کــە باســی دابەشــکردنیماڵــی زەکات دەکات، بەســەر هەشــت جــۆرە کەســدا، دوایــی گــوتی: ئــا ئــەوە بــۆ ئــەو جــۆرە کەســانەیە، (ئــەم ماڵــی زەکاتــە، بــۆ ئــەو هەشــت جــۆرە کەســانەیە کــە باســکراون)، دوایــی ئــەو ئایەتــەی خوێنــدەوە، ئایەتــی ژمــارە: (٤١)، ســوورەتی: (الأنفــال) و گوتــی: ئــەم ئایەتــەش بــۆ ئــەو جــۆرە کەســانەیە، [واتــە: ئەوانــەی کــە لــە جەنگــدا دەســتکەوتی جەنگیــی دەگــرن، کــە یــەک لەســەر پێنجــی ئــاوا دابــەش دەکــرێ، چــوار لەســەر پێنجەکەشــی، زۆربــەی زانایــان دەڵێــن: بــۆ جەنگاوەرانــە، بــەڵام مــن لــە تەفســیری ســوورەتی (الأنفــال)دا باســم کــردوە، لــە ڕاســتییدا ئەویــش لــە ژێــر ڕکێــف و ئیختیــاری پێغەمبــەردا ﷺ یــان

حوکمڕانیی مسولْماناندا، مادام دادگەر بێ، دەبێ و بە ئیجتیهادی خۆی بەشی جەنگاوەرەکانیش لێ دەدات].

ئنجا ئەو ئایەتانەی خوێندنەوە، ئایەتەکانی: (٧ و ٨ و ٩ و ١٠) لە سوورەتی (**الحشر**)، دوایی گوتی: ئەم ئایەتە کە دەفەرموێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ ﴾، هەموو مسولْمانانی بە گشتیی وەگرتوون، هیچ کەس نیە مەگەر مافی هەیە، لەو ماڵ و سامانە گشتییەدا، (کە لە دەستی دەوڵەتی ئیسلامیی دایە)، ئنجا گوتی: ئەگەر بژیم بابای شوان، لە کاتێکدا لە ناوچەی (**سَرْو حِميَر**)ە، پشک و بەشی خۆی بۆ دێ، بەبێ ئەوەی نیوچەوانی ئارەقی کرد بێ.

واتە: هەموو هاووڵاتییانی دەوڵەتی ئیسلامیی و کۆمەڵگای مسولْمان، پشک و بەشیان هەیە، لەو ماڵ و سامانەی لە دەستی مسولْمانان دایە، ئنجا چ بە هۆی جەنگەوە بۆیان هاتبێتەوە، لە ئەهلی کوفرەوە وەک دەستکەوتی جەنگیی، یاخود بە بێ جەنگ، چ ماڵی گشتیی بێ.

چونکە زۆرێک لە زانایان دەڵێن: (**فَيْئ**) جگە لە دەستکەوتی جەنگیی، یاخود بێ جەنگیش، خەراجیش دەگرێتەوە، هەموو ئەو ماڵ و سامانانەی ماڵ و سامانی گشتییان پێ دەگوترێ، هەموویان دەگرێتەوە، بە دڵنیاییش ئەو ڕایە، وەک عومەری کوڕی خەتتابیش باشی لێ تێگەیوە، پەسندو ڕاستە.

شایانی باسە: لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە، ئایەتی ژمارە (٧)، کە ئێستا ئێمە خەریکی توێژینەوەینی، زانایان دوو ڕایان هەن:

یەکەم: هەندێکیان گوتوویانە: ئەم ئایەتە موبارەکە هەر پەیوەستە بە ئایەتی ژمارە (٦)ەوە، کە خوا فەرمووی: ﴿ وَمَآ أَفَآءَ ٱللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ مِنۡهُمۡ فَمَآ أَوۡجَفۡتُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ خَيۡلٖ وَلَا رِكَابٖ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُۥ عَلَىٰ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ﴿٦﴾ ﴾، باسی چۆنیەتیی دابەشکردنی ئەو ماڵ و سامانە دەکات، کە دێتەوە دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ و، لە دوای ئەو دێتەوە دەستی حوکمڕانان.

دووەم: هەندێکیش گوتوویانە: ئایەتی ژمارە: (٦) تایبەتە بە هۆزی (**بَنُو النَّضِير**)، و (**بنو قينقاع**)ەوەو، ئایەتی ژمارە (٧)، لەگەڵ ئایەتەکانی: (٨ و ٩ و ١٠)دا گشتییە بۆ هەموو لایەک.

منیش پێم وایە ئایەتی ژمارە: (٦)یش لەگەڵ ئایەتەکانی: (٧ و ٨ و ٩ و ١٠)، هەموویان باسی یەک بابەت دەکەن، ئەویش ئەوەیە، کە ئەوەی دێتە دەستی پێغەمبەری خوا ﷺ، وەک سەرۆکی دەوڵەتی ئیسلامیی و سەرۆکی کۆمەڵگای مسوڵمان، دەبێ بەو شێوەیە مامەڵەی پێ بکرێ.

٦)- ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾، پارێزیش لە خوا بکەن بە دڵنیایی خوا سزای توندە.

ئنجا خوا ﷻ دوای ئەوەی بە گشتیی باسی ماڵ و سامانەکەی کرد، کە دەبێ پێغەمبەری خوا ﷺ تەصەڕروفی تێدا بکات، ئنجا دێتە سەر باسی سێ جۆرە کەسی دیکە، کە کۆچکەران و پشتیوانان و، هەموو ئەو مسوڵمانانەن کە لە دوای ئەوان دێن:

٧)- ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ﴾، بۆ هەژارانی کۆچکەرە کە لە خانووبەرەو سامانەکانیان دەرکراون، (لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ ...) پەیوەستە بە ڕستەی: ﴿مَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَىٰ رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَىٰ فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾ەوەو، ڕستەی: (كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ ﴿٧﴾﴾، ئەمە وەک ڕستەی نێواخن (**جملة مُعتَرِضة**)وایە، ئەگەرنا ئەوی دیکە، کە دەفەرموێ: ﴿لِلْفُقَرَاءِ﴾، واتە: وەک چۆن ئەو ماڵ و سامانە: ﴿فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾، بەهەمان شێوە: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ﴾، ئەو هەژارانەی وەدەرنراون، لە ماڵ و سامانی خۆیان، بۆ ئەوانیش دەبێ و، پشک و بەشی ئەوانیشی تێدایە.

هەندێـک لـە زانایانیـش گوتوویانـە: ئـەوە پەیوەسـت نابـێ بـەوەی پێشـەوە، بەڵکـو لێـرەدا خـوا ﷻ وەک مـەدح و سـتایش، باسـی کۆچکـەران و پشـتیوانان و مسـوڵمانانێک کـە لـە دوای ئـەوان دێـن، دەکات، بـەڵام ئـەم ڕایـە ڕاسـت نیـە، چونکـە (ل)ی (للفقـراء) بـە ئاشـکرا دیـارە، یـانی: ئـەو مـاڵ و سـامانەی دێتـەوە دەسـتی پێغەمبـەری خـوا ﷺ، وەک چـۆن: ﴿فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾، بەهەمـان شـێوە بـۆ ئـەو هەژارانەشـە، کـە کۆچکەرانێکـن و لـە مەککـەوە کۆچیـان کـردوە، بـەڵام خـوا لـە جیاتـی بفەرمـوێ (للمهاجریـن)، فەرموویەتـی: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ﴾، چونکـە ئەوانیـش کەسـێک هـەژار نەبـێ و، پێویسـتیی پێـی نەبـێ، نایدرێتـێ، چونکـە ئـەوەی ئـەو مـاڵ و سـامانەی دەدرێتـێ، لەبـەر ئەوەیـە پێویسـتیی پێیەتـی.

هەرچەنـدە ئـەوەی لـە (**عمـر بـن الخطـاب**)ەوە خـوا لێـی ڕازی بـێ هـات، دەڵـێ: هەموویـان بەشـیان تێیـدا هەیـە، ئـەوەش لـە حاڵێکدایـە کـە لـە هـەژارەکان زیـاد بـوو، ئـەوەی لـە (**بیـت المال**)ی مسـوڵماناندا دەبـێ، هەموویـان بەشـیان تێیـدا هەیـە، بـەڵام تاکـو هـەژار لـەوێ بـێ، نـادرێ بـە کەسـێک کـە پێویسـتیی پێـی نیـە.

ئنجا خوا ﷻ لەسەر باسی سیفەتەکانی ئەو کۆچکەرانە بەردەوام دەبێ:

٨)- ﴿يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا﴾، بەخشش ڕەزامەندیی لە خوا داوا دەکەن، واتە: تاکە هاندەریان بۆ ئەوە کە کۆچیان کردو، خانووبەرەو نشینگەو نیشتیمانی خۆیان، ماڵ و سامان و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەجێهێشتوون، ئەوەیە کە خوازیاری بەخششی خواو ڕەزامەندیی خوان.

٩)- ﴿وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ﴾، خواو پێغەمبەرەکەیشی سەردەخەن، خوا ﷻ هەمیشە ناوی خۆی لەگەڵ پێغەمبەردا دێنێ، واتە: پێغەمبەرەکەی سەردەخەن، کە پەیامی خوای پێیە، ئەو پەیامە سەردەخەن و، ئەو بەرنامەیە جێبەجێ دەکەن.

١٠)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴾، ئا ئەوانەن ڕاستان، واتە: ئا ئەوانەن کە بە تەواویی ڕاست دەکەن، دڵیان ڕاستە، زمانیان ڕاستە، کردەوەیان ڕاستە، دەروونیان ڕاستە، دەریان ڕاستە، لەگەڵ خۆیان ڕاستن، لەگەڵ خەڵک ڕاستن، لەگەڵ خوا ڕاستن، وشەی ﴿ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴾، وەک چەند جاری دیکەش گوتوومانە: چەمکەکەی فراوانترە لە: ڕاستگۆیان لە زمانی کوردییدا، لە تەفسیرە کوردییەکاندا گوتراوە: ڕاستگۆیان، نا، ڕاستگۆ کەسێکە کە قسەی ڕاستە، بەڵام (صادِق) واتە: دڵی ڕاستە، کردەوەی ڕاستە، دەروونی ڕاستە، دەری ڕاستە، لەگەڵ خۆی ڕاستە، لەگەڵ خواو خەڵکدا ڕاستە، ڕاستیی چەمکەکەی فراوانترە لە ڕاستگۆ، ڕاستگۆ واتە: تەنیا زمانی ڕاستە.

قەتادە لە بارەی تیشک خستنە سەر چەمک و واتای ئەم ئایەتە موبارەکەوە، کە باسی کۆچکەران دەکات گوتوویەتی: (**هَـؤُلَاءِ الْمُهَاجِـرُونَ تَرَكُـوا الدِّيَـارَ وَالْأَمْـوَالَ وَالْأَهْلِينَ وَالْعَشَـائِرَ، خَرَجُـوا حُبًّا لِلَّـهِ وَلِرَسُـولِهِ، وَاخْتَـارُوا الْإِسْـلَامَ عَـلَى مَـا فِيـهِ مِـنَ الشِّـدَّةِ، حَتَّـى لَقَـدْ ذُكِـرَ لَنَـا أَنَّ الرَّجُـلَ كَانَ يَعْصِـبُ الْحَجَـرَ عَـلَى بَطْنِـهِ لِيُقِيـمَ بِـهِ صُلْبَـهُ مِـنَ الْجُـوعِ، وَكَانَ الرَّجُـلُ يَتَّخِـذُ الْحَفِـيرَةَ فِي الشِّـتَاءِ مَـا لَـهُ دِثَـارٌ غَـيْرُه**)، (**أخرجـه الطـبري: ٣٣٩٦١**).

واتە: ئەو کۆچکەرانە ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتوە، ماڵ و سامانی خۆیان بەجێهێشتوە، کەس و کارو خزم و عەشیرەتی خۆیان بەجێهێشتوە، هاتوونە دەر لەبەر خۆشەویستییان بۆ خواو، بۆ پێغەمبەرەکەی و، ئیسلامیان هەڵبژاردوە، {بەسەر ئەو بیرو ڕاو فیکرو بیرۆکانەدا کە هەیانبوون}، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەڵبژاردنی ئیسلام ئەو کاتە، سەختیی و توندیی زۆری تێدابوو، هەتا بۆمان باسکراوە، کە پیاوی وا هەبووە، بەردێکی لە سکی دەبەست، تاکو پشتی پێی ڕابوەستێ لە برسان و، پیاوی وا هەبووە لە زستاندا چاڵێکی هەڵدەقەندو دەچوو تێی، هیچ شتێکی دیکەی نەبووە خۆی پێ گەرم بکاتەوە.

ئنجا دێتە سەر باسی پشتیوانان:

١١)- ﴿ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، (ئەو ماڵ و سامانە پشک و بەشی ئەوانەشی تێدایە)، هەروەها هی ئەوانەشە کە لە مەنزڵگادا نیشتەجێ و سەقامگیر بوون و، ئیمانیشیان تێدا سەقامگیر کرد، لە پێش وان دا، (پێش کۆچکەران).

ئایا پشتیوانان پێش کۆچکەران ئیمانیان هێناوە؟ بێگومان نەخێر، واتە: پێش ئەوەی کۆچکەران کۆچ بکەن، ئەوان مەنزڵگای ئیسلامیان بنیات نا، کە (**یثرب**) بوو گۆڕییان بۆ مەدینەو، ئیمانیشیان لەوێدا سەقامگیر کرد، کۆچکەران نەیانتوانی ئیمان لە مەککەدا سەقامگیر بکەن، بەو واتایەی بیکەنە مەڵبەندێک بۆ ئیسلام، بەڵام پشتیوانان ئەو ئیمتیازەیان هەبوو، کە شارەکەی خۆیانیان کردە کانگاو مەڵبەند بۆ ئیسلام.

کەواتە: ﴿ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، واتە:

أ- (**مِن قَبلِ هِجرَتِهم**)، پێش کۆچکردنی کۆچکەران،

ب- یاخود: ﴿ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، هەر دەگەڕێتەوە بۆ: ﴿ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ ﴾، واتە: پشتیوانان بەرلەچوونی کۆچکەران، مەنزڵگای ئیسلامیان سەقامگیر کردو نیشتەجێ بوون لە مەنزڵگای ئیسلامدا، واتە: ﴿ مِن قَبْلِهِمْ ﴾، تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ دامەزراندنی مەنزڵگای ئیسلام پێش کۆچکەران، بەڵام ﴿ وَٱلْإِيمَٰنَ ﴾، واتە: (**واختاروا الإيمانَ**)، (**وَفَضَّلُوا الإيمانَ**)، ئیمانیشیان هەڵبژارد، ئیمانیان پێ چاکتر بوو (لەو بیرو بڕوایانەی پێشتر لەسەریان بوون).

(**الطبري**) ئاوا تەعبیر دەکات لە چەمکی ئەم ئایەتە موبارەکەو تەعبیرەکەیم پێ جوانە: (**اتَّخَذُوا الْمَدِينَةَ مَدِينَةَ الرَّسُولِ ﷺ فَابْتَنُوهَا مَنَازِلَ، وَمَكَّنُوا لِلْإِيمَانَ فِي الأَرْضِ**)، واتە: شارەکەیان کردە شاری پێغەمبەر ﷺو، لەوێدا خانووبەرەیان تێدا بنیات نان، خانووبەرانێک کە خوا پەرستییان تێدا بکرێ و، ئیمانیان سەقامگیر کرد لە زەویدا.

یانی: ئەوێیان کردە نشینگەو مەڵبەندی ئیمان، پێش کۆچکەران، خوا لە هەموویان ڕازی بێ.

١٢)- ﴿ يُحِبُّونَ مَنۡ هَاجَرَ إِلَيۡهِمۡ ﴾، کەسانێک کۆچیان بۆ لا دەکردن، خۆشیاندەویستن، خوا ﷻ بە کرداری ئێستاو داهاتوو (فعل المضارع) هێناویەتی، ئەگەرنا خۆشویستنەکەیان رابردو، ئەوانەی کۆچیان کرد بۆ لایان، خۆشیانویستن، بەڵام بۆ ئەوەی دیمەنەکەمان بخاتە بەرچاوو تێوەی رابمێنین، ئەها! چەندیان خۆشدەوێن، ئەو کەسانەی کۆچ دەکەن بۆ لایان، خۆشیاندەوێن.

١٣)- ﴿ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ ﴾، لە سینەکانی خۆیاندا هەست بە پێویستیی ناکەن، بەرانبەر بەوەی پێیان دراوە، (حَاجَةً) واتە: پێویستیی، بەڵام هەندێکیان گوتوویانە: (حَاجَةً أي: حَسَداً)، هەست بە ئیرەیی ناکەن لە دڵیاندا، بەرانبەر بەوەی بە کۆچکەران دراوە، وەک پێشتر باسمان کرد: پێغەمبەر ﷺ لە دەستکەوتە جەنگییەکەی (بَنُو النَّضِير)، کە دابەشیکرد بەسەر کۆچکەراندا، تەنیا بەشی دوو پیاو یان سێ لە پشتیوانانی لێدا: سەهلی کوڕی حونەیف، لەگەڵ ئەبی دوجانە، ئەو دووانەش هەژار بوون، چونکە پێوەر (معیار) هەژاریی و پێویستیی بووە، کۆچکەران هەموویان پێویستیان بووەو پێیداون، بەڵام لە پشتیوانان تەنیا ئەو دووەیان پێویستییان بووە.

کەواتـە: ﴿ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمۡ حَاجَةٗ مِّمَّآ أُوتُواْ ﴾، لـە سـینەکانیاندا هەسـت بـە پێویسـتیی ناکـەن، کـە سـینەیان داخوازیـی و پێویسـتییەکی تێـدا هەبـێ، بەرانبـەر بـەوەی بـە کۆچکـەران دراوە.

١٤)- ﴿ وَيُؤۡثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ وَلَوۡ كَانَ بِهِمۡ خَصَاصَةٞ ﴾، (نەک هەر ئەوەندەش)، بەڵکو بەسەر خۆیاندا هەڵدەبژێرن، (کۆچکەران بەسەر خۆیان دا هەڵدەبژێرن)، هەرچەند خۆیان زۆر پێویستییشیان پێ بێ، (وَالْخَصَاصَةُ مَصْدَرٌ، وَهِيَ أَيْضًا اسْمٌ، وَهُوَ كُلُّ مَا تَخَلَّلَتْهُ بِبَصَرِكَ، كَالْكُوَّةِ وَالْفُرْجَةِ فِي الْحَائِطِ)، (خَصَاصَة): چاوگەو ناویشەو، بریتیە لە هەر شتێک کە چاوت تێی هەڵبنگوێ، وەک تاقێک لە دیواردا و درزو کەلێنێک لە دیواردا، واتە: هەرچەندە خۆشیان درزو کەلێنی ناتاجییشیان تێدا بێ، بەڵام خەڵک بەسەر خۆیاندا هەڵدەبژێرن، لەو بارەوەش ئێمە بەسەرهاتێکمان هێنا، لە هۆی هاتنە خوارەوەکەیدا:

بەسەرهاتی ئەبوو تەڵحەو خێزانی کە چۆن میوانەکەی پێغەمبەریان بردۆتەوەو، ئەبوو تەڵحە بە خێزانەکەی گوتوە: منداڵەکان بخەوێنە، یان بیانخافڵێنەو، چرایەکەش بکوژێنەوە، چونکە هەر ئەوەندە خواردنەمان هەیە میوانەکەمان بیخوات، با میوانەکەمان هەست بە سەغڵەتیی نەکات و باوابزانێ ئێمەش دەخۆین!! ئەو ئایەتە موبارەکە، یان ئەو ڕستە موبارەکەش لەو بارەوە هاتە خوار، کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: خوا شادمان بوو بەوەی لەگەڵ میوانەکەتان دا کردتان، یان: پێکەنیی، یان: پێی سەیر بوو، کە پێشتر دەقەکەیمان هێناو لە صەحیحی بوخاریی و موسلیمدا هاتوە.

١٥)- ﴿وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾، هەر کەسێکیش پارێزراو بێ لە چرووکیی و ڕژدیی دەروونی خۆی، بە دڵنیایی ئا ئەوانە سەرفرازانن.

(شُحّ)، زانایان هەندێکیان گوتوویانە: بە مانای چرووکیی و ڕژدییەکی زۆرە، هەندێکیش گوتوویانە: (الشُّحُّ: البُخْلُ مَعَ حِرْصٍ)، (شُحّ) بریتیە لە چرووکیی وێڕای سوور بوون، کە هیچی لە دەست نەبێتەوە.

دەتوانین بڵێین: ماڵ و سامان بەخشین سێ پلەی هەن بە گشتیی:

١- ماڵ و سامان بەخشین بە گشتیی، وەک خوا پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ﴿٢٦١﴾﴾البقرة، لە ڕێی خوادا ماڵ و سامانی خۆیان دەبەخشن.

٢- لە هی یەکەم بەرزترە، ئەویش ئەوەیە کە: ﴿وَءَاتَى ٱلْمَالَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ﴿١٧٧﴾﴾البقرة، ماڵ و سامانەکەی خۆی دەبەخشێ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشیدەوێ، واتە: ماڵ و سامانێک کە خۆشیدەوێ، دەیبەخشێ، یان دەفەرموێ: ﴿وَيُطْعِمُونَ ٱلطَّعَامَ عَلَىٰ حُبِّهِۦ ﴿٨﴾﴾الإنسان، خواردن دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا خواردنەکەیان خۆشیشدەوێ، ئینسان کاتێک خواردنی خۆشدەوێ، خۆی زۆری برسیی بێ، هەروەها کاتێکیش ماڵ و سامانی خۆشدەوێ، خۆی زۆری پێویست پێ بێ.

٣- بەرزترین پلەی ماڵبەخشین: ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ﴾، خەڵک بەسەر خۆیاندا هەڵدەبژێرن، هەرچەندە خۆشیان زۆر پێویستییان پێی بێ، بەسەرخۆدا هەڵبژاردن، (إیثار) ئەوەیە: خۆت پەکت لەسەر شتێک کەوتبێ، کەسێکی دیکەش پەکی لەسەری کەوتبێ، تۆ ئەو هەڵبژێری بەسەر خۆتدا، بڵێی: ئەوە بۆ تۆ، ئەدی بۆ خۆت؟ بۆ من قەیدێ ناکات، ئەوە لووتکەی بەخشینە، کە هاوەڵان (خوا لێیان ڕازی بێ)، هەر سێ جۆرەکەیانیان هەبوون.

ئنجا خوا ﷻ باسی کۆمەڵی سێیەم دەکات، کە ئەوانیش پشک و بەشیان هەیە لەو ماڵ و سامانەدا، چ وەک دەستکەوتی جەنگیی، چ وەک ماڵ و سامانی گشتیی، کە دێتەوە دەستی حوکمڕانی مسوڵمانان:

١٦)- ﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ ﴾،هەروەها پشک و بەشی ئەوانەشی تێدایە کە لە دوای ئەوانەوە دێن، واتە: ئەوانەی لە دوای کۆچکەران و پشتیوانانەوە دێن.

١٧)- ﴿ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ ﴾، دەڵێن: پەروەردگارمان! لە ئێمە ببوورەو لەو برایانەشمان کە لە ئیماندا پێشمان کەوتوون. یانی: پێش ئێمە ئیمانیان هێناوە.

١٨)- ﴿ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، کینەش مەخە دڵمانەوە، بەرانبەر بەوانەی بڕوایان هێناوە.

١٩)- ﴿ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾، پەروەردگارمان! بە ڕاستیی تۆ زۆر بە پەرۆشی، زۆریش بە بەزەیی.

وشەی (غِلّ) بە مانای دوژمنایەتیی هاتووەو، بە مانای بوغزو غەرەزیش هاتووە، واتە: ڕقێکی پەنگخواردووەوە لە دڵ و دەروونـدا، لێرەدا خوا ﷻ باسی مسوڵمانان دەکات، هەموو ئەوانەی لە دوای کۆچکەران و پشتیوانان دێن، شوێنکەوتووان (تابعین) و شوێنکەوتووانیان هەتا ئێستاو، دوای ئێستاو هەتا مسوڵمانێک لەسەر زەوی بمێنێ، هەمووی دەگرێتەوە، بۆیە عومەر (خوا لێی

ڕازی بێ)، لەو دەقەدا کە هێنامان، کە (الطبري) بە ژمارە (٣٣٩٥٣) هێنابووی، گوتی: ئەم ئایەتە، (ئایەتی دەیەم)، تێکڕای مسوڵمانان دەگرێتەوەو هەموویان پشک و بەشیان هەیە، لەو ماڵ و سامانەدا کە دێتە دەستی سەرۆکی دەوڵەت و حوکمڕانی مسوڵمانانەوە.

کورتە باسێک: مەدح و ستایشی خوا بۆ هەر کام لە کۆچکەران و پشتیوانان و بڕوادارانی دوای وان، بە باشترین خەسڵەتیان:

یەکەم: باسی کۆچکەران و خەسڵەتە سەرەکییەکانیان:

خوا ﷻ باسی کۆچکەران دەکات و دەفەرموێ:

١- (لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ)، بۆ ئەوانەی لە ماڵ و سامانی خۆیان وەدەرنراون.

٢- (يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا)، ئەوانەی بەخشش و ڕەزامەندیی خوا داوا دەکەن.

٣- (وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ)، پشتیوانیی خواو پشتیوانیی پێغەمبەرەکەی دەکەن.

٤- (أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ)، ئەوانەن ڕاستان، ئەوانە بە چوار سیفەتیان پێناسە دەکات، کە هەموویان خەسڵەتی بنەڕەتیی و گەورەو گرنگ و دانستەن.

دووەم: باسی پشتیوانان و خەسڵەتە گرنگ و سەرەکییەکانیان:

١- ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ﴾، هەروەها ئەوانەی پێش کۆچکەران، (واتە: پێش ئەوەی کۆچکەران کۆچ بکەن)، مەنزڵگای ئیسلامیان بنیاتناوەو ئیمانیان سەقامگیر کردووە، مەنزڵگاو مەڵبەندی ئیسلامیان بنیاتناوەو، ئیمانیشیان تێدا سەقامگیر کردووە.

٢- ﴿ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ ﴾، کەسێک کە کۆچ بکات بۆ لایان خۆشیاندەوێ، نەک سێبەری گران بێ و ڕەزای قورس بێ لەلایان، لەبەر ئەوەی دەبێتە بارگرانیی بەسەریانەوە، بەڵکو حەز بە چارەیان دەکەن و پێیان خۆشە.

٣- ﴿ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ ﴾، (لە داهاتوودا) وەختێ لە دەستکەوتی جەنگ بەشیان دەدرێ، ماڵ و سامانێکیان دێتە دەست، لە دڵیاندا هەست بە پێویستیی و ئاتاجیی ناکەن، ئیرەییان پێ نابەن لەبەر ئەوەی بەوان دەدرێ.

٤- ﴿ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ ﴾، خەڵک بەسەر خۆیاندا هەڵدەبژێرن، هەرچەندە خۆشیان زۆر بۆی ئاتاج و پێویست بن.

٥- ﴿ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴾، هەر کەسێکیش لە چرووکیی نەفسی پارێزراو بێ، ئا ئەوانەن سەرفرازان.

ئەوانەش پێنج سیفەت بۆ پشتیوانان.

سێیەم: باسی مسوڵمانانێك كە لە دوای كۆچكەران و پشتیوانان دێن:

خـوا ﷻ ئەوانیـش بـە چەنـد سـیفەتێک وەسـف دەکات، ﴿ وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعْدِهِمْ ﴾، ئەوانـەی لـە دوای وان دێـن، کـە لـە دوای جیلـی هاوەڵانـەوە خـوا لێیـان ڕازی بـێ، هەتـا دنیـا بـە کۆتـا دێ و، مسـوڵمانێک لەسـەر زەوی بمێنـێ، هەمـووی دەگرێتـەوە، ئنجـا بـا بزانیـن ئـەوان تایبەتمەندتریـن و گرنگتریـن سـیفەتیان چیـن؟

١- ﴿ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلْإِيمَٰنِ ﴾، دەڵێن: پەروەردگارمان! لە ئێمەو لەو برایانەمان ببوورە کە پێشمان کەوتوون بە ئیمانەوە، یانی: بەر لە ئێمە بڕوایان هێناوە.

٢- ﴿ وَلَا تَجْعَلْ فِى قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، کینەو بوغزیش مەخە دڵمانەوە، بەرانبەر بەوانەی بڕوایان هێناوە.

٣- ﴿ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴾، پەروەردگارمان! تۆ زۆر بە پەرۆشی، زۆریش بە بەزەیی.

کەواتـە: تایبەتمەندتریـن خەسـڵەتی مسـوڵمانانێک، کـە لـە دوای کۆچکـەران و پشـتیوانان دێـن، ئەوەیـە کـە ڕێـزو حورمەتیـان لـێ بگـرن و، داوای لێبوردنیـان بـۆ لـە خـوا بکـەن و، داوای پاداشـتی خۆیـان بـۆ بکـەن و، داوا لـە خـوا بکـەن: غـەل و غـەش و، کینـەو بوغزیـان لـە دڵـدا نەبێ بەرانبەریـان، ئەمـە تایبەتمەندتریـن سیفەتی ئـەو مسـوڵمانانەیە، کـە لـە دوای کۆچکـەران و پشـتیوانان دێـن.

زانایـان لـەو بارەیـەوە زۆر قسـەیان کـردووە، بەڕاسـتیی ئینسـان دەبێ لێـرەدا زۆر هەڵوەسـتە بـکات، خـوا ﷻ دوای ئـەوەی کۆچکـەران بـە باشـترین سـیفەتەکانیان پێناسـە دەکات، دوایـی پشـتیوانان بـە باشـترین سیفەتەکانیان پێناسـە دەکات، ئنجـا مسـوڵمانانێک کـە لـە دوای ئـەوان دێـن، ئەوانیش بە باشـترین سـیفەت و خەسـڵەتیان پێناسـە دەکات، کـە بریتـی لـەوەی بۆیـان بپاڕێنـەوەو داوا لـە خـوا بکـەن، کینـەو بوغزیـان نەهاوێتـە دڵ بەرانبەریـان، واتـە: داوا لـە خـوا دەکـەن دڵ و دەروونیـان پـاک بـێ، لـە ئاسـت هاوەڵانـی پێغەمبـەردا ﷺ بـە هـەردوو جـۆری، کۆچکـەران و پشـتیوانانەوە، هـەر بۆیـە هـەر کەسـێک هاوەڵانـی پێغەمبـەر ﷺ بـە گشـتیی ببوغزێنـێ و، چاوی پێیـان هەڵنەیـەت و، کینـەی لـە دڵـدا هەبێ بەرانبەریـان، ئـەوە پێچەوانـەی ئەوەیـە، کـە خـوا ﷻ مسـوڵمانانی دوای وانـی پـێ پێناسـە کـردوە!

بۆیـە هەندێـک لـە زانایـان، بـۆ وێنـە مالیـک (ڕەحمـەتی خـوای لـێ بـێ) ڕای وایـە: کـە کەسـێک قسـە بـە هـاوەڵان بڵـێ و هـاوەڵان ببوغزێنـێ و ڕقـی لێیـان بـێ، پشـک و بەشـی نیـە لـەوەدا کـە وشـەی (فـيء) دەیگرێتـەوە، ئـەو مـاڵ و سـامانەی بەبێ جەنـگ دێتـەوە دەسـتی سـەرۆکی دەوڵـەت و حوکمـڕان، واتـە: مـاڵ و سـامانی گشـتیی، واتـە: ئـەو جـۆرە کەسـانە پشـک و بەشـیان تێیدانیـە، چونکـە خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئـەو مـاڵ و سـامانە بـۆ ئـەو کەسـانەیە کـە ئـاوان، ئنجـا ئەوانـەی لـە دوای کۆچکـەران و پشـتیوانان دێـن، خـوا تبـارک وتعـالى بـەو خەسـڵەتە پێناسـەی کـردوون، کـە دەڵێـن: خوایـە! لـە ئێمـە و لـە برایەکانمـان ببـوورە، کـە لـە پێـش

تێمەدا ئیمانیان هێناوەو با کینەو بوغز لە دڵماندا نەبێ بەرانبەریان، کەواتە: کەسێک بۆ هاوەڵان نەپاڕێتەوە بە گشتیی و، لە جیاتی ئەوە کینەو بوغزی لە دڵدا هەبێ بەرانبەریان، لە ڕاستییدا ئەوە پێچەوانەی ئەوەیە، کە خوا ﷻ مسوڵمانانی دوای کۆچکەران و پشتیوانانی پێ پێناسە کردوە.

لەو بارەوەش ئەم دەقە دەبینین، {عَنْ قَتَادَةَ رَحِمَهُ اللهُ قَالَ: إِنَّمَا أُمِرُوا أَنْ يَسْتَغْفِرُوا لِأَصْحَابِ النَّبِيِّ ﷺ وَلَمْ يُؤْمَرُوا بِسَبِّهِمْ} (أخرجه الطبري: ٣٣٩٨٠)، دەڵێ: فەرمانیان پێکراوە داوای لێبوردن بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر بکەن، فەرمانیان پێ نەکراوە جنێویان پێبدەن، (قسەیان پێ بڵێن)، بێگومان مەبەستی پێ شیعەکانە، شیعەی دوازدەیی (الشيعة الإثنا عشرية).

هەر لەو بارەوە ئەم دەقەش هەیە: {وَأَخْرَجَ ابْنُ مَرْدَوَيْهِ عَنِ ابْنِ عُمَرَ رضي الله عنهما، أَنَّهُ سَمِعَ رَجُلًا وَهُوَ يَتَنَاوَلُ بَعْضَ الْمُهَاجِرِينَ، فَقَرَأَ عَلَيْهِ: ﴿لِلْفُقَرَاءِ الْمُهَاجِرِينَ الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِمْ وَأَمْوَالِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ اللَّهِ وَرِضْوَانًا وَيَنصُرُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَٰئِكَ هُمُ الصَّادِقُونَ ﴿٨﴾﴾ الحشر، ثُمَّ قَالَ: هَؤُلَاءِ الْمُهَاجِرُونَ أَفَمِنْهُمْ أَنْتَ؟ قَالَ: لَا، ثُمَّ قَرَأَ عَلَيْهِ: ﴿وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَ وَالْإِيمَانَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِي صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّا أُوتُوا وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾﴾ الحَشر، ثُمَّ قَالَ: هَؤُلَاءِ الْأَنْصَارُ، أَفَأَنْتَ مِنْهُمْ؟ قَالَ: لَا، ثُمَّ قَرَأَ عَلَيْهِ: ﴿وَالَّذِينَ جَاءُوا مِن بَعْدِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا اغْفِرْ لَنَا وَلِإِخْوَانِنَا الَّذِينَ سَبَقُونَا بِالْإِيمَانِ وَلَا تَجْعَلْ فِي قُلُوبِنَا غِلًّا لِّلَّذِينَ آمَنُوا رَبَّنَا إِنَّكَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ ﴿١٠﴾﴾ الحَشر، ثُمَّ قَالَ: أَفَمِنْ هَؤُلَاءِ أَنْتَ؟ قَالَ: أَرْجُو، قَالَ: لَيْسَ مِنْ هَؤُلَاءِ مَن سَبَّ هَؤُلَاءِ}[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر رضي الله عنهما، ڕۆژێک گوێی لە پیاوێک بوو، قسەی بە هەندێک لە کۆچکەران دەگوت، ئەویش ئەو ئایەتەی ژمارە (٨)ی بەسەردا

---

(١) فتح القدير للشوكاني: ج٥، ص٢٤٧.

خوێندەوە، کە باسی کۆچکەران دەکات و ئێمە دەقەکەیمان خوێندەوە، دوایی گوتی: ئەوانە کۆچکەرانن، ئایا تۆ لەوانی؟ گوتی: نەخێر، دوایی ئایەتی ژمارە (٩) ی بەسەردا خوێندەوە، کە باسی پشتیوانان دەکات، کە دەقەکەیمان خوێندەوە، ئنجا گوتی: ئەوانەش پشتیوانانن، ئایا تۆ لەوانی؟ گوتی: نەخێر، دوایی ئایەتی ژمارە (١٠)ی بەسەردا خوێندەوە، کە دەقەکەیمان هێنا، ئنجا گوتی: ئایا تۆ لەوانەی (کە لە دوای وان دێن و بۆیان دەپاڕێنەوە؟)، گوتی: ئومێدم وایە لەوان بم، عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوا لێیان ڕازی بێ)، گوتی: کەسێک قسە بەوانەی پێشێ بڵێ، لەوانەی دوایان نیە.

هەڵبەتە قسەیەکی زۆر ڕاستە، کەسێک قسە بە کۆچکەران و پشتیوانان بڵێ، لەو جۆرە مسوڵمانانە نیە، کە خوا دەفەرموێ: لە دوای وان هاتوون و بۆیان لە خوا دەپاڕێنەوەو دەڵێن: پەروەردگارمان! کینەو بوغز مەخە نێو دڵمانەوە.

ئنجا لە بارەی ئەو ئایەتەوە، گێڕراوەی دیکەش هاتوون و، کە بەڕاستیی هەڵەیەکی زۆر گەورەی شیعە، بە تایبەت شیعەی دوازدەیی[1]، ئەوەیە کە ڕقیان لە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەرە ﷺ، خوا لێیان ڕازیی بێ، کە تەماشای تەفسیرەکانم کرد، تەماشای تەفسیرە شیعییەکانیش دەکەم، بۆ وێنە تەفسیری (نمونە)[2]، لە جیاتی ئەوەی بڵێ: نابێ قسە بە هاوەڵان بگوترێ، دەڵێ: با بزانین داخۆ کێ لەو هاوەڵانە خاوەنی ئەو سیفەتانە بووە! دەیەوێ بەو بیانووەی کە ئەبوو بەکر و عومەرو عوسمان و هاوەڵانی دیکە، خاوەنی ئەو سیفەتانە نەبوون، بۆیە با قسەیان پێ بڵێین!! بەڵام ئەگەر ئەبوو بەکرو عومەرو عوسمان، هەروەها عەلییش -- بەڵام ئەوان عەلی هەڵداوێرن -- ئەگەر ئەوان خاوەنی ئەو سیفەتانە نەبن، کە خوا کۆچکەرانیان پێ وەسف دەکات،

---

(١) بە حیساب بڕوایان بە دوازدە پێشەوا (إمام)ی لە گوناح پارێزراو (معصوم) هەیە.

(٢) تەفسیرێکە بە زمانی فارسیی و تەرجەمەی عەرەبییش کراوە بە ناوونیشانی: (التفسیر الأمثل)

هەروەها پشتیوانانیش، ئەگەر خاوەنی ئەو سیفەتانە نەبن، کە خوا پشتیوانانیان پێ وەسف دەکات، دەبێ کێ خاوەنی ئەو سیفەتانە بێ!! بۆیە هەڵەیەکی زۆر گەورەی شیعانە، کە ڕقیان لە هاوەڵانەو، تانە لە هاوەڵان دەدەن بە گشتیی.

هەڵبەتە لە بەرانبەریشدا زۆر لە تێپەڕاندن هەیە، لە بەرانبەرو لە کاردانەوەی شیعەدا، کەسانێکیش هەن بە ناوی زۆرینەی مسوڵمانانەوە، کە بە ئەهلی سوننەت ناسراون، دەیانەوێ بەرگریی بکەن لە هەر هەڵەو کەم و کوڕییەکی هەر کام لە هاوەڵان، وەک ئەوان مەعصووم بن لە هەڵەو، هیچ کەم و کوڕییان نەبێ، بەڵام ئەمە تێپەڕاندنە، هی پێشێش کورتهێنانە، هەق و ڕاستیش ئەوەیە، کە خوا ﷻ ئاوا مەدحی کۆچکەران دەکات بە گشتیی و، مەدحی پشتیوانان دەکات و، مەدحی مسوڵمانان دەکات، کە لە دوای ئەوان دێن، بۆیان دەپاڕێنەوەو ڕێزیان لێ دەگرن و، لە خواش دەپاڕێنەوە کە بوغزو کینە نەخاتە دڵیان، بەرانبەر ئەو کۆچکەرو پشتیوانانە.

خوا لە چەند شوێنان باسی هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکات، کە لێیان ڕازییەو خوا ڕازییان دەکات و، خوا زانی چی لە دڵیاندا هەیەو، ئارامیی و ئۆخژنی خستە نێو دڵیان[1]، مانای وایە ئەگەر کەسێک بەڕاستیی بە دوای قورئان بکەوێ و، لە قورئان تێبگات، تەماشای هیچ ڕیوایەتێک و هیچ دەقێکی سوننەتیش نەکات، بەس تەماشای ئایەتەکان بکات، ئایەتەکان بەسن بۆ ئەوەی ڕێزی تەواو لە هاوەڵان بگرێ، بەڵام بێگومان تەنیا پێغەمبەران لە هەڵەو کەم و کوڕیی پارێزراون و، ئێمە ناڵێین: هاوەڵان لە گوناهو هەڵە پارێزراون، تەنانەت چوار خەلیفە ڕاشیدەکانیش، مرۆڤ کەم و کوڕیی هەر دەبێ، بەڵام بێگومان باشترینی مرۆڤان لە دوای پێغەمبەران (علیهم السلام)، هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەرن، ئەوان چاکترین کەس بوون و، باشترین تێگەیشتنیان هەبوو بۆ دین

---

(١) ﴿لَّقَدْ رَضِيَ اللَّهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ السَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَابَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾﴾ الفتح.

و، باشترین و چاکترین پێگەیشتنیشیان هەبووە، لە سایەی ئایین و بەرنامەی خوای پەروەردگاردا.

لێرەدا کۆتایی بەم دەرسەمان دێنین، خوا بە لوتف و کەرەمی خۆی، یارمەتییمان بدات کە هەرچی زیاتر ڕێزو حورمەتی هاوەڵان بگرین و، بۆیان لە خوا بپاڕێینەوە و داوای پاداشتی بەرزو پلەی بەرزتریان بۆ لە خوای بەخشەر بکەین و، دڵیشمان ساغ و ساف بێ بەرانبەر بە هەموویان، تەنانەت ئەوانەشیان کە هەندێ کەم و کوڕییان هەیەو، کەم و کوڕییەکانیان لێ نەکەینە بیانووی ئەوەی ڕقمان لێیان هەڵبستێ، بەڵکو کەم و کوڕییان، وەک کەم و کوڕی ببینین، بەڵام چاکەکانیشیان وەک چاکەکانی خۆیان ببینین.

واتە: نە بەهۆی چاکەکانیانەوە، کەم و کوڕییەکانیان نادیدە بگرین و، نە بەهۆی کەم و کوڕییەکانیشیانەوە، چاکەکانیان نادیدە بگرین، بەڵکو چاکە بەجێی خۆی و، کەم و کوڕییش بەجێی خۆی، ئەوە بە نسبەت ئەوانەیانەوە، کە هەڵەو پەڵەیان بوون و، هەندێک شتیان لێ بە ڕەخنە گیراوە، بەڵام بە گشتیی هاوەڵان هەموویان جێی متمانەن لە ڕووی لێ گێڕانەوەی گێڕراوان (روایات)ەوە، هاوەڵان هەموویان خاوەنی ڕێزو حورمەتن و، بەگشتیی نیزیکترین کەس و خۆشەویسترین کەسی پێغەمبەری خوا بوون و، کەسێ بەڕاستیی خواو پێغەمبەری خوای خۆشبوێن، دەبێ هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خۆشبوێن، هەروەها دەبێ خزم و بنەماڵەی پێغەمبەریشی خۆشبوێ و کەس و کارەکەشی خۆشبوێ، ئەوانەی بە ڕێی پێغەمبەردا ڕۆیشتوون و، ڕاستە ڕێی ئەویان گرتوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە حـەوت (٧) ئایـەت پێـک دێ، ئایەتەکانـی: (١١ - ١٧)، ئـەو حـەوت ئایەتـەش هەموویـان باسـی بابەتێـک دەکـەن، ئەویـش بریتیـە لە هەڵوێسـتی موخەنەتانـەی دەغەڵەکانـی مەدینـە، کـە گفتیـان بـە جوولەکەکانـی (**بنـو قینقـاع وبَنُـو النَّضِـير**) دابـوو پشـتگیرییان بکـەن، لـە بەرانبـەر پێغەمبـەری خـواو هاوەڵانـی دا، دواییـش ئەوێـران بەڵێنەکەیـان ڕاسـت بەرنـە سـەر! خـواش ﷻ دوو وێنەیـان بـۆ دێنێتـەوە، بـۆ دەرخسـتن و زیاتر پەردە لەسـەر هەڵماڵینـی هەڵوێسـتی موخەنەتانەی مونافیـق و دەغەڵـەکان:

أ- وێنەیەکیان ئەوەیە کە کۆمەڵێک لە پێش واندا، سزای خراپی خۆیان چێژتوە، دەبووایە پەندیان لێوەربگرن.

ب- وێنەی دووەمیشیان هەڵوێستێکی شەیتانە لە بەرانبەر مرۆڤدا بە گشتیی، یاخود مرۆڤێکی دیارییکراودا، کە لە هەندێک گێڕدراواندا ناوی هاتوە، کە شەیتان فریوی داوەو، دوای ئەوەی دەستخەڕۆی کردوە، ئنجا حاشای لێکردوەو دووریی لێگرتوە.

﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا يَقُولُونَ لِإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَئِنْ
أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا وَإِنْ قُوتِلْتُمْ لَنَنْصُرَنَّكُمْ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ
لَكَاذِبُونَ (١١) لَئِنْ أُخْرِجُوا لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ وَلَئِنْ قُوتِلُوا لَا يَنْصُرُونَهُمْ وَلَئِنْ نَصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ
الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنْصَرُونَ (١٢) لَأَنْتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِمْ مِنَ اللَّهِ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا
يَفْقَهُونَ (١٣) لَا يُقَاتِلُونَكُمْ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرًى مُحَصَّنَةٍ أَوْ مِنْ وَرَاءِ جُدُرٍ بَأْسُهُمْ
بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّى ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَا يَعْقِلُونَ (١٤) كَمَثَلِ
الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ قَرِيبًا ذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٥) كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنْسَانِ

أَكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيٓءٌ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ
أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئایا سەرنجی ئەوانەت نەداوە کە دەغەڵبیان کردوە، بەو برایانەیان دەڵێن کە بێبڕوا بوون لە خاوەن کتێبەکان: مسۆگەر ئەگەر (لە ماڵ و حاڵتان) دەربکرێن، ئێمەش لەگەڵتان دەردەچین و، هەرگیز بە زیانی ئێوە گوێڕایەڵیی هیچ کەس ناکەین و، ئەگەر جەنگیشتان لە دژ بکرێ، سەرتان دەخەین، خواش شایەدیی دەدات کە بە دڵنیایی ئەوانە درۆزنن ﴿١١﴾ ئەگەر (جوولەکەکان) دەربکرێن، (ئەو دەغەڵانە) لەگەڵیان ناڕۆن (دەرناچن) و، ئەگەر جەنگیشیان لە دژ بکرێ، پشتیان ناگرن و، ئەگەر پشتگیرییشیان بکەن، بە دڵنیایی بە پاشتێکردنەوە ڕادەکەن و، دواییش هاوکاریی ناکرێن ﴿١٢﴾ بێگومان ئێوە (ی مسوڵمان) لە سینەیان دا لە خوا، ساملێکراوترن، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە ئەوانە کۆمەڵێکن چاک تێناگەن ﴿١٣﴾ لە ئاوەدانییە مەحکەم و قەڵادارەکاندا، یان لە پشت دیوارانەوە نەبێ، ویکڕا لە دژتان ناجەنگن، لە نێوان خۆیاندا (بۆ ناکۆکیی و دژایەتیی) زۆر بەهێزن، بە تۆکمەو پێکەوەیان تێدەگەی و، دڵەکانیان پرژو بڵاون، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵێکن نافامن ﴿١٤﴾ (سەرەنجامیان) وەک وێنەی ئەوانەیە، بەمزووانە لە پێش واندا (سزای) ئاکامی شوومی کاری خۆیانیان چێژت و، لە ڕۆژی (دواییشدا) ئازارێکی بە ئێش و ژانیان هەیە ﴿١٥﴾ (هەروەها حاڵیان) وەک وێنەی شەیتانە، کە بە مرۆڤی گوت: بێبڕوا بە، ئنجا کە بێبڕوا بوو، (شەیتان) گوتی: من حاشا لە تۆ دەکەم (لێت دوورم)، بەڕاستیی من لە پەروەردگاری جیهانییان دەترسم ﴿١٦﴾ ئنجا سەرەنجامیان ئەوە بوو کە لە ئاگر(ی دۆزەخ)دا هەر ماو دەبن، ئەوەش سزای ستەمکارانە ﴿١٧﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(نَافَقُواْ): (النَّفَـقُ: الطَّرِيْـقُ النَّافِـذُ وَالـسَّرَبُ فِي الأَرْضِ النَّافِـذُ فِيْهَـا، وِمِنْـهُ نَافِقَـاءُ اليَرْبُوعِ، النِّفَـاقُ: الدُّخُولُ فِي الـشَّرْعِ مِن بَـابٍ، وَالخُرُوجُ مِنهُ مِنْ بَـابٍ أَخَـر)، (نَفَـق) بـە ڕێیـەک دەگوتـرێ، یـان بـە کونێـک دەگوترێ لـە زەویـدا، کـە دەرەو دیـوە، (واتـە: لـە لایەکـەوە بـە کونێکیـان دا دەچـێ و، بـە کونێکیشـیان دا، لەلایەکـی دیکـە دەردەچـێ، وەک ئـەو تونێڵانـەی لـەم ڕۆژگارەدا لـە چیایـەکان دا لێدەدرێـن)، هـەر لـەوەوەش بـە کونـی جـرج گوتـراوە: (نَافقـاءُ)، (جـرج کونێـک لێـدەدا لـە بیابـان دا، لـەم سـەرەوە تێیدەچـێ و، لـەو سـەرەوە لێـی دەردەچـێ، کـە لێـرەوە تینـی بـۆ هـات، لەوێـوە دەرچـێ)، نیفاقیـش بریتیـە لـە چوونـە نێـو شـەرع لـە دەرگایەکـەوەو، لێدەرچوونـی لـە دەرگایەکـی دیکـەوە.

بـۆ وشـەی نیفـاق دەغەڵیـی و، بـۆ وشـەی مونافیـق دەغەڵـم بەکارهێنـاوە، دەشـگونجێ بگوتـرێ: موخەننـەت و، دەشـگونجێ بگوتـرێ: دوو ڕوو، بـەڵام دوو ڕوو مـەرج نیـە مونافیـق بـێ، دوو ڕوویـی یەکێکـە لـە سیفەتی مونافیقـەکان، بـەڵام نیفـاق بریتیـە لـە دەغەڵیـی و ناپاکیـی و موخەننەتیـی، کەسێک بـە ڕواڵـەت خـۆی بـە مسـوڵمان پێشـان دەدا، بـەڵام لـە دەروونـی خـۆی دا کوفـری هەڵگرتـوە.

(رَهْبَةً): (الرَّهْبَـةُ وَالرُّهْـبُ وَالرَّهَـبُ: مَخَافَـةٌ مَـعَ احِـتْرَازٍ)، ئـەم سـێ وشـەیە ماناکەیـان بریتیـە لـە تـرس لەگـەڵ خۆپاراسـتن دا.

(لَّا يَفْقَهُونَ): واتـا ورد تێناگـەن، (الفِقْـهُ: التَّوَصُّـلُ إِلى عِلْـمٍ غَائِـبٍ بِعْلـمٍ شَـاهِد، فَهُـو أَخَـصُّ مِـنَ العِلْـمِ)، (الفِقْـه) بریتیـە لـە گەیشـتن بـە زانیارییەکـی نادیـار، بـە هـۆی زانیارییەکـی دیـارەوە، کەواتـە: تایبەتتـرە لـە زانیاریـی، هەندێکیـش گوتوویانـە: (الفِقـهُ: هُـوَ فَهْـمُ مُـرَادِ المُتَكَلِّـمِ)، (فقـه) تێگەیشـتنە لـە مەبەسـتی وتەبێژ، دەشـگونجێ

بگوترێ: (فِقـه) واتـە: ورد تێگەیشـتن، پێـم وایـە ئەگـەر بگوتـرێ: (فِقـە) بریتیـە لـە قـووڵ و ورد تێگەیشـتن لـە مەبەسـتی وتەبێـژ، مانـا لێکدانەوەیەکـی پـڕ بەپێسـتە.

(قُرَى): (جَمْـعُ قَرْيَـة: إسْـمٌ للمَوْضِـعِ الَّـذِي يَجْتَمِـعُ فِيْـهِ النَّـاسُ، وَلِلنَّـاسِ جَمِيْعـاً، ويُسْـتَعْمَلُ لِـكُلّ مِنْهُـمَا)، وشـەی (قُـرَى) کـۆی (قَرْيَة)یـە، بـەو شـوێنە دەگوتـرێ کـە خەڵـک لێـی کۆدەبێتـەوە، بـە شـوێنەکەو بـە خەڵکەکـەش، بـە هەردووکیـان دەگوتـرێ و، بـە هـەر کام لـە خەڵکەکـە کـە کۆبوونـەوە لـە ئاوەدانییـەک داو، بـە ئاوەدانییەکـەش، دەگوتـرێ: (قَرْيَـة)، ئـەوەی گرنگـە ئەوەیـە، وشـەی (قَرْيَـة) کـە بـە (قُـرى) کـۆ دەکرێتـەوە، لـە عـورف و بـاوی ئێسـتای زمانـی عەرەبیـی دا، واتـە: گونـد، لادێ، کـە لـە بەرانبەریـدا (مَدِيْنَـة) هەیـە، یـان (مِـصر) واتـە: شـار، بـەڵام لـە بەکارهێنانـی قورئانـدا (قَريـة) واتـە: ئاوەدانییەکـی کۆکـەرەوە بـۆ خەڵـک، کەقەڵەباڵغ بـێ، بۆیـە بـە مەککـە گوتـراوە: (أُمُّ القُـرَى) دایکـی ئاوەدانییـەکان.

(مُّحَصَّنَةٍ): (مَجْعُولَـةٌ بِالإِحْـكَامِ كَالْحُصُـونِ، تَحَصَّـنَ أي: اتَّخَـذَ حِصْنَـاً، ثُـمَّ يُتَجَـوَّزُ بِـهِ فِي كُلِّ تَحَـرُّزٍ)، (قُرًى مُّحَصَّنَةٍ)، واتـە: ئاوەدانییـە تۆکمـەکان، (مُحَصَّنَـة): (مَجْعُولَـةٌ بِالإِحْـكَام)، زۆر مەحکـەم و پتـەو کـراوە، کـە زەفـەری پـێ نەبـردرێ، وەک قەڵایـان، (مُحَصَّنـة) واتـە: وەک قـەڵای لێکـراوە (قـەڵا)ش شـوێنێکی بـەرز بـووە، دەروازەی هەبـووە، شـوێنی ئێشـکچییانی لـێ بـووە، بورجـی هەبـوون، لـە بورجـەکان دا ئێشـکچییەکان ئێشـکەیان گرتـوەو، هـەر کەسـێک هاتبـێ، بـە تیـرو بـەرد و بـە هەرچـی ئـەو کاتـە هەبـووە، لێیـان داوەو نەیانهێشـتوە قەڵایەکـە بگـرن، (تَحَصَّـنَ) واتـە: قـەڵای پەیـدا کـرد، یـان چـووە نێـو قـەڵا، دوایـی ئەمـە بەکارهێـتراوە بـۆ هـەر جـۆرە خۆپاراسـتنێک.

(جُدُرٍ): (جَمْـعُ جِـدَار، حَائِـطٌ، لَكِـنَّ الحَائِـطَ يُقَـالُ اعتِبَـاراً بِالإِحَاطَـةِ بِالمَكَانِ، وَالجِـدارُ يُقَـالُ اعتِبـاراً بِالنتـوّ والإرتِفَـاع)، (جُـدُر) کـۆی (جِـدار)ە، واتـە: دیـوار، (جُدُر) دیـوارەکان، ئنجـا (حَائِـط و جِـدَار)، هـەر یـەک مانایـان هەیـە، بـەڵام (حَائِـط) بـەو ئیعتیبـارە کـە دەوری ئـەو شـوێنەی داوە، نـاوی بکـەر (اسْـمُ فَاعِـل)ە، (حَـاطَ يُحِيـطُ وَهـوَ حائِـط)،

هەروەها (**أحاطَ يُحِيطُ وهو مُحِيْط**)، (جدار)یش گوتراوە بە ئیعتیباری ئەوە، کە بەرز بۆتەوەو بەرزترە لە ئاستی زەوی.

(بَأۡسُهُم): (**البُؤْسُ وَالبَأْسُ وَالبَأْسَاءُ: الشِّدَّةُ وَالمَكْرُوْه**)، هەر کام لە وشەی (**البُؤْسُ وَالبَأْسُ وَالبَأْسَاءُ**)، یانی: سەختیی و، بە مانای شتێک کە مرۆڤ حەزی پێ نەکاو، رقی لێی بێ، ناخۆشویستراو.

(شَتَّىٰ): (**الشَّتُّ: تَفْرِيْقُ الشَّعْبِ**)، بە مانای لێک بڵاوکردنی خەڵکە، دەگوترێ: (**جَاءُوْا أَشْتَاتاً أي: مُتَفَرِّقـي النِّظَـام**)، واتە: پرژو بڵاو، بێ سەروبەر، (**شَتَّى**) کۆی (**شَتٌّ**)، بە مانای لێک بڵاوکردنی شتێکی پێکەوەیە، چاوگەکەی بریتیە لە (**شَتّ**).

(وَبَالَ): (**الوَبْلُ وَالوَابِلُ: المَطَرُ الثَّقِيْلُ القِطَار، يُقَالُ لِمَا يُخَافُ ضَرَرهُ: وَبَال، طَعَامٌ وَبِيـل، وَكَلأٌ وَبِيْـل: يُخَافُ وَبالُـهُ**)، (**وَبْلٌ و وَابِلٌ**) بە مانای بارانێکی دڵۆپە قورسە، ئنجا لەوەوە هەر شتێک مەترسیی لە سەرەنجامەکەی بکرێ، پێی گوتراوە: (**وَبَال**)، دەگوترێ: (**طَعَامٌ وَبِيْـل، وَكَلأٌ وَبِيْـل**) خواردنێکی وەبیل، یان لەوەڕێکی وەبیل، واتە: مەترسیی لەسەرەنجامەکەی دەکرێ، ئەو خواردنە ئەگەر بیخۆی سەرەنجامی خراپە، ئەو لەوەڕە ئەگەر ئەو ئاژەڵە بیخوات، سەرەنجامەکەی خراپە، کەواتە: (**وَبَال**) لە ئەسڵدا بە مانای سەرەنجامی خراپ دێ، دواییش بەکارهێنراوە بە مانای سزا: ﴿ذَاقُواْ وَبَالَ أَمۡرِهِمۡ﴾ واتە: ئەنجامە شوومەکەی خۆیانیان چێژت.

(بَرِيٓءٞ): (**أَصْلُ البُرْءِ وَالبَرَاءِ والتَّبَرِّي: التَّقَصِّي مِمَّا يُكْرَهُ مُجَاوَرَتُهُ**)، وشەی (**بُره وبَرَاه وتَبَرِّيٌ**) هەر سێکیان بە مانای دووریی گرتنن لە شتێک، کە حەز بە نیزیکیی نەکرێ.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

١- دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا يَقُولُونَ لِإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا وَإِنْ قُوتِلْتُمْ لَنَنْصُرَنَّكُمْ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴿١١﴾﴾، ئەم دوو گێڕدراوەیە دێنین:

أ- {عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ﷺ: (أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا) قَالَ: عَبْدُ اللهِ بْنُ أُبَيِّ بْنُ سَلُولَ، وَعَبْدُ اللَّهِ بْنُ نَبْتَلٍ، وَرِفَاعَةُ بْنُ زَيْدٍ، وَأَوْسُ بْنُ قَيْظِيٍّ، وَإِخْوَانُهُم بَنُو النَّضِيرِ}[١]، واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس ﷺ دەڵێ: مەبەست لە: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا﴾، ئایا سەرنجی ئەو دەغەڵانەت نەداوە! (مەبەست پێیان) عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول و، عەبدوڵڵای کوڕی نەبتەل و، ڕیفاعەی کوڕی زەیدو، ئەوسی کوڕی قەیزیی و، برایەکانیان بەنو نەزیر، ئاشکراشە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەیی کوڕی سەلوول، وەک چۆن بەرگریی کرد لە (بَنُو النَّضِير)، بەرگرییشی کرد لە (بنو قینقاع)، وەک پێشتر بەسەرهاتەکەیانمان هێنا.

بۆیەش من لە تەفسیری ئەم سوورەتەدا، هەر وامگوتوە، کە خوا ﷻ بە گشتیی باسی ئەوانەی بێبڕوا بوون لە خاوەن کتێبانی، کردوەو، هەردوو هۆزی (بنو قینقاع وبَنُو النَّضِير) دەگرێتەوە، هەڵبەتە (بنو قُرَيظة)ش دەگرێتەوە، ئەوانیش دوایی خیانەتیان لێ دەرکەوت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان دواتر بەسەرهاتەکەیان هاتوە، ئەگەرنا ئەوانەی بێبڕوا بوون لە خاوەن کتێبان و، دەغەڵەکان کەین و بەینیان لەگەڵیان هەبوو، دەغەڵەکان کەین و بەینیان لەگەڵ هەر سێ تیرەکان دا هەبوو.

---

(١) فتح القدير للشوكاني: ج٥، ص٢٥٠.

ب- (أبو نُعَيم) له (دَلَائِل النُّبوّة)دا دەڵێ: مەبەست لە: ﴿ ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ ﴾ ئەمانە بوون: {عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيِّ بْنِ سَلُولٍ، وَدِيعَةُ وَمَالِكٌ ابْنَا نَوْفَلٍ، وَسُوَيْدُ وَدَاعِسٌ، بَعَثُوا إِلَى بَنِي النَّضِيرِ أَنْ اثْبُتُوا وَتَمَنَّعُوا، فَإِنَّا لَا نُسْلِمَكُمْ، وَإِنْ قُوتِلْتُمْ، قَاتَلْنَا مَعَكُمْ، وَإِنْ خَرَجْتُمْ، خَرَجْنَا مَعَكُمْ، فَتَرَبَّصُوا لِذَلِكَ مِنْ نَصْرِهِمْ، فَلَمْ يَفْعَلُوا، وَقَذَفَ الله فِي قُلُوبِهِمُ الله الرُّعبَ}[1].

واتــە: ئـەو مونافیقانـە بریتـی بـوون لـە (عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیی کوڕی سـەلوول و، وەدیعـەو مالیـک کـوڕانی نەوفـەل و، سـوەیدو داعیـس)، ئەوانـە نامەیـان نـاردو (بَنُـو النَّضِير)یـان ئـاگادار کـردەوە، کـە چەسـپاوبن و بەرگریـی بکـەن، ئێمـە پشـتتان بەرنادەیـن و، ئەگـەر جەنگیشـتان لـە دژ بکـرێ، ئێمـەش لەگەڵتانـدا دەجەنگیـن دژی بەرانبەرەکانتـان و، ئەگـەر دەریـش بکرێـن، ئێمـەش لەگەڵتـان دەردەچیـن، ئەوانیـش چاوەڕێـی ئـەو پشـتیوانییەی ئەوانیـان کـرد، بـەڵام هیچیـان نەکـردو، خـوا ﷻ ترسـی خسـتە دڵ و دەروونیانـەوە.

٢- دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم دوو ئایەتە، کە خوا دەفەرموێ: ﴿ كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾ ﴾.

لەو بارەوە بەسەرهاتێک گێڕراوەتەوەو، ئێمە دوو گێڕراوەی ئەو بەسەرهاتە دێنین:

أ- {عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طالِبٍ كانَ رَاهِبٌ يَتَعَبَّدُ فِي صَوْمَعَةٍ وأنَّ امْرَأةً كانَ لَها إخْوَةٌ، فَعَرَضَ لَها شَيْءٌ فَأتَوْهُ بِها، فَزَيَّنَتْ لَهُ نَفْسُها، فَوَقَعَ عَلَيْها، فَحَمَلَتْ، فَجاءَهُ الشَّيْطانُ، فَقالَ: اقْتُلْها فَإنَّهم إنْ ظَهَرُوا عَلَيْكَ افْتَضَحْتَ، فَقَتَلَها ودَفَنَها، فَجاءُوا فَأخَذُوهُ فَذَهَبُوا بِهِ، فَبَيْنَما هم يَمْشُونَ، إذْ جاءَهُ الشَّيْطانُ فَقالَ: إنِّي أنَا الَّذِي زَيَّنْتُ لَكَ فاسْجُدْ لِي سَجْدَةً أُنْجِكَ، فَسَجَدَ لَهُ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿ كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُاْ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾ ﴾} (أَخْرَجَهُ عبدالرزاق فِي تفسيره: ج٣، ص: ٢٨٥، وَعَنْهُ إسحاق بن راهويه

---

(١) فتح القدير للشوكاني: ج٥، ص٢٥٠.

في مسنده كما في المطالِب العالية: ٤١٤٣، إتحافُ الخيَرةِ المهرة: ٧٨٥٢، ومن طريقه الحاكم في المستدرك: ٣٨٥٤، وعنه البَيهقي في شعب الإيمان: ٥٤٥٠، قُلنا: فقول الحاكم هذا حديثٌ صحيحُ الإسنادِ ولم يُخرِجاهُ، مردودٌ، لكنهُ توبِعَ فأخرَجَهُ البُخاري في التأريخِ الكبير:٦٨٤، والطَّبَري في جامع البيان: ٣٣٩٩٤).

واتــە: لــە عەلــی کــوڕی ئەبــی تاڵیبــەوە ﷺ گێڕدراوەتــەوە، کــە ڕاهیبێــک لــە صەومەعەکــەی خۆیــدا، (لــە پەرســتگاکەی خۆیــدا)، خــوا پەرســتیی کــردوە، ئافرەتێـک چەنـد برایەکـی هەبـوون، شـتێکی بـۆ هاتۆتـە پێـش، (واتـە: نەخۆشـییەک نارەحەتییـەک)، برایەکانـی ئـەو ئافرەتەیـان هێنـاوە بـۆ لای ئەو ڕاهیبە، ئـەو ئافرەتەش خـۆی بـۆ ڕازاندۆتـەوەو، ئـەو پیـاوەش لەگەڵـی دا جـووت بـووەو، ئافرەتەکـەش تۆلـدار (حامـل) بـووە، شـەیتان هاتـوە بـۆ لای و گوتوویەتـی: بیکـوژە، چونکـە ئەگـەر پێـت بزانـن، ئابـڕووت دەچـێ، ئیـدی ئافرەتەکـەی کوشـتوەو خسـتوویەتە ژێـر خـاک، برایەکانیشـی هاتـوون ئـەو ڕاهیبەیـان گرتـوەو بردوویانـە، کاتێـک کـە دەیانـبرد (واتـە: بـۆ کوشـتن)، شـەیتان هاتـە لای و گوتـی: مـن بـووم ئـەو گوناهـەم بـۆ تـۆ جـوان کـرد، ئێسـتاش یەکجـار کڕنووشـم بـۆ ببـە، دەربـازت دەکـەم، ئەویـش کڕنووشـی بـۆ بـرد، (کافریشـی کـردو دەربازیشـی نەکـرد)، ئنجـا خـوا لـەو بـارەوە ئـەو دوو ئایەتـە موبارەکـەی دابەزانـدن.

ب- [قَالَ: أَخْبَرَنَا شُعْبَةُ، عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ، قَالَ: سَمِعْتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ نَهِيكٍ، قَالَ: سَمِعْتُ عَلِيًّا، ﷺ يَقُولُ: إِنَّ رَاهِبًا تَعَبَّدَ سِتِّينَ سَنَةً، وَإِنَّ الشَّيْطَانَ أَرَادَهُ فَأَعْيَاهُ، فَعَمَدَ إِلَى امْرَأَةٍ فَأَجَنَّهَا، وَلَهَا إِخْوَةٌ، فَقَالَ لِإِخْوَتِهَا: عَلَيْكُمْ بِهَذَا الْقِسِّ فَيُدَاوِيهَا، فَجَاءُوا بِهَا، قَالَ: فَدَاوَاهَا، وَكَانَتْ عِنْدَهُ، فَبَيْنَمَا هُوَ يَوْمًا عِنْدَهَا إِذْ أَعْجَبَتْهُ، فَأَتَاهَا فَحَمَلَتْ، فَعَمَدَ إِلَيْهَا فَقَتَلَهَا، فَجَاءَ إِخْوَتُهَا، فَقَالَ الشَّيْطَانُ لِلرَّاهِبِ: أَنَا صَاحِبُكَ، إِنَّكَ أَعْيَيْتَنِي، أَنَا صَنَعْتُ بِكَ هَذَا، فَأَطِعْنِي أُنْجِكَ مِمَّا صَنَعْتُ بِكَ، اسْجُدْ لِي سَجْدَةً، فَسَجَدَ لَهُ؛ فَلَمَّا سَجَدَ لَهُ قَالَ: إِنِّي بَرِيءٌ مِنْكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ: ﴿ كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ

إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾ ﴾، قُلْنَا: وَهَذَا سَنَدٌ حَسَنٌ].

واتە: شوعبە لە ئەبوو ئیسحاقەوە هێناویەتی، دەڵێ: گوێم لە عەبدوڵای کوڕی نەهیک بوو گوتی: گوێم لە عەلی بوو ﷺ، گوتی: ڕاهیبێک شەست ساڵ خوا پەرستیی کرد، شەیتانیش ویستی هەڵیخەڵەتێنێ، بەڵام شەیتانی دەستەوسان کردو زەفەری پێ نەبرد، شەیتان هەڵسا چووە جەستەی ئافرەتێک و ئەو ئافرەتەی شێت کرد، ئەو ئافرەتەش چەند برایەکی هەبوون، شەیتان بە برایەکانی گوت، (هاتە کڵێشەیانەوەو خوتخوتەی بۆ کردن)، کە ئەو خوشکەتان بەرن بۆ لای ئەو قەشەیە، (خوا پەرستی نەصرانییەکان)، بۆ ئەوەی چارەسەری بکات، بۆیان برد، ئەو خواپەرستەش چارەسەری دەکرد، ماوەیەک لە لای بوو، ڕۆژێک کە لە لای بوو، ڕاهیبەکە تەماحی تێکردو پێی سەرسام بوو، لەگەڵی جووتبوو، تۆڵدار بوو، دواتر ئافرەتەکەی کوشت، برایەکانی هاتن و پێیان زانی، شەیتان بە ڕاهیبەکەی گوت: من هاوەڵەکەتم، تۆ منت دەستەوسان کردو زەفەرم پێ نەبردی و، من ئەوەم بە تۆ کرد، ئێستاش بە قسەم بکە، دەربازت دەکەم، لەوەی پێم کردووی، یەکجار کڕنووشم بۆ ببە، دوای ئەوەی کڕنووشی بۆ برد، ئنجا شەیتان پێیگوت: من لە تۆ دوورم، من لە پەروەردگاری جیهانییان دەترسێم[1].

---

(١) هەردووک نووسەری (الإستيعاب في بيان الأسباب) گوتوویانە: گومان: ئەمە سەنەدێکی باشە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خـوا ﷻ لـەم حـەوت ئایەتـەدا، وەک گوتمـان، باسـی هەڵوێسـتی موونافیقەکانـی مەدینـە دەکات، بـە سـەرکردایەتیی و دەمڕاسـتیی عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلووول، کـە چـۆن کەیـن و بەینیـان بـووە، لەگـەڵ جوولەکەکانـداو، پێشـتر بەسـەرهاتەکەیانمان باسـکرد، هـەم لەگـەڵ (بَنُـو قَيْنُقَـاع)دا، کـە عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلووول بەرگریـی لێکـردن و، کەیـن و بەینـی لەگەڵیانـدا هەبـوو، هەروەهـا لەگـەڵ (بَنُـو النَّضِير)یشـدا، بـەڵام پشـتگیریی کردنەکـەی موونافیقـەکان بـۆ ئـەو دوو هـۆزە جوولەکەیـە، هـەر بـە زیانـی ئـەوان تـەواو بـووەو، لـە تەنگانـەدا پشـتیان بـەرداون و، بـە کەڵکیـان نەهاتـوون، لـە بەڵێنەکانیانـدا کـە پێیـان داون، درۆیـان کـردوە.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا يَقُولُونَ لِإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ﴾، ئایـا تەماشـای ئەوانـەت نەکـردوە، کـە نیفاقیـان کـردوە، دەغەڵیـی و دووڕوویيـان کـردوە، بـە برایەکانیـان ئەوانـەی بێبڕوابـوون لـە خـاوەن کتێبـان دەیانگـوت، لێـرەدا خـوا ﷻ بـە کـرداری بـەردەوام (**فعـل المضـارع**) دەیهێنێـت، بـۆ ئـەوەی وێنەکـەی بخاتـە بەرچاومـان، ئەگەرنـا باسـی شـتێک دەکات، کـە تێپەڕیـوە، چییـان پـێ دەگوتـن؟ ﴿لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا﴾، بـە دڵنیایـی ئەگـەر ئێـوە دەربکرێـن، ئێمـەش لەگەڵتـان دەردەچیـن، چونکـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـاگاداری کردبوونـەوە، کـە مـادام ئێـوە خیانەتتـان لـێ دەرکـەوت، دەبـێ ئێـرە بەجێبهێڵـن، چونکـە کاتـی خـۆی بـەو مەرجـە لـەوێ بـوون، کـە لـە پشـتەوە خەنجـەری غـەدر نەوەشـێنن و، نەبنـە مۆڵگەیـەک بـۆ دوژمنـان و ناحەزانـی ئـەو دەوڵەتـە ئیسـلامییە تـازە پێگرتـوە، هـەردوو هـۆزی (**بنـو قینوقـاع و بنـو النضیر**)، کەیـن و بەینیـان لەگـەڵ کافـرەکان دا بـوو و، زۆریـش بـێ منـەت بـوون لـە پێغەمبـەری خـوا

ﷺ و لـە مسـوڵمانان، بەڵکـو (بنـو قینوقـاع) دەسـتدرێژییان کـردە سـەر کەرامـەت و ئابـڕووی ئافرەتێـک، (بنـو النضیر)یـش تەگبیریـان کـرد بـوو بـۆ کوشـتنی پێغەمبـەری خـوا ﷺ و، لەگـەڵ کافرەکانـی قورەیشـدا کەیـن و بەینیـان هەبـوو، بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ ئـاگاداری کردنـەوە کـە دەبـێ مەدینـە چـۆڵ بکـەن.

ئنجـا مونافیقـەکان گوتیـان: ﴿ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ ﴾، ئەگـەر ئێـوە دەربکرێـن، ئێمـەش لەگـەڵ ئێـوە دەردەچیـن، ئێمـەش وڵاتـی خۆمـان بەجـێ دەهێڵیـن و، پێکـەوە ڕەو و کـۆچ دەکەیـن، ﴿ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا ﴾، واتـە: (ولا نُطيـعُ فِي إضْرَارِكُـم)، ئەمـە بەپێـی سـیاق و بـە سـەلیقە دەزانـرێ: هەرگیـز لـە ئێوەداو لـە زیانـی ئێـوەدا، گوێڕایەڵیـی و فەرمانبەریـی کـەس ناکەیـن، ﴿ وَإِن قُوتِلْتُمْ لَنَنصُرَنَّكُمْ ﴾، ئەگـەر گریـمان جەنگیشـتان لـە دژ بکـرێ، ئێمـە پشـتگیرییتان دەکەیـن، ﴿ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴾، (خـوا ﷻ دەفەرمـوێ:) خـواش شـایەدیی دەدات، کـە بـە دڵنیایـی درۆکارن، درۆزنـن.

﴿ لَئِنْ أُخْرِجُوا لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ ﴾، ئەگـەر وەدەربنرێـن، لەگەڵیـان دەرناچـن، ﴿ وَلَئِن قُوتِلُوا لَا يَنصُرُونَهُمْ ﴾، ئەگـەر جەنگیشـیان لـە دژ بکـرێ، پشـتیان ناگـرن، ﴿ وَلَئِن نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴾، ئەگـەر پشتگیرییشـیان بکـەن، گریـمان پشتگیرییشـیان بکـەن، پشـت هەڵدەکـەن، پـاش دەکەنـە مسـوڵمانان، دواییـش هیـچ یارمەتییدەرێـک و هیـچ هاوکارێکیـان نابـێ.

دەگونجـێ ئـەم ئایەتـە موبارەکانـە، لـە گەرمـەی جەنگـی پێغەمبـەرو مسـوڵمانان لەگـەڵ (بنـو النضـیر)دا -- چونکـە (بنـو قینقـاع) پێشـتر ڕابـردوون -- لـەو کاتـەدا هاتبنـە خـوار، دەشـگونجێ دوای ئـەوە هاتبنـە خـوار، بـەڵام خـوای کاربەجـێ بـە شـێوەی ئێسـتا باسـی دەکات، بـۆ ئـەوەی دیمەنەکـە بکەوێتـە بەرچـاو، ﴿ لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ اللَّهِ ﴾، (رَهبَة) بـە مانـای تـرس و سـامە، (أي: لأنتُم أشَدُّ مَرهوبيَّةً فِي صُدُورِهِـم مِـنَ اللـه)، ئێـوە سـاملێکراوترن لـە سـینەکانی ئـەوان دا، لـە خوا،

واتـە: ئـەو تـرس و سـامەی بەرانبـەر بـە ئێوەیـان هەیـە، بەرانبـەر بـە خـوای زاڵ و توانیانـە، ئنجـا ئایـا ئـەوە ڕاسـتە؟ نەخێـر، ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴾، ئـەوەش بەهـۆی ئەوەوەیـە کـە ورد تێناگـەن، قـووڵ تێناگـەن، لێـرەدا خـوا ﷻ باسـی سینەکان (صُـدور)ی کـردوە، دوایـی باسـی دڵـەکان (قلـوب) دەکات، لێـرە بۆیـە باسـی (صُـدور) دەکات، -(صُـدور) کـۆی (صَـدر)ە، سـینەش، شـوێنی دڵـە، نشـینگەی دڵـە- چونکـە ئەگـەر سینەکە هەمـووی پـڕ بووبـێ لـە سـام، مانـای وایـە ئـەو تـرس و سـامە چۆتـە نێـو دڵـەوەو، دڵەکەشـی پـڕ کـردوە، لەوێشـدا جێـی نەبۆتـەوەو سینەکەشـی هەمـوو داگرتـوە، واتـە: ئـەم تەعبیـرە هێـزو قوەتـی زیاتـری تێدایـە، بـۆ وێناکردنـی ئـەو تـرس و سـامەی، مونافیقـەکان یاخـود جوولەکـەکان، یاخـود هەردووکیـان، بەرانبـەر بـە مسـوڵمانانیان هەبـووە.

﴿ لَا يُقَاتِلُونَكُمْ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرًى مُّحَصَّنَةٍ أَوْ مِن وَرَاءِ جُدُرٍ ﴾، وێکـڕا لـە دژتـان ناجەنگـن، مەگـەر لـە ئاوەدانییـە مەحکەمەکانـدا، یـان قەڵادارەکانـدا، یاخـود لـە پشـت دەرو دیوارانـەوە، واتـە: هەرگیـز بوێریـی ئەوەیـان نیـە، بۆتـان بێنـە مەیـدان، مەیدانێکـی دیـار، مەگـەر لـە نێـو قەڵایانـدا، یـان لـە نێـو ئاوەدانیـی وادا کـە شـوورەی مەحکەمـی هەبـێ، یاخـود لـە پشـت دەرو دیـوارەوە لـە دژتـان بجەنگـن، ئەگەرنـا ناتوانـن بۆتـان بێنـە مەیدانـێ، ﴿ بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ ﴾، هێزیـان لـە نێـوان خۆیانـدا تونـدە، واتـە: وەختێـک جوولەکـەکان، هەروەهـا دەغەڵـەکان لـە نێـوان خۆیانـدا ناکـۆک دەبـن، پێکـەوە زۆر تونـدو سـەختن، ﴿ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ ﴾، بـە پێکـەوەو تۆکمەیـان تێدەگـەی، بـەڵام دڵیـان بـەش بەشـە، (قُلوبُهـم مُتَفَرِقـةٌ)، دڵەکانیـان پـرژو بـڵاون، هەریەکەیـان مەبەسـتێکی هەیـە، جوولەکـەکان هـەر کامێکیـان مەبەسـتێکیان هەبـوو، مونافیقـەکان هـەر کامێکیـان مەبەسـتێکیان هەبـوو، بـە گشـتیی مونافیقـەکان مەبەسـتیان ئـەوە بـوو، لـە پەنـای جوولەکـەکان دا، زیـان بـە پێغەمبـەرو مسـوڵمانان بگەیەنـن، جوولەکەکانیـش مەبەسـتیان ئـەوە بـوو، لـە شـوێنی خۆیـان بمێننـەوەو، هـەروەک خەنجەرێـک بـن لـە کەلەکـەی دەوڵەتـی

ئیسلامییداو، لە پشتەوەڕا هەر دەرفەتێکیان بۆ ڕێککەوت، خەنجەری غەدر لە ئیسلام و مسوڵمانان بوەشێنن، واتە: هەر کامێکیان مەبەستێکی جیا لەوی دیکەی هەبوو، لە نێو خۆشیان دا، هەر مەبەستی جیاجیایان هەبوون، بە پێچەوانەی مسوڵمانانەوە، کە هەموویان یەک مەبەستیان هەبوو: ئەو ئایینەی خوا بۆی ناردوون، بیچەسپێنن و، پێغەمبەری خوا ﷺ و پەیامەکەی سەربخەن و، پشتگیریی بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پەیام و بەرنامەیەی خوا ناردوویەتی، ببێتە سایەو سێبەرێک بۆ خۆیان و دەوروبەریان و، دوایی بۆ مرۆڤایەتیی و، لە ژێریدا بەختەوەری دنیا و سەرفرازی دواڕۆژ بن، ئەو ئامانجە هەموو ئەهلی ئیمانی کۆ کردبۆوەو، دڵی پێکەوە گرێدابوون، بەڵام ئەوان چونکە ئامانجی ناشەرعییان هەبوو، ئامانجی جۆراوجۆریان هەبوون، بۆیە هێزو پێزیشیان نەبوو، ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴾، ئەویش بەهۆی ئەوەوە بوو، کە ئەوانە کۆمەڵێک بوون، نەیاندەفامی و، عەقڵیان پێ نەدەشکا، کەواتە: لێک بڵاوبوون و پرژو بڵاوبوونی هەر کۆمەڵێک، هۆکارەکەی بێ عاقڵیی و کەودەنیی و نەفامییانە، ئەمە دەرسیشە بۆ مسوڵمانان کە پەند وەربگرن.

ئنجا خوا ﷻ دوو وێنە دێنێتەوە بۆ حاڵی مونافیقەکان و جوولەکەکان و دەفەرمووێ: ﴿ كَمَثَلِ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَرِيبًا ذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، وێنەی ئەم هۆزی (بَنو النَّضیر)، وەک وێنەی ئەوانەی پێش خۆیانە بەو نیزیکانە، کە سزای سەرەنجامی شوومی خۆیانیان چێژت، دەگونجێ لێرەدا مەبەست (بَنو قَیْنُقَاع) بێ، دەشگونجێ مەبەست هۆزی قورەیش بێ، کە لە جەنگی بەدردا تێکشکان، ﴿ ذَاقُوا وَبَالَ أَمْرِهِمْ ﴾، سزای سەرەنجامی کاری خراپی خۆیانیان چێژت، واتە: ئەو کارە خراپەی کردبوویان، سەرەنجامە شووم و خراپەکەییان چێژت، ئەوە لە دنیادا، ﴿ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴾، لە دواڕۆژیشدا سزاو ئازارێکی بە ئێشیان بۆ هەیە.

ئنجا وێنەیەکی دیکە دێنێتەوە: ﴿ كَمَثَلِ الشَّيْطَانِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَانِ اكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيءٌ مِّنكَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ ﴾، هەروەها وێنەیان وەک وێنەی

شـەیتانە، کـە بـە مرۆڤـی گـوت: بێبـڕوا بـە، کاتـێ بێبـڕوا بـوو، گوتـی: مـن لـە تـۆ دوورم، حاشـات لێدەکـەم، مـن لـە خـوای پـەروەردگاری جیهانییـان دەترسـێم.

﴿ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ﴾، سـەرەنجامی ئـەو دووانـە، واتـە: سـەرەنجامی شـەیتان و ئـەو مرۆڤـە، کـە بـە قسـەی شـەیتان بێبـڕوا بـوو، ئەوەبـوو کـە هەردووکیـان لـە دۆزەخـدا هـەر مـاو دەبـن، هەمیشـەیی دەبـن. ﴿ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئـەوەش سـزای سـتەمکارانە.

لـە هـۆکاری هاتنـە خـوارەوەی ئایەتەکانـدا، باسـمان کـرد: وێنـەی یەکـەم بـۆ خسـتنەڕووی حاڵـی مونافیقەکانـە، کـە هـۆزی (**بنـو قينقاع**)یشـیان هـەر بـەو دەردە بـردو، لەگـەڵ قوڕەیشیشـدا کەیـن و بەینێکیـان هەبـوو، بـەڵام دوایـی هیچیـان بـۆ نەکـردن.

وێنـەی دووەمیـش، چ مەبەسـتی پـێ مـرۆڤ بـێ بەگشـتیی، چ کەسـێکی تایبـەت بـێ و هـۆی هاتنـە خوارەوەکـەش باسـی ڕاهیبێـک دەکات، کـە لـە هەندێـک لـە سـەرچاوەکاندا هاتـوە، نـاوی (**بَرصيصا**) بـووە، کـە شەسـت سـاڵ خـوا پەرسـتیی کردو، دوایـی شـەیتان فریـوی دا، ئنجـا ئەگـەر مەبەسـت ئـەو ڕاهیبـەش بـێ، بێگومـان (**المَثَلُ يُضْرَبُ ولا يُقـاس**) وێنـە دەهێنرێتـەوەو قیـاس ناکرێتـە سـەرێ، هەروەهـا (**إنَّ خُصُـوصَ السَّـبَبِ لا يَمْنَـعُ شُـمُولَ المَعْنَـى**)، تایبەتمەندبوونـی هـۆکار، ڕێ لـە گشـتگیربوونی مانـا ناگرێ، کەواتـە: هـەر مەبەسـت پێـی شـەیتانە، کـە نـاوا زەفـەر بـە مـرۆڤ دەبـات و هەڵیدەخەڵەتێنـێ و، دواییـش پشـتی بـەردەداو، هیچ بـە کەڵکی نایـەت، دوای ئەوەی کڵاوی لەسـەر نـاوە، هـەم لـە دنیـادا پشـتی بـەردەدا، هـەم لـە ڕۆژی دواییشـدا، وەک لـە سـوورەتی (**إبراهيـم**)دا خـوا ﷻ بـاس دەکات: ﴿ وَقَالَ ٱلشَّيْطَٰنُ لَمَّا قُضِىَ ٱلْأَمْرُ إِنَّ ٱللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ ٱلْحَقِّ وَوَعَدتُّكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ ۖ وَمَا كَانَ لِىَ عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍ إِلَّآ أَن دَعَوْتُكُمْ فَٱسْتَجَبْتُمْ لِى ۖ فَلَا تَلُومُونِى وَلُومُوٓا۟ أَنفُسَكُم ۖ مَّآ أَنَا۠ بِمُصْرِخِكُمْ وَمَآ أَنتُم بِمُصْرِخِىَّ ۖ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُ ۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ

أَلِيمٌ ﴿٢٢﴾، دوای ئـەوەی کارەکـە بڕایـەوە شـەیتان گوتـی: بێگومـان خـوا بەڵێنـی ڕاسـتی پێـدان، منیـش بەڵێنـی درۆم پێـدان و بەڵێنەکـەم ڕاسـت نەبردەسـەر، [ئـەو سەرەنجامەشـتان خەتـای مـن نەبـوو]، چونکـە مـن هیـچ هەمژموونـم بەسـەرتانە نەبـوو، مەگـەر ئەوەنـدە کـە بانگـم کـردن و ئێـوەش بەدەممـەوە هاتـن، [خەتـای خۆتـان بـوو]، بۆیـە لۆمـەی مـن مەکـەن و لۆمـەی خۆتـان بکـەن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

سەرنجراکێشان بۆ ئەو دەغەڵانەی، کەین و بەینیان لەگەڵ جوولەکەکاندا هەبوو، بەڵێنیان پێدابوون کە بە هەموو شێوەیەک پشتیوانیان بن، بەڵام ڕاستیان لەگەڵ نەکردن، لە سۆنگەی زۆر ترسانیانەوە (جوولەکەو دەغەڵەکان) لە بڕواداران و، نەوێرانی ڕووبەڕووبوونەوەیان، مەگەر لە ئاوەدانیی زۆر مەحکەم و، لە پەنای دەرو دیواران دا، ئەویش بەهۆی تێنەگەیشتوویی و نەفامییانەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا يَقُولُونَ لِإِخْوَانِهِمُ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ
الْكِتَابِ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا وَإِنْ قُوتِلْتُمْ لَنَنصُرَنَّكُمْ
وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَاذِبُونَ ﴿١١﴾ لَئِنْ أُخْرِجُوا لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ وَلَئِن قُوتِلُوا لَا يَنصُرُونَهُمْ وَلَئِن
نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ ﴿١٢﴾ لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ
اللَّهِ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ ﴿١٣﴾ لَا يُقَاتِلُونَكُمْ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرًى مُّحَصَّنَةٍ أَوْ
مِن وَرَاءِ جُدُرٍ بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا
يَعْقِلُونَ ﴿١٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەڤدە بڕگەدا:

١)- ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا﴾، ئایا سەرنجت نەداوەتە ئەوانەی نیفاقیان کردوە، دەغەڵیان کردوە! پرسیارکردنی سەرسوڕماندنە (**الإِسْتِفْهَامُ لِلتَّعْجِيْب**)، ڕووی دواندن لە پێغەمبەری خوایە ﷺ، لە پشت ئەویشەوە ڕووی دواندن لە هەر کەسێکە، بشێ بدوێنرێ، ئایا نەتڕوانیوەتە ئەوانەی نیفاقیان کرد، واتە: بە چاوی عەقڵ و دڵ تەماشات نەکردوون، ئەگەرنا مەرج نیە بە چاوی سەر هەموویان ببینرێن.

٢)- ﴿يَقُولُونَ لِإِخْوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ﴾، بەو برایانەیان کە بێبڕوا بوون، لە خاوەن کتێبەکان، دەڵێن، بۆیە خوا ﷻ بە ڕێژگەی ئێستا (**صِيْغَة المُضَارِع**)، هێناویەتی، تاکو وێنەو دیمەنەکە بخاتە بەرچاو.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿يَقُولُونَ لِإِخْوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْ أَهْلِ ٱلْكِتَـٰبِ﴾، بـە برایەکانیـان دەڵێنەوانـەی بێبڕوابـوون لـە خـاوەن کتێبـان، کەواتـە: هەمـوو ئەوانـەی بێبـڕوان، بـرای یەکـن، (**الكُفْرُ مِلَّةٌ وَاحِدَة**)، هەروەهـا (**الإِسْلَامُ مِلَّةٌ وَاحِدَة**)، ئەوانـەی بێبـڕوا بـوون لـە خـاوەن کتێبـان کـێ بـوون؟ هەمـوو تەفسـیرەکان هـەر دەڵێـن: (**بَنُـو النَّضِـير**) بـوون، بـەڵام ئێمـە پێـمان وایـە هـەردوو هـۆزی (**بنـو قينُقـاع وبَنُـو النَّضِـير**) بـوون، بەڵـێ (**بنـو قينُقـاع**) پێشـتر دەرکـراون، بـەڵام خـوا ﷻ لێـرەدا باسـی ئەوانیـش دەکات، چونکـە هەڵوێسـتی دەغەڵـەکان لەگـەڵ هـۆزی (**بَنُـو النَّضِـير**) ی جوولەکـەدا، هەمـان هەڵوێسـتیانیش بـوو لەگـەڵ (**بنـو قينُقاع**)یشـداو، بەرگریـی کردنـی عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول لـە (**بنـو قينُقـاع**)، هـەروەک بەرگریـی کردنـی لـە (**بَنُـو النَّضِـير**) بـوو، کـە داوای لـە پێغەمبـەری خـوا کـرد ئیزنیـان بـدات و، بەرگریـی لێکـردن، چونکـە لـە سـەردەمی نەفامییـدا هاوپەیمانیـان بـووە، هەروەهـا وەک خـواش فەرموویەتـی، لـە کوفریشـدا پێکـەوە بـرا بـوون.

عەبدوڵڵای کـوڕی عەبباس (خـوا لێیان ڕازی بـێ)، وەک (**الطبري**) لە تەفسـیرەکەیدا لێیـەوە هێناویـەتی، گوتوویـەتی: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ نَافَقُواْ﴾، (**أي: عَبْدُالله بْـنُ أُبي بْـنُ سَـلُول وَأَصْحَابُـهُ**)، (**جامـع البيـان: ٣٣٩٨٦**) واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی ئوبەیـی کـوڕی سـەلوول و هاوەڵەکانـی، ﴿يَقُولُونَ لِإِخْوَٰنِهِمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ﴾، بـە هـۆزی (**بَنُـو النَّضِـير**) ی جوولەکـە دەڵێـن، ئـەو تەنیـا هـۆزی (**بَنُـو النَّضِـير**)ی هێنـاوە، بـەڵام ئایەتەکـە وەک چـۆن (**بَنُـو النَّضِـير**) دەگرێتـەوە، (**بنـو قينُقاع**)یـش دەگرێتـەوە.

چیان پێدەڵێن؟

٣)- ﴿ لَئِنْ أُخْرِجْتُمْ لَنَخْرُجَنَّ مَعَكُمْ ﴾، (دەڵێن:) بە دڵنیاییەوە ئەگەر دەربکرێن، (وەدەربنرێن لە ماڵ و حاڵی خۆتان)، ئێمەش مسۆگەر لەگەڵتان دەردەچین، (ل) ی ﴿ لَئِنْ ﴾، (اللامُ مُوَطِّئَةٌ لِلقَسَم)، ئەم لامە ڕێخۆشکەرە بۆ سوێند، واتە: زۆر بە جەختکردنەوە پێیان گوتن دڵنیاتان دەکەینەوە، ئەگەر ئێوە دەربکرێن، ئێمەش لەگەڵ ئێوە دەردەچین.

٤)- ﴿ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ أَحَدًا أَبَدًا ﴾، لە زیان لێدانتان دا، هەرگیز گوێڕایەڵیی هیچکەس ناکەین، (وَلاَ نُطِيْعُ فيكم، وَمَعْنَى فِيكُمْ أَي: (فِي شَأْنِكُمْ)، وَيُعْرَفُ هَذَا بِقَرِينَةِ المَقَام، أَيْ فِي ضُرِّكُمْ، إِذْ يُقَدَّرُ مُضَاف بِمَا يُنَاسِبُ المَقَامَ)، کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ ﴾، (أي: فِي شَأْنِكُم)، واتە: لە بارەی ئێوەوە، بەپێی نیشانەی ڕەوت دەزانرێ، واتە: لە زیان پێگەیاندنی ئێوەدا، چونکە پاڵدراوێک مەزەننە دەکرێ، کە حاڵ و شوێن دەیخوازێ، ﴿ وَلَا نُطِيعُ فِيكُمْ ﴾، (أي: وَلاَ نُطِيْعُ فِي ضُرِّكُم)، لە زیان لێدانی ئێوەدا، بە قسەی هیچ کەس ناکەین هەرگیز.

٥)- ﴿ وَإِن قُوتِلْتُمْ لَنَنصُرَنَّكُمْ ﴾، ئەگەر جەنگیشتان لە دژ بکرێ، پشتتان دەگرین، (النَّصْرُ: الإِعَانَةُ عَلَى المُعَادِي)، (نصر): بریتیە لە یارمەتییدان لەسەر کەسێک کە دژایەتیی دەکات.

٦)- ﴿ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴾، خواش شایەدیی دەدات کە ئەوانە درۆکارن، کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴾، (إِنَّ) بۆ جەختکردنەوەیە، (ل)ی ﴿ لَكَٰذِبُونَ ﴾، (مَوطِّئَةٌ لِلقَسَم) زەمینە خۆشکەرە بۆ سوێند، واتە: خوا ﷻ شایەدیی دەدا، یاخود زانیارییەک دەزانێ وەک بینین، کە ئەوانە درۆکارن.

٧)- ﴿ لَئِنْ أُخْرِجُوا۟ لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ ﴾، ئەگەر دەربکرێن، (جوولەکەکان دەربکرێن)، مونافیقەکان لەگەڵیان دەرناچن.

٨)- ﴿ وَلَئِن قُوتِلُوا۟ لَا يَنصُرُونَهُمْ ﴾، ئەگەر جەنگیشیان لە دژ بکرێ، پشتیشیان ناگرن.

٩)- ﴿ وَلَئِن نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ ٱلْأَدْبَٰرَ ﴾، ئەگەر گریمان پشتیشیان گرتن، پاش دەکەنەوە، (پاش دەکەنە مسوڵمانان).

١٠)- ﴿ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ﴾، دواییش سەرناخرێن و پشتیوانیی ناکرێن.

یانی: لە هەر سێ بەڵێنەکانیاندا درۆ دەکەن:

أ- کە گوتوویانە: لەگەڵتان دەردەچین، ڕاست ناکەن.

ب- کە گوتوویانە: ئەگەر جەنگ لە دژتان بکرێ، هاوکارییتان دەکەین، ڕاست ناکەن.

ج- دواییش کە گوتوویانە: پشتگیرییتان دەکەین و، خۆمانتان لەسەر بە کوشت دەدەین، ڕاست ناکەن، بەڵکو ئەگەر گریمان جەنگیش ببێ، پاش دەکەنەوەو ڕادەکەن.

لێرەدا ئەم شێوازەی دەربڕین، لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە پێی دەگوترێ: (**أسلوب الإطناب**) واتە: شێوازی درێژکردنەوەی قسان، چونکە مەقامەکە وا دەخوازێ، ئەگەرنا قورئان هەمووی، مەگەر شوێنێکی ئاوا مەقام و حاڵ بیخوازێ، ئەگەرنا بە شێوەی کورت و پوخت خوا فەرمایشتی کردوە، بەڵام لێرە خوا ﷻ بە درێژ کردنەوەوە دەفەرموێ: ﴿لَئِنْ أُخْرِجُوا لَا يَخْرُجُونَ مَعَهُمْ وَلَئِن قُوتِلُوا لَا يَنصُرُونَهُمْ وَلَئِن نَّصَرُوهُمْ لَيُوَلُّنَّ الْأَدْبَارَ ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ﴾، واتە: خوا ﷻ ئەم مەبەستە کە پێشتر باسی فەرمووە، دووبارەی کردۆتەوە بە شێوازی لابردن (**نفي**) و، ئەمەش جۆرێکە لە درێژە پێدان.

کە دەفەرموێ: ﴿ثُمَّ لَا يُنصَرُونَ﴾، ﴿ثُمَّ﴾، لێرەدا: (**للتراخي الرُّتبي**) بۆ بە دوای یەکداهاتنی پلەبەندیی و پێگەییە، چونکە ئەوە کە سەرنەخرێن و، پشتگیریی نەکرێن، گرنگترە لەوە کە ئایا ئەگەر بەرگریی بکەن، پشتگیرییان دەکەن، یاخود نا؟ گرنگ ئەوەیە سەرەنجامەکە ئەوەیە سەرناخرێن، ئەوەش بۆ دڵنیا کردنەوەی مسوڵمانانە، ئەگەر لە گەرمەی جەنگەکەدا هاتبێتە خوار، لە گەرمەی ئابڵووقەکەدا، بۆ ترساندنی بەرانبەرەکانەو، ئەگەر دواییش هاتبێ بۆ دڵخۆشکردنی مسوڵمانانیشە، کە هەر کاتێک لە دژی مونافیق و جوولەکەو، بێبڕوایەکان ڕووبەڕوو بوونەوە، مادام لەسەر غەدرو پەیمان شکێنیی بێ، دڵنیابن کە هەر سەرکەوتوون.

لێــرەدا قســەیەکی **(الطــبري)** دێنیــن کــە لــە تەفســیرەکەی خــۆی دا[١]، بــۆ ڕوونکردنــەوەی چەمــک و واتــای ئــەم ئایەتــە موبارەکانــە هێناویــەتی، **(الطــبري)** شــێوازێکی تایبەتــی خــۆی هەیــە، شــێوازێکی زۆر ڕوون، زۆریــش مانــا بەدەســتەوە دەر: **(أَلَمْ تَنْظُرْ بِعَيْنِ قَلْبِكَ يَا مُحَمَّدُ! فَتَرَى إِلَى الَّذِينَ نَافَقُوا، وَهُمْ فِيمَا ذُكِرَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أُبَيِّ بْنِ سَلُولٍ، وَوَدِيعَةُ، وَمَالِكٌ ابْنَا نَوْفَلٍ، وَسُوَيْدٌ وَدَاعِسٌ، بَعَثُوا إِلَى بَنِي النَّضِيرِ حِينَ نَزَلَ بِهِمْ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ لِلْحَرْبِ، أَنِ اثْبُتُوا وَتَمَنَّعُوا، فَإِنَّا لَنْ نُسْلِمَكُمْ، وَإِنْ قُوتِلْتُمْ قَاتَلْنَا مَعَكُمْ، وَإِنْ خَرَجْتُمْ، خَرَجْنَا مَعَكُمْ، فَتَرَبَّصُوا لِذَلِكَ مِنْ نَصْرِهِمْ، فَلَمْ يَفْعَلُوا، وَقَذَفَ اللَّهُ فِي قُلُوبِهِمُ الرُّعْبَ، فَسَأَلُوا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ أَنْ يُجْلِيَهُمْ، وَيَكُفُّ عَنْ دِمَائِهِمْ، عَلَى أَنَّ لَهُمْ مَا حَمَلَتِ الْإِبِلُ مِنْ أَمْوَالِهِمْ إِلاَّ الْحَلْقَةَ)**.

واتــە: ئایــا بــە چــاوی دڵــت نــەی موحەممــەد! ﷺ، ســەرنجت نــەداوە، تاکــو ئەوانــەی نیفــاق و دەغەڵیــان کــردوە، بیانبینــی، کــە وەک باســکراوە بریتــی بــوون لــە: عەبدوڵڵای کــوڕی ئوبەیــی کــوڕی ســەلوول و، وەدیعــەو مالیــک هەردووکیــان کــوڕی نەوفــەل بــوون، ســوەیدو داعیــس، (بَنُو النَّضِير)یــان ئــاگادار کــردەوە، لــە کاتێــک دا پێغەمبــەری خــوا ﷺ ئابڵووقــەی دان، بــۆ جەنــگ لــە دژ کردنیــان، موناfیقــەکان پێیــان گوتــن: چەســپاوبن و بەرگریــی بکــەن، ئێمــە هەرگیــز پشــتتان بەرنادەیــن و، ئەگــەر جەنگیشــتان لــە دژ بکــرێ، ئێمــەش لەگــەڵ ئێــوەدا لــە یــەک ســەنگەردا دەجەنگیــن، ئەگــەر دەریــش بچــن، لەگەڵتــان دەردەچیــن، ئەوانیش چاوەڕێــی ئــەو یارمەتییدانەیان کــردن، بــەڵام هیچیــان نەکــردو، خــواش تــرس و لــەرزی خســتە دڵیانــەوە، بۆیــە داوایان لــە پێغەمبــەری خــوا ﷺ کــرد، دەریــان بــکات، (واتــە: دەســت لــە خوێنیــان بپارێــزێ) و بــڕۆن وڵاتەکــە بەجێبهێڵــن، بــەو مەرجــەی ئەوەنــدەی حوشــتر دەیتوانــێ[٢]، [ئنجا ئایا یەکــێ حوشــترێک، یەکــی دووان، هەندێکیــان گوتوویانــە: یەکــێ بــاری یــەک حوشــتر،

---

(١) جامع البيان: ج٢٨، ص ٢٨ و ٤٩.

(٢) ئێوان کەوانەکان زێدەی خۆمە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست.

بەڵام ڕوون نەکراوەتەوە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی بە حوشتران دەچێ]، باری بکەن و بڕۆن لە ماڵ و سامانیان، بەڵام چەک لەگەڵ خۆیان نەبەن.

واتە: شمشێرو تیرو کەوان و گورزو قەڵغان و زرێ، کە کاتی خۆی جەنگیان پێکراوە، نابێ چەک لەگەڵ خۆیان بەرن، بچن لە شوێنێکی دیکەش دووبارە سەنگەر لە دژی ئیسلام و مسوڵمانان بگرن، بەڵام بۆ خۆیان بە سەلامەتیی لە کوێ دادەنیشن با دانیشن، ئەگەر لە شوێنی خۆشیان دانیشتبانایە بە سەلامەتیی و، کەین و بەینیان نەبووایەو، خیانەتیان نەکردبایەو، پەیمانیان نەشکاندبایە، ئەهلی ئیسلام لێیان گەڕابوون و، لە وڵاتی خۆیان دا سەربەرزانەو بەختەوەرانە دەژیان.

١١)- ﴿لَأَنتُمْ أَشَدُّ رَهْبَةً فِي صُدُورِهِم مِّنَ اللَّهِ﴾، بە دڵنیایی ئێوە (ئەی مسوڵمانینە!) سامڵێکراوترن لە سینەکانیان دا، لە خوا، (رَهْبَة) لێرەدا یانی: (مَرهوبِيَّة) واتە: سامڵێکراویی، ئەگەرنا (رَهبة) چاوگە، بەڵام لێرەدا بە مانای ناوی بەرکار (إسم مَفعول)ە، واتە: ئێوە لە دڵی جوولەکەکاندا، یاخود لە دڵی جوولەکەکان و مونافیقەکان، هەردووکیان دا، لە سینەیاندا لە خوای پەروەردگار سامڵێکراوترو لێترساوترن، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿أَشَدُّ رَهْبَةً﴾، واتە: سام و ترسێک کە بەرانبەر بە ئێوەیان هەیە، لە سینەکانیان دا، زیاترە، لە ترس و سامێک کە بەرانبەر بە خوا هەیانە.

١٢)- ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَفْقَهُونَ﴾، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە کۆمەڵێکن نافامن، ورد تێناگەن، قووڵ تێناگەن، (فِقْه) زانایان بە چەند واتایەک هێناویانە:

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (**الفِقْهُ: فَهْمُ المَعَانِي الخَفِيَّة**)، (**فقه**) تێگەیشتنە لە واتا پەنهانەکان.

ب- هەندێک گوتوویانە: (**الفِقْه: فَهْم مُرَادِ المُتَكَلِّم**)، (**فقه**) تێگەیشتنە لە مەبەستی قسەبێژ.

ج- بەڵام پێم وایە ڕاستتر وایە بگوترێ: (**الفِقْهُ: الفَهْمُ العَمِيْق، والدَّقِيْق لمراد المتكلِّم**)، (**فقه**) بریتیە لە تێگەیشتنی قووڵ و ورد لە مەبەستی قسە بێژ.

ئنجا کە دەفەرموێ: ئەوە بە هۆی ئەوەوەیە کە ورد تێناگەن و قووڵ تێناگەن، دیارە قووڵ تێنەگەیشتنەکەیان، بۆتە هۆی ئەوەی ترسێک کە لە مسوڵمانانیان هەیە، زیاتر بێ لە ترسێک کە لە خوایان هەیە، ئەگەر ئەو ترس و سامەیان بەرانبەر بە خوا هەبووایە، بە تایبەت زاناکانیان و کاربەدەستەکانیان، کە دەیانزانی موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە، ئەگەر سام و ترسیان بەرانبەر بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبووایە، شوێن پێغەمبەرەکەی دەکەوتن، لە جیاتی ئەوەی لە پشتەوە خەنجەری غەدر لە خۆی و هاوەڵانی بوەشێنن.

ئنجا ئەو چاک تێنەگەیشتنەیان بۆتە هۆی ئەوەی، باش ترس و سام و هەیبەتی خوایان لە دڵدا نەبێ و، نەبوونی سام و هەیبەتی خواش لە سینەیان دا، بۆتە هۆی ئەوەی سەرپێچیی بکەن، سەرپێچییەکە و، پەیمانشکێنییەکەش، بۆتە هۆی ئەوەی ئەو باجە گەورەیە بدەن.

١٣)- ﴿لَا يُقَٰتِلُونَكُمۡ جَمِيعًا إِلَّا فِي قُرٗى مُّحَصَّنَةٍ﴾، ئەوانە تێکڕاو وێکڕا، لە دژتان ناجەنگن مەگەر لە ئاوەدانییە مەحکەمەکاندا، کە دەفەرموێ: ﴿جَمِيعًا﴾، دوو واتای هەن: أ- هەموویان. ب- بە کۆبووەوەیی، ﴿جَمِيعًا﴾، (أي: كُلُّهُم أو مُجْتَمعِين)، واتە: هەموویان لە دژتان ناجەنگن، یاخود لە کاتێکدا کە هەموویان کۆبوونەوە سەر یەک لە دژتان ناجەنگن، بۆیە وا باشە بگوترێ: وێکڕاو تێکڕا لە دژتان ناجەنگن، مەگەر لە ئاوەدانییە قایم و مەحکەمەکاندا، ئاوەدانییە قەڵادارەکاندا، ﴿قُرٗى مُّحَصَّنَةٍ﴾، دوو واتای هەن: (**القُرى: ذَات الحُصُون، أو: القُرَى: المَمْنُوعة مِمَّن يريدُ أخذَها بأسوارٍ، أو خَنَادِق**)، ئەو ئاوەدانییانەی قەڵایان هەن، یاخود ئەو ئاوەدانییانەی پارێزراون، بۆ لایەنێک بیەوێ بیانگرێ، بەهۆی ئەوەوە کە دیوارو شوورایان هەیە، یان بە هۆی ئەوەوە کە خەندەکیان هەن، ئەوانە لە دژی ئێوە، وێکڕاو تێکڕا ناجەنگن، مەگەر لە ئاوەدانیی ئاوا مەحکەم و قایم دا.

١٤)- ﴿أَوۡ مِن وَرَآءِ جُدُرِۭ﴾، یان لە پشت دیوارانەوە، خوێنراویشەتەوە: (**جِدَار**) یانی: دیوار.

١٥)- ﴿ بَأْسُهُم بَيْنَهُمْ شَدِيدٌ ﴾، هێزیان لە نێو خۆیاندا زۆر توندە، (**شِدَّتُهُم فِي الحَرْبِ فِيْما بَيْنَهُم قَوِيَّةٌ**)، ئەگەر لە نێوخۆیاندا جەنگ بکەن، هێزو پێزیان زۆرە، ئەمە جۆرێکە لە گاڵتە پێکردنیان، هاوکاتیش وریاکردنەوەی مسوڵمانانە، کە وەک ئەوان نەبن، لە بەینی خۆیاندا توندو بە زەبر بن، کە پێکەوە بەشەڕ دێن، بەڵام لە بەرانبەر دوژمنیاندا بێ هێزو پێز بن، وەک شاعیر دەڵێ: (**أَسَدٌ عَلَيَّ وَعَلَى الأَعْدَاءِ نَعَامَةٌ**)، لە بەرانبەر مندا شێرە، بەڵام لە بەرانبەر دوژمناندا حوشترمەلە.

١٦)- ﴿ تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ ﴾، پێت وایە پێکەوەن، (بە تۆکمەو پێکەوەیان تێدەگەی)، بەڵام دڵیان بەش بەشە، ﴿ شَتَّىٰ ﴾، (**جَمْعُ شَتِيْت مِثْلُ قَتْلى جَمْعُ قَتِيْل**)، ﴿ شَتَّىٰ ﴾، کۆی (**شَتِيْت**)ە، وەک (**قَتْلَى**) کوژراوەکان کۆی (**قَتِيْل**)ە، کوژراو، کەواتە: (**شَتِيْت**) واتە: بڵاو، ﴿ شَتَّىٰ ﴾، واتە: پرژو بڵاوەکان، دڵەکانیان پرژو بڵاون.

١٧)- ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴾، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵێکن تێناگەن، پێشێ فەرمووی: ﴿ لَّا يَفْقَهُونَ ﴾، واتە: ورد تێناگەن، بە قووڵیی حاڵیی نابن، بەڵام لێرەدا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴾، واتە: نە قووڵ و نە تەنک هەر تێناگەن و، لە عەقڵ و هۆشەکانیان بەهرەمەند نین، واتە: هۆی ئەوە کە تێک دەشکێن، ناکۆکیی نێو خۆیانە، ناکۆکیی نێو خۆشیان بەهۆی بێ عەقڵیی و نەفامیی و کەوودەنییانە، کە لە جیاتی ئەوەی هەموویان لەسەر یەک مەبەست و ئامانج کۆک بن، هەر کامێکیان لە بیری ئامانجە شەخصیی و تایبەتییەکەی خۆیدایە، هەمیشەش ئەوە هۆی دووبەرەکیی و ناکۆکیی هەر کۆمەڵێکە.

ئنجا ئەوانە مسوڵمان بن، یاخود وەک کاتی خۆی، ئەو مونافیق و جوولەکانەی بە حیساب هاوکارییان کردوون، ئەوان بن، ئەوە بۆ هەموو کەس وایە، هەمیشە یەکلابوونەوە بۆ ئامانجە گشتییەکان، دەبێتە هۆی کۆبوونەوەی خەڵک، بەڵام وردە ئامانجەکان، وردە مەبەستەکان، دەبنە هۆی پرژو بڵاوکردنی خەڵک، وەک کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (کەس بە ڕیەی کەس ناپێوێ و،

کەس لە مەڕی کەس ناختیوێ)، (هەر کەسە بە شێوێک دا دەڕوا)، هەر کەسە مەبەستێکی هەیە، دەبێت هەموویان یەک مەبەستیان هەبێ، ئنجا ئەو یەک مەبەستەی لە بەرژەوەندیی هەموویان دایە، دەبێتە کۆکەرەوەی هەموویان و دەبێتە هۆی پێکەوە جۆشدانیان، بەڵام مەبەستە بەشییەکان و ئامانجە شەخصیی و بچووکەکان، دەبنە هۆی پرژو بڵاوکردنیان.

لێرەدا هەرچەندە خوا ﷻ باسی جوولەکەکان و مونافیقەکان دەکات، بەڵام بێگومان ئەوە هۆشدارییدانە بە مسوڵمانانیش و، دەبێ پەندو دەرس لەوان وەربگرن، وەک وان ئەو کارانە نەکەن، ئەگەر نا وەک وانیشیان بەسەر دێ، ئەوەش واقیعی تاڵ و سەختی ئێستای مسوڵمانانە بە گشتی.

مەسەلەی دووەم:

هێنانەوەی دوو وێنە بۆ حاڵی جوولەکەو موونافیقەکان:

وێنـەی یەکـەم: کۆمەڵێـک کـە لـە ماوەیەکـی نیزیـک لـە ڕۆژگاری وان، سـزای هەڵوێسـتی خراپـی خۆیانیـان چێـژت و دەبووایـە پەندیـان لێوەربگـرن.

وێنـەی دووەم: شـەیتان کـە بـە مرۆڤـی گـوت: کافـر بـە، دواییـش پێیگـوت: حاشـات لێدەکـەم، چونکـە مـن لـە پـەروەردگار دەترسـێم، ئیـدی سـەرەنجامیان ئاگـری دۆزەخ بـوو، ئـەوەش سـزای ستەمکارانە:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَرِيبًا ذَاقُوا۟ وَبَالَ أَمْرِهِمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٥﴾
كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ
ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٦﴾ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ۚ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٧﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَرِيبًا ﴾، (وێنەیان) وەک وێنەی ئەوانەیە کە بە نیزیکیی لە پێش وان دابوون، مانایەکەی ئاوایە: (**مَثَل اليَهُودِ وَالمُنَافِقِيْن، كَمَثَلِ الَّذِيْنَ مِنْ قَبْلِهِمْ قَرِيْبَاً**)، بەڵام لەبەر ئەوە ئەمە دەزانرێ، چونکە باس باسی موونافیقەکانە، کە بەڵێنی درۆیان بە جوولەکەکاندا، بۆیە بە پێویست نەزانراوە ناویان بهێنرێ.

دەگونجـێ مەبەسـت پێـی هاوبـەش بـۆ خـوا دانەرەکانـی مەککـە بـێ، کـە لـە جەنگـی بـەدردا تێکشـکان و، ڕووی دوانـدن بـە گشـتیی لـە خـاوەن کتێبـەکان و تێکـڕای دوژمنـانی ئیسـلام بـێ، دەشـگونجێ مەبەسـت پێـی هـۆزی (**بنـو قینقـاع**)ی جوولەکـە بـێ و، ڕووی دوانـدن لـە (**بَنُـو النَّضِـير**) بـێ.

بـەڵام جێـی سەرسـوڕمان ئەوەیـە، کە هەنـدێ لـە توێـژەرەوان گوتوویانە: ﴿ كَمَثَلِ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ قَرِيبًا ﴾، مەبەسـت پێـی (**بَنُـو النَّضِـير**)ە! بـەڵام ئەمـە هـەر ناگونجـێ،

چونکـە بەسـەرهاتەکە بـە پلـەی یەکـەم بەسـەرهاتی (بَنُـو النَّضِـير)ە، هەڵبەتـە لـە پێـش ئەوانیشـدا هـی (بنـو قينقـاع).

کەواتـە: دەبـێ وێنـە بـۆ هێنراوەکـە خـودی (بَنُـو النَّضِـير) بـن و، وێنـە پـێ هێنراوەکـەش جگـە لـە ئـەوان بـێ، ئنجـا وێنـە پێهێنراوەکـە، چ کافرەکانـی مەککـە بـن، یاخـود هـۆزی (بنـو قينقـاع)، لەبـەر ئـەوەی لـە پێـش (بَنُـو النَّضِـير)دا، ئەوانیـش تووشـی ئـەو نسـکۆو سـەرەنجامە خراپـە بـوون، بـە هـۆی خیانەتیانـەوە.

٢)- ﴿ذَاقُواْ وَبَالَ أَمْرِهِمْ﴾، سەرەنجامی خراپی کاری خۆیانیان چێژت، پێشتریش گوتمان دەگوترێ: (كَلَأٌ وَبِيْلٌ، وَطَعَامٌ وَبِيْلٌ)، لەوەڕێکی سەرەنجام خراپ و، خواردنێکی سەرەنجام و ئاکام خراپ، (الوَبَال: وَخامةُ المَرعى)، (وبال) لەوەڕگایەکە لەوەڕی لێبخورێ، بەڵام سەرەنجامەکەی خراپ بێ، هەروەها (الوَبالُ: العَاقِبةُ السُّوءَ)، (وبال) بریتیە لە سەرەنجامی خراپ، کەواتە: ئەوانی پێش وان، کە لێیان نزیک بوون لە ڕووی کاتەوە، سەرەنجامی کاری خراپی خۆیانیان چێژت.

٣)- ﴿وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾، لە ڕۆژی دواییشدا ئازارو سزایەکی بە ئێشیان بۆ هەیە.

لێـرەدا کـە خـوا ﷻ وشـەی (وَبَـال)ی بەکارهێنـاوە، - کـە لـە چەنـد شـوێنێکی دیکـەش لـە قورئانـی بەپێـزدا هاتـوە - لێـرەدا: (شُـبِّهُوا فِي إِقْدَامِهِـم عَـلَى حَرْبِ المُسْـلِمِيْن، بِإِبْـلٍ تَرَامَـت عَـلَى مَرْعَـى، وَبِيْـلٍ فَأَهْلَكَـت)، لـەوەدا کـە لـە دژی مسـوڵمانان، کەیـن و بەینیـان کـردوە لەگـەڵ ئەهلـی کوفـرداو پیلانیـان گێـڕاوە، (غـەدرو خیانـەت و پەیمان شـکێنییان کـردوە)، چوێـنراون بـە ڕەوە حوشـترێکەوە، کـە ڕوو دەکاتـە لەوەڕگایەکـی خـراپ، کـە لەوەڕگایەکـە ڕووەکەکـەی خراپـە بـۆ خـواردن و، سـەرەنجام دەبێتـە هـۆی فەوتـانی.

واتـە: ئەوانـەش کارێکـی خراپیـان کـرد، کـە دژایەتیـی مسـوڵمانانیان کـردو، پەیمانیـان لەگـەڵ شـکاندن، سـەرەنجام بـە دەردی ئـەو ئاژەڵانـە چـوون، کـە لەوەڕێکـی خـراپ دەخـوات و لێـی تووشـی زیـان دەبـێ.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ذَاقُواْ وَبَالَ أَمْرِهِمْ﴾، (أمْـر) لێـرەدا بـە مانـای حـاڵ (شَـأن) دێ، مەبەسـت پێـی ئـەو حاڵەتـە موخەنەتەیانـە، کـە بەرجەسـتە بـوو لـە پەیـمان شـکاندن و، هەوڵـدان بـۆ زیانگەیانـدن بـە پێغەمبـەر ﷺ و، پەنهانکوژکردنـی داو، کەیـن و بەیـن بـوون لەگـەڵ کافرەکانـی قورەیشـدا.

٤)- ﴿كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ﴾، وێنەی دەغەڵ و مونافیقەکان، وەک وێنەی شەیتانە، کاتێک بە مرۆڤی گوت: کافر بە!

لێـرەدا مونافیقـەکان چوێنـدراون بـە شـەیتانەوەو، جوولەکەکانیـش چوێنـدراون بـە مرۆڤێکـەوە، کـە بـە قسـەی شـەیتان کافـر دەبـێ، وەک چـۆن شـەیتان بـە مرۆڤـی دەڵـێ: کافـر بـە! دواییـش پشـتی بـەردەداو حاشـای لـێ دەکات، مونافیقەکانیـش بـە جوولەکەکانیـان گـوت: بەرهەڵسـتیی بکـەن و خۆڕاگـر بـن، بـەڵام دوایـی لـە تەنگانـەدا بـە کەڵکیـان نەهاتـن، کەواتـە: لێـرەدا شـەیتان دەبێتـە وێچوێـنراو (مُشَبَّهٌ بِـه) بـۆ مونافیقـەکان و، مرۆڤەکـەش کـە کافـر دەبـێ، دەبێتـە وێچوێـنراو (مُشَبَّهٌ بِـه)ی جوولەکـەکان.

٥)- ﴿فَلَمَّا كَفَرَ﴾، کاتێک ئەو مرۆڤە بێبڕوا بوو.

ئنجـا چ مەبەسـت پێـی مـرۆڤ بێ بەگشـتیی، وەک باسـمان کـرد، یاخـود مرۆڤێکی تایبـەت بـێ، کـە ئـەو ڕاهیبـە بـووە و نـاوی: (بَرصِيْصَـا) بـووە[1]، ئنجـا چ مەبەسـت

---

(١) جگـە لـە (الإستيعاب في بيانِ الأسـباب)، و (الطـبري) کـە باسـمان کـرد بـە ژمـارە (٣٣٩٩٤) بەسـەرهاتەکەیان هێنـاوە، بەڵکـو (الطـبري) چـوار بەسـەرهاتی (بَرصيصا)ی هێنـاون، یەکێکیـان بـە ژمـارە (٣٣٩٩٤)، یەکیـان بـە ژمـارە (٣٣٩٩٥)، ئـەوی دیکەیـان بـە ژمـارە (٣٣٩٩٦)، ئـەوی دیکـەش بـە ژمـارە (٣٣٩٩٧)، کـە هەندێکیـان زۆر درێـژن، هەروەهـا (القرطبـي)ش لـە تەفسـیرەکەی خـۆی (الجامِع لأحـكامِ القـرآن)دا بـە ژمـارە (٥٨٩٨) هەمـان بەسـەرهاتی ئـەو ڕاهیبـەی هێنـاوەو، بـە زۆریـی بەسـەرهاتەکە لـە عەلـی کـوڕی ئەبـوو تاڵیبـەوە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەگێڕنـەوە، هەندێکیشـیان لـە جگـە لـە ئـەوەوە دەیهێنـن و زۆریـان دەڵێـن: نـاوی (بَرصِيْصَـا) بـووە.

ئـەو بـێ بەتایبـەت، چ مەبەسـت مـرۆڤ بـێ بـە گشـتیی، هـەر کەسـێ بـە قسـەی شـەیتان بـکات، بێگومـان شـەیتان دوایـی حاشـای لـێ دەکات و، یەخـەی لەبـەر دادەڕێ و دووریـی لـێ دەکات، بێگومـان دوای ئـەوەی کڵاوی لەسـەرنا، ئنجـا پێـی ڕادەبوێـرێ، چونکـە کاری شـەیتان هـەر ئەوەیـە.

﴿ كَمَثَلِ ٱلشَّيْطَٰنِ إِذْ قَالَ لِلْإِنسَٰنِ ٱكْفُرْ ﴾، واتـە: وێنـەی ئـەوان (موونافیقـەکان) وەک وێنـەی شـەیتانە، کاتێـک بـە مرۆڤـی گـوت: بێبـڕوا بـە، موونافیقەکانیـش بـە جوولەکەکانیـان گـوت: خۆڕاگربـن لەسـەر دژایەتیی کردنـی پێغەمبەر ﷺ و مسـوڵمانان، ئێمـە پشـتتان دەگریـن، ﴿ فَلَمَّا كَفَرَ ﴾، کاتێـک مرۆڤەکـە بێبـڕوا بـوو، ئنجـا (بَرصِیْصَـا)، یـان هـەر مرۆڤێکـە بـە گشـتیی، هەروەهـا کاتێـک جوولەکەکانیـش لەسـەر دژایەتیـی کردنـی ئیسـلام و مسـوڵمانان بـەردەوام بـوون، دوای ئـەوەی شـەیتان تووشـی چۆرتمـی کـردن، موونافیقەکانیـش جوولەکەکانیـان تووشـی چۆرتـم کـرد.

٦)- ﴿ قَالَ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ ﴾، شەیتان بەو مرۆڤەی گوت: من لێت بەرییم، لێت دوورم، وەک چۆن خوێندراوەتەوە: ﴿ إِنِّى بَرِىٓءٌ مِّنكَ ﴾، خوێندراویشەتەوە: (إِنِّيَ بَرِيءٌ مِنْكَ)، من لێت دوورم و، حاشات لێ دەکەم و، هیچ پەیوەندییەکم بە تۆوە نیە.

٧)- ﴿ إِنِّىٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴾، بە دڵنیایی من لە خوای پەروەردگاری جیهانییان دەترسێم، واتە: بە هۆی ترسم لە خوای پەروەردگاری جیهانییانەوە، هاوکارییت ناکەم، ئیدی چۆن گرفتی خۆت چارەسەر دەکەی، چارەسەری بکە!

٨)- ﴿ فَكَانَ عَٰقِبَتَهُمَآ أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَٰلِدَيْنِ فِيهَا ﴾، ئیدی سەرەنجامیان ئەوە بوو کە لە دۆزەخ دا هەردووکیان بە هەمیشەیی هەرماو بوون، ئەمە خوێندراویشەتەوە: (فَكَانَ عَاقِبَتَاهُمَا)، واتە: دوو سەرەنجامەکانیان

٩)- ﴿ وَذَٰلِكَ جَزَٰٓؤُا۟ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، ئەوەش سزای ستەمکارانە.

حەسـەنی بەصرایـی (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بـێ)، (عقِبَتَهُـما)ی خوێندۆتـەوە بـە: (عاقِبَتُهُـمَا)، کـە ئـەو کاتـە (عاقبة) دەبێتـە نـاوی (خبر)ی (كَانَ)، بـەڵام ئەگەر ﴿ فَكَانَ

﴿عَـٰقِبَتَهُمَآ﴾ بێ، ئەو کاتە (**عاقبة**) دەبێتە گوزارەی (**كانَ**) و، ﴿أَنَّهُمَا فِى ٱلنَّارِ خَـٰلِدَيْنِ فِيهَا﴾، دەبێتە ناوی (**كانَ**) و لە شوێنی ڕەفع دادەنرێ.

خوا ﷻ ئەو دوو وێنەیەی هێناونەوە، بۆ هەڵوێستی مونافیق و دەغەڵەکان لەگەڵ جوولەکەکاندا، بە تایبەت (**بَنُو النَّضِير**)و، پێش ئەوانیش (**بنو قينقاع**)، چونکە مونافیقەکان هەم هۆزی (**بنو قينقاع**)یشیان تیژ کرد لە دژی پێغەمبەر ﷺ و هانیاندان و، کەین و بەینیان لەگەڵیان هەبوو و، بەڵێنیان پێدەدان کە پشتتان دەگرین، ئنجا وەک لە پەندی کوردییدا هاتوە: (سەگ بە تەمای کلکێ ئێسکان دەکرۆژێ)، ئەو جوولەکانەش بەتەمای ئەو مونافیقانە تێکەوتبوون و ڕەنگە تەماحی ئەوەشیان بووبێ، کافرەکانی مەککەش بەهانایانەوە بێن، بەڵام نە ئەوان هاتن، نە ئەوان هاتن، خۆیان مانەوەو ئەو خیانەتەی کردبوویانە بەرانبەر ئیسلام و مسوڵمانان!

کورتە باسێک: ڕاستکردنەوەی بیرکردنەوەیەکی هەڵەی بەشێک لە مسوڵمانان:

پێغەمبەری خوا ﷺ، هەرچەندە سەراپا ڕەحم و بەزەیی و لێبوردەیی بووە، بەڵام پێغەمبەری خوا ﷺ لێزان و کارامە بووەو، شتی لە شوێنی خۆیدا کردوە، لە کاتێکدا پێویست بوو بێ زبر بێ، زبر بووە، پێویست بوو بێ نەرم بێ، نەرم بووە، پێغەمبەر ﷺ شەرعڕەو بووەو، بە پێی وەحیی خوا بەڕێوەچووە، نە نەرمڕەو بووە لە هەندێ حاڵاندا کە توندیی پێویست بێ، نە توندڕەو بووە لە هەموو حاڵاندا، هەرچەندە نەرمڕەوییش پێویست بووبێ، بەڵکو شەرعڕەو بووەو، شەرع چۆنی گوتبێ، وای کردوە.

وەک چۆن خوا ﷻ پێی دەفەرموێ: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا رَحۡمَةٗ لِّلۡعَٰلَمِينَ ١٠٧﴾ الأنبياء، واتە: تۆمان نەناردوە مەگەر بەزەیی خوابی بۆ هەموو جیهانییان، هەر ئەو خوایەش پێی دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٧٣﴾ التوبة، لە سوورەتی **(التحريم)**یش دا هاتوە: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلۡكُفَّارَ وَٱلۡمُنَٰفِقِينَ وَٱغۡلُظۡ عَلَيۡهِمۡۚ وَمَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَبِئۡسَ ٱلۡمَصِيرُ ٩﴾، لە دوو شوێنان خوا بە پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەفەرموێ: ئەی پێغەمبەر! لە دژی کافرەکان و دەغەڵەکان تێبکۆشەو زبر بە لەسەریان.

هەروەها خوا ﷻ لە سوورەتی **(التوبة)**دا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ يَلُونَكُم مِّنَ ٱلۡكُفَّارِ وَلۡيَجِدُواْ فِيكُمۡ غِلۡظَةٗۚ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلۡمُتَّقِينَ ١٢٣﴾، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بجەنگن لە دژی ئەو بێبڕوایانەی لێتانەوە نیزیکن، (واتە: کە شەڕتان پێدەفرۆشن و لێتانەوە نیزیکن لە ڕووی جوگرافییەوە) و، با زبرییتان پێوە شک ببەن و، بزانن خوا لەگەڵ پارێزکاران دایە.

کەواتە: پارێزکاران ئەوانەن کە لە بەرانبەر دوژمنانیان دا زبرن، ئەمە بۆیە زیاتر جەختی لەسەر دەکەمەوە، چونکە بەداخەوە هەندێک لە مسوڵمانان بەگشتیی،

هـەم ڕەوتـی تەصـەووف، تەصەووفێـک کـە پابەنـد نیـە بـە قورئـان و سـوننەتەوە، هـەم ڕەوتـی جۆرێـک لـە مەشـرەب سـەلەفیی، گوتوویانـەو دەڵێـن: دەبـێ لـە قسـەی حوکمڕانـان دەرنەچـی و، هەمیشـە لـە خزمەتیانـدا بـی و، دەبـێ مـووێ نەپسـێنی و، مێشـێ لـە ئـاو ناکـەی و، مێشـوولە لـە خـۆ دەرنەکـەی، چونکـە خـوا ئـاوا لێـت ڕازی دەبـێ! هەروەهـا زۆرێـک لـە مسـوڵمانانی عـەوام بـە گشـتیی، وا دەزانـن مسـوڵمان دەبـێ باڵنـدەی بـێ پـەڕو بـاڵ بـێ و، نێچیرێکـی تـووک نەرم و بـێ دڕک بێ و، هەمیشـە دەسـتەمۆو بـێ زەڕو سـەلامەت بـێ و، بەرگریـی لـە خـۆی نـەکات!!

بـەڵام کە تەماشـای سـیرەو ژیانـی پێغەمبەر ﷺ دەکەیـن و، تەماشـای ڕێنماییەکانی خـوای بـەرز دەکەیـن، بـۆ پێغەمبەرەکـەی ﷺ، پێـی دەفەرمـوێ: ئـەی پێغەمبـەر! لـە دژی کافـرو مونافیقـەکان تێبکۆشـەو زبـر بـە لەسـەریان، هەروەهـا بـە مسـوڵمانان دەفەرمـوێ:﴿ وَلْيَجِدُوا۟ فِيكُمْ غِلْظَةً وَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلْمُتَّقِينَ ﴿١٢٣﴾ ﴾التوبـة، بـا دوژمنانتـان زبرییتـان پێـوە ببینـن، بشـزانن خـوا لەگـەڵ پارێـزکاران دایـە، واتـە: کاتێـک دەبنـە پارێـزکار، کـە لـە جەنـگ و ڕووبـەڕوو بوونـەوەدا زبـر بـن، لەگـەڵ دوژمـن و ناحەزانتانـدا، نـەک هەمیشـە تـووک نـەرم و فەقیرۆکـە بـن، نینۆکتـان نەبـێ خۆتانـی پـێ بخورێنـن و، مێشـتان پـێ لـە خۆتـان دەرنەکـرێ، بابـای وا پارێـزکار نیـە، لـە ڕاسـتییدا ئـەوە (مُسْتَسلِم)ەو (مُسْلِم) نیـە، ئـەوە بـۆ دوژمـن خـۆی بەدەسـتەوە داوە، بـەڵام کەسـێک ملکـەچ بـێ بـۆ خـوا، خـوا چـی پێدەفەرمـوێ وادەکات.

خـوا دەفەرمـوێ: مسـوڵمانینە! بـا لـە بـواری هەڵسـوکەوتدا، هیـچ کـەس لـە ئێـوە باشـتر نەبـێ، بـەڵام بـا لـە بـواری ڕووبـەڕوو بوونـەوەو بەرەنگاربوونـەوەش دا، هیـچ کـە لـە ئێـوە ئازاتـر نەبـێ، مسـوڵمانان دەبـێ لـە بـواری ڕووبـەڕوو بوونـەوەدا شـێری چنـگ بـە خوێـن بـێ، دوژمنانـی سـامی لـێ بکـەن، پێغەمبـەر ﷺ دەفەرموێ: **{نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ}** (**أخرجـه البخـاري: ٣٢٨، ومسـلم: ٥٢١، والنسـائي: ٤٣٢، وأبـو عوانـة: ١١٧٣، وابـن حبـان: ٦٣٩٨**)، واتـە: مـاوەی مانگـە ڕێیـەک، بـە هـۆی ئـەوەوە کـە تـرس و سـامم خراوەتـەوە دڵـی دوژمنانـەوە، سـەرخراوم، پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئـاوا بـووەو، خـوای کاربەجێـش ئـاوا دەفەرمـوێ و، ئیسـلامیش بـۆ خـۆی ئاوایـە.

ئیدی کەسێک کە ڕەواج بەوە دەدات: مسوڵمان دەبێ فەقیرو دەستەمۆ بێ و، نابێ توخنی ئاسنەواڵە بکەوێ و، مسوڵمان نابێ هەرگیز نینۆکی هەبێ و، نابێ مێشێ لە ئاو بکات و، مسوڵمان ئەو کەسەیە هەمیشە لە بەرانبەر ناحەزانی دا سەرکز بکات و، نابێ لە قسەی حوکمڕانەکانی دەرچێت، ئەگەر عیبادو بیلادیشیان دەست بەسەردا گرتبێ و، ئەگەر خەڵکیش بە کۆیلەی خۆیان و ماڵ و منداڵیان بزانن، وەک حاکمەکانی دەوڵەتانی کەنداو، ئەو وڵاتانەی دیکەی مسوڵماننشین، کە حوکمی میراتیی و بنەماڵەییان لێیە، کە حوکمی میراتیی و بنەماڵەیی ڕێک دژی تەوحیدە، چونکە خوا ﷻ خەڵکی دروستکردوە، بەندەی خوا بن، نەک کۆیلە و خزمەتکاری هیچ ماڵێک و، هیچ کەسێک و، هیچ عەشیرەتێک و، هیچ حزبێک بن، ئنجا ئەوانەی ڕەواج بەو جۆرە بیرۆکانە دەدەن، دەبێ بزانن کە لادانێکی بێرەزایان کردوە لە ئیسلام، جەوهەری ئیسلام ئەوەیە کە خەڵک بەندەی خوا بێ و، پێکەوە تەبا بێ، لەسەر بناغەی دادگەریی، لەسەر بناغەی بەندەی خوا بوون، نەک لەسەر بناغەی هەندێکیان ببنە گەورەو خۆیان فەرز بکەن بەسەر هەندێکیان داو، بڵێ: بنەماڵەکەم حوکمی بە میرات بۆ بەجێماوە!.

خۆ خەڵک مەڕو ماڵ نیە بە میرات بگیرێ، خەڵک خوا ﷻ دروستیکردوە، خوا مرۆڤی لەسەر زەوی داناوە، کە جێنشینی خوا بێ، نەک خزمەتکارو کۆیلەی ئەم و ئەو بێ، واتە: هەموو ئەوانەی بە ناوی دینەوە ڕەواج بەو جۆرە بیرۆکانە دەدەن، وەک گوتم چ مەشرەب صۆفیی بن، مەشرەب سەلەفیی بن، چ مەشرەب هەر چییەک بن، دەبێ بزانرێ کە ئەوە جۆرێکە لە لادان، لەو ڕاستە ڕێیەی خوا بە پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ ناردوویەتی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

دەرسی سێیەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە هەشـت ئایەتـی کۆتایـی سـوورەتی (**الحـشر**): (١٨ - ٢٤)، پێـک دێ، کـە سـێ بابەتـی گـەورەو گرنگیـان گرتوونـە خۆیـان:

یەکەم: فەرمانکردنی خوا ﷻ بە بڕواداران، کە پارێز لە خوا بکەن و، لەسەر بناغەی پارێزکاریی مامەڵە لەگەڵ خوای بەرزو مەزن دا بکەن و، سەرنج بدەن چییان بۆ سبەینێ (قیامەت) ئامادە کردوەو، وەک ئەوانە نەبن، کە خوایان لە بیرچوو و، خوای پەروەردگاریش وای لێکردن خۆیانیان لە بیر بچێ.

دوایـی خـوا ﷻ ڕایگەیانـدوە کـە هاوەڵانـی ئاگـرو، هاوەڵانـی بەهەشـت یەکسـان نیـن، چونکـە هاوەڵانـی بەهەشـت بـە مـراد گەیشـتوو و سـەرفرازن، ئەمـە لـە ئایەتەکانـی: (١٨ - ٢٠)دا خراوەتـەڕوو.

دووەم: کە لە ئایەتی ژمارە (٢١) خراوەتە ڕوو، باسی مەزنیی و پایە بەرزیی قورئان، کە ئەگەر خوا دایبەزاندبایە سەر چیایەک، ملکەچ و زەبوون و پارچە پارچە دەبوو، لەبەر سام و هەیبەتی خوا ﷻ.

سێیەم: کە لە ئایەتەکانی: (٢٢ - ٢٤)، لە سێ ئایەتی کۆتایی سوورەتی (**الحشر**)دا خراوەتە ڕوو، وەسفکردنی خوا ﷻ بە بیست (٢٠) لە سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی و، جەختکردنەوە لە سەر تەنیایی خوا لە پەرستراندا، پاکیی و بێخەوشیی دەربڕینی ئاسمانەکان بۆ خواو، تایبەت بوونی ناوە هەرە چاکەکان و، سیفەتە هەرە بەرزو پەسەندەکان بە خوای بەرزو بێ وێنەوە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡتَنظُرۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ
بِمَا تَعۡمَلُونَ ١٨ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ

(١٩) لَا يَسْتَوِيٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِۚ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ (٢٠) لَوْ أَنزَلْنَا
هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِۚ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا
لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ (٢١) هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ هُوَ
ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ (٢٢) هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ
ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُۚ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ (٢٣) هُوَ ٱللَّهُ
ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ
ٱلْحَكِيمُ (٢٤) ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن و، با هەر کەسە سەرنج بدات چی بۆ سبەینێ (قیامەت) پێشخستوە، پارێز لە خوا بکەن، بە دڵنیایی خوا شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن (١٨) وەک ئەوانەش مەبن کە خوایان لە بیر کرد، ئەویش خۆیانی لە بیر بردنەوە، ئا ئەوانەن لارێبووان (١٩) هاوەڵانی ئاگر(ی دۆزەخ)و هاوەڵانی بەهەشت یەکسان نین، هاوەڵانی بەهەشت هەر خۆیان سەرفرازن (٢٠) ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندبایە سەر چیایەک، لە ترس و سامی خوا، بە ملکەچیی و زەبوونیی و شەق و پەق بوویی دەتبینی، ئەو وێنانەش بۆ خەڵکی دێنینەوە، بەڵکو بیر بکەنەوە (٢١) ئەو (خوا) کەسێکە جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، زانای پەنهان و ئاشکرایە، ئەو بە بەزەیی بەخشندەیە (٢٢) ئەو (خوا) کەسێکە جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، حوکمڕان (هەموو شت بەدەست)و بێخەوش و، (سەرچاوەی) ئاشتیی و دڵنیاکەر(ی بەندەکان)و چاودێرو زاڵ و ملپێکەچکەرو، ئەوپەڕی گەورەو خۆ بە گەورەگرە (لە هەر شتێکی ناشایست)، خوا پاک و دوورە لەوەی (هاوبەش دانەران) دەیکەنە هاوبەشی

(٢٣) ئەو خوای بەدیهێنەری پەیداکەری وێنەکێشە، ناوە هەرە چاکەکانی هەن، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە، پاکیی و بێخەوشیی وی دەردەبڕێ، ئەو زاڵی کاربەجێیە (٢٤)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لِغَدٍ): (الغَد: اليَوْمُ الَّذِي يَلِي يَوْمَكَ الَّذِي أَنْتَ فِيْه)، (غَد): بریتیە لەو ڕۆژەی بە دوای ئەو ڕۆژەدا دێ کە تۆ تێیدای، بە دڵنیایی لێرەدا مەبەست لە (غَد) قیامەتە، واتە: ئەمڕۆ دنیایە، سبەینێ قیامەتە، ئنجا چ قیامەتی گەورە، کە ژیانی دنیا زۆر زوو تێپەڕەو قیامەتی بە دوادا دێ، چ قیامەتی گچکە کە وەک گوتراوە: (مَنْ مَاتَ فقَدْ قَامَتْ قِيَامَتُهُ)، واتە: هەر کەسێک مرد، قیامەتی ئەو هاتوە.

(ٱلْفَآئِزُونَ): کۆی (فَائِز)ە، ئەویش لە (فَوْز)ەوە هاتوە، (الفَوْزُ: الظَّفَرُ بِالْخَيْرِ مَعَ حُصُولِ السَّلَامَة)، (فوز): بریتیە لە دەستەبەرکردنی چاکەو بەرژەوەندیی لەگەڵ سەلامەتیی و بێ بەڵاییدا، کەواتە: (فَائِزُون) بە ئامانج گەیشتووان و، بە مراد گەیشتووان.

(خَٰشِعًا): (الخُشُوعُ: الضَّرَاعَةُ وَأَكْثَرُ مَا يُسْتَعْمَلُ الخُشُوعُ فِيْمَا يُوجَدُ عَلَى الجَوَارِحِ، وَالضَّرَاعَةُ أَكْثَرُ مَا تُسْتَعْمَلُ فِيْمَا يُوجَدُ فِي القَلْب)، (خَاشِع): ناوی بکەر (إِسْم فَاعِل)ە و لە (خُشُوع)ەوە هاتوە کە چاوگە، (خُشُوع) بریتیە لە ملکەچیی، بە زۆریی (خُشُوع) بۆ شوێنەوارێک بەکاردێ، کە لەسەر ئەندامەکان دەردەکەوێ، لەسەر ڕواڵەتی مرۆڤ، بەڵام (ضَرَاعَة) کڕووزانەوە، بە زۆریی بۆ ئەوە بەکاردەهێنرێ، کە لە دڵدا پەیدادەبێ، مرۆڤ کڕووزانەوەی لە دڵ و دەروونیدا هەیە، بەڵام ملکەچیی و زەبوونیی لە ڕواڵەتیدا دەردەکەوێ، کەواتە: خوا دەفەرموێ: ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندبایە سەر چیایەک، تۆ بە ملکەچیی و بە زەبوونیی دەتبینی.

(مُتَصَدِّعًا): شـەق و پـەق بـوو، (الصَّـدْعُ: الشَّـقُّ فِي الأَجْسَـامِ الصُّلْبَـةِ، كَالزُّجَـاجِ وَالحَدِيْـد وَنَحْوهِـمَا)، (صَـدْع): بریتیـە لـە لەتبـوون و شـکانی تەنـە ڕەقـەکان، وەک شووشـەو ئاسـن و وێنـەی ئـەوان، واتـە: هـەر شـتێک کاتێـک لـەت دەبـێ، دەنگـی بـێ، دەنگەکـەی پێـی دەگوتـرێ: (صَدْع)، بۆیـە خـوا ﷻ وشـەی (صَدع)ی بـۆ چیـا بەکارهێنـاوە، (مُتَصَدِّعَاً) واتـە: شـەق و پـەق بـوو، لـەت بوونێـک کـە دەنگـی لێـوە بـێ.

(ٱلْغَيْبِ): (مَصْـدَرُ غَائِـب)، (غَيْـبَ) چاوگـی (غَائِـب)ە، (غَائِـب) نـاوی بکـەر (إِسْـم فَاعِـل)ە، ئەویـش بریتیـە لـەوەی ناکەوێتـە جوغـزی هەسـتەکانەوە، واتـە: نابەرهەسـت، پەنهـان.

(وَٱلشَّهَـٰدَةِ): (الـمُشَاهَد: مَـا يَقَـعُ تَحْـتَ الحَـوَاسِّ)، بیـنراو، یاخـود ئـەوەی دەکەوێتـە بـەر ڕکێفـی پێنـج هەسـتەکان، هەروەهـا بـە مانـای ئاشـکراش دێ، (غَيْـب) بـە مانـای پەنهـان دێ، (شَـهَادَة) یاخـود (مُشـاهَد) بـە مانـای ئامـادە دێ، هـەروەک (غَيْب)یـش بـە مانـای نائامـادەو شـێردراوە دێ.

(ٱلْمَلِكُ): (المُلْـكُ: التَّـصَرُّفُ بِالأَمْـرِ وَالنَّهِـي فِي الجُمهُـور، وَذَلِـكَ يَخْتَـصُّ بِسِيَاسَـةِ النَّاطِقِيْن)، (مُلْـك): تەصەڕڕوفکـردن و دەسـتوەردان بـە فەرمـان پێکـردن و ڕێ لێگرتـن لـە خەڵـک و کۆمەڵـگادا، ئـەوەش تایبەتـە بـە سەرپەرشـتیکردنی گۆیایـان، ئەوانـەی خاوەنـی قسـەن، مـرۆڤ و جنـدو فریشـتەکانیش بـە هەمـان شـێوە خاوەنـی قسـەن، ئێمـەی خەڵکـی سـەر زەوی، ئـەوەی دەیزانیـن فریشـتەو مـرۆڤ و جنـدن، (مُلْـكُ) یانـی: حوکمڕانیـی و باڵادەسـتیی و سەرپەرشـتیاریی، (مَلِكُ)یش کەسـێکە کـە حوکمڕان و بـاڵا دەسـتەو، سەرپەرشـتیارەو، هەمـەکارەو هەمـوو شـت بـە دەسـتە.

(ٱلْقُدُّوسُ): (التَّقْدِيْـس: التَّطْهِـيْرُ الإِلَهِـيُّ)، (تقدیـس) بریتیـە لـە پاککردنـەوەی خوایـی ﷻ، کەواتـە: (قُـدُوس) واتـە: (الطَّاهِـر) یـان (المُنَـزَّه)، ئـەوەی پاکـەو بـێ هەڵـەو عەیبـە.

(ٱلسَّلَٰمُ): (مَصْدَر السَّلاَم أي: ذو السَّلاَمَةِ) وشـەی (سَلاَم)یش دیـارە چاوگـە، واتـە: خـاوەن سـەلام، سـەلامیش بـە مانـای سـەلامەتیی، واتـە: بـێ بەڵایـی و بێمزەڕەتیـی، بـێ کـەم و کوڕیـی، (سَـالِمٌ الخَلْـقِ مِـنَ الظُلْـمِ) (سَـلاَم) بـە مانـای ئـەوەش دێ، کـە دروسـتکراوەکانی سـەلامەت کـردوون، لـەوەی سـتەمیان لـێ بـکات، دروسـتکراوەکان خـوا وایکـردوە، سـتەمیان نەیەتـە سـەر لەلایـەن ویـەوە، هەروەهـا (سَـلاَم) بـە مانـای سـەلامەت و دوور لـە کـەم و کوڕیـی، هەروەهـا (سَـلاَم) بـە مانـای (مُسـلم)یش هاتـوە، واتـە: سڵاوکەر، یاخـود ئاشـتیی و سـەلامەتیی دابینکـەر بـۆ دروسـتکراوەکانی.

(ٱلْمُؤْمِنُ): یەکێکـە لـە ناوەکانـی خـوا، (الأَمْـنُ: طُمَأْنِيْنَـةُ النَّفْـسِ وَزَوَالُ الخَـوْفِ)، (أَمْـن): بریتیـە لـە ئۆقرەگرتنـی نەفـس و، لاچوونـی تـرس و بیـم، (مُؤْمِـن) واتـە: دابینکـەری ئۆقرەیـی و هێمنیـی و ئارامیـی و بـێ ترسـیی.

(ٱلْمُهَيْمِنُ): (الرَّقِيْـب، الحَفِيْـظ) (مُهَيْمِـن) بـە مانـای چاودێـرو پارێـزەر دێ، دەگوتـرێ: (هَيْمَـنَ عَلَيْـه: رَاقَبَـهُ، قَـامَ عَلَيـه)، چاودێریـی کـرد، بەسـەری ڕاگەیشـت، (القَائِـمُ عَـلَى خَلْقِـهِ بِأَعْمَالِهِـم وَأَرْزَاقِهِـم) ئـەو زاتەی سەرپەرشـتیاریی دروسـتکراوەکانی دەکات، ئـاگای لـە کردەوەکانیـان و بژیـوو پێداویستییەکانیشـیانە.

(ٱلْجَبَّارُ): (القَاهِـر) بـە مانـای ملپێکەچکـەر، (المُكـرِهُ غَـيْرِه عـلى انْفَعـالِ فِعْلِـهِ)، (جَبَّـار) واتـە: کەسـێکە جگـە لـە خـۆی وا لـێ دەکات، ئـەو فەرمانـەی پێـی دەکات، جێبەجێـی بـکات، هەروەهـا (جَبَّـار) بـە مانـای (مُصلح)یـش دێ، واتـە: چاککـەر، دەگوتـرێ: (جَـبَرَ الكَـسرَ أي: أَصْلَحَـهُ)، شـتێک کـە شـکا بـێ، هەڵببەسـترێتەوەو چـاک بکـرێ، پێـی دەگوتـرێ: (جَـبَرَهُ) واتـە: شـکاوییەکەی هەڵبەسـتەوەو، چاکـی کـردەوە.

(ٱلْمُتَكَبِّرُ): (الشَّـدِيْدُ الكِبْرِيَـاء أي: العَظَمَـة)، ئەو زاتەی گەورەیـی و مەزنییەکەی ئەوپەڕیەتـی، هەروەهـا (مُتَكَبِّر): زاتێکـە خـۆی بـە بـەرز گرتـوە لـەوەی ملکـەچ بـێ، بـۆ جگـە لـە خـۆی، بـۆ خـوا ﷻ، جگـە لـە خـۆی، هەموویـان دروسـتکراوەکانی، ئـەو سـیفەتە تەنیـا شایسـتەی خوایـە، واتـە: خـۆ بەگـەورە زانیـن، بـەس خـوا

گەورەیەو گەورەیی ڕەها تەنیا هی خوایە، بەس خواش ﷻ خۆی لەوە بە بەرز دەگرێ، کە ملکەچ بێ بۆ جگە لە خۆی، چونکە جگە لە خۆی هەموویان دروستکراوەکانی.

(ٱلۡخَٰلِقُ): (الخَلْقُ: أَصْلُهُ التَّقْدِير المستَقِيمُ، وَيُسْتَعْمَلُ فِي إِبْدَاعِ الشَّيءِ مِنْ غَيْرِ أَصْل وَلا احتِذَاء)، (خَلْق): بریتیە لە ئەندازەگیرییەکی ڕێک و ڕاست، بەکاردەهێنرێ بۆ داهێنانی شتێک، بێ ئەوەی بنەمایەکی بووبێ، بێ ئەوەی لە هێنانە دی ئەو شتەدا، تەماشای شتێکی دیکە کرابێ، کەواتە: (خلق) بە مانای بەدیهێنان و داهێنان دێ، بەڵام مادام لەگەڵ (ٱلۡبَارِئُ) و (ٱلۡمُصَوِّرُ)دا هاتوە، (ٱلۡخَٰلِقُ) واتە: ئەندازەگیرییکار، بۆ ئەوەی ئەو شتە بهێنێتە دی.

(ٱلۡبَارِئُ): پەیداکەری ئەو شتەی ئەندازەگیریی کراوە، دەگوترێ: (بَرَيْتُ العُود)، کەسێک دارێک شتێک تەشوویکاریی بکات و گرێی پێوە نەهێڵێ، وای پێدەگوترێ، خواش (بَارِئ)ە، بەو شێوەیەی بە سیفەتی ئەندازەگیرییان (خالق)ی خۆی ئەندازەگیریی کردوە، بە سیفەتی (بَارِئ) بوونیشی دەیهێنێتە دی.

(ٱلۡمُصَوِّرُ): وێنەکێش، دیارییکردنی ڕەنگ و دیمەن، (أبو حامد الغزالي) لەبارەی ئەو سێ ناوەی خوای پەروەردگارەوە: (الخَالِق) و (البَارِئ) و (المُصَوِّر)، قسەیەکی جوان دەکات: (كُلُّ مَا يَخْرُجُ مِنَ العَدَمِ إلى الوُجُودِ، يَفْتَقِرُ إلى تَقْدِير أوَّلاً، وَإلى الإيْجَاد عَلَى وَفقِ التَّقْدِيْر ثَانِياً، وَإلى التَّصْوِير بَعْد الإِيْجَاد ثَالِثاً).

واتە: هەر شتێک کە لە نەبوونەوە دەهێنرێتە بوون، پێویستیی بە سێ شتان هەیە:

یەکەم: ئەندازەگیریی کردن، دووەم: پەیداکردن بەپێی ئەو ئەندازەگیرییەی بۆی کراوە، سێیەم: وێنەکێشانی بەپێی ئەو پەیداکرانەی پەیدا دەکرێ، واتە: (خَالِق) واتە: ئەندازەگیرییکار، (بَارِئ) واتە: پەیداکار، (المُصَوِّر) واتە: شێوەو دیمەن و وێنە پێبەخشەر.

(ٱلْحُسْنَىٰ): (مؤنَّث الأَحَسَن)، دەگوترێ:(هَذَا أَحْسَنُ الأَشْيَاء، فُلاَن أَحْسنُ النَّاس)، واتە: ئەمە چاکترین شتە فلان کەس باشترین کەسە، ئنجا (ٱلْحُسْنَىٰ) واتە: هەرەباش، کە دەچێتەوە بۆ ناوەکانی خوا، ﴿ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴾، واتە: خوا ناوە هەرە باشەکانی هەن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

لە تەفسیری ئایەتەکانی ڕابردوودا باسمان کرد، کە ئەم سوورەتە موبارەکە، زیاتر پەیوەستە بە بەسەرهاتی غەدرو پەیمان شکێنیی هەردوو هۆزی جوولەکەی (بنو قینقاع وبَنُو النَّضِير)ەوەو، ئەو موونافیق و دڵنەخۆشانەی لە مەدینە، لەگەڵ ئەواندا سەروکاریان هەبوو و هاوکارییان دەکردن، ئنجا لە کۆتایی گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەداو، لە کۆتایی باسکردنی هەڵوێستی موونافیق و دڵنەخۆشەکاندا، خوا ﷻ ڕوو دەکاتە بڕواداران و دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! واتە: بڕواتان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بێنن، بڕواتان هێناوە بە خوا ﷻ، بەو شێوەیەی قورئان دەفەرموێ بڕوای پێ بێنن، بڕواتان هێناوە بە کتێبەکانی خوا، بە فریشتەکانی خوا، بە پێغەمبەرانی خوا، بە ڕۆژی دوایی، بە نەخشەدانان و ئەندازەگیرییکردنی خوا، بە جێبەجێ کردنی خوا، واتە: (قَدَر وَقَضَاء)، بڕواتان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی، خوا بە پێغەمبەردا ناردوونی، کە دەبێ بڕوایان پێ بهێنرێ.

ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ﴿ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ﴾، پارێز لە خوا بکەن، واتە: لەگەڵ خوادا ﷻ لەسەر بناغەی پارێزکاریی مامەڵە بکەن، با هەڵسوکەوتتان لە خزمەت خوای پەروەردگاردا بناغەکەی بریتی بێ لە تەقوا، کە زۆرجاران باسمان کردووەو لەم ئایەتە موبارەکەشدا دووجاران فەرمانی پێکراوە، (تەقوا) بریتیە لە لەخۆ

وریا بوون، هۆشیاریی و بێدارییەک، تۆ وا لێ بکات سەلامەت و پارێزراو بی، لەوە کە خوا ﷻ لێت تووڕەو نارازیی بێ، خواش ﷻ بە دوو شتان لە مرۆڤ نارازیی دەبێ بە شێوەیەکی گشتیی:

یەکەم: ئەو ئەرکانەی پێویستی کردوون، بیانچوێنێ.

دووەم: ئەو قەدەغانەی بۆی داناون، بیانشکێنێ.

کەواتە: تەقوا وەک زانایان گوتوویانە، کۆکەرەوەی هەموو سیفەتە باشەکانە (**جامع خصال الخير كلّها**)، تەقوا پابەندییە بە کۆی ئایین و بەرنامەی خوای پەروەردگارەوە: بە تێڕوانین و بووناسییەکەیەوە، بە ئیمان و عەقیدەکەیەوە، بە پەرستش و دروشمەکانی خواپەرستییەوە، بە ڕەوشت و ئاکارە بەرزو پەسندەکانەوە، چ پەیوەندییان بە بواری تاکییەوە هەبێ، چ بە بواری خێزانییەوە، چ بە بواری کۆمەڵایەتییەوە، هەروەها خۆڕازاندنەوە بە ئەدەب و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها پابەندیی بە شەریعەتی خوای پەروەردگارەوە، لە ڕووی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو سەرپەرشتییکردنی و، سیاسەت و حوکمڕانیی و، ئابووریی و ژیان و گوزەران و، پەیوەندییە سیاسییەکان و، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و، جەنگ و ئاشتیی و ... هتدەوە.

کەواتە: کە خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن، واتە: ئایین و بەرنامەی خوا، چی پێ فەرموون وەریبگرن و پێوەی پابەندبن، چ پەیوەندیی بە تێڕوانین و بووناسییەوە هەبێ:

أ- کە بزانی، تۆ چی؟ ئەم گەردوونە چییە؟ لە کوێوە هاتووە؟ بۆ کوێ دەچێ؟ تۆ بۆچی دروستکراوی و، پێویستە چۆن بژی و، بۆ کوێ دەچی؟ ژیانی دنیا چییە؟ ڕۆژی دوایی چییە؟.

ب- چ پەیوەندیی بە ئیمان و عەقیدەوە هەبێ.

ج- چ پەیوەندی بە بواری خواپەرستیی و ڕەوشت و ئاکارەکان و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەبێ.

د- چ پەیوەندی بە بواری هەڵسوکەوتە سیاسییەکان و.... هتدەوە هەبێ.

ئێمە پێشتریش لە بارەی تەقواوە زۆر شتمان باسکردوە، بەڵام خوا ﷻ لێرەدا دووجاران فەرمان بە تەقوا دەکات: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن، ﴿ وَلۡتَنظُرۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖ ﴾، هەر کەسە با سەرنج بداو ڕابمێنێ، چی پێشخستوە بۆ سبەینێ، کە قیامەتە؟ ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، خوا ﷻ دووبارەی دەکاتەوە: پارێز لە خوا بکەن، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴾، بە دڵنیایی خوا شارەزای ئەوەیە دەیکەن، خوا ﷻ پەنهانبینەو، پەنهانزانە، ئەوەی دەیکەن خوا ﷻ زۆر شارەزایەتی، هەر لە دڵ و دەروونتانەوە، چ هاندەرو پاڵنەرێک هەیە بۆ کردەوەکانتان، پاشان چۆنیەتیی ئەنجامدانی کردەوەکان، چەندەی بەپێی شەرعەو، چەندەی لادانی تێدایە؟ چەندەی بۆ خوایەو، چەندەی بەشی نەفس و دنیای تێدایە؟ خوا ئاگادارو شارەزای هەموویەتی.

﴿ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡ ﴾، وەک ئەوانەش مەبن کە خوایان لە بیر چوو، خواش خۆیانی لە بیر بردنەوە، لە شوێنی دیکەدا، لە سوورەتی (التوبة)دا خوا دەفەرموێ: ﴿ نَسُواْ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمۡۚ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴾، ئەوان خۆیان لە بیرچوو، خواش لە بیری چوون، بە دڵنیایی هەر مونافیقەکان دەرچووانن، بێگومان لە بیرچوونی خواش ﷻ، واتە: وازی لێهێنان و پشتگوێ خستن و گرنگیی پێ نەدان، ئەگەرنا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيّٗا ﴾مریم -٦٤-، واتە: پەروەردگارت هەرگیز هیچ شتێک فەرامۆش ناکات و لەبیری ناچێ، بەڵام وەک چۆن کەسێک شتێکی لە بیر دەچێ و ئاگای لێ نامێنێ، خواش ﷻ ئەوانەی پشتگوێ خستن و ئیهمالی کردن وەک لە بیرچوون، لێرە دەفەرموێ: ﴿ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡ ﴾، خۆیانی لە بیر بردنەوە، ئینسان

وەختێک خۆی لە بیر بچێ، مانای وایە ئاگای لە خۆی نابێ، چ شتێک خێرو بەرژەوەندیی تێدایە بیکات و، چ شتێک زیان و زەرەری تێدایە خۆی لێ بپارێزێ، کاتێک مرۆڤ لە خوای پەروەردگار دەپچڕێ، خۆی لێ ون دەبێ، مرۆڤ کاتێک خوا لە یاد دەکات، کاتێک خوا ناناسێ، ئنجا هەر یەکجاریی نایناسێ، وەک مولحیدەکان، یاخود نایناسێ بەو واتایەی دەزانێ خوا هەیە، بەڵام فەرمانبەریی ناکات و وای مامەڵە لەگەڵ دەکات کە هەر نەیناس و دان بە بوونیدا نەهێنێ، لە حاڵی وادا، مرۆڤ خۆی لێ ون دەبێ، مرۆڤ کاتێک واتا بۆ بوونی خۆی دەزانێ، قەدرو قیمەتی خۆی دەزانێ، کە پەیوەست بێ بە خواوە، وەختێک لە خوا دادەبڕێ، خۆی لێ ون دەبێ، نازانێ چییە؟ نازانێ لە کوێوە هاتوە؟ بۆچی هاتوە؟ بۆ کوێ دەچێ؟ خاوەنەکەی کێیە؟ وەختێ مرۆڤ خاوەنی خۆی نەناسێ، بە دڵنیایی خۆشی ناناسێ.

﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴾، ئا ئەوانەن دەرچووان، لە حوکمی زگماک دەرچوون، لە حوکمی عەقڵ دەرچوون، لە حوکمی شەرع دەرچوون، لێرەدا (**فاسِق**) بە مانای دەرچوونی یەکجارەکییە، واتە: ئەوانە یەکجارەکیی لە حوکمی زگماک و، عەقڵ و لۆژیک و، شەریعەتی خوا دەرچوون، وەک چۆن شەمەندەفەرێک کە لەسەر سکەکەی لادەدا، کارەساتی لێدەکەوێتەوە، یاخود ئۆتۆمۆبێلێک کە لە جادە لادەدا، جاری وا هەیە دەکەوێتە تەقڵەو هەپروون بە هەپروون دەبێ، مرۆڤیش کە لە خوا دوور دەکەوێتەوە، خوا دەفەرموێ: ئەوانەن لادەران.

﴿ لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۚ ﴾، هاوەڵانی ئاگری دۆزەخ لەگەڵ هاوەڵانی بەهەشتدا یەکسان نین،

﴿ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴾، هاوەڵانی بەهەشت، بەس ئەوانە سەرفرازو بە مراد گەیشتوون، ئەوانەی دیکە بێمرادو ڕەنجەڕۆو دەستخەڕۆن، ئەوانی

دیکـە سـەر بـە هـەش و بێبەشـن، بـەڵام هاوەڵانی بەهەشـت هـەر ئەوانن بـە مـراد گەیشـتوو، بـە ئامانـج گەیشـتوو، ئـەو حیکمەتـەی خـوا ئەوانـی بـۆ هێناوەتـە دی، لـە ژیانـی خۆیانـدا هێناویانەتـە دی، کـە بریتیـە لـە بەندایەتیـی کـردن بـۆ خـواو، هەڵگرتنـی ئەمانەتـی خـواو پاراسـتنی، جێنشـینایەتیی کردنـی خـواو بەڕێوەچـوون و ژیـان گوزەراندنـی تاکیـی و، خێزانیـی و، کۆمەڵایەتیـی بەپێـی بەرنامـەی خـوا، کـە سـەرەنجامیش مـرۆڤ لـە دنیـادا بەختـەوەر دەبـێ و، لـە عەیبداریـی و گوناهباریـی دوور دەبـێ، ڕێـک و ڕاسـت و چـاک و پـاک و سـاغ دەبـێ، لەگـەڵ خـۆی و لەگـەڵ خـواو لەگـەڵ خەڵکـدا، لـە ڕۆژی دواییشـدا دەبێتـە خاوەنـی بەهەشـت، یـان دەبێتـە هاوەڵـی بەهەشـت، چونکـە وشـەی (**صاحِب**) کـە بـە (**أصحاب**) کـۆ دەکرێتـەوە، هـەم بـە مانـای خـاوەن دێ، هـەم بـە مانـای هاوەڵیـش دێ.

ئـەوەش کە خوا دەفەرمـوێ: ﴿ لَا يَسْتَوِيٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ﴾، هاوەڵانی ئاگـر، یاخـود خاوەنانـی ئاگـرو، هـاوەڵان، یـان خاوەنانـی بەهەشـت، وەک یـەک نیـن، شـتێکی ئاشـکرایە، بـەڵام خـوا ﷻ شـتە ئاشکرایەکانیشـمان پـێ دەفەرمـوێ، بـۆ ئـەوەی لێـمان تێکنەچـێ و لەبیرمـان نەچـێ، ئەمـەش زەمینـە خۆشـکەرە بـۆ ئـەوەی دوایـی دەیفەرمـوێ: ﴿ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴾، خاوەنـان یـان هاوەڵانـی بەهەشـت، هـەر ئەوانـن سـەرفرازن.

ئنجا کـە خـوا دەفەرمـوێ: خاوەنـان یـان هاوەڵانـی ئاگـرو، خاوەنان یـان هاوەڵانی بەهەشـت، وەک یـەک نیـن، تـۆ دەبـێ بزانـی مـرۆڤ بەچـی دەبیـە هـاوەڵ و خاوەنی بەهەشـت؟ بێگومـان بـە ئیـمان و کـردەوەی بـاش، ئـەدی بەچـی مـرۆڤ دەبێتـە خـاوەن و هاوەڵـی ئاگـری دۆزەخ؟ بێگومـان بەبـێ ئیمانیـی و بـە کـردەوەی خـراپ.

ئنجـا خـوا ﷻ دێتـە سـەر بابەتـی دووەم، کـە لـە ئایـەتی (٢١)دا خراوەتـە ڕوو، دەفەرمـوێ: ﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ﴾، ئەگـەر ئـەم قورئانەمـان دابەزاندبایـە سـەر چیایـەک، چیایەکـەت دەبینـی بـە

زەبوونیی و ملکەچیی و، بە پارچە پارچە بوویی و، بە شەق و پەق بوویی لە سام و هەیبەتی خوا ﷻ!

کەواتە: ئەی مرۆڤ! قەدری ئەو فەرمایشتەی خوا بزانە، کە دایبەزاندوە بۆ سەر ئێوە، بەڵێ سەرەتا بۆ سەر دڵی موبارەکی موحەممەد ﷺ دایبەزاندوە، بەڵام ئەویش دوایی خستوویەتە عەقڵ و دڵی هەموو ئەوانەی شوێنکەوتووینی، هەر کەسە بە ئەندازەی خۆی، ئەگەرنا وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾ بِلِسَانٍ عَرَبِيٍّ مُّبِينٍ ﴿١٩٥﴾ ﴾الشُّعراء، واتە: بە دڵنیایی دابەزێنراوە لەلایەن پەروەردگاری جیهانییانەوە، گیانی ئەمیندار دایبەزاندۆتە سەر دڵی تۆ، تاکو لە ترسێنەران و وریاکەرەوان بی، بە زمانێکی عەرەبیی ڕۆشن.

بەڕاستیی ئەم ئایەتە موبارەکە، ئینسان تاکو تێیەوە ڕامێنێ دەیهێنێ!!

خوا دەفەرموێ: ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندبایە سەر چیایەک، کە هیچ کەس و هیچ شتێک بە پێی زانیاریی ئێمە لە چیا سەختتر نیە، چیا ئەوپەڕی ڕەق و سەخت و بەهێزو زەبەلاحە، ئەگەر قورئان دابەزیبایە سەری، ئەو چیایەت دەبینی بە ملکەچیی، بە ترس و لەرز ڕێنیشتوویی، بە کرووزاوەیی، ﴿ مُّتَصَدِّعًا ﴾، هەروەها بە پارچە پارچە بوویی و بە شەق و پەق بوویی دەتبینی، لە ئەنجامی چیدا؟ ﴿ مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ﴾، (**الخَشْيَةُ: هُوَ الخَوْفُ مَعَ التَّعْظِيم**)، (**خَشْيَة**): بریتیە لە ترسێک بە مەزنگرتنی لەگەڵدا بێ، هەروەها: (**خَشْيَة**): بریتیە لە سام و هەیبەت هەبوون بەرانبەر شتێک، کە لە ئەنجامی ناسینی ئەو شتەو ئەو زاتەدا، سام و هەیبەت بێتە دڵەوە، بۆیە خوا دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ﴿٢٨﴾ ﴾فاطر، واتە: بە دڵنیایی تەنیا بەندە زانایەکانی خوا، سام و هەیبەتی وەک پێویستیان بەرانبەری هەیە، ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، ئەو وێنانەش بۆ خەڵکی دێنینەوە، بەڵکو بیر بکەنەوە.

خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: ئەگـەر ئـەم قورئانەمـان دابەزاندبایـە سـەر چیایـەک، چیایەکـەت دەبینـی بـە تـرس و لـەرز ڕێنیشـتوویی و بـە زەبوونیـی و ملکەچیـی، بـە شـەق و پـەق بوویـی، ئـەو وێنەیەشـمان بـۆ دێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بیـری لـێ بکەینـەوە، بیـر بکەینـەوە لـە مەزنیـی و پایەبەرزیـی ئـەم قورئانـە.

ئنجـا دێتـە سـەر بابەتـی سـێیەم، کـە ناسـاندنی خـوای بـەرزو بـێ وێنەیـە، خـوا خـۆی دەناسـێنێ، لـە میانـی بیسـت (٢٠) لـە نـاوە هـەر بـەرزو سـیفەتە هـەرە پەسندەکانی دا، دەفەرموێ: ﴿ هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، ئـەو خوایـە، جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێک نیـە، واتـە: ئـەو خوایـەی ئـەم قورئانـەی دابەزانـدوە بـۆ ئێـوە، ئـەو خوایـەی لـە ئایەتەکانـی ڕابـردوودا باسـی کارەکانیـمان کـرد، چـۆن پشـتگیریی پێغەمبـەرو بڕوادارانـی کـردوە، چـۆن دوو هـۆزە پەیـمان شـکێنەکەی جوولەکـە: (**بنـو قینقـاع و بَنُـو النَّضِـیر**) تـرس و لـەرزی خسـتنە دڵ و، سـزای دان، بـە جۆرێـک خۆشـیان چاوەڕوانییـان نەدەکـردو، بڕوادارانیـش ئەگەریـان بـۆ دانەنـا بـوو، کـە بـەو شـێوەیە تـرس و لـەرز بچێتـە دڵیـان، ئـەو شـوێنانەی تێیـدا نیشـتەجێ بـوون، بـە جێیـان بهێڵن، ئـەو زاتـە بریتیـە لـە خـواﷻ (اللـه).

﴿ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، ئـەو زاتـەی جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێک نیـە، واتە: هیچ پەرسـتراوێکی شایسـتە نیـە، ئەگەرنـا پەرسـتراوی ناشایسـتە زۆرن، بـەڵام پەرسـتراوێک شایسـتەی پەرسـتران بـێ، تەنیـا ئـەوە، جـاری دیکـەش هـەر گوتوومانـە، (إلـه) لەگـەڵ (ألله)دا لێـک جیـان، (ألله) واتـە: خـوا، ئـەو زاتـەی خـاوەن و بەدیهێنـەرو پەیداکەرو پـەروەردگارو وێنەکێشـی دروسـتکراوەکانە، بـەڵام (إلـه) واتـە: پەرسـتراو، ئنجـا (ألله) هـەر یەکێکـە کـە بـە کـوردی خوایـە، بـەڵام (إلـە) دەگونجـێ هـەر یەکێـک بـێ، ئەگـەر پەرسـتراوی ڕاسـتەقینە بـێ، کـە خوایـە، دەشـگونجێ زۆر بـن، ئەگـەر ئیکتیفـا نەکـرێ، بـە پەرسـتنی خـوا، کـە تەنیـا ئـەو شایسـتەی پەرسـترانە، بۆیـە هەڵەیـە کـە لـە مانـای (**لا إلـه إلاَّ اللـه**)دا دەگوتـرێ: بێجگـە لـە خـوا هیـچ خوایـەک نیـە، بەڵکـو دەبـێ بگوتـرێ: بێجگـە لـە خـوا هیـچ پەرسـتراوێک نیـە، چونکـە (إلـه) بـە مانـای

پەرستراو (**معبود**)ە، نەک بە مانای خوا (**ألله**)، (**الله**) ناوی عەلەمی خوایە، کە بە کوردیی دەڵێین: خوا، بە فارسیی دەڵێن: (**خُدا**)، بە ئینگلیزیی دەڵێن: (گاد -God-)، لە هەموو زمانەکانی دنیادا ناوی خوا هەیە، ئەو زاتەی بەدیهێنەرو پەروەردگارو خاوەنی کائیناتە، چونکە ناسینی خوا، شتێکی خوارسک و زگماکە، لە دەروونی مرۆڤەکاندا.

بۆیە لە هەموو زمانەکاندا مرۆڤەکان ناویان بۆ خوا داناوە، بە هەموو ئەو زمانانەی هەن، کە شارەزایانی زمان دەڵێن: زیاتر لە چوار (٤٠٠٠) زمان لە دنیادا هەیە، بەڵام (**إله**) بە مانای (**مألوه**) پەرستراو دێ، ئنجا ئەو پەرستراوە: (**لا إله إلا هو**)، هیچ پەرستراوێک نیە، واتە: هیچ پەرستراوێکی شایستەی پەرستراني بە هەق نیە، جگە لە خوا.

﴿ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾، زانای پەنهان و ئاشکرایە، زانای نەبینراوو بینراوە، زانای نا بەرهەست و بەرهەستە. ﴿ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴾، ئەو بەبەزەییەو میهرەبان و بەخشندەیە، لە دنیادا بەبەزەییەو بەزەییەکەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە: ﴿ وَرَحْمَتِى وَسِعَتْ كُلَّ شَىْءٍ ﴿١٥٦﴾ ﴾**الأعراف**، بەڵام لە ڕۆژی دواییدا بەزەییەکەی خۆی تایبەت دەکات بە بڕوادارانەوە: ﴿ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٦﴾ ﴾**الأعراف**، ﴿ وَكَانَ بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَحِيمًا ﴿٤٣﴾ ﴾**الأحزاب**، واتە: ڕەحیمیەتی خوا لە ڕۆژی دواییدا، تایبەتە بە بڕوادارانی چاکەکارەوە، بەڵام ڕەحمانییەتی خوا، لە دنیادا هەموو کەسی گرتۆتەوە.

بۆیە من: ﴿ بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ﴾، ئاوا واتا دەکەم: بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، چونکە ﴿ ٱلرَّحْمَٰنِ ﴾، واتە: بەبەزەیی و بەزەیی خوا لە دنیادا بۆ هەموو لایەکە، بەڵام بەخشندەیی خواو میهرەبانیی خوا، لە ڕۆژی دواییدا تایبەتە بە بڕوادارانەوە: ﴿ فَسَأَكْتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤْتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤْمِنُونَ ﴿١٥٦﴾ ﴾**الأعراف**، یانی: تایبەتی دەکەم بەوانەوەی ئەهلی تەقوا بوون، ئیمانیان هەبووەو زەکاتیان داوە، یاخود: خۆیان تەزکیە کردوە.

﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، ئـەو خوایـە، کەسـێکە جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێک نیـە، ﴿ ٱلْمَلِكُ ﴾، حوکمـڕان و باڵادەسـت و دەستڕۆیشـتووە، ﴿ ٱلْقُدُّوسُ ﴾، پـاک و بێخـەوش، بـێ کـەم و کوڕییـە، ﴿ ٱلسَّلَٰمُ ﴾، سـەرچاوەی سـەلامەتیی و ئاشـتیی، یاخـود دابینکـەری ئاشـتیی و سـەلامەتیی بـۆ دروسـتکراوەکان، یاخـود: دروسـتکراوەکان و مـرۆڤ و جنـد، لـە دەسـتی سـەلامەتن کـە زوڵمیـان لـێ بـکات، ﴿ ٱلْمُؤْمِنُ ﴾، دڵنیاکـەر، یـان بەڕاسـتدانەری پێغەمبەرەکانـی بەهـۆی موعجیزەکانـەوە، ﴿ ٱلْمُهَيْمِنُ ﴾، بەسـەر ڕاگەیشـتوو، ﴿ ٱلْعَزِيزُ ﴾، باڵادەسـت، ﴿ ٱلْجَبَّارُ ﴾، ملپێکەچکـەر، یاخـود: چاککـەرەوە، واتـە: شـتێک شـکابێ چاکـی دەکاتـەوە، کەسـێک دڵـی شـکا بـێ دڵـی دێنێتـەوە جێـی خـۆی، ﴿ ٱلْمُتَكَبِّرُ ﴾، خـۆ بـە گـەورەزان، گەورەیـی ڕەهـا هـەر شایسـتەی خوایـە، خـوا خـۆی بـە بـەرزو گـەورە دەگـرێ لـەو شـتانەی شایسـتەی نیـن، ﴿ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴾، پاکیـی بـۆ خـوا لـەوەی دەیکەنـە هاوبەشـی واتـە: خـوا زۆر دوورو بـەرزە لـەوەی ئـەو شـتانەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان دەیانپەرسـتن، هاوبەشـی بـن، ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ﴾، ئـەو خوایـە، بەدیهێنـەرو پەیداکـەرە، یاخـود: ئەندازەگیرییـکارو، پەیداکـەرو داهێنـەرە، ﴿ ٱلْمُصَوِّرُ ﴾، وێنەکێشـە، ﴿ لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ ﴾، نـاوە هـەر چاکـەکان هـی ویـن، نـاوە هـەرە بـەرزو پەسـندەکان تەنهـا هـی خـوان، ﴿ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ﴾، هەرچـی لـە ئاسـمانەکان و زەویدایـە بـە پاکـی دەگـرێ، بێخەوشـیی خـوا ڕادەگەیەنـێ، چونکـە خـوا بێخەوشـە، بـێ هەڵەیـە، بـێ پەڵەیـە، بـێ لەکەیـە، ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئـەو باڵادەسـتی کار بەجێیـە، ئـەو زاڵـی کارزانـە.

ئەمانـە بیسـت لـە نـاوو سـیفەتە بـەرزو بـێ وێنەکانـی خـوا بـوون، کـە خـوا ﷻ لـەم سـێ ئایەتـە موبارەکـەدا خسـتنیە ڕوو.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا بە بڕواداران، کە پارێز لە خوا بکەن و سەرنج بدەن! چییان بۆ قیامەت ساز کردووە، وەک ئەوانە نەبن کە خوایان فەرامۆش کردووە، خواش خۆیانی لە بیر بردوونەوە، یەکسان نەبوونی دۆزەخییان و بەهەشتییان، کە تەنیا بەهەشتییان بە مراد گەیشتوو و سەرفرازن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَلۡتَنظُرۡ نَفۡسٞ مَّا قَدَّمَتۡ لِغَدٖۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٨﴾ وَلَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ نَسُواْ ٱللَّهَ فَأَنسَىٰهُمۡ أَنفُسَهُمۡۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡفَٰسِقُونَ ﴿١٩﴾ لَا يَسۡتَوِيٓ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِۚ أَصۡحَٰبُ ٱلۡجَنَّةِ هُمُ ٱلۡفَآئِزُونَ ﴿٢٠﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە هەشت بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! پارێز لە خوا بکەن، پێشتریش لە مانا گشتییەکەیدا باسی تەقوامان کرد، (**راغب الأصفهاني**) ڕەحمەتی خوای لێ بێ، ئاوا پێناسەی تەقوا دەکات، دەڵێ: (**وَصَارَت التَّقْوَى فِي تَعَارفِ الشَّرْعِ حِفْظُ النَّفْسِ عَمَّا يُؤْثِم**)، واتە: وشەی تەقوا لە زاراوی شەرع دا، بریتیە لە خۆپاراستن لە هەر گوناهبارکەرێک.

ئایا ئینسان بە چی گوناهبار دەبێ؟ بەوەی ئەرکێک کە خوا داینـاوە، بیچوێنێ، یان شتێک کە خوا قەدەغەی کردوە، بیشکێنێ، کەواتە: تەقوا، واتە: خۆپاراستن لە چواندنی ئەرکەکان و شکاندنی قەدەغەکان، بۆیە: تەقوا هەموو شەریعەت دەگرێتەوە نێو خۆی، چونکە شەریعەت هەمووی یان فەرمانە بە

شتی پەسندو چاک، ئنجا چ بە شێوەی فەرز بوون، چ بە شێوەی پەسند بوون، یاخود ڕێگرتنە لە شتی خراپ، ئەویش دیسان چ بە شێوەی قەدەغە کردن، یان بە شێوەی بە ناپەسند دانان، ئنجا ئەوەش لە هەموو بوارەکانی بووناسیی و تێڕوانین و، ئیمان و عەقیدەو، پەرستشەکان و، ڕەوشت و ئاکارەکان و، حەڵاڵ و حەرام و، ژیان و گوزەران و، حوکم و سیاسەت و، ئابووریی و.... هتددا.

کەواتە: تەقوا کۆکەرەوەی تێکڕای پابەندییەکانە بە شەریعەتەوە، بۆیە خوا ﷻ ئەوەندە لە قورئاندا دووبارەی کردۆتەوە.

ئایا ئینسان بە هۆی چییەوە لە ژیانی خۆی وریا دەبێ و، ژیانەکەی خۆی دەکاتە کێڵگەیەک بۆ ڕۆژی دوایی، ژیانەکەی خۆی وا لێ دەکات، هەمیشە بە شێوەیەک ڕەفتار بکات، بە قازانجی ڕۆژی دوایی تەواو ببێ؟ بێگومان بە هۆی تەقواوە، بۆیە پێشێ خوا فەرمان دەکات بە تەقوا، ئنجا دەفەرمویّ:

٢)- ﴿وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ﴾، با هەر کەسە سەرنج بدات، ڕامێنێ، تێبفکرێ چی بۆ سبەینێ پێشخستوە!.

کە دەفەرموێ: ﴿وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ﴾، نەفس لێرەدا کە بە نەزانراو (**نکرة**) هاتوە، واتە: هەموو نەفسێک، هەموو کەسێک، (**لأنَّ تَنْكِيْرَ النَّفْسِ فِـي سِيَاقِ الأَمْرِ يُفِيدُ العُمُومَ**)، وشەی (**نَفْس**) لێرەدا کە لە ڕەوتی فەرمان پێکردن دایە، مانایەکەی گشتییە، واتە: با هەموو کەس سەرنج بدات و ڕامێنێ، ﴿مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ﴾، بۆ سبەینێ چی پێشخستوە، واتە: چی ئەنجام داوە لە ژیانی دنیایداو، پێشدەستی خۆی خستوە، بۆ سبەینێ؟ (**الغَدُ: اليَوْمُ الَّذِي يَلِي يَوْمَكَ الَّذِي أَنْتَ فِيْهِ**)، (**غد**) بریتیە لەو ڕۆژەی بەدوای ئەو ڕۆژەدا دێ، کە تۆ تێیدای.

کەواتە: (غَد)ی ئەمڕۆی ئێمە ئێستا تێیداین، (سبەینێ)یە کە دێ، دەگوترێ: سبەینێ، بەیانیی، بۆچی خوا ﷻ ناوی لە قیامەت ناوە (غَد)؟ لە دوو ڕووەوە:

أ- هەر کەسێک مرد، یەکسەر دەچێتە قۆناغی بەرزەخ و دوایی بەرەو قیامەت دەچێ.

ب- ژیانی دنیاش دوای ئەوەی کۆتایی دێ، یەکسەر قیامەتی بە دوادا دێ.

کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ﴾، (ل)ی سەر (غَد): (لامُ العِلَّةِ أي لِإجْلِ الغَد)، لامی پێناوە، یانی: لەبەر بەیانیی و لە پێناوی بەیانیی دا، بەڵام (ل)ی سەر ﴿وَلْتَنظُرْ﴾، (ل)ی فەرمانە، بۆیە کرداری (تَنْظُرْ)ی پێ زەنەدار (مَجْزوم) بووە.

کەواتە: خوا پێویستی کردوە لەسەر هەر کەسێک، کە سەرنج بدات و رابمێنێ، چی بۆ سبەینێی کە قیامەتە پێشخستوە! یانی: لە پێناوی سبەینێی دا چی پێشخستوە؟ پێشخستنیش خوازراوەتەوە بۆ کردەوەیەک کە ئەنجام دەدرێ و، سوودو کەڵکەکەی دوایی دێ، وەک چۆن کەسێک پێش خەڵکێک دەکەوێ و دەبێتە پێش قەرەوڵیان، یاخود پێشیان دەکەوێ تاکو بزانێ لە پێشیانەوە چی هەیە؟، ئەگەر مەترسییەک هەبێ ئاگاداریان بکاتەوە، یان ئەگەر زیانێک بێ، بەس ئەو تووش ببێ و خەڵکەکە تووش نەبن.

٣)- ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾، (دووبارەی دەکاتەوە) پارێز لە خوا بکەن، بە دڵنیایی خوا شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن، دووبارە کردنەوەی: ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾ بۆ ئەوەیە، ئەو ڕستەی: ﴿إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ی لەسەر بنیات بنرێ، پارێز لە خوا بکەن، بە دڵنیایی خوا شارەزای ئەوەیە کە دەیکەن، کەواتە: بزانن چۆن ڕەفتار دەکەن! ئەوەی پێشیدەخەن بۆ سبەینێ (بۆ قیامەت)ی خۆتان، دەبێ چاک لێی وردببنەوە:

أ- هەم لە ڕووی هاندەری ئەنجام دانیەوە.

ب- هەم لە ڕووی شێوەی ئەنجام دانیەوە.

ج- لە ڕووی چۆنیەتیی و چەندییەتییەوە، هەروەها ئەوەی ئەنجامی دەدەن، چ پەیوەندیی بە خۆتانەوە هەبێت، چ پەیوەندیی بە بنەماڵەو خێزانتان، چ بە دەورو

بەرتان، چ بە کۆمەڵگاتان، چ لە ڕووی ڕووحیی و مەعنەوییەوە بێ، چ لە ڕووی ماددییەوە بێ، چ لە ڕووی ئابوورییەوەو، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، لە هەموو ڕووەکانەوە باش سەرنجی لێ بدەن!

٤)- ﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ نَسُوا۟ ٱللَّهَ ﴾، وەک ئەوانەش مەبن خوایان لە بیرچوو، لێرەدا وشەی: ﴿ نَسُوا۟ ٱللَّهَ ﴾، خوایان لە بیرچوو، (نسیان) لە بیرچوون، بەکارهێنراوە بۆ وازلێهێنان و پشت تێکردن، کە بە ئانقەست پشت لە شتێک بکەی و، پشتگوێی بخەی، ئەگەرنا مەرج نیە ئەو کەسەی سەرپێچیی لە فەرمانی خوا دەکات، خوای لە بیر نەبێ، خوای لە بیرە، بەڵام گوێی پێنادات و پشتگوێی دەخات، کەواتە: با کەسێک کە خوا دەناسێ و، گوناح و تاوان و کوفرو خراپەش دەکات، پێی وانەبێ وەبەر ئەم ئایەتە ناکەوێ، بڵێ: من بەردەوام خوام لە بیرە، نەخێر!

وشـەی: ﴿ نَسُوا۟ ﴾ لـە بیریانچـوو، خوازراوەتـەوە بـۆ وازلێهێنـان و پشـت تێکـردن و گرنگیـی و بایـەخ پـێ نـەدان، بـە بەڵگـەی ئـەوە کـە خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (التوبـة) ئایەتـی (٦٧)دا دەفەرمـوێ: ﴿ نَسُوا۟ ٱللَّهَ فَنَسِيَهُمْ ﴾، ئـەوان خوایـان لەبیرچـوو، خـواش ئەوانـی لەبیرچـوو، واتـە: ئـەوان خوایـان پشـتگوێ خسـت، خـواش ئەوانـی نادیـدە گـرت، وەک هـەر نەبـن، ئەگەرنـا خـوا شـتی لـە بیـر ناچـێ، وەک دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴿٦٤﴾ ﴾مریـم.

٥)- ﴿ فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْ ﴾، خواش خۆیانی لە بیر بردنەوە، (ف)ی ﴿ فَأَنسَىٰهُمْ ﴾، بۆ هۆکارە، واتە: لە بیربردنەوەی خوا بۆیان، پەیدابووی لە بیرچوونەوەی ئەوانە بۆ خواو بەرنامەی خوا، بۆیە کە ئەوان ئایین و بەرنامەی خوایان لە بیر بردوەو فەرامۆش کردوە، خواش ﷻ لەبیربردنەوەی خۆیانی تێدا هێناونە دی و، وای لێکردوون خۆیان لە بیر بکەن، واتە: زەرەرو قازانجی خۆیان لەبیر بکەن، هەڵبەتە دەبێ دڵنیابین، مەبەست لەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ فَأَنسَىٰهُمْ أَنفُسَهُمْ ﴾، خۆیانی لە بیر بردنەوە، بەو واتایە نیە کە هەر نەزانن هەن، بەڵکو واتە: قازانج و بەرژەوەندیی خۆیانی لە بیر بردنەوەو، چارەنووسی خۆیانی لە بیر بردنەوە.

بەڵام بۆچی خوا وای لێکردن؟ وەڵامەکەی دواتر لە بڕگەی شەشەم دا دێ.

بەڵام بێگومان ئەوە دەرهاویشتەی ئەوەیە، کە خوایان لە بیر چووەو فەرامۆش کردوە، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو حاڵەتەیان بۆ دروستبووە، وەک زۆرجاری دیکەش گوتوومانە، بەڵام خوا پاڵیداوەتە لای خۆی، لەبەر ئەوەی بە پێی سیستەم(**نظام**)ێک ئەو حاڵەتە ڕوویداوە، کە خوا دایناوە، ئەگەرنا خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ ﴿٩٣﴾﴾**النحل**، واتە: هەر کەسێ بیەوێ گومڕای دەکات و، هەر کەسێ بیەوێ ڕاستە ڕێی دەکات، بە دڵنیایی خوا ملی کەس ناگرێ گومڕای بکات، بەڵام یانی: بەپێی سیستەمی خوا خەڵک گومڕا دەبێ، خوا چۆنی سیستەم داناوە؟ وای داناوە تۆ ئەگەر بەرنامەی خوا تێبگەی و، لەبەرچاوت بێ و پێوەی پابەند بی، مانای وایە ڕێی ڕاست دەگری، بەڵام ئەگەر وازت لە ئایین و بەرنامەی خوا هێنا، وازت لە ڕاستە ڕێی خوا هێنا، مانای وایە سەرگەردان دەبی.

ئنجا چونکە سەرگەردان بوونەکە، بە گوێرەی سیستەم(**نظام**)ی خوایەو، بەپێی ویستی خوای پەروەردگارە، واگوتراوە، ئەگەرنا خوا نەهاتوە، ملی کەس باداو ڕێی پێ لاربکات! بەڵکو خوا ئەو هەموو پێغەمبەرانەی ناردوون و، ئەو هەموو کتێبانەی دابەزاندون، بۆ ئەوەی خەڵک ڕێی ڕاست بگرێ، وەک دەفەرموێ: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيۡنَٰهُمۡ فَٱسۡتَحَبُّواْ ٱلۡعَمَىٰ عَلَى ٱلۡهُدَىٰ ﴿١٧﴾﴾**فصلت**، واتە: ئێمە گەلی (**ثمود**)مان ڕێنمایی کرد بوو، بەڵام ئەوان کوێرییان بەسەر ڕێنمایی دا هەڵبژارد، بێگومان خوا ﷻ بە زۆر ملیان ناگرێ، چونکە ئەگەر بە تۆبزیی ملیان بگرێ و بیانهێنێتەوە سەر ڕاستە ڕێ، ئەو کاتە مانایەک بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤ نامێنێتەوە، خوا دروستکراوانی دیکەی زۆرن، کە لە فەرمانی دەرناچن وەک فریشتەکان، کە بەس خوا ﷻ ژمارەیان دەزانێ، هیچیان لە فەرمانی خوا دەرناچن، دەیتوانی مرۆڤیش وا بخوڵقێنێ، بەڵام ویستوویەتی مرۆڤ کائینێک بێ، بۆ خۆی ڕێی ڕاست بگرێ، یان نەگرێ.

لـە سـوورەتی (**الجاثیـة**)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَقِيلَ ٱلْيَوْمَ نَنسَىٰكُمْ كَمَا نَسِيتُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ﴿٣٤﴾ ﴾، گوتـراش: ئەمـڕۆ ئێمـە لـە بیرتـان دەکەیـن، وەک چـۆن ئێـوە دیـداری ئەمڕۆتـان لـە بیـر کـرد بـوو، بێگومـان خـوا ﷻ شـتی لەبیـر ناچـێ، واتـە: پشـتگوێیان دەخەیـن و نادیدەیـان دەگریـن و بایەخیـان پـێ نادەیـن، چونکـە لـە سـوورەتی (**طـه**) دا، دوای ئـەوەی فیرعـەون لـە مووسـا عليه السلام دەپرسـێ: ﴿ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴿٥١﴾ ﴾، ئـەدی سـەدەکانی پێشـەوە، بەسـەرهات و حاڵیـان چۆنـە؟ مووسـاش عليه السلام دەفەرمـوێ: ﴿ قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّي فِي كِتَٰبٍ لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى ﴿٥٢﴾ ﴾، گـوتی: زانیارییەکـەی (هـی ئـەو سـەدانەو ئـەو گەلـە پێشـووانە) لـە لای پەروەردگارمـە، لـە نووسراوێکـدا، پـەروەردگارم نـە لێـی تێکدەچـێ و نـە لـە بیـری دەچـێ.

وشەی (**نِسْیَان**) لە زمانی عەرەبییدا بە دوو واتایان هاتوە:

أ- واتایەکیان بریتیە لە (**سَهو**) ئینسان ئاگای لە شتێک نەمێنێ، ئەوەش بۆ خوا ﷻ مەحاڵە.

ب- مانایەکی دیکەی (**نِسْیَان**) کە بریتیە لە پەیوەست (**لازم**)ی مانایەکەی، نەک خودی مانایەکەی، بریتیە لە وازلێهێنان و پشتگوێخستن، ئنجا لێرەدا خوا ﷻ بەو واتایە بۆ خۆی بەکاری هێناوە، دەبێ ورد بین لە سەرنجدانی وشەکانی فەرمایشتی خوا ﷻ.

٦)- ﴿ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْفَٰسِقُونَ ﴾، (ئا ئەوانەی خوایان فەرامۆشکردوە، خواش ﷻ وای لێکردوون کە خۆیان فەرامۆش بکەن و خۆیان پشتگوێ بخەن)، ئەوانە لادەرانن، یانی:

أ- لە داخوازیی زگماک و ناخی خۆیان، لایانداوە، مرۆڤەکان لە ناخەوە بۆ خوا تینوو و عەوداڵ و شەیدان، بەڵام ئەوانە گوێیان نەداوە بەو بانگکردنەی ناخ و خوارسکیان.

ب- لە حوکمی عەقڵ و لۆژیک لایانداوە، چونکە عەقڵی مرۆڤ مرۆڤ پاڵ پێوە دەنێ، بەدیهێنەرو خاوەنی خۆی بناسێ و، بۆی وەفادار بێ.

ج- لە حوکمی شەریعەت و وەحیی و سرووشیش، کە خوا دایبەزاندوەو بۆ پێغەمبەران، لەوەش لایانداوە، ئەوانەن دەرچووان، ئەوانە وەک چۆن شەمەندەفەرێک لە سکەکەی

دەترازێ، یان سەیارەیەک لە جادە لادەدا، یان وڵاخێک لادەداو تووشی هەڵدێر دەبێ، ئەوانە بەو شێوەیە دەرچوون و، لایانداوەو لادەرو دەرچووی ڕاستەقینەن.

٧)- ﴿ لَا يَسْتَوِيٓ أَصْحَٰبُ ٱلنَّارِ وَأَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ ﴾، هاوەڵانی ئاگر (ئاگری دۆزەخ) لەگەڵ هاوەڵانی بەهەشتدا یەکسان نین، دەشگونجێ، ﴿ أَصْحَٰبُ ﴾ کە کۆی (**صَاحِب**)ە بە مانای خاوەنان بێ، خاوەنانی ئاگری دۆزەخ و، خاوەنانی بەهەشت یەکسان نین، بێگومان شتێکی ئاشکراو ڕوونە کە یەکسان نین، بەڵام مرۆڤەکان زۆرجاران شتە ئاشکراو ڕوونەکانیشیان لە بیر دەچنەوە، بۆیە خوا ﷻ شتی ڕوونیشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، چونکە سەرەنجامی هەموو مرۆڤەکان بەو ڕاستییەوە بەندە، کە تۆ بزانی: ئەگەر لە ڕۆژی دواییدا ببی بە هاوەڵی ئاگری دۆزەخ، یان خاوەنی ئاگری دۆزەخ، زۆر جیا دەبی لە کەسێک کە دەبێتە خاوەن و هاوەڵی بەهەشت، هەرچەندە زانایان گوتوویانە: خوا ﷻ ئەمەی فەرمووە، وەک زەمینە خۆشکەر بۆ ئەوەی دوایی دێ.

٨)- ﴿ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ هُمُ ٱلْفَآئِزُونَ ﴾، خاوەنان و هاوەڵانی بەهەشت، هەر ئەوانن سەرفرازو بە مراد گەیشتوو، (**فَوْز**)یش: (**نَيْلُ المَطْلُوبِ مَع وُصُولِ السَّلاَمَة**)، وەدەستهێنانی داواکراو، وێڕای دەستەبەرکرانی سەلامەتیی و بێ مزەڕەتیی.

مەسەلەی دووەم:

خستنە ڕووی پایە بەرزیی قورئان، کە ئەگەر خوا دایبەزاندبایە سەر چیایەکی سەخت و ڕەق، لە سام و هەیبەتی خوا ترس و لەرز دایدەگرت و، شەق و پەق دەبوو و، ئەو جۆرە وێنانەش بە مەبەستی بیر کردنەوەو پەند وەرگرتنی خەڵک، خوا دەیانخاتە ڕوو:

خوا دەفەرموێ: ﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ۚ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴿٢١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ لَوْ أَنزَلْنَا هَٰذَا ٱلْقُرْءَانَ عَلَىٰ جَبَلٍ ﴾، ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندبایە سەر چیایەک، یانی، ئەو قورئانەی تاکو ئەو کاتە دابەزیوە، تاکو سوورەتی (**الحشر**) دابەزیوە، هەروەها لە هەر شوێنی دیکەشدا کە ئاماژە بە قورئان دەکات، واتە: ئەو قورئانەی تاکو ئەو کاتەی خوا ئەو ئایەتەی فەرمووە، ئەگەر ئەم قورئانەمان دابەزاندبایە سەر چیایەک، ﴿ عَلَىٰ جَبَلٍ ﴾، هەر چیایەک، هەرچەندە زۆر سەخت و بەرزو قایم و مەحکەم بێ، چی لێدەهات؟

٢)- ﴿ لَّرَأَيْتَهُۥ خَٰشِعًا مُّتَصَدِّعًا مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ﴾، بە جەختکردنەوە، ئەو چیایەت لە ترس و سامی خوا، بە ملکەچیی و زەبوونیی شەق و پەق بوویی دەبینی، ﴿ مُّتَصَدِّعًا ﴾، بە پارچە پارچە کراویی و، هەلا هەلا بوویی دەتبینی، لە زمانی کوردیی دا دەڵێ: هەلا هەلا بوو، شەق و پەق بوو، پارچە پارچە بوو، ﴿ مِّنْ خَشْيَةِ ٱللَّهِ ﴾، لەبەر سام و هەیبەتی خوا، لەبەر دەرککردنی پێگەی بەرزو بێ وێنەی خوا ﷻ.

٣)- ﴿ وَتِلْكَ ٱلْأَمْثَٰلُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ ﴾، ئەو وێنانەش بۆ خەڵکی دێنینەوە.

٤)- ﴿ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ ﴾، بەڵکو بیر بکەنەوە.

(سُبْحَانَ الله) خوا لەگەڵ بەندەکانیدا چەندە بە لوتف و کەرەم و بە بەزەییە!.

﴿ وَلَقَدْ ضَرَبْنَا لِلنَّاسِ فِي هَٰذَا ٱلْقُرْءَانِ مِن كُلِّ مَثَلٍ ﴿٢٧﴾ ﴾الزمر، لەم قورئانەدا لە هەمـوو وێنەیەکـمان بـۆ خەڵکـی هێناوەتـەوە، خـوا ﷻ ئـەو هەمـوو وێنانـە بـۆ خەڵـک دێنێتـەوە، بـۆ ئـەوەی بیـر بکەنـەوەو ڕابمێنـن، چونکـە لـە ئەنجامـی وێنـەکان دا، مـرۆڤ هەمـوو هەسـتەوەرەکانی دەکەونـە کار، لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: ئەگـەر ئـەم قورئانەمـان ناردبایـە سـەر چیایـەک، بـەو جـۆرەی لـێ دەهـات، کـە مەبەسـت هـەر چیایەکـە، هـەر کـەس چیایـەک لـە نیزیـک خۆیـەوە، ئەگەرنـا لەسـەر ئاسـتی گـۆی زەوی، بەرزتریـن چیـا چیـای هیمالایەیـەو، بەرزتریـن لووتکـەی لووتکـەی ئێڤرێسـتە، کـە (٨٨٦٤) مەتـر لـە ئاسـتی دەریـاوە بـەرزە، ئنجـا ئـەو چیـا بـەرزە بێنـە بەرچـاوی خـۆت، ئەگـەر قورئـان دابەزیبایـە سـەری، ئـەو چیایـە تـرس و لـەرزو سـام و هەیبەتێکـی گـەورە دایدەگـرت، کرووزانـەوەو ملکەچییەکـی گـەورە، پاشـان شـەق و پـەق دەبـوو، لەبەرچـی؟ لـە ترسـی سـام و هەیبەتـی خـوا ﷻ.

(القرطبي) لـە تەفسـیری ئـەم ئایەتـەدا دەڵـێ: (حَثَّ عَلَى تَأَمُّلِ مَوَاعِظِ الْقُرْآنِ، وَبَيَّنَ أَنَّهُ لَا عُذْرَ فِي تَرْكِ التَّدَبُّرِ، فَإِنَّهُ لَوْ خُوطِبَ بِهَذَا الْقُرْآنِ الْجِبَالُ مَعَ تَرْكِيبِ الْعَقْلِ فِيهَا، لَانْقَادَتْ لِمَوَاعِظِهِ، وَلَرَأَيْتَهَا عَلَى صَلَابَتِهَا وَرَزَانَتِهَا خَاشِعَةً مُتَصَدِّعَةً، أَيْ مُتَشَقِّقَةً مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ، وَالْخَاشِعُ: الذَّلِيلُ. وَالْمُتَصَدِّعُ: الْمُتَشَقِّقُ. وَقِيلَ: خَاشِعاً لِلَّهِ بِمَا كَلَّفَهُ مِنْ طَاعَتِهِ، مُتَصَدِّعاً مِنْ خَشْيَتِهِ)[1].

واتـە: هانیـداوە بـۆ بیرکردنـەوە لـە ئامۆژگارییەکانـی قورئـان و، خـوا ڕوونـی کردۆتـەوە، هیـچ کـەس بیانـووی نیـە لـەوەدا کـە لـە قورئـان ڕانەمێنـێ و بیـر نەکاتـەوە، چونکـە ئەگـەر چیایەکانیـش بـەم قورئانـە دوێنرابانایـە، بـەڵام عەقـڵ و هۆشـیان پێدرابایـە، ملکـەچ دەبـوون بـۆ ئامۆژگارییەکانـی قورئـان، (خاشِع) بریتیـە لـە زەبـوون و ملکـەچ، (مُتَصَدِّع)یـش واتـە: (مُتَشَقِّقْ)، پارچـە پارچـە بـوو، لەتبـوون،

(١) الجامع لأحكام القرآن: ج١٨، ص٤٤.

هەندێکیش گوتوویانە: کە دەفەرموێ: ﴿خَٰشِعًا﴾ واتە: ملکەچ دەبوو بۆ خوا، لە سۆنگەی ئەوەوە کە ئەرکداری کردوە، فەرمانبەریی خوا بکات، پارچە پارچە دەبوو لە سام و ترسی خوا ﷻ.

عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە ڕوونکردنەوەی ئەم ئایەتە موبارەکەدا گوتوویەتی: (لَوْ أَنِّي أَنْزَلْتُ هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ حَمَّلْتُهُ إِيَّاهُ، تَصَدَّعَ وَخَشَعَ مِنْ ثِقَلِهِ وَمِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ، فَأَمَرَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ النَّاسَ إِذَا أُنْزِلَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنَ، أَنْ يَأْخُذُوهُ بِالْخَشْيَةِ الشَّدِيدَةِ وَالتَّخَشُّعِ) **(أخرجه الطبري: ٣٤٠٠٤)** واتە: (خوا دەفەرموێ:) ئەگەر ئەم قورئانەم دابەزاندبایە سەر چیایەک و ئەرکدارم کردبا پێی، پارچە پارچەو ملکەچ و زەبوون دەبوو، لەبەر قورسایی ئەوەی خراوەتە سەری و، لە ترس و سامی هەیبەتی خوا، خواش فەرمانی بە خەڵک کردوە، کە قورئانی دابەزاندوونە سەر، بە ترس و سامێکی زۆرەوە و بە ملکەچیی و زەبوونییەکی زۆرەوە، فەرمایشتی خوا وەربگرن.

هەندێکی دیکەش لە زانایان، بۆ وێنە **(الطبري)** ڕایەکی دیکەی بۆ مانای ئەم ئایەتە هەیە: (وَقِيلَ الخِطَابُ لِمُحَمَّدٍ ﷺ: لَوْ أَنِّي أَنْزَلْتُ هَذَا الْقُرْآنَ عَلَى جَبَلٍ، لَتَصَدَّعَ لَكِنْ ثَبَّتْنَاكَ وَقَوَّيْنَاكَ عَلَيْهِ)، ڕووی دواندن لە موحەممەدە ﷺ: ئەگەر ئەم قورئانەم دابەزاندبایە سەر چیایەک، پارچە پارچە دەبوو، (بەڵام دامانبەزاندۆتە سەر دڵ و دەروونی تۆ)، تۆمان چەسپاندوەو بەهێز کردوە، کە تەحەممولی بکەی و خۆتی بۆ ڕابگری.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

وەسفکردنی خوا بە بیست (٢٠) لە ناوو سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی، پێشێ دەیانژمێرم، هەر بە بێژە عەرەبییەکانی خۆیان: (١- اللە، ٢- لا إلە إلا هو، ٣- عالم الغیب ٤-والشهادة، ٥- الرحمن، ٦- الرحیم، ٧- الملك، ٨- القدس، ٩- السلام، ١٠- المؤمن، ١١- المهیمن، ١٢- العزیز، ١٣- الجبار، ١٤- المتكبر، ١٥- الخالق، ١٦- البارئ، ١٧- المصور، ١٨- له الأسماء الحسنى، ١٩- یسبح له ما في السموات والأرض، ٢٠- الحكیم).

شایانی گوتنە: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ﴾ سێ جاران دووبارە بۆتەوە:

١- ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾.

٢- ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾.

٣- ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ﴾.

بەڵام وشەی (هوَ) زۆر لەوە زیاتر دووبارە بۆتەوە: ١و٢: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾ ئەمە دوو، ٣: ﴿ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴾ ئەمە سێ، ٤و٥: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾ ئەمە پێنج، ٦: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ﴾ ئەمە شەش، ٧: ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾ ئەمە حەوت.

حەوت جاران وشەی (هوَ) لێرەدا هاتوە، هەڵبەتە ئەم سوورەتی (الحشر) چل (٤٠) جاران پتر باسی خوا ﷻی تێدا هاتوە، بە ناوی عەلەم (اللە) و ڕاناوی (هو)و، ڕاناوەکانی دیکە کە بۆ خوا بەکارهاتوون، بەڵام ئەگەر کردەوەو سیفەتەکانیشی کە هاتوون، بیانژمێرین، لەو ژمارەیەش زیاترە.

خوا دەفەرموێ: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ هُوَ ٱلرَّحْمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٢٢﴾ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْمَلِكُ ٱلْقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلْمُؤْمِنُ ٱلْمُهَيْمِنُ ٱلْعَزِيزُ ٱلْجَبَّارُ ٱلْمُتَكَبِّرُ سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٢٣﴾ هُوَ ٱللَّهُ

ﭐﻟۡﺨَٰﻠِﻖُ ﭐﻟۡﺒَﺎﺭِﺉُ ﭐﻟۡﻤُﺼَﻮِّﺭُۖ ﻟَﻪُ ﭐﻟۡﺄَﺳۡﻤَﺂﺀُ ﭐﻟۡﺤُﺴۡﻨَﻰٰۚ ﻳُﺴَﺒِّﺢُ ﻟَﻪُۥ ﻣَﺎ ﻓِﻲ ﭐﻟﺴَّﻤَٰﻮَٰﺕِ ﻭَﭐﻟۡﺄَﺭۡﺽِۖ ﻭَﻫُﻮَ ﭐﻟۡﻌَﺰِﻳﺰُ ﭐﻟۡﺤَﻜِﻴﻢُ ﴿٢٤﴾

شیکردنەوەی ئەم سێ ئایەتە، لە نۆزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، ئەو خوا کەسێکە، جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، زانایان دەڵێن: (**هُوَ**) ڕاناوی جیاکردنەوە (**فصل**)یە بۆ نادیار، ئەو خوایەی پێشتر باسکراوە، خوا ئەوە دەناسێنێ، (**هُوَ**) یانی: ئەو خوایەی باسکرا، ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾ ئەو خوایە ئاوایە، هەندێکیش گوتوویانە: (**هوَ: ضَمِيْر شَأنٍ اسْتِئْنَافٌ**)، (هو) ڕاناوی حاڵ (**شأن**)ەو، بۆ دەستپێکردنە، هەندێکیش گوتوویانە: ﴿ هُوَ ٱللَّهُ ﴾، (**ضَمِيْرُ الغَيْبَةِ عَائِد إلى الله**)، واتە: ڕاناوی نادیار بۆ لای خوا دەچێتەوە، یانی: ئەو.

﴿ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾، جگـە لـەو هیـچ پەرسـتراوێک نیـە، زۆرجـاران گوتوومانـە: پەرسـتراوێتیی خـوا، واتـە:

١- ئەوپەڕی خۆشویستن.

٢- ئەوپەڕی سام و هەیبەت بەرانبەر هەبوون.

٣- ئەوپەڕی پشت پێ بەستن.

٤- ئەوپەڕی مل بۆ کەچکردن.

٥- ئەوپەڕی لێترسان.

٦- ئەوپەڕی بە گەورەو بەرز و بە مەزنگرتن.

هەمـوو ئەمانـە دەبـێ بـۆ خـوا بـێ، هـەر کامێـک لەوانـە بـۆ جگـە لـە خـوا بـوو، ئـەو جگـە لـە خوایـە پەرسـتراوە، دەبـێ هەمـوو ئەوانـە تەنیـا بـۆ خـوا بـن، هـەر کامێـک لەوانـە بـۆ جگـە لـە خـوا بـێ، ئـەو شـتە پەرسـتراوە، ئنجـا چ خـاوەن شـعوورو

هەستە، وەک مرۆڤ و، فریشتەو، جند، چ بێ هەست و شعوورە، وەک ماددەی بێ ژیان و، هەواو ئارەزوو، دارو بەردو...هتد.

٢)- ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾، خوا زانای پەنهان و ئاشکرایە، ئەمە چەند واتایەکی هەن:

أ- ﴿ٱلۡغَيۡبِ﴾ چاوگە، واتە: (**مَا غَابَ عَنِ الإِحْسَاس**) ئەوەی نادیارەو ناکەوێتە بەر ڕکێفی هەستەکان، (**الشَّهادَة**) واتە: (**مَا حَضَر**) ئەوەی ئامادەیەو بەرهەستە.

ب- یاخود: زانای پەنهان و ئاشکرایە.

ج- یاخود: (**عالِمُ مَا كَانَ وَمَا يَكُون**)، زانای ئەوەی بووەو ئەوەی دەبێ.

د- یاخود: زانای دنیاو دوارۆژە، واتە: دنیا کە ئێستایەو دوارۆژ کە پەنهانە.

٣)- ﴿هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ﴾، ئەو بە بەزەیی بەخشندەیە، ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ﴾، لەسەر کێشی (**فَعْلَان**)ە، وەک (**غَضْبَان و عَطْشَان**)، ئەو سیفەتانە دەلالەت لەسەر ئەوە دەکەن، کە لە حاڵەتی کردەیی دایە، ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ﴾ واتە: (**الَّذِي يَرْحَمُ غَيْرَهُ فَعْلاً**) ئەو کەسەی بە کردەوە ئەنجامدەرو، بەکارهێنەری بەزەییە، لەگەڵ جگە لە خۆیدا، ﴿ٱلرَّحِيمُ﴾ چاوگی ڕەحمەتەو، ڕێژگەی (**فَعِيل**) دەلالەت لەسەر چەسپاویی دەکات، بەڵام ڕێژگەی (**فَعْلَان**) دەلالەت لەسەر تازە بوونەوە دەکات، بۆیە خوا ﷻ ڕەحمەتەکەی لە دنیادا بۆ هەموو کەسەو، تازە دەبێتەوە بۆ هەموویان، بەڵام لە دوارۆژدا سیفەتی بەزەییەکەی چەسپاوەو، تەرخانکراوە بۆ بڕواداران، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖۚ فَسَأَكۡتُبُهَا لِلَّذِينَ يَتَّقُونَ وَيُؤۡتُونَ ٱلزَّكَوٰةَ وَٱلَّذِينَ هُم بِـَٔايَٰتِنَا يُؤۡمِنُونَ ١٥٦﴾ **الأعراف**، واتە: بەزەیی من هەموو شتێکی گرتۆتەوە، (واتە: لە دنیادا)، بەڵام لە دوارۆژدا تایبەتی دەکەم بەوانەوەی پارێز دەکەن و، بڕوا دێنن بە ئایەتەکانمان و، زەکات دەدەن.

٤)- ﴿هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ﴾، ئەو ئەو خوایەیە کە جگە لەو هیچ پەرستراوێک نیە، ئەمە بە یەکگرتنی خوا (**توحيد الله**)یە لە پەرستراوێتییدا، خوا ﷻ وەک جەختکردنەوە دووبارەی کردۆتەوە.

٥)- ﴿ٱلْمَلِكُ﴾، حوکمڕان، (المُتَصَرِّفُ المُطْلَق) سەرپەرشتیارو باڵادەستی ڕەها، (الحَاكم المُطْلَق) حوکمڕانی ڕەها، (الآمر وَالنَّاهي المُطْلَق) فەرمانکارو قەدەغەکاری ڕەها.

٦)- ﴿ٱلْقُدُّوسُ﴾، پاک و بێخەوش، خوێندراویشتەوە: (القَدُّوس)، واتە: پاک و بێخەوش لە هەر کەم و کوڕییەک و لە هەر پەڵەیەک.

ئنجا کە لە دوای ﴿ٱلْمَلِكُ﴾، خوا ﷻ خۆی بە ﴿ٱلْقُدُّوسُ﴾ پێناسە کردوە، (إحْتِرَاسٌ عَنِ ظَنِّ النَّاسِ مِنْ تَصَرُّفَاتِ المُلُوكِ)، بۆ ئەوەی خەڵک گومانی وانەبێ، وەک چۆن حوکمڕانانی دیکە دەبینن، ستەم و خراپە دەکەن، خوای بەرزیش وایە! نا، خوا هەرە پاک و هەرە چاک و هەر بێخەوشە.

وشەی: ﴿ٱلْقُدُّوسُ﴾یش، لە (قَدَس)ەوە هاتوە، (القَدَسُ: السَّطْلُ لِأَنَّ يُتَطَهَّرُ بِهِ)، سەتڵی ئاو پاک و خاوێنیی پێ دەکرێ، هەروەها: (القَادُوسُ: الإنَاءُ الَّذي يُخْرَجُ بِهِ الـمَاءُ) (قَادُوس): بریتیە لەو دەفرەی ئاوی پێ لە کانیی و حەوزو بیر دەردەهێنرێ و هەڵدەهێنجرێ.

٧)- ﴿ٱلسَّلَٰمُ﴾، سەلامەت لە هەر کەم و کوڕییەک، ﴿ٱلسَّلَٰمُ﴾، بە چوار واتایان مانایان کردوە:

یەکەم: (الَّذِي سَلِمَ مِنْ كُلِّ نَقْصٍ وَعَيْبٍ)، ئەو زاتەی سەلامەت بووە، لە هەر کەم و کوڕیی و لەکەیەک.

دووەم: (المُسَلِّم عَلَى عِبَادِهِ فِي الجَنَّة)، ئەو زاتەی سەلام لە بەندەکانی دەکات لە بەهەشتدا، ﴿سَلَٰمٌ قَوْلًا مِّن رَّبٍّ رَّحِيمٍ ٥٨﴾ یس.

سێیەم: (الَّذِي سَلِمَ الخَلْقُ مِنْ ظُلْمِهِ)، ئەو زاتەی دروستکراوەکانی لە ستەمی وی سەلامەتن، کە ئەو زوڵمیان لێ بکات.

چوارەم: (الَّذِي يُسَلِّمُ عِبَادَهُ)، ئەو زاتەی بەندەکانی سەلامەت و بێ بەڵا و بێمزەڕەت دەکات.

٨)- ﴿ ٱلْمُؤْمِنُ ﴾، دڵنیاکەر، ئەمیش بە چەند واتایەک مانا کراوە، بەڵام پێم وایە دووانیان لە هەموویان زیاتر بەرچاوو دیارن:

یەکەم: (**الوَاهِب الأَمْنَ لِعِبادِهِ مِنْ عَذَابِهِ**)، ئەو زاتەی هێمنیی بەخشیوە بە بەندەکانی، لەوەی سزایان بدات (ئەگەر ئەوان فەرمانبەریی بۆ خوا بکەن).

دووەم: (**المُصدِّقُ رُسُلَهُ بِالمُعْجِزَات**)، وەک خوا فەرموویەتی: ﴿ وَمَآ أَنتَ بِمُؤْمِنٍ لَّنَا وَلَوْ كُنَّا صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ ﴾یوسف، واتە: (**وَمَا أَنْتَ مُصَدِّقٍ لَنَا**)، تۆ بەڕاستدانەری ئێمەنی، واتە: خوا پێغەمبەرانی خۆی بە ڕاستداناوەو، وایکردوە ڕاستیی و سەر ڕاستییان چەسپاو بێ، بە هۆی ئەو موعجیزانەوەی پێی داون.

٩)- ﴿ ٱلْمُهَيْمِنُ ﴾، چاودێر، بەسەر ڕاگەیشتوو، واتە: بەسەر بەندەکانی ڕادەگات و چاودێریانەو ئاگای لێیانە، (**هَيمَنَ يُهَيْمِنُ فَهُوَ مُهَيْمِنٌ**)، بە مانای (**رَقِبَ يرقُب فَهُوَ رَقِيبٌ**) واتە: چاودێریی کرد، چاودێریی دەکات، ئەو چاودێرییکارو بەسەر ڕاگەیشتوویە.

١٠)- ﴿ ٱلْعَزِيزُ ﴾، زاڵ و باڵا دەست، چەند واتایەکیان بۆ لێکداونەوە، بەڵام من زیاتر بە مانای زاڵ و باڵادەست مانام کردوە، هەندێک لە زانایانیش دەڵێن: (**العَزِيز: القاهِر**)، ملپێکەچکەر، یان: (**العَزِيزُ: الَّذِي لَا يُوجَدُ لَهُ نَظِيْر**)، ئەو زاتەی وێنەی نیە، یان (**العزيز: الغالِب**)، واتە: باڵا دەست و، زاڵ و، بە مانای بەهێزیشیان لێکداوەتەوەو، من هەندێک لەو مانا لێکدانەوانەم پێ بەهێز نین، ﴿ ٱلْعَزِيزُ ﴾، یانی: باڵادەست و زاڵ و زاتێک، کە کەسەکان و شتەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

١١)- ﴿ ٱلْجَبَّارُ ﴾، ملپێکەچکەر، (**المُذِلّ وَالمُكْرِه، وَجَبَرُوتُ اللهِ: عَظَمَتُهُ، وَجَبَرَ الفَقِيْرَ: أَصْلَحَهُ، وَالجَبَّارُ: الَّذِي لَا تُطَاقُ سَطْوَتُهُ**)، ﴿ ٱلْجَبَّارُ ﴾، بە مانای ملپێکەچکەرو ناچارکەر، (**جَبَرُوتُ الله**) واتە: مەزنیی خوا، هەروەها ﴿ ٱلْجَبَّارُ ﴾، بە مانای چاککەر دێ، دەگوترێ: (**جَبَرَ الفَقِيْر**) واتە: بابای هەژاری (وەک شکاو بووبێ) چاک کردەوە، وەک چۆن ئێسقانێک دەشکێ، هەڵدەبەسترێتەوە.

دیسـان: ﴿ٱلْجَبَّارُ﴾ ئـەو زاتەیـە هیـچ کـەس ناتوانـێ خـۆی بـۆ تووڕەیـی و زەبـری وی ڕابگـرێ.

١٢)- ﴿ٱلْمُتَكَبِّرُ﴾، خۆ گەورەکەر، خۆ بەگەورەزان، ئێمە کە بەکاری دێنین بۆ مرۆڤەکان، دەڵێین: ﴿ٱلْمُتَكَبِّرُ﴾ واتە: خۆ گەورەکەر، یانی: گەورە نیە، بەڵام خۆی گەورە کردوە، بە دڵنیاییش بەو واتایە بۆ خوا بەکارنایەت، چونکە خوا ﷻ پێویستیی بە تەکەللوف نیە بۆ سیفەتەکانی و، ئەوپەڕی گەورەیی و مەزنیی هەیە:

زانایان (ٱلْمُتَكَبِّرُ)یان بە پێنج واتایان بەکارهێناوە:

١- ﴿ٱلْمُتَكَبِّرُ﴾ زانایان بە (**ذُو الكِبرِيَاء**)یان لێکداوەتەوە، خاوەنی گەورەیی.

٢- ﴿ٱلْمُتَكَبِّرُ﴾ واتە: (**تَكَبَّرَ عَنْ كُلِّ نَقْصٍ، وتَعَظَّمَ عَمَّا لَا يُلِيقُ بِهِ**)، خوا گەورەیە لە هەر کەم و کوڕییەک و، مەزنە لە هەر شتێک کە شایستەی نیە.

٣- (﴿ٱلْمُتَكَبِّرُ﴾ (**المُمْتَنِعُ عَنِ الإنْقِيَاد**)، واتە: ئەو زاتەی ڕێ نادات، بەوەی ملکەچ بێ بۆ جگە لە خۆی، چونکە جگە لە خۆی هەموویان دروستکراوەکانی.

٤- هەندێکیشیان: ﴿ٱلْمُتَكَبِّرُ﴾یان بە (**العَالِي**) واتە: بەرز، لێکداوەتەوە.

٥- هەندێکیش گوتوویانە: (**المتكبر: الكَبِيْرُ المُطْلَق**) واتە: ئەوپەڕی گەورە، گرنگ ئەوەیە (**المتكبِّر**) بەو واتایە نیە کە بۆ مرۆڤەکان بەکاردێ و، لە ڕاستییدا هەندێک لە سیفەتەکانی خوا ﷻ، وەک دوایی لە فەرمایشتێکی پێغەمبەردا ﷺ دەیهێنین، تەنیا بۆ خوا شایستەن، تەنیا خوا (خالق)ە، تەنیا خوا (**مُصوِّر**)ە، تەنیا خوا (**بَارِئ**)ە، تەنیا خوا (**رَازِق**)ە، تەنیا خوا (**مُتَكَبِّر**)ە، واتە: ئەوپەڕ گەورەیی تەنیا هی خوایە ﷻ و بەس شایستەی ئەوە.

بۆیـە ئەگـەر یەکێـک لـە دروسـتکراوەکان، خـۆی بـە گـەورە بگـرێ، شـتێکی خراپی کـردوە، چونکـە: یەکـەم: خـۆی چوانـدوە بـە خـوای پـەروەردگارەوە، دووەم: شـتێکی ناهەقـی کـردوە، کـە لـە قەبـارەو ئەنـدازەی خـۆی، خـۆی بردۆتـە دەرێ.

١٣)- ﴿سُبْحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشْرِكُونَ﴾، پاکیی بۆ خوا لەوەی دەیکەن بە هاوبەشی.

ئنجا خوا دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُ﴾، ئەو (خوا) ئەندازەگیرییکارە و، پەیداکارو داهێنەرو، وێنەکێشە.

١٤)- ﴿هُوَ ٱللَّهُ ٱلْخَٰلِقُ﴾، واتە: ئەو خوا ئەندازەگیرییکاری شتەکانە (بەپێی ویستی خۆی)، (خَالِق): (الْمُقَدِّرُ لِلْأَشْيَاءَ عَلَى مُقْتَضَى إِرَادَتِهِ).

١٥)- ﴿ٱلْبَارِئُ﴾، پەیداکەرو داهێنەری شتەکان، یاخود: جیاکەرەوەی هەندێک لە شتەکان لە هەندێکیان.

١٦)- ﴿ٱلْمُصَوِّرُ﴾، پەیداکەری وێنەکان، یاخود: پێکهێنەری شتەکان لەسەر شێوەی جیا جیا، (**تصویر**)یش یانی: (**التَّخْطِيطُ وَالتَّشْكِيلُ**)، وێنەکێشان و دیمەن پێدانە.

ئنجا ئەم سێ سیفەتەی خوا: ﴿ٱلْخَٰلِقُ ٱلْبَارِئُ ٱلْمُصَوِّرُ﴾، وەک (ئەبوو حامیدی غەززالیی) گوتوویەتی: هەر شتێک کە پەیدا دەبێ، پێشێ ئەندازەگیریی بۆ دەکرێ، دوایی پەیدا دەکرێ، دوایی وێنەو دیمەنێکی تایبەتیی پێ دەدرێ.

١٧)- ﴿لَهُ ٱلْأَسْمَآءُ ٱلْحُسْنَىٰ﴾، ناوە هەرە پەسندو چاکەکانی هەن، چونکە: ﴿ٱلْحُسْنَىٰ﴾، (**مُؤَنَّث**)ی (**أَحْسَن**)ە، واتە: هەرە چاک و پەسند.

١٨)- ﴿يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، پاکیی بۆ دەردەبڕێ، بێ خەوشیی و، بێ پەڵەیی و بێ عەیبیی بۆ دەردەبڕێ، ئنجا ئەو بێ خەوشیی و بێ پەڵەیی و بێ کەم و کوڕییەی خوا، هەم لە زاتیدا، هەم لە سیفەتەکانیدا، هەم لە ناوەکانیدا، هەم لە حوکمەکانیدا، هەم لە دروستکراوەکانیدا، هەم لە کردەوەکانیدا، لە هەموو ڕوویەکەوە خوا بێ عەیبەو، بێ پەڵەو بێ کەم و کوڕییەو، بە پێچەوانەشەوە: لە هەموو ڕوویەکەوە، خوا خاوەنی هەموو سیفەتە بەرزو پەسندو بێ وێنەکانە.

١٩)- ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾، ئەو زاڵی کاربەجێیە، ﴿ٱلْحَكِيمُ﴾، یان: بە مانای خاوەن حیکمەت، یاخود یانی: کاروبارەکان بە ڕێکیی و، بەوپەڕی لێزانیی و کارامەیی ئەنجام دەدات.

کۆتایی تەفسیری ئەم ئایەتە موبارەکانە، بەم فەرمایشتەی خوای پەروەردگار دێنین، کە پێغەمبەر ﷺ لەلایەن خواوە دەیگێڕێتەوەو فەرمایشتێکی قودسییە:

{ قَالَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: الْكِبْرِيَاءُ رِدَائِي وَالْعَظَمَةُ إِزَارِي، فَمَنْ نَازَعَنِي وَاحِدًا مِنْهُمَا، قَذَفْتُهُ فِي النَّارِ} **(أخرجه أحمد: ٩٣٤٨، وأبو داود: ٤٠٩٠، وابن ماجه: ٤١٧٤، وابن حبان: ٥٦٧١)**، واتە (خوا دەفەرموێ) گەورەیی (ڕەها) پۆشاکمەو، مەزنیی (ڕەها) کراسمە، {(رِدَاءِ) ئەو پۆشاکەیە کە سەرتاپا دەپۆشرێ، (إِزَارِ)یش ئەو پۆشاکەیە بۆ بەشێکی جەستە بەکاردێ، هەڵبەتە لێرەدا خوا ﷻ دەیەوێ ئێمە حاڵیی بکات}، ئنجا هەر کەسێک ناکۆکییم لەگەڵدا بکات، لەسەر یەکێک لەو دوو سیفەتانە: گەورەیی یان مەزنیی، فڕێی دەدەمە نێو ئاگری دۆزەخەوە.

شایانی باسە: ئێمە لە بارەی ناوو سیفەتەکانی خواوە، لەم تەفسیرەماندا، لە تەفسیری سوورەتەکانی دیکەدا کە ڕابردوون، هەم لە سوورەتی **(الأعراف)**، هەم لە سوورەتی **(الإسراء)**دا، ئاماژەیەکمان داوەو، لە چەند شوێنێکی دیکەش، بۆ وێنە: لە سوورەتی **(الزُمر)**دا، کورتە باسێکمان کردوە، بۆیە ئێوەی بەڕێز لە برایان و خوشکان، کە بتانەوێ لەوبارەوە زیاتر شارەزا بن، حەواڵەی ئەوێتان دەکەمەوە، ئەو شوێنانەی ڕابردوون.

هەروەها ئێمە لە مەوسووعەی: (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی)دا، بەرگی سێیەممان تەرخان کردوە، بۆ توێژینەوە لە بارەی ناوو سیفەتە بەرزو بێ وێنەکانی خوای پەروەردگارەوە، هەروەها لە مەوسووعەی: **(الإسلام كما يتجلى في كتاب الله)**دا، دیسان لە کتێبی سێیەمدا، بە تەفصیل باسی ناوو سیفەتەکانی خوای بەرزو مەزنمان کردوە.

لێرەدا کۆتایی بە تەفسیری سوورەتی **(الحَشر)** دێنین و، لە خوای بەخشەر دەپاڕێینەوە، یارمەتییمان بدات، زیاتر لە فەرمایشتەکەی تێبگەین، دڵ و دەروونمان پاکتر بکات، بۆ ئەوەی چاکتر لە فەرمایشتی خوا تێبگەین، بێگومان مرۆڤ بە

ئەنـدازەی ئـەوە، کـە عەقڵەکـەی پـاک دەبـێ و، دڵ و دەروونەکـەی پـاک و چـاک دەبـێ، زیاتـر لـە مانـاو مەبەسـتی فەرمایشـتی خـوا تێـدەگات، دواییـش دەتوانـێ کـە لەگـەڵ ئـەو مانـاو مەبەسـتە بـەرزو بـە پێزانـەی فەرمایشـتی خـوادا، کارلێـک بـکات، پراکتیزەیـان بـکات و جێبەجێیـان بـکات، لـە ژیانـی تاکیـی و خێزانیـی و کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی خۆیـدا، خـوا لـەو کەسـانەمان بگێـڕێ و، یارمەتییـمان بـدات کـە زۆرتریـن بەهـرە لـە قورئـان وەربگریـن و، زۆرتریـن بەهـرەش بـە دەوروبـەری خۆمـان بگەیەنیـن، بەهـۆی قورئانـەوە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ

تەفسیری سوورەتی

الممتحنة

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٩)ی ڕەمەزانـی سـاڵی (١٤٤١)ی کـۆچییە، بەرانبـەر (٢٠٢٠/٤/٢٩)ی زایینـی، لـە شـاری هەولێـر، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**المُمتحِنـة**) یـان (**المُمتحَنـة**)، سـەرەتاش وەک عادەتـی خۆمـان پێناسـەو نێوەڕوکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الممتحنة) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە لـە سـەرجەم سـەرچاوەکانی تەفسـیرو سـوننەتداو، لـە (**مصحـف**)ەکانـدا کـە لـە دێـر زەمانـەوە بـوون، هـەر بەنـاوی سـوورەتی (**المُمتحِنـة**) نـاسراوە، هەڵبەتـە هەندێکیشـیان وا گـۆی دەکـەن دەڵێـن: (**المُمتحَنـة**)، ئەویـش بـە بۆنـەی وشـەی (**فَامْتَحِنُوهُـنَّ**)وە، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٖ فَٱمْتَحِنُوهُنَّۖ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّۖ ﴿١٠﴾ ﴾المتحنـة.

وەک گوتمان وشەی (**الممتحنة**) بە دوو جۆر گۆکراوە:

١- (**المُمتحِنة**).

٢- (**المُمتحَنة**).

واتـە: بـە مانـای نـاوی بکـەرو، نـاوی بـەرکار (**اسـم فاعـل، واسـم مفعـول**)، (**المُمتحِنـة**) واتـە: تاقیکـەرەوە، (**المُمتحَنـة**) واتـە: تاقیکـراوە، ئنجـا ئەگـەر (**المُمتحِنـة**)

بێ، مەبەست پێی ئایەتی ژمارەی (١٠)ی ئەم سوورەتە موبارەکەیەو، سوورەتەکە پاڵدراوەتە لای ئایەتەکە واتە: ئەو وشەیەی لەو ئایەتەدایە، کراوە بە ناو بۆ سوورەتەکە، هەروەک چۆن سوورەتی (**البقرة**) بەسەرهاتی مانگاکە کە لە سەرەتای سوورەتەکەوە هاتوە: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تَذۡبَحُواْ بَقَرَةٗۖ ﴿٦٧﴾﴾ البقرة، کراوەتە ناوی، هەروەها زۆربەی سوورەتەکان، بۆ وێنە: سوورەتی (**آل عمران**) لە وشەی (**آل عمران**)ەوە هاتوە، یاخود وشەی (**إمتحان**) پاڵدراوەتە لای کۆی سوورەتەکە، وەک چۆن بە سوورەتی (**بَرَاءَة**)، (**التوبة**) گوتراوە: (**الفَاضِحَة**) ئابڕووبەر، لەبەر ئەوەی سوورەتی (**التوبة**)، یان سوورەتی (**براءة**) زۆر پەردەی لەسەر نهێنییەکانی دەغەڵ و مونافیق و دڵنەخۆشەکان هەڵداوەتەوە، ناویان لێناوە: (**الفاضحة**) یانی: (**الفاضحة للمنافقين**)، ئابڕووبەری دەغەڵەکان، ئەوە ئەگەر (**الممتحِنة**) بێ.

بەڵام ئەگەر وشەکە (**المتحَنة**) بێ، ئەوە (أل)ەکە بۆ ناساندنی (**عهد**)ە، (**للتّعريفِ العهديّ**) و مەبەست پێی ئافرەتێکی دیاریکراوە، کە زانراوەو بە ڕای زۆربەی زانایان (**أم كلثوم بنت عُقبة بن أبي معيط**)ە، کە یەکەمین ئافرەت بوو لە گەرمەی صولحی حودەیبییەدا هات و، لە ئیمانەکەیدا تاقیکرایەوە، (**الممتحَنة**) واتە: ئافرەتێکی تاقیکراوە، دەشگونجێ (أل)ەکە بۆ ناساندن و بۆ تێکڕا (**جِنس**) بێ، یانی: (**النساء الممتحَنات**) ئافرەتە تاقیکراوەکان.

ئەو دوو ناوە زیاتر باون: (**الممتحِنة**)و (**الممتحَنة**)، بەڵام (**السيوطي**) لە (**الإتقان في علوم القرآن**)دا کە کتێبێکی نایابی خۆیەتی لە بارەی زانستەکانی قورئانەوە، هەردوو ناوی: (**سُورَةُ الإمْتِحَان**) و (**سُورَةُ المودَّة**)شی باسکردوون و، پاڵیداونە لای کتێبی (**جمال القُرّاء**)ی (**علي السخَاوي**).

دووەم: شوێنی دابەزینی:

ئـەم سـوورەتە بـە یەکدەنگیـی زانایـان سـوورەتێکی مەدینەییـە، واتـە: لـە قۆناغـی دووەمـی ژیانـی پێغەمبـەردا ﷺ، لـە قۆناغـی دوای چوونـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە مەککـەوە بـۆ مەدینـەدا، دابەزیـوە، چ لـە نێـو خـودی شـاری مەدینـەدا دابەزیبـێ، یـان لـە دەوروبـەری، یـان هەندێکـی لـەوێ و هەندێکـی لـەوێ، گرنـگ ئەوەیـە ئـەم سـوورەتە مەدینەییـە، چونکـە وەک دوایـی باسـی دەکەیـن، هەندێـک لـە ئایەتەکانـی ئـەم سـوورەتە لـە ڕووی جوگرافییـەوە لـە مەککـە دابەزیـون، لـە کاتـی ئـازاد کردنـی مەککـەو، هێنانـەدەری لـە چنگـی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان دا، هەندێـک گێـڕدراوەش هـەن، دوایـی باسـیان دەکەیـن، کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دوای ئازادکردنـی مەککـە، پەیمانـی لـە ئافرەتـان وەرگـرت، لـە نێویانـدا خێزانـی ئەبـوو سـوفیان (هینـدی کچـی عوتبـە) هەبـوو، کـە هێنـدێ قسـەی کـردوون لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوادا ﷺ، ئاشکراشـە هینـدی کچـی عوتبـە لـە دوای ئـازاد کردنی مەککـە، مسـوڵمان بـووە، کەواتـە کـە دەگوتـرێ: فـڵان سـوورەتە مەدینەییـە، مانـای وانیـە ئایەتـەکانی هەموویـان لـە مەدینـە دابەزیـون واتـە: لـە قۆناغـی دوای کۆچکردنـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـۆ مەدینـە، چ لـە نێـو خـودی مەدینـەدا، یـان لـە دەوروبـەری، یاخـود لـە مەککـە، یـان لـە هـەر شـوێنێکی دیکـە دابەزیـبن.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بـە یەکدەنگیـی ژمێرەرانـی ئایەتەکانـی قورئـان، ئـەم سـوورەتە سـێزدە (١٣) ئایەتـە، هەندێـک لـە ئایەتەکانی درێـژن و بـە ئەنـدازەی چەنـد ئایەتێـک دەبـن، بـە زۆریـی سرووشـتی قورئانـی مەدینەییـش وایـە، لەبـەر ئـەوەی قورئانـی مەدینەیـی یاسـاکانی تێـدا باسـکراون، یاسـاکانیش پێویسـتییان بـە وردەکاریـی و ڕوونکردنـەوەی زیاتـر دەکات.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ئـەم سـووڕەتە موبارەکـە لـە (**مصحف**)دا ژمـارە شەسـت (٦٠)ە، واتە: لە سـووڕەتی (**الفاتحـة**)وە کـە دێـی لـە لای ڕاسـتەوە، نـۆرەی ژمـارە شەسـت (٦٠)ی هەیـە، لـە دابەزینیشـدا بـە پێـی ڕای (**جابـر بـن زیـد**) ژمـارە نـەوەدو دوو (٩٢)ی هەیـە، واتـە: پێـش (**النسـاء**) و دوای (**المائـدة**) دابەزیـوە، لـە سـاڵی شەشـەمی کۆچییـداو، زۆربـەی ئایەتەکانـی دوای پێکهاتنـی حودەیبییـەو، هەندێکیشـیان دواتـر دابەزیـون.

پێنجەم: نێوەڕۆکی:

ئـەوەری بنەڕەتیـی ئـەم سـووڕەتە، بریتیـە لـە هۆشـداریی پێدانـی مسـوڵمانان و ئـاگادار کردنەوەیـان، بەڵکـو سەرزەنشـتکردنیان لە هەبوونـی پەیوەندیی دۆسـتایەتیی و خۆشەویسـتیی لەگـەڵ ئەهلـی کوفـردا، بەهـۆی نیزیکیـی و خزمایەتییـەوە، ڕوونکەرەوانـی قورئانیـش لەسـەر ئـەوە یەکـڕان، کـە ئایەتـی یەکـەم بـە بۆنـەی نامـە ناردنەکـەی (**حاطـب بـن أبي بَلتَعـة**)ەوە بـۆ کافرەکانـی قوڕەیـش، هاتۆتـە خـوار.

منیـش دەڵێـم: وێـڕای ئایەتـی یەکـەم، ئایەتـی دووەم و ئایەتەکانـی دواییشـی هەتـا نۆیـەم، هـەر بـەو بۆنەیـەوە هاتوونـە خـوار.

بـەو بۆنەیـەوەش خـوای کارزان و میهرەبـان ﷻ ئامۆژگاریـی مسـوڵمانانی کـردوە کـە ئیبراهیـم ﷺ و، ئەوانـەی لەگەڵـی بـوون و شـوێنی کەوتـوون، بکەنـە سەرمەشـق، کـە بـە ڕوون و ڕاشـکاویی بـە خەڵـک و کۆمەڵگایەکـەی خۆیانیـان گوتـوە، ئیبراهیـم ﷺ گوتوویەتـی و، ئەوانـەی لـە خزمەتیشـیدا بـوون گوتوویانـە: مەگـەر بـڕوا بـە خـوای تـاک بێنـن، ئەگەرنـا لێتـان بەرییـن، حاشـاتان لێدەکەیـن و ڕق و دوژمنایەتییـمان کەوتۆتـە نێـوان، هەتـا هەتایـە.

بەڵام دوایی خوای بەرزو مەزن وەک هەڵاواردنێک باسی ئەوانەی کردوە، کە لە ڕووی دین یان ژینەوە دژایەتیی مسوڵمانان ناکەن، ئەوانە ڕێتان لێ نەگیراوە ئەی مسوڵمانینە! کە لەگەڵیاندا هاوکارو چاکەکاربن، هەرچەندە بێبیرواش بن.

دوایی باسی چۆنیەتیی مامەڵەی مسوڵمانان کراوە، لەگەڵ ئافرەتانێکدا کە لە لای ئەهلی کوفرەوە دێن و، بە کۆمەڵگای ئیسلامییەوە پەیوەست دەبن، هەروەها ئافرەتانێک کە ئامادە نین، وەک مێردەکانیان ئیمان بێنن، چ کۆچیان لەگەڵ کردبن بۆ مەدینە، چ هەر لە مەککە بەجێمابن، کە پێویستە پیاوانی بڕوادار دەستبەرداریان بن، هەر وەک چۆن ئافرەتانی بڕوادار، دەبێ دەستبەرداری مێردە کافرەکانیان بن.

ئنجا باسی پەیمان وەرگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئافرەتانی بڕوادار کراوە، وەک سەرۆکی کۆمەڵگاو دەوڵەتی ئیسلامیی، کە پەیمانێکی چەند بڕگەییە، لێیان وەردەگرێ، هەڵبەتە دوای ئەوەی ئیمانیان هێناوە، واتە: ئەو پەیمانە زیاتر گرێبەستێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە، هەرچەندە لە بڕگەکانی پەیمانەکەدا هەیە: نابێ هاوبەش بۆ خوا دابنێن، نابێ قەتڵ بکەن، نابێ دزیی بکەن، نابێ زینا بکەن، نابێ بوختانێک بکەن لە نێوان دەست و پێیەکانی خۆیاندا واتە: منداڵێک کە هی مێردەکەیان نیە، پاڵی نەدەنە لای مێردەکەیان، هەروەها نابێ سەرپێچیی لە پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن، لە هەموو ئەو شتە پەسندانەدا کە فەرمانیان پێ دەکات.

لە کۆتاییشدا ڕێگریی لە مسوڵمانان کراوە کە دۆستایەتیی کەسانێکی بێبڕوای غەزەب لێگیراو بکەن، کە هیچ ئومێدێکیان بە ڕۆژی دوایی نیە.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:

ئێمە شەش تایبەتمەندییمان کەوتوونە بەرچاو، کە ئەم سوورەتە جیا دەکەنەوە لە سوورەتەکانی دیکە:

١- بە ڕوونترین شێوە مسوڵمانان قەدەغە کراون، لە هەبوونی دۆستایەتیی و کەین و بەین لەگەڵ ئەهلی کوفردا، بە تایبەت لە حاڵێکدا کە دژایەتیی ئیسلام و مسوڵمانان دەکەن، ئەمە لە ئایەتەکانی: (١)و (٢)و (٣)دا، زۆر بەڕوونیی باسکراوە، ئەم مەسەلەیەش وەک دوایی کورتە باسێکی لە بارەوە دەخەینەڕوو، لە زۆر لە ئایەتەکانی قورئاندا باسکراوە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگ و هەستیارە لە هەموو کات و ڕۆژگارەکاندا، بەڵام لەم سوورەتەدا ئەم بابەتە، بە ئیمتیاز باسکراوە.

٢- باسی سەرمەشق بوونی ئیبراهیم ﵇و هاوەڵانی کراوە لەو بوارەدا[١]، بەڵام داوای لێبوردن لە خوا کردنی ئیبراهیم ﵇ بۆ بابی (ئازەر)، لەو بە سەرمەشق گرتنەیدا هەڵاوێردراوە، خوا ﷻ فەرموویەتی: ئێوە ئیبراهیم و هاوەڵانی و شوێنکەوتووانی بکەنە سەرمەشقی خۆتان، لەوەدا کە نیزیکیی و دۆستایەتیی ئەهلی کوفر نەکەن، ئەهلی کوفرێک کە سەنگەرتان لێدەگرن و دژایەتییتان دەکەن و، هەر ئێوەیان بۆ هەڵبکەوێ، پەلامارتان دەدەن و زیانتان پێ دەگەیەنن، نەک بێبڕوایانی لاشەڕو تەبا، ئەوان حوکمێکی دیکەیان هەیە کە دوایی باسی دەکات، بەڵام لەو بەسەر مەشق گرتنەی ئیبراهیمدا ﵇، خوا ئەوەی هەڵاواردوە کە ئیبراهیم داوای لێبوردنی بۆ بابی کردو، دەفەرموێ: لەوەدا چاوی لێمەکەن، هەرچەندە ئیبراهیم ﵇ پێغەمبەری خواش بووە، بەڵام لەوەدا نەیپێکاوە، هەرچەندە ئەویش بینا لەسەر بەڵێنێک بووە کە ئیبراهیم ﵇ بە بابی داوە، لە سوورەتی (التوبة)دا، خوا ﷻ وەک ڕوونکردنەوەو پاساودانەوەی هەڵوێستەکەی ئیبراهیم ﵇ دەفەرموێ: ﴿ وَمَا كَانَ ٱسْتِغْفَارُ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَآ إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥٓ أَنَّهُۥ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ ۚ إِنَّ إِبْرَٰهِيمَ لَأَوَّٰهٌ حَلِيمٌ

---

(١) بواری دۆستایەتیی نەگرتن لەگەڵ ئەهلی کوفردا.

(١١٤)﴾ التوبة، داوای لێبوردن کردنی ئیبراهیم بۆ بابی (کە داوای لێبوردنی بۆ لە خوا کرد)، هەر بە هۆی ئەوەوە بوو کە بەڵێن و گفتێکی پێدا بوو، بەڵام دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت دوژمنی خوایە، دووریی لێگرت، ئیبراهیم ﷺ زۆر بە بەزەیی و پەرۆش بوو، زۆریش هێدیی و مەند بوو.

ئەمەش لە ئایەتی (٤)و (٥)و (٦)دا باسکراوە.

٣- ئەو ڕاستییە ڕوونکراوەتەوە کە کافرانی لاشەڕو تەبا، ڕێگریی لە مسوڵمانان نەکراوە لەگەڵیاندا چاک بن، بەڵکو فەرمانیشیان پێکراوە هەم چاکەی مەعنەویی، هەم چاکەی ماددییان لەگەڵدا بکەن، لە هەموو قورئاندا لێرەدا زیاتر ئەو بابەتە بەو ڕوونیی و ئاشکراییە باسکراوە، لە ئایەتی (٧)و (٨)و (٩)دا.

٤- تەنیا لەم سوورەتەدا باسی تاقیکرانەوەی ئافرەتانی کۆچکەری خۆ بە بڕوادار ناسێنەر کراوە، لە ئایەتی ژمارە (١٠)دا: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ (١٠) ﴾.

٥- تەنیا لەم سوورەتەدا وردەکاریی چۆنیەتیی چارەسەری کێشەی نێوان مێردی کافرو ژنی مسوڵمان، یان ژنی کافرو مێردی مسوڵمان کراوە، لە ئایەتەکانی ژمارە (١٠)و (١١)دا و، لە هیچ شوێنێکی دیکەدا لە قورئان بەو ڕوونیی و ڕاشکاوییە، کە وەک گرفت و کێشەیەک کە هاتۆتە پێش، باس نەکراوە، بەڵێ لە سوورەتی **(البقرة)**دا خوا باسی ئەوە دەکات: ئەی پیاوانی بڕوادار! ئێوە ئافرەتی هاوبەش بۆ خوا دانەر مەهێنن، هەروەها ئافرەتانی ئیمانداریش مەدەنە پیاوانی هاوبەش بۆ خوا دانەر: ﴿ وَلَا تَنكِحُواْ ٱلْمُشْرِكَٰتِ حَتَّىٰ يُؤْمِنَّ وَلَأَمَةٌ مُّؤْمِنَةٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكَةٍ وَلَوْ أَعْجَبَتْكُمْ وَلَا تُنكِحُواْ ٱلْمُشْرِكِينَ حَتَّىٰ يُؤْمِنُواْ وَلَعَبْدٌ مُّؤْمِنٌ خَيْرٌ مِّن مُّشْرِكٍ وَلَوْ أَعْجَبَكُمْ أُوْلَٰٓئِكَ يَدْعُونَ إِلَى ٱلنَّارِ وَٱللَّهُ يَدْعُوٓاْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ وَٱلْمَغْفِرَةِ بِإِذْنِهِۦ وَيُبَيِّنُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ (٢٢١) ﴾البقرة، لە سوورەتی **(النور)**یشدا خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿ ٱلزَّانِى لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ (٣) ﴾

النور، بەڵام لەوێ بە تایبەت لە بارەی هاوبەش بۆ خوا دانەرانەوە ئەوە باسکراوە، بەڵام لێرە وەک چارەسەرکردنی ئەوەی کاتێک پیاو مسوڵمان دەبێ و ژنەکەی کافرە، یان ژن مسوڵمان دەبێ و مێردەکەی کافرە، چۆن چارەسەر دەکرێ، بە تایبەت لە نێوان دەوڵەتی ئیسلامیی و، قەوارەی ئەهلی کوفردا؟! تەنیا لەم سوورەتەدا ئەوە باسکراوە.

٦- پەیمان وەرگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئافرەتانی بڕوادار، وەک گرێبەستێکی سیاسیی کۆمەڵایەتیی، چونکە پێشێ ئیمانیان هەبووە، ئنجا پەیمانیان لێ وەرگیراوە، پەیمان لێوەرگرتنەکە بۆ ئیمان هێنان نەبووە، بە بەڵگەی ئەوە کە خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ يُبَايِعۡنَكَ ﴿١٢﴾ ﴾، کەواتە: ئافرەتەکان، بڕوادارن، ئنجا پەیمان بە پێغەمبەری خوا ﷺ دەدەن، پەیمان پێدانەکەشیان بۆ ئەوەیە کە هاوبەش بۆ خوا دانەنێن، چونکە جاری وایە مسوڵمانانیش تووشی شیرک دەبن، هەروەها کە دزیی نەکەن و، زینا نەکەن و، منداڵی خۆیان نەکوژن و، منداڵی جگە لە مێردیان پاڵنەدەنە لای مێردیان بە فرت و فێڵ، هەروەها سەرپێچیی لە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ نەکەن، لە هەموو ئەو شتە چاک و پەسندانەدا کە فەرمانیان پێ دەکات.

حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ دوو دەرس:

دەرسی یەکەم: ئایەتەکانی: (١ - ٩)، هەر نۆ ئایەتەکەش، باسی بابەتێکی یەکجار گرنگ و هەستیار دەکەن، کە چۆنیەتیی مامەڵە کردنی مسوڵمانانە، لەگەڵ کەسانێکدا کە بێبڕواو پشت لە ئایین و پەیامی خوان، ئەوانیش بە گشتیی دوو جۆرن:

١- جۆرێکیان وێڕای بێبڕوایی، دژی دین و ژینی مسوڵمانانیشن و، هەمیشە بۆ زیان لێدانیان لە بۆسەدان و لێیان دەخەفتێن.

٢- جۆرێکیشیان هەرچەندە بێبڕوان، بەڵام لەگەڵ بڕوادارانـدا گونجاوو تەبان، نە دژی دینیان و نە دژی ژینیانن.

خـوای دادگـەرو کاربەجـێ ﷻ، بـە ڕوونیـی نوقتـەی خسـتۆتە سـەر پیـت، بـۆ چۆنیەتیـی مامەڵـە کـردن لەگـەڵ هـەرکام لـەو دوو جـۆرە بێبڕوایـەدا.

دەرسـی دووەم: چـوار ئایەتـی کۆتایـی سـوورەتی (**المتحِنة**) یـان (**المتحَنـة**) دەگرێتـە خـۆی، ئایەتەکانـی: (١٠ - ١٣)، ئـەو چـوار ئایەتـە موبارەکـەش، سـێ بابەتـی گرنگیـان باسـکردوون:

بابەتـی یەکـەم: ئافرەتانـی کۆچکردوو بـۆ لای مسـوڵمانان و قەوارە سیاسییەکەیان، پێویسـتە تاقیـی بکرێنـەوەو، دوای زانرانـی مسـوڵمانەتیی و ئیمانداریەتییـان بحەوێندرێنـەوەو، نەگێڕدرێنـەوە بـۆ لای ئەهلـی کوفـر بـە گشـتیی و، مێـردە کافرەکانیـان بـە تایبـەت.

بابەتـی دووەم: چۆنیەتیـی پەیـمان وەرگرتنـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ئافرەتانـی بـڕوادارو، بەندەکانـی ئـەو پەیـمان و بەڵێنـە.

بابەتـی سێیەم: ڕێگریـی کـردن لـە بـڕواداران، کـە بـە هیـچ بیانـوو و پاساوێکەوە نیزیکیـی و دۆسـتایەتییان لەگـەڵ ئەهلـی کوفـردا هەبـێ، کـە هیـچ ئومێدێکیـان بـە ڕۆژی دوایـی، سـزاو پاداشـتی خـوا نیـە.

شـایانی باسـە: زانایانـی ڕوونکـەرەوەی قورئـان و سـوننەت و سیرەی پێغەمبـەری خوا ﷺ، زۆر کێشـەو مشـتومڕیان بـووە لـەو بـارەوە کـە ئایـا نامەکـەی: (**حاطـب بـن أبي بلتعـة**) ﷺ، لـە کاتـی فەتحـی مەککـەدا بـووە، لـە سـاڵی هەشـتەمی کۆچییـدا، یـان لـە کاتـی صوڵحـی حودەیبییـەدا بـووە، لـە سـاڵی شەشـەمی کۆچیـی دا؟

هەرچـی زۆربەیانـن ڕایـان وایـە: لـە سـاڵی هەشـتەمی کۆچییـدا بـووە واتـە: لـە کاتـی ئـازاد کردنـی مەککـەدا، هەندێکیشـیان ڕایـان وایـە لـە سـاڵی شەشـەمی کۆچییـدا بـووە، لـە گەرمـەی صوڵحـی حودەیبییـەدا، یاخـود بـەر لـەوەی بچـن بـەرەو مەککـە، کـە دوایـی صوڵحـی حودەیبییـەی لـێ کەوتـەوە، پێـش وەخـت (**حاطـب بـن أبي بلتعـة**) نامەکـەی نـاردوە.

منیش پێم وایە: ئەو مەسەلەیە جیاوازییەکی وای نیە لە هەرکامیاندا بووبێ، گرنگ ئەوەیە لە کاتێک دا بووە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ویستوویەتی بەرەو مەککە بچێ، ئنجا:

أ- ئایا ویستوویەتی بۆ ئەنجامدانی عومرە بچێ بۆ مەککە، کە ئەوە بوو بێبڕوایەکان ڕێیان پێگرت و نەیانهێشت و ڕێککەوتنی حودەیبییەی لێکەوتەوە.

ب- یاخود پێغەمبەری خوا ﷺ ویستوویەتی بۆ ئازادکردنی مەککە بچێ و لە دەستی کافرەکان دەریبهێنێ، وەک سزادانێک بۆ پەیمان شکێنی هاوپەیمانەکانی قورەیش، کە هۆزی بەنوو بەکر بوون و بیست (٢٠) کەسیان لە هاوپەیمانەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ کە هۆزی (خوزاعە) بوو، کوشتبوون، ئەوانیش هاتن (**عمرو بن سالم**) سەرۆک هۆزی خوزاعە داوای لە پێغەمبەر ﷺ کرد و گوتی: تۆ هاوپەیمانی ئێمەی و هاوپەیمانەکانی قورەیش بیست کەسیان بە غەدر لێکوشتووین، لە حەرەمی مەککەدا لە دەوری کەعبە، ئایا چۆن بەرگریی لە ئێمە دەکەی کە هاوپەیمانی تۆین؟!، ئازاد کردنی مەککەش بە هۆی ئەوەوە ڕوویدا و ئەوە لە ساڵی هەشتەمدا بوو، گرنگ ئەوەیە ئەو نامەیە لە لایەن (**حاطب بن أبي بلتعة**)وە نووسراوە بۆ قورەیشییە بێبڕوایەکان، هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، بەر لەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو مەککە بچێ، چ بۆ عومرە بچێ، لە ساڵی شەشەمی کۆچییدا، چ بۆ ئازاد کردنی مەککە بچێ، لە ساڵی هەشتەمی کۆچییدا، واتە: جیاوازییەکی وای نیە لە هەر کامێکیاندا بووبێ، بەڵام پێویستە ئاگامان لە دوو مەسەلان بێ و، ئەو دوو ڕوونکردنەوەیەی ئێستاش لە بارەی ئەو دوو مەسەلەیەوە دەیاندەم، بەو شێوەیە نەمبینیوە لە تەفسیرەکاندا باسکرابن، بەڵام پێموایە دوو ڕاستیی زۆر ئاشکران و ئەنجامگیرییەکی زۆر گرنگیشیان لێ دەکرێ، کە دوایی دەیخەینە ڕوو:

یەکەم: شتێکی زانراوو چەسپاوە کە کۆچکردنی ئافرەتانی بڕوادارو، ڕاکردنیان بەرەو دەوڵەتی ئیسلامیی، ناگونجێ لە ساڵی هەشتەمدا بووبێ، هەر دەبێ پێش فەتحی مەککە بووبێ، چونکە دوای ئازادکردنی مەککە، مەدینەو مەککەو شوێنەکانی دیکەش

یەکسان بوون و، ئافرەتانی بڕوادار ناچار نەبوون لە مەککە ڕابکەن بچن بۆ مەدینە، ئەو کاتە مەککەش هەر وەک مەدینە کەوتۆتە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی و، حوکمی ئیسلام و قورئان و پێغەمبەری خاتەم ﷺ وەک چۆن لە مەدینە هەبووە، لە مەککەش هەبووەو، لە شوێنەکانی دیکەش هەبووە، دەسەڵات دەسەڵاتی ئیسلام بووەو، شەریعەت لە هەمووی پیادە کراوە، ئافرەتێک ئەگەر لە مەککەش کێشەی بووبێ لەگەڵ مێردە کافرەکەیدا، حوکمی ئیسلام لەوێش بڕشتی هەبووەو، پێویستی نەکردوە بچێ بۆ مەدینە.

دووەم: پەیمان وەرگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئافرەتانی بڕوادار، کە لە نێویاندا هیندی کچی عوتبەی کوڕی ڕەبیعە، هاوسەری ئەبوو سوفیان هەبووە، ناگونجێ پێش فەتحی مەککە بووبێ، چونکە ئاشکرایە کە پێش فەتحی مەککە ئەبوو سوفیان، خۆشی مسوڵمان نەبووەو، هیندیش لە دوای مسوڵمان بوونی ئەبوو سوفیان مسوڵمان بووە، ئنجا هیند کە دەبیستێ ئەبوو سوفیان مسوڵمان بووە، ڕیشی دەگرێ و دەڵێ: ئەم کووپەیە بکوژن، دەبێ ئەبوو سوفیان قەڵەو بووبێ، هیند دەڵێ: بیکوژن هەڵگەڕاوەتەوە، مانای وایە هاوسەرەکەی دوای خۆی مسوڵمان بووە، ئاشکراشە ئەبوو سوفیان لە گەرمەی فەتحی مەککەدا مسوڵمان بووە، لە ساڵی هەشتەمدا.

کەواتە: پەیمان وەرگرتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئافرەتانی بڕوادار، هەر دەبێ لە ساڵی هەشتەمی کۆچییدا بووبێ و، ناگونجێ پێش ئەوە بووبێ، چونکە هیند تا ئەو کاتە مسوڵمان نەبووە.

ئەوەش ئەنجامگیرییەکەیە کە لەو دوو ڕاستییە دەیکەین: هیچ چارەمان نیە دەبێ بڵێین: سوورەتی (الممتحِنة) یان (الممتحَنة) هەندێکی، یاخود زۆربەی لە کاتی سوڵحی حودەیبییەدا دابەزیوەو، هەندێکیشی لە کاتی فەتحی مەککەدا، بگرە دوای فەتحی مەککەش، بەم ڕایەش - کە نەمبینیوە بەو ڕوونییە لە تەفسیرەکاندا هاتبێ- لەو مشت و مڕو ڕاجیاییە ڕزگارمان دەبێ کە لە بارەی

دابەزینی ئـەم سـوورەتەوە لـە نێـوان زانایانـدا هەیـە، هەندێکیـان دەڵێـن: بـە دڵنیایـی لـە گەرمـەی فەتحـی مەککـەدا دابەزیـوە، یـان دوای ئـەوەو، هەندێکیـش دەڵێـن: دابەزینی لـە صوڵحـی حودەیبییـەدا بـووە، واتـە: هەندێـک دەڵێـن: لـە سـاڵی هەشـتەمی کۆچییـدا دابەزیـوەو، هەندێـک دەڵێـن: لـە سـاڵی شەشـەمدا، بـەڵام وەک ئێمـە باسـمان کـرد: هەندێکـی دابەزینەکـەی لـە کاتـی صوڵحـی حودەیبییـەدا بـووەو هەندێکیشـی لـە کاتـی فەتحـی مەککـەداو، پێـم وایـە هـەر بۆیـەش لـە نێـو زانایانـدا ئـەو ڕاجیاییـە هەیـە، هەندێکیـان لـە لایـان ئاشـکرا بـووە کـە دابەزینـی بەشـێک لـەم سـوورەتە، لـە کاتـی صوڵحـی حودەیبییـەدا بـووەو، ئـەوانی دیکـەش لـە لایـان ئاشـکرا بـووە، کـە دابەزینـی بەشـێکی هـەر لـە کاتی فەتحـی مەککـەدا بـووە، بـەڵام بـەو پێیـەی گوتمـان، دابەزینـی ئـەو سـوورەتە دابـەش دەبـێ بەسـەر ئـەو دوو کاتـەدا.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە نـۆ (٩) ئایەتـی پێشـەوەی سـوورەتی (**الممتحنـة**) پێـک دێ، ئایەتـەکانی: (١ - ٩)، کـە تێیانـدا خـوای کاربەجـێ و پەنهانـزان ڕێگریـی لـە مسـوڵمانان دەکات، دوژمنـی خـواو دوژمنـی خۆیـان بـە دۆسـت بگـرن و، کەیـن و بەینیـان لەگەڵیـان هەبـێ، لـە بـارەی بەڵگـەو پاسـاوەکانی ئـەو ڕێگرییەشـەوە، خـوای زانـاو توانـا وردەکاریـی زۆریـی خسـتۆتە ڕوو.

ئنجا باسـی ئیبراهیـم (**خَلِيـلُ اللـه**) ﷺو، شـوێنکەوتووانی کـردوە، کـە پێویسـتە بکرێنـە سەرمەشـق لەوبـارەوە.

دواییـش ئـەوە ڕوونکراوەتـەوە کـە تەنیـا ئـەو بێبڕوایانـە دروسـت نیـە نیزیکییـان لـێ بکـرێ - بـە شـێوەی هاوکاریـی و چاکەکاریـی - کـە دژی دیـن و ژینـی بڕوادارانـن، ئەگەرنـا ئەوانـەی تەبـاو گونجـاون، پێویسـتە باشـترین پەیوەندییـان لەگەڵـدا بکـرێ، چونکـە نابـێ لـە بـواری هەڵسـوکەوتدا، هیـچ کـەس لـە مسـوڵمانان خۆشـڕەفتارترو چاکەکارتـرو بەڕێزتـر بـێ!

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا
جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي
وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ وَمَآ أَعۡلَنتُمۡۚ وَمَن يَفۡعَلۡهُ مِنكُمۡ فَقَدۡ
ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ إِن يَثۡقَفُوكُمۡ يَكُونُواْ لَكُمۡ أَعۡدَآءٗ وَيَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ أَيۡدِيَهُمۡ وَأَلۡسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ
وَوَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ ﴿٢﴾ لَن تَنفَعَكُمۡ أَرۡحَامُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡۚ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَفۡصِلُ بَيۡنَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا

تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ﴿٣﴾ قَدۡ كَانَتۡ لَكُمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ
مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرۡنَا بِكُمۡ وَبَدَا بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمُ ٱلۡعَدَٰوَةُ وَٱلۡبَغۡضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤۡمِنُواْ
بِٱللَّهِ وَحۡدَهُۥٓ إِلَّا قَوۡلَ إِبۡرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسۡتَغۡفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمۡلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَيۡءٖۖ رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا
وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٤﴾ رَبَّنَا لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ وَٱغۡفِرۡ لَنَا رَبَّنَآۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡعَزِيزُ
ٱلۡحَكِيمُ ﴿٥﴾ لَقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِيهِمۡ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٞ لِّمَن كَانَ يَرۡجُواْ ٱللَّهَ وَٱلۡيَوۡمَ ٱلۡأٓخِرَۚ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ
ٱلۡغَنِيُّ ٱلۡحَمِيدُ ﴿٦﴾ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجۡعَلَ بَيۡنَكُمۡ وَبَيۡنَ ٱلَّذِينَ عَادَيۡتُم مِّنۡهُم مَّوَدَّةٗۚ وَٱللَّهُ قَدِيرٞۚ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ
﴿٧﴾ لَّا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمۡ يُقَٰتِلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَلَمۡ يُخۡرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمۡ أَن تَبَرُّوهُمۡ وَتُقۡسِطُوٓاْ
إِلَيۡهِمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُقۡسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنۡهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمۡ فِي ٱلدِّينِ وَأَخۡرَجُوكُم مِّن
دِيَٰرِكُمۡ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخۡرَاجِكُمۡ أَن تَوَلَّوۡهُمۡۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەكان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! دوژمنی من و دوژمنی خۆتان بە دۆست مەگرن، ئێوە خۆشەویستییان بۆ دەردەبڕن لە حاڵێكدا ئەوان بێبڕوان بەو هەقەی (لە خواوە) بۆتان هاتوە، (لە بیرتان بێ كە) پێغەمبەرو ئێوەشیان (لە زێدی خۆتان) وەدەردەنا، چونكە بڕواتان دەهێنا بە خوای پەروەردگارتان، ئەگەر بۆ تێكۆشان لە ڕێی منداو خواستنی ڕەزامەندییم (لە زێدی خۆتان) هاتوونە دەرێ (نابێ دوژمنی خواو خۆتان بە دۆست بگرن)، ئێوە خۆشەویستیتانیان بە پەنهانیی پێڕادەگەیەنن (لە حاڵێكدا) منیش زاناترم بەوەی شاردووتانەوەو، ئاشكراتان كردوە، هەر كەسێكیش لە ئێوە (ئەوەی گوترا) بیكات، مسۆگەر ڕاستەڕێی ون كردوە ﴿١﴾ ئەگەر ئێوەیان بەرپەل بكەوێ (و زەفەرتان پێ بەرن)، بۆتان دەبنە دوژمن و دەست و زمانیانتان بە خراپە بۆ لا درێژ دەكەن (بە هەموو شێوەیەک زەبرتان لێدەدەن)و، حەزدەكەن

(و خۆزگـە دەخـوازن) بێبڕوابـن ﴿٢﴾ هەرگیـز خزمایەتییەکانتـان و ڕۆڵەکانتـان لـە ڕۆژی قیامەتدا سـوودتان پێناگەیەنـن (لە بەرانبـەر سزای خـوادا) (خـوا) لـە یەکتان جیادەکاتـەوەو، خـواش بینـەری ئەوەیـە کـە دەیکـەن ﴿٣﴾ بـە دڵنیایـی لـە ئیبراهیـم و ئەوانـەی لەگەڵیـدا بـوون، سەرمەشـقییەکی چاکتـان هەیـە (لـەو بـوارەدا) کاتێـک بـە کۆمەڵەکـەی خۆیانیـان گـوت: ئێمـە لـە ئێـوەو لـەوەی جگـە لـە خـوا دەیپەرستن، دوورو بەریـن و پێتـان بێبڕوایـن و، دوژمنایەتیـی و ڕقـی یەکجاریـی لـە نێوان ئێمـەو ئێـوەدا ئاشـکرا بـووە (و بـەردەوام دەبـێ)، تاکـو تەنیـا بـڕوا بـە خـوا دێنـن (وەک تاکـە پەرسـتراو)، (ئـەوان سەرمەشـقتانن) جگـە لـە قسـەی ئیبراهیـم کـە بـە بابـی گـوت: بـە دڵنیایـی داوای لێبوردنـت بـۆ (لـە خـوا) دەکـەم و، هیـچ شتێکیشـم بـۆ تـۆ لـە بەرانبـەر خـوادا بـە دەسـت نیـە، (دوایـی گوتیـان): پەروەردگارمـان! پشـتمان هـەر بـە تـۆ بەسـتوەو، تەنیـا بـۆ لای تـۆ دەگەڕێینـەوەو، سـەرەنجامیش بـەس بـۆ لای تۆیـە ﴿٤﴾ پەروەردگارمـان! مەمانکێـڕە بـە بـەڵاو مەینەتیـی بـۆ ئەوانـەی بێبـڕوان، پەروەردگارمـان! لێمان ببـوورە بەڕاسـتیی تـۆ زاڵـی کارزانـی ﴿٥﴾ بـە دڵنیایی لـەوان (ئیبراهیـم و هاوەڵانـی)دا بـۆ ئێـوە سەرمەشـقێکی بـاش هەیـە، بـۆ هـەر کـەس ئومێـدی بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی هەبـێ، هـەر کەسـێکیش پشـت هەڵبـکات، بێگومـان بـەس خـوا بێنیـازی ستایشـکراوە ﴿٦﴾ نیزیکـە خـوا خۆشەویسـتیی بخاتـە نێـوان ئێـوەو نێـوان ئەوانـەوە (لـە ڕابـردوودا) دژایەتییتـان کـردن، خـواش بـە توانایـەو، خـوا لێبـوردەی بـە بەزەییـە ﴿٧﴾ خـوا لێتـان قەدەغـە نـاکات ئەوانـەی لەسـەر ئاینتـان لـە دژتـان نەجەنگاون و، لـە ماڵەکانتـان وەدەریـان نەنـاون، چاکەیـان لەگـەڵ بکـەن (هاوکارییـان بکـەن و) ئەندازەیـەک لـە سامانتانیان پێبـدەن، بێگومـان خـوا بەخشـەرانی خۆشـدەوێن ﴿٨﴾ بەڵکـو خـوا تەنیـا بەرانبـەر ئەوانـە لێتـان قەدەغـە دەکات (چاکـەکارو بەخشـەربن و) دۆسـتایەتییان بکـەن، کـە لەسـەر دیـن لـە دژتـان جەنـگاون و، لـە ماڵەکانتـان وەدەریـان نـاون و پشـتیوانیی (دوژمنانتـان) یـان کـردوە لەسـەر دەرکردنتـان، هـەر کەسـێکیش دۆسـتایەتییان بـکات، ئەوانـەن سـتەمکاران ﴿٩﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(عَدُوِّی): (العَـدُوُّ مِـنَ العَـدْوِ، والعَـدْوُ: التَّجَـاوزُ وَمُنَافَـاةُ الإلتِئَـامِ، رَجُـلٌ عَـدُوٌّ، وَقَـوْمٌ عَـدُوٌّ)، وشـەی (عَـدُوّ) لـە (عَـدْو)ەوە هاتـوە، بەبـێ گیـرە (شَـدَّة) کـە بریتیـە لـە تێپەڕانـدن و پێکـەوە نەگونجـان، وشـەی (عَـدُوّ) هـەم بـۆ تـاک بـەکاردێ، هـەم بـۆ کـۆ، دەگوتـرێ: (رَجُـلٌ عَـدُوٌّ، رِجَـالٌ عَـدُوٌّ، وَقَـوْمٌ عَـدُوٌّ) پیاوێکـی دوژمـن و پیاوانێـک یـان کۆمەڵێکـی دوژمـن.

(بِٱلْمَوَدَّةِ): (المَوَدَّةُ مِـنَ الـوُدّ، وَالـوُدُّ: مَحَبَّـةُ الـشَّيءِ وَتَمَنِّـي كَوْنِـهِ)، (مَـوَدَّة) لـە (وُدّ)ەوە هاتـوە (وَدَّهُ يَـوَدُّهُ وُدّاً وَمَـوَدَّةً)، (وُدّ) بـە مانـای خۆشویسـتنی شـتێکە لەگـەڵ خۆزگـە پێخواسـتنی دا.

(إِن يَثْقَفُوكُمْ): ئەگـەر زەفەرتـان پێبـەرن، یاخـود: ئەگـەر ئێـوە بەرپەلیـان بکـەون، (الثَّقْـفُ: الحِـذْقُ فِي إِدْرَاكِ الـشَّيءِ وَفِعْلِـهِ، رَجُـلٌ ثَقِـفٌ: حَـاذِقٌ فِي إِدْرَاكِ الـشَّيءِ)، (ثَقْـف): بریتیـە لـە کارامەیـی، لـەوەدا کـە شـتێکت بەرپـەل بکـەوێ، یاخـود لـە زانینی شـتێک و ئەنجامدانـی شـتێکدا، دەگوتـرێ: (رَجُـلٌ ثَقِـفٌ) واتـە: ماهیـرو کارامەیـە لـە زانینـی شـتێکدا، یاخـود لـە ئەنجامدانـی شـتێکدا.

(وَيَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم): دەسـتیان و زمانتانیـان بـە خراپـە بـۆ لا درێـژ دەکـەن، (البَسْـطُ: النَّشْرُ وَالتَّوْسِـيعُ، وَبَسْـطُ اليَـدِ مَدُّهَا)، (بَسْـط) بە مانـای بڵاوکردنەوەو فـراوان کردنـی شـتێکە، (بَسْـطُ اليَـدِ) بـە مانـای دەسـتدرێژ کردنـە، (وَبَسْـطُ اللِّسَـانِ) یـش بـە مانـای قسـە پێگوتنـە، واتـە: بـە زمـان و بـە دەسـت، ئەگـەر بۆیـان بکـرێ زیانتـان پـێ دەگەیەنـن.

(وَوَدُّواْ): (أَي: أَحَبُّـوا وَتَمَنَّـوا) واتـە: خۆشیانویسـت، حەزیـان کـردو، خۆزگەشـیان پـێ خواست.

(أَرْحَامُكُمْ): (أَرْحَامْ جَمْعُ رَحِمْ: رَحِمُ المَرْأَةِ، وَاسْتُعِيرَ لِلقَرَابَةِ لِكَوْنِهِمْ خَارِجِينَ مِن رَحِمٍ وَاحِدَة)، (أَرْحَامَ) كۆی (رَحِم)ە واتە: منداڵدان (منداڵدانی ئافرەت)، دوایی خوازراوەتەوە بۆ خزمایەتیی، چونکە ئەوانەی خزمن هەموویان لە ڕابردووی دووردا لە یەک منداڵدانەوە هاتوون.

(يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ): لێکتان جیا دەکاتەوە، (الفَصْلُ: إبَانَةُ أَحَدِ الشَّيئَيْنِ مِنَ الآخَرِ حَتَّى يَكُونُ بَيْنَهُمَا فُرْجَةٌ)، (فَصْل): بریتیە لەوەی دوو شت لێک جیابکرێنەوە تاکو کەلێنێکیان بکەوێتە نێوان، یەک لەوێ یەک لەوێ.

(أُسْوَةٌ): (الأُسْوَةُ وَالإِسْوَةُ كالقُدْوَةُ وَالقِدْوَة: الحَالَةُ الَّتِي يَكُون الإِنْسَان عَلَيْهَا فِي اتِّبَاعِ غَيْرِهِ إن حَسَناً وَإِنْ قَبِيحاً)، (أُسْوَة)و (إِسْوَة) هەروەک (قُدْوَة)و (قِدْوَة) بریتیە لەو حاڵەتەی مرۆڤ لەسەری دەبێ لە شوێنکەوتنی کەسێکی دیکەدا، لە چاکەدا شوێنی بکەوێ، یان لە خراپەدا.

(بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمْ): لێتان دوورین، حاشاتان لێ دەکەین، (أَصْلُ البُرْءِ وَالبَرَاءَةِ وَالتَّبَرِّي: التَّقَصِّي مِمَّا يُكْرَهُ مُجَاوَرَتُهُ)، وشەی (بُرْء)و (بَرَاءَة)و (تَبَرِّي) هەر سێکیان لە ئەصڵدا بە مانای دووریی گرتنە لە شتێک مرۆڤ حەز نەکات لێی نیزیک بێ، کەواتە: (بُرَءاء) کۆی (بَرِيء)ە، واتە: ئێمە لە ئێوە بەریین و دوورین.

(فِتْنَةً): (أَصْلُ الفَتْنِ إدْخَالُ الذَّهَبِ النَّارَ لِتَظْهَرَ جَوْدَتُهُ مِنْ رَدَائَتِهِ) ئەمە ئەصڵی واتایەکەیەتی، (فَتْن): بریتیە لەوەی زێڕ بخرێتە نێو ئاگرەوە، تاکو چاکەکەی لە خراپەکەی جیابێتەوە، بۆیە کوردەواریی خۆمان دەڵێن: (زێڕی سوور لە ئاگر ناترسێ)، واتە: زێری ساغ، هەرچەندە بە ئاگر بیسووتێنی، کەم ناکات، کانزای زێڕ، قاڵ دەبێتەوە، بەڵام کەم ناکات، بەڵام ئەگەر کانزایەکانی دیکەی وەک مس و فافۆن و ئاسن و ئەوانەی ڕەگەڵ خرابن، بێگومان لە کاتی قاڵکراندا، لێی جیادەبنەوەو، قەبارەکەی کەم دەکات، دوایی وشەی (فِتْنَة) خوازراوەتەوە بۆ بەڵا، ئازار، شتێک کە تووشت دێ، تاقیکردنەوە، بۆ هەموو ئەوانە خوازراوەتەوە،

لێرە کە دەفەرموێ: ﴿ لَا تَجۡعَلۡنَا فِتۡنَةٗ لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ﴾، مەمانکە بە مەینەتیی و بەڵا بۆ ئەوانەی بێبڕوان، ئەمە دوو واتای هەن:

١- وامان لێمەکە بە دەستی ئەوان ئازار بدرێین.

٢- یاخود مەمانکە بە هۆکاری ئەوەی بە هۆی ئێمەوە بەڵای بێبڕواییان بەسەر بێ، کە حاڵی ئێمە ببینن، پێیان وابێ ئێمە لەسەر ناهەقین، لەبەر ئەوەی بێدەسەڵاتین یان دواکەوتووین، وەک ئەم ڕۆژگارەی ئێستای ئێمە کە مسوڵمانان بەڕاستیی بوونە بەڵاو فیتنە بۆ زۆربەی خەڵکی دنیا، هەر کەسێک تەماشای دۆخی مسوڵمانان بکات بە تایبەتیی حوکمڕانەکانیان، کە زۆربەی هەرە زۆریان دیکتاتۆرن و، گوێ لە مستی زلهێزانن و هیچ بەدەستێ، لە بەرانبەر خەڵکەکەی خۆیاندا شێرن و لە بەرانبەر دوژمناندا حوشترمەلن، هەر کەسێک تەماشای ئەو وەزعەی مسوڵمانان بکات، چ لە ڕووی سیاسییەوە، چ لە ڕووی فیکریی و، لە ڕووی شارستانیەتیی و، لە ڕووی کلتورییەوە، وادەزانێ ئەوە بەرهەمی دینەکەیانەو، لە دینەکەیان دەکەوێتە گومانەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا مسوڵمانان بۆ جگە لە خۆیان دەبنە فیتنە، دەبنە تاقیکردنەوەو بەڵا.

(تَبَرُّوهُمۡ): چاکەیان لەگەڵ بکەن، (**البِرُّ: التَّوَسُّعُ فِي فِعْلِ الخَيرِ، بَرَّ العَبْدُ رَبَّهُ: تَوَسَّعَ فِي طَاعَتِهِ**)، (**بِرّ**): بە مانای فراوانییە لە چاکەکارییدا، لە ئەنجامدانی چاکەدا، مرۆڤ فراوانیی بکات، دەگوترێ: (**بَرَّ العَبْدُ رَبَّهُ**) واتە: فەرمانبەریی خوای کرد بە شێوەیەکی فراوان و چاک.

(وَتُقۡسِطُوٓاْ إِلَيۡهِمۡ): لێرەدا (**قِسْط**) یانی: (**النَّصِيبُ بِالعَدْل**) پشکێک کە بە دادگەرانە بەش بەش کرابێ، وەک (**النَّصَف وَالنَّصَفَة**) ئەوانیش بە هەمان شێوە واتە: دابەشکردنێکی بە ویژدانانە، (**الإِقْسَاطُ: إِعْطَاءُ قِسْطِ الغَيْرِ، وَالقَسْطُ: الجَوْرُ**)، (**إِقْسَاط**): لەسەر کێشی (**إِفعال**) ئەوەیە بەشی ئەوی دیکە بدەی، بەڵام (**قَسْط**): بریتیە لە ستەم، ئەوەیە بەشی ئەوی دیکە بخۆی.

کەواتـە لێـرەدا: ﴿وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ﴾ واتـە: بەشـێک لـە مـاڵ و سـامانی خۆتانیـان پێبـدەن، چونکـە چاوگـی (**إقْسَـاط**) پێویسـتی بـە پیتێـک نـاکات بـەرکاری پـێ بخـوازێ و بـۆ لای بـەرکار بەهۆیـەوە تێپەڕێنـێ، بەڵکـو (**أَقسَـطَ**) واتـە: (**عَـدَلَ**)، بـەڵام (**قَسَـطَ**) واتـە: (**ظَلَـمَ**)، (**أَقْسَـطَ إِلَيْـهِ**) یانـی: (**أَعْطَـاهُ قِسْـطاً مِـنْ مَالِـهِ**)، بەشـێک لـە مـاڵ و سـامانەکەی خـۆی پێـدا.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

یەکەم: هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ يُخْرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَـٰدًا فِى سَبِيلِى وَٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِى ۚ تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ وَمَآ أَعْلَنتُمْ ۚ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُواْ لَكُمْ أَعْدَآءً وَيَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴿٢﴾﴾.

لەو بارەوە چەند گێڕراوەیەک هەن، ئێمە سێیان دێنین:

١- لە کتێبی (**الإستيعاب في بيان الأسباب**)[1]دا لە بارەی هۆی هاتنە خواری ئەم دوو ئایەتە موبارەکەوە، -بەڵکو پێم وایە ئایەتەکانی دواییشی- ئەم گێڕدراوەیە هەیە، کە هەر کام لە (**البخاري ومسلم**) هێناویانە:

{عَـن عَـلِيّ بْـنَ أَبِي طَالِـبٍ قَـالَ: بَعَثَنِـي رَسـولُ اللّـهِ ﷺ أَنَـا، والزُّبَـيْرَ، والمِقْـدَادَ، فَقـالَ: انْطَلِقُـوا حتّـى تَأْتُـوا رَوْضَـةَ خَـاخٍ؛ فـإنَّ بهَـا ظَعِينَـةً معهَـا كِتَـابٌ، فَخُذُوا منهـا. قـالَ: فَانْطَلَقْنَا تَعَـادَى بِنَـا خَيْلُنَـا حتّـى أتَيْنَـا الرَّوْضَـةَ، فَـإِذَا نَحْـنُ بالظَّعِينَـةِ، قُلْنَـا لَهَـا: أخْرِجِـي الكِتَـابَ، قالَـتْ: مـا مَعِـي كِتَـابٌ، فَقُلْنَـا: لَتُخْرِجِـنَّ الكِتَـابَ، أوْ لَنُلْقِـيَنَّ الثِّيَـابَ، قـالَ: فأخْرَجَتْـهُ مِـن

(١) ج٣، ص ٣٧٤-٣٧٥.

عِقَاصِهَا، فأتَيْنَا بِه النَّبِي ﷺ، فَإِذَا فِيهِ: مِن حَاطِبِ بنِ أَبِي بَلْتَعَةَ، إِلى نَاسٍ بِمَكَّةَ مِنَ المُشْرِكِينَ، يُخْبِرُهُمْ بِبَعْضِ أَمْرِ النَّبِي ﷺ. فَقَالَ النَّبِي ﷺ: يا حَاطِبُ، ما هذا؟! قالَ: يا رَسولَ اللَّهِ، لا تَعْجَلْ عَلَيَّ؛ إنِّي كُنْتُ امْرَأً مُلْصَقًا في قُرَيْشٍ يقولُ: كُنْتُ حَلِيفًا، ولَمْ أَكُنْ مِن أَنْفُسِهَا، وكانَ مَن معكَ مِنَ المُهَاجِرِينَ مَن لهمْ قَرَابَاتٌ يَحْمُونَ أَهْلِيهِمْ وأَمْوَالَهُمْ، فأحْبَبْتُ إذْ فَاتَنِي ذلكَ مِنَ النَّسَبِ فيهم أَنْ أَتَّخِذَ عِنْدَهُمْ يَدًا يَحْمُونَ قَرَابَتِي، ولَمْ أَفْعَلْهُ ارْتِدَادًا عن دِينِي، ولَا رِضًا بالكُفْرِ بَعْدَ الإسْلَامِ، فَقالَ النَّبِي ﷺ: إنَّهُ قدْ صَدَقَكُمْ، فَقالَ عُمَرُ: يا رَسولَ اللَّهِ، دَعْنِي أَضْرِبْ عُنُقَ هذا المُنَافِقِ، فقالَ: إنَّه قدْ شَهِدَ بَدْرًا، وما يُدْرِيكَ لَعَلَّ اللَّهَ اطَّلَعَ علَى مَن شَهِدَ بَدْرًا، فَقالَ: اعْمَلُوا ما شِئْتُمْ؛ فقَدْ غَفَرْتُ لَكُمْ، فأنْزَلَ اللَّهُ سُورة: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ يُخْرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَٰدًا فِى سَبِيلِى وَٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِى ۚ تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ وَمَآ أَعْلَنتُمْ ۚ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُواْ لَكُمْ أَعْدَآءً وَيَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴿٢﴾﴾، (أخرجه البخاري: في صحيحه: ٣٠٠٧، ٤٢٧٤، ٤٨٩٠، ومسلم في صحيحه: ٢٤٩٤).

واتە: عەلی کوڕی ئەبوو تالیب ﷺ دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ من و زوبەیرو میقدادی ناردین (خوا لە هەر سێکیان ڕازی بێ)، فەرمووی: بڕۆن دەربچن تاکو دەگەنە (روضة خاخ)، {(روضة) باخچەیەو (خاخ)یش ناوی شوێنێکە}، کە دەچنە باخچەی خاخ ئافرەتێکی کەژاوەدار، {یانی: ئافرەتێک کە سواری وڵاخێک بووە}، دەیبینن نامەیەکی پێیە، نامەکەی لێوەربگرن، ئێمەش ڕۆیشتین ئەسپەکانمان بە ڕاکردن (بە غاردان) بردیانین هەتا چووینە لای باخچەکە، لەوێ ئافرەتەکەمان بینی، گوتمان: نامەکە دەربێنە، گوتی: نامەم پێ نیە! گوتمان: یان نامەکە دەردێنی، یان پۆشاکەکەت دادەنێی، (لە ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە کە پێیان گوت: خوا ﷻ بە جیبریلدا پێغەمبەری ﷺ ئاگادار کردۆتەوە، خوا ڕاست دەفەرموێ و جیبریلیش ڕاستی گوتوەو پێغەمبەریش ﷺ ڕاستی بە ئێمە فەرمووە، تۆ ڕاست ناکەی نامەت

پێ نەبێ، دەریهێنە، نامەکەت دەرنەهێنی ئێمە دەتپشکنین، مەبەستیان ئەوە بووە - نەک ڕووتی بکەنەوە - دەتپشکنین و نامەکە دەدۆزینەوە)، ئیدی نامەکە کە لە بن کەزییەکانیدا شاردبوویەوە، (لە ڕیوایەتی دیکەدا هاتوە گوتوویەتی: پشتم تێبکەن، بۆ ئەوەی پۆشاکەکەی دابنێ، یاخود بۆ ئەوەی لەچکەکەی دابنێ و لە بن کەزییەکانی دەری بهێنێ)، دەری هێناو وێیداین، ئێمەش نامەکەمان بۆ پێغەمبەر ﷺ هێنایەوە، لە نامەکەدا ئاوا نووسرابوو: لە حاتەبی کوڕی ئەبی بەلتەعەوە بۆ خەڵکێک لە هاوبەش بۆ خوا دانەران کە لە مەککە بوون، هەواڵی پێدا بوون بە هەندێک لە کاروباری پێغەمبەر ﷺ، کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەیەوێ بەرەو مەککە بێ، پێغەمبەری خوا ﷺ (**حاطب**)ی بانگ کردو گوتی: (**حاطب**) ئەوە چییە؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! پەلەم لێ مەکە، من کابرایەک بووم پەیوەست بە هۆزی قورەیش، بەڵام لە خۆیان نەبووم، (گوتراوە: حاتیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە ئەصڵی خۆی خەڵکی یەمەن بووە، بەڵام لە نێو قورەیشدا بووە)، ئەوانەی لە خزمەت تۆدان لە کۆچکەران، هەموویان بایی ئەوەندە خزمایەتییان هەیە کەس و کاریان و ماڵ و سامانیان لە مەککە بپارێزن، منیش کە لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە ئەوەم نەبوو، ویستم چاکەیەکیان لەگەڵدا بکەم و چاکەیەکم لە چاویاندا هەبێ، خزمەکان و بەرژەوەندییەکانم لەوێ پارێزراو بن، ئەوەم بۆیە نەکردوە بێبڕوابم، یان لە ئایینەکەم هەڵگەڕابمەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: لەگەڵتاندا ڕاستی کرد، عومەریش ﷺ گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ! لێمگەڕێ با لە گەردنی بدەم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەو ئامادەی جەنگی بەدر بووە، تۆ چووزانی ڕەنگە خوا (**عَزَّ وَجَلَّ**) سەرنجێکی جەنگاوەرانی مسوڵمانی بەشداربووی جەنگی بەدری دابێ و، فەرمووبێتی: هەرچی دەکەن ئەوە لێتان بووردم، ئنجا لەو بارەوە ئەم ئایەتە موبارەکانە دابەزین.

٢- [عَنْ مُجَاهِد فِي قَوْلِ اللهِ تَعَالى: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ يُخْرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُواْ بِٱللَّهِ

رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَٰدًا فِي سَبِيلِي وَٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِي ۚ تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ وَمَآ أَعْلَنتُمْ ۚ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا۟ لَكُمْ أَعْدَآءً وَيَبْسُطُوٓا۟ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّوا۟ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴿٢﴾ ﴾، نَزَلَ فِي مُكاتَبَةِ حَاطِبِ بْنِ أَبِي بَلْتَعَةَ ومَنْ مَعَهُ إلى كُفّارِ قُرَيْشٍ يُحَذِّرُونَهُمْ[(١)].

لـە بـارەی نامـە نووسـینی حاتیبـی کـوڕی ئەبـی بەڵتەعـەو ئەوانـەی لەگەڵـی بـوون، کـە نامەیـان نـارد بـۆ قورەیـش و ئاگاداریـان دەکردنـەوە، دابـەزی.

٣- ئەم گێڕدراوەیەش دێنین کە تیشکی زیاتر دەخاتە سەر ڕووداوی نامە نووسینی حاتیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بۆ کافرەکانی قورەیش: {عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ حاطِبِ بْنِ أبِي بَلْتَعَةَ، وَحَاطِبٌ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ اليَمَنِ، كانَ حَلِيفًا لِلزُّبَيْرِ بْنِ العَوّامِ مِن أصْحابِ النَّبِيِّ ﷺ قَدْ شَهِدَ بَدْرًا، وَكَانَ بَنُوهُ وإِخْوَتُهُ بِمَكَّةَ، فَكَتَبَ حاطِبٌ وهو مَعَ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ بِالمَدِينَةِ إلى كُفّارِ قُرَيْشٍ بِكِتابٍ يَنْتَصِحُ لَهم فِيهِ، فَدَعا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلِيًّا والزُّبَيْرَ، فَقالَ لَهُما: «انْطَلِقا حَتّى تُدْرِكا امْرَأةً مَعَها كِتابٌ فَخُذا الكِتابَ فائْتِيانِي بِهِ»، فَانْطَلَقا حَتَّى أَدْرَكَا المَرْأةَ بِحُلَيْفَةِ بَنِي أَحْمَدَ، وَهِيَ مِنَ المَدِينَةِ عَلى قَرِيبٍ مِنِ اثْنَيْ عَشَرَ مَيْلًا، فَقالا لَها: أعْطِينا الكِتَابَ الَّذِي مَعَكِ، قالَتْ: لَيْسَ مَعِي كِتابٌ، قالا كَذَبْتِ، قَدْ حَدَّثَنا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ أنَّ مَعَكِ كِتابًا، واللَّهِ لَتُعْطِنَّ الكِتابَ الَّذِي مَعَكِ أوْ لا نَتْرُكُ عَلَيْكِ ثَوْبًا إلّا التَمَسْنا فِيهِ، قالَتْ: أوَلَسْتُمْ بِناسٍ مُسْلِمِينَ؟ قالا: بَلى، ولَكِنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَدْ حَدَّثَنا أنَّ مَعَكِ كِتابًا، حَتّى إذْ ظَنَّتْ أنَّهُما مُلْتَمِسانِ كُلَّ ثَوْبٍ مَعَها، حَلَّتْ عِقاصَها فَأَخْرَجَتْ لَهُما الكِتابَ مِن بَيْنِ قُرُونِ رَأْسِها، كانَتْ قَدِ اعْتَقَصَتْ عَلَيْهِ، فَأتَيَا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَإذا هُوَ كِتابٌ مِن حاطِبِ بْنِ أبِي بَلْتَعَةَ إلى أهْلِ مَكَّةَ، فَدَعَا رَسُولُ اللَّهِ ﷺ حاطِبًا قالَ: «أنْتَ كَتَبْتَ هَذا الكِتابَ»؟ قالَ: نَعَمْ، قالَ: «فَمَا حَمَلَكَ عَلى أنْ تَكْتُبَ بِهِ»؟

---

(١) (أخرجه: الفريابي وعبد بن حميد في تفسيرهما كما في فتح الباري: ج٨، ص٦٣٣، والطبري في جامع البيان، من طُرُقٍ عَن أبي نُجيح عَن مُجَاهِد بِهِ مُرسَلاً قُلنَا: وَهَذا مُرسلٌ صحِيحُ الإسنَادِ: ج ٢٨، ص٤٠، وأخرجه الحاكِم في المستدرك: ج ٢، ص٤٨٥)، دیارە لە چەند ڕێیەکی دیکەشەوە هێناویەتی کە ئەمەیان (مُرسل)ە، بەڵام ئەویدیکە (مَرفوع)ەو یەکسەر بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ بەرزکراوەتەوە، (الإستيعاب في بيان الأسباب ج٣، ص٣٧٧)

قَالَ حَاطِبٌ: أما واللّهِ ما ارْتَبْتُ مُنْذُ أسْلَمْتُ فِي اللّهِ عَزَّ وجَلَّ، ولَكِنّي كُنْتُ امْرَأً غَرِيبًا فِيكم أيُّها الحَيُّ مِن قُرَيْشٍ، وكانَ لِي بَنُونَ وإخْوَةٌ بِمَكَّةَ، فَكَتَبْتُ إلى كُفّارِ قُرَيْشٍ بِهَذا الكِتابِ لِكَيْ أدْفَعَ عَنْهُمْ، فَقالَ عُمَرُ: ائْذَنْ لِي يَا رَسُولَ اللّهِ أَضْرِبْ عُنُقَهُ، فَقَالَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ: دَعْهُ فإنه قد شهد بدراً، وإنك لا تدري لعلّ الله اطّلع على أهل بدرٍ، فقال: اعملوا ماشئتم، فإني غافرلكم ماعملتم، فأنزل الله في ذلك: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ عَدُوِّى وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَقَدْ كَفَرُوا۟ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ يُخْرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ رَبِّكُمْ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَٰدًا فِى سَبِيلِى وَٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِى تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ وَمَآ أَعْلَنتُمْ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴿١﴾ إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا۟ لَكُمْ أَعْدَآءً وَيَبْسُطُوٓا۟ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّوا۟ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴿٢﴾ ﴾[(١)].

واتـە: لـە عەبدوڕڕەحمانـی کـوڕی حاتیـب خۆیـەوە دەڵـێ: حاتیبـی کـوڕی ئەبـی بەلتەعـە پیاوێـک بـوو خەڵکـی یەمـەن بـوو، هاوپەیمانـی زوبەیـری کـوڕی عـەووام بوو لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر ﷺ، لـە جەنگـی بەدریشـدا بەشـدار بـوو، بـەڵام کوڕەکانـی و برایەکانـی لـە مەککـە بـوون، حاتیـب لـە حاڵێکـدا لـە خزمـەت پێغەمبـەری خـوادا ﷺ بـوو لـە مەدینـە، نامەیەکـی نووسـی بـۆ کافرەکانـی قورەیـش، لـە نامەکـەدا دڵسـۆزیی بـۆ نواندبـوون، پێغەمبەریـش ﷺ عەلـی و زوبەیـری بانـگ کـردن، {لـە ڕیوایەتەکـەی دیکـەدا: عەلـی و زوبەیـرو میقـداد (خـوا لێیـان ڕازی بـێ)}، پێـی فەرمـوون: دەربچـن تاکـو دەگەنـە ئـەو ئافرەتـە، نامەیەکـی پێیـە، نامەکـەی لێوەربگـرن و بیهێنـن، ڕۆیشـتن گەیشـتنە ئافرەتەکـە لـە (**حُلیـف بنـي أحمـد**) {ڕەنگـە (**روضـة خاخ**)یـش هـەر لـەوێ بـێ}، کـە دوازدە میـل لـە مەدینـەوە دوورە (واتـە: دەوری هـەژدە کیلۆمەتـر)، پێیـان گـوت: ئـەو نووسراوەمـان وێـدە کـە پێتـە، گوتـی: نـووسراوم پـێ نیـە، گوتیـان: درۆ دەکـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ پێـی فەرمووین نووسراوێکـت پێیـە، بەخـوا یـان دەبـێ نووسراوەکەمـان وێبـدەی، یـان هیـچ پۆشـاکێکت لەبـەردا ناهێڵینـەوە مەگـەر تەماشـای دەکەیـن و دەیپشـکنین بـۆ ئـەوەی نامەکـە بدۆزینـەوە، گوتـی: ئێـوە خەڵکێکـی

---

(١) الإستيعاب، ج٣، ص٣٨٣، ٣٨٤).

مسـوڵمان نیـن؟ (واتـە: مـادام مسـوڵمانن چـۆن ئافـرەت دەپشـكنن؟) گوتیـان: بـا، بـەڵام پێغەمبـەری خـوا ﷺ هەواڵـی پـێ داویـن كـە نامەیەكـت پێیـە، كاتێـك دڵنیـا بـوو كـە هەمـوو پۆشـاكەكانی دەپشـكنن، كەزییەكانـی خـۆی كردنـەوەو نامەكـە لـە نێـو قـژی خـۆی كـە هۆنیبوویـەوە، لەوێـدا نامەكـەی شـاردبۆیەوە، دەریهێنـاو، نامەكەیـان بـۆ پێغەمبـەری خـوا ﷺ هێنـا، تێیـدا نووسرابـوو: لـە حاتیبـی كـوڕی ئەبـی بەلتەعـە بـۆ خەڵكـی مەككـە، نامـەی بـۆ نووسـیبوون، پێغەمبـەر ﷺ حاتیبـی بانگكـرد، فەرمـووی: تـۆ ئـەم نامەیـەت نووسـیوە؟ گوتـی: بەڵـێ، فەرمـووی: چ شـتێك پاڵنـەرت بـووە ئـەو نامەیـە بنووسـی؟ حاتیـب گوتـی: سـوێند بـە خـوا لـەو كاتـەوە كـە مسـوڵمان بـووم دوو دڵ نەبـووم لـە بـارەی خـوا (عَزَّ وَجَلَّ)ەوە، بـەڵام پیاوێـك بـووم غـەوارە بـووم لـە نێـو هـۆزی قورەیشـدا (واتـە: خەڵكـی ئەصڵیـی ئـەوان نەبـووم، یەمەنیـی و غـەوارە بـووم، غەریـب بـووم)، منیـش هەندێـك كـوڕو بـرام هـەن لـە مەككـە، ویسـتم ئـەو نامەیـە بـۆ كافرەكانـی قورەیـش بنێـرم، تاكـو بەرگرییـەك لـە كـوڕو بـراو خزمەكانـم بكـەم لـە مەككـە و تووشـی زیـان نەبـن، عومـەر ؓ گوتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ! مۆڵەتـم پـێ بـدە بـا لـە گەردنـی بـدەم (بیكـوژم)!، پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: لێیگـەڕێ، چونكـە بەشـداری جەنگـی بـەدر بـووە، تـۆ نازانـی ڕەنگـە خـوا سـەرنجێكی خەڵكـی جەنگـی بـەدری دابـێ و فەرموو‌بێتـی: هەرچـی دەكـەن بیكـەن، هەرچـی بیكـەن مـن لێتـان دەبـوورم (واتـە: خزمەتێكـی وا گەورەتـان كـردوە دەبێتـە شـەفاعەتكار بـۆ ئـەو هەڵانـەی دوایـی دەیانكـەن)، لـەو بـارەوەش خـوای بـەرزو مـەزن ئـەم ئایەتانـەی دابەزانـدن.

دووەم: هۆی هاتنەخواری ئەم دوو ئایەتە موبارەكە: ﴿ لَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾.

لەو بارەوەش دوو گێڕراوان دێنین:

١- {عَن أَسْمَاءِ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ ﵁ قَالَتْ: أَتَتْنِي أُمِّي رَاغِبَةً، فِي عَهْدِ النَّبِيِّ ﷺ، فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ ﷺ: آصِلُهَا؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ ابنُ عُيَيْنَةَ: فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى فِيهَا: ﴿لَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾﴾} (أخرجه البخاري: ٢٦٢٠، ٣١٨٣، ٥٩٧٨، ٥٩٧٩).

واتـە: ئەسـماى کچـی ئەبـوو بەکـری صیددیـق ﵁ دەڵـێ: دایکـم لـە ڕۆژگاری پێغەمبـەردا ﷺ هـات بـۆ لام، (لـە ڕیوایەتـی دیکـەدا دەڵـێ: دیاریـی بـۆ هێنابـووم لـە مەککـەوە هاتبـوو، کـە هەتـا ئـەو کاتـەش دایکـی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەر بـووە)، منیـش پرسـیارم لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ کـرد: دایکـم هاتـوە بـۆ لام، ئایـا چاکـەی لەگەڵـدا بکـەم؟ {یانی: بەخێـری بێنـم و ڕێـزی بگـرم و لـە بەرانبـەردا و منیـش دیاریـی پـێ بـدەم؟}، پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: بەڵـێ، (إبـن عُیینـة) دەڵـێ: خـوای بـەرز لـەو بـارەوە ئـەم دوو ئایەتـە موبارەکـەی دابەزانـدن.

٢- ڕیوایەتێکی دیکەش تیشکی زیاتر دەخاتە سەر ئەو بەسەرهاتە:

{عَـنْ عَبْـدِ اللَّـهِ بْـنِ الزُّبَـيْرِ ﵁، «أَنَّ قُتَيْلَـةَ بِنْـتَ عَبْـدِ الْعُـزَّى أَرْسَـلَتْ إِلَى ابْنَتِهَـا أَسْـمَاءَ بِنْـتِ أَبِي بَكْـرٍ، وَكَانَ أَبُـو بَكْـرٍ طَلَّقَهَـا فِي الجَاهِلِيَّـةِ، فَأَرْسَـلَتْ بِهَدَايَـا فِيهَـا أَقِـطٌ وَسَـمْنٌ، فَأَبَـتْ أَنْ تَقْبَـلَ هَدِيَّتَهَـا وَتُدْخِلَهَـا بَيْتَهَـا، فَأَرْسَـلَتْ إِلَى عَائِشَـةَ لِتَسْـأَلَ النَّبِـيَّ ﷺ فَقَـالَ النَّبِـيُّ ﷺ:» لِتُدْخِلَهَـا بَيْتَهَـا، وَلْتَقْبَـلْ هَدِيَّتَهَـا، وَأَنـزَلَ اللـهُ تَبـارَكَ وَتَعـالى: ﴿لَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾﴾}[1].

---

(١) أخرجـه الطيالـسي في المسـند: ١٩٨٢، وأحمـد في المسـند: ج٤، ص٤، والطبري في جامع البيان: ج ٢٨، ص ٤٣، والبـزار في البحـر الزخـار: ٢٢٠٨، وابـن عـدي في الكامـل: ج ٦، ص ٢٣٥٩، وأبـو يعـلى في المسـند كـما في المطالـب العاليـة: ٤١٥١، والحاكـم في المسـتدرك، والطـبراني في المعجـم الكبـير، وقـالَ

زانایـان زۆرجـاران لـە بـارەی سـەنەدی دەقێکـەوە ڕاجیـان، ئێسـتا ئـەو هەمـوو زانایانـە دەڵێـن: سـەنەدەکەی باشـە یـان ڕاسـت (**صحیح**)ە، بـەڵام هەردوو نووسـەری: (**الإستیعاب في بیـان الأسـباب**) دەڵێـن: سـەنەدەکەی بێهێـزە، ئێمـەش بـۆ زیاتـر بەرچاوڕوونیـی هێنامـان:

عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیـر ﷺ (کـە عەبدوڵـڵای کـوڕی زوبەیـر کـوڕی ئەسـمائە، ئەسـماء دایکـی عەبدوڵڵایـەو هاوسـەری زوبەیـرە، ئەسـماء کچـی ئەبـوو بەکـری صیددیقـە خـوا لێیـان ڕازی بـێ) دەگێڕێتـەوە دەڵـێ: قوتەیلـەی کچـی عەبدولعـوززا نـاردی بـۆ لای ئەسـمائی کچـی ئەبووبەکـر، (کەواتـە: ئەسـماء کچـی قوتەیلـە بـووە، قوتەیلـە دایکـی بـووەو، ئەبووبەکریـش باببەتـی) کـە ئەبـوو بەکـر ﷺ لـە سـەردەمی نەفامییـدا تەڵاقـی دابـوو، ئـەم قوتەیلـە دایکـی ئەسـماء دیاریـی بـۆ ناردو، دیارییەکـەش کەشـک و ڕۆنی تێـدا بـوو، ئەسـمائیش ئامـادە نەبـوو دیارییەکـەی لـێ وەربگـرێ و، ئامـادە نەبـوو لـە ماڵـێ پێشوازییشـی لـێ بـکات، بـەڵام ئـاگاداری دایکـمان عائیشـە خانـی کـردەوە (کـە خوشـکی گچکـەی ئەسـمائە) بـۆ ئـەوەی لـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بپرسـێ لـەو بـارەوە، پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: بـا بیباتـە ژوورێ و دیارییەکەشـی لـێ وەربگـرێ، خـواش (**عَـزَّ وَجَـلَّ**) لـەو بـارەوە ئـەم دوو ئایەتـە موبارەکـەی دابەزانـدن: ﴿ لَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾.

الحاكِمُ: هَـذا حَدِيـثٌ صحيحُ الإسـنَادِ وَلَـمْ يُخْرِجَـاهُ وَوَافَقَـهُ الذَّهَبي، وَقَـالَ الهَيْثَمِـي فِي مَجمَـعِ الزَّوائِـد: ج ٧، ص ١٢٣، رَوَاهُ أحمـد والبـزار وَفيـه مصعـب بـن ثابـت وثَّقَـهُ ابـن حِبّـان، وَضَعَّفَـهُ جَمَاعَـة، وَبَقِيَّـةُ الرِّجَـال رِجـال الصَّحيح، وَذَكَـرَهُ السـيوطي فـي الـدر المنثور: ج ٨، ص١٣٠: وَزَادَ نِسـبَتَهُ لِابـنُ المنـذِر)، بـەڵام هـەردوو نووسـەری (الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب) دەڵێـن: (قُلنـا: وَهَـذا إسـنادٌ ضَعيـف فيـهِ مُصعـب بـنُ ثابـت ضَعيـفٌ وَفـي التَّقرِيـبِ لَيِّنُ الحَديـثِ).

مانای گشتیی ئایەتەکان

سەرەتا خوا ﷻ دەفەرموێ: (بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ)

بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، واتە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەوەش مەبەستی پێ ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! دوژمنی من و دوژمنی خۆتان بە دۆست مەگرن، دۆستایەتییان مەکەن، خۆشتان نەوێن، کەین و بەینتان لەگەڵیان نەبێ، ﴿ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ ﴾، ئێوە خۆشەویستییان بۆ فڕێدەدەن واتە: خۆشەویستییان بۆ دەردەخەن، وەک چۆن کەسێک شتێک بۆ کەسێک هەڵدەدات، ﴿ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ ﴾، لە حاڵێکدا ئەوان بێبڕوا بوون بەو هەقەی بۆتان هاتوە، کە قورئانەو ئیسلامە.

﴿ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ ﴾، پێغەمبەر ﷺو ئێوەشیان لە نیشتیمان و زێدی خۆتان وەردەرەدەنا، هەر لەبەر ئەوەی بڕواتان بە خوای پەروەردگارتان هێنابوو، ﴿ إِن كُنتُمۡ خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِي ﴾، ئەگەر ئێوە وەک تێکۆشان لە پێناو ڕێی منداو، بۆ وەدەست هێنانی ڕەزامەندیی من لە ماڵی خۆتان هاتوونە دەرێ (و کۆچتان کردوە لە مەککەوە بۆ مەدینە، کاری وا مەکەن).

﴿ تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ ﴾، بـە پەنهانیـی خۆشەویسـتیی خۆتانیـان پێدەگەیەنـن، ﴿ وَأَنَا۠ أَعْلَمُ بِمَآ أَخْفَيْتُمْ وَمَآ أَعْلَنتُمْ ﴾، منیـش زاناتـرم لـە خۆشـتان بـەوەی پەنهانتـان کـردووە، بـەوەش کـە ئاشـکراتان کـردوە، ﴿ وَمَن يَفْعَلْهُ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴾، هـەر کەسێک لـە ئێـوە بیکات واتـە: ئـەو خۆشویسـتن و دۆسـتایەتییە لەگـەڵ ئەهلی کوفـردا بـکات، ڕێـی ڕاسـتی ون کـردوە، لـە ڕێـی ڕاسـت لایـداوە.

ئنجـا خـوا ﷻ ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە، بۆچـی دەبـێ دۆسـتایەتییان لەگەڵـدا نەکـەن؟ هەرچەنـدە پێشـێش هـەر ڕوونـی کـردەوە، کـە ئـەوان بڕوایـان بـەو هەقـە نیـە کـە بـۆ ئێـوە دابەزیـوە، پێغەمبـەری خـواو ﷺ ئێوەشـیان لـە مـاڵ و حاڵـی خۆتـان وەدەرنـاوە، ئنجـا بـۆ زیاتـر پاسـاو دانـەوەی ئـەوە کـە نابـێ دۆسـتایەتییان بکـرێ، دەفەرمـوێ: ﴿ إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُوا۟ لَكُمْ أَعْدَآءً ﴾، ئەوانـە ئەگـەر ئێوەیـان بەرپـەل بکـەوێ، بۆتـان دەبنـە دوژمـن واتـە: دوژمنـی سەرسـەختی ئێـوەن، ﴿ وَيَبْسُطُوٓا۟ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ ﴾، دەسـتیان و زمانتانیـان بـۆ لا درێـژ دەکـەن بـە خراپـە، واتـە: بـە دەسـت و بـە زمـان زیانتـان لـێ دەدەن، ﴿ وَوَدُّوا۟ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴾، بـە دڵیـش خۆزگـە دەخـوازن، ئـاوات دەخـوازن ئێـوە بێبڕوابـن.

بـە دڵنیایـی کـە مسـوڵمان لەگـەڵ کافـردا کەیـن و بەیـن و دۆسـتایەتیی دەبـێ هـەر لەبـەر بەرژەوەندیـی دنیاییـە، بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿ لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَآ أَوْلَـٰدُكُمْ ﴾، نـە خزمایەتییەکانتـان نـە ڕۆڵەکانتـان سـوودتان پـێ ناگەیەنـن، کەنگـێ؟ ﴿ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ﴾، لـە ڕۆژی هەڵسـانەوەدا، یاخـود: خزمایەتییـەکان و ڕۆڵەکانتـان سـوودتان پـێ ناگەیەنـن، ﴿ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ ﴾، لـە ڕۆژی هەڵسـانەوەدا خـوا لێکتـان جیادەکاتـەوە، ئـەم (**يَـومَ القِيَامَـة**) هـەم (**لَـنْ تَنْفَعَكُـمْ**) پەلکێشـی دەکات، هـەم (**يَفْصِـلُ بَيْنَكُـمْ**) پەلکێشـی دەکات، واتـە: هەردووکیـان ناکۆکیـی (**مُنازَعَة**)یـان لەسـەری هەیـە، ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، خـواش بینـەری ئەوەیـە کـە دەیکـەن.

ئنجا خـوا ﷻ سـەرنجی مسـوڵمانان ڕادەکێشـێ بـۆ ئیبراهیـم عليه السلام (**خلیـل اللـه**)، دەفەرمـوێ: ﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥ ﴾، بـە دڵنیایـی

سەرمەشـقییەکی بـاش، پەیڕەوییکردنێکـی بـاش هەیـە بـۆ ئێـوە، لـە ئیبراهیـم و لەوانـەدا کـە لەگەڵیـدا بـوون، ﴿ إِذْ قَالُوا۟ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُا۟ مِنكُمْ ﴾، کاتـێ بـە خەڵکەکەی خۆیانیـان گـوت: ئێمـە لـە ئێـوە بەریـین و لـە ئێـوە دووریـن، ﴿ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، هەروەهـا لـەوەش دووریـن کـە ئێـوە لـە جیاتـی خـوا دەیپەرسـتن، ﴿ كَفَرْنَا بِكُمْ ﴾، ئێمـە بـە ئێـوە بێبڕوایـن، ﴿ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ ﴾، دوژمنایەتیـی و ڕق لـە نێـوان ئێمـەو ئێـوەدا ئاشـکرا بـوو بـە هەمیشـەیی، هەتـا تەنیـا بـڕوا بـە خـوا دێنـن، وەک تاکـە پەرسـتراو.

﴿ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ ﴾، (ئیبراهیـم بکەنـە سەرمەشـقی خۆتـان)، مەگـەر لـەو قسـەیەیدا کـە بـە بابـی گـوت: داوای لێبووردنـت بـۆ (لـە خـوا) دەکـەم، ﴿ وَمَآ أَمْلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ﴾، بـەڵام لـە لایـەن خـواوە هیـچ شـتێکم بـۆ تـۆ بـە دەسـت نیـە، تەنیـا داوای لێبووردنـم بەدەسـتە، ئەویـش دەکـەم، خـوا دەفەرمـوێ: لـەوەدا چـاو لـە ئیبراهیـم مەکـەن، لـەوەدا مەیکەنـە سەرمەشـق.

﴿ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴾، هەروەهـا ئیبراهیـم (عليه السلام)و، ئەوانـەی لـە خزمەتیـدا بـوون گوتیـان: پەروەردگارمـان! پشـتمان بـەس بـە تـۆ بەسـتوە، تەنیـا بـۆ لای تـۆ گەڕاینـەوەو، سـەرەنجامیش بـەس بـۆ لای تۆیـە، ﴿ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، (هەروەهـا پاڕانـەوەو گوتیـان:) پەروەردگارمـان! مەمانگێـڕە بـە فیتنـە بـۆ ئەوانـەی بێبـڕوان، واتـە: بـا بـە هـۆی ئێمـەوە بێبـڕوا نەبـن، یاخـود ئێمـە بـە دەسـتی ئـەوان ئـازار مـەدەو، مەمانکـە شـوێنی تاقیکردنـەوە بـۆ ئـەوان، ﴿ وَٱغْفِرْ لَنَا رَبَّنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، پەروەردگارمـان! لێمان ببـوورە، بێگومـان هـەر تـۆی زاڵـی کاربزان.

جارێکـی دیکـەش دەفەرمـوێ: ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾، بـە دڵنیایـی لەوانـدا سەرمەشـقییەکی بـاش هەیـە بـۆ ئێـوە، ﴿ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ ﴾، بـۆ هـەر کەسـێک بـە ئومێـدی خـوا (واتـە: بەزەیـی خـوا)و ڕۆژی دوایـی بـێ، ﴿ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴾، هـەر کەسـێکیش پشـت هەڵبکات، بـە دڵنیایـی خـوا بێنیـازی شتایشـکراوە، پەکـی لەسـەر دروسـتکراوەکانی نەکەوتـوە.

﴿ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً ﴾، نیزیکە خوا لە نێوان ئێوەو ئەوانەدا کە دژایەتییتان کردوون، دوژمنایەتییتان کردوون، خۆشەویستیی بڕەخسێنێ، بە هۆی ئەوەوە کە ئەوان ئیمان دێنن، ﴿ وَٱللَّهُ قَدِيرٌ ﴾، خواش بە توانایە، ﴿ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، خواش لێبووردەی بە بەزەییە.

لە کۆتایی دا بۆ ئەوەی مسوڵمانان وا حاڵیی نەبن، کە نابێ سەلام و مەرحەبایان لەگەڵ کەسدا هەبێ، مادام نامسوڵمان بێ، چونکە خوا مەبەستی ئەوە نیە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ﴾، خوا لێتان قەدەغە ناکات، قەدەغەتان ناکات لەو کەسانەی لەسەر دینتان لە دژتان نەجەنگاون و، لە ماڵ و حاڵی خۆشتان وەدەریان نەناون، لەگەڵیاندا چاکە بکەن و، هاوکارییان بکەن لە ماڵی خۆتانیان پێ ببەخشن، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴾، بە دڵنیایی خوا بەخشەرانی خۆشدەوێن.

ئەدی خوا ڕێگرییان لە دۆستایەتیی کێ لێ دەکات؟ ﴿ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ ﴾، خوا تەنیا چاکەکارییتان لەگەڵ ئەوانەدا لێ قەدەغە دەکات، کە لەسەر دینتان لە دژتان جەنگاون و، لە ماڵ و حاڵ و خانووبەرەکانی خۆتان وەدەریان ناون، پشتگیریی و هاوکاریی ئەوەیان کردوە کە ئێوە لە ماڵ و حاڵی خۆتان وەدەربنرێن، ﴿ أَن تَوَلَّوْهُمْ ﴾، کە دۆستایەتییان بکەن و نیزیکییان بکەن، ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، هەر کەسێکیش دۆستایەتیی وان (ئەهلی کوفر) بکات، ئا ئەوانەن ستەمکاران، واتە: دۆستایەتیی کەسانێک بکات کە دژی دین و ژینی مسوڵمانانن، بەڵام نامسوڵمانانێک کە دژی دین و ژینتان نین، خوا ڕێگرییتان لێ ناکات لەگەڵیاندا چاکەکارو بەخشەربن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕێگریکردنی خوای پەنهانزان ﷻ، لە بڕواداران، کە بێبڕوایانی دوژمنی خواو خۆیان بە دۆست بگرن، لە حاڵێکدا بێبڕوان بەو هەقەی لە خواوە بۆیان هاتووە، پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانییان شاربەدەر کردووە و، هۆشداریی پێدانیان کە ئەو ڕەفتارە گومڕاییە و، ئەو دوژمنانەش هەر لێیان هەڵکەون جەبیان نادەن و، ڕۆژی دواییش خوا ﷻ لێکیان جیا دەکاتەوەو، خزمایەتیی و ڕۆڵەکانیشیان لە قیامەتدا، هیچ دادیان نادەن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِيَآءَ تُلۡقُونَ إِلَيۡهِم
بِٱلۡمَوَدَّةِ وَقَدۡ كَفَرُواْ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلۡحَقِّ يُخۡرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمۡ أَن تُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ رَبِّكُمۡ إِن كُنتُمۡ
خَرَجۡتُمۡ جِهَٰدٗا فِي سَبِيلِي وَٱبۡتِغَآءَ مَرۡضَاتِيۚ تُسِرُّونَ إِلَيۡهِم بِٱلۡمَوَدَّةِ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ وَمَآ أَعۡلَنتُمۡۚ
وَمَن يَفۡعَلۡهُ مِنكُمۡ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ١ إِن يَثۡقَفُوكُمۡ يَكُونُواْ لَكُمۡ أَعۡدَآءٗ وَيَبۡسُطُوٓاْ إِلَيۡكُمۡ
أَيۡدِيَهُمۡ وَأَلۡسِنَتَهُم بِٱلسُّوٓءِ وَوَدُّواْ لَوۡ تَكۡفُرُونَ ٢ لَن تَنفَعَكُمۡ أَرۡحَامُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡۚ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ
يَفۡصِلُ بَيۡنَكُمۡۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ بَصِيرٞ ٣ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەڤدە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! خوا ﷻ ئەم سوورەتە موبارەکە وەک هەندێک لە سوورەتەکانی دیکەی قورئانیش یەکسەر بە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، دەست پێدەکات، واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بە خوا ﷻ و، بە فریشتەکانی خواو، بە کتێبەکانی خواو، بە پێغەمبەرانی خوا (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ) و، بە ڕۆژی دوایی، بە هەموو ئەو شتانەش کە پێغەمبەری خاتەم ﷺ لە خوای پەروەردگارەوە هێناونی وەک ئایین، کە دەبێ بڕوایان پێ بهێنرێ.

٢)- ﴿ لَا تَتَّخِذُوا۟ عَدُوِّی وَعَدُوَّكُمۡ أَوۡلِیَاۤءَ ﴾، {ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە!} دوژمنی من و دوژمنی خۆتان مەکەنە دۆست، بە دۆست مەگرن، هەموو ڕوونکەرەوانی قورئان لەسەر ئەوە یەکدەنگن - وەک لە هۆی هاتنە خوارەوەکەش دا باسمان کرد - ئەم ئایەتانە بە هۆی ئەوەوە کە (**حاطب بن أبي بلتعة**) ﷺ نامەیەکی ناردوە بۆ خەڵکی شاری مەککەو، هەواڵی چوونی پێغەمبەری خوای ﷺ پێداون، دابەزیون، ئەویش بە هۆی ئافرەتێکەوە کە ناوی (**سارة**) بووەو، ئەو کاتە هاوبەش بۆ خوا دانەر بووە، ئافرەتێکی گۆرانیبێژ بووە، بە زاراوەی ئەمڕۆ هونەرمەند بووە، لە شایی و شینی خەڵکدا گۆرانیی و سروودی گوتوە بە پارە، ئەو ئافرەتە هاتوە بۆ مەدینە بۆ خزمەت پێغەمبەر ﷺ و گوتوویەتی: هاتووم هاوکارییم بکەی، ئەویش پێی فەرمووە: ئەدی گەنجەکانی مەککە لە کوێن؟ (واتە: گۆرانییان بۆ بڵێی و پارەت بدەنێ لە شین و شایی و بۆنان دا)، ئەویش گوتوویەتی: لە دوای جەنگی بەدر ئەو حاڵەیان نەماوە، کۆبوونەوەی وایان ببێ من گۆرانیی تێدا بڵێم، ئنجا پێغەمبەریش ﷺ فەرمان دەکات هاوکاریی بکەن، حاتیبی کوڕی ئەبی بەڵتەعەش بەو ئافرەتەدا نامەکە دەنێرێ، نامەکەش بێگومان هەندێک شتی تێدا بووە، دڵسۆزیی نواندن بووە لە لایەن حاتیبەوە بۆ قوڕەیشییە بێبڕوایەکان، وەک خۆ لەلا خۆشەویست کردنیان، نێوەڕۆکەکەی ئەو چوارچێوەیەی هەبووە.

لە تەفسیرەکاندا هەندێک شت باسکراوە، بەڵام من ئەو تەعبیرەی (**الآلوسي**)م هێناوە کە لە تەفسیرەکەی خۆی (**روح المعاني**)دا[1] هێناویەتی دەڵێ: (**صُورَةُ الكِتَابِ كَمَا جَاءَ فِي بَعضِ الرِّوَايَاتِ: إنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ تَوَجَّهَ إلَيْكُم بِجَيْشٍ كَاللَّيْلِ يَسِيرُ كَالسَّيْلِ، وَأُقْسِمُ بِاللَّهِ لَوْ سَارَ إلَيْكُمْ وَحْدَهُ لَنَصَرَهُ اللَّهُ عَلَيْكُمْ؛ فَإنَّهُ مُنْجِزٌ لَهُ مَا وَعَدَهُ**).

واتە: ئەوە پێغەمبەری خوا ﷺ بەرەو ڕووتان هات، بە سوپایەک وەک شەوی تاریکە، وەک لافاو دەڕوات، سوێند بە خوا دەخۆم، ئەگەر بە تەنیاش بۆتان بێ خوا سەریدەخات، چونکە ئەو بەڵێنەی پێیداوە بۆی دەگەیەنێتە سەر.

---

(١) ج١٢، ج ٢٨، ص٣٤٩

هەڵبەتە ئەگەر وابووبێ، ئەوە لە ڕاستییدا جەنگێکی دەروونییش بووە لە دژی هۆزی قورەیش کردوویەتی و، سوودێکی ئەوتۆی بۆیان نەبووە، جگە لە ئاگادارکردنەوەیان.

خوا ﷻ کە دەفەرموێ: ﴿لَا تَتَّخِذُوا عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَاءَ﴾، پسپۆڕانی زمان گوتوویانە: (**العَدُوُّ ذُو العَدَاوَةِ فَعُولٌ بِمَعنى فَاعِلٍ، مِن عَدَا يَعْدو، مِثلُ عَفَا يَعفو عَفْوًا، والإتِّخَاذُ افتِعَالٌ مِنَ الأَخذِ لِلمُبَالَغَةِ فِي الأَخْذ**)، وشەی (**عَدُوٌّ**) یانی: خاوەن دوژمنایەتیی (**ذُو العَدَاوَة**)، (**عَدُوٌّ**)ش (**فعول**)ە بە مانای (**فاعل**)ە، ئەصڵی وشەکە لە (**عَدَا**)وە هاتووە (**عَدَا يَعْدو، أي: جَاوَزَ يَتَجَاوَزُ**) وەک (**عَفَا يَعفو**) واتە: تێپەڕاند، وشەی (**إتِّخَاذ**)یش لەسەر کێشی (**إفتعال**)ەو بە مانای گرتنە، بەڵام بۆ زێدەڕۆییکردنە لە گرتندا.

واتە: چاکگرتن، یانی: دوژمنی من و دوژمنی خۆتان بە دۆست مەگرن، وشەی (**إتِّخَاذ**) مانای هەڵبژاردن (**إصْطفاء**)یش دەگەیەنێ، وەک خوا ﷻ لە سوورەتی (**آل عمران**)دا دەفەرموێ: ﴿وَيَتَّخِذَ مِنكُمْ شُهَدَاءَ ﴿١٤٠﴾﴾، واتە: شەهیدان لە نێوتاندا هەڵبژێرێ، لێرەش واتە: ئێوە دوژمنی من و دوژمنی خۆتان هەڵمەبژێرن بە دۆست و پشتیوانی خۆتان.

٣)- ﴿تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ﴾، ئێوە خۆشەویستییان بۆ فڕێدەدەن، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿تُلْقُونَ إِلَيْهِم﴾، بە دوو شێوە زانایان لە ڕووی ڕێزمانییەوە قسەیان لێ کردوە، -سەرەتاش دەڵێین: وشەی (**تُلقون**) لە (**إلقاء**)ەوە هاتوە کە چاوگە، (**الإلقَاءُ: رَمِيُ مَا فِي اليَدِ إلى الأَرْضِ، وَاسْتُعِيرَ لإيقَاعِ الشَّيءِ بِدونِ تَدَبُّرٍ**) (**إلقاء**): لە ئەصڵدا بریتیە لەوەی شتێکت بە دەستەوە بێ و، فڕەی بدەیە سەر زەوی، لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ ئەنجامدانی کارێک بە بێ تێوەڕامان و بیرکردنەوە-.

لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿تُلْقُونَ إِلَيْهِم بِالْمَوَدَّةِ﴾:

أ- هەندێک لە زانایان ئاوایان لێکداوەتەوە: (**تُوصِلُونَ إِلَيْهِمُ المَوَدَّةَ، وَالبَاءُ زَائِدَةٌ للتَّأكِيد**) یانی: (**تُلْقُونَ إِلَيْهِمُ المَوَدَّةَ**)، خۆشویستنتانیان پێدەگەیەنن، چونکە (**إلقاء**) پێویستیی بە پیت ناکات تاکو تێپەڕێنێ بۆ بەرکار بەڵکو بۆ خۆی بەرکار، دەخوازێ، (**ألقى ألقاهُ**) یانی: (**تُلْقُونَ إِلَيْهِمُ المَوَدَّةَ**)، بەڵام پیتی (ب) لێرەدا زیاد کراوە، بۆ جەختکردنەوەو تۆخکردنەوەی واتایەکەی.

ب- (**الزجّاج**) یەکێکە لە شارەزایانی زمانی عەرەبیی و لە تەفسیریش، دەڵێ: (**تُلْقُونَ إِلَيْهِمُ أَخْبَارَ النَّبِيِّ ﷺ وَسِرُّهُ بِالمَوَدَّةِ الَّتِي بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم**) بۆیە وشەی (**إلقاء**) بە (ب) بەرکاری خواستوە، واتە: ئێوە هەواڵەکانی پێغەمبەر ﷺ و نهێنیی پێغەمبەریان بۆ فڕێدەدەن و دەنێرن، بەهۆی ئەو خۆشەویستییەوە کە لە بەینتاندا هەیە.

کەواتـە: بـە پێـی ئـەم مانایـە، پیتـی (ب) دەبێتـە (ب)ی هـۆکار (**بـاء السـببية**) وەک: (**كَتَبْتُ بِالقَلَـمِ**) واتـە: بـە قەڵەمەکـە نووسـیم، (**تُلْقُـونَ إِلَيْهِـمْ بِالمَـوَدَّةَ**)، واتـە: نهێنیـی و هەواڵەکانـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە هـۆی ئـەو خۆشەویسـتییەی لـە بەینتانـدا هەیـە، بـۆ کافـرەکان دەنێـرن.

٤)- ﴿ وَقَدْ كَفَرُوا۟ بِمَا جَآءَكُم مِّنَ ٱلْحَقِّ ﴾، لە حاڵێکدا ئەوان بێبڕوان بەو هەقەی بۆتان هاتوە، ئەو هەقەی لە قورئانداو لە ڕێبازی پێغەمبەردا ﷺ بەرجەستەیە، ئەوان پێی بێبڕوان، هەندێک لە خوێنەرەوانی قورئانیش خوێندوویانەتەوە: (**وَقَدْ كَفَرُوا لِمَا جَاءَكُمْ مِنَ الحَقِّ**) واتە: بە هۆی ئەو هەقەوەی بۆتان هاتوە، ئەوان بێبڕوان، یاخود: سپڵەو ناسوپاسن.

٥)- ﴿ يُخْرِجُونَ ٱلرَّسُولَ وَإِيَّاكُمْ أَن تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ رَبِّكُمْ ﴾، (هەر بەوەندەش وازیان نەهێناوە کە بەو هەقەی بۆتان هاتوە، بێبڕوابن و ڕەفزی بکەن، بەڵکو) پێغەمبەریش ﷺو ئێوەش وەدەردەنێن، لە سۆنگەی ئەوەوە کە بڕواتان بە خوای پەروەردگارتان هەیە، واتە: هەر ئەوەندە نیە کە بڕوا بەو هەقە نەکەن، بەڵکو پێغەمبەری خواو ﷺ ئێوەش وەدەردەنێن، بۆیەش بە کرداری ئێستا (**مضارع**) هێناویەتی، تاکو وێنەکە بخاتە بەرچاو، ئەگەرنا بەدڵنیایی دەرکردنەکەیان پێشتر بووە.

هەڵبەتە لێرەدا کە دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا ﷺو ئێوەش وەدەردەنێن، بە هۆی ئەوەوە کە بڕواتان بە خوای پەروەردگارتان هێناوە، مەرج نیە مەبەست ئەوە بێ کە ڕێک گوتبیان: دەبێ بڕۆن! بەڵکو (**الإخراجُ هنا الحَملُ على الخُروج، وَأُسندَ إلى جَميعهم لِرضاهُم بِهِ**)، وەدەرنان لێرەدا مەبەست پێی ناچارکردنە بە ڕۆیشتن، بۆیەش فەرموویەتی: (**يُخْرِجُونَ**) هەموویان، کە هەمووشیان نەبوون، مسوڵمانانیان ناچاری ڕۆیشتن و ئاوارەبوون کردن، بەڵام چونکە هەموویان ڕازی بوون بەوە.

ئنجا هۆکارەکەش چی بووە؟ ﴿ أَن تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ رَبِّكُمْ ﴾، یانی: (**بِسَبَب أَنَّكُمْ آمَنتُم بِاللهِ تَعَالى**) بە هۆی ئەوەوە کە ئێوە بڕواتان بە خوای پەروەردگاری خۆتان هێناوە.

ئەوەش هەمووی بۆ خستنەڕووی ئەوەیە، کە ئێوە دۆستایەتیی کردنتان لەگەڵ ئەواندا، شتێکی زۆر هەڵەیە، چونکە:

١- ئەوان ئەو هەقەی بۆ ئێوە هاتوە لە خواوە، ڕەفزی دەکەن.

٢- هەر بەوەندەشیان واز نەهێناوە، بەڵکو ئێوەیەک کە بڕواتان بەو هەقە هێناوە لە خواوە بۆتان هاتوە، ناچاریان کردوون وڵاتیش بەجێبهێڵن و شاربەدەریان کردوون!.

٦)- ﴿ إِن كُنتُمْ خَرَجْتُمْ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي ﴾، {(**الطبري**) گوتوویەتی: (**هَذَا مِنَ المُؤَخَّرِ الَّذِي مَعْنَاهُ التَّقْدِيم**)، ئەمە دواخراوێکە مانایەکەی لە پێشەوەیە}، ئەگەر ئێوە دەرچوون لە پێناوی تێکۆشان لە ڕێی خواداو بۆ داواکردنی ڕەزامەندییم، دوژمنی خواو دوژمنی خۆتان بە دۆست مەگرن، مادام حاڵیان بەو شێوەیە کە باسکرا.

کە دەفەرموێ: ﴿ جِهَادًا فِي سَبِيلِي وَابْتِغَاءَ مَرْضَاتِي ﴾، هەم (**جهاد**)، هەم (**إبتغاء**) هەردووکیان چاوگن و (**منصوب**)ن لەسەر حاڵەتی بەرکاری پێناو (**مفعول من أجله**) واتە: ئەگەر ئێوە لە پێناوی ئەوەدا کە لە ڕێی مندا تێبکۆشن و

ڕەزامەندیی مـن بخـوازن و داوا بکـەن، هاتوونـە دەرێ و کۆچتـان کـردوە، دوژمنـی مـن و دوژمنـی خۆتـان بـە دۆسـت مەگـرن.

دوایـی خـوا ﷻ دووبـارە باسـی دەکاتـەوەو، ئەمـە شـێوازی (إطنـاب)ە، واتـە: بـە درێژیـی باسـکردن، لەبـەر ئـەوەی حاڵـەت و مەقامەکـە دەیخـوازێ، تاکـو چـاک ڕوون بێتەوە.

٧)- ﴿ تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ ﴾، ئێوە بە پەنهانیی خۆشەویستیی خۆتانیان بۆ دەنێرن، (**الإِسرَارُ: التَّحَدُّثُ وَالإِخبَارُ سِرًّا**)، (إسرار) بریتیە لە قسەکردن و هەواڵپێدانی پەنهان. کە دەفەرموێ: ﴿ تُسِرُّونَ إِلَيْهِم بِٱلْمَوَدَّةِ ﴾، ئەمیش زانایان بە دوو شێوە لێکیانداوەتەوە:

یەکەم: (**تُخْبِرُونَهُمْ سِرًّا بِسبَبِ المَوَدَّة، أَي بِسَبَبِ طَلَبِ المَوَدَّةِ لَهُم**)، ئێوە بە پەنهانیی هەواڵیان بۆ دەنێرن، بە هۆی خۆشەویستییەوە واتە: بۆ ئەوەی ئەوان ئێوەیان خۆشبوێ.

دووەم: (**تُسِرُّونَ إِلَيهِمُ المَوَدَّةَ وَالبَاءُ زَائِدَةٌ للتَّأكِيدِ، مِثْلُ وَامْسَحُوا بِرُؤُسِكُم**)، ئێوە خۆشەویستیی خۆتانیان بۆ پەنهان دەکەن، پیتی (ب) لێرەدا زیاد کراوە بۆ جەختکردنەوەی واتایەکەی، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿ وَٱمْسَحُوا۟ بِرُءُوسِكُمْ ۝٦ ﴾المائدة، ئەصڵی خۆی: (**وَامْسَحُوا رُؤُسَكُم**) دەستی تەڕ بەسەرتاندا بێنن، مەسحی سەرتان بکەن، بەڵام کە (ب)ەکەی چۆتەسەرێ، مانایەکەی بەهێزتر دەکات، ئنجا هەر کامێکیان بێ، کە لە یەک کاتدا هەردوو واتایەکەش دەگرێتەوە:

أ- ئێوە بۆیە قسەی پەنهانیان بۆ دەنێرن و، لە نهێنییەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداریان دەکەنەوە، دەتانەوێ ئەوان ئێوەیان خۆشبوێ، وەک حاتیبی کوڕی ئەبی بەلتەعە بە ئاشکرا وایگوتوە، لە هۆی هاتنە خوارەکەیدا باسمان کرد دەڵێ: من کابرایەکی غەوارەو غەریب بووم لە نێو قوڕەیشدا، هیچ کەسم نەبوو لەوێ براو کوڕەکانم بپارێزێ، ویستم چاکەیەکم لە چاویاندا هەبێ، بەهۆی ئەوەوە منیان خۆشبوێ و متمانەم پێبکەن، و ئاگایان لە بەرژەوەندییەکان و کەس و کارەکەی من بێ.

ب- ئێوە بە پەنهانیی خۆشەویستیی خۆتانیان بۆ دەردەبڕن، لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە دنیاییەکانتان دا.

٨)- ﴿ وَأَنَا۠ أَعۡلَمُ بِمَآ أَخۡفَيۡتُمۡ وَمَآ أَعۡلَنتُمۡ ﴾، منیش زاناترم بەوەی دەیشارنەوەو، بەوەش کە ئاشکرای دەکەن.

ئـەم ڕسـتەیە دەکەوێتـە شـوێنی حـاڵ لـە ڕووی زمانـی عەرەبییـەوە، واتـە: لـە حاڵێکـدا کـە مـن زاناتـرم بـەوەی پەنهانـی دەکـەن، بـەوەش کـە ئاشـکرای دەکـەن، کەچـی:

أ- خۆشەویستیی خۆتانیان بۆ دەنێرن بە پەنهانیی.

ب- یاخود: کارێکی وا دەکەن بەتەمای ئەوەی ئەوان ئێوەیان خۆشبوێ.

٩)- ﴿ وَمَن يَفۡعَلۡهُ مِنكُمۡ ﴾، هەر کامێک لە ئێوەش وا بکات.

پسـپۆڕانی زمـان گوتوویانـە: (**ضَمير الغَيْبَـةِ فِي يَفْعَلْـهُ عَائِـد إلى الإتخـاذِ والمفهـوم مـن فعـل لا تَتَّخِـذُوا**)، واتـە: ڕانـاوی نادیـاری (**يَفعَلْـهُ**) دەچێتـەوە بـۆ (**إتخـاذ**) و، بـۆ ئـەوەی دەفامرێتـەوە لـە وشـەی (**لا تَتَّخِـذُوا**) واتـە: هـەر کەسـێک ئـەو کارە بـکات و، ئـەو بـە دۆسـتگرتنە بـکات و، کافـرەکان بـە دۆسـت بگـرێ، دوژمنـی خـواو دوژمنـی خۆیـان بـە دۆسـت بگـرێ لـە ئێـوە، ئـەی مسـوڵمانینە!

١٠)- ﴿ فَقَدۡ ضَلَّ سَوَآءَ ٱلسَّبِيلِ ﴾، بە دڵنیایی ڕێی ڕاستی ون کردوە، لێرەدا ڕێی ڕاست (**سواء السبيل**) خوازراوەتەوە بۆ چاکیی و سەرڕاستیی، واتە: ئەو حاڵەتەی کە دەبووایە ئەو ئەنجامی بدات، بریتی بوو لە ڕێی ڕاستگرتن، ڕێی ڕاست گرتنەکەش بریتی بوو لە چاکیی و خۆڕاگریی و پێشان نەدانی دۆستایەتیی و خۆشەویستیی بۆ کافرەکان، ئنجا هەر کەسێک لە ئێوە ئەوان بە دۆست بگرێ، مسۆگەر ئەو ڕێیە ڕاستەو، ئەو هەڵوێستە ڕاست و ڕەفتارە چاکەی، دەبووایە لە خۆیدا بیهێنێتە دی، ونی کردوەو لێی تێکچووە.

١١)- ﴿ إِن يَثْقَفُوكُمْ يَكُونُواْ لَكُمْ أَعْدَآءً ﴾، ئەگەر ئەوانە ئێوەیان بەرپەل بکەوێ، ئێوەیان لێ هەڵبکەوێ و زەفەرتان پێ بەرن، بۆتان دەبنە دوژمن، (يَثْقَفُوكُمْ) (**الثَّقْفُ: الحِذْقُ فِي إِدْرَاكِ الشَّيء وَفعله ثَقِفَ**)، (**ثَقُف**) بە مانای کارامەیی و لێزانییە لە پەیبردن بە شتێک و ، ئەنجامدانی شتێکداو کردارەکەی (**ثَقِفَ**)یە.

﴿ يَكُونُواْ لَكُمْ أَعْدَآءً ﴾، بۆتـان دەبنـە دوژمـن و زەبرتـان لێـدەدەن، (**أي: كَيْنُونَتُهُـمْ العَـدَاوَةُ لَكُـمْ**)، یـانی: لە پێکهاتەیانـدا دوژمنایەتیی هەیـە بۆ ئێـوەو، دوژمنایەتییەکەیان بـۆ ئێـوە زۆر خەسـت و خۆڵـە.

١٢)- ﴿ وَيَبْسُطُوٓاْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ وَأَلْسِنَتَهُم بِالسُّوٓءِ ﴾، (ئەگەر زەفەرتان پێ بەرن و، ئێوەیان لێ هەڵکەوێ، بۆتان دەبتە دوژمن و)، دەستیشیان و زمانیشیانتان بە خراپە بۆ درێژ دەکەن، واتە: ئەوەی لە دەستیان بێ لە دژتان دەیکەن و، ئەوەی بە زمانیان دابێ، لە قسەی خراپ پێتان دەڵێن، یانی: کەمتەرخەمیی ناکەن لە زیان پێگەیاندنتاندا بە هەموو شێوەیەک، چونکە بە زۆریی خەڵک بە زمان و بە دەست زیان بە یەکدیی دەگەیەنێ، بە زمان: قسەی ناشیرین و بوختان و درۆو شتی خراپ گوتن، بە دەستیش بە کردەوە زیان پێگەیاندن، (**البَسْطُ مُسْتَعَارٌ للإكثار**) (**بسط**): بە مانای فراوانکردنە، بەڵام لێرەدا خوازراوەتەوە بۆ زۆریی، واتە: بە دەست و بە زمان زۆر زیانتان پێ دەگەیەنن.

١٣)- ﴿ وَوَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴾، (بەوەندەش ئیکتیفا ناکەن بە دەست چییان لە دەست بێ لە دژتان بیکەن و، بە زمان چییان لە زار ڕابێ، پێتان بڵێن، بەڵکو) بە دڵیش خۆزگە دەخوازن و، زۆر پێیان خۆشەو حەز دەکەن ئێوەش بێبڕوا بن، (و)ی (**وَوَدُّوا**) بۆ حاڵە یانی: ئەوان ئێستا لە حاڵێکدان، بێبڕوایی و هەڵگەڕانەوەی ئێوە بە ئاوات دەخوازن یانی: ئێستا کە زەفەریان پێ نەبردوون، خۆزگەو ئاوات دەخوازن و حەز دەکەن کافرتان بکەنەوە، ئەدی ئەگەر زەفەرتان پێ بەرن؟ بێگومان خراپتریشیان بۆتان لە هەگبەدا هەیە.

کەواتـە: ﴿ وَوَدُّواْ لَوْ تَكْفُرُونَ ﴾، (تکفـرون) دەبێتـە چـاوگ (**أي: وَوَدُّوا كُفْرَكُـم**)، بێبڕواییتـان حـەز پێدەکـەن و بـە خۆزگـەی دەخـوازن.

ئنجا خوا ﷻ لە ئایەتی سێیەمدا ئەو پاڵنەرو هاندەرەی وای لەوانە کردوە بەو شێوەیە لەگەڵ بێبڕوایەکاندا مامەڵە بکەن، دەخاتە ڕوو، دەفەرموێ:

١٤)- ﴿ لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ ﴾، نە خزمەکانتان نە ڕۆڵەکانتان سوودتان پێ ناگەیەنن، واتە: ئێوە لە پێناوی خزمەکان و ڕۆڵەکانتاندا ئەوە دەکەن، چونکە حاتیب گوتی: کوڕەکان و خزمەکانم لەوێن، ئنجا کە حاتیب ئەوەی لێ ئاشکرا بووە، ڕەنگە خەڵکی دیکەش بووبێ ئەوەی لە دڵدا بووبێ، یان خەڵکی دیکەش بووبێ وای کردبێ، بەڵام نامەی نەناردبێ، یان لێی ئاشکرا نەبووبێ، خوای پەنهانزان بە گشتیی فەرموویەتی، وەک زۆرجاریش گوتوومانە: (**إنَّ خصُوصَ السَّبَبِ لاَ يَمْنَعُ شُمُول المعْنَى**)، (بە دڵنیایی تایبەت بوونی هۆکار، ڕێ لە گشتگیر بوونی واتا ناگرێ).

وشەی (**أَرْحَام**) کۆی (**رَحِم**)ە لێرەدا کە دەفەرموێ: (**أرحَامَكُم: أي ذَووا أرْحَامِكُم**)، خاوەن خزمایەتییەکانتان، بۆیەش پاڵدراو (**مُضَاف**)ەکە، یانی: (**ذَووا**) فڕتێنراوە، چونکە دەزانرێ.

واتە: خاوەن خزمایەتییەکانتان لەگەڵ ڕۆڵەکانتان (ئەگەر کوڕن، ئەگەر کچن)، هیچ سوودتان پێ ناگەیەنن.

١٥)- ﴿ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ﴾، لە ڕۆژی قیامەتدا، (خزمەکانتان و ڕۆڵەکانتان هیچ سوودتان پێناگەیەنن)، یاخود: (**يَومَ القِيامة**) پەیوەستە بە دوای خۆیەوە: ﴿ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ ﴾، لە ڕۆژی قیامەتدا، لە ڕۆژی هەڵسانەوەدا خوا لێکتان جیا دەکاتەوە، ئەو خزمانەتان کە بێبڕوان، ئەو ڕۆڵانەتان کە بێبڕوان، خوا دەیانخاتە لایەک و، ئێوەش کە بڕوادارن، دەتانخاتە لایەکی دیکەو، لێکتان جیا دەکاتەوە.

بۆیە زانایان لێرەدا گوتوویانە: (**يَومَ القِيامةِ يتنازَعُه لَن تَنفَعَكُم، وَيَفصل بَينكم**)، هەردوو کردارەکە هەر کامێکیان (**يَومَ القِيامةِ**) بۆ لای خۆی پەلکێش دەکات:

١- (لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ)، لە ڕۆژی قیامەتدا نە خزمەکانتان نە ڕۆڵەکانتان سوودتان پێ ناگەیەنن.

٢- یاخود ﴿ لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَآ أَوْلَٰدُكُمْ ﴾، لێرە ئەو ڕستەیە کۆتایی دێ، دواتر: ﴿ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ ﴾، لە ڕۆژی قیامەتدا خوا لێکتان جیا دەکاتەوە.

١٦)- ﴿ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ ﴾، لە یەکتان جیا دەکاتەوە، لێرەدا مەبەست لە **(فصل)** لێک جیا کردنەوەیە، چونکە **(فصل)** لە قورئاندا بە مانای دادوەریی کردنیش هاتوە، **(يَوم الفصل)** واتە: ڕۆژی دادوەریی کردن، چونکە کە دادوەریی دەکرێ، ئەوەی لەسەر هەقەو ئەوەی لەسەر ناهەقە، لێک جیا دەکرێنەوە، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی لێک جیاکردنەوەیە نەک دادوەریی کردن.

ڕستەی: **(يَفْصِلُ بَيْنَكُم)**، بە چوار جۆر خوێندراوەتەوە:

١- **(يَفْصِلُ بَيْنَكُم)**.

٢- **(يُفَصِّلُ بَيْنَكُم)**.

٣- **(يُفْصَلُ بَيْنَكُم)**، لێک جیا دەکرێنەوە.

٤- **(يُفَصَّلُ بَيْنَكُم)**، لێک جیا دەکرێنەوە.

هەر چواریشیان واتایەکەیان زۆر لێک نیزیکە.

١٧)- ﴿ وَٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ ﴾، خواش ﷻ بینەری ئەوەیە کە دەیکەن.

کە دەفەرموێ: خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن، هەم موژدەو دڵخۆشیی تێدایە بۆ ئەوانەی فەرمانبەریی خوا دەکەن، واتە: ئەگەر خۆڕاگر بن بەرانبەر تەماع و بەرژەوەندییەکانتان و، کە لە پێناوی خزمایەتیی و ڕۆڵەو نیزیکەکانتاندا، خۆتان لە شیری خوا نەدەن و، خۆتان تووشی ناشەرعیی نەکەن، خوا ئەو کردەوەو هەڵوێستەتان دەبینێ، ئەمە دڵخۆشکردن و گفت پێدانە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەڕەشە کردنە واتە: ئەگەر ئێوە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانتان و لە پێناوی پاراستنی خزمانتان و ڕۆڵەکانتاندا، خۆتان تووشی ناشەرعیی بکەن و، کەین و بەینی ناڕەوا لەگەڵ ئەهلی کوفردا بکەن، ئەوە خوا دەتانبینێ! ئەمەش هەڕەشەیەکی پێچراوەیە.

هەڵوەستەیەک لەبارەی سیخوڕییەوە بۆ دوژمنانی ئیسلام

بێگومان ئـەوەی حاتیبـی کـوڕی ئەبـی بەلتەعـە کردوویەتـی، جۆرێـک بـووە لـە سـیخوڕیی کـردن و جاسووسـیی بـۆ ئەهلـی کوفـر، ئنجـا ئایـا حوکمـی ئـەوە چۆنـە؟

لـەو بـارەوە بـە باشـم زانـی چەنـد قسـەیەک لـە تەفسـیرەکەی **(القرطبـي)**[1] بێنیـن، چەنـد قسـەیەکی گرنگـی کـردوون، کـە پێـم وایـە ڕای زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـانی کـۆ کردۆتـەوە لـەو قسـانەیدا، پێشـێ قسـەکان دێنـم بـە دەقـە عەرەبییەکـەی خـۆی، لەبـەر ئەمانەتـی عیلمیـی، دواییـش بـە کوردیـی واتایـان دەکەیـن، **(القرطبـي)** نووسـیویەتی:

(مَـنْ كَـثُرَ تَطَلُّعُـهُ عـلى عَـوَرَاتِ المسـلمينَ، ويُنَبِّـهُ عليهـم، ويُعَـرِّفُ عَدُوَّهُـم بِأَخْبارِهِـمْ، لَـمْ يَكُـنْ بِذَلِـكَ كافِـرًا، إذَا كَانَ فَعَلَـهُ لِغَـرَضٍ دُنيَـوِيّ، واعْتِقَـادُهُ عَـلَى ذَلِـكَ سَـليمٌ، كَـما فَعَـلَ حاطِـبٌ حِـينَ قَصَـدَ بِذلـكَ اتِّخـاذَ اليـدِ، ولم ينـوِ الـرِّدة عـن الدِّيـن، إذَا قُلْنَـا: إنَّـهُ لَا يَكُـونُ بِهِ كَافِـرًا، فَاخْتَلَـفَ النَّـاسُ: فَهَـلْ يُقْتَـلُ بِـهِ حَـدًّا أَمْ لَا؟ فَقَـال مَالِـكٌ، وَابْـنُ القَاسِـمِ، وَأَشْـهَبُ: يَجْتَهِـدُ فِيـهِ الإِمَـامُ. وَقَـال عَبْـدُ المَلِـكِ: إِذَا كَانَـتْ تِلْـكَ عَادَتَـهُ، قُتِـلَ لِأَنَّـهُ جَاسُـوسٌ، فَـإِنْ كَانَ الجَاسُـوسُ كَافِـرًا، فَقَـالَ الأَوْزَاعِـيُّ: يَكُـونُ نَقْضًـا لِعَهْـدِهِ. وَقَـال أَصْبَـغُ: الجَاسُـوسُ الحَـرْبِيُّ يُقْتَـلُ، وَالجَاسُـوسُ المُسْـلِمُ وَالذِّمِّـيُّ يُعَاقَبَـانِ إِلَّا أَنْ يَتَعَاهَـدَا عَـلَى أَهْـلِ الإِسْـلَامِ، فَيُقْتَـلَانِ، وَقَـدْ رُوِيَ عَـنْ عَـلِيِّ بْـنِ أَبِي طَالِـبٍ عَـنِ النَّبِـيِّ ﷺ أَنَّـهُ أُتِيَ بِعَيْـنٍ لِلْمُشْرِكِـينَ اسْمُهُ فُـرَاتُ بْـنُ حَيَّـانَ، فَأَمَـرَ بِـهِ أَنْ يُقْتَـلَ، فَصَـاحَ: يَـا مَعْـشَرَ الأَنْصَـارِ! أُقْتَـلُ وَأَنَـا أَشْـهَدُ أَنْ لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّـهُ، وَأَنَّ مُحَمَّـدًا رَسُـولُ اللَّـهِ، فَأَمَـرَ بِـهِ النَّبِـيُّ ﷺ فَخُـلِّيَ سَـبِيلُهُ. ثُـمَّ قَـالَ: «إِنَّ مِنْكُـمْ مَـنْ أَكِلُـهُ إِلَى إِيمَانِـهِ، وَمِنْهُـمْ فُـرَاتُ بْـنُ حَيَّـانَ) (أخرجـه أبـو داود: ٢٦٥٢).

---

(١) ج ٢٨، ص ٤٠-٤١.

واتـە: هـەر کەسـێک زۆر سـۆراغی کەلێـن و نهێنییەکانـی مسـوڵمانان بـکات و، دوژمنەکانیـان لـە کـەم و کوڕیـی مسـوڵمانان و، لـە کەلێنەکانیـان ئـاگادار بکاتـەوەو، دوژمنـەکان لـە هەواڵـی مسـوڵمانان ئـاگادار بکاتـەوە (واتـە: سـیخوڕیی بـکات، جاسووسـیی لەسـەر مسـوڵمانان بـکات)، بـە هـۆی ئـەوەوە کافـر نابـێ، ئەگـەر کردەوەکـەی بـۆ مەبەسـتێکی دنیایـی بـێ و، ئیعتیقـادو بڕوایەکـەی سـەلامەت بـێ لـە جێـی خـۆی، وەک حاتیبـی کـوڕی ئـەبی بەلتەعـە کـردی، کاتێک ئـەوەی کرد مەبەسـتی ئـەوە بـوو چاکەیەکـی لـە چـاوی کافرەکانـدا هەبـێ، مەبەسـتی هەڵگەڕانـەوە نەبـوو لـە دیـن (وەک دوایـی پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: ڕاسـت دەکات)، ئنجـا ئەگـەر گوتمـان بـەوە کافـر نابـێ، ئایـا ئـەو مسـوڵمانە وەک سـزایەک پێـی دەکـوژرێ؟ لـەو بـارەوە زانایـان ڕا جیاییـان هەیـە، مالیـک و ئیبنـو قاسـم و ئەشـهەب (مالیـک سـەر مەزهەبەکەیـەو، ئیبنـو قاسـم و ئەشـهەبیش دوو زانـای موعتەبـەری مەزهەبـی مالیکییـن) گوتوویانـە: حوکمڕانـی مسـوڵمانان لـەو بـارەوە کۆشـش دەکات و بـۆی هەیـە بڕیـار بـدات، عەبدولمەلیکیـش (کـە یەکێکـە لـە زانایانـی مالیکیـی مەزهـەب) دەڵـێ: ئەگـەر عادەتـی ئـەو مسـوڵمانە هـەر بریتـی بـوو بـێ لـە سـیخوڕیی کـردن، دەکـوژرێ، چونکـە ئـەو کاتـە بـە جاسـووس لـە قەڵـەم دەدرێ، (نـەک جارێـک دووجـار لـە پیتێـی دەرچـوو بـێ، بەڵکـو هـەروا عادەتـی بـێ، دەکـوژرێ، چونکـە مالیـک ڕای وایـە کـە جاسـووس دەکـوژرێ، ئەگـەر جاسووسـەکە مسـوڵمان بـێ)، بـەڵام ئەگـەر جاسووسـەکە کافـر بـێ (واتـە: جوولەکەیـەو لـە وڵاتـی مسـوڵماناندایە، نەصرانییـە، یەزیدییـە، ئەوانـەی لـە دەوڵەتـی ئیسـلامیی دەژیـن، بـەڵام مسـوڵمان نیـن، ئەگـەر جاسووسـەکە نامسـوڵمان بـوو)، ئەوزاعیـی گوتوویەتـی: بـە هـۆی ئـەو جاسووسـییەوەی پەیمانەکـەی خـۆی هەڵوەشـاندۆتەوە، [ئـەو مافـی پەنابەریـی و هاووڵاتیـی بوونـەی پێیـدراوە، ئـەو مافـە هەڵدەوەشـێنێتەوە]، ئەصبـەغ (یەکێکـە لـە زانایـان) گوتوویەتـی: جاسووسـی جەنـگاوەری دژی مسـوڵمانان، [(حـربيّ) واتـە: کـە دژی مسـوڵمانان دەجەنگـێ]، دەکـوژرێ، بـەڵام جاسووسـی مسـوڵمان و جاسووسـی

هاوپەیـمان {(ذِمِّـيّ) جوولەکەیـە، نەصرانییــە ئەوانــەی لــە وڵاتــی مســـوڵمانانددا دەژیـن}، ئەوانـە سـزا دەدرێـن، مەگـەر بـە ئاشـکرا دژایەتیـی ئیسـلام و مسـوڵمانان بکـەن، ئـەو کاتـە دەکوژرێـن (ئنجا لـەو بـارەوە ئـەم فەرمایشـتەی پێغەمبـەری خوای ﷺ هێنـاوە)، عەلـی (خـوا لێـی ڕازی بـێ) گێڕاویەتـەوە کـە ڕۆژێـک جاسووسـێکیان لـە هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەران هێنایـە لای پێغەمبـەر ﷺ، {(عَـین) واتـە: جاسـووس، چونکـە مـرۆڤ بـە چـاو سـیخوڕیی دەکات}، ئـەو سـیخوڕە نـاوی فوڕاتـی کـوڕی حەییـان بـوو، پێغەمبـەر ﷺ فەرمانـی کـرد بکـوژرێ، ئەویـش هـاواری کـرد: ئـەی کۆمەڵـی پشـتیوانان! ئایـا دەبـێ بکوژرێـم لـە حاڵێکـدا مـن شـایەدیی دەدەم: بێجگـە لـە خـوا هیـچ پەرسـتراوێک نیـەو، موحەممـەد ڕەوانەکـراوی خوایـە؟!، ئنجـا پێغەمبـەر ﷺ فەرمانـی کـرد: بەریـدەن، ئـازادی بکـەن، دوایـی پێغەمبـەر ﷺ فەرمـووی: هەتانـە حەواڵـەی ئیمانەکـەی خـۆی دەکـەم، {واتـە: ئـەو ئیمانـەی دەریدەبـڕێ}، یەکێـک لەوانـە فوڕاتـی کـوڕی حەییانـە.

چونکـە لـە نێـو موشریکـەکان بـووە و پێغەمبـەری خـوا ﷺ نەیزانیـوە، وایزانیـوە هـەر موشریکـە، بـەڵام کـە هاتـووەو شـایەتمانی هێنـاوە، پێغەمبـەر ﷺ زانیویەتـی مسـوڵمانەو نەیکوشـتوە، ئەمـە بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوەی جاسووسـی مسـوڵمان ناکـوژرێ، هەڵبەتـە ڕای واش هەیـە کـە دەکـوژرێ، بـەڵام ئەگـەر کردبـی بـە عـادەت و پیشـەی بریتـی بـێ لـە جاسووسـیی[1].

---

(١) لـە تەفسـیری سـوورەتی (الحجرات)یشـدا، کورتـە باسـێکمان لـە بـارەی سـیخوڕییکردنەوە کـردوە.

مەسەلەی دووەم:

سەرنجڕاکێشانی خوا ﷻ بۆ بڕواداران کە دەبێ لە بواری دووریی گرتن لە بێبڕوایانی دوژمن و دژدا، ئیبراهیم ﷺو، هاوەڵانی و شوێنکەوتووانی بکەنە سەرمەشق، کە بە ڕوون و ڕاشکاویی دووریی خۆیان لە کۆمەڵەکەیان ڕاگەیاند بە هۆی بێبڕواییانەوە، بەڵام دەبێ داوای لێبوردن کردنی ئیبراهیم ﷺ بۆ بابی، نەکەنە جێی تەماشایان و جێی کردنە سەرمەشق، هەروەها پێویستە بەهرە لەو هەڵوێستەیان وەربگرن کە لە خوا پاڕانەوە، نەیانکاتە مایەی فیتنە بۆ بێبڕوایان و لێیان ببوورێ، دوایی جەختکردنەوەی سەرمەشق بوونی ئیبراهیم ﷺو، هاوەڵانی بۆ هەر کەس، بڕوای بە خواو ڕۆژی دوایی هەبێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ إِذْ قَالُوا۟ لِقَوْمِهِمْ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُا۟ مِنكُمْ وَمِمَّا تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ كَفَرْنَا بِكُمْ وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةُ وَٱلْبَغْضَآءُ أَبَدًا حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَحْدَهُۥٓ إِلَّا قَوْلَ إِبْرَٰهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ وَمَآ أَمْلِكُ لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ ۖ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴿٤﴾ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَٱغْفِرْ لَنَا رَبَّنَآ ۖ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٥﴾ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُوا۟ ٱللَّهَ وَٱلْيَوْمَ ٱلْءَاخِرَ ۚ وَمَن يَتَوَلَّ فَإِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْغَنِىُّ ٱلْحَمِيدُ ﴿٦﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەقدە بڕگەدا:

١)- ﴿ قَدْ كَانَتْ لَكُمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ فِىٓ إِبْرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ ﴾، بە دڵنیایی بۆ ئێوە لە ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵی بوون، سەرمەشقییەکی باش هەیە، پەیڕەویی لێکردنێکی باش هەیە، وشەی (أُسوة) خوێندراویشەتەوە: (إِسوة)، (إِسوة) و (أُسوة) مادام بە (حَسَنة) وەسف کراوە (أي خَصْلَة حَمِيْدَة تَقْتَدُونَ بِهَا) سیفەتێکی باش کە ئێوە چاوی لێ دەکەن، (الأُسوة أو الإِسْوَةُ: الحَالَةُ الَّتِي يَكُونُ عَلَيْهَا الإنْسَان فِي اتِّبَاعِ غَيْرِهِ)، (أسوة) ئەو حاڵەتەیە کە مرۆڤ

دەچێتە سەری بە هۆی شوێنکەوتنی جگە لە خۆیەوە، ئنجا ئەگەر چاک بێ چاک و، ئەگەر خراپیش بێ خراپ.

﴿ فِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ ﴾، خـوا دەفەرمـوێ: سەرمەشـقییەکی بـاش هەیـە بـۆ ئێـوە، لـە کێـدا؟ لـە ئیبراهیمـدا عليه السلام و، ئەوانـەی لەگەڵیـدا بـوون، یـانی: هاوەڵانـی ئیبراهیـم عليه السلام، هەندێـک لـە زانایـان گوتوویانـە: کـە ئیبراهیـم عليه السلام لـە شـوێنی خـۆی (ئـووری کلدانییـەکان) خسـتوویانەتە نێـو مەنجەنیقـەوەو فڕێیانداوەتـە نێـو ئاگـری سـوور، کەسـی لەگـەڵ نەبـووە، تەنیـا بـووەو تەنیـا سـارای هاوسـەری لەگەڵـی بـووەو، دەربـەدەر بـوون بـۆ شـام، لەبـەر ئـەوە مەبەسـت لـە ﴿ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ ﴾ پێغەمبەرانـن (**عليهـم الصـلاة والسـلام**) کـە شـوێنکەوتووی ئـەو بـوون، دەڵێـم: مـادام خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ ﴾، ئەوانـەی لەگەڵیـدا بـوون، بێگومـان کەسـانێک هەبـوون لەگەڵیـدا بـوون، هەرچەنـدە بـۆ ئێمـەش زانـراو نەبـن، جـارێ پێش هەمـوو کەسێک ئـەوە (سـارا خـان)ی خێزانـی لەگەڵیـدا بـووە، دوایـی **لووطـی** بـرازای لەگەڵیـدا بـووە، دواتـر هاجـەری خێزانـی لەگەڵیـدا بـووە، دوایـی ئیسـحاق و ئیسـماعیلی کـوڕی (**علیهـم الصـلاة والسـلام**) لەگەڵیـدا بـوون، ئنجـا هیـچ ماقـووڵ نیـە، ئیبراهیـم عليه السلام کـە لـە دەڤـەری حـەڕڕان بـووە، دوایـی چـووە بـۆ لای فەڵەسـتین، دوایـی چـووە بـۆ میسـڕ، دوایـی چـووە بـۆ حیجـاز، هیـچ ماقـووڵ نیـە لـە هەمـوو ئـەو هاتـن و چوونانـەدا، ئیبراهیـم (**خلیـل اللـه** عليه السلام) کەسـانێکی بـڕواداری لەگەڵـدا نەبووبـن، بۆیـە ئـەو ڕایـە ڕاسـتە کـە ئیبراهیـم و ئەوانـەی لـە خزمەتـی دابـوون واتـە: لەگەڵیـدا بـوون لـە ژیـانی دنیـادا و هاوچەرخـی بـوون.

٢)- ﴿ إِذۡ قَالُواْ لِقَوۡمِهِمۡ إِنَّا بُرَءَٰٓؤُاْ مِنكُمۡ وَمِمَّا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ ﴾، کاتێک بە خەڵکەکەی خۆیانیان گوت: ئێمە لە ئێوە بەریین و لەوەش کە جگە لە خوا دەیپەرستن (**بُرَءاء**) کۆی (**بَرِيء**)ە وەک چۆن (**كُرَمَاء**) کۆی (**كَرِيم**)ە، هەروەها خوێنراویشەتەوە: (**بُرَاء**)، (**بُرَاء**) وەک (**تُنَام**) و (**ظُنَار**)، (**تُنَام**) کۆی (**تَوْأَم**)ە، و (**ظُنَار**) کۆی (**ظِئر**)ە، (**تَوأَم**) واتە: دووانە، (**ظِئر**) ئەو ئافرەتەی شیر دەدات بە منداڵ و دایکی خۆشی نیە، یانی: دایەن، هەروەها

خوێنراویشەتەوە: (بِرَاء)، (بِرَاء)یش کۆی (بَرِيء)ە، وەک چۆن (كِرَام) کۆی (كَرِيم)ە، واتە: ئێمە لە ئێوە دوورین، هەروەها لەوەش کە لە جگە لە خوا دەیپەرستن، ئێمە لێتان دوورین.

٣)- ﴿كَفَرْنَا بِكُمْ﴾، ئێمە بە ئێوە بێبڕواین، واتە: بێبڕواین بەوەی بڕواتان پێهێناوە لە بتەکان، یاخود: بێبڕواین بە دینەکەتان، یاخود: بێبڕواین بە کردەوەکانتان.

٤)- ﴿وَبَدَا بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةُ وَالْبَغْضَاءُ أَبَدًا﴾، دوژمنایەتیی و ڕق لێهەڵسان بۆ هەمیشە لە نێوان ئێمەو ئێوەدا ئاشکرا بووە.

٥)- ﴿حَتَّىٰ تُؤْمِنُوا بِاللَّهِ وَحْدَهُ﴾، هەتا تەنیا بڕوا بە خوا دێنن، واتە: هەتا بێبڕوادەبن بە پەرستراوەکانی دیکەو، تەنیا بڕوا بە خوا دێنن، وەک تاکە پەرستراو.

٦)- ﴿إِلَّا قَوْلَ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ لَأَسْتَغْفِرَنَّ لَكَ﴾، جگە لەو قسەیەی ئیبراهیم عليه السلام کە بە بابی گوت: داوای لێبوردنت بۆ (لە خوا) دەکەم، واتە: لە هەموو شتێکدا چاو لە ئیبراهیم بکەن و بیکەنە سەرمەشق، جگە لەو قسەیەیدا کە بە بابی گوت: داوای لێبوردنت بۆ دەکەم، لەوەدا چاوی لێمەکەن و مەیکەنە سەرمەشق.

٧)- ﴿وَمَا أَمْلِكُ لَكَ مِنَ اللَّهِ مِن شَيْءٍ﴾، بە بابیشی گوت: من هیچ شتێکم لە لایەن خواوە بە دەست نیە بۆ تۆ، واتە: جگە لە داوای لێبوردن لە خوا کردن بۆ تۆ، هیچی دیکەم لە دەست نایەت، سزای خوا بە من لە تۆ دوور ناخرێتەوە، تەنیا داوای لێبوردنت بۆ لە خوا دەکەم.

پێویستە بزانرێ کە لە سوورەتی (التوبة)دا، خوا ﷻ ڕوونی کردۆتەوە داوای لێبوردن کردنی ئیبراهیم بۆ بابی، لەبەر ئەوە بووە کە بەڵێنی پێدا بوو، لە سوورەتی (التوبة)دا دەفەرموێ: ﴿وَمَا كَانَ اسْتِغْفَارُ إِبْرَاهِيمَ لِأَبِيهِ إِلَّا عَن مَّوْعِدَةٍ وَعَدَهَا إِيَّاهُ فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُ أَنَّهُ عَدُوٌّ لِّلَّهِ تَبَرَّأَ مِنْهُ إِنَّ إِبْرَاهِيمَ لَأَوَّاهٌ حَلِيمٌ ﴿١١٤﴾﴾، واتە: داوای لێبوردن کردنی ئیبراهیم بۆ بابی (واتە: داوای لێبوردنی ئیبراهیم لە

خـوا بـۆ بابـی) بـە هـۆی بەڵێنێکـەوە بـوو پێـی دابـوو، دوای ئـەوەی بـۆی دەرکـەوت، دوژمنـی خوایـە، دووریـی لێگـرت، بـە دڵنیایـی ئیبراهیـم زۆر بـە پـەرۆش و بـە بەزەیـی بـوو، زۆریـش هێدیـی و مەنـدو لەسـەرخۆ بـوو.

٨)- ﴿ رَّبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا ﴾، (گوتیان): پەروەردگارمان! پشتمان تەنیا بە تۆ بەستوە.

٩)- ﴿ وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا ﴾، تەنیا بۆ لای تۆش گەڕاوینەتەوە، (إنابة) بریتیە لە گەڕانەوە لە دوای گەڕانەوە، یاخود گەڕانەوە لە ناخەوە بۆ لای خوا.

١٠)- ﴿ وَإِلَيْكَ ٱلْمَصِيرُ ﴾، سەرەنجامیش تەنیا بۆ لای تۆیە، واتە: سەرەنجامی ئێمە لە ڕۆژی دواییدا بەس بۆ لای تۆیە.

١١)- ﴿ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، (هەروەها ئیبراهیم ﷺ و ئەوانەی لە خزمەتیدا بوون پاڕانەوەو گوتیان:) پەروەردگارمان! مەمانکە بە فیتنە بۆ ئەوانەی بێبڕوان.

لێرەدا زانایان چەند مانایەکیان بۆ (فتنة) کردوە:

أ- موجاهید وای لێکداوەتەوە، گوتوویەتی: (**لَا تُعَذِّبْنَا بِأَيْدِيهِمْ أَوْ بِعَذَابٍ مِنْ عِنْدِكَ، فَيَقُولُوا: لَوْ كَانَ هَؤُلَاءِ عَلَى حقٍّ مَا أَصَابَهُم هَذَا**)، (**أخرجه الطبري: ٣٤٠٣٨**)، واتە: بە دەستی ئەوان ئەشکەنجەمان مەدەو، لە لایەن خۆشتەوە سزامان مەدە، کە ئەو بێبڕوایانە ئێمەیان بینی بڵێن: ئەگەر لەسەر هەق بوونایە، ئەوەیان تووش نەدەبوو.

ب- قەتادەش گوتوویەتی: (**لَا تُظْهِرهم عَلَيْنَا فَيَفْتَتِنُوا بِذَلِكَ، يَرَوْنَ أَنَّهُمْ إِنَّمَا ظَهَرُوا عَلَيْنَا لِحَقٍّ هُمْ عَلَيْهِ**) (**أخرجه الطبري: ٣٤٠٣٩**)، واتە: ئەوانمان بەسەردا سەرمەخە، کە بە هۆی ئەوەوە تووشی بەڵا بن و پێیان وابێ بۆیە بەسەرماندا سەرکەوتوون، لەسەر هەقن.

ج- ئیبنو عەبباسیش (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) بەم شێوەیە هێناویەتی: (**لَا تُسَلِّطهُم عَلَيْنَا فَيَفتِنونا**) (**أخرجه الطبري: ٣٤٠٤٠**) واتە: ئەوانمان بەسەردا سەرمەخەو زاڵ مەکە، ئێمە سزا و ئازارمان بدەن و ئەشکەنجەمان بدەن.

(فِتنَة) لە قورئاندا بە چەند مانایەک هاتوە:

١- بە مانای سزا هاتوە.

٢- بە مانای ئەشکەنجە هاتوە.

٣- بە مانای بەلا هاتوە.

٤- بە مانای ناخۆشیی هاتوە، (**الفِتنَةُ: إضطِرابُ الحَالِ وَفسَادُهُ وَهُوَ اسْم مَصدرٍ فتجيءُ بِمَعْنَى المَصْدرِ:** ﴿ وَٱلْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ ﴾ (١٩١) **البقرة، وَتجيء وصفًا للمَفْتُون وَالفَاتِنِ**) (**فِتْنَة**): حاڵ تێکچوونەو پەژارەدار بوونەو ناوی چاوگە، جاری وا بە مانای چاوگ دێ، وەک: ﴿ وَٱلْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ ٱلْقَتْلِ ﴾ (١٩١) **البقرة**، بەڵاو تاقیکردنەوە، ئازارو ئەشکەنجە (فتنة) سەختترە لە کوشتن، یانی: ئازاردان و هەڵگێڕانەوەی مسوڵمانان، لە کوشتنیان توندترە.

جاری واش هەیە (**فتنة**) بە مانای وەسف دێ، چ بۆ (**مَفْتُون**) واتە: ئەو کەسەی بەلای تووشبووە، چ بۆ ئەو کەسەی خەڵک تووشی بەلا دەکات.

کە لێرە دەفەرموێ: ﴿ رَبَّنَا لَا تَجْعَلْنَا فِتْنَةً لِّلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ﴾، واتە: پەروەردگارمان! مەمانکە بە ئازارو ئەشکەنجەدراو (**مَفْتُون**) کە ئەوانەی بێبڕوان بەسەرماندا زاڵ بن، سزاو ئەشکەنجەمان بدەن، لێرەدا (**فتنة**) بە مانای ناوی بەرکار (**اسم مفعول**)ە.

یاخود: مەمانکە بە تاقیکەرەوەو بەلا (**فاتِن**) لێرەدا (**فتنة**) بە مانای ناوی بکەر (**اسم فاعل**)ە، واتە: ئێمە وا لێمەکە هۆی فیتنە بین بۆ بێبڕوایان، بە هۆی ئەوەوە کە بەسەرماندا زاڵ دەبن، ببینە هۆکاری ئەوەی ئەوان زیاتر لەسەر بێبڕوایی خۆیان سوور بن و، پێیان وابێ ئێمە لەسەر ناهەقین!

١٢)- ﴿ وَٱغْفِرْ لَنَا رَبَّنَآ ﴾، پەروەردگارمان! لێمان ببوورە.

١٣)- ﴿ إِنَّكَ أَنتَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، بە دڵنیایی هەر تۆی زاڵی کارزان.

ئنجا خوا ﷻ بۆ جاری دووەم دووبارەی دەكاتەوە:

١٤)- ﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِيهِمْ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ﴾، بە دڵنیایی بۆ ئێوە لەواندا سەرمەشقییەكی باش هەیە.

١٥)- ﴿لِّمَن كَانَ يَرْجُوا اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ﴾، بۆ هەر كەسێک بە ئومێدی خواو ڕۆژی دوایی بێ، واتە: بە ئومێدی بەزەیی خواو پاداشتی ڕۆژی دوایی بێ.

١٦)- ﴿وَمَن يَتَوَلَّ﴾، هەر كەسێكیش پشت هەڵكات و ڕوو وەرچەرخێنێ.

١٧)- ﴿فَإِنَّ اللَّهَ هُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ﴾، بە دڵنیایی هەر خوا بێنیازی ستایشكراوە، واتە: جگە لەو هیچ بێنیازو دەوڵەمەندێكی ڕەها نیەو، جگە لەو هیچ ستایشكراوێكی ڕەها نیە، خوا پەكی بە كەس ناكەوێ، ئەوە مرۆڤەكان خۆیانن زەرەر دەكەن، كاتێک پشت لە خوا دەكەن و، ڕوو لە كوفرو تاوان و لادان و خراپە دەكەن.

مەسەلەی سێیەم:

ئومێدەوارکردنی خوا بۆ بڕواداران کە نیزیکە خۆشەویستییان لەگەڵ ئەوانەدا کە دژایەتییان کردوون، پەیدابێ - بە هۆی بڕوا هێنانیانەوە-، پاشان ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە خوا چاکەکاریی و هاوکاریی لەگەڵ ئەو نامسوڵمانانەدا، کە دژایەتیی دین و ژینیان ناکەن، لێ قەدەغە نەکردوون، تەنیا لەگەڵ کەسانێکدا کە دژی دین و ژینیانن، لێی قەدەغە کردوون، هاوکارو دەستبارگریان بن:

خوا دەفەرمووێ: ﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً ۚ وَٱللَّهُ قَدِيرٌ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٧﴾ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿عَسَى ٱللَّهُ أَن يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ ٱلَّذِينَ عَادَيْتُم مِّنْهُم مَّوَدَّةً﴾، نیزیکە خوا لە نێوان ئێوەو لە نێوان ئەوانەدا کە دژایەتییتان کردوون، خۆشەویستیی بەرەخسێنێ، **(الطبري)** ئاوا ئەم ئایەتە موبارەکە ڕوون دەکاتەوە: **(عَسَى اللهُ أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ! أَنْ يَجْعَلَ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَ الَّذِينَ عَادَيْتُمْ مِنْ أَعْدَائِي مِن مُشْرِكِي قُرَيْشٍ، مَوَدَّةً، فَفَعَلَ اللهُ ذَلِكَ بِهِمْ، بِأَنْ أَسْلَمَ كَثِيرٌ مِنْهُمْ فَصَارُوا لَهُمْ أَوْلِيَاءَ وَأَحزَاباً) (جامع البيان: ٣٤٠٤١، عن ابن زيد)**، واتە: ئەی بڕوادارینە! نیزیکە خوا لە نێوان ئێوەو لە نێوان ئەوانەدا لە دوژمنانی من، کە دژایەتییتان کردوون لە هاوبەش بۆ خوا دانەرانی قورەیش، خۆشەویستییەک بەرەخسێنێ، کە خوا ﷻ وایکرد زۆربەیان مسوڵمان بوون و، بوونە دۆستی خواو کۆمەڵی خوا ﷻ.

٢)- ﴿وَٱللَّهُ قَدِيرٌ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ﴾، خواش بە توانایەو خوا لێبووردەی بە بەزەییە.

واتە: لێیان دەبووری لەو کوفرو شیرک و دژایەتیی و ملهوڕییەی بوویانە لە ڕابردوودا، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای خوا، بە بەزەییشە، بەزەیی پێیاندا

دێ کـە هیدایەتیـان بـدات، دوای ئـەوەی هەڵوەسـتە دەکـەن و، چـاو بـە خۆیـان دا دەگێڕنـەوە، چونکـە مـرۆڤ دەبـێ پێشـێ لـە خۆیـەوە، هەڵوەسـتەیەک و چـاو بەخـۆدا گێڕانەوەیـەک و وەسـتانێک ببـێ، ئنجـا خـوا ﷻ بـە ئەنـدازەی ئـەوەی ئـەو مرۆڤـە بـۆ لای خـوا حەڕەکـەت دەکات، خـواش بەرەکـەت دەدات و دەسـتی دەگـرێ.

ئنجـا خـوا ﷻ باسـی مەسـەلەیەکی یەکجـار هەسـتیار دەکات، کـە بریتیـە لـە تێکـەڵ نەکردنـی نیزیکیـی و تەبایی و چاکەکاریـی ئەنجامدان لەگەڵ نامسـوڵمانانێکدا کـە دژی مسـوڵمانان نیـن، نـە زیانـی دنیاییـان بۆیـان هەیـە نـە زیانـی دینیـی، نـە زیانـی ژیانییـان بۆیـان هەیـە نـە زیانـی دینداریـی، تێکـەڵ نەکردنـی ئـەوان لەگـەڵ کەسـانێکدا کـە ویـڕای ئـەوەی بێبـڕوان، دژایەتیـی ئیسـلام و مسـوڵمانانیش دەکـەن، دەفەرمـوێ:

٣)- ﴿لَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ﴾، خوا لێتان قەدەغە ناکات بە نسبەت ئەوانەوە کە لە دینتاندا لە دژتان نەجەنگاون، لەبەر دینتان جەنگیان لە دژ نەکردوون.

٤)- ﴿وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ﴾، لە ماڵ و حاڵ و خانووەکانی خۆشتان وەدەریان نەناون.

٥)- ﴿أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ﴾، {لێتان قەدەغە ناکات} کە چاکەیان لەگەڵ بکەن و، بەشێک لە ماڵ و سامانی خۆتانیان پێ بدەن.

٦)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ﴾، بە دڵنیایی خوا بەخشەران (لە ماڵ و سامانی خۆیان)ی خۆشدەوێن، (با بە نامسوڵمانانیش بێ).

ئـەدی خـوا ﷻ چـی لـێ قەدەغـە کـردوون لـە مسـوڵمانان؟ لەگـەڵ چ جـۆرە کافرانێکـدا نابـێ چاکـەکارو بەخشـەر بـن؟

٧)- ﴿إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ﴾، بەڵکو خوا تەنیا ئەوەی لێ قەدەغە کردوون (چاکەکاریی و هاوکاریی بکەن) لەگەڵ ئەوانەدا کە دژی دینتان جەنگاون، (بە هۆی دینتانەوە شەڕیان پێ فرۆشتوون).

٨)- ﴿ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ ﴾، لە ماڵ و حاڵ و خانووبەرەو زێدی خۆشتان دەریان کردوون، یاخود: ناچاری کۆچکردنیان کردوون.

٩)- ﴿ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ ﴾، {هەروەها ئەگەر خۆشیان ڕاستەوخۆ ئێوەیان دەرنەکردبێ}، یارمەتیی ئەوانەیان داوە کە ئێوەیان دەرکردوە، واتە: (**عاوَنوا على إخرَاجِكُم**) هاوکارو دەستبارگرییان کردوە بۆ دەرکردنی ئێوە، لەگەڵ دوژمنانتان دا.

١٠)- ﴿ أَن تَوَلَّوْهُمْ ﴾، {لێی قەدەغە کردوون} کە دۆستایەتییان بکەن و خۆشەویستییان لەگەڵدا بکەن.

١١)- ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ ﴾، هەر کەسێکیش دۆستایەتیی و نیزیکییان لێ بکات، (**أي: يَتَّخِذْهُم أولياءَ وأنصاراً و أحبَاباً**)، بیانکات بە دۆست و پشتیوان و خۆشەویستی خۆی.

١٢)- ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾، ئا ئەوانە ستەمکارن، ستەمکاری ڕاستەقینە ئا ئەوانەن.

کورتەباسێک هەڵوەستەیەک لەبەردەم ئەم دوو ئایەتەداو چۆنیەتییمامەڵەکردن لەگەڵ نامسوڵماندا

(الطبري) لە ڕوونکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە موبارەکەدا دەڵێ: (**وَأَوْلَى الْأَقْوَالِ فِي ذَلِكَ بِالصَّوَابِ، قَوْلُ مَنْ قَالَ: عَنَى بِذَلِكَ قَوْلَهُ تَعَالَى: لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ، مِنْ جَمِيعِ أَصْنَافِ الْمِلَلِ وَالْأَدْيَانِ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتَصِلُوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ، وَلَا مَعْنَى لِقَوْلِ مَنْ قَالَ: ذَلِكَ مَنْسُوخٌ؛ لِأَنَّ بِرَّ الْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَهْلِ الْحَرْبِ مِمَّنْ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ قَرَابَةُ نَسَبٍ، أَوْ مِمَّنْ لَا قَرَابَةَ بَيْنَهُ وَلَا نَسَبَ غَيْرُ مُحَرَّمٍ، وَلَا مَنْهِيٌّ عَنْهُ، إِذَا لَمْ يَكُنْ فِي ذَلِكَ دَلَالَةٌ لَهُ أَوْ لِأَهْلِ الْحَرْبِ عَلَى عَوْرَةٍ لِأَهْلِ الْإِسْلَامِ، أَوْ تَقْوِيَةٌ لَهُمْ بِكُرَاعٍ أَوْ سِلَاحٍ**)[1].

واتە: لە پێشترینی قسان لە ڕاستییەوە لەو بارەوە، قسەی کەسێکە گوتوویەتی: مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە خوا ﷻ ئەوانەی لەبەر دینتان دژایەتییان لەگەڵ نەکردوون، جەنگیان لە دژ نەکردوون، لە هەموو جۆرەکانی نەتەوەکان و جۆرەکانی دینەکان، خوا ڕێتان لێ ناگرێ، لێتان قەدەغە ناکات لەگەڵیاندا چاکەکاربن و پەیوەندییان لەگەڵ ببەستن، (**إقساط**)یشیان بۆ لا بکەن، {کە وەک گوتم: (**أقسطَ إليه**) واتە: چاکەی لەگەڵدا کرد (**أعطاهُ قِسطًا من ماله**) وەک دوایی باسی دەکەین، بەڵام ئەگەر (**الطبري**) مەبەستی ئەوە بێ کە لەگەڵیاندا دادگەر بن، با قسەکەی ئەو وەک خۆی بێنین}، ئەو کەسەش کە گوتوویەتی: ئەوە نەسخ کراوەتەوە، قسەکەی هیچ واتایەکی نیە، چونکە چاکەکردنی بڕوادار لەگەڵ ئەوانەدا کە ئەهلی جەنگن (ئەو ئەهلی (حرب) ی ناو ناون، بەڵام مەبەستی ئەهلی کوفرە)، ئەو جۆرە کەسانە کە لە نێوان ئەوو ئەواندا خزمایەتیی هەیە، یاخود هیچ خزمایەتیی و ڕەچەڵەک و نەسەبیش

---

(١) جامع البيان، ج٢٨، ص٦٩.

نیە، بەڵام هەر چاکەیان لەگەڵدا بکات، ئەوە نە قەدەغەیەو نە ڕێ لێگیراوە، بە مەرجێک ئەو چاکەیە هۆکاری ئەوە نەبێ، ئەو کەسە، یاخود ئەوانەی بێبڕوان، پەی ببەن بە کەموکوڕیی و عەیب و ناتەواویی مسوڵمانان (واتە: خاڵی بێهێزیان)، یاخود ئەو چاکەیەی ئەو مسوڵمانە لەگەڵ ئەو کافرەدا، نەبێتە هۆی ئەوەی بەهێزیان بکات لە ڕووی وڵاخ و چەکەوە.

واتە: ئەگەر چاکەکارییەکەی ئەو مسوڵمانە بۆ ئەوە نەبێ، ئەو دوژمنانە زەفەر بە ئەهلی ئیسلام بەرن و، بەهێزیان بکات لە بەرانبەر ئەهلی ئیسلامدا، هەر چاکەکردنێکی شەخصیی بێ، قەدەغە نیە با کافریش بێ.

(القرطبي) دەڵێ: (**أَيْ: لاَ يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنْ أَنْ تَبَرُّوا الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ، وَهُمْ خُزَاعَةُ، صَالَحُوا النَّبِيَّ ﷺ عَلَى أَلَّا يُقَاتِلُوهُ وَلَا يُعِينُوا عَلَيْهِ أَحَدًا، فَأَمَرَ بِبِرِّهِمْ وَالْوَفَاءِ لَهُمْ إِلَى أَجَلِهِمْ، حَكَاهُ الْفَرَّاءُ**)(١).

واتە: خوا ڕێتان لێ ناگرێ چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەدا، لە دژتان نەجەنگاون، مەبەست پێی هۆزی خوزاعەیە، کە پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەردا بەست ﷺ: لە دژی نەجەنگن و هاوکاریی هیچ کەسێکیش نەکەن لە دژی ئەو، بۆیە خوا ﷻ فەرمانی کرد لەگەڵیاندا چاکە بکرێ و وەفاداریی بکرێ، تاکو کاتی خۆی، (تاکو ئەو کاتەی کۆتایی ئەو بەڵێن و پەیمانەی لە نێوانیاندا هەبووە)، (**الفرّاء**) ناوای باسکردوە.

ئنجا هەر (**القرطبي**) دەڵێ: (﴿ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ﴾ **أَيْ: تُعْطُوهُمْ قِسْطاً مِنْ أَمْوَالِكُمْ عَلَى وَجْهِ الصِّلَةِ، وَلَيْسَ يُرِيدُ بِهِ مِنَ الْعَدْلِ، فَإِنَّ الْعَدْلَ وَاجِبٌ فِيمَنْ قَاتَلَ، وَفِيمَنْ لَمْ يُقَاتِلْ، قَالَهُ ابْنُ الْعَرَبِي**).

ئەو قسەیە لە (**ابن العربي المالكي**)یەوە دێنێ، خاوەنی (**أحكام القرآن**) دەڵێ: ﴿ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ﴾ واتە: بەشێک لە ماڵ و سامانی خۆتانیان پێ بدەن، بە شێوەی

---

(١) ج٢٨، ص ٤٥.

چاکە لەگەڵدا کردن، یاخود پەیوەندیی خزمایەتیی گەیاندن، لێرەدا مەبەست لە: ﴿ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ﴾ دادگەریی نیە، چونکە دادگەریی فەرزە لەگەڵ هەر کەسێکدا چ لە دژت بجەنگێ، چ لە دژت نەجەنگێ.

ڕایەکەشی زۆر ڕاستە، من لە زۆر لە کتێبەکانی خۆمدا کە ئەم ئایەتەم هێناوە، بۆ وێنە: (چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم)و، لە هەندێک لە کتێبەکانی دیکەمدا، گوتوومە: ﴿ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ﴾ مانایەکەی هەر ئەوەیە: (**تُعْطُوهُم قِسْطًا مِنْ أمْوالِكُم**)، چونکە (**قَسَطَ**) یانی: (**جَارَ**)، ستەمی کرد، (**أقسَطَ**) یانی (**عَدَلَ**)، دادگەریی کرد، (**قَسَطَ**) بەشی ئەوی دیکەی بۆ خۆی برد، بەڵام (**أَقسَطَ**) واتە: بەشی ئەوی دیکەی دا، بەڵام (**أَقْسَطَ إلَيْهِ**) کاتێک (**أَقسَطَ**) بە (**إلى**) بەرکار دەخوازێ و بەرەو بەرکار تێدەپەڕێنێ (**يَتَعَدَّى إلى المَفْعُول**) مانایەکی دیکە وەردەگرێ، کە بریتیە لە (**أَعْطَاهُ قِسْطاً مِنْ مَالِهِ**)، چونکە (**أَقْسَطَ**) پێویستیی بە (**إلى**) نیە تاکو بەرکاری پێ بخوازێ، (**أَقْسَطَ**) یانی دادگەریی کرد، بەڵام کە بە (**إلى**) بەرکار دەخوازێ، (**أَقْسَطَ إليهِ**)، واتە: (**أَعْطَاهُ قِسْطاً مِنْ مَالِهِ**) بەشێک لە ماڵ و سامانی خۆی پێدا.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴾، بە دڵنیایی خوا ئەوانەی بەشێک لە ماڵ و سامانی خۆیان دەبەخشن (بە مسوڵمان و نامسوڵمان، نامسوڵمان مادام سەنگەری لە دژی ئەهلی ئیسلام نەگرتبێ و، زیانی دین و ژینیان پێ نەگەیەنێ)، ئەوانەی خۆشدەوێ.

ئنجا خوا ﷻ بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە - کە ئەمە شێوازی درێژە پێدان (**إطناب**) بە خۆیەوە دەگرێ - دەفەرموێ: ﴿ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُواْ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾.

بە دڵنیایی خوا تەنیا لە بەرانبەر کەسانێکدا کە لەسەر دینتان لە دژتان جەنگاون و، لە ماڵ و حاڵی خۆتان وەدەریان ناون و، هاوکارییان کردوە لەسەر وەدەرنرانتان، لێتان قەدەغە دەکات، دۆستایەتییان بکەن.

﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ ﴾ هەر کەسێک دۆستایەتیی ئەو جۆرە کەسانەش بکات، ﴿ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴾ ئا ئەوانەن ستەمکاران، یانی: ستەمکار کەسی دیکە نیە ئەوان نەبێ و، ستەمکاری ڕاستەقینە هەر ئەوانن.

هەڵبەتە ئێمە دوایی کورتە باسێک دەکەین، لە بارەی ترسناکیی خۆشویستن و دۆستایەتیی کردنی کافرانی دژو زیانبەخشەوە، بۆیە هەندێک شت کە پێویستە لێرە بگوترێ، هەڵیدەگرین بۆ ئەوێ، بەڵام لێرە ئەوەندە دەڵێین:

خوا ﷻ دوای ئەوەی هۆشداریی داو فەرمووی: بڕوادارینە! دوژمنی من و دوژمنی خۆتان بە دۆست مەگرن، چونکە ئەوان ئاوایان کردەو ئاوایان کردووەو، هەر کەسێک لە ئێوە وا بکات، ڕێی ڕاستی ون کردوە، دواییش باسی ئیبراهیمی ﷺ کردو، ئەوانەی لەگەڵیشیبوون کە دەبێ بیکانکەنە سەرمەشقی خۆتان، ئەوانەش زۆر بە ڕوون و ڕاشکاویی دوورییان دەربڕی لە خەڵک و خزم و نیزیکەکانی خۆیان و پێیان گوتن: ئێمە بێبڕواین پێتان و، دوژمنایەتیی و ڕق لە بەینماندا هەیە، تاکو تەنیا بڕوا بە خوا دێنن، خوا فەرمووی: ئیبراهیم و ئەوانەی لەگەڵیدابوون بیانکەنە سەرمەشقتان، بۆ چۆنیەتیی مامەڵە کردن لەگەڵ دوژمنان و نەیاران و ناحەزانی خواو خۆتاندا، هەرچەندە لە ڕووی ڕەچەڵەک و خزمایەتییەوەش لێتان نیزیک بن.

دوای ئەوە خوا ﷻ وەک ئومێدەوار کردنی ئیمانداران، فەرمووی: نیزیکە خوا دۆستایەتیی و نیزیکییتان لە نێواندا بڕەخسێنێ، لە نێوان ئێوەو ئەوانەدا کە دژایەتییتان کردوون، ئەویش بە هۆی ئەوەوە کە بڕوا دێنن!

ئنجا بۆ ئەوەی دوو حاڵەتیان لێ تێکەڵ نەبن، فەرمووی: خوا لێتان قەدەغە ناکات کەسانێک کە لەبەر دینتان جەنگیان لە دژ نەکردوون، لە ماڵ و حاڵ و جێ و ڕێی خۆتان وەدەریان نەناون، لەگەڵیاندا چاکەکارو بەخشەربن، ﴿ أَن تَبَرُّوهُمْ ﴾، واتە: لە ڕووی مەعنەوییەوە ڕێزو حورمەتیان بگرن و سوودیان پێ

بگەیەنن، ﴿ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْ ﴾، هەروەها لە ڕووی ماددییەوەش بەشێک لە ماڵ و سامانی خۆتانیان بدەنێ، مادام ئاتاج بن و پێویستیان بێ هاوکارییان بکەن، خوا ڕێتان لێ ناگرێ، بەڵکو خوا بەخشەرانی خۆشدەوێن.

دوایی فەرمووی: بەڵکو خوا لە بەرانبەر ئەوانەدا ڕێگرییتان لێ دەکات کە لەبەر دینتان جەنگیان لە دژ کردوون و، لە ماڵ و حاڵی خۆتان وەدەریان ناون و، هاوکاریی ئەوانەیان کردوە کە ئێوەیان شاربەدەر کردوە، خوا ڕێگرییتان لێ دەکات دۆستایەتیی ئەو جۆرە کەسانە بکەن، هەر کەسێک وا بکات هەر ئەوانەن ستەمکاران.

کەواتە: پێویستە ئەو دوو حاڵەتە لێک جیا بکرێنەوە:

أ- مسوڵمانان دەبێ لەگەڵ هەموو کەسێکدا چاکەکارو خۆشڕەفتاربن، لە بواری هەڵسوکەوت و مامەڵەدا.

ب- بەڵام لە بواری جەنگ و بەرەنگاریی، بەرانبەر دوژمنان و نەیاران و ناحەزانیاندا، بێگومان دەبێ بە زمانی خۆیان بیاندوێنن، وەک گوتراوە: (کەس لە شەڕدا شەکری نەبەخشیوە)، هەروەها گوتراوە: (**لِكُلِّ مَقَامٍ مَقَال**) هەر شوێنە قسەی خۆی هەیە، کەسێک سەنگەرت لێ بگرێ و دژایەتییت بکات، ناکرێ قسەی نەرم و خۆشی لەگەڵدا بکەی!، پێشینان گوتوویانە: (مست لە درێشە دەگەڕێتەوە)، (**لاَ يفلُّ الحَدِيدَ إلاَّ الحَدِيد**) هەر ئاسن ئاسن دەپاچێنێتەوە.

بەڵێ لە بواری هەڵسوکەوتدا لەگەڵ مسوڵمان و نامسوڵماندا، هیچ کەس نابێ لە مسوڵمان خۆشخولقترو چاکەکارتر بێ، هەم چاکەی مەعنەویی و هەم چاکەی ماددیی.

بەر لەوەی کۆتایی بەم مەسەلەی سێیەمە بێنین، با لەو بارەوە ئەم دەقە بێنین، کە تیشکی زیاترمان بۆ دەخاتە سەر واتاو چەمکی ئەو دوو ئایەتە موبارەکە:

١- {عَنْ أَسْمَاءِ بِنْتِ أَبِي بَكْرٍ ﵄، قَالَتْ: أَتَتْنِي أُمِّي رَاغِبَةً، وَهِيَ مُشْرِكَةٌ فِي عَهْدِ قُرَيْشٍ إِذْ عَاهَدُوا رَسُولَ اللَّهِ ﷺ فَسَأَلْتُ النَّبِيَّ ﷺ: ءَأَصِلُهَا؟ فَأَنْزَلَ اللَّهُ: ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِي ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ ﴾ فَقَالَ: نَعَم، صِلِي أُمَّكِ} (أخرجه البخاري: ٣١٨٣، ومسلم: ١٠٠٣، أبو داود: ١٦٦٨).

واتـە: ئەسـمائی کچـی ئەبـوو بەکـری صیددیـق ﵄ دەڵـێ: دایکـم لـە حاڵێکـدا هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەر بـوو، هـات بـۆ لام بـە تامەزرۆییـەوە، بـە ئیشـتیاقەوە، لـە کاتـی پەیـمان بەسـتنی قورەیـش لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ {واتـە: لـە مـاوەی صوڵحـی حودەیبییـەدا تاکـو ئـازاد کردنـی مەککـە}، منیـش پرسـیارم لـە پێغەمبـەر ﷺ کـرد: ئایـا منیـش پەیوەندیـی خزمایەتیـی لەگـەڵ بکەیەنـم و چاکـەی لەگەڵـدا بکـەم؟ {وەک لـە هـۆی هاتنـە خوارەوەکـەش دا باسـمان کـرد، دایکـی دیاریـی و خەڵاتـی بـۆ هێنابـوو، کەشـک و ڕۆنـی لـە نێـودا بـوو لـە مەککـەوە}، خـواش ﷻ ئـەم ئایەتـەی دابەزانـد: ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِي ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓاْ إِلَيْهِمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ ﴾، پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: بەڵـێ چاکـە لەگـەڵ دایکتـدا بکـە.

یـانی: ئـەو دیاریـی بـۆ تـۆ هێنـاوە، تـۆش دیاریـی پـێ بـدەو، ئـەو لەوێـڕا هاتـوە بۆ لای تـۆ، تـۆش بەخێـری بێنـەو، ڕێـزی لـێ بگـرە، دایکتـە، هەقـی دایـک و کچایەتییتـان هـەر لـە بەینـدا هەیـە، هەرچەنـدە بێبـڕواو هاوبـەش بـۆ خـوا دانەریـش بێ.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـە لـە چـوار ئایەتـی کۆتایـی سـوورەتی (الممتحنـة) پێـک دێ: (١٠ - ١٣)، هـەردووک ئایەتـی (١٠و ١١) لـە بـارەی ئافرەتانـی کۆچکـەرەوە دەدوێـن، کـە پێویسـتە مسـوڵمانان تاقییـان بکەنـەوەو، ئەگـەر زانییـان بـڕوادارن، پەنایـان بـدەن و نەیانگێڕنـەوە بـۆ لای مێـردو کـەس و کارە کافرەکەیـان، چونکـە ئەگـەر ژنی مێرددارین، بـۆ یەکـدی حـەڵاڵ نیـن، هەروەهـا مسـوڵمانانیش پێویسـتە دەسـت لـە ژنـە کافرەکانیـان هەڵبگـرن و، هـەر کام لـە مسـوڵمانان و کافرەکانیـش کـە ژنەکانیـان دەڕۆن، بۆیـان هەیـە داوای مارەییەکانیـان و مەسرەفەکانیـان بکەنـەوە، یـان دەوڵەتـی ئیسـلامیی بـۆ پیاوانـی مسـوڵمانیان قەرەبـوو بکاتـەوە.

ئایەتـی (١٢)ش دەربـارەی پەیـمان وەرگرتنـی پێغەمبـەری خوایـە ﷺ لـە ئافرەتانـی مسوڵمان.

ئایەتـی (١٣)ش دووبـارە قەدەغەکردنـی دۆسـتایەتیی کردنـی بڕوادارانـە بـۆ بێبڕوایـان.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ فَإِنْ
عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ وَلَا جُنَاحَ
عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُواْ مَآ
أَنفَقُواْ ذَٰلِكُمْ حُكْمُ ٱللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمْ شَىْءٌ مِّنْ أَزْوَٰجِكُمْ إِلَى ٱلْكُفَّارِ
فَعَاقَبْتُمْ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾
يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا
يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ

فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَوَلَّوْا۟ قَوْمًا غَضِبَ
ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ قَدْ يَئِسُوا۟ مِنَ ٱلْءَاخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْقُبُورِ ﴿١٣﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کات ئافرەتانی بڕوادار کۆچکردووانە هاتنە لاتان، تاقییان بکەنەوە (خوا زاناترە بە بڕوایەکەیان)، ئنجا ئەگەر بە بڕوادارتان زانین، مەیانگێڕنەوە بۆ لای بێبڕوایەکان، (چونکە) نە ئەمان بەوان دەشێن و، نە ئەوانیش بەمان دەشێن (بۆ یەکدی ڕەوا نین)و، ئەو خەرجییەی (مێردەکانیان) کێشاویشیانە (لە مارەیی و هی دیکەش) بیاندەنەوەو، هەر کات مارەییەکانیشیانتان پێدان، گوناهتان ناگات مارەیان بکەن، ئێوەش دەست مەگرن بە هاوسەرگیریی ژنانی بێبڕواوەو، ئەو خەرجییەش کە (پێیانەوە) کێشاوتانە داوای بکەنەوە (لە بێبڕوایەکان) و، با ئەوانیش ئەو مەسرەفەی کردوویانە (لە ژنە کۆچکردووەکانیان بۆ لاتان) داوای بکەنەوە، ئا ئەوەتان بڕیاری خوایە، دادوەرییتان (پێی) لە نێوانتاندا دەکات و، خوا زانای کارزانە ﴿١٠﴾ ئەگەر شتێکیشتان (لە ماڵ و سامان) لە دەستچوو بە هۆی ڕاکردنی ژنەکانتانەوە بۆ لای بێبڕوایەکان، ئنجا نۆرە(ی زاڵبوون)تان هات (و دەستکەوتتان بوو) بە ئەندازەی ئەوەی خەرجییان کێشاوە، بیدەن بەوانەی ژنەکانیان ڕۆیشتوون (بۆیان قەرەبوو بکەنەوە)و، پارێزیش لەو خوایە بکەن کە پێی بڕوادارن ﴿١١﴾ ئەی پێغەمبەر! هەر کات ئافرەتانی بڕوادار هاتنە لات، پەیمانت پێدەدەن کە هیچ شتێک نەکەنە هاوبەشی خواو، دزیی نەکەن و، زینا نەکەن و، منداڵەکانیان نەکوژن و، بوختانێک نەکەن لە نێوان دەستەکانیان و لاقەکانیاندا هەڵیبەستن (منداڵی دیکە بە درۆ بکەنە هی خۆیان)و، لە پەسندا سەرپێچییت لێ نەکەن، پەیمانیان لەگەڵ ببەستەو داوای لێبوردنیان بۆ لە خوا بکە، بەڕاستیی خوا لێبوردەی بەبەزەییە ﴿١٢﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان

هێناوە! دۆستایەتیی كۆمەڵێک مەكەن كە خوا لێیان تووڕە بووە، بە دڵنیایی ئەوان لە ڕۆژی دوایی نائومێد بوون، وەک چۆن بێبڕوایان لە خاوەن گۆڕەكان تەمابڕاو بوون ﴿١٣﴾].

شیكردنەوەی هەندێک لە وشەكان

(فَٱمۡتَحِنُوهُنَّ): (الـمَحْنُ وَالإمْتِحَانُ: نَحْو الإبْتِلَاء)، (مَحْنُ وإمتِحان) لە واتادا وەک (إبتِلاء) وایە، یانی: تاقیكردنەوە، جەڕباندن.

(حِلٌّ لَّهُمۡ): (حَلاَلٌ لَهُم، أَصْلُ الحِلّ: حَلُّ العُقْدَة، وَعَنْ حَلِّ العُقْدَةِ استُعِيرَ قَوْلُهُم: حَلَّ الشَّيءُ حَلاَلاً)، (حِلٌّ لَّهُمۡ) یانی: بۆیان حەڵاڵە، وشەی (حِلّ) لە ڕیشەدا بریتیە لە كردنەوەی گرێ، ئنجا لە كردنەوەی گرێوە ئەو قسەیان خوازراوەتەوە كە دەڵێ: (حَلَّ الشَّيءُ حَلاَلاً) واتە: ئەو شتە ڕەوایە، یانی: گرێی حەرامیی لێكراوەتەوە.

(وَلَا تُمۡسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلۡكَوَافِرِ): دەست مەگرن بە گرێبەستی هاوسەرگیریی ئافرەتە بێبڕوایەكانەوە، (العَصْمُ: الإمْسَاك)، (عَصْم): بریتیە لە گرتن، (العَاصِمُ والمَعْصُومُ يَتَلاَزَمَانِ)، (عَاصِم) دەست پێوەگر، (مَعْصُوم) دەست پێوەگیراو، ئەو دووە پێكەوە پەیوەستن، (عِصَم)یش كۆی (عِصْمَة)یە، (عِصْمَة: رِبَاطُ الزَّوجِيَّة، أي: لاَ تَتَمَسَّكُوا بِعُقُودِ نِكَاحِهِنَّ)، (عِصْمَة): بریتیە لە گرێبەستی هاوسەرگیریی، واتە: دەست بە گرێبەستی هاوسەرگیریی ئافرەتانی بێبڕواوە مەگرن.

(فَاتَكُمۡ): لە دەستتان چوو، (فَاتَ الأَمْرُ، يَفُوتُ فَوْتًا وَفَوَاتًا: مَضَى وَقْتُهُ وَلَم يُفْعَل، وَفَاتَهُ: ذَهَبَ مِنهُ)، (فَاتَ الأَمْرُ، يَفُوتُ فَوْتًا وَفَوَاتًا) واتە: كارەكە ڕۆیی، دەڕوا، ڕۆیشتن، یانی: كاتەكە ڕۆیی و ئەنجام نەدرا، (فاتَهُ) واتە: ئەو شتەی لە دەست چوو.

(فَعَاقَبۡتُمۡ): (مِنَ المُعَاقَبَةِ وَهِيَ مِنَ العَقِبِ، عَاقَبْتُمْ: جَزَيْتُم أو جَاءَتْ نَوبَتُكُم)، (عَاقَبتُم) لە (مُعاقَبَة)ەوە هاتوە، (مُعاقَبَة)ش لە (عَقِب)ەوە هاتوە، واتە: پاژنە پێ، (عَاقَبْتُم) واتە: ئێوە سزای ئەوانتاندا، یاخود: نۆرەی ئێوە هات، (عَاقَبتُم) خوێندراویشەتەوە: (عَقَّبتُم) ئەمیش هەردوو واتایەکەی هەر هەن.

(يُبَايِعۡنَكَ): (بَايعَهُ: بَذَلَ الطَّاعَةَ لَهُ)، فەرمانبەریی بۆ پێشاندا، (مِنَ البَيعِ: وهو إعْطَاءُ المُثْمَنِ وَأَخْذُ الثَّمَنِ) لە (بَيع)ەوە هاتوە، (بَيْع)یش: بریتیە لە دانی نرخ لەسەر دانراو و وەرگرتنی نرخەکە، ئنجا بەیعەت و پەیمانیش لەوەوە هاتوە، کە پەیمان بە یەکدی دەدەن، ئەم وا بۆ وی بکات و، ئەویش وا بۆ وی بکات.

(وَلَا يَأۡتِينَ بِبُهۡتَٰنٖ): درۆیەک نەکەن، (البُهْتَانُ: كَذِبٌ يُبهِتُ سَامِعَه)، (بُهْتَان): درۆیەکە بابای بیسەر سەرسام و سەراسیمە دەکات بە هۆی ناقۆڵاییەوە، لێرەدا کە دەفەرموێ: ﴿وَلَا يَأۡتِينَ بِبُهۡتَٰنٖ﴾ (راغب الأصفهاني) گوتوویەتی: (هَذِهِ الجُملَة كِنَايَةٌ عَنِ الزِّنَى، وَقِيلَ: كُلُّ فِعلٍ مُستَبشَع)، یانی: ئەم ڕستەیە کینایەیە لە زینا، {بەڵام پێشتر باسی زینا کراوە، بۆیە ڕایەکەیم پێ بێ هێزو پێزە}[1]، گوتراویشە: هەر کارێکی زۆر ناقۆڵایە.

بەڵێ مانای ڕاستی ڕستەی: ﴿وَلَا يَأۡتِينَ بِبُهۡتَٰنٖ يَفۡتَرِينَهُۥ بَيۡنَ أَيۡدِيهِنَّ وَأَرۡجُلِهِنَّ﴾ ئەوەیە وەک زۆربەی زانایان دەڵێن: کە منداڵی جگە لە خۆیان بکەن بە هی خۆیان، واتە: مێردەکەیان هەڵبخەڵەتێنن، گوایە ئەو منداڵە لەوانەو لە ڕاستییشدا وانەبێ.

---

(١) ئەوەی نێوان دوو کەوانەکان ڕای بەندەیە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

لـە بـارەی هـۆی هاتنـە خـوارەوەی ئـەم دوو ئایەتـە موبارەکـەوە: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ذَٰلِكُمْ حُكْمُ ٱللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمْ شَىْءٌ مِّنْ أَزْوَٰجِكُمْ إِلَى ٱلْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ ﴾، چەنـد گێڕدراوەیـەک هـەن، ئێمـە دووانیـان لـێ بـە نموونـە دێنینـەوە:

١- میسوەری کوڕی مەخرەمەو مەڕوانی کوڕی حەکەم، هەردووکیان گێڕاویانەتەوەو هەر کامێکیان قسەی ئەویدیکەی پشتڕاست کردۆتەوە، گوتوویانە: پێغەمبەری خوا ﷺ لە ڕۆژگاری حودەیبییەدا دەرچوو واتە: لە مەدینەوە بەرەو مەککە، ئەوەی صوڵحی حودەیبییەی لێ دەکەوێتەوەو، درێژەی بەسەرهاتەکەیان هێناوە، دوایی هەر لەو ڕەوتەدا دەڵێن: {ثُمَّ جَاءَهُ نِسوَةٌ مُؤمِناتٌ فَأنزَلَ اللهُ تَعالى: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ذَٰلِكُمْ حُكْمُ ٱللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمْ شَىْءٌ مِّنْ أَزْوَٰجِكُمْ إِلَى ٱلْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ ﴾. فَطَلَّقَ عُمَرُ يَومَئِذٍ امرَأَتَينِ كَانَتَا لَهُ فِي الشِّركِ، فَتَزَوَّجَ إحدَاهُمَا مُعَاوِيَةُ بْن أَبِي سُفْيَان، وَالأُخرى صَفوانُ بنُ أُمَيَّة }(أخرجه البخاري: ٢٧٣١، ٢٧٣٢).

دوایـی ئافرەتانێکـی بـڕوادار هاتـن، خـوای بـەرز ﷻ لـە بارەیانـەوە ئـەم دوو ئایەتانـەی دابەزانـدن {ئایەتەکانـی ژمـارە (١٠و ١١)}، ئیـدی لـەو ڕۆژەدا عومـەر رضي الله عنه

دوو ژنی خۆی کە هاوبەش بۆ خوا دانەر بوون، تەڵاق دان، (دیارە هەر لە مەککە بوون و لەگەڵی نەهاتوون و هەردووکیان کە ئامادە نەبوون مسوڵمان بن، تەڵاقی داون)، یەکێکیان موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان مارەی کردەوە، ئەوی دیکەشیان صەفوانی کوڕی ئومەییە.

٢- [عَنِ ابْنِ شِهابٍ قالَ: «كانَ المُشْرِكُونَ قَدْ شَرَطُوا عَلى رَسُولِ اللهِ ﷺ يَوْمَ الحُدَيْبِيَةِ: إنَّهُ مَنْ جَاءَ مِن قِبَلِنا وإنْ كانَ عَلى دِينِكَ، رَدَدْتَهُ إلَيْنا، ومَن جاءَنا مَن قِبَلِكَ، رَدَدْناهُ إلَيْكَ، فَكانَ يَرُدُّ إلَيْهِمْ مَنْ جَاءَ مِن قِبَلِهِمْ يَدْخُلُ فِي دِينِهِ، فَلَمّا جاءَتْ أُمُّ كُلْثُومٍ بِنْتُ عُقْبَةَ بْنِ أَبِي مُعَيْطٍ مُهاجِرَةً، جاءَ أخَوَاهَا يُرِيدانِ أنْ يُخْرِجاها ويَرُدّاها إلَيْهِمْ، فَأَنْزَلَ اللّهُ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، قالَ: هو الصَّداقُ، ﴿ وَإِن فَاتَكُمْ شَيْءٌ مِّنْ أَزْوَٰجِكُمْ إِلَى ٱلْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُواْ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ ﴾، قالَ: هي المَرْأَةُ تُسْلِمُ فَيَرُدُّ المُسْلِمُونَ صَداقَها إلى الكُفّارِ، وَمَا طَلَّقَ المُسْلِمُونَ مِنْ نِسَاءِ الكُفّارِ عِنْدَهم، فَعَلَيْهِمْ أنْ يَرُدُّوا صَداقَهُنَّ إلى المُشْرِكِينَ، فَإنْ أمْسَكُوا صَداقًا مِن صَداقِ المُسْلِمِينَ مِمّا فارَقُوا مِن نِساءِ الكُفّارِ، أمْسَكَ المُسْلِمُونَ صَداقَ المُسْلِماتِ اللّاتِي جِئْنَ مِن قِبَلِهِمْ] (أَخْرَجَهُ: ابن سعد فِي طبقات الكبرى: ج ٨، ص ٢٣١، قُلنَا: هَذا مُرسَلٌ حَسَنُ الإسنَادِ: الإستيعاب فِي بيان الأسباب، ج ٣، ص ٣٩٣، ٣٩٤).

واتە: ئیبنو شیهاب دەڵێ: هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان لەسەر پێغەمبەری خوایان ﷺ بە مەرج دانابوو لە ڕۆژی حودەیبییەدا، (لەو ڕێککەوتن و صوڵحەدا)، کە هەر کەسێک لە لایەن ئێمەوە هات بۆ لای تۆ، ئەگەر لەسەر دینی تۆش بێ، دەبێ بیگێڕیەوە بۆ لامان و، هەر کەسێکیش هات بۆ لای ئێمە، لەلایەن تۆوە، ئێمەش دەیگێڕینەوە بۆ لات، {ئەمەیان بەو شێوەیە نیە وەک لەو دەقەدا هاتوە کە بوخاریی و موسلیم هێناویانە، بەڵکو بە مەرجیان گرتوە: هەر کەس لە لای تۆوە بێ، ئێمە نایگێڕینەوە، بەڵام لێرەدا ئەو تەعبیرە ئاوا هاتووە،

بێگومان ئـەوەی لـە تەعبیـری بوخاریـی و موسـلیمدا هاتـوە ڕاسـترەو، هـەر ئەویـش لـە سـیرەکەی ئیبنـو هیشـامدا هاتـوە}.

ئنجـا پێغەمبـەر ﷺ هـەر کەسـێک لـە کافـرەکان هاتبـا بـۆ لای، ئەگـەر هاتبایـە نێـو دینەکەشـی، دەیگێڕایـەوە بـۆ لایـان لـە پیـاوان، بـەڵام کاتێـک ئوممـو کەلسـوم کچـی عوقبـەی کـوڕی ئەبـوو موعەیـت بـە کۆچکردوویـی هـات، دوو برایەکانـی هاتـن ویسـتیان لـە مەدینـە بیبەنـە دەرو بـۆ لای خۆیانـی ببەنـەوە، خـوا ﷻ ئـەم ئایەتـی ژمـارە (١٠)ی دابەزانـد: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ وَلَا تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کاتێـک ئافرەتانـی بـڕوادار بـە کۆچکردوویـی هاتنـە لاتـان، تاقییـان بکەنـەوە، خـوا زاناتـرە بـە ئیمانەکەیـان، ئەگـەر زانیتـان بـڕوادارن، مەیانگێڕنـەوە بـۆ لای بێبڕوایـەکان، نـە ئـەو ئافرەتانـە بـۆوان ڕەوان، نـە (ئـەوان) پیاوەکانیـش بـۆ وان ڕەوان، ئـەوەش کـە مەسرەفیـان کـردوە (لـەو ژنانەیـان) بیاندەنـەوە، گوناهتـان ناگاتـێ ئێـوەش ئـەو ئافرەتانـە مـارە بکـەن، ئەگـەر مارەییتـان پێیانـدا، بـەڵام ئێـوەش دەسـت مەگـرن بـە گرێبەسـتی ئافرەتانـی بێبـڕواوە (ئەگـەر هـەر مسـوڵمان نەبـوون، ئێوەش دەسـتیان لێ بەربـدەن)، ئێـوەش ئـەو خەرجیـی و مەسرەفـەی لـەو ئافرەتانـەی دەکـەن کـە وازیـان لـێ دێنـن، داوای بکەنـەوە لـە کافـرەکان، {کـە گوتوویەتـی: (**مَآ أَنفَقُـوا: هُـوَ الصَّدَاق**) ئـەوە مارەییـە، پێـم وایـە مارەیـی و جگـە لـە مارەییـش دەگرێتـەوە}، هـەر کاتێـک شـتێکتان لـە دەسـتچوو، لـە میانـی ئـەو ئافرەتانـەدا کـە دەسـتیان لـێ هەڵدەگـرن بـۆ لای کافـرەکان، ئێـوەش نـۆرەی زاڵبوونتـان بـوو (یاخـود: ئێـوەش دەسـکەوتتان لـێ گرتـن)، ئەوانـەی ژنەکانیـان ڕۆیشـتوون، (چوونـەوە بـۆ لای کافـرەکان لەبـەر ئـەوەی بڕوایـان نەهێنـاوە)، بـە ئەنـدازەی ئـەوە کـە خەرجییـان پێـوە کێشـاون، بیاندەنـێ، هەروەهـا بـا ئەوانیـش خەرجییەکەیـان داوا بکەنـەوە.

(إبن شهاب) دەڵێ: مەبەست ئەو ئافرەتەیە کە مسوڵمان دەبێ و مسوڵمانان مارەییەکەی دەگێڕنەوە بۆ بێبڕوایەکان، هەروەها ئەو ژنانەی مسوڵمانان تەڵاقیان دەدەن لە ئافرەتانی بێبڕوا کە لە لایانن، پێویستە مارەییەکەیان بۆ بێبڕوایان بگێڕنەوە، ئنجا ئەگەر بێبڕوایەکان مارەییەکیان لەو مارەییانەی دەبێ بۆ مسوڵمانانیان بگێڕنەوە، لەو ئافرەتە کافرانەی وازیان لێ هێناون، نەیانناردەوەو گێڕایانەوە، واتە: ئەگەر کافرەکان ئەو خەرجیی و مەسرەفەی دەبوو بۆ پیاوانی مسوڵمانی بگێڕنەوە، هی ئەو ئافرەتانەی دەستیان لێ هەڵگرتوون، بۆیان نەگێڕاونەوە، ئەو کاتە مسوڵمانانیش مارەیی ئافرەتێکی مسوڵمان کە هاتوون بۆ لایان، بۆ کافرەکانی ناگێڕنەوە.

ئەم گێڕراوەیەش تیشکێکی زیاتر دەخاتە سەر چەمک و واتای ئایەتەکان.

ئەوەی لە کۆی ئەو گێڕدراوانەش بۆمان دەردەکەوێ، ئەوەیە کە چوار ئافرەت لە لای بێبڕوایەکانەوە هاتوون بۆ لای پێغەمبەرو ﷺ مسوڵمانان، ئەویش لە کاتی صوڵحی حودەیبییەداو، لە گەرمەی صوڵحەکەدا، یاخود لە دوای صوڵحەکە، کە ئەمانە بوون:

١- (أُمُّ كُلثُومٍ بِنْتُ عُقْبَةَ بْنِ أَبِي مُعَيْطٍ) کە لە مێردەکەی ڕایکردبوو، مێردەکەشی عەمری کوڕی عاص بوو (أم كلثوم)یش جارێ هەر کچ بووە، لێی مارەکراوەو نەیگواستۆتەوە.

٢- (سُبَيْعَةُ الأَسلَمِيَّة) کە مێردەکەی (سيف بن راهب)، یاخود (مسافر المخزومي) بوو.

٣- (أميمة بنت بِشر) کە مێردەکەی (ثابت بن شمراخ)، گوتراویشە: (حسان بن دحداح) بووە.

٤- (زينب بنت رسول الله ﷺ)، کە هاوسەرەکەی (أبو العاص بن الربيع بن عبدالعُزّى) بوو، دوای چەند ساڵێک هەر هاوبەشدانەر بوو، بەڵام هات بۆ مەدینەو، لە مەدینە مسوڵمان بوو، دوایی پێغەمبەریش ﷺ زەینەبی کچی بۆ لای گێڕایەوە، خوا لە هەمووانیان ڕازی بێ.

ئنجا زانایان لەو بارەوە کە ئایا بە گرێبەستێکی تازەو مارەییەکی تازە، یان هەر لەسەر گرێبەستی پێشوو بووە؟! مشتومڕیان هەیەو زۆربەیان دەڵێن: هەر لەسەر گرێبەستی پێشوو بووە.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ لەم چوار ئایەتە: (١٠، ١١، ١٢، ١٣)ی کۆتایی سوورەتی (**المُمتَحَنة**)، یان (**الممتحِنة**)دا، بابەتێکی دیکە باس دەکات کە تایبەتە بە ئافرەتانەوەو دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٖ فَٱمْتَحِنُوهُنَّۖ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّۖ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەر کاتێک ئافرەتانی بڕوادار هاتنە لاتان بە کۆچکردوویی، تاقییان بکەنەوە، خوا زاناترە بە ئیمانەکەیان، واتە: تاقییان بکەنەوە داخۆ بەڕاستیی ئیمان پاڵی پێوەناون بێن، یاخود بۆ بەرژەوەندییەکی دیکە:

أ- مەدینەیان پێ خۆشترە.

ب- یان یەکێکیان لە مێردەکەی ڕایکردوە.

ج- یان یەکێکیان لە چەنگ باب و دایکی ڕایکردوە.

د- یان بۆ مەبەستێکی دیکەی جگە لە دینداریی و مسوڵمانەتیی هاتوون.

هیچ گومانی تێدا نیە کە ئەمە لە گەرمەی یان لە دوای صوڵحی حودەیبییەوەدا بووە، چونکە لە دوای فەتحی مەککەو ئازادکرانی مەککە، مەککەو مەدینەو شارەکانی دیکە هەموویان یەکسان بوون و، پێویستی نەکردوە هیچ کەس لە شوێنێکەوە کۆچ بکات بۆ شوێنێکی دی، وەک لە فەرمایشتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە: {**لا هِجْرَةَ بَعْدَ الفَتْحِ وَلَكِن جِهادٌ وَنِيَّة**}، (**أخرجه أحمد: ١٩٩١، وابن أبي شيبة:**

٣٦٩٣٠، البخـاري: ٢٦٣١، وأبـو داود: ٢٤٨٠، والترمـذي: ١٥٩٠، والنسـائي: ٤١٧٠) واتـە: لـە دوای ئازادکرانـی مەککـە کـۆچ کـردن نیـە، (هەمـووی بۆتـە مەنزڵگای ئیسـلام)، بەڵکـو تێکۆشـان لـە ڕێـی خـواداو نیـەت سـاغییە.

﴿ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ ﴾، ئنجا ئەگـەر ئـەو ئافرەتانەتـان زانـی بـڕوادارن، بۆتـان دەرکـەوت بـڕوادارن، مەیانگێڕنـەوە بـۆ لای بێبڕوایـەکان، ﴿ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ﴾، نـە ئـەو ئافرەتانـە بـەوان دەشـێن، نـە ئـەو پیاوانـەش بـەو ئافرەتانـە دەشـێن، ﴿ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُوا۟ ﴾، بـە مێردەکانیـان بدەنـەوە، ئـەو مەسرەفـەی لێیـان کـردوون، ئەگـەر مارەییـە، یـان هـەر شـتێکی دیکەیـە، بۆیـە فەرموویەتـی: ﴿ مَّآ أَنفَقُوا۟ ﴾، ئەگەرنـا دەیتوانـی بفەرمـوێ: (**وَءَاتُوهُـنَّ مُهُورَهُـنَّ**) یـان (**وَءَاتُوهُـنَّ أُجُورَهُـنَّ**)، بـەڵام دەفەرمـوێ: ئـەوەی لێیـان خـەرج کـردوون لـەو ئافرەتانـە، ئنجا مارەییـە، یـان هـەر شـتێکی دیکەیـە، بۆیـان بگێڕنـەوەو بیاندەنـەوە.

﴿ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ﴾، گوناهیشـتان ناگاتـێ ئـەو ئافرەتانـە بێنـن، هاوسـەرگیرییان لەگـەڵ بکـەن، هـەر کات مارەییتـان پێـدان، لێـرەدا بۆیـە وای فەرمـووە، تاکـو مسـوڵمانان وانەزانـن ئـەو ئافرەتـەی هاتـوە بـۆ لایـان و مارەییەکـەی دەگێڕنـەوە بـۆ مێردەکـەی، مارەییـە گێڕراوەکـە دەبێتـە مارەیـی خۆیشـی، بەڵکـو هەرکـەس بیـەوێ هاوسـەرگیریی لەگـەڵ یەکیانـدا بـکات، دەبـێ مارەیـی بداتـێ.

﴿ وَلَا تُمْسِكُوا۟ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ ﴾، دەسـتیش مەگـرن بـە گرێبەسـتی ئافرەتانـی بێبـڕواوە، (**كَوافِـر**) کـۆی (**كَافِرَة**)یـە، (**عِصَم**)یـش کـۆی (**عِصْمَة**)یـە، یـانی: (**عقـد**)، گرێبەسـت، گرێبەسـتی نیـکاح، (**عقـد النـكاح**)، ئێـوەش دەسـتگرتوو مەبـن بـە گرێبەستی هاوسـەرگیرییەوە لەگـەڵ ئافرەتانـی بێبـڕوادا، واتـە: وەک چـۆن ئافرەتـە بـڕوادارەکان بـە مێـردە کافرەکانیـان ناشـێن، ئافرەتـە بێبڕوایەکانیـش بـە مێـردە مسـوڵمانەکانیان ناشـێن.

﴿ وَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقۡتُمۡ وَلۡيَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، ئێــوەش ئــەوەی خەرجتــان کــردوە، ئــەو مەسرەفــەی پێتانــەوە کێشــاون، ئەگــەر مارەییــە یــان هــەر شــتێکی دیکەیــە، داوای بکەنــەوە، بــا ئەوانیــش ئــەو مــەسرەف و خەرجییــەی بــۆ ئــەو ژنانەیــان کێشــاویانە کــە هاتــوون بــۆ لای ئێــوە، داوای بکەنــەوە.

﴿ ذَٰلِكُمۡ حُكۡمُ ٱللَّهِ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ ﴾، ئــا ئەوەتــان بڕیــارو حوکمــی خوایــە لــە نێوانتانــدا بڕیــاری داوە، ﴿ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾، خــواش زانــای کاربەجێیــە.

﴿ وَإِن فَاتَكُمۡ شَيۡءٞ مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ إِلَى ٱلۡكُفَّارِ ﴾، ئەگــەر شــتێکتان لــە دەســتچوو لــە میانی هاوســەرانتاندا (کــە مســوڵمان نابــن و، دەچنــەوە) بــۆ لای کافــرەکان، ئەگــەر ماڵێکــی ئێوەیــان لەگــەڵ خۆیــان بــرد، ســەروەت و ســامانێکیان بــرد بــۆ لای بێبڕوایــەکان، ﴿ فَعَاقَبۡتُمۡ ﴾، ئێــوەش دوایــی تۆڵەتــان ســتاندەوە، یــان ئێــوەش دوایــی نــۆرەی زاڵبوونتــان هەبــوو، یاخــود ئێــوەش دوایــی دەســتکەوتتان بــوو، ﴿ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتۡ أَزۡوَٰجُهُم مِّثۡلَ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، ئەوانــەی ژنەکانیــان ڕۆیشــتوون، بــە ئەنــدازەی ئــەوە کــە خەرجییــان پێیانــەوە کێشــاوە، مارەییــە، یــان هــەر شــتێکی دیکەیــە، بیاندەنــێ و بۆیــان قەرەبــوو بکەنــەوە، ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِيٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤۡمِنُونَ ﴾، پارێزیــش لــەو خوایــە بکــەن کــە ئێــوە پێــی بــڕوادارن.

لێرەدا پێویســتە ئــەوە بزانیــن کــە لــە پێکهاتــن و صوڵحــی حودەیبییەدا - کە پێشــتر لــە کاتــی تەفســیر کردنــی ســووڕەتی (الفتــح)دا هێنامــان - یەکێــک لــە بڕگەکانــی ئــەوە بــووە کــە هــەر پیاوێــک لــە بێبڕوایــەکان بچــێ بــۆ لای پێغەمبــەری خــوا ﷺ بــا مســوڵمانیش بووبــێ، مولزەمــە بیگێڕێتــەوە، بــەڵام ئەگــەر یەکێــک لــە مســوڵمانان پەیوەســت بــووە بــە کافــرەکان و هەڵگەڕاوەیــەوە، ئــەوان مولــزەم نیــن بیگێڕنــەوە، لــە ئەصڵــی ئیتتیفاقیەکــەدا ئــاوا هاتــوە، {هەرچەنــدە ئێمــە لێــرەدا ڕیوایەتێکــمان هێنــاوە دەڵــێ: کافرەکانیــش مولــزەم بــوون ئــەوەی دێ بــۆ لایــان لــە لایــەن پێغەمبــەرەوە ﷺ بیگێڕنــەوە، بــەڵام (**إبــن شــهاب**) لــەوەدا نەیپێــکاوە}، بــەڵام بــە نســبەت ئافرەتانــەوە، حاڵەکــە جیــاواز بــوو، چونکــە لــە گەرمــەی صوڵحەکــەدا بــوون کــە: (**أُمُّ كُلْثُومِ بِنْتُ**

عُقْبَةَ بْـنِ أَبِي مُعَيْـطٍ) هـات و برایەکانـی هاتـن گوتیـان: ئێسـتا مەرەکەبەکـەی ڕێککەوتننامەکـەی پـێ نـووسراوە، وشـک نەبۆتـەوە، ئنجا ئـەو خوشـکەمان تەسـلیم بکـەوە! خـواش ﷻ یەکسـەر ئـەم دوو ئایەتـەی دابەزانـدن، کـە ئەگـەر ئافرەتانـی بـڕوادار بـە کۆچکردوویـی هاتنـە لاتـان، تاقییـان بکەنـەوە، خـوا بـە ئیمانیـان زاناتـرەو، ئەگـەر زانیتـان بـڕوادارن، مەیانگێڕنـەوە بـۆ لای کافـرەکان، پێغەمبەریـش ﷺ فەرمـووی: ئافرەتەکانتـان بـۆ لا ناگێڕینـەوە، گوتیـان: ئاخـر ئێمـە ڕێککەوتنـمان وا کـردوە! فەرمـووی: ڕێککەوتـن تەنیـا باسـی پیاوانـەو، باسـی ئافرەتانـی تێدانیـەو، ئێمـە مولـزەم نیـن و، خـوای کاربەجێـش بڕیـاری داوە!

(سـبحان اللـه)! ئـەم قورئانـە ئـاوا دابەزیـوە، هـەر ئایەتـە لـە شـوێنی خـۆی و، بـۆ چارەسـەری گرفتێـک کـە هاتۆتـە پێـش مسـوڵمانان، بـەو جـۆرە خـوا ﷻ بڕیـاری دا، بـەڵام بڕیارێکـی شایسـتەی خـوا، ئەوپـەڕی دادگەرانـە: وەک چـۆن ئافرەتێـک کـە دێ بـۆ لاتـان، بـڕوای هێنـاوەو کۆچـی کـردوە بـۆ لای ئێـوە، مولزەمـن مارەیـی و مەسرەفێـک کـە مێردەکـەی لێـی کـردوە، بـۆی بگێڕنـەوە، هەروەهـا ئەگـەر یەکێک لە ئێـوەش ژنەکـەی ڕایکـرد بـۆ لای بێبڕوایـەکان، ئنجـا چ مسـوڵمان بـوو هەڵگەڕایـەوە، چ هـەر مسـوڵمان نەبـوو بـوو، یـان هـەر لـە مەککـە بەوانـەوە پەیوەسـت بـوو، ئەوانیـش مولزەمـن لـە بەرانبـەردا مارەیـی و مەسرەفەکەیشـیان بـۆ بگێڕنـەوە، ئەگـەر شتێکیشـتان لـە دەسـتچوو، ئێـوە دوایـی دەسـتکەوتتان بـوو، ئـەو کەسـەی شـتەکەی لەدەسـتچووە، بـۆی قەرەبـوو بکەنـەوە، ئنجـا وەک چـۆن ئـەو ئافرەتـە مسـوڵمانەی کـۆچ دەکات و دێ بـۆ لای ئێـوە، نایگێڕنـەوە، چونکـە بـەو پیـاوە ناشـێ کە لە دەسـتی ڕایکـردوەو بێبڕوایـە، پیاوەکـەش بـەو ناشـێ، بـە هەمـان شـێوە: ئێـوەش دەسـتگرتوو مەبـن بـە گرێبەسـتی هاوسـەرگیریی ئـەو ئافرەتانـەوە کـە بێبـڕوان، چونکـە ئەوانیـش بـە ئێـوە ناشـێن و، ئێـوەش دیسـان بـەوان ناشـێن.

ئنجـا خـوا ﷻ باسـی بابەتێکـی دیکـە دەکات، کـە بریتیـە لـە پەیـمان وەرگرتنـی پێغەمبـەری خاتـەم موحەممـەد ﷺ لـە ئافرەتانـی بـڕوادار، بـە پێـی ئـەو ڕیوایەتانـەی

هێناومانـن، ئـەم پەیـمان وەرگرتنـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ئافرەتانـی بـڕوادار لـە دوای ئازادکرانـی مەککـەو، سـەرکەوتنی مسـوڵمانان بـووە بەسـەر هاوبـەش بۆخوادانەرانـی شـاری مەککـەدا.

چونکـە لـە نێـو ئەوانـەدا کـە پەیمانیـان داوە بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ، هینـدی کچـی عوتبـە هەبـووە، هاوسـەری ئەبـوو سـوفیان، گومانیشـی تێدانیـە ئەبوو سـوفیان خۆشـی و هاوسەرەکەشـی لـە دوای ئازادکردنـی مەککـە مسـوڵمان بـوون، کەواتـە: ئـەم ئایەتـە موبارەکـە دوای ئازادکرنـی مەککـە دابەزیـوەو، ئـەو پەیـمان وەرگرتنـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ئافرەتـان، دوای ئازادکردنـی مەککـە بـووە.

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ ﴾، ئـەی پێغەمبـەر ﷺ! هـەر کاتێـک ئافرەتانـی بـڕوادارت هاتنـە لا، پەیمانـت پێـدەدەن، کەواتـە: پەیـمان پێدانەکـە بـۆ ئیـمان هێنـان نەبـووە، چونکـە فەرموویـەتی: ﴿ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ ﴾، بەڵکـو پێشـتر ئیمانیـان هێنـاوە، بـەڵام ئـەو پەیـمان پێدانـە، بـۆ جەختکردنـەوەی پابەندییـان بـووە بـە شـەریعەتەوەو، پەیـمان و گرێبەسـتێکی کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی بـووە، بـۆ ئـەوەی بزانـدرێ: وەک چـۆن پێویسـتە پیـاوان پەیـمان بـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـدەن، ئافرەتانیـش لەسـەریان پێویسـتە پەیـمانی پـێ بـدەن، وەک سـەرۆکی ئـەو دەوڵـەت و قـەوارە سیاسـییەیان، ﴿ يُبَايِعْنَكَ ﴾، پەیـمان بـە تـۆ دەدەن، بەڵێنـت پێـدەدەن، ﴿ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾، لەسـەر ئـەوەی هیـچ شـتێک نەکەنـە هاوبـەش بـۆ خـوا، ﴿ وَلَا يَسْرِقْنَ ﴾، هەروەهـا دزیـی نەکـەن، ﴿ وَلَا يَزْنِينَ ﴾، هەروەهـا زینـا و داوێنپیسـیی نەکـەن، ﴿ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ ﴾، منداڵەکانـی خۆشـیان نەکـوژن، ﴿ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ ﴾، بوختانێکیـش نەکـەن، هەڵیبەسـتن لـە نێـوان دەسـتەکانیان و لاقەکانیانـدا، (**البُهتـان: الكَـذِبُ الَّـذِي يُبْهِـتُ سَـامِعهُ**) بوهتـان ئـەو درۆیەیـە بیسـەرەکەی سەرسـام دەکات، هێنـدە درۆیەکـی گـەورەو شـاخدارو بێرەزایـە، هەندێـک لـە زانایـان گوتوویانـە: مەبەسـت لـە (**بهتـان**) درۆیـە، لەبـەر ئـەوەی درۆیـەک کـە دەکـرێ بـە زاریـان دەیکـەن،

زاری مرۆڤیش دەکەوێتە نێوان دوو دەستەکانی و دوو پێیەکانیەوە، هەندێکیش گوتوویانە: لێرەدا مەبەست پێی ئەوەیە: با بە درۆ منداڵی جگە لە خۆیان پاڵنەدەنە لای مێردەکانیان واتە: منداڵی جگە لە خۆ نەکەنە هی خۆ، وەک لەم ڕۆژگارەدا ڕوویداوەو، لەو شوێنانەدا کە ئافرەتان منداڵیان بووە، جاری وایە ژنێک منداڵی ئافرەتێکی دیکەی، کردۆتە هی خۆی، یان ئەوانەی لەوێ بوون، بۆیان گۆڕیوە، یاخود منداڵی کەسێکی دیکە کە فڕێدراوە، یان هەرچۆنێک بکەوێتە دەستی، هەڵیگرێتەوەو بە مێردەکەی بڵێ: ئەو منداڵەم لە تۆیەو، بە جۆرێک لە جۆرەکان مێردەکەی چەواشە بکات، ﴿ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ ﴾، هەروەها با ئافرەتان لە شتی پەسەندا سەرپێچییت نەکەن ئەی پێغەمبەر ﷺ! ئاوا پەیمانت پێدەدەن، ﴿ فَبَايِعْهُنَّ ﴾، تۆش پەیمانیان لێ وەربگرە، ﴿ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ ﴾، داوای لێبوردنیشیان بۆ لە خوا بکە، بۆ کەم و کوڕیی و گوناهیان کە بووەو دەبێ، ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴾، بە دڵنیایی خوا لێبووردەی بە بەزەییە.

لە کۆتایی دا جارێکی دیکە، خوا ﷻ ڕوو لە بڕواداران دەکات، بۆ هەمان مەبەستی کە تەوەری سەرەکیی ئەم سوورەتە موبارەکەیەو، بریتیە لە دووریی گرتن لە دۆستایەتیی کردن لەگەڵ بێبڕوایانێکدا کە دژی ئیسلام و مسوڵمانانن، نەک بێبڕوایانێکی تەباو سەلامەت، بەڵکو ئەگەر تەبابن، دەبێ چاکەکارییشیان لەگەڵدا بکرێ لەلایەن مسوڵمانانەوە، چونکە مسوڵمانان دەبێ لەگەڵ هەموو کەسدا خۆشخولق و چاکەکارو چاکڕەفتارو هاوکاربن، وەک پێشتریش باسمان کرد، خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَوَلَّوْاْ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! دۆستایەتیی کۆمەڵێک مەکەن کە خوا لێیان تووڕە بووە، هەندێک گوتوویانە: لێرەدا مەبەست پێی جوولەکەکانە، بەڵام لە ڕاستییدا خوا بەس لە جوولەکان تووڕە نیە، بەڵکو خوا لە هەرچی بێبڕوایەو لە هەرچی دوژمنی خوایە، تووڕەیە، واتە: هەموو ئەوانەی ئەهلی کوفرن و خەشم و تووڕەیی خوایان هاتۆتە سەر، دۆستایەتیی و نیزیکییان مەکەن، لەبەرچی؟

﴿ قَدْ يَئِسُوا۟ مِنَ ٱلْآخِرَةِ ﴾، ئەوانـە لـە ڕۆژی دوایـی، لـە مەنزڵـگای کۆتایـی نائومێـد بـوون، ﴿ كَمَا يَئِسَ ٱلْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَـٰبِ ٱلْقُبُورِ ﴾، وەک چـۆن بێبڕوایان، لە خاوەن گۆڕەکان نائومێـد بـوون، کـە جارێکـی دیکـە زینـدوو ببنـەوەو، پێیـان وایـە زیندووونابنـەوە، یـان پێیـان وایـە: نایەنـەوە بـۆ دنیـاو ئـەوەش وایـە، یاخـود: ﴿ كَمَا يَئِسَ ٱلْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَـٰبِ ٱلْقُبُورِ ﴾، وەک چـۆن هاوەڵانـی گـۆڕەکان لـە بێبڕوایـان نائومێـد بـوون لـە بەزەیـی خـوا، دوای ئـەوەی مـردوون و، بۆیـان دەرکەوتـوە، بەزەیـی خـوا ئـەوان ناگرێتـەوە، وەک چـۆن ئـەوان نائومێـد بـوون، ئـەو بێبڕوایانـەش کـە خـوا لێیـان تـووڕە بـووە، نائومێـدن لـە مەنزڵـگای کۆتایـی، بۆیـە بـە کەڵکـی دۆسـتایەتیی و نیزیکیـی ئێـوە نایـەن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا ﷻ بە بڕواداران، کە هەر کات ئافرەتانێکی بڕوادار کۆچیان بۆلا کردن، تاقییان بکەنەوەو، ئەگەر زانییان بڕوادارن، نەیانگێڕنەوە لای کافرەکان، چونکە هیچ کامیان بە یەکدی ناشێن و، خەرجییەکانیشیان بۆ بگێڕنەوە، ئنجا دوای مارەیی پێدانیان، دروستە بیانهێنن، بەڵام نابێ پیاوانی بڕواداریش ژنانی کافر لە لای خۆیان بهێڵنەوەو، با هەردووک لایان داوای خەرجییەکانیشیان بکەنەوەو، ئەگەر یەکێک لە مسوڵمانانیش زیانێکی لێکەوت، بە هۆی ڕۆیشتنی ژنە کافرەکەیەوە بۆ لای بێبڕوایان، پێویستە لە کاتی سەرکەوتن و دەستکەوت هاتنە دەست دا، بۆی قەرەبوو بکەنەوە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ۖ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ ۖ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ ۖ لَا هُنَّ حِلٌّ لَّهُمْ وَلَا هُمْ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ۖ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ أَن تَنكِحُوهُنَّ إِذَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ۚ وَلَا تُمْسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلْكَوَافِرِ وَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقْتُمْ وَلْيَسْـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ۚ ذَٰلِكُمْ حُكْمُ ٱللَّهِ ۖ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿١٠﴾ وَإِن فَاتَكُمْ شَىْءٌ مِّنْ أَزْوَٰجِكُمْ إِلَى ٱلْكُفَّارِ فَعَاقَبْتُمْ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُواْ ۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم دوو ئایەتە، لە هەژدە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە!

٢)- ﴿ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ﴾، هەر کاتێک ئافرەتانی بڕوادار بە کۆچکردوویی هاتنە لاتان، تاقییان بکەنەوە، (فَامْتَحِنُوهُنَّ: فَاخْتَبِرُوهُنَّ، جَرِّبُوهُنَّ) تاقییان بکەنەوە، بیانجەڕبێنن، دوایی باسی چۆنیەتیی تاقیکردنەوەکە دەکەین.

٣)- ﴿ ٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ ﴾، خوا زاناترە بە بڕوایەکەیان، واتە: زانیاریی تەواو و جێی دڵنیایی تەنیا لە لای خوایەو، ئێوە بە تەمای ئەوە مەبن، کە زیاتر لە گومانی زاڵتان لە بارەیانەوە دەست بکەوێ، چونکە ئێوە بەس ڕواڵەتەکەیان دەبینن، بەڵام خوا زاناترە بە ڕەهایی بە ئیمانەکەیان، ئێوەش بە ئەندازەی ئەوەی کە بەشەر دەتوانێ شتێک بپشکنێ و هەڵیکۆڵێ و، بۆی دەرکەوێ داخۆ چۆنە؟ بەوەندە ئیکتیفا بکەن.

٤)- ﴿ فَإِنۡ عَلِمۡتُمُوهُنَّ مُؤۡمِنَٰتٖ ﴾، ئنجا ئەگەر زانیتان ئەو ئافرەتانە بڕوادارن، (**عَلِمْتُمُوهُنَّ: أي ظَنَنتُمُوهُنَّ بِالظَّنِّ الرَّاجِحِ**) واتە: گومانی زاڵتان هەبوو کە ئەوانە بڕوادارن، چونکە زانیاریی دڵنیاکەر بەس لە لای خوایە، گومانی زاڵیش بە جۆرێک لە زانیاریی دادەنرێ و، لە بواری هەڵس و کەوت و یاسا کردەییەکان دا، مامەڵە بە زۆریی بەو جۆرە زانیارییە دەکرێ.

٥)- ﴿ فَلَا تَرۡجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلۡكُفَّارِ ﴾، مەیانگێڕنەوە بۆ لای بێبڕوایەکان (**أي: أزوَاجِهِنَّ الكَافِرِين**)، مەیانگێڕنەوە بۆ لای مێردە کافرەکانیان.

٦)- ﴿ لَا هُنَّ حِلّٞ لَّهُمۡ ﴾، نە ئەو ئافرەتانە بەوان دەشێن و، بۆیان حەڵاڵ و ڕەوان.

٧)- ﴿ وَلَا هُمۡ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ﴾، نە ئەو مێردە کافرانەش بەو ئافرەتە بڕوادارانە دەشێن و بۆیان ڕەوان.

ئایا بۆچی خوا ﷻ ئاوای فەرمووە؟ ﴿ لَا هُنَّ حِلّٞ لَّهُمۡ وَلَا هُمۡ يَحِلُّونَ لَهُنَّ ﴾، بۆ ئەوەی هیچ تەم و مژ بەسەر ئەوەوە نەمێنێ و، پێیان وانەبێ هەر ئافرەتەکان بەوان ناشێن، ئەگەرنا پیاوەکان بەوان دەشێن، نەخێر! نە ئافرەتەکان بەوان دەشێن، نە پیاوەکانیش بەو ئافرەتانە دەشێن، ئەوە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەیە، کە هیچ کامیان بە هیچ کامیان ناشێن.

ئنجا ئایا چۆنیەتیی ئەو تاقیکردنەوەیە چۆن بووە؟ لەو بارەوە ئەم دەقە دێنین:

{عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ ، فِي قَوْلِهِ: ﴿إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ﴾، قَالَ كَانَ إِذَا جَاءَتِ الْمَرْأَةُ النَّبِيَّ ﷺ حَلَّفَهَا عُمَرُ بْنُ الخطَّاب بِاللَّهِ: مَا خَرَجْتُ مِنْ بُغْضِ زَوْجٍ، وَبِاللَّهِ مَا خَرَجْتُ رَغْبَةً عَنْ أَرْضٍ إِلَى أَرْضٍ، وَبِاللَّهِ مَا خَرَجْتُ الْتِمَاسَ دُنْيَا، وَبِاللَّهِ مَا خَرَجْتُ إِلَّا حُبًّا لِلَّهِ وَرَسُولِهِ}(أخرجه البزار: ٢٢٧٢، والطبري: ٣٣٩٥٧، وابن المنذر، والطبراني في الكبير، وابن مردويه بسند حسن، كما قال السيوطي).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەبباس لە بارەی فەرمایشتی خواوە کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ﴾، گوتوویەتی: یەکێک لە ئافرەتەکان کە دەهاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ، عومەری کوڕی خەتتاب سوێندی دەدا بە خوا، دەیگوت: بڵێ: سوێند بە خوا لەبەر ئەوە کۆچم نەکردوە کە ڕقم لە مێردەکەمە، بە خوا لەبەر ئەوە دەرنەچووم کە سەرزەمینێکم پێ خۆشتر بێ لە سەرزەمینێک (واتە: مەدینەی پێ خۆشتر بێ لە مەککە)، هەروەها بە خوا لەبەر ئەوە دەرنەچووم، دنیام دەست بکەوێ، (لەبەر تەماعێکی دنیایی)، هەروەها بە خوا دەرنەچووم، مەگەر لەبەر خۆشەویستیی خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ.

(تاقیکردنەوەکە بەو شێوەیە بووە).

بەڵام خوا بە گشتیی فەرموویەتی، هەڵبەتە ئەمە میکانیزمێک بووەو ڕەنگە میکانیزمی دیکەشیان بووبن، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ﴾، تاقییان بکەنەوە، شێوەی تاقیکردنەوەکەش بەس ئەو سوێندانە نەبوون، بەڵام ئەوەش شێوەیەک بووەو شێوەی دیکەشی بووە، هەر چۆنێک بۆیان دەرکەوتبێ بڕوادارن، بۆیان نەبووە بیانگێڕنەوە بۆ لای مێردە کافرەکانیان.

٨)- ﴿ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُوا۟ ﴾، ئەو خەرجییەش کە مێردەکانیان کێشاویانە، بیاندەنەوە، بۆچی خوا نەیفەرموە: (**وَءَاتُوهُم مُهُورَهُنَّ أو أُجُورَهُنَّ**)؟ مارەیی ژنەکان بدەنەوە بە مێردە کافرەکانیان؟ یەکێک لە ڕوونکەرەوانی قوڕئان دەڵێ: لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتانەی

ڕایانکردوە لە مێردەکانیان، تازە ژنی ئەوان نین، تاکو ئەوەی پێیان داون بە مارەیی لە قەڵەم بدرێ و، خوای پەروەردگار ناوی لێ بنێ مارەیی (**مهر و أجر**).

بەڵام من وای تێدەگەم، بۆیە خوا وای فەرمووە، تاکو تەنیا مارەیی نەگرێتەوە، ئەگەرنا دەگونجێ بڵێی: ئێستا ئەو ژنە هاوسەری ئەو مێردە کافرەی نەماوە، بەڵام بە ئیعتیباری ڕابردوو، ئەوەی پێیداوە لە مارەیی، هەر بە مارەیی لە قەڵەم دەدرێ، بۆیە ئەو پاساوەم پێ بەجێ نیە، بەڵکو بۆیە خوا فەرموویەتی: ﴿ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ ﴾، لە هەموویدا هەر وا دەفەرموێ: ﴿ وَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقۡتُمۡ وَلۡيَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، هەروەها دواییش دەفەرموێ: ﴿ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتۡ أَزۡوَٰجُهُم مِّثۡلَ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، هەمووی هەر (**أنفقوا**)یە واتە: خەرجیی کێشان و مەسرەف لێکردن، بە بۆچوونی من حیکمەتەکەی ئەوەیە: هەم مارەیی بگرێتەوە، هەم جگە لە مارەییش بگرێتەوە، جاری وا هەیە مێردێک زیاتر لە مارەیی دەدات بە ژنەکەی وەک دیاریی، یان مەسرەفێکی دیکەی دەکێشێ، ئنجا مسوڵمانان مولزەمن بەوەی هەرچی خەرجییەک ئەو مێردە کافرە بەو ژنە ڕاکردووەی خۆیەوە، کە بڕوای هێناوە، کێشاویەتی، بۆی بگێڕنەوە، واتە: بۆیە وشەی مارەیی کە بە (**مهر**) هاتوە لە قورئانداو، بە (**مهور**) کۆ دەکرێتەوەو، بە (**أَجْر**)یش هاتوە کە کۆیەکەی (**أُجُور**)ە، ئەو وشەیە بەکارنەهاتوە، لەبەر ئەو حیکمەتەی گوتمان، کە هەم مارەیی بگرێتەوە، هەم مەسرەفەکانی دیکەش و دیارییەکانی دیکەش بگرێتەوە، هەڵبەتە دەوڵەتی ئیسلامیی ئەو ئەرکە وە ئەستۆ دەگرێ، نەک هەر کەسێک و کەسەکان بە شێوەی کەس مامەڵە بکەن، بە بەڵگەی ئەوە کە دوایی دەفەرموێ: ﴿ وَإِن فَاتَكُمۡ شَيۡءٞ مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ إِلَى ٱلۡكُفَّارِ فَعَاقَبۡتُمۡ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتۡ أَزۡوَٰجُهُم مِّثۡلَ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، ئەگەر شتێکتان بە هۆی ژنەکانتانەوە لە دەستچوو بۆ لای کافرەکان، دوایی ئێوە تۆڵەتان وەرگرتەوە، یاخود دەسکەوتتان بوو، یاخود نۆرەی ئێوە بوو زاڵ بوون، ئەوانەی ژنەکانیان ڕۆیشتوون، بە ئەندازەی ئەوەی خەرجییان کێشاوە، بۆیان قەرەبوو بکەنەوە، ئەوەش کاری دەوڵەتە.

کەواتـە: ﴿ وَءَاتُوهُم مَّآ أَنفَقُواْ ﴾، بـە مێردەکانیـان بدەنـەوە هـەر خەرجییـەک کـە کێشـاویانە، مارەیـی و جگـە لـە مارەییـش دەگرێتـەوە.

٩)- ﴿ وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ أَن تَنكِحُوهُنَّ ﴾، گوناهیشتان ناگاتێ هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکەن، واتە: ئەو ئافرەتانەی کۆچیان کردوە بۆ لای ئێوەو، مێردە کافرەکانیان بەجێهێشتوون و بڕوایان هێناوە، ئێوە گوناهتان ناگاتێ، هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکەن و مارەیان بکەن.

١٠)- ﴿ إِذَآ ءَاتَيۡتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ ﴾، هەر کات مارەییەکانیانتان پێدان، ئەمەش بۆ ئەوەی وا نەزانرێ، ئەو قەرەبووەی مێردە کافرەکەی کە دەکرێتەوە، لە جیاتی مارەییەکەیەتی! نا، دەوڵەتی ئیسلامیی قەرەبووی مێردە کافرەکەی دەکاتەوە، ئەو مەسرەفەی بۆ ژنەکەی کێشاوە، بۆی ڕەت دەکاتەوە، چونکە ماڵەکە هەر ماڵی خۆیەتی، ژنەکە ئەوە بڕوای هێناوەو پێی ناشێ، بەڵام ماڵەکە هەر هی خۆیەتی، بۆیە پێویستە ئەوەی هی خۆیەتی و بۆی ڕەوایە، بۆی ڕەوان بکرێتەوە، بەڵام ئەوەی پێی ناشێ و بۆی ڕەوا نیە، گل دەدرێتەوەو، دەبێ دەوڵەتی ئیسلامیی ئەوە قەرەبوو بکاتەوە، ئنجا بۆ ئەوەی وا نەزانرێ، ئەو قەرەبوو کردنەوەی مێردە کافرەکە، دەبێتە مارەیی ژنەکەش، کە پیاوێکی مسوڵمان بیەوی هاوسەرگیریی لەگەڵ بکات، بۆیە دەفەرمویێ: هەر کاتێک مارەییەکانیانتان پێیاندا، بۆتان هەیەو گوناهتان ناگاتێ هاوسەرگیرییان لەگەڵدا بکەن.

١١)- ﴿ وَلَا تُمۡسِكُواْ بِعِصَمِ ٱلۡكَوَافِرِ ﴾، ئێوەش دەست بە گرێبەستی ژنە کافرەکانتانەوە، مەگرن، (**تُمْسِكُوا**) بە چەند جۆرێک خوێندراوەتەوە: أ- (**تُمْسِكُوا**)، ب- (**تَمَسَّكُوا**)، ج- (**تَمْسَكُوا**)، (**تَمَسَّكُوا**)ش لە ئەصڵدا (**تَتَمَسَّكُوا**)یەو، هەمووی واتە: دەست مەگرن، ﴿ بِعِصَمِ ٱلۡكَوَافِرِ ﴾، (**عِصَم**) کۆی (**عِصْمَة**)یە، (**عِصْمَة**): بریتیە لە گرێبەست، واتە: ئێوەش دەستگرتوو مەبن و دەست مەگرن بە گرێبەستی ئافرەتانی بێبڕواوە، (**كَوَافِر**) کۆی (**كَافِرَة**)یە، واتە: ئافرەتی بێبڕوا، واتە: ژنەکانی ئێوەش ئەگەر ئامادە نەبوون لەگەڵ ئێوەدا ئیمان بێنن، {چونکە هەبووە کۆچی کردوە بۆ مەدینەو ژنەکەی جارێ هەر کافر بووە، یاخود ژنە کافرەکەی لە مەککە بەجێماوە}، ئێوەش دەست مەگرن بە گرێبەستی

هاوسەرگیریی ئافرەتە بێبڕواکانتانەوەو دەستیان لێ بەردەن، ئەو گرێبەستەش بۆیە پێی گوتراوە: (عِصْمَة) کە بە (عِصَم) کۆ دەکرێتەوە، چونکە: (عِصْمَة: مَا يُعْتَصَمُ بِهِ)، (عصمة) شتێکە دەستی پێوە بگیرێ.

١٢)- ﴿ وَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقۡتُمۡ ﴾، ئێوەش داوای ئەوە بکەنەوە کە خەرجتان کردووە (بۆ ژنە کافرەکانتان)، ئێوەش کە دەستگرتوو نابن بە گرێبەستی ژنە کافرەکاتانەوە، بۆتان هەیە ئەوەی مەسرەفتان کردوە، ئنجا مارەییە، یان هەر شتێکی دیکەیە، داوای بکەنەوە، هەڵبەتە ئەمە لە ماوەی صوڵحی حودەیبییەدا بووەو، پەیماننامەیان لە بەیندا بووەو، بە پێی پەیماننامەکە هەر تەرەفێک پابەند بووە کە هەقی تەرەفی دیکە ڕەت بکاتەوە، بۆیە دەفەرموێ: ﴿ وَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقۡتُمۡ ﴾، ئێوەش کە خەرجییتان بە ژنەکاتانەوە کێشاوە، کاتێک دەستیان لێ بەردەدەن و دەچنەوە لای کافرەکان، داوای ئەو خەرجیی و مەسرەفە بکەنەوە.

١٣)- ﴿ وَلۡيَسۡـَٔلُواْ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، با ئەوانیش ئەوەی مەسرەفیان کردووەو خەرجییان کێشاوە، داوای بکەنەوە.

١٤)- ﴿ ذَٰلِكُمۡ حُكۡمُ ٱللَّهِۖ يَحۡكُمُ بَيۡنَكُمۡ ﴾، ئا ئەوەتان حوکمی خوایە، لە نێوانتاندا بڕیار دەدات و دادوەریی دەکات، واتە: ئەی مسوڵمانینە! پێوەی پابەندبن.

١٥)- ﴿ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴾، خواش زانای کاربەجێیە.

١٦)- ﴿ وَإِن فَاتَكُمۡ شَيۡءٞ مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ إِلَى ٱلۡكُفَّارِ ﴾، ئەگەر شتێکیشتان (لە ماڵ و سامان) لە میانی ژنەکانتاندا لە دەستچوو بۆ لای کافرەکان، هەندێک لە ڕوونکەرەوانی قورئان گوتوویانە: بۆیە فەرموویەتی: ﴿ شَيۡءٞ مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ ﴾، لەبەر ئەوە ئەو ژنەی دەچێتەوە بۆ لای کافران و کۆمەڵگای ئیسلامیی بەجێ دەهێڵێ، وەک شتە، لە نرخ و بەهای خۆی زۆر دابەزاندوەو وەک شتێکی کەم بایەخە، هەندێک وای لێ حاڵیی بوون.

بەڵام من وای لێ تێدەگەم کە لێرەدا مەبەست پێی ئافرەتەکە نیە: ﴿ وَإِن فَاتَكُمۡ شَيۡءٞ مِّنۡ أَزۡوَٰجِكُمۡ ﴾، ئەگەر ئێوە ئەندازەیەک لە ماڵ و سامانتان لە دەستچوو

لـە لایـەن ژنەکانتانـەوە، واتـە: لـە لایـەن ئـەو ژنانەتانـەوە کـە ڕادەکـەن بـۆ لای کافـرەکان، دەچنـەوە بـۆ لایـان، ئـەوە چـۆن تەگبیـر بکـرێ؟

١٧)- ﴿ فَعَاقَبْتُمْ ﴾، ئێوەش دەستکەوتتان بوو، (**عاقبتهم**): بە: (**غَنِمْتُم**) لێکدراوەتەوە، واتە: دەسکەوتتان هاتە دەست.

أ- هەندێکیان گوتوویانە: (**أَصَبْتُم مِنهُم عُقْبَة**) واتە: سەرەنجام بۆ ئێوە بوو.

ب- (**فَعَلتُم مَا فُعِلَ بِكُم أي: ظَفَرتُم**)، ئێوە بەسەریاندا زاڵ بوون، دەگوترێ: (**العُقبةُ لِفُلان أي: العَاقِبَة والغَلَبَة**)، واتە: زاڵبوون هی فڵانکەسە.

ج- هەندێکیش گوتوویانە: (**فَعَاقَبْتُم أي: فَاقْتَصَصتُم**) واتە: ئێوە تۆڵەتان لێکردنەوە، دەسکەوتتان لێیان دەستکەوت.

خوێنراویشـەتەوە: (**فَعَقَّبْتُـم**) کـە هەمـان مانـای پێشـووی هەیـە، واتـە: ئنجـا ئەگـەر ئێـوە نۆرەتـان هاتـەوە، یـان ئێـوە دەسـتکەوتتان لێیـان بـوو، یـان بەسـەریاندا زاڵبـوون.

١٨)- ﴿ فَـَٔاتُواْ ٱلَّذِينَ ذَهَبَتْ أَزْوَٰجُهُم مِّثْلَ مَآ أَنفَقُواْ ﴾، بدەن بە مێردی ئەو ژنانەی شتێک لە ماڵ و سامانیان بە هۆی ژنەکانیانەوە، کە ڕۆیشتوون بۆ لای کافرەکان، لە دەستچووە، بە ئەندازەی ئەو ماڵەی لە دەستیان چووە، بیاندەنێ، ئەی دەوڵەتی ئیسلامیی! قەرەبووی ئەو مێردانە بکەنەوە، کە بە هۆی ژنەکانیانەوە ماڵ و سامانێکیان ڕۆیشتوە، ئافرەت ئەگەر ڕۆیشتوە مارەییەکەی بردوە، زێڕی بردوە، پارەی بردوە، مێردەکەی بە ئەندازەی ئەوەی لە دەستی چووە، بۆی قەرەبوو بکەنەوە.

١٩)- ﴿ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِىٓ أَنتُم بِهِۦ مُؤْمِنُونَ ﴾، پارێزیش لەو خوایە بکەن کە ئێوە پێی بڕوادارن.

شـایانی باسـە: لـەو بـارەوە کـە ئایـا ئافرەتانیـش لـە ڕێککەوتنـی حودەیبییـەدا بـوون، بـەڵام دوایـی ئـەم ئایەتـە ئـەو حوکمـە گشـتییەی تایبـەت کـردوە، یاخـود

ئەصڵـەن ئافرەتـان ئـەو گرێبەسـتە نەیگرتوونـەوە؟ ڕاجیایـی هەیـە، بـەڵام زیاتـر وا پێدەچـێ کـە ئافرەتـان ئەصڵـەن مەبەسـت نەبووبـن لـە گرێبەسـتەکەدا، چونکـە سـوڵحەکە زیاتـر لـە نێـوان دوو سـوپادا بـووە، دوو سـوپا کـە سـەنگەریان بەرانبـەر یەکـدی گرتـوە، ئـەو کاتـەش و ئێسـتاش هەروایـە، سـوپا بـە دەگمـەن ئافرەتـی تێـدا هـەن و، ئافرەتـی تێـدا نەبـوون، تاکـو ئافرەتـەکان مەبەسـت بـن، لـە بەندەکانـی ئـەو ڕێککەوتننامەیـەدا.

بـە پێـی ڕیوایەتەکانیـش ئـەو ئافرەتانـەی لـە مسـوڵمانان ڕۆیشـتوون بـۆ لای کافـرەکان، یاخـود ئەصڵـەن هـەر لـە مەککـە بـوون و نەهاتـوون بـۆ لای مێردەکانیـان بـۆ مەدینـەو، هـەر بـە کافریـی ماونـەوە، کـە مـەرج نیـە دوایـی هـەر بـە بێبڕوایـی مابنـەوە، ئـەو هەشـت ئافرەتـە بـوون:

١- (**أُمُّ الحَكَم بنت أبي سفيان**) کە هاوسەرەکەی (**عياض ابن شداد**) بووە.

٢- (**فاطمة بنت أميّة**) (**قَريبة**)شی پێگوتراوە، خێزانی عومەری کوڕی خەتتاب بووە.

٣- (**أم كلثوم بنت جرول**) ئەویش هەر خێزانی عومەری کوڕی خەتتاب بووە.

٤- (**بَروع بنت عُقبة**) کە هاوسەرەکەی (**شماس بن عثمان**) بووە.

٥- (**شهبة بنت غيلان**).

٦- (**عبدة بنت عبدالعزّى**) کە هاوسەرەکەی (**هشام بن عاص**) یاخود (**عَمرو بن عبد**) بووە.

ئەمـە (**القرطبـي**)[1] لـە تەفسـیرەکەی خۆیـدا لـە عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباسـەوە هێناویەتـی، (**عَـن ابـنِ عَبّـاسٍ: سِـتُّ نِسْـوَةٍ رَجَعْـنَ عَـنِ الإِسْـلَامِ**) شـەش ئافـرەت لـە ئیسـلام هەڵگەڕاونـەوە، ئـەم شەشـەی هێنـاون.

بـەڵام (**إبـن عاشـور**) لـە هەندێـک سـەرچاوەی دیکـەوە، دوو ئافرەتـی دیکەشـی باسـکردوون:

---

(١) ج ٢٨، ص ٥٢.

٧- (**هند بنت أبي جهل**) كە هاوسەرەكەی (**هشام بن عاص**) بووە.

٨- (**أروى بنت ربيعة بن الحارث بن عبدالمطلب**) كە هاوسەرەكەی (**طلحة بن عبيدالله**) بووە.

دوو سەرنج:

١- كە خوا ﷻ دەفەرمووێ: ﴿وَلَا تُمْسِكُوا بِعِصَمِ الْكَوَافِرِ﴾، فەرموویەتی: (**كَوَافِر**)، بەڵام ئەو كاتە ئافرەتەكان زیاتر هاوبەشدانەران (**مُشرِكات**) بوون، بۆچی خوا دەفەرمووێ: (**كَوَافِر**)؟ وەڵامەكەی ئەوەیە: تاكو هەم (**مُشرِكات**) بگرێتەوەو، هەم (**مُلحِدات**) بگرێتەوەو، هەم هەموو ئەوانەی بێبڕوان بگرێتەوە، جگە لە ئافرەتانی خاوەن كتێبان، كە بە پیاوانی مسوڵمان دەشێن.

٢- ئایا دروستە ئافرەتێک كە مسوڵمان دەبێ، لە ژێر نیكاحی مێردەكەیدا كە مسوڵمان نەبووە، بمێنێ؟

ئەمە مەسەلەیەكی مشتومڕ هەڵگرە و زۆر مشتومڕی لەسەر بووە، ژنێک كە هاوسەرەكەی خاوەن كتێبە، واتە: جوولەكە یان نەصرانیی، ئافرەتەكە مسوڵمان دەبێ و مێردەكەی هەر بە جوولەكەیی یان نەصرانیی دەمێنێتەوە، ئایا دروستە لەگەڵی بمێنێتەوە، یان نا؟

زۆربەی زانایان دەڵێن: دروست نیە، ڕایەكیش هەیە دەڵێ: دروستە مادام ئەو ئافرەتە ئومێدی هەبێ پیاوەكەشی مسوڵمان بێ، یاخود لەبەر ئەوەی منداڵیان هەن و بۆ ئەوەی منداڵەكانیان زایە نەبن، یان لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتە هیچ پەنایەكی دیكەی نیە، یاخود ناچارە بمێنێتەوە، یان یاسای ئەو دەوڵەتە ڕێی نادات، بە هەرحاڵ لەو بارەوە ڕای زۆرینە وایە، دروست نیە ئەو ئافرەتە بمێنێتەوە لەگەڵ ئەو پیاوەداو، هەندێک دەڵێن: دروستە بمێنێتەوە، بەڵام بە مەرجێک دەستی لێ نەدات، هەندێک دەڵێن: دروستە بمێنێتەوە بە دەست لێدانیشەوە، مادام ئومێدی پێی هەبێ، مسوڵمان بێ، یان یەكێک لەو بەرژەوەندییانەی تێدابن كە باسمان كردن.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوای کارزان ﷻ بە پێغەمبەرەکەی ﷺ، کە هەر کات ئافرەتانی بڕوادار هاتنە لای، بۆ پەیمان لەگەڵ بەستنی، با پەیمانیان لەگەڵ ببەستێ لەسەر هاوبەش بۆ خوا دانەنان و، دزیی نەکردن و، زینا نەکردن و، نەکوشتنی منداڵیان و، بوهتان نەکردن لە نێوان دەست و لاقیاندا، و سەرپێچیی لێنەکردنی لە پەسندو، داوای لێبوردنیشیان بۆ لە خوا بکات:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَـٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَـٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَـٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ ۙ فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (١٢) ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە دە بڕگەدا:

١- ﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَـٰتُ يُبَايِعْنَكَ ﴾، ئەی پێغەمبەر ﷺ! هەر کات ئافرەتانی بڕوادار هاتن بۆ لات، پەیمانت لەگەڵ دەبەستن، کەواتە: ئەم پەیمانە پەیمان پێدان نەبووە لەسەر بڕواهێنان، چونکە دەفەرموێ: ﴿ جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَـٰتُ ﴾، ئافرەتانی بڕوادار هاتنەلات، پێشتر بڕوایان هێناوە، ئەو پەیمان پێدانە گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بووە، بۆ پابەندیی زیاتر بە ئیسلامەوە، تاوەکو بزاندرێ ئافرەتانیش وەک پیاوان مولزەمن و دەبێ پابەندبن، بە بەرنامەی خواوەو بە حەڵاڵ و حەرامێک، کە خوای تاک و پاک لەسەر زمانی پێغەمبەری کۆتایی خۆی موحەممەد ﷺ ناردوویەتی.

٢- ﴿ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾، (پەیمانت لەگەڵ دەبەستن) لەسەر ئەوەی هیچ شتێک نەکەنە هاوبەش بۆ خوا، هیچ شتێک نەکەنە هاوبەش واتە: نە لە ژیاداڕو نە لە بێ ژیان، نە لە زەوی و نە لە ئاسمان، هیچ شتێک نەکەنە هاوبەش بۆ خوا، وەک خوا ﷻ مامەڵەی لەگەڵدا نەکەن، لە هیچ ڕوویەکی مامەڵەوە، چونکە وەک لە کۆتایی

سوورەتی (**یوسف**)دا باسێکی خەست و خۆڵمان لەبارەی شیرکەوە کردوە، کرۆکی شیرک، ئەو ئایەتە موبارەکە تەعبیری لێ دەکات، کە لە سوورەتی (**الشعراء**)دا هاتوە، کە بێبڕوایەکان لە دۆزەخدا دەڵێن: ﴿ تَٱللَّهِ إِن كُنَّا لَفِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٩٧﴾ إِذْ نُسَوِّيكُم بِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٩٨﴾ ﴾، واتە: بە خوا ئێمە لە گومڕاییەکی ڕوون و ئاشکرادا بووین، کە ئێوەمان یەکسان دەکرد لەگەڵ پەروەردگاری جیهانییاندا، کەواتە: شیرک یانی: وەک خوا ﷻ لە سیفەتێک لە سیفەتەکانی و، لە شتێک لە شتەکاندا کە پەیوەستن بە خواوەو، تایبەتن بە خواوە، تەماشا کردنی جگە لە خوا:

أ- ئنجا وەک چۆن پێشکەشکردنی دروشمەکان (**تقديم الشعائر**) تایبەتە بە خواوە: نوێژو ڕۆژوو و زەکات و حەج و عومرەو پاڕانەوەو ... هتد.

ب- بە هەمان شێوە وەرگرتنی بەرنامەکان (**أَخْذُ الشَّرَائِع**)یش هەر تایبەتە بە خواوە، هەروەها وەک چۆن دەبێ ئەو نیعمەتانەی خوا بەخشیونی، تەنیا لە خوایان بزانین.

ج- هەروەها شیفای نەخۆش دان، سەرخستن، ژێرخستن، ژیاندن، مراندن...هتد، ئەو شتانەی تەنیا بە خوا دەکرێن، دەبێ تەنیا لە خوایان بزانین، ئەگەرنا هەر کامێک لەو شتانە لە جگە لە خوا بزانین، شیرکە.

د- هەروەها ئەو ناوو سیفەتانەی تایبەتن بە خواوە، دەبێ تەنیا تایبەتیان بکەین بە خوای پەروەردگارەوەو، هەر کامێک لە شتەکان، یەکێک لە ناوو سیفەتەکانی خوایان بۆ بەکاربهێنرێ، ئەوە هاوبەش دانانە بۆ خوا.

٣- ﴿ وَلَا يَسْرِقْنَ ﴾، هەروەها دزیی نەکەن، کەم، یان زۆر دزیی نەکەن.

٤- ﴿ وَلَا يَزْنِينَ ﴾، دیسان زیناو داوێنپیسیی نەکەن.

٥- ﴿ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ ﴾، منداڵەکانی خۆشیان نەکوژن.

٦- ﴿ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ ﴾، هەروەها بوهتانێک نەهێنن هەڵیبەستن لە نێوان دەستەکانیان و لاقەکانیاندا.

(البُهْتَانُ: الخَبَرُ الكَذِبُ الَّذِي لاَ شُبْهَةَ لِكَاذِبِهِ لأَنَّهُ يُبْهِتُ سَامِعَهُ)، بوهتان ئەو هەواڵە درۆیەیە هیچ گومان لەوەدا نیە، کە بابای درۆزن هەواڵەکەی درۆیە، لەبەر ئەوە بابای بیسەر سەرسام دەکات.

(يَفۡتَرِينَهُۥ) : (الإفْتِرَاءُ: إخْتِلاَقُ الكَذِب)، (إفتراء): بریتیە لە هەڵبەستنی درۆ.

بۆچی دەفەرموێ: ﴿بَيۡنَ أَيۡدِيهِنَّ وَأَرۡجُلِهِنَّ﴾؟ هەندێک لە زانایان وایان لێکداوەتەوە کە مرۆڤ کاتێک درۆ دەکات، ئەو درۆیە بە زار دەکات، زاری مرۆڤیش دەکەوێتە نێوان دوو دەستەکانی و دوو لاقەکانی، بەڵام ئەو مانایە بەهێزترە کە (الطبري) لە ئیبنو عەبباسەوە هێناویەتی: (وَلا يَأْتِينَ بِكَذِبٍ يَكْذِبْنَهُ فِي مَوْلُودٍ يُوجَدُ بَيْنَ أَيدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ، وَلا يُلحِقْنَ بِأَزْوَاجِهِنَّ غَيْرَ أَولادِهِم)، (جامع البيان: ٣٤٠٩٧) واتە: درۆیەک نەکەن لە بارەی لە دایکبوویەکەوە، کە ئەو لە دایکبووە لە نێوان دەستەکانیان و پێیەکانیاندا پەیدا دەبێ، (بە منداڵدانیان هەڵیانگرتوە) و پەیوەست نەکەنەوە بە مێردەکانیان، جگە لە منداڵەکانیان کە لەو مێردانەیان بوون، نەچن منداڵی یەکێکی دیکە پاڵدەنە لای مێردەکەیان.

ئەم واتایە زیاتر ڕێی تێدەچێ.

٧- ﴿وَلَا يَعۡصِينَكَ فِي مَعۡرُوفٖ﴾، هەروەها با لە شتی پەسندا سەرپێچیی لە فەرمانت نەکەن، هەڵبەتە ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێدەکات، هەمووی هەر پەسندە، بەڵام بۆ ئەوەیە بابای مسوڵمان لە دوای پێغەمبەری خوا ﷺ، هەر حوکمڕانێک بەیعەتی پێدەدات، بزانێ کە سەرمەشقەکەی پێغەمبەرە ﷺ، تەنانەت بۆ پێغەمبەری خواش ﷺ ئەو قەیدە خراوەتە سەر فەرمانبەریی و گوێڕایەڵیی کردن، کە تەنیا لە شتی پەسندا، فەرزە گوێڕایەڵیی حوکمڕان بکرێ و، سەرپێچیی لێ نەکرێ.

٨- ﴿فَبَايِعۡهُنَّ﴾، ئنجا پەیمانیان لێوەربگرە.

٩- ﴿وَٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُنَّ ٱللَّهَ﴾، داوای لێبوردنیشیان بۆ لە خوا بکە.

١٠- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾، بە دڵنیایی خوا لێبوردەی بە بەزەییە.

کورتە باسێک
چوار دەقی سوننەت لە بارەی پەیمان لێوەرگرتنی پێغەمبەر لە ئافرەتانی بڕوادار

١- ئەم دەقە لە بارەی ئەو پەیمان لێوەرگیرانەوە هاتووە، پەیوەستیشە بە تاقیکردنەوەی ئافرەتانی بڕوادارەوە، کە لە ئایەتی پێشێدا باسمان کرد:

{أَنَّ عَائِشَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهَا، زَوْجَ النَّبِيِّ ﷺ قَالَتْ: كَانَتِ الْمُؤْمِنَاتُ إِذَا هَاجَرْنَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ يُمْتَحَنَّ بِقَوْلِ اللَّهِ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ يَفْتَرِينَهُۥ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَٱسْتَغْفِرْ لَهُنَّ ٱللَّهَ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ ﴾. قَالَتْ عَائِشَةُ: فَمَنْ أَقَرَّ بِهَذَا مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ، فَقَدْ أَقَرَّ بِالإِمتحان، فَكَانَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ إِذَا أَقْرَرْنَ بِذَلِكَ مِنْ قَوْلِهِنَّ قَالَ لَهُنَّ: «انْطَلِقْنَ فَقَدْ بَايَعْتُكُنَّ» وَلَا وَاللَّهِ مَا مَسَّتْ يَدُ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ يَدَ امْرَأَةٍ قَطُّ، غَيْرَ أَنَّهُ بَايَعَهُنَّ بِالْكَلَامِ؛ قَالَتْ عَائِشَةُ: وَاللَّهِ مَا أَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ عَلَى النِّسَاءِ قَطُّ، إِلَّا بِمَا أَمَرَهُ اللَّهُ} (أخرجه البخاري: ٥٢٨٨، ومسلم: ١٨٦٦، والترمذي: ٣٣٠٦، والنسائي في الكبرى: ١١٥٨٦، وابن ماجه: ٢٨٧٥).

دایکمان عائیشە (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: ئافرەتانی بڕوادار کاتێک کۆچیان کرد بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ، بە قسەی خوای بەرز تاقیی دەکرانەوە: (ئایەتی ژمارە دوازدە:) ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ ... ﴿١٢﴾ ﴾، ئنجا هەر کامێکیان دانی بەوەدا هێنابایە لە ئافرەتانی بڕوادار، ئەوە دانی بە تاقیکردنەوەکەدا هێنا بوو (واتە: تاقیکرابۆوە)، کاتێک ئافرەتان دانیان بەوەدا دەهێنا، پێغەمبەری خواش ﷺ پێی دەفەرموون: بڕۆن ئەوە پەیمانم لێ وەرگرتن، سوێند بە خوا دەستی

پێغەمبەری خوا ﷺ بە دەستی هیچ ئافرەتێک نەکەوتوە، تەنیا بە قسە پەیمانی لێ وەردەگرتن و، سوێند بە خوا پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ بەڵێنێکی لە ئافرەتان وەرنەگرت، جگە لەوەی خوافەرمانی پێکردبوو.

٢- {عَنْ أُمَيمَة بِنتِ رَقيقَة قَالَتْ: جَاءَت نِسْوَةٌ إلى النَّبيِّ ﷺ يُبايِعنَهُ فَقَالَ: فِيمَا اسْتَطَعْتُنَّ وَأَطَقْتُنَّ، فَقُلْنَا: أَللهُ وَرَسُولُهُ أَرْحَمُ بِنَا مِنَّا بِأَنْفُسِنَا} (أخرجه الترمذي: ١٦٠٣، والنسائي في السنن: ج٧، ص١٤٩، وابن ماجه: ٢٨٧٤ وصححه الألباني في صحيح سنن الترمذي، والطبري: ٣٤١١٠)، ئومەیمەی کچی ڕەقیقە دەڵێ: ئافرەتانێک هاتنە لای پێغەمبەر ﷺ پەیمانیان پێدا، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: بە ئەندازەی ئەوە کە لە تواناتاندا هەبوو، لە وزەتاندا هەبوو، ئەوانیش گوتیان: خواو پێغەمبەرەکەی لە خۆمان بە بەزەییترن بەرانبەر بە ئێمە.

یانی: ئێمە بە ڕەهایی پەیمان دەدەین، کەچی ئەو دەفەرموێ: ئەوەندەی لە تواناتاندا هەبوو.

٣- {عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ قَالَ: جَاءَتْ أُمَيْمَةُ بِنْتُ رُقَيْقَةَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ ﷺ تُبَايِعُهُ عَلَى الْإِسْلَامِ فَقَالَ: أُبَايِعُكِ عَلَى أَنْ لَا تُشْرِكِي بِاللَّهِ شَيْئًا، وَلَا تَسْرِقِي، وَلَا تَزْنِي، وَلَا تَقْتُلِي، وَلَدَكِ وَلَا تَأْتِي بِبُهْتَانٍ، تَفْتَرِينَهُ بَيْنَ يَدَيْكِ وَرِجْلَيْكِ، وَلَا تَنُوحِي، وَلَا تَبَرَّجِي تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى} (أحمد: ٦٨٥٠، تعليق شعيب الأرنؤوط: صحيح لغيره وهذا إسناد حسن، والطبري: ٣٤١٠٩، إسناده حسن، كما قال مخرج الطبري).

واتە: عەمری کوڕی شوعەیب لە باببیەوە، لە باپیریەوە دەگێڕێتەوە، کە ئومەیمەی کچی ڕەقیقە هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ پەیمانی پێدەدا لەسەر ئیسلامەتیی، پێغەمبەری خواش ﷺ فەرمووی: پەیمانت لەگەڵ دەبەستم کە هیچ شتێک نەکەیە هاوبەشی خواو، دزیی نەکەی و، زینا نەکەی و، منداڵی خۆت نەکوژی و، بوهتانێک هەڵنەبەستی لە نێوان دوو دەست و دوو لاقەکانی خۆتداو، شینگێڕیی نەکەی (واتە: بە مردوو هەڵا نەڵێی) و وەک خۆڕازاندنەوەی سەردەمی نەفامیی خۆت نەڕازێنیەوە.

٤- هەر لەو بارەوە دەقێکی دیکەش دێنین کە تەفسیری (**روح المعاني**)[(١)]، هێناویەتی، لە چەند سەرچاوەیەکدا هاتوە، بەڵام تەفسیری (**روح المعاني**) باشتری هێناوە، کە تیشکی زیاتر دەخاتە سەر چۆنیەتیی ئەو پەیمان وەرگرتنەی پێغەمبەری خوا ﷺ لە ئافرەتانی مسوڵمان، ئێمەش یەکسەر بە وەرگێڕاویی بۆ کوردیی دەیهێنین.

ئافرەتێـک بـە نـاوی (**أسـماء بنـت زیـد بـن سـكن**) دەڵـێ: ئێمـە کۆمەڵێـک ئافـرەت بوویـن، ئەوانـەی پەیمانمـان بـە پێغەمبـەر ﷺ دا، هینـدی کچـی عوتبـەش لـە نێـوان ئافرەتەکانـدا بـوو، پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئایەتەکـەی خوێنـدەوە، کاتێـک فەرمـووی: ﴿ عَلَىٰٓ أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِٱللَّهِ شَيْـًٔا ﴾، هینـد گوتـی: ئنجـا چـۆن تەماعـی ئەوەمـان هەیـە، ئـەوەی لـە پیـاوان قبـووڵ نەکرابـێ، لـە ئێمـە قبـووڵ بکـرێ؟ {واتـە: مـادام پیـاوان نابـێ هاوبـەش بـۆ خـوا دابنێـن، ئێمـەش بـە هەمـان شـێوە}، دوای ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: ﴿ وَلَا يَسْرِقْنَ ﴾، هینـد گوتـی: مـن جـار جـار لـە ماڵـی ئەبـوو سـوفیان هەندێـک شـتم گلداوەتـەوە، بـێ ئـەوەی بزانـێ، ئنجـا نازانـم بـۆم حەڵاڵـە، یـان نـا؟ ئەبـوو سـوفیانیش لـەوێ بـوو گوتـی: هەرچـی لـە ڕابـردوودا بردووتـە بـۆ تـۆ حـەڵاڵ بـێ، پێغەمبەریـش ﷺ پێکەنـی و ناسـیی کـە ئـەوە هینـدی هاوسـەری ئەبـوو سـوفیانەو پێـی فەرمـوو: تـۆ هینـدی کچـی عوتبـەی؟ ئەویـش گوتـی: بەڵـێ! (**فَاعْـفُ عَـمَّا سَـلَفَ يَـا نَبِيَّ اللهِ، عَفَـا اللهُ عَنْـك**) واتـە: ئـەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ لـە ڕابـردوو چاوپۆشـیی بکـە، خـوا لێـت ببـوورێ، (بۆیـەش وایگوتـوە، چونکـە هینـدی خێزانـی ئەبـوو سـوفیان ئـەو ئافرەتـە بـوو، وەحشـیی بـە کرێگـرت و حەمـزەی شـەهید کـرد، دواییـش هینـد سـینگی حەمـزەی لـەت کـردو ویسـتی جەرگەکـەی بخـوات، بۆیـە هەندێـک بـە هیندیـان گوتـوە: (**آكلـة الأكبـاد**) واتـە: جەرگخـۆر). ئنجـا دوای ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمـووی: ﴿ وَلَا يَزْنِينَ ﴾، هینـد گوتـی: ئایـا ئافرەتـی ئـازاد زینـا دەکات؟ دوای ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ

---

(١): ج ٢٨، ص ٣٦٨، ٣٦٩، (الطبقـات الكـبرى لإبـن سـعد)، ج٨، ص ١١، (جامـع البيـان)، للطـبري: ٣٤١٠٥ ج ٢٨، ص ٨١.

فەرمووی: ﴿ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَٰدَهُنَّ ﴾، منداڵەکانیان نەکوژن، هیند گوتی: بە کچکەیی بەخێومان کردن، تۆ بە گەورەیی کوشتن، {مەبەستی لەوە بوو کە حەنزەڵەی کوڕی ئەبوو سوفیان، کە کوڕی هیندیشە لە جەنگی بەدردا کوژرا}، عومەر رضي الله عنه پێکەنی تاکو بەرەو پشت بوو، پێغەمبەری خواش ﷺ زەردەخەنەیەکی هاتێ، لە ڕیوایەتێکدا هاتوە گوتی: (**قَتَلْتَ الآبَاءَ وَتُوصِينا بِالأولاد**)، واتە: بابەکانت کوشتن و ئامۆژگارییمان دەکەی ئاگامان لە منداڵەکان بێ! پێغەمبەریش ﷺ پێکەنی، ئنجا دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ﴿ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَٰنٍ ﴾، بوهتانێک نەکەن، هیند گوتی: (**وَاللهِ إنَّ البُهتانَ لأمرٌ قَبيحٌ، ولا يأمر الله تَعالى إلاّ بالرُّشدِ وَمكارِمِ الأخلاق**)، واتە: سوێند بە خوا بوهتان شتێکی ناقۆڵایەو، خوای بەرزیش تەنیا فەرمان دەکات بە سەرڕاستیی و، بە ڕەوشتە بەرزو جوانەکان، دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ﴿ وَلَا يَعْصِينَكَ فِى مَعْرُوفٍ ﴾، لە شتی پەسنددا نابێ سەرپێچییت لێ بکەن، هیند گوتی: (**وَاللهِ ما جَلَسنا مَجلِسنا هَذا وَفِي أنفسِنا أن نعصِيك فِي شَيء**)، واتە: بە خوا لێرە دانەنیشتووین و لە دڵماندا هەبووبێ کە لە هیچ شتێکدا سەرپێچییت لێ بکەین.

مەسەلەی سێیەم و کۆتایی:

ڕێگرییکردنی خوا ﷻ لە بڕواداران کە دۆستایەتیی کۆمەڵێکی خوا لێتووڕەبوو بکەن، کە هیچ ئومێدو تەمایەکیان بە ڕۆژی دوایی نیە، وەک چۆن کافران لە خاوەن گۆڕەکان بێ هیوان، زیندوو بینەوەو بێنەوە ئێویان:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَوَلَّوْاْ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ قَدْ يَئِسُواْ مِنَ ٱلْآخِرَةِ كَمَا يَئِسَ ٱلْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْقُبُورِ ﴿١٣﴾ ﴾.

١- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، (لە کۆتایی ئەم سوورەتەدا جارێکی دیکە خوا بانگی بڕواداران دەکات:) ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە!

٢- ﴿ لَا تَتَوَلَّوْاْ قَوْمًا غَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ ﴾، دۆستایەتیی کۆمەڵێک مەکەن خوا لێیان تووڕە بووە، تووڕەیی خوایان هاتۆتە سەر، بێگومان ئەمە جوولەکان دەگرێتەوە، نەصرانییان دەگرێتەوە، هاوبەش بۆ خوا دانەران دەگرێتەوە، مولحیدان دەگرێتەوە، چونکە خوا لە هەموو ئەوانە تووڕەیە کە ناینناسن، یان دەیناسن و نایپەرستن، یان بڕوا بە پێغەمبەرەکانی ناکەن، یان بڕوا بە ڕۆژی دوایی ناکەن، یان بڕوا بە پەیامەکەی ناکەن و، پابەند نابن بە بەرنامەکەیەوە.

٣- ﴿ قَدْ يَئِسُواْ مِنَ ٱلْآخِرَةِ ﴾، ئەوانە لە مەنزڵگای کۆتایی، لە مەنزڵگای دوایی نائومێد بوون، (**اليأس: عَدَم التوقُّع للشيء**) نائومێد بوون ئەوەیە ئینسان ئەگەر بۆ شتێک دانەنێ.

٤- ﴿ كَمَا يَئِسَ ٱلْكُفَّارُ مِنْ أَصْحَٰبِ ٱلْقُبُورِ ﴾، وەک چۆن بێبڕوایەکان لە خاوەن گۆڕەکان نائومێد بوون، واتە: وەک چۆن بێبڕوایەکان لە ژیانی مردووەکان کە خاوەن گۆڕەکانن نائومێد بوون، دەزانن تازە مردوون و ژیانیان نەماوە، ئەوانیش ئاوا لە ڕۆژی دوایی نائومێد بوون، یاخود: (**كَيأس الكُفَّار الَّذين هَلكوا وَرأوا أَنَّهُمْ لاَ حظَّ لَهُم في الآخرة**) وەک نائومێد بوونی ئەو بێبڕوایانەی، فەوتاون و دەزانن و بۆیان دەرکەوتوە، کە هیچ پشک و بەشیان لە (پاداشتی) ڕۆژی دوایی دا نیە.

کورتە باسێک لە بارەی ترسناکیی خۆشویستن و دۆستایەتییکردنی کافرانی دژو زیانبەخشەوە

بەڕێـــزان! ئەم کورتە باسە لە شەش بڕگەدا دەخەینە ڕوو:

١- خوا ﷻ هەر کام لە وشەی (تَوَلِّي) و (إتّخاذ الأولياء)ی بەکارهێناوە، بۆ تەعبیرکردن لە حاڵەتی نارەوایی و قەدەغەبوونی دۆستایەتییگرتنی بڕواداران لەگەڵ بێبڕوایان دا، چونکە ئەو دوو وشەیە بە تەواویی مانای نیزیکیی کردن و بە دۆستگرتن دەگەیەنن و، هەردووکیان لەسەر کێشی (تفعّل) و (إفتعال)ن، کە مانای تۆخکردنەوەو زۆر لە خۆکردنیان تێدایە:

أ- بۆ وێنە: لە سوورەتی (المائدة)دا، هەردوو وشەکەی بەکارهێناون: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾﴾المائدة، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! جوولەکەو نەصرانییەکان بە دۆست مەگرن، هەندێکیان دۆستی هەندێکیانن، دوایی دەفەرموێ: هەر کەسێک لە ئێوە دۆستایەتییان بکات، ئەوە لەوانە واتە: هەر کەس دۆستایەتیی ڕەهایان بکات، حوکمی ئەوانی هەیە.

ب- هەروەها لەم سوورەتەدا، (سوورەتی (الممتحنة)) کە تەفسیرمان کرد، فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ عَدُوِّي وَعَدُوَّكُمْ أَوْلِيَآءَ ﴿١﴾﴾.

ج- هەروەها لە سوورەتی (النساء)دا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٤٤﴾﴾.

د- هەروەها لە سوورەتی (آل عمران)دا، دەفەرموێ: ﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿٢٨﴾﴾.

کەواتـە: ئـەم دوو وشـەیە بـۆ مەبەسـتی ناوبـراو زیاتـر بەکارهاتـوون: وشـەی (**إتِّخَـاذُ الكَافِرِيـن أولِيـاء**) و وشـەی (**تَـوَلِّي**).

٢- دۆستایەتییگرتن لەگەڵ کافراندا، تەنیا یەک شێوەو یەک پلەی نیە، بەڵکو دۆستایەتییگرتن (**تَولِّي**) ئەگەر بە ڕەهایی بێ و، ئەو کەسە بە دڵ و گیان، بە هەموو شێوەیەک دۆستی کافرەکان بێ و، بەرنامەکەشیانی تەبەننیی کردبێ و، بڕوای پێ بێ و بەرگرییان لێ بکات و پشتگیرییان بکات، ئەوە بە دڵنیایی حوکمی ئەوانی هەیە، وەک ئایەتەکە دەفەرموێ: ﴿ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ﴾ المائدة، هەر کەسێک بە ڕەهایی دۆستایەتییان بکات، نیزیکییان بکات وەک ئەوانەو دەچێتە ڕیزی ئەوانەوە، بەڵام ئەگەر لەبەر بەرژەوەندییەکی دنیایی بێ، یاخود بەس مەرحەبایەکی سەرزارەکیی بێ، بۆ دابین کردنی بەرژەوەندییەکی دنیایی، ئەوە حوکمێکی دیکەی هەیە، وەک هەڵوێستەکەی (**حاطب بن أبي بلتعة**).

٣- کافرانی دژو شەڕفرۆش حوکمیان جیایە لە هی تەباو لاشەڕ، بە بەڵگەی هەردووک ئایەتی ژمارە (٨و ٩)ی (**الممتحنة**): ﴿ لَّا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ لَمْ يُقَٰتِلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوٓا۟ إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٨﴾ ﴾، خوا لێتان قەدەغە ناکات بە نسبەت بێبڕوایانێکەوە کە لەسەر دینتان جەنگیان لە دژ نەکردوون و، لە ماڵ و حاڵی خۆتان وەدەریان نەناون، چاکەیان لەگەڵ بکەن و، لە ماڵ و سامانی خۆتان پێیان ببەخشن، خوا بەخشەرانی خۆشدەوێن.

دوایـی ڕوونـی دەکاتـەوە کـە چاکەکاریـی و بەخشـین لەگـەڵ کـێ دا نـا ڕەوایـە، بگـرە ەدەغەشـە، دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّمَا يَنْهَىٰكُمُ ٱللَّهُ عَنِ ٱلَّذِينَ قَٰتَلُوكُمْ فِى ٱلدِّينِ وَأَخْرَجُوكُم مِّن دِيَٰرِكُمْ وَظَٰهَرُوا۟ عَلَىٰٓ إِخْرَاجِكُمْ أَن تَوَلَّوْهُمْ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُمْ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿٩﴾ ﴾، وەک پێشـتر تەفسـیرمان کـرد.

کەواتـە: ئـەو کەسـەی لاشـەڕەو تەبایـەو ڕێـک و گونجـاوە لەگـەڵ مسـوڵماناندا، بـا نامسـوڵمانیش بـێ، ڕێگریـی نەکـراوە لـەوەی مسـوڵمانان لەگەڵیـدا چاکـەکار بـن،

بەڵکو هاوکارو بەخشەریش بن، بەڵام ئەو کەسەی دژو ناحەزە، ئەوە کە نابێ بە هیچ جۆرێک مسوڵمانان، هیچ جۆرە دۆستایەتییەکی لەگەڵدا بکەن، کە ئایەتی یەکەمی سوورەتی (الممتحنة) ئەوە دەگرێتەوە، هەروەها ئایەتی ژمارە بیست و دووی سوورەتی (المجادلة)ش ئەوە دەگەیەنێ: ﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ﴿٢٢﴾﴾، واتە: کۆمەڵێکت دەستناکەون، بڕوایان بە خواو ڕۆژی دوایی بێ، خۆشەویستیی و دۆستایەتییان لەگەڵ کەسانێکدا هەبێ، کە دژی خواو پێغەمبەری خوان ﷺ، ئەگەر باب و کوڕو براو خزم و عەشیرەتیشیان بن.

٤- دەگونجێ مرۆڤی مسوڵمان بابایەکی کافری خۆشبوێ، بە چەند هۆکارێک:

أ- بە هۆی ئەوەوە کە ئەو کافرو نامسوڵمانە، هاوسەریەتی، چونکە مسوڵمان ئافرەتی جوولەکەو ئافرەتی نەصرانیی پێ دەشێ، بە یەکدەنگیی هەموو زانایان، ئنجا ئاشکراشە مێرد ژنی خۆی خۆشدەوێ: ﴿وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ﴿٢١﴾﴾الروم.

ب- هەروەها باب و دایک، ئەگەر کەسێک مسوڵمان بێ و باب و دایکی کافر بن، لەو ڕووەوە کە باب و دایکنی، دەبێ ڕێزیان لێ بگرێ و خۆشیبوێن، ڕقی لە کوفرەکەیان بێ، بەڵام خۆیان وەک دوو مرۆڤ کە باب و دایکینی و، چاکەیان لەسەری هەیە، دەبێ خۆشیبوێن.

ج- هەروەها پەیوەندیی خزمایەتیی.

د- هەروەها سیفەتی باش لە کەسێکدا بێ، ئاسایی بگرە پەسندو پێویستە مرۆڤی مسوڵمان ئەو سیفەتە باشەی خۆشبوێ، وەک پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئەشەججی عەبدی قەیسی فەرموو: {إِنَّ فِيكَ خَصْلَتَيْنِ يُحِبُّهُمَا اللَّهُ الْحِلْمُ وَالأَنَاةُ}، (أخرجه مسلم: ١٧، والترمذي: ٢٠١١)، واتە: تۆ دوو سیفەتت تێدان خوا خۆشیدەوێن، کە بریتین لە هێدیی و مەندیی و لەسەرخۆیی (واتە: زوو تووڕە نەبوون و پەلە نەکردن)، هەروەها هەر کەسێک کە

سیفەتێکی باشی تیدایە، بۆ وێنە: ئێمە سەخاوەتی (**حاتم الطائي**)مان خۆشدەوێ و، ئازایەتیی ڕۆستەممان خۆشدەوێ کە باس دەکرێ لە چیرۆکانداو، دادگەریی نەوشێروان پادشای فارسمان خۆشدەوێ، یانی: سیفەتی دادگەرییمان لەودا خۆشدەوێ.

٥- ئەم مەسەلەیە بەڕاستیی پێوەرو تەرازووی مسوڵمانیەتییە، وەک پێشتریش کورتە باسێکمان کرد لە بارەی کۆمەڵی خواو کۆمەڵی شەیتانەوە، لەبەر ڕۆشنایی ئایەتەکانی (٥١ - ٥٦)ی سوورەتی (**المائدة**)و ئایەتەکانی: (١٨ - ٢٢)ی سوورەتی (**المجادلة**)داو، لێرە دووبارەی ناکەینەوە، سەنگ و پێوەری مسوڵمانەتیی، بریتیە لەوەی ئایا ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵە مسوڵمانە، تەنیا دۆستایەتیی ئەهلی ئیمان دەکەن و ئەوانیان خۆشدەوێ و پشتی وان دەگرن، یاخود کەین و بەینیان لەگەڵ ئەهلی کوفردا هەیە؟!.

٦- خۆشڕەفتاریی و ڕێزلێگرتنی خەڵک لەو مەسەلەیە جیایە چونکە:

أ- خوا ﷻ بە ڕەهایی دەفەرموێ: ﴿وَقُولُوا۟ لِلنَّاسِ حُسْنًا ﴿٨٣﴾﴾**البقرة**، واتە: قسەی باش لەگەڵ خەڵکی دا بکەن.

ب- خوا دەفەرموێ: ﴿وَأَحْسِنُوٓا۟ ۛ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾﴾**البقرة**، واتە: چاکە بکەن، خوا چاکەکارانی خۆشدەوێن، بە ڕەهایی فەرموویەتی.

ج- خوا لە کۆتایی سوورەتی (الفرقان)دا دەفەرموێ: ﴿وَعِبَادُ ٱلرَّحْمَـٰنِ ٱلَّذِينَ يَمْشُونَ عَلَى ٱلْأَرْضِ هَوْنًا وَإِذَا خَاطَبَهُمُ ٱلْجَـٰهِلُونَ قَالُوا۟ سَلَـٰمًا ﴿٦٣﴾﴾، کەواتە: خۆشڕەفتاریی و ڕەوشت جوانیی و ئاکار بەرز و پەسندیی، هەمیشە دەبێ لە ئینسانی مسوڵماندا هەبێ لە بواری هەڵسوکەوتداو، نابێ هیچ کەس لە مسوڵمان خۆشڕەفتارترو سەروڕوو خۆشترو، جوامێرترو چاکەکارتر بێ، ئنجا ئەوە شتێکی دیکەیەو جیایە لە دۆستایەتییکرتن لەگەڵ ئەهلی کوفرێکی دوژمن و ناحەزی ئیسلام و مسوڵمانانندا.

ئەمە کورتە باسێک بوو لە بارەی ترسناکیی خۆشویستن و دۆستایەتیی کردنی کافرانی دژ و زیانبەخش، ئەگەرنا ئەوانەی تەباو گونجاو و ڕێک بن و، بێ زیان و

سەلامەت بن، ئایەتەکان پێمان دەڵێن: دەبێ مسوڵمان نموونەی ڕەوشتبەرزیی و چاکەکاریی و بەخشندەیی و سیفەت بەرزیی بێ، لەگەڵ هەموو کەسدا، لەگەڵ مسوڵمان و لەگەڵ نامسوڵماندا، هەروەها مسوڵمان دەبێ نموونەی قسە خۆشیی و زمان شیرینیی وڕووگەشیی بێ، پێغەمبەری ئێمە ﷺ وابووە، پێغەمبەران هەموویان لەگەڵ گەلە کافرەکانیاندا وابوون، ئێمەش دەبێ بە دوای پێغەمبەری خاتەم ﷺ و برایەکانی دیکەی لە پێغەمبەران (**علیهم السلام**) بکەوین، کە ئەگەر خەڵک خراپیش بێ، ئێمە نابێ خراپ بین و، ئەگەر خەڵک نارێکیش بێ، ئێمە نابێ نارێک بین، بەڵام بێگومان ئەوە لە بواری هەڵسوکەوتدا، ئەگەرنا لە بواری ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرەنگاربوونەوەدا، مسوڵمان شێری چنگ بە خوێنە، مسوڵمان وەک پڵنگ پەلامار دەدات، مسوڵمان ئازایەو زبرە لە ڕووبەڕوو بوونەوەدا، بەڵام لە بواری هەڵسوکەوتدا، نابێ هیچ کەس لە مسوڵمانان چاکترو پاکترو بەڕێزو حورمەتتر بێ.

سُبحَانَكَ اللّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الصَّفِّ

دەستپێک

بەڕێـــزان!

ئەمـڕۆ کـە (٩)ی ڕەمەزانـی سـاڵی (١٤٤١)ی کـۆچییە، بەرانبـەر(٢٠٢٠/٥/٢)ی زایینیی، خـوا پشـتیوان بـێ دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**الصـف**)، سـەرەتاش وەک عادەتـی خۆمـان، پێناسـەو نێوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە مـوبارەکـە لـە حـەوت (٧) برگـەدا دەخەینـە ڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الصف) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە نـاوی باوتـری سـوورەتی (**الصـف**)ە، بـەڵام (**السـيوطي**) لـە کتێبـە ناودارەکـەی خـۆی (**الإتقـان في علـوم القـرآن**)دا گوتوویەتـی: (**سُـورَةُ الحَوارِيِّين**)یشـی پـێ دەگوتـرێ، هەندێکیـش لـە زانایـان وەک (**الطـبرسي**) لـە (**مجمـع البيان**)ەکـەی خۆیـدا هێناویەتـی، گوتوویەتـی: (**سُـورَةُ عِيْسَى**)شـیان پـێ گوتـوە، بـەڵام ئـەو نـاوەی لەسـەر (**مصحف**)ەکانـەو زیاتـر بـاوە: (**سُـورَةُ الصـف**)ە.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زۆربـەی هـەرە زۆری زانایـان بـە مەدینەییـان دانـاوە، بـەڵام جێـی سەرسـوڕمانە کـە هـەر کام لـە (**الزمخـشري**) و (**فخرالديـن الـرازي**) (ڕەحمەتـی خوایـان لـێ بـێ) بـە مەککەییـان دانـاوە! چونکـە مەدینەیـی بوونـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە، وەک ڕۆژی ڕوون دیـارە، لـەم سـوورەتە موبارەکـە خـوا فەرمـان دەکات بـە بـڕواداران کـە

لـە پێنـاوی خـوادا بـە سـامان و گیانیـان تێبکۆشـن و خەبـات بکـەن، هەروەهـا باسـی هەڵوێسـتی نەرێنییانـەی خـاوەن کتێبـان دەکات و، زۆر ڕوون و ئاشـکرایە کـە ئـەم سـوورەتە ناگونجـێ مەککەیـی بـێ.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بـە ڕای تێکـڕای ژمێرەرانـی ئایەتەکانـی قورئـان، ژمـارەی ئایەتەکانـی ئەم سـوورەتە چـواردە (١٤)یە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

لـە ڕیزبەندیـی سـوورەتەکانی (**مصحـف**)دا، ئـەم سـوورەتە موبارەکـە شەسـت و یەکـەم (٦١)ە، کـە لـە سـوورەتی (**الفاتحـة**)ەوە دێیـن، لـە نـۆرەی شەسـت و یـەک (٦١)دا دەگەینـە سـوورەتی (**الصـف**) و، لـە دابەزینـدا ژمـارە سـەدو هەشـت (١٠٨) یـان بـۆ داناوە بـە پێـی ڕای (**جابر بـن زیـد**) و، لـە دوای سـوورەتی (**التغابـن**) و پێـش سـوورەتی (**الفتـح**) دابەزیـوە، واتـە: بـە پێـی ڕای (**جابـر بـن زیـد**)، لـە دوای ئـەم سـوورەتە موبارەکـە تەنیـا شـەش سـوورەتی دیکـە هاتـوون، چونکـە هەمـوو قورئـان سـەدو چـواردە (١١٤) سـوورەتە، ئەمیـش سـەدو هەشـتەم (١٠٨)ینیانـە.

پێنجەم: ناوەڕۆکی:

ناوەڕۆکـی ئـەم سـوورەتە، هەمـان ناوەڕۆکـی سـوورەتە مەدینەییەکانـە، ئەگـەر بـە پێـی ڕیزبەندیـی ئایەتـەکان سـەرنجی ناوەڕۆکەکـەی بدەیـن، بـەر لـە هەمـوو شـتێک ڕاگەیاندنـی پاکیـی و بـێ خەوشـیی دەربڕینـی سـەرجەم دروسـتکراوانە لـە ئاسـمانەکان و زەویـدا بـۆ خـوا، بـە کـرداری ڕابـردوو، واتـە: هەرچـی لـە ئاسـمانەکان و هەرچـی لـە زەویـدا هەیـە، پاکیـی و بـێ خەوشـیی، بـێ هەڵەیـی و پەڵەیـی خـوا پـەروەردگاری

ڕاگەیانـدوە، دوایـی سەرزەنشـتکردنی هەندێـک لـە مسـوڵمانان کـە قسـەی بـێ کردەوەیـان هەبـووە، خـوا ﷻ فەرموویەتـی: ئـەوە گەورەتریـن گوناهـە، کەسـێک شـتێک بڵـێ و کاری پـێ نـەکات، دوایـی بـە پێـی ڕەوتی ئایەتـەکان بۆمـان دەردەکـەوێ، کـە مەبەسـت لـە قسـەی بـێ کـردەوە لـە بـواری جەنـگ و جیهـاد دایـە، چونکـە دوایی خـوا یەکسـەر دەفەرمـوێ: ﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ ﴾، واتـە: خـوا ئەوانـەی خۆشـدەوێن کـە لـە پێناویـدا دەجەنگـن بـە ڕیـز، وەک دیوارێکـی پێکـەوە جۆشـدراو، دیوارێکـی قورقوشـمیی مەحکـەم.

دوایـی ئاماژەیـەک کـراوە بـە هـەر کام لـە مووسـاو عیسـا (عَلَيْهِما الصَّلاةُ وَالسَّلام) و لاسـاریی و خراپەکاریـی زۆربـەی خەڵکەکەیـان، هەروەهـا ئاماژەیەکـی کـورت بـە کەسـانێک کـە هـەر سـەرگەرمی دژایەتیـی پێغەمبـەری خـوا ﷺ و پەیامەکـەی بـوون و، هەوڵـی خەفەکـردن و کوژاندنـەوەی چـرای ئایینەکەیـان داوە، لـە حاڵێکـدا خـوای بـاڵا دەسـت بـۆ زاڵکردنـی بەسـەر تێکـڕای بەرنامەکانـدا، ناردوویەتـی، لـە نـۆ ئایەتـی پێشـەوەی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، ئـەو مەبەسـتانە خراونـەڕوو.

ئنجـا لـە پێنـج ئایەتـی کۆتایـی دا، خـوا ﷻ بـە شـێوازێکی وەک پێشـنیار کـردن، فەرمانـی کـردوە بـە بڕواداران، کـە لـە پێنـاوی ڕێبـازی خـوادا، فیداکاریـی بکـەن بـە گیـان و سامانیان و، مـاڵ و سـامانیان ببەخشـن و گیانیـان بەخـت بکـەن و، مـوژدەی خۆشـی دنیـاو قیامەتیشـی پێـداون لـە بەرانبـەر ئـەوەدا، لـە کۆتاییشـدا فەرمانـی کـردوە بـە بـڕواداران، کـە وەک حەوارییەکانـی عیسـا ؑ پشـتگیریی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بکـەن واتـە: وەک چـۆن حەوارییـەکان واتـە: هاوەڵـە دانسـتەکانی عیسـا ؑ، پشـتگیریی عیسـایان کـرد لـە گەیاندنـی پەیامـی خـواو لـە بـڵاو کردنەوەیـدا، ئەوانیـش بـە هەمـان شـێوە پشـتگیریی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بکـەن، کـە سـەرەنجام هاوەڵانـی عیسـا ؑ بەسـەر دوژمنانیانـدا سـەرکەوتن، دوایـی ئێمـە ڕوونـی دەکەینـەوە: ئایـا ئـەو سـەرکەوتنە، مەبەسـت پێـی سـەرکەوتنی مەیدانییـە؟ یاخـود مەبەسـت پێـی سـەرکەوتنی بەڵگەیـی و مەعنەوییـە؟

شەشەم: تایبەتمەندییەكانی ئەم سوورەتە:

ئێمە پێنج تایبەتمەندیی ئەم سوورەتە موبارەكەمان خستوونە ڕوو:

١- سەرزەنشتكردنی بڕواداران (دیارە هەندێكیان) لەسەر قسەی بێ كردەوە، كە ئەوە گەورەترین گوناهە، لە ئایەتی ژمارە (٢) و (٣)دا.

٢- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە كە خوا كەسانێكی خۆشدەوێن، \ بە ڕیز بە ڕێك و پێكیی و بە دامەزراویی لە پێناویدا دەجەنگن و وەک دیواری پێكەوە جۆشدراو، یاخود دیواری قوڕقوشمیی پێكەوە پەیوەست و توندو تۆڵن، لە ئایەتی ژمارە (٤)دا.

٣- ڕەخنەگرتنی مووسا عليه السلام بە ڕاشكاویی لە گەلەكەی كە ئازاریان داوە: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِى وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ﴿٥﴾ ﴾، یاد بكەوە كاتێک مووسا عليه السلام بە گەلەكەی خۆی گوت: ئەی گەلەكەم! بۆچی ئازارم دەدەن، لە حاڵێكدا دەزانن من ڕەوانەكراوی خوام بۆ لای ئێوە؟ لە ئایەتی ژمارە (٥)دا.

٤- ناوهێندرانی پێغەمبەری كۆتایی موحەممەد ﷺ بە: (أحمد)، كە تەنیا لەم سوورەتە موبارەكەدا ناوی پێغەمبەری خاتەم ﷺ بە ئەحمەد هاتوە، لەسەر زمانی عیسا عليه السلام كە موژدەی بە گەلەكەی داوە، پێغەمبەری كۆتایی دێ و ناوی ئەحمەدە، لە ئایەتی ژمارە (٦) دا.

٥- ناوهێنرانی جەنگ و فیداكاریی لە پێناوی خوادا بە وشەی (تجارة): ﴿ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَٰرَةٍ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿١٠﴾ ﴾، لە ئایەتی ژمارە (١٠)دا.

حەوتەم: دابەشكردنی ئایەتەكان بۆ دوو دەرس:

دەرسی یەكەم: لە نۆ ئایەتی سەرەتا (١ - ٩) پێک دێ و، لەو نۆ ئایەتەدا، حەوت بابەتی جۆراوجۆر خراونەڕوو:

١- بە پاكگیرانی خوا، ئایەتی ژمارە (١).

٢- سەرزەنشتكردنی بڕواداران لەسەر قسەی بێ كردار، ئایەتەكانی ژمارە (٢و ٣).

٣- مەدح كردنی خوا بۆ جەنگاوەرانی ڕیز مەحكەم و دامەزراو، ئایەتی ژمارە (٤).

٤- ڕەخنەگرتنی مووسا عليه السلام لە گەلەكەی كە ئازاریان داوە، ئایەتی ژمارە (٥).

٥- ڕاگەیاندنی عیسا عليه السلام بە گەلەكەی كە بە ڕاستدانەری تەوڕاتەو، موژدە پێدەری هاتنی ئەحمەدە، پێغەمبەرێک بە ناوی ئەحمەد، كە پێغەمبەری كۆتاییە، ئایەتی ژمارە (٦).

٦- سەرزەنشتی سەختی تۆمەت هەڵبەستەران لە دژی ئیسلام، ئایەتی ژمارە (٧).

٧- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە كە ئەوانەی دژی پەیامی خوان، وەک ئەو كەسەن بیەوێ بە فووی زاری، یان بە قسەی زاری خۆر بكوژێنێتەوە، یاخود ڕووناكیی خوا بكوژێنێتەوە، خواش زاڵكەری بەرنامەكەیەتی، ئایەتەكانی ژمارە (٨و ٩).

دەرسی دووەم: ئایەتەكانی (١٠ - ١٤) واتە: پێنج ئایەتی كۆتایی، دوو بابەتیان تێدا خراونەڕوو:

١- فەرمانكردنی خوا بە تێكۆشان بە سەرو ماڵ لە ڕێی خواداو، موژدەی دنیاو دواڕۆژ پێدانی موجاهیدان.

٢- ستایشكردنی خوا جل جلاله بۆ هاوەڵە دڵسۆزەكانی عیسا عليه السلام كە سەرەنجام خوا سەری خستوون و، خواش فەرمانی بە بڕواداران كردوە بیانكەنە سەرمەشقیان.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێزان! ئەم دەرسە لە نۆ (٩) ئایەتی پێشەوەی سووڕەتی **(الصف)** پێکدێ، ئایەتەکانی: (١ - ٩)، کە تێیاندا دوای بە پاکگرتنی خوا لە لایەن هەرچییەکەوە لە ئاسمانەکان و زەویی دایە، باسی چەند بابەتێکی جۆراوجۆر کراوە:

١- سەرزەنشتکردنی بڕواداران لەسەر قسەی بێ کردەوە.

٢- مەدح کردنی جەنگاوەرانی ڕێی خوا، کە بە مەحکەمیی و ڕیزی جۆشدراو تێدەکۆشن.

٣- گلەیی و ڕەخنەی مووسا عليه السلام لە گەلەکەی، کە وێڕای ئەوەی زانیویانە پێغەمبەری خوایە، ئازاریان داوە.

٤- بە گەلی بەنوو ئیسرائیل ڕاگەیاندنی عیسا عليه السلام، کە بۆ لای وان ڕەوانەکراوەو، بە ڕاستدانەری تەوراتەو موژدەدەری هاتنی پێغەمبەری کۆتایی **(أحمد)**ە ﷺ.

٥- سەرزەنشتی سەختی تۆمەت هەڵبەستەران لە دژی ئیسلام.

٦- ڕاگەیاندنی ئەو ڕاستییە کە دژایەتییکەرانی پەیامی خوا، وەک ئەوەیە کەسێک بیەوێ بە فووی زاری، خۆر خەفە بکات! خواش بە مسۆگەریی سەرخەری بەرنامەو پەیامەکەیەتی.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۖ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٢﴾ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُوا۟ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ
ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ ﴿٤﴾ وَإِذْ قَالَ

مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِى وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ۖ فَلَمَّا زَاغُوٓا۟
أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى
رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم
بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَىٰٓ إِلَى ٱلْإِسْلَٰمِ ۚ وَٱللَّهُ
لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧﴾ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾
هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ﴿٩﴾ ﴾.

ماناى دەقاو دەقى ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، هەرچی لە ئاسمانەکان و، هەرچی لە زەویدایە خوای بە پاک و بێ خەوش گرت و، ئەو زاڵی کاربەجێیە ﴿١﴾ ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! بۆچی ئەوەی دەیڵێن، نایکەن (قسەی بێ کردەوەتان هەیە)؟ ﴿٢﴾ ئەوە کە قسەیەک بکەن، کاری پێ نەکەن، لە لای خوا زۆر بوغزێنراوە (و مایەی توورەیییەکی گەورەیەتی) ﴿٣﴾ بە دڵنیایی خوا کەسانێکی خۆشدەوێن کە بە ڕیز (بە ڕێک و پێکیی) لە پێناویدا دەجەنگن، وەک دیواری قاییم و پتەو (و قورقوشمیی) ﴿٤﴾ یادیش بکەوە! کاتێک مووسا بە کۆمەڵەکەی خۆی گوت: ئەی گەلەکەم! بۆچی ئازارم دەدەن، لە حاڵێکدا دەشزانن من پێغەمبەری خوام بۆ لاتان؟ ئنجا کاتێک (لە هەق) لایاندا، خوا دڵی لادان و، خواش کۆمەڵی لادەران ڕاستەڕێ ناکات ﴿٥﴾ هەروەها یادبکەوە! کاتێک عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی وەچەی ئیسرائیل! بێگومان من پێغەمبەری خوام بۆ لاتان، لە حاڵێکدا بەڕاستدانەری ئەو تەوراتەم کە لە پێشمەوە (بەرنامەی خوا) بووە (بۆتان)و، موژدەدەریشم بە (هاتنی) پێغەمبەرێک لە دوای من دێ بە ناوی ئەحمەد، کەچی کاتێک بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێنان، گوتیان: (ئەمە) جادوویەکی ڕوونە! ﴿٦﴾ ئایا

کێ لەو کەسەش ستەمکارترە لە حاڵێکدا کە بۆ لای ئیسلام بانگ دەکرێ، درۆ بە خواوە هەڵبەستێ! خواش کۆمەڵی ستەمکاران ڕاستە ڕێ ناکات (٧) (بێبڕوایەکان) دەیانەوێ بە زاریان ڕووناکیی خوا بکوژێننەوەو، خواش تەواوکەری ڕووناکییەکەیەتی هەرچەندە بێبڕوایانیش پێیان ناخۆشبێ (٨) (خوا) ئەو کەسەیە پێغەمبەری خۆی بە ڕێنمایی و بەرنامەی هەقەوە ناردوە، تاکو بەسەر هەموو بەرنامەکاندا زاڵی بکات، هەرچەندە هاوبەشدانەرانیش پێیان ناخۆشبێ (٩)}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(لِمَ): لە ئەصڵدا لە دوو پیت پێکهاتوە، لە (ل) و (ما)، (لام + ما الإستفهامیة)، لە ئەصڵدا (لِمَا) بووە، بەڵام ئەلیفەکەی (لەبەر ئەوەی زۆر بە کارهێنراوە) قرتێنراوە، پێکەوەش پەیوەست کراون و بۆتە (لِمَ) بۆچی؟

(كَبُرَ): (أي: صَارَ كَبِيراً، وَالكِبَرُ مُسْتَعَارٌ لِلشِدَّةِ، لِأنَّ الكَبِيرَ فِيهِ كَثْرَةٌ، وَشِدَّةٌ فِي نَوْعِهِ)، (كَبُرَ) واتە: گەورە بوو، گەورەیی خوازراوەتەوە بۆ توندیی، چونکە شتێک کە گەورە بوو، زۆریشیی تێدا هەیەو، توندیشی تێدا هەیە لە جۆری خۆی.

(مَقْتًا): (المَقْتُ: البُغْضُ الشَدِيد)، (مَقْت): تووڕەییەکی توندە، لێرەدا (مَقْت مَصْدَرٌ بِمَعْنى اسمِ المَفْعُولِ، كَبُرَ مَقْتاً أي: كَبُرَ مَمْقُوتاً)، (مَقْت): چاوگە، بەڵام بە مانای ناوی بەرکارە، کەواتە: (كَبُرَ مَقْتاً) واتە: لە بوغزێنراوییدا زۆر گەورەیە، ئنجا دەگوترێ: (مَقَتَ مَقَاتَةً، فَهُوَ مَقِيتٌ وَمَمْقُوتٌ)، (مَقَتَ مَقَاتَةً) واتە: ئەو شتە بوغزێنراو بوو بە بوغزێنران، (فَهُوَ مَقِيتٌ) ئەو بوغزێندراوە، (مَمْقُوتٌ)یش هەر بە مانای بوغزێنراوە.

(صَفًّا): (الصَّفُّ: جَعْلُ الشَّيءِ عَلَى خَطٍ مُسْتَوٍ، أو بِمَعْنَى صَافٌ)، (صَف): بریتیە لەوەی شتێک لەسەر هێڵێکی یەکساندا دابنێی، کۆمەڵە شتێک پێکەوە ڕیزیان

بکەی، بە کوردیی دەگوترێ: ڕیزکردن، یاخود (صَف) لێرەدا چاوگە، بەڵام بە مانای ناوی بەرکار (**اسم فاعِل**)ە واتە: (**صاف**) ڕیزبوو.

(كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ): وەک دیواری (**مَرْصُوص**) وان، (**مَرْصُوص**) بە مانای (**مُحْكَم**) دێ، واتە: وەک دیوارێکی پێکەوە جۆشدراون، یاخود (**كَأَنَّمَا بُنِيَ بِالرُّصَاص**) واتە: دیوارێک مەحکەم بێ وەک قورقوشم کە بە شتێکی دا بکەی، زۆر بە مەحکەمیی یەکدی دەگرێ، (**رَصَصْتُهُ وَرَصَّصْتُهُ وَتَرَاصُّوا فِي الصَّلاةِ**)، (**رَصَصْتُهُ وَرَصَّصْتُهُ**) واتە: بەبێ گیرەو بە گیرە، هەردووکیان بە مانای ڕیزم کرد، یان پێکەوە مەحکەمم کرد، پێکمەوە لکاند، (**وَتَرَاصُّوا فِي الصَّلاةِ**) واتە: پێکەوە پەیوەست بن لە ڕیزی نوێژدا.

(زَاغُوٓاْ): لایاندا، (**الزَّيْغُ: الْمَيلُ عَنِ الإِسْتِقَامَةِ**)، (**زَيْغ**) لادانە لە ڕاستیی، (**رَجُلٌ زَائِغٌ وَ قَوْمٌ زَاغَةٌ وَزَائِغُون**)، ئەگەر بۆ تاک بێ دەڵێین: (**رَجُلٌ زَائِغٌ**) پیاوێکی لادەر، ئەگەر ئافرەتیش بێ: (**إِمْرَأَةٌ زَائِغَةٌ**)، بەڵام ئەگەر کۆمەڵێک بن، دەگوترێ: (**قَوْمٌ زَاغَةٌ**) سیفەتەکەیان بە (**زَاغَة**) دێ، واتە: کۆمەڵێکی لادەر، ئەو کاتە (**زَاغَة**) دەبێتە سیفەت بۆ (**قَوْم**) بە ئیعتیباری ئەوەی کۆمەڵێکن، کۆمەڵیش بە تەئویلی (**جماعة**) و (**مجموعة**) بە مێینە (**مؤنث**) دێن، (**زَائِغُون**)یش کۆمەڵە خەڵکێکن لە چەند تاکێک پێکهاتوون، هەموویان لادەرن.

(ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ): درۆی بە ناوی خواوە هەڵبەستوە، (**الْفَرْيُ: قَطْعُ الجِلْدِ لِلْخَرْزِ وَالإِصْلاَحِ، وَاسْتُعْمِلَ فِي القُرْآنِ فِي الكَذِب وَالشِّرْكِ وَالظُّلْمِ**)، (**فَرْي**): بە مانای برینی چەرم دێ، بۆ ئەوە شتێکی پێ پینە بکرێ، یان شتێکی پێ چاک بکرێ، ئەو شتانەی کاتی خۆی لە چەرم و پێست دروستکراون (پێڵاو و توورەکەو مەشکەو ... هتد)، ئەگەر ئەو شتە کەلێنێک، کونێکی تێبووبێ، چەرمیان لە شتێکی دیکە بریوەو بەویانەوە لکاندوە، بەڵام لە قورئاندا وشەی (**إفتراء**) بەکارهاتوە بۆ درۆو، هاوبەش بۆ خوا دانان و، ستەم، واتە: خوازراوەتەوە.

(لِيُطْفِـُٔوا): بـۆ ئـەوەی بکوژێننـەوە، خەفـە بکـەن. (الإِطْفَـاءُ: الإِخْـمَادُ وَأَصلُـهُ فِي النَّـارِ، ثُـمَّ اسْـتُعِيرَ لِـمَا يَجْـرِي مَجْرَاهَـا فِي الظُّهُـور)، (إطفـاء): بـە مانـای خەفـە کـردن و کوژانەوەیـە، لـە ئەصڵـدا بـۆ کوژانـەوەی ئاگـرە، دوایـی خوازراوەتـەوە بـۆ هـەر شـتێک کـە وەک ویـە لـە دەرکەوتنـدا.

بانگـەوازی خـوا بکوژێننـەوە، پەیامـی خـوا بکوژێننـەوە، بانگـی زوڵاڵـی پەیامـی خـوا بێدەنـگ بکـەن.

(لِيُظْهِرَهُۥ): (الإِظْهَـارُ: النَّـصْرُ، وَيُطْلَـقُ عَـلَى التَّفْضِيـلِ وَالإِعْـلاَءِ المَعْنَـوِي) وشـەی (إظهَـار): بـە مانـای سەرخسـتنە، بـەڵام بەکاریـش دەهێـنرێ بـۆ بـە باشـتر دانـان و بەرزکردنـەوەی مەعنەوییـش، واتـە: مـەرج نیـە تەنیـا لـە مەیدانـدا سـەربکەوێ، بەڵکـو بـە نـاوو ناوبانـگ و سـومعەو شـۆرەت و، لـە ڕووی بەڵگـەو مەعنەوییـەوە، بەرزتـر بـێ.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

هـۆی هاتنـە خـواری ئـەم سـێ ئایەتـە موبارەکـە، کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ ۝٣ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ ۝٤ ﴾، لـەو بـارەوە سـێ ڕیوایەتـان دێنیـن:

١- [عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَلاَمٍ رضي الله عنه، قَالَ: قَعَدْنَا نَفَرٌ مِنْ أَصْحَابِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فَتَذَاكَرْنَا، فَقُلْنَا: لَوْ نَعْلَمُ أَيَّ الأَعْمَالِ أَحَبُّ إِلَى اللهِ لَعَمِلْنَاهُ، فَأَنْزَلَ اللهُ: ﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝١ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ ۝٣ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ ۝٤ ﴾، قَالَ عَبْدُاللهِ: فَقَرَأَهَا عَلَيْنَا رَسُولُ اللهِ ﷺ

حَتَّى خَتَمَهَا، قَالَ أَبُو سَلَمَةَ: فَقَرَأَهَا عَلَيْنَا ابْنُ سَلَامٍ، قَالَ يَحْيَى: فَقَرَأَهَا عَلَيْنَا أَبُو سَلَمَةَ، قَالَ الأَوْزَاعِيُّ: وَقَرَأَهَا عَلَيْنَا يَحْيَى} (أخرجه الترمذي: ٣٣٠٩، والدارميّ: ٢٣٩٠، والحاكم: ٢٣٨٦، وأبو يعلى في المسند: ٧٤٩٩ وَصَحَّحَهُ مُخَرِّج أحاديث تفسير القرطبي: ٥٩٢٢)[1].

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلام ﷺ دەڵـێ: جارێـک کۆمەڵێـک لـە هاوەڵانـی پێغەمبـەر ﷺ دانیشـتبووین، قسـەمان کـرد، گوتمـان: ئەگـەر زانیبامـان چ کردەوەیـەک خۆشەویسـتترە لـە لای خـوای بـەرز، دەمانکـرد، خـوای بەرزیـش ئـەم چـوار ئایەتانـەی سـەرەتای سـوورەتی (الصـف)ی دابەزانـدن، عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلام دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئایەتەکانـی بەسـەردا خوێندینـەوە، ئەبـوو سـەلەمە دەڵـێ: عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلامیش {وەک چـۆن کاتـی خـۆی پێغەمبـەری خـوا ﷺ ئایەتەکانـی بەسـەردا خوێنـد بوونـەوە}، ئەویـش بەسـەر ئێمەیـدا خوێندنـەوە، یەحیـاش (یحیـی بـن أبي کثـیر)، {کـە ڕاوییەکەیـە}، دەڵـێ: ئەبـوو سـەلەمەش وەک چـۆن عەبدوڵـڵای کـوڕی سـەلام بەسـەریدا خوێندبوونـەوە، ئەویـش بەسـەریدا خوێندینـەوە، ئنجـا (الأَوْزَاعِي)یـش دەڵـێ: یەحیـا بەسـەریدا خوێندینـەوە.

٢- {عَنْ مُجَاهِدٍ، فِي قَوْلِ اللهِ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ ۝٣ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَٰنٌ مَّرْصُوصٌ ۝٤ ﴾ فِيمَا بَيْنَ ذَلِكَ فِي نَفَرٍ مِنَ الأَنْصَارِ فِيهِمْ عَبْدُ اللهِ بْنُ رَوَاحَةَ، قَالُوا فِي مَجْلِسٍ: لَوْ نَعْلَمُ أَيُّ الأَعْمَالِ أَحَبُّ إِلَى اللهِ لَعَمِلْنَا بِهَا حَتَّى نَمُوتَ، فَأَنْزَلَ اللهُ هَذَا فِيهِمْ، فَقَالَ عَبْدُ اللهِ بْنُ رَوَاحَةَ: لَا أَزَالُ حَبِيسًا فِي سَبِيلِ اللهِ حَتَّى أَمُوتَ، فَقُتِلَ شَهِيدًا}[2].

ئەمـە دەقێکی (مُرسـل)ە {واتە: یەکسـەر لـە (تابِعي)یـەوە هاتووەو بـەرز نەکراوەتەوە بـۆ لای هـاوەڵ}، بـەڵام (الإسـتیعاب في بیـان الأسـباب: ج ٣، ص ٤٠٣) گوتوویەتـی: (قُلْنَـا: هَـذَا مُرسَـلٌ صَحِيحُ الإِسـنادِ) ئەمـە دەقێکی (مُرْسَـل)ە سـەنەدەکەی ڕاسـتە.

---

(١) (الإستيعاب فـي بيان الأسباب: ج ٣، ص ٣٩٩، ٤٠٠، وقلنا: هذا سند صحيح).

(٢) جامع البيان: ٣٤١٢٧.

واتــە: موجاهیــد دەڵــێ: ئــەم ئایەتانــە لــە بــارەی کۆمەڵێــک لــە پشــتیوانەکانەوە دابەزیــن، کــە لــە نێویانــدا عەبدوڵــڵای کــوڕی ڕەواحــە هەبــوو، {عەبدوڵــڵای کــوڕی ڕەواحــە، هــەم شــاعیرێکی زەبــر دەســتی پێغەمبــەری خــوا ﷺ بــووە، هــەم یەکێــک بــووە لــەو ســێ فەرماندەیــەی لــە جەنگــی موئتــەدا شــەهید بــوون، کــە بریتــی بــوون لــە زەیــدی کــوڕی حاریســەو، جەعفــەری کــوڕی ئەبــی تاڵیــب و، عەبدوڵــڵای کــوڕی ڕەواحــە، موئتــەش شــوێنێکە لــە ئوردونــی ئێســتا}.

لــە کۆڕێــک دا گوتوویانــە: ئەگــەر زانیبامــان چ کردەوەیــەک لــە لای خــوا خۆشەویســتترە، ئــەو کردەوانەمــان ئەنجــام دەدان، هەتــا دەمردیــن {هــەر لەســەریان بــەردەوام دەبوویــن}، ئیــدی خــوا ﷻ ئــەو ئایەتانــەی ناردنــە خــوار، عەبدوڵــڵای کوڕی ڕەواحــە گوتــی: هەتــا دەژیــم، بــەردەوام دەبــم لــە پێنــاوی خــوادا، هــەر جەنــگ و جیهــاد دەکــەم، ئیــدی هــەر واشــبوو هەتــا شــەهید بــوو لــە جەنگــی موئتــەدا.

٣- {عَنْ قَتَادَةَ: كَانَتْ رِجَالٌ تُخْبِرُ فِي الْقِتَالِ بِشَيْءٍ، لَمْ يَفْعَلُوهُ، وَلَمْ يَبْلُغُوهُ، فَوَعَظَهُمُ اللَّهُ فِي ذَٰلِكَ مَوْعِظَةً بَلِيغَةً، فَقَالَ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٣ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ ۝٤ ﴾} **(جامع البيان: ٣٤١٣٨)** ئەم دەقە لە عەبدوڵڵای کوڕی عەبباسیشەوە (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) بە بێژەیەکی نیزیک لەوە هاتوە، وەک لە **(الدر المنثور: ج ٨، ص ١٤٧)**دا هاتوەو پاڵیشیداوەتە لای **(ابن مردويه)**، ئەمەش خاوەنانی **(الإستيعاب في بيان الأسباب: ج ٣، ص ٤٠٣)** هێناویانە.

قەتــادە، {هەروەهــا بــە بێژەیەکــی نیزیــک لــەوە، عەبدوڵــڵای کــوڕی عەبباســیش (خــوا لــە هەموویــان ڕازی بــێ)}، گوتوویەتــی: پیاوانێــک کــە بەشــداریی جەنگێکیــان دەکــرد، دوایــی لــە بــارەی خۆیانــەوە هەواڵیــان دەدا کــە ئــەو شــتەیان نەکردبــوو و نەگەیبوونــە ئــەو ئەندازەیــە، (بــۆ وێنــە: کەسێک دوو نەفــەری کوشــتبوون دەیگــوت: شەشــم کوشــتوون، یــان کەســێک چالاکییەکــی کــردوە، زیــادەی دەخســتە ســەر)،

خـواش ﷻ لـەو بـارەوە ئامۆژگارییەکـی زۆر باشـی کـردن و، ئـەو ئایەتـە بـە پێزانـەی لـە بـارەوە ناردنـە خـوار، کـە پێویسـتە مـرۆڤ ئەگـەر باسـی شـتێکی کـرد، کـە کردوویەتـی و ئەنجامـی داوە، لـە قەبـارەی خـۆی نەیباتـە دەر، چۆنـە ئاوای باسـبکات و زیـادەی پێـوە نەنـێ، ئەگەرنـا ئـەوە گوناهێکـی گەورەیـە، واتـە: گوناهێکـی گەورەیە بـۆ ئەهلـی ئیـمان، شـتێک بڵێـن وانەبـێ، یاخـود زێدەڕۆیـی تێـدا بکـەن.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە:

دەستپێکردنم بە ناوی خوایە، ئەویش مەبەستی ئەوەیە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانە دی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿ سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ﴾، هەرچییـەک کـە لـە ئاسـمانەکان و، هەرچییـەک کـە لـە زەویـدا هەیـە، پاکیـی بـۆ خـوا ڕاگەیانـد، بـێ خەوشـیی بـۆ خـوا ڕاگەیانـد، خـوای بەپاکگـرت و بەبـێ هەڵـەو پەڵـە وەسـفی کـرد، ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئەویـش باڵادەسـتی کاربەجێیـە.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! بۆچـی شـتێک دەڵێـن کـە نەتانکـردوە؟ بۆچـی قسـەیەک دەکـەن کـە کردەوەتـان پـێ نەکـردوە؟ ﴿ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴾، زۆر بوغزێـنراوە

لـە لای خـوا، شـتێک بڵێـن، کارتـان پـێ نەکردبـێ، واتـە: باسـی کردەوەیەکتـان بکـەن کـە ئەنجامتـان نەدابـێ، هـەر بـە قسـە باسـی بکـەن، ئنجـا ئـەوە چ پەیوەندیـی بـە جەنـگ و جیهـادەوە هەبـێ، چ پەیوەندیـی بـە بانگکردنـی خەڵکـەوە بـێ بـۆ لای خـوا، چ پەیوەندیـی بـە دەرس و دەورەوە هەبـێ، چ پەیوەندیـی بـە کاری سیاسـییەوە هەبـێ.

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَـٰنٌ مَّرْصُوصٌ ﴾، بـە دڵنیایـی خـوا ئەوانـەی خۆشـدەوێن، کـە بەڕیـز لـە ڕێـی ویـدا دەجەنگـن، وەک دیـواری پێکـەوە جۆشـدراوبن، بێگومـان مەبەسـت ئـەوە نیـە کـە هـەر دەبـێ پێکەوە ڕیـز بـن، چونکـە جـاری وایـە ئەگـەر ڕیـز بـن، چـاک بـۆ دوژمـن دەبنـە نیشـانە! بەڵکـو مەبەسـت ئەوەیـە لـە ڕووی مەعنەوییـەوە ڕیـز بـن، تۆکمـەو تونـدو تـۆڵ بـن، پێکـەوە جۆشـدراو بـن، پێکـەوە هـاوکار بـن، وەک چـۆن تیمێـک پێکـەوە هـاوکارن، ئـاوا بـەو شـێوەیە پێکـەوە هـاوکار بـن، نـەک هـەر کەسـە لـە ئاوازێـک بخوێنـێ و، هـەر کەسـە بـە ڕێیەکـدا بـڕوات، نـا! بەڵکـو پێکـەوە وەک تیمێـک پێکـەوە هـاوکارو دەسـتبارگر بـن، وەک چـۆن دیوارێـک خشـتەکانی یەکـدی مەحکـەم دەکـەن، دەبـێ جەنگاوەرانـی ڕێـی خـواش، هـەر کامێکیـان مەحکەمکـەری هاوەڵەکـەی بـێ و، پتەوکـەری بـێ و، کارەکەشـیان ڕێـک و پێـک بـێ، وەک چـۆن دیوارێـک دانـراوە بـە ڕێـک و پێکیـی و کەلێـن و کونـی تێدانیـن، دەبـێ ئەوانیـش کارەکەیـان ڕێـک و پێـک بـێ.

ئنجـا خـوا باسـی مووسـا ﷺ دەکات: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَـٰقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِى وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ﴾، یـاد بکـەوە! کاتێـک مووسـا بـە کۆمەڵەکـەی خـۆی گـوت: ئـەی کۆمەڵەکـەم! ئـەی خەڵکەکـەم! بۆچـی ئـازارم دەدەن و نـاڕەحەتـم دەکـەن؟ لەحاڵێکـدا دەشـزانن مـن ڕەوانەکـراوی خـوام بـۆ لای ئێـوە، ﴿ فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ﴾، کاتێـک ئـەوان لایانـدا، بـە کـردەوەو ڕەفتـار لایانـدا لـە فەرمانـی مووسـا، خـوا دڵـی لادان، کەواتـە: وەک چـۆن دڵـلادران دەبێتـە هـۆی

ئەوەی مرۆڤ بە کردەوەو بە جەستەش لابدریّ، بە هەمان شێوە: کردەوەی خراپیش کاریگەریی هەیە بۆ سەر دەروون و دڵ و ناخی مرۆڤ، کە مرۆڤ زیاتر لابدات و لاڕێ ببێ.

هەڵبەتە کە دەفەرموێ: ﴿ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ﴾، مەبەست ئەوەیە بە پێی سیستمێک کە خوا دایناوە، ئەگەر کەسێک لەسەر کاری خراپ بەردەوام بێ، دەبێتە هۆی تێکچوون و لادانی دڵیشی، ئنجا لەبەر ئەوەی بە پێی سیستمی خوا ئەوە ڕوو دەدات، خوا پاڵیداوەتە لای خۆی، ﴿ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴾، بە دڵنیایی خواش کۆمەڵی لادەران ڕاستە ڕێ ناکات، ئەگەرنا خوا هەموو کەسی هیدایەت داوە، بە مانای ڕێنمایی کردن، بەڵام کەسانێک لادەربن، خوا ڕاستە ڕێیان ناکات و، بە ئامانجیان ناگەیەنێ، (**فَاسِقِين**) کۆی (**فَاسِق**)ە و ئەویش ناوی بکەر (**اسم فاعل**)ە واتە: ئەوانەی لایانداوە، ئنجا کەسێک لابدات لە ڕێنمایی خوا، خوا بە ئامانجی ناگەیەنێ، ئەمە وەک دەرەنجامێکی ئاسایی و سرووشتییەو کەسێک لە ڕێیە لابدات، ناگاتە ئەو ئامانجەی ئەو ڕێیە پێی دەگەیەنێ و، بەس بە ڕێی ڕاستدا دەگەیە ئامانج.

ئنجا خوا باسی ئەزموونی عیسا عليه السلام دەکات، ئەوەش هەمووی بۆ:

یەک: دڵدانەوەی پێغەمبەری خوایە ﷺ لە لایەکەوە، کە ئەگەر خەڵکێک لاڕێ و هەتڵە بوو، ئەوە لە پێش تۆشدا پێغەمبەرانێکی دیکە (**عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَامُ**) بە دەست ئەو جۆرە کەسانەوە گرفتار بوون.

دوو: ئامۆژگارییشە بۆ مسوڵمانان، کە لە فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەرمەچن و پێغەمبەری خۆتان ئەزیەت و ئازار مەدەن، وەک گەلی جوولەکە مووسایان ئازاردا، هەروەها هەر گەلی جوولەکە عیساشیان ئازاردا.

﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ﴾، هەروەها یاد بکەوە! کاتێک عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی وەچەی ئیسرائیل! ئیسرائیل نازناوی یەعقووبە

عليه السلام، واتـە: ئـەی ڕۆڵەکانـی یەعقـووب! ﴿إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم﴾، بـە دڵنیایـی مـن ڕەوانەکـراوی خـوام بـۆ لای ئێـوە، عیسـا تەنیـا بـۆ لای بەنـوو ئیسـڕائیل نێـردراوە، بـۆ لای گەلـی جوولەکـە بـەڵام دوایـی (**بولـص الرسـول**) هەروەهـا ئەوانیدیکـە هەوڵیـان داوە، پەیامەکـەی عیسـا گشـتگیر بکـەن و، ئێسـتاش دەویسـترێ کـە ئایینـی نەصرانیـی، ئایینـی مەسـیح عليه السلام ئەگـەر هـەر وەک ئەصڵەکەشـی بـێ، بیگشـتێنن بەسـەر دنیـادا، بـەڵام لـە ئەسـڵ دا خـوا بـۆ ئـەوەی نەنـاردوە، بەڵکـو خـوا ناردوویەتی بـۆ ڕاسـتکردنەوەی گەلـی بەنـوو ئیسـڕائیل، هـەروەک لـە ئینجیلیشـدا هاتـوە: (**بـل اذهبـوا بالأحـرى إلى الخِـراف الضَّالَّـة إلى بيـت إسْرَائِيـل**).[1] واتـە: بەڵکـو باشـترە بچنـە لای کاوڕە لادەرو گومڕایـەکان لـە ماڵـی ئیسرائیـل، کەواتـە: هـەر لـە ئەصڵـدا عیسـا بـە ئینجیلەکەیـەوە کـە یـەک ئینجیـل بـووەو، ئێسـتا نەصڕانییـەکان کردوویانـە بـە چـوار، تەنیـا بـۆ گەلـی ئیسـڕائیل نێـردرا بـوون، لـە ئینجیلیشـدا وا باسـکراوەو لـە قوڕئانیشـدا، کـە دیـارە سـەنگی مەحـەک لـە لای ئێمـە قوڕئانـە، چونکـە کتێبەکانـی دیکـە هەموویـان دەسـتکاریی کـراون.

﴿مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ﴾، بـە ڕاسـتدانەری ئـەوەم کـە لـە پێـش منـدا بـووە لـە تـەوڕات، واتـە: مـن بـە ڕاسـتدانەری ئـەو تەوڕاتـەم کـە لـە پێـش منـدا هاتـوە بـۆ مووسـا عليه السلام، گەلـی بەنـوو ئیسـڕائیل لـە دوای مووسـاوە، هەموویـان پابەنـد بـوون بـە تەوڕاتـەوە، تەنانـەت داوود عليه السلام کـە زەبووریشـی بـۆ هاتـوە، ئەویـش وەک ئینجیـل هەندێـک ئامۆژگاریـی ڕووحیـی و ڕەوشـتیی و ئاکاریـی بـووە، بـەڵام ئەصڵـی بەرنامەکەیـان بریتـی بـووە لـە تـەوڕات، تەوڕاتیـش یانـی: شـەریعەت.

---

(١) التفسـير التطبيقـي للكتـاب المقـدس، العهـد الجديـد، إنجيـل متّـى، الإصحـاح: ١٠، ٥و٦، ص: ١٩٠٣، ١٩٠٤، ئەمـەش دەقـی قسـەکەی عیسـایە: (هـؤلاء الإثنـا عـشر رسـولاً أرسـلهم يسـوع وقـد أوصاهـم قائـلاً، لاتسـلكوا طريقـاً إلى الأمـم ولاتدخلـوا مدينـة سـامرية، بـل اذهبـوا بالأحـرى إلى الخـراف الضالـة إلى بيـت إسرائيـل).

﴿ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ ﴾، موژدەدەریشم بە پێغەمبەرێک لە دوای من دێ، ناوی (أحمد)ە، کە دوایی ئێمە لە کورتە باسێکدا لە کاتی خستنە ڕووی مەسەلە گرنگەکاندا باسی دەکەین موژدەدانی عیسا (عليه السلام) بە هاتنی پێغەمبەری کۆتایی کە ناوی (محمد) و (أحمد)ە، چۆنە؟ هەروەها لە ئینجیلەکانەوەش چەند قسەیەکی عیسا دێنین.

﴿ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ ﴾، کاتێک عیسا بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێنان، بۆ بەنی ئیسرائیل، ﴿ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ ﴾، گوتیان: ئەمە جادوویەکی ئاشکرایە.

ئنجا دێتە سەر باسی ئیسلام و، باسی پێغەمبەری خاتەم ﷺ و، هەڵوێستی لاری هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و خاوەن کتێبەکانیش لە جوولەکەو نەصرانییەکان، خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ ﴾، ئایا کێ ستەمکارترە لە کەسێک کە درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ؟ ﴿ وَهُوَ يُدۡعَىٰٓ إِلَى ٱلۡإِسۡلَٰمِۚ ﴾، لە حاڵێکدا کە بانگ دەکرێ بۆ ئیسلام، واتە: بۆ ئەو کۆتا بەرنامەیەی خوا ناردوویەتی، کە بریتیە لە ملکەچیی بۆ خوا، ﴿ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیاییی خواش کۆمەڵی ستەمکاران ڕاستە ڕێ ناکات و، بە ئامانج ناگەیەنێ، چونکە ستەم لە خۆیان و لە بەرنامەکە دەکەن و وەرناگرن، سەرەنجام بە ئامانج ناگەن.

﴿ يُرِيدُونَ لِيُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ ﴾، دەیانەوێ ڕووناکیی خوا بە (فووی) زاریان بکوژێننەوە، ﴿ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾، خواش تەواوکەری ڕووناکییەکەی خۆیەتی، هەرچەندە بێبڕوایەکان قەڵس بن و پێیان ناخۆش بێ.

﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ ﴾، ئەو (خوا) کەسێکە ڕەوانە کراوەکەی خۆی بە ڕێنمایی و، بە بەرنامەی ڕێک و ڕاستەوە ناردوە، ﴿ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴾، تاکو بەسەر هەموو بەرنامەکاندا سەری بخات، (الدِّين) لێرەدا (أل)کەی بۆ تێکڕا (جنس)ە، واتە: بەسەر تێکڕای بەرنامەکانی دیکەدا باڵا دەستی بکات، ﴿ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴾، هەرچەندە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش پێیان ناخۆش بێ و، پێی قەڵس بن.

خوا ئەم کۆتا بەرنامەیەی خۆی ناردوە کە باڵادەست بێ:

أ- هەم لە ڕووی مەعنەوییەوە باڵا دەست بێ، هەر کەسێک بە عەقڵ و ویژدانەوە سەرنجی قورئان و ڕێبازی پێغەمبەری خوا ﷺ بدات، باڵا دەستیی و بەرزیی ئیسلام زۆر چاک لەلای بەرجەستەو نمایانە، هەر کەسێک تەماشای قورئان بکات و، بەراوردی بکات لەگەڵ ئەو کتێبانەی دیکەدا، کە بەداخەوە هەموویان گۆڕراون و تێکدراون و، ئەگەر گریمان نەشگۆڕرابانایە، قورئان هەر باڵادەست دەبوو بەسەریاندا، چونکە خوا ئەوانی بۆ قۆناغێکی دیارییکراو، بۆ کۆمەڵگایەکی دیارییکراو ناردوون، بەڵام قورئانی بۆ هەموو بەشەریەت و، بۆ هەموو کۆمەڵگایەکان بە درێژایی زەمان و بە پانایی زەمین ناردوە، ئنجا ئەگەر ئەو کتێبانە تێکیشنەدرابانایە، لەگەڵ قورئاندا هەر نەدەچوونە نێو تەرازووەوە، هەڵبەتە هەموویان هەر فەرمایشتی خوا بوون، بەڵام خوا فەرمایشتێک بۆ کۆمەڵگایەکی دیارییکراو و بۆ کاتێکی دیارییکراو بفەرموێ، جیایە لەوەی بۆ هەموو بەشەریەتی بفەرموێ، بە درێژایی زەمان و پانایی زەمین.

ب- هەم کاتی لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرەنگارییش دا، هەر زاڵ و سەرکەتوو و باڵا دەست بێ، هەرچەندە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پێیان ناخۆش بێ، پێی قەڵس و لا لووت بن.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بە پاکگیرانی خوا ﷻ لە لایەن هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایەو، ڕەخنەگرتنی خوا لە بڕواداران کە بۆچی قسەیەک دەکەن، کاری پێناکەن! لە حاڵێکدا ئەوە زۆر بوغزێندراوە لە لای خواو، خواش ئەوانەی خۆشدەوێن کە بە ڕیز لە ڕێی ویدا دەجەنگن، وەک دیواری مەحکەمی قوڕقوشمیی:

خوا دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ﴿١﴾ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٢﴾ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴿٣﴾ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِهِ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنْيَانٌ مَّرْصُوصٌ ﴿٤﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە حەوت بڕگەدا:

١)- ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾، خوای بە پاکگرت هەرچی لە ئاسمانەکان و، هەرچی لە زەویدا هەیە.

ئێمە هەم لە سوورەتی (**الإسراء**)داو، هەم لە سەرەتای سوورەتی (**الحديد**) یشدا، لە بارەی بە پاککرتنی دروستکراوەکانەوە بۆ خوا ﷻ و، ستایشکردنیان بۆ خوا، بە شێوەیەک کە ئێمە تێی ناگەین، دوو کورتە باسمان لەو دوو شوێنەدا کە ئاماژەمان پێداون، لەو بارەوە کردوون، لێرەشدا هەر ئەوەندە دەڵێین: لەم سوورەتە موبارەکەدا، هەروەها لە سوورەتی (**الحشر**)یشدا خوا بە کرداری ڕابردوو هێناویەتی: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾.

لە سوورەتی (**الحديد**)یشدا دەفەرموێ: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ﴿١﴾﴾.

لێرەدا ئـەوەی کـە بـە پێویسـتی دەزانـم بیـر هەمـوو لایەکـی بخەمـەوە، ئەوەیـە کـە خـوا ﷻ بـە پاکگیرانـی خـۆی لـە لایـەن دروسـتکراوەکانەوە:

١- بە کرداری ڕابردوو هێناوە، لە سەرەتای هەر سێک سووڕەتی: **(الحديد)** و **(الحشر)** و **(الصف)**دا، بۆ ئەوەی بزانرێ هەر لە ڕابردووەوەو، لەوەتەی دروستکراوەکان هەن، ئەوە عادەتیان بووە کە خوایان بە پاکگرتوە.

٢- هەروەها بە کرداری ئێستاو داهاتوو **(مضارع)**یش، هێناویەتی: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾، لە سەرەتای هەردووک سووڕەتی: **(الجمعة)** و **(التغابن)**دا.

٣- هەروەها بە کرداری **(أمر)**یش هێناویەتی لە سەرەتای سووڕەتی **(الأعلى)**دا: ﴿سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى ۝١﴾**الأعلى**، هەروەها لە کۆتایی سووڕەتی **(الواقعة)** و کۆتایی **(الحاقة)**ش دا: ﴿فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ ۝٩٦﴾**الواقعة**، و ﴿فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ ۝٥٢﴾**الحاقة**.

٤- هەروەها لە سەرەتای سووڕەتی **(الإسراء)**دا: ﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِّنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَا ۝١﴾، و لە نێو سووڕەتی **(الروم)**یشدا خوا ﷻ فەرمانی کردوە بە پاکگرتنی خۆی، کە لە هەردووکیان دا بە چاوگ هێناویەتی، لە **(الروم)**دا، دەفەرموێ: ﴿فَسُبْحَانَ اللَّهِ حِينَ تُمْسُونَ وَحِينَ تُصْبِحُونَ ۝١٧ وَلَهُ الْحَمْدُ فِي السَّمَٰوَٰتِ وَالْأَرْضِ وَعَشِيًّا وَحِينَ تُظْهِرُونَ ۝١٨﴾**الروم**، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەم لە ڕابردوودا، هەم لە داهاتوودا، هەم وەک فەرمان پێکردن، هەم وەک چاوگ، باسی بە پاکگیران و، بێ خەوشیی و پاکیی و، بێ هەڵەو پەڵەیی خوا لە لایەن سەرجەم دروستکراوەکانەوە، ڕاگەیەنراوەو ڕادەگەیەنرێ، هەڵبەتە لە هەموو ئەو شوێنانەدا خوا وشەی **(ما)**ی بەکارهێناوە: ﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾، ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾، چونکە ئەوانەی خاوەن عەقڵ و هۆش نین، لە دروستکراوەکان، زۆر زیاترن چ لە ڕووی ژمارەوە، چ لە ڕووی قەبارەوە، لەوانەی خاوەن عەقڵ و هۆشن، کە فریشتەکان و مرۆڤەکان و جندەکانن، ئنجا وەک زاڵکردنی ئەوانەی خاوەن عەقڵ و هۆش نین، بەسەر ئەوانەدا کە خاوەن عەقڵ و هۆشن، خوا ﷻ وشەی

(ما)ی بەکارهێناوە، هەندێک لە زانایانیش گوتوویانە: وشەی (ما)، (مَنْ)یش دەگرێتە نێو خۆی.

٢)- ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾، ئەو (خوا)یش، زاڵی کارزانە.

(العَزِيز: الغَالِبُ الَّذِي لا يُغَالَب) ئەو زاڵەی کەس ناتوانێ بەربەرەکانێی بکات، (الحَكِيم: الَّذِي فِي قَوْلِهِ وَفِعْلِهِ حَكِيمٌ)، ئەو زاتەی هەم قسەکەی، هەم کردەوەکەی بەجێیە، لە جێی خۆیدایە، خاوەن حیکمەتە.

ئنجا دوای خستنەڕووی ئەو ڕاستییە، خوا دەفەرموێ:

٣)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! لێرەدا بە دڵنیایی ڕووی دواندن لە ئیمانداران و مسوڵمانانە، واتە: ئەی ئەو کەسانەی خاوەنی ئیمانن، ئیمانیش لەگەڵ درۆو قسەی بێ کرداردا نەگونجاوە، ئەدی چۆن ئێوە هەندێکتان قسەیەک دەکەن، کردەوەی پێ ناکەن! یان قسەیەک دەکەن لە بارەی کردەوەیەکەوە، کە نەتانکردوە، هەردووک واتایەکە دەگرێتەوە.

٤)- ﴿لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾، بۆچی قسە دەکەن و کردەوەی پێ ناکەن، یان شتێک کە دەیڵێن، بۆچی کردەوەی پێ ناکەن؟ پێشتر گوتمان: وشەی (لِمَ) لە (ل) و (ما الإستفهامية) پێکهاتوەو ئەصڵی خۆی (لِمَا) بووە، واتە: (لأَيِّ شَيْء) لەبەرچی؟ ﴿تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾، واتە: شتێک دەڵێن کە کردەوەی پێ ناکەن، بە چ هۆیەک و لەبەر چ هۆکارێک؟

ئەم تەعبیرەش دوو واتای هەن:

أ- یان شتێکیان گوتوەو بەڵێنێکیان داوە، کاریان پێ نەکردوەو وەفادار نەبوون بەو بەڵێن و پەیمانەوە.

ب- یاخود هەواڵێکیان داوە لە بارەی شتێکەوە، کە لەگەڵ واقیعدا ڕاست نەبووە، چ پەیوەندیی بە جەنگەوە بووبێ، چالاکیی سەربازیی و جیهادیی، چ پەیوەندیی بە هەر شتێکی دیکەوە بووبێ.

بێگومـان لێـرە کـە دەفەرمـوێ: ﴿لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ﴾، لەبەرچـی شـتێک دەڵێـن کـە نایکـەن، یـان نەتانکـردوە؟ هەرچەنـدە ئـەوە پرسـیارە، بـەڵام مەبەسـت پێـی نکووڵییلێکردنـە، واتـە: مـادام خۆتـان بـە بـڕوادار دادەنێـن، نابـێ قسـەیەک بکـەن کـردەوەی پـێ ناکـەن، یـان: نابـێ کردەوەیـەک کـە نەتانکـردوە، باسـی بکـەن.

٥)- ﴿كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ﴾، زۆر بوغزێندراوە لە لای خوا، قسەیەک بکەن، کە کردەوەی پێ ناکەن، (**أَي: كَبُرَ مَمْقُوتاً قَوْلُكُمْ مَا لاَ تَفْعَلُونَ**)، بوغزێندراوێکی گەورەیە لە لای خوا، قسەکردنێکتان کە کاری پێ ناکەن، (**المَقْتُ: البُغْضُ الشَّدِيدُ بِمَعْنَى اسمِ المفعولِ**) وشەی (**مَقت**): چاوگە بە مانای زۆر بوغزێندراو، بەڵام لێرەدا بە مانای ناوی بەرکار (**اسم مفعول**)ە واتە: زۆر بوغزێندراوە، (**ممقوت**) و (**مقيت**)، لێرە (**مَقت**) دەبێتە (**تمييز**) یانی: چ شتێکی گەورەیە لە بوغزێندراویی دا، لە لای خوا، قسەیەک کردەوەی پێ نەکرێ!

ئێمـە بـەوە دەزانیـن ئـەو قسـەکردنەی کـردەوەی پـێ نەکـراوە، پەیوەندیـی بـە جەنـگ و جیهـادەوە هەبـووە، کـە دوایـی خـوا دەفەرمـوێ:

٦)- ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا﴾، بە دڵنیایی خوا ئەوانەی خۆشدەوێن بەڕیز لە ڕێیدا، لە پێناویدا دەجەنگن، (**صَفّ**)یش بریتیە لە کۆمەڵێ شت کە پێکەوە ڕیز کرابن لەسەر هێڵێکی یەکسان، بەڵام بێگومان لێرەدا مەبەست ئەوە نیە مسوڵمانان ڕیز بن، بەڵکو مەبەست پێی ڕێک و پێکیی و، لێزانیی و مەحکەمییە لە کارەکەیاندا، کەواتە: (**صَفّاً**) لێرەدا دەبێتە حاڵ (**أَي: صَافِّينَ أَو مَصْفُوفِينَ**)، (**صَفّ**) خۆی چاوگە، ئنجا یان بە مانای ناوی بکەر (**اسم فاعل**)ە، یان بە مانای ناوی بەرکار (**اسم مفعول**)ە، (**صَافِّين**) واتە: ڕیزبووان، (**مَصْفُوفِين**) واتە: ڕیزکراوان.

٧)- ﴿كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ﴾، وەک دیوارێکی مەحکەمی پێکەوە جۆشدراون، ئێمە بە بە پێی ئەو ڕستەی دوایی، دەزانین ئەو قسانەی خوا لە هەندێک لە مسوڵمانانی بە ڕەخنە گرتوون، ئەو قسانە پەیوەندییان هەبووە بە جەنگ و جیهادەوە، چونکە دوایی

دەفەرموێ: بێگومان خوا ئەوانەی خۆشدەوێن کە بەڕیز لە پێناویدا دەجەنگن، وەک دیوارێکی مەحکەم و پێکەوە جۆشدراو.

(بُنْيَان) واتە: دیوار، خانوو، (مَرْصُوص: المُتَلاصِقِ بَعْضُهُ بِبَعْض)واتە: هەندێکی بە هەندێکیەوە پەیوەست و پێکەوە چەسپاو.

دەبێ ئەوە بزانرێ: لێرەدا مەبەست ئەوە نیە کە مسوڵمانان پێکەوە ڕیز بن! نا! بەڵکو مەبەست ئەوەیە وەک چۆن کۆمەڵە شتێک کە ڕیز دەبن، پێکەوە گونجاوو تەبان، مسوڵمانانیش پێویستە لە کاتی جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەو، بەرەنگار بوونەوەی دوژمنانیاندا، پێکەوە ڕێک و تەباو، هاوکارو دەستبارگری یەکدی بن، هەروەها کە تەشبیهیان دەکات بە دیواری پێکەوە جۆشدراوەوە، واتە: وەک چۆن دیوارێک خشتەکانی هەر کامێکیان ئەوی دیکە مەحکەم دەکات، مسوڵمانانیش پێویستە لە کاتی جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنانیاندا، ئاوا مەحکەم و پێکەوە جۆشدراو بن، ئەگەرنا مەبەست ئەوە نیە کە وەک دیوار بن و لەوێ بچەقن! چونکە جەنگ حاڵی جیاجیای هەن، جاری وایە پێویست دەکات هێرش بەرن، یان پێویست دەکات هەندێک بەولادا بڕۆن و هەندێک بەولادا بڕۆن، یان جاری وایە تاکتیکی جەنگیی وا پێویست دەکات بکشێنەوە، بۆ ئەوەی دوژمن وابزانێ شکاون، دوایی بۆسەیان بۆ دابندرێ و بکەونە بۆسەکەوە، بەهەر حاڵ ئەوە هەمووی مەبەست پێی مانای پشتی وشەکانە، نەک مانای ڕواڵەتی وشەکان مەبەست بێ و، مەبەست ئەوە بێ: هەموویان ڕیز بن، چونکە ئەگەر لەم ڕۆژگارەدا سەربازەکان هەموویان ڕیز بن، بۆ دوژمن دەبنە نیشانەو هەموویان تەخت دەکات! کەواتە: مەبەست ڕیز بوون نیە! مەبەست ڕێک و پێک بوونە، هەروەها مەبەست ئەوە نیە وەک دیوار هەموو پێکەوە بن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە وەک چۆن دیوار قایم و مەحکەمە ئەوانیش ئاوا پتەوو مەحکەم بن، بەشەکانی دیواریش بەوە مەحکەمن، هەر کامێکیان ئەوی دیکەی گرتوە، کەواتە مسوڵمانانیش دەبێ هەر کامێکیان هاوکارو دەستبارگر بێ بۆ ئەوی دیکە.

وشەی (**مرصوص**) زانایان چەند مانایەکیان بۆ لێکداونەوە:

١- هەندێک گوتوویانە: (**أي: المُتَلاصِقِ بَعْضُهُ بِبَعْض**) واتە: هەندێکی بە هەندێکیەوە چەسپاوو لکاوە.

٢- (**الطبري**) گوتوویەتی: (**أي: بُنِيَ بِالرَّصَاصِ**) واتە: قورقوشمی پێدا کراوە، چاک مەحکەم بووە.

٣- (**المبرِّد**) گوتوویەتی: (**هُوَ مِن رَصَصْتُ البِنَاءَ، إِذَا لاءَمْتَ بَيْنَهُ، وَقَارَبْتَ حَتَّى يَصِيرَ كَقِطْعَةٍ وَاحِدَة**)، واتە: ئەوە لە: (**رَصَصْتُ البِنَاءَ**)ەوە هاتوە، دیوارەکەم (**رَصّ**) کرد یانی: ڕێکمخست و پێکمەوە نووساندو لێکم وەنیزیک خست، هەتا بوو بە یەک پارچە.

٤- (**الفرّاء**) گوتوویەتی: (**المَرْصُوص: مَرْصُوصٌ بِالرَّصَاص**) واتە: قورقوشم و مسی قاڵکراوەی پێدا کراوەو، چاک یەکدی گرتوە.

مەسەلەی دووەم:

باسـی ڕەخنـەو گلەیـی مووسـا ﷺ لـە گەلەکـەی، کـە هەرچەنـدە دەشـزانن پێغەمبـەری خوایـە، کەچـی ئـازاری دەدەن! خـواش لـە ئەنجامـی لادانیانیـدا دڵـی لادان:

خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِى وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ۖ فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە چوار بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِى ﴾، یاد بکەوە! کاتێک مووسا بە خەڵکەکەی گوت: ئەی خەڵکەکەم! بۆچی ئازارم دەدەن؟ ڕووی دواندن بێگومان یەکەمجار لە پێغەمبەری خوایە، موحەممەد ﷺ، دوایی لە هەر کەسێکە بشێ بدوێنرێ (**لِكُلِّ مَنْ يَصْلُحُ لِلْخِطَابِ**)، ﴿لِمَ تُؤْذُونَنِى ﴾، بۆچی ئازارم دەدەن؟ لێرەدا ئەمە پرسیار کردنە، بەڵام مەبەست پێی ڕەخنەگرتن و نکووڵییلێکردنە، واتە: نەدەبوو ئازارم بدەن!

٢)- ﴿ وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ﴾، لە حاڵێک دا بە دڵنیایی دەشزانن من ڕەوانەکراوی خوام بۆ لاتان، لێرەدا کە (**قَدْ**) چۆتە سەر کرداری ئێستا (**فعل المضارع**) بۆ ئەوەیە نوێبوونەوەی زانیاریی خەڵکەکە بەوە کە پێغەمبەری خوایە، بگەیەنێ و ئەگەر فەرمووبای: (**قَدْ عَلِمْتُمْ أَنِّي رَسُولُ اللهِ إِلَيْكُم**)، بێگومان زانیوتانە، وای دەگەیاند کە هەر یەکجار زانیویانەو تەواو و بڕاوەتەوە، بەڵام کە دەفەرموێ: ﴿وَقَد تَّعْلَمُونَ ﴾، یانی: بە دڵنیایی ئێوە بەردەوام دەزانن و زانیارییەکەتان لە نوێبوونەوە دایە، کە من ڕەوانەکراوی خوام بۆ لاتان، ماشاءالله ئەم هەموو وردەکارییە، هەر لە فەرمایشتی خوا دەوەشێتەوە!

لێـرە بۆیـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَقَد تَّعْلَمُونَ ﴾، چونکـە مووسـا ﷺ بـەردەوام موعجیـزەی بـۆ هاتـوون و، بـەردەوام شـتی سەرسـوڕهێنەرو یاسـادڕ لـە سەردەسـتی

مووسـا ﷺ ڕوویانـداوە، نـەک هـەر ئـەو نـۆ موعجیزەیـەی خـوا بـە مووسـادا بـۆ فیرعەونییەکانـی نـاردن: ﴿ وَلَقَدْ ءَاتَيْنَا مُوسَىٰ تِسْعَ ءَايَٰتٍۭ بَيِّنَٰتٍ ﴿١٠١﴾ ﴾الإسراء، بـە دڵنیایـی نـۆ نیشـانەی ڕوونمـان بـە مووسـادان، بەڵکـو بـۆ گەلـی فیرعەونیـش موعجیـزەی دیکـە بـوون و، بـەردەوام مووسـا ﷺ بـۆ بەنـوو ئیسـڕائیلیش یاسـادڕ (**خـارق العـادة**)ی هێنـاون، بـۆ وێنـە:

١- پەڕینەوەیان لە دەریای سوورو دەریا بۆ شەق بوونیان: ﴿ وَإِذْ فَرَقْنَا بِكُمُ ٱلْبَحْرَ فَأَنجَيْنَٰكُمْ وَأَغْرَقْنَآ ءَالَ فِرْعَوْنَ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ ﴿٥٠﴾ ﴾**البقرة**.

٢- دوایی: ﴿ وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلْغَمَٰمَ ﴿١٦٠﴾ ﴾**الأعراف**، هەور سێبەری لێکردن لە دەشتی سینادا، لەبەر ئەوەی زۆر گەرما بووە.

٣- دوایی: ﴿ وَإِذِ ٱسْتَسْقَىٰ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ فَقُلْنَا ٱضْرِب بِّعَصَاكَ ٱلْحَجَرَ ۖ فَٱنفَجَرَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ﴿٦٠﴾ ﴾**البقرة**، لە سوورەتی (**الأعراف**)دا دەفەرموێ: ﴿ فَٱنۢبَجَسَتْ مِنْهُ ٱثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا ﴿١٦٠﴾ ﴾**الأعراف**، کاتێک مووسا داوای ئاوی بۆ گەلەکەی کرد، گوتمان: بە گۆچانەکەت لەو چیایە بدە، دوازدە سەرچاوەی لێ دەرقوڵین.

٤- ئنجا: ﴿ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ ٱلْمَنَّ وَٱلسَّلْوَىٰ ﴿١٦٠﴾ ﴾**الأعراف**، گەزۆو باڵندەی سەمانییمان دابەزاندە سەریان...

کەواتـە: نیشـانەکانی ڕاسـتیی مووسـا ﷺ، کـە گـەلی فیرعـەون و بەنـوو ئیسـڕائیل بزانـن پێغەمبـەری خوایـە، هـەر بـەردەوام بـوون، بۆیـە فەرموویەتـی: ﴿ وَقَد تَّعْلَمُونَ ﴾، واتـە: بـەردەوام ئێـوە زانیارییتـان پەیدادەبـێ: ﴿ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ﴾، کـە مـن ڕەوانەکـراوی خـوام بـۆ لای ئێـوە.

٣)- ﴿ فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ﴾، کەچی کاتێک ئەوان لایاندا، خواش دڵی لادان، یانی: کاتێک ئەوان لایاندا لەو ڕاستە ڕێیەی مووسا ﷺ پێشانی دابوون، لادانی بە کردەوەیان، بوو بە هۆی ئەوەی دڵ و دەروونیان بگۆڕدرێ و لابدرێ، بۆیەش خوا ﷻ

لادانی دڵیانی پاڵداوەتە لای خۆی، چونکە بەپێی ئەو سیستمەی خوا دایناوە، هەر کەسێک لە ڕێی ڕاستی خوا لابدات، خواش دڵەکەی لادەدات.

﴿ فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ﴾: کاتێک ئەوان لایاندا لە ڕێی ڕاست، لە ڕێی خوا، خواش دڵی لادان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کردەوە خراپەکان، دەبنە هۆی زیاتر لە دڵدا چەسپینی خراپەو لادان و، تاوان و کوفر، واتە: هەروەک چۆن کردەوە ڕواڵەتییەکان بەرهەمی نیازو مەبەست و هاندەرە دەروونییەکانن، بە هەمان شێوەش: کردەوە ڕواڵەتییەکان کاریگەرییان هەیە بۆ سەر دڵ و دەروونی مرۆڤ، بۆ وێنە: کەسێک هەر خەریکی درۆو غەیبەت و، دوو ڕوویی و بوختان و، قسە هێنان و بردن بێ، بێگومان دڵەکەی پڕ دەبێ لە شتی خراپ و دڵەکەی پاڵی پێوەناوە غەیبەت بکات، چونکە کەسێک غەیبەتی کەسێک دەکات، لە دڵیدا حەسوودیی و کینە هەیە، بەڵام دواییش کە بەردەوام بوو لەسەر خراپە، ئەو خراپەیەش جارێکی دیکە کاریگەریی دەبێ لەسەر دڵی، یانی: (**العَمَلُ السَّيءُ يَكُونُ سَبَباً لِتَمَكُّنِ الرَّذَائِلِ فِي النَّفْسِ**)، ئەمە خوڵاصەکەیەتی: کردەوەی خراپ دەبێتە هۆی ڕیشە داکوتانی خەسڵەتە خراپەکان لە دەروونی مرۆڤدا.

٤)- ﴿ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَـٰسِقِينَ ﴾، خواش کۆمەڵی لادەران ڕاستە ڕێ ناکات، (**فاسِق**) یانی: دەرچوو، لادەر، کەسێک لادەر بێ لە ڕێی خوا، خوا ڕاستە ڕێی ناکات، (**فاسِق**) لەسەر کێشی (**فاعل**)ە و، ناوی بکەر (**اسم فاعل**)ە واتە: لادەر، کەسێک بۆ خۆی لابدات لە ڕێی ڕاست، خوا هیدایەتی نادات، لێرەدا (**هدى**) بە مانای ڕێنمایی نیە، چونکە خوا ڕێنمایی کردوون و، ئەوان لە ڕێیە ڕاستەکەی خوا لایانداوە، (**فاسِق**) واتە: لادەر، کە دەبێ ڕێیەکی ڕاست بووبێ و، پێشانی درابێ و لەو ڕێیە ڕاستەی لادابێ، ئنجا پێی دەگوترێ: (**فاسِق**)، دەبێ ورد لە فەرمایشتەکەی خوا تێبگەین، کەواتە: (**لاَ يَهْدِي**) بە مانای: (ڕێنمایی ناکات) نیە، چونکە خوا ڕێنمایی کردوون و لە ڕێنماییەکەی لایانداوە، ئەدی (**لاَ يَهْدِي**) یانی: چی؟ یانی: بە ئامانج ناگەیەنێ، ڕاستە ڕێ ناکات، ئنجا ئایا کەسێک

لە ڕێی ڕاست لابدات، چۆن بە ئامانج دەگات؟ وەک سەعدی شیرازیی لە قسەیەکیدا دەڵێ: (مَن نَدیدم هیچکس أز راه راست گم شَدَدْ)، هیچ کەسم نەدیوە لە ڕێی ڕاست ون ببێ، بە ڕێی ڕاستدا بڕۆی، ون نابی، بە کوێرە ڕێیاندا بڕۆی، ون دەبی، بە ڕێچکەو کوێرە ڕێیاندا سەرت لێدەشێوێ، بەڵام بە ڕێی ڕاستداو بە ڕاستە ڕێ دا، بە شەقامە ڕێدا، کە دیارە زۆر کوتراوەتەوەو خەڵکی پێدا هاتووەو چووە، بۆیە بۆتە شەقامە ڕێ، ون نابی و حەتمەن دەتگەیەنێ بە ئاوەدانییەک و بە ئامانجێک.

چۆنیەتیی ئازاردانی گەلەکەی مووسا عليه السلام بۆی

لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ: مووسا عليه السلام کە دەفەرموێ: ﴿لِمَ تُؤْذُونَنِي﴾، بۆچی ئازارم دەدەن؟ ئایا ئازاردانەکەیان چۆن و چی بووە؟ لێرەدا خوا ڕوونی نەکردۆتەوە، بەڵام لە بەسەرهاتی مووسا عليه السلام لەگەڵ گەلەکەی، بەنوو ئیسرائیلدا، دیارە چۆنیان ئازارداوە، لە سوورەتی (**البقرة**)دا خوا زۆری باس کردوە، بۆ وێنە:

١- کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّىٰ نَرَى ٱللَّهَ جَهْرَةً ﴿٥٥﴾﴾**البقرة**، یاد بکەنەوە! کاتێک گوتتان[1]: ئەی مووسا! بڕوات بۆ ناهێنین تاکو خوامان پێشان نەدەی و بە ئاشکرا نەیبینین.

٢- کە دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قُلْتُمْ يَٰمُوسَىٰ لَن نَّصْبِرَ عَلَىٰ طَعَامٍ وَٰحِدٍ فَٱدْعُ لَنَا رَبَّكَ يُخْرِجْ لَنَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ مِنۢ بَقْلِهَا وَقِثَّآئِهَا وَفُومِهَا وَعَدَسِهَا ﴿٦١﴾﴾**البقرة**، یاد بکەنەوە! کاتێک گوتتان: ئەی مووسا! ئێمە خۆ ڕاناگرین لەسەر یەک جۆرە خواردن، ئنجا بۆمان لە پەروەردگارت وەپاڕێ، لەوەی زەوی دەیڕوێنێ پاقلەو خەیارو ترۆزیی و سیرو نیسکەکەیمان بۆ دەربێنێ...

٣- کاتێک لە نێو بەنی ئیسرائیلدا کوژراوێک دەکوژرێ و، نازانن بکوژەکەی کێیە، مووسا عليه السلام پێیان دەفەرموێ: مانگایەک سەرببڕن، دەڵێن: گاڵتەمان پێ دەکەی؟ ئەویش دەڵێ: پەنا بە خوا دەگرم کە گاڵتەتان پێبکەم: ﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأْمُرُكُمْ أَن تَذْبَحُوا۟ بَقَرَةً ۖ قَالُوٓا۟ أَتَتَّخِذُنَا هُزُوًا ۖ قَالَ أَعُوذُ بِٱللَّهِ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْجَٰهِلِينَ ﴿٦٧﴾﴾**البقرة**، لە جیاتی ئەوەی یەکسەر بچن مانگایەک سەرببڕن و فەرمانەکەی مووسا جێبەجێ بکەن، هەڵبەتە پێشتر پێیگوتوون حیکمەتەکەی چییە، پێیگوتوون: مانگایەک سەرببڕن و ئەندامێکی ئەو مانگا سەربڕاوە لەو جەنازەیە بدەن، بە فەرمانی خوا وەک

---

(١) واتە: پێشینانتان گوتیان.

موعجیزەیەک بۆ مووسا، زیندوو دەبێتەوەو، دەڵێ: فڵانکەس کوشتمی! کەچی لە جیاتی ئەوەی فەرمانەکە جێبەجێ بکەن، گوتیان: ئنجا مانگایەکە چۆن بێ؟ گوتی: دەبێ مانگایەکە نە پیر بێ، نە زۆر کەم تەمەن بێ، مام ناوەندیی بێ، ئەگەر پێشێ سەریان بڕیبایە، پێویستی بەو قەیدو وەسفە نەدەکرد، ئنجا ئایا ڕەنگی چۆن بێ؟ ڕەنگەکەشی بۆ دیارییکردن، کە زەردێکی تۆخی دڵخۆشکەر بێ بۆ بینەرانی، دووبارە پرسیان: چۆن بێ، بۆمان ڕوونبکەوە، لێمان تێکەڵ بووە، ئنجا دووبارە مووسا گوتی: نە جووتی کردبێ و، نە ئاوی لە ئاعوور دەرهێنابێ و، هیچ پەڵەی دیکەی تێدا نەبێ و، زەردێکی صاف بێ ... هتد.

٤- هەڵوێستێکی دیکەی ئازار دەریان بۆ مووسا عليه السلام ئەوەیە کە لە حەوت ئایەتەکەی سوورەتی (المائدة)، (٢٠ -- ٢٦)دا خراوەتە ڕوو: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَءَاتَىٰكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ (٢٠) يَٰقَوْمِ ٱدْخُلُوا۟ ٱلْأَرْضَ ٱلْمُقَدَّسَةَ ٱلَّتِى كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا۟ خَٰسِرِينَ (٢١) قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىٰ يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُوا۟ مِنْهَا فَإِنَّا دَٰخِلُونَ (٢٢) قَالَ رَجُلَانِ مِنَ ٱلَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمَا ٱدْخُلُوا۟ عَلَيْهِمُ ٱلْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَٰلِبُونَ ۚ وَعَلَى ٱللَّهِ فَتَوَكَّلُوٓا۟ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (٢٣) قَالُوا۟ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَآ أَبَدًا مَّا دَامُوا۟ فِيهَا ۖ فَٱذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ (٢٤) ﴾المائدة، پوختەکەی ئەوەیە کە مووسا عليه السلام دەفەرموێ: بچنە ئەو سەرزەمینەوەی خوا بۆی دیارییکردوون، بڕو بیانووان دێننەوەو، دوایی دەڵێن: ئەی مووسا! خۆت و پەروەردگارت بچن بجەنگن، ئێمە دانیشتووین، ئەگەر تەواو بوون، ئنجا ئێمەش دێین، مووساش عليه السلام زۆر بێزارو تووڕەو نارەحەت دەبێ: ﴿ قَالَ رَبِّ إِنِّى لَآ أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِى وَأَخِى ۖ فَٱفْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ (٢٥) ﴾المائدة، گوتی: پەروەردگارم! من تەنیا خۆم و برایەکەمم بە دەستە (هارۆونی برام)، ئنجا ئێمەو ئەو کۆمەڵە لادەرە لێک جیا بکەوە، ئنجا خواش دەفەرموێ: ﴿ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ ۛ أَرْبَعِينَ سَنَةً ۛ يَتِيهُونَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ فَلَا تَأْسَ

عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٢٦﴾ ﴾المائدة، (خوا) فەرمووی: چل ساڵ لێیان قەدەغەیە بچنە ئەو سەرزەمینەوەی بۆیان دیارییکراوە، دەبێ لەسەر زەویدا هەر بە سەرگەردانیی و سەراسیمەیی بخولێنەوە (لە سزای ئەوەدا) و، خەفەتی زۆر لە کۆمەڵی لا دەران مەخۆ.

واتـە: تـا ئـەو جیلـە سـەرپێچییکارو یاخییـە کۆتاییـان دێ و جیلێکـی تـازە پێدەگەن، ئنجا ئەوان ئەو شەڕەفەیان دەبێ ئەو سەرزەمینەی بۆیان دیارییکراوە، بەدەستیەوە بگرن[1].

کەواتـە: بەنـوو ئیسـرائیل بـە زۆر شـێوە مووسـایان ئەزیەتـداوەو، پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ جـاری وایـە دڵـی خـۆی داوەتـەوە، بـە ئـەو هەمـووە ئەزیـەت و نارەحەتییـەی مووسـا ﷺ دیویەتـی، فەرموویەتـی: {يَرْحَـمُ اللَّـهَ مُـوسَى قَـدْ أُوذِيَ بِأَكْثَرَ مِـنْ هَـذَا فَصَبَرَ} (أخرجه أحمد: ٣٦٠٨، والبخاري: ٢٩٨١، ومسلم: ١٠٦٢، وابن حبان: ٤٨٢٩) واتـە: خـوا بەزەیـی بـە مووسـادا بێتـەوە، بـە زیاتـر لـەوە (کـە مـن ئەزیـەت دەدرێـم)، ئەزیەتـدراو ئارامـی گـرت.

هەروەهـا لـە سـوورەتی (الأحـزاب)دا خـوا دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوْاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهًا ﴿٦٩﴾ ﴾الأحـزاب، واتـە: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! وەک کەسـانێک مەبـن کـە مووسـایان ئـازارداو، خـواش لـەوەی گوتیـان پاکیـی و دووریـی وی دەرخسـت و، لـە لای خـواش پێگـەدارو بەرێـز بـوو.

کـە لـە تەفسـیری سـوورەتی (الأحـزاب)دا، بەسـەرهاتەکەیمان هێنـاوەو کورتەکـەی ئەوەیـە: مووسـا ﷺ عادەتـی وابـوو کـە خـۆی دەشـۆرد، خـۆی ڕووت نەدەکـردەوە، پۆشـاکەکانی هەمـوو دانەدەنـا، گوتیـان: دیـارە مووسـا عەیبێـک لـە جەسـتەیدا هەیـە! هەندێـک گوتوویانـە: قـۆڕە، هەندێـک گوتوویانـە: بەڵەکـە، یـان عەیبێکـی

---

(١) ئـەو حـەوت ئایەتانـەی سـوورەتی (المائدة)مـان کـە خوێندنـەوە، لـە تەفسـیری سـوورەتی (المائـدة)دا بـە تەفصیـڵ تەفسـیر کـردوون.

دیکەی هەیە، دوایی خوای موتەعال دۆخێکی وای هێنایە پێش، کە دەربکەوێ مووسا ئەو عەیبەی نیە، واتە: مووسا لە زۆر ڕووەوە ئەزیەتدراوە، بۆیەش دەفەرموێ: ﴿ يَٰقَوۡمِ لِمَ تُؤۡذُونَنِي ﴾، ئەی گەلەکەم! ئەی خەڵکەکەم! بۆچی ئەزیەتم دەدەن؟ ﴿ وَقَد تَّعۡلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ ﴾، کە بەردەوامیش دەزانن من ڕەوانەکراوی خوام بۆ لای ئێوە، ﴿ فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ ﴾، ئنجا کاتێک لایاندا، خواش دڵی لادان، ﴿ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ﴾، خواش کۆمەڵی لادەران ڕاستە ڕێ ناکات و بە ئامانج ناگەیەنێ.

شایانی باسە: لێرەدا خوا ﷻ وشەی بەنوو ئیسرائیلی بەکارنەهێناوە، هەر دەفەرموێ: ﴿ وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ ﴾، چونکە دوای مووسا عليه السلام بەنوو ئیسرائیل ئەو ناوەیان وەرگرتوە، ئەگەرنا گەلەکەی مووساش هەر وەچەی یەعقووب عليه السلام بوون و بەنوو ئیسرائیل بوون، بەڵام لە سەردەمی مووسادا وەک گەلی مووسا ناسراون و، ئنجا لە دوای مووساوە عليه السلام زیاتر ئەو ناوە بۆتە ناوونیشانیان واتە: بەنوو ئیسرائیل.

مەسەلەی سێیەم:

عیسای کوڕی مەریەمیش ﷺ (خوا لە مەریەمیش ڕازی بێ)، دوای ئەوەی بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ گەلەکەی هێناون و، بە گەلەکەی خۆی، بەنوو ئیسرائیلی ڕاگەیاند کە پێغەمبەری خوایە بۆ لایان و، تەوڕات بە ڕاست دادەنێ و، موژدەی هاتنی پێغەمبەرێکی کۆتاییشیان پێدەدات، کە ناوی ئەحمەدە، بە جادوویان دانا:

خوا دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَـٰبَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِي ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَـٰتِ قَالُواْ هَـٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَـٰبَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم﴾، یادیش بکەوە! کاتێک عیسای کوڕی مەریەم گوتی: ئەی وەچەی ئیسرائیل! من ڕەوانەکراوی خوام بۆ لاتان.

کە دەفەرموێ: ﴿يَـٰبَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم﴾، ئەی وەچەی ئیسرائیل! ئەی ڕۆڵەکانی ئیسرائیل! یانی: ڕۆڵەکانی کە لە یەعقووبەوە هاتوون، کە ئەو دوازدە تیرەو هۆزەن، لە دوازدە کورەکانی یەعقووبەوە هاتوون، عیساش تەنیا بۆ لای وان نێررا بوو، نەک بەگشتیی بۆ مرۆڤایەتیی، وەک نەصرانییەکان لاف لێ دەدەن.

٢)- ﴿مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ﴾، بە ڕاستدانەری ئەو تەوڕاتەم کە لە پێش دەستی منەوە بووە، واتە: تەوڕات بە ڕاست دەزانم و پێیەوە پابەندم.

٣)- ﴿وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنۢ بَعْدِي ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ﴾، هەروەها موژدەدەریشم بە پێغەمبەرێک لە دوای من دێ ناوی ئەحمەدە، **(من بعدي)** خوێندراویشەتەوە: **(مِن بَعْدِيَ اسْمُهُ أَحْمَد)**، واتە: هەم بە زەنە (سکون)، هەم بە سەر **(فتحة)**ش، یانی: (ی)ی **(من بَعْدِي)** فەتحەی بچێتە سەر.

(التبشـير: الإخبـارُ بحـادِثٍ يَـسُرُّ)، (تبشـير) بريتيـە لـە هەواڵـدان بـە ڕووداوێـک مـرۆڤ دڵخـۆش بـکات.

﴿ اسْمُهُ أَحْمَدُ ﴾، ناوی ئەحمەدە، وشەی (أحمد) دوو واتای هەن:

أ- (يَحْمَدُ اللهَ كَثِيراً)، زۆر ستایشکەرە بۆ خوا، زۆر ستایشی خوا دەکات.

ب- (يَحمَدهُ النَّاسُ كَثِيراً)، خەڵک زۆر ستایشی دەکەن.

هەردوو واتاکەی هەن.

لـە بـارەی نـاوی ئەحمـەدەوە کـە یەکێکە لـە ناوەکانـی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ، لە فەرمایشـتێکیدا فەرموویەتـی: {إِنَّ لِي أَسْـمَاءً أَنَـا مُحَمَّـدٌ، وَأَنَـا أَحْمَـدُ، وَأَنَـا الْحَـاشِرُ الَّـذِي يُحْشَرُ النَّـاسُ عَلَى قَدَمِـي، وَأَنَـا الْمَاحِـي الَّـذِي يَمْحُـو اللَّـهُ تَعَـالَى بِيَ الْكُفْـرَ، وَأَنَـا الْعَاقِـبُ الَّـذِي لَيْسَ بَعْـدَهُ نَبِيٌّ} (أخرجـه البخـاري: ٣٥٣٢، ٤٨٩٦، ومسـلم: ٢٣٥٤، والنسـائي: ٦١٠).

واتـە: مـن چەنـد ناوێکـم هـەن: مـن موحەممـەدم و، مـن ئەحمـەدم و، مـن حاشـیرم ئـەو کەسـەی خـوا خەڵـک کـۆ دەکاتـەوە بـە دوای منـەوە، {(حـاشر) یانـی: کۆکـەرەوە، لەبـەر ئـەوەی خـوا خەڵـک بـە دوای پێغەمبەری خـوادا ﷺ کـۆ دەکاتەوە، دوای ئـەوەی پێغەمبـەری خـوا موحەممـەد ﷺ تـکا لـە لای خـوا دەکات و، خـواش دەسـت دەکات بـە لێپرسـینەوەو، سـزاو پاداشـتی خەڵـک}، هەروەهـا یەکێـک لـە ناوەکانـم ماحییـە، {(ماحـي) واتـە: سـڕەرەوە، کوژێنـەرەوەو لابـەر}، کـە خـوا کوفـرم پـێ دەسـڕێتەوەو پـێ لادەبـات، یەکێـک لـە ناوەکانیشـم عاقیبـە، (عاقب)یـش ئـەو کەسـەیە لـە دوای وی هیـچ پێغەمبەرێـک نیـە، {(عاقـب) واتـە: بەدواداهاتـوو}.

وشـەی (أحمد)یـش: (عَلَمٌ مَنْقُـولٌ مِـنَ الصِّفَـة، أَصْلُـهُ أَحْمَـد، مِثْـلُ أَجْمَـل)، (أحمـد) {واتـە: ستایشـکەرتر یـان ستایشـکراوتر، وەک (أفضَل) باشـتر، لەسـەر کێشـی سـیفەتە}، بـەڵام دوایـی نەقڵ کـراوەو کـراوە بـە نـاوی (عَلَـم)، وەک (أجمَـل) جوانـتر.

(أحمد)یش دوو واتای هەن:

أ- (مُبَالَغَةٌ مِنَ الفاعِلِ: أَي أَكْثَرُ حَمْداً للهِ مِنْ غَيْرِهِ)، واتە: زێدەڕۆییە لە بکەردا، لە جگە لە خۆی زیاتر ستایشی خوا دەکات و ستایشکەرە بۆ خوا.

ب- (مُبَالَغَةٌ مِنَ المَفعولِ: أَي يُحمَدُ بِمَا فِيهِ مِنْ خِصَالِ الخَيرِ أَكْثَرَ مِمَّا يُحْمَدُ غَيْرُهُ)، زێدەڕۆییە لە بەرکاردا، واتە: بە هۆی ئەو سیفەتە باشانەوەی تێیدان، ستایش دەکرێ زیاتر لەوەی جگە لە خۆی ستایش دەکرێ.

هەر بۆیە کە عیسا ﷺ دەفەرموێ: ﴿وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِنْ بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ﴾، موژدەدەریشم بە پێغەمبەرێک لە دوای من دێ، ناوی ئەحمەدە، دەگونجێ (أحمد): (اسم تفضیل) بێ، واتە: ئەو لە من زیاتر ستایشی خوا دەکات، یاخود: ئەو لە من ستایشکراوترە، بە دڵنیاییش پێغەمبەری خاتەم ﷺ سەروەری پێغەمبەرانە (صەڵات و سەلامی خوا لەسەر هەموویان بێ).

٦)- ﴿فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ﴾، کاتێک بەڵگە ڕۆشنەکانی بۆ هێنان.

٧)- ﴿قَالُوا هَذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾، گوتیان: ئەوە جادوویەکی ئاشکرایە، یانی: ئەو بەڵگە ڕۆشنانە جادوون، خوێندراویشەتەوە: (قَالُوا هَذَا سَاحِرٌ مُبِين) واتە: ئەم عیسایە جادووگەرێکی ئاشکراو ڕوونە.

لێرەدا پێویستە ئەوە بزانین: کە عیسا ﷺ بە بەنوو ئیسرائیلی گوتوە: ئەو تەوراتەی لە پێش دەستی مندا بووە، بە ڕاستی دادەنێم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە عیسا هیچ دەستکاریی تەوراتی نەکردوە، چونکە لە چەند شوێنێکی قورئاندا هاتوە، کە عیسا هەندێک یاسای لە تەوراتدا گۆڕیون، بێگومان بە فەرمانی خوا ﷻ، چونکە هەندێک لە یاسایەکانی تەورات، وەک سزادان بوون بۆ گەلی جوولەکە، ئنجا کاتێک عیسا ﷺ هاتوە، هەندێک لەو یاساو حوکمانەی وەک سزادان بوون بۆ گەلی جوولەکە، ئەوانەی لەسەر لابردوون، وەک دەفەرموێ:

﴿وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَلِأُحِلَّ لَكُم بَعْضَ ٱلَّذِى حُرِّمَ عَلَيْكُمْ وَجِئْتُكُم بِـَٔايَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿٥٠﴾﴾ **آل عمران**، واتە: بە ڕاستدانەری ئەو تەوراتەم کە لە پێش منەوە بووە، (هاتووشم) تاکو هەندێک لەو شتانەی لێتان قەدەغەکراوە، بۆتان ڕەوا بکەمەوە، {بە هۆی تاوان و لادانێکەوە هەندێک شتتان لێ قەدەغە کراوە لە ڕابردوودا، من ئەو قەدەغەکراوانە لادەبەم}، لە پەروەردگاریشتانەوە بەڵگەو نیشانەیەکم بۆ هێناون، ئنجا پارێز لە خوا بکەن و فەرمانبەرییم بۆ بکەن.

لە چەند شوێنێکدا خوای بەرز ئەو ڕاستییەی ڕاگەیاندوە کە عیسا ﵇ هەموارکردنەوەی کردوە لە هەندێک لە یاساکانی تەوراتدا، ئەگەرنا پابەند بووە بە هەموویەوە، بەڵام تەوراتە ئەصڵییەکە کە هەتا ئەو کاتە پارێزراو بووە، بەڵام هەندێک هەڵەو پەڵە کە کاتی خۆی گەلی جوولەکە بوویانن، خوای کاربەجێ سزای داون و ئەو سزایانەش لە تەوراتدا بوون، عیسا ﵇ ئەو سزایانەی لەسەر لابردوون، لەبەر ئەوەی لە حاڵەتێکی هەڵاوێردراوو دیارییکراودا، ئەو سزایانە بەسەر ئەو گەلەدا فەرز کراون و، لە حاڵەتی ئاساییدا پابەندییان پێوە ناکرێتەوە.

کورتە باسێک لە بارەی موژدەدانی عیسا عليه السلام بە هاتنی موحەممەد ﷺ

لەبەر تیشکی ئەو ئایەتە موبارەکەدا، کە خوا ﷻ دەفەرموێ: ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾﴾، کورتە باسێک لە سێ برگەدا دەخەینەڕوو:

برگەی یەکەم: چەند قسەیەک دەخوازینەوە لە (**فخرالدین الرازي**) خاوەنی تەفسیری (**مفاتیح الغیب**) یان (**التفسیر الکبیر**)[1]، فەخرەددینی ڕازییش لە سەدەی حەوتەمی کۆچییدا ژیاوە، بۆیەش ئەو قسانە لەو دەخوازینەوە، چونکە ئەو لە ڕۆژگاری خۆیدا واتە: لە سەدەی حەوتەمی کۆچییدا، دەوری هەشتسەد (٨٠٠) ساڵ لەمەو پێش، لە ئینجیلەکانەوە، بە تایبەت لە ئینجیلی (یوحنّا)وە چەند قسەیەک دێنێ، بێگومان ئینجیلەکانی حەوتسەد، هەشتسەد ساڵ لەمەو پێش کەمتر دەستکاریی کراون، وەک ئەم ڕۆژگارەی ئێستای ئێمە، ئەگەرنا لە تەفسیرەکانی دیکەشدا، کەم و زۆر ئەو قسانە نەقڵ کراون، ئێمە چەند قسەیەک لە (**فخرالدین الرازي**)یەوە دێنین کە ئەویش ناوی ئینجیلەکەو ژمارەی (**إصحاح**)ەکەش (هی ئەو ئینجیلە) دێنێ، دوایی‌ش لە ئینجیلەکانی کە ئێستا لەبەر دەستدان هەندێک قسەیان لێوە دێنین و، ئنجا بەراوردیان دەکەین:

(**الرازي**) لە ئینجیلی (یوحنا) لە هەر سێک (**إصحاح**)ی (١٤ و ١٥ و ١٦) چوار قسەی لێ خواستوونەوە:

---

(١): ج ٢٨، ص ٢٩٧.

١- لە ئینجیلی (یوحنا)دا هاتوە، لەسەر زمانی عیسا (عليه السلام) کە گوتوویەتی: **(وَأَنَا أَطْلُبُ لَكُمْ إِلَى أَبِي، حَتَّى يَمْنَحَكُم وَيُعْطِيَكُمُ الفَارِقْلِيط حَتَّى يَكُونَ مَعَكُمْ إِلَى الأَبَد، وَالفَارِقْلِيطُ هُوَ رُوحُ الحَقِّ واليَقِين)**[1].

بە پێی ئەم دەقە عیسا (عليه السلام) بە خەڵکەکەی خۆی دەڵێ: من داوا لە بابم دەکەم، [لە ئینجیلەکاندا وشەی (أب) بە مانای خوای پەروەردگار بەکارهاتوە، واتە: داوا لە پەروەردگارم دەکەم]، کە (فَارِقْلِيطُ)تان بداتێ و پێتان ببەخشێ، تاکو بۆ هەتا هەتایە بەردەوام لەگەڵتان بێ، (فَارِقْلِيطُ)یش بریتیە لە ڕووحی هەقێکی چەسپاو.

٢- هەر لە ئینجیلی (یوحنا)دا هاتوە: **(وَأَمَّا الفَارقليط روح القدس يرسلُهُ أبي باسمي، ويعلمكم ويمنحكم جميع الأشياء، وهو يذكركم ما قلت لكم)**[2].

واتە: بەڵام (فَارِقْلِيطُ) ڕووحی پاکی بابم بە ناوی منەوە دەینێرێ و، فێرتان دەکات و هەموو شتێکتان پێ دەبەخشێ، ئەوەش کە من بۆتان باس دەکەم، ئەو بیرتان دێنێتەوە.

کە دەڵێ: (**يُرْسِلُهُ أَبِي**) واتە: پەروەردگارم دەینێرێ، (**بِاسْمِي**) واتە: بە هەمان سیفەتی من، وەک پێغەمبەر.

٣- هەر لە ئینجیلی (یوحنا) هاتوە، گوایە عیسا (عليه السلام) گوتوویەتی: **(وَلكِنْ أَقُولُ لَكُمُ الآنَ حقاً يقيناً، انطلاقي عنكم خير لكم، فإنْ لم أنطلق عنكم إلى أبي لم يأتكم الفارقليط، وإن انطلقت أرسلته إليكم، فإذا جاء هو يفيد أهل العالم، ويدينهم ويمنحهم، ويوقفهم على الخطيئة والبر والدين)**[3].

---

(١) اصحاح: ١٤.

(٢) اصحاح: ١٥.

(٣) اصحاح: ١٦.

واتــە: مــن ئێســتا هەقێکــی جێــی دڵنیاییتــان پــێ دەڵێــم، ڕۆیشــتنی مــن (کــە بەجێتـان بهێڵـم، ئـەم دنیایـە بەجێبهێڵـم)، باشـترە بـۆ ئێـوە، ئەگـەر مـن نـەڕۆم بـۆ لای بابـم (واتـە: بـۆ لای خـوای بـێ وێنـە)، (فَارِقْلِيطُ) نایـەت بـۆ لاتـان، بـەڵام ئەگـەر ڕۆیشـتم بـۆ لاتانـی دەنێـرم، (بـە هـۆی ڕۆیشـتنی منـەوە ئـەو دێ، ئنجـا هـەر کاتێـک ئـەو هـات)، ئـەو هەمـوو دنیـا بەهرەمەنـد دەکات و، هەمـوو دنیـا ملکـەچ دەکات و پێیـان دەبەخشــێ و، دەیانوەســتێنێ لــە ســەر گوناهــو لەســەر چاکــەو، لەســەر ملکەچیــی.

(واتە: هەموو شتێکیان، خێرو شەڕو دینداریی، فێری هەموو دنیا دەکات).

٤- دیسان لە ئینجیلی (یوحنا)دا گوایە عیسا عليه السلام گوتوویەتی: **(فَإِنَّ لِي كَلاماً كَثِيراً أُرِيدُ أن أقوله لكم، ولكن لا تقدرون على قبوله والإحتفاظ به، ولكن إذا جاء روح الحق إليكم يلهمكم ويؤيدكم بجميع الحق، لأنه ليس يتكلم بدعة من تلقاء نفسه)**[١].

واتــە: ئێســتا قســەیەکی زۆرم هەیــە دەمــەوێ بۆتانــی بڵێــم، بــەڵام ناتوانــن لێمــی وەربگــرن و، ناتوانــن بیپارێــزن، بــەڵام هــەرکات ڕووحــی هــەق هــات بــۆ لاتــان، (کــە (**فَارِقْلِيطُ**)ە)، فێرتـان دەکات و بـە هەمـوو هـەق پشـتگیرییتان دەکات، چونکـە ئـەو بـە داهێـنراو و لـە لایـەن خۆیـەوە قسـە نـاکات.

ئەمـە هەمـان چەمـک و واتـای ئـەو ئایەتـە موبارەکەیـە کـە دەفەرمـوێ: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ ٱلْهَوَىٰٓ ﴿٣﴾ ﴾النجـم، لـە ئـارەزووەوە قسـە نـاکات.

برگـەی دووەم: وشـەی (**فَارِقْلِيطُ**)، یانـی چـی؟ کـە عیسـا عليه السلام دەڵـێ: لـە دوای مـن دێ، ئەگـەر مـن نـەڕۆم و دنیـا بەجێنەهێڵـم (**فَارِقْلِيطُ**) نایـەت، (**فَارِقْلِيط**)یـش کە هـات دیـن فێـری هەمـوو دنیـا دەکات و، ئـەو بـۆ هەمیشـەو بـەردەوام لەگەڵتـان دەبـێ، نـەک وەک مـن بـۆ قۆناغێکـی دیارییکـراوو پەیامەکـەی بـۆ کۆمەڵگایەکـی دیارییکـراو بـێ، بـا بزانیـن (**فَارِقْلِيطُ**) یانـی چـی؟

---

(١) اصحاح: ١٦.

هەموو تەفسیرەکان ئەوە دێنن، بەڵام من بە تایبەت لە (**التحرير والتنوير**)[1]ی (**محمد الطاهر بن عاشور**)، هەروەها تەفسیری (نمونە)[2]، ئەوانە وردەکاریی زیاتر دێنن، هێنام

وشەی (**فَارِقْلِيطْ**) کە لە هەمان ئەو ئینجیلەی، لە ساڵی (١٨٤٨ز)دا لە لەندەن، لە چاپخانەی (**ویلیام وطس**) چاپکراوە، بە پێی قسەی (**التحرير والتنوير**)، بەڵام تەفسیری (نمونە) دەڵێ: ئەو ئینجیلەی لە ساڵی (١٨٥٧ز) واتە: دە ساڵێکیان بەینە[3]، ئەویش هەر دەڵێ: لە لەندەن لە چاپخانەی (**ویلیام وطس**)دا هاتوە، واتە: تاکو ئەو کاتەش وشەی (**فَارِقْلِيطْ**) لە ئینجیلەکاندا هەبووە.

پسپۆڕان گوتوویانە: وشەی (**فَارِقْلِيطْ**) لە ئەصڵدا (**پارقلیطا**)یە، بە مانای (**المُعزّي**) دڵدەرەوە، یان موژدەدەرو دڵخۆشکەر، بەڵام ئەصڵی (**پارقلیطا**) (پیرکلتۆس)ە، کە لە زمانی یۆنانییدا بە مانای کەسێکی ستایشکراو، واتە: (**أحمد**) و (**محمد**) دێ، بەڵام دوایی (پیرکلتۆس) گۆڕدراوە بۆ (پاراکلتۆس)، کە (پاراکلتۆس) مانایەکەی دەبێتە دڵخۆشکەرو دڵدەرەوە، یانی: (**المُبشّر والمُعزّي**)، ئایا بۆچی ئەو گۆڕانکارییەیان کردووە (پیرکلتۆس)یان گۆڕیوە بۆ (پاراکلتۆس)؟ دەڵێین: (پیرکلتۆس) یانی: ستایشکراو، هەر ڕێک مانای (**أحمد**) و (**محمد**)ە، بەڵام (پاراکلتۆس) یانی: دڵدەرەوەو دڵخۆشکەر، ئنجا بۆیە ئەو گۆڕانکارییە کراوە، تاکو ڕێ لەوە بگیرێ کە وشەی (پیرکلتۆس)، -- کە بە عەرەبیی نووسیویانە: (**بارقليطا**) -- مانای وشەی (**أحمد**) و (**محمد**) بگەیەنێ و، سەرەنجام قسەکەی عیسا ﷺ وای لێبێتەوە کە لە دوای من ئەحمەدو موحەممەد دێ، کە زۆر ستایشکراوە، یاخود زۆر ستایشی خواکارە، چونکە پێشتر گوتمان: هەر کام لە ئەحمەدو موحەممەد، هەم بە مانای ستایشکراو، هەم بە مانای زۆر ستایشی خواکار، دێن.

---

(١) ج ١١، ج٢٨، ص١٨٥.

(٢) ج٢٤، ص٧٥.

(٣) وابێدەچی چاپەکانیان هی یەکەم و دووەم بن.

کەواتـە: تاکـو سـاڵی (١٨٤٨ز) یـان (١٨٥٧ز)، لـەو ئینجیلانـەدا کـە لـە لەنـدەن لـە چاپخانـەی (**ویلیـام وطـس**) چاپکـراون، ئـەو وشـەیە هەبـووە، دوایـی نـە (**پارقلیطـا**) مـاوەو، نـە (پاراکلتـۆس) مـاوەو، نـە (پیرکلتـۆس) مـاوە کـە ئەصڵـی وشـەکەیە لـە یۆنانییـدا، بەڵکـو وشـەکەیان گۆڕیـوە بـە: (**المُعـزِّي**) و (**المُبـشِّر**).

بڕگەی سێیەم: دەقی ئەوەی لە ئینجیلەکانی ئێستادا هەیە:

ئـەو ئینجیلانـەی لـە ئێسـتادا هـەن، کـە مـن لەبەردەسـتمن، بـۆ وێنـە: (**التفسـیر التطبیقـي للکتـاب المقـدس: ط ٢٠٠٢ م**)، (**العهـد الجدیـد، إنجیـل یوحنـا: إصحـاح ١٤، ١٥، ١٦، ص ٢٢٢٢ -٢٢٢٧**)، مـن دەقـی هـەر سـێک ئیصحاحـەکان دێنـم، لەگـەڵ ژمـارەی ئایەتەکانیـش، (ژمـارەی بڕگـەکان)، کـە ئێمـە بـە ئایەتیـان نـاو دەبەیـن.

١- لە (**إصحاح: ١٤**) لە (ئینجیلی یوحنا)، لە ژێر ناوونیشانی: (**الوعد بالروح القدس**) گفتدان بە گیانی پیرۆز، کە هەر لە خۆوە ئەو ناوو نیشانەیان بۆ داناوە، گوایە عیسا گوتوویەتی: (**روح القدس**) دێ لە دوای من، بۆ ئەوەی ڕێ بگرن لەوەی بڵێن: موحەممەد ﷺ دێ، ئەمەش گەورەترین لادان (**تحریف**) گۆڕانکارییە، چونکە عیسا عليه السلام باسی (**روح القدس**)ی هەر نەکردوە.

ئنجا با تەماشا بکەین:

٢- لە ئایەتی (١٤)دا دەڵێ: (**إِنْ كُنْتُمْ تُحِبُّونَنِي فَاعْمَلُوا بِوَصَايَايَ**)، (ئەی نەصرانییەکان!) ئەگەر منتان خۆشدەوێ، کار بە ئامۆژگارییەکانی من بکەن.

٣- لە ئایەتی (١٥)دا دەڵێ: (**وَسَوْفَ أَطْلُبُ مِنَ الآبِ أَنْ يُعْطِيَكُم مُعِيناً آخَر يَبْقَى مَعَكُمْ إِلى الأَبَدْ**) لە بابم (واتە: لە پەروەردگارم) داوا دەکەم کە هاوکارێکی دیکەتان پێ ببەخشێ، کە هەتا هەتایەو بەردەوام لەگەڵتان بمێنێتەوە.

پێشـێ (**فَارِقْلِيـطْ**) ستایشـکارو ستایشـکراو، بـوو، دوایـی گۆڕیویانـە بـۆ (**مُعـزِّي**) دڵخۆشـکەر، دڵـدەرەوە، دوایـی گۆڕیویانـە بـۆ (**مُعِـیْن**) هـاوکار!

بەڵام ئێستاش دیسان ئەمە ئەوە هەر دەگەیەنێ کە عیسا ﷺ مـوژدەی داوە بە هاتنی موحەممەد ﷺ، چونکە دەڵێ: هاوکارێکی دیکە تاکو ئەبەد لەگەڵتان دەمێنێتەوە، تاکو دنیا دنیایە، (واتە: لە دوای وی هیچ پێغەمبەری دیکە نایەت، هەر ئەو لەگەڵتان دەبێ خۆی و پەیامەکەی، بەردەوام دەبن، ئنجا ئەمەش ڕێک بەسەر پێغەمبەر موحەممەددا ﷺ دەچەسپێ).

ئنجا خەڵک بۆی هەیە بپرسێ: ئایا (**روح القدس**) کێیەو، لە کوێیەو، چۆن هاوکارمان بووە؟ ئەوەی هەیە بەس موحەممەدەو ﷺ دوا پەیامی خوایە کە ئەو هێناویەتی.

٤- هەر لە هەمان (**إصحاح**: ١٤) ئایەتی (٢٩)دا هاتوە: (**هَا قَدْ أَخْبَرْتُكُمْ بِالأَمْرِ قَبْلَ حُدُوثِهِ حَتَّى مَتَى حَدَثَ، تُؤْمِنُون**)[1] واتە: ئەها ئەوە هەواڵم پێدان بە کارەکە بەر لەوەی ببێ، تاکو کاتێک ڕوویدا، ئێوە بڕوا بێنن، واتە: پێش ئەوەی موحەممەد ﷺ بێ، کە هاوکار دەبێ و تاکو ئەبەد لەگەڵتان دەمێنێتەوە، پێش وەخت ئەو هەواڵەم پێدان، تاکو هەر کاتێک هات، بڕوای پێ بێنن.

٥- لە (**إصحاح**: ١٥) ئایەتی (٢٦)دا هاتوە: (**وَعِنْدَمَا يَأْتِي الْمُعِينُ الَّذِي سَأُرْسِلُهُ لَكُمْ مِنْ عِنْدِ الآبِ رُوحُ الْحَقِّ الَّذِي يَنْبَثِقُ مِنَ الآبِ فَهُوَ يَشْهَدُ لِي**)[2]، واتە: کاتێک یارمەتییدەر، هاوکار دێ کە لە لایەن باپەوە دەینێرم (واتە: لە لایەن خوای پەروەردگارەوە)، کە بریتیە لە ڕووحی هەق، کە لە پەروەردگارەوە دەردەچێ، ئەو شایەدییم بۆ دەدات.

واتە: شایەدییم بۆ دەدات کە من ڕاست بووم، پێغەمبەری خوا بووم.

٦- ئنجا لە (**إصحاح**: ١٦) لە ئایەتی (٧)دا هاتوە: (**وَلَكِنِّي أَقُولُ لَكُمُ الْحَقَّ، مِنَ الأَفْضَلِ لَكُمْ أَنْ أَذْهَبَ لأَنِّي إِنْ كُنْتُ لا أَذْهَبُ لا يَأْتِيكُمُ الْمُعِينُ، وَلَكِنِّي إِذَا ذَهَبْتُ أُرْسِلُهُ إِلَيْكُم**)، لە ئایەتی (٨)دا دەڵێ: (**وَعِنْدَمَا يَأْتِي يُبَكِّتُ الْعَالَمَ عَلَى الْخَطِيئَةِ وَعَلَى الْبِرِّ وَعَلَى الدَّيْنُونَة**)[3].

---

(١) ص ٢٢٢٤.

(٢) ص ٢٢٢٦.

(٣) ص ٢٢٢٧.

واتـە: بـەڵام مـن هەقتـان پـێ دەڵێـم: باشـتر وایـە بـۆ ئێـوە مـن بـڕۆم، چونکـە ئەگـەر مـن نـەڕۆم، ئـەو یارمەتییـدەرە نایـەت، بـەڵام ئەگـەر ڕۆیشـتم بـۆ لاتانـی دەنێـرم، {پێشـێ وشـەی (پیرکلتۆس)یـان گۆڕیـوە، کـە بـە مانـای ستایشـکراوە، گۆڕیویانـە بـە (مُعـزِّي) دوایـی بـە (مُعين)، ئنجـا لـە جیاتـی بڵێ خـوا دەینێـرێ، دەڵێ: بۆخـۆم دەینێـرم، چونکـە لـە تەفسـیری (رازي)دا کـە هێنامـان، لـەو ئینجیلانـەی کـە لـە ڕۆژگاری ئـەودا هەبـوون دەڵـێ: بابـم دەینێـرێ واتـە: خـوا}، کاتێـک ئـەو دێ هەمـوو دنیـا سەرزەنشـت دەکات لەسـەر گوناهـو چاکەیـان فێـر دەکات، دیندارییـان فێـر دەکات، هـی هەمـوو دنیـا.

واتە: پەیامەکەی گشتگیرە.

دەڵێیـن: کـوا ئەو پەیامە گشـتگیرە؟ بێجگـە لەوەی خوا ﷻ بـە پێغەمبەری کۆتاییدا ﷺ ناردوویەتـی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡ جَمِيعًا ١٥٨﴾ الأعـراف، بـەڵام عیسـا عليه السلام دەڵـێ: (بـل اذهبـوا بالأحـرى إلى الخِـرَافِ الضَالَّـة إلى بَيـت إِسْرَائِيـلَ)، ئەمـە لـە ئینجیلدایـە[1]، واتـە: بەڵکـو بچـن بـۆ لای مـەڕە سـەرگەردانەکانی بەنـوو ئیسـرائیل، لـە سـوورەتی (الصـف)دا دەفەرمـوێ: ﴿يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم﴾، ئـەی وەچـەی ئیسـرائیل! ئـەی نـەوەی ئیسـرائیل! مـن ڕەوانەکـراوی خـوام بـۆ لای ئێـوە، ئـەو کەسـەی بـۆ هەمـوو جیهانییـان نێـردراوە، تەنیـا موحەممـەدە ﷺ، هـەر ئەویشـە کـە عیسـا عليه السلام بـە ڕاسـت دەزانـێ و پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ فەرموویەتـی: نیزیکتریـن پێغەمبـەر لـە منـەوە عیسـای کـوڕی مەریەمـە، چونکـە لـە نێـوان مـن و ئـەودا، هیـچ پێغەمبـەری دیکـە نەبـوون[2].

٧- هەر لە (إصحاح ١٦) لە ئایەتی (١٢)دا دەڵێ: (مَا زَالَ عِنْدِي أُمُورٌ كَثِيرَةٌ أَقُولُهَا لَكُمْ، وَلَكِنَّكُمْ الآنَ تَعْجِزُونَ عَنِ احْتِمَالِهَا) لە ئایەتی (١٣)دا دەڵێ: (وَلَكِنْ عِنْدَمَا يَأْتِيكُمْ رُوحُ

---

(١) إنجيل متى، الإصحاح: ١٠، ص١٩٠٣ ، ١٩٠٤.

(٢) ئەمـەش دەقـی فەرموودەکەیـە:(لَيـسَ بَيْنِـي وَبَيْنَـهُ نَبِـيٌّ -يَعْنِي عِيسَى-) رواه البخـاري: ٣٤٤٢، و مسـلم:٢٣٦٥، هەروەهـا:(إِنِّي أَوْلَى النَّـاسِ بِابْـنِ مَرْيَـم.....)، سـنن أبي داود.

الحَقّ يُرْشِدُكُمْ إِلَى الحَقّ كُلِّهِ، لأنّهُ لايَقُولُ شَيْئاً مِنْ عِنْدِهِ بَلْ يُخْبِرُكُم بِمَا يَسْمَعُهُ، وَيُطْلِعُكُمْ عَلَى مَا سَوْفَ يَحْدُث)[1].

واتــە: ئێســتاش زۆر شــت مــاوە پێتانــی بڵێــم، بــەڵام ئێــوە ئێســتا ناتوانــن هەڵیبگــرن...، بــەڵام کاتێــک ڕووحــی هــەق دێ، ئــەو ڕێنماییتــان دەکات بــۆ هــەق هەمــووی، (واتــە: بــە گشــتیی بــۆ هــەق ڕێنماییتــان دەکات)، کــە ئــەو شــتێک ناڵــێ لــە خۆیــەوە، بەڵکــو هەواڵتــان بــەوە پــێ دەدات کــە دەیبیســتێ، {هــەر ڕێــک مانــای ئــەو ئایەتــە موبارەکەیــە کــە دەفەرمــوێ: ﴿ وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَىٰ ۝٣ إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَىٰ ۝٤ ﴾النجـم}، هەواڵیشــتان پــێ دەدات بــەوەی لەمــەودوا ڕوو دەدات.

ئەمـە کورتەیـەک بـوو لـە چۆنیەتـی موژدەدانی عیسـا بـە هاتنـی پێغەمبەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ کـە بـە ئەحمەدیـش نـاوی هاتـوە، بـە موحەممەدیـش ﷺ پێشــتریش فەرموودەکــەی پێغەمبەرمــان ﷺ هێنــا کــە فەرمــووی: {إِنَّ لِي أَسْــمَاءً أَنَــا مُحَمَّــدٌ، وَأَنَــا أَحْمَــدُ، وَأَنَــا الْحَــاشِرُ الَّــذِي يُحْــشَرُ النَّــاسُ عَــلَى قَدَمِــي، وَأَنَــا الْمَاحِــي الَّــذِي يَمْحُــو اللَّــهُ تَعَــالَى بِيَ الْكُفْــرَ، وَأَنَــا الْعَاقِــبُ الَّــذِي لَيْــسَ بَعْــدَهُ نَبِــيٌّ} (أخرجـه البخـاري: ٣٥٣٢، ٤٨٩٦، ومســلم: ٢٣٥٤، والنســائي: ٦١٠).

کەواتــە: یەکێــک لــە ناوەکانــی پێغەمبــەری خاتــەم ﷺ (أحمــد) بــووەو دوو واتــای هــەن:

١- ئەو کەسەی زۆر ستایشی خوا دەکات.

٢- ئەو کەسەی زۆر خەڵک ستایشی دەکەن، هەردوو واتایەکەش ڕێک لەگەڵ پێغەمبەری خاتەمدا ﷺ گونجاون، پێغەمبەری خوا، زۆر ستایشی خوای کردوەو خەڵکیش زۆر ستایشی کردوە، هەر ناوەکەشی بۆخۆی بە مانای ستایشکارو ستایشکراوە.

---

(١) (التفسير التطبيقي للكتاب المقدس) ص ٢٢٢٧.

ئنجا ئەوەی لە ئینجیلەکانی ئێستادا هەیە، لە هەندێک شتدا ڕێک هەمان شتە کە لە ئینجیلەکانی سەردەمی (**فخرالدین الرازي**)دا هەبووە، بەڵام هەندێک شتیشیان گۆڕیوە، بە تایبەتی ئەوە کە ناوی (پا**رقلیط**)یان هەر لابردوە، کە وەک گومان: (پا**رقلیط**)یش ئەصڵی خۆی (پیرکلتۆس)ە، لە زمانی یۆنانییدا بە مانای ستایشکراو، ڕێک مانای ئەحمەدو موحەممەد.

مەسەلەی چوارەم:

بێبڕواو هاوبەشدانەران ستەمکارترین کەسن، کە لە حاڵێکدا بەرەو ئیسلام و ملکەچیی بۆ خوا بانگ دەکرێن، درۆ بە خواوە هەڵدەبەستن و، دەیانەوێ بە زاریان ڕووناکیی خوا بکوژێننەوەو، خواش ڕووناکیی پەیامەکەی هەر تەواو دەکات، چونکە پێغەمبەری کۆتایی خۆی ﷺ بە ڕێنمایی و بەرنامەی ڕاست و تەواوەوە ناردوە، کە باڵادەستی بکات بەسەر تێکڕای بەرنامەکاندا، هەرچەندە هاوبەشدانەران قەڵس بن:

خوا دەفەرموێ: ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَىٰٓ إِلَى ٱلْإِسْلَٰمِ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧﴾ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ﴿٩﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە نۆ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ﴾، کێ ستەمکارترە لەو کەسەی درۆ بە خواوە هەڵدەبەستێ؟ (وَمَنْ أَظْلَمُ) پرسیار کردنە، پرسیاری نکووڵیلێکردنە، واتە: هیچ کەس ستەمکارتر نیە، لەو کەسەی درۆ بە ناوی خواوە هەڵدەبەستێ.

دیارە خاوەن کتێبەکان بەوە درۆیان بە ناوی خواوە هەڵبەست، کە ڕۆڵەیان پاڵدایە لای خوا، جوولەکە گوتیان: عوزەیر کوڕی خوایەو، نەصرانییەکان گوتیان: عیسا کوڕی خوایە: ﴿ وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ ﴿٣٠﴾ ﴾التوبة.

هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش، بەوە درۆیان بە خوا هەڵبەست کە هاوبەشیان بۆ خوا دانان، هەروەها کچ و کوڕیشیان بۆ خوا داناون، وەک لە سوورەتی (الأنعام)دا دەفەرموێ: ﴿ وَخَرَقُوا۟ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتٍۭ بِغَيْرِ عِلْمٍ ﴿١٠٠﴾ ﴾.

کە لە ڕاستییدا ئەوە هەم خاوەن کتێبەکان، هەم هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و، هەموو جۆرەکانی کافرەکان دەگرێتەوە.

درۆ و هەڵبەستەرانیش بە خواوە، پێنج جۆرە ستەمیان تێدا دەرکەوتوون:

١- زوڵم و ستەمیان لە پێغەمبەر ﷺ کردوە، بەوەی تۆمەتباریان کردوە بە جادووگەریی و، بە شاعیریی و، بە فاڵچیەتیی و ... هتد.

٢- ستەمیان لە خۆیان کردوە کە خەفتانیان نەکردوە، ڕێی دەربازبوون و ڕێی سەرفرازیی بگرن.

٣- ستەمیان لە خوای پەروەردگاریش کردوە، بەوەی شتێکیان پاڵداوەتە لای خوا ﷻ، لە بەرنامەی خوادا نیە، کە بریتیە لە: هاوبەش بۆ خوا دانان و ڕۆڵە بۆ خوا دانان و... هتد.

٤- ستەمیان لە خەڵکیش کردوەو خەڵکیشیان وادار کردوە، پەیامەکانی خوا بە درۆ دابنێن.

٥- ستەمیشیان لە شوێنکەوتووانی خۆشیان کردوە، کە هەواڵە ڕاستەقینەکانیان لێ شاردوونەوە، ئەگەر خاوەن کتێبەکانن، ئەوەی لە کتێبەکانیاندا هاتوە، شاردوویانەتەوە، ئەگەر هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانن، سەران و زلەزلانی ئەهلی کوفر، زانیویانە کە پێغەمبەران (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام) هەق و ڕاستن، بەڵام خەڵکەکەی خۆیان چەواشە کردوە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿وَجَحَدُوا بِهَا وَاسْتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُهُمْ ظُلْمًا وَعُلُوًّا ﴿١٤﴾﴾النمل، شوێنکەوتووانی فیرعەون نکووڵییان کرد لە موعجیزەکانی مووسا عليه السلام بەڵام لە دڵیاندا دڵنیا بوون، یەقینیان هەبوو، چونکە چاویان لە ستەم و خۆسەپاندن و خۆ فەڕز کردن بوو، خۆ ناچن بڵێن: ئێمە لەبەر بەرژەوەندییەکانمان بڕوا ناکەین بە موعجیزەکانی مووسا، یان عیسا، یان موحەممەد یان پێغەمبەرانی دیکە (عَلَيْهِمُ الصَّلَاةُ وَالسَّلَام)، بەڵکو دەڵێن: ئەوانە ڕاست ناکەن، بۆ ئەوەی خەڵکەکە چەواشە ببێ و کڵاویان لەسەر بنێن، کەواتە کە خوا دەفەرموێ: کێ ستەمکارترە لەو کەسەی درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستێ! لەبەر ئەوەیە کە بە لای کەمەوە، پێنج جۆرە زوڵم لەواندا بەرجەستە بوون.

٢)- ﴿ وَهُوَ يُدْعَىٰٓ إِلَى ٱلْإِسْلَٰمِ ﴾، له حاڵێکدا بۆ ئیسلام بانگ دەکرێ، یان بۆ ملکەچیی بۆ خوا خوا بانگ دەکرێ.

٣)- ﴿ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾، بە دڵنیایی خواش کۆمەڵی ستەمکاران سەرڕاست ناکات، کۆمەڵی ستەمکاران بە ئامانج ناگەیەنێ، لێرەدا (**لا يَهْدِي**) بە مانای (ڕێنمایی ناکات) نیە، چونکە خوا ڕێنمایی هەموو کەسی کردوە (**هُدىً لِلْعَالَمِين**، **ذِكْرٌ لِلعَالَمِين**)، بەڵام لێرەدا هیدایەت بە مانا تایبەتییەکەیەتی واتە: خوا ڕاستە ڕێ ناکات و بە ئامانج ناگەیەنێ، کۆمەڵی ستەمکاران، ئەوانەی ڕێی خوا ناگرن، خوا بە ئامانجیان ناگەیەنێ.

٤)- ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔوا۟ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ ﴾، دەیانەوێ ڕووناکیی خوا بە (فووی) زارەکانیان بکوژێننەوە.

٥)- ﴿ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ ﴾، خواش تەواوکەری ڕووناکییەکەی خۆیەتی، وشەی (**مُتِمّ**) خوێندراویشەتەوە: (**مُتِمٌّ نُورَهُ**)، بە (**تنوين**) واتە: خوا تەواوکەری ڕووناکییەکەی خۆیەتی.

گومانی تێدا نیە کە مەبەست لە (**نور الله**) پەیامی خوایە، ئەو هیدایەت و بەرنامەیەی خوا ناردوویەتی، کە دەشفەرموێ: بێبڕوایەکان دەیانەوێ بە زاریان ئەو ڕووناکییە بکوژێننەوە، دوو واتای هەن:

١- دەیانەوێ هەر بە قسەی زاریان و بە پڕوپاگەندەو بە درۆو دەلەسە، ئەو ڕووناکییەی خوا خەفە بکەن.

٢- لێرەدا خوا ﷻ پەیامەکەی خۆی چواندوە بە خۆرەوە، هەوڵی کافرەکانیش بە خەفە کردن و کوژاندنەوەی پەیامی خوا، چوێنراوە بە کەسێکەوە کە فوو لە خۆر دەکات، بۆ ئەوەی ڕووناکییەکەی بکوژێنێتەوە، ئنجا فوو کردن لە خۆر، بۆ ئەوەی بیکوژێنیەوە، چەندە سەروبەر دەگرێ! هەوڵی بێبڕوایانیش بۆ خەفەکردن و، لەنێو بردن و کوژاندنەوەی چرای تیشکدەری پەیامی خوا، هەر هێندە سەردەگرێ.

٦)- ﴿ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ﴾، هەرچەندە بێبڕوایەکان پێشیان ناخۆش بێ، یانی: ئەگەر هەموو جۆرەکانی بێبڕوایان پێشیان ناخۆش بێ، ئایین و بەرنامەی خوا هەر تەواو دەکرێ و سەروبەر دەگرێ.

٧)- ﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ ﴾، ئەو (خوا) کەسێکە، ڕەوانەکراوەکەی خۆی بە ڕێنمایی و بە بەرنامەی ڕاستەوە ناردوە.

٨)- ﴿ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ ﴾، تاکو بەسەر تێکڕای بەرنامەکان دا سەری بخات، (**الدین**)، (أل)ی ناساندنی لەسەرەوە بۆ تێکڕا (**جِنس**)ە، واتە: بەسەر تێکڕای بەرنامەکاندا سەری بخات و باڵادەستی بکات.

٩)- ﴿ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ﴾، هەرچەندە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان پێیان ناخۆش بێ.

ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (**الفتح**)دا، باسێکمان لە بارەی (**الْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ**)ەوە کردوە، لێرە دووبارەی ناکەینەوە، کە خوا ﷻ ئایین و بەرنامەی خۆی بە دوو وشە پێناسە دەکات، یەکەم: (**الهُدَى**)، دووەم (**دِينِ الْحَقِّ**)، لەوێ باسمان کردو، لێرەش هەر بە کورتیی دەیلێین:

(**الْهُدَى**) واتە: ڕێنمایی، ڕێپیشاندان و بەرچاوڕوونیی، ئەمە زیاتر بۆ تاک تاکی مرۆڤەکانە، کە هەم بووناسیی دەگرێتەوە، هەم ئیمان و عەقیدە، هەم پەرستشەکان، هەم ڕەوشت و ئاکارەکان، هەم ئەدەب و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە پەسند و بەرزەکان.

(**دِينِ الْحَقِّ**) واتە: ئەو بەرنامە ڕاست و تێرو تەواوەی کە ژیانی کۆمەڵگا ڕێک دەخات، لە ڕووەکانی ئابووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و جەنگ و ئاشتیی و...هتدەوە.

(**هُدَى**) تاکەکان هەڵیدەگرن کە بریتیە لەوەی تاک تاکی ئەو مرۆڤانە لە خۆیان حاڵیی بن، بەهۆی بووناسییەوە بەرچاویان ڕوون بێ، بەسەرهاتی ئەم

گەردوونە چییە؟ لە کوێوە هاتوە؟ لە چی دروست بووەو بۆ کوێ دەچێ؟ مرۆڤ شوێنی لە ئیعرابی گەردووندا چییە؟ مرۆڤ بۆ چ ئەرکێک و بە چ حیکمەتێک خوڵقێنراوە؟ لە کوێوە هاتوەو بۆ کوێ دەچێ و دەبێ چی بکات و چۆن بکات؟ ژیانی دنیا چییە؟ ڕۆژی دوایی چییە؟ و...هتد؟ ئنجا ئیمان بە هەر شەش پایەکەی و، بە هەر چوار پێکهاتەکەیەوە، دوایی پەرستشەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، ئنجا ڕەوشت و ئاکارەکان، ئنجا باری کەسیەتیی، ئەوە هەمووی وەک تاک.

وەک کۆمەڵگاش بە گشتیی، (**دین الحق**) ئایین و بەرنامەی هەقی خوا، کە ژیان بە گشتیی ڕێک دەخات، لە هەموو ڕووەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی، و ئیدارەو جەنگ و ئاشتیی و...هتد، بەڕێوەدەبەن.

خوا ﷻ دەفەرموێ: خوا ئەو زاتەیە ڕەوانەکراوەکەی خۆی بە ڕێنماییەوەو، بە بەرنامەی هەق و ڕاستەوە ناردوە، کە لەوێش[1] گوتمان: (**دِينِ الْحَقِّ**) دەگونجێ (**حَقِّ**) مەبەست پێی خوای پەروەردگار بێ، واتە: دینی خوای هەق، یاخود (**دِينِ الْحَقِّ**) یانی (**الدِّينِ الحَقِّ**) دینێک کە هەق و چەسپاوە، ڕاستە، بۆ ئەوەی بەسەر هەموو بەرنامەکاندا زاڵبکات، کە بێگومان مەبەست ئەوە نیە، بە زەبرو زەنگ و هێز، ئایینی خۆی بسەپێنێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە: لە ڕووی مەعنەوییەوە تیشکی خۆرەکەی دنیا، ڕووناک بکاتەوەو، هەموو بەرنامەکانی دیکە بخاتە ژێر تیشک و ڕووناکیی خۆیەوە، وەک چۆن ژوورێک ئەگەر سەد (فتیلە) و (چرا ڕەشکە)ی تێدا پێکرابن، ئەگەر بلاجکتۆرێکی بە شۆق هەڵبکرێ، بێگومان فتیلەکان و چرا ڕەشکەکان، هیچیان شۆقیان نامێنێ واتە: ئەو بەرنامانە، چ لە ئەصڵدا خوا ناردبنی و دەستکاریی کرابن، وەک بەرنامەی جوولەکەو نەصرانیی و...هتد، چ لە ئەصڵدا مرۆڤکرد بووبن، ئەو ئایین و بەرنامەیەی خوا هاتوە ئەوانە بخاتە ژێر ڕکێفی مەعنەویی خۆیەوە.

---

(١) لە تەفسیری سوورەتی (الفتح)دا.

مانایەکی دیکەشی ئەوەیە کە لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەو بەرەنگاربوونەوەدا بەسەریاندا زاڵ ببێ و، شکستیان پێ ببڕێ و، ئەو باڵادەست بێ، ئەو دووەش هەردووکیان هاتوونە دی، ئیسلام هەم لە ڕووە مەعنەوییەکەیەوەو وەک حەقیقەتێک کە خوا ناردوویەتی، هەر کەسێک تەماشای بکات و بە عەقڵ و دڵ تێبیفکرێ بە ئینصافەوە، دەزانێ ئیسلام کە لە قورئان و سوننەتدا بەرجەستەیەو، دوا پەیامی خوایە بۆ مرۆڤایەتیی و، پاراستوویەتی لە دەستکاریی و گۆڕان، زۆر جیاوازە لە پەیام و بەرنامەکانی دیکە، چ خوا ﷻ ناردبنی و دەسکاریی کرابن و گۆڕدرابن، چ گریمان نەشگۆڕدرابانایە، چونکە خوا بۆ کات و قۆناغێکی دیارییکراوو بۆ کۆمەڵگایەکی دیارییکراوی ناردوون، چ ئەو بەرنامانەی لە ئەصڵدا زادەی بیرو هۆشی مرۆڤن.

چەند وردە سەرنجێک

١- (هُدَى) مەبەست پێی بووناسیی (**معرفة الوجود**) و، ئیمان و پەرستشەکان و ڕەوشت و ئاکارە، کە ئاک هەڵیدەگرێ، (**دِينِ الْحَقِّ**)یش واتە: (**دِينُ اللهِ الْحَقِّ**) یان (**الدِّينُ الَّذِي هُوَ حَقٌّ**) دینی خوای هەق، یاخود دینێک کە لە خودی خۆیدا هەقە، مەبەست پێی بەرنامەکانی ژیانن، بەرنامە جۆراوجۆرەکانی ژیان و گوزەران، کە کۆمەڵگا ڕێک دەخەن لە هەموو ڕووەکانەوە: ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، ئیداریی، سیاسیی....هتد.

٢- کە دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ﴾، خوێنراویشەتەوە: (**مُتِمٌّ نُورَهُ**) خواش تەواوکەری ڕووناکییەکەی خۆیەتی، پرسیارێک دەکرێ: ئایا ئایینی خوای بەرزو مەزن، ڕووناکیی خوا ناتەواو بووە، تاکو خوا دوایی تەواوی بکات؟ وەڵامەکەی ئەوەیە کە خوا شوێنەوارەکەی تەواو دەکات، پەرێزو بەرهەمەکەی تەواو دەکات، ئیسلام لە سەرەتاوە کە پەیدابووە، تەنیا لە نیمچە دورگەی عەرەبیی دا بووە، بەڵکو پێشێ بەس لە مەککەدا بوو، لە نێو شیوەکانی مەککەدا، دوایی نیمچە دورگەی عەرەبیی ڕۆشن کردۆتەوە، ئنجا هەموو دنیای ڕۆشن کردۆتەوە، کەواتە: خوا شوێنەوارەکەی و بڵاو کردنەوەکەی تەواو دەکات.

٣- کە دەفەرموێ: ﴿مُتِمُّ نُورِهِۦ﴾، ئایا ئەو (نور)ە لێرەدا، لەگەڵ ئەوەی لە سوورەتی (**النور**)دا دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۝٣٥﴾**النور**، ئەو دوو ڕووناکییە هەر یەکن؟ بەدڵنیایی نەخێر، لێرەدا مەبەست لە (**نور**) دین و وەحیی خوای ئاک و پاکە، بەڵام لەوێ کە دەفەرموێ: ﴿ٱللَّهُ نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۝٣٥﴾**النور**، (نور) مانایەکی دیکەی هەیە، کە ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (**النور**)دا بە تەفصیل باسمانکردووەو، چەند ڕایەکی جۆراوجۆرو جیاوازی زانایانی تێدا هەن.

٤- بۆچی لە ئایەتی پێشێ دا دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ﴾، بەڵام لە هی دوایی دا دەفەرموێ: ﴿لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ﴾؟

وەڵامەکەی ئەوەیە کە بێبڕوایەکان بە تایبەت خاوەن کتێبەکان، نکووڵییان دەکرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ و، ئەو پەیامە هەقەی پێیدا نێردراوە، پاشان سپڵەییان دەکرد بەرانبەر بەو چاکەیەی خوا، کە بریتیە لە دوا پەیامی خۆی و ناردوویەتی بۆ مرۆڤایەتیی، ئنجا ئەوە ئەگەر مەبەست پێی نکووڵیکردن بێ لە پێغەمبەری کۆتایی ﷺ و، لەو پەیامەی خوا پێیدا ناردوویەتی، یاخود مەبەست پێی سپڵەیی و ناسوپاسیی بێ بەرانبەر بەو چاکەیەی خوا، ئەوە هەم خاوەن کتێبەکان دەگرێتەوە، هەم هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، هەم تێکڕای ئەوانەی پشت لە پەیام و بەرنامەی خوا دەکەن.

بەڵام بۆیە دەفەرموێ: ﴿لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ﴾، خوا پێغەمبەری خۆی ﷺ ناردوە تاکو بەسەر هەموو بەرنامەکاندا زاڵی بکات، هەرچەندە هاوبەش بۆ خوا دانەران پێیان ناخۆش بێ، لە سۆنگەی ئەوەوە کە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، دژایەتیی پێغەمبەریان کردوەو ڕێگرییان لێکردوە، کە پەیامی خواو ئەو ڕێنمایی و ئایین و بەرنامە هەقە بگەیەنێ.

دەشگونجێ بڵێین: هەر کام لە خاوەن کتێبەکان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان، هەم ڕقیان لە ڕووناکیی خوای پەروەردگارە، هەم لە ڕێنماییەکەی و لە بەرنامە هەقەکەیەتی، ئنجا خوا ﷻ هەرچەندە بێبڕوایان پێیان ناخۆشبێ، خوا ڕووناکییەکەی هەر تەواو دەکات و، هەرچەندە بێبڕوایەکان بە هەموو جۆرەکانیانەوە، بە خاوەن کتێب و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانەوەو ئەوانی دیکەوە، پێی قەڵس بن، خوا ئایین و بەرنامەکەی خۆی هەر باڵادەست دەکات، چونکە هەر کام لە ڕووناکیی و ڕێنمایی و دینی هەق، هەموویان دەبنەوە بە یەک شت، بەڵام بە ئیعتیباری جیا جیا، دابەش دەبن، هەروەک بێبڕوایەکان و هاوبەش بۆ خوا دانەرەکانیش لە نێوەڕۆکدا یەکدەگرنەوە، بەڵام بە وەسف و ئیعتیباری جیاجیا، لێک جیادەبنەوە.

پوختــەی مەبەســت لــەم نــۆ ئایەتــەی تاکــو ئێســتا ڕابــردوون، لــەم دەرســی یەکەمەماندا، ئەوەیە کە خوا ﷻ فەرمانی کردوە بە بڕواداران: قسەو کردەوەیان یــەک بــێ و فیداکاریــی بکــەن لــە ڕێــی خــواداو، پەنــد لــە گەلــی مووســا ﷺ و، گەلــی عیســا ﷺ واتــە: لــە بەنــوو ئیســرائیل وەربگــرن، کــە ئــازاری ئــەو دوو پێغەمبەرانەیان داو، تۆمەتباریــان کــردن، مســوڵمانان و بڕوادارانیــش: شــوێنکەوتووانی موحەممــەد ﷺ دڵنیــا بــن، کــە ســەرکەوتن بــۆ خۆیــان و بــۆ پەیامەکەیانــە، بێبــڕواو هاوبــەش دانەرەکانیــش هیچیــان پــێ ناکــرێ، لــە بــواری پەکخســتن و ڕێگرتــن لــە بڵاوبوونــەوەو ســەقامگیر بوونــی پەیامــی خــوادا ﷻ.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

بەڕێـــزان!

ئـەم دەرسـە لـە پێنـج ئایـەت پێـک دێ: (١٠ - ١٤)، تـەوەری بنەڕەتییـان باسـی تێکۆشـان و فیداکارییـە لـە پێنـاوی خـوادا، خـوا ﷻ سـەرەتا بـڕواداران دەدوێنـێ و، جەنـگ و تێکۆشـان بـە سـامان و گیانیـان، دوای بـڕوا هێنـان بـە خـواو پێغەمبەرەکـەی ﷺ، بـە بازرگانییەکـی گـەورەو گرنـگ پێناسـە دەکات، کـە بەرهەمەکـەی لێبـوردن و بەهەشـتە ڕازاوەو نەبـڕاوەکان و، سـەرکەوتنی دنیاییـە.

دوایـی خـوای بـەرزی مـەزن، جارێکـی دیکـە بـڕواداران دەدوێنـێ و، فەرمانیـان پـێ دەکات کـە وەک حەوارییەکانـی عیسـا بـن، لـە پشـتگیریی کردنـی پێغەمبـەری خـوا موحەممـەددا ﷺ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴿١٠﴾ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ
فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿١١﴾ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ
جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴿١٢﴾ وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ
نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿١٣﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ
مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ﴿١٤﴾ ﴾.

مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان

{ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! ئایـا بازرگانییەکتـان پێشـان بـدەم، کـە لـە ئازارێکـی بـە ئێش و ژان (دەتانپارێـزێ و) قوتارتـان دەکات؟ ﴿١٠﴾ (ئەوەیـە کـە) بـڕوا بـە خـواو پێغەمبەرەکـەی بێنـن و، لـە ڕێـی خـوادا بـە سـامان و گیانتـان تێبکۆشـن، ئەگـەر بزانـن ئـا ئەوەتـان بـۆ ئێـوە چاکترە (لـە هـەر شـتێکی دیکـە) ﴿١١﴾ (خـوا بـەو هۆیـەوە) لـە گوناهەکانتـان دەتانبـوورێ و دەتانخاتـە نێـو باخانێکـەوە، ڕووبـار بـە ژێـر (درەختەکان)یـان دا دەڕۆن (هەروەهـا خـوا دەتانخاتـە نێـو کۆشـک و تـەلارو خانووبـەرە نایابەکانـەوە، لـە نێـو باخـە هەمیشـەییەکاندا، هـەر ئەوەشـە بردنـەوەو بـە مـراد گەیشـتنی مـەزن ﴿١٢﴾ هەروەهـا شـتێکی دیکـەش (تـان دەداتـێ) کـە ئێـوە حـەزی پـێ دەکـەن: یارمەتییـەک لـە خـواوەو سـەرکەوتنێکی نیزیـک و، مـوژدەش بدە بـڕواداران (کـە ئەوانەیـان بـە پاداشـت دەداتـێ) ﴿١٣﴾ ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! پشـتیوانانی (پێغەمبـەری) خـوا بـن، وەک عیسـای کـوڕی مەریـەم بـە حەوارییەکانـی گـوت: کێـن پشـتیوانانم بـەرەو لای خـوا؟ حەوارییـەکان گوتیـان: ئێمـە پشـتیوانانی خوایـن، ئنجـا کۆمەڵێـک لـە وەچـەی ئیسـڕائیل (یەعقـووب) بڕوایـان (بـە عیسـاو پەیامەکـەی) هێنـاو، کۆمەڵێکیـش بێبـڕوا بـوون، ئێمـەش پشـتگیریی ئەوانەمـان کـرد کـە بڕوایـان هێنابـوو بەسـەر دوژمنەکەیانـداو، سـەرەنجام زاڵبـوون ﴿١٤﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(أَدُلُّكُمْ) : (الدِّلالَةُ: مَا يُتَوَصَّلُ بِهِ لِمَعْرِفَةِ الشَّيْءِ)، (دِلاَلَة): ئەوەیە کە بەهۆیەوە دەگەیە ناسینی شتێک، واتە: ئایا پێشانتان بدەم؟

(تِجَٰرَةٍ): (التِّجَارَة: التَّصَرُّفُ فِي رَأْسِ الْمَالِ جَالِبَاً لِلرِّبْحِ، تَجَرَ يَتْجُرُ وَتَاجِرٌ وَتَجْر، مِثْلُ: صَاحِبٌ وَصَحْبٌ)، (تِجَارَة): بە کوردیی دەڵێین: بازرگانیی، بریتیە لە دەستوەردانە دەستمایە بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانج، دەگوترێ: (تَجَرَ يَتْجُرُ) واتە: بازرگانیی کرد، بازرگانیی دەکات، (تَاجِرٌ) بازرگان، (تَجْر) کۆی بازرگانە، واتە: بازرگانەکان، وەک (صَاحِبٌ وَصَحْبٌ)، (صَاحِبٌ) هاوەڵ یان خاوەن، (صَحْبٌ) هاوەڵەکان، یان خاوەنەکان.

(نَصْرٌ مِّنَ اللَّهِ): (النَّصْرُ وَالنُّصْرَةُ: الْعَوْنُ)، (نَصْر)و (نُصرَة) بە مانای یارمەتییدانە، یاریدەیەک لە خواوە.

(وَفَتْحٌ قَرِيبٌ): (الْفَتْحُ: إِزَالَةُ الإِشْكَالِ وَالإِغْلاقِ، وَذَالِكَ ضَرْبَان: أولاً: يُدْرَكُ بِالْبَصَرِ كَفَتْحِ الْبَابِ، ثَانِيَاً: يُدْرَكُ بِالْبَصِيرَةِ كَفَتْحِ الْهَمِّ)، (فَتْح): بریتیە لە لابردنی گرفت و داخراویی، ئەویش دوو جۆرە: یەکەم: بە چاو دەبینرێ وەک کردنەوەی دەرگا، دووەم: بە عەقڵ دەزانرێ کە بریتیە لە لابردنی خەم و ناڕەحەتیی.

(الْحَوَارِيُّونَ): (أَنْصَارُ عِيسَى، قِيلَ كَانُوا قَصَّارِينَ، وقِيلَ كَانُوا يُطَهِّرُونَ أَنْفُسَ النَّاسِ)، (الحَوَارِيُّون) کۆی حەوارییە، بە شوێنکەوتووان و پشتیوانانی عیسا عليه السلام گوتراوە، گوتراوە: ئەوانە کاری بەرگ و پۆشاک سپیکەرەوەییان بووە، {وەک چۆن ئێستا ئوتووخانە هەیە}، هەندێکیش گوتوویانە: لەبەر ئەوەی دڵ و دەروونی خەڵکیان سپی و پاک کردۆتەوە.

دواتریش زیاتر چەمکی حەواریی ڕووندەکەینەوە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان

بـۆ هـۆی هاتنـە خـواری ئـەم ئایەتـە موبارەکـەی دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ١٤ ﴾، ئـەم گێڕدراوەیـە دێنیـن:

{عَـن عَبْـدِ اللـهِ بـنِ عَبـاسٍ ﵄: لَـمَّا أَرَادَ اللـهُ عَـزَّ وَجَـلَّ أَنْ يَرْفَـعَ عِيـسَى ﵇ إِلَى السَّـمَاءِ خَـرَجَ عَـلَى أَصْحَابِـهِ وَهُـمْ فِي بَيْـتٍ اثْنَـى عَـشَرَ رَجُـلاً، وَرَأْسُـهُ يَقْطُـرُ مَـاءً، فَقَـالَ: أَيُّكُـمْ يُلْقَـى شَـبَهِي عَلَيْـهِ فَيُقْتَـلَ مَـكَانِي، فَيَكُـونَ مَعِـي فِي دَرَجَتِـي؟ فَقَامَ شَـابٌ مِـنْ أَحْدَثِهِمْ سِـناً فَقَـالَ: أَنَـا، فَقَـالَ: إِجْلِـس! ثُـمَّ أَعَـادَ عَلَيْهِـم فَقَـامَ الشَّـابُ فَقَـالَ: أَنَـا! فَقَـالَ: إِجْلِسْ، فَأَعَـادَ عَلَيْهِـم ثَالِثَـةً، فَقَـالَ الشَّـابُ: أَنَـا، فَقَـالَ عِيـسَى ﵇: نَعَـمْ أَنْـتَ، فَأُلْقِـيَ عَلَيْـهِ شَـبَهُ عِيسَى، ثُـمَّ رُفِـعَ عِيـسَى مِـنْ رَوْزَنَـةٍ كَانَـتْ فِي الْبَيْـتِ إِلى السَّـمَاء، وَجَـاءَ الطَّلَـبُ مِـنَ الْيَهُـودِ، فَأَخَـذُوا الشَّـابَّ لِشَـبَهِهِ بِعِيسَى، فَقَتَلُـوهُ ثُـمَّ صَلَبُـوهُ، فَتَفَرَّقُـوا ثَـلاثَ فِـرَقٍ فَقَالَـتْ فِرْقَـةٌ: كَانَ فِينـا اللـهُ عَـزَّ وَجَـلَّ مَاشَـاءَ ثُـمَّ صَعِـدَ إِلَى السَّـمَاءِ، وَهَـؤُلاءِ الْيَعْقُوبِيَّـة، وَقَالَـتْ فِرْقَـةٌ: كَانَ فِينَـا ابْـنُ اللـهِ مَاشَـاءَ اللـهُ، ثُـمَّ رَفَعَـهُ اللـهُ وَهـؤُلاءِ النُّسْـطُورِيَّة، وَقَالَـتْ طَائِفَـةٌ: وَكَانَ فِينَـا عَبْـدُ اللـهِ وَرَسُـولُهُ مَاشَـاءَ اللـهُ، ثُـمَّ رَفَعَـهُ اللـهُ، فَهَـؤُلاءِ الْمُسْـلِمُون، فَتَظَاهَـرَتِ الْكَافِرَتَـانِ عَـلى الْمُسْـلِمَةِ، فَقَتَلُوهَـا، فَلَـمْ يَـزَلِ الإِسْـلامُ طَامِسَـاً حَتَّـى بَعَـثَ اللـهُ مُحَمَّـداً ﷺ، فَأَنْـزَلَ اللـهُ عَـزَّ وَجَـلَّ: ﴿ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ﴾، يَعْنِـي: الطائِفَـةَ الَّتِـي كَفَـرَتْ فِي زَمَـنِ عِيـسى، وَالطَّائِفَـةَ الَّتِـي آمَنَـتْ فِي زَمَـنِ عِيـسى، ﴿ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ﴾، بِإِظْهَـارِ مُحَمَّـدٍ ﷺ دِينَهُـمْ عَـلى دِيـنِ الْكُفَّـارِ، فَأَصْبَحُـوا ظَاهِرِيـن}[1].

---

(١) (الإسـتيعاب في بيـان الأسـباب، ج ٣، ص ٤٠٤، ٤٠٥، أخرجـه النسـائي في تفسـيره: ٦١٦، والطـبري في جامـع البيـان: ج ٢٨، ص ٦٠، وسـعيد بـن منصـور في سـننه، ومـنْ طريقـه الضيـاء

واتـە: عەبدوڵـڵای کـوڕی عەبباس رضي الله عنهما دەڵـێ: کاتـێ خـوا (**عَزَّ وَجَلَّ**) ویسـتی عیسـا عليه السلام بـەرز بکاتـەوە بـۆ ئاسـمان، عیسـا عليه السلام چـووە لای هاوەڵەکانـی کـە لـە ژوورێکـدا دانیشـتبوون، دوازدە پیـاو بـوون، {دیـارە تـازە خـۆی شـۆردوە} سـەری (قـژی) دڵۆپـە ئـاوی پێـدا دەهاتـە خـوارێ، پێیگوتـن: کامەتـان ئامادەیـە وێنـەی منـی بخرێتـە سـەر، لـە جێـی مـن بکـوژرێ، بـەڵام لـە بەهەشـتدا لـە پلـەی منـدا بـێ! گەنجێـک کـە لـە هەموویـان تەمەنـی کەمتر بـوو، هەڵسـا گوتـی: مـن! پێـی فەرمـوو: دانیشـە، دوایـی لێـی دووبـارە کردنـەوە، دووبـارە گەنجەکـە هەڵسـایەوەو گوتـی: مـن! دووبـارە فەرمـووی: دانیشـە، بـۆ جـاری سـێیەم لێـی دووبـارە کردنـەوە، هـەر ئـەو گەنجـە هەڵسـا گوتـی: مـن! عیسـا عليه السلام گوتـی: بەڵـێ تـۆ، ئنجـا وێنـەی عیسـا خرایـە سـەر ئـەو گەنجـە، دوایـی عیسـا عليه السلام بـە کلاوڕۆژنەیەکـدا کـە لـەماڵەکـەدا هەبـوو، بـەرەو سـەرێ بـەرز کرایـەوە.

ئنجـا لـە لایـەن جوولەکەکانـەوە (هەروەهـا ڕۆمەکانیـش) داواکاریـی هـات بـە دوای عیسـادا عليه السلام، ئـەو گەنجەیـان گـرت، لەبـەر ئـەوەی وەک عیسـا دەچـوو، کوشـتیان و هەڵیانواسـی.

شوێنکەوتووانی عیساش بوونە سێ کۆمەڵ:

١- کۆمەڵێکیان گوتیان: خوا (**عَزَّ وَجَلَّ**) لە نێوماندا بوو، ئەوەندەی ویستی دوایی بەرز بۆوە بۆ ئاسمان (واتە: عیسایان بە خوا دادەنا)، ئەمانە پێیان گوترا: (**اليعقوبية**) {دیارە شوێن کەسێک کەوتوون بە ناوی یەعقووب و بە ناوی ئەوەوە ناونراون}.

المقدسي في الأحاديث المختارة: ٤٠٢، وابن أبي حاتم في تفسيره: ٦٢٣٣، قُلنا: وَهَـذَا سَنَدٌ حَسَنٌ، رِجالُهُ رِجَالُ البُخَارِي فِي صحيحه، وَفِي المنهالِ كَلامٌ يَسيرٌ لا يُنْزِلُهُ عن رُتبةِ الحَسَنِ، وقَالَ الحَافظُ ابنُ كثير في البداية والنهاية: ج ٢، ص ٥١٠: وَهَذا إسنادٌ صحيحٌ إلى بنِ عباسٍ على شَرطِ مسلم، قلنا: وقد وَهِمَ رَحِمَهُ الله فَإنَّ مُسْلِماً لَمْ يَرْوِ مِن هَالِبِ بنِ عَمْرٍ شَيْئاً، وَذَكَرَهُ السيُوطِي في الدُرِّ المنثور: ج ٢، ص ٧٢٧: وَزَادَ نِسْبَتَهُ إلى زَيْدِ بنِ حُمَيْد وَابنِ مُردَوَيه).

٢- کۆمەڵێکی دیکەیان (هی دووەمیان) گوتیان: کوڕی خوا لە نێوماندا بوو ئەوەندەی خوا ویستی، دوایی خوا بەرزی کردەوە، ئەوانەش نستووڕییەکانن (واتە: عیسایان بە کوڕی خوا دادەنا، پاکیی بۆ خوا).

٣- کۆمەڵێکی دیکە (کۆمەڵی سێیەم) گوتیان: بەندەی خواو ڕەوانەکراوی خوا لە نێوماندا بوو، دوایی خوا بەرزی کردەوە، ئەوانەش مسوڵمانانن (واتە: ئەوانەن کە لەسەر ڕێیە ڕاستەکەی عیسا ﵇ ماون)، دوو کۆمەڵە کافرەکە دژی کۆمەڵە مسوڵمانەکە بوون، لێیان کوشتن، (لە بەینیان بردن و زۆر زەبوونیان کردن)، ئیدی ئیسلامەتییەک کە عیسا هێنابووی، هەر خەفەو کوژاوە بوو، هەتا خوا موحەممەدی ﷺ نارد، ئنجا خوا (عَزَّ وَجَلَّ) ئەو ئایەتەی ناردە خوار: ﴿فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ﴾، واتە: ئەو کۆمەڵەی لە ڕۆژگاری عیسادا بێبڕوابوون و، ئەو کۆمەڵەی لە ڕۆژگاری عیسادا بڕوادار بوون، بەڵام دوایی کە دەفەرموێ: ﴿فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ﴾، پشتگیریی ئەوانەمان کرد کە بڕوایان هێنا بەسەر دوژمنەکانیاندا، یانی: بە سەرخستنی موحەممەد ﷺ بۆ دینەکەیان (واتە: دینی ڕاستی نەصڕانییەکانی سەرخست بەسەر دینی لادەری بێبڕوایەکاندا)، ﴿فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ﴾، ئەوان باڵادەست بوون.

دەڵێم: ئەم دەقە تیشکێکی باش دەخاتە سەر بەسەرهاتی عیساو ﵇ شوێنکەوتووەکانی بە تایبەت حەوارییەکان، تەنیا ئیشکالێک تێیدابێ ئەوەیە کە (**یهوذا الأسخريوطي**) کە لە چوار ئینجیلەکان دا بە ناپاک (خائن) دانراوە، لێرەدا بەبێ ناوهێنان بە فیداکارو دڵسۆز دانراوەو، دواتریش لەو بارەوە قسە دەکەین.

مانای گشتیی ئایەتەکان

خوا ﷻ سەرەتا ڕوو دەکاتە بڕواداران بە گشتیی و، دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! (بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێندرێ)، ئایا بازرگانییەکتان پێشان بدەم کە دەربازتان دەکات لە ئازارێکی بە ئێش؟ ئەو بازرگانییە چییە؟ ﴿ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴾، ئەوەیە بڕوا بێنن بە خواو بە پێغەمبەرەکەی (ئیمان بناغەیە)، ﴿ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ ﴾، (ئنجا نۆرەی دیوار دانانە)، هەروەها تێبکۆشن لە ڕێی خوادا بە سامانەکانتان و بە گیانەکانتان، واتە: ئامادەبن سامان و گیانتان بەخت بکەن لە پێناوی خوادا، ﴿ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾، ئا ئەوەتان بۆ ئێوە چاکترە، (چاکترە لە هەموو شتێک) ئەگەر بزانن، ئەگەر زانیارییتان هەبێ، ئەوە چاکترە بۆ ئێوەو، ئەو بازرگانییەیە کە مایەی سەرفرازیی و دەربازبوونتانە.

ئنجا ئایا لە ئەنجامی ئەو بازرگانییەدا، لە ئەنجامی ئەو تێکۆشان بە سامان و گیانەدا، خوا چیتان بۆ دەکات؟ ﴿ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ﴾، لە گوناهەکانتان دەتانبووری، پاکتان دەکاتەوە، ﴿ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّـٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّـٰتِ عَدۡنٖ ﴾، دەشتانخاتە نێو چەند باخانێکەوە کە ڕووبار بە ژێریاندا، (بە ژێر کۆشکەکانیاندا دەڕۆن، یان بە ژێر درەختەکانیاندا دەڕۆن) و چەند جێگاو ڕێگاو خانووبەرەو کۆشک و تەلارێکی هەرە پاک و چاک و نایاب، لە نێو باخە هەمیشەییەکاندا، ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾، ئا ئەوە بە مراد گەیشتن و بردنەوەی مەزنە، بەس ئەوەندە؟ نەخێر! ﴿ وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَا ﴾، واتە: (**خَصْلَةٌ أخْرَى**) سیفەتێکی دی، یاخود: (**نِعْمَةٌ أُخْرَى**) چاکەیەکی دی یان: (**مَثُوبَةٌ أُخْرَى**) پاداشتێکی دیکە، چونکە (**أُخْرَى**) سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە کە بە عەقڵ و سەلیقە دەزانرێ،

واتــە: خــوا چاکەیەکــی دیکــەو پاداشــتێکی دیکەشــتان دەداتــەوە لــە ئەنجامــی تێکۆشــان بــە ســامان و گیــان لــە پێنــاوی خــوادا، کــە ئێــوە حــەزی پێدەکــەن، ﴿ وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَا ﴾، ئێــوە بــە لاتانــەوە زۆر گرنگــە، بریتیــە لــە چــی؟ ﴿ نَصۡرٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٌ قَرِيبٌ ﴾، یارمەتیــی لــە خــواوەو ســەرکەوتنێکی نیزیــک، ﴿ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾، مــوژدەش بــدە بــە بــڕواداران، بــە هەمــوو ئــەو پاداشــتانەی باســکران، ئەگــەر بــڕواداری بەڕاســتیی بــن، هەمــوو ئەوانەیــان پێــدەدات.

لــە کۆتایــی دا خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ ﴾، ئــەی ئەوانــەی بڕواتــان هێنــاوە! پشــتیوانانی خــوا بــن، واتــە: پشــتیوانانی پێغەمبــەری خــوا ﷺ بــن، ﴿ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، هــەر وەک چــۆن عیســای کــوڕی مەریــەم بــە حەوارییەکانــی فەرمــوو: کــێ دەبێتــە پشــتیوانی مــن بــۆ لای خــوا؟ کــوان پشــتیوانانی مــن؟ کێــن ئەوانــەی دەبنــە پشــتیوانانم بــەرەو لای پاداشــت و ڕەزامەندیی خــوا؟ ﴿ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ﴾، حەوارییــەکان گوتیــان: ئێمــە پشــتیوانانی خواین، ﴿ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞ ﴾، ئنجــا کۆمەڵێــک لــە وەچــەی ئیســرائیل بڕوایــان هێنــاو، کۆمەڵێکیــش بێبــڕوا بــوون، ﴿ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ ﴾، ئێمــەش ئەوانــەی بڕوایــان هێنابــوو، بەســەر دوژمنەکانیانــدا پشــتگیرییمان کــردن و بەهێزمــان کــردن، ﴿ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ﴾، ســەرەنجام ئــەوان ســەرکەوتوو و باڵادەســت بــوون.

بــە پێــی تەفســیرەکەی عەبدوڵــڵای کــوڕی عەببــاس (خــوا لــە خــۆی و بابــی ڕازی بــێ) واتــە: باڵادەســت بــوون لــە ڕۆژگاری پێغەمبــەری خاتەمــدا ﷺ، ئــەو دینــە هەقــەی عیســا ﵇ هێنابــووی، موحەممــەد ﷺ لــە ڕۆژگاری خۆیــدا سەریخســت و باڵادەســتی کــرد، هەڵبەتــە ئــەم ئایەتــە موبارەکــە مانــای دیکەشــی هەیــە، کــە ئێمــە لــە مەســەلە گرنگەکانــدا زیاتــر تیشــکی دەخەینــە ســەر.

بــەڵام هــەر بــە کورتیــی دەڵێیــن: أ- دەگونجــێ مەبەســت ئــەوە بــێ: ئەوانــەی لەســەر هــەق بــوون و شــوێنکەوتووی عیســا ﵇ بــوون، لــە ڕووی مەعنەوییــەوە زاڵ

و باڵادەست بوون، هەموو کەس دەیزانی ئەوانە لەسەر هەقن کە دەیانگوت: دەبێ تەنیا خوا بپەرسترێ، ئەوانی دیکە گومڕاو سەرگەردان بوون.

ب- یاخود مەبەست ئەوەیە: دوای ئەوەی ڕۆمەکان تەبەننیی نەصرانییەتیان کرد، هەر چەندە شێواندیان و، لە تەنیا خوا پەرستیی (توحید) خاڵییان کردەوەو، سێیانە (**ثالوث**)یان تێخست، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕۆمەکان کە نەصرانییەتیان تەبەننیی کرد، تۆڵەیان بۆ لە جوولەکەکان کردنەوەو، تۆڵەیان بۆ لە هاوبەش بۆ خوا دانەرەکان و، لە هەموو لەوانە کردنەوە کە دژی نەصرانییەکان بوون و زۆریان ئەزیەتدابوون.

هەندێک لە ڕوونکەرەوانی قورئان ئەم مانایەی دووەمیشیان هێناوە، بۆ نموونە: (**إبن عاشور**) بۆیە منیش ئاماژەم پێدا، بەڵام وەک دواتر لە مەسەلە گرنگەکان دا دەیهێنین، من پێم ڕاست نیەو ڕەخنەم لێی هەیە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

ڕێنمایی کردنی خوا بۆ بڕواداران، کە تێکۆشان و فیداکاریی بە سامان و گیان لە ڕێی خوادا، بازرگانییەکی دەربازکەرە لە ئازاری بە ئێش و ژان و، مایەی بوردرانی گوناهان و، بە بەهەشت شادبوون و سەرکەوتنی دنیاییشە:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ١٠ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١١ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٢ وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٣ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە چواردە بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! واتە: بڕواتان هێناوە بە هەموو ئەو شتانەی پێویستە بڕوایان پێ بهێنرێ.

٢)- ﴿ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ﴾، ئایا بازرگانییەکتان پێشان بدەم، دەربازتان دەکات لە ئازارو سزایەکی بە ئێش؟ ئەم پرسیار کردنە پرسیارکردنی پێشنیارکردن و، پێشاندانە (**هَلۡ أَدُلُّكُم على تجارة**)، ئایا بازرگانییەکتان پێشان بدەم، (**تُنجِيكُم**) خوێندراویشەتەوە: (**تُنَجِّيكُم من عذاب أليم**) دەربازتان دەکات لە ئازارو سزایەکی بە ئێش، وەک یەکێک بە یەکێک دەڵێ: ئایا ئامادە نی ئەو شتە بکەی، یان ئەو شتە بخۆی یان ئەو شتە بڵێی؟

ئنجا یەکسەر خوا ﷻ بۆ خۆی بازرگانییەکەمان پێدەڵێ:

٣)- ﴿ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ﴾، کە بڕوا بێنن بە خواو پێغەمبەرەکەی، پێغەمبەری خاتەم موحەممەد ﷺ.

٤)- ﴿ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡ ﴾، هەروەها تێبکۆشن لە ڕێی خوادا بە سامانەکانتان و بە گیانەکانتان، واتە: ئامادە بن ماڵ و سەر لە پێناوی خوادا بەخت بکەن.

٥)- ﴿ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ ﴾، ئا ئەوەتان بۆ ئێوە باشترە، (**ذَلِكُم أي: الْمَذْكُورُ**) ئەوەی باسکرا بۆ ئێوە باشترە، (**خَيْرٌ**) لێرەدا دەگونجێ بە مانای (**خَيْر**) بێ، ناوی هەڵبژاردن (**إسم تَفضيل**)، واتە: ئەوە بۆ ئێوە چاکترە لە هەر شتێک کە بە بیرتاندا دێ، دەشگونجێ (**خَيْر**) لێرەدا بە مانای چاک بێ، واتە: ئەوە بۆ ئێوە چاکە.

٦)- ﴿ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾، ئەگەر ئێوە بزانن و زانیارییتان هەبێ، کەواتە: ئەو بازرگانییەی پێمگوتن، مومارەسەی بکەن، بریتیە لە بڕوا هێنان بە خواو پێغەمبەرەکەی ﷺ و تێکۆشان بە سەرو ماڵ لە پێناوی ڕێبازی خوادا.

ئنجا لە ئەنجامی ئەوەدا:

٧)- ﴿ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ﴾، (خوا) بۆتان لە گوناهەکانتان دەبووری، (**يَغْفِرْ**): (**مجزوم**)ە، کەواتە: مەبەست لە (**تُؤْمِنُونَ**) و (**تُجَاهِدُونَ**) فەرمان کردنە، هەرچەندە بە شێوەی هەواڵدان هاتوون، بەڵام فەرمان کردنن، یانی: دەبێ ئیمان بێنن و تێبکۆشن بە سەرو ماڵ لە پێناوی خوادا، ئنجا خوا بۆتان لە گوناهەکانتان دەبووری ﴿ يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ ﴾، (**يَغْفِرْ**) (**مجزوم**)ە، وەک مەرجێکە کە پێشتر گوتراوە، یانی: ئەگەر ئەوە بکەن خوا بۆتان لە گوناهەکانتان دەبووری.

٨)- ﴿ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ ﴾، دەشتانخاتە نێو چەند باخاتێکەوە، ڕووبار گەل بە ژێر درەختەکانیدا دەڕۆن.

٩)- ﴿ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖ ﴾، هەروەها دەتانخاتە نێو چەند خانوو بەرەو کۆشک و تەلارێکی پاک و چاک و نایابەوە، لە نێو باخە هەمیشەییەکاندا.

١٠)- ﴿ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ﴾، ئا ئەوە بە مراد گەیشتن و بەئامانج گەیشتنی مەزنە.

ئایا بەس ئەوەندە بەرهەمی ئەو بازرگانییەیە، کە خوا پێشانی بڕوادارانی دا؟ نەخێر!

١١)- ﴿ وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَا ﴾، خەسڵەتێکی دیکەش حەزی پێدەکەن و خۆشتاندەوێ، واتە: (**فَضِيلَةٌ أُخْرَى**)، (**نِعْمَةٌ أُخْرَى**)، (**خَصْلَةٌ أُخْرَى**)، (**مَثُوبَة أخرى**)، بۆیە بە مێینە (**مؤنث**) هاتوە، تاکو بزانرێ ئەو (**أُخْرَى**)یە وەسفی وەسفکراوێکی قرتێندراوە، کە بە مێینە (**مؤنث**) دێ، وەک (**نِعْمَة**)، (**خَصْلَة**)، (**فَضِيلَة**)، (**مَثُوبَة**)، چاکەیەکی دیکە، خەسڵەتێکی دیکە، پلەیەکی دیکە، پاداشتێکی دیکە، کە ئێوە حەزی پێدەکەن.

١٢)- ﴿ نَصْرٌ مِّنَ ٱللَّهِ ﴾، یارمەتیی لە خواوە، لێرەدا (**نَصر**) بە نەزانراو (**نكرة**) هاتوە، واتە: یارمەتییدان و پشتیوانییەکی مەزن لە خواوە.

١٣)- ﴿ وَفَتْحٌ قَرِيبٌ ﴾، سەرکەوتنێکی نیزیکیش، (**فَتْح**) بە مانای کردنەوەی شتێکی داخراوە، یان لابردنی ئیشکالێکە، کە دەگونجێ مەبەست پێی صوڵحی حودەیبییە بێ، یان مەبەست پێی ئازادکردنی شاری مەککە بێ، یان کۆی کرانەوەی دەروازەکان بێ، لە بەرانبەر ئەهلی ئیسلامدا، هەم صوڵحی حودەیبییە، هەم فەتحی مەککە، هەم دوایی ئازادکرانی وڵاتانی دیکەو، گەیاندنی پەیامی خواو، ڕۆشنایی ئایینی خوا، بە هەموو ئەو شوێنانەی ئەهلی ئیسلام دەستیان پێیان گەیشتوە.

١٤)- ﴿ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴾، موژدەش بدە بە بڕواداران، دڵیان خۆشبکە، واتە: دڵیان خۆشبکە بە هەموو ئەو شتانەی باسکران، چونکە (أل) سەر (**المُؤْمِنِين**) دەگونجێ بۆ (**عهد**) بێ واتە: موژدە بدە بە بڕوادارەکان، کە ئەو جۆرە بازرگانییە مومارەسە دەکەن، یاخود ئەلیف و لامەکە بۆ ناساندنە، بەڵام مەبەست پێی تێکڕا (**جِنس**)ە، واتە: موژدە بدە بە هەموو بڕوادارانێ کە ئەو سیفاتانەیان تێدا بن، خوا ئەو بەڵێنانەیان بۆ جێبەجێ دەکات.

مەسەلەی دووەم:

فەرمانکردنی خوا بە بڕواداران کە پشتیوانانی خوا بن، وەک چۆن حەوارییەکان دوای داوا کردنی عیسا ﷺ گوتیان: ئێمە پشتیوانانی خواین، ئیدی سەرەنجام وەچەی ئیسرائیل بوونە دوو کۆمەڵی بڕوادارو بێبڕواو، خواش بڕوادارانی سەرخست:

خوا دەفەرموێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ﴿١٤﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە شەش بڕگەدا:

١)- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! ببنە پشتیوانانی خوا، خوێنراویشەتەوە: (**كُونُوا أَنْصَاراً لِلَّه**) ببنە پشتیوانان بۆ خوا، (**أَنْصَار**) کۆی (**نَصِير**)ە و بە مانای (**نَاصِر**)ە، بەڵام (**نَصِير**) زێدەڕۆیی تێدایە، واتە: زۆر سەرخەر، زۆر پشتیوان.

٢)- ﴿ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِ ﴾، (ببنە پشتیوانانی خوا، یانی: پشتیوانان و پشتگیران و هاوکارانی پێغەمبەری خوا ﷺ)، وەک چۆن عیسای کوڕی مەریەم بە حەوارییەکانی فەرموو: کێن پشتیوانانم بەرەو لای خوا؟ واتە: کێن ئامادەن پشتگیریم بکەن و ببنە پشتیوانم بەرەو لای خوا، بۆ ڕازیی کردنی خواو گەیاندنی پەیامی خوا.

٣)- ﴿ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ ﴾، حەوارییەکان گوتیان: ئێمەین پشتیوانانی خوا، واتە: ئێمەین هاوکاران و پشتگیرانی پێغەمبەری خوا ﷺ، کە نوێنەرو ڕەوانەکراوی خوایە.

٤)- ﴿ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞ ﴾، سەرەنجام کۆمەڵێک لە بەنوو ئیسرائیل، (کۆمەڵێک لە وەچەی ئیسرائیل، یەعقووب، لە گەلی جوولەکە)، بڕوایان هێنا، کۆمەڵێکیش بێبڕوابوون.

یانی: کۆمەڵێک بڕوایان هێنا بە عیسا ﷺ و بە پێغەمبەری خوایان دانا، کە هەر پێغەمبەری خواش بوو، کۆمەڵێکیش پێی بێبڕوا بوون.

٥)- ﴿ فَأَيَّدْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ عَلَىٰ عَدُوِّهِمْ ﴾، ئنجا ئەوانەمان بەهێز کرد کە بڕوایان هێنابوو بەسەر دوژمنەکانیاندا، (**أَيَّدْنا، أي: قَوَّيْنَا**) بەهێزمان کردن، سەرمانخستن، پشتمان گرتن لە بەرانبەر دوژمنەکەیان دا، دوژمنەکەیان کێ بوون؟ هەم جوولەکەکان بوون، ئەوانەی بڕوایان نەهێنابوو، هەم ڕۆمەکان بوون.

٦)- ﴿ فَأَصْبَحُوا۟ ظَٰهِرِينَ ﴾، ئنجا سەرەنجام ئەوانەی ئێمە پشتگیرییمان کردبوون [کە بڕواداران بوون]، باڵادەست و سەرکەوتوو بوون.

سێ کورتە هەڵوەستە

١- مانای وشەی (الحواري):

(**الحوارِيُّون**) و (**الحوارِيِّين**) كۆی (**حواري**)یە، (**إبن عاشور**) گوتوویەتی: (**الحواري**: **كَلِمَةٌ حَبَشِيَّةٌ**)، (**حواري**) وشەیەكی حەبەشەییەو لە ئەصڵدا (حەوارییا) بووە، یانی: (**الصَّاحِبُ الصَّفِيُّ**) هاوەڵێكی زۆر ساغ و بێ خەڵتە، قورئان بەكاری هێناوە بۆ هاوەڵانی عیسا ﷺ، هەرچەندە لە چوار ئینجیلەكاندا وشەی (**الحوارِيُّون**) و (**الحوارِيِّين**) بەكارنەهاتووە.

(**المعجم الوسيط**) لە ڕوونكردنەوەی چەمكی (**الحواري**)دا دەڵێ: (**الحَوَارِيُّ مُبَيِّضُ الثِّيَابِ، وَالحَوارِيُّ: الَّذِي أُخْلِصَ وَاخْتِيرَ وَنُقِّيَ مِنْ كُلِّ عَيْبٍ، وَالحَوارِيُّ: الصَّاحِبُ وَالنَّاصِرُ، وَالحَوَارِيُّون: أَنْصَارُ عِيسَى** ﷺ)[1].

واتە:

١- حەواریی بە مانای سپیكەرەوەی پۆشاكە، (پێشتریش گوتمان: (**القَصَّارِين**) واتە: ئەوانەی خەڵک بەرگ و پۆشاكی وێداون و سپیان كردۆتەوە، وەک چۆن ئێستا ئوتووكردن و شۆردنی پۆشاک و پاككردنەوە هەیە، ئەو شوێنكەوتووانەی عیساش، ئەو دوازدە هاوەڵەی، دیارە پیشەكەیان ئەوە بووە).

٢- هەروەها (**حواري**) كەسێكە خۆی ساغ و یەكلا كردۆتەوەو هەڵبژێردراوەو، لە هەر عەیب و كەموكوڕییەک پاككراوەتەوە.

٣- هەروەها (**حواري**) واتە: هاوەڵ و یارمەتییدەرو هاوكار.

٤- هەروەها حەوارییەكان شوێنكەوتووان و پشتیوانانی عیسان ﷺ.

---

(١) المعجم الوسيط: ص٢٠٥.

ئـەم وشـەیە شـەش جـاران لـە قورئانـدا هاتـوە، دوو جـاران لێـرەدا هاتـوەو، لـە سـوورەتی (آل عمـران) و لـە سـوورەتی (المائدة)شـدا هاتـوەو، شـەش جـاران دووبـارە بۆتـەوە، پێغەمبەریـش ﷺ لـە فەرمایشـتێکیدا فەرموویەتـی: {لِـكُلِّ نَبِـيٍّ حَـوَارِيُّ، وَحَـوَارِيَّ الزُّبَـيْرُ بْـنُ العَـوَّامِ} (أخرجـه البخـاري: ٦٨٣٣، ومسـلم: ٢٤١٥، وابـن ماجـه: ١٢٢)، واتـە: هەمـوو پێغەمبەرێـک هاوەڵێکـی دانسـتەی هەبـووە، هاوەڵـی دانسـتەی منیـش زوبێـری کـوڕی عەووامـە.

هەڵبەتـە مانـای وانیـە ئەوانـی دیکـەش دانسـتە نەبـوون، بـەڵام دیـارە لـە هەندێـک تایبەتمەندییـدا پێغەمبـەری خـوا ﷺ باسـی زوبەیـری کـردوە، پوختـەی مانـای حەوارییەکانیـش: ئەوانـەی هاوەڵـی دانسـتەو سـاغ و بـێ خلّتـە بـوون بـۆ عیسـا ، بـە پێـی قورئـان ئاوایـە.

٢- چوار ئینجیلەکە هەر چواریان باسی دوازدە هاوەڵەکانی عیسا دەکەن، بە حیساب مەدحیان دەکەن، بەڵام مەدحی چوار ئینجیلەکان بۆ (حەوارییەکان)[1]، لە زەمەوە نیزیکترە[2]! لێرە خوا ﷻ زۆر بە پێگەیەکی بەرزو بە دڵسۆزیی و ساغیی و تەواویی باسی حەوارییەکان دەکات: ﴿قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ﴾، بەڵام لە چوار ئینجیلەکاندا، حەوارییەکان کۆمەڵێک خاڵی بێهێزیان پاڵدراونە لا، بە تایبەت یەکێکیان کە (يَهُوذَا الأَسْخَرِيُوطِي)یە، لە ئینجیلەکاندا هاتوە کە ئەوە خیانەتی بە عیسا کردوە، لە بەرانبەر چەند درەمێکدا کە وەریگرتن لە ڕۆمەکان و لە جوولەکەکان، ئەو ماڵەی عیسای تێدا بوو و حەوارییەکان لەوێ دا کۆبوونەوەیان هەبوو، پێشانی دان، جوولەکەو ڕۆمەکان هاتنە سەر ماڵەکەو، عیسایان دەستگیر کرد بە پێی قسەی چوار ئینجیلەکان، ئەگەرنا لە ئەصڵدا ئەوەی دەستگیریان کرد، هەر ئەوە بوو کە وێنەی عیسای برابووە سەر، ئنجا بە پێی ڕیوایەتەکەی عەبدوڵڵای

---

(١) کە بە وشەی حەوارییەکان نەهاتوە.

(٢) بـۆ وێنـە: (عندئـذ تركـه التلاميـذ كلهـم وهربـوا)، لـەو کاتـەدا سـەرجەم قوتابییـەکان وازیـان لێهێنـاو هەڵاتـن! بڕوانـە: التفسـير التطبيقـي للكتـاب المقـدس، العهـد الجديـد، إنجيـل متّـى، الإصحـاح: ج:٢٦/ ٥٦، ص: ١٩٦١.

کوڕی عەبباس ئەو کەسەی وێنەی عیسای براوەتە سەر، ئنجا (**یهوذا الأسخریوطي**) بووە، یان هەر کەسێکی دیکە بووە، هاوەڵێکی زۆر دانستەو دڵسۆزی عیسا ﷺ بووەو ئامادە بووە لە جیاتی عیسا بکوژرێ، چونکە عیسا ﷺ گوتوویەتی: کێ ئامادەیە وێنەی منی بچێتە سەرو، جوولەکەو ڕۆمەکان لە جیاتی من بیگرن و بیکوژن، ئیعدامی بکەن؟ گەنجێک کە بە پێی ئەوەی لە ئینجیلەکاندا ناوی هاتوە، دەبێ (**یهوذا الأسخریوطي**) بێ، ئەو ئامادە بوو، واتە: بە پێی ڕیوایەتەکەی عەبدوڵلای کوڕی عەبباس، کەسێک کە ئیعدام کرا لە جیاتی عیساو ﷺ، وێنەی عیسای چووە سەرێ، ئەویش هەر پیاوێکی زۆر دڵسۆزو دانستە بووە، بەڵکو لە هەموویان فیداکارتر بووە، بەڵام لە چوار ئینجیلەکاندا دەڵێ: (**یهوذا الأسخریوطي**) لە بەرانبەر چەند درەمێکی زیودا، کە ڕۆمەکان و جوولەکەکان پێیاندا، جاسووسیی کرد لەسەر عیساو لەسەر هاوەڵە دانستەکانی، (حەوارییەکان) و هاتن بەسەر ماڵەکە وەربوون و ویستیان عیسا ﷺ بگرن، بەڵام عیسا بە کڵاوڕۆژنەدا بەرزکرایەوە، دیسان ئینجیلی (بەڕنابا)ش هەروا دەڵێ، بەڵام کە هەر نەهاتنە دەر، (**یهوذا**) چووە ژوور، ئنجا کە چووە ژوورێ، وێنەی عیسا ﷺ چووە سەر ئەو و، حەوارییەکانیش لێیان تێکەڵ بوو، وایانزانی عیسایە ﷺ، هەندێکیان گوتیان: نەخێر عیسا بە کڵاوڕۆژنەدا بەرزبۆوە، بەڵام تەماشایان دەکرد ئەو کەسەش زۆر وەک عیسا دەچوو، گوتیان: ئایا تۆ عیسای؟ گوتی: نەخێر ئەو نیم، گرنگ ئەوەیە ڕۆمەکان و جوولەکەکان گرتیان و ئیعدامیان کرد، ئنجا لە کاتی ئیعدام کردنەکەشدا، وەک لە ئینجیلەکاندا هاتوە، قسەی زۆر بێهێزی کردوون، بۆ وێنە گوتوویەتی: (پەرستراوم! پەرستراوم! بۆچی وازت لێهێنام!)[1] یان (با ئەمجارەش ئیعدام نەکرێم)[2]، وەک جۆرێک لە گلەیی و بناشت لە خوا!! کە بێگومان هەرگیز ئەوە هەڵوێستی عیسا ﷺ نەبووەو، هەڵوێستی هیچ بڕوادارێکی ئیمان کامڵیش نیە.

---

(١) ئەمە دەقی قسەکانیەتی لە تەرجەمە عەرەبییەکەی (الكتاب المقدس)ەوە: (إيلي إيلي لما شبقتني، أي إلهي إلهي! لماذا تركتني؟) یانی: پەرستراوم پەرستراوم! بۆچی وازت لێهێنام؟ التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، ص: ١٩٦٨ العهد الجديد، إنجيل متّى، الإصحاح: ٢٧)

(٢) بڕوانە: هەمان سەرچاوە (إنجيل مَرقُس)، الإصحاح: ١٤، ص٢٠٣٨، (يا أبي! كل شيئ مُستطاعٌ لديك، فأبعد عَنِّي هذه الكأس)، واتە: بابی خۆم! هەموو شتێک بۆ تۆ گونجاوە ئەم کووبە (مردنە)م لێ دوور بخەوە.

شایانی باسە: ئێمە لە تەفسیری سوورەتی (النساء) و، لە تەفسیری سوورەتی (المائدة)دا، ئەو ئایەتانەی باسی عیسا ﷺ دەکەن، بە درێژیی قسەمان لە بارەوە کردوون و، قسەکانی ئینجیلی (بەرنابا)شمان هێناوە، بۆیە لێرە دووبارەی ناکەینەوە.

٣- لەم ئایەتە موبارەکە وەردەگیرێ، کە خوا ﷻ حەوارییەکانی، یان شوێنکەوتووانی عیسا ﷺ کە بڕوایان پێ هێناوە، سەری خستوون بەسەر بێبڕوایەکاندا، بەڵام بە پێی ئەوە کە سەرچاوە مێژووییەکان پێمان دەڵێن، شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەی عیسا ﷺ هەر دەرکراوو لێدراوو کوژراوو ناڕەحەتکراو بوون، کەواتە ناچارین بڵێین: مەبەست لەو سەرکەوتنە ئەوە بووە، کە خۆڕاگر بوون لەسەر ئایین و بەرنامە خواو، لەسەر ڕێبازی عیسا ﷺ ماون و، دەستبەرداری نەبوون، هەرچەندە ناڕەحەتیی و ئازارو ئەشکەنجەو دەربەدەریی زۆریان بەسەر هاتوە، دەبێ مەبەست لە سەرکەوتنەکە ئەوە بێ، واتە: خۆڕاگر بوون، دەستبەرداری دینەکەیان نەبوون، خوا سەری خستن دڵی بەهێز کردن.

هەندێکیش بۆ وێنە: (إبن عاشور) وایان لێکداوەتەوە: دوایی ڕۆمەکان کە نەصرانییەتیان تەبەننیی کرد، تۆڵەیان لە جوولەکەکان کردەوەو جوولەکەکانیان سەر کوت کردن و نەصرانییەکانیان کردنە حوکمڕان، (إبن عاشور) وای تێدەگات!

بەڵام پێم وایە ئەوە هیچ سەرخستن نەبوو، بۆ ئەوانەی بڕوایان بە عیسا ﷺ هێنابوو، چونکە ئەوانەی بڕوایان بە عیسا ﷺ هێنابوو، وەک بەندەی خواو پێغەمبەری خوا بڕوایان پێی هێنابوو، بەڵام ئەوەی (قسطنطین) کردی لە کۆبوونەوەی (نیقییة)دا لە ساڵی سێ سەدو سی (٣٣٠) زایینی دا، ئەوەی ئەو تەبەننیی کرد، بریتی بوو لە نەصرانییەتێک کە لە ناوەڕۆکی خۆی خاڵیی کرابۆوە، کە خوا بە یەککرتنە، چونکە ئەو نەصرانییەتە کە ئێستاش باوە، دەڵێ: خوا سێیەمی سێیەکانە: ﴿قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ ثَالِثُ ثَلَٰثَةٍ ﴿٧٣﴾﴾ المائدة، هەم خوا، هەم عیسا، هەم (روح القدس) یاخود مەریەم، کە لە ڕاستییدا ئەوە دینی خوا نیەو، دژو پێچەوانەی پەیام و بەرنامەی خوایە.

کەواتـە: ئـەوەی ڕۆمـەکان تەبەننییـان کـردوەو، دوایـی فەڕزیـان کـردوە بەسـەر خەڵکـداو، جوولەکەکانیشـیان لەسـەر سـزا داوە، ئـەو ئیـمان و بەرنامـە خواییـە نەبـووە، کـە خـوا بـۆ عیسـای نـاردوە، بۆیـە (**إبـن عاشـور**) ڕەحمەتـی خـوای لێبـێ، لێـرەدا نەیپێـکاوە، بەڵکـو ڕای ڕاسـت هـەر ئەوەیـە، کـە مەبەسـت لـە سەرخسـتنی خـوا بـۆ بڕوادارانێـک کـە ئیمانیـان بـە عیسـا عليه السلام هێنابـوو:

١- یان دەبێ بەو مانایە بێ کە ئیبنو عەبباس (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) گوتی: کە بریتیە لە سەرکەوتنی مسوڵمانانی شوێنکەوتووی پێغەمبەری خاتەم ﷺ، کە ڕێبازەکەی هەمان ڕێبازی عیسایە عليه السلام، کە بریتیە لە ئیمان بە خواو خوا بە یەکگرتن.

٢- یان دەبێ بەو واتایە بێ، کە خوا یارمەتیی شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەی عیسای دا، خۆڕاگر بن و دەستبەرداری ئیمان و خوا بەیەکگرتن (**توحید الله**) نەبن.

لێرەشدا کۆتایی بە تەفسیری (**الصف**) دێنین.

سُبحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

تەفسیری سوورەتی

الجمعة

دەستپێک

بەڕێـــــزان!

ئەمـڕۆ کـە (١١)ی مانگـی ڕەمەزانـی سـاڵی (١٤٤١)ی کـۆچیی، بەرانبـەر: (٤/ ٢٠٢٠/٥)ی زایینییـە، لـە شـاری هەولێـر، بـە پشـتیوانیی خـوای بەخشـەرو میهرەبـان، دەسـت دەکەیـن بـە تەفسـیرکردنی سـوورەتی (**الجمعـة**)، سـەرەتا وەک عادەتـی خۆمـان پێناسـەو نێوەڕوکـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە لـە حـەوت (٧) بڕگـەدا، دەخەینـەڕوو:

پێناسەی سوورەتی (الجمعة) و بابەتەکانی

یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:

ئـەم سـوورەتە تەنیـا نـاوی سـوورەتی (**الجمعة**)یـە، تەنیـا بـەو نـاوە نـاسراوە، لـەو بـارەوە بەڵگـە زۆرن، ئێمـە بـەو دوو دەقـەی سـوننەت، واز دێنیـن:

دەقـی یەکـەم: {**عَـنْ أَبِي هُرَيـرَةَ رَضِيَ اللـهُ عَنْـهُ، قَـالَ: كُنَّـا جُلُوسًـا عِنـدَ النَّبِـيِّ ﷺ حِـيْنَ أُنْزِلَـتْ سُـورَةُ الجُمُعَـةِ**} (**أخرجـه البخـاري**: ٤٦١٥).

واتـە: ئەبـوو هوڕەیـڕە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: ئێمـە لـە خزمـەت پێغەمبـەر ﷺ دانیشـتبووین کـە سـوورەتی (**الجمعـة**)ی بـۆ دابـەزی.

شـایانی باسـە: ئەبـوو هوڕەیـڕە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) لـە مەدینـە مسـوڵمان بـووەو زۆرێـک لـە زانایـان دەڵێـن: لـە دوای جەنگـی خەیبەریـش مسـوڵمان بـووە، واتـە: لـە سـاڵی حـەوتی کۆچیـی دا.

دەقی دووەم: {عَنْ أَبِي هُرَيْـرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْـهُ قَـالَ: كَانَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ يَقْـرَأُ فِي صَـلَاةِ الْجُمُعَـةِ بِسُـورَةِ الجُمُعَـة فَيُحَـرِّضُ بِهَـا الْمُؤْمِنِـينَ، وَفِي الثَّانِيَـةِ بِسُـورَةِ الْمُنَافِقِـينَ فَيُقَـرِّعُ بِهَـا الْمُنَافِقِـينَ} (أخرجـه الطَّـبَرَانِي فِي الأوسـط كـما في المجمـع للهيثمـي: ج٢، ص١٩١، وقـال الهيثمـي: إسـناده حسـن، وأصلـه في الصحيح باختصارٍ، وَحَسَّـنَهُ السـيوطي في (الـدر المنثـور): ج ٦، ص ٣٣٤).

واتـە: ئەبـوو هورەیـرە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ عادەتی وا بـوو لـە نوێـژی جومعـە لـە ڕکاتـی یەکـەم دا سـوورەتی (**الجمعـة**)ی دەخوێنـد، بڕوادارانـی پـێ هانـدەداو، لـە ڕکاتـی دووەم دا سـوورەتی (**المنافقـين**)ی دەخوێنـدو، سەرزەنشـتی دەغـەڵ و مونافیقەکانـی پـێ دەکـرد.

دووەم: شوێنی دابەزینی:

زانایـان لەسـەر مەدینەیـی بوونـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـە یەکدەنگـن، واش پێدەچـێ لـە سـاڵی حەوتەمـی کۆچیـی دا، دوای فەتحـی خەیبـەر دابەزیبـێ، بـە بەڵگـەی ئـەوە کـە ئەبـوو هورەیـرە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) پـاش جەنگـی خەیبـەر مسـوڵمان بـووە.

ئنجا مـادام ئـەو بڵـێ: ئێمـە لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ بوویـن کـە سـوورەتی (**الجمعـة**)ی بـۆ دابـەزی، کەواتـە: دوای مسـوڵمان بوونـی ئەبـوو هورەیـرە دابەزیوە، واتـە: لـە سـاڵی حەوتەمـی کۆچیی دا، ئنجا ئایا لـە سـەرەتایەکەیەوە، یـان لـە نێـوە ڕاستەکەی، یـان لـە کۆتاییەکـەی دا؟ هەرسـێک ئەگـەرەکان هـەن.

سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:

بـە یەکدەنگیـی ژمێرەرانـی ئایەتەکانـی قورئـان ژمـارەی ئایەتـەکانی ئـەم سـوورەتە، یـازدە (١١) ئایەتـن و، بـە پێـی قسـەکەی ئەبـوو هورەیـرەش (خـوا لێـی ڕازی بـێ) هەمـووی بـە یەکجـار دابەزیـوە.

چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:

ڕێزبەندیی ئەم سووڕەتە موبارەکە لە دابەزیندا، بە پێی سەرژمێری (**جابر بن زید**) ژمارەکەی سەدو شەش (١٠٦)ە، پێش سووڕەتی (**التغابن**) و دوای سووڕەتی (**التحريم**) دابەزیوە، لە موصحەفیشدا ژمارەکەی شەست و دوو (٦٢)یە.

پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سووڕەتە:

لەم سووڕەتە موبارەکەدا، دوای ڕاگەیاندنی بە پاکگرتنی هەرچی لە ئاسمانەکان و، هەرچی لە زەویدایە بۆ خواو، وەسفکردنی خوا بە چوار لە سیفەتەکانی: (**الملك، القدوس، العزيز، الحكيم**)، واتە: حوکمڕان و پاک و باڵادەست و کارزان، باسی ڕەوانەکرانی موحەممەد ﷺ لە نێو (**أُميِّن**)دا کراوەو، ئەرکەکەیشی لە چوار شتدا خراوەتە ڕوو، کە بریتین لە:

١- خوێندنەوەی ئایەتەکانی خوا بەسەریاندا.

٢- تەزکیە کردنیان واتە: پاک و چاک کردنیان.

٣- فێرکردنی کتێب، پێیان.

٤- فێرکردنی حیکمەت، پێیان.

ئنجا ئاماژە کراوە بە گەلانی دیکەش، کە بە گەلی عەرەبەوە لە مسوڵمان بووندا پەیوەست دەبن و، ئەوەش بە بەخششی خوا دانراوە، دوایی بە ڕەخنە گرتنەوە باسی جوولەکەکان کراوەو، لە کۆتاییشدا باسی نوێژی جومعە کراوەو، سەرزەنشتی کەسانێک کراوە، کە لە گەرمەی وتاردانی پێغەمبەری خوادا ﷺ لە نوێژی جومعەدا، بە پێوە بەجێیان هێشتوە لەسەر مینبەرو، بەرەو بازرگانیی و خافڵان (**لهو**)، (تەپڵ و دەف و ئاواز) کە لەگەڵ بازرگانییەکەدا بووە، چوون.

شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:

سێ تایبەتمەندیی زەق دوکەونە بەرچاو:

١- تەنیا لەم سوورەتەدا باسی فەرز بوونی چوون بۆ نوێژی جومعە کراوە، بەڵکو تەنیا لەم سوورەتەشدا ناوی (**الجمعة**) هاتوە، لە ئایەتی ژمارە نۆ (٩)دا.

٢- تەنیا لەم سوورەتەدا باسی بەجێهێشتنی پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی وتاردانیدا بە پێوەو لەسەر مینبەر، کراوە.

٣- تەنیا لەم سوورەتەدا باسی پەیوەست بوونی گەلانی دیکەی جگەلە عەرەب بە گەلی عەرەبەوە لە ئیمان هێنانیاندا کراوە، لە ئایەتی ژمارە چواردە (١٤)دا.

حەوتەم: دابەشکردنی ئەم سوورەتە:

یازدە ئایەتەکەی ئەم سوورەتە لە دوو دەرس دا ڕووندەکەینەوە:

دەرسی یەکەم: لە هەشت (٨) ئایەتی یەکەم پێک دێ، ئایەتەکانی: (١ - ٨)، لەو هەشت ئایەتەدا، خوا ﷻ چوار بابەتی سەرەکیی خستوونەڕوو:

١- ڕاگەیاندنی بە پاککرتنی خوا لە لایەن هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایەو، وەسفکردنی خوا بە چوار سیفەتی بەرزو بێ وێنەی: (**الملك، القدوس، العزيز، الحكيم**).

٢- باسی ناردنی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ لە نێو (**أُمِيِّنْ**)داو، خستنە ڕووی چوار ئەرکە گرنگ و بنەڕەتییەکەی: ﴿يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ ﴿٢﴾﴾.

٣- ئەزموونی شکست خواردووی گەلی جوولەکە، لە هەڵگرتنی تەوراتداو ڕاست و ساغ نەبوونیان لە دینداریدا.

٤- باسی مسۆگەر بوونی مردن و قوتار نەبوونی هیچ کەس، لە چنگی مردن.

دەرســی دووەم: لــە سێ ئایەتــی کۆتایــی پێــک دێ، ئایەتەکانــی: (٩، ١٠، ١١)، هــەر سێ ئایەتەکــەش باســی ڕۆژی هەینــی و نوێــژی جومعــە دەکــەن، کــە لەســەر مســوڵمانان فــەرزە ئەنجامــی بــدەن و، تێشــیاندا ڕەخنــە گیــراوە لــە ژمارەیــەک لــە مســوڵمانان، کــە لــە کاتــی وتاردانــی پێغەمبــەری خــوا ﷺ لــە ڕۆژی جومعــەدا، کــە لــەو کاتــەدا کاروانێکــی بازرگانیــی بــە تەپــڵ و دەفــەوە لــە شــامەوە گەڕاوەتــەوە، خەڵکەکــە بــەرەو ڕووی کاروانەکــەدا چــوون و، پێغەمبــەری خوایــان ﷺ لــە گەرمــەی وتــاردان و بــە پێــوە لەســەر مینبــەر بەجێهێشــتوە، بێگومــان ژمارەیــەک لــە خزمــەت پێغەمبــەردا ﷺ مــاون، بــەڵام خەڵکێکــی زۆر ڕۆیشــتوون و، لــەو بــارەوەش دوایــی ئــەو ڕیوایەتــەی لــەو بــارەوە هەیــە، دەیهێنیــن و، تێبینیــی خۆشــمانی لەســەر دەخەینــە ڕوو.

دەرسی یەکەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئەم دەرسەمان لە هەشت (٨) ئایەتی یەکەمی سوورەتی (**الجمعة**) پێک دێ، کە دوای ڕاگەیاندنی بەپاکگیرانی خوا لە لایەن هەرچییەکەوە کە لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، باسی نێردرانی پێغەمبەرێک ﷺ لە نێو (**أُمِيِّيْن**)دا کراوە، کە بەدڵنیایی مەبەست موحەممەدە ﷺ و ئەرکەکانیشی خراونەڕوو.

دواتر باسی گەلی جوولەکە کراوەو، کەسە لادەرو خراپەکانیان چوێنراون بە کەرێکی باری کتێب لێنراوەوە، بێگومان کەرێک بارێکی کتێبی لێنرابێ، لێیان بەهرەمەند نابێ، ئەو جوولەکانەش کە پابەند نەبوون بە تەوراتەوە، تەشبیهکراون بە کەرێکی ئاواوە، دواییش فەرمان بە پێغەمبەری خوا ﷺ کراوە، کە بە جوولەکەکانی لاف لێدەری: دۆستانی خوا بوون، (کە جوولەکەکان لافی ئەوەیان لێدەدا: ئێمە دۆست و نیزیکی خواین و خۆشەویستی خواین)، بفەرموێ: ئەگەر ڕاست دەکەن دۆستانی خوان مردن بە ئاوات بخوازن و، هەواڵیشی پێدەدات کە بە ئاواتی ناخوازن، دوایی فەرمان بە پێغەمبەرەکەی ﷺ دەکات کە پێیان بفەرموێ: ئەو مردنەی لێی ڕادەکەن، هەر تووشتان دێ و دەگێڕدرێنەوە بۆ لای خوای زانای پەنهان و ئاشکراو، هەواڵتان پێدەدات بەوەی دەتانکرد، ئنجا ئەگەر هەواڵیان پێ بدات، مانای وایە سزاشیان دەدات، لەسەر ئەو کردەوە خراپانەی ئەنجامیان داون.

بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ ٱلْمَلِكِ ٱلْقُدُّوسِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿١﴾ هُوَ
ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ
وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٢﴾ وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُواْ بِهِمْ وَهُوَ
ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴿٣﴾ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٤﴾
مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوْرَىٰةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًۢا بِئْسَ
مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِي ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥﴾ قُلْ يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَآءُ لِلَّهِ مِن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلْمَوْتَ إِن
كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٦﴾ وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُۥٓ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧﴾
قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ
وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ ﴾.

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

{بە ناوی خوای بە بەزەیی بەخشندە، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایە، خوا بە پاک و بێ خەوش دەگرێ، حوکمڕان (و هەموو شت بەدەست)ی پاک و بێگەردی زاڵی کاربەجێیە ﴿١﴾ ئەو (خوا) کەسێکە لە نێو نەشارەزایان(ی خوێندن و نووسین و کتێبە ئاسمانییەکان)دا پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ناردوون، ئایەتەکانییان بەسەردا دەخوێنێتەوەو، پاک و چاکیان دەکات و، کتێب و حیکمەتیان فێر دەکات، کە بە دڵنیایی لەوەپێش لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون ﴿٢﴾ هەروەها کەسانی دیکەش لەوان، کە جارێ پێیانەوە پەیوەست نەبوون و، ئەو (خوا) زاڵی کارزانە ﴿٣﴾ ئەوە بەخششی خوایە

دەیدات بـە هـەر کەسێک کـە بیـەوێ و خـواش خـاوەن بەخششـی مەزنـە ﴿٤﴾ وێنـەی ئەوانـەی تەوراتیـان خرایـە کـۆڵ (پێیـان سـپێررا) دوایـی هەڵیـان نەگـرت (کاریـان پـێ نەکـرد) وەک وێنـەی کـەرە (بارێـک) کتێبـان هەڵدەگـرێ (لێیـان بەهرەمەنـد نابـێ) خراپتریـن وێنـە (حاڵـی) ئـەو کۆمەڵەیـە کـە ئایەتەکانـی خـوا بـە درۆ دادەنـێ و، خـواش کۆمەڵـی سـتەمکاران ڕاسـتە ڕێ نـاکات ﴿٥﴾ (ئـەی موحەممـەد!) بڵـێ: ئـەی ئـەو کەسـانەی بوونـە جوولەکـە! ئەگـەر پێتـان وایـە ئێـوە دۆسـتانی خـوان (وەک لاف لێـدەدەن) ئەگـەر ڕاسـتن، مـردن بـە ئـاوات بخـوازن ﴿٦﴾ هەرگیزیـش بـە هـۆی ئـەوەوە کـە دەسـتیان پێشیخسـتوە (لـە کوفـرو خراپـە) خۆزگـەی پـێ ناخـوازن و، خـواش بـە سـتەمکاران زانایـە ﴿٧﴾ بڵـێ: بێگومـان ئـەو مردنـەی لێـی ڕادەکـەن، بـە دڵنیایـی پێتـان دەگات، دوایـی بـۆ لای (خـوای) زانـای پەنهـان و ئاشـکرا دەگێڕدرێنـەوە، ئنجـا هەواڵـی ئەوەتـان پێـدەدات کـە دەتانکـرد (و سزاشـتان دەدات) ﴿٨﴾].

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(ٱلْمَلِكُ): (الطـبري) نـاوای مانـا دەکات: (الملِـك: الَّـذِي لَـهُ مُلْـكُ الدُّنيَـا وَالآخِـرَة وَسُلْطَانُهُمَا)، (مَلِـك) ئـەو زاتەیـە کـە حوکمڕانیـی و خاوەنداریەتیـی دنیـاو دواڕۆژی بەدەسـتەو دەسترۆیشـتوویەتی تێیانـدا تەنیـا بـە دەسـتی ئـەوە.

(ملـك) دەگونجـێ بـە: ١- حوکمـڕان، ٢- فەرمانڕەوا، ٣- هەمـوو شـت بە دەسـت، ٤- خـاوەن، مانـا بکرێ.

(ٱلْقُدُّوسِ): (الطَّاهِـرُ، المُنَـزَّهُ مِـنْ كُلِّ مَـا يُضِيـفُ إِلَيـهِ المُشرِكُـون وَيَصِفُونَـهُ بِـهِ) (قـدوس): پـاک و بـێ خـەوش، دوور لـە کـەم و کوڕیـی، بـێ خـەوش لـە هەمـوو ئـەوەی هاوبـەش بـۆ خـوا دانـەرەکان پاڵیدەدەنـە لای و ئـەوی پـێ پێناسـە دەکـەن.

یاخـود (القـدُوس: المُنـزَهُ عَـنِ النَقـص) بـە دوور گیـراو لـە کـەم و کوڕیـی، لـە هەڵـەو پەڵـە.

(ٱلۡأُمِّيِّـنَ): کـۆی (أُمِّيْ)یـە (الأُمِّيْ: الـذِي لاَ يَقْـرَأُ وَلاَ يَكْتُـب)، (أُمِّـيْ) بـە کوردیـی دەبێتـە نەخوێنـدەوار، ئـەو کەسـەی ناخوێنێتـەوەو نانووسـێ، (الأُمِّيِّـين: صِفَـةُ مَوصُـوفٍ مَحْـذُوفٍ: النّـاسِ الأُمِّيِّـين)، (أُمِّيِّـين): سـیفەتی وەسـفکراوێکی قرتێـنراوە، واتـە: خەڵکێکـی نەخوێنـدەوار.

بـەڵام وەک دوایـی بـاسی دەکـەم (أُمِّيِّين) وێـڕای نەخوێنـدەواران، نەشـارەزایانیش لـە کتێبـە ئاسـمانییەکان دەگرێتـەوە، کەسـێکیش خوێنـدەوار نەبـێ، ناتوانـێ لـە کتێبـە پێشـووەکان شـارەزا بـێ.

(وَيُزَكِّيهِمۡ): (الـزَّكَاء: الطَّهَـارَةُ وَالنُّمُـوُّ وَالصَّـلاَح)، (زَكاء): بـە مانـای پاکیـی و گەشـە کـردن و چـاک بـوون، دێ، کەواتـە: (يُزَكِّيهِـم) واتـە: پاکیـان دەکات و گەشـەیان پێـدەدات و چاکیـان دەکات.

(حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ): مانـا ڕواڵەتییەکـەی واتـە: تەوڕاتیـان لـێ بـار کرابـوو، بـەڵام لێرەدا مەبەسـت ئەوەیـە تەوڕاتیـان لـە کۆڵنرابـوو، تەوڕاتیـان پـێ سـپێردرا بـوو، بـە تـەوڕات ئەرکـدار کرابـوون (كُلِّفُـوا بِالتَّـورَاة).

(أَسۡفَارَۢا): (أَسْـفَار جَمْـعُ سِـفْر: الكِتَـابُ الكبـير، لأَنَّـهُ يُسْـفِرُ عَـنِ المَعْنَـى إذَا قُـرِئَ)، (سِـفْر): بـە نووسراوێکـی گـەورە دەگوتـرێ، بۆیـەش ئـەو نـاوەی لێـنراوە، چونکـە هـەر کاتێـک خوێندرایـەوە ئـەو مانایـەی تێیدایـە ڕوونـی دەکاتـەوە.

زانایـان گوتوویانـە: (وسُـمِّيَ السَّـفَرُ سَـفَراً، لأَنَّـهُ يُسْـفِرُ عَـنْ أَخْـلاَقِ الرِّجَـال) واتـە: سـەفەریش بۆیـە نـاوی لێـنراوە سـەفەر لـە زمانـی عەرەبییـدا، چونکـە ڕەوشـتی پیـاوان دەردەخـات، کوردەواریـی خۆشـمان گوتوویانـە: (سـەفەرو مامەڵـە سـەنگی مەحەکـە).

(فَتَمَنَّوُاْ ٱلْمَوْتَ): خۆزگـە بـە مـردن بخـوازن، (تَمَنَّـي الـشَّيءَ: قَـدَّرَهُ وَأَحَـبَّ أن يَصِـيرَ إلَيـهِ، تَمَنّـى الحَديـثَ: اختَرَعَـهُ وَافتَعَلَـه، وَالأُمنِيَّـةُ: البُغيَـةُ والجَمـعُ أمـانِيّ)، (تَمَنّـى الـشَّيءَ) واتـە: ئـەو شـتەی ئەندازەگیریـی کـردو، حـەزی کـرد بـۆی ببـێ و بـۆ لای وی بـێ، بـەڵام (تَمَنّـى الحَديـثَ) واتـە: قسـەکەی داهێنـاو هەڵیبەسـت، (الأُمنِيَّـة) کـە بـە (أمانِيّ) کۆدەکرێتـەوە، بریتیـە لـە خۆزگـەو ئـاوات.

(إِن زَعَمْتُمْ): (زَعَـمَ يَزْعُـمُ زَعْـمًا: ظَـنَّ، وَأَكْـثَرُ مَـا يُسْـتَعْمَلُ الزَّعْـمُ فِي مَـا كَانَ بَاطِـلاً أو فِيـهِ ارتِيَـابٌ، زَعَـمَ: اعتَقَـدَ، زَعَـمَ: كَـذَبَ، زَعَـمَ: وَعَـدَ)، (زَعَـمَ يَزعُـمُ زَعـمًا)، واتـە: گومانـی بـرد، گومـان دەبـات، گومـان بـردن، بـەڵام بـە زۆریـی وشـەی (زَعـم): بەکاردەهێـنرێ بـۆ شـتێک کـە ناڕاسـت بـێ، یاخـود دوو دڵیـی تێدابـێ، هەروەهـا وشـەی (زَعَـمَ) بـە مانـای (اعتَقَـدَ)ش دێ، واتـە: بـڕوای وابـوو، هەروەهـا (زَعَـمَ) بـە واتـای (كَـذَبَ)ش دێ، واتـە: درۆی کـرد، (زَعَـمَ) بـە واتـای (وَعَـدَ)ش دێ واتـە: بەڵێنییـدا، بـەڵام بـە زۆریـی بەڵێندانـی ناڕاسـت، هەڵبەتـە بـە پێـی ڕەوت دەزانـرێ ئایـا (زَعَـمَ) لـەو شـوێنەدا بـە مانـای گومانـە، یـان بـە مانـای درۆیـە، یـان بـە مانـای بـڕوا بـوون بـە شـتێکە، دەبـێ تەماشـای سیاقەکە بکـرێ.

مانای گشتیی ئایەتەکان

سـەرەتا خـوا ﷻ دەفەرمـوێ: (بِسْمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ) بـە نـاوی خـوای بـە بەزەیـی بەخشـندە، واتـە: دەسـتپێکردنم بـە نـاوی خوایـە، مەبەسـتیش پێـی ئەوەیـە:

١ - ئەم کارە تەنیا بۆ خوا دەکەم.

٢ - ئەم کارە بە پێی شەرعی خوا دەکەم.

٣ - ئەم کارە بە تواناو یارمەتیی خوای پەروەردگار دەکەم.

٤ - ئەم کارە بۆ هێنانەدی ڕەزامەندیی خوا ئەنجام دەدەم.

﴿ يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ﴾، هەرچییەک کە لە ئاسمانەکاندایەو، هەرچییەک کە لە زەویدایە، بە پاککرتن و بێ خەوشیی بۆ خوا ڕادەگەیەنێ واتە: خوا بە پاک دەگرێ هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی کە لە زەوییدا هەیە، بە گیاندارو بێ گیانەوە، بە ژیاندارو بێ ژیانەوە، ئەوەی ئێمە دەیزانین و ئەوەی نایزانین، هەمووی پاکیی و بێ گەردیی و بێخەوشیی خواو، دووریی خوا لە هەرچی کەم و کوڕیی و لەکەو پەڵەو هەڵەیە، ڕادەگەیەنێ.

﴿ ٱلْمَلِكِ ٱلْقُدُّوسِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴾، ئنجا خوا ﷻ خۆی بەم چوار سیفەتە وەسف دەکات دەفەرموێ: خوا حوکمڕانی ڕەها، یان هەموو شت بەدەست بوویی ڕەهایە لە بووندا، ﴿ ٱلْقُدُّوسِ ﴾، پاک و بێخەوشە ﴿ ٱلْعَزِيزِ ﴾، باڵادەست و زاڵە ﴿ ٱلْحَكِيمِ ﴾، کارزان و کاربەجێیە.

دوای ئەوەش خوا ﷻ ڕاستییەکی مەزن ڕادەگەیەنێ کە بریتیە لە ڕەوانەکردنی پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد ﷺ لە نێو گەلێکی نەشارەزا، هەم لە خوێندن و نووسین، هەم لە کتێبە پێشووەکان دا: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ ﴾ (خوا) ئەو کەسەیە کە لە نێو نەشارەزایەکاندا ڕەوانەکراوێکی لە خۆیان نارد، بۆیە وشەی (أُمِّيِّين) پێم وایە بە (نەشارەزایان) لێک بدرێتەوە نەک (نەخوێندەواران) چونکە نەشارەزایان واتە: ئەوانەی خوێندن و نووسین نازانن و، ئەوانەش کە شارەزای کتێبە پێشووەکان نین، چونکە گەلی عەڕەب شارەزای کتێبە پێشووەکانی کە بە خاوەن کتێبان درابوون، نەبوون، چ هی جوولەکەکان، چ هی نەصرانییەکان، چ هی ئەوانەی دیکەش کە خۆیان بە خاوەن کتێب زانیوە: صابیئە، مەجووسیی، هەرچی هەن.

کەواتە: (أُمِّيِّين) لە ڕاستییدا هەردوو واتای: نەبوونی خوێندەواریی (خوێندن و نووسین) دەگرێتەوەو، نەبوونی شارەزایی لە کتێبە پێشووەکانیش دەگرێتەوە.

ئنجا خوا چوار ئەرکە سەرەکییەکەی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ دەخاتە ڕوو:

١- ﴿يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ﴾، ئەو پێغەمبەرە ﷺ بۆ ئەو خەڵکە ئەشارەزایە، ئایەتەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوە، ئایەتەکانی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە، کە بەدڵنیایی مادام باسی بەسەردا خوێندرانەوە کرا، مەبەست لە ئایەتەکانی خوا، ڕستەکانی فەرمایشتی خوان، ئەگەرنا وشەی (**آيات**) لە قورئاندا مانای دیکەشی هەن، بەڵام خوێندنەوە، تەنیا بۆ ڕستەکانی فەرمایشتی خوا بەکاردەهێنرێ.

٢- ﴿وَيُزَكِّيهِمۡ﴾، هەروەها پاک و چاکیان دەکات، (**يُزَكِّيهِم**) لە (**زكاء**)ەوە هاتووە و لە ئەصڵدا (**زكاء**) بە مانای پاکیی دێ و بە مانای گەشەکردن دێ و بە مانای چاکبوونیش دێ.

٣و٤- ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾، کتێب و حیکمەتیشیان فێر دەکات، هەندێک لە زانایان گوتوویانە بە تایبەت شافیعیی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) لە کتێبە ناودارەکەی خۆی (**الرسالة**)دا کە یەکەمین کتێبی سەربەخۆیە لە زانستیی (**أصول الفقه**)دا، هەرچەند ناوی لێ نەناوە (**أصول الفقه**)، لەوێدا کیتاب بە قورئان دادەنێ و حیکمەتیش بە سوننەت!

بێگومـان شـافیعیی زانایەکـی گـەورە بـووە، بـەڵام هیـچ دوو دڵیـی لـەوەدا نیـە، کـە لـەوەدا نەپێـکاوە، چونکـە خـوا پێشـێ باسـی قورئانـی کـرد: ﴿يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ﴾، ئایەتەکانـی خوایـان بەسـەردا دەخوێنێتـەوە، بێگومـان ئایەتـەکان قورئانـن، ئنجـا کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾، بەدڵنیایـی کتێبیش و حیکمەتیـش هـەر لـە نێـو ئایەتەکانـی قورئانـدان، واتـە: ئـەو ئایەتانەی لە سـەرەتاوە بەسـەریدا خوێندنـەوە، سـێ شـتیان بـە هـۆی ئـەو ئایەتانـەوە، تێـدا ئەنجـام دەدات:

یەکەم: تەزکیەیان دەکات.

دووەم: کتێبیان فێر دەکات.

سێیەم: حیکمەتیان فێر دەکات.

کەواتـە: هـەم تەزکیە بـوون، بەرهەمـی خوێندنـەوەی ئایەتەکانە، هـەم فێربوونی کتێـب، هـەم فێربوونـی حیکمـەت، کەواتـە: کتێـب و حیکمـەت نابـێ قورئـان و سوننەت بـن، (**کِتاب**) ئەگـەر تەماشـای قورئـان بکەیـن، بـە چەنـد واتایـەک هاتـوە، یەکێـک لـە واتایـەکان بریتیـە لـە نووسـین، یەکێـک لـە ناوەکانـی قورئانیـش بریتیـە لـە (**کِتَـاب**) لەبـەر ئـەوەی نـووسراوە، هەروەهـا یەکێـک لـە ناوەکانـی قورئانـە، لەبـەر ئـەوەی خوێندراوەیـە، بـەڵام (**کِتَـاب**) وێـڕای نووسـین بـە مانـای بەرنامـەش هاتـوە، خـوای بـەرزی مـەزن کـە باسـی پێغەمبـەران (**علیهم الصلاة والسلام**) دەکات لـە سـوورەتی (**الحدیـد**)دا: ﴿لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ ﴿٢٥﴾﴾، واتـە: پێغەمبەرانـی خۆمانمـان (**علیهـم الصـلاة والسـلام**) بـە بەڵگـە ڕوون و ئاشـکرایەکانەوە نـاردوون و، کتێـب و تەرازووشـمان لەگـەڵ دابەزانـدوون، (**کِتاب**) واتـە: بەرنامـە، مـەرج نیـە لـە نێـو توێـی دوو بەرگـدا بووبـێ، خـوا بەرنامـەی بـە پێغەمبەرانـدا دابەزانـدوە، (**وَالمیـزان**) تەرازووەکـەش هـەر لـە نێـو بەرنامەکەدایـە، واتـە: دادگەرییـەک کـە بـە هـۆی بەڕێوەبـردن و جێبەجێکردنـی کتێبـەوە دێتـە دی، چونکـە (میـزان) یەکێـک لـە واتایەکانـی واتـە: دادگەریـی، هاوسـەنگیی، ڕێـک و پێکیـی، لێـرەش کـە دەفەرمـوێ: کتێـب و حیکمەتیـان فێـر دەکات، (**کِتـاب**) واتـە: شـەریعەت و بەرنامـە، (**حِکْمَـة**) یـش واتـە: کارامەیـی و شـارەزایی و لێزانیـی لـە جێبەجێکردنـی یاسـاکانی شـەریعەتدا، چونکـە حیکمـەت زۆر پێناسـەی هـەن، بـەڵام باوتریـن پێناسـەی ئەوەیـە: (**الإصَابـةُ فِي العِلـم والعمـل**) پێـکان لـە زانیاریـی و لـە کـردەوەدا واتـە: هـەم زانیارییەکـەت ڕاسـت بـێ، هـەم کردەوەکـە ڕاسـت بـێ و بـە پێـی زانیارییەکـە بـێ، هەروەهـا حیکمـەت بـە مانـای (**وَضـعُ الأشـیاءِ فِي مَواضِعهـا المناسِبة لهـا**)، دانانـی شـتەکان لـە شـوێنە گونجاوەکانـی خۆیانـدا، کەواتـە: دەتوانیـن بڵێیـن: حیکمـەت، واتـە: کارامەیـی و لێزانیـی لـە بـواری کردەییـدا، لـە ڕاستییدا ئـەوە پێناسـەیەکە لـە مانـاو چەمکـی حیکمـەت زۆر نیزیکـە.

هەڵبەتە ئێمە لە تەفسیری سووڕەتی (الإسراء)دا بە تەفصیل پێناسەی حیکمەتمان کردوە، چونکە خوا ﷻ لە سووڕەتی (الإسراء)دا لە دوو توێی هەژدە ئایەت دا باسی بیست و چوار سیفەت دەکات لە ئایەتەکانی: (٢٢ - ٣٩)، خوا ﷻ باسی بیست و چوار سیفەت دەکات، دوازدەیان باش و بەرزو پەسند، دوازدەشیان خراپ و ناپەسند.

لە کۆتاییاندا دەفەرموێ: ﴿ ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِ ﴿٣٩﴾ ﴾الإسراء، ئەوە ئەو حیکمەتەیە کە پەروەردگارت بۆی سروش کردووی.

کەواتە: حیکمەتیش هەر لە نێو قورئاندایەو لە دەرەوەی قورئان نیە، خوا ﷻ دوای خستنەڕووی بیست و چوار (٢٤) خەسڵەت دوازدەیان باش و دوازدەشیان خراپ، ئەوە هەمووی ناو دەنێ حیکمەت، کەواتە: حیکمەت یانی: ڕازانەوە بە خەسڵەتە بەرزو جوانەکان و، بژارکران و پاککرانەوە لە خەسڵەتە نزم و پەستەکان.

لە ڕاستییدا لە ئەنجامی حەکیم بووندا، مرۆڤ وای لێ دێ ڕازاوە بێ بە سیفەتە بەرزەکان و، پاک بێ لە سیفەتە نزم و خراپەکان، بۆیە دەشگونجێ بڵێین: مەبەست لە (كِتَاب) واتە: بەرنامە، حەلاڵ و حەرام و یاسایەکان، حیکمەتیش واتە: ڕەوشت و ئاکارە بەرزو جوانەکان کە بهێنرێنە دی و، خوو و خدە نزم و پەستەکانیش دووریان لێ بکرێ و مرۆڤ خۆییان لێ بژار بکات.

﴿ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾، (إنْ) لێرەدا بۆ جەختکردن (تأكيد)ە واتە: بە بەڵگەی ئەو (ل)ەی دوایی دێ: (لَفِي) ئەو (ل)ە ئەم (إن)ە، لە (إن النافية) جیا دەکاتەوە، ئەگەرنا ئەگەر (ل)ەکەی لەسەر نەبووایەو بۆ لابردن (نفي) بووایە، مانایەکەی ئاوا دەبوو: (وَإن كَانوا مِن قَبلُ في ضَلاَلٍ مُبين)، پێشتر نەبوون لە گومڕایی ئاشکرادا، مەبەست ئەوەیە ئەم (إن)ە، (مُخَفَّفَة)یە لە (مُثَقَّلَة) بۆ جەختکردنەوەیە واتە: بە دڵنیایی پێشتر لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون، ئنجا هەندێک لە تەفسیرەکان ئاوایان لێکداوەتەوە: هەرچەندە پێشتر لە

گومڕایـی ئاشـکرادا بـوون، بـەڵام بەدڵنیایـی مەبەسـت لـە (إن) لێـرەدا هەرچەنـدە نیـە، بەڵکـو یانـی: بێگومـان پێشـتر لـە گومڕایـی ئاشـکرادا بـوون، هەڵبەتـە ئـەم تەعبیـرە لێـرەدا هاتـوەو، لـە سـوورەتی (**آل عمـران**)دا هاتـوەو، لـە چەنـد شـوێنێکدا خـوا ﷻ دووبـارەی کردۆتـەوە کـە بـە دڵنیایـی ئەوانـەی پێغەمبـەری کۆتاییـان ﷺ بـۆ ڕەوانەکـرا پێشـتر لـە گومڕاییەکـی ئاشـکرادا بـوون.

ئنجـا ئایـا پێغەمبـەری کۆتایـی موحەممـەد ﷺ تەنیـا بـۆ ئـەو گەلـەی نەشـارەزا بـوون، هـەم لـە خوێنـدن و نووسـین، هـەم لـە کتێبـە پێشـووەکان دا، تەنیـا بـۆ ئەوانـی نـاردوە کـە مەبەسـت پێـی گەلـی عەرەبـە؟ نەخێـر! ﴿ وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُواْ بِهِمْ ﴾، کەسـانێکی دیکـەش لـەوان واتـە: کەسـانێکی دیکـە لـەوان لـە گەلـی عـەرەب لـە جیلەکانـی دیکـە کـە دێـن، ئـەوە واتایەکـی، یاخـود: ﴿ وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ ﴾، کەسـانێکی دیکـە لـەوان واتـە: لـە نەشـارەزایەکان، چ لـە خوێنـدن و، نووسـین چ لـە کتێبـە پێشـووەکان، ﴿ لَمَّا يَلْحَقُواْ بِهِمْ ﴾، جـارێ پێیانـەوە پەیوەسـت نەبـوون، کـە مەبەسـت پێـی گەلانـی دیکەیـە، کـە دوایـی لـەو بـارەوە فەرمایشـتێکی پێغەمبـەر ﷺ دێنیـن کـە ئامـاژە دەکات بـۆ گەلـی فـارس، کـە گەلـی فارسـیش ئـەو کاتـە خوێنـدن و نووسـینیان بـووە بـە زۆریـی، بـەڵام نەشـارەزا بـوون لـە کتێبـە پێشـووەکان، ﴿ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ﴾، ئـەو (خوا)یـش زاڵـی کار بـە جێیـە.

﴿ ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ ﴾، ئـا ئـەوەش بەخششـی خوایـە دەیـدات بـە هـەر کەسـێک بیـەوێ، واتـە: ئـەو وەحیـی و پەیامـە کـە خـوا داییەزانـدوە بـۆ سـەر پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ بەخششـی خوایـە دەیـدات بـە هـەر کەسـێک بیـەوێ، ئەمـە بـۆ بەرپەرچدانـەوەی جوولەکەکانـە کـە پێیـان وابـوو پێغەمبەرایەتیـی تەنیـا لـە نێـو ئەوانـدا قەتیسـەو، تەنیـا بـۆ ئـەوان قۆرخکـراوە، خـوا دەفەرمـوێ: نەخێـر! ئـەوە بەخششـی خوایـە دەیـدات بـە هـەر کەسـێک بیـەوێ، مەبەسـت ئەوەیـە، نـەک مەبەسـت ئـەوە بـێ ئـەو ڕێـی ڕاسـت گرتنـە، بەخششـی خوایـە دەیـدات بـە هـەر کەسـێک بیـەوێ، هەڵبەتـە ئـەو واتایـەش هەڵدەگـرێ، بـەڵام بـە پێـی ڕەوت (سـیاق)

دەزانیـن کـە لێـرەدا مەبەسـت ناردنـی پێغەمبـەری خاتەمـە ﷺ و پێدانـی ئـەو بەرنامـەی کۆتاییەیـە پێـی، ﴿ وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ ﴾، خـواش خاوەنـی بەخششـی مەزنـە، واتـە: بەخششـەکەی هـەر ئـەوە نیـە کـە کاتـی خـۆی داویەتیـە مووسـا ﷺ و پێغەمبەرانـی دیکـەی بەنـوو ئیسـرائیل، کـە کۆتاییەکەیان عیسـا ﷺ بـووە، بەڵکو بەخششـی خـوا مەزنـەو بەشـی گەلـی عەرەبیشـی لـێ ماوەتـەوە، کـە پێغەمبـەری کۆتاییـان تێـدا هەڵبژێـرێ بـۆ هەمـوو مرۆڤایەتیـی.

ئنجا خـوا ﷻ دێتـە سـەر باسـی جوولەکـەکان: ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا ﴾، وێنـەی ئەوانـەی تەوراتیـان لـە کۆڵـنرا بـوو، واتـە: پـێ سـپێردرا بـوو، دوایـی هەڵیـان نەگـرت، کاریـان پـێ نەکـردو پێیـەوە پابەنـد نەبـوون، ﴿ كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ ﴾، وەک وێنـەی گوێدرێـژە، ﴿ يَحْمِلُ أَسْفَارًۢا ﴾، (أَسْـفَار) کـۆی (سِـفْر)ە، واتـە: نـووسراو، (أسـفار) واتـە: کۆمەڵـە نووسراوێـک، کۆمەڵـە کتێبێـک هەڵدەگـرێ (لێیـنراون)، دیارە کـەر ئەگـەر بـارە کتێبێکـی بـە کۆڵـەوە بـێ، لێیـان بەهرەمەنـد نابێ.

﴿ بِئْسَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ ﴾، واتـە: (**بِئـسَ المَثَـلُ مَثَـلُ الَّذِيـنَ كَذَّبُوا بِئَايَـاتِ اللـه**)، خراپتریـن وێنـە وێنـەی ئـەو کۆمەڵەیـە کـە ئایەتەکانـی خوایـان بـە درۆ دانـاون، ﴿ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴾، خـواش کۆمەڵـی سـتەمکاران بـە ئامانـج ناگەیەنـێ، ڕاسـتە ڕێیـان نـاکات، چونکـە سـتەمیان کـردوە، (**ظالِـم**) کـە بـە (**ظالِمین**) یـان (**ظالِمـون**) کـۆ دەکرێتـەوە نـاوی بکـەر (**اسـم فاعـل**)ە، سـتەمیان کـردووەو لـە ئەنجامـی سـتەم کردنەکەیانـدا - کـە یەکەمیـن سـتەمیان ئەوەیـە کـە پابەنـد نیـن بـە بەرنامـەی خـواوە - خـوا بـە ئامانجیـان ناگەیەنـێ و ڕاسـتە ڕێیـان نـاکات، نـەک (**لایهـدي**) بـە مانـای ئـەوە بـێ: (ڕێنماییـان نـاکات) خـوا زاڵـم و مەزڵـووم، چـاک و خـراپ، هەموویـانی ڕێنمایـی کـردوون.

﴿ قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓا۟ إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَآءُ لِلَّهِ مِن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴾، جوولەکـەکان زۆر لافـی ئەوەیـان لـێ دەدا (نەصرانییەکانیـش

هەروا) کە دۆست و نیزیکانی خوان، وەک خوا لە سووورەتی (المائدة)دا لێی گێڕاونەوە: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَـٰٓؤُا۟ ٱللَّهِ وَأَحِبَّـٰٓؤُهُۥ ﴿١٨﴾﴾، المائدة جوولەکەو نەصرانییەکان گوتیان: ئێمە کوڕانی خواو خۆشەویستانی خواین واتە: ئێمە وەک چۆن باێک کوڕی خۆی خۆشدەوێ، خوا ئاوا ئێمەی خۆشدەوێ، هەڵبەتە لەوێ خوا ﷻ بەرپەرچیان دەداتەوە، ئنجا لێرە دەفەرموێ: ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓا۟﴾، بڵێ: ئەی ئەوانەی بوونە جوولەکە! ﴿إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَآءُ لِلَّهِ مِن دُونِ ٱلنَّاسِ﴾، ئەگەر پێتان وایە (بە هەڵەو درۆ) کە ئێوە دۆستانی خوان جگە لە خەڵک و بەس ئێوە دۆستی خوان و، دۆستایەتیی خوا لەسەر ئێوە تاپۆو قۆرخکراوە، ﴿فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ﴾، دەجا مردن بە ئاوات بخوازن، ئەگەر لە ڕاستانن، چونکە کەسێک دۆستی خوا بێ و بزانێ خوا دۆستیەتی و یەکسەر دەیباتە بەهەشتێ، لە مردن ناترسێ.

﴿وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُۥٓ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾، هەرگیزیش بە هۆی ئەوەوە کە دەستەکانیان پێشیانخستوە - لە کوفرو تاوان و خراپە - هەرگیز مردن بە ئاوات ناخوازن، ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّـٰلِمِينَ﴾، خواش بە ستەمکاران زانایە.

لە کۆتایی دا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ﴾، پێیان بڵێ: بە دڵنیایی ئەو مردنەی لێی ڕادەکەن، لەبەری هەڵدێن، ﴿فَإِنَّهُۥ مُلَـٰقِيكُمْ﴾، مسۆگەر پێتان دەگات (پێکەیشتووتانە) واتە: بە دواتانەوەیەو دەتانگرێ، ﴿ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَـٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ﴾، دوایی دەگێڕدرێنەوە بۆ لای زانای پەنهان و ئاشکرا، کە خوایە ﷻ، ﴿فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ﴾، ئنجا هەواڵتان پێدەدات بەوەی کردووتانە، هەم ئەو لاف لێدان و درۆو دەلەسەیە کە بەس ئێوە دۆستی خوان، هەم بڕوا نەکردنتان پێغەمبەری خاتەم ﷺ بە بیانووی ئەوەکە لە گەلی جوولەکە نیەو، هەم بازرگانییکردنتان بە دینەوەو، خواردنی دنیا لە پەنای دیندا، هەموو ئەو کردەوە خراپانەتان هەواڵتان پێدەدات، کە هەواڵیشی پێدان واتە: سزاتان دەدات.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

بە پاکگیرانی خوا لەلایەن هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدایەوە، نێردرانی پێغەمبەرێک ﷺ لە نێو خەڵکێکی نەخوێندەوارو نەشارەزادا، هەروەها کۆمەڵانێکی دیکەش کە دوایی پێیانەوە پەیوەست دەبن، کە ئایەتەکانی خوایان بەسەردا دەخوێنێتەوەو، تەزکیەیان دەکات و کتێب و حیکمەتیشیان فێر دەکات، ئەو پلەی پێغەمبەرایەتییەش بەخششی خوایە بە هەر کەسێکی بیەوێ دەیبەخشێ:

خوا دەفەرموێ: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ ① هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ② وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ ۚ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ ③ ذَٰلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ ④﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە دوازدە بڕگەدا:

١)- ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾، هەر چییەک لە ئاسمانەکان و هەر چێیەک لە زەوی دایە، خوا بە پاک دەگرێ، پێشتریش ئەم ڕستەیەو وێنەی ئەو ڕستەیەمان مانا کردوە، لە سەرەتای سوورەتی (الحديد)، بەڵام لەوێ بە کرداری ڕابردوو، هەروەها لە سەرەتای سوورەتی (الحشر) و لە سەرەتای سوورەتی (الصف) داو، لە سەرەتای ئەم سوورەتەش دا وێڕای سوورەتی (التغابن)، بەم تەعبیرە هاتوە: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ﴾، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە

زەویدا هەیە، بە پاککرتن بۆ خوا ڕادەگەیەنێ، خوا بە پاک و بێ خەوش دەگرێ، واتە: لە ڕابردوودا هەرچی بووەو هەیە خوای بە پاککرتووە، بۆ ئێستاو داهاتووش بە هەمان شێوە.

٢)- ﴿ ٱلۡمَلِكِ ٱلۡقُدُّوسِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ﴾، حوکمڕانی پاکی زاڵی کارزان، ئەم چوار وشەیە هەم بە (رَفع)، خوێندراونەوە وەک ئێستا خوێندمنەوە: (**الملكُ القدوسُ العزيزُ الحكيمُ**) هەروەها خوێندراویشنەوە: (**المَلِكِ القُدُوسِ العَزِيْزِ الحَكِيْمِ**)، ئەو کاتە مانای وایە دەگێڕدرێنەوە بۆ سەر (لله)، ئەگەر بە (**الملكُ القدوسُ العزيزُ الحكيمُ**)یش، بن، ئەو کاتە ڕستەکە دەست پێکردنەوەی تازە (**إستئناف**)یە، واتە: خوا حوکمڕانی ڕەهاو هەموو شت بە دەست بووی ڕەهایە، ﴿ ٱلۡقُدُّوسِ ﴾، پاک و بێ هەڵە دوور لە کەم و کوڕیی، ﴿ ٱلۡعَزِيزِ ﴾، زاڵ و باڵادەست ﴿ ٱلۡحَكِيمِ ﴾، کاربەجێ، وشەی (**قدُوس**)یش بە (**قَدُّوس**)یش، هەر خوێندراوەتەوە: (**قُدُّوس و قَدُّوس**)، هەردووکیان بە مانای زۆر پاک و بێ خەوش و دوور لە کەم و کوڕیی، ئنجا دوای ئەوەی خوا بە پاکگیرانی خۆی لە لەلایەن هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە، ڕاگەیاندو، خۆی پێناسە کرد بەو چوار سیفەتە سەرەکییە کە حوکمڕانی ڕەهایە، پاک و بێگەردە، باڵادەستە، کارزانە، دەفەرموێ:

٣)- ﴿ هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنۡهُمۡ ﴾، ئەو (خوایە) ئەو کەسەیە لە نێو نەشارەزایەکاندا لە خۆیان ڕەوانە کراوێکی بۆ ناردوون، ﴿ ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ ﴾، سیفەتی وەسفکراوێکی قرتێنراوە، یانی: (**الأُنَاسِ الأُمِّيِّيْنَ**)، یان (**القَوْمِ الأُمِّيِّيْنَ**)، کەسانێکی نەشارەزا، یاخود کۆمەڵە نەشارەزایەکە، ئنجا وەک پێشتریش گوتم: (**أُمِّي**)، ئەو مانایەی هەیە: (**الَّذِي لَا يَقْرَأُ وَلاَ يَكْتُبُ**)، ئەوە کەسەی نە دەخوێنێتەوەو نە دەشنووسێ، بەڵام وێڕای ئەوە: (**الأُمِّي: الَّذِي لَيْسَ لَهُ كِتَابٌ سَمَاوِيٌّ**) و (**لَيْسَ لَهُ بِهِ عِلْمٌ بَالْكُتُبِ السَّمَاوِيَّة**)، (**الأُمِّي**)، واتە: کەسێک کە کتێبی ئاسمانی لەبەر دەستی نیە، یاخود: زانیاریی نیە بە کتێبە ئاسمانییەکان، بە هەردوو پێناسەکەش: گەلی عەرەب هەم زۆربەیان نەخوێندەوار بوون، خوێندن و نووسینیان نەبوو و، نەشارەزاش بوون لە کتێبە پێشووەکان، بە کتێبە

ئاسمانییەکانیش نەشارەزا بوون و کتێبی ئاسمانییان لەبەردەستدا نەبوو و، ئەوانەش کە لەبەر دەستی جوولەکەو نەصرانییەکاندا هەبوون، بە زۆریی لێیان بێئاگاو نەشارەزا بوون.

بۆیەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ﴿ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ﴾، تەنیا بریتی نیە لە کەسانێک کە خوێندن و نووسینیان نیە، بەڵکو وێڕای ئەو واتایە، ئەوەش دەگەیەنێ: کەسانێک کە شارەزا نین لە کتێبە ئاسمانییەکان، چونکە خوای کاربەجێ بەڵێ سەرەتا موحەممەدی ﷺ لە نێو گەلی عەرەبدا نارد، کە بە هەردوو واتایەکە (أمیین) بوون، واتە: هەم خوێندن و نووسینیان نەبوو بە زۆریی و، هەم شارەزاش نەبوون لە کتێبە ئاسمانییەکان، بەڵام وێڕای وان، پێغەمبەری کۆتایی بۆ گەلانی دیکەشی ناردوە، کە خوێندن و نووسینیشیان بووە، وەک یۆنان و ڕۆم و فارس و چین و ئەوانی دیکەش، ئنجا ئەگەر (أُمِّيِّنَ)، بە نەشارەزایانیش لە کتێبە ئاسمانییەکان لێک بدەینەوە، وێڕای نەخوێندەواران، ئەو کاتە (أُمِّيِّنَ)، ئەوانیش دەگرێتەوە، چونکە دوایی دەفەرموێ: ﴿وَءَاخَرِينَ مِنۡهُمۡ﴾، واتە: کەسانێکی دیکەش لەو نەشارەزایانە، ﴿لَمَّا يَلۡحَقُواْ بِهِمۡ﴾، جارێ پێیانەوە پەیوەست نەبوون و، بەڵگەشمان ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ وەک دوایی باس دەکەین، ئاماژە دەکات بە سەلمانی فارسیی، کە دەفەرموێ: لە گەلی ئەمەن، ئەوانیش دیارە وانەبوون وەک گەلی عەرەب، کە بە زۆریی نەخوێندەوار بن و خوێندن و نووسینیان نەبێ، بەڵام بەدڵنیایی گەلی فارسیش و گەلەکانی دیکەش، لە کتێبە ئاسمانییەکان نەشارەزا بوون.

ئنجا هەر لە قورئانیشدا: (أُمِّيِّنَ)، بە مانای کەسانێک کە شارەزایی کتێبی ئاسمانیی نین، بەکارهاتوە، بۆ وێنە:

لە سوورەتی (آل عمران)دا، جوولەکەکان خوا ﷻ لێیان دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: ﴿وَمِنۡ أَهۡلِ ٱلۡكِتَٰبِ مَنۡ إِن تَأۡمَنۡهُ بِقِنطَارٖ يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيۡكَ وَمِنۡهُم مَّنۡ

إِن تَأْمَنْهُ بِدِينَارٍ لَّا يُؤَدِّهِۦٓ إِلَيْكَ إِلَّا مَا دُمْتَ عَلَيْهِ قَآئِمًا ۗ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا۟ لَيْسَ عَلَيْنَا فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٌ وَيَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴿٧٥﴾ ﴾، واتە: لە خاوەن کتێبان هەیە، ئەگەر بیکەیە ئەمیندار بەسەر قینتارێک (واتە: پڕی پێستێک زێڕو زیو)ەوە تەسلیمت دەکاتەوەو دەیپارێزێ و، هەشیانە ئەگەر بیکەیە ئەمیندار بەسەر دینارێکەوە (پارچە زێڕێک کە ئەو کاتە دیناریان پێ گوتوە، هی ڕۆمەکان) پێت ناسپێرێتەوە، مەگەر هەمیشە بەسەریەوە چاودێربی، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە دەیانگوت: ئێمە هیچ گوناهمان ناگاتێ بەنسبەت نەشارەزایان (أُمِّيِّين)ەوە، لە حالێک کە دەشزانن درۆ بە ناوی خواوە دەکەن. (أُمِّيِّين)، دەگونجێ مەبەست پێی نەبوونی خوێندن و نووسین بێ و، دەشگونجێ مەبەست ئەوە بێ کە ئێمە شارەزای کتێبی خواییـن، بەڵام ئەوان نەشارەزان لە کتێبی خوا، ئێمە خاوەن کتێبین و ئەوان کتێبیان نیە، هەربۆیەش دوایی خوا ﷻ هەر لەم سوورەتە موبارەکەدا - وەک دەیکەینێ - جوولەکەکان ئەوانەیان کە ڕاست نەبوون لەگەڵ دینەکەی خۆیاندا، تەشبیهیان دەکات بە کەرێکەوە کە بارێکی کتێبیان لێنراوە! یانی: ئێوە کتێبتان هەیە، بەڵام لە کتێبەکەتان بەهرەمەند نەبوون و، کارتان پێ نەکردوە، وەک چۆن کەرێک لەو بارە کتێبەی لەسەر پشتیەتی بەهرەمەند نابێ، کەواتە: خۆتان بە کتێبێکەوە هەڵمەکێشن کە پێیەوە پابەند نەبوون.

ئنجا ئایا ئەو پێغەمبەرە ﷺ کە یەکەمجار لە نێو گەلی عەرەب داو، دوایی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی نێردراوە، چ ئەرکێکی پێسپێردراوە؟

٤)- ﴿ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ ﴾، ئایەتەکانی (خوا) یان بە سەردا دەخوێنێتەوە، ئەم ئایەتە موبارەکە بەم نێوەڕۆکەوە لە چوار شوێنی دیکەی قورئاندا هاتوە:

١و٢- لە سوورەتی (**البقرة**)، لە دوو شوێناندا.

٣- لە سوورەتی (**آل عمران**)دا.

٤- لێرەشدا، ئێمە پێشتریش لە کاتی تەفسیرکردنی سوورەتەکانی (**البقرة و آل عمران**) دا، قسەمان لە بارەی ئەم ئایەتە موبارەکەوە کردوە، کەواتە: خوا ﷻ لە چوار شوێنی قورئاندا: (**البقرة**)، دوو شوێن و (**آل عمران**)، شوێنێک و، سوورەتی (**الجمعة**)ش شوێنێک، ئەرکەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەم چوار شتەدا کورت و پوخت دەکاتەوە:

ئەرکـی یەکـەم: ئایەتەکانـی ئـەو (خـوا) یـان بەسـەردا دەخوێنێتـەوە، کـە بەدڵنیایـی مەبەسـت پێـی قورئانـە.

ئەرکی دووەم:

٥)- ﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾، هەروەها تەزکیەیان دەکات، (**تزكية**) پێشتر گوتمان لە (**زَكَاء**)ەوە هاتوەو، هەم مانای پاکیی، هەم گەشەکردن، هەم چاکبوونیش، دەگەیەنێ: (**الطَّهَارَةُ وَالنُّمَو والصَّلَاح**)، کەواتە: ﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾، یانی: پاکیان دەکات و، گەشەیان پێدەداو، چاکیان دەکات.

ئەرکی سێیەم:

٦)- ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾، هەروەها کتێبیان فێر دەکات، پێشتر گوتمان: شافیعیی ڕەحمەتی خوای لێ بێ و زۆرێک لە زانایان بە لاسایی کردنەوەی ئەو، گوتوویانە: (**الكِتَاب**)، یانی: (**القُرآن**)، و(**الحِكْمَة**)، یانی: (**السُّنَّة**)! بەڵام بەڕاستیی نەیانپێکاوە، چونکە (**كِتَاب**) پێشتر باسی کرا، وەک لە مانا گشتییەکەیدا، گوتمان: ﴿يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ﴾، ئایەتەکانی خوا کتێبەکەیەتی و قورئانەکەیەتی.

﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾، پـاک و چاکیـان دەکات، واتـە: بـەو ئایەتانـە پـاک و چاکیـان دەکات، ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ﴾، (**كِتاب**)یـان فێـر دەکات، ئـەو (**كِتـاب**)ە نابـێ مەبەسـت پێـی قورئـان بـێ، ئـەوە کتێبـی بەسـەردا خوێندنـەوە، خوێندنەوەکەشـی بریتیـە لـە فێرکردنیشـیان و، پـێ پـاک و چاککردنیشـیان بـەو کتێبـە، مانـای وایـە لەسـەر ئاسـتی تاکیـی، پاکیـان دەکات و چاکیـان دەکات.

بەڵام ﴿ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ ﴾، لەسەر ئاستی کۆمەڵ و کۆمەڵگایەک بەرنامەیان فێر دەکات، (کِتَاب)، بە مانای بەرنامە دێ، لە قورئاندا (کِتَاب)، بە چەند واتایەک هاتوە، بەڵام مانای سەرەکیی بریتیە لە بەرنامە، خوای پەروەردگار کە دەفەرموێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ أَوْحَيْنَآ إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا ۚ مَا كُنتَ تَدْرِى مَا ٱلْكِتَٰبُ وَلَا ٱلْإِيمَٰنُ ﴿٥٢﴾ ﴾الشورى، واتە: ئاوا لە لایەن خۆمانەوە ڕووحێکمان بۆ تۆ نارد، ڕووحەکە بریتیە لە قورئان (ئەی موحەممەد ﷺ)! نەتدەزانی، نە کتێب چییەو نە بەرنامە چییە، واتە: بەو شێوەیە خوای پەروەردگار دەیەوێ، نەک خواناسیی، چونکە پێغەمبەری خاتەم ﷺ لەسەر پاکترین زگماک و فیترەتی خواناسیی بووە، خوای ناسیوە، بەڵام ئیمانی نەزانیوە، بە بەڵگەی ئەوە کە هەتا خوا ﷻ قورئانی بۆ سروش نەکردوەو نەیکردۆتە پێغەمبەر، ڕێ ڕاستکرتوو نەبووە، ﴿ وَوَجَدَكَ ضَآلًّا فَهَدَىٰ ﴿٧﴾ ﴾الضحى، (خوا) تۆی بینیی بە ون بوو، یاخود بە کەسێک کە بەڕێی نەدەزانی، ڕێی پێشاندای.

٧)- ﴿ وَٱلْحِكْمَةَ ﴾، هەروەها حیکمەتیشیان فێر دەکات، حیکمەتیش بریتیە لە پێکان لە قسەو لە کردەوەدا، واتە: ئەو بەرنامەو شەریعەتە کە هەر ئایەتەکان گرتوویانەتە خۆیان، لە ڕووی کۆمەڵایەتیی و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگاوە، دەبێ بە شێوەیەکی لێزانانەو کارامانە، جێبەجێ بکرێ و ئەوە پێی دەگوترێ: حیکمەت، واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ وێڕای ئەوەی شەریعەت و حەڵاڵ و حەڕام و یاساکانی فێر کردوون، چۆنیەتیی لێزانانەو کارامانەی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایانەشی فێر کردوون، ئنجا حیکمەت چ بەوە پێناسە بکرێ: (**الإِصَابَةِ فِي العِلْمِ وَالعَمَلِ**)، پێکان لە زانیاریی و لە کردەوەدا، چ بە چۆنیەتیی جێبەجێ کردنی شەریعەت، پێناسە بکرێ، چ بە ئەدەب و ڕەوشتە بەرزو جوانەکان و خۆ بێ ڕازاندنەوەیان و خۆ پاککردنەوەو خۆ بژارکردن لە خوو خەصڵەتە خراپ و نزمەکان، وەک لە تەفسیری سوورەتی (**الإسراء**)دا، بە تەفصیل باسمان کردوە، کە خوا ﷻ لە هەژدە ئایەتەکانی: (٢٢ - ٣٩)دا، باسی بیست و چوار خەصڵەت دەکات، دوازدەیان بەرزو پاک و چاکن و پەسەندن و، دوازدەیان خراپ و نزم و ناپەسەند،

دوایی دەفەرمویٚ: ﴿ذَٰلِكَ مِمَّآ أَوۡحَىٰٓ إِلَيۡكَ رَبُّكَ مِنَ ٱلۡحِكۡمَةِ ۝٣٩﴾، تا ئەو بیست و چوار خەصڵەتە، ئەو حیکمەتەیە کە بۆمان سروش کردووی.

کەواتـە: حیکمەتیـش هـەر دەکەویٚتـەوە نێـو کتێـب، بۆیـە ئەگـەر بشـڵێین: حیکمـەت واتـە: ڕازێنرانـەوە بـە سـیفەتە بـەرزو پەسـەندەکان و، بژارکـران لـە خـوو خـراپ و نـزم و ناپەسـەندەکان لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵـگا، مانـای وایـە شـتێکی ڕاسـت و دروسـتمان گوتـوە.

بۆیـە ئـەو چـوار ئەرکـەی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ دەبـێ ئـاوا تەماشـا بکرێـن، کـە لـە چـوار شـوێنی قورئانـدا، هاتـوون و، جێـی سەرنجیشـە لـە هـەر چـوار شـوێنەکەدا: ﴿يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ﴾، ئایەتەکانی خوایان بەسـەردا دەخوێنێتەوە، لـە پێشـەوەیە، چونکـە بناغـەی دینداریـی و مسـوڵمانەتیی ڕاسـت و دروسـت، دوای بەسـەردا خوێندرانـەوەو حاڵیـی بـوون لـە ئایەتەکانـی خـوا، دێتـەدی، شـایانی باسـە لـەو چـوار شـوێنانەش لـە سـێ شـوێنان سـەرەتا باسـی تەزکیـە کـراوەو پێشـخراوە، چونکـە دوای ئاشـنابوون بـە ئایەتەکانـی خـوا، ئنجـا دەگونجـێ مـرۆڤ وەک تـاک خـۆی پـاک و چـاک بـکات و پاکیـی و چاکیـی بـەوە دەبـێ پێشـێ بووناسـییەکی ڕاسـت و دروسـت، ئنجـا ئیـمان و عەقیدەیەکـی سـاغ و پـاک، ئنجـا خـوا پەرسـتییەکی بـاش، ئنجـا تەقـوا، ئنجـا ڕەوشـت و سـیفەتە جوانـەکان، لـە خـۆدا بهێنرێنـە دی و، سیفەتە خراپـەکان لـە خـۆدا لابرێـن، دوای خوێندنـەوەی ئایەتـان، ئنجـا باسـی تەزکیـە کـراوە لـە سـێ شـوێندا، بـەڵام لـە یـەک شـوێندا فێرکردنـی کتێـب و حیکمـەت پێـش تەزکیـە خـراوە، بـەڵام گرنـگ ئەوەیـە هەمیشـە بەسـەردا خوێندرانـەوەی ئایەتـەکان لـە پێشـەوەیە، یـانی: قۆناغـی یەکەمـی دینداریـی، بریتیـە لـە تێگەیشـتن لـە ئایەتەکانـی خـواو، قۆناغـی دووەم بریتیـە لـە کارلێککردنـی تاکـەکان لەگـەڵ ئـەو ئایەتانـەدا، تاکـو پـاک و چـاک بـن، پـاک بـن لـە سـیفەتە نـزم و خراپـەکان و بـژار بکرێـن و، برازێنـەوە بـە سـیفەتە بـەرزو پەسـەندەکان لەسـەر ئاسـتی تاکـەکان، بـەڵام ئایـا دینداریـی بـەس ئەوەیـە کـە ئێمـە چەنـد تاکێکـی پـاک

و چاکمان هەبن، بەهۆی کارلێککردن لەگەڵ ئایەتەکان داو، پاک و چاک بوون لە هەموو ڕووەکانەوە: بوونناسیی، ئیمان و عەقیدە، پەرستش، ڕەوشت و ئاکار؟ نەخێر بەڵکو دوایی دینداریی دەبێ لە کۆمەڵگایەکدا بەرجەستە ببێ، ئنجا کە ناوی کۆمەڵگاو میللەتت هێنا، پێویستیی بە بەرنامە هەیە، بۆیە دوایی یەکسەر دەفەرمویٚ: ﴿ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَٰبَ ﴾، پێغەمبەری خوا بەرنامەیان فێر دەکات، هەڵبەتە بەرنامە (کتاب)ەکەش هەر لە نێو ئایەتەکاندایە واتە: ئەو دەستوورو یاسایانەی ژیانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، کۆمەڵگایان پێ ڕێک دەخرێ، هەر لە نێو ئایەتەکان دان.

﴿ وَالْحِكْمَةَ ﴾، هەروەها حیکمەتیشیان فێر دەکات، کە بریتیە لە جێبەجێکردنی ئەو شەریعەتە بە شێوەیەک کە شەریعەت خۆی فەرمانی پێکردوە، بە شێوەیەکی لێزانانەو کارامانەو وەستایانە، یاخود هەم کتێب و بەرنامەیان فێر دەکات، هەم ئەدەب و ڕەوشتە بەرزو پەسەندو جوانەکانیان فێر دەکات، کە مامەڵەی پێ لە نێو خۆیانداو لە نێو خەڵکدا بکەن.

بەم شێوەیە وەک دەبینین: ڕیزبەندییەکی زۆر لۆژیکیی (**ترتيب منطقي**)، لە ئایەتەکاندا دیارە: پێشێ ئایەتەکان دەخوێندرێنەوە، کە بەدڵنیاییی مەبەست ئەوە نیە ئایەتەکان تەنیا بخوێندرێنەوەو هیچی دی! بەڵکو واتە: فێریان دەکات و تێیانیان دەگەیەنێ، چونکە ئەوان هەر کە ئایەتەکانیان بەسەردا خوێندراونەوە، حاڵیی بوون و تێیان گەیشتوون، مەگەر لە وشەیەک، لە تەعبیرێک تێنەگەی بن، پێغەمبەری خوا ﷺ بۆی ڕوون کردبنەوە، ئەگەرنا قورئان بۆ خۆی ڕوونە بۆ کەسێک شارەزای زمانی عەرەبیی بێ.

کەواتە: قۆناغی یەکەم: بەسەردا خوێندرانەوەی ئایەتەکانە، واتە: شارەزا بوون لە قورئان، یانی: شارەزا بوون لە ڕووی بوونناسییەوە، لە ڕووی ئیمان و عەقیدەوە، لە ڕووی پەرستشەکانەوە، لە ڕووی هەموو ئەوشتانەوە کە بە

تـاک جێبەجـێ دەکرێـن. ئنجـا قۆناغـی دووەم: بریتیـە لـە تەزکیـە بـوون، تەزکیەیـان دەکات، یـانی: پـاک و چاکیـان دەکات و کارلێکیـان پـێ دەکات لەگـەڵ ئایەتەکانـداو، کـە لـە ئەنجامـی کارلێککـردن لەگـەڵ ئایەتەکانـدا پـاک دەبـن لـە سـیفەتە نـزم و خراپـەکان و، دەڕازێنرێنـەوە بـە سـیفەتە بـەرزو چاکـەکان، ئەمـە وەک تاکـەکان.

دواییـش لەسـەر ئاسـتی کۆمەڵـگا، دوو قۆنـاغ دەمێنـن، سـێیەم: شـەریعەت و بەرنامەیـەک هەبـێ ئـەو کۆمەڵگایـە پێیـەوە پابەندبـێ، حـەڵاڵ و حـەڕام و سـنوورەکان و یاسـاکان و، ڕێکخسـتنی ژیـان و گوزەرانیـان. چـوارەم: قۆناغێکـی دیکـە بریتیـە لـە ڕازێنرانـەوەی ئـەو کۆمەڵگایـە، بـە سـیفەت و ئەدەبـە بـەرزەکان و، بژارکرانیـان لـە سـیفەتە نـزم و خراپـەکان، کـە خـوا ﷻ ئـەوەی لـە سـووڕەتی (**الإسراء**)دا، ناونـاوە حیکمـەت، وەک پێشـتر باسـمان کـرد.

٨)- ﴿ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾، بەدڵنیاییشن لەوە پێش لە گومڕاییەکی ڕوون دابوون. پێشتر گوتمان: (**إِنْ**: **مُخَفَّفَةٌ مِنَ المُثَقَّلَة**)، بە بەڵگەی هەبوونی (ل)، لە خەبەرەکەیدا: بە دڵنیایی ئەوان لەوە پێش لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون، ئەمە چ بە نسبەت گەلی عەرەبەوەو، چ بە نسبەت گەلانی دیکەشەوە کە دوایی هاتوونە نێو ئیسلامەوە، پێشتر لە گومڕاییدا بوون، هەرچەندە لە ڕووی کلتووریی و فەرهەنگییەوە، یان لە ڕووی فیکرو فەلسەفەوە، بۆ وێنە: یۆنانییەکان، ڕۆم و فارس، میزۆپۆتامیا، خەڵکی لە شوێنەکانی دیکە خۆیان بە ڕۆشنبیر زانیبێ، بەڵام لەڕاستییدا لە گومڕاییەکی ئاشکرادا بوون، لەو ڕووەوە کە لە ڕووی بووناسییەوەو لە ڕووی ئیمان و عەقیدەوە، لە ڕووی پەرستشەکانەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لە ڕووی سیاسیی و ئیدارەدانی وڵاتەوە، لە گومڕایی و لە تاریکاییاندا بوون.

ئنجا کە دەفەرموێ:

٩)- ﴿ وَءَاخَرِينَ مِنۡهُمۡ لَمَّا يَلۡحَقُواْ بِهِمۡ ﴾، کەسانێکی دیکەش لەوان کە جارێ پێیان نەگەیشتوون، کە دەفەرموێ: ﴿ مِنۡهُمۡ ﴾، ئەمە سێ واتایان هەڵدەگرێ:

١- هەر لە عەرەبان، لە عەرەبە نەشارەزایەکان، لە خوێندن و نووسین و، لە کتێبە ئاسمانییەکانیشدا.

٢- لە نەشارەزایەکان، ئنجا چ لە خوێندن و نووسین دا، چ لە کتێبە پێشووەکانداو، لە عەرەبان و لە جگەلە عەرەبان.

٣- لە مسوڵمانان، ئنجا عەرەب بن، یان لە جگەلە عەرەب بن، چونکە دوای ئەوەی ئەوانیش دێنە نێو ئیسلامەوە دەبنە بەشێک لەو کۆمەڵەی بەهۆی ئیمانەوە بوونە مسوڵمان، بەهۆی قورئان و هاتنە نێو ئیمان و ئیسلامەوە، هەر کەسێکی دیکەش لە گەلانی دیکە، دەبنە بەشێک لەوان و بەشێک لە ئۆممەتی پێغەمبەری کۆتایی ﷺ.

١٠)- ﴿وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾، ئەو باڵادەستی کاربەجێیە، واتە: خوا ﷻ باڵادەستەو کارزانیشە.

١١)- ﴿ذَٰلِكَ فَضْلُ ٱللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾، ئەوەش بەخششی خوایە دەیدات، بە هەر کەسێک بیەوێ، (ذلك) دەگونجێ بچێتەوە بۆ ئەو هیدایەت و نوورو بەرەکەتەی پێغەمبەری خاتەم ﷺ دەبێتە هۆی پەیداکردنی و گەیاندنی لە نێو گەلی عەرەب و جگەلە عەرەبدا، بەڵام بەپێی سیاقەکە زیاتر وا پێدەچێ (ذلك) مەبەست پێی پلەی پێغەمبەرایەتیی بێ، ﴿هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ﴾، واتە: ئەو ناردنەی خوا ﷻ بۆ پێغەمبەرێک لە نێو نەشارەزایەکاندا، ئەوە بەخششی خوایە دەیدات بە هەر کەسێ بیەوێ.

١٢)- ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلْفَضْلِ ٱلْعَظِيمِ﴾، خواش خاوەن بەخششی مەزنە، ئەمە ئاماژەیە بە جوولەکەکان و، بە نەفامدانانیان، کاتێک پێیان وابوو پێغەمبەرایەتیی لە نێو ئەواندا قۆرخە، هەر بۆیەش بڕوایان بە پێغەمبەری کۆتایی نەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا کە تەورات فەرمانی پێکردوون، وەک کاتی خۆی لە تەفسیری ئایەتی ژمارە (١٥٧)ی، سوورەتی (**الأعراف**)دا، لەو بارەوە کورتە باسێکمان کرد، کە ئێستاش لە پەیمانی کۆندا بە تەورات و

کتێبەکانی دیکەشەوە، هەروەک لە پەیمانی نوێ (چوار ئینجیلەکان و ئەوانی دیکە)ش دا ئێستاش ئاماژە هەن بەوە کە پێغەمبەرانی پێشوو (علیهم الصلاة والسلام)، فەرمانیان کردوە بە گەلەکانیان: هەر کاتێک پێغەمبەری کۆتایی موحەممەد هات، هەموو شتێکتان بۆ ڕوون دەکاتەوەو، ئەو لەگەڵتان دەبێ تا کۆتایی زەمان و ڕۆژگار، هەرچەندە تەوراتیش وای پێگوتن، بەڵام جوولەکەکان بڕوایان پێ نەهێنا، لەبەر ئەوەی موحەممەد ﷺ پێغەمبەری کۆتایی، چاوەڕێ بوون لە گەلی جوولەکە بێ لە بەنوو ئیسرائیل بێ.

ئنجا کە دەفەرموێ: ﴿ وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُواْ بِهِمْ ﴾، ڕایەک هەیە دەڵێ: ﴿ وَءَاخَرِينَ ﴾، ناگێڕدرێتەوە سەر ﴿ ٱلْأُمِّيِّـۧنَ ﴾، چونکە ﴿ وَءَاخَرِينَ ﴾، (ئەوانی دیکە) ئەوە دەخوازێ کە ئەوانەی دوایی دێن جیابن، لە (أمیین) بۆیە ئەوانی دیکە، جگەلە: ﴿ ٱلْأُمِّيِّـۧنَ ﴾ دەگرێتەوەو یانی: ئەوانەی خوێندن و نووسینیان هەیە، یاخود ئەوانەی شارەزان لە کتێبە ئاسمانییەکان، ئنجا لێرەدا ئەوە دوو ئەگەری هەن:

أ- ﴿ وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ ﴾، دەگێڕدرێتەوە بۆ ﴿ عَلَيْهِمْ ﴾، کە دەفەرموێ: ﴿ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ﴾، پێغەمبەری خوا ﷺ ئایەتەکانی خوا بەسەر ﴿ ٱلْأُمِّيِّـۧنَ ﴾یشدا، دەخوێنێتەوەو ﴿ وَءَاخَرِينَ ﴾، بەسەر ئەوانی دیکەشدا دەخوێنێتەوە، کە مەرج نیە لە ﴿ ٱلْأُمِّيِّـۧنَ ﴾بن، واتە: بۆ لای ئەوانیش هەر ڕەوانەکراوە، وێڕای ئەوەی بۆ لای عەرەبە نەشارەزاو نەخوێندەوارەکان، ڕەوانەکراوە بۆ لای ئەوانی دیکەش ڕەوانەکراوە.

ب- ئەگەریشی هەیە کە ﴿ وَءَاخَرِينَ ﴾، بەرکاری لەگەڵ (مَفْعُول مَعَهُ)، بێ (و)کە، بۆ لەگەڵدا بوون بێ و ئەو کاتە ئاوای لێدێتەوە: (يَتْلُوا عَلَى الأُمِّيِّنَ آيَاتِنَا مَعَ آخَرِيْن)، ئنجا ئەو کاتە دەگونجێ بگوترێ: (يَتْلُوا عَلَى آخَرِيْنَ)، (وَيُزَكِّي آخَرِيْن)، (ويعلمَ الكِتَابَ وَالحِكْمَةَ آخَرِيْن)، هەر سێ کارەکان دەگونجێ ئەوە بگەڕێتەوە سەریان با لەوبارەوە ئەم سێ دەقە بێنین:

١- پێغەمبەر ﷺ لە فەرمایشتێکدا فەرموویەتی: {إِنَّا أُمَّةٌ أُمِّيَّةٌ لاَ نَكْتُبُ وَلاَ نَحْسُبُ} (أخرجه البخاري ١٩١٣، ومسلم: ٧٦١، عَنِ ابْنِ عُمَرَ رَضِيَ الله عَنْهُمَا).

واتــە: ئێمــە کۆمەڵگایەکیــن نەخوێندەواریــن، نانووســین و حیســاب ناکەیــن، (واتــە: بــە قەڵــەم بەڵکــو بــە پەنجــان حیســاب دەکەیــن، مەبەســتی پــێ حاڵەتــی گشــتیی ئەوســای گەلــی عــەرەب بــووە).

ئنجا ئایا کێن ئەوانە دوایێ پێیان دەگەن؟ لەوبارەوەش ئەم دەقە هەیە:

٢- {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: «كُنَّا جُلُوساً عِنْدَ النَّبِيِّ ﷺ حِينَ نَزَلَتْ سُورَةُ الْجُمُعَةِ فَتَلَاهَا، فَلَمَّا بَلَغَ: ﴿وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُواْ بِهِمْ﴾، قَالَ لَهُ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ مَنْ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِنَا؟ فَوَضَعَ يَدَهُ عَلَى سَلْمَانَ الْفَارِسِيِّ وَقَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ كَانَ الْإِيمَانُ بِالثُّرَيَّا لَنَالَهُ رِجَالٌ مِنْ هَؤُلَاءِ} (أخرجه البخاري: ٤٨٩٧، ومسلم: ٢٥٤٦، والترمذي: ٣٣١٠، ٣٩٣٣، والنسائي: ٦١٢).

واتــە: ئەبــوو هورەیــرە (خــوا لێــی ڕازی بــێ) دەڵــێ: لــە خزمــەت پێغەمبــەردا ﷺ دانیشــتبووین، کاتێــک ســوورەتی (الْجُمُعَــة)ی بــۆ دابــەزی و خوێندیــەوە، کاتێــک گەیشــتە ئــەو ئایەتــە: ﴿وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُواْ بِهِمْ﴾، کەســانێکیش لــەوان کــە جــارێ پێیــان نەگەیشــتوون، پیاوێــک گوتــی: ئــەی پێغەمبــەری خــوا ﷺ! ئەوانــە کێن کە جــارێ پێــمان نەگەیشــتوون؟ پێغەمبەریش ﷺ دەســتی لەســەر شــانی ســەلمانی فارســیی، دانــاو فەرمــووی: ســوێند بــەوەی گیانــی منــی بەدەســتە ئەگــەر ئیــمان بــە ئەســتێرەی کــۆ و تــەرازووەوە بــێ، پیاوانێــک لەمانــە دەســتی دەگەیەنــێ، (واتــە: مەبەســت پێــی گەلــی فارســە، هەڵبەتــە گەلــی فــارس ئــەو کاتــە تەعبیریــان کــردوە لــە گەلــی جگەلــە عــەرەب و فــارس و تــورک و کــورد و بەربــەرو هەمــوو گەلانــی دیکەیــان گرتۆتــەوە).

هەر لەوبارەوە ئەم فەرموودەش هەیە:

٣- {لَوْ كَانَ الْإِيمَانُ عِنْدَ الثُّرَيَّا لَذَهَبَ بِهِ رِجَال مِنْ فَارِسَ، أَوْ قَالَ مِنْ أَبْنَاءِ فَارِسَ} (أخرجه مسلم: ٢٥٤٦)، ئەگەر ئیمان لە لای سوورەییا بووایە، (سوورەییا ئەستێرەی کۆو تەرازوو واتە: بە ئەستێرانیشەوە بووایە، هێندە بەرز بووایە)، پیاوانێک لە گەلی فارس یاخود فەرمووی: لە ڕۆڵەکانی گەلی فارس دەستیان دەگەیاندێ، هەڵبەتە وەک گوتمان: مەبەست لە گەلی فارس ئەو کاتە، گەلانی جگەلە عەرەب بووە، واتە: فارس و جگەلە فارس).

مەسەلەی دووەم:

باسی جوولەکەکان کە تەوراتیان پێدراو پێ سپێردرا، بەڵام پشتگوێیان خست و، وێنە بۆ هێنانەوەیان بە کەرێک بارێک کتێبی لێنرابێ، ئنجا فەرمانکردن بە پێغەمبەری خوا ﷺ کە بە جوولەکەکان بڵێ: ئەگەر ڕاست دەکەن لە نێو هەموو خەڵکدا، ئێوە دۆستانی خوان، مردن بە خۆزگە بخوازن و، هەواڵدانیش کە هەرگیز خۆزگەی پێناخوازن بەهۆی کردەوە خراپەکانیانەوە، پێڕاگەیاندنیان کە ئەو مردنەی لێی ڕادەکەن، هەر دەیانگاتێ و دەیانگرێ و لێی دەرباز نابن و، دەگێردرێنەوە بۆ لای خوای زانای پەنهان و ئاشکرا:

خوا دەفەرموێ: ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًۢا ۚ بِئْسَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٥﴾ قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓا۟ إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَآءُ لِلَّهِ مِن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٦﴾ وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُۥٓ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٧﴾ قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَـٰقِيكُمْ ۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَـٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَـٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە سێزدە بڕگەدا:

١)- ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًۢا ﴾،
وێنەی ئەوانەی تەوراتیان لە کۆڵنرابوو، بەڵام هەڵیاننەگرت، وەک کەرێکە کتێبی هەڵگرتوون.

پێشتر باسمانکرد کە یەکێک لەو شتانەی جوولەکەکان بە تایبەت و، خاوەن کتێبەکان بەگشتیی شانازییان پێوە دەکرد، ئەوەیە کە خاوەن کتێبن، بە تایبەت شانازییان بەسەر گەلی عەرەبدا دەکرد کە ئێوە (أُمّي)ن: ﴿ قَالُوا۟

﴿لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ سَبِيلٞ ﴿٧٥﴾﴾آل عمـران، ئەمـە هـەم جوولەکـەکان و هـەم نەصرانییەکانیـش، وایـان دەگـوت، واتـە: ئێمـە بەهـۆی سـتەمکردن لـە (أمـي) یەکانـەوە، ڕێـی گلەییـمان نایەتـە سـەر، وەک لـە سـووڕەتی (**آل عمـران**)دا، خـوا فەرموویەتـی.

ئنجا خوا ﷻ لـە ئایەتـی پێشـێدا باسـی ئـەوەی کـرد فەرمـووی: ﴿ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ﴿٤﴾﴾، ئـا ئـەوە بەخششـی خوایـە دەیـدات بـە هـەر کەسـێک بیـەوێ و، خـوا خـاوەن بەخششـی مەزنـە، واتـە: ئـەو پلـەی پێغەمبەرایەتییـە بەخششـی خوایـەو میراتـی هیـچ نەتەوەیـەک نیـە و، لەسـەر هیـچ کۆمەڵگایـەک قەتیـس نەکـراوە، لەسـەر هیـچ نەتەوەیەک تاپـۆ نەکـراوە، بەڵکو بەخششـی خوایـە، دەیـدات بـە هـەر کەسـێک کـە بیـەوێ، چونکـە جوولەکـەکان پێیـان نەگوترابـوو پێغەمبـەری کۆتایـی لـەوان بـێ، لـە تـەوڕات و لـە پەیمانـی کـۆن دا، بـە نسـبەت نەصرانییەکانیشـەوە لـە پەیمانـی نـوی دا، لـە ئینجیـل دا هەواڵیـان پێـدراوە پێغەمبـەری کۆتایـی دێ، بـەڵام نەگوتـراوە لـە بەنـوو ئیسـڕائیله، بـەڵام بـە هەرحـاڵ ئـەوان وەک دەمارگیرییـەک بـۆ دینـە تێکدراوەکـەی خۆیـان گوتیـان: مادام پێغەمبـەری کۆتایـی لـە نێـو گەلـی عەرەبـدا هاتـوە، کـە ئـەوان گەلـی عەرەبیـان بەدواکەوتـوو و نەشـارەزاو نەخوێنـدەوار دادەنـاو خۆیـان بـە خـاوەن کتێـب و شـارەزا دەزانـی، خۆیـان لـە ئاسـتێکی بەرزتـر لـەوان تەماشـا دەکـرد، بۆیـە کاتێـک پێغەمبـەری کۆتایـی لـە نێـو گەلـی عەرەبـدا هـات، هەرچەنـدە زانییـان ئـەوە ئـەو پێغەمبـەرە کۆتاییەیـە کـە هەواڵـی پێـدراوەو، نیشـانەکانی هەمـوو لەوێـدا هـەن، بـەڵام دەمارگیریـی و بەرژەوەندیـی ناشـەرعیی لێیـان نەگـەڕاو، دەسـت و پێـی بەسـتن لەبـەردەم بـڕوا پێهێنانیـدا، خـواش ﷻ لێـرەدا کـە دەفەرمـوێ: وێنـەی ئەوانـەی تەوڕاتیـان پێدرابـوو دوایـی هەڵیانگـرت[1].

---

(١) (حُمِّلُوا)، یانی: (كُلِّفُوا)، واتـە: تەوڕاتیـان پێدرابوو و پێـی ئەرکـدار کرابـوون، جێبەجـێ بکەن و پێیـەوە پابەنـد کرابـوون، بـەڵام هەڵیانگـرت و پێیـەوە پابەنـد نەبوون.

﴿كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارًاۢ﴾، وەک کەرێـک وایـە بارێکـی کتێـب لێنرابـن، ئەمـە دوو ئامانـج دەپێکـێ:

یەکەم: ئەی جوولەکەکان! خۆتان بە ئەوەوە هەڵمەکێشن کە خاوەن کتێبن، خاوەنی تەوراتن، چونکە پێیەوە پابەند نەبوون.

دووەم: هۆشدارییدانیشە بە مسوڵمانان کە ئێوەش ئەی مسوڵمانینە! خوا پێغەمبەری کۆتایی لەنێوتاندا ناردوە، بە تایبەت گەلی عەرەب و، دوایی ئەو گەلانەی دیکە کە لە ئیمان هێنان دا بەوان پەیوەست دەبن و بە هەموویان ئۆممەتی ئیسلام پێکدێنن، وریا بن ئەی ئۆممەتی ئیسلام! وەک ئۆممەتە پێشووەکان مەکەن، ئێوە سەروەری پێغەمبەران (**علیه وعَلَیْهِمُ الصَّلاةُ وَ السَّلام**)، و دوایین فەرماییشتی خواو، تەواوترین فەرمایشتی خوا لەو ڕووەوە کە پەیوەندیی بە مرۆڤانەوە هەیە، چونکە خوا فەرمایشتەکانی دیکەی بۆ قۆناغێکی دیارییکراو، بۆ گەلێکی دیارییکراو، بۆ کاتێکی دیارییکراو فەرموو بوون، ئەگەر تەورات بوو، ئەگەر صوحوفی ئیبراهیم بوو، ئەگەر زەبووری داوود بوو، ئەگەر ئینجیلی عیسا بوو، ئەگەر کتێبەکانی دیکە بوون، بەڵام قورئانی وەک دوا فەرمایشتی خۆی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی فەرمووە لە هەموو کۆمەڵگایەکاندا، بە درێژایی ڕۆژگارو، بە پانایی زەمین، بۆیە ئەو فەرمایشتەی کە کۆتایین فەرمایشتە، گشتگیرترەو چارەسەری هەموو کێشەکانی مرۆڤایەتیی تێدا دانراوەو، وەڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤایەتیی تێدا ڕەچاو کراوە، ئێوەش وەک جوولەکەکان مەکەن پەند لەوان وەربگرن، نەچن پێتان وابێ کە هەر پێدرانی کتێب بۆ خۆی تەواوە، بەڵکو دەبێ ئەو کتێبە کاری پێ بکرێ و لێی بەهرەمەند بن، ئنجا مانای وایە هەقی هەڵگرتنی ئەو کتێبەتان داوە.

٢)- ﴿بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ﴾، خراپترین وێنە، وێنەی کۆمەڵێکە کە ئایەتەکانی خوایان بە درۆ داناون، ﴿بِئۡسَ﴾، کرداری سەرزەنشتە (**فِعْلُ الذَّمْ**)ە، وەک (سَاءَ)، یانی: (**سَاءَ حَالُ الَّذِیْن كَذَّبُوا بِئَايَاتِ الله**)، خراپترین حاڵ حاڵی ئەو کۆمەڵەیە، کە ئایەتەکانی خوایان بە درۆ دانان.

٣)- ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾، خواش کۆمەڵی ستەمکاران بە ئامانج ناگەیەنێ، لێرەدا هیدایەت بە مانای ڕێ پێشاندان نیە، چونکە خوا ڕێی پێشانی هەموویان داوە، بەڵکو لێرەدا هیدایەت بە مانای ڕاستە ڕێکردن و بە ئامانج گەیاندنە، خوا کۆمەڵی ستەمکاران بە ئامانج ناگەیەنێ، چونکە ئەوان ئامادە نەبوون ئەو ڕێیە ڕاستەی خوا پێشانی داون بیگرنەبەر، لێرەدا پرسیارێک دەکرێ: بۆچی خوا ﷻ لەنێو هەموو ئاژەڵاندا وێنەی بە کەر هێناوەتەوە؟

(**فخـر الديـن الـرازي**) کـە هەندێـک جـار تێبینیـی و سـەرنجی وردی هـەن، لـە تەفسـیرەکەی خـۆی (**التفسير الكبير**)دا[1]، کـە بـە (**مفاتيح الغيب**)یـش، نـاسراوە دەڵـێ: لەبـەر پێنـج هـۆکاران خـوای کاربەجـێ لێـرەدا نموونـەی بـە کـەر هێناوەتـەوە، لەنێـو هەمـوو ئاژەڵەکانـدا، نـە ئەسـپ و نـە بارگیـن و نـە هێسـترو نەفیـل و نـە گاو ...هتـد:

یەکەم: لەبەر ئەوەی کەر لە بارهەڵگرتندا باوترە، واتە: کەر هەم ئاژەڵێکی جیهانییە لە هەموو شوێنەکانی دنیادا هەیەو، باوتریشە بۆ بارهەڵگرتن.

دووەم: لەبەر ئەوەی ئەو کەودەنییەی لە کەردا هەیە، لە ئاژەڵی دیکەدا نیە، کەر بۆ خۆی وێنەی پێ دەهێنرێتەوە بە نەفامیی و، ئەگەر بویسترێ کەسێک زۆر بە نەفام و کەودەن دابنرێ، دەگوترێ: فڵانکەس دەڵێی کەرە، یان کەرە، یان کەرایەتیی هەیە.

سێیەم: لەبەر ئەوەی گوێدرێژ (کەر)، لە هەموو ئاژەڵەکانی دیکە دەستەمۆترە منداڵێک دەتوانێ باری لێبنێ و زۆر ملکەچە.

چوارەم: لەبەر ئەوەی بارلێنانی کەر ئاسانترە لە بارلێنانی ئەسپ و ئێسترو مایین و گاو فیل و ئەوانە، کەر ئاسانتر بار دەکرێ گەورە بچووک دەتوانێ باری بکەن.

پێنجەم: ڕەچاو کردنی پێکەوە گونجاویی بێژەکان ئەویش یەکێکە لە ڕووەکانی ڕەوانبێژیی، لێرەشدا وشەی: ﴿أَسۡفَارَۢا﴾، لەگەڵ (**حِمار**)دا، دێتەوەو ئاوازەکەیان پێکەوە گونجاوە.

---

(١) ج٢٦، ص٦.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ بِئْسَ مَثَلُ ٱلْقَوْمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُوا۟ بِـَٔايَـٰتِ ٱللَّهِ ﴾، (الزمخشري) دەڵـێ: ماناکـەی ئاوایـە: وێنـەی خراپتریـن کۆمـەڵ، وێنـەی ئـەو کۆمەڵەیـە کـە ئایەتەکانـی خوایـان بـە درۆ دانـاوە.

هەندێکیـش دەڵێـن: خراپتریـن وێنـە ئـەو وێنەیـە، کـە ئێمـە بـۆ ئـەو کۆمەڵـەی ئایەتەکانـی خوایـان بـەدرۆ دانـاوە، هێناومانەتـەوە.

وشـەی: ﴿ ثُمَّ ﴾، کـە دەفەرمـوێ: ﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا ﴾ (للتَّراخِـي الرُّتْبِـيّ)، بـۆ بەدواداهاتنـی پلـە پلەییـە، چونکـە ئـەوە کـە پابەنـد نەبـوون بـە تەوراتـەوە، زیاتـر جێـی سەرسـوڕمانە لـە هەڵگرتنـی تـەورات و لـە پێسـپێردرانی تـەورات، پێسـپێردرانی تـەورات گرنگـە، بـەڵام ئـەوە کـە هەڵیاننەگرتـوەو پێیـەوە پابەنـد نەبـوون گرنگـترەو زیاتـر جێـی سەرسـوڕمانە، ئەلزەمەخشـەریی لـە هەندێـک لـە زانایانـەوە لـە بـارەی ئـەم ئایەتـە موبارەکـەوە دەڵێ: خـوا ﷻ لـە سـێ ئایەتـی ئـەم سـوورەتە موبارەکـەدا، جوولەکەکانـی بـەدرۆ خسـتوونەوە:

یەکەم: شانازییانکرد بەوەوە کە ئەوان دۆستانی خوان لە نێو هەموو خەڵکداو خۆشەویستانی خوان، خواش ﷻ فەرمووی: ﴿ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٦﴾ ﴾، مردن بە ئاوات بخوازن، ئەگەر ڕاست دەکەن دۆست و خۆشەویستی خوان، لە نێو هەموو مرۆڤایەتیی دا نابێ لە مردنێ بترسێن، بەڵکو دەبێ بە دوایدا عەوداڵ بن و بگەڕێن.

دووەم: شانازییان دەکردو دەیانگوت: ئێمە خاوەن کتێبین، بەڵام خەڵکی دیکە کتێبی نیە، خواش ﷻ تەشبیهی کردن بە کەرێکەوە کە بارێکی کتێبی هەڵگرتبێ، واتە: بەڵێ: ئێوە خاوەن کتێبن، بەڵام کار بە کتێبەکانتان ناکەن، لە بواری بڕوا هێنان بە پێغەمبەری کۆتاییدا ﷺ هەڵبەتە هەر لە پێش ئەوەشدا لادان و هەڵەو پەڵەتان زۆر بوو، بەڵام ئەو هەڵەیان لە هەموو هەڵەکانی دیکەیان گەورەتر بوو کە ئەصڵەن بە قسەی مووساشیان

(عليه السلام) نەکرد، هەروەک نەصرانییەکانیش بە قسەی عیسایان نەکرد، مووساو عیسا (**عَلَيْهِمَا الصَّلاةُ وَالسَّلام**)، هەواڵیاندابوو کە لە دوای ئەوان پێغەمبەری کۆتایی دێ و، دەبێ بڕوای پێبێنن و شوێنی بکەون.

سێیەم: شانازییان بەوەوە دەکرد کە ئەوان ڕۆژی شەممەیان هەیە هەروەک نەصرانییەکانیش ڕۆژی یەکشەمیان هەیە، خواش (جل جلاله) ڕۆژی جومعەشی بۆ مسوڵمانان دانا، لە بەرامبەر شەممەی جوولەکان و یەکشەممەی نەصرانییاندا.

ئنجا خوا (جل جلاله) بە پێغەمبەری خاتەم (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێ:

٤)- ﴿قُلْ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ ﴿٦﴾﴾، بڵێ: ئەی ئەوانەی بوونە جوولەکە، ﴿ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ﴾، یانی: (**الَّذِيْن صَارُوْا يَهوداً**)، یاخود: ﴿ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ﴾، (**الَّذِيْن تَابُوا**)، ئەوانەی کاتی خۆی (باب و باپیرانتان) گەڕاونەوە بۆ لای خوا، لە سوورەتی (**الأعراف**)دا، دەفەرموێ: ﴿إِنَّا هُدْنَآ إِلَيْكَ ﴿١٥٦﴾﴾، ئێمە گەڕاینەوە بۆلات، بەڵام (**هَادُوا**)، دیسان یانی: ئەوانەی بوونە جوولەکە بڵێ: ئەی ئەوانەی بوونە جوولەکە! یان ئەی ئەوانەی کاتی خۆی (باب و باپیرانتان) گەڕاونەوە بۆ لای خوا!

٥)- ﴿إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَآءُ لِلَّهِ مِن دُونِ ٱلنَّاسِ﴾، ئەگەر پێتان وایە ئێوە دۆستانی خوان لە نێو هەموو خەڵکدا، جیا لە خەڵک، ئێوە دۆستانی خوان، واتە: لە نێو هەموو مرۆڤایەتییدا تەنها ئێوە دۆست و خۆشەویست و نیزیکی خوان، چونکە جوولەکەکان ئەو لافەیان لێدەدا، هەروەها نەصرانییەکانیش وەک خوا (جل جلاله) لە سوورەتی (**المائدة**)دا، لێی گێڕاونەوە: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ وَٱلنَّصَـٰرَىٰ نَحْنُ أَبْنَـٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّـٰٓؤُهُۥ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ ﴿١٨﴾﴾، جوولەکەکان و نەصرانییەکان گوتیان: ئێمە دۆستانی خواو خۆشەویستانی خواین (خوا دەفەرموێ:) بڵێ: ئەدی بۆچی بە هۆی گوناهەکانتانەوە سزاتان دەدا، کە بە دانپێداهێنانی خۆیان بە تایبەت لە پەیمانی کۆندا زۆر هاتوە کە خوا سزای جوولەکەکانی داوە لەسەر گوناهەکانیان، ئنجا ئەگەر دۆست و خۆشەویستی خوان، بۆچی خوا سزاتان دەدا؟ لێرەش دەفەرموێ: ئەی

موحەممەد ﷺ! پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە پێتان وایە، گومانتان وایە، وا خەیاڵ دەکەن، کە دۆستانی خواو نیزیکانی خوان لە نێو هەموو مرۆڤایەتییدا.

٦)- ﴿فَتَمَنَّوُا ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ﴾، ئەگەر ئێوە لە ڕاستانن، مردن بە ئاوات بخوازن، (**الطبري**)، مانای ئەم ڕستەیەی ئاوا هێناوە: ﴿فَتَمَنَّوُا ٱلْمَوْتَ﴾، دەڵێ: (**فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ لِتَسْتَرِيحُوا مِنْ كَرْبِ الدُّنْيَا وَهُمُومِهَا وَغُمُومِهَا، وَتَصِيرُوا إِلَى رَوْحِ الْجِنَانِ وَنَعِيمِهَا بِالْمَوْتِ**)، واتە: مردن بە ئاوات بخوازن، تاکو ئاسوودەبن و دەربازبن، لە خەم و خەفەت و گرفتارییەکانی ژیانی دنیاو، بچن بۆ نێو نازو نیعمەتی باخەکانی بەهەشت بەهۆی مردنەوە.

خواش ﷻ پێشوەختە هەواڵ بە پێغەمبەر دەداو دەفەرموێ:

٧)- ﴿وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُۥٓ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ﴾، هەرگیزیش مردن بە ئاوات ناخوازن، بەهۆی ئەوەوە کە دەستەکانیان پێشیان خستوە، ئەوەی دەستەکانیان پێشیان خستوە لە گۆڕینی کتێبی خواو کوفرو شیرک و ستەم و تاوان و خراپەکاریی، بە تایبەت ئەو بێبڕوایی و ستەم و خراپەیەی بەرجەستە بووە لە بڕوا نەهێنانیان دا بە پێغەمبەری کۆتایی، دوا پێغەمبەری خواو هەڵگری دوا پەیامی خوا، خوا ﷻ تەعبیرێکی هێناوە زۆر گشتگیر بێ، بۆ هەموو ئەوانە.

٨)- ﴿وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾، خواش بە ستەمکاران زانایە، ئەو ستەمکارانەی هەموو ئەو جۆرە ستەمانەیان لە خۆیاندا کۆکردوونەوە، کاتی خۆی ئەزیەتدانی مووسا عليه السلام، بە نسبەت باب و باپیرانیان، ئنجا گۆڕینی کتێبی خوا بۆ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندییە ناشەرعییەکانی خۆیاندا بیگونجێنن، دوایی ئەو هەموو ستەم و خراپەو لادان و تاوانەی لە نێو خۆیانداو لە نێو خەڵکدا کردوویانە، کە کۆتاییەکەشیان بریتی بوو لە دژایەتییان بۆ پێغەمبەری کۆتایی ﷺ و، بوونە پەرچ لە ڕێی پەیامەکەیداو فێڵ و پیلان گێڕان لە دژی.

لە کۆتایی دا خوا دەفەرموێ:

٩)- ﴿ قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ﴾، پێیان بڵێ: ئەو مردنەی لێی ڕادەکەن، هەر پێتان دەگات.

١٠)- ﴿ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ﴾، بەدڵنیایی پێگەیشتوو و پێوە پەیوەستتانە، (ف)، لێرەدا بۆ سزا (جزاء)یە چونکە (الَّذِي)، مانای مەرج دەگەیەنێ و جەزا دەخوازێ، ﴿ قُلْ إِنَّ ٱلْمَوْتَ ٱلَّذِى تَفِرُّونَ مِنْهُ ﴾، بڵێ: ئەو مردنەی لێی ڕادەکەن، ﴿ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ﴾، یانی: (إِنْ فَرَرْتُم، فَإِنَّهُ مُلاَقِيكُم)، ئەگەر لێی ڕابکەن ئەوە بەدڵنیایی دەتانگرێ و پێگەیشتووی ئێوەیە.

١١)- ﴿ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ ﴾، دوایی دەگێردرێنەوە بۆ لای زانای پەنهان و ئاشکرا، ئنجا کە دەگەڕێنەوە بۆ لای خوایەک ﷻ کە پەنهانیش وەک ئاشکرا دەزانێ، ئەو کاتە:

١٢)- ﴿ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴾، ئنجا هەواڵتان پێدەدا بەوەی کاتی خۆی ئەنجامتانداوەو کردووتانە، کە هەواڵیشی پێدان، مانای وایە سزایان دەدا لەسەر خراپەکانیان، هەروەک چۆن ئەگەر چاکەیان هەبن، پاداشتیان دەداتەوە، بێگومان لەسەر خراپەکانیشیان سزایان دەدا، لێرەدا ئەم ئایەتە موبارەکە، شێوەی ئایەتی ژمارە (٩٦)ی، سوورەتی (البقرة) دەکات کە دەفەرموێ: ﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمْ أَحْرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٍ وَمِنَ ٱلَّذِينَ أَشْرَكُوا۟ يَوَدُّ أَحَدُهُمْ لَوْ يُعَمَّرُ أَلْفَ سَنَةٍ وَمَا هُوَ بِمُزَحْزِحِهِۦ مِنَ ٱلْعَذَابِ أَن يُعَمَّرَ وَٱللَّهُ بَصِيرٌۢ بِمَا يَعْمَلُونَ ﴿٩٦﴾ ﴾، واتە: جوولەکەکان دەبینی لە هەموو کەس سوورترن لەسەر ژیان، هەر جۆرە ژیانێک بێ، تەنانەت لەوانەش کە هاوبەشیان بۆ خوا داناوە، یەکێکیان بە ئاوات دەخوازێ کە هەزار ساڵ بژیی، ئەگەر هەزار ساڵیش بژیی، ئەوە لادەری نابێ لە سزای خوا ﷻ و، خوا بینەری ئەوەیە کە دەیکەن.

شایانی باسە: لە سووڕەتی (البقرة)دا، دەفەرموێ: ﴿ وَلَن يَتَمَنَّوْهُ ﴾، بەڵام لێرە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُۥٓ ﴾، ئەگەر سەرنج بدەین، بۆمان دەردەکەوێ

بۆچی و هۆکاری چییە کە لەوێ بە (لن)، هێناویەتی و لێرە بە (لا)ی لابردن (نفي) لەوێ دەفەرموێ: ﴿ قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ الدَّارُ الْآخِرَةُ عِندَ اللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ ﴿٩٤﴾ ﴾، (ئەی موحەممەد ﷺ!) پێیان بفەرموو: ئەگەر مەنزڵگای کۆتایی لە لای خوا، تایبەتە بە ئێوەوە، جیا لە هەموو خەڵک، (مەنزڵگای کۆتایی، واتە: بەهەشت) ئەگەرلە ڕاستانن مردن بە ئاوات بخوازن، ﴿ وَلَن يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ﴾، هەرگیزیش بە ئاواتی ناخوازن بەهۆی ئەوەوە کە دەستەکانیان پێشیان خستوە، ﴿ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴿٩٥﴾ ﴾، خواش زانایە بە ستەمکاران، لەوێ بە وشەی (لن)، هێناویەتی واتە: هەرگیز ئەو مردنە بە ئاوات ناخوازن، بەڵام لێرە دەفەرموێ: ﴿ وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ ﴿٧﴾ ﴾، جیاوازیی (لن)یش لەگەڵ (لا)، ئەوەیەکە هەردووکیان بۆ لابردنن، بەڵام (لن)، جەختکردنەوەی زیاتری تێدایە، واتە: هەرگیز مردن بە ئاوات ناخوازن، زانایان دەڵێن: ئەو جیاوازییەش (لن)، لە سوورەتی (البقرة)داو (لا)، لە سوورەتی (الجمعة)دا، حیکمەتەکەی ئەوەیە لە سوورەتی (البقرة)دا، خوا ﷻ لە سیاقێکدا ئەوەی هێناوە کە باسی کۆمەڵێک لە خراپەکاریی گەلی جوولەکە دەکات، ڕەوتەکە لەوێ بەمجۆرەیە: ﴿ وَقَالُوا قُلُوبُنَا غُلْفٌ بَل لَّعَنَهُمُ اللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَقَلِيلًا مَّا يُؤْمِنُونَ ﴿٨٨﴾ وَلَمَّا جَاءَهُمْ كِتَابٌ مِّنْ عِندِ اللَّهِ مُصَدِّقٌ لِّمَا مَعَهُمْ وَكَانُوا مِن قَبْلُ يَسْتَفْتِحُونَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا فَلَمَّا جَاءَهُم مَّا عَرَفُوا كَفَرُوا بِهِ فَلَعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الْكَافِرِينَ ﴿٨٩﴾ بِئْسَمَا اشْتَرَوْا بِهِ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ اللَّهُ مِن فَضْلِهِ عَلَىٰ مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ فَبَاءُوا بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ وَلِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٩٠﴾ وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ قَالُوا نُؤْمِنُ بِمَا أُنزِلَ عَلَيْنَا وَيَكْفُرُونَ بِمَا وَرَاءَهُ وَهُوَ الْحَقُّ مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَهُمْ قُلْ فَلِمَ تَقْتُلُونَ أَنبِيَاءَ اللَّهِ مِن قَبْلُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ

﴿٩١ وَلَقَدْ جَآءَكُم مُّوسَىٰ بِٱلْبَيِّنَٰتِ ثُمَّ ٱتَّخَذْتُمُ ٱلْعِجْلَ مِنۢ بَعْدِهِۦ وَأَنتُمْ
ظَٰلِمُونَ ﴿٩٢﴾ وَإِذْ أَخَذْنَا مِيثَٰقَكُمْ وَرَفَعْنَا فَوْقَكُمُ ٱلطُّورَ خُذُوا۟ مَآ
ءَاتَيْنَٰكُم بِقُوَّةٍ وَٱسْمَعُوا۟ ۖ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَأُشْرِبُوا۟ فِى قُلُوبِهِمُ
ٱلْعِجْلَ بِكُفْرِهِمْ ۚ قُلْ بِئْسَمَا يَأْمُرُكُم بِهِۦٓ إِيمَٰنُكُمْ إِن كُنتُم
مُّؤْمِنِينَ ﴿٩٣﴾﴾

ئنجا دوایی خوا دەفەرموێ: ﴿قُلْ إِن كَانَتْ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلْءَاخِرَةُ عِندَ
ٱللَّهِ خَالِصَةً مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُا۟ ٱلْمَوْتَ إِن كُنتُمْ صَٰدِقِينَ ﴿٩٤﴾ وَلَن
يَتَمَنَّوْهُ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٩٥﴾﴾.

کەواتە: لە (**البقرة**)دا (**لن**) لە سیاقێکدا هاتوە کە خراپەکاریی و ستەم و لادانەکانی گەلی جوولەکەی زۆر باسکردوە، ئنجا کۆمەڵێک خاوەنی ئەو هەموو لادان و تاوان و خراپەکاریيانە بن، بێگومان هەرگیز مردن بە ئاوات ناخوازن.

بەڵام لێرەدا لە سوورەتی (**الجمعة**)دا، بۆیە وشەی (**لا**)، هاتوە، چونکە زۆر لە خراپەکارییەکانیان باس نەکراون، لە کتێبی خواش دا کاتێک پیتێک، وشەیەک بە پیتێک یان وشەیەکی دیکە بگۆڕدرێ و لە شوێنی دابنرێ، بێگومان بێ نهێنیی و حیکمەت نیە.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أَشهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنتَ، أَستَغفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيكَ.

دەرسی دووەم

پێناسەی ئەم دەرسە

ئـەم دەرسـەمان لـە سـێ ئایەتـی کۆتایـی سـوورەتی (**الجمعـة**) پێـک دێ، ئایەتەکانـی (٩ - ١١)، لـەو سـێ ئایەتـە موبارەکـەدا، خـوا ﷻ بانگـی بـڕواداران دەکات، کـە هـەر کاتێـک بانگکـران بـۆ نوێـژی جومعـە، لـە ڕۆژی جومعـەدا بـە گـورج و گۆڵیـی و خێرایـی و گرنگیـی پێدانـەوە بـەرەو یـادی خـوا بچـن، ئـەوە بـۆ ئێـوە باشـترە ئەگـەر بزانـن.

دواییـش دەفەرمـوێ: هـەر کات نوێژەکـە تـەواو بـوو، بـە زەویـدا بـڵاو بـن و بـڕۆن و لـە بەخششـی خـوا داوابکـەن، واتـە: وەک جوولەکـەکان مەکـەن، ڕۆژی شـەممە کـە ڕۆژی پشـوودانیانە، هیـچ کارێکـی تێـدا ناکـەن، بەڵکـو ئێـوە تاکـو بانـگ دەدات، بۆتـان هەیـە خەریکـی کڕیـن و فرۆشـتن و کارو کاسـبیی بـن و دوای نوێژەکـەش دیسـان دووبـارە تێهەڵبچنـەوەو دەسـت بـەکار بنـەوە.

ئنجا باسـی ڕووداوێـک دەکات کـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ ڕۆژێـک لـە حاڵێـک دا لەسـەر مینبـەر وتـاری داوە، کاروانێکـی بازرگانیـی هاتۆتـەوە، خەڵکیـش ماوەیـەک بـووە چاوەڕێـی هاتنـەوەی ئـەو کاروانـە بـوون، لەبـەر ئـەوەی زادو زەخیـرەو پێداویسـتییەکانی پـێ بـوون و لەشـامەوە گەڕاوەتـەوە، ئیـدی بەپێـی ئـە ڕیوایەتانـە کـە دوایـی دەیانهێنیـن، گوایـە تەنیـا دوازدە کـەس لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ ماونـەوەو، ئەوانـی دیکـە بـەرەو ڕووی کاروانەکـە چـوون، کـە تەپـڵ و دەف و گۆرانیشـی لەگەڵـدا بـووە.

﴿ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٩﴾ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ

فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ
﴿١٠﴾ وَإِذَا رَأَوۡاْ تِجَٰرَةً أَوۡ لَهۡوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗاۚ قُلۡ مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ مِّنَ
ٱللَّهۡوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِۚ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴿١١﴾ ﴾.

مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان

{ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کات لـە ڕۆژی هەینییـدا، بانگکـرا بـۆ نوێژ، بـە خێرایـی بـەرەو یـادی خـوا بچـن و، واز لـە کڕیـن و فرۆشـتن بێنـن، ئـا ئەوەتـان بـۆ ئێـوە باشـترە ئەگـەر بزانـن ﴿٩﴾ ئنجـا هـەر کات نوێـژ تـەواو بـوو، کۆتایـی پێهێـنرا، بـە زەویـدا بڵاوببنـەوەو لـە بەخششـی خـوا بخـوازن (کارو کاسـبیی بکـەن)، زۆریـش یـادی خـوا بکـەن، بەڵکـو سـەرفرازو بـە مـراد گەیشـتووبن ﴿١٠﴾ کاتێکیـش (مسـوڵمانان) بازرگانیـی و لەهوویـان بینـی، یەکسـەر بـەرەو لای پـرژان و تۆیـان بەپێـوە لەسـەر مینبـەر بەجێهێشـت (لـە گەرمـەی وتاردانـدا، کـە کارێکـی بێجـێ بـوو) بڵـێ: ئـەوەی لـەلای خوایـە باشـترە لـە لەهـوو (لـە خافڵان) و بازرگانییـش و، خـواش باشـترینی بژیـو دەرانـە ﴿١١﴾}.

شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان

(نُودِیَ): یانی: (أُذِنَ)، واتە: بانگکرا، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی لەبانگدرانە، بانگدرا.

(ٱلْجُمُعَةِ): کە بە (جُمَع وَجُمُعَات)، کۆدەکرێتەوە، ناوی ئەو ڕۆژەیە لە هەفتەدایەو لە پێش شەممەوە دێ و، لە دوای پێنج شەممە دێ، واتە: ڕۆژی کۆبوونەوە.

(فَٱسْعَوْاْ): (السَّعِي: الإِشْتِدَادُ فِي المَشِي، وَأُطْلِقَ هُنَا عَلَى المَشِي بِحِرْصٍ)، (سَعِي): بە مانای خێرا ڕۆیشتنە، بەڵام لێرەدا بەکارهێنراوە بۆ ڕۆیشتنێکی بە گرنگیپێدانەوەو، ڕۆیشتنێک ئەو کەسەی دەڕوا سووربێ لەسەر ئەوەی بۆ ئەو ئامانجەی بۆی دەچێ، پێی بگات، ﴿ وَٱبْتَغُواْ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ ﴾: (فَضْلِ): بە مانای بەخششە، بەڵام لێرەدا مەبەست لەو بەخششە بژیویکە کە پەیدا دەکرێ، خوا بژیوو ماڵ و سامانێک کە بەهۆی کڕین و فرۆشتن و کارو کاسبییەوە پەیدا دەکرێ ناوی لێناوە: (فَضل)، یانی: ئەوە بەخششی خوایە.

(تِجَـٰرَةً): وشەی (تِجَارة)، پێشتریش باسمانکرد، (تِجَارة)، بە کوردیی دەڵێین: بازرگانیی، کە بریتییە لە دەستکارییکردنی دەستمایە بۆ بەدەستهێنانی قازانج، (التَّصَرُّفُ فِي رَأْسِ المَال لِنَيْل الرِّبْح).

(لَهْوًا): بە مانای خافڵان دێ، (أَلْهَاهُ أي: شَغَلَهُ)، واتە: خافڵاندی، هەر شتێک خەڵک پێی بخافڵێ، پێی دەگوترێ: (لَهو)، بەڵام لێرە (لَهو)، یانی: تەپڵ و دەف، چونکە خەڵکی مەدینە عادەتیان وابووە کە کاروان گەڕاوەتەوە، یان بۆنەیەکیان بووبێ، وەک ژنهێنان و بووک گواستنەوە، هەروەها لە جەنگدا تەپڵ و دەفیان لێداوە، لێرەش مەبەست پێی تەپڵ و دەف لێدانە، بۆ گەڕانەوەی کاروانە بازرگانییەکەیان.

هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان

ئـەو ئایەتـە موبارەکـەی دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا رَأَوْاْ تِجَـٰرَةً أَوْ لَهْوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمًا ﴾، لـەو بـارەوە چەنـد ڕیوایەتێـک هاتـوون، بـەڵام ئێمـە ئەوەمـان زیاتـر هەڵبـژاردوە:

{عَـنْ جَابِـرِ بْـنِ عَبْـدِ اللَّـهِ رضي اللـه عنهـما، قَـالَ: بَيْنَـمَا نصـلّي مـع النَّبِـيُّ ﷺ، إذ أقبلـتْ عِـيرٌ تحمِـلُ طعامـاً، فالتفتـوا إليهـا حَتَّـى مـا بقـي مـع النبـيِّ إلَّا اثْنَـا عَـشَرَ رَجُـلًا، فَأَنْـزَلَ اللَّـهُ: ﴿ وَإِذَا رَأَوْاْ تِجَـٰرَةً أَوْ لَهْوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمًا ﴾، رواه البخاري: ٤٨٩٩، ومسـلم: ٨٦٣، والطـبري: (٢٨،٦٨)، والطحـاوي في (مشـكل الآثـار): ١٤٩٠}[1].

واتـە: جابیـری کـوڕی عەبدوڵـڵا (خـوا لـە خـۆی و بابـی ڕازی بـێ)، دەڵـێ: لـە کاتێکـدا ئێمـە لەگـەڵ پێغەمبـەری خـوادا ﷺ نوێژمـان دەکـرد. کاروانێـک خـواردنی پێبـوو گەڕایـەوە (واتـە: ئـەو کاروانـەی خەڵکـی مەدینـە چاوەڕوانییـان دەکـرد، لـە شـام بگەڕێتـەوە)، ئیـدی یەکسـەر خەڵکەکـە بـە پەلـە بـەرەو ڕووی چـوون، هەتـا تەنیـا دوازدە پیـاو لـە خزمـەت پێغەمبـەردا ﷺ مانـەوە، خـواش ئـەوەی دابەزانـد: ﴿ وَإِذَا رَأَوْاْ تِجَـٰرَةً أَوْ لَهْوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمًا ﴾.

لەوبـارەوە وێـڕای ئـەم گێڕراوەیـە، چەنـد گێڕراوەیەکـی دیکـەش هاتـووە، بـەڵام سـەنەدەکەیان بێهێـزەو، جێـی پشـت پێبەسـتن نیـن.

(١) الإستعاب في بيان الأسباب، ج٣ ص٤٠٧.

مانای گشتیی ئایەتەکان

بەڕێـــزان!

ئـەم سـێ ئایەتـە موبارەکـە (٩ - ١١)، خـوا ﷻ تێیانـدا باسـی یـەک بابـەت دەکات، ئەویـش بریتیـە لـە نوێـژی جومعـە، سـەرەتا دەفەرمـوێ: ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کاتێـک لـە ڕۆژی جومعـەدا بانگکـرا بـۆ نوێـژ بەخێرایـی بچـن، (بەخێرایـی بچـن) هەندێـک لـە زانایـان گوتوویانـە: لێـرەدا مەبەسـت ئەوەیـە: سـووربن لەسـەر ئـەوەی لـە کاتـی خۆیـدا بگەنـە ئـەو شـوێنەی بـۆی دەچـن، چونکە لـە فەرمایشـتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتـوە - وەک دوایـی دەیهێنیـن - کـە پێغەمبـەری خـوا ڕێگریـی کـردوە لـەوەی بـە شـێوەی پەلـە کـردن و خێرایـی (سَعِي)، بـەرەو نوێـژ هەنـگاو بنرێ و، مـرۆڤ بـە زۆر پەلەکـردن و خێراکـردن بـەرەو نوێـژ بچـێ.

بـەڵام پێـم وایـە: وشـەی (سَعِي)، هـەم بـە مانـای زۆر پەلەکـردن و، هـەم بـە مانـای بـاش ڕۆیشـتنیش بـێ و، ئایەتەکـەش مەبەسـت پێـی ئەوەیـە: بـاش بـڕۆن، واتـە: بـە مـردە لۆخەیـی مـەڕۆن، وا بـڕۆن گـورج و گۆڵانـە بـۆی بچـن.

هەندێـک لـە زانایانیـش وەک دواتـر لـە مەسـەلە گرنگەکانیشـدا بـاس دەکەیـن، گوتوویانـە: لێـرەدا وشـەی (سَعِي)، مەبەسـت پێـی نیـازو مەبەسـتی نێـو دڵـە، واتـە: بـە دڵ و دەروون و بـە هاندەرێکـی دەروونیـی و، وەدەسـتهێنانی پاداشـتی خـوا بچـن.

﴿ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ ﴾، بـەرەو یـادی خـوا، واتـە: چ نوێژەکـە، چ گوێگرتـن لـە وتارەکـە، چ زیکـرو تەسـبیحات و پاڕانـەوەکان، هەموویـان دەگرێتـەوە، ﴿ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَ ﴾، وازیـش لـە کڕیـن و فرۆشـتن بێنـن، دەسـتی لێهەڵبگـرن، ﴿ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾، ئـا ئەوەتـان بـۆ ئێـوە باشـترە ئەگـەر بزانـن، ئەگـەر

زانیارییتـان هەبـێ، بێگومـان دەسـتهەڵگرتن لـە کڕیـن و فرۆشـتن و، ڕۆیشـتن بـە خێرایـی و جیددیـی بـەرەو یـادی خـوا (**ذکر الله**) ئنجا یـادی خوایەکـەش: نوێژەکەیە، دوو وتارەکانـن، یاخـود بـەس بانگەکەیـە، یـان هەموویانـن وێکـڕا بـەرەو هەمـووی بچـن، خـوا ﷻ وشـەیەکی بەکارهێنـاوە، هەمـووی بگرێتـەوە، ئەگـەر زانیارییتـان هەبـێ، دەزانـن ئـەوە باشـترە بـۆ ئێـوە.

﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ ﴾،
ئنجا هـەرکات نوێژەکـە کـرا بـە زەویـدا بڵاوبنـەوەو لـە بەخشـش خـوا بخـوازن، ئایا لەبـەر ئـەوەی ڕۆژی جومعەیـەو نوێـژی جومعـەی تێـدا دەکـرێ، جومعەکـەش بریتیـە لـە دوو ڕکات نوێـژو پاشـانیش، دوو وتـار دەدرێـن لەسـەر ڕای زۆربـەی زانایـان و هەندێکیـان دەڵێـن: یـەک وتاریـش هـەر تـەواوە، وەک دوایـی کورتـە باسێک دەکەیـن لـە بـارەی جومعـەوە، ئایـا لەبـەر ئـەوەی ڕۆژی جومعەیـە، دەبـێ دوای نوێژیـش هـەر بمێننـەوە لـە مزگـەوت؟ نەخێـر، هـەر کات نوێژ تەواو بـوو، نوێژ تەواوکـرا، بـە زەویـدا بـڵاو ببنـەوەو، لـە بەخششـی خـوا داوا بکـەن، واتـە: دووبـارە بگەڕێنـەوە بـۆ پەیداکردنـی بژیـوی حـەڵاڵ و کارو کاسـبیی کـردن، ﴿ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾، زۆریـش یـادی خـوا بکـەن، بەڵکـو سـەرفرازبن، واتـە: یەکسـەر دوای نوێـژو تاعەتەکەتـان، بچنـەوە بـۆ کارو کاسـبیی، بـەڵام بـێ ئـاگا مەبـن لـە یـادی خـواو لـە گەرمـەی کارو کاسبییشـدا، زۆر یـادی خـوا بکـەن بـۆ ئـەوەی سـەرفرازبن.

لـە کۆتایـی دا خوا دەفەرمـوێ: ﴿ وَإِذَا رَأَوۡاْ تِجَٰرَةً أَوۡ لَهۡوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗا ﴾، کاتێکیـش بازرگانیـی و لەهوویـان بینـی، واتـە: ئەو تەپڵ و دەفـەی لێدراوەو لەگـەڵ کاروانـی بازرگانییەکـەدا بـووە، ﴿ ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا ﴾، زۆر بـە خێرایـی بـەرەو لای ئـەو کاروان و تەپـڵ و دەف و لەهـووە پـرژان، ﴿ وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗا ﴾، تۆشـیان بەپێـوە بەجێهێشـت، وا دیـارە پێغەمبـەری خـوا ﷺ بەپێـوە وتـاری داوە، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر ئـەوە کـە وتـاردان بـە تایبـەت هـی جومعـە، دەبـێ بەپێـوە بـێ،

﴿ قُلْ مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ مِّنَ ٱللَّهْوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِ ﴾، بڵێ: ئەوەی لە لای خوایە باشترە لە لەهوو (ئەو شتەی خەڵک پێیەوە دەخافڵێ، یان لێرەدا مەبەست پێی تەپڵ و دەفن کە لێ دەدرێ) هەروەها یادی خوا لە بازرگانییەکەش باشترە، ﴿ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾، خواش باشترینی بژیوودەرانە.

مەسەلە گرنگەکان

مەسەلەی یەکەم:

فەرمانکردنی خوا بە بڕواداران، کە کاتێک لە ڕۆژی جومعەدا بانگ دەدرێ بۆ نوێژ، بە خێرایی یاخود بەجیددیی بچن بەرەو یادی خواو، واز لە کڕین و فرۆشتن بێنن و، پێڕاگەیاندنیان کە ئەوە بۆ ئەوان چاکترە، ئەگەر بزانن، بەڵام هەر کات نوێژ تەواو بوو، بە زەویدا بڵاوببنەوەو، جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ کارو کاسبیی و داواکردنی بەخششی خوا، بەڵام زۆریش یادی خوا بکەن بۆ ئەوەی سەرفرازبن:

خوا دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ۝٩ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ۝١٠﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە، لە پێنج بڕگەدا:

١)- ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ﴾، ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە! هەرکات لە ڕۆژی جومعەدا بانگ کرا بۆ نوێژ، زۆر لە زانایان دەڵێن: لێرەدا ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ﴾، تەنیا مەبەست پێی پیاوانن، هەرچەندە ئەو تەعبیرە بۆ پیاوان و ئافرەتانیش بەکارهاتوە، بەڵام لێرەدا وەک لە سوننەتی پێغەمبەریشدا هاتوەو دوایی باسی دەکەین، لەبەر ئەوەی نوێژی جومعە تەنیا لەسەر پیاوان فەرزەو لەسەر ئافرەتان فەرز نیە، بەڵام ئەمە مانای وانیە ئەگەر ئافرەتانیش بیکەن، خێریان ناگات، بەڵام پێیەوە پابەند نەکراون، کە دەفەرموێ: ﴿إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ

﴿ٱلْجُمُعَةِ﴾، هەر کاتێ بانگکران بۆ نوێژ، بانگکرا بۆ نوێژ واتە: بانگدرا، ﴿مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ﴾، ئەم (مِن)ە، بۆ بەشێک (تبعيض)ە، واتە: لە بەشێک لە ڕۆژی هەینیدا، نەک هەموو ڕۆژەکە، ئەویش کەنگێیە؟ ئەو کاتەیە کە ڕۆژ لەنێوەڕاستی ئاسمان لادەدا بەرەو لای ئاوابوون، دەبێ خۆر لابدات، ئنجا نوێژی نیوەڕۆ دەبێ، دیارە نوێژی جومعەش هەر لە کاتی نوێژی نیوەڕۆدا دەکرێ، ﴿ٱلْجُمُعَةِ﴾ش ئەو ڕۆژەیە کە لە پێش ڕۆژی شەممەوە دێ و، لە دوای ڕۆژی پێنجشەممەوە دێ.

٢)- ﴿فَٱسْعَوْا۟ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ وَذَرُوا۟ ٱلْبَيْعَ﴾، بەخێرایی بەرەو یادی خوا بچن و واز لە کڕین و فرۆشتن بێنن، وشەی (سَعْي)، بریتیە لە خێرا ڕۆیشتن، بەڵام لێرەدا بە مانای ڕۆیشتنێکی بە گرنگیی پێدانەوە بەکارهاتوە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {إِذَا أَتَيْتُمُ الصَّلَاةَ فَلَا تَأْتُوهَا وَأَنْتُمْ تَسْعَوْنَ، وَلَكِنِ ائْتُوهَا وَعَلَيْكُمُ السَّكِينَةُ} (أخرجه البخاري: ٩٠٨، ومسلم: ٦٠٢)، کاتێک چوون بۆ نوێژ، بەرەو نوێژ مەچن لە حاڵێکدا کە تێیدا زۆر بەخێرایی دەڕۆن، بەڵکو بە ئارامیی بڕۆن و با ئارامیی و ویقارتان پێوە دیاربێ.

(فخر الدين الرازي) لە تەفسیرەکەی دا[1] هێناویەتی کە حەسەنی بەصرایی گوتوویەتی: (وَاللَّهِ مَا هُوَ سَعْيٌ عَلَى الْأَقْدَامِ، وَلَكِنَّهُ سَعْيٌ بِالْقُلُوبِ، وَسَعْيٌ بِالنِّيَّةِ، وَسَعْيٌ بِالرَّغْبَةِ، وَنَحو هَـذَا، إِذِ السَّعْيُ فِي كِتَابِ اللَّـه الْعَمَلُ)، واتە: سوێند بە خوا مەبەست پێی ڕۆیشتن نیە بە پێیان بەخێرایی، بەڵکو مەبەست پێی ڕۆیشتنە بە دڵ و، ڕۆیشتنە بە ئارەزوو مەندانەو وێنەی ئەوە، چونکە (سَعْي) لە کتێبی خوادا بە مانای کردەوە دێ.

مەبەستی حەسەنی بەصرایی ئەوە بووە ڕۆیشتنەکە زۆر بەپەلە پەل و وەک ڕاکردن نەبێ و بەنیازو مەبەست و ئارەزوومەندانە بێ پێغەمبەریش ﷺ زانیویەتی خەڵک وشەی (سَعْي)، وا تێدەگەن واتە: زۆر پەلە کردن، بۆیە فەرموویەتی: زۆر بە پەلە بەرەو نوێژ مەچن، بەڵکو با بە شێوەیەک بێ بە ویقارەوە بڕۆن.

---

(١) ج٢٨، ص٨.

کـە دەفەرمـوێ: ﴿ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ﴾، بـەرەو یـادی خـوا بچن و واز لـە کڕیـن و فرۆشـتن بێنـن، یـادی خـوا (**ذکـر اللـه**) هـەم نوێژەکـە دەگرێتـەوە، هـەم دوو وتارەکـە دەگرێتـەوەو، هـەم ئـەو پاڕانـەوەو ویـردو زیکرانـە دەگرێتـەوە، کـە لـە ڕۆژی جومعـەدا نوێژخوێنـان دەیانکـەن.

٣)- ﴿ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾، ئا ئەوە بۆ ئێوە باشترە ئەگەر بزانن.

٤)- ﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ ﴾، ئنجا ئەگەر نوێژەکە تەواوکرا، بە زەویدا بڵاوببنەوە، واتە: لە وڵاتی خۆتان ئەو شوێنەی تێیدا دەژین، مەچن لە مزگەوتدا خۆتان قەتیس بکەن، بەڵکو بچنە دەر لە مزگەوت و بە زەویدا بڵاو ببنەوە، ﴿ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ ﴾، لە بەخششی خواش داوا بکەن، واتە: کارو کاسبیی بکەن، ئنجا لێرەدا: (**الأَمْرُ بَعْد النَّهِي يَدُلُّ عَلَى الإِبَاحَة**)، فەرمان دوای ڕێگریی ڕێپێدان دەگەیەنێ لێرەدا کە خوا فەرمان دەکات: ﴿ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ ﴾، مانای فەرزبوون ناگەیەنێ، چونکە هەمیشە کە فەرمان لە دوای ڕێ لێگیران دێ، بە مانای ڕێپێدرانە.

٥)- ﴿ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴾، زۆریش یادی خوا بکەن، بەڵکو سەرفرازبن، واتە: لە گەرمەی کارو کاسبییدا لە خوا بێئاگا مەبن و، مەخافڵێن، هەمیشە خواتان لە یاد بێ، جێی ڕامانە کە لێرەدا خوا ﷻ بژیوو ماڵ و سامانێک کە بە هۆی کارو کاسبییەوە پەیدا دەکرێ، ناوی ناوە: ﴿ فَضۡلِ ٱللَّهِ ﴾، بەخششی خوا، کەواتە: ئەو ماڵ و سامانەی پەیدا دەکرێ، بەهۆی ئارەقەی نێوچاوان و لە ڕێی کارو کاسبییەوە، ئنجا بازرگانییە، جوتیاریی و کشتوکاڵ کردنە، کارمەندبوونە، کرێکارییە، ئەوە بەخششێکە خوا دەیدا بە مرۆڤەکان.

مەسەلەی دووەم:

خــوا دەفەرمــوێ: ﴿ وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا ۚ قُلْ مَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ مِّنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ ۚ وَاللَّهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ ﴿١١﴾ ﴾.

شیکردنەوەی ئەم ئایەتە، لە سێ بڕگەدا:

١)- ﴿ وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا ﴾، کاتێک بازرگانیی و لەهوویان بینی، بەرەولای پرژان و تۆیان بە پێوە جێهێشت.

﴿ لَهْوًا ﴾، واتــە: خافڵان کــە لێــرەدا مەبەســت پێــی دەنگــی تەپــڵ و دەفــە کــە بــە کاروانــە بازرگانییەکــە بــووە.

بــەرەو لاپــرژان: ﴿ انفَضُّوا إِلَيْهَا ﴾، (فَضَّـهُ: فَرَّقَـهُ، انْفَـضَّ الإنْفِضَـاضَ مُطَـاوِعُ فَضَّـهُ)، (فَضَّـهُ)، واتـە: (فَرَّقـه)، بـڵاوی کـردو پرژانـدی، (إنْفِضَـاض)، بڵاوبـوون و پرژان، واتـە: زۆر بـە خێرایـی بـەرەو لای چـوون، وەک چـۆن تەسـبێحێک کـە دەزووەکـەی دەپچـڕێ، دەنکەکانــی دەپرژێــن، ئــاوا پــرژان بــەرەو لای کاروانەکــە، ﴿ وَتَرَكُوكَ قَائِمًا ﴾، تۆشـیان بەجێهێشـت بەپێـوە، لـە کاتێکـدا پێغەمبـەری خـوا ﷺ وتـاری داوە.

٢)- ﴿ قُلْ مَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ مِّنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ ﴾، بڵێ: ئەوەی لە لای خوایە، باشترە لە لەهوو (دەنگی تەپڵ و دەف) و لە بازرگانییش.

٣)- ﴿ وَاللَّهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ ﴾، خواش باشترینی بژیوەدەرانە، هەڵبەتە لە ڕیوایەتەکاندا هاتوە کە هاوەڵان هەموویان ڕۆیشتوون، جگە لە دوازدە کەس، بەڵام ڕاستییەکەی من ئەوەم زۆر ناچێتە عەقڵەوە، کە زۆربەی هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ، ڕۆیشتبن، پێم وایە ڕۆیشتووەکان زیاتر خەڵکێکی گەنج یان ئەهلی تەماع بوون بەڵام ئەوە کە پێغەمبەری خوا ﷺ چەند سەد کەسێک، دانیشتبێ و پێغەمبەری خوا ﷺ وتار بدات و، تەنیا دوازدە کەس بمێننەوە، بەڕاستیی ئەوە زۆر بەزەحمەت دەچێتە عەقڵمەوە، ئەوە

ئەو ڕیوایەتانەی لەوبارەوە هاتوون، زێدەڕۆییان تێدا هەیەو، پێشم وایە ئەوە جۆرێکە لە زەم بۆ هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ، بەڵێ: بایی ئەوەندە کە خوا سەرزەنشتیان بکات و گلەییان لێ بکات ڕۆیشتوون و پرژاون، بەڵام پێم وانیە بە تەنیا دوازدە کەس لە خزمەت پێغەمبەردا مابنەوە، لە کاتێکدا ئەو لەسەر مینبەر بێ و وتار بدات هەموویان بڕۆن!! بگرە ئێستاش مامۆستایەکی وتاربێژ، وتار بدات و خەڵکەکە مزگەوتەکە چۆڵبکەن، هەر نوقسانییەکی گەورەیە بۆ ئەوان، چ جای ئەوەی بۆ هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا ﷺ.

کورتە باسێک لە بارەی نوێژی جومعەوە

بەڕێـــزان!

ئـەم کورتـە باسـە لـە چـوار بڕگـەدا دەخەینـە ڕوو، بـەڵام سـەرەتا سـێ ڕوونکردنـەوە وەک زەمینـە خۆشـکەر، بـاس دەکەیـن:

ڕوونکردنـەوەی یەکـەم: کـە خـوا دەفەرمـوێ: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِىَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کاتێـک لـە ڕۆژی جومعـەدا بانگکـرا بـۆ نوێـژ، مەبەسـت لـە (بانگکـرا) (**نـودي**)، واتـە: بانگـدرا، ئنجا ئێمـە لـە تەفسـیرەی سـوورەتی (المائدة) لـە کاتی تەفسـیرکردنی ئایـەتی ژمـارە (٥٨)دا، کـە دەفەرمـوێ: ﴿وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ ٱتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْقِلُونَ ﴿٥٨﴾﴾، باسـێکمان لـە بـارەی بانگـەوە کـردوە، بۆیـە لێـرەدا بـاسی بانـگ ناکەیـن، لـەوێ باسـێکی تاڕادەیـەک تێـرو تەسـەلمان لـە بـارەی بانـگ و قامـەت و وشـەکانیان و، چۆنیەتیـی بانـگ دان و ... هتـدەوە کـردوە، تەنیـا ئەوەنـدە دەڵێیـن: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویـەتی:

{**الإِمَـامُ ضَامِـنٌ، وَالْمُـؤَذِّنُ مُؤْتَمَـنٌ، اللَّهُـمَّ أَرْشِـدِ الأَئِمَّـةَ، وَاغْفِـرْ لِلْمُؤَذِّنِـينَ**} (**أخرجـه أحمـد: ٧١٦٩، وأبـو داود: ٥١٧، والترمـذي: ٢٠٧، وابـن حبـان: ١٦٧٢**))، واتـە: ئیـمام (ئـەو کەسـەی پێـش نوێژیـی دەکات) ئۆباڵـدارەو بانگبێژیـش ئەمینـدارە، ئـەی خوایـە! ڕێنمایـی پێشـەوایەکان بکـە (کـە ڕێـی ڕاسـت بگـرن، ئەوانـەی پێشـنوێژیی دەکـەن) لـە بانگبێژانیـش ببـوورە.

ڕوونکردنـەوەی دووەم: مەسـەلەیەکی دیکـە هەیـە لـە بـارەی بانگەوە، پێویسـتە بیزانیـن: {**عَـنِ الزُّهْـرِيِّ عَـنِ السَّـائِبِ بْـنِ يَزِيـدَ قَـالَ: مَـا كَانَ لِرَسُـولِ اللَّـهِ صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ إِلَّا مُـؤَذِّنٌ وَاحِـدٌ، إِذَا خَـرَجَ أَذَّنَ وَإِذَا نَـزَلَ أَقَـامَ، وَأَبُـو بَكْـرٍ وَعُمَـرُ كَذَلِـكَ، فَلَـمَّا كَانَ**

عُثْمَانُ وَكَثُرَ النَّاسُ زَادَ النِّدَاءَ الثَّالِثَ عَلَى دَارٍ فِي السُّوقِ يُقَالُ لَهَا» الزَّوْرَاءُ»، فَإِذَا خَرَجَ أَذَّنَ وَإِذَا نَزَلَ أَقَامَ} (أخرجه البخاري: ٩١٢، أبو داود: ١٠٨٧، ١٠٨٨، والترمذي: ٥١٦، إبن ماجة: ١١٣٥).

واتە: زوهریی لە سائیبی كوڕی یەزید (خوا لێی ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ تەنیا یەک بانگ بێژی هەبووە، كاتێک (كە پێغەمبەری خوا ﷺ) دەردەچوو بۆ نوێژ، بانگی دەداو، كاتێک (پێغەمبەری خوا ﷺ) دەهاتە خوار، (بۆ ئەوەی نوێژەكە بكرێ قامەتی دەخوێند)، هەروەها ئەبوو بەكرو عومەریش (خوا لێیان ڕازی) بێ هەر بەهەمان شێوە، بەڵام كاتێک حوكمڕانیی گەیشتە دەستی عوسمان (خوا لێی ڕازی بێ) خەڵک زۆر بوو، بانگێكی سێیەمی زیاد كرد (واتە: جگە لە بانگ و قامەت، بانگێكی دیكەی زیاد كرد) لەسەر خانوویەک لە بازاڕ، ئەو خانووەش لە بازاڕ پێی دەگوترا: (الزَّوْرَاءُ)، كە شوێنێكی بەرز بووە كاتێک دەهاتەدەر، ئەو بانگەی دەدا، (پێشێ بانگێكی دیكەیان دەدا، كاتێک دەهاتە دەر، بانگێكی دیكەیان دەدا، كە ئەوە بانگە ئەصڵیەكە بوو) كاتێک دادەبەزی بۆ نوێژ، ئنجا قامەت دەخوێندرا، (بۆیەش **عوسمان** (خوا لێی ڕازی بێ) ئەو بانگەی زیاد كردوە، لەبەر بەرژەوەندییەک كە شار زۆر قەڵەباڵغ بووەو، گوتوویەتی: ئەوەک تەنیا بە هۆی ئەو بانگەوە بە كاتی نوێژ نەزانن و شوێنەكانیش فراوان بوون، تەنیا لەو كاتی بانگەش دا خەڵكەكە عادەتیان وابووە هاتوون و ئەوەک فریا نەكەون، پێشێ بانگێک دراوە بۆ ئەوەی خەڵک بێ، ئنجا كە خەڵكەكە كۆبۆتەوە، بانگە ئەصڵییەكە دراوە.

بەڵام لە سەردەمی عەلیی دا (خوا لێی ڕازی بێ)، هەر یەک بانگ ماوە، وەک سەردەمی پێغەمبەرو ئەبوو بەكرو عومەر، بەدڵنیاییی ئەوەی ئەوان ڕاسترە، ئەوەی عوسمانیش (خوا لێی ڕازی بێ) مادام هاوەڵان لەوێ بوون و زانیویشیانە، بەرژەوەندیەک دێنێتە دی، بۆیە لێیان بەرەخنە نەگرتوە، هەرچەندە هەندێک كەس كە دوای لێی ڕاپەڕیون، ئەوەشیان لێ بە ڕەخنە

گرتووەو ڕەخنەكەشیان لە جێی خۆیدا نیە، مادام هاوەڵان خوا لێیان ڕازی بێ ڕازی بوون و ئەوەش شتێک نیە کە زیانی بۆ دین هەبێ، بەڵکو کاتی خۆی بەرژەوەندییەکی هێناوەتەدی.

ڕوونکردنەوەی سێیەم: (أخرج عبدالرزاق في المصنف)[1]، (وعبد بن حميد وابن المنذر عَنِ ابْنِ سِيرِينَ قَالَ: جَمَعَ أَهْلُ الْمَدِينَةِ قَبْلَ أَنْ يَقْدَمَ النَّبِيُّ ﷺ المدِيْنَة، [قبل أن تنزل] يوم الْجُمُعَةَ وَهُمُ الَّذِينَ سَمُّوهَا الْجُمُعَةَ. وَقَالُوا لِلْيَهُودِ يَوْمٌ يَجْتَمِعُونَ فِيهِ كُلَّ سَبْعَةِ أَيَّامٍ، وَلِلنَّصَارَى يَوْمٌ، فَهَلُمَّ فَلْنَجْعَلْ يَوْمًا نَجْتَمِعُ فِيهِ، فَنَذْكُرُ اللَّهَ وَنُصَلِّي فِيهِ، فَقَالُوا: يَوْمُ السَّبْتِ لِلْيَهُودِ، وَيَوْمُ الْأَحَدِ لِلنَّصَارَى، فَاجْعَلُوهُ يَوْمَ الْعَرُوبَةِ، فَاجْتَمَعُوا إِلَى أَسْعَدَ بْنِ زُرَارَةَ فَصَلَّى بِهِمْ رَكْعَتَيْنِ وَذَكَّرَهُمْ فَسَمُّوهُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، حِينَ اجْتَمَعُوا إِلَيْهِ، فَذَبَحَ لَهُم شَاةً فَتَغَدَّوْا وَتَعَشَّوْا مِنْها، وَذَلِكَ لِعَامَّتِهِم، فَأَنْزَلَ اللَّهُ تَعَالَى ذَلِكَ بَعْدُ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ۝٩﴾).

واتە: عەبدوڕڕەزاق لە (المصنف) و (عبد بن حميد وابن المنذر)یش، لە ئیبنو سیرین هێناویانە کە گوتوویەتی: خەڵکی مەدینە جومعەیان کرد بەرلەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ بێتە نێویان و بەرلەوەی سوورەتی (الجمعة)ش، دابەزێ، پشتیوانەکان گوتیان: جوولەکەکان ڕۆژێکیان هەیە، تێیدا کۆدەبنەوە لە حەوت ڕۆژاندا، کە ڕۆژی شەممەیە، نەصرانییەکانیش بەهەمان شێوە ڕۆژێکیان هەیە کە ڕۆژی یەکشەممەیە، وەرن با ئێمەش ڕۆژێک بۆ خۆمان دابنێین، تێیدا کۆببینەوەو یادی خوای بەرزی تێدا بکەین، سوپاسگوزاریی تێدا بکەین، گوتیان: ڕۆژی شەممە بۆ جوولەکان و ڕۆژی یەکشەممە بۆ نەصرانییانە، با هی ئێمە ڕۆژی عەرووبە بێ (ڕۆژی جومعەیان ناو نابوو ڕۆژی عەرووبە) ئیدی تێیدا کۆبونەوە، چوون بۆ لای ئەسعەدی کوڕی زوڕارە، ئەویش ئەو ڕۆژە دوو ڕکات

---

(١) ٥١٩٤.

نوێـژی بـۆ کـردن و ئامۆژگاریـی کـردن و ئـەو ڕۆژەیـان ناونـا ڕۆژی جومعـە، واتـە: ڕۆژی کۆبوونـەوە، چونکـە بـۆ لای ئەسـعەدی کـوڕی زوڕارە چـوون و کۆبوونـەوە، ئەویـش مەڕێکـی بـۆ سـەر بڕیـن و نـانی نیـوەڕۆ و هـی ئێوارەشـیان لێخـوارد (دیـارە ژمارەیـان کـەم بـووە) ئـەوەش بـۆ هەموویـان، ئیـدی خـوای بـەرز لـەو بـارەوە دوایـی ئـەو سـوورەتە موبارەکـەی دابەزانـد.

ڕیوایەتێکـی دیکـە هـەر لـەو بارەوە: {رُوِيَ عَـنْ عَبْدِ الرَّحْمَـنِ بْـنِ كَعْـبٍ، أَنَّـهُ كَانَ إِذَا سَـمِعَ النِّـدَاءَ يَـوْمَ الْجُمُعَـةِ، تَرَحَّـمَ لِأَسْـعَدَ بْـنِ زُرَارَةَ، فَقُلْـتُ لَـهُ: إِذَا سَـمِعْتَ النِّـدَاءَ تَرَحَّمْـتَ لِأَسْعَدَ بْـنِ زُرَارَةَ؟ قَـالَ: لِأَنَّـهُ أَوَّلُ مَـنْ جَمَـعَ بِنَـا فِي هَـزْمِ النَّبِيـتِ مِـنْ حَـرَّةِ بَنِـي بَيَاضَـةَ فِي بَقِيـعٍ، يُقَـالُ لَـهُ: بَقِيـعُ الْخَضِـمَاتِ، قُلْـتُ لَـهُ: كَـمْ كُنْتُـمْ يَوْمَئِـذٍ؟ قَـالَ: أَرْبَعُـونَ رَجُـلاً}، (أخرجـه أبـو داود: ١٠٦٩، وابـن ماجـه: ١٠٨٢، وابـن خزيمـة: ١٧٢٤، إسـناده حسـن).

واتـە: عەبدوڕڕەحمانی کـوڕی کەعـب دەڵـێ: هـەر کاتێـک بـانی گوێـی لـە بانگـی ڕۆژی جومعـە دەبـوو، دوعـای دەکـرد بـۆ ئەسـعەدی کـوڕی زوڕارەو دەیگـوت: خـوا لێـی ڕازیبـێ و خـوا لێـی خـۆش بـێ، ڕۆژێـک گوتـم: (ئـەی بابـە!) داوای لێبـوردن کردنـت بـۆ ئەسـعەدی کـوڕی زوڕارە، هـەر کاتـێ بانگـی دەبیسـتی هۆکارەکـەی چییـە؟ گـوتی: ئـەو یەکـەم کـەس بـوو لـە (هـزم النبيـت)، لـە (حَـرَّةِ بَنِـي بَيَاضَـةَ)، {(حَـرَّةِ)، شـوێنێکە بـەردی ڕەشی لێبێ، بـەنی بەیـازەش تیرەیـەک بـووە} دەشـتێک کـە (بقيـع الخضيـمات)ی پێدەگوتـرێ، لـەوێ جومعـەی پێکردیـن، گوتـم: ئـەو ڕۆژە ئێـوە چەنـد کـەس بـوون؟ گـوتی: چـل پیـاو بوویـن.

ئنجـا بـا بێینـە سـەر بـاسی نوێـژی (الجمعـة)، کـە ئێمـە لـە چـوار بڕگـەدا بـاسی نوێـژی جومعـە دەکەیـن، بـەڵام زۆر بـە گوشرایـی و پوختیـی[1]:

---

(١) لـە کتێبـی (خواپەرسـتیی ئیسـلامیی لەبـەر ڕۆشـنایی قورئـان و سـوننەت دا)، بەرگـی دووەم: نوێـژ بەرپاکـردن یەکەمیـن دروشـمی خواپەرسـتیی، لـە لاپـەڕە (٢٩٢)، تاکـو لاپـەڕە (٣٠٩).

برگەی یەکەم: گەورەیی ڕۆژی جومعە و، ئەدەبەکانی جومعە کردن:

لە بارەی پایە بەرزیی ڕۆژی جومعەوە، فەرمایشتی پێغەمبەری خوا ﷺ زۆرن:

١)- {خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ فِيهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ، وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا، وَلَا تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ} (أخرجه مالك: ٢٤١، وأحمد: ١٠٣٠٨، وأبو داود: ١٠٤٦، والترمذي: ٤٩١، والنسائي: ٦٣١، وابن حبان: ٢٧٧٢، والحاكم: ١٠٣٠)، وقال: صحيح على شرط الشيخين)، واتە: چاکترین ڕۆژ کە خۆر تێیدا هەڵاتوە، ڕۆژی جومعەیە، لەو ڕۆژەدا ئادەم عليه السلام دروستکراوەو، هەر لەو ڕۆژەشدا خراوەتە بەهەشتەوەو، هەر لەو ڕۆژەشدا لە بەهەشت وەدەرنراوەو، قیامەتیش هەر لەو ڕۆژەدا دێ.

٢)- لە ڕۆژی جومعەدا سوننەتە کە (صلاة وسلام)، بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ بنێردرێ، وەک لەم فەرمایشتەدا هاتوە: {مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمُ الْجُمُعَةِ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ وَفِيهِ قُبِضَ، وَفِيهِ النَّفْخَةُ، وَفِيهِ الصَّعْقَةُ، فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلَاةِ فِيهِ، فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ} (أخرجه أحمد: ١٦٢٠٧، وابن أبي شيبة: ٨٦٩٧، وأبو داود: ١٠٤٧، والنسائي: ١٣٧٤، وابن ماجه: ١٦٣٦، والدارمي: ١٥٧٢، وابن خزيمة: ١٧٣٣، وابن حبان: ٩١٠، والحاكم: ١٠٢٩، وقال: صحيح على شرط البخاري) واتە: چاکترین ڕۆژانتان ڕۆژی جومعەیە، ئادەمی تێدا دروست کراوەو، تێیدا گیانی کێشراوەو، لە هۆش خۆ چوونی دوای فووی یەکەمیش هەر لەودا دەبێ، ئنجا لەو ڕۆژەدا زۆرم صەڵات بۆ بنێرن، صەڵاتی ئێوە دەگاتە من.

٣- یەکێکی دیکە لە ئەدەبەکانی ڕۆژی جومعە، بریتیە لە خۆشۆردن و بەرگ و پۆشاکی چاک و پاک پۆشین و، خۆ پاککردنەوەو خۆ بۆن خۆشکردن و سیواککردن، ئەوانە هەموویان لە ئەدەبەکانی ڕۆژی جومعەن، وەک لەم فەرمایشتەوە دیارە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ الْغُسْلُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَيَلْبَسُ مِنْ صَالِحِ ثِيَابِهِ، وَإِنْ كَانَ لَهُ طِيبٌ مَسَّ مِنْهُ} (أخرجه أحمد: ١١٦٤٣، تعليق شعيب الأرنؤوط: حسن) واتە: خۆشۆردنی ڕۆژی جومعە لەسەر هەر مسوڵمانێکی باڵغ پێویستە، دەبێ لە پۆشاکی چاکی خۆی بپۆشێ و، ئەگەر بۆنی خۆشیشی هەبێ دەستی بگەیەنێتێ و خۆی بۆن خۆش بکات.

٤- یەکێکی دیکە لە ئەدەبەکانی جومعە ئەوەیە کە بێجگە لە ئیمام و وتاربێژ، بۆ نوێژکەران، وا پەسندەو سوننەتە ڕۆژی جومعە زوو بچنە مزگەوت، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ لە فەرمایشتێکدا، فەرموویەتی: {مَنِ اغْتَسَلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ غُسْلَ الْجَنَابَةِ ثُمَّ رَاحَ، فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَدَنَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّانِيَةِ، فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَقَرَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّالِثَةِ، فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ كَبْشًا أَقْرَنَ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الرَّابِعَةِ، فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ دَجَاجَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الْخَامِسَةِ، فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَيْضَةً، فَإِذَا خَرَجَ الإِمَامُ حَضَرَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَسْتَمِعُونَ الذِّكْرَ} **(أخرجه مالك: ٢٢٧، والبخاري: ٨٤١، ومسلم: ٨٥٠، وأبو داود: ٣٥١، والترمذي: ٤٩٩)**، واتە: هەر کەسێک ڕۆژی جومعە وەک خۆشۆردنی لەش پیسیی لە خۆ دەرکردن، خۆی بشوات ئنجا بچێتە مزگەوت، وەک ئەوە وایە حوشترێکی کردبێتە قوربانیی و، هەر کەسێک لە سەعاتی دووەمدا بچێتە مزگەوت، وەک ئەوە وایە مانگایەکی کردبێتە قوربانیی و، هەر کەسێک لە سەعاتی سێیەمدا بچێ، وەک ئەوە وایە بەرانێکی قۆچداری کردبێتە خێرو، ئەوەی لە سەعاتی چوارەمدا بچێ، وەک ئەوە وایە مریشکێکی کردبێتە خێر (و سەری بریبێ) و، ئەوەی لە سەعاتی پێنجەمدا بچێ، وەک ئەوە وایە هێلکەیەکی کردبێتە خێر، هەرکاتیش ئیمام بەرەو مزگەوت چوو لەو کاتەدا فریشتەکان ئامادە دەبن و گوێ لە زیکر دەگرن، واتە: ئەو کاتە خێرەکەی کەمترەو تاکو زووتر بچێ خێرەکەی باشترە.

٥- یەکێکی دیکە لە ئەدەبەکانی ڕۆژی جومعە، ئەوەیە کە زانایان دەڵێن: ئەگەر حەرامیش نەبێ بەلای کەمەوە شتێکی ناپەسەندە، مرۆڤ بەسەر شان و ملی خەڵکدا هەنگاو بنێ، چونکە لە فەرمایشتێکدا هاتوە، کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژێک کابرایەک کە ناوی عەبدوڵڵای کوڕی بیسر بوو بەسەر شانی خەڵکدا هەنگاوی دەنا، پێغەمبەری خواش ﷺ پێی فەرموو: {اجْلِسْ فَقَدْ آذَيْتَ وَآنَيْتَ} **(أخرجه أحمد : ١٧٧١٠) وأبو داود: ١١١٨، والنسائي: ١٣٩٩، وابن خزيمة: ١٨١١، وابن حبان: ٢٧٩٠، والحاكم: ١٠٦١، وقال: صحيح على شرط مسلم، ووافقه الذهبي)**.

واتە: دانیشە، چونکە بێگومان خەڵکت ئازارداو دواشکەوتی، واتە: تۆ لەبەر ئەوەی دوا کەوتووی، ئێستا بەسەر شانی خەڵکدا هەنگاو دەنێی و، دەتەوێ دواکەتنەکەی خۆت قەرەبوو بکەیەوە، بە ئازاردانی خەڵک، وامەکە.

بـەڵام ئیـمام و وتاربێـژ لـەو حوکمـە هەڵوێـردراوە، چونکـە پێشـەوا بوخاریـی و موسـلیم هێناویانـە، کـە جارێـک پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـۆ کاری پێویسـت بەسـەر ملـی خەڵکـدا هەنـگاوی هەڵێنـاوەو چـووە بـۆ ژووری یەکێـک لـە هاوسـەرەکانی، واتـە: ئیـمام لـەو حوکمـە هەڵوێـردراوەو، دەبـێ کاتێکیـش بچـێ کـە خەڵکەکـە دانیشـتووەو بچـێ سـڵاو بـکات و، ئنجـا بانـگ بـدرێ.

بڕگەی دووەم: حوکمی نوێژی جومعەو، کات و شوێنی و، عوزرەکانی نەکردنی و، ژمارەی بەرپاکەرانی:

١- حوکمی نوێژی جومعە:

خـوا ﷻ لـە سـوورەتی (**الجمعـة**)دا، ئایەتـی ژمـارە (٩)، دەفەرمـوێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ۝٩ ﴾، ئـەی ئەوانـەی بڕواتـان هێنـاوە! هـەر کاتێـک لـە ڕۆژی جومعـەدا بانگکـرا بـۆ نوێـژ، دەسـت و بـرد، بـەرەو زیکـری خـوا بچـن و دەسـت لـە کڕیـن و فرۆشـتن هەڵبگـرن، ئەگـەر بزانـن ئـا ئەوەتـان بۆتـان باشـترە.

هەروەهـا پێغەمبەریـش ﷺ فەرموویەتـی: {**لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ عَنْ وَدْعِهِمُ ٱلْجُمُعَاتِ، أَوْ لَيَخْتِمَنَّ ٱللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ، ثُمَّ لَيَكُونُنَّ مِنَ ٱلْغَافِلِينَ**} (**أخرجـه مسـلم: ٨٦٥**)، واتـە: بـە تەئکیـد کۆمەڵـە کەسـانێک کـە نوێـژی جومعـە ناکـەن، بەبـێ هـۆکار، ئەگـەر واز لـە نەکردنـی نوێـژی جومعـە نەهێنـن، خـوا دڵیـان مـۆر دەکات و دوایـی دەچنـە ڕیـزی بـێ ئاگایانـەوە.

ئنجا لـەو ئایەتـە موبارەکـەو، لـەو فەرمایشـتەی پێغەمبـەری خـوا ﷺ بە ئاشـکراو ڕوونیـی دەفامرێتـەوە، کـە نوێژکردنـی نوێـژی جومعـە فـەرزە لەسـەر مسـوڵمانان و، نەکردنیشـی گوناهـو ئاوانە.

٢- نوێژی جومعە لەسەر کێ پێویستە؟

زانایان تێکڕا لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون، کە نوێژی جومعە فەرزە لەسەر هەر مسوڵمانێکی نێرینەی ئازادی عاقڵ و باڵغ و نیشتەجێی و توانادار بەسەر ڕۆیشتندا بۆ مزگەوت، کە هیچ کام لەو عوزرانەی نەبن، کە نەچوونە جومعە موباح دەکەن، بۆیە چواندنی نوێژی جومعە بەبێ هۆ، یەکێکە لە تاوانە گەورەکان، کەواتە: نوێژی جومعە کە دوو ڕکاتە لەسەر هەر مسوڵمانێک فەرزە کە وەک گوتمان: ئەو سیفەتانەی باسمانکردن، تێیدابن.

٣- ئەوانەی نوێژی جومعەیان لەسەر فەرز نیە:

یەکەم: ئافرەت.

دووەم: منداڵ.

سێیەم: نەخۆش.

چوارەم: ئەو کەسەی نەخۆش پەکی لەسەری کەوتوە لەلای بێ و خزمەتی بکات.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: {الْجُمُعَةُ حَقٌّ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ فِي جَمَاعَةٍ إِلاَّ أَرْبَعَةً: عَبْدٌ مَمْلُوكٌ، أَوِ امْرَأَةٌ، أَوْ صَبِيٌّ، أَوْ مَرِيضٌ} **(أخرجه أبو داود: ١٠٦٧، وصححه الألباني، والحاكم: ١٠٦٢، وَقَالَ: صحيح على شرط الشيخين)**، واتە: نوێژی جومعە مافێکی پێویستە لەسەر هەر مسوڵمانێک کە بە کۆمەڵ بیکەن، جگە لە چوار جۆرە کەس، کۆیلەیەک کە خاوەنداربێ، ئافرەت، منداڵ، نەخۆش، (هەروەها ئەو کەسەش کە نەخۆشەکە پێویستیی پێی بێ خزمەتی بکات، زانایان ئەویشیان بەوەوە پەیوەست کردوە).

٤- کاتی کردنی جومعە:

زۆربەی زانایان ڕایان وایە کە کاتی کردنی نوێژی جومعە، هەمان کاتی نوێژی نیوەڕۆیە بەبێ جیاوازیی، چونکە ئەنەس خوا لێی ڕازی بێ گێڕاویەتەوە:

{كَانَ النَّبِي ﷺ يُصَلِّي الجُمُعَةَ إِذَا مَالَتِ الشَّمْسُ}، (أخرجه أبو داود ١٠٨٦، وأبي يعلى: ٤٣٢٩، وصححه الألباني)، واتە: پێغەمبەر ﷺ کاتێک نوێژی جومعەی دەکرد، کە ڕۆژ لە نێوەڕاستی ئاسمان لای دەدا.

بەڵام ئیسحاق و حەنبەلییەکان دەڵێن: کاتی جومعەکردن بریتیە لە سەرەتای کاتی نوێژی چەژن، هەتا کاتی نوێژی نیوەڕۆ، واتە: پێیان وایە لە دوای خۆرهەڵاتن و بەرزبوونەوەی بە ئەندازەی ڕمێک، لە چاوی مرۆڤدا، کاتی نوێژی جومعەیە.

بەڵام ڕای زۆربەی زانایان ڕاسترە کە کاتی نوێژی جومعەش، هەر کاتی نوێژی نیوەڕۆیە.

٥- شوێنی تێداکردنی جومعە:

جومعە لە هەموو ئاوەدانییەکاندا کە دانیشتووەکانی نیشتەجێن، چ گوند چ شار، دروستە بکرێ، چ لە مزگەوتدا کە بێگومان باشترە، چ لە دەشت و سارایەکی سەر بەو ئاوەدانییەدا، چونکە:

عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) لە نامەیەکیدا کە بۆ خەڵکی بەحرەینی نووسیوە، نووسیویەتی: {جَمِّعُوا حَيْثُ مَا كُنْتُمْ}(أخرجه ابن أبي شيبة: ٥٠٦٨، إسناده جيد)، واتە: لە هەرجێیەک هەن، جومعە بکەن.

هەروەها لە عەبدڵڵای کوڕی عەبباسەوە خوا لە خۆی و بابی ڕازیبێ دەگێڕنەوە، گوتوویەتی: {إِنَّ أَوَّلَ جُمُعَةٍ جُمِّعَتْ فِي الإِسْلَامِ بَعْدَ جُمُعَةٍ جُمِّعَتْ فِي مَسْجِدِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ بِالْمَدِينَةِ، لَجُمُعَةٌ جُمِّعَتْ بِجُوَاثَاءَ قَرْيَةٌ مِنْ قُرَى الْبَحْرَيْنِ «قَالَ عُثْمَانُ»: قَرْيَةٌ مِنْ قُرَى عَبْدِ الْقَيْسِ} (أخرجه أبو داود: ١٠٧٠، وَصَحَّحَهُ الألباني)، واتە: یەکەمین جومعەیەک کە لە ئیسلامدا کرابێ،لە دوای جومعەیەک کە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینەدا کرا، ئەو جومعەیە بوو کە لە (جوثاء)، کرا کە ئاوەدانییەکە لە ئاوەدانییەکانی بەحرەین.

٦- ژمارەی بەرپاکەرانی:

زانایـان لەسـەر ئـەوە ڕێککەوتـوون کـە بـە کۆمەڵکـران، مەرجـی نوێـژی جومعەیـە، بـەڵام لەسـەر ئـەوە کـە دەبـێ ژمـارەی ئەوانـەی جومعـە دەکـەن، چەنـد بـێ؟ زانایـان ڕاجیایـی زۆریـان هەیـە، تەنانـەت (**ابـن حجـر**)، لـە (**فتـح الباري**)یەکـەی، (**فتح البـاري شرح الصحيح البخـاري**)دا، پازدە مەزهـەب و بیـروڕای زانایانـی لـەو بـارەوە هێنـاون، بـەڵام ئـەوەی پێدەچـێ لـە هەموویـان ڕاسـتتر بـێ، ئەوەیـە کـە جومعـەش وەک باقـی نوێـژەکان دیکـە کـە بـە کۆمـەڵ دەکرێـن، بـە دوو کـەس بـەرەو سـەر دەکـرێ، چونکـە پێغەمبـەری خـوا ﷺ دەربـارەی نوێـژی جومعـە فەرموویەتـی: {**الجُمُعَـةُ حَـقٌ وَاجِـبٌ عَـلَى كُلِّ مُسـلِمٍ فِي جَمَاعَـةٍ**}، وەک پێشـتر هێنامـان، واتـە: نوێژکردنـی جومعـە واجبـە لەسـەر هـەر مسـوڵمانێک بـە کۆمـەڵ بیکـەن، ئنجـا بـە کۆمەڵیـش، دووکـەس بـە کۆمـەڵ لـە قەڵـەم دەدرێـن، تاکـو سـێ و زیاتـرو، لەڕاسـتییدا هیـچ فەرموودەیـەک کـە سـەنەدەکەی نـەک هـەر ڕاسـت (**صحيح**) بەڵکـو بـاش (**حسـن**)یش بـێ لـە پێغەمبـەرەوە نەهاتـوە، دیاریـی بـکات کـە ژمارەیـان دەبـێ: (٣٠) بـێ (٤٠) بـێ (٧٠) بـێ.

(**سـيد سـابق**) ، خاوەنـی کتێبـی (**فقـة السـنة**)[1] لـە (**السـيوطي**)یەوە، هێناویەتـی گوتوویەتـی: (**لَـمْ يَثْبـت فِي الـشَّيءِ مِـن الأَحَادِيْـث تعيـين عَـددٍ مَخْصُـوص**)، لـە هیـچ لـە فەرمایيشـتەکاندا دیارییکردنـی ژمارەیەکـی تایبـەت نەچەسـپاوەو، ئـەم ڕایـەش زۆربـەی زانایـان و پێشـەوایان لەسـەر یەکدەنگـن، بـۆ وێنـە: (**الطـبري، داود الظاهـري، النخعـي، ابـن حـزم، ابـن تيميـة، ابـن القيـم، السـيوطي، الشـوكاني، القنوجـي**)، هەموویان لـە کتێبەکانـی خۆیانـدا، کـە مـن لـەو سـەرچاوەیەی ئەمـەی لێـوە دێنـم، ئامـاژەم پێکـردوون، باسـیان کـردوە.

---

(١) ج١، ص:٣٣١.

بڕگەی سێیەم: وتارەکانی ڕۆژی جومعە:

لەو بارەشەوە چوار خاڵان دەخەینەڕوو:

١- حوکمی وتاری جومعە:

زۆربەو جەماوەری زانایان وتاری جومعە بە فەرز دەزانن و، بەڵگەشیان ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ وەک لە چەندان فەرموودەی ڕاست (**صحیح**)دا هاتوە، بەردەوام هەموو ڕۆژانی جومعە، ئەگەر جومعەی کردبێ، وتاری داوە، هەروەها ئایەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِىَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَ﴾، بە بەڵگە دێننەوەو دەڵێن مەبەست لە: ﴿ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾، وتاری جومعەیە، چونکە وتارەکە یادی خوای هەر تێدایە، هەندێکیش لە زانایان وەک (**ابن حزم و داودو الظاهري والشوكاني**)، وتاری جومعە بە سوننەت دەزانن، بەڵام ڕایەکەیان بەهێز نیە.

٢- وتاری جومعەو چۆنیەتیی و نێوەڕۆکی:

أ- پێویستە سەرەتا ئیمام کە سەرکەوتە سەر مینبەر، ڕوو بکاتە خەڵکەکەو سەلامیان لێ بکات و، لەو بارەشەوە دەق زۆرن، بۆ وێنە: {**عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ الله رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا، أَنَّ النَّبِيَّ ﷺ كَانَ إِذَا صَعِدَ الْمِنْبَرَ سَلَّمَ**} (**أخرجه ابن ماجه: ١١٠٩، وَحَسَّنَهُ الألباني**) واتە: جابیری کوڕی عەبدڵڵا (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ کە سەردەکەوتە سەر مینبەر، سڵاوی لە خەڵک دەکرد.

ب- وتارەکانی جومعەش دووانن و بە پێوە دەدرێن و، ئیمام لە نێوانیاندا سووکە دانیشتنێک دەکات، لەو بارەشەوە چەند دەقێک هەن، یەکێکیان ئەمەیە:

جابیری کوڕی عەبدڵڵا (خوا لە خۆی و بابی ڕازی بێ) دەڵێ: {**كَانَ النَّبِي ﷺ يَخْطُبُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ قَائِمًا، ثُمَّ يَجْلِسُ، ثُمَّ يَقُومُ، قَالَ: كَمَا يَفْعَلُونَ اليَومَ**} (**أخرجه الترمذي: ٥٠٦، وغيره، وصححه الألباني**)، واتە: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی جومعە بەپێوە

وتـاری دەداو، پاشـان دادەنیشـت و دوایـی هەڵدەسـتایەوە، وەک چـۆن ئەمـڕۆ دەیکـەن.

ج- حیکمەتی دانرانی وتارەکانی جومعەش ئامۆژگارییکردنی مسوڵمانان و بیرخستنەوەیان و بەرچاو ڕوونکردنەوەیانە بە قورئان و، قورئان بەسەردا خوێندنەوەیان و زیکری خوای پەروەردگارە، بەڵام سوننەت و پەسندە کە سوپاس و ستاییشی خواو، صەڵات و سەلام لەسەر پێغەمبەرو، مەدحکردنی پێغەمبەرو هاوەڵانی و بنەماڵەی و شوێنکەوتووانی ڕاستەقینەشی تێواخن بکات، لەو بارەشەوە دەقی سوننەت زۆرن، یەکێک لەوانە:

{عَـنْ جَابِـرِ بْـنِ سَـمُرَةَ رَضِيَ اللـهُ عَنْهُـمَا، أَنَّ النَّبِـيَّ ﷺ كَانَ يَخْطُـبُ قَائِمًـا، وَيَجْلِـسُ، ثُمَّ يَقُـومُ يَقْـرَأُ آيَـاتٍ، وَيَذْكُـرُ اللَّـهَ تَعَـالَى، وَكَانَـتْ خُطْبَتُـهُ قَصْـدًا وَصَلَاتُـهُ قَصْـدًا} **(أخرجه أحمـد: ٢٠٨٤٩، وقـال شـعيب الأرنـؤوط: صحيـح لغـيره)**، واتـە: جابیـری کوڕی سـەمورە (خـوا لێـی ڕازی بـێ) دەڵـێ: پێغەمبـەری خـوا ﷺ بـە پێـوە وتـاری دەداو، لـە نێـوان دوو وتارەکانـدا دادەنیشـت و، چەنـد ئایەتێکـی دەخوێنـدن و، ئامۆژگاریـی خەڵکـی دەکـردو بیـری دەخسـتنەوە، لەوبـارەوە کـە دەبـێ ستاییشـکردنی خـوا لـە وتـاردا هەبـێ، ئـەم فەرمایشـتە هەیـە: {كُلُّ كَلَامٍ لاَ يُبْدَأُ فِيـهِ بِالْحَمْـدُ لِلَّـهِ، فَهُوَ أَجْـذَمُ} **(أخرجه ابـن ماجـه: ١٨٩٤، والنسـائي في الكـبرى: ١٠٣٢٨، وأبـو داود: ٤٨٤٠، ضعّفـه الألبـاني، وقـال أبـو داود: مُرسـل)** واتـە: هـەر قسـەیەک بـە ستاییشـی خـوا دەسـتی پـێ نەکـرێ، ئـەو قسـەیە گـول و گـەڕە، یانـی: ناتـەواوە.

د- هەروەها لەوبارەوە کە دەبێ شایەتمان لە وتارداندا هەبێ، ئەم فەرمایشتە هەیە: {كُلُّ خُطْبَةٍ لَيْسَ فِيهَا شَهَادَةٌ، كَالْيَدِ الْجَذْمَاءِ} **(أخرجه أحمد ٨٤٩٩، وقال شعيب الأرنؤوط: إسناده قوي ورجاله ثقات رجال الصحيح غير كليب والد عاصم)** واتە: ئەو وتارەی شایەتمانی تێدا نیە، وەک دەستی گولبوو وایە.

مەبەسـت لـە شـایەتمان گوتنـی: **(أَشْـهَدُ أَن لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللـه، وأَشْـهَدُ أَنَّ مُحَمَّـداً رَسُـول الله)**یە.

هـ- لەو بارەوە کە دەبێ کەم و زۆر قورئان لە وتاری جومعەدا بخوێنرێ، ئەم دەقە دێنین:

{عَنْ أُمِّ هِشَامٍ بِنْتِ حَارِثَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا قَالَتْ: مَا أَخَذْتُ ﴿قٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ ۝١﴾ق، إِلَّا عَنْ لِسَانِ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ، يَقْرَؤُهَا كُلَّ يَوْمِ جُمُعَةٍ عَلَى الْمِنْبَرِ إِذَا خَطَبَ النَّاسَ} (أخرجه مسلم: ٨٧٣)، ئوممو هیشام کچی حاریسە (خوا لێیان ڕازی بێ) دەڵێ: سوورەتی: ﴿قٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡمَجِيدِ ۝١﴾ق، م، هەر لە زمانی پێغەمبەر ﷺ وەرگرت، کە هەموو ڕۆژانی جومعە لەسەر مینبەر دەیخوێند، کاتێ وتاری بۆ خەڵک دەدا.

(ئەوەش جۆرێک لە زێدەڕۆییە، ئەگەرنا هەموو جومعان بەس سوورەتی قافی، نەخوێندوە).

ئەم دەقەش هەیە: {عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللهِ ﷺ قَرَأَ يَومَ الجمُعةِ تبارَكَ، وَهوَ قائمٌ، فذَكَّرَنا بأيَّامِ اللَّهِ}، (أخرجه ابن ماجه: ١١١١، وصححه الألباني) واتە: ئوبەی کوڕی کەعب (خوا لێی ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆژی جومعە سوورەتی (تبارَكَ)ی خوێند، لە کاتێکدا کە ڕاوەستابوو و، ڕۆژەکانی خوای دەخستینەوە یاد.

٣- شێوازی وتاردان وەک لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ هاتوە:

دەبێ وتارەکە کورت و پوخت و پڕمانا بێ و، دواندەر (**خطیب**)، بە گرنگیی پێدان و بەدەنگی بەرزو جیددییەوە قسەکانی بکات، نەک بە ساردو سڕیی و مردەلۆخەیی و بە منجە منج، هەروەها قسەکانی نەکاتە ڕیس و گوریس و سەرو بنیان دیار نەبێ و، هەر تیرەی لە کەندالێک بێ، لەو بارەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

{إِنَّ طُولَ صَلاَةِ الرَّجُلِ وَقِصَرَ خُطْبَتِهِ مَئِنَّةٌ مِنْ فِقْهِهِ، فَأَطِيلُوا الصَّلاَةَ وَاقْصُرُوا الْخُطْبَةَ} (أخرجه أحمد: ١٨٣٤٣، ومسلم: ٨٦٩، وابن حبان: ٢٧٩١) واتە: بێگومان

درێژیــی نوێــژی پیــاو و کورتیــی وتارەکــەی، نیشــانەی شــارەزایی و تێگەیشــتنن، دەجــا نوێژتــان درێــژ بکەنــەوەو، بــا وتاریشــتان کــورت بــێ.

هەڵبەتــە لێــرەدا مەبەســت لــە درێژکردنــەوەی نوێــژ، ئەندازەیەکــی مەعقوولــە، کــە لــە کتێبــە شــەرعییەکاندا دیاریکــراوە، نــەک بــە شــێوەیەک ببێتــە مایــەی بێزارکردنــی خەڵــک، کــە بەداخــەوە زۆربــەی پێشــنوێژان و وتاربێژانــی ئــەم ڕۆژگارە، پێچەوانــەی ئــەم فەرمــوودەو ئامۆژگارییــەی پێغەمبــەرن و، وتارەکەیــان زۆر دوورو درێــژ دەکەنــەوەو، نوێژەکەشــیان هــەر هەڵدەپرووزێنــن و بــە پەلــە پــەل دەیکــەن.

لــەو بــارەوەش کــە وتاربێــژ دەبــێ قســەکانی بــە جیددیــی بــکات و بــە دەنگــی بــەرز، هەڵبەتــە نــەک زۆر بەرزتــر لــە ئــەوەی حاڵەتەکــە بیخــوازێ ئــەم دەقــە دێنیــن: {**عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللّهِ رضي الله عنهما، قَالَ كَانَ رَسُولُ اللّهِ ﷺ إِذَا خَطَبَ احْمَرَّتْ عَيْنَاهُ، وَعَلاَ صَوْتُهُ، وَاشْتَدَّ غَضَبُهُ، حَتَّى كَأَنَّهُ مُنْذِرُ جَيْشٍ يَقُولُ: «صَبَّحَكُمْ وَمَسَّاكُمْ»**} (**أخرجه مسلم: ٢٠٤٢، وابن حبان: ١٠**)، واتــە: پێغەمبــەری خــوا ﷺ کــە وتــاری دەدا، چاوەکانــی ســوور هەڵدەگــەڕان و، دەنگــی بەرزدەبــووەوەو زۆر تــووڕە دەبــوو، بــە ڕاددەیــەک کــە دەتگــوت: وریاکــەرەوەی ســوپایەکە، پێیــان دەڵــێ: ئەهــا هێــرشی بــەرە بەیــان شــەبەیخوونتان کرایــە ســەر.

٤- قسەنەکردن لە کاتی و تاردا:

لــە کاتــی وتاردانــدا قســەکردنی نوێژخوێنــان حەڕامــەو، بێدەنگیــی و گوێگرتنیــان فــەڕزە، بەپێــی ڕای زۆربــەر هــەرە زۆری زانایــان، تەنانــەت فەرمــان بــە چاکــەو ڕێگریــی لــە خراپــەش لــە کاتــی وتاردانــدا دروســت نیــە، وەک لــە فەرمایشــتەکانی پێغەمبــەردا ﷺ هاتــوە، بــۆ وێنــە:

پێغەمبــەری خــوا ﷺ فەرموویــەتی: {**إِذَا قُلْتَ لِصَاحِبِكَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَنْصِتْ، وَالإِمَامُ يَخْطُبُ، فَقَدْ لَغَوْتَ**} (**أخرجه مالك: ٢٣٢، والبخاري: ٨٩٢، ومسلم: ٨٥١، وأبو داود: ١١١٢، والنسائي: ١٥٧٧، وابن ماجه: ١١١٠**)، واتــە: ئەگــەر ڕۆژی جومعــە لە

کاتێکدا ئیمام وتار دەدا، بە هاوەڵەکەتت گوت: بێدەنگ بە! ئەوە قسەیەکی پووچتکردوە.

هەڵبەتە شافیعیی و ئەحمەد ڕەحمەتی خوایان لێبێ، جیاوازییان خستۆتە نێوان حاڵێکەوە کە دەنگی وتارەکەی تێدا دەبیسترێ و، حاڵێک کە دەنگی وتاربێژی تێدا نابیسترێ، گوتوویانە: لە حاڵی یەکەمدا حەرامە قسە بکرێ، بەڵام لە هی دووەمدا حەرام نیە، هەرچەندە بێدەنگیی و قسەنەکردن هەر سوننەت و پەسەندە، هەروەها ژمارەیەک لە زانایان و پێشەوایان وەک شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاق مۆڵەتیان داوە، کە وەڵامی سەلام بدرێتەوەو، تەشمیتی بابای پژمیوو بکرێ، واتە: دوای ئەوەی گوتی: (**الحمد لله**)، پێی بگوترێ: (**يرحمك الله**).

ئنجا شایانی باسە: کە لە جگەلە کاتی وتاردانـدا قسەکردنی پێویست دروستە، بەڵام هەرچۆن بێ بێدەنگیی و ئارامیی هەر پەسەندترە.

بڕگەی چوارەم: چەند مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەست بە جومعەوە:

١- هەر کات کەسێک فریای ڕکاتێک لە نوێژی جومعە بکەوێ، ئەوە پێویستە دوای سەلام دانەوەی ئیمام، ڕکاتێکی دیکە بکات و، نوێژی جومعەکەی تەواو دەبێ و بۆی بەر دەکەوێ، بەڵام ئەگەر فریای کەمتر لە ڕکاتێک کەوت، ئەوە فریای نوێژی جومعە نەکەوتوەو پێویستە ئەو کات نوێژی نیوەڕۆ بکات، ئنجا سنووری نێوان فریاکەوتنی ڕکات و فریا نەکەوتنی، فریاکەوتنی ڕکووعە، یان فریانەکەوتنیەتی، واتە: هەر کەسێک فریای ڕکووع کەوت، فریای ڕکاتەکە کەوتوە، ئەم ڕایەش زانایان هێناویانەو ڕای زۆربەی زانایانە[1]، ئەوەویی گوتوویەتی: ئەمە ڕای مالیک و ئەوزاعیی و سەوریی و ئەبوو یوسوف و ئەحمەدو ئیسحاق و ئەبوو ثەورە، وێڕای شافیعیی.

---

(١) المجموع: ج٤، ص١٨٦ - ١٨٨، وفقه السنة: ج١، ص٣٤٢.

بەڵام ئەبوو حەنیفە ڕای وایە مادام فریای تەحییات بکەوێ، نوێژەکەی بەرکەوتووە واتە: نوێژی جومعە، هەڵبەتە ئەوانی دیکەش هەر گوتوویانە: نوێژەکەی وەک نوێژ بەردەکەوێ، وەک نوێژەکانی دیکە، بەڵام بە نسبەت جومعەوە گوتوویانە: ئەگەر فریای ڕکاتێک نەکەوێ، نوێژە جومعەکەی بەر نەکەوتووە.

لەوبارەوە ئەم فەرموودەیە دێنین: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {مَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنْ صَلَاةِ الْجُمُعَةِ، فَلْيُضِفْ إِلَيْهَا أُخْرَى، وَقَدْ تَمَّتْ صَلَاتُهُ} **(أخرجه النسائي: ٢٧٥، وابن ماجه: ١١٢٣، والدارقطني: (١٢/١٢/٢))**، واتە: هەر کەسێک لە ڕۆژی جومعەدا فریای ڕکاتێک کەوت، با ڕکاتێکی دیکەشی بخاتە گەڵ و نوێژەکەی تەواوبووە.

هەروەها بەگشتیی بۆ نوێژ فەرموویەتی: **{مَنْ أدرك من الصلاة ركعة، فقد أدركها كلَّها} رواه الجماعة.**

٢- لە کاتی قەڵەباڵغیی زۆردا، دروستە نوێژکەران لەسەر پشتی یەکدی سەجدە ببەن، ئەمەش ڕای زۆربەی هەرە زۆری زانایانە.

هەندێکیشیان گوتوویانە: دەبێ بابای نوێژکەر چاوەڕێ بکات، تاکو قەڵەباڵغییەکە نامێنێ، ئنجا کڕنووشی خۆی بەرێ و، ئەگەر لەسەر پشتی یەکێکی دیکە سەجدە ببات، بۆی بەرناکەوێ.

بەڵام بێگومان ڕای زۆرینە بەهێزترەو چەند دەقێکیش بەڵگەینی، بۆ وێنە:

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: **{إِذَا أَمَرْتُكُمْ بأمرٍ فأتوا منه ماالستطعتم} متفق عليه.**

هەر کاتێک فەرمانێکم پێکردن بە شتێک، بە پێی تواناتان بیکەن.

٣- نوێژی سوننەتی پێش و دوای جومعە:

سەبارەت بە دوای جومعە سوننەتە دوو ڕکات، یان چوار ڕکات بکرێن، بەڵام پێش نوێژی جومعە سوننەتێکی دیاریکراو نیە، جگە لە سوننەتی سڵاوکردن لە مزگەوت، بەڵام نوێژی سوننەتی ڕەها هەر هەیە.

٤- سوننەتە لە نوێژی جومعەدا لە ڕکاتی یەکەمدا لەدوای فاتیحە سوورەتی **(الجمعة)**، و لە ڕکاتی دووەمیشدا دوای فاتیحە **(المنافقون)**، بخوێندرێن، یاخود لەجیاتی ئەو دووانە: لە ڕکاتی یەکەم دا دوای فاتیحە سوورەتی: **(الأعلى)**و لە ڕکاتی دووەمیشدا **(الغاشية)**، کە ئەمە لە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەردا هاتووە و هەرکام لە: **(مسلم وأبو داود والنسائي والترمذي وأحمد)** هێناویانە.

٥- سوننەتە ئیمام لەسەر مینبەرو هەر شتێک و شوێنێکی دیکەی بڵند وتار بدات، مەرجیش نیە هەر مینبەر بێ، چونکە ئاوا دەنگی زاڵتر دەبێ و چاکتر دەگاتە گوێگران، وتاردانی پێغەمبەری خواش ﷺ لە چەندان فەرموودەی ڕاستدا هاتوە، کە بەو جۆرە بووە واتە: لەسەر شوێنێکی بڵند، سەکۆیەک، یان بنکە درەختێک هەبووە وتاری لە سەر داوە.

٦- هەر کاتێک نوێژی جومعە، نوێژی یەکێک لە دوو جەژنەکانی کەوتنە ڕۆژێکەوە، ژمارەیەکی زۆر لە زانایان پێیان وایە کە نوێژی جەژن دەکەوێتە بری جومعەش و، هەندێکیش دەڵێن: نەخێر دەبێ هەم نوێژی جومعەو هەم نوێژی جەژنەکەش هەر بکرێ.

هەڵبەتە لەو بارەوە کە نوێژی جەژن دەکەوێتە بری نوێژی جومعە، ئەم فەرمایشتە هەیە: {عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللهُ عَنْهُ، عَنْ رَسُولِ اللهِ ﷺ، قَالَ: قَدِ اجْتَمَعَ فِي يَوْمِكُمْ هَذَا عِيدَانِ، فَمَنْ شَاءَ أَجْزَأَهُ مِنَ الْجُمُعَةِ، وَإِنَّا مُجَمِّعُونَ} **(أخرجه أبو داود: ١٠٧٣، وابن ماجه: ١٣١١، والحاكم: ١٠٦٤، وقال: صحيح على شرط مسلم)** واتە: لەم ڕۆژانەتاندا دوو جەژن کۆبوونەتەوە، ئنجا هەر کەسێ حەز دەکات نوێژی جومعە نەکات، ئەوە نوێژی جەژنی وەبری جومعەش دەکەوێ، بەڵام ئێمە خۆمان جومعەش دەکەین.

چونکە مەرج نیە هەموو خەڵک هاتبێ بۆ نوێژی جەژن، ئنجا بۆ ئەوەی ئەوانی دیکەش جومعەکەیان نەچێ.

٧- دروستە ئیمام کە لە کاتی وتارداندا شتێک دێتە پێشێ و پێویست دەکات، وتارەکەی ببڕێ و قسەی دیکە بکات، یان وەڵامی بابای پرسیارکەر بداتەوە، تەنانەت دروستە لەسەر دوانگەش بێتە خوار، وەک (**أبو بريدة**)، خوا لێی ڕازی بێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی وتارداندا لە مینبەر هاتۆتە خوارێ و، حەسەن یان حوسێنی کچە زای بە باوەش هەڵگرتوەو لە لای خۆی دایناون.

(**أبو رفاعة العدوي**)یش، (خوا لێی ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە کە لە دەمی وتارداندا چۆتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لێکردوە، ئەویش دابەزیوەو لەسەر کورسییەک دانیشتوەو وەڵامی داوەتەوە، پاشان وتارەکەی تەواو کردوە، هەڵبەتە لە هەندێ حاڵەتی تایبەتی هەڵاوێردراودا، ئەوەش دروستە.

ئیسلام دینێکی زۆر واقیع بینە، جاری وا هەیە کەسێک دێ پرسیار دەکات، کەسێ هاوارێک دەکات، گرفتێک دەبێ لە مزگەوتەکەداو، ناکرێ وتاربێژ هەر لەسەر وتاری خۆی بەردەوام بێ! جاری وایە پێویست دەکات و، جارێ وا بۆی هەیەو، جاری وایە وا باشە، قسەکانی ڕابگرێ و ئەو گرفتە چارەسەر بکات، یان وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، یان ئەو کەسە ڕێنمایی بکات، ئنجا بچێتەوە سەر وتارەکەی.

کۆتایی ئەم کورتە باسە بەم دەقە دێنین، کە (**القرطبي**)، وەک یەکەمین وتاری پێغەمبەری خوا ﷺ لە مەدینەدا لە تەفسیرەکەی خۆیدا[1] هێناویەتی:

(وَأَمَّا أَوَّلُ جُمْعَةٍ جَمَّعَهَا النَّبِيُّ ﷺ بِأَصْحَابِهِ، فَقَالَ أَهْلُ السِّيَرِ وَالتَّوَارِيخِ: قَدِمَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ مُهَاجِرًا حَتَّى نَزَلَ بِقُبَاءٍ، عَلَى بَنِي عَمْرِو بْنِ عَوْفٍ يَوْمَ الإِثْنَيْنِ لِاثْنَتَيْ

---

(١) ج١٨)، ص (٧٤-٧٥).

عَشْرَةَ لَيْلَةً خَلَتْ مِنْ شَهْرِ رَبِيعِ الْأَوَّلِ حِينَ اشْتَدَّ الضُّحَى، وَمِنْ تِلْكَ السَّنَةِ يُعَدُّ التَّارِيخُ. فَأَقَامَ بِقُبَاءٍ إِلَى يَوْمِ الْخَمِيسِ وَأَسَّسَ مَسْجِدَهُمْ. ثُمَّ خَرَجَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ إِلَى الْمَدِينَةِ، فَأَدْرَكَتْهُ الْجُمُعَةُ فِي بَنِي سَالِمِ بْنِ عَوْفٍ فِي بَطْنِ وَادٍ لَهُمْ قَدِ اتَّخَذَ الْقَوْمُ فِي ذَلِكَ الْمَوْضِعِ مَسْجِدًا، فَجَمَّعَ بِهِمْ وَخَطَبَ، وَهِيَ أَوَّلُ خُطْبَةٍ خَطَبَهَا بِالْمَدِينَةِ).

واتە: یەکەمین جومعە کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە هاوەڵانی کرد، ئەوە بوو کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە کاتی کۆچکردنی لە مەککەوە بۆ مەدینە، هات لە قوبائ دابەزی لە لای بەنی عەمری بەنی عەوف، (هۆزێک بوون)، لە ڕۆژی دووشەممەدا دوازدە (١٢)ی شەو تێپەڕی بوون لە مانگی ڕەبیعی یەکەم، لە کاتێکدا کە چێشتەنگاو قاییم بوو بوو، (لەو کاتەوەش سەرەتای مێژووی کۆچی دیاریکراوە)، لەوێ لە قوبائ مایەوە تاکو پێنج شەممەو لەوێ مزگەوتەکەی بۆ دروستکردن، ئنجا ڕۆژی جومعە دەرچوو بەرەو مەدینەو، لە لای هۆزی بەنو سالیمی کوڕی عەوف لە شوێنێک لە نێو قەدی شیوێکی ئەوان، کاتی جومعە هات، کە خەڵکەکە لەوێ مزگەوتێکیان دروستکردبوو، پێغەمبەری خواش ﷺ کۆی کردنەوەو جومعەی بۆ کردن و وتاری بۆ دان، ئەمە یەکەمین وتاری پێغەمبەری خوا ﷺ بوو کە لە مەدینەدا دای.

دەقی وتارەکەش **(القرطبي)** هێناویەتی، کە ئێمە هەر بۆ بەرەکەتیش بێ دەقی ئەو وتارە کە یەکەمین وتاری پێغەمبەری خوا ﷺ بووە، دێنین، کە من سەرەتا دەقەکەی بە عەرەبیی دەخوێنمەوە، دوایی بە کوردییش مانای دەکەین:

(الْحَمْدُ لِلَّهِ، أَحْمَدُهُ وَأَسْتَعِينُهُ وَأَسْتَغْفِرُهُ وَأَسْتَهْدِيهِ، وَأُومِنُ بِهِ وَلَا أَكْفُرُهُ، وَأُعَادِي مَنْ يَكْفُرُ بِهِ، وَأَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُوله، أَرْسَلَهُ بِالْهُدَى وَدِينِ الْحَقِّ، وَالنُّورِ وَالْمَوْعِظَةِ وَالْحِكْمَةِ عَلَى فَتْرَةٍ مِنَ الرُّسُلِ، وَقِلَّةٍ مِنَ الْعِلْمِ، وَضَلَالَةٍ مِنَ النَّاسِ، وَانْقِطَاعٍ مِنَ الزَّمَانِ، وَدُنُوٍّ مِنَ السَّاعَةِ،

وَقُرْبٍ مِنَ الْأَجَلِ، مَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ رَشَدَ، وَمَنْ يعص الله وَرَسُوله فَقَدْ غَوَى، وَفَرَّطَ وَضَلَّ ضَلَالًا بَعِيدًا، أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ، فَإِنَّهُ خَيْرُ مَا أَوْصَى بِهِ الْمُسْلِمُ الْمُسْلِمَ أَنْ يَحُضَّهُ عَلَى الْآخِرَةِ، وَأَنْ يَأْمُرَهُ بِتَقْوَى اللَّهِ، وَاحْذَرُوا مَا حَذَّرَكُمُ اللَّهُ مِنْ نَفْسِهِ، فَإِنَّ تَقْوَى اللَّهِ لِمَنْ عَمِلَ بِهِ عَلَى وَجَلٍ وَمَخَافَةٍ مِنْ رَبِّهِ، عَوْنُ صِدْقٍ عَلَى مَا تَبْغُونَ مِنْ أَمْرِ الْآخِرَةِ. وَمَنْ يُصْلِحُ الَّذِي بَيْنَهُ وَبَيْنَ رَبِّهِ مِنْ أَمْرِهِ فِي السِّرِّ وَالْعَلَانِيَةِ، لَا يَنْوِي بِهِ إِلَّا وَجْهَ اللَّهِ، يَكُنْ لَهُ ذِكْرًا فِي عَاجِلِ أَمْرِهِ، وَذُخْرًا فِيمَا بَعْدَ الْمَوْتِ، حِينَ يَفْتَقِرُ الْمَرْءُ إِلَى مَا قَدَّمَ. وَمَا كَانَ مِمَّا سِوَى ذَلِكَ يَوَدُّ لَوْ أَنَّ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ أَمَدًا بَعِيدًا، ﴿ وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ ۗ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ ﴿٣٠﴾ ﴾ آل عمران، وَهُوَ الَّذِي صَدَقَ قَوْلَهُ، وَأَنْجَزَ وَعْدَهُ، لَا خُلْفَ لِذَلِكَ، فَإِنَّهُ يَقُولُ تَعَالَى: ﴿ مَا يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَا أَنَا بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ ﴿٢٩﴾ ﴾ ق، فَاتَّقُوا اللَّهَ فِي عَاجِلِ أَمْرِكُمْ وَآجِلِهِ فِي السِّرِّ والعَلانية، فَإِنَّهُ: ﴿ وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يُكَفِّرْ عَنْهُ سَيِّئَاتِهِ وَيُعْظِمْ لَهُ أَجْرًا ﴿٥﴾ ﴾ الطلاق، وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا، وَإِنَّ تَقْوَى اللَّهِ تَوَقِّي مَقْتِهِ وَتَوَقِّي عُقُوبَتِهِ وَتَوَقِّي سَخَطِهِ. وَإِنَّ تَقْوَى اللَّهِ تُبَيِّضُ الْوُجُوهَ، وَتُرْضِي الرَّبَّ، وَتَرْفَعُ الدَّرَجَةَ. فَخُذُوا بِحَظِّكُمْ وَلَا تُفَرِّطُوا فِي جَنْبِ اللَّهِ، فَقَدْ عَلَّمَكُمْ كِتَابَهُ، وَنَهَجَ لَكُمْ سَبِيلَهُ، لِيَعْلَمَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَيَعْلَمَ الْكَاذِبِينَ. فَأَحْسِنُوا كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكُمْ، وَعَادُوا أَعْدَاءَهُ، وَجَاهِدُوا فِي اللَّهِ حَقَّ جِهَادِهِ، هُوَ اجْتَبَاكُمْ وَسَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ، لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ، وَيَحْيَا مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ، فَأَكْثِرُوا ذِكْرَ اللَّهِ تَعَالَى، وَاعْمَلُوا لِمَا بَعْدَ الْمَوْتِ، فَإِنَّهُ مَنْ يُصْلِحْ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ اللَّهِ، يَكْفِهِ اللَّهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ النَّاسِ، ذَلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ يَقْضِي عَلَى النَّاسِ وَلَا يَقْضُونَ عَلَيْهِ، وَيَمْلِكُ مِنَ النَّاسِ وَلَا يَمْلِكُونَ مِنْهُ. أَللَّهُ أَكْبَرُ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللَّهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ).

ئەم وتارە یەکەمین وتاری پێغەمبەری خاتەم ﷺ بووە کە نێوەڕۆکێکی یەکجار بەهێزو پێزی هەیە، بە کوردیی هەر بەخێرایی واتای دەکەم:

ستاییش بۆ خوا، ستاییشی دەکەم و داوا یارمەتیی لێدەکەم، داوای لێبوردنی لێدەکەم و، داوای ڕێنمایی لێدەکەم و، بڕوام پێیەتی و سپڵە نیم بەرانبەری

و، هەر کەسێ بێبڕوابێ من دژایەتیی دەکەم، شایەدیی دەدەم کە جگە لە خوا هیچ پەرستراوێک نیە، تاکەو هاوبەشی نین و، شایەدیی دەدەم کە موحەممەد بەندەو ڕەوانەکراوی خوایە، خوا بە ڕێنمایی و بەرنامەی هەقەوە، بە ڕووناکیی و بە ئامۆژگاریی و بە حیکمەتەوە ناردوویەتی، لە کاتێکی دابڕانی پێغەمبەران داو، لە کاتی کەم بوونی زانیاریی و، لە کاتی گومڕایی خەڵک داو، لە کاتی دابڕانی کات داو، لە کاتی نیزیک بوونەوەی ڕۆژی دوایی و، نیزیک کەوتنەوەی ئەجەل دا، هەر کەسێک فەرمانبەریی خواو پێغەمبەرەکەی بکات، ئەوە بەمراد گەیشتوەو، هەر کەسێک سەرپێچیی لە خواو پێغەمبەرەکەی بکات، بێمراد بووەو، کەمتەرخەمیی کردوەو بە گومڕاییەکی زۆر دوور گومڕا بووە، ئامۆژگارییتان دەکەم بە پارێزکاریی لە خوا، چونکە باشترین شتێک کە مسوڵمان مسوڵمانی پێ ئامۆژگاریی بکات، ئەوەیە کە هانی بدات بۆ ڕۆژی دوایی (وەدەست هێنانی پاداشتی ڕۆژی دوایی) و، فەرمانی پێ بکات بە پارێزکاریی لە خواو، وریابن لەوەی خوا ﷻ بە نسبەت خۆیەوە ئێوەی لێ ترساندوە، چونکە پارێزکاریی لە خوا بۆ هەر کەسێکە کە کار بکات بە ترسەوە بە دڵڕاچڵەکینەوە بەرانبەر بە پەروەردگاری و، ئەوەش بۆی دەبێتە هۆی یارمەتییدانی ئەوەی مەبەستیەتی لە ئامانجی ڕۆژی دوایی، هەر کەسێک ئەوەی لە نێوان خۆی و پەروەردگاری دا هەیە، لە کاروباری، چاکی بکات بە ئاشکراو بە پەنهان، تەنیا مەبەستی پێ ڕووی خواو ڕەزامەندیی خوا بێ، ئەوە بۆ دنیاشی دەبێتە مەدح و ستاییش و، بۆ دوای مردنیشی دەبێتە پاشەکەوت، کاتێک کە مرۆڤ پێویستی بەوە دەبێ کە پێشی خستوەو، جگە لەوە (کردەوەی خراپ) مرۆڤ حەز دەکات ماوەیەکی زۆر لە نێوانیان دا هەبووایە، وەک خوا دەفەرموێ: ﴿وَيُحَذِّرُكُمُ ٱللَّهُ نَفْسَهُۥ ۗ وَٱللَّهُ رَءُوفٌۢ بِٱلْعِبَادِ ﴿٣٠﴾﴾ آل عمران، خوا فەرمایشتەکەی خۆی ڕاست بردە سەر، بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ کردو، بەڵێنی خوا دواکەوتنی تێدانیە، وەک فەرموویەتی: ﴿مَا يُبَدَّلُ ٱلْقَوْلُ لَدَىَّ

﴿وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٖ لِّلۡعَبِيدِ ٢٩﴾ق، پارێز لە خوا بکەن لە دنیاتان داو لە کاروباری دواییتاندا بە پەنهانیی و بە ئاشکرا، هەر کەسێک پارێز لە خوا بکات، خوا گوناهەکانی لێ دەسڕێتەوەو پاداشتێکی مەزنی پێ دەداو، هەر کەسێک پارێز لە خوا بکات، بە مراد گەیشتنێکی مەزن بەمراد گەیشتوەو، بێگومان پارێزکردن لە خوا، دەبێتە هۆی پاراستنی مرۆڤ لە تووڕەیی خواو لە سزای خواو لە بێزاریی خواو، پارێزکردن لە خوا ڕووان نوورانیی و سپی دەکات و، پەروەردگار ڕازی دەکات، پلە بەرز دەکاتەوە، پشک و بەشی خۆتان وەربگرن و، لە بەرامبەر خوادا کەمتەرخەم مەبن، چونکە لە کتێبەکەی خۆیدا فێری کردوون و ڕێ و شوێنی باشی پێشانداون، تاکو ئەوکەسانە بزانێ کە ڕاست دەکەن و، درۆزنانیش بناسێ، وەک چۆن خوا چاکەی لەگەڵ کردوون، چاکە بکەن و دژایەتیی دوژمنەکانی بکەن، لە پێناوی خوادا وەک پێویست تێبکۆشن، خوا ئێوەی هەڵبژاردوە، ناوی لێناون مسوڵمان، تاکو ئەوەی دەفەوتێ لەبەر ڕۆشناییدا بفەوتێ و، ئەوەی دەژی لەبەر ڕۆشناییدا بژی و، لادان نیە لە خراپەو هێز نیە بۆ چاکە، مەگەر بە خوا زۆر یادی خوای بەرز بکەن و، کار بۆ دوای مەرگ بکەن، هەر کەسێک نێوان خۆی و خوا چاک بکات، خوا نێوان خۆی و خەڵکی بۆ چاک دەکات، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە خوا ﷻ بڕیاردەرە بەسەر خەڵکدا، بەڵام خەڵک بڕیار بەسەر خوادا نادەن، خوا خەڵکی بەدەستەو خەڵک کاری خوایان بەدەست نیە، خوا گەورەترەو لادان نیە لە گوناهو، هێز نیە بۆ چاکە مەگەر بە خوای بەرزی مەزن.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمدِكَ، أشهَدُ أنْ لاَ إِلَهَ إلاَّ أنتَ، أستَغفِرُكَ وَأتُوبُ إلَيكَ.

ناوەڕۆک

پێشەکی ئەم تەفسیرە بەگشتیی...٥
بەرچاو ڕوونییەکی گرنگ لەبارەی ئەم تەفسیرەوە.....................................١٠
پێشەکی ئەم بەرگە...١٢

تەفسیری سوڕەتی (الحدیـــد)

دەستپێک...١٧
پێناسەی سووڕەتی (الحدید) و بابەتەکانی...١٧
یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە:..١٧
دووەم: کات و شوێنی دابەزینی:...١٩
سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:..٢١
چوارەم: ڕیزبەندیی لە دابەزین و لە موصحەف دا:....................................٢١
پێنجەم: نێوەڕۆکی ئەم سووڕەتە:...٢٣
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سووڕەتە:..٢٥
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکانی ئەم سووڕەتە:.......................................٢٧
دەرسی یەکەم...٣٣
پێناسەی ئەم دەرسە...٣٥
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان..٣٦
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..٣٨
مانای گشتیی ئایەتەکان...٤١
مەسەلە گرنگەکان...٥٢
کورتە باسێک لە بارەی بە پاکگرتنی دروستکراوەکانەوە بۆ خوا عزوجل................٦٩
کورتە باسێک لە بارەی ئەو چوار سیفەتانەی خواوە: (ٱلْأَوَّلُ، وَٱلْآخِرُ، وَٱلظَّٰهِرُ، وَٱلْبَاطِنُ)....٧٨
کورتە باسێک: مەرجەکانی ماڵ و سامان بەخشینی باش.................................٩٩

دەرسی دووەم ١٠٥
پێناسەی ئەم دەرسە ١٠٧
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ١٠٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ١١٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ١١٣
مەسەلە گرنگەکان ١٢٣
دەرسی سێیەم ١٥١
پێناسەی ئەم دەرسە ١٥٣
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ١٥٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ١٥٥
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٥٩
مەسەلە گرنگەکان ١٦٩
کورتە تێوەڕامانێک لە پێنج قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ ١٧١
دەرسی چوارەم ١٩١
پێناسەی ئەم دەرسە ١٩٣
مانای دەقا و دەقی ئایەتەکان ١٩٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان ١٩٥
مانای گشتیی ئایەتەکان ١٩٨
مەسەلە گرنگەکان ٢٠٥
کورتە باسێک لە بارەی ئایەتی (٢٥)ی سووڕەتی (الحدید)ەوە ٢٠٨
کورتە باسێک لە بارەی ئاسنەوە ٢١٦
١- پێناسەی ئاسن (الحدید): ٢١٦
٢- مێژووی دۆزرانەوەو دروستکردنی ئاسن: ٢١٧
٣- ئەندازەی ئاسن لە زەوی دا: ٢١٩
٤- گرنگیی و بایەخیی ئاسن لە ژیانی مرۆڤدا: ٢١٩
٥- چۆنیەتیی دابەزینی ئاسن بۆ سەر زەوی: ٢٢٤
کورتە باسێک لە بارەی ڕەهبانییەتەوە ٢٤٢

تەفسیری سورەتی (المجادلة)

دەستپێک	٢٥٣
پێناسەی سوورەتی (المجادلة) و بابەتەکانی	٢٥٣
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:	٢٥٣
دووەم: شوێنی دابەزینی:	٢٥٤
سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:	٢٥٤
چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزینی دا:	٢٥٥
پێنجەم: نێوەڕۆکی:	٢٥٥
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:	٢٥٧
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ چەند دەرسێک:	٢٥٧
دەرسی یەکەم	٢٦١
پێناسەی ئەم دەرسە	٢٦٣
مانای دەقاودەقی ئایەتەکان	٢٦٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان	٢٦٦
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان	٢٦٨
مانای گشتیی ئایەتەکان	٢٧٢
مەسەلە گرنگەکان	٢٨١
هەڤدە لەو حوکمانەی لە شەش ئایەتی پێشوو وەردەگیرێن	٢٩٥
دەرسی دووەم	٣٠١
پێناسەی ئەم دەرسە	٣٠٣
مانای دەقاودەقی ئایەتەکان	٣٠٤
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان	٣٠٥
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان	٣٠٦
مانای گشتیی ئایەتەکان	٣٠٩
مەسەلە گرنگەکان	٣١٢

دەرسی سێیەم...٣٢٧
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٢٩
مانای دەقاودەقی ئایەتەکان..٣٣٠
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...٣٣١
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان..٣٣٢
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٣٥
مەسەلە گرنگەکان ٣٣٩
کورتە باسێک: چۆنیەتیی مامەڵەکردن لە کۆڕی پێغەمبەری خوا ﷺ بە تایبەت و، کۆڕو مەجلیسەکانی دیکەدا بە گشتیی و، چۆنیەتیی دواندنی پێغەمبەری خوا ﷺ ٣٤٧
دەرسی چوارەم ٣٦٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٣٦٧
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان ٣٦٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان...٣٦٩
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان..٣٧٢
مانای گشتیی ئایەتەکان ٣٧٣
مەسەلە گرنگەکان ٣٨٢
کورتە باسێک: پێناسەی کۆمەڵی خواو کۆمەڵی شەیتان و، بنەڕەتیترین تایبەتمەندییەکانیان: ٣٩٦
بڕگەی یەکەم: خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵی شەیتان: ٣٩٦
بڕگەی دووەم: خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵی خوا: ٤٠٠

تەفسیری سوڕەتی (الحشـــر)

دەستپێک ٤٠٩
پێناسەی سووڕەتی (الحشر)و بابەتەکانی...٤٠٩
یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە: ٤٠٩
دووەم: شوێنی دابەزینی:..٤١٠
سێیەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و هاتنەخواردا:.................................٤١٠

چوارەم: ژمارەی ئایەتەکانی ئەم سوورەتە:.......... ٤١١
پێنجەم: نێوەڕۆکی:.......... ٤١١
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی:.......... ٤١٢
حەوتەم: دابەشکردنی ئەم سوورەتە بۆ چەند دەرسێک:.......... ٤١٣
بەسەرهاتی هۆکارو چۆنیەتی دەربەدەر بوونی هەردوو هۆزی (بنو قَيْنُقَاع وبَنُو النَّضِير)ی جوولەکە.......... ٤١٥
تەوەری دووەم: دەرکرانی هۆزی (بنو قینقاع) و هۆکارەکەی:.......... ٤١٩
تەوەری سێیەم: پێناسەو ڕەچەڵەکی هۆزی (بَنُو النَّضِير):.......... ٤٢٥
تەوەری پێنجەم: چۆنیەتیی دەرکرانی هۆزی جوولەکەی (بَنُو النَّضِير) لە مەدینە:.......... ٤٣٦
دەرسی یەکەم.......... ٤٤٥
پێناسەی ئەم دەرسە.......... ٤٤٧
مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان.......... ٤٤٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.......... ٤٥٠
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان.......... ٤٥٤
مانای گشتیی ئایەتەکان.......... ٤٥٩
مەسەلە گرنگەکان.......... ٤٦٥
پێناسەی سێ وشەی: (الفَيء، الغَنِيمَة، الأَنْفَال):.......... ٤٨٣
کورتە باسێک: مەدح و ستایشی خوا بۆ هەر کام لە کۆچکەران و پشتیوانان و بڕوادارانی دوای وان، بە باشترین خەسڵەتیان:.......... ٥٠٠
یەکەم: باسی کۆچکەران و خەسڵەتە سەرەکییەکانیان:.......... ٥٠٠
دووەم: باسی پشتیوانان و خەسڵەتە گرنگ و سەرەکییەکانیان:.......... ٥٠٠
سێیەم: باسی مسوڵمانانێک کە لە دوای کۆچکەران و پشتیوانان دێن:.......... ٥٠١
دەرسی دووەم.......... ٥٠٧
پێناسەی ئەم دەرسە.......... ٥٠٩
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان.......... ٥١٠
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.......... ٥١١
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان.......... ٥١٤

ماناى گشتيى ئايەتەکان ٥١٨
مەسەلە گرنگەکان ٥٢٤
کورتە باسێک: ڕاستکردنەوەى بیرکردنەوەیەکى هەڵەى بەشێک لە مسوڵمانان: ٥٣٨
دەرسى سێیەم ٥٤١
پێناسەى ئەم دەرسە ٥٤٣
ماناى دەقاو دەقى ئايەتەکان ٥٤٤
شیکردنەوەى هەندێک لە وشەکان ٥٤٥
ماناى گشتيى ئايەتەکان ٥٤٩
مەسەلە گرنگەکان ٥٥٨

تەفسیرى سوڕەتی (الممتحنة)

دەستپێک ٥٧٩
پێناسەى سووڕەتی (الممتحنة) و بابەتەکانی ٥٧٩
یەکەم: ناوی ئەم سووڕەتە: ٥٧٩
دووەم: شوێنی دابەزینی: ٥٨١
سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی: ٥٨١
چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا: ٥٨٢
پێنجەم: نێوەڕۆکی: ٥٨٢
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی: ٥٨٤
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ دوو دەرس: ٥٨٦
دەرسی یەکەم ٥٩١
پێناسەى ئەم دەرسە ٥٩٣
ماناى دەقاو دەقى ئايەتەکان ٥٩٤
شیکردنەوەى هەندێک لە وشەکان ٥٩٦
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان ٥٩٩
ماناى گشتيى ئايەتەکان ٦٠٧
مەسەلە گرنگەکان ٦١١

هەڵوەستەیەک لەبارەی سیخوڕییەوە بۆ دوژمنانی ئیسلام..........٦٢١
کورتەباسێک هەڵوەستەیەک لەبەردەم ئەم دوو ئایەتەداو چۆنیەتییمامەڵەکردن لەگەڵ نامسوڵماندا..........٦٣٣
دەرسی دووەم..........٦٣٩
پێناسەی ئەم دەرسە..........٦٤١
مانای دەقاو دەقی ئایەتەکان..........٦٤٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان..........٦٤٣
هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان..........٦٤٥
مانای گشتیی ئایەتەکان..........٦٤٩
مەسەلە گرنگەکان..........٦٥٦
کورتە باسێک: چوار دەقی سوننەت لە بارەی پەیمان لێوەرگرتنی پێغەمبەر لە ئافرەتانی بڕوادار..........٦٦٨
کورتە باسێک لە بارەی ترسناکیی خۆشویستن و دۆستایەتییکردنی کافرانی دژو زیانبەخشەوە..........٦٧٣

تەفسیری سوڕەتی (الصف)

دەستپێک..........٦٨١
پێناسەی سوورەتی (الصف) و بابەتەکانی..........٦٨١
یەکەم: ناوی ئەم سوورەتە:..........٦٨١
دووەم: شوێنی دابەزینی:..........٦٨١
سێیەم: ژمارەی ئایەتەکانی:..........٦٨٢
چوارەم: ڕیزبەندیی لە موصحەف و لە دابەزین دا:..........٦٨٢
پێنجەم: نێوەڕۆکی:..........٦٨٢
شەشەم: تایبەتمەندییەکانی ئەم سوورەتە:..........٦٨٤
حەوتەم: دابەشکردنی ئایەتەکان بۆ دوو دەرس:..........٦٨٤
دەرسی یەکەم..........٦٨٧
پێناسەی ئەم دەرسە..........٦٨٩

ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان ٦٩٠
شيكردنەوەى هەندێک لە وشەكان ٦٩١
هۆى هاتنە خوارەوەى ئايەتەكان ٦٩٣
ماناى گشتيى ئايەتەكان ٦٩٦
مەسەلە گرنگەكان ٧٠٢
چۆنيەتيى ئازاردانى گەلەكەى مووسا عليه السلام بۆى ٧١٢
كورتە باسێک لە بارەى موژدەدانى عيسا عليه السلام بە هاتنى موحەممەد ﷺ ٧٢٠
چەند وردە سەرنجێک ٧٣٥
دەرسى دووەم ٧٣٩
پێناسەى ئەم دەرسە ٧٤١
ماناى دەقاو دەقى ئايەتەكان ٧٤٢
شيكردنەوەى هەندێک لە وشەكان ٧٤٣
هۆى هاتنە خوارەوەى ئايەتەكان ٧٤٤
ماناى گشتيى ئايەتەكان ٧٤٧
مەسەلە گرنگەكان ٧٥٠
سێ كورتە هەڵوەستە ٧٥٥

تەفسيرى سوڕەتى (الجمعة)

دەستپێک ٧٦٣
پێناسەى سووڕەتى (الجمعة) و بابەتەكانى ٧٦٣
يەكەم: ناوى ئەم سووڕەتە: ٧٦٣
دووەم: شوێنى دابەزينى: ٧٦٤
سێيەم: ژمارەى ئايەتەكانى: ٧٦٤
چوارەم: ڕيزبەنديى لە موصحەف و لە دابەزين دا: ٧٦٥
پێنجەم: نێوەڕۆكى ئەم سووڕەتە: ٧٦٥
شەشەم: تايبەتمەندييەكانى ئەم سووڕەتە: ٧٦٦
حەوتەم: دابەشكردنى ئەم سووڕەتە: ٧٦٦

دەرسی یەکەم.. ٧٦٩
پێناسەی ئەم دەرسە ٧٧١
مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان.. ٧٧٢
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٧٧٣
مانای گشتیی ئایەتەکان ٧٧٥
مەسەلە گرنگەکان ٧٨٣
دەرسی دووەم ٨٠٥
پێناسەی ئەم دەرسە ٨٠٧
مانای وشە بە وشەی ئایەتەکان.. ٨٠٨
شیکردنەوەی هەندێک لە وشەکان.. ٨٠٩
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان.. ٨١٠
مانای گشتیی ئایەتەکان ٨١١
مەسەلە گرنگەکان ٨١٤
کورتە باسێک لە بارەی نوێژی جومعەوە.. ٨١٩
بڕگەی یەکەم: گەورەیی ڕۆژی جومعە و، ئەدەبەکانی جومعە کردن: ٨٢٣
بڕگەی دووەم: حوکمی نوێــژی جومعەو، کات و شــوێنی و، عوزرەکانی نەکردنی و،
ژمارەی بەرپاکەرانی:.. ٨٢٥
بڕگەی سێیەم: وتارەکانی ڕۆژی جومعە:.. ٨٢٩
بڕگەی چوارەم: چەند مەسەلەیەکی دیکەی پەیوەست بە جومعەوە: ٨٣٣